[redacted]

تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز

بەرگی بیست وشەشەم

سوورەتەکانی

(الدخان) و (الجاثية) و (الاحقاف) و (محمد)

عەلی باپیر

تەفسیری سوورەتەکانی

الدُّخَانِ و الجَاثِيَةِ و الأحْقَافِ و مُحَمَّدٍ

تەفسیری سوورەتەکانی

الدُّخَانُ و الجَاثِيَة و الأَحْقَاف و مُحَمَّد

نووسینی : عەلی باپیر
دیزاینی ناوەوە : زەردەشت کاوانی
چاپی یەکەم ١٤٤٣ك - ٢٠٢١ز
٧٨٠ لاپەڕە
١٧* ٢٤ سم
بابەت : ئایینی

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان - هەرێمی کوردستان
ژمارە سپاردنی (٧) ی ساڵی ٢٠١٢ پێدراوە

تەفسیری سوورەتەکانی

الدُّخَانِ و الجَاثِيَةِ
الأَحْقَافِ و مُحَمَّدٍ

نووسینی: عەلی باپیر

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی ئەم تەفسیرە بەگشتیی

إنَّ الحَمْدَ للّهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ، وَنَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللّهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا، وَمِنْ سَيئَاتِ أَعْمَالِنَا، مَنْ يَهْده اللّهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضلِلْ فَلاَ هَادِيَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَن لاَ إلَـهَ إلاَّ اللّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسولُهُ.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ﴿١٠٢﴾ ﴾ آل عمران.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ﴿١﴾ ﴾ النساء.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ﴿٧٠﴾ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ﴿٧١﴾ ﴾ الأحزاب .

أمَّا بَعْدُ: فإنَّ أَصْدَقَ الحَديث كَلامُ اللّه، وَخَيْرَ الْهَدِي هَدْيُ مُحَمَّد ﷺ وَشرَّ الأمُورِ مُحْدَثاتُها، وَكُلُّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَة، وَكُلُّ بِدْعَةٍ ضَلاَلَةٌ، وَكُلُّ ضَلاَلَةٍ فِي النَّار[1].

خوێنەرە بەڕێزو خۆشەویستەکان!

هیچ گومانی تێدانییە - بۆ مرۆڤی بڕوادار - کە ئەو تەمەنەی لە خزمەت دوایین کتێبی خوا (قورئان)دا بەسەردەبرێ، جا بە هەر شێوەیەك لە شێوەکانی لە خزمەتدابووندا بێ؛ خوێندنەوە، تێفکرین و ڕامان، فێرکردن، کارپێکردن ... هتد، بە باشترین جێگرتن جێگا دەگرێ و، خاوەنەکەی لە دنیاو دوارۆژدا لێی بەهرەمەندە.

---

(١) ئەوە پێی دەگوترێ: (خطبة الحاجة) کە پێغەمبەر ﷺ هاوەڵانی بەڕێزی فێردەکرد، پێش هەر قسەیەکی گرنگ، بیڵێن، وەك وتاری جومعەو داخوازییکردن (خِطْبة)و... هتدو، ئەم وتارە، هەرکام لە: الترمذي: (١١٠٥)، النسائي: (١١٠٤)، ابن ماجه: (١٨٩٢) أحمد: (٣٧٢٠)، الطَّبراني: (٢٤١٤) هێناویانەو (مسلم)یش بەشێکی هێناوە.

منیش - کە وەك باسکردنی چاکەی خوا (**التحدّث بنعمة اللّه**) دەیخەمەڕوو- لەوەتی فامم کردۆتەوە، خوای بەبەزەیی و بەخشەر چاکەی لەگەڵ کردووم و، بە فەرمایشتی بەرزو بێ وێنەی خۆیەوە سەرگەرمی کردوومو، بەر لە تەمەنی بیست ساڵیی یەوە هیدایەتی داوم، کە قورئانی بەرێزو پێز لەبەر بکەم و، سەرقاڵی خوێندنەوەی تەفسیرەکانی قورئان و تێوەرامانی ئایەتە پڕ بەرەکەتەکانی و، لێوردبوونەوەیان بم.

هەر بۆیەش تێکڕای کتێب و نامیلکەو وتارو دەرسەکانم، کەم و زۆر لەبەر ڕۆشنایی قورئان دابوون، کە دیارە هەر ئەمەش شتێکی سروشتییە؛ ئاخر ئایا ئیسلام بێجگە لە قورئان پاشان سوننەتی پێغەمبەر ﷺ، کە ئەویش هەر ڕوونکردنەوەی قورئان و چۆنیەتی جێبەجێکردن و کارپێکردنیەتی، شتێکی دیکەیە؟! بێگومان نەخێر.

ئنجا لەمێژ ساڵیش بوو، کە براو خوشکانێکی دڵسۆزی نزیك و ئاشنام، داوایان لێدەکردم کە دەست بکەم بە دانانی تەفسیرو لێکدانەوەیەکی قورئان، هەتا لە ڕەمەزانی ساڵی (١٤٢٨)دا هاتە دڵمەوە، کە ناوی خوای لێبهێنم و دەست بەو کارە گەورەو گرنگە بکەم، بەڵکو وردە وردە بەپێی بوارو دەرفەت، هەرساڵە هەندێکی لێ ئەنجام بدەم، لەگەڵ سەرقاڵیی زۆرو جۆراو جۆریشدا، هەتا دەرفەتێکی وام بۆ دەرەخسێ کە بتوانم خێرایی تێدا بکەم و خۆمی بۆ یەکلایی (**متفرّغ**) بکەمەوەو، خوا پشتیوان بێ تەواوی بکەم، ئەگەر تەمەن بەبەریەوە مابێ.

سەرچاوەی دانانی ئەم تەفسیرو لێکدانەوەیەشم، وێڕای سەرنجدانی زۆربەی ئەو تەفسیرانەی کە باون و، دەستم پێیان گەیشتوە، بریتیە لە وردبوونەوەو تێوەرامانی خۆم لە خودی قورئان، چونکە بێگومان قورئان: هەندێکی هەندێکی ڕوون دەکاتەوە: (**القرآن يُفَسّر بَعضُهُ بَعْضاً**)، پاشان سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ، چونکە پێغەمبەری خواش ڕوونکەرەوە (**مُبَيِّن**)ی قورئانە، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی:

﴿...وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلذِّكۡرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيۡهِمۡ وَلَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٤٤﴾﴾ النحل.

واتە: هەروەها زیکرمان بۆ لای تۆ ناردۆتە خوار، تاکو ئەوەی بۆ خەڵکی نێرراوەتە خوار، بۆیان ڕوون بکەیەوە، وە بەڵکو خۆشیان بیربکەنەوە.

ئومێدیشم وایە - بە یارمەتی خوای بەخشەر ﷻ - شایستەیی ئەوەم هەبێ تەفسیرو لێکدانەوەیەکی وا بۆ قورئان پێشکەش بە مسوڵمانانی کوردستان بکەم، کە لە قورئان بوەشێتەوەو، مایەی بەهرەو سوودی خوێنەران بێ، بەتایبەتیش کە زیاتر لە سی (٣٠) ساڵە لەگەڵ قورئانی بەرزو مەزن و تەفسیرەکانی و کتێبەکانی سوننەتدا خەریکم و، دەیان کتێب و بەرهەمی جۆراوجۆرم لە زۆربەی بوارەکانی زانستەکانی شەریعەتدا پێشکەش کردوون.

شایانی باسیشە کە ئەو بیست و دوو مانگ زیندانیی کرانەم لەلایەن ئەمریکاوە - لە (٢٠٠٣/٧/١٠ تاکو: ٢٠٠٥/٤/٢٨) - دەرفەتێکی گەورەو گرنگ بوو، بۆ زیاتر پێدا قووڵبوونەوەی کتێبی خوا (تبارك و تعالى) و، بۆ پەیدابوونی تێگەیشتنی تایبەت لەبارەی زۆرێك لە ئایەتەکانی یەوە، ئەم ڕاستییەش لە مەوسووعەی: (**الإسلام كما يتجلّى في كتاب الله تعالى**)دا زۆر چاك دەرەوشاوەتەوە[1]. بەڵام هەڵبەتە ناڵێم و هیچکەسیش بۆی نیە بڵێ: کە ئەم تەفسیرەی من تێروتەواوە، چونکە وێڕای سنووردارbوونی تواناو بڕستم، لە بەرانبەر کتێبی لە هەموو ڕوویەکەوە ڕەها (مطلق)و بێسنوور (لا محدود)ی خوادا، نەشمویستوە کە زۆر بەملاولادا بچم و بچمە نێو هەندێك وردەکارییەوە، کە یان من تێیدا پسپۆڕو

(١) ئەو مەوسووعەیە کە ئێستا چاپ کراوەو، کەوتۆتە بەردەستی خوێنەران و، سەرجەم هەشت بەرگ و دەوری سێ هەزارو پێنج سەد (٣٥٠٠) لاپەڕەیەو، هەوڵمداوە بەگشتی تێیدا باسی سەرجەم لایەنەکانی ئیسلام بکەم و، تاکە سەرچاوەشم قورئان بووە، وێڕای دەقەکانی سوننەت، کە لە هۆش (ذاكرة)دا بووون.

شایانی باسە ئەو مەوسووعەیە لە چاپی دووەمی دا، کراوە بە دوازدە (١٢) کتێبی سەربەخۆ، بە مەبەستی ئاسانتر سوود لێ بینرانی .

شــارەزا نیم، یان خوێنــەر پێویســتی پێی نیە، لە کاتێکدا دەیــەوێ لە قورئان تێبگات و، بزانێ خوا (تبارك وتعالى) ڕاستەوخۆ چی پێ فــەرمووە؟!

ئنجا هــەر لێرەشەوە بە پێویستی دەزانم پڕ بە دڵ سوپاسی ئەو برا گەنجە ڕووح سـووك و گورج و گۆڵ و دڵســۆزە بکەم (حەزی نەکرد ناوی بهێنم)، کە هەڵسا بە نووسینەوەو هێنــانە سـەر کاغــەزو، پاشان تایپکردن و دوایی پێداچوونەوەو هەڵەگیـریی، سـەرجـەم ئـەم زنجیـرە دەرسـە، کە لە ئەسـڵدا لە شێوەی وتار (محاضرة)دا پێشکەش کراون، هــەروەها هـەڵسـا بـە (تخريج)ی سـەرجەم دەقەکانی سوننەت، لە سـەرچاوە متمانە پێکراوەکانـەوەو، زەحمـەت و ماندووبوونێکی زۆری بـە سـەرجەم بەرگەکانی ئـەم تەفسیـرەوە کێشــاوە، خــوا بـە باشتـرین شــێوە پاداشتی بداتـەوەو، هــەر صـاڵح و سـاغ و سـەلامەت و ســەربەرزبێ[1]، لـە خـوای بـەرزو بێهـاوتاش داواکارم ئـەو جـۆرە گەنـج و لاوانـە لـە کـوڕان و کچـان، لەنێـو گەلەکەمانـدا، زۆر بـکات .

شـایانی باسیشــە کـە ئێمـە لـەم تەفسیــرەماندا، بـاسی بـەش (جـزء)ەکانی قورئـان و دابەشـکردنەکانی دیکـەی وەك: - (حـزب) - ناکەیـن، چونکـە هــەر ســوورەتێك بۆخــۆی شــتێکی ســەربەخۆیــەو، سـەرجەم ئایەتـەکانی وەك ئاڵقـەکانی زنجیرێـك پێکـەوە پەیوەستن و، ئاشکراشـە کـە دابەشـکرانی سـەرجەم قورئـان بـۆ سـی (٣٠) بـەش (جـزء) و شەســت (٦٠) (حـزب)، شتێکە لەلایـەن زانایانـەوە کـراوە، بـۆ ئاسـانکاریی خوێنـدنی قورئــان، دیـارە ئێمـە لـە دابەشـکردنی بەرگـەکانی ئـەم تەفسیـرەشـدا، دیسـان حیســاب بـۆ بەشـەکان (أجـزاء)ی ناکەیـن و، بـە گوێـرەی ســوورەتەکان، بەرگــەکانی دیــاریی دەکەیـن.

---

(١) ئـەو بــرا دڵســۆزە ئێســتاش پاش تەواوکردنی زۆربـەی قورئان، لێبڕاوانە بەردەوامە و عەزمیشــی جــەزم کردوە، کە ئەگەر تەمەنمــان بەردەوام بێ، هەتــا کۆتــایی ئەم تەفسیــرە ســەرگەرمی کارەکـەی بێ .

دوا قســەشــم ئەوەیــە کە:

ئــەم تەفســیرە - وەك پێشــتــر گوتمــان - لــە ئەســڵدا بەشــێوەی دەرس و وتــار پێشــکەش کـراوە، بـەڵام دواتـر خـۆم دووجـار بـە وردیـی پێیـدا چوومــەوەو، بەپێـی پێویســت دەســتکارییم کـردوە، دیـارە هــەموو دەرســێکیش بەنـاوی خـواو ســتایشی خــوا ﷻ دەســتی پێکــردوە، بــەڵام ئێمــە لــە ســەرەتای دەرســەکانەوە، ئەوانەمــان لابـردوە، بـۆ زۆر دووبـارە نەبوونـەوەو، ئـەو (خطبــة الحاجــة)یەی لـە سـەرەتای ئـەم پێشــەکەییەوە هاتـوە، لەجیـاتی ســەرەتای ســەرجەم دەرســەکانە.

سُبْحَانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ،

وَسَلامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ .

دووشەممە ٢٥ رجب ١٤٣٢

٢٠١١/٦/٢٧

هـەولـێر

بەرچاو ڕوونییەكی گرنگ
لەبارەی ئەم تەفسیرەوە

خوێنەری بەڕێز !

هەرچەندە لە (پێشەكی گشتیی) ئەم تەفسیرەدا باسمان كردوە كە بۆ نووسینی ئەم تەفسیرە، لە هەموو ئەو تەفسیرە باوانەی دەستم پێیان گەیشتوە، بەهرەمەندبووم، هەروەها لە كۆتایی هەر بەرگێكی ئەم تەفسیرەدا، سەرجەم ئەو تەفسیرانەی كەم و زۆر لێیان سوودمەند بووم، ناوەكانیانمان بە ڕیز نووسیون، بەڵام لێرەش وەك جەختكردنەوەی زیاترو بەرچاوڕوونیی باشتر بۆ ئێوەی بەڕێز دەڵێم :

مادام ناوی تەفسیرەكانمان نووسیوە، نە پێویست دەكات و نەدەشگونجێ، بۆ هەر تێگەیشتن و بیرۆكەیەك، كە زۆربەی تەفسیرەكان لەبارەی ئایەتێكەوە، یان ڕستەو بڕگەیەكی ئایەتێكەوە، دەیهێنین، ئێمە هەموو جارێ ناوی ئەو تەفسیرانە بێنین، بەڵام بێگومان هەر كات بیرۆكەو تێگەیشتنێكی تایبەتی یەكێك لە تەفسیرەكان هەبێ و بكەوێتە بەرچاوم، ئنجا چ پەسندی بكەم، چ ڕەفزی بكەم، هەر كات بە پێویستی بزانم، بە تایبەت ئاماژەی پێدەكەم، ئەگەرنا بە ئاماژەی گشتیی و بە نووسینی ناوی تەفسیرەكان لە كۆتایی هەر بەرگێك دا، ئیكتیفا دەكەم و، زۆریش لە ئەمانەتی زانستیی (الأمانة العلمیة) دەخەفێتم و مەبەستمە ڕەچاوی بكەم، چونكە ئەمینیی و ئەمانەت پارێزیی، ڕەوشتێكی گەورەو بەرزی مسوڵمانەتییە .

شایانی باسیشە جاری وا هەیە بیرۆكەو تێگەیشتنێكی تایبەتیی خۆمم، دەربارەی كۆمەڵە ئایەتێك یان ئایەتێك یان ڕستەو بڕگەیەكی ئایەتێك، بۆ دروست دەبێ، وەك تێگەیشتن و بۆچوونی خۆم دەینووسم، كەچی ڕەنگە لە تەفسیرەكانی

دیکەش – یەکێکیان یان زیاتر - دا هەبێ، ئەویش بەهۆی ئەوەوەیە کە من ئەو تەفسیرەم نەکەوتۆتە بەر دیدە، یان دیتوومەو لەیادم نەماوە.

پێشەکی ئەم بەرگە

الحمدلله وحده، وصلوات الله وسلامه وبركاته على من لانبي بعده، محمد وآله السالكين سبيله والملتزمين دربه.

خوێنەرە بەڕێز و خۆشەویستەکان!

ئەم بەرگە بەرگی بیست و شەشەم (٢٦)ە لە تەفسیری قورئانی بەرزوبەپێز و هەر چوار سورەتەکانی:

(**الدخان ، الجاثية ، الأحقاف ، محمد**)ی تێدان.

ئەم بەرگەش بەهەمان شێواز و نەخشەی بەرگەکانی پێشووی ئامادە کراوەو، وێڕای ڕوونکردنەوەی چەمک و واتای ئایەتە بەپێزەکانی هەرکام لەو چوار سوورەتە بەحەوت قۆناغ، ژمارەیەك کورتەباسیش لەکاتی تەفسیرکردنی هەر کامیان دا خراونە ڕوو، بەم شێوەیەی خوارێ:

یەکەم سوورەتی (الدخان):

١- کورتەباسێك لەبارەی شەوی تێدادابەزێنرانی قورئانەوە.

٢- کورتەباسێك لەبارەی (البطشة الكبرى) وە.

٣- هەڵبژاردنی بەنوو ئیسرائیل و پێدانی هەژدە نیشانە و نیعمەت.

٤- کورتەباسێك لەبارەی گەلی توببەعەوە.

٥- وتو وێژێکی نێوان سوکرات و ئەرستۆدیۆس.

٦- سەرنجدانەوەیەکی سێ بەڵگەکەی هەبوونی سزا و پاداشت.

دووەم: سوورەتی (الجاثية):

١- کورتەباسێك: وریابوون لەبارەی هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکانەوە.

٢- چەند دەقێکی سوننەت لەبارەی قسە نەکوتن بە ڕۆژگار و شوێننەکەوتنی هەوا و ئارەزووەوە.

٣- دوو فەرموودەی پێغەمبەری خوا لەبارەی گەورەیی و مەزنیی خوا و تەنیا پەرستنیەوە.

سێیەم: سوورەتی (الأحقاف):

١- کورتەباسێك لەبارەی: حیکمەتیی زۆر باسکرانی ئامانجی دروستکردنی گەردوونەوە.

٢- هەڵوەستەیەکی پێویست لەبەردەم مشت و مڕێکی نێوان مەڕوانی کوڕی حەکەم و (عبدالرحمن)ی کوڕی (أبوبکر الصدیق)دا لەسەر حوکمی میراتیی و بنەماڵەیی.

٣- کورتەباسێک لەبارەی بەهرە وەرگرتن لە ناز و نیعمەتەکانی دنیاوە.

٤- هەڵوەستەیەکی کورت لەسەر بێ ئیمانیی و کوژانەوەی چرای عەقڵ.

٥- سەرنجێک لەسەر گشتگیریی و فراوانیی مەبەستەکانی قورئان .

٦- قسەیەك دەربارەی (أولوا العزم).

چوارەم: سوورەتی (محمد):

١- هەڵوەستەیەکی پێویست لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی نەسخکرانەوەی ئەو ئایەتەوە (محمد-٤-).

٢- کورتەباسێك: بەدیلگرتن لە جەنگدا و چۆنیەتیی مامەڵە کردن لەگەڵیاندا.

٣- کورتەباسێك: بەکۆیلەکردنی مرۆڤ لەم ڕۆژگارەدا تاوانە و دژی شەریعەتە.

٤- چەند وردەکارییەکی ڕەوانبێژیی لەئایەتی (١٥ - محمد)دا.

٥- کورتەباسێك دەربارەی: پێویستبوونی پەیداکردنی زانیاریی لەبارەی پەرستراوێتی خواوە.

٦- کورتەباسێك دەربارەی چەسپاندنی حوکمی ئەو ئایەتانە بەسەر یەزیدی کوڕی موعاویە.

٧- کورتە سەرنجێك لەسەر هەڵوەشاندنەوەی کردەوەی باش.

٨- پێنج وردە سەرنج.

لەکۆتایی پێشەکی ئەم بەرگی بیست و شەشەمەشدا دەڵێم:

هیوادارم هەمـوو لایـەك لەکاتـی خوێندنـەوەی ئـەم بەرگـە و بەرگەکانـی دیکـەی ئـەم تەفسـیرەدا، هەوڵبـدەن بـە تەواویـی عەقـڵ و دڵـی خۆیـان فـراوان بکـەن و، پاکیشـیان بکەنـەوە لەهەرچـی بیـروڕاو قەناعەتـی پێشـوەختەیە و، خۆیـان وا لێ بکەن ئامادەیـی وەرگرتـن و تەبەنیـی کردنـی هـەر بیـروڕاو بۆچونێکـی تـازەی هەڵقـوڵاو لـە قورئـان و سـوننەتیان هەبـێ و ، ڕێ نـەدەن هیـچ بیرووبۆچونێکـی پێشـووی خـوو پێوەگیـراوو پێـوە ڕاهاتـوو و بـار پێوەگرتـوو، عەقـل و دڵیـان ببەسـتێ و ، ڕێـی بیرکردنـەوەی ئازادانـەو ئازایانەیـان لـێ بگـرێ و، ئـەو ڕاسـتییەش بهێننـەوە بیریـان کـە ئاییـن و بەرنامـەی خـوا لەوەحیـی خـوادا بەرجەسـتەیەو، بـەس وەحیـی خـوا بـۆ ئێمـە پابەندکـەر (ملـزم)ەو غەیـری وەحیـی، تەنیـا بـە تێگەیشـتن لەبـارەی ئیسـلامەوەو، ئەزموونکـردن و مومارەسـەکردنی لەسـەر ئـەرزی واقیـع دادەنـرێ.

سبحانك اللهم وبحمدك، أشهد أن لا إله إلا أنت أستغفرك وأتوب إليك

١٢ / جمادی دووەم / ١٤٤٣ ك - ٢٠٢٢/١/٢٤ ز

هـــــەولـــێر

تەفسیری سوورەتی

الدُّخَانُ

بەرێـــزان!

ئەمرۆ کـە (٢٢)ی (**جمادي الأول**)ی، سـاڵی (١٤٤١)ی کۆچییە، بەرانبـەر (١٧/ ١/ ٢٠٢٠)ی زاینیـی، لـە شـاری دێرینـی هەولێـر، خـوا پشـتیوان بـێ دەسـت دەکەیـن بـە تەفسـیری سـوورەتی (**الدخـان**)، سـەرەتا وەک عـادەتی خۆمـان لـەم تەفسـیرەدا، پێناسـەو نێوەڕۆکـی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە دەخەینـە ڕوو، تاکـو بـەر لـەوەی بچینـە نێـو درێـژەو قووڵایـی ڕوونکردنـەوەی چەمـک و مەبەسـتی ئایەتـە موبارەکـەکانی ئەم سـوورەتە، دیمـەن و هێڵە گشـتییەکان و، چوارچێـوەی ئـەم سـوورەتە موبارەکەمـان لەبـەر چـاو بـێ:

نێوەڕۆکی سوورەتی (الدخان) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

ئـەم سـوورەتە نـاوی (**سـورة الدخـان**)ە، پێنجەمیـن سـوورەتە لە خـاوەن حامیمەکان (**ذوات حمیـم**)، ئەوانـەی کـە بـە (**حمیـم**) دەسـت پـێ دەکـەن، کـە یەکـەم سـوورەتیان (**غافـر**) بـوو، دووەمیـان (**فُصلـت**) بـوو، سـێیەمییان (**الشـوری**)، چوارەمیـان (**الزخـرف**)، پێنجەمیـان ئـەم سـوورەتەو، شەشەمیشـیان (**الجاثیة**)و، حەوتەمیشـیان (**الأحقـاف**)ە، ئەم سـوورەتە تەنیـا ئـەم نـاوەی بـۆ بەکارهاتـوە: (**سـورة الدخـان**)، چ لـە موصحەفەکانـدا کـە لـە دێـر زەمانـەوە بـە دەسـتی مسـوڵمانانەوە بـوون، چ لـە سـەرچاوەکانی سـوننەتدا، هۆکارەکەشـی هـەر ئەوەیـە کـە وشـەی: (**الدخـان**)، لـە ئایـەتی ژمـارە (١٠)ی ئـەم سـوورەتەدا هاتـوە: ﴿ فَٱرۡتَقِبۡ يَوۡمَ تَأۡتِي ٱلسَّمَآءُ بِدُخَانٖ مُّبِينٖ ١٠ ﴾، واتـە: چاوەڕێـی ئـەو ڕۆژە بـە، کـە ئاسـمان دوو کەڵێکـی ئاشـکرا دێنـێ، هەرچەنـدە وشـەی (**الدخـان**)، لـە سـوورەتی (**فصلت**)یشـدا هاتـوە، کـە پێـش ئـەم سـوورەتە دابەزیـوە و، خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ وَهِيَ دُخَانٞ ١١ ﴾فصلـت، واتـە: خـوا ﷻ ویسـتی ئاسـمان دروسـت بـکات، لـەو کاتـەدا، دووکـەڵ بـوو، بـەڵام (**الدخـان**) لێـرەدا، وەک

نیشانەیەکی خوا ﷻ هاتوە، وەک دوایی باسی دەکەین، خوا ﷻ بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: چاوەڕێبە تاکو ئاسمان ئەو دوو کەڵە دێنێ، زانایانیش لەو بارەوە قسەو باسیان زۆر کردوە، کە مەبەست پێیی چییە؟!.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

ئەم سوورەتە مەککەییە، واتە: هەمووی لە مەککە دابەزیوە، لەو کاتەدا کە پێغەمبەر ﷺ لە مەککە بووە، ئنجا جاری وا هەیە سوورەتەکان، یاخود هەندێک لە ئایەتەکانیان لە دەرەوەی سنووری جوگرافیای مەککەش دابەزیون، بەڵام هەر لەو قۆناغەدا بووە کە پێغەمبەر ﷺ جارێ لە مەککە بووە، پێش کۆچکردنی بۆ مەدینە، بۆیە هەر پێیان دەگوترێ: مەککەیی.

هەندێک لە زانایان گووتویانە: بۆ وێنە: **(الزمخشـري، والقرطبي)** ئەو ئایەتە کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّا كَاشِفُوا۟ ٱلْعَذَابِ قَلِيلًا ۚ إِنَّكُمْ عَآئِدُونَ ﴿١٥﴾ ﴾الدخان، واتە: ئێمە کەمێک لابەری ئازارین، بەڵام ئێوە دوایی دەگەڕێنەوە.

ئەمە مەدینەییە، بەڵام هیچ بەڵگەیەکیان نەهێناوەتەوە و، لە ڕاستییدا ئەم سوورەتە موبارەکە وا پێدەچێ بە پێی ئێوەڕۆکەکەی و بە پێی بابەتەکانی، کە لە دەوری ساڵانی (٨ و ٩)ی پێغەمبەرایەتییدا، دابەزیبێ، واتە: چوار، پێنج ساڵ پێش ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ لە مەککەوە، وێڕای هاوەڵەکانی کۆچ بکات بۆ شاری **(یثرب)** کە دوای کۆچکردن، ناوی لێنرا **(مدینة)**، یان **(مدینة الرسول)** واتە: شار، یان شاری پێغەمبەر ﷺ.

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و هاتنە خواردا:

ئەم سوورەتە لە ڕیزبەندیی دابەزینـدا ژمارە: (٦٣)یەو، پێش سوورەتی **(الجاثیة)**و، دوای **(الزخرف)** دابەزیوە، واتە: شوێنەکەی ئێستا لە **(مصحف)**دا،

چۆنـە، لـە ڕیزبەندیـی دابەزینیشـیدا هەمـان شـوێنی هەبـووە و، کەوتۆتـە نێـوان سـوورەتی (**الزخـرف**) و (**الجاثیـة**)وە، لـە ڕیزبەندیـی (**مصحـف**)دا، ژمـارە (٤٤)ە، واتـە: کـە لـە سـوورەتی (**الفاتحـة**)، لـە لای ڕاسـتەوە دەسـت پێـدەکات، (٤٤)میـن سـوورەتە.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

بـۆ ژمـارەی ئایەتـەکانی ئـەم سـوورەتە، زیاتـر (٥٩) تەبەننیـی کـراوە، بـەڵام پێشـتر ڕاجیایـی هەبـووە: زانایـانی مەدینـەو، مەککـەو، شـام، پێیـان وابـووە (٥٦)ەو، لـە لایـەن زانایـانی (**بصـرة**)ەوە، (٥٧) دانـراوە، بـەڵام لـە لای زانایـانی (**کوفـة**)، کـە زیاتـر لـە (**مصحف**)کانـدا، ئـەوە تەبەننیـی کـراوە، (٥٩) ئایەتـە، پێشـتریش گوتوومانـە: جیاوازیـی لـە ژمـارەی ئایەتەکانـدا، دەگەڕێتـەوە بـۆ کورتیـی و درێژیـی ڕسـتەکان، کـە هەنـدێ لـە زانایـان ئایەتێکیـان کـردوە بـە دوو ڕسـتەو، بۆتـە دوو ئایـەت، بـەڵام هەندێکیـان بـە یـەک ڕستەیان هێنـاوە ئـەو ئایەتـە، بۆیـە بـە یـەک ئایـەت سـەرژمێر کـراوە، واتـە: جیاوازیـی ژمـارەی ئایەتـەکان، ناگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی زانایـەک گوتبێتـی: ئـەو ئایەتـە قوڕئانـەو، ئـەوەی دیکـە گوتبێتـی: نەخێـر، ئـەم ئایەتـە قوڕئـان نیـە، چونکـە زانایـان لـەو بـارەوە، نـەک لەسـەر ئایەتێـک، بەڵکـو لەسـەر ڕسـتەیەک و، بگـرە لەسـەر وشـەیەک و، بگـرە لەسـەر پیتێکیـش ڕا جیاییـان نیـە، کـە جـاری دیکـەش گوتوومانـە: قوڕئـان (١١٤) سـوورەتەو، (٦٢٣٦) ئایەتـە، بـەو سـەرژمێرییەی کـە زۆربەیـان لەسـەری پێکهاتـوون، هەروەهـا زانـاو پسـپۆڕان گوتوویانـە: (٧٧٤٣٩) وشـەیەو، (٣٢١١٨٠) پیتـە.

پێنجەم: نێوەڕۆکی:

نێوەڕۆکـی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە، هەمـان نێوەڕۆکـی قوڕئـانی مەککەییـەو ئـەو تـەوەرە سـەرەکییانەی قوڕئـانی مەککەیـی تێیانـدا دەسـووڕێ، ئەمیـش گرتوونیەخـۆی:

١- باسی خوا ﷻ، یانی: بەدیهێنەرایەتیی و خاوەندارێتیی و پەروەردگاریەتیی و، ناوو سیفەتەکانی خواو، تەنیا پەرستراوێتیی خوا.

٢- باسی پێغەمبەرایەتیی و وەحیی، ژیانی پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام**)و ڕەوشت و ئاکاری پێغەمبەران و، هەڵوێستی پێغەمبەران و، ئەو وەحیی و پەیامەی کە خوا بۆی ناردوون، پاشان باسی پەیامەکانی خوا، کتێبەکانی خوا ﷻ کە بۆ پێغەمبەرانی (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام**) ناردوون.

٣- ئەوەری سێیەمیش باسی ڕۆژی دوایی، چ وەک ئاخیر زەمان، چ وەک قیامەت و زیندوو بوونەوەو هەڵسانەوە، چ وەک ڕۆژی دوایی بە گشتیی، چ وەک بە هەشت و دۆزەخ و سزاو پاداشتێک کە خوا بۆ مرۆڤەکان دایناوە، بە پێی ئیمان و کردەوەی چاک، یاخود کوفرو کردەوەی خراپیان.

ئـەم سـوورەتە موبارەکـەش بـە پێـی ڕیزبەندیـی ئایەتـەکانی دەتوانیـن بڵێیـن: ئـەم یـازدە (١١) بابەتـە دەگرێتـە خـۆی:

١- باسی دابەزێنرانی قورئان لە شەوێکی بە پیرۆز فەڕدا، ئەمە لە ئایەتەکانی: (١ - ٥)دا خراوەتە ڕوو.

٢- باسی خوا ﷻ کە دابەزێنەری قورئانەو، وەسفکردنی خوا بە نۆ لە سیفەتە ناوازەکانی ئەویش لە سێ ئایەتەکانی: (٦ - ٨)دا، ئەم بابەتە خراوەتەڕوو.

٣- باسی بێبڕوایەکان و هەڕەشە لێکردنیان، لە هەشت ئایەتەکانی: (٩ - ١٦)دا ئەم بابەتە خراوەتەڕوو.

٤- باسی ناردنی مووسا ﵇ بۆ لای فیرعەون و دەستەو دایەرەو گەلەکەی و سەرەنجام دوای یاخیی بوون و، بوغزا بوونیان لە بەرانبەر مووسا و پەیامی خوادا، کە پێیدا نێردراو بوو، سزادرانیان لە لایەن خواوە ﷻ بە نغرۆکران و خنکێنرانیان لە دەریای سووردا، ئەمیش لە حەڤدە ئایەتەکانی: (١٧ - ٣٣)دا خراوەتەڕوو.

٥- باسی نکووڵییکردنی کافرەکان لە زیندوو کرانەوە، کە لە سێ ئایەتەکانی: (٣٤ - ٣٦) دا خراوەتەڕوو.

٦- ئاماژەیەکی کورت بە گەلی (تُبّع)، لە یەک تاکە ئایەتدا، ئایەتی ژمارە: (٣٧).

٧- باسی ئەوە کە گەردوون بێ حیکمەت و بە گەمەو گاڵتە دروست نەکراوە، ئەمیش لە دوو ئایەتەکانی: (٣٨ - ٣٩)دا، خراوەتە ڕوو.

٨- باسی ڕۆژی لێک هەڵاواردن و لێک جیاکردنەوەی پاک و پیسان و لێک جیاکردنەوەی بڕوادارو بێبڕوایان، ئەمەش لە سێ ئایەتەکانی: (٤٠ - ٤٢)، خراوەتە ڕوو.

٩- باسی درەختی زەققووم و سزاو ئازاری بێبڕوایان لە دۆزەخدا، کە لە حەوت ئایەتەکانی: (٤٣ - ٤٩)خراوەتەڕوو.

١٠- باسی پارێزکاران و پاداشتیان لە بەهەشتدا، کە لە هەشت ئایەتەکانی: (٥٠ - ٥٧)، خراوەتەڕوو.

١١- باسی ئاسانکردنی قورئان بۆ پەند وەرگرتن و، فەرمانکردنی خوا بە پێغەمبەر ﷺ بە چاوەڕوانیی کردن، واتە: چاوەڕوانکردنی ئەوەی ئەو خەڵکەی لەگەڵیاندا ڕووبەڕووبۆتەوە، کە نەیارینی و ناحەزینی، چییان لێ دێ؟ کێیان بڕوا دێنێ؟ کێیان بڕوا ناهێنێ؟ خوای دادگەریش، هەم لە دنیادا چییان بەسەردێنێ و، هەم لە ڕۆژی دواییدا چییان لێ دەکات؟ کە لە دوو ئایەتەکانی: (٥٨ - ٥٩)دا، خراوەتەڕوو.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی ئەم سوورەتە:

لە خستنەڕووی نێوەڕۆک و پێناسەی ئەم سوورەتە موبارەکەدا، تایبەتمەندییەکانی کە وەک زۆر جار گوتوومانە: دەگونجێ زۆر تایبەتمەندیی لە سوورەتەکاندا بخرێنە بەرچاو، بەڵام ئێمە زیاتر ئاماژە دەکەین، بەوانەی زیاتر زەقن و بەرچاون کە چوارن:

تایبەتمەندیی یەکەم: لەم سوورەتە موبارەکەدا باسکراوە، کە قورئان لە شەوێکی بە پێزدا دابەزیوە، لە ئایەتی ژمارە سێ دا، کە تاکە شوێنێکە لە قورئاندا هاتبێ: ﴿إِنَّآ أَنزَلْنَٰهُ فِى لَيْلَةٍ مُّبَٰرَكَةٍ ۚ إِنَّا كُنَّا مُنذِرِينَ ﴿٣﴾﴾ الدخان، واتە: ئێمە دامانبەزاندوە لە شەوێکی بە پێزدا، لە شەوێکی بە فەڕدا، ئەو شەوەش وەک دوایی باسی دەکەین، هەر هەمان شەوی قەدرە، کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّآ أَنزَلْنَٰهُ فِى لَيْلَةِ ٱلْقَدْرِ ﴿١﴾﴾ القدر، لێرە بە (**لَيْلَة مُبَارَكَة**) ناوی هێناوە، شەوێکی پڕ پیت و پێز، لەوێش بە شەوی (**القدر**)، واتە: شەوی پڕ ڕێز، ئەو شەوە، هەم بە پێز بووەو، هەم بەڕێز بووە، دەشگونجێ قەدر بە مانای ئەندازەگیریی بێ، واتە: شەوێک بووە کە خوا ﷻ تێیدا ئەندازەگیریی ساڵانەی هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤەکان دەکات، وەک هەندێک لە زانایان گوتوویانە.

تایبەتمەندیی دووەم: لەم سوورەتەدا، باسی هاتنی دووکەڵ کراوە لە ئاسمانەوە: ﴿فَٱرْتَقِبْ يَوْمَ تَأْتِى ٱلسَّمَآءُ بِدُخَانٍ مُّبِينٍ ﴿١٠﴾﴾ الدخان، کە تەنیا لەم سوورەتەدا، باسی هاتنی دووکەڵ کراوە، ئنجا ئایا ئەو دووکەڵە چییەو چۆنە؟ دوایی قسەی لێ دەکەین.

تایبەتمەندیی سێیەم: باسی نەگریانی ئاسمان و زەوی لەسەر گەلی فەوتاوی فیرعەون، کە لە ئایەتی ژمارە: (٢٩)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿فَمَا بَكَتْ عَلَيْهِمُ ٱلسَّمَآءُ وَٱلْأَرْضُ وَمَا كَانُوا۟ مُنظَرِينَ ﴿٢٩﴾﴾ الدخان، واتە: نە ئاسمان و نە زەوی بۆیان نەگریان و چاوەڕوانییش نەکران و، مۆڵەت نەدران، دوای ئەوەی کاتی مەرگیان هات، مۆڵەت نەدران بگەڕێنەوەو پەشێمان ببنەوە، چونکە لەو دەرفەتەی کە پێیان درابوو، بەهرەمەند نەبوون و، کاتی تاقیکردنەوەکەش تەواو بووە.

تایبەتمەندیی چوارەم: باسی ئەوە کە پارێزکاران مردن ناچێژن لە بەهەشتدا، جگە لە مردنی یەکەم: ﴿لَا يَذُوقُونَ فِيهَا ٱلْمَوْتَ إِلَّا ٱلْمَوْتَةَ ٱلْأُولَىٰ ﴿٥٦﴾﴾ الدخان، واتە: لە بەهەشتدا مردن ناچێژن، جگە لە مردنی یەکەم، واتە: ئەو مردنی یەکەمەی لە دنیادا چێژتوویانە، لە هەموو قورئاندا تەنیا لێرەدا

باسـی ئـەوە کـراوە، کـە پارێـزکاران لـە بەهەشـتدا مـردن ناچێـژن، جگـە لـە مـردنی یەکـەم کـە لـە دنیـادا چێژتوویانـە.

حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان بۆ چەند دەرسێك:

دابەشکردنی ئایەتەکانی ئەم سوورەتە موبارەکە، بۆ چوار دەرس:

دەرسـی یەکـەم: ئایەتـەکانی: (١ - ١٦)، شـازدە (١٦) ئایـەت دەگرێتـە خـۆی، کـە هەم باسـی دابەزێـنرانی قورئـان، لـە شـەوی پـڕ پیـت و پێـزدا، کـە شـەوی (القـدر)ە، واتـە: سـەرەتاو دەسـتپێکی دابەزێنـەرانی قورئـان و، هـەم باسـی کۆمەڵـێ لـە سیفەتەکانی خوا ﷻ کـە دابەزێنـەری قورئانـە، هـەم باسـی بێبڕوایەکان و هەڵوێسـتی نەرێنییان و، سـزاو جەزرەبـەی خـوا بۆیـان، بـە تایبـەت هاتنـی پەیدابـوونی دووکەڵێـک، یاخـود حاڵەتێـک کـە وەک دوو کـەڵ دێتـە بەرچاویـان، دەپاڕێنـەوە لـە خـوا ﷻ، لێیـان لابـەرێ، کەچـی خـوا ﷻ کـە لێشـیان لادەبـات، دووبـارە دەگەڕێنـەوە بـۆ سـەر بەزمـی پێشـوویان.

دەرسـی دووەم: ئایەتـەکانی: (١٧ - ٣٣)، (١٧) ئایـەت دەگرێتـە خـۆی، هەمـووی باسـی مووسـایە عليه السلام و، بەرەنگاربوونـەوەی فیرعـەون و دارو دەسـتەکەی لـە دژی مووسـا عليه السلام و پەیامەکـەی، کـە ئەوانیـش سـەرەنجام خـوا ﷻ لـە دەریـای سـووردا نغرۆیـان دەکات و قڕەبڕیـان دەکات.

دەرسـی سـێیەم: ئایەتەکانـی: (٣٣ - ٤٢)، یانـی: نـۆ (٩) ئایـەت، کـە چەنـد بابەتێکـی جـۆراو جـۆرن، هـەم باسـی نکوولّیـی بێبڕوایـان لـە زیندووکرانـەوە، هـەم باسـی گەلـی (تُبَّع)، هـەم بـاسی ئـەوە کـە خـوا ئـەو گەردوونـەی بـێ حیکمـەت و بـە هەوەنتـە دروست نەکـردوە، هـەم باسـی ڕۆژی لێـک هـەڵاواردنی پـاک و پیسـان.

دەرسـی چـوارەم: ئایەتـەکانی: (٤٣ - ٥٩)، حەڤـدە (١٧) ئایـەت، ئەویـش هـەم باسـی سـەرەنجامی شـوومی بێبڕوایـان، هـەم سـەرەنجامی پـڕ خێـرو خۆشـیی و سـەربەرزانەی پارێـزکاران.

لـە کۆتاییشـدا خـوا ﷻ باسـی قورئـان دەکات کـە قورئـانی ئاسـان کـردوە بـۆ لـێ تێگەیشـتن و لـێ فێربـوون، فەرمانیـش بـە پێغەمبـەر ﷺ دەکات، بـە چاوەڕێکـردنی فەرمـانی خـواو چاوەڕێکـردنی ئـەوەی خـوا ﷻ چـی بەسـەر ئـەو خەڵکـە دێنـێ کـە بـەو هەمـوو، کەللەڕەقییـە، لەگـەڵ پەیامەکـەی خـوادا ڕووبەڕووبوونـەوە!!

دەرسی یەکەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرســەمان وەک پێشــتر گوتوومانــە: لــە شــازدە (١٦) ئایــەتی ســەرەتای ســوورەتی (الدخــان)، ئایەتــەکانی: (١ - ١٦)، پێــک دێ، لــەو شــازدە (١٦) ئایەتــەدا، باســی پێنــج بابــەتی ســەرەکیی کــراوە:

١- دابەزێنرانی قورئان لە شەوێکی بەپێزدا.

٢- وەسفکردنی خوا بە نۆ لە سیفەتە بەرزو بێ وێنەکانی.

٣- هەڕەشەکردن لە کافرەکان، بە هاتنی دووکەڵێکی ئاشکرا، کە لە خوا دەپاڕێنەوە، خوا ﷻ لێیان دووربخاتەوەو، دەربازیان بکات لێی.

٤- گوتوویانە: ئەگەر خوا قوتاریان بکات، بڕوا دێنن، کەچی دواییش ڕاستیان نەکردووەو، گەڕاونەوە سەر حاڵەتی پێشێیان.

٥- هەڕەشە لێکرانیان بە سزادانی مەزن و، بڕەزاو تۆڵە لێکردنەوەیان.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

﴿ حمٓ ① وَٱلْكِتَٰبِ ٱلْمُبِينِ ② إِنَّآ أَنزَلْنَٰهُ فِى لَيْلَةٍ مُّبَٰرَكَةٍ ۚ إِنَّا كُنَّا مُنذِرِينَ
③ فِيهَا يُفْرَقُ كُلُّ أَمْرٍ حَكِيمٍ ④ أَمْرًا مِّنْ عِندِنَآ ۚ إِنَّا كُنَّا مُرْسِلِينَ ⑤ رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَ ۚ
إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ⑥ رَبِّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَآ ۖ إِن كُنتُم مُّوقِنِينَ
⑦ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ يُحْىِۦ وَيُمِيتُ ۖ رَبُّكُمْ وَرَبُّ ءَابَآئِكُمُ ٱلْأَوَّلِينَ ⑧ بَلْ هُمْ فِى شَكٍّ
يَلْعَبُونَ ⑨ فَٱرْتَقِبْ يَوْمَ تَأْتِى ٱلسَّمَآءُ بِدُخَانٍ مُّبِينٍ ⑩ يَغْشَى ٱلنَّاسَ ۖ هَٰذَا عَذَابٌ

أَلِيمٌ ﴿١١﴾ رَّبَّنَا ٱكْشِفْ عَنَّا ٱلْعَذَابَ إِنَّا مُؤْمِنُونَ ﴿١٢﴾ أَنَّىٰ لَهُمُ ٱلذِّكْرَىٰ وَقَدْ جَآءَهُمْ رَسُولٌ
مُّبِينٌ ﴿١٣﴾ ثُمَّ تَوَلَّوْاْ عَنْهُ وَقَالُواْ مُعَلَّمٌ مَّجْنُونٌ ﴿١٤﴾ إِنَّا كَاشِفُواْ ٱلْعَذَابِ قَلِيلًا إِنَّكُمْ عَآئِدُونَ ﴿١٥﴾
يَوْمَ نَبْطِشُ ٱلْبَطْشَةَ ٱلْكُبْرَىٰٓ إِنَّا مُنتَقِمُونَ ﴿١٦﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بـە نـاوی خـوای بەبەزەیـی بەخشـندە، حـا میـم (١) سـوێند بـە کتێبـە ڕۆشـن
و ڕوونکەرەوەکـە (٢) ئێمـە لـە شـەوێکی بـە پێـزدا دامانبەزانـدوە، مسـۆگەر ئێمـە
وریاکـەرەوەو ترسـێنەر (ی خەڵک)یـن (٣) لـەو (شـەوە)دا، هەمـوو کارێکـی پـڕ
حیکمـەت (وکارزانانـە) ڕوون دەکرێتـەوە (٤) (ئـەوە) فەرمانێکـە لـە لایـەن ئێمـەوە،
بێگومـان ئێمـە نێرەریـن (بـۆ پێغەمبـەران کـە پەیامـمان بگەیەنـن بـە مـرۆڤ و
جنـد) (٥) (ئـەوەش) بەزەییەکـە لـە پەروەردگارتـەوە، بـە ڕاسـتیی ئـەو بیسـەری
زانایـە (٦) پـەروەردگاری ئاسـمانەکان و زەوی و ئـەوەی نێوانیانـە، ئەگـەر زانیـارو
دڵنیابـن (ئـەو ڕاسـتییە دەزانـن) (٧) هیـچ پەرسـتراوێک نیـە جگـە لـەو، دەژیەنـێ
و دەمرێنـێ، پـەروەردگاری خۆتـان و بـاب و باپیـرانی یەکەمتانـە (٨) (بـەڵام نـەک
خـاوەنی زانیاریـی دڵنیاکەرنیـن)، بەڵکـو لـە دوو دڵییـدا یاریـی دەکـەن (خافـڵاون)
(٩) دەجـا (ئـەی موحەممـەد!) چاوەڕێـی ڕۆژێـک بـە، کـە ئاسـمان دووکەڵێکـی
ئاشـکرا دێنـێ (١٠) (ئـەو دووکەڵـە) خەڵـک دادەپۆشـێ، ئەمـە ئازارێکـی بـە ئێشـە
(١١) (دەڵێـن:) پەروەردگارمـان! ئازارمـان لـێ لابـەرە بێگومـان ئێمـە بڕواداریـن (١٢)
چـۆن بیریـان دەکەوێتـەوە (وپەنـد وەردەگـرن) لـە حاڵێکـدا (پێشـتر) پێغەمبەرێکـی
ڕۆشـن و ڕوونکـەرەوەی (هـەق) یـان بـۆ هـات (بـەڵام لێـی بەهرەمەنـد نەبـوون)؟!
(١٣) کەچـی دوایـی پشـتیان تێکـردو گوتیـان: فێرکـراوە، شـێتە (١٤) ئێمـە کەمێـک
لابـەری ئازاریـن (لێیـان)، بـە دڵنیایـی ئێـوە گـەڕاوەن (بـۆ سـەرحاڵەتی پێشـووتان)

(١٥) ڕۆژێـک زەبـری هـەرە گەورەیـان لێدەدەیـن (و سـزای سـەختیان دەدەیـن) مسـۆگەر ئێمـە تۆڵەیـان لـێ دەکەینـەوە (١٩)}.

ڕشیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(مُبَـٰرَكَةٍ): (البَرَكَـةُ: ثُبُـوتُ الخَـيْرِ الإلَهِـيِّ فِي الـشَّيءِ، وَالمُبَـارَكُ مَـا فِيْـهِ ذَلِـكَ الخَـيْرُ)، (بَرَكَـة): بریتیـە لـە چەسـپاندنی خێـرو چاکـەی خوایـی لـە شـتێکداو، (مُبَارَك): هـەر شـتێکە، ئـەو خێـرو پیـت و پێـزەی تێـدا بـێ.

(مُنذِرِينَ): ترسـێنەرین، وریاکەرەوەیـن، (الإنْـذَارُ: إخْبَـارٌ فِيْـهِ تَخْوِيْـفٌ، كَـمَا أَنَّ التَّبْشِـيْرَ إِخْبَـارٌ فِيْـهِ سُرُورٌ)، (إنْـذَار): بریتیـە لـە هەواڵپێدانێـک کـە ترسـاندنی تێدابـێ، پێچەوانەکەشـی (تَبْشِـيْر): بریتیـە لـە هەواڵپێدانـەی کـە دڵخۆشـیی تێدایـە، یـان دڵخۆشـکردنی تێدابـێ.

(يُفْرَقُ): واتـە: جیادەکرێتـەوە، یاخـود ڕوون دەکرێتـەوە، یاخـود بڵاودەکرێتـەوە، (فَرَقْـتُ بَـيْنَ الشَّـيْئَيْنِ: فَصَلْـتُ بَيْنَهُـمَا، سَـوَاءٌ كَانَ ذَلِـكَ بِفصْلٍ يُدْرِكُـهُ البَصَرُ، أَو بفَصْـل تُدْرِكُهُ البَصِـيْرَة)، دەگوتـرێ: (فَرَقْـتُ بَـيْنَ الشَّـيْئَيْنِ)، دوو شـتەکەم لێـک جیاکردنـەوە، واتـە: لێکـم وە دوورخسـتن، ئنجـا ئـەو لێـک وەدوورخسـتنەو، ئـەو لێـک جیاکردنەوەیـە، چ لێـک دوور خسـتنەوەیەک بـێ، چـاو ببینـێ، واتـە: بەرهەسـت بـێ و، چ بـە عەقـڵ و دڵ بزانـرێ و نابـەر هەسـت و مەعنەویـی بـێ.

(مُوقِنِينَ): (اليَقِـيْنُ: مِـنْ صِفَـةِ العِلْـمِ فَـوْقَ المَعْرِفَـةِ وَالدِّرَايَـة، وَهُـوَ سُـكُونُ الفَهْـمِ مَـعَ ثَبَـاتِ الحُكْـمِ)، (يَقِـيْن): لـە سـیفەتەکانی زانینـەو لـە سـەرووی ناسـین و پەیپێبردنـە، یەقیـن: بریتیـە لـە چەسـپاندنی تێگەیشـتن لەگـەڵ چەسـپاویی بڕیـاردا، واتـە: شـتێک دوا بڕیـاری لـە بـارەوە بـدەی و، دوا زانیارییـت لـە بارەیـەوە هەبـێ.

(شَكٍّ): (الشَّكُّ: إِعْتِدَالُ النَّقِيْضَيْنِ عِنْدَ الإِنْسَانِ وَتَسَاوِيْهُمَا)، (شَك): بریتیە لەوە کە دوو شتی دژو پێچەوانەی یەکدی لە لای مرۆڤ یەکسان و هاوسەنگ بن، بە کوردیی (شَكّ) دەبێتە دوو دڵیی، (ظَن)یش: دەبێتە گومان، کە زۆر کەس (شَك) یش، هەر بە گومان لێک دەدەنەوە، بەڵام (شَك) بریتیە لە دوو دڵیی، شتێک کە لە نێوان بوون و نەبوونیدابێ، مرۆڤ نەتوانێ بوونی بەسەر نەبوونی دا، یان نەبوونی بەسەر بوونی دا، زاڵ بکات، بەڵکو لە نێوەڕاستێ بوەستێ، ئەوە پێی دەگوترێ: دوو دڵیی، بەڵام (ظَن)، ئەوەیە کە لایەکیان بەسەر لایەکیاندا زاڵ بکات، چ بوونی بەسەر نەبوونی دا، چ نەبوونی بەسەر بوونیدا.

(يَلْعَبُونَ): (لَعِبَ فُلاَنٌ: إِذَا كَانَ فِعْلُهُ غَيْرُ قَاصِدٍ بِهِ مَقْصَداً صَحِيْحاً)، دەگوترێ: فڵانکەس یاریی کرد، ئەگەر ئەو کردەوەی دەیکات، مەبەستێکی ڕاست و دروستی لە پشتەوە نەبێ و، جۆرێک بێ لە خۆخافڵاندن.

(فَٱرْتَقِبْ): چاوەڕێبە، (رَقَبْتُهُ، أَي: حَفِظْتُهُ)، واتە: پاراستم، (الرَّقِيْبُ: الحَافِظ)، (رَقِيْب): بە مانای پارێزەر دێ، کەواتە: (فَٱرْتَقِب)، واتە: تۆ چاوەڕێ بە، بیانپارێزەو ئاگات لێیان بێ.

(بِدُخَانٍ مُّبِينٍ): دووکەڵێکی ئاشکرا، (الدُّخَانُ: كَالْعُثَانِ، المُسْتَصْحَبُ لِلْهِيْبِ)، (دُخَان): دووکەڵ کە لەگەڵ بڵێسەدا بەرز دەبێتەوە، دوایی لێی جیادەبێتەوە پێی دەگوترێ: (دووکەڵ) کە ڕەش دەچێ، بە عەرەبیی هەم (دُخَان)و، هەم (عُثَان)یشی، پێ دەڵێن.

(يَغۡشَى ٱلنَّاسَ): واتە: خەڵک دادەپۆشێ، (غَشِيَ: سَتَرَ، وَالغِشَاوَةُ مَا يُغَطَّى بِهِ الشَّيء)، (غِشَاوَةُ) ئەوەیە شتێکی پێ بپۆشرێ و پەردەپۆش بکرێ.

(ٱكۡشِفۡ): لایبەرە، (الكَشْفُ: الإِزَالَةُ): (کشف) بریتیە لە لابردن و دوورخستنەوە، هەروەک چۆن (كَشْفُ) بە مانای دەرخستن دێ، بە مانای لابردنیش دێ.

(أَنَّىٰ): بە مانای (أَيْنَ) لە کوێ، دێ، هەروەها بە مانای (كَيْفَ)چۆن، دێ.

(الذِّكْرَىٰ): (التَّذَكُّرْ): (الإِعْتِبَارْ وَالإِتِّعَاظ)، (ذِكْرَى) بە مانای هاتنەوە بیرو، پەند وەرگرتن دێ.

(عَآئِدُونَ): گـەڕاوەن، (العَـوْدُ: الرُّجُـوعُ إِلى الـشَّيءِ، بَعْـدَ الإِنْـصِرَافِ عَنْـهُ، إِمَّـا انْصِرَافـاً بِالـذَّاتِ، أو بِالْقَـوْلِ وَالعَزِيمَـةِ) (عَـوْد): بریتیـە لـە گەڕانـەوە بـەرەو لای شـتێک، دوای ئـەوەی لێـی دوور کەوتۆتـەوە، ئنجا چ لـێ دوورکەوتنەوەکـە بـە جەسـتە بووبـێ، چ دوورکەوتنەوەکـە قسـەو بـە بڕیـار بـێ، کەواتـە: گەڕانـەوە بـۆی، چ بـە قسـە بـۆی بگەڕێنـەوەو، چ بـە ئیـرادەو عـەزم، چ بـە جەسـتە و (خـود) بـێ.

(نَبْطِشُ): (البَطْـشْ: تَنَـاوُلُ الـشَّيءِ بَصَوْلَـةٍ) (بَطْـش): بریتیـە لـە داهاتنـە شـتێک، یـانی: زەبـر لێـدان و پەلامـاردان.

(مُنتَقِمُونَ): (النِّقْمَـةُ: العُقُوبَـةُ)، (نِقْمَـة): بـە مانـای سـزادان دێ، (مُنْتَقِمُـون)، واتـە: سـزادەدرین و تۆڵـە سـتێنەوەین.

هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتانە

لەم بارەوە ئەم دوو گێرراوەیە دێنین:

١- لە بارەی هۆی هاتنەخواری ئەم ئایەتە موبارەکەوە کە دەفەرموێ: ﴿ فَٱرْتَقِبْ يَوْمَ تَأْتِى ٱلسَّمَآءُ بِدُخَانٍ مُّبِينٍ ﴿١٠﴾ ﴾الدخان، ئەم شوێنەوارە هەیە:

{عَـنْ عَبْـدِ اللّٰـهِ بـنِ مَسـعُودٍ ﷺ، قَـالَ: خَمْـسٌ قَـدْ مَضَـيْنَ: الدُّخَـانُ، وَاللِّـزَامُ، وَالـرُّومُ، وَالْبَطْشَـةُ، وَالْقَمَـرُ} (أخرجـه البخـاري: ٤٨٢، في كتـاب التفسـير، ومسـلم ٢٧٩٨).

عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود ﷺ، گوتوویەتی: پێنج شت هەن، تێپەڕیون:

یەکەمیان: (الدُّخَانُ): - کە دوایی لەو بارەوە ڕیوایەتێکی درێژتر دێنین - گوتراوە: ڕووداوێک بووەو تێپەڕیوە.

دووەمیان: (اللِّزَامُ): کە لە سوورەتی **(الفرقان)**دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿فَسَوْفَ يَكُونُ لِزَامًا ﴿٧٧﴾﴾ **الفرقان**، واتە: سزایەکی پەیوەست پێیانەوە.

سێیەمیان: (الروم) لە سوورەتی **(الروم)**دا، کە دەفەرموێ: ﴿الٓمٓ ﴿١﴾ غُلِبَتِ ٱلرُّومُ ﴿٢﴾ فِيٓ أَدۡنَى ٱلۡأَرۡضِ وَهُم مِّنۢ بَعۡدِ غَلَبِهِمۡ سَيَغۡلِبُونَ ﴿٣﴾ فِي بِضۡعِ سِنِينَ ﴿٤﴾﴾، گوتوویەتی: ئەوەش تێپەڕیوە، جەنگێک بووە لە نێوان (ڕۆم و فارس)دا، کە بە تەئکید وایە، بۆ ئەوەی چاوەڕێ نەکرێ، کە ئەوە پەیوەندیی بە داهاتووەوە هەیەو لە داهاتوودا دێتە دی.

چوارەمیان: (البَطْشَةُ): ﴿يَوۡمَ نَبۡطِشُ ٱلۡبَطۡشَةَ ٱلۡكُبۡرَىٰٓ﴾، واتە: ئەو ڕۆژەی زەبری گەورەتریان، لێ دەدەین، کە زۆربەی توێژەرەوان بە جەنگی بەدریان لێکداوەتەوەو، جەنگی بەدریش عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود کاتێک ئەوەی گوتوە لە مەدینە بووە، یانی: ئەوەش تێپەڕیوە.

پێنجەمیان: (القَمَرُ): لە سەرەتای سوورەتی **(القمر)**دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ٱقۡتَرَبَتِ ٱلسَّاعَةُ وَٱنشَقَّ ٱلۡقَمَرُ ﴿١﴾﴾، واتە: **(ساعة)** نیزیکەو مانگ لەت بوو، گوتوویەتی: ئەوەش تێپەڕیوە، ئەویش دوایی دەیگەینێ لە تەفسیری سوورەتی **(القمر)**دا، بەڵام هەم لە فەرموودەی صەحیحدا هاتوە، کە پێغەمبەر ﷺ ڕۆژێک هاوبەش خوادانەرانی مەککە، داوایان لێکردوە، موعجیزەیەکیان پێشان بدات، نیشانەیەکیان پێشان بدات، ئەویش فەرموویەتی: چیتان پیشان بدەم؟ لەو کاتەدا مانگی لە چواردە، یان لە پازدە، بووە، گوتوویانە: ئەو مانگەمان بۆ لەت بکە، پێغەمبەریش ﷺ بە پێی ئەو ڕیوایەتانە، ئاماژەی بۆ کردوەو مانگ لەت بووەو بۆتە دوو بەش، ئنجا عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود، گوتوویەتی: ئەوەش تێپەڕیوە، هەڵبەتە لەوانەیە هەندێکیان ئیمانیان هێنابێ، بەڵام زۆربەیان ئیمانیان نەهێناوەو، گوتوویانە: تۆ جادووگەری، لە سوورەتەکەدا دەفەرموێ: ﴿ٱقۡتَرَبَتِ ٱلسَّاعَةُ وَٱنشَقَّ ٱلۡقَمَرُ ﴿١﴾ وَإِن يَرَوۡاْ ءَايَةٗ يُعۡرِضُواْ وَيَقُولُواْ سِحۡرٞ مُّسۡتَمِرّٞ ﴿٢﴾﴾ **القمر**، ئاخیر زەمان نیزیک کەوتەوەو، مانگ لەت بوو، ئەگەر نیشانەیەک ببینن پشت هەڵ دەکەن و، دەڵێن: ئەوە جادوویەکی بەردەوامە.

واتە: ئەوەش وەک شتەکانی پێشترە، هەرچەندە پێغەمبەری خوا ﷺ زیاتر لە ڕێی عەقڵ و دڵەوە خەڵکی دواندوەو، موعجیزەیەکی بەرهەستی نەهێناوە،

تەحەدداى پێ بکات، موعجیزەکەی تەنها قورئان بووەو، بەڵگەکەی تەنیا قورئان بووە، بەڵام کە ئەوەیان دیوە، گوتوویانە: جادوویەکی بەردەوامە.

٢- هۆی هاتنە خوارەوەی ئەو حەوت ئایەتە موبارەکانە، کە خوای بەرز دەفەرمووێ:
﴿ فَٱرْتَقِبْ يَوْمَ تَأْتِى ٱلسَّمَآءُ بِدُخَانٍ مُّبِينٍ ﴿١٠﴾ يَغْشَى ٱلنَّاسَ ۖ هَٰذَا عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿١١﴾ رَّبَّنَا
ٱكْشِفْ عَنَّا ٱلْعَذَابَ إِنَّا مُؤْمِنُونَ ﴿١٢﴾ أَنَّىٰ لَهُمُ ٱلذِّكْرَىٰ وَقَدْ جَآءَهُمْ رَسُولٌ مُّبِينٌ ﴿١٣﴾ ثُمَّ تَوَلَّوْا۟ عَنْهُ
وَقَالُوا۟ مُعَلَّمٌ مَّجْنُونٌ ﴿١٤﴾ إِنَّا كَاشِفُوا۟ ٱلْعَذَابِ قَلِيلًا ۚ إِنَّكُمْ عَآئِدُونَ ﴿١٥﴾ يَوْمَ نَبْطِشُ ٱلْبَطْشَةَ ٱلْكُبْرَىٰٓ
إِنَّا مُنتَقِمُونَ ﴿١٦﴾ ﴾، کە پێشتریش ڕیوایەتێکمان هێنا لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودەوە (خوا لێی ڕازی بێ) و گوتمان: دواتر ئەوەی لەو بارەوە هاتوە بە درێژیی دەیهێنین، کە ئەمەی ئێستایە:

{عن مسروق قال: جاء إلى عبدالله رجل فقال: تركت في المسجد رجلا يفسر القرآن برأيه (وفي رواية: كُنَّا عِنْدَ عبدِ اللهِ جُلُوسًا، وَهو مُضْطَجِعٌ بيْنَنَا، فأتَاهُ رَجُلٌ فَقالَ: يا أَبَا عبدِ الرَّحْمَنِ إنَّ قَاصًّا عِنْدَ أَبْوَابِ كِنْدَةَ يَقُصُّ وَيَزْعُمُ) يفسر هذه الآية، (يوم تأتي السماء بدخان مبين) قال: يَأْتِي النَّاسَ يَوْمَ القِيَامَةِ دُخَانٌ، فَيَأْخُذُ بأَنْفَاسِ الكُفَّارِ حَتَّى يَأْخُذَهُمْ مِنْهُ كَهَيْئَةِ الزُّكَامِ، فَقَالَ عَبْدُ اللهِ: وَجَلَسَ وَهُوَ غَضْبَانُ: يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا اللَّهَ، مَنْ عَلِمَ مِنْكُمْ عِلْمًا، فَلْيَقُلْ بِمَا يَعْلَمُ، وَمَنْ لَمْ يَعْلَمْ فَلْيَقُلْ: اللَّهُ أَعْلَمُ، فَإِنَّ مِنْ فِقهِ الرَّجُلِ بأَنْ يَقُولَ: لِمَا لا يَعْلَمُ: اللَّهُ أَعْلَمُ، فَإِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ قَالَ لِنَبِيِّهِ ﷺ: ﴿ قُلْ مَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُتَكَلِّفِينَ ﴿٨٦﴾ ﴾ص، إنَّمَا كَانَ هَذَا، أنَّ قُرَيْشًا لَمَّا اسْتَعْصَتْ عَلَى النَّبِيِّ ﷺ، دَعَا عَلَيْهِمْ بِسِنِينَ كَسِنِي يُوسُفَ، فَأَصَابَهُمْ قَحْطٌ وَجَهْدٌ، حَتَّى جَعَلَ الرَّجُلُ يَنْظُرُ إِلَى السَّمَاءِ فَيَرَى بَيْنَهُ وَبَيْنَهَا كَهَيْئَةِ الدُّخَانِ مِنَ الجَهْدِ، وَحَتَّى أَكَلُوا العِظَامَ، «وَفِي رِوَايَةٍ» إنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ لَمَّا رَأَى مِنَ النَّاسِ إِدْبَارًا، فَقَالَ: اللَّهُمَّ سَبْعٌ كَسَبْعِ يُوسُفَ، قَالَ: فَأَخَذَتْهُمْ سَنَةٌ حَصَّتْ كُلَّ شَيْءٍ، حَتَّى أَكَلُوا الجُلُودَ وَالمَيْتَةَ مِنَ الجُوعِ، وَيَنْظُرُ إِلَى السَّمَاءِ أَحَدُهُمْ فَيَرَى كَهَيْئَةِ الدُّخَانِ، فَأَتَى النَّبِيَّ ﷺ رَجُلٌ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ! اسْتَغْفِرِ اللَّهَ لِمُضَرَ، فَإِنَّهُمْ قَدْ هَلَكُوا، فَقَالَ: لِمُضَرَ؟ إِنَّكَ لَجَرِيءٌ، «وَفِي رِوَايَةٍ» فَأَتَاهُ أَبُو سُفْيَانَ فَقَالَ: يَا مُحَمَّدُ! إِنَّكَ جِئْتَ تَأْمُرُ بِطَاعَةِ اللَّهِ، وَبِصِلَةِ الرَّحِمِ،

وَإِنَّ قَوْمَكَ قَدْ هَلَكُوا، فَادْعُ اللَّهَ لَهُمْ، قَالَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿إِنَّا كَاشِفُوا ٱلْعَذَابِ قَلِيلًاۚ إِنَّكُمْ عَآئِدُونَ ﴿١٥﴾﴾، قَالَ: فَمُطِرُوا، فَلَمَّا أَصَابَتْهُمُ الرَّفَاهِيَةُ، قَالَ: عَادُوا إِلَى مَا كَانُوا عَلَيْهِ، قَالَ: فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿فَٱرْتَقِبْ يَوْمَ تَأْتِي ٱلسَّمَآءُ بِدُخَانٍ مُّبِينٍ ﴿١٠﴾ يَغْشَى ٱلنَّاسَۖ هَٰذَا عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿١١﴾﴾، ﴿يَوْمَ نَبْطِشُ ٱلْبَطْشَةَ ٱلْكُبْرَىٰٓ إِنَّا مُنتَقِمُونَ ﴿١٦﴾﴾، قَالَ: يَعْنِي يَوْمَ بَدْرٍ] (أخرجه البخاري: ١٠٠٧، ومسلم: ٢٧٩٨، وَاللَّفْظُ لِمُسْلِم)[1].

واتە: مەسرووق (کە یەکێکە لە زانایانی تابیعین، واتە: جیلی دوای هاوەڵان)، دەڵێ: پیاوێک هاتە لای عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود، گوتی: پیاوێکم لە مزگەوت بەجێهێشت قورئانی بە رای خۆی لێک دەدایەوە، «لە ریوایەتێکدا»، [ئێمە لە لای عەبدوڵڵا دانیشتبووین، ئەویش پاڵی دابۆوە، پیاوێک هاتە لای، گوتی: ئەی ئەبوو عەبدورڕەحمان! (کونیەی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودە)، حیکایەت خوانێک لە لای دەرگاکانی (کیندە) بەسەرهات دەگێڕێتەوە، پێی وایە] ئەم ئایەتە تەفسیر دەکات، کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ئەو ڕۆژە کە ئاسمان دووکەڵێکی ئاشکرا دێنێ، پیاوەکە گوتی: ئەو حیکایەت خوانە، دەڵێ: لە ڕۆژی قیامەتدا دووکەڵێک بۆ خەڵکی دێ، هەناسەی کافرەکان دەگرێ، بەڵام بڕواداران وەک هەڵامەت دەیگرن، (واتە: هی ئەوان ئاسان دەبێ)، دەڵێ عەبدوڵڵا (خوا لێی ڕازی بێ)، دانیشت لە حاڵێکدا کە توورە بوو، گوتی: ئەی خەڵکینە! پارێز لە خوا بکەن، هەر کامێک لە ئێوە زانیارییەکی زانی، با بیڵێ، ئەگەر شتێکی نەزانی، با بڵێ: خوا زاناترە، چونکە لە تێگەیشتنی پیاوە بۆ شتێک کە نایزانێ بڵێ: خوا زاناترە، خوا (عَزَّوَجَلَّ) بە پێغەمبەرەکەی خۆی ﷺ فەرمووە: ﴿قُلْ مَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُتَكَلِّفِينَ ﴿٨٦﴾﴾ص، واتە: بڵێ: من هیچ جۆرە کرێ و پاداشتێکتان لێ داوا ناکەم و من لە لاف لێدەران نیم، واتە: شتێک ناڵێم کە نەمبێ، یان نەتوانم بیکەم، ئەمە (واتە: ئەم ئایەتە لەو بارەوە بوو)، کاتێ هۆزی قورەیش لە پێغەمبەری خوا ﷺ یاخی بوون، تووکی لێکردن (نزای لێکردن)، کە ساڵانێکیان بەسەربێن،

---

(١) الإستيعاب في بيان الأسباب، ج٣، ص ٢٠٠ و ٢٠١ .

وەک ساڵەکانی: یوسووف، (واتە: ساڵانێکی گرانیی و قات و قڕیی)، ئیدی وشکە ساڵیی و گرانیی گرتنی، هەتا پیاوێک لەوان، تەماشای سەرێی دەکرد، لە نێوان خۆی و ئاسماندا، شێوەی دووکەڵی دەبینی، لەبەر وشکە ساڵیی و لەبەر زۆر برسێتی و قات و قڕی، تەنانەت، خۆراکیان ئێسقانی ئاژەڵ بوو، سەریان دەبڕین، «لە ڕیوایەتێکدا هاتووە» کە پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێک خەڵکی بینی، پشتی تێ دەکەن، فەرمووی: خوایە! حەوت ساڵ، وەک حەوت ساڵەکەی یوسووف، (واتە: حەوت ساڵ گرانییان بەسەردا بێنە)، دەڵێ: ئیدی ساڵێکی گرانیی گرتنی هەموو شتێکی لە بەین برد و کۆتایی پێهێنا، تەنانەت چەرمی ئاژەڵانیشیان خواردو مردارەوەبووشیان لە برسان خوارد، یەکێکیان تەماشای سەرێی دەکرد، وەک شێوەی دووکەڵی دەهاتە بەرچاو، (کە وشکە ساڵیی بوو تەپ و تۆز زۆر دەبێ، یاخود لە ئەنجامی ئەوەدا کە برسێتیی و نارەحەتیی تینی بۆ هێناون، بەرچاویان لێڵ و، تەماویی بووە)، پیاوێک هاتە لای پێغەمبەر ﷺ گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! ﷺ داوای لێبووردن لە خوا بکە بۆ (مُضَرَ) (واتە: قوڕیش و غەیری قوڕەیشیش)، چونکە ئەوانە فەوتان، فەرمووی: بۆ (مُضَرَ) بە ڕاستیی تۆ پیاوێکی بوێری، یانی: (ئایا دووعا بۆ هەمووان بکەم؟) «لە ڕیوایەتێکدا هاتووە» ئەبوو سوفیان هاتبووە لای و گوتی: ئەی موحەمەد! تۆ هاتووی فەرمان دەکەی بە فەرمانبەریی خواو، گەیاندنی پەیوەندیی خزمایەتیی، کەچی ئەوە کۆمەڵگایەکەت، (واتە: هۆزی قوڕەیش) فەوتان، بۆیان لە خوا بپاڕێوە، دەڵێ: پێغەمبەریش ﷺ بۆیان لە خوا پاڕایەوە، خوا ﷻ ئەم ئایەتەی ناردە خوار: ﴿ إِنَّا كَاشِفُوا الْعَذَابِ قَلِيلًا إِنَّكُمْ عَائِدُونَ ﴿١٥﴾ ﴾**الدخان**، واتە: ئێمە ماوەیەکی کەم ئەو ئازارەتان لەسەر لادەبەین، بەڵام ئێوە دووبارە دەگەڕێنەوە، دەڵێ: ئیدی بارانیان بۆ باریی، بەڵام کاتێک خۆشگوزەرانییان بۆ هاتە پێش، دووبارە گەڕانەوە سەر ئەوەی لەسەری بوون [کوفرو لە دژایەتیی ئیسلام]، ئنجا خوا ﷻ ئەم ئایەتانەی دابەزاندن: ﴿ فَارْتَقِبْ يَوْمَ تَأْتِي السَّمَاءُ بِدُخَانٍ مُبِينٍ ﴿١٠﴾ يَغْشَى النَّاسَ هَذَا عَذَابٌ أَلِيمٌ

﴿١١﴾ رَّبَّنَا ٱكۡشِفۡ عَنَّا ٱلۡعَذَابَ إِنَّا مُؤۡمِنُونَ ﴿١٢﴾ أَنَّىٰ لَهُمُ ٱلذِّكۡرَىٰ وَقَدۡ جَآءَهُمۡ رَسُولٞ مُّبِينٞ ﴿١٣﴾ ثُمَّ
تَوَلَّوۡاْ عَنۡهُ وَقَالُواْ مُعَلَّمٞ مَّجۡنُونٌ ﴿١٤﴾ إِنَّا كَاشِفُواْ ٱلۡعَذَابِ قَلِيلًاۚ إِنَّكُمۡ عَآئِدُونَ ﴿١٥﴾ يَوۡمَ نَبۡطِشُ ٱلۡبَطۡشَةَ
ٱلۡكُبۡرَىٰٓ إِنَّا مُنتَقِمُونَ ﴿١٦﴾ ﴾، ئـەم ئایەتانـە هاتنـە خـوار کـە مەبەسـت لـە: ﴿ٱلۡبَطۡشَةَ
ٱلۡكُبۡرَىٰٓ﴾، ڕۆژی بـەدرە (جەنگـی بـەدرە).

ئەمـە هـۆی هاتنـە خوارەوەکەیـە و وەک گوتمـان: تیشـکی زیاتـر دەخاتـە سـەر نێوەڕۆکـی ئایەتـەکان، کـە دوایـی دێینـە سـەر تەفسـیر کردنیـان.

مانای گشتیی ئایەتەکان

سـەرەتا خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾، بـە نـاوی خـوای بـە بەزەیـی بەخشـندە، واتە:دەسـتپێکردنم بـە نـاوی خوایـە، کـە پێویسـتە چـوار واتـا لـە عەقـڵ و دڵـدا ئامادەبـن، لـە کاتـی گوتنـی ئـەو ڕسـتە موبارەکـەدا:

١ - ئەم کارە بە ناوی خوا ئەنجام دەدەم.

٢- ئەم کارە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خوا ئەنجام دەدەم.

٣- ئەم کارە بە پێی شەرعی خوا دەکەم.

٤- بە تواناو یارمەتیی خوای پەروەردگار ئەم کارە دەکەم، نەک بە هێزو توانای خۆم.

﴿حمٓ﴾، ئەمانـە دوو پیـتن، کـە پیتـە پچـڕ پچڕەکانیـان پـێ دەڵێـن، پێشـتر زۆر لـە بارەوەیـان قسـەمان کـردوە، کـە لـە سـەرەتای بیسـت و نـۆ (٢٩) سـووڕەت لـە قوڕئانـدا، ئـەو پیتانـە هاتـوون، ئنجـا هەیانـە یـەک پیتـەو، وەک: هـەر سـێ سـووڕەتی: (**نـوون و قـاف وصـاد**)و، هەیانـە دوو پیتـە وەک: ئـەو (**حم**)انـە، کـە حـەوت سـووڕەتن بـە دوایـی یەکـدا، هەروەهـا (**طـس و یـس و طـه**)و، هەیانـە سـێ پیتـە وەک: (**ألم، ألر**)،

کە ئەوانیش ژمارەیەک لە سوورەتەکانن، هەروەها (**طسم**)و، هەیانە چوار پیتن وەک: (**ألمر، ألمص**)و، هەیانە پێنج پیتە، وەک: (**حم عسق و کهیعص**)، کە تەنیا لە سەرەتای ئەو دوو سوورەتەوە بەو شێوەیە هاتوون.

ئێمە لە سەرەتای تەفسیری سوورەتی (**یونس**)دا، باسێکی تا ڕاددەیەک تێرو تەسەلمان لە بارەی ئەم پیتە پچڕ پچڕانەوە کردوە، هەروەها لە سەرەتای سوورەتی (**الشعراء**)شدا، شتێکی دیکەم لەو بارەوە باسکردوە، وێڕای ئەوەی کاتی خۆی لە سەرەتای تەفسیری سوورەتی (**البقرة**)دا، شتێکمان لەوبارەوە باسکردوە، گرنگ ئەوەیە، ئەو پیتانە ئەوەیان لێ دەفامرێتەوە، کە خوای بەرزی مەزن بە هۆی هێنانی ئەو پیتانەوە، ئاڕاستەوخۆ بە خەڵک دەفەرموێ: بزانن! کە ئەم قورئانە فەرمایشتی منە، بە بەڵگەی ئەوە کە هەر لەو پیتانەو، لەو دەنگانە پێک هاتوە، کە ئێوە قسەیان پێ دەکەن، لە (**ح، م، أ، ل، ر، ص، ط، هـ...هتد**)، بەڵام ئێوە لە بەرانبەریدا دەستەوستان و دەستە پاچەن، نەک هەر ناتوانن وێنەیەکی وەک ئەو قورئانە بێنن، ناتوانن دە (١٠) سوورەتیش بێنن، بەڵکو ناتوانن وێنەی سوورەتێکیشی بێنن.

کەواتە: بزانن ئەو کەسەی لەو کەرەستەیەی کە لە بەردەستی ئێوەشدا هەیە، ئەم فەرمایشتەی ڕەخساندوە، بزانن ئەوە خوای پەروەردگارە، نە موحەممەدە ﷺ خۆی، نە کەسێکی دیکەشە موحەممەدی فێرکردبێ، بەڵکو ئەوە فەرمایشتی خوایە، بە بەڵگەی ئەوە کە ئێوە ناتوانن، وێنەی ئەوە بەڵکو وێنەی بەشێکی بچووکی ئەوە، کە سوورەتێکی سێ ئایەتییە، وەک: (**العصر، الکوثر، النّصر**) بێنن.

﴿ وَٱلْكِتَٰبِ ٱلْمُبِينِ ﴾، سوێند بە کتێبی ڕۆشن، یاخود سوێند بە کتێبی ڕۆشنکەرەوە، وشەی (**مُبِین**) دەگونجێ لە (**أَبَانَ**)ی (لازم)ەوە بێ، کە بەرکاری ناوێت، واتە: بە مانای (**بَانَ**)ـە، وەک (**بَانَ القَمَرُ**)، یان (**أَبَانَ القَمَرُ**)، واتە: مانگەکە دەرکەوت، دەشگونجێ لە (**أَبَانَ**)ی تێپەڕکەر (**مُتَعَدِّي**)ەوە بێ، کە بەرکار

دەخوازێ، وەک (أَبَانَت الشَّمْسُ الأَرْضَ)، واتە: خۆر سەر زەمینی دەرخست، یان (أَبَانَ المُدَرِّسُ الدَّرْسَ)، واتە: وانەبێژەکە دەرسەکەی ڕوون کردەوە.

لێرەدا: ﴿ وَٱلۡكِتَٰبِ ٱلۡمُبِينِ ﴾، واتە: سوێند بە کتێبی ڕۆشن، یان سوێند بە کتێبی ڕۆشنکەرەوە، چی ڕۆشن دەکاتەوە؟ هەموو ئەو ڕاستییانەی مرۆڤ پەکی لەسەریان کەوتووە، لە مەودای زانینی عەقڵدا نین، ئەم قورئانە ئەو ڕاستییانە هەموویان بۆ مرۆڤ ڕۆشن دەکاتەوە.

﴿ إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةٖ مُّبَٰرَكَةٍ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە لە شەوێکی بە پێزدا دامانبەزاندوە، ئەمە سوێند لەسەر خوراو (مُقْسَمٌ عَلَيْهِ) ەکەیە، چونکە سوێند پێخوراو (مُقْسَمٌ بِهِ) ەکە: بریتیە لە: ﴿ وَٱلۡكِتَٰبِ ٱلۡمُبِينِ ﴾، ئەوەش ڕای ڕاسترە کە (و) بۆ سوێندە، بەڵام سوێند لەسەر خوراو (مُقْسَمٌ عَلَيْهِ) بریتیە لە: ئێمە دامانبەزاندوە لە شەوێکی پڕ پیت و پێزدا، لە شەوێکی بە فەڕدا، ﴿ إِنَّا كُنَّا مُنذِرِينَ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە ترسێنەرین، ورياكەرەوەین، واتە: لە میانی دابەزاندنی قورئاندا، مرۆڤەکان وریا دەکەینەوەو دەیانترسێنین، لەو چارەنووسەی چاوەڕێیان دەکات، کە بریتیە لە هاتنی ڕۆژی دوایی، بە هەردوو قۆناغی ئاخیر زەمان و قیامەت و زیندووبوونەوەوە و، ئەوەی لە ڕۆژی دواییدا دێتە دی، لە قۆناغی دووەمیدا کە بریتیە لە پێدرانەوەی نامەو لیستی کردەوەکان، پاشان وەرگرتنەوەی سزا یاخود پاداشت بە پێی کردەوەکان، ﴿ فِيهَا يُفۡرَقُ كُلُّ أَمۡرٍ حَكِيمٍ ﴾، لەو شەوەدا هەموو کارێکی پڕ حیکمەت ڕوون دەکرێتەوە، بڕیار دەدرێ و ڕادەگەیەنرێ، ئێمە دواتر بە وردیی لەوبارەوە قسە دەکەین، کە مەبەست لە: ﴿ لَيۡلَةٖ مُّبَٰرَكَةٍ ﴾، شەوی قەدرە، کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةِ ٱلۡقَدۡرِ ١ ﴾القدر، شەوی قەدریش لە شەوەکانی مانگی ڕەمەزانە، بە بەڵگەی ئەوە کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ شَهۡرُ رَمَضَانَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ فِيهِ ٱلۡقُرۡءَانُ ١٨٥ ﴾البقرة، واتە: مانگی ڕەمەزان کە قورئانی تێدا دابەزێندراوە، ئنجا کە خوا ﷻ فەرموشیەتی: قورئانمان دابەزاندوە لە شەوێکی پڕ پێت و پێزدا، یان لە شەوێکی بە قەدرو

قیمەتدا، یان لە شەوی ئەندازەگیرییدا، وەک لە سوورەتی (القدر)دا، هاتووە، واتە: دەستپێکی دابەزینی قورئان لەو شەوەدا بووە، ئەگەرنا هەمووی لەو شەوەدا دانەبەزیوە، ئەوەش کە دەگوترێ: دابەزینی یەکەمی قورئان بۆ ئاسمانی دنیا هەمووی لەو شەوەدا بووە، دوایی وردە وردە بە پێی پێداویستیی دابەزێندراوە، بەڵگەیەکی وای لەسەر نیە، بەڵکو دەستپێکی دابەزینی قورئان لەو شەوەدا بووە، کە دواتر قسەی لێ دەکەین، زۆربەی زانایان دوای لێکۆڵینەوەی ورد ڕایان وایە، کە لە شەوی (٢١)ی مانگی (**رمضان**)ی، ئەو ساڵەدا بووە، کە پێیگوتراوە: ساڵی ڕەوانەکرانی پێغەمبەری خوا ﷺ، کە دەکاتە ساڵی (٤١)ی دوای ڕووداوی (**فیل**)، واتە: (٤٠) ساڵ، یان (٤١) ساڵ دوای ڕووداوی هاتنی سوپای (ئەبرەهە)، کە بە ساڵی فیل (**عام الفیل**) بەناوبانگ بووە، پێغەمبەری خوا ﷺ لەو ساڵەدا لە دایک بووەو چل (٤٠) ساڵ دوای ئەوەش، قورئان بۆ پێغەمبەری خاتەم ﷺ دابەزێنراوەو، موحەممەد کراوەتە کۆتا پێغەمبەری خوا.

﴿ أَمْرًا مِّنْ عِندِنَآ ﴾، واتە: ئەو کارە پڕ حیکمەتانەی لەو شەوەدا ڕادەگەیەنرێن و ڕوون دەکرێنەوە، فەرمانە لە لایەن ئێمەوە، ﴿ إِنَّا كُنَّا مُرْسِلِينَ ﴾، بێگومان ئێمە ڕەوانەکەرین، واتە: بۆ پێغەمبەری خاتەم ﷺ کە کۆتا پێغەمبەرەو، بۆ تێکڕای پێغەمبەرانیش لە پێش ئەودا.

﴿ رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَ ﴾، چ ئەو دابەزاندنەی قورئان، چ ئەو ڕەوانەکردنەی پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ**)، بە تایبەت پێغەمبەری کۆتایی، بەزەییەکە لە پەروەردگارتەوە، ﴿ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴾، بە دڵنیایی ئەو بیسەری زانایە، واتە: هەموو شتێک دەبیستێ، دەزانێ حاڵ و باڵی مرۆڤەکان چۆنەو، زانایە بە حاڵ و باڵیان، دەزانێ کە ئەوان پێویستییان بە وەحیی و پەیام و بە بەرنامەی خوایە.

﴿ رَبِّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَآ ﴾، پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی نێوانیانە، ﴿ إِن كُنتُم مُّوقِنِينَ ﴾، ئەگەر ئێوە لە دڵنیایی دەگەڕێن و، لە زانیارییەکی دڵنیایی دەگەڕێن، زانیاریی ڕاست و دروست، کە بریتیە لە

پەروەردگاریەتیی خوا بۆ ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی نێوانیان، یاخود ئەگەر ئێوە زانیارییەکی تێرو تەواوو وردو جێی دڵنیاییتان هەبێ، دەزانن کە پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی نێوانیان، خوای بەرزی مەزنی بێ وێنەیەو، هەر ئەویش دابەزێنەری قورئان و نێرەری پێغەمبەرانە (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام).

﴿ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ﴾، بێجگە لەو هیچ پەرستراوێک نیە، کە شایستەی پەرستران بێ، ئەگەرنا پەرستراوانی ساختەو بێ نێوەڕۆک زۆرن، یانی: (لَآ إِلَٰهَ بِحَقٍّ إِلَّا هُوَ)، پەرستراوێک کە شایستەی پەرستن بێ و هەق بێ، تەنیا ئەوە، ﴿ يُحْيِۦ وَيُمِيتُ ﴾، دەژێنێ و دەمرێنێ، واتە: ژیان پەیدا دەکات و ژیانیش لە ژیانداران وەردەگرێتەوە، ﴿ رَبُّكُمْ وَرَبُّ ءَابَآئِكُمُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴾، پەروەردگاری ئێوەشەو پەروەردگاری باب و باپیرانی یەکەمیشتانە، ئەوانەی کە لە پێش ئێوەدا بوون، یان ئەوانەی لە سەرەتاوە هەبوون.

﴿ بَلْ هُمْ فِى شَكٍّ يَلْعَبُونَ ﴾، [ئەوانە خاوەنی یەقین و زانیاریی تێرو تەواوو جێی دڵنیایی نین]، بەڵکو ئەوانە لە دوو دڵییدا یاریی و گەمە دەکەن، واتە: لە دوو دڵیی خۆیاندا دێن و دەچن، وەک چۆن منداڵێک یان کەسێک گەمە دەکات، بەبێ ئامانج، بێ ئەوەی ئامانجێکی ڕاستی هەبێ بۆ جم و جۆڵەکانی.

﴿ فَٱرْتَقِبْ يَوْمَ تَأْتِى ٱلسَّمَآءُ بِدُخَانٍ مُّبِينٍ ﴾، ئنجا چاوەڕێ بە، هی ڕۆژێک کە ئاسمان دووکەڵێکی ڕوون و ئاشکرا دێنێ، چاوەڕێی ئەو ڕۆژە بە.

﴿ يَغْشَى ٱلنَّاسَ ﴾، (ئەو دووکەڵە) خەڵک دادەپۆشێ، وەک چۆن پۆشاکێک بەسەر خەڵکێکدا دادەدرێ، ئەو دوو کەڵە دایاندەپۆشێ، ﴿ هَٰذَا عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾، ئەمە ئازارێکی بە ئێشە، ئەمە هەر فەرمایشتی خوایە، دەفەرموێ: ئەمە ئازارێکی بە ئێشە، یاخود: ئەوان کە سزا دەدرێن دەڵێن: (**يقولون**)، یانی: ئەمە گوتراوی قسەیەکی قرتێنراو (**مقول قول محذوف**)ە.

﴿ رَّبَّنَا ٱكْشِفْ عَنَّا ٱلْعَذَابَ إِنَّا مُؤْمِنُونَ ﴾، [دەپاڕێنــەوەو، دەڵێــن:] پەروەردگارمــان! ئازارمـان لـێ لابـەرە، ئێمـە بڕواداریـن، واتـە: ئێمـە دەبینـە بـڕوادار، ئەگـەر ئازارمـان لـێ لابـەری.

﴿ أَنَّىٰ لَهُمُ ٱلذِّكْرَىٰ ﴾، چۆنیـان وەبیردێتــەوە، یـان چـۆن پەنـد وەردەگـرن، ﴿ وَقَدْ جَآءَهُمْ رَسُولٌ مُّبِينٌ ﴾، کـە بـە دڵنیایـی پێغەمبەرێکـی ڕۆشـنکەرەوەیان بـۆ هاتبـوو، یـان: پێغەمبەرێکـی ڕۆشـن و ڕوونیـان بـۆ هاتبـوو، کـە هیـچ پـەردە بەسـەر کەسـایەتیی ئـەوەوە نیـە، کـە موحەممـەدە ﷺ، هـەر کەسـێ لێـی وردبێتـەوەو تەماشـای بـکات و پێـی ئاشـنا بـێ، دەزانـێ کـە پێغەمبـەرەو ڕەوانەکـراوی خوایـە، کەچـی بڕوایـان پـێ نەهێنـا، ئنجـا کـە بڕوایـان بـەو نەهێناوە،چـۆن بـڕوا بـەو ڕووداوە دێنـن؟!.

﴿ ثُمَّ تَوَلَّوْا۟ عَنْهُ وَقَالُوا۟ مُعَلَّمٌ مَّجْنُونٌ ﴾، دوایـی پشـتیان تێکـردو گوتیـان: فێرکـراوە، شـێتە، واتـە: هەندێکیـان دەیانگـوت: فێرکـراوە و هەندێکیشـیان دەیانگـوت: شـێتە، وەک لـە بـارەی فێرکرانیـەوە، هاتـوە: ﴿ وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّهُمْ يَقُولُونَ إِنَّمَا يُعَلِّمُهُۥ بَشَرٌ ۗ لِّسَانُ ٱلَّذِى يُلْحِدُونَ إِلَيْهِ أَعْجَمِىٌّ وَهَٰذَا لِسَانٌ عَرَبِىٌّ مُّبِينٌ ﴿١٠٣﴾ ﴾النحـل، واتـە: ئێمـە بـە دڵنیایـی دەزانیـن کـە دەڵێـن ئـەوە مرۆڤێـک فێـری کـردوە، بـەڵام زمـانی ئـەو کەسـەی ئامـاژەی پـێ دەکـەن، (**أعجمي**)یـە، (کـە غوڵامێـک، یـان دوو غوڵامـی نەصرانیـی بـوون)، بـەڵام ئەمـە قورئانێکـی بـە زمـانی عەرەبیـی ڕۆشـن و ڕۆشـنکەرەوەیە.

کەواتـە: بابایەکـی غەیـری عەرەبیـی چـۆن ئـەو زمانـە عەرەبییـە ڕۆشـنە دەزانـێ، کـە زمـان پـاراوو ڕەوانبێژەکانی عەرەب، لـە بەرانبەریدا دەستەوسـان و دەسـتەپاچەن؟!

هەندێکیـش دەیانگـوت: شـێتە، ئەگەرنـا ئەوانـەی کـە گوتوویانـە: فێرکـراوە، هـەر ئەوانیـش نەیانگوتـوە شێتیشـە، چونکـە ئەگـەر شـێت بـێ، فێـر ناکـرێ، ئەوانـەش کـە گوتوویانـە: شـێتە، نەیانگوتـوە: فێرکـراوە، بەڵکـو هەندێـکان گوتوویانـە: فێرکـراوەو هەندێکیـان گوتوویانـە: شـێتە، بەڵکـو جـاری واش هەیـە، گوتوویانـە: جادووگـەرە، جـاری واشـە گوتوویانـە: کاهینـە، یـان شـاعیرە، وەک لـە شـوێنەکانی دیکـەدا هاتـوە.

﴿ إِنَّا كَاشِفُوا الْعَذَابِ قَلِيلًا ﴾، ئێمە بۆ ماوەیەكی كەم لابەری ئازارو سزاین، ﴿ إِنَّكُمْ عَائِدُونَ ﴾، بە دڵنیایی (دوای لادانی سزاو ئازار لەسەرتان)، ئێوە گەڕاوەن دووبارە، لە جیاتی ئەوەی پەندی لێوەربگرن، ئێستا دەڵێن: بڕوا دێنین، بەڵام دوای ئەوەی سزاو ئازارەكە لادەچێ، بڕوا ناهێنن و دەگەڕێنەوە، واتە: دەگەڕێنەوە سەر بەزمی پێشێیان، كە كوفرو هاوبەش بۆ خوا دانانە.

﴿ يَوْمَ نَبْطِشُ الْبَطْشَةَ الْكُبْرَىٰ إِنَّا مُنتَقِمُونَ ﴾، ئەو ڕۆژە كە پەلاماری گەورە دەدەین، یاخود، زەبری گەورەتر دەوەشێنین، بە دڵنیایی ئەو ڕۆژە ئێمە تۆڵەستێنین، تۆڵەیان لێدەكەینەوە، یاخود سزا دەرین و سزایان دەدەین، ئەگەر بێت و لەسەر ئەو حاڵەی خۆیان هەر بەردەوام بن، كە وەك لە هۆی هاتنە خوارەوەكەی دا باسمان كرد، ڕای ڕاستتر ئەوەیە: مەبەست لە هاتنی ئەو دووكەڵە، ئەوە بووە كە گرانییساڵیان بەسەردا هاتوە، وشكە ساڵییان بەسەردا هاتووەو، قات و قڕیی بووەو بەرچاویان لێڵ بووە، كە تەماشای سەرەوەی خۆیان كردوە، وەك دووكەڵ هاتۆتە بەرچاو، دواییش پێغەمبەر ﷺ كە بۆیان پاڕاوەتەوەو، ئەو حاڵەیان لاچووە، پێشێ وایانپیشانداوە كە بڕوا دێنن و دوایی بڕوایان نەهێناوە، بۆیە خوا ﷻ دەفەرموێ: ئێمە ئەو سزایە كەمێك لادەدەین، بەڵام ئێوە دووبارە دەگەڕێنەوە، دوایی خوا ﷻ هەڕەشەی لێكردوون، كە ئەگەر هەر لەسەر ئەو حاڵە بەردەوام بن، ئێمە زەبری گەورەتر دەوەشێنین، پەلاماری گەورەتر دەدەین، لەو ڕۆژەدا ئێمە سزاتان دەدەین، كە بریتی بووە لە جەنگی (بەدر)، ئەوە بوو كە هەر بەردەوام بوون لەسەر كوفرو شیرك، تاكو ئەو بەڵا گەورەی جەنگی بەدریان بەسەرهات، كە حەفتا (٧٠) كەس لە زلەزلەكانیان كوژران و حەفتا (٧٠) شیان لێ بەدیل گیران، ئەوەش زەبرێكی زۆر گەورە بوو، بۆ ئەوان.

هەندێكیش گوتوویانە: ﴿ يَوْمَ نَبْطِشُ الْبَطْشَةَ الْكُبْرَىٰ ﴾، مەبەست پێی ڕۆژی دواییەو سزای دۆزەخە، بەڵام زیاتر، وا پێدەچێ مەبەست پێی سزای دنیایی بێ و، لە ڕاستییدا زەبرێكی گەورە بوو، لێیان وەشێندرا لە جەنگی

بـەدردا، ئەگـەر ئینسـان تەماشـای جەنگـی (بـەدر) بـكات، وەک كاتـی خـۆی لـە تەفسـیركردنی سـوورەتی (**الأنفـال**)دا، باسـمانكردووەو بەسـەرهاتەكەمان هێنـاوە، ئەگـەر لێـی وردبیـەوە، بـە ئاشـكرا دەسـتی خـوای پـەروەردگاری تێـدا دەبینـی، چونكـە مسـوڵمانان سـێیەک (١/٣) ژمـارەی كافـرەكان بـوون، ئـەوان دەوری (٣١٤) بـوون و كافـرەكان دەوری هـەزار (١٠٠٠) كـەس یاخـود زیاتریـش بـوون و، پاشـان ئـەوان وڵاخ و تفـاق چـەک و هەمووشـتیان باشـتر بـوو، لـە هـی مسـوڵمانان، لەگـەڵ ئەوەشـدا كـە مسـوڵمانان بـە سـەركردایەتیی پێغەمبـەر ﷺ بـۆ جەنگیـش نەچـوو بـوون، بـۆ ڕێگرتـن بـە كاروانەكەیـان چـوو بـوون، ئـەو كاروانـەی ئەبـوو سـوفیان سـەرقافڵەی بووو لـە شـام دەگەڕایـەوە، واتـە: بـە نیـەتی جەنگكـردن نەچـوو بـوون، تاكـو چـاک خۆیـان ئامـادە بكـەن و، خەڵكێكـی زیاتـر بێنـن، لەگـەڵ ئەوەشـدا خـوا ﷻ شكسـت و فەشـەلێكی گـەورەی بەسـەر كافـرەكان هێنـاو، بـۆ مسـوڵمانانیش سـەركەوتنێكی گـەورە بـوو، خـواش ﷻ نـاوی لێنـا: (**یـوم الفرقـان**)، (**یـوم التقـی الجمعـان**)، ڕۆژی لێـک جیاكـەرەوەی هـەق و ناهـەق، ئـەو ڕۆژە كـە دوو هێـزەكان پێـک گەیشـتن.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

قورئـان کتێبێکـی ڕۆشـن و ڕوونکەرەوەیـەو، لـە شـەوێکی بەپێـزو فـەڕدا، کـە شـەوی (قـدر)ە، دابەزێـنراوە، کـە هـەر بڕیارێکـی کارزانانـەی خـوای تێـدا دەدرێ، خـوای پەروەردگاریـش بیسـەرو زانـاو خـاوەنی گـەردوون و، تـا کـە پەرسـتراوو ژیێنـەرو مرێنـەرە:

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿حمٓ ١ وَٱلۡكِتَٰبِ ٱلۡمُبِينِ ٢ إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةٖ مُّبَٰرَكَةٍۚ إِنَّا كُنَّا مُنذِرِينَ ٣ فِيهَا يُفۡرَقُ كُلُّ أَمۡرٍ حَكِيمٍ ٤ أَمۡرٗا مِّنۡ عِندِنَآۚ إِنَّا كُنَّا مُرۡسِلِينَ ٥ رَحۡمَةٗ مِّن رَّبِّكَۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ٦ رَبِّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَآۖ إِن كُنتُم مُّوقِنِينَ ٧ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ يُحۡيِۦ وَيُمِيتُۖ رَبُّكُمۡ وَرَبُّ ءَابَآئِكُمُ ٱلۡأَوَّلِينَ ٨ بَلۡ هُمۡ فِي شَكّٖ يَلۡعَبُونَ ٩﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پازدە بڕگەدا:

١)- ﴿حمٓ﴾، حا، میم، دوو پیتن، پیتی (ح)و پیتی (م)، هەموو قورئان لەو (٢٨) پیتە پێکهاتوە، کە زمانی عەرەبییان لێ پێک دێ، واتە: کەرەستەی پێک هاتنی قورئان، هەر ئەو پیتانەن، کەچی نەک هەر گەلی عەرەب، بەڵکو مرۆڤایەتیی بە گشتیی، بەڵکو مرۆڤ و جند بە گشتیی، لە بەرانبەر تەحەددای قورئاندا، کە داوای هاتنە مەیدانی لێکردوون و پێشێ فەرموویەتی: قورئانێکی وا بێنن، دوایی بۆیان دابەزیوەو سووکی کردوەو فەرموویەتی: دە سوورەت بێنن، وەک لە سوورەتی (**هود -١٣-**)دا هاتوە، دوایی فەرموویەتی: سوورەتێک بێنن، وەک هەر کام لە سوورەتەکانی (**البقرة-٢٣-**) و، سوورەتی (**یونس-٣٨-**)دا، بەڵام هەر دەستە پاچەو دەستەوسان بوون و نەیانتوانیوە.

٢)- ﴿ وَٱلۡكِتَٰبِ ٱلۡمُبِينِ ﴾، سوێند بە کتێبی ڕۆشن، یاخود سوێند بە کتێبی ڕۆشنکەرەوە، (**الكتاب**) کە (ألْ)ی ناساندنی لەسەرە، ناساندنەکەی بۆ (عهد)ە، واتە: سوێند بە کتێبە ڕۆشنەکە، یان سوێند بە کتێبە ڕۆشنکەرەوەکە، کە قورئانە، وەک بە پێی سیاق دەردەکەوێ، زیاتریش وا پێدەچێ، لێرەدا: (**مُبِين**)، مەبەست پێی ڕوونکەرەوە بێ، واتە: لە (**أَبَان**)ی (**مُتَعَدِّي**)یەوە، هاتبێ، لەبەر ئەوەی قورئان ڕاستییەکان ڕووندەکاتەوە، بەڵێ قورئان ڕۆشنە، بەڵام لێرەدا وا پێدەچێ مەبەست پێی ئەوە بێ، قورئان هەموو ڕاستییەکان کە مرۆڤ پەکی لە سەریان کەوتوەو، ڕوونیان دەکاتەوە، ئەو ڕایەش پەسندترە کە (و) لە (**والكِتَاب**)دا، بۆ سوێند پێخواردن بێ، یانی: سوێند بە کتێبە ڕۆشنکەرەوە (**مُبِيْن**)ەکە، ﴿ وَٱلۡكِتَٰبِ ٱلۡمُبِينِ ﴾، سوێند پێ خوراوەکەیە، ئەدی سوێند لەسەر خوراو (**مقسم عليه**) چییە؟ ڕستەکەی دواییە کە دەفەرموێ:

٣)- ﴿ إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةٖ مُّبَٰرَكَةٍ ﴾، ئێمە دامانبەزاندوە لە شەوێکی پڕ پیت و پێزدا، ڕاناوەکە بۆ (**كِتَاب**) دەچێتەوە، ﴿ أَنزَلۡنَٰهُ ﴾، ئەو ڕاناوی (هـ)یە بۆ قورئان دەچێتەوە، ئێمە ئەم کتێبەمان دابەزاندوە لە شەوێکی پڕ پیت و پێزدا.

زانایـان هەندێکیـان گوتوویانـە: ئـەو شـەوە، مەبەسـت پێـی نیـوەی شـەعبانە، زۆربەشـیان گوتوویانـە: شـەوی قـەدرە، کـە ئێمـە دوایـی لـەو بـارەوە کورتـە باسـێک، لـە بـارەی شـەوی تێـدا دابەزینـی قورئانـەوە دەکەیـن، بـەڵام زۆربـەی هـەرە زۆری زانایـان ڕایـان وایـە، کـە مەبەسـت پێـی شـەوی قـەدرە، ﴿ إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةِ ٱلۡقَدۡرِ ١ ﴾القـدر، واتـە: شـەوی قـەدرو شـەوی پێـز (شـەوی ڕێـزو شـەوی پێـز)، هـەر یـەک شـەون، کـە لـە مانگـی ڕەمەزانـدان، وەک دەسـتپێکی دابەزینـی قورئـان، لـە سـەرەتای تەمـەنی پێغەمبەرایەتیـی موحەمـەدەوە ﷺ، ئنجـا کـە دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةٖ مُّبَٰرَكَةٍ ﴾، ئێمـە لـە شـەوێکی بـە بەرەکەتـدا، پـڕ پیـت و پێـزدا دامانبەزانـدوە، د (**البَرَكَـةُ: ثُبُـوتُ الخَـيْرِ الإِلَهِـي فِي الـشَّيء**)، بەرەکـەت: بریتیـە لـە چەسـپاندنی پیـت و پێـزی خوایـی لـە شـتێکدا (**مُبَـارَك**) شـتێکە ئـەو خێـرو پیـت و پێـزەی خـوای تێـدا چەسـپی بـێ.

٤)- ﴿ إِنَّا كُنَّا مُنذِرِينَ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە وریاکەرەوەو، ترسێنەر بووین، واتە: هەروا بووین، بە درێژایی مێژووی بەشەر، پێغەمبەرانمان (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) ناردوون و کتێبەکانمان پەیامەکانی خۆمانمان دابەزاندوون، بۆچی؟ بۆ ترساندن و هۆشیارکردنەوەی مرۆڤەکان، تاکو بزانن بۆچی هاتوونە سەر ئەم زەوییە؟ چی چاوەڕێیان دەکات؟ دەبێ ژیانەکەیان چۆن بگوزەرێنن؟ ﴿ إِنَّا كُنَّا مُنذِرِينَ ﴾، (مُنْذِر): کەسێکە ئینزار دەکات، هەواڵ دەدات بە شتێک، کە زیانی تێدا هەیە، بە مەبەستی ئەوە کە بابای هەواڵ پێدراو وریا بێ و خۆی بپارێزێ.

کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّا كُنَّا مُنذِرِينَ ﴾، هەروەها کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّآ أَنزَلْنَٰهُ ﴾، ئەم: (إِنَّا)یە، کە لە سەرەتای ئەو دوو ڕستانەوە هاتوە، یان بۆ جەختکردنەوەی بەرپەرچدانەوەی نکوولیکردنی ئەوەیە، کە خوا ﷻ پێغەمبەران بنێرێ، یاخود خوا ﷻ کتێب و پەیام دابەزێنێ، یاخود تەنیا بۆ گرنگیی هەواڵەکەیەو بۆ گرنگیدانە بە هەواڵەکە.

ئەم ئایەتە موبارەکەی ئێرەش وەک ئەو ئایەتە موبارەکەی سوورەتی (الإسراء)ە، کە دەفەرموێ: ﴿ وَقُرْءَانًا فَرَقْنَٰهُ لِتَقْرَأَهُۥ عَلَى ٱلنَّاسِ عَلَىٰ مُكْثٍ وَنَزَّلْنَٰهُ تَنزِيلًا ﴿١٠٦﴾ ﴾، واتە: قورئانێک ڕۆشنمان کردۆتەوە، تاکو بەسەر خەڵکیدا بیخوێنیەوە، بە هێدیی و مەندیی، ئێمە بەش بەش دامانبەزاندوە، ﴿ وَنَزَّلْنَٰهُ تَنزِيلًا ﴾، (نَزَّلْـهُ)، واتە: بەش بەش دایبەزاند، (أَنْزَلَـهُ) واتە: هەمووی پێکەوە دابەزاند، ئنجا خوا ﷻ هەم وشەی (إنـزال)ی بەکارهێناوە، واتە: کۆی قورئان دابەزێنراوە، هەم وشەی (تَنزیل)ی بەکارهێناوە واتە: بەش بەش دابەزێندراوە، هەروەها ئەم ڕاستییە لە سوورەتی (الفرقان) ئایەتی ژمارە: (٣٢)شدا هاتوە، کە کافرەکان ئەوەیان بە ڕەخنە دەگرت لە دابەزینی قورئاندا، بۆچی هەمووی پێکەوە دانەبەزیوە؟ وەک دەفەرموێ: ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَوْلَا نُزِّلَ عَلَيْهِ ٱلْقُرْءَانُ جُمْلَةً وَٰحِدَةً ۚ كَذَٰلِكَ لِنُثَبِّتَ بِهِۦ فُؤَادَكَ ۖ وَرَتَّلْنَٰهُ تَرْتِيلًا ﴿٣٢﴾ ﴾، واتە: ئەوانەی بێبڕوان گوتیان: بۆچی قورئانی هەمووی بە یەک جار بۆ سەر دانەبەزیوە؟ (خواش ﷻ دەفەرموێ:) بۆیە بەو جۆرەمان دابەزاندوە، بە یەک جار نا، بەڵکو بەش

بەش، تاکو عەقڵ و دڵتی پێ بچەسپێنین و، بە کاوەخۆ بە ڕێک و پێکیی بەسەرتدا خوێندوومانەتەوە، تاکو باشتر لە عەقڵ و دڵتدا بچەسپێ، هەم هی تۆو، هەم هی مسوڵمانانێک کە قورئان لە تۆ وەردەگرن.

دوایی خوا ﷻ لە وەصفی ئەو شەوە بە پێزەدا، دەفەرموێ:

٥)- ﴿ فِيهَا يُفْرَقُ كُلُّ أَمْرٍ حَكِيمٍ ﴾، هەموو کارێکی پڕ حیکمەت لەو شەوەدا ڕوون دەکرێتەوە، (**يُفْرَقُ: أي يُبَيَّنُ، يُفَصَّلُ، الفَرْقُ: الفَصْلُ وَالقَضَاءُ**)، (**فصل**) بە مانای ڕوونکردنەوەو لێک جیاکردنەوە دێ، فەرموویەتی: ﴿ يُفْرَقُ ﴾: (**المُضَارِعُ: يَدُلُّ عَلَى اسْتِمْرَارِ الفَصْلِ فِي كُلِّ عَامٍ**)، کە دەفەرموێ: ﴿ فِيهَا يُفْرَقُ كُلُّ أَمْرٍ حَكِيمٍ ﴾: ئەمە ئاماژەیە بەوە، کە ئەو شەوی قەدرەی خوا ﷻ لە کاروباری پڕ حیکمەتی خۆی لەوێدا ڕوون دەکاتەوەو ڕادەگەیەنێ، بەردەوامەو دووبارە دەبێتەوە.

٦)- ﴿ أَمْرًا مِّنْ عِندِنَا ﴾، ئەو کارە کارێکە لە لایەن ئێمەوە، کارێکی گەورەو گرنگە لە لایەن ئێمەوەو، هەر کارێکی گەورەو گرنگ لەو شەوەدا، خوا ڕوونی دەکاتەوە، ئنجا کە خوا ﷻ وشەی: (**أَمْراً**)ی هێناوەو دووبارەی کردۆتەوە، بۆ زیاتر خستنەڕووی گەورەیی ئەو کارانەیە.

کە دەشفەرموێ: ﴿ مِّنْ عِندِنَا ﴾، واتە: ئەم کارە گەورەو گرنگانە تەنیا لەلای ئێمەوە، ئاوا ڕوون دەکرێنەوەو پڕن لە حیکمەت، یاخود کاری زۆر مەحکەم و پتەوو دامەزراون، چونکە حەکیم، دەگونجێ بە خاوەن حیکمەت بێ و، هەم دەشگونجێ بە: پتەوو قاییم مانا بکرێ، کە دیارە مەزنترین کاری پڕحیکمەت و، پتەوترین کار کە لەو شەوەدا بووە، بریتی بووە لە دەستپێکردنی دابەزاندنی قورئان، لەو شەوەدا کە سەرەتای تەمەنی پڕ پیت و پێزی پێغەمبەری خاتەمە ﷺ وەک کۆتا پێغەمبەری خوا.

٧)- ﴿ إِنَّا كُنَّا مُرْسِلِينَ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە نێرەرین، ئەمە وەک ڕستەی پێشووە، کە فەرمووی: ﴿ إِنَّا كُنَّا مُنذِرِينَ ۝٣ ﴾، لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّا كُنَّا مُرْسِلِينَ ۝٥ ﴾، بە

دڵنیایی ئێمە نێرەرین، ئەمە بۆ بەرپەرچدانەوەی نکووڵییکردنی کافرەکانە، کە خوای کارزان پێغەمبەران بنێرێ، یاخود هەر بۆ گرنگییدانە بە هەواڵەکە، کە خوا ﷻ نێرەری پێغەمبەرانە (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ).

٨)- ﴿ رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَ ﴾، بەزەییە لە پەروەردگارتەوە، ئەم (رَحْمَةً)، کە (منصوب)ە لەسەر حاڵەتی: (مفعول له)ە، واتە: بۆیە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ) دەنێرین و ڕەوانەکەری پێغەمبەرانین، چونکە بەزەییمان بە مرۆڤەکاندا دێ و، دەمانەوێ بەزەییان لەگەڵدا بنوێنین.

٩)- ﴿ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴾، بە دڵنیایی هەر ئەو (خوا) بیسەری زانایە، ئەمەش هێنانەوەی هۆکارو پاساوە بۆ ڕستەی پێشوو، کە بۆچی خوا ﷻ نێرەری پێغەمبەرانەو بەزەیی هاتۆتەوە بە بەندەکانیدا، لەبەر ئەوەی بەس خوا ﷻ هەموو شتێک دەبیستێ لە بارەی بەندەکانیەوەو، هەموو شتێکیشیان لە بارەوە دەزانێ، کە دەفەرموێ: ﴿ رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَ ﴾، دەشیتوانی بفەرموێ: (رَحْمَةً مِنْهُ)، بەڵام لێرەدا ئەمە: (إِظْهَارٌ فِي مَقَامِ الإِضْمَارِ)، دەرخستنە لە شوێنی شاردنەوە، (لِإِشْعَارِ أَنَّ الرُّبُوبِيَّةَ تَسْتَلْزِمُ الرَّحْمَةَ)، تاکو هەست بکرێ کە پەروەردگارێتیی خوا، خوازیاری بەزەیی نواندنیەتی لەگەڵ بەندەکانیدا.

١٠)- ﴿ رَبِّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَآ ﴾، پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی نێوانیانە، ئەمە خوێندراویشەتەوە: (رَبُّ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ)، واتە: هەم بە ژێر (کسرة)و، هەم بە بۆر (ضمة) خوێندراوەتەوە و، هەردووکیان یەک واتایان هەیە، واتە: پەروەرگاری ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی نێوانیانە.

١١)- ﴿ إِن كُنتُم مُّوقِنِينَ ﴾، واتە: ئەگەر ئێوە زانیاریی تەواوتان هەیە، چونکە یەقین بریتیە لە زانیارییەک کە دڵ لە دڵدانی تێدا نەمابێ، لە (يَقَنَ المَاءُ: أَيْ ثَبَتَ)، یانی: ئاوەکە چەسپا، (يقين)، بریتیە لە زانیارییەک کە ئینسان لە بارەیەوە هیچ تەم و مژو، دوو دڵیی نەمابێ، واتە: ئەگەر ئێوە زانیاریی تەواوتان هەیە، بێجگە لە خوا کەسی دیکە مەپەرستن، ئەمە واتایەکی.

یاخود: ئەگەر ئێوە زانیاریی تەواوتان هەیە، بەو ڕاستییەی هەواڵم پێدان، کە پەروەردگاری ئێوە پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوییە، ئەوەش کە هەواڵم پێدان، کە خوا ﷻ خاوەنی ئەو سیفەتانەیەو، ئەم قورئانەی دابەزاندووەو موحەممەد ڕەوانەکراوی ئەوە، ئەمەش هەر هەق و جێی دڵنیاییە، هەق و چەسپاوە، کەواتە: یەقین و دڵ دامەزراوییتان بەوەش هەبێ، وەک چۆن بڕوای پتەوو دڵ دامەزراوییتان هەیە، بەرانبەر بە شتەکانی دیکە، وەک: (**الطبري**)، گوتوویەتی، هەروەها واتایەکی دیکەی سێیەمیشی هەیە: ئەگەر ئێوە بە دوای یەقین و بڕوای پتەودا دەگەڕێن، ئەوە ڕێیەکەیەتی کە دان بە پەروەردگارێتیی خوادا بێنن بۆ ئاسمانەکان و زەوی و هەرچی هەیە.

١٢)- ﴿ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ﴾، جگە لەو هیچ پەرستراوێک نیە، ئەمە دەرەنجامی ئەوەیە، کە لە پێشێدا ڕابرد، مادام هەر ئەو پەروەردگاربێ و، ئەو ورپاکەرەوەی بەندەکان و، نێرەری پێغەمبەران و، دابەزێنەری کتێبان بێ، کەواتە: دەبێ هەر ئەویش بپەرسترێ.

١٣)- ﴿ يُحْيِۦ وَيُمِيتُ ﴾، دەژیەنێ و دەمرێنێ.

١٤)- ﴿ رَبُّكُمْ وَرَبُّ ءَابَآئِكُمُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴾، خاوەن و پەروەردگارو مشووخۆری ئێوەشەو، هی باب و باپیرانی یەکەمیشتان و، پێشێشتانە کە ئێوە کوێرانە شوێنیان دەکەون.

١٥)- ﴿ بَلْ هُمْ فِى شَكٍّ يَلْعَبُونَ ﴾، بەڵکو ئەوان لە دوو دڵییدا یاریی دەکەن: (**بَلْ: لِلإِضْرَابِ الإِبْطَالِي**)، واتە: نەک هەر ئەوانە خاوەنی یەقین و دڵدامەزراویی نین، بەڵکو لە دوو دڵیی خۆیاندا دێن و دەچن و، گاڵتە دەکەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە دوو دڵیی وا لە خاوەنەکەی دەکات، گاڵتەو گەمە بکات، شت بە جیددیی وەرنەگرێ، هەروەها ئەوەش دەگەیەنێ کە سەرگەرمبوون بە گەمەو یارییەوە، هەر مرۆڤ زیاتر تووشی دوو دڵیی دەکات.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ فِى شَكٍّ يَلْعَبُونَ ﴾، ئەوە دەگەیەنێ کە ئەوانە هێندە لە دوو دڵییدا نغرۆ بوون، دوودڵییەکە بۆیان بۆتە توورەکەو زەرفێک و چوونە نێوی.

(محمد الطاهر بن عاشور) ڕەحمەتی خوای لێ بێ، تیشکێکی جوان دەخاتە سەر ئەوەو دەڵێ: (﴿ بَلْ هُمْ فِى شَكٍّ يَلْعَبُونَ ﴿٩﴾ ﴾الدخان، بَلْ لِلْإِضْرَابِ الْإِبْطَالِيِّ، رَدٌّ بِهِ أَنْ يَكُونُوا مُوقِنِينَ وَمُقِرِّينَ بِأَنَّهُ رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا، فَإِنَّ إِقْرَارَهُمْ غَيْرُ صَادِرٍ عَنْ عِلْمٍ وَيَقِينٍ ثَابِتٍ، بَلْ هُوَ كَالْعَدَمِ لِأَنَّهُمْ خَلَطُوهُ بِالشَّكِّ وَاللَّعِبِ، فَارْتَفَعَتْ عَنْهُ خَاصِّيَّةُ الْيَقِينِ وَالْإِقْرَارِ الَّتِي هِيَ الْجَرْيُ عَلَى مُوجَبِ الْعِلْمِ، فَإِنَّ الْعِلْمَ إِذَا لَمْ يَجُرَّ صَاحِبَهُ عَلَى الْعَمَلِ بِهِ وَتَجْدِيدِ مُلَاحَظَتِهِ، تَطَرَّقَ إِلَيْهِ الذُّهُولُ ثُمَّ النِّسْيَانُ فَضَعُفَ حَتَّى صَارَ شَكًّا لِانْحِجَابِ الْأَدِلَّةِ الَّتِي يَرْسَخُ بِهَا فِي النَّفْسِ)[١].

واتە: کە دەفەرموێ: ﴿ بَلْ هُمْ فِى شَكٍّ يَلْعَبُونَ ﴿٩﴾ ﴾، ئەمە بۆ گواستنەوەی هەڵوەشاندنەوەیە، (واتە: کە دەفەرموێ: ﴿ إِن كُنتُم مُّوقِنِينَ ﴿٧﴾ ﴾، ئەگەر ئێوە، خاوەنی زانیارییەکی جێگیرو جێی دڵنیایین)، خوا دەفەرموێ: بەڵکو ئەوان نەک خاوەنی یەقین و زانیاریی جێی دڵنیایی نین، بەڵکو لە دوودڵییدا گەمە دەکەن و دێن و دەچن، ئەمە هەڵوەشاندنەوەی ئەوەیە، کە ئەوان خاوەنی یەقین و جێی دڵنیایی بن و، دانپێداهێنەری ئەوەبن، کە خوا پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی نێوانیانە، (چونکە هەرچەندە دانیان بەوەدا هێناوە، وەک خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ﴿٨٧﴾ ﴾الزخرف، ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ﴿٣٨﴾ ﴾الزمر، ئەگەر لێیان بپرسی: کێ دروستی کردوون؟ بە دڵنیایی دەڵێن: خوا)، (ئەگەر لێیان بپرسی: کێ ئاسمانەکان و زەوی دروست کردوون؟ دەڵێن: خوا ﷻ).

بەڵام ئەو دانپێداهێنانەیان لە زانیاریی و یەقینێکی چەسپاوەوە نەبووە، بەڵکو وەک نەبوون وابووە، چونکە لەگەڵ دوو دڵیی و لەگەڵ یاریی و گەمەدا، تێکەڵیان کردوە، بۆیە تایبەتمەندێتیی یەقینی نەماوە، چونکە دڵنیایی (یقین) ئەوەیە کە بە پێی زانیارییەکی پێویستکراو کاربکرێ، ئنجا زانیاریی ئەگەر

---

(١) التحرير والتنوير، ج٢٥، ص٢٨٤ - ٢٨٥.

خاوەنەکەی لەسەر کارپێکردنی بەردەوام نەبێ و تازەی نەکاتەوە، بێئاگایی پاشان لەبیر چوونەوەی تێکەڵ دەبێ و، وای لێ دێ، هێندە بێهێز دەبێ تاکو دەبێتە دوو دڵیی، لەبەر ئەوەی ئەو بەڵگانەی بە هۆیانەوە لە دەروووندا دەچەسپن، ئەو بەڵگانە پەنهان دەبن و نامێنن.

منیش تێبینییەکەیم زۆر پێ جوانە، چونکە ئەمە نەک هەر بۆ هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانی ڕۆژگاری پێغەمبەر ﷺ ، بەڵکو بۆ مسوڵمانانیش هەر وایە، مسوڵمانانیش زۆر کەس، دەڵێ: دەزانم خوا پەروەردگارەو بەدیهێنەرەو خاوەنە، بەڵام هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی وەک هی مسوڵمانان نین، بە تایبەت هەندێ خەڵکی بەرپرس، کە خۆشیان بە مسوڵمان دەزانن و، قبووڵیش ناکەن هیچکەس بە نامسوڵمان ناوزەدیان بکات، بەڵام تەماشا دەکەی، هیچ پابەندییەکیان نیە بە شەریعەتەوە، وەک کابرا گوتی: دیتوومە ڕۆژووێ بخوات، بەڵام نەمدیتوە نوێژێ بکات! سەرباری ئەوەی ئەهلی شەڕابن، داوێن پیسن، زوڵم و خراپەو غەدر دەکەن، درۆ و خیانەت دەکەن، خۆشیان بە مسوڵمان دەزانن، ئنجا ڕەنگە یەکیان دەشڵێ: دەزانم خوا هەقەو، دەزانم زیندووبوونەوە هەیە، دەزانم موحەممەد پێغەمبەری خوایە، ڕەنگە جۆرێک لە قەناعەتی هەڵبزڕکاوو سادە لە عەقڵ و دڵیدا هەبێ، بەڵام ئەو قەناعەت و دانپێداهێنانە، لەبەر ئەوەی هۆکارەکانی چەسپاندنی خەمیان لێ نەخوراوە، بۆیە وردە وردە ماوەتەوە، شتێکی هەڵبزڕکاوی سادەی سەرکێڵ، کە خاوەنەکەی وا لێ ناکات، پابەندبێ بە شەریعەتی خواوە، بەپێی ئەو ئیددیعایەی دەیکات، کە مسوڵمانێتییە، ڕەفتارو هەڵسوکەوت بکات.

کورتە باسێک لە بارەی شەوی تێدا دابەزێنرانی قورئانەوە

بەڕێزان! ئەم کورتە باسە لە پێنج بڕگەدا دەکەین، خوا ﷻ کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةٖ مُّبَٰرَكَةٍۚ إِنَّا كُنَّا مُنذِرِينَ ۝٣ ﴾الدخان، واتە: ئێمە دامانبەزاندوە، (قورئان) لە شەوێکی بەپیزدا، ئێمە ترسێنەرو ورياکەرەوە بووین بۆ مرۆڤەکان.

هەروەها لە سوورەتی (القدر)یشدا، کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةِ ٱلۡقَدۡرِ ۝١ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ ۝٢ لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ خَيۡرٞ مِّنۡ أَلۡفِ شَهۡرٖ ۝٣ تَنَزَّلُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ فِيهَا بِإِذۡنِ رَبِّهِم مِّن كُلِّ أَمۡرٖ ۝٤ سَلَٰمٌ هِيَ حَتَّىٰ مَطۡلَعِ ٱلۡفَجۡرِ ۝٥ ﴾.

لێرەدا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةٖ مُّبَٰرَكَةٍ ۝٣ ﴾الدخان، لە شەوێکی بە پیزدا، بەڵام لە سوورەتی (القدر)دا، دەفەرموێ: ﴿ إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةِ ٱلۡقَدۡرِ ۝١ ﴾، لە شەوی ڕێزو حورمەتدا، هەروەک وشەی (قدر) بە ئەندازەگیرییش دێ، کەواتە: خوا ﷻ ئەو شەوەی بەسێ وەسفان، پێناسە کردوە:

یەکەم: شەوێکی بەپیزە.

دووەم: شەوێکی بەڕێزە.

سێیەم: شەوێکە ئەندازەگیریی تێدا دەکرێ.

کە لێرەدا دەفەرموێ: ﴿ فِيهَا يُفۡرَقُ كُلُّ أَمۡرٍ حَكِيمٍ ۝٤ ﴾، لە سوورەتی (القدر)یشدا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةِ ٱلۡقَدۡرِ ۝١ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ ۝٢ لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ خَيۡرٞ مِّنۡ أَلۡفِ شَهۡرٖ ۝٣ ﴾، واتە: ئێمە لە شەوی قەدردا دامانبەزاندوە، چووزانی شەوی قەدر چییە! شەوی قەدر لە هەزار (١٠٠٠) مانگ باشترە، ﴿ تَنَزَّلُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ فِيهَا بِإِذۡنِ رَبِّهِم مِّن كُلِّ أَمۡرٖ ۝٤ ﴾، ڕووح (جیبریل) و فریشتەکان، لەو شەوەدا دادەبەزن، ﴿ مِّن كُلِّ أَمۡرٖ ﴾، بۆ هەر کارێک، وەک چۆن لێرەدا دەفەرموێ: ﴿ فِيهَا يُفۡرَقُ كُلُّ أَمۡرٍ

حَكِيمٍ ﴿٤﴾، لەوێشدا دەفەرموێ: بۆ هەر کارێک جیبریل و فریشتەکان تێدا دادەبەزن، ﴿سَلَٰمٌ هِيَ حَتَّىٰ مَطْلَعِ ٱلْفَجْرِ ﴿٥﴾﴾، ئەو شەوە هەر پڕخێرو خۆشیی و ئاشتییە، تاکو بەرەبەیان، کە بە پێی سوورەتی قەدر، بەپێی ئەم ئایەتەش لە سوورەتی (الدخان) ئەوە دەردەکەوێ، کە ئەو شەوەش شەوێکی دووبارەبووەوە بێ، لە هەموو ساڵەکاندا، بەڵێ شەوێک بووە قورئانی تێدا دابەزێنراوە، وەک دەستپێک، بەڵام ئەو شەوە، ساڵانەش دووبارە دەبێتەوە.

ئێستاش بائەوەی بەکورتیی گوتمان لە پێنج بڕگەدا شی بکەینەوە:

بڕگەی یەکەم: زانایان لە بارەی ئەو شەوە بە پێزەوە، یان ئەو شەوە بەڕێزەوە کە قورئانی تێدا دابەزێنراوە، بە گشتیی دوو ڕایان هەن:

١- کە هی زۆربەی هەرە زۆریانە، گوتوویانە: ئەو شەوە هەمان شەوی ڕێز ﴿لَيْلَةِ ٱلْقَدْرِ﴾ە، کە لە سوورەتی (القدر)دا، هاتوە: ﴿إِنَّآ أَنزَلْنَٰهُ فِى لَيْلَةِ ٱلْقَدْرِ ﴿١﴾﴾، زۆربەی هەرە زۆریان وا دەڵێن.

٢- بەڵام ڕای هەندێکیان ئەوەیە کە ئەو شەوە شەوی نیوەی شەعبانە (**لَيْلَةُ النِّصْفِ مِنْ شَعْبَان**)، ئنجا زۆربەشیان (ئەگەر نەڵێین: هەموویان) دەڵێن: ئەو شەوە بە پێزو بەڕێزە، یان ئەو شەوە کە ئەندازەگیریی تێدا دەکرێ (**لَيْلَةُ التَّقْدِيْر**)، لە مانگی ڕەمەزان دایە، چونکە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿شَهْرُ رَمَضَانَ ٱلَّذِىٓ أُنزِلَ فِيهِ ٱلْقُرْءَانُ هُدًى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَٰتٍ مِّنَ ٱلْهُدَىٰ وَٱلْفُرْقَانِ ﴿١٨٥﴾﴾**البقرة**، واتە: مانگی ڕەمەزان کە قورئانی تێدا دابەزێندراوە، وەک ڕێنمایی بۆ خەڵک و، بەڵگە ڕۆشنەکان لە ڕێنمایی و لە لێک جیاکردنەوەی هەق و ناهەق.

بڕگەی دووەم: ئایا دابەزینی قورئان تەنیا سەرەتایەکەی لە شەوی بە پێزو ڕێزدا بووە، یاخود هەمووی؟!

لەوبارەشەوە، دیسان زانایان جۆرێک لە ڕاجیاییان هەیە:

أ- هەندێکیان دەڵێن: لە لایەن خواوە بۆ ئاسمانی یەکەم، یان بۆ (**بَيْتُ المَعْمُور**) دابەزیوە، دوایی وردە وردە لە ماوەی بیست و سێ (٢٣) ساڵدا، هەمووی دابەزیوە.

ب- هەندێکیان دەڵێن: دەستپێکی دابەزێنران و سەرەتایەکەی لەو شەوە دابووەو، ئەوەی دیکە کە بۆ ئاسمانی یەکەم و لەوێش بۆ (**بَيْتُ المَعْمُور**) دابەزیوە، کە خوای بەرز لە سوورەتی (**الطور**)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَالطُّورِ ۝١ وَكِتَٰبٍ مَّسْطُورٍ ۝٢ فِي رَقٍّ مَّنشُورٍ ۝٣ وَالْبَيْتِ الْمَعْمُورِ ۝٤ ﴾، لەوێدا باسی (**البَيْتُ المَعْمُور**)ی کردوە، بەڵام ئەوە کە (**البَيْتُ المَعْمُور**) لە ئاسمانی یەکەم، یان لە یەکێک لە ئاسمانەکاندا بێت، وەک چۆن (**كعبة**) لەسەر زەوییەو، وەک چۆن مرۆڤەکان لەسەر زەوی بە دەوری (**كَعْبَة**)دا، تەواف دەکەن، ئەو (**البَيْتُ المَعْمُور**)ەش، فریشتەکان تەوافی بە دەوردا بکەن، هیچ بەڵگەیەکی دڵنیاکەری لەسەر نیە، چونکە ئەو (**البَيْتُ المَعْمُور**)ەش، دەگونجێ مەبەست پێی (**البَيْتُ الحَرَام**) بێ، کە ئەویش ئاوەدانە بە **طاعەت** و بە کەسانێک کە حەج و، عومرە دەکەن، تەوافی بەدەوردا دەکەن.

کەواتە: ئەوەی دێتە دەست ئەوەیە، کە ئەو شەوە هەر دەستپێکی دابەزینی قورئان بووە، بۆ یەکەمجار لە ئەمەڵی موبارەکی پێغەمبەردا ﷺو، هیچ بەڵگەیەک نیە، کە لەو شەوەدا هەموو قورئان دابەزیبێ بۆ ئاسمانی یەکەم، دوایی لە ماوەی (٢٣) ساڵدا دابەزیبێ.

هەڵبەتە هەر کام لە: ١- ئایەتی ژمارە: (١٠٦) لە سوورەتی (**الإسراء**)، کە پێشتریش ئاماژەمان پێدا، کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَقُرْءَانًا فَرَقْنَٰهُ لِتَقْرَأَهُۥ عَلَى ٱلنَّاسِ عَلَىٰ مُكْثٍ وَنَزَّلْنَٰهُ تَنزِيلًا ۝١٠٦ ﴾، واتە: ئەمە قورئانێکە ڕوونمانکردۆتەوە، یاخود بڵاومانکردۆتەوە، تاکو بەسەر خەڵکیدا بیخوێنیەوە، بە شێنەیی بەکاوەخۆ، بەش بەش دامانبەزاندوە.

ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە قورئان هەمووی پێکەوە دانەبەزیوە.

٢- هەروەها ئایەتەکەی سوورەتی (**الفرقان**)یش، کە خوا دەفەرمویّ: ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَوْلَا نُزِّلَ عَلَيْهِ ٱلْقُرْءَانُ جُمْلَةً وَٰحِدَةً كَذَٰلِكَ لِنُثَبِّتَ بِهِۦ فُؤَادَكَ وَرَتَّلْنَٰهُ تَرْتِيلًا ﴿٣٢﴾ ﴾، واتە: ئەوانەی بێبڕوابوون، گوتیان: دەبووایە ئەو قورئانە، بە یەک جار بۆی دابەزیبایە، (خوا ﷻ دەفەرمویّ): بەو شێوەیە دامانبەزاندوە، تاکو دڵتی پێ بچەسپێنین و بە شێنەیی بەسەر تۆماندا خوێندۆتەوە.

٣- هەروەها ئایەتەکەی سوورەتی (**طه**)ش، کە دەفەرمویّ: ﴿ وَلَا تَعْجَلْ بِٱلْقُرْءَانِ مِن قَبْلِ أَن يُقْضَىٰٓ إِلَيْكَ وَحْيُهُۥ وَقُل رَّبِّ زِدْنِى عِلْمًا ﴿١١٤﴾ ﴾، واتە: پەلە مەکە لەوەدا کە قورئانت بۆ دادەبەزێ، تاکو ڕەوانەکردنەکەی تەواو دەبێ و بڵێ: پەروەدگارم! زانیارییم بۆ زێدە بکە، هەموویان بەڵگەن لەسەر ئەوەی قورئان بەش بەش دابەزیوە، نەک هەمووی پێکەوە.

یانی: جاری وا هەبووە پێغەمبەری خاتەم ﷺ بە پەلە بووە، کە قورئانەکە لە جیبریل وەربگرێ، بەڵام خوای پەروەردگار فەرموویەتی: پەلەی لێمەکە، لە کاتی خۆیداو، لە شوێنی خۆیدا، ئەو بەشەو هەر بەشێکی دیکە قورئان بۆ تۆ دادەبەزێ.

٤- هەروەها لە سوورەتی (**القيامة**)، ئایەتەکانی: (١٦ - ١٩)دا، ئەمیش دیسان بەڵگەیە لەسەر ئەوەی قورئان بەش بەش دابەزیوەو، پلە پلە دابەزیوە، وەک خوا ﷻ دەفەرمویّ: ﴿ لَا تُحَرِّكْ بِهِۦ لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِۦٓ ﴿١٦﴾ إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُۥ وَقُرْءَانَهُۥ ﴿١٧﴾ فَإِذَا قَرَأْنَٰهُ فَٱتَّبِعْ قُرْءَانَهُۥ ﴿١٨﴾ ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا بَيَانَهُۥ ﴿١٩﴾ ﴾**القيامة**، واتە: زمانتی پێ مەجووڵێنە، تاکو پەلەی لێ بکەی، لەسەر ئێمەیە کە کۆی بکەینەوە، (لە دڵ و سینەی تۆدا)و، بەسەرتدا بخوێنینەوە، ئنجا ئەگەر خوێندمانەوە، تۆش بە دوای خوێندنەکەی بکەوە، دوایی ڕوونکردنەوەکەی لەسەر ئێمەیە (لە عەقڵ و دڵی تۆدا، چەمک و واتاو مەبەستەکانی ڕوون دەکەینەوە).

کەواتە: تەنیا دەستپێکی دابەزینی قورئان لەو شەوەدا بووە، نەک هەمووی پێکەوە دابەزیبێ، ئەوە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نیە.

برگەی سێیەم: ئایا ئەو شەوە چ شەوێکە؟! واتە: ئەو شەوە لە شەوەکانی مانگی (**رَمَضَان**)دا، چ شەوێکە؟ ئێمە لە کتێبی [پوختەی ژیاننامەی پێغەمبەری خوا]دا ﷺ ڕوونمانکردۆتەوە کە دەستپێکی دابەزینی قورئان لە شەوی (٢١)ی (**رمضان**)ی ساڵی (٦١٠) زایینی و، (٤٠)ەمین ساڵ، یان (٤١)مین ساڵی تەمەنی پێغەمبەری خاتەم دابووە ﷺ.

بەڵام هەندێک گوتوویانە: لە (١٧)ی (**رمضان**)دا بووە، ئەم ئایەتەشیان بە بەڵگە هێناوەتەوە کە دەفەرموێ: ﴿إِن كُنتُمْ ءَامَنتُم بِٱللَّهِ وَمَآ أَنزَلْنَا عَلَىٰ عَبْدِنَا يَوْمَ ٱلْفُرْقَانِ يَوْمَ ٱلْتَقَى ٱلْجَمْعَانِ ۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٤١﴾﴾**الأنفال**، لەوەوە وەریانگرتووە، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ لە بەرە بەیانی ڕۆژی جمعەی (١٧)ی (**رمضان**) لەگەڵ کافرەکانی مەککە، لە بەدردا، ڕووبەڕوو بۆوەو ئەوان شکستێکی گەورەیان بەسەردا هات، کە خوا ﷻ ناوی ناوە: (**یوم الفرقان**).

بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە نابێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی چونکە ناوی لێنراوە: (**یوم الفرقان**)، لەو ڕۆژەدا قورئان دابەزیبێ، بەڵکو هۆکاری ناونرانی جەنگی بەدر بە (**یوم الفرقان**)، هەر ئەوە بووە کە لە ڕۆژەدا هەق و ناهەق لێک جیابوونەوەو، هێزێکی ژمارە کەمی، کەم ئیمکانیەت، بەسەر هێزێکی زەبەلاحدا زاڵ ببێ، کەواتە: ئاشکرایە کە ئەوانە لەسەر هەقن و، ئەوانی دیکە لەسەر ناهەقن.

هەروەها جەنگی بەدر ڕۆژی هاتنە دی ئەو هەموو بەڵێنانەی خوا ﷻ بووە، بۆ وێنە:

أ- کە دەفەرموێ: ﴿يَوْمَ نَبْطِشُ ٱلْبَطْشَةَ ٱلْكُبْرَىٰٓ إِنَّا مُنتَقِمُونَ ﴿١٦﴾﴾**الدخان**.

ب- هەروەها لە سوورەتی (**القمر**)دا، کە دەفەرموێ: ﴿سَيُهْزَمُ ٱلْجَمْعُ وَيُوَلُّونَ ٱلدُّبُرَ ﴿٤٥﴾﴾، واتە: ئەو کۆمەڵە تێدەشکێن و ڕادەکەن (و پشت لە ئەهلی ئیمان دەکەن)، پێشتر مسوڵمانان نەیانزانیوە کە ئەوە دەبێ و کاتێ دێ دێتە دی، بەڵام لە جەنگی بەدردا، ئەو موژدەو بەڵێنە هاتە دی.

ج- هەروەها لە سووڕەتی (الروم)دا، کە دەفەرموێ: ﴿وَيَوْمَئِذٍ يَفْرَحُ ٱلْمُؤْمِنُونَ ۝٤ بِنَصْرِ ٱللَّهِ ۚ يَنصُرُ﴾، کە ئەوەی خوا ﷻ هەواڵی پێداوە، کە ڕۆم تێکشکاون لە بەرانبەر فارسدا، بەڵام جارێکی دیکە، ڕۆم سەردەکەون، لەو ڕۆژەدا ئیمانداران دڵخۆش دەبن، ئەو ڕۆژەش ڕێکەوتی هەمان ڕۆژ بوو، کە جەنگی بەدر تێیدا ڕووی دا.

ئنجا ئەوانە هەموویان بەڵگە بوون لەسەر لێک جیاکردنەوەی هەق و ناهەق.

(عبدالرحمن بن ناصر السعدي)، ڕەحمەتی خوای لێ بێ، لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1] دەڵێ: {وَذَلِكُم أنَّ اللهَ ابْتَدَأَ بِإِنْزَالِهِ فِي رَمَضَان فِي لَيْلَةِ القَدْرِ، وَقَدْ تَوَاتَرتِ الأحَادِيْث فِي فَضْلِهَا وَأنَّهَا فِي رَمَضَان وَفِي العَشْرِ الأوَاخِرِ مِنْهُ، خُصُوصاً فِي أوْتَارِه وَهِيَ بَاقِيَةٌ فِي كُلِّ سَنَةٍ إلى قِيَامِ السَّاعَةِ}.

دوای چەند قسەیەک دەڵێ: ئەوەش بە هۆی ئەوەوە کە خوا ﷻ، دەستیکرد بە دابەزاندنی قورئان لە ڕەمەزانداو، لە شەوی قەدردا، فەرمایشتەکان(ی پێغەمبەری خوا ﷺ) زۆرن، زۆر بە دوای یەکدا هاتوون لە بارەی پلەو پایەی شەوی قەدرەوە، کە لە مانگی ڕەمەزاندایە و، لە دە شەوەکانی کۆتایی دایە، بە تایبەت لە تاکەکانیانداو، لە هەموو ساڵێکدا دەمێنێتەوەو، تاکو ئاخیر زەمان.

برگەی چوارەم: ئایا ئەو شەوە ساڵانە دووبارە دەبێتەوە؟!

پێشتر قسەکەی: (**عبدالرحمن بن ناصر السعدي**)مان هێنا، ئێمەش دەڵێین:

١- بە پێی سووڕەتی (القدر)، بەڵێ دووبارە دەبێتەوە، چونکە سووڕەتەکە ئاوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّآ أَنزَلْنَٰهُ فِى لَيْلَةِ ٱلْقَدْرِ ۝١ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا لَيْلَةُ ٱلْقَدْرِ ۝٢ لَيْلَةُ ٱلْقَدْرِ خَيْرٌ مِّنْ أَلْفِ شَهْرٍ ۝٣ تَنَزَّلُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ فِيهَا بِإِذْنِ رَبِّهِم مِّن كُلِّ أَمْرٍ ۝٤ سَلَٰمٌ هِىَ حَتَّىٰ مَطْلَعِ ٱلْفَجْرِ ۝٥﴾، (**تَنَزَّلُ**)، یانی: (**تَتَنَزَّلُ**) کەواتە: ساڵانە ئەو دابەزینی جیبریل و فریشتەکان لەو شەوەدا، دووبارە دەبێتەوە، ﴿مِّن كُلِّ أَمْرٍ﴾، بۆ جێبەجێکردنی هەر فەرمانێک، یاخود بۆ ڕوونکردنەوەو بڕیاردانی هەر فەرمانێک، کە خوا لە ژیانی بەشەردا لەسەر زەوی ویستوویەتی و دەیەوێ

---

(١) تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان: ص٩٣١.

جێبەجێ بکرێ، کە دەشفەرموێ: ﴿سَلَٰمٌ هِيَ حَتَّىٰ مَطۡلَعِ ٱلۡفَجۡرِ ۝٥﴾، ئەو شەوە هەر ئاشتیی و خێرو خۆشییە، تاکو بەرەبەیان، مەبەست تێکڕای شەوە قەدرە دووبارە بووەکانە، لەیەك یەکی مانگی ڕەمەزانەکانی ساڵەکاندا.

٢- بەڵگەیەکی دیکەش لەوبارەوە فەرمایشتەکانی پێغەمبەرن ﷺ ، بۆ نموونە کە دەفەرموێ: {اطْلُبُوهَا فِي الْعَشْرِ الْأَوَاخِرِ مِنْ رَمَضَانَ فِي ثَالِثَةٍ تَبْقَى، فِي خَامِسَةٍ تَبْقَى، فِي سَابِعَةٍ تَبْقَى، فِي تَاسِعَةٍ تَبْقَى} (أخرجه أحمد: ٢٥٢٠، والبخاري: ١٩١٧، وأبو داود: ١٣٨١).

واتە: بۆ شەوی قەدر بگەڕێن، لە دەیەکانی کۆتایی مانگی ڕەمەزاندا، لە شەوی سێیەمدا کە لێیان دەمێنێتەوە، لەشەوی پێنجەمدا کە لێیان دەمێنێتەوە، لە شەوی حەوتەم دا کە لێیان دەمێنێتەوە، لە شەوی نۆیەمدا کە لێیان دەمێنێتەوە.

پێغەمبەری خوا ﷺ لە دواوە ڕا پێداهاتوە، لە شەوەکانی: (٢٧) و (٢٥) و (٢٣) و (٢١)، لەو چوار شەوەدا بۆی بگەڕێن، واتە: تاکەکانی مانگی ڕەمەزان، یان: (٢١)، یان (٢٣)، یان (٢٥)، یان (٢٧)، هەڵبەتە هەندێکیش گوتوویانە: (٢٩)ش، بەڵام پێغەمبەر ﷺ لەم فەرمایشتەدا بە شەوی (٢٧) کۆتایی پێهێناوە.

بڕگەی پێنجەم: کە ئەمە ئیشکال بۆ خەڵکێکی زۆر لا دەبات، شەوی قەدر شەوی پێزو ڕێزە، لەسەر هەموو خڕۆکەی زەوی دەسووڕێ، زۆر کەس پرسیاری کردوە، گوتوویەتی: کاتێک لە لای ئێمە شەوە لە لای ئەمریکییەکان ڕۆژە، هەروەها لە ئوستڕالیا ڕۆژە، بەپێچەوانەی ئێرە، ئایا ئەوە چۆنە! ئەگەر ئێرە شەوی قەدر بێ، لەوێ ڕۆژەو، کە لێرە شەو بەسەر دەچێ، لەوێ دەبێتە شەو، ئنجا ئەو کاتە لە لای ئەوان دەبێتە شەو، لێرەدا دەبێتە ڕۆژ؟

وەڵامەکەی ئەوەیە: خوای زاناو شارەزا کە دەفەرموێ: شەوی قەدر، واتە: بە نسبەت هەموو خەڵکی سەر زەوییەوەو، لە ماوەی (٢٤) سەعاتدا، شەو دەسووڕێ بەسەر هەموو گۆی زەویدا، سەرەتا لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوە دەست پێدەکات، یان لە ئوستڕاڵیاوە کە هەشت نۆ سەعات پێش ئێرەن، لەوێوە دەست پێدەکات، پێشێ

ئـەوێ دەبێتـە شـەو، دواتـر وردە وردە شـەوەکە بـەرەو تێـرە دەکشـێ، دوایـی لێـرەوە بـەرەو ئەورووپـاو، دوایـی بـەرەو ئەمریـکاو ئەوانـە دەکشـێ، کەواتە: کە خـوا دەفەرموێ: شـەوی قـەدر، واتـە: ئـەو شـەوەی لـە مـاوەی بیسـت و چـوار (٢٤) سـەعاتدا، بـە دەوری هەمـوو گـۆی زەویـدا دەسـوورێ، چونکـە خـوا ﷻ قورئـانی بـۆ هەمـوو بەشـەر نـاردوەو، هەمـوو مرۆڤەکانیـش پێکـەوە دەدوێنـێ، لـە هـەر شـوێنێکی گـۆی زەویـدا بـن.

کەواتـە: دەبـێ ئـەو شـەوە گشـتگیر بـێ بـۆ هەمـوو خەڵکـی سـەر زەوی، لـە هـەر شـوێنێکی سـەر زەوی بن.

(الطـبري) ئـەم دەقـە دێنـێ، دەیکەینـە کۆتایـی ئـەم کورتـە باسـەمان: (**حَدَّثَنَـا مُجَاهِـدُ بْـنُ مُـوسَى قَـالَ: ثَنَـا يَزِيـدُ قَـالَ: أَخْبَرَنَـا رَبِيعَـةُ بْـنُ كُلْثُـومٍ قَـالَ: كُنْـتُ عِنْـدَ الْحَسَـنِ، فَقَـالَ لَـهُ رَجُـلٌ: يَـا أَبَـا سَـعِيدٍ، لَيْلَـةُ الْقَـدْرِ فِي كُلِّ رَمَضَـانَ؟ قَـالَ: «إِي وَاللَّـهِ، إِنَّهَـا لَفِـي كُلِّ رَمَضَـانَ، وَإِنَّهَـا اللَّيْلَـةُ الَّتِـي يُفْـرَقُ فِيهَـا كُلُّ أَمْـرٍ حَكِيـمٍ، فِيهَـا يَقْـضِي اللَّـهُ كُلَّ أَجَـلٍ وَأَمَـلٍ وَرِزْقٍ إِلَى مِثْلِهَـا**)[1].

واتـە: (**الطـبري**) بـە سـەنەدی خـۆی، دەڵـێ: موجاهیـدی کـوڕی مووسـا، بـۆی باسـکردین ئەویـش گوتوویـەتی: یەزیـد بـۆی باسـکردین: ئەویـش گوتوویـەتی: ڕەبیعـەی کـوڕی کولسـووم هەواڵـی پێدایـن، دەڵـێ: لـە لای حەسـەن بـووم، (**الحسـن البـصري**) پیاوێـک پێـی گـوت: ئـەی ئەبـوو سـەعید (کـە کونیـەی حەسـەنی بەصرایـی بـووە)، ئایـا شـەوی قـەدر لـە هەمـوو مانگـی ڕەمەزانێـک دایـە؟ ئەویـش گـوتی: بەڵـێ بەخـوا لـە هەمـوو مانگـی ڕەمەزانێکـدا هەیـەو، ئـەو شـەوەیە کـە هەمـوو کارێکـی پـڕ حیکمـەتی تێـدا بڕیـار دەدرێ و، ڕوون دەکرێتـەوە، خـوا ﷻ هـەر کاتێـک، هـەر ئاواتێـک، هـەر بژیوێـک تاکـو سـاڵی ئاینـدەی تێـدا بڕیـار دەدات.

کەواتـە: شـەوی قـەدر بـە نسـبەت هەمـوو مرۆڤەکانـەوەو، لـە هەمـوو سـاڵەکاندا دووبـارە دەبێتـەوە، بـە نسـبەت هەمـوو مرۆڤەکانـەوە، واتـە: لـە هـەر گۆشـەو کەنارێکـی گـۆی زەویـدا بژیـن.

---

(١) جامع البيان في تفسير القرآن: ج٢٥، ص١١١، برقم: ٣١٠٨٣.

مەسەلەی دووەم:

فەرمانکـردنی خـوا ﷻ بـە پێغەمبەرەکـەی موحەممـەد ﷺ کە چـاوەڕێ بێ ڕۆژێک دێ، دووکەڵێکـی ئاشـکرای تێـدا پەیدادەبـێ و خەڵکـی دادەپۆشـێ و، خەڵکەکـە لـە خـوا دەپاڕێنـەوە کـە ئـەو ئـازارە بـە ئێشـەیان لـێ لابـدات و بڕواشـدێنن، بـەڵام چۆن دێنـەوە سـەر حـاڵ لـە کاتێکـدا کـە پێغەمبەرێکـی ڕوونیـان بـۆ هـات، کەچـی پشـتیان تێکـردو گوتیـان: فێرکـراوە، شـێتە! خـواش بەڵێنیـدا کەمێـک ئازاریـان لـێ لابـدات، بـەڵام بـە دڵنیایـی دوایـی دەگەڕێنـەوە سـەر حاڵـی پێشـوویان، بۆیـە سـەرەنجام خـوا زەبـری گەورەتریـان لـێ دەوەشـێنێ و تۆڵەیـان لـێ دەسـتێنێ:

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ فَارْتَقِبْ يَوْمَ تَأْتِي السَّمَاءُ بِدُخَانٍ مُّبِينٍ ﴿١٠﴾ يَغْشَى النَّاسَ هَٰذَا عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿١١﴾ رَّبَّنَا اكْشِفْ عَنَّا الْعَذَابَ إِنَّا مُؤْمِنُونَ ﴿١٢﴾ أَنَّىٰ لَهُمُ الذِّكْرَىٰ وَقَدْ جَاءَهُمْ رَسُولٌ مُّبِينٌ ﴿١٣﴾ ثُمَّ تَوَلَّوْا عَنْهُ وَقَالُوا مُعَلَّمٌ مَّجْنُونٌ ﴿١٤﴾ إِنَّا كَاشِفُوا الْعَذَابِ قَلِيلًا ۚ إِنَّكُمْ عَائِدُونَ ﴿١٥﴾ يَوْمَ نَبْطِشُ الْبَطْشَةَ الْكُبْرَىٰ إِنَّا مُنتَقِمُونَ ﴿١٦﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دە بڕگەدا:

١)- ﴿ فَارْتَقِبْ يَوْمَ تَأْتِي السَّمَاءُ بِدُخَانٍ مُّبِينٍ ﴾، چاوەڕێبە، ئەو ڕۆژە کە ئاسمان دووکەڵێکی ئاشکراو ڕوون دێنێ، (يَوْم)، [اسْمُ زَمَان مَفْعُول بِهِ لـ«ارتَقِبْ» مِثْل: يَخَافُونَ يَوْمَاً]،

(يَـوْم) نـاوی کاتـە، بـەرکارە بـۆ (ارتَقِـبْ) وەک: لـە ڕۆژێـک دەترسـن، (وَالإرْتِقَـابُ: افْتِعَـالٌ مِـنْ رَقَبَـهُ، إذَا انْتَظَـرَهُ، وَإِنَّمَـا يَكُـونُ الإنْتِظَـارُ عِنْـدَ قُـرْبِ حُصُـولِ الـشَّيْءِ الْمُنْتَظَـرِ)، (ارْتِقَـابُ) لەسـەر کێـشی (افْتِعَـال)ە، لـە (رَقَبَهُ أي: انْتَظَـرَهُ)، چاوەڕێـی کـرد، چاوەڕێکردنیـش کاتێـک دەبـێ کـە شـتێک، بویسـترێ پەیـدا ببـێ، کاتەکـەی نیزیـک بـێ.

٢)- ﴿ يَغۡشَى ٱلنَّاسَۖ ﴾، (ئەو دووكەڵە) خەڵک دادەپۆشێ، ئەو دووكەڵە ڕوون و ئاشكرایە، خەڵک دادەپۆشێ، (أي يُغطيهم وَتلفُّهم وَيُحِيطَ بِهِمْ وَيَعُمُّهُم)، واتە: دایاندەپۆشێ و دەوریان دەدات، گەمارۆیان دەدات، هەموویان دەگرێتەوە.

هەڵبەتـە (دخـان): کـە بـە کوردیـی دەڵێیـن: (دووکـەڵ)، ئەوەیـە کاتێـک ئاگـر دادەگیرسێنرێ، لێـی بـەرز دەبێتـەوە، کـە دەگونجێ لێرەدا مەبەسـتی دووکـەڵ نەبێ، وەک هەندێـک لـە زانایـان گوتوویانـە، بەڵکـو ئەمـە جۆرێـک لـە وێچواندنـە، کـە پێـی دەگوتـرێ: (التَشْبِيْهُ البَلِيْغ)، واتـە: ئەوپـەڕی وێچوانـدن، یانـی: وەک دووکـەڵ وایـە.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ يَغۡشَى ٱلنَّاسَۖ ﴾، بێگومـان وشـەی (النَّـاسَ)، هەرچەنـدە (أل) ی ناسـاندنی لەسـەرە، بـەڵام مەبەسـت پێـی، خەڵکێکـی دیاریکـراون، کەواتـە: (أل) بـۆ ناسـاندنە، بـەڵام بـۆ (عهـد)ە، واتـە: خەڵکـە هاوبـەش دانـەرو بێبڕوایەکـە، کـە هاوچەرخـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـوون، ئەمـە بەپێـی سیاق و بەسـەلیقە دەزانـرێ، ئەگەرنـا وشـەی: (النَّاس)، یانی: تێکـڕای خەڵـک، بـەڵام دەزانیـن کـە لێـرەدا مەبەسـت خەڵکێکـی دیاریکـراوە، کـە هاوبەشـدانەرو بێبڕوایـەکانی ڕۆژگاری پێغەمبـەر ﷺ بـوون، ئـەو خەڵکـە دەڵێـن: ئەمـە ئازارێکـی بـە ئێشـە، یاخـود خـوا ﷻ هـەر بـۆ خـۆی دەفەرمـوێ: ئەمەیـە ئـازاری بـە ئێـش.

٣)- ﴿ هَٰذَا عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴾، ئەمە ئازارێکی بە ئێشە، ئەمە یان قسەی خوای بەرزەو، هەواڵدەدات، کە ئەمە ئازارێکی بە ئێشە، یاخود گوتراوی قسەی خەڵکە، (يَقُولُونَ: هَذَا عَذَابٌ أَلِيم)، خەڵک دەڵێن: ئەمە ئازارێکی بە ئێشە.

٤)- ﴿ رَّبَّنَا ٱكۡشِفۡ عَنَّا ٱلۡعَذَابَ إِنَّا مُؤۡمِنُونَ ﴾، [خەڵکەکە دەڵێن:] پەروەردگارمان! ئازارمان لێ لادە، ئێمە بڕواداریــن، ئەمە گێڕانەوەی قسەی ئەوانەیە کە سزاو ئازارەکە دایپۆشیون.

دەشـگونجێ ئەمـە فێرکـردنی خوابـێ بـۆ مسـوڵمانان، واتـە: ئـەی مسـوڵمانینە! ئێـوە بڵێـن: پەروەردگارمـان! ئازارمـان لـێ لابـدە، ئێمـە بڕواداریـن، ئـەو ئـازارە لـە

ئێمـە دووربخـەوە، هـەردوو واتایەکـەی گونجـاون، بـەڵام بـە پێـی ڕسـتەی دوایـی، کـە دەفەرمـوێ:

٥)- ﴿ أَنَّىٰ لَهُمُ ٱلذِّكۡرَىٰ ﴾، بیرکردنەوەیان چۆن بۆ پەیدادەبێ؟، یان: لە کوێ بیریان دەکەوێتەوەو پەند وەردەگرن! ئەمە مانای یەکەمیان بەهێزتر دەکات، کە ئەمە قسەی بێبڕوایەکان بێ، کە کاتێ تینیان بۆ هاتوە، گوتوویانە: پەروەردگارمان! ئازارمان لێ لادە، ئێمە بڕوادارین، واتە: دەبینە بڕوادار، بۆیە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ أَنَّىٰ لَهُمُ ٱلذِّكۡرَىٰ ﴾، (أَنَّى): لە ئەصڵدا بە مانای لە کوێ (مِنْ أَيْنَ)یە، بەڵام جاری وا هەیە، بە مانای (چۆن) (كَيْفَ) ش، بەکاردێ، (الذِّكْرى): بریتیە لە (التَّذَكُّر والإتِّعَاظ)، واتە: بیرکەوتنەوەو پەند وەرگرتن، واتە: چۆن بیریان دەکەوێتەوە، چۆن پەند وەردەگرن؟ بە هۆی ئەو ڕووداوەوە؟!

٦)- ﴿ وَقَدۡ جَآءَهُمۡ رَسُولٞ مُّبِينٞ ﴾، کە پێشتر پێغەمبەرێکی ڕوونکەرەوەیان بۆ هاتوە، یاخود: پێغەمبەرێکی ڕوون و ئاشکرایان بۆ هاتبوو.

٧)- ﴿ ثُمَّ تَوَلَّوۡاْ عَنۡهُ وَقَالُواْ مُعَلَّمٞ مَّجۡنُونٌ ﴾، دوایی پشتیان تێکردو گوتیان: فێرکراوە، شێتە، ﴿ ثُمَّ ﴾، (للتّرتِيْب الرُّتْبي، لأَنَّ التَّوَلِّيَ أَفْظَعُ وَأَشْنَعُ مِنَ الشَّكِّ)، ﴿ ثُمَّ ﴾، لێرەدا بۆ ڕیزبەندیی پلە پلەییە، چونکە پشت هەڵکردنەکە، ناقۆڵاترو دزێوتر بووە، لە دوو دڵییەکەیان.

کـە گوتوویانـە: ﴿ مُعَلَّمٞ مَّجۡنُونٌ ﴾، (الْمُعَلَّـمُ: الَّـذِي يُعَلِّمُـهُ غَـيْرُهُ)، یانـی: کەسێک کـە جگـە لـە خـۆی فێـری دەکات، ئنجـا بـە تەئکیـد کەسێک شـێت بـێ فێـر ناکـرێ و، بابـای فێرکـراو ناگونجـێ شـێت بـێ، بۆیـە خـوا ﷻ بـە واوی بادانـەوە (واو العطـف) یـش نەیهێنـاوە، نەیفەرمـووە: (وَقَالُـوا: مُعَلَّـمٌ وَمَجْنُـون)، دەفەرمـوێ: ﴿ مُعَلَّمٞ مَّجۡنُونٌ ﴾، واتـە: هەندێکیـان گوتوویانـە: فێرکـراوەو هەندێکیـان گوتوویانـە: شـێتە، هـەروەک هەندێکیـان گوتوویانـە: جـادوو گـەرەو، هەندێکیـان گوتوویانـە: کاهینـەو، هەندێکیان گوتوویانـە: شـاعیرە، وەک لـە شـوێنی دیکـەدا هاتـوە.

ئنجـا لێـرەدا کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَقَالُواْ مُعَلَّمٞ مَّجۡنُونٌ ﴾، بۆیـە خـوا ئـەم دووەی هێنـاون، چونکـە ئـەم دووانـە یەکـدی هەڵدەوەشـێننەوە، کۆمەڵێکیـان گوتوویانـە:

فێرکـراوەو کۆمەڵکیـان گوتوویانـە: شـێتە، ئـەو دوو قسـەیە تێکدەگیرێـن، ئەگـەر فێرکـراو بـێ و بتوانـێ شـت فێـر ببـێ، لـە خەڵـک وەری بگـرێ، نابـێ شـێت بـێ و، ئەگـەر شـێت بـێ، نابـێ فێرکراوبـێ، واتـە: بۆیـە خـوا ئـەم دووەی هێنـاون، چونکـە ئـەو دووانـە یەکـدی هەڵدەوەشـێننەوەو تێکدەگیرێـن، بۆیـە خـوا ﷻ لـە سـوورەتی (ق)دا، دەفەرمـوێ: ﴿ فَهُمْ فِىٓ أَمْرٍ مَّرِيجٍ ۝٥ ﴾، واتـە: لـە قسـەیەکی تێکەڵـدان، لـە قسـەیەکی دژیەکـدان، هـەر کامێکیـان ئـەوەی دیکـە هەڵدەوەشـێنێتەوە.

٨)- ﴿ إِنَّا كَاشِفُوا۟ ٱلْعَذَابِ قَلِيلًا ﴾، ئێمە لابەری ئازارین بۆ ماوەیەکی کەم، ئەمە هەواڵدانە لە خوای بەرزەوە، کە هەواڵ بە پێغەمبەر ﷺ دەدات، واتە: ئێمە لە داهاتوودا بۆ ماوەیەکی کەم، ئەو ئازارەیان لەسەر لادەدین.

٩)- ﴿ إِنَّكُمْ عَآئِدُونَ ﴾، بە دڵنیایی ئێوە گەڕاوەن یانی: بۆ ڕێی چەوت، پێشێ ڕوو لە پێغەمبەر ﷺ دەکات کە ئێمە لابەری ئازارین لەسەریان، بۆ ماوەیەکی کەم، دوایی ڕوو دەکاتەوە ئەوان: ﴿ إِنَّكُمْ عَآئِدُونَ ﴾، ئێوە ئەی بێبڕوایان! دوای ئەوەی ئازاریشمان لەسەر لادان، دووبارە گەڕاونەوەو دەگەڕێنەوە بۆ ئەو ڕێیە چەوتە، کە لەسەرینی و بە بەڵێنەکەی خۆتان وەفادار نابن، کە دەڵێن: بڕوا دێنین.

١٠)- ﴿ يَوْمَ نَبْطِشُ ٱلْبَطْشَةَ ٱلْكُبْرَىٰٓ إِنَّا مُنتَقِمُونَ ﴾، ئەو ڕۆژە کە زەبری گەورەتر دەوەشێنین، ئێمە سزادەرین و تۆڵەستێنەرین.

ئەمـە دیـارە هـەم گفـت و بەڵێنێکـە بـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ دراوە، لەلایـەن خـوای بـەرزەوە، هـەم هەڕەشـەیەکە لـە بێبڕوایـەکان کـراوە، واتـە: ئـەو ڕۆژە کـە زەبـری گەورەتریـان لێدەوەشـێنین، ئـەو ڕۆژە ئێمـە تۆڵەیـان لـێ دەکەینـەوەو سـزایان دەدەیـن.

کورتە باسێک لە بارەی (الْبَطْشَةُ الْكُبْرَى)ەوە

زەبـری گەورەتـر، بـە تەئکیـد مەبەسـت پێـی ئـەو زەبـرە بـوو کـە لـە جەنگـی بـەدردا، لـە بێبڕوایانـی مەککـە وەشـێنرا، کـە زلـە زلەکانیـان لـەو ڕۆژەدا پێکـران، ئـەوەی کـوژرا و ئـەوەی گیـرا، کـە بـە گشـتیی حەفتـا (٧٠)یـان لـێ کـوژرا، لـە نێویانـدا وەلیـدی کـوڕی موغیـرەو، عوتبـەو شـەیبەی کـوڕانی ڕەبیعـەو، ئەبـوو جەهـل و نـەضری کـوڕی حاریـس و، زۆر لـەو زلـە زلانـە، کـە سـاڵەها بـوو پێغەمبـەرو مسـوڵمانانیان لـە مەککـە ئەزیـەت و ئـازار دەدات، ئەوانـە کـوژران، ژمارەیەکـی بـەو ئەندازەیەشـیان، واتـە: حەفتا (٧٠)شـیان لـێ بەدیـل گیـران، زانایـان گوتوویانـە: پێکهاتـەی ئـەم ڕسـتەیە لـە ئەصڵـدا ئـاوا بـووە: (إِنَّا مُنْتَقِمُونَ يَوْمَ نَبْطِشُ بَطْشَةَ الْكُبْرَى)، ئـەو ڕۆژە کـە زەبـری گەورەتریـان لـێ دەوەشـێنین، ئێمـە سـزایان دەدەیـن و تۆڵەسـتێنەرین لێیـان، (يَوْمَ: مَنْصُوبٌ عَلَى الْمَفْعُولِ فِيهِ لِاسْمِ الْفَاعِلِ وَهُوَ مُنْتَقِمُونَ)، وشـەی (يَوْم): دەبێتـە (الْمَفْعُولِ فِيهِ) چونکـە (مُنْتَقِمُونَ) دەبێتـە نـاوی بکـەر (اسم فَاعِلِ)ەکـە، واتـە: لـەو ڕۆژەدا، کـە زەبـرە گەورەکـەکان لـێ دەوەشـێنرێ، ئێمـە سـزایان دەدەیـن، بـە نسـبەت دووکـەڵ (دخـان) ەوە، زانایـان چەنـد ڕایەکیـان هێنـاون، کـە ئێمـە سـێیان لـێ دێنیـن:

أ-{عَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ أَنَّ قُرَيْشًا لَمَّا اسْتَعْصَتْ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ وَأَبْطَئُوا عَنِ الْإِسْلَامِ، قَالَ: اللَّهُمَّ أَعِنِّي عَلَيْهِمْ بِسَبْعٍ كَسَبْعِ يُوسُفَ، فَأَصَابَهُمْ قَحْطٌ وَجَهْدٌ حَتَّى أَكَلُوا الْعِظَامَ، فَجَعَلَ الرَّجُلُ يَنْظُرُ إِلَى السَّمَاءِ فَيَرَى مَا بَيْنَهُ وَبَيْنَهَا كَهَيْئَةِ الدُّخَانِ مِنَ الْجُوعِ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ: ﴿ فَٱرْتَقِبْ يَوْمَ تَأْتِى ٱلسَّمَآءُ بِدُخَانٍ مُّبِينٍ ﴾، فَأُتِيَ النَّبِيُّ ﷺ فَقِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ! اسْتَسْقِ اللَّهَ لِمُضَرَ، فَاسْتَسْقَى لَهُمْ فَسُقُوا، فَأَنْزَلَ اللَّهُ: ﴿ إِنَّا كَاشِفُوا۟ ٱلْعَذَابِ قَلِيلًا إِنَّكُمْ عَآئِدُونَ ﴾، فَلَمَّا أَصَابَتْهُمُ الرَّفَاهِيَةُ عَادُوا إِلَى حَالِهِمْ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ: ﴿ يَوْمَ نَبْطِشُ ٱلْبَطْشَةَ ٱلْكُبْرَىٰٓ إِنَّا مُنتَقِمُونَ ﴾، فَانْتَقَمَ اللَّهُ مِنْهُمْ يَوْمَ بَدْرٍ، فَقَدْ مَضَى الْبَطْشَةُ وَالدُّخَانُ وَاللِّزَامُ}، (أخرجه البخاري: ١٩٧، ومسلم: ٢٧٩٨، والترمذي: ٣٢٥١، والنسائي: ٥٠٣).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود (خوا لێی ڕازی بێ) دەڵێ: قورەیشییەکان دوای ئەوەی لە پێغەمبەری خوا ﷺ یاخیی بوون و سستییان نواند، کە بەرەو ئیسلام بێن، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەی خوایە! یارمەتییم بدە لەسەریان، بە حەوت ساڵ وەک حەوت ساڵەکەی یوسف، (واتە: حەوت ساڵی گرانیی و وشکە ساڵیی و قات و قڕیی)، ئەوە بوو کە گرانیی و زەحمەتێکی زۆریان تووش بوو، تاکو ئێسقانیان خوارد لە برسان، پیاوی وایان هەبوو کە تەماشای سەرێی دەکرد، لە نێوان خۆی و ئاسماندا، شێوەی دووکەڵی دەبینی لە برسان، (واتە: بەرچاویان تەماویی بوو بوو)، ئنجا خوا ﷻ ئەمەی دابەزاند: ﴿ فَٱرۡتَقِبۡ يَوۡمَ تَأۡتِي ٱلسَّمَآءُ بِدُخَانٖ مُّبِينٖ ﴾، واتە: چاوەڕێبە ئەو ڕۆژە کە ئاسمان دووکەڵێکی ئاشکرا دێنێ، ئنجا هاتنە لای پێغەمبەر ﷺ پێی گوترا: ئەی پێغەمبەری خوا! ﷺ داوای باران بارین بکە، بۆ (مضر)، ئەویش داوای باران بارینی بۆ کردن، ئیدی ئاویان بۆ دابەزێنرا، خواش ﷻ ئەمەی دابەزاند: ﴿ إِنَّا كَاشِفُواْ ٱلۡعَذَابِ قَلِيلًاۚ إِنَّكُمۡ عَآئِدُونَ ﴾، ئێمە لابەری سزاو ئازارین، ماوەیەکی کەم، ئێوە دووبارە دەگەڕێنەوە، دوای ئەوەی کە خۆشگوزەرانییان تووشبوو، دووبارە گەڕانەوە سەر حاڵی پێشێیان، ئنجا خوا ﷻ ئەمەی دابەزاند: ﴿ يَوۡمَ نَبۡطِشُ ٱلۡبَطۡشَةَ ٱلۡكُبۡرَىٰٓ إِنَّا مُنتَقِمُونَ ١٦ ﴾، واتە: ئەو ڕۆژەی زەبری گەورەتر دەوەشێنین، ئێمە تۆڵە دەستێنین، سزادەرین، ئیدی خوا ﷻ لە جەنگی بەدردا، سزای دان و تۆڵەی لێ ستاندن، کەواتە: (الْبَطْشَةُ وَالدُّخَانُ وَاللِّزَام)، ئەوانە هەرسێکیان تێپەڕیون: هەم زەبر لێدانەکەو، هەم دوو کەڵەکەو، هەم (اللِّزَامُ) کە لە سوورەتی (الفرقان)دا، هاتووە: ﴿ فَسَوۡفَ يَكُونُ لِزَامَۢا ٧٧ ﴾الفرقان، واتە: سزایان پێوە پەیوەست دەبێ.

ب- هەندێکیش گوتوویانە: ئەم دووکەڵە، دوو کەڵێکە لە ڕۆژی قیامەتدا دێ، وەک پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی و بە چەند ڕیوایەتێک هاتووە، ئێمە یەکێک لە ڕیوایەتەکان دێنین:

{عَنْ حُذَيْفَةَ بْنِ أَسِيدِ الْغِفَارِيِّ ﷺ، قَالَ: اطَّلَعَ النَّبِيُّ ﷺ عَلَيْنَا وَنَحْنُ نَتَذَاكَرُ، فَقَالَ: مَا تَذَاكَرُونَ؟ قَالُوا: نَذْكُرُ السَّاعَةَ، قَالَ: إِنَّهَا لَنْ تَقُومَ حَتَّى تَرَوْنَ قَبْلَهَا عَشْرَ

آيَـاتٍ، فَذَكَـرَ الدُّخَـانَ، وَالدَّجَّـالَ، وَالدَّابَّـةَ، وَطُلُـوعَ الشَّـمْسِ مِـنْ مَغْرِبِهَـا، وَنُـزُولَ عِيـسَى ابْـنِ مَرْيَـمَ عَلَيْـهِ السـلام، وَيَأْجُـوجَ وَمَأْجُـوجَ، وَثَلَاثَـةَ خُسُـوفٍ: خَسْـفٌ بِالْمَـشْرِقِ، وَخَسْـفٌ بِالْمَغْـرِبِ، وَخَسْـفٌ بِجَزِيـرَةِ الْعَـرَبِ، وَآخِـرُ ذَلِـكَ نَـارٌ تَخْـرُجُ مِـنَ الْيَمَـنِ، تَطْـرُدُ النَّـاسَ إِلَى مَحْشَرِهِـمْ} (أخرجـه مسـلم: ٢٩٠١، وأبـو داوود: ٤٣١١، والترمـذي: ٢١٨٣، النسـائي في الكـبرى: ١١٣٨٢، ابـن ماجـه: ٤٠٤١، ٤٠٥٥).

واتـە: حوزەیفـەی کـوڕی ئوسـەیدی غیفاریـی ﷺ، دەڵـێ: پێغەمبـەر ﷺ ڕۆژێـک بەسـەرماندا هـات، ئێمـە لـە شـوێنێک دانیشـتبووین، قسـەمان دەکـرد، فەرمـووی: باسـی چـی دەکـەن؟ گوتمـان باسـی ئاخیـر زەمـان دەکەیـن، فەرمـووی: ئاخیـر زەمـان نایـەت، تاکـو لـە پێشـیەوە، دە نیشـانان نەبینـن، ئنجـا باسـی ئەوانـەی کـرد: دووکـەڵ، دەججـال، ژیانـداری زەوی (دابـة الارض)، هەڵهاتنـی خـۆر لـە خۆرئـاواوەو، دابەزینـی عیسـای کـوڕی مەریـەم، دەرچـوونی یەئجـووج و مەئجـووج، سـێ ڕۆچـوونی زەوی، ڕۆچوونێـک لـە ڕۆژهـەڵات، ڕۆچوونێـک لـە ڕۆژئـاواوە، ڕۆچوونێـک لە نیـوە دوورگەی عـەرەب، (نیشـانەی دەیـەم) کۆتاییەکەیـان ئەوەیـە کـە ئاگرێـک لـە یەمەنـەوە پەیدادەبـێ و، خەڵـک بـەرەو شـوێنی کۆکردنەوەیـان پـاڵ پێوەدەنـێ، (شـوێنی کۆکردنەوەیـان، مەبەسـت پێـی شـامە، کـە مرۆڤایەتیـی بـە تایبـەتی مسـوڵمانان لـە ئاخیـر زەمانـدا، زیاتـر لـەوێ کۆدەبنـەوە).

ج- ڕایەکی دیکەش هەیە، کە مەبەست لەو دووکەڵ (دخان)ە، ئەو دوو کەڵ و تەپ و تۆزە بووە، کە لە ڕۆژی فەتحی مەککەدا بووە: {عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ، قَالَ: كَانَ يَوْمَ فَتْحِ مَكَّةَ دُخَانٌ، وَهُوَ قَوْلُ اللَّهِ: ﴿ فَٱرْتَقِبْ يَوْمَ تَأْتِي ٱلسَّمَآءُ بِدُخَانٍ مُّبِينٍ ﴿١٠﴾ ﴾} (أخرجه إبن سعد)، واتە: ئەبوو هورەیرە ﷺ گوتوویەتی: ڕۆژی فەتحی مەککە ئازادکرانی مەککەو، دوو کەڵ و تەپ و تۆز بووە، ئەوەیە کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ فَٱرْتَقِبْ يَوْمَ تَأْتِي ٱلسَّمَآءُ بِدُخَانٍ مُّبِينٍ ﴿١٠﴾ ﴾.

بـەڵام زۆربـەی زانایـان دەڵێـن: {الرَّاجِحُ مِنْهَـا أَنَّـهُ الدُّخـانُ الَّـذِي كانُـوا يَتَخَيَّلُونَـهُ مِـمَّا نَـزَلَ بِهِـمْ مِـنَ الجَهْـدِ وشِـدَّةِ الجُـوعِ، ولا يُنـافِي تَرْجِيـحُ هَـذا مـا ورَدَ أنَّ الدُّخـانَ مِـن آيـاتِ

السَّاعَةِ، فَإِنَّ ذَلِكَ دُخانٌ آخَرُ، ولا يُنافِيهِ أيْضًا ما قِيلَ: إنَّهُ الَّذِي كانَ يَوْمَ فَتْحِ مَكَّةَ، فَإنَّهُ دُخانٌ آخَرُ عَلى تَقْدِيرِ صِحَّةِ وُقُوعِهِ}[1].

واتـە: قسـەی بەهێزتـر ئەوەیـە مەبەسـت ئـەو دوو کەڵەیـە کـە ئـەوان، هاتۆتـە بەرچاویـان، لـە ئەنجامـی برسـێتی و وشـکە سـاڵییدا، ئەمـەش لەگـەڵ ئـەوەدا تێکناگیرێ، کـە هاتنی دووکـەڵ، یەکێ بێ لـە نیشانەکانی ئاخیـر زەمـان، کـە ئـەوە دووکەڵێکـی دیکەیـە، هەروەهـا لەگـەڵ ئەوەشـدا تێکناگیـرێ کـە لـە ڕۆژی فەتحـی مەککـەدا، تـەپ و تـۆزو گـەرد چۆتـە ئاسـمان، ئـەوەش دووکـەڵ و تـەپ و تۆزێکـی دیکەیـە، ئەگـەر گریـمان ئـەوە وا بووبـێ.

(الطبري) لـە تەفسـیرەکەی خۆیـدا دەڵـێ: **{عَنْ عِكْرِمَةَ قَالَ: قَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ: قَالَ ابْنُ مَسْعُودٍ: الْبَطْشَةُ الْكُبْرَى: يَوْمُ بَدْرٍ، وَأَنَا أَقُولُ: هِيَ يَوْمُ الْقِيَامَةِ}**[2].

واتـە: عیکریمـە، گێڕاویەتـەوە: گوتوویـەتی: عەبدوڵڵای کـوڕی عەبباس، گوتوویـەتی: عەبدوڵڵای کـوڕی مەسـعوود (خـوا لێیـان ڕازی بـێ) ڕای وابـووە، گوتوویـەتی: **(الْبَطْشَةُ الْكُبْرَى)**، زەبـری گەورەتـر، ڕۆژی جەنگـی بـەدرە، بـەڵام من دەڵێـم: ئـەوە ڕۆژی قیامەتە.

هەڵبەتـە ئـەوە ڕای عەبدوڵڵای کـوڕی عەبباس بـووە (خـوا لـە خـۆی و بـابی ڕازی بێ)، بـەڵام بـە تەئکیـد ڕایەکـەی عەبدوڵڵای کـوڕی مەسـعوود (خـوا لێـی ڕازی بێ) ڕاسـترەو، **(الطبري)**ش، هـەر ئـەو ڕایـەی تەرجیـح کـردوە، بـە ژمـارە (٣١١٣٩)، کـە گوتوویـەتی: **(الْبَطْشَةُ الْكُبْرَى: يَوْمُ بَدْرٍ)**، هـەروەک گوتـم: هـەر ئـەو توێژەرانـەی دیکـەی قورئانیـش زۆربەیـان هـەر ئـەوە ڕایـان بـووە.

لـە خـوای پـەروەردگار دەپاڕێینـەوە، بـە لوتـف و کەرەمـی خـۆی یارمەتیمانـدا، عەقـڵ و دڵـمان ڕۆشـنتر بـێ، بـۆ ئـەوەی باشـتر لـە ئایەتـەکانی خـوا تێبگەیـن،

---

(١) جامع البيان: ج٢٥، ص١١٧. فتح القدير: ج٤، ص٦٨٣. التحرير والتنوير: ج٢٥، ص٢٨٧.

(٢) جامع البيان: ٣١١٣٩.

یارمەتییشـمان بـدات هەمیشـە زانینەکەمـان بگۆڕیـن بـۆ توانیـن و، حاڵیـی بوونەکـە لـە خۆمانـدا بکەینـە حـاڵ و، زانیاریـی و شـارەزاییەکەمان لەسـەرمان نەبێتـە بەڵگـە، بەڵکـو بۆمـان ببێتـە بەڵگـە، هـەم خۆمـان کاری پـێ بکەیـن، هـەم دەوروبەریشـمانی پـێ چـاک بکەیـن.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی دووەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان حەڤـدە (١٧) ئایـەت، ئایەتـەکانی: (١٧ - ٣٣) دەگرێتـە خـۆی، کـە هەموویـان لـە بـارەی چەنـد گۆشـەیەک لـە بەسـەرهاتی مووسـا ﷺو فیرعەونـەوەن: چـۆن خـوا ﷻ مووسـای ڕەوانکـردوە بـە بەڵگـە ڕوون و ئاشـکرایەکانەوە، کـە بەنـدەکانی خـوا، گەلـە چەوسـاوەکەی مووسـا (بەنـوو ئیسـرائیل) لـە ژێرچەنگـی فیرعـەون دەربێنـێ و، تەسـلیمی بکەنـەوە، کەچـی ئـەوان لەسـەر سـتەم و تـاوانی خۆیـان بـەردەوام بـوون و، ئامـادە نەبـوون ئـەو گەلـە چەوسـێنراوەیە کـە سـۆغرەو بێگاریـان پێکـراوە، لەگـەڵ مووسـادا ﷺ بنێـرن، کـە خـوا ناردوویـەتی و وەک ئامانجێکـی سـەرەکیی پێـی سـپاردوە، کـە دەبـێ ئـەو گەلـە چەوسـاوەیە لـە ژێـر چنگـی فیرعـەون دەربێنـی و، چیدیکـە نەچەوسـێنرێنەوە، کەچـی ئامـادە نەبـوون ئـەو داواکارییـەی بـۆ جێبەجـێ بکـەن، پێـش ئـەوەش ئامـادە نەبـوون بـڕوای پـێ بێنـن، بۆیـە سـەرەنجام خـوا ﷻ فەرمانـی بـە مووسـا ﷺ کـردوە، کـە لـە شـەوگاردا پێـش گەلەکـەی بکـەوێ، بـەرەو دەریـای سـوورو دەشـتی سـینا، بیانبـات.

سـەرەنجام فیرعـەون و سـوپایەکەی ڕاوەدوویـان نـاون و کەوتوونـە دوایـان، خواش ﷻ دەریـای سـووری بـۆ مووسـاو گەلەکـەی قڵیشـاندوە و، ئـەوانی دەربـاز کـردوەو فیرعـەون و سەربازەکانیشـی کـە هـەر بـە شـوێن مووسـاو گەلەکەیـەوە بـوون و ڕاوە دوویـان نـاون، ئەوانیشـی نغرۆکـردوون لـە دەریـای سـووردا، لـە ئاکامـدا فیرعـەون و گەلەکـەی، کۆشـک و تـەلارو بـاخ و بێسـتان و هەرچـی هەیانبـووە بۆتـە میراتیـان، گەلـی (بەنـوو ئیسرائیل)یـش لـە ئـازاری ڕیسـواکەر قوتارکـراون.

هەروەهـا خـوای میهرەبـان گەلێـک نیشـانەی نـاوازی، وەک تاقیکردنـەوە بـە بەنوو ئیسـرائیل داون، کـە کەمـتر وابـووە خـوا ﷻ لـەو جـۆرە بـە گـەلانی دیکەیـان بـدات،

ئەویش لەبەر ئەو بارودۆخە تایبەتییەی کە لە میسر تێیدا بوون و، دواتریش کەوتوونە نێو هەل و مەرجێکی دیکەی زۆر سەخت و دژوارەوە.

﴿وَلَقَدْ فَتَنَّا قَبْلَهُمْ قَوْمَ فِرْعَوْنَ وَجَآءَهُمْ رَسُولٌ كَرِيمٌ ﴿١٧﴾ أَنْ أَدُّوٓا۟ إِلَىَّ عِبَادَ
ٱللَّهِ إِنِّى لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ ﴿١٨﴾ وَأَن لَّا تَعْلُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ إِنِّىٓ ءَاتِيكُم بِسُلْطَٰنٍ مُّبِينٍ ﴿١٩﴾ وَإِنِّى عُذْتُ
بِرَبِّى وَرَبِّكُمْ أَن تَرْجُمُونِ ﴿٢٠﴾ وَإِن لَّمْ تُؤْمِنُوا۟ لِى فَٱعْتَزِلُونِ ﴿٢١﴾ فَدَعَا رَبَّهُۥٓ أَنَّ هَٰٓؤُلَآءِ قَوْمٌ مُّجْرِمُونَ
﴿٢٢﴾ فَأَسْرِ بِعِبَادِى لَيْلًا إِنَّكُم مُّتَّبَعُونَ ﴿٢٣﴾ وَٱتْرُكِ ٱلْبَحْرَ رَهْوًا ۖ إِنَّهُمْ جُندٌ مُّغْرَقُونَ ﴿٢٤﴾
كَمْ تَرَكُوا۟ مِن جَنَّٰتٍ وَعُيُونٍ ﴿٢٥﴾ وَزُرُوعٍ وَمَقَامٍ كَرِيمٍ ﴿٢٦﴾ وَنَعْمَةٍ كَانُوا۟ فِيهَا فَٰكِهِينَ ﴿٢٧﴾
كَذَٰلِكَ ۖ وَأَوْرَثْنَٰهَا قَوْمًا ءَاخَرِينَ ﴿٢٨﴾ فَمَا بَكَتْ عَلَيْهِمُ ٱلسَّمَآءُ وَٱلْأَرْضُ وَمَا كَانُوا۟ مُنظَرِينَ
﴿٢٩﴾ وَلَقَدْ نَجَّيْنَا بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ مِنَ ٱلْعَذَابِ ٱلْمُهِينِ ﴿٣٠﴾ مِن فِرْعَوْنَ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ عَالِيًا مِّنَ
ٱلْمُسْرِفِينَ ﴿٣١﴾ وَلَقَدِ ٱخْتَرْنَٰهُمْ عَلَىٰ عِلْمٍ عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٣٢﴾ وَءَاتَيْنَٰهُم مِّنَ ٱلْءَايَٰتِ مَا
فِيهِ بَلَٰٓؤٌا۟ مُّبِينٌ ﴿٣٣﴾﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{هەروەها پێش وانیش (پێش کۆمەڵگای موحەممەد)، کۆمەڵی فیرعەونمان تاقیکردەوەو، پێغەمبەرێکی بەڕێزو هەرەباشیان بۆ هات (١٧) کە (پێی گوتن:) بەندەکانی خوام وێبدەن (پێم بسپێرن لەگەڵ خۆمیان بەرم) بە دڵنیایی من بۆ ئێوە پێغەمبەرێکی ئەمیندارم (سپاردە پارێزم) (١٨) لە بەرانبەر خواشدا خۆتان بەرز مەکەن (خۆتان بەزل مەگرن)، بێگومان من بەڵگەیەکی ئاشکراتان بۆ دێنم (١٩) پەناش بە پەروەردگاری خۆم و پەروەردگاری ئێوەش دەگرم، کە بەردبارانم بکەن، (وەک عادەتتان لەگەڵ نەیارەکانتاندا) (٢٠) ئەگەر بڕواشم بۆ ناهێنن، خۆتانم لێ کەنار بگرن (گێچەڵم پێ مەکەن) (٢١) ئیدی لە پەروەردگاری

پاڕایەوە کە: ئەوانە (فیرعەون و کۆمەڵەکەی) کۆمەڵێکی تاوانبارن ﴿٢٢﴾ (ئێمەش فەرمانمان پێکرد): شەوڕۆ بە بەندەکانم بکە، بە دڵنیایی ئێوە ڕاوەدوونراون (لە لایەن فیرعەون و کۆمەڵەکەیەوە) ﴿٢٣﴾ (لە دەریای سووریش بپەڕنەوەو) لە دەریاکەش گەڕێ بە قڵیشاویی و کراوەیی، بمێنێتەوە، چونکە مسۆگەر (بڕیاری خوایە) ئەوان (کۆمەڵی فیرعەون) سەربازانێکی خنکێنراوبن ﴿٢٤﴾ گەلێک باخ و کانیی و سەرچاوەیان (دوای خۆیان) بەجێهێشتن ﴿٢٥﴾ هەروەها (گەلێک کێڵگەی) کشتوکاڵ و جێگاو شوێنی پەسندو خۆش ﴿٢٦﴾ دیسان (زۆر) نازو نیعمەت کە تێیدا خۆشگوزەران و بە کەیف بوون ﴿٢٧﴾ (ئەوە) بەو جۆرە ڕوویداو هەرچیش بەجێیان هێشتبوو، بە میرات دامانە کۆمەڵێکی دیکە ﴿٢٨﴾ ئاسمان و زەویش بۆیان نەگریان و، لە مۆڵەت دراوان و دواخراوانیش نەبوون ﴿٢٩﴾ بەڕاستییش وەچەی ئیسرائیلمان لە ئازارێکی ڕیسواکەر ڕزگار کرد ﴿٣٠﴾ لە (ستەم و سۆغرەو بێگاری) فیرعەون، بێگومان ئەو خۆ بەرزکەرەوە بوو، لە زێدەڕۆییکاران ﴿٣١﴾ بە دڵنیاییش لە ڕووی زانیارییەوە بەسەر جیهانییان (ی ڕۆژگاری خۆیان)دا، هەڵمانبژارد بوون ﴿٣٢﴾ (ژمارەیەکی زۆر) لەو نیشانانەشمان پێدابوون کە تاقیکردنەوەیەکی ئاشکرایان تێدابوو بۆیان (داخۆ چۆنیان مامەڵە لەگەڵدا دەکەن؟) ﴿٣٣﴾ }

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(فَتَنَّا): واتـە: تاقیـمان کردنـەوە (إبْتَلَيْنَـا، إمْتَحَنَـا)، (أَصْـلُ الفَـتْنِ: إدْخَـالُ الذَّهَـبِ النَّـارَ لِتَظْهَـرَ جَوْدَتُـهُ مِـنْ رَدَاءَتِـهِ، وَاسْـتُعْمِلَ فِي إدْخَـالِ الإنْسَـانِ النَّـارَ، وَجُعِلَـتِ الفِتْنَـةُ كَالْبَـلَاءِ، فِيـمَا يُدْفَـعُ إلَيْـهِ الإنْسَـانُ مِـنْ شِـدَّةٍ وَرَخَـاء)، وشـەی (فَـتْن): لـە ڕیشـەدا بـە مانـای ئەوەیـە کـە زێـڕ بخرێتـە نێـو ئاگـر، تاکـو زێڕەکـە سـاغییەکەی لە ناسـاغییەکەی دەرکـەوێ، (ئەگـەر کانـزای دیکـەی ڕەگـەڵ خرابـێ، دەرکـەوێ، بۆیـە گوتـراوە: زێـڕی سـوور لـە ئاگـر ناترسـێ، زێـڕی سـاغ لـە ئاگـر ناترسـێ، هەرچەنـدە بیسـووتێنی، کـەم نـاکات)، هەروەهـا (فَـتْن) بەکارهێـنراوە بـۆ ئـەوەی مـرۆڤ بخرێتـە نێـو ئاگـرو سـزا بـدرێ، هەروەهـا وشـەی (فِتْنَـة) وەک وشـەی (بَـلَاء) بەکارهێـنراوە لـەوەدا کـە مـرۆڤ دەخرێتـە نێـوی لـە سـەختییان و ناخۆشـییان.

(كَرِيمٌ): (كُلُّ شَيءٍ شَرُفَ فِي بابِـهِ: فَهُـوَ كَرِيـم، وَإذَا وُصِـفَ بِـهِ الإنْسَـانُ فَهُـو اسْـمٌ لِلأخْـلَاقِ وَالأَفْعَـالِ المَحْمُـودَةِ الَّتِـي ظَهـرَت مِنْـهُ)، وشـەی (كَرِيـم): بـۆ هـەر شـتێک بەکاربهێـنرێ، یانـی: ئـەو شـتە لـە جـۆری خـۆی، چاکـە، (زَوْجٍ كَرِيـم): واتـە: هـەر ڕووەکێکـی بـە پیـت و پێـز، ئنجـا هـەر شـتێک کـە وشـەی (كَرِيـم)ی بـۆ بەکاربهێـنرێ، ئەگـەر پۆشـاکە، واتـە: پۆشـاکێکی بـاش، ئەگـەر مـاڵ و سـامانە، یانی: ماڵ و سـامانێکی زۆر بـاش، بـەڵام ئەگـەر مـرۆڤ بـە (كَرِيـم)، وەصـف بکـرێ، ئـەوە نـاوە بـۆ ڕەوشـت و ئـاکارە ستایشـکراوەکانی کـە لێـی دەرکەوتـوون.

(أَدُّوٓا۟ إِلَیَّ): واتـە: تەسـلیمم بکـەن، (الأَدَاءُ: دَفْـعُ مَـا يَحِـقُّ دَفْعُـهُ وَتَوْفِيَتُـهُ)، (أَدَاء): بریتیـە لـە شـتێک کـە پێویسـت بێـت بـدرێ، تەسـلیم بـەو کەسـە بکـرێ، بـە چاکیـی بسـپێردرێ بـەو کەسـەی پێویسـتە پێـی بسـپێردرێ.

(أَمِينٌ): (أَمِيْن وَأُمَّـان: مَـنْ يُؤْمَـنُ بِـهِ، الحَافِـظُ وَالحَـارِسُ، مَـنْ يُجْعَـل مُؤْتَمَنـاً عَـلَى الـشَّيءِ)، وشـەی (أَمِيْن وَأُمَّـان)، واتـە: کەسـێک بـە ئەمینـدار دابـنرێ، پارێـزەرو چاودێر، هەروەهـا بـە کەسـێک دەگوتـرێ کـە سـپاردەیەکی پـێ بسـپێردرێ و، بـە ئەمینـدار دابـنرێ لەسـەری.

(تَرْجُمُونِ): (الرِّجَـامُ: الحِجَـارَةُ، وَالرَّجْـمُ: الرَّمْـيُ بِالرِّجَـامِ، وَيُسْـتَعَارُ الرَّجْـمُ للشَّـتْمِ وَالطَّرْدِ)، ﴿وَإِنِّي عُذْتُ بِرَبِّي وَرَبِّكُمْ أَن تَرْجُمُونِ﴾، مـن پەنـا بـە پـەروەردگاری خـۆم و پـەروەردگاری ئێـوەش دەگـرم کـە بەردبارانـم بکـەن، وشـەی (تَرْجُمُـون): لـە (رِجَـامُ)ەوە هاتـوە، (رِجَـام): بـە مانـای بـەرد دێ، (رَجْم)یـش بریتیـە لـە هاویشـتنی بـەرد، یـان: بـەرد بـە کەسـێک دادان، خوازراویشـتەوە بـۆ قسـەپێگوتن و دەرکردنیـش، (الشَّـيْطَانِ الرَّجِيـم)، واتـە: شـەیتانی نەفریـن لێکـراوو، دوورکـراوەو دەرکـراو، بـەڵام بـە پێـی سـیاق دەزانـدرێ ئایـا مەبەسـت پێـی جنێـوە، یـان دەرکرانـە، یاخـود بەردبارانکرانـە؟

(فَاعْتَزِلُونِ): واتـە: کەنـار بگـرن لێـم، (الإعْتِـزَالُ: تَجَنُّـبُ الـشَّيءِ، بِالْبَـدْنِ، أَو القَلْـبِ)، (إعْتِـزَال): واتـە: گۆشـەگیریی، مەبەسـت کەنـار گرتنـە لـە شـتێک و دووریـی گرتنەلێی بـە جەسـتە، یاخـود بـە دڵ، یاخـود بـە هەردووکیـان.

(رَهْوًا): (سَـاكِنَاً، أَو سَـعَةٌ مِـنَ الطَّرِيْـق)، (رَهْـوَاً): بـە مانـای ئـارام و بـێ جووڵـە دێ، هەروەهـا بـە مانـای قڵیشـانیش دێ، واتـە: دەریاکـە بـە قڵیشـاوەیی، بـە کراوەیـی بەجـێ بهێڵـن، یانـی: دووبـارە گۆچانـی لێمـەدە، کـە وێـک بێتـەوە، لێـی گـەڕێ بـا بـە کراوەیـی بمێنێتـەوە.

(وَمَقَامٍ): (مَصْـدَرٌ، وَاسْـمُ مَـكَانِ القِيَـامِ وَزَمَانِـه، وَالْمُقَـامُ: يُقَـالُ لِلْمَصْـدَرِ والْمَـكَانِ وَالزَّمَـانِ وَالْمَفْعُـولِ)، وشـەی (مَقَـام): چاوگـە، بـە مانـای نـاوی شـوێنی لێراوەسـتان و، کاتەکەشـی دێ، واتـە: هـەم بـە مانـای شـوێنی لـێ وەسـتان و مانـەوە، هـەم کاتـی مانـەوەو لـێ وەسـتان، دێ (مُقَامُ)یـش: بەمانـای شـوێن و، بەمانـای کات و، بەمانـای بەرکاریـش بـەکاردێ.

(وَنَعۡمَةٖ): (النَّعْمَةُ: التَّنَعُّمُ، والنَّعْمَةُ: الحَالَةُ الحَسَنَة، وَالنَّعْمَةُ للجِنْسِ، يُقَالُ: للقَلِيْلِ وَالكَثِيْرِ)، (نَعْمَة): بە مانای خۆشگوزەرانیی و حاڵەتی باش و نازو نیعمەتە، وشەی (نِعْمَة)یش، بۆ جینسە هەم بۆ زۆرو هەم بۆ کەم بەکاردەهێنرێ، کەواتە: (نِعْمَة)، بە مانای خۆشیی و چاکە دێ، بەڵام (نَعْمَة)، بە مانای خۆشگوزەرانیی و کەیف و سەفاو بەهرەمەند بوون لە نیعمەت، دێ.

(فَٰكِهِينَ): (الفُكَاهَةُ: حَدِيْثُ ذَوِي الأُنْسِ، فَاكِهِيْن وَفَكِهِيْن، مُتَّصِفِيْنَ بِالْفُكَاهَةِ، وَهِيَ اللَّعِبُ وَالمِزَاحُ أي: فِي النَّعْمَة يَلْعَبُون)، (فَاكِهِيْن): لە (فُكَاهَة) هاتوە، (فُكَاهَة): قسەی کۆمەڵێکە کە پێکەوە کات بەسەر بەرن، بەو واتایەی کەیف خۆشبن، (فَكِهِيْن) و (فَاكِهِيْن): هەردووکیان یەک واتایان هەیە، واتە: کومەڵێک کە لە حاڵەتی (فُكَاهَة) دان، کە بریتیە لە یاریی و قسەی سوعبەت و، کەیف و خۆشیی.

(بَلَٰٓؤٌاْ): (أي: اخْتِبَارٌ بِالْخَيْرِ وَالشَّرِ)، (بَلَاء): بە مانای تاقیکردنەوە، بە خۆشیی یان ناخۆشیی، واتە: بە شتێک کە مرۆڤ حەزی پێیەتی و بە شتێکیش کە حەزی پێی نیە.

مانای گشتیی ئایەتەکان

وەک پێشتریش گوتمان: ئەم حەڤدە (١٧) ئایەتە، زۆر بە کورتیی و پوختیی، باسی چەند گۆشەیەک لە بەسەرهاتی مووسا ﷺ، هەروەها هاڕوونی برای لەگەڵیدا، بەڵام لێرەدا باسی هاڕوون نەکراوە، گەلەکەی بەنوو ئیسرائیل، لە بەرانبەریشیاندا فیرعەون و دارو دەستەکەی، ئێمە کۆی بەسەرهاتی مووسا و هاڕوون (علیهم السلام) و گەلەکەیان (بەنوو ئیسرائیل)، لە بەرانبەریشیاندا فیرعەون و هامان و قاڕوون و دارو دەستەکەیان، کردوومانە، بە سێزدە (١٣) ئاڵقە، پێنجیان لە تەفسیری سەرەتای سوورەتی (القصص)دا، خستوومانە ڕوو،

هەشتیشیان لـە میانی تەفسـیرکردنی (٦٩) ئایەتەکانی سـوورەتی (**الأعـراف**)دا، ئایەتەکانی: (١٠٣ - ١٧١)، هـی سـوورەتی (**القصص**)یـش، ئایەتـەکانی سـەرەتای سـوورەتی (**القصـص**) ن، ئایەتـەکانی: (١ - ٤٣)، بۆیـە ئێمـە لـە هـەر شـوێنێک بەسـەرهاتی مووسـامان ﷺ بێتـەوە پێـش، ئامـاژە دەکەیـن، بـەو شـوێنە کـە لەوێـدا درێـژەی ئـەو بەسـەرهاتەمان بـە هەمـوو قۆنـاغ و ئاڵقەکانیـەوە خسـتۆتە ڕوو، لێـرەدا خـوا ﷻ وەک گوتمـان: بـە کورتیـی و پوختیـی ئامـاژە دەکات، بـە هەندێـک لـەو قۆناغانـەی بەسـەرهاتی مووسـا ﷺ لەبـەر ئـەوەی لـە شـوێنەکانی دیکـەدا، هـەم لـە سـوورەتی (**الأعـراف**)داو، هـەم لـە سـوورەتی (**طـه**)داو، هەروەهـا لـە سـوورەتی (**الشـعراء**)داو، هەندێکـی لە سـوورەتی (**النمـل**)دا، هەروەهـا لـە سـوورەتی (**القصـص**)دا، دواتریـش لـە هەندێـک شـوێنی دیکـەدا، خـوا ﷻ بەسـەرهاتی مووسـای ﷺ باسـکردوە، بۆیـە لێـرەدا بـە کورتیـی دەفەرمـوێ: ﴿ وَلَقَدْ فَتَنَّا قَبْلَهُمْ قَوْمَ فِرْعَوْنَ وَجَآءَهُمْ رَسُولٌ كَرِيمٌ ﴾، بـە دڵنیایـی لـە پێـش ئەوانـدا، گەلـی فیرعەونمـان تاقیکـردەوەو ڕەوانەکراوێکـی بەڕێزیـان هاتـەلا. ڕانـاوی (**هُـم**)، دەگەڕێتـەوە بـۆ خەڵکـی ڕۆژگاری موحەممـەد ﷺ، واتـە: لـە پێـش ئـەو خەڵکـەی ڕۆژگاری تـۆدا، ئـەی موحەممـەد! ﷺ خەڵـک و کۆمەڵـگای فیرعەونمـان تاقیکـردەوە، ﴿ وَجَآءَهُمْ رَسُولٌ كَرِيمٌ ﴾، پێغەمبەرێکـی بەڕێـزو خـاوەن پێگـەو گـران و سـەنگینیان بـۆ هـات، کـە مووسـایە ﷺ.

لێـردا خـوا ﷻ نـاوی مووسـای هـەر نەهێنـاوە، بـەڵام دەزانـرێ ئـەو پێغەمبـەرە بەڕێـزو حورمەتـەی کـە بـۆ لای فیرعـەون و کۆمەڵەکـەی ڕەوانـە کـراوە، مووسـا ﷺ بـووە، ﴿ أَنْ أَدُّوٓا۟ إِلَىَّ عِبَادَ ٱللَّهِ ﴾، پێیگوتـن: کـە بەنـدەکانی خـوام وێبـدەن، تەسـلیمم بکـەن و پێـم بسـپێرن، واتـە: ئـەو خەڵکـەی وەک ئەمانەتێـک بـوون، لـە لای ئێـوە لـە میسـر، ئـەو نەتـەوەی بەنـوو ئیسـرائیل، ئێسـتا تەسـلیمی منیـان بکـەن و چیدیکـە سـۆغرەو بێگاریـان پـێ مەکـەن و، مەیانچەوسـێننەوە، ﴿ إِنِّى لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ ﴾، بـە دڵنیایـی مـن پێغەمبەرێکـی ئەمینـدارم بـۆ ئێـوە، واتـە: ئەمینـدارم خـوا چ پەیامێکـی پێگەیانـدووم و، پێیدانـاردووم، پێتاندەگەیەنـم، کـە بەشـێکی گـەورەو

گرنگی پەیامەکەم ئەوەیە کە ئەو گەلەی بەنوو ئیسرائیل دەرباز بکەم، لەو واقیعەی ئێوە ئەوانتان خستۆتە ئێوی، کە بریتیە لەوەی نێرینەکانیان سەردەبڕن و، مێینەکانیان دەهێڵنەوەو، سۆغرەو بێگاریان پێدەکەن، دەیانچەسێننەوەو سووکایەتییان پێ دەکەن، ئنجا من ئەمیندارم، ئەگەر ئەوانەم تەسلیم بکەن، وەک سپاردەیەک، دەیانپارێزم، ئەمینداریشم لەو ڕووەوە کە شتێک نالێم، وانەبێ، خوا ﷻ منی بەو پەیامەوە بۆ لای ئێوە ناردوە.

﴿ وَأَن لَّا تَعْلُوا عَلَى اللَّهِ ﴾، هەروەها هاتووم پێتان ڕابگەیەنم، کە ئێوە لە ئاست خوادا خۆتان بەرز مەکەنەوەو خۆتان بەزل مەگرن، ﴿ إِنِّي آتِيكُم بِسُلْطَانٍ مُّبِينٍ ﴾، بە دڵنیایی من بەڵگەیەکی ڕۆشنتان بۆ دێنم، یاخود بەڵگەیەکی ڕۆشنکەرەوەی حەقیقەتی خۆم و حەقیقەتی پەیامەکەمتان، بۆ دێنم کە ڕاستین.

﴿ وَإِنِّي عُذْتُ بِرَبِّي وَرَبِّكُمْ أَن تَرْجُمُونِ ﴾، من پەنام گرتوە بە پەروەردگاری خۆم و پەروەردگاری ئێوەش، کە بەرد بارانم بکەن، لەبەر ئەوەی ئەوان عادەتیان وابووە، کەسێک کە نەیاریان بووەو بە حیسابی ئەوان لێیان یاخیی بووە، بە سزایەکی زۆر خراپ کە بریتیە لە بەرد باران کردن، کوشتوویانە، واتە: من پەنا بە خوا دەگرم، کە ئێوە من بەرد باران بکەن، هەندێک لە توێژەرەوانی قورئان، وشەی: (**تَرْجُمُون**)یان بە جنێو پێگوتن یان دەرکردن، لێکداوەتەوە، بەڵام لە ڕاستییدا ئەوەی مووسای ﷺ وا لێکردوە، پەنایان لێ بە خوا بگرێ، ئەوە نەبووە کە قسەی پێ بڵێن و، بڵێن: بڕۆ لە کۆڵمان بەوە، بەڵکو ئەوە بووە کە بەردبارانی بکەن و بیکوژن و، نەهێڵن پەیامی خوا بگەیەنێ و ئەو ئەرکەی خوا پێی سپاردوە، جێبەجێی بکات، کە بریتیە لە قوتارکردن و دەربازکردنی بەنوو ئیسرائیل، لە ژێر چەکمە و پۆستاڵی ستەمکارانەی ئەوان.

﴿ وَإِن لَّمْ تُؤْمِنُوا لِي فَاعْتَزِلُونِ ﴾، ئەگەر بۆ منیش بڕوا ناهێنن و بەڕاستم نازانن، داوایەکەشم جێبەجێ ناکەن، (**فَاعْتَزِلُون**) کەنارم لێ بگرن، لێم دوورە پەرێز بن،

واتـە: ئەگـەر بـڕوا دێنـن، پێغەمبـەری خـوام هاتـووم بـۆ لاتـان و بەڵگەشـم پێیـە، ئنجا ئەگـەر بـڕوا بێنـن، مـن ئەرکـی خـۆم جێبەجـێ کـردووەو، بـۆ ئێـوەش زۆر باشـە بـۆ دنیاو دوارۆژتـان و مایـەی سـەرفرازییە، ئەگـەر بـڕواش ناهێنـن کەنـارم لێبگـرن، بـەڵام دەفەرمـوێ: ﴿ وَإِن لَّمْ تُؤْمِنُوا۟ لِى ﴾، ئەگـەر بڕواشـم بـۆ ناهێنـن، چونکـە هێنـدەی پێخۆشـە، بـڕوا بێنـن، وەک بڕوایەکـە بـەس بـۆ ئەوبـێ، ئەگەرنـا لـە ڕاستییدا سـوودی بـڕوا هێنانەکـە بـۆ خۆیانـە، ئەگەرنـا ئـەو پێغەمبەرێکـی خوایـەو، پەیامـی خـوای پێگەیانـدوون، ئەگـەر کەمتەرخـەم نەبووبـێ، تـەواوی پاداشـتی خـۆی هەیـە، ئـەوان بـڕوا بێنـن یـان بـڕوا نەهێنـن، بـۆ ئـەو هیـچ فـەرق نـاکات، ئـەوە خۆیانـن کـە لـە بـڕوا هێنانیـان بەهرەمەنـدن، بـەڵام ئەمـە ئـەوە دەگەیەنـێ: مـن هێنـدەم پێخۆشـە، ئێـوە بـڕوا بێنـن، وەک بـۆ مـن بڕواتـان هێنابـێ، وەک کەسـێک بـە کەسـێک دەڵـێ: ئەوەنـدەم پێخۆشـە نوێژەکانـت دەکـەی، وا دەزانـم بۆمنیـان دەکـەی، یـان ئەوەنـدەم پێخۆشـە فلانـە کارە چاکـەت کـردوە، وادەزانـم بـۆ منـت کـردوە.

کـە دەفەرمـوێ: (**فَٱعْتَزِلُـونِ**) کەنـارم لـێ بگـرن، واتـە: گێچەڵـم پـێ مەکـەن و، مەبنـە کۆسـپ لـە بەردەممـدا و وەک بەردێکـی خـڕ هەبـن، کـە دەکەوێتـە زاری کانیەکـەوە، بـۆ خۆشـی ئـاو ناخواتـەوەو، ڕێـی خەڵکیـش نـادات ئـاو بخۆنـەوە!

﴿ فَدَعَا رَبَّهُۥٓ ﴾، ئـەم (ف)ە کـە دەفەرمـوێ: ﴿ فَدَعَا رَبَّهُۥٓ ﴾، لـە زمانی عەرەبییدا، پێـی دەگوتـرێ: (**الفَـاء الفَصِيْحَـة**) فائـی ڕوونکردنـەوە، یاخـود (**فـاء التَّفْرِيـع**) فائـی لقانـدن و لـق لێکردنـەوە، کـە دەلالـەت لەسـەر ئـەوە دەکـەن، لـە پێش ئەوەدا شـتی دیکـە بـووە، واتـە: بڕوایـان پـێ نەهێنـاوەو دژایەتییـان کـردووە، ئامـادە نەبـوون، گـەلی بەنـوو ئیسـڕائیلی تەسـلیم بکـەن، ئەویـش لـە پـەروەردگاری پاڕایـەوە، یـانی: (**لَـمْ يُؤْمِنُـوا بـهِ، وَلَـمْ يَتَّبِعُـوه، وَلَـمْ يُسْـلِمُوا إِلَيْـهِ بَنِـي إِسْرَائِيْـلَ، فَدَعَـا رَبَّـهُ**)، ئەگەرنـا هـەر لـە خـۆوە لـە پـەروەردگاری نەپاڕاوەتـەوە، بەڵکـو لـە پـەروەردگاری پاڕایـەوە، دوای ئـەوەی لەگەڵیانـدا گەیشـتە بـن بەسـت، ﴿ أَنَّ هَٰٓؤُلَآءِ قَوْمٌ مُّجْرِمُونَ ﴾، کـە ئەوانـە کۆمەڵێکـی تاوانبـارن، واتـە: شایسـتەی ئـەوەن سـزایان بـدەی، هەڵبەتـە دوای ئـەوەی

گەیشتۆتە بن بەست و هیچ ئومێدێکی پێیان نەماوە، کە لە شوێنی خۆیدا بە تەفصیل باسمانکردوە، چەندان نیشانەی پێشانداوون، هەر لە سوورەتی (**الزخرف**) یشدا، هاتوە کە پێش ئەم سوورەتە تەفسیرمان کرد، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَمَا نُرِيهِم مِّنْ ءَايَةٍ إِلَّا هِيَ أَكْبَرُ مِنْ أُخْتِهَا ﴿٤٨﴾ ﴾، واتە: هیچ نیشانەو بەڵگەیەکمان پێشان نەدەدان، مەگەر (لە دەستە خوشکەکەی لەوەی پێشێی) گەورەتر بووە، نیشانەکان یەک لە یەکی گەورەتربوون و، هەرجارەش کە نیشانەیەکی پێشان دەدان، تەنگیان پێ هەڵدەچنراو نارەحەت دەبوون، دەهاتنەوە لای مووسا ؑو، دەیانگوت: بۆمان لە پەروەرگارت بپاڕێوە، ئەگەر ئەو بەڵایەمان لێ لابەرێ، بڕوا دێنین، ئەویش بۆیان دەپاڕایەوە و خوا بەڵایەکەشی لێ لادەبردن، کەچی هەر بڕواشیان نەدەهێنا، واتە: کە لێرەدا مووسا دەفەرموێ: ﴿ فَدَعَا رَبَّهُۥٓ أَنَّ هَٰٓؤُلَآءِ قَوْمٌ مُّجْرِمُونَ ﴾، دەبێ بزانرێ ئەوە دوای گەیشتنە بن بەست بووە و دوای و خۆڕاگرییەکی زۆری مووسا ؑو، کەلە چەوسێنراوەکەی بووە، ئنجا مووسا لە پەروەردگاری دەپاڕێتەوە کە ئەوانە کۆمەڵێکی تاوانبارن، کۆمەڵی تاوانباریش دیارە شایستەی سزان، واتە: خوایە! کاتی ئەوە هاتوە سزایان بدەی، ﴿ فَأَسْرِ بِعِبَادِى لَيْلًا ﴾، دیسان ئەم (ف)ەش، بۆ (فصيحة) یان (تفريغ)ە، واتە: خوا ﷻ بە مووسای فەرموو بە گەلەکەت، بڵێ: خۆیان ئامادە بکەن، بۆ ئەوەی دەربازبن و میسر بەجێ بهێڵن، ﴿ فَأَسْرِ بِعِبَادِى ﴾، تۆ شەوڕۆ بە بەندەکانم بکە، واتە: ئەگەر بە نوێژی نیوەڕۆ و لەبەر چاوی گەلی فیرعەون دەربچن، ئەوان ڕاوەدووتان دەنێن و دەتانگرن، بەڵام هەرکات بێ ئاگا بوون و، ئەوان لە شیرینی خەودا بوون، ئێوە دەربچن، بەنوو ئیسرائیل پێشتر دەبێ خۆیان ئامادەکردبێ، ئەگەرنا گەلێک، ئەگەر وەک (پەیمانی کۆن)، دەڵێ: چەند سەد هەزار کەسێک بووبن، کە ئەوە زێدەڕۆییە، بەڵام ئەگەر چەند سەد هەزار کەسێکیش نەبووبن و تەنیا چەند هەزار کەسێک یاخود، چەند سەد کەسێکیش بووبن، بەلای کەمەوە، پێویستیی بەوە کردوە کە پێشتر ئامادە بکرێن، ئنجا دیارە ئەوانە ڕێکخستنێکی نهێنییان هەبووەو، مووسا ؑ کارێکی وایکردوە هەموویان ئاگاداربن و، نهێنییەکەشیان دەرنەچێ،

﴿ فَأَسْرِ بِعِبَادِي لَيْلًا ﴾، بەشەوگار شەورۆ بە بەندەکانم بکە، ئەم وشەی: (لَيْلًا)، بۆ جەختکردنەوەیە، ئەگەرنا (أَسْرِ)، یانی: شەورۆ بکە، ﴿ سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَىٰ بِعَبْدِهِ لَيْلًا ۝١ ﴾الإسراء، واتە: پاکیی بۆ ئەو خوایەی کە شەورۆی بە بەندەی خۆی کرد، لە شەودا، لەوێش دیسان (لَيْلًا)، هەر بۆ جەختکردنەوەیە، ﴿ إِنَّكُم مُّتَّبَعُونَ ﴾، بە دڵنیایی ئێوەش ڕاوەدوونراون، واتە: شوێنتان دەکەون و بەدواتاندا دێن، ئێوە بەدواداچوو و ڕاوەدوونراون، واتە: هەروا لێتان ناگەڕێن، وەک بەرزەکی بانان بۆی دەربچن.

﴿ وَاتْرُكِ الْبَحْرَ رَهْوًا ﴾، دەریایەکەش بەکراوەیی وازلێبێنە، دوای ئەوەی خوا ﷻ دەریای سوور کە بۆی قڵیشاندووی، هەندێک لە تەفسیرەکان گوتوویانە: مەبەست پێی ڕووباری نیلە، بەڵام وانیە، ڕووباری نیل، هەر نیزیک بووە لەوێ، بەڵام مەبەست دەریای سوورە، وەک پێشتر باسمانکردوە کە کاتی خۆی (بَحْرُ القُلْزُم)ی پێگوتراوە، واتە: ئەو دەریایە بە ئاواڵەیی و بە قڵیشاویی بەجێ بهێڵە و وازی لێ بێنە،

لە سوورەتی (الشعراء)دا، هاتوە کە خوا ﷻ فەرمان بە مووسا عليه السلام دەکات، بە گۆچانەکەی لە دەریا بدات، بۆ ئەوەی شەق ببێت، ئنجا کە مووسا عليه السلام بە گۆچانەکەی لە دەریاکە دەدا، دەریا شەق دەبێ، وەك خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ فَأَوْحَيْنَا إِلَىٰ مُوسَىٰ أَنِ اضْرِب بِّعَصَاكَ الْبَحْرَ ۖ فَانفَلَقَ فَكَانَ كُلُّ فِرْقٍ كَالطَّوْدِ الْعَظِيمِ ۝٦٣ ﴾الشعراء، واتە: سروشمان بۆ لای مووسا کرد، کە بە گۆچانەکەت لە دەریایەکە بدە، یەکسەر دەریایەکە شەق بوو (قڵیشا)، هەر بەشێکی وەک کێوێکی مەزن وابوو، چونکە دەریای سوور، لە هەندێ شوێن قووڵاییەکەی ڕەنگە کیلۆمەتر زیاتر بێ، یاخود چەند کیلۆمەترێک بێ، ئنجا ئەوە لەسەر ڕا تاکو خوارێ بیبەستێ و بێتە داڵان، بێگومان وەک کێوی بەرز بووە، بە پێی ئەوە کە کاتی خۆی تەفسیرمان کرد، هۆزو تیرەکانی بەنوو ئیسرائیل دوازدە تیرە بوون و دەریایەکەش بۆتە دوازدە داڵان و ڕێگا، ئەو دەریای خوا قڵیشاندوویەتی

و شـەقی کـردوە، بـۆ ئـەوەی بەنـوو ئیسـرائیل پێیـدا دەربازبـن، بۆیـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَٱتْرُكِ ٱلْبَحْرَ رَهْوًا ﴾، دەریایەکە بـە قڵیشـاویی و بـە کراوەیـی بەجـێ بهێڵـە، ﴿ إِنَّهُمْ جُندٌ مُّغْرَقُونَ ﴾، مەشترسێن بڵێن: بـە دەریایەکـەدا بەدوامـان دادێـن و پێمان دەگەن! بـە دڵنیایـی ئـەوان سـەربازانێکی نغـرۆ بـوون، واتـە: خـوا ﷻ بڕیـاری بـۆ داون، کـە دەبـێ بخنکێـن لـەو دەریایـەدا.

دوایـی خـوا ﷻ باسـی سـەرەنجامەکەیان دەکات، دەفەرمـوێ: ﴿ كَمْ تَرَكُوا۟ مِن جَنَّٰتٍ وَعُيُونٍ ﴾، چەنـدان بـاخ و سـەرچاوەیان بەجێهێشـتن! هەڵبەتـە دوایـی فیرعـەون لـە کاتی خنکانیـدا پەشـێمان بۆتـەوەو، داوای لـە خـوا کـردوە کـە ئـەوە ئیـمانی هێنـاو ملکەچـە، بـە تایبـەت لـە سـوورەتی (یونـس)دا، کـە ئـەو ڕاسـتییە تەنیـا لەوێـدا هاتـوە بـەو شـێوەیە، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَجَٰوَزْنَا بِبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱلْبَحْرَ فَأَتْبَعَهُمْ فِرْعَوْنُ وَجُنُودُهُۥ بَغْيًا وَعَدْوًا ۖ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَدْرَكَهُ ٱلْغَرَقُ قَالَ ءَامَنتُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱلَّذِىٓ ءَامَنَتْ بِهِۦ بَنُوٓا۟ إِسْرَٰٓءِيلَ وَأَنَا۠ مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿٩٠﴾ ءَآلْـَٰٔنَ وَقَدْ عَصَيْتَ قَبْلُ وَكُنتَ مِنَ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٩١﴾ فَٱلْيَوْمَ نُنَجِّيكَ بِبَدَنِكَ لِتَكُونَ لِمَنْ خَلْفَكَ ءَايَةً ۚ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلنَّاسِ عَنْ ءَايَٰتِنَا لَغَٰفِلُونَ ﴿٩٢﴾ ﴾، واتـە: بەنـوو ئیسـرائیلمان، بـە دەریاکـەدا تێپەڕانـد، فیرعـەون و سەربازەکانیشـی سـتەمکارانە، بـە ڕاکـردن شـوێنیان کەوتـن، هەتـا کاتێـک (فیرعـەون) خنـکانی گەیشـتێ، گـوتی: بـڕوام هێنـا، کـە جگـە لـەوەی بەنـوو ئیسـرائیل بڕوایـان پێهێنـاوە هیـچ پەرسـتراوێکی دیکـە نیـەو، مـن لـە ملکەچانـم، (خـوا ﷻ وەڵامـی دایـەوە، یـان فریشـتەکان یـان وەڵامەکـەی ئـاوا دەدرێتـەوە:) ئـا ئێسـتا کـە پێشـتر سـەرپێچیتکردو تـۆ لـە تێکـدەران بـووی! ئەمـڕۆ جەسـتەکەت دەربـاز دەکەیـن، تاکـو بـۆ خەڵکـی دوای خـۆت ببـی بـە نیشـانەو پەنـد، زۆرێـک لـە خەڵکیـش لـە نیشـانەکانی ئێمـە بـێ ئـاگان.

ئێسـتاش جەسـتەی فیرعـەون لـە مۆزەخانـەی میصـرە، ئـەو فیرعەونـەی کـە لـە ڕۆژگاری مووسـادا، حوکمـڕان بـوو، کـە نـاوی (خۆفـۆ) بـووەو نـاوی دیکەشـی بـۆ بەکاردێنـن، ئێسـتا لـەوێ جەنازەیـەو ڕاکشـاوە، واتـە: خـوا ﷻ ئـەوەی فەرموویـەتی،

دوای (٤٠٠٠) ساڵ زیاتریش، ئەو حەقیقەتەی هێناوەتە دی، چونکە دەفەرموێ: تاکو بۆ خەڵکی دوای خۆت ببی بە پەندو نیشانە، ئنجا ئەگەر جەستەکەی فەوتابایە نەدەبووە پەندو نیشانە، بۆیە خوا ﷻ جەستەکەی پاراستوە، ﴿ فَٱلْيَوْمَ نُنَجِّيكَ بِبَدَنِكَ ﴾، ئەمڕۆ جەستەکەت قوتار دەکەین، ئەویش نەک وەک ڕێزگرتنێک لە خۆت، بەڵکو بۆ ئەوەی بۆ خەڵکی دوای خۆت ببی بە پەندو عیبرەت، ئایا ئەو کەسە ئەو فیرعەونە بوو، کە دەیگوت: ﴿ أَنَا۠ رَبُّكُمُ ٱلْأَعْلَىٰ ﴿٢٤﴾ ﴾**النازعات**، واتە: من پەروەردگاری هەرە بەرزتانم؟ ئایا ئەوە ئەو فیرعەونەیە کە دەیگوت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمَلَأُ مَا عَلِمْتُ لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرِى ﴾**القصص**، واتە: ئەی پیاو ماقووڵان! بڕیار بە دەستان! جگە لە خۆم پەرستراوێکی دیکەم، بۆ ئێوە پێ شک نایە؟ ئایا ئەو فیرعەونە بوو، کە دەیگوت: ﴿ مَآ أُرِيكُمْ إِلَّا مَآ أَرَىٰ وَمَآ أَهْدِيكُمْ إِلَّا سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ ﴿٢٩﴾ ﴾**غافر**، بەس ئەوەتان پێ دەڵێم کە خۆم بەڕاستی دەزانم و ئەوەی منیش دەیڵێم، هەمووی ڕاستە؟ ئایا ئەوە ئەو فیرعەونە بوو، کە بە مووسای دەگوت: ﴿ لَئِنِ ٱتَّخَذْتَ إِلَٰهًا غَيْرِى لَأَجْعَلَنَّكَ مِنَ ٱلْمَسْجُونِينَ ﴿٢٩﴾ ﴾**الشعراء**، ئەگەر جگە لەمن پەرستراوێکی دیکە بگری، دەتخەمە لەگەڵ گیراوان، یانی: زۆری دیکەشم زیندانی کردوون، وەک تۆ؟ کەچی ئێستا بۆتە پەند! ئنجا خوا ﷻ دەفەرموێ: ئەوانە سەرەنجام: ﴿ كَمْ تَرَكُوا۟ مِن جَنَّٰتٍ وَعُيُونٍ ﴾، (كَمْ)، (**خبرّية**)یە، یانی: (**كثيراً تَرَكوا مِنْ جَنَّاتٍ وعُيُون**)، زۆریان لە باخ و بێستان و لە کانیی و سەرچاوان، بەجێهێشتن.

﴿ وَزُرُوعٍ وَمَقَامٍ كَرِيمٍ ﴾، هەروەها لە کێڵگەو کشتوکاڵ و جێگاو ڕێگاو، خانووبەرەی خۆش و پڕ نازو نیعمەت.

﴿ وَنَعْمَةٍ كَانُوا۟ فِيهَا فَٰكِهِينَ ﴾، هەروەها خۆشگوزەرانییەک کە ئەوان تێیدا زۆر بە کەیف و خۆشحاڵ بوون، لەوێدا قسەی سوعبەت و سەیرو سەمەرەیان دەکردو، سەرگەرمی یاریی و گەمەو قسەی خۆش و پێکەنین بوون، ﴿ كَذَٰلِكَ ﴾، هەر ئاوا بەو شێوەیە، واتە: بەو جۆرە کە باسمانکرد، ئاوا فەوتاندمانن.

﴿ وَأَوْرَثْنَٰهَا قَوْمًا ءَاخَرِينَ ﴾، ئـەو هەمـوو شـتانەی کـە لێیـان بەجـێ مابـوون، کردمانـە میـرات بـۆ کۆمەڵێکـی دیکـە.

دوایـی ئێمـە لـە مەسـەلە گرنگەکانـدا بـاس دەکەیـن، کـە خـوا ﷻ لـە سـوورەتی (الشـعراء)دا، دەفەرمـوێ: ﴿ كَذَٰلِكَ وَأَوْرَثْنَٰهَا بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ۝٥٩ ﴾، واتـە: ئـەو نـازو نیعمەتـەی لـە دوای فیرعەونییـەکان بەجێـماوە، کردمانـە میـراتی بەنـوو ئیسـرائیل. ئنجـا ئایـا ئـەوە چـۆن بـووە؟

أ- یان وێنەی ئەوە کە لەوان بەجێماوە، خوا ﷻ بۆ بەنوو ئیسرائیلی ڕەخساندوە، لەو شوێنانەی دیکە، کە بۆی چوون، لە دەشتی سیناو لە فەڵەستین.

ب- یان بەشێک لە بەنوو ئیسرائیل، گەڕاونەوە بۆ میسرو، لەوێدا نیشتەجێ بوون و، بوونە خاوەنی ئەو کۆشک و تەلارو باغ و کانیی و سەرچاوەو نازو نیعمەتەی، فیرعەونییەکان بەجێیان هێشتوون، دوایی لە مەسەلە گرنگەکاندا زیاتر قسە لەو بارەوە دەکەین.

﴿ فَمَا بَكَتْ عَلَيْهِمُ ٱلسَّمَآءُ وَٱلْأَرْضُ ﴾، نـە ئاسـمان و نـە زەوی بۆیـان نەگریـان، ﴿ وَمَا كَانُوا۟ مُنظَرِينَ ﴾، هەروەهـا لـە مۆڵەتـدراوان و چاوەڕوانکراوانیـش نەبـوون، کـە چاوەڕوانییـان بکـرێ داخـۆ تۆبـە دەکـەن و، پەشـێمان دەبنـەوە، یـان نـا؟

﴿ وَلَقَدْ نَجَّيْنَا بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ مِنَ ٱلْعَذَابِ ٱلْمُهِينِ ﴾، بـە دڵنیایـی ئێمـە بەنـوو ئیسـرائیلمان، لـە ئازارێکـی ڕیسـواکەرو پـڕ سـووکایەتیی دەربـاز کـرد، کـە ئـەوەی بەسـەر ئـەوان هاتبـوو، بەسـەر کـەم گـەلان هاتـوە، پیـاوەکان سـۆغرەو بێگاریـان پـێ دەکـراو، ئافرەتـەکان بـۆ کاری خـراپ و بـۆ کەیـف و ڕابواردنـی خۆیـان بەکاریـان هێنـاون، بـە گچکەییـش، کوڕەکانیـان سـەربڕیون و کچەکانیـان هێشـتوونەوە: ﴿ يُذَبِّحُ أَبْنَآءَهُمْ وَيَسْتَحْىِۦ نِسَآءَهُمْ ۝٤ ﴾القصـص، ئـەو سـووکایەتیی و حەقارەتـەی بـەوان کـراوە، بـە کـەم گـەل و نەتـەوان کـراوە، بۆیـە خـوا دەفەرمـوێ: ئێمـە بـە دڵنیایـی وەچـەی ئیسـرائیلمان (وەچـەی یەعقووبمـان) ﷺ گـەلی جوولەکەمـان لـە سـزاو

ئازارێکـی ڕیسـواکەر دەربازکـردن، ﴿ مِن فِرْعَوْنَ ﴾، وەک فیرعـەون خـودی ئـازارە ڕیسـواکەرەکەبێ، لـە فیرعـەون دەربازمانکـردن.

﴿ إِنَّهُۥ كَانَ عَالِيًا مِّنَ ٱلْمُسْرِفِينَ ﴾، بـە دڵنیایـی ئـەو خۆبەرزکـەرەوە بـووە، لـە زێدەڕۆییـکاران، واتـە: زێدەڕۆیـی کار بـوو، لـە نێـو زێدەڕۆیکارانیشـدا، زۆر خـۆ بەزلگـرو خـۆ بەرزکـەرەوە و خـۆ سـەپێنەربوو.

﴿ وَلَقَدِ ٱخْتَرْنَٰهُمْ عَلَىٰ عِلْمٍ عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾، بـە دڵنیایـی ئێمـە ئەوانمـان هەڵبـژارد، واتـە: گـەلی بەنـوو ئیسـڕائیل، ﴿ عَلَىٰ عِلْمٍ عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾، بـە زانیارییـەوە کـە دەمانـزانی چۆنـن، بەسـەر جیهانیانییانـدا، دەمانزانـی چۆنـن بۆیـەش هەڵمانبـژاردن، یاخـود: دەشـمانزانی کـە هەڵـەو پەڵەشـیان دەبـێ و هەیـە، لەگـەڵ ئەوەشـدا هەڵمانبـژاردن، بەسـەر جیهانییانـدا، چونکـە ئـەو کاتـە باشـترین خەڵکـی ڕۆژگاری خۆیـان بـوون، ﴿ عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾، (أي: عَلَى العَالَمِيْنَ فِي زَمَانِهِم)، بەسـەر جیهانییـانی ڕۆژگاری خۆیانـدا هەڵمانبـژاردن، ئەگەرنـا بـە تەئکیـد ئێسـتا ئـەوەی پێـی دەگوتـرێ، گەلـی جوولەکـە کـە دەوڵەتێکیـان هـەر بەنـاوی ئیسـڕائیل لەسـەر زەمینـی مسـوڵماناندا سـەپاندووە، ئـەو سـەر زەمینەیـان داگیرکـردوە، بوونـە مایـەی ئازارو مەینەتیـی بـۆ گـەلی مسـوڵمانی فەڵەسـتین و، بوونـە مایـەی خەفـەت و ئـازار بـۆ تێکـڕای مسـوڵمانان، ئێسـتا بـە هیـچ پێوەرێـک ئەوانـە بـە گەلێکـی باشـیش دانانرێـن، چ جـای بـە باشـترینی گـەلانی جیهـان!

خـوا ﷻ لـە کۆتاییـدا، دەفەرمـوێ: ﴿ وَءَاتَيْنَٰهُم مِّنَ ٱلْءَايَٰتِ مَا فِيهِ بَلَٰٓؤٌا۟ مُّبِينٌ ﴾، لـە نیشـانەکان پێمانـدان، شـتانێک کـە نیعمەتێکـی ئاشـکرا، یاخـود تاقیکردنەوەیەکـی ئاشـکرا بـوو، چ بـە بـاری نیعمەتـدا، چ بـە بـاری سـزادان و لێوەشـاندنی زەبـرو زڵلـەی میهرەبانییـدا، ئـەوەی کـە خـوا ﷻ بـۆ گـەلی بەنـوو ئیسـڕائیلی کـردوە، بـە پێـی ئـەوەی لـە قورئانـدا بـۆ ئێمـە دیـارە، خـوا ﷻ بـۆ هیـچ گەلێکـی نەکـردوە، چونکـە ئەوەنـدە پێویسـتییەی ئـەوان هەیانبـووە، هیـچ گەلێـک هێنـدەی پێویسـت نەبـووە، وەک (پیرەمێـرد)ی شـاعیر دەڵـێ:

«کاکە خوا کاری نابەجێ ناکا ... تا کێو نەبینێ بەفری تێناکا».

دیارە ئەوان لە حاڵەتێک و بارودۆخێکدا بوون، کە پێویستیی بەوە کردوە خوا ﷻ ئەو هەموو لوتف و میهرەبانییەیان لەگەڵدا بنوێنێ، بارودۆخەکەیان وایخواستوە، نەک لەبەر ئەوەی لەسەر ئاستی مرۆڤایەتیی و، لەسەر ئاستی دنیا لە هەموو کەس باشتر بووبن، بەڵێ باشترین گەلانی ڕۆژگاری خۆیان بوون و، لە مێژووی مرۆڤایەتییدا، هیچ کەس بە قەدەر ئەوان خوای پەروەردگار شتی یاسادڕو نازو نیعمەتی پێ نەبەخشیوە، لەبەر ئەوەی لە هەموو کەس پێویستتر بوون بۆ ئەو شتانە، نەک لەبەر ئەوەی لە هەموو کەس باشتر بووبن لەسەر ئاستی مرۆڤایەتیی.

وشەی (بَلَاء)، جاری وا هەیە لە قورئاندا بە مانای نازو نیعمەت و، جاری واش بە مانای سەختیی و ناڕەحەتییە، جاری واشە هەیە بە مانای تاقیکردنەوەیە، کە لێرەدا بە تەئکید بە مانای تاقیکردنەوەیە، واتە: ئەوەی پێماندا بوون، لە نیشانەکان، تاقیکردنەوەیەکی ئاشکرا بوو، یاخود ئاشکراکەربوو، بۆ ئەو گەلە، واتە: زۆر ڕوون و بەرچاوو دیار بوو، کە ئەوانە دەستی خوایان لە پشتەوە هەیە، بۆ وێنە: کە خوا ﷻ هەر لە میسر، چەندان بەڵای بە مل فیرعەون و دارو دەستەکەیدا هێناون، وەک دەفەرمووێ: ﴿ وَلَقَدْ أَخَذْنَآ ءَالَ فِرْعَوْنَ بِٱلسِّنِينَ وَنَقْصٍ مِّنَ ٱلثَّمَرَٰتِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ ﴿١٣٠﴾ ﴾الأعراف، دوایی دەفەرمووێ: ﴿ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمُ ٱلطُّوفَانَ وَٱلْجَرَادَ وَٱلْقُمَّلَ وَٱلضَّفَادِعَ وَٱلدَّمَ ءَايَٰتٍ مُّفَصَّلَٰتٍ فَٱسْتَكْبَرُوا۟ وَكَانُوا۟ قَوْمًا مُّجْرِمِينَ ﴿١٣٣﴾ ﴾الأعراف، هەروەها گۆچانەکەی مووسا ﷺ کە بۆتە مارو حەزیایەکی گەورە، هەروەها دەستی کە وەک گلۆپێکی زۆر بە شۆق ئایساوە، ئەوە نۆ نیشانە، ﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَىٰ تِسْعَ ءَايَٰتٍۭ بَيِّنَٰتٍ ﴿١٠١﴾ ﴾الإسراء، جگە لەوە دواییش لە کاتی دەربازبوونیاندا، ئەوەی کە خوا بۆ بەنوو ئیسرائیلی کردوە، بۆ کەسی نەکردوە، دەریای بۆ شەق کردوون، ئەو دەریا زلە قڵیشاوە، ئەو هەموو خەڵکە بەو دەریایەدا، دوای قڵیشانی دەربازبوون، دوایی دوژمنەکانی خۆیان بینیوە، لەدوای

وان، کـە ڕاوەدوویـان نـاون، خنـکاون لـە دەریـای سـووورداو، دوایـی ئـەوان کـە دەربازبـوون چوونەتـە دەشـتی سـیناو، لەوێـش خـوا ﷻ گـەزۆ و باڵنـدەی (سـلوی) ی بـۆ ڕەخسـاندوون، پاشـان هـەر لـەوێ، کانیـی و سـەرچاوەی بـۆ ڕەخسـاندوون: ﴿وَإِذِ ٱسْتَسْقَىٰ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ فَقُلْنَا ٱضْرِب بِّعَصَاكَ ٱلْحَجَرَ ۖ فَٱنفَجَرَتْ مِنْهُ ٱثْنَتَا عَشْرَةَ عَيْنًا ﴿٦٠﴾﴾ البقرة، واتـە: کاتـێ مووسـا داوای ئـاوی بـۆ گەلەکـەی کـرد، (لـە دەشـتی (سـینا) لـەو بیابانـە وشـک و قاقـڕو دێمـەکارەدا)، گوتمـان: بـە گۆچانەکـەت لـە بەردەکـە بـدە، (لـە چیایـەک) ئیـدی دوازدە کانیـی و سـەرچاوەی لـێ دەرقوڵیـن، هەروەهـا زۆر شـتی دیکـەش، کـە دوایـی ئاماژەیـان پێدەکەیـن، هەمـوو ئەوانـە بێگومـان تاقیکردنەوەیەکـی ڕوون و ئاشـکرا بـوون، تاقیکردنەوەیەکـی ئاشـکراکەرو ڕوونکـەرەوە بـوون بـۆ میهرەبانیـی خـوا بەرانبـەر بـەو گەلـە، لـە کاتی لێقەومـان و نەهامەتییـدا.

بۆیـە گەلـی جوولەکـە، کاتـێ مێـژووی خۆیـان دەخوێننـەوە کـە چەنـد لـە زەبوونیـی و چەوسـێنراوەیی دا بـوون، دەبووایـە هەرگیـز سـتەم نەکـەن، ئێسـتاش لـە پەیـمانی کۆنـدا ئـەو شـتانەی خـوا ﷻ لـە قورئانـدا ئامـاژەی پێکـردوون، زۆر بـە تەفصیـڵ و بەڕوونیـی، لەوێـدا بـە وردەکارییەکانیانـەوە باسـکراون، کـە ڕەنگـە هەندێکیـان زێدەڕۆیـی یـان کـەم و کورتییـان تێـدا هەبـێ، بـەڵام گرنـگ ئەوەیـە وەک ئەصڵەکەیـان، ڕاسـتن، دەبووایـە کاتـێ مێـژووی خۆیـان وەبیردێنـەوە، هەرگیـز زوڵـم لـە کـەس نەکـەن و، بزانـن کـە کاتی خـۆی فیرعـەون زوڵمـی لێکـردوون، چەنـدە حاڵیـان خـراپ بـووە، کـە زوڵمـی لـە بـاب و باپیرانیـان کـردوە، دەبووایـە بزانـن ئـەو زوڵمـەی فیرعـەون کـردی، سـەرەنجامەکەی ئـەوە بـوو کـە خـوا ﷻ ئـاوا فیرعـەون و دارو دەسـتەکەی لـە بەیـن بـرد، کەواتـە: ئـەو زوڵمـەی ئەوانیـش ئێسـتا دەیکـەن لـە خەڵکـی مسـوڵمانی فەڵەسـتین و مسـوڵمانان بـە گشـتیی، بـە تەئکیـد ئەو زوڵمـەش دوایـی سـزایەکی خـوای بـۆ لـە بۆسـەدا هەیـە، کـە سـەرەنجام پـەتی زوڵـم لـە ئەسـتوورییدا دەپچـڕێ، ئەگـەر هـەر پەتێـک لـە باریکییـدا بپچـڕێ.

خـوا بـە لوتـف و کەرەمـی خـۆی هیدایـەت و یارمەتییـمان بـدات، کـە لـە بەسـەرهاتی پێغەمبـەران (عَلَيْهِـمُ الصَّـلَاةُ وَالسَّـلَامُ)و گـەلانی پێشـوو دەرس و پەنـدو عیبـڕەت وەربگریـن، ئـەو هەڵـەو کـەم و کوڕییانـەی کـە گـەلانی پێشـوو لەسـەریان تووشـی سـزاو مەینەتیـی بـوون، خـوای بەبەزەیـی یارمەتییـمان بـدات، خۆمانیـان لـێ بـە دوور بگریـن و، ئـەو سـیفەتە چاکانـەی، خوازیـاری ئـەوە بـوون، کـە خـوا ﷻ لـە فریـای گەلـە پێشـووەکان، لـە فریـای مەزڵوومـان بـێ، ئێمـەش ئـەو سـیفەتانە لـە خۆمانـدا پەیـدا بکەیـن و خۆمانیـان پـێ برازێنینـەوە.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

نێردرانی مووسا عليه السلام بۆ لای کۆمەڵی فیرعەون و، داواکردنی لێیان کە گەلی بەنوو ئیسرائیلی تەسلیم بکەن، خۆشیان لە ئاست خوادا بە بەرز نەگرن و، پەنا بە خوا گرتنی مووسا لە زیان و، لە شەڕو خراپەیان و، داواکردنی لێیان کە بە لای کەمەوە بێلایەن بن، بەڵام لامل بوونی فیرعەون و دارو دەستەکەی و، سەرەنجام لە خوا پاڕانەوەی مووسا عليه السلامو، ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە ئەو خەڵکە کۆمەڵێکی تاوانبارن و، شایستەی سزاو جەزرەبەی خوان:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ فَتَنَّا قَبْلَهُمْ قَوْمَ فِرْعَوْنَ وَجَاءَهُمْ رَسُولٌ كَرِيمٌ ﴿١٧﴾ أَنْ أَدُّوا إِلَيَّ عِبَادَ اللَّهِ إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ ﴿١٨﴾ وَأَنْ لَا تَعْلُوا عَلَى اللَّهِ إِنِّي آتِيكُمْ بِسُلْطَانٍ مُبِينٍ ﴿١٩﴾ وَإِنِّي عُذْتُ بِرَبِّي وَرَبِّكُمْ أَنْ تَرْجُمُونِ ﴿٢٠﴾ وَإِنْ لَمْ تُؤْمِنُوا لِي فَاعْتَزِلُونِ ﴿٢١﴾ فَدَعَا رَبَّهُ أَنَّ هَٰؤُلَاءِ قَوْمٌ مُجْرِمُونَ ﴿٢٢﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ بڕگەدا:

١)- ﴿وَلَقَدْ فَتَنَّا قَبْلَهُمْ قَوْمَ فِرْعَوْنَ﴾، بە دڵنیایی پێش ئەوان، کۆمەڵی فیرعەونمان تاقیکردنەوە، واتە: با خەڵکی ڕۆژگاری موحەممەد ﷺ پەند لە گەل و کۆمەڵی فیرعەن وەربگرن، کە خوا ﷻ مووسای عليه السلام بۆ ناردن، بە بەڵگە ڕوون و ئاشکرایەکانەوە، بە پەیامی خواوە، داوایەکی زۆر ڕەوای لێیان هەبوو، کە: چی دیکە ئەو گەلی بەنی ئیسرائیلە، مەچەوسێننەوەو، با وەک هاوڵاتییەکی بە حورمەت، لەم وڵاتەدا بژین، ئەگەرنا لێیان بگەڕێن، با من دەربازیان بکەم و بیانگوازمەوە.

کـە دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ فَتَنَّا قَبْلَهُمْ قَوْمَ فِرْعَوْنَ ﴾، (و) بـۆ بادانەوەو گێڕانەوەیە، (لَقَـد) هـەم (ل)ی سـوێند، هـەم (قَـد)ی سـاغکردنەوە (تحقیـق)، یـانی: بـە دڵنیایـی ئێمـە لـە پێـش وانـدا کۆمەڵـی فیرعەونمـان تاقیکـردەوە، ئەمـە بـۆ ئەوەیـە کـە وەک ئـەوان نەیانزانییـێ، کۆمەڵـی فیرعـەون تاقیکراونـەوەو، خـوا ﷻ مووسـای ﷺ بـۆ نـاردوون و، دوایـی تووشـی بـەڵا بـوون، لـە ئەنجامـی لاملیـی و سـەرپێچییاندا، یانـی: ئێـوە دڵنیابـن کـە لـە پێـش ئەوانـدا، کۆمەڵـی فیرعەونمـان تاقیکردنـەوە، (فَتَنَّـا: أي ابْتَلَيْنَا وَاخْتَبَرْنَا، وَقَوْمُ الرَّجُلِ: مِنْ يَقُوْمُـونَ مَعَـهُ)، (فَتَنَّـا): بـە مانـای: تاقیمانکردنـەوە، جەڕباندمانـن، قەومـی پیاوێـک: ئەوانـەن، کـە لەگەڵـی هەڵدەسـتن و لـە دەورنـی.

٢)- ﴿ وَجَآءَهُمْ رَسُولٌ كَرِيمٌ ﴾، ڕەوانکراوێکی بەڕێزیان بۆ هات، دەڵێ: (الكَرِيْم: النَّفِيْسُ الفَائِق فِي نَوْعِهِ)، (كَرِيْم): لە هەر شتێکدا بریتیە لە هەرە چاک و هەرە پەسند، (الطبري) لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1]، دەڵێ:

(وَوَصَفَهُ جَلَّ ثَنَاؤُهُ بِالكَرَمِ، لِأَنَّهُ كَانَ كَرِيمًا عَلَيْهِ، رَفِيعًا عِنْدَهُ مَكَانُهُ، وَقَدْ يَجُوزُ أَنْ يَكُونَ وَصَفَهُ بِذَلِكَ، لِأَنَّهُ كَانَ فِي قَوْمِهِ شَرِيفًا وَسِيطًا)، واتـە: خـوا ﷻ بۆیـە مووسـای بـە کەریـم وەسـف کـردوە، (کریـم، واتـە: پەسـندو چـاک و بەڕێـزو خـاوەن پێگـە)، لەبـەر ئـەوەی لـە لای خـوا ﷻ زۆر بەڕێـزو خـاوەن پێگـە بـووە، (کـە بـە تەئکیـد وابـووە)، دەشـگونجێ لەبـەر ئـەوە بـێ کـە لـە نێـو خەڵکەکـەی خۆیـدا، مووسـا ﷺ خـاوەن ڕەچەڵـەک و، پێگـەی کۆمەڵایەتیـی بـاش بـووە.

دەڵێـم: لەڕاسـتییدا لـە یـەک کاتـدا مووسـا ﷺ هەردووکیـان بـووە، هـەم لـە لای خـوا ﷻ خـاوەن پێگـەو ڕێـزو حورمـەتی زۆر بـووە، هـەم لـە نێـو بەنـوو ئیسـرائیلیشـدا خـاوەن پێگـەو ڕێـزو حورمەتێکـی تایبـەت بـووە، ئەمـەش نـەک هـەر بـۆ مووسـا ﷺ وابـێ، بەڵکـو خـوا ﷻ هیـچ کام لـە پێغەمبەرانـی نەنـاردوون، مەگـەر لـە مـاڵ و بنەماڵـەو خەڵکێکـی بـاش بووبـن و، خـاوەن ڕێـزو حورمـەت و پێگـە بووبـن، پێـش

(١) جامع البيان: ج٢٥، ص١٢٢، برقم: ٣١١٤٣.

پێغەمبەرایەتییش، چونکە خەڵک عادەتیان وایە، کەسێک کە لەماڵێکی باش نەبێ و، لە خێزانێکی باش نەبێ و، خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی باش نەبێ، گوێی بۆ ناگرن.

٣)- ﴿ أَنْ أَدُّوٓاْ إِلَيَّ عِبَادَ ٱللَّهِ ﴾، پێیگوتن: کە بەندەکانی خوام تەسلیم بکەن، یانی: (سَلِّمُوا عِبَادِ اللهِ إِلَيَّ)، بەندەکانی خوا تەسلیمی من بکەن (کە بریتین لە گەلی بەنوو ئیسرائیل، بەندەی ئێوە نین)، وەک لە سوورەتی (المؤمنون)دا، فیرعەون دەڵێ: ﴿ أَنُؤۡمِنُ لِبَشَرَيۡنِ مِثۡلِنَا وَقَوۡمُهُمَا لَنَا عَٰبِدُونَ ﴿٤٧﴾ ﴾، ئایا بڕوا بێنین بۆ دوو مرۆڤی وەک خۆمان، کە خەڵکەکەشیان کۆیلەو ملکەچی ئێمەن؟ بە دڵنیایی فیرعەون کە ئەو قسانەی کردوون، مووساش ﷺ وەڵامی دەداتەوە، دەڵێ: ﴿ أَنْ أَدُّوٓاْ إِلَيَّ عِبَادَ ٱللَّهِ ﴾، یانی: بەندەکانی خوا تەسلیمی من بکەن، واتە: بەندەی تۆ نین ئەی فیرعەون و کۆیلەی تۆ نین، بەڵێ تۆ سۆغرەو بێگاریان پێ دەکەی و، دەیانچەوسێنیەوە، بەڵام ئەوانە بەندەی خوان، واتە: تەنیا خوا ﷻ شایستەی ئەوەیە، ئەوانە ئەوپەڕی ملکەچییان بۆی هەبێت و، تۆ زوڵمیان لێدەکەی.

واتایەکی دیکەی: ﴿ أَنْ أَدُّوٓاْ إِلَيَّ عِبَادَ ٱللَّهِ ﴾، یانی: (أَنْ أَدُّوا إِلَيَّ الطَّاعَةَ يَا عِبَادِ اللهِ)، ئەی بەندەکانی خوا! (فیرعەون و دارو دەستەکەی)، ئێوە بەندەکانی خوان و ئەی بەندەکانی خوا! فەرمانبەریی بۆ من پێشکەش بکەن، واتە: بە قسەم بکەن و گوێڕایەڵم بن، پەیامی خوام لێ وەربگرن.

بەڵام مانای یەکەمیان بەهێزترە، چونکە ئەو مانای یەکەمە ئەگەر لێرە ئیحتیمالی هەیە: (أَدُّوا)، بە مانای (أَدُّوا إِلَيَّ الطَّاعَةَ) بێ، بەڵام لە سوورەتی (الشعراء)، ئایەتی ژمارە: (١٧)دا، فەرموویەتی: ﴿ أَنۡ أَرۡسِلۡ مَعَنَا بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ﴿١٧﴾ ﴾، واتە: وەچەی ئیسرائیلمان لەگەڵ بنێرەو، تەسلیمیانمان بکە، دیسان لە سوورەتی (طه)شدا، هاتوە، کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ فَأۡتِيَاهُ فَقُولَآ إِنَّا رَسُولَا رَبِّكَ فَأَرۡسِلۡ مَعَنَا بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ وَلَا تُعَذِّبۡهُمۡۖ قَدۡ جِئۡنَٰكَ بِـَٔايَةٖ مِّن رَّبِّكَۖ وَٱلسَّلَٰمُ عَلَىٰ مَنِ ٱتَّبَعَ ٱلۡهُدَىٰٓ ﴿٤٧﴾ ﴾، واتە:

هەردووکتـان (مووسـاو هـاڕوون) بچن بـۆ لای فیرعەون، پێـی بڵێن: ئێمـە ڕەوانەکراوی پەروەردگارتیـن بـۆ لای تـۆ، ئنجا بەنـوو ئیسـڕائیلمان، (وەچـەی ئیسـڕائیلمان) لەگـەڵ بنێـرەو، چیدیکـە مەیانچەوسـێنەوەو، بـە دڵنیایـی لـە پەروەدگارتـەوە نیشـانەو بەڵگەیەکـمان بـۆ هێنـاوی، سـەلام و ئاشـتییش لەسـەر کەسـێک بـێ، کـە بـە دوای ڕێنمایـی خـوا دەکـەوێ.

کەواتـە: بەهـۆی ئـەو دوو شـوێنەوە، ئـەوەی لێـرە خـوا فەرموویـەتی، زۆر بـە ڕوونیـی مانایەکـەی دەزانیـن: ﴿ أَنْ أَدُّوٓا۟ إِلَىَّ عِبَادَ ٱللَّهِ ﴾، بەنـدەکانی خـوام تەسـلیم بکـەن، قورئانیـش هەندێکـی هەندێکـی ڕوون دەکاتـەوە، باشـترین شـێواز بـۆ چاکـتر تێگەیشـتنی قورئـان، ئەوەیـە هـەر بابەتێـک لـە قورئانـدا هاتـوە، بگەڕێیـن، ئایـا لـە قورئانـدا لـە کوێـی دیکـە باسـی ئـەو بابەتـە کـراوە! بـە دڵنیایـی بـە بـەراورد پێکـردنی ئایەتـەکان، هەموویـان، باشـتر تیشـکمان بـۆ دەخرێتـە سـەر چەمـک و واتـای ئـەو بابەتـەی هاتـوە.

٤)- ﴿ إِنِّى لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ ﴾، بە دڵنیایی من بۆ ئێوە ڕەوانەکراوێکی ئەمیندارم، (**أَمِينٌ عَلَى وَحْيِهِ وَرِسَالَتِهِ الَّتِي أَوْعَدَنِيهَا إِلَيْكُمْ**)، واتە: من ئەمیندارم بەسەر ئەو سروش و پەیامەی کە خوا ﷻ بەڵێنی پێداوم، بە ئێوەی بگەیەنم.

شـایانی باسـە: لێرەدا کە مووسـا ﵇، دەڵێ: مـن پێغەمبەرێکی ئەمینـدارم و بەندەکانی خـوام تەسـیم بکـەن، بەنـوو ئیسـڕائیلی وەک سـپاردەیەک، کـە لـە لای فیرعەونـە، تەماشـا کـردوون، کـە دەبـێ تەسـلیمی خاوەنەکەییان بکاتـەوە، کە مووسـایە ﵇.

٥)- ﴿ وَأَن لَّا تَعْلُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ ﴾، هەروەها لە بەرانبەر خواداو لە ئاستی خوادا، خۆتان بەرز مەکەنەوە، خۆتان بە بەرز مەگرن، لووت بەرز مەبن، وەک (**الطبري**)، دەڵێ: (**أَنْ لَا تَطْغَوْا وَتَبْغُوا عَلَى رَبِّكُمْ، فَتَكْفُرُوا بِهِ وَتَعْصُوهُ، فَتُخَالِفُوا أَمْرَهُ**)، یاخیی مەبن و، سنوورشکێنیی مەکەن، لە بەرانبەر پەروەردگارتاندا، کە پێی بێبڕوا بن و سەرپێچیی لێ بکەن و، فەرمانەکەی جێبەجێ نەکەن، کە بە مندا ناردوویەتی.

٦)- ﴿ إِنِّيٓ ءَاتِيكُم بِسُلۡطَٰنٖ مُّبِينٖ ﴾، من هێنەری بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرام، بۆ ئێوە، واتە: بەڵگەو نیشانەیەکم بۆ هێناون، کە ئێوە دڵنیابن، من ڕاست دەکەم و، پێغەمبەری خوام و لە لایەن خواوە ڕەوانکراوم، ئەو داوایەی لێتان دەکەم، خوا ﷻ منی پێ ڕاسپاردوە.

(**سُلْطَان**) بە مانای: (**حُجَّةً**) بەڵگەیە، بۆیە وشەی: (**بُرْهَان**) هەندێک جار (**سُلْطَان**)ی بۆ بەکارهێنراوە، هەندێک جار (**بَيِّنَة**)ی بۆ بەکارهێنراوە، لەبەر ئەوەی بەڵگە، عەقڵ و دڵی بەرانبەرەکە دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، ئەگەر (**بَيِّنَة**) بێ، واتە: زۆر ڕوون و ئاشکرا، کە (**بُرْهَان**)یش هەر بە مانای شتێکی ئاشکراو ڕوونە، کە مشت و مڕو چەندو چۆن، هەڵنەگرێ.

٧)- ﴿ وَإِنِّي عُذۡتُ بِرَبِّي وَرَبِّكُمۡ أَن تَرۡجُمُونِ ﴾، من پەنا بە پەروەردگاری خۆم و پەروەردگاری ئێوەش دەگرم، کە ئێوە بەرد بارانم بکەن، وشەی (**رَجم**): بە مانای بەرد بارانکردن دێ، بە مانای کوشتنیش دێ و، بە مانای جنێوپێدانیش دێ، بە مانای تۆمەتبارکردن و دەرکردنیش دێ، چەند واتایەکی هەن، بەڵام بە پێی سیاق، دەبێ سەرنج بدرێ: ئایا کام لەو واتایانە لەگەڵیدا دەگونجێ؟ لێرەدا وا دێتە بەرچاو، مەبەست پێی بەرد بارانکردن بێ، (**القُرْطُبي**)، دەڵێ: (**كَأَنَّهُمْ تَوَعَّدُوهُ بِالْقَتْلِ فَاسْتَجَار بِاللّٰه**)، کە دەڵێ: ﴿ وَإِنِّي عُذۡتُ بِرَبِّي وَرَبِّكُمۡ أَن تَرۡجُمُونِ ﴾، مووسا عليه السلام هەر لە خۆوە وای نەگوتوە، چونکە ئەوان هەڕەشەیان لێکردوە، کە بەرد بارانت دەکەین، دیارە عادەتیان وابووە، بۆ کوشتنی نەیارەکانیان، بە خراپترین شێوە بیانکوژن کە بریتیە لە بەرد بارانکردن، بۆیەش مووسا گوتوویەتی: پەنا بە پەروەردگاری خۆم و پەروەردگاری ئێوەش دەگرم، کە بەرد بارانم بکەن، دیارە هەڕەشەیان لێکردووەو ئەویش لە بەرانبەر هەموو هەڕەشەکەیاندا پەنای بە خوا گرتوە.

٨)- ﴿ وَإِن لَّمۡ تُؤۡمِنُواْ لِي فَٱعۡتَزِلُونِ ﴾، ئەگەر بۆ منیش بڕوا ناهێنن، کەنار بگرن، وەک توێژەرەوان هەندێکیان گوتوویانە: (**دَعُونِي كَفَافاً لَا لِيَ وَلَا عَلَيَّ**)، لێمگەڕێن، ئەگەر سوودیشم پێناگەیەنن، زیانیشم پێ مەگەیەنن، ئەگەر شوێنیشم ناکەون، دژایەتییشم مەکەن، من هاتووم ئەو خەڵکە بانگ دەکەم بۆ لای خوا ﷻو، دەربازیان دەکەم، لەو واقیعە سەخت و دژوارو ڕیسواکەرەی ئێوە ئەوانتان تێدا داناوە.

٩)- ﴿ فَدَعَا رَبَّهُۥٓ أَنَّ هَٰٓؤُلَآءِ قَوۡمٞ مُّجۡرِمُونَ ﴾، یەکسەر لە پەروەردگاری پاڕایەوە، کە ئەوانە کۆمەڵێکی تاوانبارن. وەک پێشتریش گوتمان: ئەم (**ف**)ە، کە دەفەرموێ: ﴿ فَدَعَا رَبَّهُۥٓ ﴾، بۆ بەدواهاتن (**تَعْقِيْب**)ەو، ئەم ڕستەیە بادەداتەوە سەر شتێک کە قرتێندراوە، بەڵام خوازیاری ئەو پاڕانەوەیەی مووسا بووە، واتە: (**فَلَمْ يُلَبُّوا طَلَبَهُ وَأَصَرُّوا عَلَى أَذَاهُ، وَكَفَرُوا وَاسْتَمَرُّوا عَلَى كُفْرِهِمْ، فَدَعَا رَبَّهُ**)، ئەوان داواکارییەکەیان بۆ جێبەجێ نەکردو، لەسەر ئەزیەت و ئازاری خۆیان بەردەوام بوون، هەر بێبڕوا بوون و بەردەوام بوون لەسەر بێبڕواییەکەیان، ئەویش لە پەروەردگاری پاڕایەوە.

پاڕایـەوە چـی فەرمـوو؟ فەرمـووی پـەروەردگارم! ئـا ئەوانـە کۆمەڵێکـی تاوانبـارن، ئیـدی بـە پێویسـتیی نەزانیـوە بفەرمـوێ: چییـان لێبکـەو چییـان پـێ بکـە، مـادام تاوانباربـن شایسـتەی ئـەوەن خـوا سـزایان بـداو، ئەوەنـدە بـەس بـووە تەنیـا بـە ئامـاژە باسـی ئـەوە بـکات: ئەوانـە شایسـتەی سـزادرانن، ئـەوی دیکـە هەمـووی عایـدی خـوای کاربەجێیـەو، خـۆی دەزانێـت ئـەو تاوانبارانـە چـۆن سـزا دەداو، چـۆن تۆڵـەی ئـەو گەلـە چەوسـاوەیان لـێ دەکاتـەوە!

مەسەلەی دووەم:

فەرمانکـردنی خـوا ﷻ بـە مووسـا ﷺ کـە شـەوڕۆ بـە گەلەکـەی بـکات، چونکـە ڕاوەدوو دەنرێـن و، دوای قڵیشـانی دەریـای سـووریش بـە کـراوەی لێـی گـەڕێ و، دڵنیابـێ کـە فیرعـەون و سـوپایەکەی نغـرۆ دەبـن، پاشـان باسـی ئـەو نـازو نیعمەتانـەی جێیـان هێشـتوون و، خـوا کردوونیـە میـراتی کۆمەڵێکـی دیکـەو، ئەوانیـش ئاسـمان و زەوی بۆیـان نەگریـاون:

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ فَأَسْرِ بِعِبَادِي لَيْلًا إِنَّكُم مُّتَّبَعُونَ ﴿٢٣﴾ وَاتْرُكِ الْبَحْرَ رَهْوًا إِنَّهُمْ جُندٌ مُّغْرَقُونَ ﴿٢٤﴾ كَمْ تَرَكُوا مِن جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ ﴿٢٥﴾ وَزُرُوعٍ وَمَقَامٍ كَرِيمٍ ﴿٢٦﴾ وَنَعْمَةٍ كَانُوا فِيهَا فَاكِهِينَ ﴿٢٧﴾ كَذَٰلِكَ وَأَوْرَثْنَاهَا قَوْمًا آخَرِينَ ﴿٢٨﴾ فَمَا بَكَتْ عَلَيْهِمُ السَّمَاءُ وَالْأَرْضُ وَمَا كَانُوا مُنظَرِينَ ﴿٢٩﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دە بڕگەدا:

١)- ﴿ فَأَسْرِ بِعِبَادِي لَيْلًا ﴾، ئنجا بەشەو شەوڕۆ بە بەندەکانم بکە. (ف)ی (فأسر)، دیسان (الفَاءُ الفَصِيْحَة) ، یان (فَاءُ التَّفْرِيْع)ی پێدەڵێن، (وَهِيَ الوَاقِعَة جَوَابَاً لِشَرْطٍ مُقَدَّرٍ كَأَنَّهُ قَالَ: إِنْ كَانَ الأَمْرُ كَمَا تَقُولُ فَأَسْرِ بِعِبَادِي)، ئەم (ف)یە، ڕوونکەرەوەی چەند شتێکی دیکەیە، کە لە پێشەوە هاتوون و، وەڵامی مەرجێکی مەزەننەکراوە، وەک خوا ﷻ فەرموویێتی: مادام حاڵ بەو شێوەیە کە دەڵێی، کەواتە: شەوڕۆ بە بەندەکانم بکە.

(فَـأَسْرِ)، خوێنراویشـەتەوە: (فَـاسْرِ)، چونکـە (أَسْرَى وَسَرَى)، هەردووکیـان، یـانی: شـەوڕۆی کـرد، سـەفەری شـەوی کـرد، وشـەی: (لَيـلًا)، (ظَـرْفُ زَمَـانٍ مُتَعَلِّـق ب(فَـأَسْرِ)، (لَيـلًا) زەرفـی کاتـەو پەیوەسـتە بـە شـەوڕۆیەکەوە، ئایـا ئـەو شـەوڕۆییە کەنگـێ بـێ؟ دەبـێ شـەوبێ، هەڵبەتـە (أسرى و سرى) یانـی: سـەفەری شـەوی کـرد، بـەڵام (لیـلاً) بـۆ جەختکردنەوەیـە، وەك (يطيـر بجناحيـە).

٢)- ﴿إِنَّكُم مُّتَّبَعُونَ﴾، چونکە ئێوە ڕاوەدوو نراون، شوێنتان دەکەون، (**تَعْلِيْلٌ للأَمْرِ بالإِسْرَارِ لَيْلاً**)، ئەمە هۆکار هێنانەوەیە بۆ ئەوە، کە بۆچی دەبێ شەوڕۆییان پێبکات؟ چونکە ئێوە ڕاوەدوودەنرێن، واتە: شەوپەنهانە تاکو ماوەیەکی باش ببڕن و پێتان نەگەن.

ئنجا کە فەرموویەتی: ﴿إِنَّكُم مُّتَّبَعُونَ﴾، (**أُسْنِدَ الإِتْبَاعُ إِلى غَيْرِ مذكور، لأنَّهُ مِنَ المَعْلُوم، لأَنَّهُمْ قَوْم فِرْعَونُ وَجُنْدُه**)، بۆیە ڕاوەدوونرانەکە پاڵدراوەتە لای بکەرێک، کە ناوی نەهاتوە، چونکە دیارە کە مەبەست کێیە ڕاوەدووی گەلی بەنوو ئیسرائیل دەنێ، کە فیرعەون و سەربازەکانی.

٣)- ﴿وَٱتْرُكِ ٱلْبَحْرَ رَهْوًا﴾، لە دەریایەکەش گەڕێ بە کراوەیی، (**البَحْرَ**)، (أل)ی ناساندنی لەسەرەو، ئەلیف و لامەکە بۆ (**عهد**)ە، واتە: لە دەریایەکە گەڕێ، مەبەست پێی جینسی دەریا نیە، لە دەریایەکە گەڕێ، کە مەبەست پێی دەریای سوورەو پێشتر (**بحر القلزم**)ی پێکوتراوە، کەواتە: ئەوە کە هەندێک لە تەفسیرەکان، بۆ وێنە: تەفسیری (**نموونه**)[1]، دەڵێ: (**نَهْر النِّيل**)، لە ڕاستییدا نەیپێکاوەو، نازانم لە کوێی هێناوە! ڕەنگە لە هەندێ تەفسیری دیکەشدا هەبێ، بەڵام مسۆگەر ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە ڕووباری نیل، زۆرجار هەر بە نێو میسردا هاتوە، ئەو شارەش کە بەنوو ئیسرائیلی تێدا بوون، ئایا لەمبەری بووە، یان لەوبەری بووە؟ پاشان تاکو لەو شارەوە دەگەنە، ڕووباری نیل زۆر نزیکە، کەی بواری ئەوە دەبێ ئەوان ماوەیەک ببڕن؟ هەروەها گەلی فیرعەون بە خۆو بەو سوپایەش کە چەند هەزار کەسێک هەر بوون، ئەگەر چەند سەد هەزار کەسێکیش نەبوون، پانتاییەکی باشیان دەوێ، کە جێی هەردووکیان تێدا بووبێتەوە، پێش ئەوەی بگەنە بەردەمی ئەو دەریایە.

کەواتە: بە دڵنیایەوە مەبەست پێی دەریای سوورە، کە ماوەیەکی باش بەنوو ئیسرائیل ڕۆیشتوون، تاکو گەیشتوونەتە دەریای سوور، ئیدی ئەوان گەیشتوونە ئەوێ، ئنجا دوایی فیرعەونیش بەخۆی و بە سوپایەکەیەوە، شوێنیان کەوتوون،

---

(١) ج٢٤، ص١٧٥.

ئنجا ئەو ڕاکردنەی بەنوو ئیسرائیل بە نیوە شەوو، حاڵەتێکی نەخافڵ بووەو، ئەو سوپایەی فیرعەونیش هەمووی یەکسەر بە پلاك و دوگمە ساز نابێ، هەتا خۆیان پێچاوەتەوەو تاکو وڵاخیان زین کردوون و هەتا عەرەبانەیان ساز کردوون، وەک لە پەیمانی کۆندا هاتوە، دەڵێ: بە چەند سەد عارەبانەوە، بێگومان ئەوە هەمووی کاتی ویستوە، بۆیە پێویستە پانتاییەکی جوگرافیی باش بووبێ، بۆ ڕاکردن و ڕاوەدوونانی مووسا عليه السلام و گەلەکەی لەلایەن فیرعەون و سوپایەکەیەوەو، ناگونجێ ڕووباری نیل بووبێ، ڕووباری نیلیش پانتاییەکەی هێندە نیە، کە فیرعەون و سوپایەکەی هەمووی بچنە نێوی و بشخنکێن، بەڵام دیارە دەریای سوور لە هەر شوێنێکی پەڕیبنەوە، لە تەسکترین شوێنیشەوە، بێگومان پانییەکەی چەندان کیلۆمەترەو، پانتایی ئەوەی تێدا دەبێ و، جێی ئەوەی تێدا بۆتەوە، کە فیرعەون بە هەموو سوپاکەیەوە بێتە نێوی، دەریایەکەیان لێ وێکبێتەوە.

ئنجا کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَٱتۡرُكِ ٱلۡبَحۡرَ رَهۡوًا ﴾، دەریایەکە لێگەڕێ بە قڵیشاوەیی و، بە کراوەیی، (**رَهْواً أي: سَاكِناً وَمَفْتُوحاً وَذَا سَعَةٍ**)، لێی گەڕێ با بە فراوانیی و بەقڵیشاویی، بە کراوەیی بمێنێتەوە.

٤)- ﴿ إِنَّهُمۡ جُندٞ مُّغۡرَقُونَ ﴾، بە دڵنیایی ئەوان سەربازانێکی نغرۆکراون، واتە: بڕیاردراوە کە ئەوان دەبێ بخنکێنرێن، کەواتە: لێیان مەترسێن، ئەم ڕستەیە: ﴿ وَٱتۡرُكِ ٱلۡبَحۡرَ رَهۡوًا ﴾، حیکمەتەکەی ئەوەیە کە مووسا عليه السلام گۆچانی لە دەریا داوەو شەق بووە، وەک لە سوورەتی (**الشعراء**)دا، هاتوە، ﴿ أَنِ ٱضۡرِب بِّعَصَاكَ ٱلۡبَحۡرَۖ فَٱنفَلَقَ فَكَانَ كُلُّ فِرۡقٖ كَٱلطَّوۡدِ ٱلۡعَظِيمِ ٦٣ ﴾، ئنجا ئەگەر دووبارە گۆچانی لێ دابایە، دەریایەکە وێک دەهاتەوە، بە فەرمانی خوا ﷻ، بۆیە خوا فەرموویەتی: لە دەریایەکە گەڕێ و، مەشترسێن چونکە ئەوان بڕیاریان بۆ دراوە کە دەبێ لەو دەریایەدا بخنکێن.

٥)- ﴿ كَمۡ تَرَكُواْ مِن جَنَّٰتٖ وَعُيُونٖ ﴾، (یەکسەر خوا ﷻ، باسی ئەوە دەکات وەدەفەرموێ:) زۆر باغ و بێستان و کانیی و سەرچاوەیان بەجێهێشتن، چونکە (**كَمْ**) (**كَمُ الخَبَرِيَةِ لِلتَكْثِير**)، (**كَمْ**)ی خەبەریی بۆ زۆرییە، یانی: زۆریان بەجێهێشتن.

٦)- ﴿ وَزُرُوعٍ وَمَقَامٍ كَرِيمٍ ﴾، هەروەها زۆر کشتوکاڵ و شوێنی تێدامانەوەی پەسندو باشیان بەجێهێشتن، (مقام)، واتە: شوێنی تێدامانەوە، جێگاو ڕێگا، خانووبەرەی زۆر پڕ ڕێزو حورمەت.

٧)- ﴿ وَنَعْمَةٍ كَانُوا۟ فِيهَا فَٰكِهِينَ ﴾، هەروەها نازو نیعمەتێک، خۆشیی و بەهرەمەندبوونێک، کە تێیدا زۆر کەیف خۆش و شادمان بوون، (فَاكِهِين)، خوێنراویشەتەوە: (فَكِهِين) هەردووکیان بە یەک واتان، واتە: لەوێدا قسەی خۆشیان دەکردو، شادمان بوون و بەهرەوەر گربوون.

(النَّعْمَةُ: اسْمٌ لِلتنَعُّمِ، مَصُوغٌ عَلَى زنة الْمَرَّةِ، وَلَيْسَ الْمُرَادُ بِهِ الْمَرَّةَ، بَلْ مُطْلَقُ الْمَصْدَرِ، بِاعْتِبَارِ أَنَّ مَجْمُوعَ أَحْوَالِ النَّعِيمِ صَارَ كَالشَّيْءِ الْوَاحِدِ)، وشەی: (النَّعمة) ناوە بۆ ڕابواردن و لەززەت وەرگرتن، (نَعْمَة)، لەسەر کێشی (مَرَّة)، داڕێژراوە، بەڵام مەبەست پێی یەکجار نیە، بەڵکو مەبەست پێی چاوگە، بە ئیعتیباری ئەوە کە کۆی حاڵەتەکەیان، وەک یەک شت وابووە، لە سوورەتی (الشعراء)دا، دەفەرموێ: ﴿ فَأَخْرَجْنَٰهُم مِّن جَنَّٰتٍ وَعُيُونٍ ﴿٥٧﴾ وَكُنُوزٍ وَمَقَامٍ كَرِيمٍ ﴿٥٨﴾ ﴾، دەرمان هێنان، (کۆمەڵی فیرعەون) لە نێو چەند باغ و بێستانێک و، لە نێو چەند کانیی و سەرچاوەیەک، (كُنُوز) کۆی (كَنْز)ە، یانی: خەزنە، خەزێنە، پارەو سەروەت و سامانی وەسەریەکنراو، ﴿ وَمَقَامٍ كَرِيمٍ ﴾، جێگەو ڕێگەو خانووبەرەی پڕ ڕێزو حورمەت و خۆش و نایاب.

٨)- ﴿ كَذَٰلِكَ ۖ وَأَوْرَثْنَٰهَا قَوْمًا ءَاخَرِينَ ﴾، ئا بەو شێوەیە بوو، (بەو شێوەیەی باسکرا، ئاوا ڕوویدا)، ئەوەی بەجێیانهێشتبوو کردمانە میراتی کۆمەڵێکی دیکە، یانی: ﴿ جَنَّٰتٍ وَعُيُونٍ ﴿٢٥﴾ وَزُرُوعٍ وَمَقَامٍ كَرِيمٍ ﴿٢٦﴾ وَنَعْمَةٍ كَانُوا۟ فِيهَا فَٰكِهِينَ ﴿٢٧﴾ ﴾، هەموو ئەوەمان کردە، میراتی کۆمەڵێکی دیکەو، خەڵکێکی دیکە.

لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ كَذَٰلِكَ ۖ وَأَوْرَثْنَٰهَا قَوْمًا ءَاخَرِينَ ﴾، هەر بەو شێوەیەو کردمان بە میراتی کۆمەڵە خەڵکێکی دیکە، ئەو کۆمەڵە خەڵکەی دیکە، کێ

بـوون؟ لـە سـوورەتی (**الشـعراء**)دا، دەفەرمـوێ: ﴿ كَذَٰلِكَ وَأَوْرَثْنَٰهَا بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴿٥٩﴾ ﴾، واتـە: هـەروا بـەو شـێوەیەی باسـکرا، ئـەو شـتانەمان کردنـە میـراتی وەچەی ئیسـرائیل، لـە ئایەتـەکانی: (٥٧ - ٥٩)دا، خـوا ﷻ باسـی هەمـان مەبەسـت دەکات، بـەڵام لـەوێ دەفەرمـوێ: کردمـان بـە میـراتی گـەلی بەنـوو ئیسـرائیل.

ئنجـا زانایـان لـەو بـارەوە مشـتومڕی زۆریـان بـووە، چونکـە بەنـوو ئیسـرائیل کـە لـە دەریـای سـوور پەڕیونـەوە، جارێکـی دیکـە نەگەڕاونـەوە بـۆ میسـر، وەک ئاشـکرایە، هـەم لـە پەیـمانی کۆنـدا، هـەم لـە مێـژوودا، هـەم لـە قورئانـدا، بەڵکـو دوایـی هاتـوون بـەرەو دەشـتی سـیناو، بـەرەو فەڵەسـتین و، خـوای پـەروەردگار بەڵێنـی پێـداون، لـەوێ نیشـتەجێیان بـکات، گەلێکـی چەوسـاوە بـوون، ئەوێـش کـە سـەر زەمینێکـی پـڕ بەرەکەتـە، لـەوێ نیشـتەجێیان بـکات، نـەک بـەو شـێوەیە کـە بێـن، موڵـک و ماڵـی خەڵکـی دیکـە داگیـر بکـەن، ئـەو کاتـە مرۆڤایەتیـی ژمـارەی هێنـدە زۆر نەبـووە، سـەرزەوی شـوێنی چۆڵـی زۆری لـێ هەبـوون، سـەر زەمینـی شـام، شـوێنێکی فـراوان بـووەو جێـی خەڵکێکـی زۆری تێـدا بۆتـەوە، ئەوانیـش بچـن لـەوێ بـۆ خۆیـان، کۆمەڵگایـەک و قەوارەیـەک دروسـت بکـەن و، چیدیکـە لـە ژێـر چەپـۆک پۆسـتاڵی فیرعـەونی میسـر، یـان فیرعەونێکـی دیکـە دانەبـن و، خـاوەنی قـەوارەی سـەربەخۆی خۆیـان بـن و، ئـەو شـەریعەتەی خـوا بـۆی نـارد بـوون، کـە تەوراتـە، لـە ژیـانی خۆیانـدا جێبەجێـی بکـەن، ژیانـی خۆیـانی پـێ ڕێـک بخـەن، کەواتـە: بەنـوو ئیسـرائیل نەگەڕاونـەوە بـۆ میسـر، ئـەدی چـۆن خـوا لـە سـوورەتی (**الشـعراء**)دا، دەفەرمـوێ: ﴿ كَذَٰلِكَ وَأَوْرَثْنَٰهَا بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴿٥٩﴾ ﴾؟

لێـرەدا زانایـان، وەک کاتی خـۆی لـە تەفسـیری (**الشعراء**)یشـدا، باسـمان کـردوە، چەنـد واتایەکیـان بـۆ ئـەوە کـردووە:

١- لە جۆری ئەو شتانەی کە فیرعەون و دارو دەستەکەی بەجێیان هێشتن، لە جۆری ئەوەمان کردە میرات، کردمانە پشک و بەش بۆ بەنوو ئیسرائیل، نەک خودی ئەو

شتانە، بەڵكو لە جۆری ئەوانە، واتە: فیرعەون و دارو دەستەكەی باغ و بێستان و گوڵ و گوڵزاریان بەجێ هێشتوون، كانیی و سەرچاوەو، جۆگەو جۆبار، كۆشک و تەلارو، پارەو سامان، خۆشیی و نازو نیعمەت، خوای پەروەردگاریش هەموو ئەو شتانەی لە شوێنێكی دیكە، بە بەنوو ئیسرائیل داون، واتە: باغ و بێستانی پێداون، كانیی و كانیاوی پێداون، جۆگەو جۆباری پێداون، كۆشک و تەلاری پێداون، پارەو سامانی پێداون، خۆشیی و نازو نیعمەتی پێداون، لە سەر زەمینی شام، ئەم واتایەش زیاتر دەچێتە عەقڵ و دڵەوە.

٢- بەڵام هەندێكی دیكە، لە زانایان ڕایەكی دیكەیان هەیە، بۆ وێنە: **(الشوكاني)** لە تەفسیرەكەی خۆیدا[1]، دەڵێ: **(بَنُو إِسْرَائِيل هُم الوَارِثُون)**، ئایەتەكەی سوورەتی **(الشعراء)**ی وا لێكداوەتەوە، كە دەفەرموێ: ﴿ قَوۡمًا ءَاخَرِينَ ﴾، واتە: دامانە گەلی بەنوو ئیسرائیل، دەڵێ: بەنوو ئیسرائیل ئەو میراتگرانە بوون، هەندێک لە توێژەرانی قورئان، ڕایان وایە دەڵێن: دوای ئەوەی بەنوو ئیسرائیل لە دەریای سوور پەڕینەوەو گەلی فیرعەون و، سوپاكەی خنكاون، چوونەوە نێو میسر و لەوێ نیشتەجێ بوون و دوایی هاتوون بۆ دەشتی سینا!! بەڵام نە لە قورئاندا ئەوە باسكراوەو، نە مێژووش ئەوە دەردەخات كە بەنوو ئیسرائیل دوای دەرباز بوونیان لە میسرو، لە بەین چوونی فیرعەون و سوپاكەی، گەڕابنەوە بۆ میصر، شتی وا باس نەكراوە.

(الطبري)یش، ئەمە وەک ڕایەک دەهێنێ، كە بەنوو ئیسرائیل ئەو شوێنەیان بە میرات گرتبێ، نەک ئەوان گەڕابنەوە، دەڵێ: خەڵكێكیان لەوێ ماوەتەوە[2].

خاوەنی تەفسیری (نموونە)ش كە بە فارسییە، دەڵێ: هەندێكیان گەڕاونەوە بۆ میسر و لەوێ نیشتەجێ بوون[3].

---

(١) فتح القدير، ج٤، ص٦٨٧.

(٢) جامع البيان، ج٢٥، ص١٢٧.

(٣) تفسير نمونه، ج٢١، ص١٧٨.

٣- بەڵام (طنطاوي جواهري) لە تەفسیرەکەی خۆیدا[١] دەڵێ: (الْمُرَادُ أَنْ قَوْمَاً غَيْرَ بَنِي إِسْرَائِيْلَ دَخَلُوْا مِصْرَ، وَذَلِكَ أَنَّهُ بَعْدَ هَذَا التَّارِيْخ تَغَلَّبَ عَلَى مِصْر، الآشُورِيُّون وَالبَابِلِيُّون تَارَةً، وَالحَبَش مَرَّةً أُخْرَى، وَالفُرْسُ مُدَّةً، وَاليُونَان آوِنَةً، وَالرُّومَان أَخِيْراً، ثُمَّ أُمَّةُ العَرَب، ثُمَّ الطَوْلُونِيون، وَالأَخْشَيدِيُون، وَالفَاطِمِيُون، وَالمَمَالِيْك البَرِيَّة وَالبَحْرِيَّة، وَالتُّرْكُ، وَالفَرَنْسِيُون، وَالإِنْجِلِيْز، وَهَا نَحْنُ أُولَاءِ الآنَ فِي مِصْر نُجَاهِد فِي خُرُوجِهِمْ مِنْهَا، أَمَّا بَنُو إِسْرَائِيْل فَلَمْ يَتَغَلَّبُوْا عَلَيْهَا) بە ڕاستیی ئەو (طنطاوي) ڕەحمەتی خوای لێ بێ، لەبەر ئەوەی هەم زۆر شارەزای مێژوو بووە، هەم زۆر شارەزای جوگرافیا بووە، هەم زۆر شارەزای زانستەکانی ڕۆژگاری خۆی بووە، تەفسیرەکەی پڕ کردوە لەو جۆرە زانیارییانە، کە جاری وایە زێدەڕۆییشی تێدا کردوە، بەڵام هەندێک شت ئەو باش تێیگەیشتوە و، ڕەنگە توێژەرەوانی دیکەی قورئان بەو شێوەیە تێنەگەیشتن، لەبەر ئەوەی ڕۆشنبیرییەکی زۆر گشتیی و فراوان و قووڵی هەبووە، لێرەدا دەڵێ:

مەبەست لەوە کە دەفەرموێ: ﴿ قَوْمًا ءَاخَرِينَ ﴾، واتە: کۆمەڵێکی دیکەی جیا لە بەنوو ئیسرائیل، هاتنە میصرەوە [بۆیە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ قَوْمًا ءَاخَرِينَ ﴾، لە سوورەتی (الشعراء)دا، دەفەرموێ: ﴿ كَذَٰلِكَ وَأَوْرَثْنَٰهَا بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴿٥٩﴾ ﴾، بۆیە دەفەرموێ: (كَذَٰلِكَ)، واتە: هەر لە شێوەی ئەوە، کردمانە میراتی بەنوو ئیسرائیل، بەڵام نەک خودی ئەو شتانەی فیرعەون و دارو دەستەکەی بەجێیانهێشتن، بەڵکو لە شێوەی ئەوە، وەک باسمانکرد، لە باغ و باغات و، کشتوکاڵ و، کانیی و سەرچاوەو، خانووبەرەو، کۆشک و تەلارو، سەروەت و سامان، هەموو ئەوانەمان لە شوێنێکی دیکە، بە بەنوو ئیسرائیل دان]، چونکە دوای ئەو مێژووە، [دوای ئەوەی فیرعەون و سوپایەکەی نغرۆبوون، لە دەریای سووردا]:

١- جارێک ئاشوورییەکان، میسریان خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە.

٢- بابلییەکان ماوەیەک.

---

(١) الجواهر، ج١١، ص١٦.

٣- حەبەشەییەکان ماوەیەکی دیکە.

٤- فارسەکان و دەوڵەتی فارس، ماوەیەك.

٥- هەروەها یۆنانییەکان ماوەیەک.

٦- ڕۆمانەکان ماوەیەک.

٧- ئنجا دوایی کەوتۆتە ژێر ڕکێفی گەلی عەرەب.

٨- دوایی تۆڵۆنییەکان.

٩- ئنجا ئەخشیدییەکان، ئەوانیش هۆزێک و بنەماڵەیەک بوون بەو ناوە.

١٠- **فاطیمییەکان** کە شیعەی **فاطیمیی** بوون.

١١- هەروەها مەمالیکی وشکانیی و دەریایی، کە ئەوانیش دیارە دوو کۆمەڵ بوون.

١٢- تورکەکانیش ماوەیەک میسریان خستە ژێر ڕکێفی خۆیان.

١٣- فەڕەنسییەکان، ماوەیەك.

١٤- ئینگلیزیش لەم ڕۆژگارەدا.

ئنجا دیارە لە ڕۆژگاری (**طنطاوي جوهري**)دا، کە لە ساڵانی سییەکاندا ئەو تەفسیرەی نووسیوە، دەڵێ: (**وَهَا نَحْنُ أُوْلَاءِ الآنَ فِي مِصْرَ نُجَاهِد فِي خُرُوجِهِمْ مِنْهَا**)، ئێستاش ئەوە ئێمە تێدەکۆشین و، خەبات دەکەین، بۆ ئەوەی ئینگلیز لە میصر دەربکەین، دەڵێ: بەڵام بەنوو ئیسرائیل زاڵ نەبوونەوە بەسەر میسردا و، مێژوو شتێکی ئاوای باس نەکردوە.

٩)- لە کۆتاییدا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿فَمَا بَكَتْ عَلَيْهِمُ ٱلسَّمَآءُ وَٱلْأَرْضُ﴾، ئاسمان و زەوی بۆیان نەگریان.

١٠)- ﴿وَمَا كَانُوا۟ مُنظَرِينَ﴾، هەروەها مۆڵەتیشیان نەدراو، چاوەڕوانیشیان نەکرا لە چاوەڕوانیکراوان نەبوون.

کـە دەفەرمـوێ: ئاسـمان و زەوی بۆیـان نەگریـان، ئەمـە مەبەسـت پێـی گرنگیی پێ نەدانـە، واتـە: فەوتانیـان هـەروەک فەوتـانی غەیـری خۆیـان بـوو، نـەک کارەسـاتێکی مـەزن بووبـێ، وەک خۆیـان خەیاڵیـان دەکـرد، کـە ئەگـەر بێـت و فیرعـەون بفەوتێ و سـوپایەکەی بفەوتـێ، دنیـا تێکدەچـێ، نەخێـر فەوتاشـن و هیچیـش نەبـوو، ئەوانیـش وەک ئـەو خەڵکـە لـە بەیـن چـوون، کـە لـە پێـش ئەوانـدا، لـە بەیـن چـوو بـوون.

بـەڵام چەمکـی پێچەوانەیـی (مفهـوم المخالفـة)ی ئـەم ئایەتـە ئـەوە دەگەیەنـێ، کـە بڕوادارانـی بـۆ خـوا صوڵحـاو گـەردوون (کـون) و ئاسـمانەکان و زەوی کارلێـك (تفاعـل) لەگـەڵ ژیـان و مردنیـان دا دەکات ، وەك هەندێـك ئایەتـی قورئـان و دەقەکانـی سـوننەت دەیگەیەنـن.

مەسەلەی سێیەم:

دەربازکرانی بەنوو ئیسرائیل لە چنگی فیرعەون کە سزاو ئازارێکی ڕیسواکەری دەدان، چونکە ئەو لە خۆسەپێنەرانی زێدەڕۆییکار بوو، هەروەها هەڵبژێررانی بەنوو ئیسرائیل بەسەر جیهانییانی ڕۆژگاری خۆیانداو، پێدانی نیشانە گەلێک کە تاقیکردنەوەیەکی ئاشکرایان تێدابوو:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ نَجَّيْنَا بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ مِنَ ٱلْعَذَابِ ٱلْمُهِينِ ۝٣٠ مِن فِرْعَوْنَ إِنَّهُۥ كَانَ عَالِيًا مِّنَ ٱلْمُسْرِفِينَ ۝٣١ وَلَقَدِ ٱخْتَرْنَٰهُمْ عَلَىٰ عِلْمٍ عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ۝٣٢ وَءَاتَيْنَٰهُم مِّنَ ٱلْءَايَٰتِ مَا فِيهِ بَلَٰٓؤٌاْ مُّبِينٌ ۝٣٣﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە: لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿وَلَقَدْ نَجَّيْنَا بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ مِنَ ٱلْعَذَابِ ٱلْمُهِينِ﴾، بە دڵنیایی وەچەی ئیسرائیلمان لە سزایەکی ڕیسواکەر دەرباز کرد.

﴿ٱلْعَذَابِ ٱلْمُهِينِ﴾، (تَعْبِيرٌ جَامِعٌ وَشَامِلٌ لِكُلِّ صنُوفِ العَذَابِ المُحْتَوِي عَلَى الإهَانَةِ وَالإِذْلَالِ)، ﴿ٱلْعَذَابِ ٱلْمُهِينِ﴾، (ئازاری ڕیسواکەر)، دەربڕێکی زۆر فراوان و گشتگیرە، بۆ هەموو جۆرەکانی سزادان، کە هەموو جۆرەکانی سووکایەتیی و ڕیسوایی دەگرنە خۆیان.

٢)- ﴿مِن فِرْعَوْنَ﴾، لە فیرعەون (دەربازمان کردن)، دەڵێ: (بَدَلٌ مِنَ العَذَابِ المُهِيْنِ، فَكَأَنَّهُ كَانَ نَفْسه عَذَاباً مُهِيْناً)، فیرعەون دەبێتە جێگرەوە بۆ: ﴿ٱلْعَذَابِ ٱلْمُهِينِ﴾، وەک فیرعەون، خۆی سزا ڕیسواکەرەکە بووبێ.

٣)- ﴿إِنَّهُۥ كَانَ عَالِيًا مِّنَ ٱلْمُسْرِفِينَ﴾، بە دڵنیایی ئەو خۆ بەرزکەر بوو، لە زێدەڕۆیی کاران، (العَالِي: المُتَكَبِّرُ المُتَجَبِّرُ) (عَالِي) خۆ بەزلگری خۆسەپێنەر، (المُسْرِفِيْن: المُكْثِرِيْنَ

وَالْمُفْرِطِيْنَ فِي التَّعَالِي)، ئەوانەی لە خۆ بەرزکردنەوەو، خۆ سەپاندندا زێدەڕۆییان کردبوو، تێیان پەڕاندبوو.

٤)- ﴿ وَلَقَدِ ٱخْتَرْنَٰهُمْ عَلَىٰ عِلْمٍ عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾، بە دڵنیایی (بەنوو ئیسرائیلمان) بە زانیارییەوە بەسەر جیهانییاندا هەڵمانبژاردبوون، یانی: خوا ﷻ بەسەر جیهانییانی ڕۆژگاری خۆیاندا، هەڵیبژارد بوون، چونکە پێیان زاناو شارەزا بوو، کە لێشاوەو شایستەن، یاخود پێشیان زانا بوو کە لا دەدەن، لە هەندێ حاڵاندا و کەم و کوڕییشیان دەبێ، بەڵام ئەوە هۆکاری نەبوو، کە خوا هەڵیان نەبژێرێ، وەک خاوەنی: (البحر المديد في التفسير الكتاب المجيد)[1]، دەڵێ: (أي: كُنَّا عَالِمِيْنَ وعَلَى عِلْمٍ أي: كُنَّا عَالِمِيْنَ بِأَنَّهم أَحِقَّاء بِالإِخْتِيَار)، ئێمە زانا بووین، بەوەی کە ئەوان شایستەن، خوا ﷻ هەڵیانبژێرێ، یاخود: (كُنَّا عَالِمِيْنَ بِأَنَّهُمْ يزيْغُونَ فِي بَعْضِ الأَوْقَاتِ، وَيَكْثُرُ مِنْهُمْ الفُرْطَات، فَلَمْ يُؤَثِّر ذَلِكَ فِي سَوَابِقِ عِلْمِنَا، لِيُعْلَمَ أَنَّ الجِنَايَاتِ لَا تُؤثِر فِي الرِّعَايَات).

واتە: کە دەفەرموێ: ﴿ عَلَىٰ عِلْمٍ ﴾، واتە: ئێمە زانا بووین بەوەی ئەوان شایستەن، خوا ﷻ هەڵیانبژێرێ، لە ڕۆژگاری خۆیاندا لە هەموو کەس باشتر بوون، لەگەڵ ئەو هەموو کەم و کوڕییانەشدا، هەر لە گەلان و نەتەوەکانی دیکە باشتر بوون، یاخود مەبەست لە: ﴿ عَلَىٰ عِلْمٍ ﴾، ئەوەیە زانابووین بەوەی ئەوان لە هەندێ حاڵدا لادەدەن و، کەم و کوڕییان دەبێ، بەڵام ئەوە کاریگەریی نەبوو لە زانیاریی ئێمەدا، تاکو بزانرێ کە تاوانەکان کاریگەر نابن، لە ڕەچاو کردنەکانی خوای بەرزدا.

واتە: کەم و کوڕییەکان لە بەندەکاندا، نابنە هۆکاری ئەوەی خوا ﷻ چاودێریی خۆی، ڕەچاو کردن و میهرەبانیی خۆی، لە بەندەکانی بگرێتەوە.

٥)- ﴿ وَءَاتَيْنَٰهُم مِّنَ ٱلْءَايَٰتِ مَا فِيهِ بَلَٰٓؤٌا۟ مُّبِينٌ ﴾، لە نیشانەکانیش پێماندان، ئەوەی کە تاقیکردنەوەیەکی ئاشکرای تێدا بوو، یاخود تاقیکردنەوەیەکی ڕوونکەرەوەی تێدا

---

(١) ج٧، ص٥٠.

بوو، (البَلَاءُ: الإِخْتِبَارُ بِالْخَيْرِ وَالشَّرِّ)، (بلاء) تاقیکردنەوەیە بە خۆشیی و بە ناخۆشیی، بە شتێک کە مرۆڤ پێی خۆشەو، شتێکیش کە پێی ناخۆشە.

(الْمُبِيْن)، واتە: ڕوون، لە (أبَان)ی (لازم)ەوە هاتوە، بە مانای: (بَان)، یانی: (ظهر) ڕوون و ئاشکرا بوو، دەڵێم: دەشگونجێ لە (أبَان)ی (مُتَعَدِّي)یشەوە، هاتبێ، واتە: تاقیکردنەوەیەکی ڕوونکەرەوە، واتە: ڕوونکەرەوە بۆ ماهیەتی ئەو مرۆڤە، کە ئایا چۆن دەردەچێ، یان ئەو خەڵکە، چۆن دەردەچن؟

لە باسی ڕوونکردنەوەی: ﴿ٱلْعَذَابِ ٱلْمُهِينِ﴾ دا، خاوەنی: (التَّحْرِير والتَّنْوِير)[1]، (محمد الطاهر بن عاشور)، دەڵێ: (والْعَذاب الْمُهِين: هُوَ مَا كَانَ يُعَامِلُهُمْ بِهِ فِرْعَوْنُ وَقَوْمُهُ من الإستعباد والإرهاق عَلَيْهِمْ فِي السُّخْرَة، وَكَانَ يُكَلِّفُهُمْ أَنْ يَصْنَعُوا لَهُ اللَّبِنْ كُلَّ يَوْمٍ لِبِنَاءِ مَدِينَتَي فَيْثُومَ ورَعْمسيس، وَكَانَ اللَّبِنْ يُصْنَعُ مِنَ الطُّوبِ وَالتِّبْن، فَكَانَ يُكَلِّفُهُمْ اسْتِحْضَارَ التِّبْن اللَّازِمِ لِصُنْعِ اللَّبِنِ وَيَلْتَقِطُونَ مُتَنَاثِرَهُ، وَيُذِلُّونَهُمْ وَلَا يَتْرُكُونَ لَهُمْ رَاحَةً).

واتە: ئەو ئازارە ڕیسواکەرە، ئەوە بووە کە فیرعەون و گەلەکەی، مامەڵەیان پێ لەگەڵ بەنوو ئیسرائیلدا کردوە، بە کۆیلەیان کردوون و، زۆر ئەزیەتیان داون، لە سۆغرەو بێگار پێکردندا، چونکە فیرعەون لەسەر وانی پێویست کردبوو، کە دەبێ هەموو ڕۆژێ خشت دروست بکەن، (خشتی سوور) بۆ دروستکردنی هەردوو شاری (فَيْثُومَ)و (رعمسیس) [کە لە سەرچاوە مێژووییەکاندا هاتوە ئەو کاتەی فیرعەون ئەو دوو شارەی دروست کردوون، لە خشت دروستیکردوون] ئەو خشتەش دروست دەکرا، لە قوڕو کا، [کەواتە: دەگونجێ خشتی سوور نەبووبێ و خشتێکی دیکەی جیابووە، چونکە خشتی سوور، لە کا دروست نابێ، هەر لە قوڕ دروست دەبێ و قوڕەکە دەسووتێنرێ بە شێوەیەکی تایبەت]، ئنجا فیرعەون لەسەری پێویست کرد بوون، کە دەبێ کای پێویست بێنن، بۆ

---

(١) ج٢٥، ص٣٠٤.

دروستکردنی ئەو خشتە قوڕانەو، ئەگەر کایەکە لە ڕێکایە ڕژابایە، پێی خڕ دەکردنەوەو، زەبوونیان دەکردن، نەیاندەهێشت بە هیچ جۆرێک پشوو بدەن.

تەنیا خوا ﷻ دەزانێ چەند سەد کەس، یان چەند هەزار کەسیان لەو سۆغرەو بێگارەدا، فەوتاون!

هەڵبژاردنی بەنوو ئیسرائیل و پێدانی هەژدە نیشانەو نیعمەت

کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدِ ٱخْتَرْنَـٰهُمْ عَلَىٰ عِلْمٍ عَلَى ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴾، ئێمە لە ڕووی زانیارییەوە بەسەر جیهانییاندا هەڵمانبژارد بوون، ﴿ وَءَاتَيْنَـٰهُم مِّنَ ٱلْـَٔايَـٰتِ مَا فِيهِ بَلَـٰٓؤٌا۟ مُّبِينٌ ﴾، ئەمە شوێنەواری هەڵبژاردنەکەیەو، دەرهاویشتەی هەڵبژاردنی خوایە، بۆیان، کە زۆر نیشانەی ڕوون و ئاشکرا، یاخود ڕوونکەرەوەو ئاشکرا کەری پێدابوون، لە موعجیزەکان، لە شتی یاسا دڕ، کە ئەگەر تەماشای قورئان بکەین، ئەم هەژدە (١٨) نیشانەو موعجیزەیەمان دەکەونە بەرچاو، کە نۆیان تەوانەن، بە مووسا ﷺ درابوون: ﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَىٰ تِسْعَ ءَايَـٰتٍۭ بَيِّنَـٰتٍ ...﴿١٠١﴾ ﴾الإسراء، کە لە سوورەتی (الأعراف)دا، باسمان کردوون، هەروەها خوا ﷻ لە سوورەتی (الإسراء)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَىٰ تِسْعَ ءَايَـٰتٍۭ بَيِّنَـٰتٍ ...﴿١٠١﴾ ﴾، دیسان لە سوورەتی (النمل)دا: ﴿ فِى تِسْعِ ءَايَـٰتٍ ...﴿١٢﴾ ﴾، نۆ نیشانەی ڕوون و ئاشکرا، کە ئەو نۆ نیشانەیە وا پێدەچێ ئەمانە بن:

١- دەستی سپی مووسا ﷺ، (اليَدُ البَيْضَاء)، کە دەستی ڕاستی بە فەرمانی خوا، دەخستە بن قۆڵی چەپی و دەری دەهێنا، وەک: گڵۆپ دەئایسا بێ ئەوەی نەخۆشیی و گرفتێکی هەبێ.

٢- گۆچانەکەی مووسا ﷺ، کە فڕێی دەدا، دەبوو بە حەزیا، مار و هەژدیهایەکی زۆر گەورە.

ئەمانە دووانیان.

دووانیشیان ئەوەن کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ أَخَذْنَآ ءَالَ فِرْعَوْنَ بِٱلسِّنِينَ وَنَقْصٍ مِّنَ ٱلثَّمَرَٰتِ ﴿١٣٠﴾ ﴾الأعراف، ئێمە شوێنکەوتوان و، دارو دەستەی فیرعەونمان سزادان بە:

٣- ساڵانی گرانیی (السنین).

٤- کەمیی بەروبووم (نقص من الثمرات).

پێنجەکـەی دیکەشـیان، ئەوانـەن کـە خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمُ الطُّوفَانَ وَالْجَرَادَ وَالْقُمَّلَ وَالضَّفَادِعَ وَالدَّمَ ءَايَٰتٍ مُّفَصَّلَٰتٍ فَاسْتَكْبَرُوا۟ وَكَانُوا۟ قَوْمًا مُّجْرِمِينَ ﴿١٣٣﴾ ﴾الأعـراف، ئنجـا ناردمانـە سـەر دارو دەسـتەو شـوێنکەوتووانی فیرعـەون:

٥- (الطُّوفَانَ) ڕووباری نیل، هەڵدەستا دەبوو بە لافاو و لێزماوێک هەموو شتێکی وەبەرخۆدەدا.

٦- (الجَرَادَ) کولله: کولله له کشتوکاڵیانی دەداو، هەمووی دەخوارد.

٧- (القُمَّلَ) ئەسپێ، یاخود کێچ که له جەستەیانی دەدا، یاخود له وڵاخیانی دەدا.

٨- (الضَّفَادِعَ) بۆقەکان: بۆق زۆر دەبوون، هەتا له تەفسیرەکاندا دەڵێت: هێندە زۆربوون، بۆیان دەهاتنه ماڵێ و، کەسێک قسەی دەکردو، زاری هەڵدەپچڕی، بۆق خۆی تێ دەهاویشت! کە بێگومان ئەوە ئەندازەیەک زێدەڕۆیی تێدایە.

٩- (الدَّمَ)، خوێن، خوێنیان ڕادەسا، هەندێک دەڵێن: ئاوەکەیان دەبوو بە خوێن، بەڵام وا پێدەچێ خوێنیان ڕاسابێ و پژابێ، ئەمانە نۆ (٩) یانن.

خـوا ﷻ لـە چەنـد شـوێنێ لـە قوڕئانـدا، باسـی ئـەو نـۆ نیشـانانەی کـردوە، کـە خـوا ﷻ تایبـەت بـە مووسـای ﷺ داون، وەک موعجیـزەو بەڵگـە، بـۆ ئیسـپاتی ڕاسـتیی پێغەمبەرایەتیـی خـۆی، کـە بـۆ فیرعـەون و دارو دەسـتەکەی بیسـەلمێنێ، هەروەهـا بـە لای کەمـەوە نـۆ (٩)ی دیکـەش دەکەونـە بەرچـاو لـە قوڕئانـدا:

١٠- هەور لەسەرکردنە سێبەر، وەک خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَظَلَّلْنَا عَلَيْهِمُ الْغَمَامَ ... ﴿١٦٠﴾ ﴾الأعراف، هەورمان بۆ کردنە سێبەر، کاتێک دەچنە دەشتی سینا، لەو بیابانە گەرمەدا، نە دارو درەخت، نە کانیی و سەرچاوە، نە پەنایەک هەیە، خوا ﷻ هەوری بۆ کردوونە سێبەر.

١١و١٢- دابەزاندنی گەزۆو باڵندەی سەلوا (سَلْوَى: السُّماني)، باڵندەیەکە وا پێدەچێ، وەک کەوو سوێسکە بێ، بە کوردیی شێلاقەی پێدەڵێن، کە لە ناوچەی ئێمەدا نیەو، لە شێوەی کەوو سوێسکەیە دایە: ﴿وَأَنزَلْنَا عَلَيْكُمُ الْمَنَّ وَالسَّلْوَىٰ ﴿٥٧﴾﴾ البقرە.

١٣- تەقاندنەوەی دوازدە (١٢) کانیی و سەرچاوە، لە گا بەردێک، یاخود لە پارچە چیایەکدا: ﴿وَإِذِ اسْتَسْقَىٰ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِ فَقُلْنَا اضْرِب بِّعَصَاكَ الْحَجَرَ ۖ فَانفَجَرَتْ مِنْهُ اثْنَتَا عَشْرَةَ عَيْنًا ...﴿٦٠﴾﴾البقرة، واتە:یادیش بکەوە کاتێک مووسا ﷺ داوای ئاوی کرد بۆ خەڵکەکەی، (لە دەشتی سینادا بێ ئاو بوون، بیابانێکی گەرمی بێ ئاو)، گوتمان: بە گۆچانەکەت لەو چیایە بدە، یەکسەر دوازدە کانیی و سەرچاوەی لێ دەرقوڵین.

١٤- لەتکران و قڵیشێنرانی دەریای سوور بۆیان و، پەڕینەوەیان بەوێدا: ﴿ فَأَوْحَيْنَا إِلَىٰ مُوسَىٰ أَنِ اضْرِب بِّعَصَاكَ الْبَحْرَ ۖ فَانفَلَقَ فَكَانَ كُلُّ فِرْقٍ كَالطَّوْدِ الْعَظِيمِ ﴿٦٣﴾﴾الشعراء، واتە: سروشمان بۆ لای مووسا کرد کە بە گۆچانەکەت لە دەریا بدە، یەکسەر قڵیشاو هەر پارچەیەکی وەک چیای مەزن بوو.

١٥- پێدرانی تەورات بە مووسا بە نووسراوەیی لەسەر چەند (لوح)ێک تەختێک، کە دەڵێن: بەردی زۆر بە نرخ بوون، ئنجا گەوهەرو مرواریی بوون و، زومڕوت بوون، ئەو تەوراتە لەسەر ئەو لەوحانە نووسراوە، وەک خوا دەفەرموێ: ﴿ وَكَتَبْنَا لَهُ فِي الْأَلْوَاحِ مِن كُلِّ شَيْءٍ ...﴿١٤٥﴾﴾الأعراف.

١٦- فەرمایشتکردنی خوا ﷻ لەگەڵ مووسادا ﷺ: ﴿وَكَلَّمَ اللَّهُ مُوسَىٰ تَكْلِيمًا ﴿١٦٤﴾﴾النساء، مووسا عليه السلام تاکە پێغەمبەرێک بووە، خوا ﷻ ڕاستەوخۆ فەرمایشتی لەگەڵدا بکات.

١٧- بەسەردا بەرزکرانەوەی چیای **طوور**، یان چیایەک تاکو خوا ناچارو واداریان بکات، دان بەوەدا بێنن، کە دەبێ پابەند بن بە تەوراتەوە: ﴿وَإِذْ نَتَقْنَا الْجَبَلَ فَوْقَهُمْ كَأَنَّهُ ظُلَّةٌ وَظَنُّوا أَنَّهُ وَاقِعٌ بِهِمْ خُذُوا مَا آتَيْنَاكُم بِقُوَّةٍ وَاذْكُرُوا مَا فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٧١﴾﴾الأعراف، واتە: یاد بکەنەوە! کاتێک چیایەکەمان بەسەردا بەرز کردنەوە، وەک سێبەرو هەورێک

وابوو، پێیان وابوو دەکەوێتە سەریان (پێمان گوتن:) ئەوەی پێمانداون بە توندیی بیگرن و ئەوەی تێیدایە یادی بکەن بەڵکو پارێز بکەن.

١٨- زیندووکرانەوەی کوژراوێکی بەنوو ئیسرائیل بەهۆی لێدرانی ئەندامێکی مانگایەکی سەبڕاوەوە لە جەستەکەی، کۆتا موعجیزە، لەو بارەوە ئەوە بوو کە یەکێ لە بەنوو ئیسرائیل دەکوژرێ، بەڵام بکوژەکەی دیار نیە، مووساش ﷺ بەپێی فەرمانی خوا پێیان، دەڵێ: مانگایەک سەرببڕن، کە مانگایەکە سەردەبڕن، ئەندامێکی مانگایەکە لە مردووەکە دەدەن و، مردووەکە زیندوو دەبێتەوەو، دەڵێ: فڵانەکەس کوشتمی: ﴿ فَقُلْنَا اضْرِبُوهُ بِبَعْضِهَا كَذَلِكَ يُحْيِي اللَّهُ الْمَوْتَى وَيُرِيكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿٧٣﴾ ﴾البقرة، گوتمان: با ئەندامێکی مانگایەکە لەو جەنازەیە بدەن، (زیندوو دەبێتەوەو، ئیدی زیندوو بووەو، گوتی: فڵانکەس کوشتمی، دوایی بۆ خۆی مردەوە، لە کاتێکدا بەنوو ئیسرائیل هەموویان تەماشاچیی و، ئاگادار بوون).

کەواتە: بە لای کەمەوە، خوا ﷻ هەژدە نیشانەو موعجیزەی بە مووساو گەلەکەی دابوون، کە ئەگەر وردتر سەرنج بدەین، شتی دیکەشمان دەکەوێتە بەرچاو، بەڵام ئەوەی کە لە قورئاندا، دیارن ئەم هەژدە، موعجیزەو نیشانەیەن کە خوا بە مووسا ﷺو گەلەکەی دابوون و، هەموویان تاقیکردنەوەی ئاشکرایان تێدابوو، هەر بۆیە کاتێک کە ئەو موعجیزانەیان دیون، دەبووایە هەرگیز سەرپێچیی خوا نەکەنەوەو، بەهیچ شێوەیەک لامليی نەکەن.

ئنجا ئایا بۆچی خوا ﷻ ئەو هەموو موعجیزەو بەڵگە ڕوون و ئاشکرایانەی بەوان داون؟ چونکە وای پێویست کردوە، ئەوانە ساڵەهای ساڵ سۆغرەو بێگاریان پێکراوەو، چەوسێنراونەوەو، سەرەنجام کۆمەڵێک نەخۆشییان پەیدابوون، پێویستی بەوە کردوە مووسا ﷺ ئەو هەموو موعجیزەو بەڵگانەی پێبن، تاکو ئەو خەڵکە بێتە ژێر باری شەریعەت، هەرچەندە ئەو کاتەش وەک پێویست هەر نەهاتوونە ژێر بار.

خـوا بـە لوتـف و کەرەمـی خـۆی یارمەتییـمان بـدات، هەمیشـە ئـەو هەقـەی بڕوامـان پێیـەتی و هەمیشـە ئـەو هەقـەی دەرکـی دەکەیـن، زانینەکەمـان بگۆڕیـن بـۆ توانیـن و، خـوا ﷻ یارمەتییـمان بـدات هەرچـی بۆمـان دەرکـەوت، لـە ئاییـن و بەرنامـەی خـوا، کـە هەقـەو ڕاسـتە، پێیـەوە پابەنـد بیـن و، خۆمـانی پـێ چـاک بکەیـن، پاکسـازیی و چاکسـازیی لـە کۆمەڵگـەو دەوروبەریشـماندا پـێ بکەیـن.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی سێیەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان لـە نـۆ (٩) ئایـەت پێـک دێ، ئایەتـەکانی: (٣٤ - ٤٢)، کـە تـەوەری سـەرەکییان بەرپەرچدانـەوەی نکوولّییکـردنی بێبڕوایانـە، لـە هاتنـی زیندووکرانـەوەو قیامـەت، ئەویـش بـە ئاماژەکـردن بـە:

١- بەسەرهاتی کۆمەڵی توببەع (تُبّع) کە بە هۆی تاوانباریی و بێبڕواییەوە فەوتێنراون، کەواتە: دنیا شاری بێ خاوەن نیە،، چاکەکاران و خراپەکاران چ لە دنیاو، چ لە دوارۆژدا، ناگونجێ تەنیا یەک سەرەنجامیان هەبێ.

٢- دروستکردنی گەردوون کە بە گاڵتەو یاریی نیە، بەڵکو بە هەق و حیکمەت ئەم گەردوونە، دروستکراوە، بۆیە دەبێ سەرەنجامێکی هەق و پڕ حیکمەتیشی هەبێ، کە بریتیە لە سزاو پاداشت بۆ مرۆڤەکان.

٣- پێویست بوونی لێک هەڵاواردنی پاک و پیسان، چاک و خراپان، ڕاست و چەوتان، لە ڕۆژیی دواییدا، کە دیارە هەرچەندە ئەندازەیەک لە سزاو پاداشت، لە دنیادا، لە ئەنجامی کردەوە خراپ و چاکەکانی مرۆڤەکاندا پەیدادەبێ، بەڵام لێک هەڵاواردن و سزاو پاداشتی پڕ بە پێست، تەنیا لە ڕۆژی دواییدا دەبێ.

﴿ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ لَيَقُولُونَ ﴿٣٤﴾ إِنْ هِىَ إِلَّا مَوْتَتُنَا ٱلْأُولَىٰ وَمَا نَحْنُ بِمُنشَرِينَ ﴿٣٥﴾ فَأْتُوا۟
بِـَٔابَآئِنَآ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٣٦﴾ أَهُمْ خَيْرٌ أَمْ قَوْمُ تُبَّعٍ وَٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ أَهْلَكْنَٰهُمْ إِنَّهُمْ
كَانُوا۟ مُجْرِمِينَ ﴿٣٧﴾ وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لَٰعِبِينَ ﴿٣٨﴾ مَا خَلَقْنَٰهُمَآ إِلَّا
بِٱلْحَقِّ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٩﴾ إِنَّ يَوْمَ ٱلْفَصْلِ مِيقَٰتُهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٤٠﴾ يَوْمَ
لَا يُغْنِى مَوْلًى عَن مَّوْلًى شَيْـًٔا وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ ﴿٤١﴾ إِلَّا مَن رَّحِمَ ٱللَّهُ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْعَزِيزُ
ٱلرَّحِيمُ ﴿٤٢﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{ئەو (بێبڕوایـ)انە بە جەختکردنەوەوە دەڵێن: ﴿٣٤﴾ بەسەرهات و سەرەنجام
بەس مردنە، یەکەمەکەمانەو، ئێمە بڵاوکراوە (زیندوو کراوە) نابین ﴿٣٥﴾ (دەڵێن:)
ئەگەر ئێوە لە ڕاستانن (کە زیندووکرانەوە هەیە)، باب و باپیرانمان (کە پێشتر
مردوون) بهێنن ﴿٣٦﴾ ئایا ئەوان باشترن (لە ڕووی هێزو دەسترۆیشتوویییەوە)،
یان گەلی توببەع و ئەوانەی پێش ئەوان، کە فەوتاندمانن، چونکە تاوانباربوون؟
(کەواتە: ژیانی دنیا شاری بێ خاوەن نیە، سزاو پاداشتی لە دوان) ﴿٣٧﴾
ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی نێوانیشمان (بێ ئامانج و حیکمەت و) گاڵتەکارانە
دروست نەکردوون ﴿٣٨﴾ تەنیا بە هەق دروستمان کردوون، بەڵام زۆربەیان
نازانن (کە ناگونجێ خوا کاری بێهوودەو پووچ بکات) ﴿٣٩﴾ بە دڵنیایی ڕۆژی
لێک هەڵاواردن (ی چاک و خراپ و، لە یەک جیاکردنەوەی هەق و ناهەق)
ژوانگەی تێکڕایانە ﴿٤٠﴾ ڕۆژێک کە هیچ دۆست و نیزیکێک، هیچ سوودێک بە
دۆست و نیزیکەکەی ناگەیەنێ و، پشتیوانییشیان لێ ناکرێ (لە بەرانبەر سزای
خوادا) ﴿٤١﴾ مەگەر کەسێک خوا بەزەیی پێیدابێ، بە ڕاستیی هەر ئەو زاڵی بە
بەزەییە ﴿٤٢﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(تُبَّعٍ): (تُبَّعٌ: كَانُوا رُؤَسَاءَ سُمُّوا بِذَلِكَ لاتِّبَاعِ بَعْضِهِمْ بَعْضاً فِي الرِّيَاسَةِ وَالسِّيَاسَةِ، وَقِيْلَ: تُبَّع مَلِكٌ يَتْبَعُهُ قَوْمُهُ، وَالجَمْعُ: التَّبَابِعَةُ)، وشەی (تُبَّعٌ): یان کۆیە ناوی کۆمەڵێک سەرۆکە، بۆیە وا ناونراون، چونکە لە بەرپرسیارییەتی و سەرپەرشتیاریی کۆمەڵگاکەیاندا بە دوای یەکدا هاتوون، گوتراویشە: (تُبَّعٌ) ناوی حوکمڕانێک بووە، خەڵکەکەی شوێنی کەوتوون، کۆی (تُبَّعٌ)، (تَبَابِعَة)یە، وەک چۆن کۆی (هِرَقْل)، (هَرَاقِلة)یەو، کۆی (كِسْرَى)، (كَيَاسِرَة)یە.

(يَوْمَ ٱلْفَصْلِ): (اليَوْمُ الَّذِي يُبَيَّنُ فيه الحَقُّ مِنَ البَاطِلِ، وَيُفْصَلُ بَيْنَ النَّاسِ بِالْحُكْمِ)، (يَوْمُ فَصْلِ): ئەو ڕۆژەی هەق و ناهەق تێیدا لێک جیادەکرێنەوەو، دادوەریی لە نێوان خەڵکدا دەکرێ، کێ لەسەر هەق بووەو، کێ لەسەر ناهەق بووە؟ کێ چاک بووە و کێ خراپ بووە، کێ بە ڕێی چەوتداو کێ بە ڕێی ڕاستدا ڕۆیوە؟ لێک جیادەکرێنەوە.

(مِيقَـٰتُهُمْ): (المِيْقَاتُ: الوَقْتُ المَضْرُوبُ لِلشَّيء، وَالوَعْدُ الَّذِي جُعِلَ لَهُ وَقْتٌ)، (مِيْقَات): بریتییە لە کاتێکی دیارییکراو بۆ شتێک، هەروەها بەڵێنێک کە کاتێکی بۆ دیارییکراوە، (وَالمِيْقَاتُ: المَكَانُ الَّذِي يُجْعَلُ وَقْتاً لِلشَّيءِ كَمِيْقَاتِ الحَجِّ)، (مِيْقَات): ئەو شوێنەیە کە دەکرێتە کات بۆ شتێک، وەک میقاتەکانی حەج، کە ناوی شوێنن، بەڵام بۆ کارێک کە لە کاتێکی دیارییکراودا ئەنجامدەدرێ، کە خواپەرستییەکانی حەجن.

(مَوْلًى): (الوَلَايَةُ: النُّصْرَةُ وَالوِلَايَةُ: تَوَلِّي الأَمْرِ، وَقِيْلَ الوَلَايَةُ وَالوِلَايَةُ كَالدَّلَالَةِ وَالدِّلَالَةِ وَحَقِيْقَتُهُ: تَوَلِّي الأَمْرِ، وَالوَلِيُّ وَالمَوْلى يُسْتَعْمَلَانِ فِي ذَلِكَ، كُلُّ وَاحِدٍ مِنْهَا يُقَالُ: فِي مَعْنَى الفَاعِلِ، وَفِي مَعْنَى المَفْعُولِ، أي: المُوَالَى)، (وَلَايَةُ): بە مانای یارمەتییدان و

سەرخستنە، بەڵام (وِلَايَةُ)، بە مانای کار بە ئەستۆوەگرتنە، هەندێکیش گوتوویانە: (وَلَايَةُ)، (وِلَايَةُ)، وەک (دَلَالَةِ)و (دِلَالَةِ)، واتە: ڕێ پێشاندان، هەر یەک واتایان هەیە، حەقیقەتی (وَلَايَة)یش یان (وِلَايَةُ)یش ئەوەیە کە کارێک بە ئەستۆوە بگیرێ، وشەی (وَلِيُّ) و (مَوْلى)، هەم بۆ بکەر بەکاردەهێنرێن، هەم بۆ بەکار، واتە: (مُوَالَى)، واتە: هەم وشەی (وَلِيُّ) و (مَوْلى)، هەم بۆ حاڵەتی (فاعل) هەم بۆ حاڵەتی (مفعول)ن و دەگونجێ بڵێی: (أنا مَوْلى فُلَان)، من سەرپەشتیار، یان دۆست و یارمەتیدەری فلانکەسم، یان (هُوَ مَوْلَاي)، ئەو سەرپەشتیارکراو و دۆستیایەتییکراوی منە، واتە: هەم بۆ حاڵەتی بکەر، هەم بۆ حاڵەتی بەرکار، بەڵام ئەوە بە پێی سیاق دەردەکەوێ، داخۆ ئەو وشەیە کام لەو دوو حاڵەتەی وەرگرتووە.

مانای گشتیی ئایەتەکان

ئەوەری سەرەکیی ئەم نۆ (٩) ئایەتە، وەک لە پێناسەی ئەم دەرسەدا، گوتمان: باسی بەرپەرچدانەوەی نکووڵییلێکردنی بێبڕوایانە لە هاتنی ڕۆژی دوایی و، ڕۆژی سزاو پاداشت، خوا ﷻ پێشتر بەسەرهاتی فیرعەون و گەلەکەی، لە بەرانبەر مووسا عليه السلام و پەیامەکەیدا باسکرد، کە چۆن فیرعەون و دەست و پێوەندەکانی و، دەستەو دایەرەکەی و، گەلەکەی بە گشتیی، دژایەتیی مووسا عليه السلام و هاروونی برای عليه السلام و پەیامەکەیانیان کردوە، بەڵام سەرەنجامیان ئەوە بووە، کە خوا ﷻ نغرۆی کردوون و لە دەریای سووردا قڕەبڕ بوون.

کەواتە: ئێوەش بترسێن، ئەی بێبڕوایەکانی ڕۆژگاری پێغەمبەر ﷺو، ئەی هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی کە مرۆڤایەتییان لێ پێک دێ، تاکو دنیا بە کۆتا دێ! بترسێن لە ڕەتکردنەوەو ڕەفزکردنەوەی پەیامی خوادا، کە هەمان سەرەنجام کە کاتی خۆی فیرعەون و گەلەکەی پێوەی گیرۆدە بوون، ڕوو لە ئێوەش بکات.

ئنجا لێرە خوا ﷻ دێتەوە سەر باسی بێبڕوایەکانی ڕۆژگاری پێغەمبەر ﷺ، کە نموونەیەکن لە کۆمەڵگاکانی بەشەر، کە لە پەیامەکانی خوا لامل بوون و، لامل دەبن، دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ لَيَقُولُونَ ﴾، ئەمانە دەڵێن: ﴿ هَٰٓؤُلَآءِ ﴾، ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێکی نیزیک، بەڵام ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ﴾، ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێکی دوور، بە زۆریی لە قورئاندا، ﴿ هَٰٓؤُلَآءِ ﴾، بۆ کۆمەڵگای ڕۆژگاری پێغەمبەر ﷺ بەکارهێنراوە، خوا ﷻ دەفەرموێ: بێگومان ئا ئەوانە، واتە: ئەم بێبڕوایانەی ڕۆژگاری پێغەمبەر ﷺ ﴿ لَيَقُولُونَ ﴾، بە جەختکردنەوەوە دەڵێن: ﴿ إِنْ هِيَ إِلَّا مَوْتَتُنَا ٱلْأُولَىٰ ﴾، ﴿ هِيَ ﴾ یان بۆ مردن دەچێتەوە، بەپێی هەندێک بۆچوون، واتە: هیچ مردنێک نیە، جگە لە مردنی یەکەممان، (مَا هِيَ المَوْتَةُ إِلاَّ مَوْتَتُنَا الأُوْلِى)، یاخود: ﴿ هِيَ ﴾، (ضَمِيْرُ قِصَّةٍ وَضَمِيْرُ العَاقِبَةِ)، یانی: بەسەرهات و سەرەنجامی ژیانی ئێمە، بەس بریتیە لە مردنی یەکەم، واتە: ئەو مردنەی کە دەمرین، ژیانێکی دیکەی بەدوادا دانایەت، کە دوایی مردنی دیکەی بەدوادابێ، بەڵکو هەر ئەو مردنەیەو، هەموو شتێ کۆتایی پێ دێ، وەک یەکێ لە بێبڕوایەکان، گوتوویەتی: (أَرْحَامٌ تَدْفَعُ، وَقُبُور تَبْلَعُ)، منداڵدان دەردەاوێن و گۆڕەکانیش هەڵدەلووشن و، هەموو شتێ کۆتایی پێ دێ! ﴿ وَمَا نَحْنُ بِمُنشَرِينَ ﴾، ئێمە لە زیندوو کراوان و لە بڵاوکراوان نین، (نَشر)، یانی: بڵاوکردنەوە، بەڵام مەبەست پێی زیندوو کرانەوەیە، چونکە لە ڕۆژی دواییدا، دوای ئەوەی ئەو خەڵکە زیندوو دەکرێتەوە، بڵاودەبنەوە، بەو گۆڕەپان و مەیدانەدا، کە لێی کۆدەکرێنەوە.

ئنجا تەحەددا دەکەن: ﴿ فَأْتُواْ بِـَٔابَآئِنَآ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴾، (دەڵێن): باب و باپیرانمان بێنن، ئەگەر ئێوە لە ڕاستانن، واتە: ئەو باب و باپیرانەی کە پێش ئێمە مردوون، کوان، بۆمان بێنن، بۆچی ئەوان هیچیان لێ زیندوو نەبوونەوە؟ ئنجا ئەو تەعبیرە ڕەنگە لە زۆربەی زمانەکاندا هەبێ، دەگوترێ: کەس لە گۆڕستان نەهاتۆتەوە، بە دڵنیایی کەس لەوێ نایەتەوە، چونکە بەپێی سیستەمی خوا ﷻ کە بۆ ژیانی بەشەر دایناوەو، بۆ ئەم گەردوونە دایناوە، ژیانی مرۆڤ قۆناغ

قۆناغـه، قۆناغێـک بـووه، هیـچ شـتێک لـه ئـارادا نەبـووه، ﴿ هَلْ أَتَىٰ عَلَى ٱلْإِنسَٰنِ حِينٌ مِّنَ ٱلدَّهْرِ لَمْ يَكُن شَيْـًٔا مَّذْكُورًا ﴿١﴾ ﴾الإنسـان، قۆناغێـک بـووه، مـرۆڤ نـاوی لـه کوولەکـەی تـەڕدا نەبـووه، بەڵکـو قۆناغێـک بـووه، ئـەم گەردوونـە هیچـی نەبـووه، بەپێـی نوێترین بیـردۆزەی گەردوونیـی و فیزیایـی، دەڵێـن: (١٣) ملیـارو (٧٠٠) یـان (٨٠٠) ملیـۆن (١٣,٨٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سـاڵ لەمـەو پێش، بـەر لـەوەی لـه سـیگولاریتی (Singularity) یـەوە: تەقینـەوەی گـەورە، بـە زاراوەی ئـەوان: (Big Bang)، **(الإنفجـار الكبير)**، ڕوو بـدات، هیـچ شـتێک نەبـووەو، نـە ئاسـمان و نـە زەوی و نـە مـاددە، هیـچ شـتێک بـوونی نەبـووه، هەموویـان دوای ئـەو تەقینەوەیـە پەیدابـوون، واتـە: دوای ئـەوەی خـوا ﷻ لـە نەبوونـەوە هێناویەتـە دی، دوای ئـەوە خـوا ﷻ گەردوونی هێناوەتـە دی، ئنجـا قۆنـاغ بـە قۆنـاغ، کەهکەشـانەکان پەیدابـوون، لـە نێویانـدا کەهکەشـانی ئێمـە، (ڕێـی کا کێشـان)و لـە نێویـدا: کۆمەڵـەی خـۆر، پاشـان زەوی لـە خـۆر جیابۆتـەوە، دوایـی وردە وردە ژیـان بـە گشـتیی لەسـەر زەوی پەیدابـووە، سـەرەنجام دوای ئـەوەی ئـەم زەوییـە وای لێهاتـوە، بـە کەڵکـی ئـەوە بـێ، مرۆڤـی لەسـەر بـژی، خـوا ﷻ ئـادەم و حـەووای خوڵقانـدوون و، وەچەیـان بـە زەویـدا بڵاوبۆتـەوە، نـەک وەک بیـردۆزەی داریۆنیـزم، دەڵـێ: کـە بـە خەیاڵـی ئـەو، مرۆڤیـش هـەر لـە ئەنجامـی پەرەسـەندن و گەشەسـەندنی، ژیاندارانـەوە پەیـدا بـووە، ئـەوە وەک زانایـان باسـیان کـردوە و ئێمـە لە مەوسـووعەی: (درەوشـاوەیی ئیـمان و پووچەڵیـی ئیلحـاد، لەبـەر ڕۆشـنایی زگـماک و عەقـڵ و زانسـت و وەحیـی دا)، باسـمان کـردوە، شـتێکی پووچـەو، زانسـت و عەقـڵ و زگـماک و، لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە وەحیـی خـوای پـەروەردگار ڕەتـی دەکەنـەوە.

کەواتـە: کـە گوتوویانـە: ﴿ فَأْتُوا۟ بِـَٔابَآئِنَآ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴾، ئەگـەر ئێـوە لـە ڕاسـتانن بـاب و باپیرانمـان بێنـن، ئـەوە داوایەکـی بـێ جێیـە، چونکـە خـوا ﷻ کـە مرۆڤـەکان تاقیدەکاتـەوە لەسـەر زەوی، هـەر کەسـێک تاقیکردنەوەی خـۆی ئەنجامدا، لا دەچـێ، ئـەو جیلـە لادەچـێ و جیلێکـی دیکـە دێـن، ئەوانیـش تاقیکردنـەوەی خۆیـان دەدەن، جیـل لـە دوای جیـل هەمـوو مرۆڤـەکان، لـەم سـەر زەوییـە تاقـی

دەکرێنەوە، هەر کەسەو بە شێوەی خۆی، دوای تاقیکرانەوەی دەڕواو، جارێکی دیکە نایەتەوە بۆ ژیانی دنیایە، گەردوون و ژیان گاڵتەی منداڵان نیەو، سیستمی خوایە، خوا ﷻ سیستم (نظام)ی داناوە، بۆیە خوا ﷻ سێ بەڵگان دێنێتەوە، ئەوەم نەبینیوە لە تەفسیرەکاندا ئاماژەی پێکرابێ، چۆنیەتیی پەیوەست بوونی ئایەتەکانی، دوایی بەم ئایەتانەی پێشەوە، نەمبینیوە بەو شێوەیە باسکرابێ.

بەڵام وای تێدەگەم کە خوا ﷻ، سێ بەڵگان دێنێتەوە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو نکووڵیکردنەی ئەوان لە زیندوو کرانەوە:

یەکەم: ﴿ أَهُمْ خَيْرٌ أَمْ قَوْمُ تُبَّعٍ وَالَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ﴾، ئایا ئەوان باشترن، ئەو بێبڕوایانەی ڕۆژگاری پێغەمبەر ﷺ کە نکووڵیی دەکەن، لە زیندوو کرانەوەو لە هەبوونی سزاو پاداشت، ئایا ئەوان باشترن، یاخود کۆمەڵی توببەع و ئەوانەی پێش وان، خوا چی لێکردن؟ خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ أَهْلَكْنَاهُمْ ﴾، فەوتاندمانن، قڕەبڕمانکردن، لەبەرچی؟ ﴿ إِنَّهُمْ كَانُوا مُجْرِمِينَ ﴾، چونکە ئەوان تاوانبار بوون، جارێ کە دەفەرموێ: ﴿ أَهُمْ خَيْرٌ ﴾ ئایا، ئەوان باشتر بوون، وشەی ﴿ خَيْرٌ ﴾: یانی: باشتر بوون، بەڵام مەبەست: لە ڕووی تواناو دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویەوەیە، ئایا ئەمان، ئەو کافرانەی ڕۆژگاری تۆ ئەی پێغەمبەر! ﷺ بە هێزترن و، بە تواناترن، دەستڕۆیشتووترن، یاخود کۆمەڵی توببەع، کە حوکمڕانێک بووە لە یەمەن، حوکمی کردوەو بێبڕوایەکانی ڕۆژگاری پێغەمبەر ﷺو، ئەوانەی شارەزای مێژوو بوون، زانیویانە، توببەع حوکمڕانێکی دەستڕۆیشتوو بووە. ﴿ وَالَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ﴾، ئەوانی پێش وانیش، ئەوانەی پێش گەل و کۆمەڵی توببەعیش، ئنجا گەلی نووحە، گەلی عادە، گەلی **سەموودە**، گەلی مەدیەنە، گەلی **لووطە**، هەموو ئەو گەلانە، ئایا ئەو کافرانەی ڕۆژگاری تۆ ئەی پێغەمبەر! ﷺ بە هێزترو بە تواناترن، یاخود ئەوان؟ بە تەئکید ئەوان دەستڕۆیشتووتربوون، بۆیە دەفەرموێ: ﴿ أَهْلَكْنَاهُمْ ﴾، ئەوانمان فەوتاند، واتە: ئەو ئیمکانییەت و تواناو دەستڕۆیشتوویە زۆرەی هەیانبوو، ڕێگر نەبوو کە بیانفەوتێنین، بەڵام خوا ﷻ لەبەرچی فەوتاندنی؟ ﴿ إِنَّهُمْ كَانُوا مُجْرِمِينَ ﴾، چونکە ئەوان تاوانبارو خراپەکار بوون.

کەواتـە: ئێـوەش ئەگـەر لەسـەر تاوانبارێـی بـەردەوام بـن، ئـەو خوایـەی خەڵکێکی لـە ئێـوە بـە تواناتـری فەوتانـدوە، بـە هۆی ئـەو تاوانانـەوە، ئێـوەش دەفەوتێنـێ، ئنجا هـەر بـە تەماشـاکردن و تێوەڕامـانی مێـژووی بەشـەر دەزانـرێ، کـە ئـەم گەردوونـەو ئـەم ژیـانی مرۆڤـە بـێ خـاوەن نیـەو، سەرپەرشـتیارێکی هەیـە، ئەوەتـا کەسـانێک کـە لادەدەن، تـاوان دەکـەن و خراپـە دەکـەن، سـزا دەدرێـن، ئنجـا ئەمـە هـەم بـۆ کۆمـەڵ وایـە، هـەم بـۆ تـاک تاکـی خەڵکیـش هەروایـە، هـەر کەسـێ خراپـەو تاوانـێ بـکات، هـەر لـە دنیـادا، لێـی زیانبـار دەبـێ، پێـش ڕۆژی دوایـی، کەواتـە: ئـەم ژیـانی دنیایـە، خاوەنێکـی هەیـەو، سەرپەرشـتیارێکی هەیـە، دنیـا شـاری بـێ خـاوەن نیـە، بۆیـە ئـەو سەرپەرشـتیارو خـاوەنی ئـەم مرۆڤـەو ئـەم ژیانـی دنیایـە، قۆناغێکیشـی داناوە بـۆ ئـەوەی هەرچـی لێـرە خەڵـک دەیـکات، لـەوێ سـزا یـان پاداشـتی لەسـەر وەربگرێتـەوە.

دووەم: ﴿ وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لَٰعِبِينَ ﴾، بەڵگەیەکی دیکەش ئەوەیە کە: ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی نێوانیانمان، بە گاڵتەکارانە نەهێناوەنە دی، بەڵکو بە حیکمەت و بە هەق هێناومانە دی.

﴿ مَا خَلَقْنَٰهُمَآ إِلَّا بِٱلْحَقِّ ﴾، ئێمـە تەنیـا بـە هـەق و حیکمـەت، ئـەم ئاسـمان و زەوی و ئـەوەی دەکەوێتـە نێوانیـان، هێناومانـە دی، ﴿ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴾، بـەڵام زۆربەیـان نازانـن.

کەواتــە: ئەمــەش بەڵگەیەکــی دیکەیــە: مــادام گــەردوون هەمــووی بەهــەق هێندرابێتـە دی، ژیانـی بەشـەریش لـە نێـو گەردوونـدا، ناگونجـێ گاڵتـە جـاڕ بـێ و، ناگونجـێ مـرۆڤ، وەک بەرزەکـی بانـان بـۆی دەربچـێ، چاکـی کردبـێ یـان خراپـی کردبـێ، سـزا یـان پاداشـت وەرنەگرێتـەوە، بۆیـە دەبـێ ڕۆژی دوایـی هەبـێ و، بڵاوکرانـەوەو زیندووکرانـەوە، پاشـان سـزاو پاداشـت هەبـێ.

سێیەم: ﴿إِنَّ يَوْمَ الْفَصْلِ مِيقَاتُهُمْ أَجْمَعِينَ﴾، ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەی سێیەمە: بە دڵنیایی ڕۆژی لێک هەڵاواردن، ژوانگەی هەموویانە، واتە: ئەو ڕۆژەی کە تێیدا لێک هەڵداوێردرێن، چاکەکاران و خراپەکاران و، بڕواداران و بێبڕوایان و، ستەمکاران و ستەملێکراوان، پاشان ڕاست و چەوت، دەبێ لێک هەڵاوێردرێن و، لێک جیابکرێنەوە، ڕۆژی لێک جیاکردنەوە، ژوانگەی هەموویانە، (**مِيقَات**): بریتیە لە کاتێک بۆ کارێک دیاریی کرابێ، (**الوَقْتُ المَضْرُوب للشَّيء**)، بە کوردیی دەڵێن: ژوانگە، ئنجا ژوانگە، هەم بە شوێن دەگوترێ، هەم بەکاتیش دەگوترێ، ژوانگەی بۆ داناوە، واتە: شوێنێکی دیارییکراو یاخود کاتێکی دیاریکراو، (**مَواقِيتُ الحَجّ**): ئەو شوێنانەن کە لە کاتێکی دیارییکراودا، حاجی دەبێ لەوێ ئیحرام ببەستێ، ئنجا بچێتە سەر زەمینی حەرامەوە، بۆ جێبەجێکردنی خوا پەرستییەکانی حەج، یاخود عومرە.

کەواتە: ڕۆژێک هەیە، دەبێ پاک و پیس و، چاک و خراپ، لێک هەڵاوێردرێن و، لێک جیابکرێنەوە، ئەویش ڕۆژی دواییە.

﴿يَوْمَ لَا يُغْنِي مَوْلًى عَن مَّوْلًى شَيْئًا﴾، ئەو ڕۆژەی هیچ دۆست و نیزیکێک سوود بە هیچ دۆست و نزیکێک ناگەیەنێ، هیچ جۆرە سوودێک، ﴿وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ﴾، هیچ بەڵای لە کۆڵ ناکاتەوەو، سزاو ئازاری لە کۆڵ ناکاتەوە، بگرە پشتیوانییش ناکرێن، واتە: دۆست و نیزیکەکەی لە فریای نایەت و، کەسی دیکەش نایەت، بە هانایەوە بێ و پشتی بگرێ و سەری بخات.

﴿إِلَّا مَن رَّحِمَ اللَّهُ﴾، ئەمە وەک زانایان دەڵێن:

أ- دەگونجێ هەڵاواردنێکی پەیوەست (**إسْتِثْنَاء مُتَّصل**) بێ، واتە: هیچ دۆستێک دەفریای دۆستێکی نایەت، مەگەر کەسێک خوا بەزەیی پێیدا بێتەوەو، خوا ﷻ دۆستی بووبێ، دۆستایەتیی خوا، بە تەئکید ئەو کاتە هەموو شتێکە،

ب- دەشگونجێ ئەم هەڵاواردنە، هەڵاواردنێکی دابڕاو، (**إسْتِثْنَاء مُنْقَطِع**) بێ، واتە: هیچ دۆستێک جگە لە خوا، دە فریای کەس نایەت، مەگەر کەسێ خوا بەزەیی پێیدابێ، کە

ئەو کاتە هەڵاوێردراو (**مُسْتَثْنَى**)ە، لەبەر ئەوەی جیایە لە لێهەڵاوێردراو (**مُسْتَثْنَى منه**)، ئەو کاتە هەڵاواردنەکە پێی دەگوترێ: هەڵاواردنێکی دابڕاو، کەسێک کە خوا بەزەیی پێیدابێ، بێگومان لەو ڕۆژەدا لە فریای دێ و، دەربازی دەکات، ﴿إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ﴾، بە دڵنیایی هەر ئەو (خوا) زاڵی میهرەبانە، باڵادەست و، هەمەکارەیەو میهرەبانیشە، لە فریای دۆستەکانی دێ، هەروەک دەتوانێ سزای نەیارو ناحەزەکانی و پێغەمبەرەکانی (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ**)و پەیامەکانیشی بدات.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

لافلێدانی بێبڕوایان، کە جگە لە مردنی یەکەم، هیچ شتێکی دیکە لە ئارادا نیەو، زیندوو ناکرێنەوە، ئەگەرنا با باب و باپیرانی پێشوویان بۆ بگێڕنەوە! بەرپەرچدانەوەشیان بەوە کە گەلی توببەع و ئەوانی پێشوویان لەوانیش بەهێزترو، دەسترۆیشتووتر بوون، بەڵام بە هۆی تاوانەکانیانەوە سزادران، کەواتە: دنیا شاری بێ خاوەن نیەو، سزاو پاداشت هەیە:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ لَيَقُولُونَ ﴿٣٤﴾ إِنۡ هِيَ إِلَّا مَوۡتَتُنَا ٱلۡأُولَىٰ وَمَا نَحۡنُ بِمُنشَرِينَ ﴿٣٥﴾ فَأۡتُواْ بِـَٔابَآئِنَآ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ﴿٣٦﴾ أَهُمۡ خَيۡرٌ أَمۡ قَوۡمُ تُبَّعٖ وَٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۚ أَهۡلَكۡنَٰهُمۡۖ إِنَّهُمۡ كَانُواْ مُجۡرِمِينَ ﴿٣٧﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ لَيَقُولُونَ ﴿٣٤﴾ إِنۡ هِيَ إِلَّا مَوۡتَتُنَا ٱلۡأُولَىٰ وَمَا نَحۡنُ بِمُنشَرِينَ ﴾، بە دڵنیایی ئەوانە دەڵێن: هیچ نیە جگە لە مردنی یەکەممان و ئێمە بڵاوکراوەو زیندووکراوە نابین، ئەوانە، واتە: هاوبەش بۆ خوادانەرە هاوچەرخەکانی پێغەمبەر ﷺ، بە زۆریی لە قورئاندا وشەی: (**هَؤُلَاء**)، واتە: ئەو کۆمەڵە، ئەمە ناوی ئاماژەیە بۆ نیزیک، بێبڕوایانێک کە لە رۆژگاری پێغەمبەر ﷺ دابوون، بەڵام: (**أُولَئِك**)، مەگەر بە ڕەوت و نیشانە دیار بکرێ، ئەگەرنا زیاتر بۆ کۆمەڵە خەڵکێکی دوورە.

وشەی: (**إِنَّ**)، وەک شارەزایانی زمانی عەرەبیی، دەڵێن: (**لَيْسَ إنَّ هُنَا للتَّأْكِيد لأَنَّ إِضَافَة هَذَا القَوْلِ لِلْمُشْرِكِيْنَ لَا تَرَدُّدَ فِيه لِكَيْ تَحْتَاجَ إِلى التَّأْكِيد، بَلْ هُوَ لِمُجَرَّدِ الإِهْتِمَامِ بِالخَبَر**)، (**محمد الطاهر بن عاشور**)، ئاوا دەڵێ و قسەکەشیم پێ جوانە.

واتـە: هەرچەنـدە (إنْ) بـۆ جەختکردنەوەیـە، بـەڵام لێرەدا بـۆ جەختکردنـەوە نیـە، چونکـە پاڵـدانی ئـەو قسـەیە بـۆ لای هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرەکان، هیـچ دوو دڵیـی تێدانیـە، تاکـو پێویسـتیی بـە جەختکردنـەوەو داکۆکیـی لەسـەرکردن هەبـێ، (إنْ) لێـرەدا تەنیـا بـۆ گرنگییدانـە بـە هەواڵەکـە، واتـە: بـە گرنگیـی پێدانـەوە، دەڵێیـن و ئـەو هەواڵەتـان پـێ ڕادەگەیەنیـن، ئەگەرنـا جێـی دوو دڵیـی نەبـووە، کـە ئـەو قسـەیە دەکـەن، تاکـو پێویسـت بـکات داکۆکیـی و جەختـی لەسـەر بکـرێ.

﴿ إِنْ هِىَ إِلَّا مَوْتَتُنَا ٱلْأُولَىٰ ﴾، هیـچ نیـە، جگـە لـە مـردنی یەکەمـمان، ﴿ وَمَا نَحْنُ بِمُنشَرِينَ ﴾، ئێمـە لـە بڵاوکـراوان و لـە زینـدوو کـراوان نابیـن، یـانی: ﴿ وَمَا نَحْنُ بِمَبْعُوثِينَ ﴿٢٩﴾ ﴾الأنعـام، ئێمـە زینـدوو ناکرێینـەوە، وەک لـە شـوێنی دیکـەدا، ئـەو تەعبیـرە هاتـوە.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ إِنْ هِىَ ﴾، (إنْ)، بـە مانـای: (مَا)یـەو بـۆ لابـردن (نفـي)ە، یـانی: (مَـا هِـيَ): (هِـيَ: ضَمِـيْرُ الشَّـأنِ أَو ضَمِـيْرِ القِصَّـةِ)، (هِـيَ) ڕانـاوی حـاڵ و بەسـەرهاتەو دەچێتـەوە بـۆ شـتێک کـە بـە سـەلیقە دەزانـرێ، یـانی: سـەرەنجام بەسـەرهاتی ئێمەو، سـەرەنجامی ئێمـە، تەنیـا مـردنی یەکەممانـە.

یاخـود (هِـيَ) بـۆ (مَوْتـة) دەچێتـەوە، یـانی: (إنِ المَوتَـةُ إلاّ مَوْتَتُنَا الأُوْلَى)، مـردن تەنیا مـردنی یەکەممانـە، مەبەسـتیان ئەوەیـە مـردنی یەکـەم کـە دەمـرن، کـە مەبەسـت لـە یەکەمیـش ئـەوە نیـە، دووەمیشـی هەبـێ، واتـە: هـەر ئـەو تاکـە مردنەیـە، کـە دەمریـن، ئیـدی دوای ئـەو مردنـە هیـچ شـتێکی دیکـە لـە گۆڕێـدا نیـە، هەمـوو شـتێک کۆتایـی پێـدێ، بـەو مردنـە، وەک دەڵێـن: مـرۆڤ دەبێتـە بـەردی بـن گۆمـێ و کۆتایـی پێـدێ، ئـەوان وایـان لاف لێـداوە، ئنجـا ئایـا بەڵگەشـیان چـی بـووە؟

٢)- ﴿ فَأْتُوا۟ بِـَٔابَآئِنَآ إِن كُنتُمْ صَـٰدِقِينَ ﴾، ئەگەر ئێوە لە ڕاستانن باب و باپیرانمان بێنن، بەڵگەیان هێناوەتەوە لەسەر ئەوەی زیندووکرانەوە نیەو، بەو بەڵگەیە کە هیچ کەس لە پێش واندا نەگەڕاوەتەوەو، لە گۆڕستانەوە نەهاتۆتەوە، بڵێ: من زیندووکراومەوە!

ئنجا خوا ﷻ لێرەدا وەڵامی ئەو قسە پووچەیان نەداتەوە، چونکە هێندە پووچە، هەر خوێندنەوەی و بیستنی بەسە بۆ ئەوەی بەرپەرچ بدرێتەوە، چۆن؟ خوا ﷻ ئەم ژیانی بەشەرەو ئەم گەردوونەی بە گشتیی و، ژیانی بەشەر لە نێویدا بە تایبەتی، قۆناغ قۆناغ خولْقاندوویەتی، ئنجا ئەمە وەک ئەوە وایە یەکێک بڵێ: نەخێر من لە دایکم نەبووم، دەبابچمەوە نێو منداڵدانی دایکم!! تازە ئەو قۆناغە بەسەر چووە، تۆ لە نێو منداڵدانی دایکتدا حەوت قۆناغت گوزەراندوون، **نوتفە** بووی و، **عەلەقە** بووی و، **موضغە** بووی و، چی بووی چی بووی، چەند قۆناغت گوزەراندوون، دوایی لە دایک بووی، ئێستا کە لە منداڵدانی دایکت هاتوویە دەرێ و، هاتوویە نێو ژیانی دنیا، جارێکی دیکە ناگەڕێیەوە بۆ ئەوێ، بە هەمان شێوەش مرۆڤ کە دەمرێ، دوای ئەوەی تاقیکردنەوەی خۆی دەدا، خوای پەروەردگار ڕووحەکەی لە جەستەی جیادەکاتەوە، جەستەکەی دەچێتەوە نێو خاک لە کوێ دروست بووە، دەچێتەوە ئەوێ، ڕووحەکەش دەچێتە ئەو شوێنەی کە بەس خوا ﷻ دەیزانێ لە قۆناغی بەرزەخ و، جیهانی بەرزەخدا، کە ئەگەر چاکەکار بووبێ، لە بەهەشتە، یان لە شوێنێکە وەک بەهەشتەو، ئەگەر خراپەکار بووبێ لە دۆزەخ، یان شوێنێکی وەک دۆزەخە، جارێکی دیکە ئەو ڕووح و جەستەیە پێک ناگەنەوە، لە دنیادا، بەڵکو لە قۆناغی بەرزەخیشدا پێک ناگەنەوە، تەنیا لە قۆناغی قیامەتدا، خوا ﷻ وایداناوە جارێکی دیکە ڕووح و جەستە پێک بگەنەوە، ئەویش هەر خوا دەزانێ ئەو جەستەیە، لە چ جۆرە ماددەیەک دەبێ، وەک خوا دەفەرموێ: ﴿ وَنُنشِئَكُمْ فِي مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٦١﴾ ﴾ الواقعة، واتە: بە شێوەیەک دروستتان دەکەینەوە، کە ئێستا نایزانن، کەواتە: ئەم جەستە خاکییە پۆشاکێکە لە خاک دروستکراوەو، بە بەر ڕووحدا کراوەو، لە قەدەر ئەم ژیانە دنیاییە، کە (٦٠ - ٧٠) ساڵ، (٨٠ - ٩٠) ساڵە، تاکو مرۆڤ لەوێ تاقیکردنەوەی خۆی بدات، ئنجا دوای ئەوەی ئەم قۆناغە بەسەر دەچێ، ڕووح ئەم کیف و بەرگەو، ئەم پۆشاکە خاکییە دادەنێ و لەبەری ناکاتەوە تاکو ڕۆژی دوایی، کە ڕۆژی دواییش هەر خوا ﷻ دەزانێ ئەو جەستەیە، لە چ ماددەیەک دروست دەبێتەوە، گرنگ ئەوەیە لەوێ ڕووح و جەستە پێک دەگەنەوە، بۆیە خوا ﷻ وەڵامی ئەوە نەداتەوە، بەڵکو دەفەرموێ:

٣)- ﴿ أَهُمۡ خَيۡرٌ أَمۡ قَوۡمُ تُبَّعٖ وَٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ ﴾، ئایا ئەوان باشترن (لە ڕووی تواناوە) یان گەلی توببەع و ئەوانەی پێشوویان؟ لە تەفسیرەکاندا نەمبینیوە بەم شێوەیە ئاماژەی پێکرابێ، بەڵام پێم وایە، ئەمە بەڵگەی یەکەمە، دواییش کە خوا ﷻ باسی دروستبوونی گەردوون دەکات، کە گاڵتەجارانە دروستی نەکردوە، بەڵکو بە حیکمەت دروستی کردوە، پاشان کە باسی ئەوە دەکات ڕۆژی لێک هەڵاواردن هەیە، ئەمانە هەر سێکیان بەڵگەن بۆ بەرپەرچدانەوەی نکووڵییلێکردنی بێبڕوایەکان، لە هاتنی ڕۆژی دوایی و، هاتنی ڕۆژی سزاو پاداشت، سەرەتا خوا ﷻ وەک:

بەڵگەی یەکەم: دەفەرموێ: ﴿ أَهُمۡ خَيۡرٌ أَمۡ قَوۡمُ تُبَّعٖ ﴾، ئایا ئەوان باشترن، یاخود کۆمەڵ و خەڵکی توببەع، ﴿ وَٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ ﴾، هەروەها ئەوانەی پێش گەلی توببەعیش، کە دەفەرموێ: باشترن، واتە: باشترن لە ڕووی هێزو دەستڕۆیشتوویی و تواناوە، یانی: **(هُمْ: لَيْسُوا بِأَفْضَلَ قُوَّةً وَإِمْكَانِيَاتٍ مِنْ قَوْمِ تُبَّعٍ وَالأَقْوَامِ الأُخْرَى، الَّذِيْنَ اسْتَأْصَلْنَاهُمْ بِسَبَبِ إِجْرَامِهِم)**، ئەوان ئەو خەڵکەی ڕۆژگاری تۆ، ئەو کافرانە، باشتر نین، لە کۆمەڵی توببەع و، لە کۆمەڵ و گەلانی دیکەی پێش گەلی توببەعیش، کە فەوتاندمانن، قڕەبڕو بنبڕمان کردن، چونکە تاوانباربوون، کەواتە: ئەو خەڵکەی ڕۆژگاری تۆش ئەی پێغەمبەر! ﷺ، ئەگەر لەسەر ئەو تاوان و خراپەو ستەمە بڕۆن، هەمان چارەنووس چاوەڕێیان دەکات، کەواتە: ئەم دنیایە شاری بێ خاوەن نیە، خوا ﷻ سەرپەرشتیی ئەم کەون و کائینات و گەردوونە دەکات، لە نێویدا ژیانی مرۆڤ، ئەوەتا کەسانێک کە لادەدەن و، تاوان و خراپە دەکەن، خوا سزایان دەدات، ئنجا وەک چۆن لە دنیادا سزادانێکی بەشی (جزئی) هەیەو، لێپرسینەوەو سزاو پاداشتێک هەیە، لە قۆناغێکی دیکەشدا سزاو پاداشتی پڕ بە پێست و، لێپرسینەوەی تێرو تەواو هەیە، لەسەر هەموو شتێک.

کەواتە: مادام خوا ﷻ بەسەر گەلانی ستەمکاردا بازی نەداوە، چ کۆمەڵی توببەع و، چ کۆمەڵ و گەلانی دیکە، بەڵکو بە هۆی تاوانیانەوە لە بەینی بردوون و سزای داون، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە ئەم دنیایە شاری بێ خاوەن نیە،

خوا ﷻ ناهێڵێ ئەو خەڵکە وەک بەرزەکی بانان بۆی دەربچن، بەڵکو کاتێکی دیکەو قۆناغێکی دیکەی داناوە، بۆ سزادان و پاداشت دانەوەی مرۆڤەکان، بە پێی کوفرو خراپەکارییان، یاخود ئیمان و چاکەکارییان.

کورتە باسێک لە بارەی گەلی توببەعەوە

بەر لەوەی ئەم مەسەلەی یەکەمە بەجێ بهێڵین، کورتە باسێک لە بارەی گەلی توببەعەوە دەکەین، لە شەش برگەداو سەرچاوەکەشم تەفسیری: (**التحرير والتنوير**)[1]ەو هەندێک لە زانیارییەکانم لەو وەرگرتوون، هەندێکیشیان لە: (**الجواهر في تفسير القرآن الكريم**)[2]، هەندێکیشیان لە هەندێک لە تەفسیرەکانی دیکە:

١- وشەی (تُبَّع): (**لَقَبٌ لِمَنْ مَلَكَ جَمِيعَ بِلَادِ الْيَمَنِ حِمْيَرًا وَسَبَأً، وَحَضْرَمَوْتَ، فَلَا يُطْلَقُ عَلَى الْمَلِكِ لَقَبُ تُبَّعٍ إِلَّا إِذَا مَلَكَ هَذِهِ الْمَوَاطِنَ الثَّلَاثَةَ**)، واتە: وشەی توببەع نازناو بووە بۆ هەر کەسێک کە حوکمڕانی هەموو وڵاتی یەمەن بوو بێ، هەم حیمیەرو، هەم سەبەئو هەم حەزرەمەوت، ناوی توببەع بە هیچ حوکمڕانێک نەگوتراوە، مەگەر ئەو سێ شوێنەی لە وڵاتی یەمەن لە ژێر ڕکێفدا بووبن.

(**تُبَّع**) کۆیەکەی (**تَبَابِعَة**)یە، وەک چۆن (**كِسْرى**)، کۆیەکەی (**أَكَاسِرَة**)یە، (**فِرعَوْن**) کۆیەکەی (**فَرَاعِنَة**)یەو، (**خَاقَان**) کۆیەکەی (**خَوَاقِين**)ەو، (**قَيْصَر**) کۆیەکەی (**قَيَاصِرة**)یە، ناوی حوکمڕانی یەمەن، توببەع بووەو، هی فارسەکان (**كِسْرى**)یان پێگوتووەو، هی میسر (**فِرعَوْن**)یان پێگوتووەو، هی تورکەکان (**خَاقَان**)یان پێگوتووە، هی ڕۆمەکان (**قَيْصَر**)یان پێ گوتوە.

---

(١) ج٢٥، ص٣٠٩.

(٢) ج٢١، ص١٧.

٢- لە قورئاندا دوو جار ناوی (تُبّع) هاتوە، بەڵام هەر بە: (قَوْم تُبّع):

یەکەم: لە سووڕەتی (الدخان)، ئایەتی ژمارە: (٣٧)دا، هەر بە گەلی (تُبّع)، هاتوە.

دووەم: لە سووڕەتی (ق)، ئایەتی ژمارە: (١٥)دا، دیسان هەر بە گەلی (تُبّع) هاتوەو، لە هەردووکیشیاندا باسی ئەوە کراوە، کە خوا ﷻ کۆمەڵ و گەلی (تُبّع)ی فەوتاندوە.

٣- لە سوننەتیشدا، ئەم دوو دەقە دێنین:

أ- {عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَا أَدْرِي أَتُبَّعُ لَعِينًا كَانَ أَمْ لَا...»} (أخرجه الحاكم: ٢١٧٤، وَقَالَ: هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ عَلَى شَرْطِ الشَّيْخَيْنِ وَلَمْ يُخَرِّجَاهُ، التعليق من تلخيص الذهبي: ٢١٧٤، صحيح على شرط البخاري ومسلم).

واتـە: ئەبـوو هورەیـرە ﷺ دەگێڕێتـەوە، کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویـەتی: نازانـم توببـەع نەفریـن لێکـراو بـووە، یـان نـا ...

واتـە: نازانـم خراپـەکار بـووە، یاخـود چاکـەکار بـووە، چونکـە خـوا ﷻ کـە زەم و سەرزەنشـت دەکات، هـی خەڵکەکـەی و کۆمەڵگاکـەی دەکات، نـەک هـی خـۆی.

ب- {عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ ﷺ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «لَا تَسُبُّوا تُبَّعاً، فَإِنَّهُ قَدْ كَانَ أَسْلَمَ»} (أخرجه أحمد: ٢٢٩٣١، والطبراني في الصغير: ١٤١٩، وَصَحَّحَهُ الألباني في صَحِيح الجَامِع: ٧٣١٩).

واتـە: سـەهلی کـوڕی سـەعد ﷺ دەگێڕێتەوە، کـە پێغەمبەری خـوا ﷺ فەرموویەتی: جنێـو بـە (تُبّـع) مـەدەن، قسـەی پـێ مەڵێـن، چونکە مسـوڵمان بووە.

٤- لەو دوو شوێنەشدا کە خوای پەروەردگار باسی (تُبّع)، دەکات، باسی گەلەکەی دەکات، بەڵام لە هەردووکیاندا، وا باسی دەکات کە فەوتاندوونی.

أ- لە سووڕەتی (الدخان)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ أَهُمْ خَيْرٌ أَمْ قَوْمُ تُبَّعٍ وَالَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ أَهْلَكْنَاهُمْ إِنَّهُمْ كَانُوا مُجْرِمِينَ ﴿٣٧﴾ ﴾.

ب- لە سوورەتی (ق)یشدا، خوا ﷻ ناوا باسی گەلی (تُبَّع)، دەکات، دەفەرمویّ: ﴿كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ وَأَصْحَٰبُ ٱلرَّسِّ وَثَمُودُ ﴿١٢﴾ وَعَادٌ وَفِرْعَوْنُ وَإِخْوَٰنُ لُوطٍ ﴿١٣﴾ وَأَصْحَٰبُ ٱلْأَيْكَةِ وَقَوْمُ تُبَّعٍ كُلٌّ كَذَّبَ ٱلرُّسُلَ فَحَقَّ وَعِيدِ ﴿١٤﴾﴾، لە هەردوو شوێنندا وەک زەمکردن و سەرزەنشتکردن و، پاشان سزادانیان باسیان کراوە، بەڵام وەک گەلەکەی و خەڵکەکەی.

بۆیە پێغەمبەر ﷺ بەپێی دەقی یەکەم، دەبێ پێشێ لێی دیار نەبووبێ، داخۆ (توببەع) چۆن بووە، بەڵام دیارە خوا ﷻ ئاگاداری کردۆتەوە کە بڕواداربووە، بە نسبەت هەموو ئەو شتانەوەش کە نادیارن، پێغەمبەری خوا ﷺ جاری وابووە بە بۆچوونی خۆی شتێکی فەرمووە، بەڵام دوایی کە خوا ئاگاداری کردۆتەوە، ئەوەی خوا ﷻ فەرموویەتی، بێگومان ئەوە هەق بووەو، تەبەنیی کردوە.

٥- لە سەرچاوەکاندا هاتوە کە (تُبَّع)، کە لەو دوو سوورەتەدا خوای پەروەردگار باسی کردوە، ناوی (أسعد) بووەو، کونیەکەی (أبي كَرْب) بووە، کە دەستەڵاتێکی زۆری هەبووەو، هەموو ناوچەی عەرەبی خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، هەروەها چۆتە مەککەو، چۆتە یەثریب، کە دواتر ناونراوە (مدينة)و، گەیشتۆتە عێراق و دەگوترێ: ئەو بووە کە شاری (الحِيْرَة)ی لە عێراق، بنیات ناوە.

لە هەندێک ڕیوایەتاندا هاتوە، کە چووە بۆ یەثریب، خەڵکەکەی کە بەرهەڵستییان کردوە، بەتەما بووە ئەو شارە بڕووخێنێ و بسووتێنێ، بەڵام گوایە هەندێ لە خاوەن کتێبەکان، کە جوولەکەکان لەوێ بوون، گوتوویانە: ئەوە مەکە، چونکە لە کتێبەکانی ئێمەدا هەیە، کە کۆتا پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ بەشەری دەنێرێ، لەم شارەدا نیشتەجێ دەبێ، ئەویش وا پێدەچێ بە پێی حەدیسەکەبێ، دەبێ بڕواداربێ و دەستی لێ پاراستوە.

٦- (الشيخ الطنطاوي) لە تەفسیرەکەی خۆی (الجواهر في تفسير القرآن الكريم)دا[1]، دەڵێ: {وَكَانَتْ دَوْلَة تُبَّع فِي سَنَةِ أَلْفٍ قَبْلَ البِعْثَة الْمُحَمَّدِيَّة، وَقِيْلَ كَانَ فِي حُدُودِ سَبْعِ

---

(١) ج١١، ص١٧.

مِائَةِ قَبْلَ بِعْثَةِ النَّبِيِّ ﷺ]، دەوڵەتی توببەع لە ساڵی هەزار (١٠٠٠)ی پێش ڕەوانەکرانی پێغەمبەر ﷺدا بووە و گوتراویشە: دەوری حەوتسەد (٧٠٠) ساڵ پێش ڕەوانەکران (ی پێغەمبەر) دابووە، کەواتە: لە پێش زایینیشدا بووە، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ لە ساڵی (٦١٠)ی زایینیی کراوەتە پێغەمبەرو، لە: (٥٧٠) زایینی لە دایک بووە، لە ساڵی فیلدا، بەڵام توببەع (١٠٠٠) ساڵ یان حەوتسەد ساڵ پێش ئەوەی پێغەمبەر ﷺ بکرێتە پێغەمبەر، واتە: نزیکەی (٤٠٠) یان لانی کەم (١٠٠) ساڵ پێش ئەوەی عیساش عليه السلامش لە دایک بێ، ئەو حوکمڕانیی کردوە لە یەمەندا، ئنجا هەر (**طنطاوي**)، دەڵێ: بزانە کە پادشاو حوکمڕانەکانی (**حمیر**) دوو چین بوون:

چینـی یەکەمیـان: حوکمڕانـەکانی: (**سبأ**) و (**ریدان**) بـوون، کـە لـە سـاڵی (١١٥)ی پێـش زاییـن، تاکـو سـاڵی (٢٧٥)ی دوای زاییـن حوکمیـان کـردوە.

چینــی دووەمیــان: حوکمڕانــەکانی: (**ســبأ وریــدان وحضرمــوت وشــحر**)و غەیــری ئەوانـەش بـوون، کـە لـە سـاڵی (٢٧٥)ی دوای زاییـن، تاکـو سـاڵی (٥٢٥)ی دوای زاییـن حوکمڕانییـان کـردوە.

دوا حوکمــڕانی حوکمڕانــەکانی (**ســبأ**)، یــان حوکمڕانــەکانی یەمــەن، (**ذو نَــوَاس**) بـووە، ئـەوەی کـە لـە ئایەتەکـە وەردەگیـرێ، ئەوەیـە کـە توببـەع دەبـێ دەربـازو سـەرفراز بووبـێ، بـەڵام خـوا ﷻ خەڵکەکـەی و کۆمەڵگایەکـەی فەوتانـدوە، چونکـە وا پێدەچـێ، یـان لێـی هەڵگەڕاونـەوە، یـان لەگەڵـی نەبـوون، یـان بـە هەر شـێوەیەک لە شـێوەکان، ئـەوان تاوانبـار بـوون، بـەڵام هـەم بەپێـی فەرمایشـتەکەی پێغەمبـەر ﷺو بـە پێـی ئایەتەکانیـش، کـە خـوا ﷻ باسـی گەلەکـەی دەکات، وەک چـۆن دەفەرمـوێ: گـەلی نووحـمان فەوتانـدو، گـەلی هوودمـان فەوتانـدو، گـەلی ساڵحـمان فەوتانـد، بەڵام بـە تەئکیـد نـووح و، هـوودو، ساڵـح دەربـاز بـوون، وا پێدەچـێ توببەعیـش بـۆ خـۆی قوتـار بووبـێ، بـەڵام خەڵکەکـەی تاوانبـارو خراپـەکار بـوون و، وەک گـەلانی دیکـە فەوتێـنراون.

مەسەلەی دووەم:

خـوای زانـاو کارزان، ئاسـمانەکان و زەوی و ئـەوەی دەکەوێتـە نێوانیانـەوە، بـە گاڵتـەو بـێ حیکمـەت و بـێ ئامانـج دروسـت نەکـردون، بەڵکـو تەنیـا بـە هـەق ئـەم گەردوونـەی وەدیهێنـاوە، بـەڵام زۆربـەی خەڵکـی ئـەو هـەق و حیکمەتـە نازانـن، یاخـود نازانـن کـە خـوا ﷻ لێـی ناوەشـێتەوە کاری بـێ حیکمـەت و، بـێ ئامانـج و هەوەنتـە بـکات:

بەڵگەی دووەم: لەسەر زیندووکرانەوە و سزا و پاداشت:

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لَٰعِبِينَ ﴿٣٨﴾ مَا خَلَقْنَٰهُمَآ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٩﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿ وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لَٰعِبِينَ ﴾، ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی نێوانیانمان گاڵتەکەرانە نەهێناونە دی.

٢)- ﴿ مَا خَلَقْنَٰهُمَآ إِلَّا بِٱلْحَقِّ ﴾، تەنیا بە هەق هێناومانە دی، وشەی (حق)، وەک لە سەرەتای تەفسیری سوورەتی (**الزمر**)دا، گوتوومانە: لە ئەصڵدا بە مانای: دامەزراوو چەسپاوو نەلەخشاوە، بەڵام بە پێی ئەو سیاقانەی تێیاندا دێ، مانایەکەی دەگۆڕێ، جاری وا هەیە بە مانای حیکمەتەو، جاری وایە بە مانای دادگەرییەو، جاری وایە بە مانای شتی ڕاستە، لە بەرانبەر شتی ناڕاستدا، بەو شێوەیە بە پێی ئەو سیاقانەی کە وشەکە تێیاندا دێ، مانایەکەی دیاریی دەکرێ، هەر وەک چۆن وشەی (**فِتْنَة**) بە چەند واتایەک دێ، بەڵام سیاقەکە دیاریی دەکات، کام واتایەی مەبەستە، خوا ﷻ دەفەرموێ: ئێمە ئاسمانەکان و زەویمان، تەنیا بە هەق هێناونە دی، ئەو هەقەش خوا ﷻ لە سوورەتی (**الجاثية**)دا، ڕوونی کردۆتەوە، بریتیە لەچی؟ دەفەرموێ: ﴿ وَخَلَقَ ٱللَّهُ

ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ وَلِتُجْزَىٰ كُلُّ نَفْسٍۭ بِمَا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾الجاثية، واتە: خوا ئاسمانەکان و زەوی بە هەق هێناوەنە دی و، بۆ ئەوەی هەر کەسە بە پێی ئەوەی کردوویەتی، سزا یان پاداشتی بدرێتەوەو، ستەمیان لێ ناکرێ.

کەواتە: هەقەکە لەوەدا بەرجەستە دەبێ، کە مرۆڤەکان تاقیدەکرێنەوەو، دوایی سزاو پاداشت دەدرێنەوە، یان بە لای کەمەوە تاقیکرانەوەو بەرانبەر درانەوەی مرۆڤ، بەشێکە لەو هەقە، کە خوا گەردوونی بۆ چەسپاندنی هێناوەتە دی.

٣)- ﴿ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴾، بەڵام زۆربەیان نازانن، یانی: زۆربەیان ئەو ڕاستییە نازانن، کە خوا ﷻ ناگونجێ هیچ کارێک بەبێ حیکمەت و بە گاڵتەو هەوەنتە ئەنجام بدات، مرۆڤ دەگونجێ وا بکات، بەڵام خوا ﷻ پاک و دوورو بەرییە لە هەرچی نوقسانیی و کەم و کوڕییە، خوای بەرز بەهەرچی سیفەتی بەرزو پەسەندو چاک و جوانە، ڕازاوەیە، (**سَبْحَان الله**): (خوا بە پاک دەگرم)، یان (خوا پاک و بێگەردە)، تەعبیر دەکات لە بێ هەڵەیی و بێ پەڵەیی و بێ کەم و کوڕیی خوا، (**الحَمْد لله**) (ستاییش بۆ خوا)، تەعبیر دەکات لە خاوەنداریێتیی خوا ﷻ بۆ هەرچی ناوو سیفەتی بەرزو پەسەندو چاکە، بۆیە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: {**سُبْحَانَ اللهِ، وَالْحَمْدُ للهِ، تَمْلَآنِ**[1]}، گوتنی: (**سُبْحَانَ اللهِ، وَالحَمْدُللهِ**)، پڕ دەکەن، واتە: نێوان ئاسمان و زەوی پڕ دەکەن لە پاداشت، ئەگەر مرۆڤ بە عەقڵ و دڵ و بە ئاگا لێ بوونەوە، بیانڵێ، ئەم دوو وشەیە زۆر گەورەن.

شایانی باسە: ئێمە لە تەفسیری سوورەتی (**یونس**)دا، لە کاتی توێژینەوەی ئایەتی ژمارە (٥)دا باسێکی تێرو تەسەلمان، لە بارەی ئەم بابەتەوە کردوە و دەرمانخستوە کە لە دەوری پازدە (١٥) شوێندا، خوا ﷻ ئەو ڕاستییەی دووبارە کردۆتەوەو دووپاتکردۆتەوە و جەختی لەسەر کردۆتەوە کە خوا ئاسمانەکان و زەوی، بە

---

(١) {عَنْ أَبِي مَالِكٍ الْأَشْعَرِيِّ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «الطُّهُورُ شَطْرُ الْإِيمَانِ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ تَمْلَأُ الْمِيزَانَ، وَسُبْحَانَ اللهِ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ تَمْلَآنِ، «أَوْ تَمْلَأُ» مَا بَيْنَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ، وَالصَّلَاةُ نُورٌ، وَالصَّدَقَةُ بُرْهَانٌ وَالصَّبْرُ ضِيَاءٌ، وَالْقُرْآنُ حُجَّةٌ لَكَ أَوْ عَلَيْكَ، كُلُّ النَّاسِ يَغْدُو فَبَايِعٌ نَفْسَهُ فَمُعْتِقُهَا أَوْ مُوبِقُهَا} (أخرجه أحمد: ٢٢٩٥٣، ومسلم: ٢٢٣، والترمذي: ٣٥١٧، وقال: صحيح.

گاڵتـەو، بـێ حیکمـەت نەخوڵقانـدوون، بەڵکـو بـە هـەق و بـۆ چەسـپاندنی هـەق هێناونیـە دی، بۆیـە کەسـێک بیـەوێ درێـژەو وردەکاریـی ئـەم بابەتـە بزانـێ، دەبـێ بگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوێ، لێرەدا ئـەوەی گرنگـە بزانرێ، ئەوەیـە کـە خـوا گەردوونـی بـە هـەق و حیکمـەت هێناوەتـەدی، ئەمـەش بەڵگـەی دووەمـە بـۆ بەرپەرچدانـەوەی قسـەی کافـرەکان کـە نکووڵییـان کـردوە لـە هەبـوونی ڕۆژی زیندووکرانـەوەو، سـزاو پاداشـت درانـەوە.

ئـەوەی پێشـێ خـوا ﷻ سـەرنجی بـۆ مێـژوو ڕاکێشـان، واتـە: ئەگـەر تەماشـای مێژووی بەشـەر بکـەن، دەزانـن کە دنیا شـاری بـێ خاوەن نیـە، گەلی توببـەع و گەلان و کۆمەڵگاکانی پێـش گـەلی توببەعیـش کـە بـە هـۆی تاوانکاریـی و خراپەکارییانـەوە، خـوا فەوتاندوونـی و بنەبـڕی کـردوون، کەواتـە: خـوا ﷻ سەرپەرشـتیی ژیـانی بەشـەر دەکات، ئەوەتـا کەسـێک لابـداو، تـاوان بـکات و خراپـە بـکات، سـزای خـوا بـۆی لـە بۆسـەدایە، بۆیـە بزانـن کـە دەبـێ قۆناغێکـی دیکـە هەبـێ، ئەوانـەی لـە دنیـادا نەگونجـاوە پاداشـت بدرێنـەوە لەسـەر چاکەکانیـان، یـان لەسـەر خراپەکانیـان سـزا بدرێـن، دەبـێ قۆناغێکـی دیکـە هەبـێ، سـزاو پاداشـتی تێدابـێ، ئەگـەر تەماشـای ژیـانی بەشـەر بکەیـن، ئـەو ئەنجامگیرییەمـان دێتـە دەسـت.

پاشـان ئەگـەر تەماشـای گەردوونیـش بکەیـن، کـە خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: بـە گاڵتـەو بـە هەوەنتـە نەمانخوڵقانـدوە، بەڵکـو بـە هـەق دروسـتمانکردوە، دەبینیـن ئامانجـی لـە پشـتەوەیەو، هیـچ شـتێ نیـە، لـەم گەردوونـەدا حیکمـەت و ئامانجێکـی لـە پشـتەوە نەبـێ، ئـەدی کـۆی گـەردوون چـۆن بـێ حیکمەتـە؟! وەک لـە کتێبـی یەکەمـی مەوسـووعەی: **(الإسـلام كـما يتجـلى في كتـاب اللـه)**، بـە ناونیشـانی: **(الإسـلام معرفـة صحيحـة بالخَالـق والخلـق)**، لـە بەشـی دووەمـدا کـە باسـی گەردوونـم کـردوەو، باسـی ئـەوەم کـردوە کـە، هەمـوو شـتێک لـە گەردوونـدا بـەو پـەڕی وردەکاریـی و لێزانیـی و کارامەییـەوە دروسـتکراوەو، کـۆی گەردوونیـش بـە هەمـان شـێوە[1].

---

(١) هەروەهـا لـە کتێبـی پێنجەمـی مەوسـووعەی: (بـەرەو باشـتر تێگەیشـتن و پێگەیشـتن)، بـە

کەواتـە: هەمـوو شـتێ ئامانجێکی لە پشـتەوە، کـۆی گەردوونیش ئامانـج و حیکمەتێکی لـە پشـتە، ئەمـەش بەڵگەیەکـی دیکەیە، کـە دەبێ ڕۆژی سـزاو پاداشـت هەبێ.

وتووێژێکی نێوان سوکرات و ئەرستۆدیمۆس

هەرچەنـدە ئێمـە هـەم لە تەفسـیری سـوورەتی (یونس)دا، لـە بـارەی گەردوونەوەو لـە بـارەی خـۆرو زەوی و مانگـەوە دواویـن و، لـە سـەرەتای سـوورەتی (**المؤمنون**)دا، لە بـارەی دروسـت بـوونی مرۆڤـەوە قسـەمان کـردوە، لـە ڕووی زانسـتیی و عەقڵییـەوە، بـەڵام لێـرەدا بـە باشـم زانی ئـەم وتوێـژەی نێـوان (سـوقرات) (ئەرسـتۆ دیمـۆس) کـە هەردووکیـان دوو فەیلەسـووفی یۆنانییـن، بهێنـم، سـوقرات دیـارە خوانـاس بـووەو، (ئەرسـتۆ دیمـۆس) وا پێدەچـێ پێـش دەسـت پێکـردنی دیالـۆگ و وتوێژەکـە، مولحیـد بوویـێ و، بـڕوای بـە هیـچ نەبووبـێ، پێـم چـاک بـوو ئـەو وتوێـژە نەقـڵ کـەم، بـەڵام ڕێـک مانـا کوردییەکـەی دێنـم و، دەقـە عەرەبییەکـەی ناخوێنمـەوە، چونکـە زۆرە، لـە تەفسـیری: (**الجواهـر في تفسـير القـرآن الكريـم**)[1]ەوە دەیهێنـم:

دەڵـێ: سـوقرات زانی کە ئەرسـتۆ دیمـۆس قوربانییان سـەرنابڕێ و، کاروبـارە دینییەکان بـە سـووک تەماشـا دەکات و، گاڵتـەش بـە کەسـێک دەکات کـە گرنگیـی بـە خواپەرسـتیی دەدات، بۆیـە سـوقرات بـە ئەرسـتۆ دیمۆسـی گـوت: ئایـا لـە نێـو خەڵکیـدا کـەس هەیـە، کـە تـۆ سەرسـام بـی بـە پیشـەکەی، شـتێکی کردبـێ و پێـی سەرسـام بی؟

ناوونیشـانی: (پایەکانـی بوونناسـیی و ڕوونکردنـەوەی ئیـمان)دا ئـەو بابەتەمـان توێژیوەتـەوەو، کتێبـی ناوبراویـش پوختـەو کـوشراوی هـەردووک کتێبـی یەکـەم و دووەمـی مەوسـووعەی: (الإسـلام كـما يتجلـى في كتـاب الله)یـە .

(١) الجواهـر في تفسـير القـرآن الكريـم، الْمُشْـتَمِلِ عَـلَى عَجَائِـبِ بَدَائِـعِ الْمُكَوَّنَـاتِ، وَغَرَائِـبِ الآيَـاتِ البَاهِـرَاتِ، الْمُسَـمَّى تَفْسِـيْرِ الطَّنْطَـاوِي جَوْهَـرِي، تأليف الأُسْـتَاذ الحَكِيْم الشَـيْخ: الطَّنْطَـاوِي جَوْهَرِي المـصري، ج١١، ص٣٧ و ٣٨.

ئەرستۆ دیمۆس گوتی: بەڵێ، باسی شاعیرەکان و باسی وێنەکێشەکانی کرد، کە هەیانە یەکێکیان لەوەی دیکە دەست ڕەنگینترەو کارامەترە.

سوقرات پێیگوت: لە لای تۆ کامیان پێگەی بەرزترە، ئایا کەسێک کە ئەو پەیکەرانە، دروست دەکات، کە هیچ جووڵەیان نیە، عەقڵ و هۆشیان نیە، یاخود کەسێک کە ئەو پەیکەرانە دروست دەکات، کە زیندوون و جووڵەیان هەیە؟

ئەرستۆ دیمۆس گوتی: بە تەئکید ئەوەی کە پەیکەرە زیندووە جووڵاوەکان دروست دەکات، ئەوە زیاتر بە لای منەوە پێگەی بەرزترە، بەڵام مەگەر ئەو پەیکەرو کەلەشانە بە هۆی ڕێکەوت و بەهۆی هەڵکەوتەوە هاتبنە دی، نەک بە هۆی عەقڵەوەو، کاری عەقڵ نەبن و کاری ڕێکەوت بن!

سوقرات پێیگوت: ئەگەر گریمان هەندێک شتمان دانان کە ئامانج و مەبەستیان تێدا نابینرێ و، هەندێک شتی دیکەشمان دانان کە سوودو ئامانجیان تێدا ببینرێ، ئایا قسەت لە بارەی ئەو شتانەوە چییە؟ کامیان پێت وایە کاری عەقڵەو، کاری پڕ وردەکارییە؟

ئەرستۆ دیمۆس گوتی: بێگومان ئەوەی کە ئامانجەکەی تێدا دیارەو، سوودی تێدا دیارە، لە کاری عەقڵەو، ئەوە وردەکاریی تێدا ڕەچاو کراوە.

سوقرات پێی گوت: ئایا نابینی کە دروستکەری مرۆڤ، هەر لە سەرەتاوە ئەو ئەندامانەو، ئەو هەستانەی بۆ ڕەخساندوون و، لەو ئەندامانەیدا سوودی ئاشکرا دیارە، بۆ وێنە: دوو چاوی پێداون، دوو گوێی پێداون، تاکو بەچاوان ببینێ و بە گوێیەکان ببیستێ، ئەوەی کە سوودی هەیە بۆ ژیانی دابینی بکات، پاشان ئایا سوودی ئەو بۆنانە چییە، ئەو بۆنانەی هەن؟ ئەگەر مرۆڤ لووتی نەبووایە، مەلاشووی نەبووایە پێی بۆن بکات، دوایی چۆن تامەکانمان دەزانین و، جیاوازییمان دەکرد لە نێوان شیرین و تاڵ و مزردا، ئەگەر زمانێکمان نەبووایە پێی بچێژین، ئنجا چاوەکەمان لەبەر ئەوەی ئەگەری هەیە تووشی

گرفت و کێشە ببێ، نابینی چۆن دەستەڵاتی خوایی گرنگیی پێداوە، پێڵووی بۆ دروستکردوون، پێڵووەکان وەک دەرگا وان، تاکو ڕێگە بگرێ لەوەی کە تووشی چاو دێ، وەختێک مەترسییەک بەرەو چاو هات، چاو بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکیی لە مێشکەوە فەرمانی بۆ دێ و، پێڵوەکان دادەخات، هەروەها برژانگی هەن، کە وەک بێژینگ وان کە لە زیانی باو تەپ و تۆز بیپارێزێ، ئنجا لە بارەی ئامێری بیستنەوە کە ئەو هەموو دەنگانە، پێشوازیی دەکات، کەچی هەر پڕیش نابێ، چی دەڵێی؟

دوایی تەماشاناکەی هەم مرۆڤ و هەم ژیانداراني دیکە، چۆن ددانەکانیان ڕیزکراون، ددانەکانی پێشەوە بۆ ئەوەی شتیان پێ ببڕێ، دوایی حەواڵەی خرێنەکان دەکرێ، بۆ ئەوەی وردی بکەن و بیهاڕن، ئەگەر لە ڕیزبەندیی ئەوانە ورد ببیەوە، ئایا دەتوانی بڵێی: ئەوانە کاری ڕێکەوتن یان کاری عەقڵن؟!

ئەرستۆ دیمۆس گوتی: بەڵێ ئەگەر بیر لەوانە بکەینەوە، دوو دڵ نابین کە لە کاری دروستکەرێکی کارزان و، زۆر مشوورخۆرن بۆ دروستکراوەکانی.

سوقرات پێی گوت: سەرنج بدە! چۆن نێرینەکان، (واتە: لە مرۆڤ و ئاژەڵ و هەرچی ژیانداره)، چۆن پێیان خۆشە وەچەیان ببێ و، سەرنج بدە مێینەکان چۆن خوای بەدیهێنەر وای ڕاهێناون کە سۆزو بەزەییان هەبێ بۆ بەچکەکانیان، کە ئەوە لە هەموو ژیاندارێکدا داندراوە، ئەو هەستەی تامەزرۆیە بۆ ژیان و ڕقی لە مردنە، ئایا ئەمە هەمووی مشوورخۆریی بەدیهێنەر نیە، بۆ ئەوەی دروستکراوەکانی مێننەوەو خۆیان بپارێزن؟ ئنجا ئەگەر تۆ دڵنیای کە عەقڵ هەیە، لە تۆدا، ئەدی چۆن گومان دەبەی کە عەقڵ نیە، لە دەرەوەی تۆ، لە حاڵێکدا کە تۆ کاتێ بیر لە فراوانیی زەوی دەکەیەوەو، جەستەی خۆت لەگەڵ زەویدا بەراورد دەکەی، بۆت دەردەکەوێ کە تۆ لە پانتایی زەویدا، قەبارەیەکی بچووکت هەیە، بەشێکی زۆر بچووک و کەمت هەیە، هەروەها ئەگەر ئەو ناوو

تەرایییەی کە لە جەستەی تۆدا هەیە، بەراوردی بکەی لەگەڵ ئەو تەرایی و ئاوەی کە لە سەر گۆی زەوی هەیە، تەماشا دەکەی بەشێکی زۆر بچووک بە تۆ براوە، هەروەها هەرچی لە جەستەی تۆدا هەیە، لەو پێکهاتانە، ئەگەر بەراوردی بکەی، لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی کە لە زەویدا هەن، تۆ بەشێکی زۆر کەمت پێ براوە، ئەدی چۆن پێت، وایە لەم جیهانەدا تەنیا تۆ عەقڵت هەیەو ئەو جیهانە فراوانە عەقڵێکی تێدانیە،(ئەو مەبەستی ئەوە بووە خوایەک ﷻ کە بەڕێوەی بەرێ)، چۆن ئەو هەمـوو دروستکراوانەی کە ناژمێردرێن و، ئەو سیستمە ناوازەی تێیاندا هەیە، چۆن لە عەقڵێکەوەو لە زانیارییەکەوە سەرچاوەی نەگرتوە؟!

ئەرستۆ دیمۆس گوتی: نا سوێند بە خوا، بەڵام ئایا بۆچی خاوەنی ئەو شتە سەرسووڕهێنەرانە، نابینم، وەک چۆن خاوەنی پەیکەرەکان و، وێنەو دیمەنە دروستکراوەکان دەبینم؟ (واتە: بۆچی پەیکەر تاشەکان و، وێنە کێشەکان دەبینم، بەڵام خاوەنی ئەو هەمـوو شتە سەرسوڕهێنەرانە، کە خوایە، نایبینم)؟!

سوقرات پێیگوت: تۆ ڕووحی خۆت کە سەرپەرشتیی جەستەت دەکات، نایبینی، ئنجا لەبەر ئەوەی ڕووحەکەت نابینی، ئایا دەبێ ئەوە وات لێ بکات، بڵێی: کردەوەکانی من لە ڕێکەوتەوەو لە هەڵکەوتەوە پەیدا بوون، نەک لە عەقڵێکەوە؟

ئەرستۆ دیمۆس گوتی: من پەرستراوو، خوا بە کەم ناگرم، بەڵام پێم وایە لەوە بەرزترە کە پێویستیی بە پەرستنی من بێ، (لەوە مەزنترەو لەوە بەرزترە، پێویستیی بەوە بێ کە من بەندایەتیی بۆ بکەم).

سوقرات پێیگوت: ئەگەر خوا لەوە بەرزتر نەبێ، کە خەم لە تۆ بخوات، (واتە: هەرچەندە زۆر بەرزە، بەڵام خەمی لێ خواردووی)، کەواتە: لەسەرت پێویستە کە ڕێزی بگری، (واتە: بەندایەتیی بۆ بکەی).

(هەڵبەتـە قسـەکەی سـوقڕاتْ زۆر جوانـە، دەڵـێ: خـوا زۆر زۆر بـەرزە، بـەڵام لەگـەڵ ئـەو هەمـوو بەرزیـی و مەزنییەشـیدا، خەمـی لـە تـۆ خـواردوەو، ئـەو وردە شـتانەی بـۆ تـۆ فەراهـەم هێنـاون، چ لـە ڕووی جەسـتەیی و، چ لـە ڕووی ژیـان و گوزەرانتـەوە، کەواتـە: کـە هێنـدە بـەرزەو ئـاوا مشـووری لـێ خـواردووی، پێویسـتە ڕێـزی بگـری و بەندایەتیـی بـۆ بکـەی!)

دوایـی سـوقڕات پێیگـوت: بزانـە ئـەی خۆشەویسـتەکەم! کـە ڕووحـت هەتـا لـە نێـو جەسـتەتدا بـێ، جەسـتەت بەڕێـوە دەبـات، بۆیـە پێویسـتە بـڕوات وابـێ کـە ئـەو حیکمەتـەی ئـەو گەردوونـە بەڕێـوە دەبـات، ئەویـش ئـاگای لـە موڵـک و دروسـتکراوانی خۆیـەتی، ئایـا پێـت وایـە چـاوت ئـەو شـتانە دەبینـێ کـە لێشـت دوورن، بـەڵام دیتنـی خـوا ﷻ ناتوانـێ کـە دەوری هەمـوو شـتەکانی خـۆی بـدات.

واتـە: مـادام تـۆ بـە چـاوی خـۆت هەمـوو پێداویسـتییەکانی خـۆت دەبینـی، کەواتـە: ئـەو کەسـەو، ئـەو زاتـەش، کـە ئـەم گەردوونـەی ڕەخسـاندوە، ئـاگای لـە هەمـوو شـتێکیەتی.

هەڵبەتـە ئـەوە قسـەی سـوقڕات بـووە، کـە تەنیـا لـە ڕووی عەقـڵ و تێکەیشـتنێک کـە خـوا بـە مرۆڤـەکانی داوە، باسـی خـوای پـەروەردگاری کـردوە، ئەگەرنـا بابەتـی خواناسـیی یەکجـار فـراوان و قووڵـە.

مەسەلە سێیەم و کۆتایی:

دەبێ ڕۆژێک هەبێ پاک و پیس و، ڕاست و چەوت، لە یەک جیابێنەوە، کە لەو ڕۆژەدا مەگەر کەسێک خوا بەزەیی پێیدابێ، ئەگەرنا هیچ کەس دادی هیچ کەس نادات:

بەڵگەی سێیەم: لەسەر زیندووکردنەوەو سزا و پاداشت:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿إِنَّ يَوْمَ الْفَصْلِ مِيقَاتُهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٤٠﴾ يَوْمَ لَا يُغْنِي مَوْلًى عَن مَّوْلًى شَيْئًا وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ ﴿٤١﴾ إِلَّا مَن رَّحِمَ اللَّهُ إِنَّهُ هُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ ﴿٤٢﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿إِنَّ يَوْمَ الْفَصْلِ مِيقَاتُهُمْ أَجْمَعِينَ﴾، بە دڵنیایی ڕۆژی لێک هەڵاواردن و، ڕۆژی لێک جیاکردنەوە، ژوانگەی تێکڕایانە، (وَيَوْمَ الْفَصْلِ: **هُوَ يَوْمُ الْحُكْمِ، لِأَنَّهُ يُفْصَلُ فِيهِ الْحَقُّ مِنَ الْبَاطِلِ، وَالْمِيقَاتُ: اسْمُ زَمَانِ التَّوْقِيتِ، أَيِ: التَّأْجِيلِ**)، کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ يَوْمَ الْفَصْلِ﴾، بە دڵنیایی ڕۆژی لێک جیاکردنەوە، واتە: ڕۆژی دادوەریی کردن، کە دادوەریی دەکرێ لە نێوان هەق و ناهەقدا، ئەو کەسەی هەقی بەدەستەو، ئەو کەسەی لەسەر ناهەقە، لێک جیادەبنەوە، ڕاست و چەوت، لێک جیادەبنەوە، وشەی (**مِيقَات**): ناوە بۆ کاتێک کە دیاریی کراوە و دانراوە بۆ شتێک، ئنجا ڕۆژی لێک هەڵاواردن، ئەو ژوانگەیە کە بۆ تێکڕایان داندراوە، تێکڕای مرۆڤەکان، کە لەوێدا لە دادوەرییان لە نێواندا بکرێ و، هەق و ناهەق لێک جیابکرێنەوە:

٢)- ﴿يَوْمَ لَا يُغْنِي مَوْلًى عَن مَّوْلًى شَيْئًا﴾، ئەو ڕۆژەی هیچ دۆست و نیزیکێک، سوود بە هیچ دۆست و نیزیکێک ناگەیەنێ، وشەی: (**مَوْلَى**): وەک پێشتر گوتمان: بە چەند واتایەک هاتوە،: (**الْقَرِيب، الحَلِيْف، النَّاصِر**)، نیزیک و، هاوپەیمان و، پشتیوان، لە ئەصڵدا وشەی (**مَوْلَى**) لە (**وَلِي**)یەوە هاتوە، (**الوَلِيُّ القُرْب**) واتە: نیزیکیی، ئنجا هەم (**وَلِيّ**) لە (**وَلِي**)

دروست دەکرێ و، هەم (مَوْلَى)ش لێ دروست دەکرێ، واتە: هیچ دۆست و پشتیوانێک هیچ سوودێک بە هیچ دۆست و پشتیوانێک ناگەیەنێ.

٣)- ﴿وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ﴾، ئەوان یارمەتییش نادرێن، سەریش ناخرێن، چونکە جاری وایە مرۆڤ دۆست و پشتیوانێکی دێت، کارەکەی بۆ دەکات، جاری وایە نەخێر دۆست و پشتیوانەکەی و، سەرپەرشتیارەکەی نایەت، بەڵام کەسێکی دیکە دێ، هاوکاریی دەکات، ئنجا خوا ﷻ دەفەرموێ: ئەوانە نە دۆست و پشتیوانیان، سوودیان پێدەگەیەنێ، نە هیچ کەسیش لە فریایان دێ، هەر تۆزە هاوکارییەکیان بکات، واتە: (مَوْلَى) دۆست و نیزیک و سەرپەرشتیاری ئەو کەسەیە، کە بەردەوام هاوکاریی مرۆڤ دەکات، بەڵام (ناصر) ئەو کەسەیە بە شێوەیەکی کاتیی بۆ جارێک لە جاران دێت، سەری دەخات و پشتی دەگرێ، ئنجا ئەوانە نە مشوورخۆرێکی بەردەوامیان هەیەو، نە سەرخەرێکی کاتیی و چاکیشیان هەیە.

٤)- ﴿إِلَّا مَن رَّحِمَ اللَّهُ﴾، مەگەر کەسێک خوا بەزەیی پێیدا هاتبێتەوە، پێشتریش گوتمان: ئەمە دەگونجێ بڵێین:

أ- هەڵاواردنێکی پەیوەست، (إِسْتِثْنَاءٌ مُتَّصِل)ە، واتە: مەگەر ئەوەی خوا بەزەیی پێیدابێتەوە، لە دۆست و نیزیکەکان، ئەوە خوا مۆڵەت دەدا، تکا بکات، هەروەها مۆڵەتیش دەدا، تکابۆکراو تکای بۆ بکرێ.

ب- دەشگونجێ بڵێین: ئەمە هەڵاواردنێکی دابڕاو (إِسْتِثْنَاء مُنْقَطِع)ە، چونکە ئەوەی خوا بەزەیی پێیدابێ، ناکەوێتە بازنەو جوغزی ئەوانەوە کە سوود بە یەکدی ناگەیەنن، کەواتە: ئەم سێ ئایەتە موبارەکەش بەڵگەی سێیەم پێک دێنن، بۆ بەرپەرچدانەوەی نکووڵییکردنی بێبڕوایان لە زیندوو کرانەوەو هەبوونی ڕۆژی سزاو پاداشت.

٥- ﴿هُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ ﴿٤٢﴾﴾، هەر ئەویش (بەس خواش) زاڵی میهرەبانە.

سەرنجدانەوەیەکی
سێ بەڵگەکەی هەبوونی سزاو پاداشت

بەڵگەی یەکەم: سزادانی خوا بۆ گەلی توببەع و گەلانی پێشوو، ئەگەر تەماشای مێژوو بکەین دەستی خوا دەبینین لە سزادانی تاوانباراندا، کەواتە: دنیا شاری بێ خاوەن نیەو، وەک چۆن سزادانێکی بەشیی (**عقاب جزئي**) هەیە، دەبێ قۆناغێکی دیکەش هەبێ، کە سزادانێکی گشتیی تێدا هەبێ، ئەو خوایەی کە لە دنیادا بەسەر تاوانباران و ستەمکاراندا، بازی نەداوە، بە تەئکید کەسانێکیش هەن، کە لە دنیادا سزای خۆیان وەرناگرن، هەروەها کەسانێکی زۆریش هەن، کە پاداشتی خۆیان وەرناگرنەوە، بۆیە دەبێ قۆناغێکی دیکە هەبێ سزای پڕ بە پێست بۆ بێبڕواو تاوانباران و خراپەکاران هەبێ و پاداشتی پڕ بە پێستیش بۆ بڕواداران و چاکەکاران هەبێ.

بەڵگەی دووەم: ئەگەر تەماشای گەردوون بکەین، دەبینین ئەم گەردوونە هەموو شتێکی لەجێی خۆیدایە، هیچ شتێکی نیە، لە جێی خۆیدا نەبێ، هەر کام لە زانایان کە لێ دەکۆڵێتەوە، زانایانی فیزیازان، کیمیازان، زەویناس، زیندەوەرزان، ڕووەکزان، توێکاریی،...هتد. هیچ زانایەک نەیگوتوە: فڵانە شتە نەدەبوو وا بووایە، بۆ وێنە:

١- بەرگە هەوا، توخمەکانی هەوا کە دابەشکراون: ٧٨٪ نایترۆجینە، (٢١٪) ئۆکسجینە، (٠،٣٠٪) دووەم ئۆکسیدی کاربۆنە، ئەو ڕێژانە ئەگەر کەمتر یان زیاتر بوونایە، ژیانی بەشەر دروست نەدەبوو.

٢- هەروەها بەرگە ئاویی کە دەوری زەوی داوە، کە (٤/٥) پانتایی زەوی، ئاو داپۆشیوە، دەبووایە هەر ئەوەندە بێ، نەدەبوو کەمتر یان زیاتر بێ.

٣- هەروەها بەرگە خاکیی، کە زەوی داپۆشیوە، لەو شوێنانەدا کە وشکانییە، دیسان ئەویش ئەستوورییەکەی و ماددەکانی و پێکهاتەکانی چۆنن، دەبووایە هەروابن، بۆ ئەوەی بتوانرێ هەرچی ڕووەک و شیناوردو دارو درەخت و میوەیە، سەوزی بکات.

٤- هەروەها ئەو ئەندازە بایەی لەسەر زەوی هەیە، کە هەڵدەکات، ئەگەر لەوەی هەیە بە هێزتربێ، دەبێتە هۆکاری کاولکاریی، کە جار جار خوای پەروەردگار وەک پێشاندانی دەستی خۆی، ئەو بایە بە هێزتر دەکات.

٥- هەروەها ئاو لە هەندێ شوێن کە ڕێژەیەکی زیاتر دادەبارێ، دەبێتە هۆی تسۆنامیی و دەبێتە هۆی لافاو و لێزماوو، باو باران هەموو شتێک ڕادەماڵێ، کەواتە: هەموو ئەو شتانەی خوا ﷻ خوڵقاندوونی، هەموویان بە ئەندازەگیریین.

٦- هەروەها دووریی نێوان مانگ و زەوی، پاشان قەبارەی مانگ و بارستاییەکەی و هێزی کێشکردنەکەی بۆ زەوی.

٧- هەروەها سووڕانەوەی زەوی بە دەوری خۆیدا لە (٢٤) سەعاتدا جارێک، کە دەبێتە هۆی پەیدا بوونی شەوو ڕۆژ، بە هاوکۆییش شەو (١٢) سەعات و ڕۆژ (١٢) سەعات و، کورت و درێژیش دەبن.

٨- هەروەها سووڕانەوەی زەوی بە دەوری خۆردا کە دەبێتە هۆی پەیدابوونی چوار کەشەکان، سووڕانەوەی زەوی بە دەوری خۆیدا، لە هەر خولەکێکدا (٣٠)کم خێرا دەڕوا، بەڵام سووڕانەوەی زەوی بە دەوری خۆردا، لە هەر چرکەیەکدا (٣٠)کم، واتە: (٦٠) هێندەی سووڕانەوەی بە دەوری خۆیدا خێراترە.

٩- هەروەها دووریی زەوی و خۆرو، ئەو هێزی کێشکردنەی کە لە نێوان زەوی و خۆردایە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی زەوی بە دەوری خۆردا بخولێتەوە.

١٠- دیسان قەبارەی خۆرو ئەندازەی تیشکەکەی، کە لە ڕۆژێکدا ملیۆنان تەن تیشک دەبەخشێ بە کۆمەڵەکەی خۆی، کە ئەگەر زیاتر بووایە یان کەمتر بووایە.

١١- هەروەها دووریی زەوی و خۆر، ئەگەر زیاتر بووایە، سەر زەوی دەبوو بە بەستەڵەک و، ئەگەر نیزیکتر بووایە، دەیسووتاندو دەبوو بە خۆڵەمێش.

ئنجا کاتێک کە تەماشای هەموو گەردوون دەکەین و، تەماشای جەستەی خۆمان دەکەین، وەک ئەو دیالۆگەی لە نێوان سوقرات و ئەرستۆ دیمۆسدا هێنام، دڵنیا دەبین هیچ شتێک نیە لەجێی خۆیدا نەبێ و، هیچ شتێک نیە کە ئەندازەگیریی کراو نەبێ، وەک خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيرًا ﴿٢﴾﴾ الفرقان، یان دەفەرموێ: ﴿إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ ﴿٤٩﴾﴾ القمر، واتە: هەموو شتێکمان بە ئەندازە دروستکردوە، کە مادام هەموو شتێک ئەو پەڕی وردەکاریی و ڕێک و پێکیی تێدایە، کەواتە: لە کۆی گەردوونیشدا ئەو پەڕی ڕێک و پێکیی هەیە، ئنجا ئەو گەردوونە ڕێک و پێک و، سیستماتیکە، بێگومان ئامانج و حیکمەتێکی لە پشتەوەیە، ئامانج و حیکمەتەکە بە عەقڵ و زگماکیش هەستی پێ دەکرێ، کە خوا ﷻ ئێمەی بۆ ئامانجێک لێرە داناوە، بەڵام ئەوەی کە ئەو حیکمەت و ئامانجە بۆ مرۆڤان دەردەخات، وەحییە، وەحیی خوای پەروەردگارە.

هەر بۆیەش خوا ﷻ لە سوورەتی (النساء)دا، دەفەرموێ: ﴿رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللَّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا ﴿١٦٥﴾﴾، دوای ئەوە ناوی دوازدە (١٢) لە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام) دێنێ: ﴿إِنَّا أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ كَمَا أَوْحَيْنَا إِلَىٰ نُوحٍ وَالنَّبِيِّينَ مِن بَعْدِهِ وَأَوْحَيْنَا إِلَىٰ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَالْأَسْبَاطِ وَعِيسَىٰ وَأَيُّوبَ وَيُونُسَ وَهَارُونَ وَسُلَيْمَانَ وَآتَيْنَا دَاوُودَ زَبُورًا ﴿١٦٣﴾ وَرُسُلًا قَدْ قَصَصْنَاهُمْ عَلَيْكَ مِن قَبْلُ وَرُسُلًا لَّمْ نَقْصُصْهُمْ عَلَيْكَ وَكَلَّمَ اللَّهُ مُوسَىٰ تَكْلِيمًا ﴿١٦٤﴾﴾ النساء، دوایی دەفەرموێ: ﴿رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ ...﴾، پێغەمبەرانێکی دڵخۆشکەرن و ترسێنەرن، بۆچی؟ ﴿لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللَّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ﴾، تاکو لە دوای پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام)، خەڵک بەڵگەی

نەبێ لەسەر خوا، کەواتە: ئەگەر خوا پێغەمبەرانی نەناردبان، خەڵک بەڵگەو بیانووی دەبوو، کە یەکێکیان بڵێ: خوایە! من نەمدەزانی تۆ چیت لەمن ویستوە، دەمزانی تۆ هەی، بە عەقڵ و زگماکم، دەمزانی ئەم دنیایە شاری بێ خاوەن نیەو، من خاوەنێکم هەیەو، سەرپەرشتیارێکم هەیە، بەس نەمدەزانی چیت لەمن دەوێ و، من دەبێ چۆن بژیم و، چی بکەم و چۆن بکەم؟ خەڵک پاساوو بەڵگەی هەبوو، بەڵام لە دوای پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)، خەڵک بیانوو بڕ کراوەو، بیانوو بڕاو کراوە.

کە دەفەرموێ: ﴿ وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لَٰعِبِينَ ﴿٣٨﴾ مَا خَلَقْنَٰهُمَآ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٩﴾ ﴾، واتە: ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی نێوانمانیان، گاڵتەکەرانە نەخوڵقاندوون، ﴿ مَا خَلَقْنَٰهُمَآ إِلَّا بِٱلْحَقِّ ﴾، واتە: ئەگەر بە هەق و حیکمەت دروست نەکرابان، ئەم گەردوونە دەبووە، گاڵتەجار، دەبوو بە شتێکی پووچ، وەک لە کۆتایی سوورەتی (المؤمنون)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَٰكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ ﴿١١٥﴾ فَتَعَٰلَى ٱللَّهُ ٱلْمَلِكُ ٱلْحَقُّ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْكَرِيمِ ﴿١١٦﴾ ﴾، واتە: ئایا پێتان وایە ئێوەمان بە پووچ خوڵقاندوەو، بۆ لای ئێمە ناگێردرێنەوە؟ بەرزیی بۆ خوای حوکمڕانی هەق، جگە لەو هیچ پەرستراوێک نیە، خاوەنی تەخت و بارەگای مەزنە، کەواتە: ئەوەش بەڵگەی دووەم.

بەڵگەی سێیەم: ئەوەیە کە خوا ﷻ فەرمووی: ﴿ إِنَّ يَوْمَ ٱلْفَصْلِ مِيقَٰتُهُمْ أَجْمَعِينَ ﴾، ڕۆژی لێک هەڵاواردن، ژوانگەی تێکڕایانە، ئەو ڕۆژە کە هیچ دۆست و نیزیکێک سوود بە هیچ دۆست و نیزیکێک ناگەیەنێ و، پشتیوانییش ناکرێن، مەگەر کەسێ خوا بەزەیی پێیدا بێ، کە هەر ئەو خاوەنی ئەو پەڕی عیززەت و باڵادەستیی و دەسترۆیشتوویی و، ئەو پەڕی میهرەبانیی و بەزەییشە.

کەواتە: لەبەر ئەوەی لە خوا ﷻ ناوەشێتەوە هەق و ناهەق، چاک و خراپ، دیندارو بێ دین، وەک یەک مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، دەبێ ڕۆژێک هەبێ،

لێکیـان هەڵباوێـرێ و لێکیـان جیابکاتـەوە، هـەر کەسـە بـە پێی ئـەوە کە شایسـتەیەتی، مامەڵـەی لەگەڵـدا بـکات، چاکـەکاران پاداشـتیان وەربگرنـەوەو، خراپەکارانیـش سـزا بدرێـن.

کەواتـە: بـەم سـێ بەڵگەیـە خـوا ﷻ نکووڵییکـردنی بێبڕوایـان لـە هەبـوونی ڕۆژی سـزاو پاداشـت، پووچـەڵ دەکاتـەوە، لـەم چەنـد ئایەتـە موبارەکـەدا.

خـوا بـە لوتـف و کەرەمـی خـۆی یارمەتییـمان بـدات، زیاتـر لـە نهێنییـەکانی فەرمایشـتەکەی تێبگەیـن و، یارمەتییـمان بـدات، زیاتـر کارلێـک لەگـەڵ ڕاستییەکانی فەرمایشـتی خـوادا بکەیـن، لە ژیانی تاکیی و، ژیـانی خێزانیی و، ژیـانی کۆمەڵایەتییماندا، ئـەوەی کـە خـوا ﷻ پێـی خۆشـە، بـەو شـێوەیە ڕەفتـار بکەیـن و، ئـەوەی کتێبـی خـوا ﷻ فەرموویـەتی و، پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە ژیـانی خۆیـدا بەرجەسـتەی کـردوە، لە دوو توێـی ڕێبازەکەیـدا، بـەو شـێوەیە ڕەفتـار بکەیـن و، هەوڵبدەیـن ئێمـەش کۆمەڵـگاو دەوروبـەری خۆمـان، پاکسـازیی تێـدا بکەیـن و، چاکسـازیی تێـدا بکەیـن و، ڕاسـتی بکەینـەوەو چاکـی بکەیـن و، وای لـێ بکەیـن، جێـگای ڕەزامەندیـی خوابـێ، تاکـو سـەرەنجامی ئـەم ژیانـەی دنیامـان سـەربەرزیی بـێ و، لـە ڕۆژی دواییشـدا سـەرفرازو سـەربڵند بیـن، لـە خزمـەت خـوای پـەروەردگارو، پێغەمبـەری پێشـەواماندا ﷺ.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی چوارەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان لـە حەڤـدە (١٧) ئایـەتی کۆتایـی سـوورەتی (**الدخـان**) پێکـدێ، ئایەتـەکانی: (٤٣ - ٥٩)، کـە تێیانـدا سـەرەتا باسـی سـەرەنجامی شـووم و دژوارو پـڕ مەینەتیـی و ئـازاری بێبڕوایـانی گوناهـکار کـراوە، بـە تایبـەت درەختـی زەققـووم، کـە بەرومیوەکـەی خۆراکـی سـەرەکیی دۆزەخییەکانـە.

پاشـان باسـی سـەرەنجامی پـڕ خێـرو خۆشـیی پارێـزکاران کـراوەو، چەنـدان نـازو نیعمـەتی ناوازەیـان خراونـە ڕوو:

١- بێ ترس و بیم بوونیان و، ئارامیی و هێمنیی بۆ فەڕاهەم هێنرانیان.

٢- باغ و بێستانەکان.

٣- کانیی و سەرچاوەکان.

٤- پۆشاکی ئاوریشمی تەنک و ئەستوور.

٥- ڕووبەڕووی یەکدی دانیشتن.

٦- جووتکرانیان لەگەڵ ئافرەتانی شۆخ و شەنگدا.

٧- هەبوونی هەموو جۆرە میوەیەکی بە تام و چێژ.

٨- دووریی لە مردن.

٩- دووریی لە ئاگری دۆزەخ.

لـە کۆتاییشـدا خـوا ﷻ بـە پێغەمبەرەکـەی ﷺ دەفەرمـوێ: ئێمـە قورئانمـان بـە زمـانی خـۆت، واتـە: بـە زمـانی عەرەبیـی، بـۆ ئاسـان کـردووی، تاکـو خەڵـک تێیبگـەن، واتـە: سـەرەتا کۆمەڵگاو دەوروبـەری خـۆت، پاشـت لـێ تێبگـەن، وەک لـە سـوورەتی

(إبراهیم)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوۡمِهِۦ لِيُبَيِّنَ لَهُمۡ ﴿٤﴾ ﴾، واتە: هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردوە، مەگەر بە زمانی خۆی و، کۆمەڵەو خەڵکەکەی خۆی، تاکو بۆیان ڕوونبکاتەوە، کەواتە: تۆ چاوەڕوان بە، ئەوانیش چاوەڕوانن، تۆ چاوەڕوان بە کە یارمەتیی خوات بۆ دێ و، سەرت دەخات، لەو بارودۆخە پڕ تەنگژەو مەینەتییەی کە لە مەککەدا خۆت و هاوەڵانت دەیگوزەرێنن، دەربازت دەکات و، ئەوانیش با چاوەڕوان بن، کەی بە خەیاڵی خۆیان تۆ وەفات دەکەی و، پەیامەکەت کۆتایی دێ، بە لای ئێمەشەوە با ئەوان چاوەڕوان بن، کەی سەرکەوتنی ئیسلام دەبینن و، شکستی خۆیان دەبینن، هەر لە دنیاداو، ئەگەر بڕواش نەهێنن، لە دواڕۆژیشدا سزاو ئازاری، خوای دادگەر دەبینن، واتە: دڵنیابە سەرەنجامی چاک هی تۆیەو، ئەوان سەرەنجامێکی شووم و پڕ مەینەتیی چاوەڕێیانە.

﴿ إِنَّ شَجَرَتَ ٱلزَّقُّومِ ﴿٤٣﴾ طَعَامُ ٱلۡأَثِيمِ ﴿٤٤﴾ كَٱلۡمُهۡلِ يَغۡلِي فِي ٱلۡبُطُونِ ﴿٤٥﴾
كَغَلۡيِ ٱلۡحَمِيمِ ﴿٤٦﴾ خُذُوهُ فَٱعۡتِلُوهُ إِلَىٰ سَوَآءِ ٱلۡجَحِيمِ ﴿٤٧﴾ ثُمَّ صُبُّواْ فَوۡقَ رَأۡسِهِۦ
مِنۡ عَذَابِ ٱلۡحَمِيمِ ﴿٤٨﴾ ذُقۡ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡكَرِيمُ ﴿٤٩﴾ إِنَّ هَٰذَا مَا كُنتُم
بِهِۦ تَمۡتَرُونَ ﴿٥٠﴾ إِنَّ ٱلۡمُتَّقِينَ فِي مَقَامٍ أَمِينٖ ﴿٥١﴾ فِي جَنَّٰتٖ وَعُيُونٖ ﴿٥٢﴾ يَلۡبَسُونَ مِن
سُندُسٖ وَإِسۡتَبۡرَقٖ مُّتَقَٰبِلِينَ ﴿٥٣﴾ كَذَٰلِكَ وَزَوَّجۡنَٰهُم بِحُورٍ عِينٖ ﴿٥٤﴾ يَدۡعُونَ
فِيهَا بِكُلِّ فَٰكِهَةٍ ءَامِنِينَ ﴿٥٥﴾ لَا يَذُوقُونَ فِيهَا ٱلۡمَوۡتَ إِلَّا ٱلۡمَوۡتَةَ ٱلۡأُولَىٰۖ
وَوَقَىٰهُمۡ عَذَابَ ٱلۡجَحِيمِ ﴿٥٦﴾ فَضۡلٗا مِّن رَّبِّكَۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ﴿٥٧﴾ فَإِنَّمَا يَسَّرۡنَٰهُ
بِلِسَانِكَ لَعَلَّهُمۡ يَتَذَكَّرُونَ ﴿٥٨﴾ فَٱرۡتَقِبۡ إِنَّهُم مُّرۡتَقِبُونَ ﴿٥٩﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بە دڵنیایی (بەری) درەختی زەققووم (زەقنەمووت، ئەو پەڕی تاڵ و ناخۆشە) ﴿٤٣﴾ خۆراکی (مرۆڤی) زۆر گوناهکارە ﴿٤٤﴾ وەک کانزای تواوەیە لە سکاندا دەکوڵێ ﴿٤٥﴾ وەک کوڵینی ئاوی داغ (و ئەوپەڕی گەرم) ﴿٤٦﴾ ئەی فریشتەکان! بیگرن (ئەو بێبڕوا گوناهکارە)، پەلکێشی بکەن بۆ نێوە ڕاستی کڵپەی ئاگر (ی دۆزەخ) ﴿٤٧﴾ ئنجا لە ئازاری ئاوی کوڵیو و داغی بەسەر تەپڵی سەردا بکەن ﴿٤٨﴾ (پێی دەگوترێ:) بیچێژە! بەڕاستیی هەر تۆی دەسترۆیشتووی بەڕێز! (وەک لە دنیادا لافت لێ دەدا) ﴿٤٩﴾ ئەی بێبڕوایەکان! بێگومان ئەم (سزای دۆزەخ) ە، ئەوەیە کە تێیدا دوو دڵ بوون، شەڕە قسەتان لە بارەیەوە دەکرد ﴿٥٠﴾ بە دڵنیایی پارێزکاران لە نشینگەیەکی هێمن و بێترس و بیم دان ﴿٥١﴾ لە نێو باخ و سەرچاواندا ﴿٥٢﴾ لە حاڵێکدا کە بەرەو ڕووی یەکدی دانیشتوون، لە ئاوریشمی تەنک و ئەستوور دەپۆشن ﴿٥٣﴾ (پاداشتیان) بەو شێوەیەو لەگەڵ ئافرەتانی سپی و سۆڵ و چاوگەشدا کردووماننە هاودەم ﴿٥٤﴾ بە هێمنیی و بێ ترسیی، لە هەموو میوەیەکی (خۆش و بە تامی) تێیدا داوا دەکەن ﴿٥٥﴾ جگە لە مردنی یەکەم (کە لە دنیادا چێژتیان)، مردنی تێدا ناچێژن و (خوا) لە ئازاری کڵپەی ئاگری (دۆزەخ) پاراستنی ﴿٥٦﴾ ئەوەش بەخششە لە پەروەردگارتەوە، ئا ئەوەیە بردنەوەو بە مراد گەیشتنی مەزن ﴿٥٧﴾ بێگومان بۆیە بە زمانی تۆ ئاسانمان کردوە (ئەم قورئانە)، بەڵکو (خەڵکەکەت) لێی تێبگەن و پەند وەربگرن ﴿٥٨﴾ (بەڵام بێبڕوایەکانیان پەندیان وەرنەگرت)، دەجا چاوەڕوان بە (سزایان بۆ بێ)، بێگومان ئەوانیش چاوەڕێن ﴿٥٩﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(ٱلزَّقُّومِ): (عِبَارَةٌ عَنْ أَطعِمَةٍ كَرِيْهَةٍ مِنَ النَّار، زَقَّمَ فُلَانٌ وَتَزَقَّمَ: ابْتَلَعَ شَيْئاً كَرِيْهَاً)، زەققووم: بریتییە لە خواردنە ناخۆشەکانی نێو ئاگر (زَقَّمَ فُلَانٌ وَتَزَقَّمَ) یانی: شتێکی ناخۆشی قووتدا. زانایان لە بارەی درەختی زەققوومەوە: چییەو چۆنەو بەرەکەی چۆنە؟ زۆر قسەیان کردوە، هەندێک گوتوویانە: جۆرە درەختێکە لە هەندێک ناوچەی وڵاتی عەرەبییدا دەڕوێ، گەڵایەکەی وردە، بەرەکەی زۆر زۆر تاڵ و گەرمە، سووتێنەرە، بەڵام من وای تێدەگەم کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ إِنَّهَا شَجَرَةٌ تَخْرُجُ فِيٓ أَصْلِ ٱلْجَحِيمِ ﴿٦٤﴾ طَلْعُهَا كَأَنَّهُۥ رُءُوسُ ٱلشَّيَٰطِينِ ﴿٦٥﴾ ﴾الصافات، واتە: درەختێکە لە تەختی دۆزەخ دێتە دەرێ و، بەرو میوەکەی وەک سەری شەیتانان وایە، هیچکەسیش سەری شەیتانانی نەبینیوە، بەڵام لە خەیاڵ و ئەندێشەی هەموو کەسدا سەری شەیتانان شتێکی دزێو و قێزەون و ناشیرینە، کە ئەم زەققوومە پەیوەست بێ بە دۆزەخەوەو، لە دنیادا وێنەی نەبێت، بەڵام هەندێک لە ڕوونکەرەوانی واتاکانی قورئان گوتوویانە: زەققووم بریتییە لە خواردنە ناخۆشە دزێوەکان لە ئاگردا، واتە: هەموو ئەو خواردنانەی ناخۆشن، زەققووم دەیانگرێتەوە، بەڵام من پێم وایە زەققووم جۆرە میوەیەکی تایبەتە لە درەختێکی تایبەت، کە خوا ﷻ باسی کردوە، دەگوترێ: (زَقَّمَ فُلَانٌ وَتَزَقَّمَ: ابْتَلَعَ شَيْئاً كَرِيْهَاً)، وشەی (زَقَّمَ) و (تَزَقَّمَ)، قووتیدا، بۆ قوتدانی شتێکی ناخۆش و بێزلێکراو بەکاردەهێندرێ.

(ٱلْأَثِيمِ): (آثِمْ)، بە مانای گوناهکار، گوناهبار، بەڵام (الأثِيمْ)، واتە: زۆر گوناهکار، چونکە ڕێژگەی زێدەڕۆیی، (صِيْغَةُ المُبَالَغَة)ی (آثِمْ)ە، هەروەک چۆن (عالِم)، بە مانای زانا دێ، بەڵام (عَلِيْم)، واتە: زۆر زانا، بۆیە (أثِيمْ: كَثِيْرُ الإثْمْ)، زۆر گوناهکار، زۆر گوناهبار.

(كَٱلْمُهْلِ): وەک (مُهـل) وایـە، (المُهْـلُ: دُرْدِيُّ الزَّيْـتِ، النُّحَـاسُ المُـذَابُ، المَعْـدِنُ المُذَاب)، زانایان لـە بـارەی (مُهْل)یشـەوە دیسـان زۆریـان قسـە کـردوە، هەندێکیـان گوتوویانـە: بـە خڵتـی زەیـت دەگوتـرێ، زەیـت کـە دەکوڵێـنرێ بـۆ ئـەوەی ببێتـە زەیـت، خڵتەکـەی بنـەوەی کـە زۆر گەرمـە، پێـی دەگوتـرێ: (مُهْـل)، هەروەهـا بـە مسـی تـواوەش دەگوتـرێ، هەروەهـا بـە هـەر کانزایەکـی تـواوەش بـا زێـڕو زیویـش بـێ، هـەر دەگوتـرێ: (مُهْـل).

(يَغْلِى): واتـە: دەکوڵـێ (الغَـلْيُ وَالغَلَيَـانُ فِي القِـدْرِ، إذَا طَفَحَـتِ القِـدْرُ)، (غَـلِيُ وَغَلَيَانُ)، واتـە: مەنجـەڵ کـە دەکوڵـێ، هەندێـک لـەوەی کـە لـە نێـوی دایـە دەهـاوێ و بڵقـان دەدات لـە زۆر گەرمییـان، پێـی دەگوتـرێ: (غَـلِي وَغَلَيَان).

(ٱلْحَمِيمِ): (الحَمِيْـمُ: المَـاءُ الشَّـدِيْدُ الحَـرَارَة)، (حَمِيـم): ئاوێکـی زۆر گـەرم، واتـە: ئـاوی کـوڵاو و داغ.

(فَٱعْتِلُوهُ): (العَتْـلُ: الأَخْـذُ بِمَجَامِـعِ الـشَّيء وَجَـرُّهُ بِقَهْـرٍ)، (عَتْـل): بریتیـە لـە شـتێک بـە زۆر ڕابکێشرێ، بـە کوردیـی پەلکێـش کردنـی پـێ دەڵێـن: پەلکێشـی بکـەن و، ڕای کێشـن بـە توندیـی.

(صُبُّوا۟ فَوْقَ رَأْسِهِۦ): واتـە: بەسـەر تەپڵـی سـەریدا بڕێـژن، (صَـبُّ الـمَاءِ: إِرَاقَتُـهُ مِـنْ أَعْـلَى)، ئەوەیـە کـە لـە سـەرڕا ئـاو بڕێـژرێ.

(تَمْتَرُونَ): (أَي: تَشُـكُّونَ)، واتـە: تێیـدا دوو دڵـن، هـەروەک (تَمْـتَرُون)، بـە مانـای :(شـەڕە قسـەو دمبەدمـە دەکەن)یـش دێ.

(وَزَوَّجْنَٰهُم): (قَرَنَّاهُـمْ)، واتـە: جووتمـان کـردن، کردماننـە هاونیشـین و هاودەمـی یەکـدی، ئەگەرنـا (زَوَّجْنَاهُـمْ) بـە مانـای لـێ مارەکـردن نیـە، چونکـە لـە بەهەشـتدا مارەکـردن نیـە، لـەوێ هـەر کەسـێک کـە ئـەو هاوسـەرەی دەدرێتـێ، پێویسـتیی بـە مارەکـردن نـاکات، بەهەشـت وەک دنیـا نیـەو، مارەکـردن بـۆ دنیایـە، کەواتـە:

(زَوَّجْنَاهُـمْ)، واتـە: (قَرَنَّاهُـمْ)، لەگـەڵ ئەوانـدا جووتمـان کـردن و پێکـەوە کردمانـە هـاودەم و هاونیشـین و هـاوڕازی یەکـدی.

(بِحُورٍ): (حُـور: جَمْـعُ حَـوْرَاء وَأَحْـوَر، وَالحَـوْرُ: ظُهُـور قَلِيْـلٍ مِـنَ البَيَـاضِ فِي العَيْنِ مِنْ بَـيْنِ السَّـوادِ، وَذَلِـكَ نِهَايَـةُ الحُسْـنِ مِـنَ العَيْنِ، وَحَـوَّرْتُ الـشَّيءَ: بَيَّضْتُـهُ)، (حُـور) کـۆی (حَـوْرَاء)ە، بـۆ مێینـە (مؤنـث) هەروەهـا دەشـکونجێ کـۆی (أَحْـوَر) بـێ، بـۆ نێرینـە (مذکـر)، واتـە: زۆر زۆر سـپیی، (حَـوْر): بریتیـە لـەوە کـە لـە چـاودا سـپێنەکەی زۆر بـێ و، ڕەشـکێنەکەی زۆر ڕەش بـێ، کـە ئـەوە لـە چـاودا زۆر جوانـە، واتـە: هـەم سـپییەکەی زۆر صـاف بـێ و، هـەم ڕەشییەکەشـی، دەگوتـرێ: (حَـوَّرْتُ الـشَّيءَ: بَيَّضْتُهُ)، واتـە: شـتەکەم سـپیی کـرد، هەتـا گوتـراوە: حەوارییەکانـی عیسـا ﷺ بۆیـە پێیـان گوتـراوە: حەواریـی، چونکـە بەرگـی سـپییان لەبـەر کـردوە، یـان لەبـەر ئـەوەی بـەرگ سـپییکەرەوە بـوون، وەک چـۆن لـە ئوتووخانـە ئەوانـەی بـەرگ و پۆشـاک دەشـۆن و پـاک و خاوێـن و سـپیی دەکـەن.

(عِينٍ): (جَمْـعُ عَيْنَـاء)، بـۆ چـاوی گـەش و جـوان بەکاردەهێنـرێ، بـە مانگـە کێویـی و، بـە ئاسـکە کێویـی دەگوتـرێ: (عَيْنَـاء)، لەبـەر ئـەوە چـاوی زۆر گـەورەو جوانـە، ئـەو ئافرەتانـەش کـە خـوا لـە بەهەشـتدا دەیانڕەخسـێنێ، چاویـان چوێنـراوە بـە چـاوی مانـگا کێویـی، یاخـود چـاوی بـە ئاژەڵـەوە کـە چـاوی زۆر جوانـە، بـەڵام لـە ڕاستییدا وا ڕاسـترە و وا باشـترە بڵێیـن: (حُـور: جَمْـعُ حَـوْرَاء)، واتـە: ئافرەتـی سـپیی و سـۆڵ و گـەش و جـوان، (عِـيْن جَمْـعُ عَيْنَـاء)،: چاویـان جوانـە، واتـە: هـەم جەسـتەیان سـپیی و سـۆڵ و بـێ پەڵـەو بـێ لەکەیـە، هـەم چاویشـیان زۆر جوانـن.

هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتانە

هـۆی هاتنـە خـواری ئـەم ئایەتـە موبارەکانـە، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ ذُقۡ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡكَرِيمُ ۝٤٩ إِنَّ هَٰذَا مَا كُنتُم بِهِۦ تَمۡتَرُونَ ۝٥٠ ﴾، لەو بـارەوە ئـەم گێردراوەیـە هەیـە:

{عَـنْ قَتَـادَةَ رَحِمَـهُ اللّـه: ﴿ ثُمَّ صُبُّوا۟ فَوۡقَ رَأۡسِهِۦ مِنۡ عَذَابِ ٱلۡحَمِيمِ ۝٤٨ ﴾، نَزَلَـتْ فِي عَـدُوِّ اللّـهِ أَبِي جَهْـلٍ لَقِـيَ النَّبِـيَّ ﷺ، فَأَخَـذَهُ فَهَـزَّهُ، ثُـمَّ قَـالَ: أَوْلَى لَـكَ يَـا أَبَـا جَهْـلٍ فَـأَوْلَى، ثُـمَّ أَوْلَى لَـكَ فَـأَوْلَى، ذُقْ إِنَّـكَ أَنْـتَ الْعَزِيـزُ الْكَرِيـمُ، وَذَلِـكَ أَنَّـهُ قَـالَ: أَيُوعِـدُنِي مُحَمَّـدٌ، وَاللّـهِ لَأَنَـا أَعَـزُّ مَـنْ مَـشَى بَـيْنَ جَبَلَيْهَـا « وَفِيـهِ نَزَلَـتْ: ﴿ وَلَا تُطِعۡ مِنۡهُمۡ ءَاثِمًا أَوۡ كَفُورًا ۝٢٤ ﴾الإنسـان، وَفِيـهِ نَزَلَـتْ: ﴿ كَلَّا لَا تُطِعۡهُ وَٱسۡجُدۡ وَٱقۡتَرِب ۝١٩ ﴾العلـق، وَقَـالَ قَتَـادَةُ: نَزَلَـتْ فِي أَبِي جَهْـلٍ وَأَصْحَابِـهِ الَّذِيـنَ قَتَـلَ اللّـهُ تَبَـارَكَ وَتَعَـالَى يَـوْمَ بَـدْرٍ: ﴿ أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ بَدَّلُوا۟ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ كُفۡرًا وَأَحَلُّوا۟ قَوۡمَهُمۡ دَارَ ٱلۡبَوَارِ ۝٢٨ جَهَنَّمَ يَصۡلَوۡنَهَا وَبِئۡسَ ٱلۡقَرَارُ ۝٢٩ ﴾إبراهيـم}[1].

واتـە: قەتـادە ڕەحمـەتی خـوای لـێ بـێ، دەڵێ: ئـەم ئایەتـە موبارەکـەی دەفەرموێ: دوایـی بەسـەر تەپڵـی سـەریدا بکـەن، لـە ئـازاری ئـاوی کـوڵاو، لـە بـارەی دوژمنـی خـوا ئەبـوو جەهلـەوە هاتۆتـە خـوار، کـە ڕۆژێـک دەگاتـە پێغەمبـەر ﷺ پێغەمبـەری خـواش دەیگـرێ و ڕایدەوەشـێنێ و، پێـی دەفەرمـوێ: سـزای سـەخت بـۆ تـۆ ئـەی ئەبـوو جەهـل! سـزای سـەخت بـۆ تـۆ، جارێکـی دیکـەش سـزای سـەخت بـۆ تـۆ، ﴿ ذُقۡ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡكَرِيمُ ﴾، بیچێـژە ئایـا تـۆی کـە خـۆت زۆر بـە بـاڵا دەسـت و دەسترۆیشـتوو و بەڕێـز دەزانی؟ (بـە هـۆی ئـەوەوە پێغەمبـەر ﷺ وای پـێ فەرمـوو)، کـە ئەبـوو جەهـل گوتبـووی: ئایـا موحەممـەد هەڕەشـەم لـێ دەکات، بـە

(١) أخرجه الطبري: ٣١٢٢٧، ج٢٥، ص١٣٨، وقال: إسناده مرسل.

خوا مـن زاڵـترو دەستڕۆیشـتووترین کەسـم، کـە لـە نێـوان دوو چیایـەکانی مەککـەدا، ڕۆیشـتوە.

هـەر لـە بـارەی ئەویشـەوە، ئـەم ئایەتـەی سـوورەتی (الإنسـان) دابـەزی، ئایـەتی ژمـارە (٢٤) کـە خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ وَلَا تُطِعْ مِنْهُمْ ءَاثِمًا أَوْ كَفُورًا ﴿٢٤﴾ ﴾، فەرمانبەریی و گوێڕایەڵیی، ئـەو کەسـەیان کـە گوناهبـارە، یاخـود سپڵەیە مەکـە، هەروەهـا هـەر لـە بـارەی ئـەوەوە، ئـەم ئایەتـە هاتـە خـوار، لـە سـوورەتی (العلـق)دا، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ كَلَّا لَا تُطِعْهُ وَٱسْجُدْ وَٱقْتَرِب ﴿١٩﴾ ﴾، نەخێـر (بـا واز بێنـێ)، فەرمانبەریـی مەکـەو، کڕنووش بـۆ خـوا بـەرەو لـە خـوا نیزیـک ببـەوە.

هەروەهـا (قتـادة) گوتوویـەتی: هـەر لـە بارەی ئەبـوو جەهـل و هاوەڵەکانیـەوە، کە خـوا ﷻ لـە جەنگـی بـەدردا کوشـتنی، (وایکـرد کـە بـە دەسـتی هـاوەڵان بکوژرێـن)، ئـەم ئایەتـەی سـوورەتی (إبراهیـم) هاتـە خـوار: ﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ بَدَّلُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ كُفْرًا وَأَحَلُّوا۟ قَوْمَهُمْ دَارَ ٱلْبَوَارِ ﴿٢٨﴾ ﴾، ئایـا سـەرنجی ئەوانـە نـادەی کـە لـە بەرانبـەر چاکـەی خـوادا، سـپڵەییان نوانـدو، خەڵکەکـەی خۆیـان تووشـی ماڵوێرانیـی کـرد؟!

هەروەهـا لـە بـارەی ئایەتەکانـی: ﴿ إِنَّ شَجَرَتَ ٱلزَّقُّومِ ﴿٤٣﴾ طَعَامُ ٱلْأَثِيمِ ﴿٤٤﴾ ﴾، تـا کۆتایـی، (ابـن المنـذر)، هێناویـەتی لـە یەکێـک لـە تابیعینـەوە، کـە دیـارە (ابـن المنـذر) یەکسـەر لـە تابیعینـەوە نەقـڵ نـاکات، بـەڵام ئـەو کەسـەی لێیـەوە نەقـڵ کـردوە، باسـی نەکـردوە، یـان لـەو کتێبـەدا نەهاتـوە، دەڵـێ: (أُخْبِرْتُ أَنَّ أَبَا جَهْلٍ قَالَ: يَا مَعْشَرَ قُرَيْشٍ أَخْبِرُونِي مَا اسْمِي؟ فَذُكِرَتْ لَهُ ثَلَاثَةُ أَسْمَاءٍ: عَمْرو، والجِلَاس، وَأَبُو الحَكَم، قَالَ: مَا أَصَبْتُم اسْمِي، أَلَا أُخْبِرُكُمْ؟ قَالُوا: بَلَى، قَالَ: اسْمِي العَزِيز الكَرِيم، فَنَزَلَتْ: ﴿ إِنَّ شَجَرَتَ ٱلزَّقُّومِ ﴿٤٣﴾ طَعَامُ ٱلْأَثِيمِ ﴿٤٤﴾ كَٱلْمُهْلِ يَغْلِى فِى ٱلْبُطُونِ ﴿٤٥﴾ كَغَلْىِ ٱلْحَمِيمِ ﴿٤٦﴾ خُذُوهُ فَٱعْتِلُوهُ إِلَىٰ سَوَآءِ ٱلْجَحِيمِ ﴿٤٧﴾ ثُمَّ صُبُّوا۟ فَوْقَ رَأْسِهِۦ مِنْ عَذَابِ ٱلْحَمِيمِ ﴿٤٨﴾ ذُقْ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْكَرِيمُ ﴾)، (أخرجـه السـيوطي في الـدر المنثور: ج٧، ص٤١٩)[1].

---

(١) الإستيعاب في بيان الأسباب: ج٣، ص٢٠٣.

واتـە: (**ابـن المنـذر**) هێناویـەتی، لـە یەکێکـەوە دەڵـێ: هەواڵـم پێـدرا کـە ئەبـوو جەهـل، ڕۆژێـک گوتوویـەتی: ئـەی کۆمەڵـی قوڕەیـش! لـە بـارەی نـاوی خۆمـەوە، هەواڵـم پـێ بـدەن، نـاوم چییـە؟ ئەوانیـش سـێ ناویـان بـۆ باسـکردوون: عەمـر، جیـلاس، ئەبـوو لحەکـەم، ئەویـش پێیـان دەڵـێ: نەخێـر، نـاوی منتـان نەپێـکاوە، هەواڵتـان پـێ بـدەم نـاوم چییـە؟ دەڵێـن: بـا، هەواڵـمان پێبـدە، دەڵـێ: نـاوم (**الْعَزِيزُ الْكَرِيـم**)ە، دەسترۆشـتووی بەڕێـز، ئیـدی لـەو بـارەوە ئـەم ئایەتانـە: ﴿إِنَّ شَجَرَتَ ٱلزَّقُّومِ ﴿٤٣﴾ طَعَامُ ٱلْأَثِيمِ ﴿٤٤﴾ كَٱلْمُهْلِ يَغْلِي فِي ٱلْبُطُونِ ﴿٤٥﴾ كَغَلْيِ ٱلْحَمِيمِ ﴿٤٦﴾ خُذُوهُ فَٱعْتِلُوهُ إِلَىٰ سَوَآءِ ٱلْجَحِيمِ ﴿٤٧﴾ ثُمَّ صُبُّوا۟ فَوْقَ رَأْسِهِۦ مِنْ عَذَابِ ٱلْحَمِيمِ ﴿٤٨﴾ ذُقْ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْكَرِيمُ﴾، تـا کۆتایـی دابەزیـون.

دیـارە ئێمـە لـە هـۆی هاتنـە خوارەوەکانـدا، ئـەوەی زۆر عەقڵـمان نەیبـڕێ، لـە ڕووی سـەنەدەکەیەوە شـایانی بـاس نەبـێ، نایهێنیـن، بـەڵام مەرجیـش نیـە، ئەوانـەی دەیانهێنیـن، هەموویـان سـەنەدەکەیان ڕاسـت و دروسـت بـێ، بـە بۆچـوونی مـن.

بـەڵام شـتێک هەندێـک لـە زانایـان یاخـود زۆربەیـان لـە تەفسـیرەکانیاندا دەیهێنـن، منیـش جاروبـار ئـەوەی زۆرێـک لـە توێـژەرەوان بیهێنـن، دەیهێنـم، بـۆ بەرچـاو ڕوونیـی زیاتـر خسـتنە سـەر مانـاو چەمکـی ئایەتـەکان.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خـوای بـەرزی مـەزن لـە کۆتایـی ئـەم سـوورەتە موبارەکـەدا، کـە هـەر وەک لـە سـەرەتاوە باسـمانکرد، ئـەم سـوورەتە موبارەکـە، باسـی قورئانـەو، پاشـان باسـی یەکتایـی خـوا لـە بەدیهێنەرایەتیـی و، پەروەردگارێتیـی و، تەنیـا پەرستراوێتیی دایـە، هەروەهـا باسـی ڕۆژی دواییـە، ئاماژەیـەک بـە بەسـەرهاتی مووسـا عليه السلامو، فیرعـەون و دەسـتە و دایەرەکەیەتـی، کـە دژایەتییـان کـردوە، بـەڵام دوایـی خـوا ﷻ لـە بەینـی بـردوون، هەروەهـا دوایـی ئاماژەیـەک بـە کۆمەڵـی توببـەع، گەلی توببـەع و، گـەلانی پێشـتر، کـە ئەوانیـش خـوا ﷻ، لەگـەڵ ئەوەشـدا زۆر دەستڕۆیشـتووتر بـوون لـە کۆمەڵـگای عـەرەب، لـە کۆمەڵـگای ڕۆژگاری پێغەمبـەر ﷺ، بـەڵام بـە هـۆی گوناهـو تـاوان و بـەدرۆ دانـانی پەیامـی خـواوە، خـوا ﷻ لـە بەینـی بـردوون و سـزای داون.

پاشـان ئـەوە باسـکراوە کـە خـوا ﷻ ڕۆژی دوایـی دێنێتـە پێـش، کـە ڕۆژی سـزاو پاداشـتە، بـە بەڵگـەی ئـەوە بـە درێژایـی مێـژووی بەشـەر، خـوا ﷻ هـەر کەسـێک لایدابـێ و تـاوان و، خراپـەی کردبـێ، بـە کۆمـەڵ، دووچـاری سـزاو جەزرەبـەی کـردوون، هەروەهـا گەردوونیـش بـە هـەق دروسـتکراوە، پاشـان دەبـێ ڕۆژێکیـش هەبـێ، تێیـدا ئـەو خەڵکـە لێـک هەڵاوێـردرێ.

دوای ئـەوە خـوا ﷻ هـەم باسـی سـەرەنجامی شـووم و خـراپ و پـڕ مەینەتیـی و ئـازاری بێبڕوایـان و، هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەران دەکات، هـەم باسـی سـەرەنجامی پڕخێـر و خۆشـیی و بەختەوەریـی و پـڕ هێمـن و ئاسـاییش و، پـڕ نـازو نیعمـەتی بـڕواداران‌ی پارێـزکار دەکات، تاکـو:

أ- ئەوانەی تاکو ئێستا ڕێی ڕاستی خوایان نەگرتوەو، ئەو پەیامە ڕاست و دروستەی خوای پەروەردگاریان، لە باوەش نەگرتوە، کە بە کۆتا پێغەمبەری خۆیدا ﷺ ناردوویەتی و لە دوا

کتێبی خۆیدا ناردوویەتی کە قورئانە، هەم ئەوان لە لایەکەوە بترسێن، لە سزاو جەزرەبەی خوا، کە بۆ بێبڕوایان و هاوبەش بۆ خوادانەران و تاوانباران و ستەمکارانی داناوە.

ب- بڕوادارانیش دڵخۆش بن و، زیاتر دەستگرتووبن بەو ڕێبازو پەیامەی خوای پەروەردگارەوە، کە بڕوایان پێهێناوە، کە لە دنیادا سەریان بەرز دەکاتەوەو، لە دوارۆژییشدا تووشی بە مراد گەیشتن و بردنەوەی هەرە مەزن و سەرفرازییان دەکات،

ج- بێبڕوایانیش ئەو پاداشتەی کە خوا بۆ بڕواداران دایناوە، هاندەرو، پاڵنەریان بێ، کە ئەوانیش واز لە بێبڕوایی و، هاوبەش بۆ خوا دانان و سەرەڕۆیی و، لە کەللە ڕەقیی بێنن و، بە چاوی عەقڵ و دڵ تەماشای پەیامی خوا ﷻ بکەن و، سەرنج بدەن و هەڵوەستە بکەن و، بگەڕێنەوە.

سەرەتا خوا باسی سەرەنجامی شوومی بێبڕوایانی تاوانبار دەکات، بەڵام لە چییەوە دەست پێ دەکات؟ لە خواردن و خۆراکیانەوە دەست پێ دەکات، ئەوەم لە تەفسیرەکاندا نەدیوە، بەڵام وای تێدەگەم، بۆیە خوا ﷻ لێرەدا بە خواردن و خۆراک دەست پێدەکات، چونکە لە ڕاستییدا مرۆڤی بێبڕواو، خەڵکی بێبڕوا گرنگترین شت بە لایەوە، خواردن و خۆراکە، گرنگترین شت بەلایەوە گەدەو داوێنە، چونکە لە چوارچێوەی غەریزەکانی خۆیدا دەخولێتەوە، وەک چۆن کاتی خۆی وڵاخیان بەکارهێناوە بۆ ناعوور، کە لە دەوری ئەو ناعوورە سووڕاوەو، ناوی هەڵکێشاوە، ئەوانەش هەر لە دەوری غەریزەکانی خۆیان دەخولێنەوەو، تاکە شتێک بیری لێ بکەنەوە: تێرکردنی گەدەو تێرکردنی داوێنیانە، بۆیە خوا ﷻ لە خواردن و خۆراکە هەرە خراپەکەیانەوە دەست پێدەکات، کە بێبڕواینە! ئەوە خواردن و خۆراکتانە، ئەگەر ئێوە لە دنیادا تەنیا بیر لە گەدەو داوێنتان بکەنەوەو لە پڕکردنی گیرفانتان و، سەر هەڵنەبڕن، کە خاوەنتان چی لێ داواکردوون، بۆچی لێرەی داناون و، دەبێ چۆن بژین و، چ پەیامێکی بۆ ناردوون؟ بزانن کە چارەنووسێکی ناوا دژوار، چاوەڕێتانەو کە خواردن و خۆراکتان بەو شێوەیە، ﴿إِنَّ شَجَرَتَ ٱلزَّقُّومِ طَعَامُ ٱلۡأَثِيمِ﴾، بە دڵنیایی درەختی زەققووم، خۆراکی بابای زۆر گوناهکارە.

کوردەواریی خۆمان کە لە یەکێک تووڕە دەبن، کە شتێك دەخوات دەڵێن: (یاخوا بە ژەقنەبووتی بێ)، وا پێدەچێ لە زەققوومەوە هێنابیان، یان دەڵێن: (ژەقنە مووتی خوارد)، واتە: شتێکی زۆر تاڵ و تفت و کە قووت نەدرێ، ئنجا خوا ﷻ دەفەرموێ: بێگومان درەختی زەققووم، واتە: بەری درەختی زەققووم، ﴿طَعَامُ ٱلۡأَثِيمِ﴾، خۆراکی بابای زۆر گوناهکارە، بۆیەش دەڵێم: لێرەدا مەبەست لە درەختی زەققووم بەرو میوەکەیەتی، چونکە لە سوورەتی **(الصافات)**دا، کە پێشتر تەفسیرمان کردوە، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿طَلۡعُهَا كَأَنَّهُۥ رُءُوسُ ٱلشَّيَٰطِينِ ٦٥﴾، واتە: بەری درەختی زەققووم، [(**طَلۡع**) واتە: ئەو میوەو بەرەی دەری دەکات]، وەک سەری شەیتانان وایە، بێگومانیش هیچکەس سەری شەیتانانی نەدیوە، بەڵام بۆ قێزەون و ناقۆڵا پێشاندانیەتی، ئەمانەش ئەو ئایەتانەن: ﴿أَذَٰلِكَ خَيۡرٞ نُّزُلًا أَمۡ شَجَرَةُ ٱلزَّقُّومِ ٦٢ إِنَّا جَعَلۡنَٰهَا فِتۡنَةٗ لِّلظَّٰلِمِينَ ٦٣ إِنَّهَا شَجَرَةٞ تَخۡرُجُ فِيٓ أَصۡلِ ٱلۡجَحِيمِ ٦٤ طَلۡعُهَا كَأَنَّهُۥ رُءُوسُ ٱلشَّيَٰطِينِ ٦٥ فَإِنَّهُمۡ لَأٓكِلُونَ مِنۡهَا فَمَالِـُٔونَ مِنۡهَا ٱلۡبُطُونَ ٦٦ ثُمَّ إِنَّ لَهُمۡ عَلَيۡهَا لَشَوۡبٗا مِّنۡ حَمِيمٖ ٦٧ ثُمَّ إِنَّ مَرۡجِعَهُمۡ لَإِلَى ٱلۡجَحِيمِ ٦٨﴾ الصافات.

پێشێ باسی جێگەو ڕێگەو نازو نیعمەتی کە بۆ بەهەشتیان دانراوە دەکات، ئنجا دەفەرموێ: ئایا ئەوە باشترە بۆ میوانداریی لێکردن . یاخود درەختی زەققووم؟ ئێمە کردوومانە بە هۆی سزاو ئازار، یان هۆی تاقیکردنەوە بۆ ستەمکاران، (کە بڵێن: چۆن درەخت لە نێو ئاگردا دەڕوێ؟)، ئەوە درەختێکە کە دەردێ لە تەختی بنی دۆزەخ، بەرەکەی وەک سەری شەیتانان وایە، ئەوانە لێی دەخۆن، ورگی خۆیانی لێ دەئاخنن، [لەبەر ئەوەی هیچی دیکەیان دەست ناکەوێ]، دواییش تێکەڵەیەکیان بۆ هەیە لە ئاوی کوڵاوو داغ، دوای ئەوەش ئنجا دووبارە دەگەڕێنەوە نێو کڵپەی دۆزەخ.

کەواتە: کە لێرەدا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ شَجَرَتَ ٱلزَّقُّومِ﴾، واتە: بەرو میوەی درەختی زەققووم، ﴿طَعَامُ ٱلۡأَثِيمِ﴾، خۆراکی بابای زۆر گوناهکارە، مەبەست

بەرو میوەکەیەتی نەك خووی درەختەکە، بەڵام چونکە لە سوورەتی (الصافات)دا باسکراوە، لێرە بەپێویست نەزانراوە دووبارە بکرێتەوە.

﴿ كَٱلْمُهْلِ ﴾، وەک: کانزای تواوەیە، هێندە گەرمە، کانزای تواوەش، زێرو زیوە، ئاسن و مسە، هەرچی هەیە کە دەتوێنرێتەوە، دەبێ ئەو پەڕی گەرم بێ، ﴿ يَغْلِى فِى ٱلْبُطُونِ ﴾، لە سکاندا دەکوڵێ، لە نێو سک و، لە نێو ورگیاندا دەکوڵێ، واتە: دوای خواردنیشی هەر دەکوڵێ.

﴿ خُذُوهُ فَٱعْتِلُوهُ إِلَىٰ سَوَآءِ ٱلْجَحِيمِ ﴾، بیگرن و پەلکێشی بکەن، رایکێشن بەرەو نێوەراستی کڵپەی دۆزەخ.

﴿ ثُمَّ صُبُّوا۟ فَوْقَ رَأْسِهِۦ مِنْ عَذَابِ ٱلْحَمِيمِ ﴾، دوایی لە ئازاری ئاوی کوڵاوو داغ، بەسەر تەپڵی سەریدا بکەن.

﴿ ذُقْ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْكَرِيمُ ﴾، (پێی دەگوترێ:) بیچێژە، هەر تۆی دەسترۆیشتووی بەڕێز! وەک لە دنیادا لافت لێ دەدا.

ئەمە ئەگەر لە بارەی ئەبوو جەهلیشەوە هاتبێتە خوار، (وەک پێشتر باسمان کرد) بەڵام دیارە وەک زانایان گوتوویانە: (**إِنَّ خُصُوصَ السَّبَبِ لَا يَمْنَعُ شُمُولَ المَعْنَى**)، تایبەت بوونی هۆی هاتنە خوار، رێ لە گشتگیر بوونی واتا ناگرێ.

ئەگەرنا ئەم ئایەتانە، یەکەم جار کە هاتوونەتە خوار، چ ئەوانەی باسی پارێزکاران و ئیمانداران دەکەن، چ ئەوانەی کە باسی بێبڕوایان و خراپەکاران دەکەن، دیارە یەکەم جار ئایەتەکان بەسەر کەسانێک لە کۆمەڵگای پێغەمبەردا ﷺ جێبەجێ بوون و چەسپاون، بەڵام بە تەئکید هەر کەسێکی دیکە، کە ئەو سیفەتانەیان هەبن، بەسەریاندا دەچەسپن، خوا ﷻ ناوی کەسی نەهێناوە لە قورئاندا، نە لە بڕواداران کە بفەرموێ: فلانکەس و، نە لە بێبڕوایان، بەڵکو تەنیا سیفەتەکانیانی باسکردوون، تاکو هەر کەسێ ئەو سیفەتەی تێدابوو، ئەو

ئایەتـە بیگرێتـەوە، ئنجـا ئەوەشـە وا دەکات قورئـان گشـتگیربێ بـۆ هەمـوو کات و شـوێنەکان و، بـۆ هەمـوو کۆمەڵگایـەکان.

﴿ إِنَّ هَٰذَا مَا كُنتُم بِهِۦ تَمۡتَرُونَ ﴾، بـە دڵنیایـی ئەمـە ئەوەیـە کـە ئێـوە لێـی دوو دڵ بـوون، یاخـود شـەڕە قسـەتان لـە بارەیـەوە دەکـرد، ئەمـە بـە نسـبەت سـەرەنجامی شـوومی بێبڕوایـانی تاوانبـارو خراپـەکارەوە، ئنجـا بابزانیـن بـڕوادارانی پارێـزکار، حاڵیـان چۆنـە؟

﴿ إِنَّ ٱلۡمُتَّقِينَ فِي مَقَامٍ أَمِينٖ ﴾، بـە دڵنیایـی پارێـزکاران لـە نشـینگەیەکی پـڕ دڵنیایی دان، پـڕ هێمنیـی و ئاسـاییش، بێگومـان لـە ڕۆژی دواییـدا، خوازراوتریـن شـت و گرنگتریـن شـت، پـڕ بایەخترین شـت، بریتیـە لـە هێمنیـی و ئاسـاییش و، ڕەوینـەوەی تـرس و دڵەڕاوکـە لـە سـزای دۆزەخ، بۆیـە خـوا ﷻ پێـش هەمـوو شـتێک دەفەرمـوێ: پارێـزکاران لـە جێگـەو ڕێگـە و نشـینگەیەک و، خانووبەرەیەکـی پـڕ هێمنیـی و ئاساییشـدان.

ئنجـا دوایـی بـاس دەکات، ئـەو جێگـەو ڕێگەیـە، ئـەو نشـینگە پـڕ هێمـن و ئاساییشـە، چـی تێدایـە:

﴿ فِي جَنَّٰتٖ وَعُيُونٖ ﴾، لـە نێـو بـاغ و بێسـتان و گـوڵ و گوڵـزارو، کانیـی و سـەرچاواندان.

ئنجـا ئایا بەرگ و پۆشـاکیان چۆنـە؟ ﴿ يَلۡبَسُونَ مِن سُندُسٖ وَإِسۡتَبۡرَقٖ مُّتَقَٰبِلِينَ ﴾، لـە ئاوریشـمی تەنـک و ئەسـتوور دەپۆشـن، واتـە: پۆشـاکەکەیان لـە ئاوریشـمە، چ هـی تەنـک، چ هـی ئەسـتوور، هـەر کامێکیـان جـۆرە جوانییەکـی خـۆی هەیـە، ئەگەرنـا بەهەشـت وەک دنیـا نیـە، مـرۆڤ بڵـێ: بـا بەرگێکـی ئەسـتوور لەبـەر بکـەم، تاکـو سـەرمام نەبـێ! یـان بـا هـی تەنـک لەبـەر بکـەم، بـۆ ئـەوەی گەرمـام نەبـێ! بەهەشـت سـەرماو گەرمـای لـێ نیـەو، بـەڵام ئـەو دوو جـۆرە پۆشـاکە هـەر کامێکیـان جوانییەکـی هەیـە، کـە هـەر خـوا ﷻ دەزانـێ چۆنـن؟

(**سُندسٌ وإسْتَبْرَق**)، (**رَقِيـقُ الدِّيْبَـاجِ وَغَلِيْظُـهُ**)، (**سُـندسٌ**) واتـە: ئاوریشـمی تەنـک، (**إسْتَبْرَق**) کـە لـە (ستبرک)ی فارسـییەوە هاتـوە، بـە مانـای ئەسـتوور دێ، لـە دنیـادا نایابترین شـت، کـە بـەرگ و پۆشـاکی لـێ دروسـت بکرێ، ئاوریشـمە، دیارە ئاوریشـم بـۆ پیـاوان قەدەغەیـە، مەگـەر پاسـاوێکی نەخۆشـیی پێسـتیان هەبـێ، وەک پێغەمبـەر ﷺ بـۆ هەندێـک لـە هـاوەڵان، کـە نەخۆشـیی پێسـتیان هەبـووە ڕێـی داوەو مۆڵـەتی داوە لەبـەری بکـەن، ئەگەرنـا ئاوریشـم هـەر بـۆ ئافرەتـان بـەکاردێ، وەک بەکارهێنانی زێڕیـش هـەر بـۆ ئافرەتانـە.

بـەڵام بـە تەئکیـد ئـەو ئاوریشـمەی لـە بەهەشـتدا هەیـە، وەک ئـەوە نیـە، کـە لـە دنیـادا هەیـە، هەروەهـا ئـەو زێـڕو زیـوەی کـە لـە بەهەشـتدا هەیـە، جیایـە لـەوەی کـە لـە دنیـادا هەیـە، هـەر وەک ئاگـری دۆزەخیـش کـە دوارۆژدا هەیـە، جیایـە لـە ئاگرەکـەی دنیـا، وەک پێغەمبـەری خـوا ﷺ ڕۆژێ بـە هـاوەڵانی فەرمـوو: ئاگـری دۆزەخ، حەفتـا هێنـدەی ئاگـری دنیـا گەرمـە، گوتیـان: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ! ئـەم ئاگرەی دنیـاش بـەس بـوو، پێـی سـزا بدرێیـن! فەرمـووی: سـوێند بـەوەی گیـانی منـی بـە دەسـتە، ئاگـری دۆزەخ حەفتـا هێنـدە گەرمـە[1]، وا پێدەچـێ حەفتـا هێندەکـەش، بـۆ تێگەیانـدن بـێ، بـۆ زێدەڕۆیـی بـێ، ئەگەرنـا مـەرج نیـە، تەنیـا حەفتـاش بـێ، ئێسـتا دەرکەوتـوە کـە دەگونجـێ، ملیۆنـان پلـەی گەرمیـی هەبـێ، ئاگـر لـە پلـەی سـەدیی دەکوڵێنـێ، بـەڵام دەگونجـێ ئاگـری زۆر گەرمـتر هەبـێ ئـەو کوورانـەی چەکیـان تێـدا دروسـت دەکـرێ، چەنـد سـەد جـار، یـان چەنـد هـەزار جـار، لـەو ئاگـرەی کـە ئـاوی پـێ دەکوڵێـنرێ، یاخـود ئـەو ئاگـرەی شـتی پـێ دەسـووتێنرێ و، دەبرژێـنرێ، گەرمـترە.

---

(١) {عَـنْ أَبِي هُرَيْـرَةَ ﷺ أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ، قَـالَ: نَارُكُـمْ هَـذِهِ الَّتِي يُوقِـدُ ابْـنُ آدَمَ جُـزْءٌ مِـنْ سَـبْعِينَ جُـزْءاً مِـنْ حَـرِّ جَهَنَّـمَ، قَالُـوا: وَاللَّـهِ إِنْ كَانَـتْ لَكَافِيَـةً يَـا رَسُـولَ اللَّـهِ! قَـالَ: فَإِنَّهَـا فُضِّلَـتْ عَلَيْهَـا بِتِسْـعَةٍ وَسِـتِّينَ جُـزْءًا كُلُّهَـا مِثْـلُ حَرِّهَـا} (أخرجـه أحمـد: ١٠٢٠٤، والبخـاري: ٣٠٩٢، ومسـلم: ٢٨٤٣، والترمـذي: ٢٥٨٩، وقـال: حسـن صحيـح.

ئنجا دەفەرمـوێ: ﴿ يَلْبَسُونَ مِن سُندُسٍ وَإِسْتَبْرَقٍ مُّتَقَـٰبِلِينَ ﴾، پۆشـاكی ئاوریشـمی تەنـک و ئەسـتوور لەبـەر دەكـەن، ﴿ مُّتَقَـٰبِلِينَ ﴾، ڕووبـەڕووی یەكدی، بەرانبـەر بـە یەكـدی دانیشـتوون، لـە شـوێنەكانی دیكـەدا هاتـوە، بـە تایبـەت لـە سـوورەتی (الصَّافـات)دا، كـە پێشـتر تەفسـیرمان كـردوە، كـە لـە بەهەشـتدا كـۆڕو مەجلیس دەبەستن و، یـادی دنیـا دەكەنـەوەو، یـادی هـاوەڵ و ئاشـنا ناسـیاوەكانیان دەكەنـەوە، ئەگـەر لـە دۆزەخیشـدا بـن و قسـەیان لەگەڵـدا دەكـەن.

﴿ كَذَٰلِكَ وَزَوَّجْنَـٰهُم بِحُورٍ عِينٍ ﴾، ئـاوا بـەو شـێوەیە حـاڵ و باڵـی پارێـزكاران و، سـەربارەش جووتمانكـردن و، كردماننـە هاونشـین لەگـەڵ ئافرەتانـی سـپیی و سـۆڵ و، جەسـتە ناسـک و شـۆخ و شـەنگ، چـاوو بـرۆ گـەورەو ڕەش و جوانـدا، (حُـور) كـۆی (حَـوْرَاء)ە، بـە مانـای ئافـرەتی سـپی و سـۆڵ، كـە جەسـتەی بـێ پەڵـەو بـێ لەكـە بـێ، (عَـيْن) كـۆی (عَيْنَـاء)ە، واتـە: ئافرەتـانی زۆر چـاو جـوان، كـە هـەم ڕەشـكێنەی چاویـان، هـەم سـپێنەی چاویـان زۆر تـۆخ و جـوان بـێ.

﴿ يَدْعُونَ فِيهَا بِكُلِّ فَـٰكِهَةٍ ءَامِنِينَ ﴾، لەوێـدا هێمنانـەو دڵنیایانـە (لـەو بەهەشـتەدا)، هـەر جـۆرە میوەیـەک داوا دەكـەن، لـە هەمـوو میوەیـەک داوا دەكـەن، لـە هەمـوو میوەیـەک، لەوانـەی كـە لـە دنیـادان، ئێمـە دەزانیـن چیـن و، لـەو میوانەشـی كـە بـەس خـوا ﷻ دەزانـێ بەهەشـت چ میوەیەكـی دیكـەی لێیـە، دنیایـەک كـە بـۆ تاقیكردنـەوەی مرۆڤـان دانـدراوەو، زیاتـر كافـرو بێبڕوایـەكان لێـی بەهرەمەنـدن، لـە نـازو نیعمەتـەكانی، ئـەو هەمـوو شـتانەی تێدابـن، بەهەشـتێک كـە خـوا ﷻ تایبـەت بـۆ دۆسـتەكانی خـۆی دەیڕەخسـێنێ، دەبـێ چـی تێدابـێ! ئـەوەی كـە خـوای بـەرزی مـەزن دەفەرمـوێ: ﴿ فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّآ أُخْفِىَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَآءًۢ بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٧﴾ ﴾الأحقاف، واتـە: هیـچ كەسـێک نازانـێ ئـەوەی بـۆی پەنهانكـراوە، لـەوە كـە جێـی شـادمانیی و دڵخۆشـییەتی، بەهـۆی ئـەوەوە كـە دەیانكـرد.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿يَدْعُونَ فِيهَا بِكُلِّ فَٰكِهَةٍ ءَامِنِينَ﴾، لـە هەمـوو جـۆرە میوەیەکـی تێـدا داوا دەکـەن، دڵنیـاو بـێ ترسیشـن، ئـەوەی پێشـێ بـە گشـتیی فەرمـووی: لـە جێگـەو ڕێگـەو نشـینگەیەکی پـڕ هێمـن و ئاساییشـدان، بـەڵام ئەمەیـان ئـەم ئاسـاییش (أمـن)ە، پەیوەندیـی بـە خـواردن و خۆراکەکـەوە هەیـە، واتـە: ئـەو خـواردن و خۆراکـە، ئـەو جـۆرە میوانـە دەخـۆن و، دڵنیـاو بێترسـن، کـە بـە هـۆی خواردنـی ئـەو میوانـەوە، تووشـی نەخۆشـیی و، دەرهاویشـتەی خـراپ نابـن، وەک خواردنـەکانی دنیـا، کـە مـرۆڤ دوو پـارووان لـە خـۆی زیاتـر دەخـوات، دوایـی ناڕەحـەت دەبـێ.

﴿لَا يَذُوقُونَ فِيهَا ٱلْمَوْتَ إِلَّا ٱلْمَوْتَةَ ٱلْأُولَىٰ﴾، لـەو بەهەشـتەدا مـردن ناچێـژن، جگـە لـە مـردنی یەکـەم، ئنجـا مـردنی یەکەمیـان لـە دنیـادا چێژتـوە، نـەک لـە بەهەشـتدا، بـەڵام لێـرەدا خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: لـە بەهەشـت دا، مـردن ناچێـژن جگـە لـە مردنـە یەکەمەکـەو، مردنـە یەکەمەکـەش لـە دنیـاداو لـە بەهەشـتدا چێـژراوە، ئـەم تەعبیـرەش وەک دوایـی باسـی دەکەیـن، لـە مەسـەلە گرنگەکانـدا، لەبـەر ئەوەیـە کـە بـڕواداران، هـەر کـە ڕووحیـان لـە جەسـتەیان جیابـۆوە، یەکسـەر دەچنـە بەهەشـت، بۆیـە وەک ئـەو مردنـە، هـەر لەبەهەشـتدا ڕوویدابـێ، یاخـود مانایەکـەی: لـە بەهەشـتدا مـردن ناچێـژن، جگـە لـەو مردنـەی کـە لـە دنیـادا چێژتوویانـە، کـە ئـەو کاتـە دەبـێ بڵێیـن: هەڵاواردنەکـە، هەڵاواردنێکـی دابـڕاوە، بـەڵام ئەگـەر بڵێیـن هەڵاواردنەکـە پەیوەسـتە، دەبـێ مانایەکـەی ئاوابـێ: مـردن لـە بەهەشـتدا ناچێـژن، جگـە لـەو مردنـەی کـە لـە دنیـادا چێژتیـان.

﴿فَضْلًا مِّن رَّبِّكَ﴾، ئـەوە بەخششـە لـە پەروەردگارتـەوە، واتـە: ئـەو بەهەشـتەی دەیچنـێ، بارتەقـای کردەوەکانیـان نیـەو، کردەوەکانیـان هـۆکارن، ئیـمان و کـردەوە باشـەکان هـۆکارن، بـۆ چوونـە بەهەشـت، بـەڵام نـرخ و بەهـای بەهەشـت نیـن، بەڵکـو ئـەوە هـەر بەخشـشێکە لـە پەروەردگاریانـەوە، ﴿ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ﴾، ئـا ئەوەیـە بـە مـراد گەیشـتن و بـە ئـاوات گەیشـتن و، بردنـەوەی مـەزن، نـەک ئـەوەی لە

دنیادا، کافرەکان خۆیانی پێ با دەدەن، کە چوار عانەیان لە گیرفاندایەو، شەش کەس قەڵەباڵغییان بە دەورەوە هەیە، لووتیان دەچێتە ئاسمانێ و هەوایەکیان دەچێتە کەللەوە، بە هەق لەگەڵ کەس ناکەن! نەخێر ئەوە بە ئاوات گەیشتن و بەمراد گەیشتن و بردنەوەی مەزن نیە، بەڵکو بردنەوەی مەزن، ئەوەیە کە خوا ﷻ باسی دەکات و لە بەهەشتدا دێتە دی.

لە کۆتاییدا خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿ فَإِنَّمَا يَسَّرْنَاهُ بِلِسَانِكَ ﴾، بۆیە ئێمە بە زمانی تۆ ئاسانمان کردوە، واتە: قورئانمان ئاسان کردوە، ﴿ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ ﴾، بەڵکو پەند وەربگرن و تێی بگەن، واتە: خەڵکەکەت و کۆمەڵگایەکەت، پێش هەموو کەس کە هاوچەرخی تۆن، بۆیە بە زمانی خۆت قورئانمان ئاسان کردوە، ﴿ فَارْتَقِبْ إِنَّهُم مُّرْتَقِبُونَ ﴾، ئەم (ف)ە، (فاء التَّفْرِيع)ی پێ دەڵێن، واتە: بەڵام بێبڕوایەکان پەندیان وەرنەگرت، لێی ورد نەبوونەوەو، لێی بەهرەمەند نەبوون، بۆیە چاوەڕێ بە، خوا سزایان دەدات، ﴿ إِنَّهُم مُّرْتَقِبُونَ ﴾، ئەوانیش چاوەڕێن، ئەوان چاوەڕێن کە تۆ بمری و پەیامەکەت کۆتایی پێبێ، یاخود: چاوەڕێن ئەوەی تۆ دەیڵێی، بێتە دی، تۆش چاوەڕێ بەو، ئەوانیش دیارە چاوەڕوانن، کە بە تەئکید ئەوەی پێغەمبەری خاتەم ﷺ چاوەڕوانیی کرد، لە دنیادا هاتە دی، کە سەرکەوتنی ئیسلام و، سەقامگیر بوونی پەیام و هیدایەتی خوا بوو، لەسەر گۆی زەوی و، ئەوەی ئەوان چاوەڕێیان دەکرد، کە موحەممەد ﷺ بمرێ و پەیامەکەی نەمێنێ و، چرایەکەی کە بە مۆڵەتی خوا هەڵیکردوە، چرای ئیمان و هیدایەت بکوژێتەوەو خەفە ببێ، ئەوەی ئەوان چاوەڕێی بوون، هەر لە دنیادا هاتە دی و، لە دواڕۆژییشدا بۆیان دەرکەوتوە، کە زۆر بە هەڵەدا چوو بوون، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ چەندە لە دنیادا ناووناوبانگی بەرزکردەوە، وەک دەفەرمووێ: ﴿ وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ ۝٤ ﴾الشرح، بە تەئکید لە دواڕۆژدا ناوو ناوبانگی بەرزتریشە، هەڵبەتە شوێنکەوتووانیشی هەروان، هەر کەسە بەپێی خۆی، ئەم ئیسلامە هەر کەسێک دەستی تێبگرێ، هەر کەسێک ئەو پەیامی خوایە وەربگرێ و،

خزمـەتی پـێ بـکات، هـەم لـە دنیـادا پێـی بەرزدەبێتـەوە، هـەم لـە دوارۆژیشـدا، وەک پێغەمبـەر ﷺ لـە فەرمایشـتێکدا دەفەرمـوێ: {إِنَّ اللهَ يَرْفَعُ بِهَذَا الْكِتَابِ أَقْوَاماً وَيَضَعُ بِهِ آخَرِينَ} (**أخرجه مسلم: ٨١٧**)، واتـە: خـوا بـەم کتێبـە، کۆمەڵانێـک بـەرز دەکاتـەوەو، کۆمەڵانێکیـش نـزم دەکاتـەوە.

ئەوانـەی کـە دژایەتیـی دەکـەن و پشـتی تـێ دەکـەن و پشـت گوێـی دەخـەن، نـزم دەبنـەوەو، ئەوانـەش کـە گوێـی لـێ دەگـرن و لێـی تـێ دەگـەن، بەرزدەبنـەوە.

خـوا لـەو کەسـانەمان بگێـڕێ کـە بـە هـۆی قورئانـەوە زیاتـر پێدەگـەن، زیاتـر لـە خـوا نیزیـک دەبنـەوە، زیاتـر پـاک و چـاک و ڕاسـت و سـاغ دەبـن.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

میوەی درەختی ژەقنە مووت، خۆراکی بابای گوناهکارە، کە وەک کانزای تواوە لە سکاندا دەکوڵێ، وەک کوڵینی ئاوی داغ، خوای دادگەر فەرمان بە فریشتەکان دەکات، کە بابای بێبڕواو گوناهکار بگرن و، پەلکێشی نێوەڕاستی ئاگری دۆزەخی بکەن و، دوایی ئاوی داغ و کوڵاوی بە تەپڵی سەردا بکەن و، پێی بگوترێ: بیچێژە! بێگومان تۆی دەسترۆیشتووی بەڕێز! وەک لافت لێ دەدا لە دنیادا، ئەمەش ئەو سزایە بوو کە تێیدا دوو دڵ بوون، مشتومڕتان لە بارەیەوە دەکرد:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ شَجَرَتَ ٱلزَّقُّومِ ﴿٤٣﴾ طَعَامُ ٱلْأَثِيمِ ﴿٤٤﴾ كَٱلْمُهْلِ
يَغْلِى فِى ٱلْبُطُونِ ﴿٤٥﴾ كَغَلْىِ ٱلْحَمِيمِ ﴿٤٦﴾ خُذُوهُ فَٱعْتِلُوهُ إِلَىٰ سَوَآءِ ٱلْجَحِيمِ ﴿٤٧﴾ ثُمَّ
صُبُّوا۟ فَوْقَ رَأْسِهِۦ مِنْ عَذَابِ ٱلْحَمِيمِ ﴿٤٨﴾ ذُقْ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْكَرِيمُ ﴿٤٩﴾
إِنَّ هَٰذَا مَا كُنتُم بِهِۦ تَمْتَرُونَ ﴿٥٠﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەوت بڕگەدا:

١)- ﴿ إِنَّ شَجَرَتَ ٱلزَّقُّومِ ﴿٤٣﴾ طَعَامُ ٱلْأَثِيمِ ﴾، بەدڵنیایی درەختی زەققووم، خۆراکی گوناهکارە، وا پێدەچێ ژەقنە مووتی کوردیی لە زەققوومەوە هاتبێ، بێگومان کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ شَجَرَتَ ٱلزَّقُّومِ ﴿٤٣﴾ طَعَامُ ٱلْأَثِيمِ ﴿٤٤﴾ ﴾، بە دڵنیایی درەختی زەققووم خۆراکی گوناهکارە، واتە: بەری درەختی زەققووم، وەک لە سوورەتی **(الصافات)** دا، پێشتر هێنامان، کە دەفەرموێ: ﴿ أَذَٰلِكَ خَيْرٌ نُّزُلًا أَمْ شَجَرَةُ ٱلزَّقُّومِ ﴿٦٢﴾ إِنَّا جَعَلْنَٰهَا فِتْنَةً

لِلظَّٰلِمِينَ ﴿٦٣﴾ إِنَّهَا شَجَرَةٌ تَخْرُجُ فِيٓ أَصْلِ ٱلْجَحِيمِ ﴿٦٤﴾ طَلْعُهَا كَأَنَّهُۥ رُءُوسُ ٱلشَّيَٰطِينِ ﴿٦٥﴾ فَإِنَّهُمْ لَأَكِلُونَ مِنْهَا فَمَالِـُٔونَ مِنْهَا ٱلْبُطُونَ ﴿٦٦﴾ ثُمَّ إِنَّ لَهُمْ عَلَيْهَا لَشَوْبًا مِّنْ حَمِيمٍ ﴿٦٧﴾ ثُمَّ إِنَّ مَرْجِعَهُمْ لَإِلَى ٱلْجَحِيمِ ﴿٦٨﴾﴾، کە لە تەفسیری سوورەتی (**الصافات**)دا، بە درێژیی لەو بارەوە قسەمان کردوە و، ئەم ئایەتانەمان تەفسیر کردوون.

کەواتـە: لێـرەدا کـە هـەر ڕێـک دەفەرمـوێ: درەختـی زەققـووم خۆراکـی بابـای گوناهـکارو زۆر تاوانبـارە، واتـە: میوەکـەی و بەرەکـەی کـە دەری دەکات، نـەک خـودی درەختەکـە هەمـووی، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی لـەوێ باسـی (**طَلْـع**)و میوەکـەی کـردوە، لێـرەدا بـە پێویسـت نەزانـراوە، بـە زۆریـی وایـە، خـوا ﷻ هەنـدێ شـت کـە یەکجـار بـاس بکـرێ، لـە شـوێنی دیکـە، دووبـارەی ناکاتـەوە، بـەڵام جـاری واش هەیـە، هەقیقەتێـک لـە سـەدان شـوێندا بـاس دەکات، یـان لـە دە شـوێندا باسـی دەکات، یـان لـە چـوار شـوێندا باسـی دەکات، ئەوەنـدەی پێویسـت دەکات، لـە چەنـد شـوێنێکدا باسـی درەختـی زەققـووم کـراوە، بـەڵام باسـی میوەکـەی کرابـێ و چوێنرابـێ بـە سـەری شـەیتانانەوە، تەنیـا لـە سـوورەتی (**الصافات**)دایـە، ئیـدی کـە لـەوێ باسـکراوە، لـە شـوێنەکانی دیکـە پێویسـت نەکـراوە، دووبـارە بکرێتـەوە، ئنجـا کـە دەفەرمـوێ: ﴿إِنَّ شَجَرَتَ ٱلزَّقُّومِ﴾، بـە دڵنیایـی بـەری درەختـی زەققـووم، یەکسـەر دەفەرمـوێ:

﴿طَعَامُ ٱلْأَثِيمِ﴾، خواردنـی بابـای زۆر گوناهـکارە، دیـارە: ﴿شَجَرَتَ ٱلزَّقُّومِ﴾، مەنصووبـەو دەبێتـە نـاوی (إِنَّ) (إسـم إنَّ)، ﴿طَعَامُ ٱلْأَثِيمِ﴾یـش، دەبێتـە گـوزارە، (**خَبَر**)ەکـەی، بـەڵام دەشـکونجێ مانایەکـەی نـاوا بـێ: بێگومـان درەختـی زەققـووم، هەتـا بڵێـی تـاڵ و ناخۆشـە، خۆراکـی بابـای گوناهبـارە، وەک مـن لـە مانـای دەقـاو دەقەکەیـدا وام هێنـاوە.

(**الأثِيـم**): واتـە: (**كَثِيـرُ الإثـم**)، زۆر گوناهبـار، چونکـە (**آثِـمْ**) بـە مانـای گوناهبـار، بـەڵام (**أثِيـم**)، واتـە: زۆر زۆر گوناهبـار، وەک: (**عَالِـم**)، بـە مانـای: زانـا، (**علیـم**) واتـە:

زۆر زانا، لێرەدا کـە دەفەرمـوێ: (أثیـم) واتـە: زۆر گوناهـکار، (الطـبري) قسـەیەکی جـوان دەکات، دەڵـێ: (الإثـْمُ الـَّذِي هُـوَ الكُفْـرُ بِرَبِّـهِ، دُونَ غَـيْرِهِ مِـنَ الآثَـام)، لێـرەدا مەبەسـت لـە گوناهــ ، ئـەو گوناهەیـە کـە بریتیـە لـە بێبڕوایـی بـە پـەروەردگاری، نـەک گوناهـەکانی دیکـە، واتـە: ئـەو گوناهـەی کـە پێـی دەچێتـە دۆزەخ و، ئـەو سـزا سـەختەی پـێ دەدرێ، بریتیـە لـە بێبڕوایـی، ئەگەرنـا نـەک هـەر گوناهێکـی دیکـە، هەنـدێ گونـاه، گوناهـی گچکـەن و، هەنـدێ گونـاه مسـوڵمانانیش تووشـیان دەبـن و، ئیمانیشـیان هەیـە، بـەڵام دوایـی بـە تەوبـە کـردن، یـان بـە شـەفاعەتی پێغەمبـەر ﷺ، یاخـود بـە سـزای قۆناغـی بـەرزەخ، ئـەو گوناهەیـان لـە کـۆڵ دەبێتـەوە، ئەوانـە نـا، بەڵکـو ئـەو گوناهـەی کـە دەیـکات، پێـی بچێتـە دۆزەخ و پێـی لـە بـەری زەققـووم بخـوات، بریتیـە لـە بێبڕوایـی و، هاوبـەش بـۆ خـوا دانـان.

٢)- ﴿ كَٱلْمُهْلِ يَغْلِى فِى ٱلْبُطُونِ ﴾، وەک کانزا لە سکاندا دەکوڵێ، (المُهْلُ: الرَّصَاصُ أوِ الفِضَّةُ أو مَا يُذَابُ فِي النَّارِ إِذَا أُذِيبَ فِيهَا فَتَنَاهَت حَرَارَتُهُ وَاشتدَّتْ حَمِيَّتُهُ فِي شِدَّةِ السَّوادَ)، (مُهْل): بریتیە لە مس، یاخود زیو، یان هەر کانزایەک کە لە ئاگردا بتوێنرێتەوە، کە گەرماییەکەی دەگاتە ئەوپەڕی و، یەکجار زۆر گەرم دەبێ، یەکجار زۆر ڕەشیش دەبێ.

هەڵبەتـە مـەرج نیـە، هەمـوو کانزایـەک ڕەش ببـێ، بەڵکـو جـاری وا هەیـە سـوور دەبێتـەوە، گرنـگ ئەوەیـە (مُهْـل) بـە مانـای کانـزای تـواوە دێ، هەندێکیـش گوتوویانـە: تڵتـی زەیـت، زەیتیـش کـە زەیتوونەکـە دەکوڵێـنرێ، بـۆ ئـەوەی زەیـت بەرهـەم بـێ، ئنجـا تڵتەکـەی زۆر گەرمـە، ئەویـش وەک نیمچـە کانزایەکـی تـواوە وایە لـە بـەر گەرمییـان، (یَغْـلِي)، ئـەو میـوەی درەختـی زەققوومـە دەکوڵـێ، (يَغْلِي الطَّعَامُ، وَتَغْـلِي الثَمَـرَة) چونکـە (یَغْـلِي) بـە (تَغْلِي)یـش خوێنراوەتـەوە، ئنجـا ئەگـەر (یَغْـلِي) بـێ، واتـە: خۆراکەکـە دەکوڵـێ لـە سـکیاندا، کـە درەختـی زەققوومـە، ئەگـەر بـە (ت) ش بخوێنرێتـەوە (تَغْلِي) ڕاناوەکـەی دەچێتـەوە بـۆ میـوەی درەختـی زەققـووم، (ثَمَـرة) مێینـەی مەجازییـەو، ڕاناوەکـە بـۆ ئـەو دەچێتـەوە.

چۆن دەکوڵێ لە سکیاندا؟

٣)- ﴿ كَغَلِّي ٱلْحَمِيمِ ﴾، وەک کوڵینی ئاوی کوڵاو و داغ، (وَهُوَ المُسَخَّن الَّذِي قَدْ أوقِدَ عَلَيْهِ حَتَّى تَنَاهَتْ شِدَّةُ حَرِّهِ)، ئەو ئاوەیە کە ئاگری دەدرێتە بەر، تاکو گەرماییەکەی دەگاتە ئەوپەڕی.

لە بارەی زەققوومەوە، ئەمە گێڕدراوەتەوە: {عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي اللهُ عَنْهُمَا، لَوْ أَنَّ قَطْرَةً مِنَ زَقُّومِ جَهَنَّمَ أُنزِلَتْ إلى الدُّنْيَا، لَأَفْسَدَتْ عَلَى النَّاسِ مَعَايِشَهُمْ} (أخرجه الطبري: ٣١٢٠٦).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لێیان ڕازی بێ)، دەڵێ: ئەگەر دڵۆپێک لە زەققوومی دۆزەخ دابەزێنرێتە سەر دنیا، ژیان و گوزەرانی هەموو خەڵک تێک دەدات، هەڵبەتە ئەو شتانەی خوا داینـاون، لە ڕۆژی دواییدا، چ وەک پاداشت بۆ پارێزکاران و بڕواداران، چ وەک سزا بۆ بێبڕوایان و خراپەکاران، لەگەڵ ئەوەی دنیادا ناچنە تای ئەرازووەوە، بە خەیاڵی مرۆڤیش دانایەن، لەبەر ئەوە نابێ ئەو قسەیەمان پێ زۆر بێت، کە یەک دڵۆپە لە زەققوومی دۆزەخ هەموو دنیا دەگۆڕێ و، تێکی دەدا.

٤)- ﴿ خُذُوهُ فَٱعْتِلُوهُ إِلَىٰ سَوَآءِ ٱلْجَحِيمِ ﴾، بیگرن ئنجا ڕایکێشنە نێوەڕاستی دۆزەخ، لێرەدا شتێک قرتێنراوە کە بە سیاق و سەلیقە دەزانرێ، واتە: (يُقَالُ للمَلَائِكَةِ: خُذُوهُ فَاعْتِلُوهُ)، بە فریشتان دەگوترێ: بگرن و ڕایکێشن، یان (يَقُولُ الله للمَلَائِكَةِ)، خوا بە فریشتەکان دەفەرموێ: بیگرن، (فاعتِلُوهُ)، واتە: ڕایکێشن، پەلکێشی بکەن، ﴿إِلَىٰ سَوَآءِ ٱلْجَحِيمِ ﴾، بەرەو نێوەڕاستی کڵپەی دۆزەخ، (فاعتِلُوهُ)ش، بە دوو شێوە خوێندراوەتەوە:

أ- (فاعتُلُوهُ)،

ب- (فاعتِلُوهُ)، (عَتَلَهُ: يَعْتِلُهُ ويَعْتُلُهُ: عَتْلاً، إِذَا سَاقَهُ بِالدَّفْعِ وَالجَذْب)، (عَتَلَهُ: يَعْتِلُهُ وَيَعْتُلُهُ) هەردووکیان، (عَتْلًا)، چاوگەکەیانە، واتە: ڕایکێشا بە پاڵ پێوەنان و بە ڕاکێشان، بە کوردیی پێی دەگوترێ: پەلکێشکردن، یان پاڵەستۆدان.

٥)- ﴿ ثُمَّ صُبُّواْ فَوْقَ رَأْسِهِۦ مِنْ عَذَابِ ٱلْحَمِيمِ ﴾، دوایی بەسەر تەپڵی سەریدا بڕێژن، لە ئازاری ئاوی کوڵاوو داغ، تەعبیرەکە ئاوایە: (مِنْ حَمِيْم العَذَاب)، ئاوی کوڵاو کە مایەی سزاو ئازارە، بەڵام بۆیە فەرموویەتی: ﴿ مِنْ عَذَابِ ٱلْحَمِيمِ ﴾، (أي: مِنَ الحَمِيْم الَّذِي هُوَ سَبَبُ العَذَاب)، لەو ئاوە کوڵاوو داغەی کە هۆکاری ئازارو ئێشە.

وشـەی (سَـوَاء): بـە مانـای نێوەڕاسـت دێ، ﴿ إِلَىٰ سَوَآءِ ٱلْجَحِيمِ ﴾، بـۆ نێوەڕاسـتی دۆزەخ پەلکێشـی بکـەن و، دوایـی لـە ئـاوی کـوڵاوی بەسـەر تەپڵـی سـەردا بکـەن، جگـە لـەوەی ئـەو خواردنـەی خواردوویـەتی لـە سـکیدا، دەکوڵـێ، وەک: مـس و کانزای تـواوە وایـە، دەکوڵـێ و، سـەربارەش ئـاوی کوڵاویشـی بەسـەر تەپڵـی سـەردا بکـەن و، پەلکێشـی بکـەن، ڕایکێشـنە نێوەڕاسـتی ئاگـری دۆزەخ.

(جَحِيْم)یـش: (النَّـارُ المُتَأَجِّجَـة)، ئـەو ئاگـرەی کڵپـەی سـەندوە، کڵپەکـەی سـەوز بـووە لـە بەهێزیـان.

٦)- ﴿ ذُقْ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْكَرِيمُ ﴾، بچێژە بە دڵنیایی هەر تۆی دەستڕۆیشتووی زاڵی خاوەن ڕێزو حورمەت، واتە: بەو گوناهکارە بەدبەختە دەگوترێ: بچێژە ئەو ئازارو سزایەی ئێستا پێی سزا دەدرێی، بەڕاستی تۆ بووی دەستڕۆیشتوو بووی، لە نێو کۆمەڵەکەتداو، لە لایان بەڕێز بووی، ئەمەش دوو واتای هەن:

أ- دەگونجێ مەبەست پێی ئەوە بێ، کە لە نێو خەڵکەکەیدا دەستڕۆیشتوو بووەو، ڕێز لێگیراویش بووە.

ب- دەشگونجێ ئەمە بە توانج و تەوسەو بێ، واتە: بیچێژە تۆ بووی کە دەتگوت: من زۆر دەستڕۆیشتووم و زۆریش بەڕێزو حورمەتم، دە بیچێژە دەی! دەستڕۆیشتن و ڕێزو حورمەتەکەت بە خۆسەپاندن و بەستەم، زۆرو بە ناهەق بوو، بۆیە ئاوا لەسەری سزا دەدرێی، کەواتە: بەم واتایە بێ، ئەمە سەرزەنشتکردنە، بە واتایەکەی دیکە بێ، ڕوونکردنەوەی حاڵ و واقعیەتی لە دنیادا، کە تۆ لە دنیادا وا بووی.

٧)- ﴿ إِنَّ هَٰذَا مَا كُنتُم بِهِۦ تَمۡتَرُونَ ﴾، بە دڵنیایی ئەمە، (ئەم ئازارو سزایە)، کە تێیدا دوودڵ بوون، یاخود تێیدا مشتومڕتان دەکردو، شەڕە قسەتان دەکرد، ئەوە ئێستا فەرموون تووشی بوون.

با لە بارەی (مُهْل)ەوە، ئەم دەقە ببینین، کە چەمک و واتایەکەی زیاتر ڕوون دەکاتەوە، (الطبري) لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1] ئەم دەقە دێنێ:

(عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: بَلَغَنِي أَنَّ ابْنَ مَسْعُودٍ ﷺ، سُئِلَ عَنِ الْمُهْلِ الَّذِي، يَقُولُونَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ شَرَابُ أَهْلِ النَّارِ، وَهُوَ عَلَى بَيْتِ الْمَالِ؟ قَالَ: فَدَعَا بِذَهَبٍ وَفِضَّةٍ فَأَذَابَهُمَا، فَقَالَ: «هَذَا أَشْبَهُ شَيْءٍ فِي الدُّنْيَا بِالْمُهْلِ الَّذِي هُوَ لَوْنُ السَّمَاءِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، وَشَرَابُ أَهْلِ النَّارِ، غَيْرَ أَنَّ ذَلِكَ هُوَ أَشَدُّ حَرًّا مِنْ هَذَا)، واتە: حەسەنی بەصرایی (ڕەحمەتی خوای لێبێ)، دەڵێ: پێم گەیشتوە کە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود ﷺ لە بارەی (مُهل)ەوە پرسیاری لێکراوە، ئەو (مُهْل)ەی کە گوتوویانەو دەگوترێ: ڕۆژی قیامەت، خواردنەوەی دۆزەخییانە، ئەوانەی لە نێو ئاگری دۆزەخدان، (ئەو کاتە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود بەرپرسی خەزێنەی دەوڵەت بووە، ئەویش دەیەوێ بەڵگەیەکی کردەیی و واقیعییان بۆ بێنێتەوەو، بە شێوەیەکی واقیعیی بۆیان وێنا بکات) بانگ دەکات دەڵێ: هەندێ زێڕو زیو بێنن، (لە ڕیوایەتی دیکەدا هاتوە، دەڵێ: ئەوەی کە پارچەو شکاوو، پکاو بووەو لە خەزێنەی دەوڵەتدا ماوەتەوە) دەیانتوێنێتەوە، (دوای ئەوەی قاڵ دەبێتەوە ڕەنگەکەی سوور دەبێ، تەواو تەواو گەرم دەبێ)، دەڵێ: ئەمە لەشتی دنیادا وێچووترین شتە بەو (مُهْل)ەی خوا ﷻ باسی دەکات، کە ڕەنگەکەی وەک ڕەنگی ئاسمانە، لە ڕۆژی دواییدا، (شین دەبێ)و، خواردنەوەی ئەوانەیە کە لە ئاگری دۆزەخدا دەبن، بەڵام ئەوەی لە قیامەت هەیە، لە دۆزەخدا هەیە، زۆر گەرمترە لەو کانزا تواوەی ئێستا لێرە دەیبینن.

---

(١) جامع البيان، ج٢٥، ص١٣٥، برقم: ٣١٢١٥ .

مەسەلەی دووەم:

پارێزکاران لە ڕۆژی دوایی دا سەلامەت و بێ بەڵان، لە نێو باغ و سەرچاوانداو، پۆشاکی ئاوریشمی تەنک و ئەستوور دەپۆشن، ڕووبەڕووی یەکدی دادەنیشن و لەگەڵ ئافرەتانی سپی و سۆڵ و قەشەنگ و چاوگەشدا، دەبنە هاونشین و، هەموو جۆرە میوەیەکیان دەبێ و، بێ ترس و بیم دەبن و، مردن ناچێژن، جگە لەو مردنەی یەکەم کە ڕابردووە، ئەوەش هەمووی وەک بەخششی پەروەردگاریان و هەر ئەوەش سەرفرازیی مەزنە:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلۡمُتَّقِينَ فِي مَقَامٍ أَمِينٖ ﴿٥١﴾ فِي جَنَّٰتٖ وَعُيُونٖ ﴿٥٢﴾ يَلۡبَسُونَ مِن سُندُسٖ وَإِسۡتَبۡرَقٖ مُّتَقَٰبِلِينَ ﴿٥٣﴾ كَذَٰلِكَ وَزَوَّجۡنَٰهُم بِحُورٍ عِينٖ ﴿٥٤﴾ يَدۡعُونَ فِيهَا بِكُلِّ فَٰكِهَةٍ ءَامِنِينَ ﴿٥٥﴾ لَا يَذُوقُونَ فِيهَا ٱلۡمَوۡتَ إِلَّا ٱلۡمَوۡتَةَ ٱلۡأُولَىٰۖ وَوَقَىٰهُمۡ عَذَابَ ٱلۡجَحِيمِ ﴿٥٦﴾ فَضۡلٗا مِّن رَّبِّكَۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ﴿٥٧﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دە بڕگەدا:

١)- ﴿ إِنَّ ٱلۡمُتَّقِينَ فِي مَقَامٍ أَمِينٖ ﴾، بە دڵنیایی پارێزکاران لە نشینگەیەکی پڕ هێمن و ئاساییش و دڵنیاییدان، وشەی (مَقَام) واتە: شوێنی لێوەستان، کە خانووبەرەو جێگەو ڕێگەو، ئەوەی کە پێیەوە پەیوەستە، دەگرێتەوە، خوێنراویشەتەوە: (فِي مُقَامٍ أَمين) (مُقام) یش واتە: شوێنی تێدا نیشتەجێ بوون، واتە: (مَقام)، یانی: شوێنی تێدا وەستان، (مُقام) یش واتە: شوێنی تێدا نیشتەجێ بوون و مانەوە، مانایەکەیان لێک نیزیکە.

کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلۡمُتَّقِينَ فِي مَقَامٍ أَمِينٖ ﴾، یان (مُقام أمين)، (أي: الأَمِيْنِ ساكِنُهُ)، یانی: ئەو کەسەی تێیدا نیشتەجێ بێ، بێ ترس و بیمەو هەست بە هێمنیی و ئاساییش دەکات، هەروەها دەشگونجێ بگوترێ: شوێنەکە هیچ مەترسیی بە دەوریەوە نیە، لەسەر نیە و وەک شوێنەکانی دنیا کە دەگونجێ لافاویان بۆبێ،

بوومەلەرزەیان بۆ بێ، ئاگرپژێن لێیان بدات، تسوّنامی لێیان بدات، درندەیان بۆ بێ، دوژمن هەڵکوتێتە سەریان، ئەو مەترسییانەی هیچ کام لەسەر نین، بۆیە هەندێک لە توێژەرەوان کە گوتوویانە: (أَمِيْنٌ سَاكِنُهُ)، یان (أَمِنٌ سَاكِنُه)، پێم وایە مەرج نیە ئەو کەسەی لەوێدا نیشتەجێیە، بەس ئەویان ئەمین و دڵنیاو بێ ترس بێ، بەڵکو شوێنەکەش وەک جوگرافیا ترس و بیم و مەترسی و نارەحەتییەکان ڕووی تێناکەن.

٢)- ﴿ فِي جَنَّٰتٖ وَعُيُونٖ ﴾، لە باخ و کانیاوان دان، دوایی سەرژمێری ئەو نازو نیعمەتانە دەکەین، کە هەموویان یازدە نازو نیعمەتن، بەڵام جارێ پێیاندا دەڕۆین، لە نێو باخ و گوڵ و گوڵزارو، کانیی و سەرچاواندان.

ئەدی پۆشاکیان چییە؟

٣)- ﴿ يَلۡبَسُونَ مِن سُندُسٖ وَإِسۡتَبۡرَقٖ ﴾، ئاوریشمی تەنک و ئەستوور دەپۆشن، (مِنْ: لِبَيَانِ الجِنْسِ، وَالْمُبَيَّنُ مَحْذُوفٌ دَلَّ عَلَيه يَلْبَسُون)، (يَعْنِي: يَلْبَسُون مِنْ ثِيَابِ سُنْدسٍ وَإِسْتَبْرَق)، ئەم: ﴿ مِن ﴾ە، بۆ ڕوونکردنەوەی جینسی لەبەرکراوو پۆشراوەکەیە، ئنجا پۆشراوەکە قرتێنراوە، چونکە وشەی ﴿ يَلۡبَسُونَ ﴾: دەلالەتی لەسەر دەکات، یانی: (يَلْبَسُونَ ثِيَابَاً) یان (لِبَاسَاً مِنْ سُنْدسٍ وَإِسْتَبْرق)، (سُنْدس) بە ئاوریشمی تەنکی زۆر گرانبەها دەگوترێ، (إِسْتَبْرق)یش بە ئاوریشمی ئەستووری گران و بە قیمەت دەگوترێ.

٤)- ﴿ مُّتَقَٰبِلِينَ ﴾، ڕووبەڕووی یەکدی دانیشتوون، (مُتَوَاجِهِيْن)، ڕووبەڕووی یەکدی دادەنیشن، لە شوێنەکانی دیکەی قورئاندا خوا ﷻ باسی کردوە: ﴿ إِخۡوَٰنًا عَلَىٰ سُرُرٖ مُّتَقَٰبِلِينَ ٤٧ ﴾الحجر، واتە: برایانە لەسەرتەختان ڕووبەڕوون، لە شوێنی دیکە لە سوورەتی (الحجر) دا، دەفەرموێ: ﴿ وَنَزَعۡنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنۡ غِلٍّ ... ٤٧ ﴾، هەرچی کینەو بوغزو غەرەزو هەستیارییە بەرانبەر بە یەکدی، هەموویمان لە دڵ دەرهاویشتن، هەروەها لە سوورەتی (الأعراف)یشدا ئاماژە بەوە دەکات و، لە سوورەتی (الصافات)یش، باس دەکات، ئەوانە کە دادەنیشن باس و یادی دنیا دەکەنەوە، نەک هەروا بە وشکیی دابنیشن.

٥)- ﴿كَذَٰلِكَ وَزَوَّجْنَٰهُم بِحُورٍ عِينٍ﴾، حاڵیان وایەو جووتیشمان کردن لەگەڵ ئافرەتانی سپیی و سۆڵ و چاوگەش و گەورەدا. (كَذَٰلِكَ) واتە: حاڵیان بەو شێوەیە، یاخود ئەوانە لە نازو نیعمەت و، لە حاڵێکی هێندە خۆش دان، مەگەر هەر بچوێنرێ بە خۆیەوە، ئەگەرنا هیچ شتێکی دیکە نیە، بگوترێ: وەک ئەو، ﴿وَزَوَّجْنَٰهُم بِحُورٍ عِينٍ﴾، جووتمانکردوون، یان کردوومانن بە هاونشین لەگەڵ ئافرەتانی سپی و سۆڵ و سافدا، لە ڕووی جەستەو دیمەنەوە، ﴿عِينٍ﴾، چاو گەورەو چاوگەش و جوان، کەواتە: لێرەدا ﴿وَزَوَّجْنَٰهُم﴾، وەک هەموو توێژەرەوانی قورئان گوتوویانەو قسەکەشیان ڕاستە، مەبەست ئەوە نیەو، کە خوا ﷻ هاوسەرگیریی بۆ کردوون و لێکی مارەکردوون، چونکە لە بەهەشتدا مارەکردن نیە و، ئەوە بۆ دنیایە، بەڵام لە بەهەشتدا، هەر کەسە ئەوەی خوا ﷻ پێی بدات، ئەوەی هەیەو پێویست بە مارەکردن ناکات، هەر پێدانی خوای موتەعال، بۆ خۆی ئەوە مارەکردنەکەیە، هەروەک خوا ﷻ زەینەبی بە وشەی موبارەکی خۆی لە پێغەمبەری خوا ﷺ مارە بڕی، کە کچە پووری خۆشی بوو، فەرمووی: ﴿فَلَمَّا قَضَىٰ زَيْدٌ مِّنْهَا وَطَرًا زَوَّجْنَٰكَهَا ﴿٣٧﴾﴾الأحزاب، واتە: کاتێک زەید کاری پێی نەماو، لێک جیابوونەوە، لە تۆمان مارە بڕی، ئنجا دوایی زەینەب، وەک لە تەفسیری سوورەتی (الأحزاب)دا باسمان کردوە، شانازیی دەکرد، بەسەر هاوسەرانی دیکەی پێغەمبەردا ﷺ، هەر کامێکیان شانازیی بە شتێکەوە کردوە، ئەویش دەیگوت: {زَوَّجَكُنَّ أَهَالِيكُنَّ وَزَوَّجَنِي اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ مِنْ فَوْقِ سَبْعِ سَمَوَاتٍ} (أخرجه الترمذي: ٣٢١٣، قال: هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ، وَصَحَّحَهُ الألبَانِي)، واتە: ئێوە خزم و کەستان مارەیان بڕیون، (لە پێغەمبەر ﷺ)، بەڵام من خوا ﷻ لە سەرووی حەوت ئاسمانانەوە منی مارە بڕیوە.

کە بێگومان شانازییەکی گەورە بووەو، بەس بۆ ئەویش وابووە، (حُور) کۆی (حَوْرَاء)ە، واتە: ئافرەتی سپی و سۆڵ، کە جەستەی خاڵ و پەڵەو لەکەی پێوە نەبێ، (عِيْن)یش کۆی (عَيْنَاء)ە، واتە: ئافرەتی چاوگەش و جوان، کە هەم سپێنەی چاوی زۆر سپی بێ، هەم ڕەشکێنەی چاوی زۆر ڕەش بێ، مەرجیش نیە، تەنیا چاویان ڕەش و سپی بێ و چاوڕەش بن، چونکە (عَيْنَاء) واتە: چاویان گەورەو

جـوان بـێ، ئنجـا چاویـان شـینە، یـان چاویـان سـەوزە، یـان چاویـان کاڵـە، بۆیـەش لێرە دەیڵێـم، چونکـە لـە تەفسـیرەکاندا نەمبینیـوە ئەمـە بـاس کرابـێ، هـەر دەڵێـن: سـپێنەی چاویـان زۆر سـپییەو، ڕەشـکێنەی چاویشـیان زۆر ڕەشـە، چوێنراون بـە چاوی مانـگای کێـوی، یـان چـاوی ئاسـک و مامـزەوە، کـە چاویـان گـەورەو جوانـە، بـەڵام پێـم وایـە وشـەی: (عِـيْن) کـە کـۆی (عَيْنَـاء) واتـە: ئافـرەتی چـاو گـەش و چـاو گـەورەو جـوان، ئنجـا ئیـدی چاوەکـەی ڕەشـە، ڕەش و سـپیە، سـەوزو سـپیە، چـاوی شـینە، چـاوی کاڵـە، هەمـووی دەگرێتـەوە، لەبـەر ئـەوەی هەنـدێ لـە توێـژەرەوانی قورئـان، تەماشـای زەوق و سـەلیقەی خۆیـان، یاخـود دەوروبـەرو ژینگـەی خۆیـان کـردوە، لـەوەوە تەماشـای نیعمەتـەکانی خوایـان کـردوەو، هـەر بـەو شـێوەیەش، بـەو پاشـینە کلتوورییـەی خۆشـیان قورئانیـان تەفسـیر کـردوە، کـە ئـەوە مـرۆڤ تووشـی هەڵـە دەکات، ئەگەرنـا (حُـور) کـۆی (حَـوْرَاء)ە، کـە جەسـتەیان پـاک و بـێ پەڵـەو لەکەیـە، کـە ئەویـش هەرچەنـدە زۆربەیـان دەڵێـن: سـپی و سـۆڵ، بـەڵام دەشـگونجێ بـە مانـای: جەسـتە سـافیی و بـێ پەڵەیـی و بـێ لەکەیـی و، سـاغ و سـاف و جـوان و بەرچاوبـێ، ئنجـا بـا ئەسـمەریش بـێ، بـا هـەر ڕەنگێکـی دیکـەش بـێ، هەروەهـا: (عِيْن)یـش کـە کـۆی (عَيْنَـاء)، واتـە: چـاو گـەش و چـاو گـەورەو جـوان، ئنجـا ڕەنگـی چاوەکـە هەرچییـەک بـێ، کـە بـە پێـی زەوق و سـەلیقەی گـەلان و، نەتـەوەکان و بەپـێ کلتـوری ئـەو گـەل و نەتەوانـە، کـە بەشـێکە لـە پێکهاتەیـان، تێگەیشـتنیان بـۆ جوانییـەکان دەگـۆڕێ، یـانی: بـۆ جـۆری جوانییـەکان تێگەیشـتنەکەیان دەگـۆڕێ، هەیـە چـاوی ئـەم جـۆرەی پـێ جوانـە، هەیـە چـاوی جۆرێکـی دیکـەی پـێ جوانـە، هەیـە ڕەنگـی سـپی پـێ جوانـەو، هەیـە ڕەنگـی ئەسـمەری پـێ جوانـەو، تـا کۆتایـی.

٦)- ﴿يَدۡعُونَ فِيهَا بِكُلِّ فَٰكِهَةٍ ءَامِنِينَ ﴾، لەوێدا (لە بەهەشتدا)، هێمنانە هەموو جۆرە میوەیەک داوا دەکەن، واتە: هەرچی بیخوازن لێیەتی، (**الفَاكِهَةُ: مَا يُتَفَكَّهُ بِهِ وَيُتَلَذَّذُ بِهِ بِطَعْمِهِ مِنَ الثِّمَارِ وَنَحْوِهَا**)، (**فَاكِهَة**): هەر شتێکە چێژی لێ وەربگیرێ، لەززەتی لێ وەربگیرێ لە خواردنەکەی، ئنجا چ لە میوە، چ لە غەیری میوەش، واتە: ئەویش مەرج

نیە، تەنیا میوە بێ، بەڵکو هەر شتێ کە مایەی چێژ لێوەرگرتن و خۆشی لێوەرگرتن بێ، بێ ئەوەی لەبەر برسییەتیی، یان لەبەر لە کۆڵ خۆکردنەوەی ئازاری برسیەتیی بخورێ.

﴿ءَامِنِينَ﴾، (آمِنِينَ: حَالٌ مِنْ ضَمِيرِ يَدْعُونَ، وَالْمُرَادُ هُنَا أَمْنٌ خَاصٌّ، وَهُوَ الْأَمْنُ مِنَ الْغَوَائِلِ وَالْآلَامِ مِنْ تِلْكَ الْفَوَاكِهِ عَلَى خِلَافِ حَالِ الْإِكْثَارِ مِنَ الطَّعَامِ فِي الدُّنْيَا)، وشەی: (آمنين) حاڵە لە ڕاناوی (يَدْعُونَ) یانی: کاتێک داوای هەموو جۆرە میوەیەک دەکەن، ئەمین و دڵنیاو هێمن و، بێ ترسن، ئەمەش بێ ترسییەکی تایبەتە، کە بریتیە لە بێ ترسیی و دڵنیایی، لەو ئازارو دەرهاویشتە خراپانەی لەو خواردنانە، کە دەیانخۆن، پەیدا دەبن کە بۆ لەززەت و چێژ دەیانخۆن، بە پێچەوانەی هی دنیاوە، کە ئەگەر کەسێک لە شتێک زۆر بخوات، دوایی تووشی نارەحەتیی دەبێ و، دەرهاویشتەی خراپی دەبێ.

٧- ﴿لَا يَذُوقُونَ فِيهَا ٱلْمَوْتَ إِلَّا ٱلْمَوْتَةَ ٱلْأُولَىٰ﴾، لەوێدا مردن ناچێژن، جگە لە مردنی یەکەم، وەک پێشتر باسمانکرد، ئەوە دوو واتای هەن:

أ- ئەم: (إلاّ)یە، ئەگەر بگوترێ: هەڵاواردنی پەیوەست (الإسْتِثْناء المُتَّصِل)ە، واتە: لە بەهەشتدا مردن ناچێژن، جگە لەو مردنەی یەکەم جار، لەبەر ئەوەی مرۆڤی بڕوادار کە ڕووحی لە جەستەی جیادەبێتەوە، یەکسەر ڕووحەکەی دەچێتە بەهەشت، ئنجا وەک لە بەهەشتدا مردبێ وایە.

ب- بەڵام ئەگەر (إلاّ)، بە مانای (غَيْر) بێ، نەک بە مانای جگە، یانی مردن ناچێژن لە بەهەشتدا، جگە لەو مردنەی کە لە دنیادا چێشتوویانە، ئەو کاتەش پێی دەگوترێ: هەڵاواردنێکی دابڕاو (الإسْتِثْناء المُنْقَطِع).

چونکە پەیوەست، ئەوەیە کە هەڵاوێردراو (مُسْتَثْنى)، بەشێک بێ، لە لێ هەڵاوێردراو (مُسْتَثْنى مِنْهُ)، بەڵام ئەگەر هەڵاوێردراو بەشێک نەبێ لە لێ هەڵاوێردراو، ئەو کاتە پێی دەگوترێ، هەڵاواردنی دابڕاو.

٨)- ﴿ وَوَقَىٰهُمْ عَذَابَ ٱلْجَحِيمِ ﴾، ئەو (خوا ﷻ) پاراستنی، چەپاڵەی دان لە ئازاری کڵپەی دۆزەخ.

٩)- ﴿ فَضْلًا مِّن رَّبِّكَ ﴾، ئەوە بەخششە لە پەروەردگارتەوە، ﴿ فَضْلًا ﴾، (حَالٌ مِنَ المَذْكُورَات)، هەموو ئەوەی باسکرا، بەخششە لە پەروەردگارتەوە، بەو واتایە: کە ئیمانیان هەبووەو کردەوەی چاکیان هەبووە، هۆکار بووە بۆ چوونە بەهەشتیان، بەڵام بەهەشت و، ئەو هەموو نازو نیعمەتانە، بەهاو تێچوو و نرخەکەیان ئەوەندە ئیمان و کردەوەی باشەی ئەوان نەبووە، بەڵکو تەنیا هۆکار بووە، بەڵام ئەو بەهەشت و نازو نیعمەتە، لە ڕاستییدا بەخششێکە لە پەروەردگارەوە دەدرێ و، ئیمان و کردەوەی چاکیش هۆکاریەتی.

١٠)- ﴿ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴾، ئا ئەوەیە دەربازبوون و قوتاربوونی مەزن، یاخود: ئا ئەوەیە سەرکەوتن و بردنەوەی مەزن و، بە مراد گەیشتنی مەزن، لێرەدا ڕاناوی جیاکردنەوە (ضمیر الفصل) کە (هُوَ)یە، هێنراوە بۆ تایبەت کردنی ئەو بردنەوەو بە مراد گەیشتنە، بە بەخششی پەروەردگارەوە، ئەمیش ئەوە دەگەیەنێ کە جگە لە بەخششی پەروەردگار، بردنەوەو بە مراد گەیشتنێکی دیکە بوونی نیەو، ئەگەر بردنەوە هەبێ، بەس ئەوەیە.

ئنجا بە پێی ئەو مانایەی ئێمە کردمان:

(إبن قُتيبة) وەک (الشوكاني) لە (فتح القدير)ەکەی خۆیدا[1]، لێی خواستۆتەوەو، منیش دەقەکەی دێنم، دەڵێ:

(إِنَّمَا اسْتَثْنَى الْمَوْتَةَ الْأُولَى وَهِيَ فِي الدُّنْيَا، لِأَنَّ السُّعَدَاءَ حِينَ يَمُوتُونَ يَصِيرُونَ بِلُطْفِ اللَّهِ وَقُدْرَتِهِ إِلَى أَسْبَابٍ مِنَ الْجَنَّةِ، يَلْقَوْنَ الرَّوْحَ وَالرَّيْحَانَ، وَيَرَوْنَ مَنَازِلَهُمْ مِنَ الْجَنَّةِ، وَتُفْتَحُ لَهُمْ أَبْوَابُهَا، فَإِذَا مَاتُوا فِي الدُّنْيَا فَكَأَنَّهُمْ مَاتُوا فِي الْجَنَّةِ، لِاتِّصَالِهِمْ بِأَسْبَابِهَا

---

(١) ج٤، ص٦٩٢ و ٦٩٣.

وَمُشَاهَدَتِهِمْ إِيَّاهَا، فَيَكُونُ الإِسْتِثْنَاءُ عَلَى هَذَا مُتَّصِلًا. وَاخْتَارَ ابْنُ جَرِيرٍ أَنَّ إِلَّا بِمَعْنَى بَعْدَ، وَاخْتَارَ كَوْنَهَا بِمَعْنَى سِوَى ابْنُ عَطِيَّةَ).

(ابْنُ قُتَيْبَةَ) کە زانایەکی زۆر وردە، قسەی زۆری کردوون لە بارەی ئەو ئایەتانەوە، کە مانایان جۆرێک لە ئیشکال و، تەم و مژی بەسەرەوەیە، بە لای زۆربەی خەڵکیەوە، دەڵێ:

بۆیە خوا ﷻ مردنی یەکەمی هەڵاواردوە: ﴿ لَا يَذُوقُونَ فِيهَا ٱلْمَوْتَ إِلَّا ٱلْمَوْتَةَ ٱلْأُولَىٰ ﴾، لە حاڵێکدا کە مردنی یەکەم لە دنیادا بووە، چونکە بەختەوەران کاتێک دەمرن، بە لوتف و توانای خوا دەچنە نێو هۆکارەکانی بەهەشتەوە، لەوێ تووشی (رَوْحٌ وَرَيْحَانٌ)، بەزەیی خواو نازو نیعمەتی خوا دەبن و، شوێنەکانی خۆیان لە بەهەشتدا دەبینن و، دەروازەکانی بەهەشتیان بە روودا دەکرێنەوە، ئنجا کاتێک لە دنیادا دەمرن، وەک رێک لە بەهەشتدا مردبن، چونکە یەکسەر پەیوەست دەبن بە هۆکارەکانی بەهەشتەوەو، بەهەشت دەبینن، بۆیە ئەو هەڵاواردنە پێی دەگوترێ: هەڵاواردنێکی پەیوەست، وەک مردنەکە یەکسەر لە بەهەشتدا بووبێ، چونکە بەوێوە پەیوەستە.

بەڵام (ابْنُ جَرِيرٍ) گوتوویەتی: (إِلَّا) لێرەدا بە مانای [دوای] (بَعْد)یە، (لَا يَذُوقُونَ فِيهَا الْمَوْتَ بَعْدَ الْمَوْتَةِ الأُوْلَى) لە دوای مردنی یەکەم کەلە دنیادا بووە، مردن ناچێژن، ئنجا ئەمە پێی دەگوترێ: هەڵاواردنی دابڕاو.

(ابْنُ عَطِيَّةَ) گوتوویەتی: (إِلَّا) لێرەدا بە مانای: [جگە](سِوَى)یە، (لَا يَذُوقُونَ فِيهَا الْمَوْتَ سِوَى الْمَوْتَةِ الأُولَى)، جگە لە مردنی یەکەم کە لە دنیایەدا چێشتوویانە، مردن ناچێژن، کەواتە: لە هەردوو حاڵاندا دەبێتە هەڵاواردنێکی دابڕاو.

کەواتە: خوا پاداشتی پارێزکارانی لە یازدە بڕگەدا خستۆتە روو:

١- ﴿ إِنَّ ٱلْمُتَّقِينَ فِى مَقَامٍ أَمِينٍ ﴾، بە دڵنیایی پارێزکاران لە نشینگەیەکی پڕ دڵنیایی و، هێمنیی و، ئاساییشدان.

٢- ﴿ فِي جَنَّٰتٖ وَعُيُونٖ ﴾، لە نێو باغ و بێستان و کانیی و سەرچاوان دان.

٣- ﴿ يَلۡبَسُونَ مِن سُندُسٖ وَإِسۡتَبۡرَقٖ ﴾، پۆشاکی ئاوریشمی تەنک و ئەستوور دەپۆشن.

٤- ﴿ مُّتَقَٰبِلِينَ ﴾، ڕووبەڕووی یەکدی دانیشتوون.

٥- ﴿ كَذَٰلِكَ وَزَوَّجۡنَٰهُم بِحُورٍ عِينٖ ﴾، ئەو نازو نیعمەتە بە جۆرێکە، کە مەگەر هەر بە خۆی بچوێنرێ و، کردوومانن بە هاونشین و هاوڕاز لەگەڵ ئافرەتانی جەستە پاک و بێ پەڵەو بێ لەکەو، چاو گەش و جواندا.

٦- ﴿ يَدۡعُونَ فِيهَا بِكُلِّ فَٰكِهَةٍ ﴾، هەموو جۆرە میوەیەکی تێدا داوا دەکەن.

٧- ﴿ ءَامِنِينَ ﴾، لە حاڵێکدا کە بێ ترسن لە دەرهاویشتەی ئەو میوەیە، هەرچەندە زۆری لێ بخۆن.

٨- ﴿ لَا يَذُوقُونَ فِيهَا ٱلۡمَوۡتَ إِلَّا ٱلۡمَوۡتَةَ ٱلۡأُولَىٰ ﴾، لە بەهەشتدا مردن ناچێژن، جگە لە مردنی یەکەم، کە لە دنیادا چێژتوویانە، بەڵام پەیوەست بۆتەوە بە بەهەشتەوە، لەبەر ئەوەی بڕواداران هەر کە گیانیان، لە جەستەیان جیا بۆوە، یەکسەر دەچنە بەهەشت، وەک مردنەکە لە بەهەشتدا ڕوویدابێ.

٩- ﴿ وَوَقَىٰهُمۡ عَذَابَ ٱلۡجَحِيمِ ﴾، خوا ﷻ چەپاڵەیدان و پاراستنی لە سزاو ئازاری کڵپەی دۆزەخ.

١٠- ﴿ فَضۡلٗا مِّن رَّبِّكَ ﴾، ئەوەش بەخششە لە پەروەردگارتەوە.

١١- ﴿ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ﴾، ئا ئەوەیە بردنەوەو بە مراد گەیشتن و بە ئاوات گەیشتنی هەرە مەزن.

مەسەلەی سێیەم و کۆتایی:

خوا ﷻ قورئـان بـە زمـانی عەرەبیـی کـە زمـانی پێغەمبـەری خاتـەم موحەممـەد ﷺو گەلەکەیـەتی، ئاسـان کـردوە، تاکـو پەنـد وەربگـرن و، بیـر بکەنـەوە، کەچـی ئەوانـەی بێبـڕوان پشـتیان تێکـرد، بۆیـە فەرمـان بـە پێغەمبـەر دەکات، کـە چاوەڕێ بـێ، کـەی خـوا سزایان دەدات، ئەوانیـش چاوەڕێـن بـەو خـەون و خەیاڵانـەوە کـە لـە کەللـەو مێشـکیاندا هەبـوون:

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ فَإِنَّمَا يَسَّرْنَٰهُ بِلِسَانِكَ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ ﴿٥٨﴾ فَٱرْتَقِبْ إِنَّهُم مُّرْتَقِبُونَ ﴿٥٩﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە چوار بڕگەدا:

١- ﴿ فَإِنَّمَا يَسَّرْنَٰهُ بِلِسَانِكَ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە بە زمانی تۆ ئاسانمان کردوە.

بێگومـان ڕانـاوی (يسَّرنـاه) دەچێتـەوە بـۆ قورئـان، چونکـە هـەر لـە سـەرەتاوە تـا کۆتایـی، بـاس باسـی قورئانـە، بـاسی پەیامـی خوایـە، باسـی پێغەمبـەری خوایـە ﷺ واتـە: ئـەم قورئانەمـان ئاسـانکردوە، بـە زمـانی تـۆ: (**إِطْلَاقُ اللِّسَانِ عَلَى اللُّغَةِ مَجَازٌ شَائِعٌ، لِأَنَّ أَهَمَّ مَا يُسْتَعْمَلُ فِيهِ اللِّسَانُ الْكَلَامُ**)، بەکارهێنـانی وشـەی (لِسَـان): کـە بـە مانـای زمـانی گۆشـتینە، بـۆ (لغـة) کـە ئاخاوتنـە، مەجازێکـی بـاوە، چونکـە گرنگتریـن شـتێک کـە زمـانی بـۆ بـەکاردێ، بریتیـە لـە قسـەکردن، دەفەرمـوێ: ئێمـە قورئانمـان بـە زمـانی تـۆ (کـە زمـانی عەرەبییـە)، ئاسـان کـردوە، بۆچـی؟

٢)- ﴿ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ ﴾، بەڵکو پەند وەربگرن، لێی تێبگەن و، بیربکەنەوە.

وەک لـە سـوورەتی (**الأحقـاف**)، ئایـەتی ژمـارە: (١٢)دا هاتـوە، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَهَٰذَا كِتَٰبٌ مُّصَدِّقٌ لِّسَانًا عَرَبِيًّا لِّيُنذِرَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ وَبُشْرَىٰ لِلْمُحْسِنِينَ ﴿١٢﴾ ﴾، واتـە: ئەمـە کتێبێکـە، بـە ڕاسـت دانـەرە بـە زمـانی عەرەبیـی، تاکـو ئەوانـەی سـتەمکارن، بیانترسـێنێ و، هۆشـدارییان پـێ بـدات و، موژدەشـە بـۆ چاکـەکاران

لێرەدا کە دەفەرمووێ: ﴿ فَإِنَّمَا يَسَّرْنَٰهُ بِلِسَانِكَ ﴾، پێویستە دوو سەرەنجانی لێ بدەین:

یەکەم: بۆچی بە (فَ) دەست پێدەکات، ﴿ فَإِنَّمَا ﴾؟ شارەزایانی قورئان و ڕێزمانی عەرەبیی دەڵێن: (الْفَاءُ لِلتَّفْرِيعِ إِشَارَةٌ إِلَى أَنَّ مَا بَعْدَهَا مُتَفَرِّعٌ عَمَّا قَبْلَهَا، حَيْثُ كَانَ الْمَذْكُورُ بَعْدَ الْفَاءِ فَذْلَكَةً لِلسُّورَةِ، أَيْ إِجْمَالٌ لِأَغْرَاضِهَا بَعْدَ تَفْصِيلِهَا فِيمَا مَضَى)، واتە: (فَ) بۆ لق دەرکردنەو، ئاماژەشە بەوە کە ئەوەی لە دوایەوە دێ، پەیدابووە لەوەی لە پێشەوە بووە، چونکە ئەوەی لە دوای (ف)ەکەوە هاتوە: ﴿ فَإِنَّمَا يَسَّرْنَٰهُ بِلِسَانِكَ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ ۝٥٨ ﴾، ئەمە وەک خولاسەو گوشراوی هەموو سوورەتەکەیە، واتە: کورتەی مەبەستەکانی سوورەتەکەیە، دوای ئەوەی درێژەکەی لە ئایەتەکانی پێشێدا هاتوە.

ئنجا کە دەفەرمووێ: ﴿ فَإِنَّمَا يَسَّرْنَٰهُ بِلِسَانِكَ ﴾، واتە: ئەوەیکە بە زمانی تۆ ئاسانمان کردوە، بە زمانی عەرەبیی هۆکارەکەی چییە؟ ﴿ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ ۝٥٨ ﴾، بەڵکو بیر بکەنەوەو پەند وەربگرن، ڕاستییەکانیان بێتەوە بیر، کە وشەی (إنَّما)ش بەکارهێنراوە، کە (إنَّما)، ئامرازی کورتە هەڵێنان و چەسپاندنە، واتە: تەنیا بۆیە بە زمانی تۆ ئاسانمان کردوە، ئەم قورئانە، ﴿ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ ﴾، (لَعَلَّ: لِلتَّعْلِيلِ أَيْ: لأَجَلِ أَنْ يَتَذَكَّرُوا بِهِ)، واتە: لە پێناوی ئەوەدا کە پەندی لێ وەربگرن و، پێی تەمبێ خواردوو بن، ڕاستییەکانیان پێی بیر بکەوێتەوە، هەڵبەتە لێرەدا مەبەست لە قۆناغی یەکەمدایە، ئەگەرنا، بە تەئکید قورئان بە زمانی عەرەبیی هاتوەو، کۆمەڵگای پێغەمبەر ﷺ یەکەمین کەسانێک بوون، لەبەر ئەوەی بە زمانی خۆیان بووە، لێی بەهرەمەند بوون، بەڵام دواتر کۆمەڵگاکانی دیکەش لێی بەهرەمەند بوون، وەک لە ئایەتەکانی دیکەدا باسکراوە، کە دەفەرمووێ: ﴿ إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَٰلَمِينَ ۝٨٧ ﴾ص، ﴿ وَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَٰلَمِينَ ۝١٠٧ ﴾الأنبياء.

کەواتە: کەسانێک کە دێن ئایەتێک لە سیاقی خۆی دەردێنن، دەیانەوێ بیگشتێنن بەسەر تێکڕای ئایەتەکانی قورئانداو دەڵێن: قورئان بەس بۆ گەلی عەرەب هاتوە، چونکە خوا ئاوا دەفەرموێ! دەڵێین: نا لێرەدا وا دەفەرموێ، بەڵام لە شوێنەکانی دیکەدا، باسی ئەوە دەکات کە قورئان پەیامی خوایە، بۆ هەموو مرۆڤایەتیی، بەڵام لێرەدا بە پلەی یەکەم و، یەکەمین کەسانێک کە لە قورئان بەهرەمەند بوون، ئەو کۆمەڵگا عەرەبییە بوون، کە لە ڕۆژگاری پێغەمبەر ﷺ دابوون، لەبەر ئەوەی قورئان بە زمانی خۆیان بووە، هەر بۆیەش ئەوان لە گەلانی دیکە بەرپرسیارتر بوون و، بێگومان سزابارتریش دەبن، ئەگەر پشتی تێبکەن، هەر بۆیەش دوایی خوا ﷻ دەفەرموێ:

٣)- ﴿ فَٱرۡتَقِبۡ ﴾، واتە: تۆ چاوەڕێ بە، (**فَارْتَقِب النَّصْرَ**)، تۆ چاوەڕێی سەرخستن بە، یاخود چاوەڕێ بە، ئەوان لە ئەنجامی ئەوەدا کە پشتیان لەم قورئانە کردوە، لەو پەیامی خوایە کردوە، بەڵایان بەسەر بێت.

٤)- ﴿إِنَّهُم مُّرۡتَقِبُونَ ﴾، ئەوانیش چاوەڕێن، واتە: ئەوانیش چاوەڕێن بەسەر تۆدا، زاڵبن، یان چاوەڕێن تۆ پەیامەکەت کۆتایی پێ بێ.

کە دەفەرموێ: ﴿ فَٱرۡتَقِبۡ إِنَّهُم مُّرۡتَقِبُونَ ﴾، ئەمەش دیسان ئەوە دەگەیەنێ کە شتێک لە پێش ئەوەوە باسکراوە، واتە: ﴿ فَإِنَّمَا يَسَّرۡنَٰهُ بِلِسَانِكَ لَعَلَّهُمۡ يَتَذَكَّرُونَ ﴿٥٨﴾ ﴾، (**لَكِنَّهُمْ أَعْرَضُوا عَنْهُ فَارْتَقِب**)، بەڵام ئەوان پشتیان تێکردو، ڕوویان لێ وەرگێڕا، بۆیە چاوەڕێ بە، واتە: چاوەڕێ بە، بەڵای خواو، سزای خوایان بۆ بێ، یان چاوەڕێ بە، خوا تۆ سەربخات، ئەو خەون و خەیاڵە خراپانەی ئەوان، ببنە نەخش و بڵقی سەر ئاوو نەیەنە دی، تۆ چاوەڕێ بە، ﴿إِنَّهُم مُّرۡتَقِبُونَ ﴾، بە دڵنیایی ئەوانیش چاوەڕێن.

(**الطبري**) ئەم ئایەتە موبارەکە ئاوا مانا دەکات: (**فَانْتَظِرْ أَنْتَ يَا مُحَمَّدُ الْفَتْحَ مِنْ رَبِّكَ، وَالنَّصْرَ عَلَى هَؤُلَاءِ الْمُشْرِكِينَ بِاللهِ مِنْ قَوْمِكَ مِنْ قُرَيْشٍ، إِنَّهُمْ مُنْتَظِرُونَ**

عِنْدَ أَنْفُسِهِمْ قَهْرَكَ وَغَلَبَتَكَ بِصَدِّهِمْ عَمَّا أَتَيْتَهُمْ بِهِ مِنَ الْحَقِّ مَنْ أَرَادَ قَبُولَهُ وَاتِّبَاعَكَ عَلَيْهِ)[1].

واتـە: ئـەی موحەممـەد! ﷺ چـاوەڕێ بـە، سەرخسـتن لـە خـواوە، یارمەتیـی و سـەرکەوتن بەسـەر ئـەو هاوبـەش بـۆ خـوا دانەرانـەدا، کـە هاوبەشـیان بـۆ خـوا داناوە، لـە (خەڵکەکـەت)، لـە هـۆزی قوڕەیـش ئەوانیـش لـەلا خۆیانـەوە چاوەڕێـن، کـە تـۆ زەبـوون بـی و بەسـەرتدا زاڵ بـن، بـەوە کـە ئەوانـەی تـۆ هەقـت بـۆ هێنـاون و، دەیانـەوێ پەسـەندی بکـەن و شـوێنت بکـەون، ئەوانـە بگێڕنـەوە و لایـان بـدەن.

وەک لـە جێیەکـی دیکـەدا دەفەرمـوێ: ﴿ قُلْ يَٰقَوْمِ ٱعْمَلُوا۟ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ إِنِّى عَامِلٌ ﴿١٣٥﴾ ﴾الأنعـام، واتـە: بڵـێ: ئـەی خەڵکەکـەم! ئـەی کۆمەڵەکـەم! ئێـوە کاری خۆتـان بکـەن، (هەرچـی لـە تواناتاندایـە)، ئێمـەش کاری خۆمـان دەکەیـن.

ئەمـەش دەکاتـە ئـەو پـەڕی لەخـۆ ڕادیتوویـی و، بەرچـاو ڕوونیـی، کـە بێگومـان بـە هـۆی ئەوەوەیـە کـە خوایـەک ﷻ کـەون و کائینـاتی بەدەسـتە، شـتێکی پـێ بفەرمـوێ، بـە دڵنیایـی هـەر وادەبـێ، وەک لـە کۆتایـی تەفسـیری سـووڕەتی (ص) دا، باسـمانکرد کـە خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَٰلَمِينَ ﴿٨٧﴾ وَلَتَعْلَمُنَّ نَبَأَهُۥ بَعْدَ حِينٍۭ ﴿٨٨﴾ ﴾، لەوێـدا باسـمانکرد، کـە ئـەوە ئیعجازێکـی مێژووییـە لـە قورئانـدا کـە خـوا دەفەرمـوێ: ئـەم قورئانـە، تەنیـا بیرخەرەوەیـە بـۆ هەمـوو جیهانییـان، ﴿ وَلَتَعْلَمُنَّ نَبَأَهُۥ بَعْدَ حِينٍۭ ﴿٨٨﴾ ﴾، بـە دڵنیایـی هەواڵەکـەش دوای ماوەیەکـی کـەم دەزانـن، دوای ماوەیەکـی کـەم، هـەر لـە مـاوەی (٢٣) سـاڵی تەمـەنی موبارەکـی پێغەمبـەردا ﷺ، ئـەم ئایەتـە کـە لـە سـووڕەتی (ص)دایـە، هەروەهـا ئـەوەی (الدخـان) لـە مەککـە دابەزیـون، کـە قۆناغـی مەککـە (١٣) سـاڵ بـوو، دوایـی زۆری پـێ نەچـوو هـەر لـە تەمـەنی موبارەکـی پێغەمبـەردا ﷺ، ئیسـلام گەیشـتە فـارس و ڕۆم و دنیـا، پێغەمبـەری خـوا ﷺ نامـەی نووسـی بـۆ پادشـای میسـڕو، پادشـای حەبەشـەو، پادشـای فـارس و، پادشـای ڕۆم، کـە ئـەو کات ئـەوان گەورەتریـن دەوڵـەتی دنیـا بـوون، دوای خۆشـی،

---

(١) جامع البيان: ج٢٥، ص١٤٣.

چوار جێنشینه ڕاشیدەکان: (**أبوبكر و عمر و عثمان و علي**)، خوا لێیان ڕازی بێ، ئیسلامیان بە زیاتر لە نیوەی دنیای ئەو کاتە گەیاند.

کەواتە: خوا ﷻ کە دەفەرموێ: ﴿وَلَتَعْلَمُنَّ نَبَأَهُۥ بَعْدَ حِينٍۭ ﴿٨٨﴾﴾ص، دوای ماوەیەکی کەم هەواڵەکەی دەزانن، ئەمە ئیعجازێکی مێژووییە، ئیسلامێک کە گرفتار بوو بوو لە نێوان چوار دیواری چیاو چۆڵی مەککەدا و کافرەکان بەتەما بوون، هەر لەوێ سەر بنێتەوە، کەچی خوا ﷻ ئەو کاتە فەرموویەتی: ئەم پەیامە بۆ هەموو جیهانییانە و، لەمەودوا هەواڵەکەی دەزانن، ئنجا دوای ماوەیەکی کەم، هەواڵەکەشیان زانی و ئیسلام بە هەموو دنیادا، بڵاو بۆوە، ئەوانەش کە دژایەتیی ئیسلامیان کرد: ئەبوو جەهل و عوتبەو شەیبەو وەلیدی کوڕی موغیرەو نەضری کوڕی حاریس و ئومەییەی کوڕی خەڵەف، کێ و کێ، فڕێ درانە نێو زبڵدانی مێژوو، مەگەر وەک مێژوو بەسەرهاتیان باس بکرێ، ئەگەرنا ناویان لە کوولەکەی تەردا نەما!

لێرەدا کۆتایی بە تەفسیری سوورەتی (**الدخان**)، دێنین و لە خوای پەروەردگاریش داواکارین یارمەتییمان بدات، چاکتر لە کتێب و فەرمایشتەکەی تێبگەین و، باشتر پێیدا قووڵ ببینەوەو، لێی بەهرەمەند بین، یارمەتییشمان بدات هەرچی لێی تێدەگەین، بەهۆیەوە پێبگەین، هەرچی لێی دەزانین بیتوانین و، هەرچی لێی حاڵیی دەبین لە خۆماندا بیکەینە حاڵ و، پێشێ خۆمانی پێ چاک بکەین، ئنجا دەوروبەرو کۆمەڵگامان، بێگومان قورئانیش ڕۆشنایی خواو، بەرەکەت و هیدایەتی خوایە، بۆ تێکڕای مرۆڤایەتیی، بەڵام ئێمە ئەرکی سەر شانمانە پێشێ ئەوانەی لێمان نیزیکن، دوایی کۆمەڵگاو دەوروبەرمان لەم نوورو هیدایەتە بەهرەمەند بکەین، خوای بەخشەرو ئەو کارەمان بۆ ئاسان بکات.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

تەفسیری سووڕەتی

الجَاثِيَةِ

دەستپێک

بەڕێـــــــزان!

ئەمـڕۆ کـە (٢٨)ی (جـمادي الأولى)ی سـاڵی (١٤٤١)ی کۆچییـە، بەرانبـەر (٢٠٢٠/١/٢٣)ی زایینیی، لـە شاری هەولێر، دەست دەکەیـن بـە تەفسیری سـوورەتی (**الجاثیـة**)، کـە وەک عـادەتی خۆمـان سـەرەتا پێناسـە و نێوەڕۆکـی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە دەخەینـە ڕوو، ئەویـش لـە حـەوت بڕگـەدا:

نێوەڕۆکی سوورەتی (الجاثیة) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

ئـەم سـوورەتە کـە سـوورەتی شەشـەمە لـە (**حوامیـم**)، یـان (**ذواتُ حـم**)، نـاوی هـەرە بـاوی بریتیـە لـە: (**سـورةُ الجَاثیـة**)، بـەڵام هـەر کام لـە: (**حـم و الجاثیـة**)، و (**سـورة الشَریعـة**)، و (**سـورةُ الدَهر**)یـشی پێگوتـراوە، بـەڵام زیاتـر بـە (**سـورة الجاثیـة**) نـاسراوە.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

ئـەم سـوورەتە مەککەییـەو لـە قۆناغـی مەککـەدا دابەزیـوە، ئـەوە بـەلای زۆربـەی هـەرە زۆری زانایانـەوە، بـەڵام هەندێکیـان لـە عەبدوڵڵای کـوڕی عەببـاس (خـوا لـە خـۆی و بـابی ڕازی بـێ)و، قەتـادەوە، کـە یەکێکـە لـە زانایـانی شـوێنکەوتووان (**تابعین**)، هێناویانـە، کـە هـەردووک ئایـەتی (١٤ و ١٥) کـە خـوا ﷻ تێیانـدا دەفەرمـوێ: ﴿ قُل

﴿لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ يَغْفِرُوا۟ لِلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ أَيَّامَ ٱللَّهِ لِيَجْزِىَ قَوْمًۢا بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿١٤﴾ مَنْ عَمِلَ
صَـٰلِحًا فَلِنَفْسِهِۦ ۖ وَمَنْ أَسَآءَ فَعَلَيْهَا ۖ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُمْ تُرْجَعُونَ ﴿١٥﴾﴾ الجاثية.

گوتوویانە: ئەم دوو ئایەتە لە مەدینە هاتوونە خوار، گوایە لە بارەی عومەری کوڕی خەتتابەوە (خوا لێی ڕازی بێ)، کە پیاوێکی هاویەش دانەر قسەی پێگوتوە، یاخود یەکێک لە زانایانی جوولەکە قسەیەکی بێ جێی کردوە بەرانبەر بە خوا ﷻ‌و، عومەریش تووڕە بووەو ویستوویەتی سزای بدات، بەڵام دوایی پێغەمبەر ﷺ پێیزانیوەو ڕێی لێگرتوە، دوایی ئەوە باسی دەکەین، کە ئەو ڕیوایەتانەی لەو بارەوە هاتوون، یاخود لە بارەی ڕووداوێکی دیکەوە کە گوایە لە مەدینە ڕوویداوە، هیچیان سەنەدەکەیان جێی پشت پێ بەستن نیە، بۆیە ئێمە هەر لەسەر ئەو ڕایەین، کە ئەم سوورەتە هەمووی شوێنی دابەزینی بریتیە لە مەککەو، لە قۆناغی دا مەککە دابەزیوە.

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و هاتنەخواردا:

زۆربەی هەرە زۆری زانایان ئەم سوورەتەیان لە ڕیزبەندیی دابەزین (**ترتیب النزول**)دا، ژمارە (٦٤)یان، بۆ داناوە و، لە دوای سوورەتی (**الدخان**)و، پێش سوورەتی (**الأحقاف**) دابەزیوە، واتە: هەر لەو شوێنەی کە ئێستا لە موصحەفدا تێیدا دانراوە، ڕیزبەندییەکەی لە دابەزینیشدا لە ڕووی شوێنە جوگرافییەکەیەوە، نەک لە ڕووی ژمارەی ڕیزبەندیی موصحەفەوە، چونکە لە ڕیزبەندیی موصحەفدا، ژمارەکەی (٤٥)ە، دیارە ئەمیش بە پێی ئەوە کە ژمارە (٦٤) بێ، واتە: (٦٤)ەمین، سوورەت بێ دابەزیبێ، بە مەزەندە دەکەوێتە ساڵانی هەشت و نۆ و، ئەو دەوروبەرەی قۆناغی مەککەوە.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

ژمارەی ئایەتەکانی سوورەتی (**الجاثیة**)، بە لای خەڵکی مەدینە و مەککە و شام و بەصرەوە: (٣٦)ە، بەڵام بە لای خەڵکی کووفەوە: (٣٧)ە، هۆکاری ڕاجیاییەکەشیان ئەوەیە کە بێژەی (**حم**) ئایەتێکی سەربەخۆیە، یان نا؟!

زانایانی کووفە (**حم**)یشیان، بە ئایەتێکی سەربەخۆ داناوە، بۆیە ژمارەی ئایەتەکان بۆتە (٣٧)، بەڵام ئەوانی دیکە (**حم**)یان، بە بەشێک لە ئایەتێک داناوە، نەک ئایەتێکی سەربەخۆ، بۆیە ژمارەی ئایەتەکان بۆتە (٣٦)، هەمیشە جیاوازیی ژمارەی ئایەتەکان دەگەڕێتەوە -- وەک پێشتریش گوتوومانە -- بۆ کورتیی و درێژیی ڕستەکانی قورئان.

پێنجەم: نێوەڕۆکی:

ئەم سوورەتە، هەمان نێوەڕۆکی سوورەتە مەککەییەکانی هەیە، کە ئێمە لە بەرگی پێنجی ئەم تەفسیرەدا، لە کاتی تەفسیر کردنی سوورەتی (**الأنعام**)دا، لە سەرەتاکەیەوە باسێکی تا ڕادەیەک تێرو تەسەلمان کردوە، لە بارەی قورئانی مەککەیی و قورئانی مەدینەیی و، نێوەڕۆکی هەردووکیان و هێڵە گشتییەکانیانەوە، ئەم سوورەتەش هەمان نێوەڕۆکی قورئانی مەککەیی و سوورەتە مەککەییەکانی هەیە، بەڵام دوای ئاماژەیەکی کورت بە قورئان، زۆرترین پانتایی بۆ خستنەڕووی بەڵگە و نیشانەکانی بەدیهێنەرایەتیی و، پەروەردگارێتیی خوا تەرخانکراوە، لەم سوورەتەداو، دوای ئەویش بۆ ڕۆژی دوایی بە تایبەتی قۆناغی قیامەت و زیندووکرانەوەو سزا و پاداشتدرانەوە، لە نێواخنی ئەوەشدا سزا و ئازاری بێبڕوایان و سەرەنجامی شوومیان، باسکراوەو، ئاماژەیەکیش بە پاداشت و نازو نیعمەتێک کە خوا کە بۆ بڕوادارانی داناوە، کراوە.

هەروەها ئاماژەیەک بە هەڵس و کەوتی لێبوردانەی بڕواداران لەگەڵ بێبڕوایانـدا کـراوەو، ئاماژەیەکیـش بـە ئەزمـوونی شکسـتخواردووی جوولەکـەکان لـە دینداریـیدا، کـراوەو، ئاماژەیەکیـش بـە مولحیـدەکان کـراوە، ئەوانـەی بڕوایـان بـە خـوا ﷻ نیـە، وەک بەدیهێنـەر و پـەروەردگار و خـاوەنی گـەردوون و ئاسـمان و زەوی و ژیـانی مـرۆڤ، بڕواشـیان بـە زیندووکرانـەوە نیـەو، بڕواشـیان بـەوە نیـە کـە خـوا ﷻ هیـچ کەسـێکی بـە ناوونیشـانی پێغەمبـەر ڕەوان کردبـێ و، هیـچ کتێبێکـی بـە ناوونیشـانی پەیـام و بەرنامـەی خـۆی ناردبـێ، دیـارە کەسـێک بـڕوا بە خـوا نەهێنێ، ئـەو شـتانەی دیکە کـە پەیوەندییان بـە خـواوە هەیـە، چ نـاردنی پێغەمبـەران، چ دابەزانـدنی کتێبـان، چ زینـدوو کرانـەوەی مرۆڤـان، بـڕوای بـە هیچیـان نیـە وەک دەرهاویشـتەیەکی ئاسـایی ئیلحادەکـەی.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

پێنـج تایبەتمەندیـی ئـەم سـوورەتە موبارەکەمـان خسـتوونە ڕوو و ناشـڵێم: هـی دیکـەشی نیـن:

١- تەنیا لەم سوورەتەدا بە ڕوونیی باسی کەسانێکی مولحید کە لە مێژوودا بە: (**الدَّهريون، الملاحدة، الزَّنادِقَة**) ناسراون، کراوە، لە ئایەتی ژمارە (٢٤)دا کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَقَالُوا۟ مَا هِىَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا وَمَا يُهْلِكُنَآ إِلَّا ٱلدَّهْرُ ۚ وَمَا لَهُم بِذَٰلِكَ مِنْ عِلْمٍ ۖ إِنْ هُمْ إِلَّا يَظُنُّونَ ﴿٢٤﴾ ﴾، هەڵبەتە لە شوێنی دیکەشدا باسکراوە، بەڵام لێرەدا زۆر بە ڕوون و ڕاشکاویی، ئەگەرنا لە سوورەتی (**الطور**)یشدا کە خوا دەفەرموێ: ﴿ أَمْ خُلِقُوا۟ مِنْ غَيْرِ شَىْءٍ أَمْ هُمُ ٱلْخَٰلِقُونَ ﴿٣٥﴾ أَمْ خَلَقُوا۟ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ ۚ بَل لَّا يُوقِنُونَ ﴿٣٦﴾ ﴾، ئەوەش هەر ئاماژەیەکە بە پووچەڵیی بیرۆکەی ئیلحاد، واتە: ئایا بەبێ بەدیهێنەر هێنراونە دی، یان خۆیان بە دیهێنەرن؟، یان ئایا ئاسمانەکان و زەوییان وەدیهێناون؟، بەڵکو زانیارییەکی جێی دڵنیاییان نیە (بۆیە ئەو قسانە دەکەن)، ئێمە لە مەوسووعەی: (ئیمان و ئیلحاد)دا، هەموو ئەو ئایەتانەی ئاماژە دەکەن بە ئیلحاد هێناومانن، چونکە هەندێک لە زانایانی هاوچەرخ گوتوویانە: لە قورئاندا هیچ ئایەتێک نیە لە بارەی ئیلحادەوە، بەڵام ئەو ڕایە ڕاست نیە.

٢- تەعبیری: ﴿إِنَّا كُنَّا نَسْتَنسِخُ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٢٩﴾﴾، واتە: ئێمە ئەوەی ئێوە دەتانکرد، نوسخەمان لەبەر دەگرتەوە، ئەوەش تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوە.

٣- وشەکانی (شَرِيْعَة)و، (دَهر)و، (جَاثِيَة)، تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوون، دیارە لە سوورەتی (المائدة)دا، باسی (شِرْعَة) کراوە، هەروەها لە سوورەتی (الشورى)دا، (شَرَعُوا) و (شَرَعَ) هاتوون، بەڵام تەنیا لەم سوورەتەدا وشەی (شَرِيْعَة) هاتوە، هەروەها وشەی (دَهر)یش تەنیا یەکجارو لەم سوورەتەدا هاتوەو، وشەی (جَاثِيَة)ش، هەر یەکجارو تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوە.

٤- تەعبیری: ﴿إِن نَّظُنُّ إِلَّا ظَنًّا وَمَا نَحْنُ بِمُسْتَيْقِنِينَ ﴿٣٢﴾﴾یش، تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوەو، ئەو تەعبیرەش ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە (یقین) و (ظن)، دژ و پێچەوانەی یەکدین، (يَقِين) واتە: دڵنیایی، (ظَنّ) واتە: گومان، (شَكّ)یش، یانی: دوو دڵیی، (شَكّ): ئەوەیە کە لە نێوان بوون و نەبوونی شتێکدا، مرۆڤ دوو دڵ بێ و، دوو ئەگەری یەکسان دابنێ بۆ هەردووکیان، بەڵام (ظن): ئەوەیە کە بوونی ئەو شتە، یان نەبوونی، زاڵ بکات بەسەر لایەکیاندا.

کەواتـە: زۆر کـەس کـە پێـی وایـە (شَـك) و (ظَـن)، یـەک واتایـان هـەن، وانیـە، (شَـكّ) واتـە: دوو دڵیـی، (ظـن) واتـە: گومـان، (یقین)یـش واتـە: دڵنیایـی.

٥- تەعبیری: ﴿وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا مِّنْهُ ﴿١٣﴾﴾، کە وشەی (مِنْهُ)ی لەگەڵدابێ لە ئایەتی ژمارە (١٣)دا، تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوە، واتە: هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، تێکڕای لە لایەن خۆیەوە، بۆ ئێوە دەستەمۆو ملکەچ کردوە.

حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکانی بۆ چەند دەرسێك:

ئێمە کۆی ئەو (٣٧)، ئایەتەی ئەم سوورەتە، بۆ سێ دەرس دابەش دەکەین:

دەرسی یەکـەم: ئایەتـەکانی: (١ - ١٥)، واتـە: پـازدە ئایـەتی سـەرەتا کـە تـەوەری سـەرەکییان، بـاسی نیشـانە و بەڵگـەکانی پەروەردگارێتیـی خوایـە، وێـڕای بـاسی قوڕئـان

و ڕێنماییەکی گرنگ بۆ بڕواداران، لە بواری مامەڵەیان لەگەڵ نەیارەکانیاندا، لەگەڵ بێبڕوایاندا.

دەرسی دووەم: ئایەتەکانی: (١٦ - ٢٦)، واتە: یازدە ئایەت، تەوەری سەرەکییان، باسی ئەزموونی جوولەکەیە لە دینداریياندا، کە لێرەدا زیاتر باسی شکستخواردنیان کراوە لە ئەزموونی دینداریياندا، کە بریتییە لە دووبەرەکیی و ناکۆکیی و پەرتەوازەییان، پاشان باسی پابەندییە بە شەریعەتەوە، یانی: فەرمان کردنە بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ و شوێنکەوتووانی، پابەندبن بەو شەریعەتەوە کە خوا بۆی دابەزاندوون، هەروەها باسی حیکمەتی دروستکرانی گەردوون و، باسی مولحیدان و، نکووڵییان لە قیامەت و بەئاماژە بەرپەرچدانەوەیان، ئەم دەرسە ئەو باس و بابەتانەی تێدان.

دەرسی سێیەم و کۆتایی: ئایەتەکانی (٢٧ - ٣٧)، واتە: یازدە ئایەت دەگرێتە خۆی، کە تەوەری سەرەکییان، باسی قیامەت و چارەنووسی شوومی بێبڕوایانەو، سەرزەنشتکرانیانە، لە کۆتاییشدا ڕاگەیاندنی ستایش و پایە بەرزیی و گەورەیی و مەزنیی خوای بەرزی بێ وێنەیە.

دەرسی یەکەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـی یەکەمـە، لـە پـازدە (١٥) ئایـەی سـەرەتای ئـەم سـوورەتە پێکـدێ، ئایەتـەکانی: (١ - ١٥)، کـە وێـڕای ئاماژەیەکـی کـورت بـە قورئـان و، ئایەتـەکانی و، هەڵوێسـتی نەرێنییانـەی بێبڕوایـان لـە بەرانبەریانـدا، جگـە لـەوە، ئـەم پـازدە ئایەتـە هەموویـان بـۆ خسـتنەڕووی بەڵگـە و نیشـانەکانی پەروەردگارێتیـی خـوا، تەرخانکراون و، بەگشـتیی ئـەم هەشـتە باسـکراون:

١- ئاسمانەکان و زەوی.

٢- دروستکرانی مرۆڤان.

٣- بڵاوکردنەوەی ژیانداران لە زەویدا.

٤- جیاوازیی و جێگۆڕکێی شەوو ڕۆژان.

٥- دابەزاندنی ئاو لە ئاسمانەوەو، پێ ژیاندنەوەی زەوی، دوای مردنی.

٦- جۆراوجۆر کردنی بایەکان لە ڕووی هەڵکردنیانەوە و، لە ڕووی ئەندازەی بەهێزیی و، سووکییان و، لە ڕووی ماهیەتییانەوە.

٧- دەریا و کەشتییەکانی نێوی و بازرگانیی پێکردنیان.

٨- ڕامکردنی هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی دا هەیە، وەک بەڵگە لەسەر پەروەردگارێتیی خوا، کە هاوکات نیعمەت و چاکەی خواشن لە ژیانی مرۆڤدا.

لـە کۆتاییشـدا ئامۆژگاریـی بـڕواداران کـراوە، کـە چـۆن لەگـەڵ نەیارەکانیانـدا مامەڵـە بکـەن؟ دەبـێ چاوپۆشـییان لێبکـەن و، سـینگ فـراوان و لێبووردەبـن، ئـەو ڕاسـتییەش ڕاگەیەنـراوە، کـە هـەر کەسـە لـە چاکـەی خـۆی بەهرەمەنـدەو، لـە خراپەکەشـی زەرەرمەنـدە.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ حمٓ ﴿١﴾ تَنزِيلُ ٱلۡكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَكِيمِ ﴿٢﴾ إِنَّ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ لَأٓيَٰتٖ لِّلۡمُؤۡمِنِينَ
﴿٣﴾ وَفِي خَلۡقِكُمۡ وَمَا يَبُثُّ مِن دَآبَّةٍ ءَايَٰتٞ لِّقَوۡمٖ يُوقِنُونَ ﴿٤﴾ وَٱخۡتِلَٰفِ ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ وَمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِنَ
ٱلسَّمَآءِ مِن رِّزۡقٖ فَأَحۡيَا بِهِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَا وَتَصۡرِيفِ ٱلرِّيَٰحِ ءَايَٰتٞ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ ﴿٥﴾ تِلۡكَ ءَايَٰتُ
ٱللَّهِ نَتۡلُوهَا عَلَيۡكَ بِٱلۡحَقِّۖ فَبِأَيِّ حَدِيثِۭ بَعۡدَ ٱللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ يُؤۡمِنُونَ ﴿٦﴾ وَيۡلٞ لِّكُلِّ أَفَّاكٍ أَثِيمٖ ﴿٧﴾ يَسۡمَعُ
ءَايَٰتِ ٱللَّهِ تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِ ثُمَّ يُصِرُّ مُسۡتَكۡبِرٗا كَأَن لَّمۡ يَسۡمَعۡهَاۖ فَبَشِّرۡهُ بِعَذَابٍ أَلِيمٖ ﴿٨﴾ وَإِذَا عَلِمَ مِنۡ ءَايَٰتِنَا
شَيۡـًٔا ٱتَّخَذَهَا هُزُوًاۚ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٞ مُّهِينٞ ﴿٩﴾ مِّن وَرَآئِهِمۡ جَهَنَّمُۖ وَلَا يُغۡنِي عَنۡهُم مَّا كَسَبُواْ
شَيۡـٔٗا وَلَا مَا ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَوۡلِيَآءَۖ وَلَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿١٠﴾ هَٰذَا هُدٗىۖ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِ
رَبِّهِمۡ لَهُمۡ عَذَابٞ مِّن رِّجۡزٍ أَلِيمٌ ﴿١١﴾ ۞ٱللَّهُ ٱلَّذِي سَخَّرَ لَكُمُ ٱلۡبَحۡرَ لِتَجۡرِيَ ٱلۡفُلۡكُ فِيهِ بِأَمۡرِهِۦ وَلِتَبۡتَغُواْ مِن
فَضۡلِهِۦ وَلَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ﴿١٢﴾ وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا مِّنۡهُۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ
لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ﴿١٣﴾ قُل لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ يَغۡفِرُواْ لِلَّذِينَ لَا يَرۡجُونَ أَيَّامَ ٱللَّهِ لِيَجۡزِيَ
قَوۡمَۢا بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ﴿١٤﴾ مَنۡ عَمِلَ صَٰلِحٗا فَلِنَفۡسِهِۦۖ وَمَنۡ أَسَآءَ فَعَلَيۡهَاۖ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُمۡ
تُرۡجَعُونَ ﴿١٥﴾ ﴾

مانای دەقا ودەقی ئایەتەکان

{بـە نـاوی خـوای بـە بەزەیـی بەخشـندە، حـا میـم (١) دابەزانـدنی ئـەم کتێبـە لـە لایـەن خـوای زاڵـی کاربەجـێ وەیـە (٢) بـە ڕاسـتیی لـە ئاسـمانەکان و زەوی دا، بـۆ بـڕواداران بەڵگـە و نیشـانە(ی زۆر) هـەن (لەسـەر بەدیهێنەرایەتیـی و پەروەردگارێتیی خـوا) (٣) هەروەهـا لـە دروسـتکردنی خۆتـان و ئـەو ژیاندارانـەی (خـوا لـە زەویـدا) بـڵاوی کردوونـەوە، بەڵگـەو نیشـانە(ی زۆر) هـەن، بـۆ دڵنیایـان (لـە بڕوایانـدا) (٤) دیسـان جیاوازیـی و جێگۆڕکـەی شـەو و ڕۆژ و، ئـەو بژێـوەی خـوا لـە ئاسـمانەوە دایبەزانـدوەو، دوای مـردن (و وشـک هەڵگـەڕانی) زەوی پـێ ژیاندۆتـەوە، بەڵگـەو نیشـانەن بـۆ کۆمەڵێـک بفامـن (٥) ئەوانـە ئایەتـەکانی خـوان بـە هـەق بەسـەرتیاندا دەخوێنینـەوە، ئنجـا ئایـا (بێبڕوایـان) دوای خـواو ئایەتـەکانی، بـە چ قسـەیەک بـڕوا دێنـن؟ (٦) سـزای سـەخت بـۆ هـەر درۆزنێکـی زۆر گوناهـکار (٧) گوێبیسـتی ئایەتـەکانی خـوا دەبـێ بەسـەریدا دەخوێنرێنـەوە، کەچـی دوایـی خۆبەزلگرانـە هـەر سـوور دەبـێ (لەسـەر بێبڕوایـی) وەک هـەر نەیبیسـتبێ! دەجـا مـوژدەی ئازارێکـی بـە ئێـش و ژانی بدەیـە (٨) ئەگـەر شـتێکیش لـە ئایەتەکانمـان بزانـێ، بـە گاڵتەجاڕیـان دەگـرێ (گاڵتەیـان پـێ دەکات)، ئەوانـە ئازارێکـی ڕیسـواکەریان هەیـە (٩) دۆزەخ لـە پشـتیانەوەیە (چاوەڕێیانـە)و، ئـەوەی وەدەسـتیان هێنـاوە (لـە مـاڵ و سـامان)و، ئەوانـەش کـە لـە جیاتی خوا بە دۆسـت و سەرپەرشـتیاریان گرتـوون (و پەرسـتوویانن)، هیـچ سـوودیان پـێ ناگەیەنـن و، ئازارێکـی مەزنیشـیان هەیـە (لـە ڕۆژی دوایـی دا) (١٠) ئـەوە (کـە باسـکرا) ڕێنماییـەو، ئەوانـەش کـە بێبـڕوان بـە ئایەتـەکانی پەروەردگاریـان، ئازاریـان لـە (سـزایەکی) هەژێنـەری بـە ئێـش هەیـە (١١) خـوا ئـەو کەسـەیە دەریـای بـۆ ڕامکـردوون، تاکـو بـە فەرمـانی وی کەشـتییەکانی پێـدا بـڕۆن (و کاسـبیی بکـەن)و، لـە بەخشـشی وی (بژێـو) بخـوازن و، بەڵکـو سوپاسـگوزارییش

بکەن ﴿١٢﴾ هەروەها هەرچی لە ئاسمانەکان و لە زەویدایە، تێکڕای لە لایەن خۆیەوە بۆی ڕام و ملکەچ کردوون، بێگومان لەوەدا بەڵگە و نیشانە(ی زۆر) هەن (لەسەر پەروەردگارێتیی خوا) بۆ کۆمەڵێک بیربکەنەوە و ڕامێنن ﴿١٣﴾ (ئەی موحەممەد!) بەوانەی بڕوایان هێناوە بڵێ: با لەوانە ببوورن کە (بێبڕوان و) بە ئومێدی ڕۆژەکانی (دیداری) خوا نین، تاکو (سەرەنجام خوا) بە پێی ئەوەی کردوویانە، سزای کۆمەڵێک بدات (لە ڕۆژی دوایی داو، با سزایەکەیان بۆ ئەوێ بێ) ﴿١٤﴾ هەر کەس چاکە بکات، بە سوودی خۆیەتی و، هەر کەسیش خراپە بکات، بە زیانی خۆیەتی، دواییش بۆ لای پەروەردگارتان دەگێردرێنەوە ﴿١٥﴾].

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(وَمَا يَبُثُّ): (البَثُّ: التَّفْرِيقُ وَإِثَارَةُ الشَّيءِ، كَبَثِّ الرِّيحِ التُّرَابَ) (بَثّ): بریتیە لە بڵاوکردنەوەو لە شوێنی خۆ جووڵاندنی شتێک، وەک چۆن با گڵ و خۆڵ لە شوێنی خۆی هەڵدەقەنێ و بڵاوی دەکاتەوە.

(مِن دَآبَّةٍ): (الدَّآبَّةُ: يُسْتَعْمَلُ فِي كُلِّ حَيَوَانٍ: ﴿إِنَّ شَرَّ ٱلدَّوَآبِّ عِندَ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ﴿٥٥﴾﴾ الأنفال، عَامَّةٌ فِي جَمِيعِ الحَيَوَانَات)، وشەی (دَآبَة): بەکاردەهێنرێ بۆ هەر ژیاندارێک، وەک خوا فەرموویەتی: ﴿إِنَّ شَرَّ ٱلدَّوَآبِّ عِندَ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ﴿٥٥﴾﴾ الأنفال، واتە: بە دڵنیایی خراپترین ژیاندار کە دەڕۆن لەسەر زەوی لە لای خوا، ئەوانەن کە بێبڕوان، ئەمە تێکڕای ژیانداران دەگرێتەوە، چونکە خوا ﷻ بێبڕوایانیشی بە بەشێک لە (دآبّة) لە قەڵەم داوە، هەروەها لە شوێنی دیکە خوا دەفەرموێ: ﴿وَلَوْ يُؤَاخِذُ ٱللَّهُ ٱلنَّاسَ بِمَا كَسَبُوا۟ مَا تَرَكَ عَلَىٰ ظَهْرِهَا مِن دَآبَّةٍ ﴿٤٥﴾﴾ فاطر، کەواتە: هەرچی لەسەر زەوییە بە مرۆڤ و ئاژەڵ و پەڕەور و زیندەوەرە وە، هەمووی وشەی (دآبّةٍ)، دەیگرێتەوە، بۆیە من لە هەندێ شوێنان

وشەی (دآبّةٍ)، بە پێڕۆ، یاخود بە ژیاندار، مانا دەکەم، پێڕۆش مەرج نیە پێی هەبن و بە پێیان بڕوا، چونکە باڵندەش هەر بە (دآبّة) لە قەڵەم دەدرێن، هەرچەندە زیاتر بە باڵانیش دەفڕن.

(يُوقِنُونَ): واتە: دڵنیان، دڵنیا دەبن، (اليَقِينُ: سُكُونُ الفَهْمِ مَعَ ثَبَاتِ الحُكْمِ، وَاليَقِينُ مِنْ صِفَةِ العِلْمِ فَوْقَ المَعْرِفَةِ وَالدِّرَايَةِ)، (يَقِين): بریتیە لە وەستانی تێگەیشتن لەگەڵ چەسپانی بڕیاردان، تێگەیشتن لە بارەی شتێکەوە بوەستێ و چیدیکە دەرفەتی نەبێ بڕوا، بڕیار لە بارەیەوە چەسپاو بێ، (يَقين) لە سیفەتی زانیارییە لە سەرووی ناسین و، پەیپێبردنەوەیە، واتە: خوای پەروەردگار (عِلم اليَقين)ی باسکردوە، زانیارییەک کە خاوەنەکەی تێیدا دڵنیا بێت، هەروەها (عَينُ اليقين)یش، هاتوە لە قورئاندا و (حَقُّ اليَقين)یش، هاتوە، (يَقين): بە مانای دڵنیایی تەواو لە شتێکداو، لە (يَقَنَ)ەوە، هاتوە، (يَقَنَ: أي رَكَدَ وَثَبَتَ) واتە: چەسپا، ئنجا مرۆڤ ئەگەر لە شتێکدا تەواو گەیشتە قەناعەت و دڵنیایی، مانای وایە یەقینی بۆ پەیدا بووە، چونکە تێگەیشتنەکەی لەوێ دەوەستێ و، بڕیارەکەشی چەسپاو دەبێ لە بارەیەوە.

(وَتَصْرِيفِ الرِّيَاحِ): واتە: جۆراو جۆر کردنی بایەکان (الصَّرْفُ: رَدُّ الشَّيءِ مِنْ حَالَةٍ إلَى حَالَةٍ، أَو إبْدَالُهُ بغَيْرِهِ، وتَصْريفُ الرِّيَاحِ: هُوَ صَرْفُهَا مِنْ حَالٍ إلَى حَالٍ)، وشەی (صَرْفُ): بریتیە لەوەی شتێک لە حاڵێکەوە بگۆڕدرێ بۆ حاڵێک، یاخود لە حاڵێکەوە بگوازرێتەوە بۆ حاڵێک، یان بە حاڵێکی دیکە بگۆڕدرێ.

(وَيْلٌ): (رَاغِب الأصفهاني)، دەڵێ: (وَيلٌ: قُبْحٌ، ويُسْتَعْمَلُ فِي التَّحَسُّر)، (ويل) یانی: ناشیرینی، دزێویی و، بەکاریش دەهێنرێ بۆ خەفەت خواردن.

بەڵام کە تەماشای قورئان دەکەین (وَيلٌ) وشەیەکە، بەکاردەهێنرێ بۆ سزا، وەک خوا دەفەرموێ: ﴿وَيْلٌ لِّكُلِّ هُمَزَةٍ لُّمَزَةٍ ۝١﴾ الهمزة، هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَوَيْلٌ لِّلْكَافِرِينَ مِنْ عَذَابٍ شَدِيدٍ ۝٢﴾ إبراهيم، کەواتە: (وَيل) بەشێکە لە

سزایەکی سەخت، بەهەرحاڵ (وَيل) لە قورئاندا بەکارهاتوە، بە مانای سزا و، ئازار و، هاوار بۆ فڵانکەس و، وای بۆ ئەو، واتە: چ مەترسییەکی لە پێشدایە!

هەڵبەتە دوایی بە مانای دیکەش بەکارهاتوە، وەک: (ويلَهُ)، یان (وَيلٌ لَكَ)، هەموو کات مەرج نیە بە مانای سزا بێ، یانی: هاوار بۆ تۆ، یاخود خەفەت و داخ بۆ تۆ، بۆیە (راغب) گوتوویەتی: (وَيُستَعمَلُ فِي التَّحَسُّرِ).

(أَفَّاكٍ): (الإفْكُ: كُلُّ مَصْرُوفٍ عَنْ وَجْهِهِ الَّذِي يَحِقُّ أَنْ يَكُونَ عَلَيْهِ، وَاسْتُعْمِلَ فِي الكَذِبِ)، (إفْك): بریتیە لە هەر شتێک لەو ڕووەی لابدرێ کە دەبووایە لەسەری بێ، بەڵام دوایی بەکاریشهێنراوە لە درۆدا، کەواتە: (أَفَّاكٍ)، یانی: (كَذَّاب)، زۆر درۆکەر، بە کوردیی دەڵێن: درۆزن، درۆکەر: کەسێکە یەکجار درۆ بکات، پێی دەڵێن: درۆکەرە، بەڵام درۆزن: ئەوەیە کە عادەتی بە درۆیانەوە گرتبێ، بۆیە پێم وایە وشەی (أَفَّاكٍ): لە بەرانبەرەکەیدا درۆزن دابنرێ پڕ بە پێستیەتی، بە پێی ئەم سیاقە، ئەگەرنا لە ئەصڵدا: ﴿فَأَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ۝٦١﴾ العنكبوت، یانی: (فَأَنَّى يُصْرَفُون)، یان (يُقلبون)، بۆ کوێ لادەدرێن؟ بۆ کوێ ڕوویان پێ وەردەگێردرێ؟.

(يُصِرُّ): سوور دەبێ، سامەرەستوو دەبێ، مکوڕ دەبێ، (الإصْرَارُ: كُلُّ عَزْمٍ شَدَدْتَ عَلَيهِ، والإصْرارُ: التَّعَقُّدُ فِي الذَّنبِ والتَّشَدُّدُ فيهِ، وَالإصْرَارُ مُلازَمَةُ الشَّيءِ، وَعَدَمُ الإنْفِكَاكِ عَنهُ)، زانایان بە چەند تەعبیرێک ویستوویانە مانای (إصْرَار) بکەن، (صِرّ): بە مانای بای سارد دێ، (صَرّ) بە مانای گوشین و گرێدانیش دێ، (صُرَّة): پرێسکەیەکە شتی تێکرابێ و توند بەسترابێ، (إصْرَار): هەر ویستێکە، بە سەختیی گرتبێت، (إصْرَار)یش، بریتیە لەوەی کەسێک دڵی خۆی لەسەر گوناه چەسپاندبێ، هەروەها (إصْرَار): بریتیە لە هاوەڵیی کردنی شتێک و لێی جیا نەبونەوەی، بە کوردیی (إصْرَار) دەبێتە سوور بوون لەسەر شتێک، سامەرەستوو بوون لەسەری، مکووڕ بوون لەسەری.

(هُزُوًا): (الهُـزْءُ: مَـزْحٌ فِي خِفْيَـةٍ)، (هُـزْء): بریتیـە لـە گاڵتـە پێکردنێکـی پەنهـان، (هُـزْء): چـاوگ (مصـدر)ە، بـەڵام بـە مانـای بـەرکار (مَفعـولٌ بـهِ) بەکارهاتـوە، یـانی: (مَهْـزوء)، گاڵتـە پێکـراو.

(مُّهِينٌ): (أي: مُخْـزِي، مُسـتَخِف، مُـذِل)، (مُّهِينٌ): بـە مانـای ڕیسـواکەر، زەبوونکـەر، ملپێکەچکـەر.

(رِّجْزٍ): (أَصْلُ الرِّجْزِ: الإضْطِرَابُ)، وشەی (رِجْز):

أ- لە ئەصڵدا بە مانای جووڵەجووڵ و بە مانای خۆنەگرتنە، لە قورئاندا خوای پەروەردگار وشەی (رِجْز)ی، لە چەند سیاقێکدا بەکارهێناوە، بۆ وێنە:

ب- لە سوورەتی (الأنفال)دا، دەفەرمووێ: ﴿ وَيُذْهِبَ عَنكُمْ رِجْزَ ٱلشَّيْطَٰنِ ﴿١١﴾ ﴾، (رِجْز)ی، شەیتانتان لێ لابەرێ، کە لێرەدا لەوانەیە بە مانای خوتخوتەی شەیتان بێ، کە دەبێتە هۆی جووڵە جووڵی مرۆڤ و، هۆی لە دەستدانی سەقامگیریی و دامەزراویی.

ج- (رِجْز)، بە مانای (رِجس)یش، هاتوە (رِجْز) بە (ز)، (رِجس) بە (س)، هەردووکیان بە مانای (قَذَر)، شتی پیسن، وەک (مُختارُ الصِّحاح)، هێناویەتی.

د- (رِجْز): بە مانای سزا و ئازاریش دێ، بە بەڵگەی ئایەتی (١٣٤) لە سوورەتی (الأعراف): ﴿ لَئِن كَشَفْتَ عَنَّا ٱلرِّجْزَ لَنُؤْمِنَنَّ لَكَ وَلَنُرْسِلَنَّ مَعَكَ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴿١٣٤﴾ ﴾، واتە: ئەگەر تۆ (رِجْز)مان لێ لابەری واتە: سزاو ئازارمان لێ لابەری، بەڵامان لێ لابەری، بە دڵنیایی بڕوات پێ دێنین و بەنوو ئیسرائیلیشت لەگەڵ ڕەوان دەکەین.

لـە سـوورەتی (الزُّخرف)یـش دا، بـە بەڵگـەی ئـەوە دەزانیـن (رِجْـز) بـە مانـای سـزا و ئـازارە، چونکـە هـەر لـە سـوورەتی (الزُّخـرف)، لـە ئایـەتی (٥٠)دا دەفەرمـوێ: ﴿ فَلَمَّا كَشَفْنَا عَنْهُمُ ٱلْعَذَابَ إِذَا هُمْ يَنكُثُونَ ﴿٥٠﴾ ﴾، کـە لـە هـەر هەمـان سیاقداو لـە هەمـان بارەوەیـە: کاتێـک ئازارمـان لـێ لابـردن، ئـەوان ئـەو بەڵێنـەی دابوویـان (کـە بـڕوا بێنـن و بەنـوو ئیسـرائیل تەسـلیمی مووسـا بکەنـەوە)، هەڵیانوەشـاندەوە.

کەواتـە: ﴿لَئِن كَشَفْتَ عَنَّا ٱلرِّجْزَ ﴿١٣٤﴾﴾الأعراف، یانی: (لَئِنْ كَشَفتَ عَنَّا العَذَابَ)، بـە کورتیـی: (رِجْـز):

١- بە مانای سزا و ئازاریش و،

٢- بە مانای پیسییش و،

٣- بە مانای خوتخوتەی شەیتانیش و،

٤- بە مانای جووڵەجووڵێکیش دێت کە هاوسەنگیی مرۆڤ تێکدەدات.

﴿وَيُذْهِبَ عَنكُمْ رِجْزَ ٱلشَّيْطَٰنِ ﴿١١﴾﴾الأنفـال، دەڵـێ: (مَـا يَدْعُـوْا إلَيْـهِ مِـنَ الكُفْـرِ وَالبُهْتَـانِ وَالفَسَـادِ)، ئـەوەی کـە شـەیتان بانگەشـەی بـۆ دەکات لـە بێبڕوایـی و تۆمـەتی نـاڕەواو، تێکـدان، هەروەهـا (رِجْـز) بـە مانای سـەختترین ئـازارو سـزاش دێ: ﴿فَأَنزَلْنَا عَلَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ رِجْزًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ ﴿٥٩﴾﴾البقـرة، واتـە: دامانبەزانـدە سـەر ئەوانـەی ستەمیان کردبـوو (رِجْز)ێـک لەسـەرێوە، واتـە: ئازارێکـی زۆر سـەخت.

(أَيَّامَ ٱللَّهِ): (أَيَّـام) کـۆی (يَـوْم)ە، (يَـوْم)، ڕۆژ، (أيَّـام اللـه) واتـە: ڕۆژەکانی خـوا، (الأَوْقَـاتُ الَّتِـي حَصَلَـتْ فِيْهَـا نَـصْرُ اللـه، أو فَضْلُـهُ، أو أيَّـامُ جَزَائِـهِ فِي الآخِـرَةِ، أو وَقْـتُ عِقَابِهِـم)، ﴿لَا يَرْجُونَ أَيَّامَ ٱللَّهِ﴾، واتـە: بـە ئومێدی دیـداری ڕۆژەکانی خوانین، ڕۆژەکانی خـواش ئـەو ڕۆژانـەن کـە سەرخسـتنی خوایـان تێـدا هاتۆتـە دی، یـان بەخشـشی خوایـان تێـدا هاتۆتـە دی، لـە دنیـادا، یاخـود: ئـەو کات و ڕۆژانـەی خـوا ﷻ سـزا و پاداشـتی خۆیـان تێـدا بەرجەسـتە دەکات، پاداشـت بـۆ دۆسـتەکانی و، سـزا و تۆڵـە بـۆ نەیـارەکان و ناحـەزانی خـۆی و، پێغەمبـەرەکانی (عَلَيْهِـمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام)و پەیـام و بەرنامـەکانی.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خـوا ﷻ لـەم پـازدە (١٥) ئایەتـەدا، وەک لـە پێناسـەی ئـەم دەرسـەدا گوتمـان، پانتاییەکـی زۆری تەرخانکـردوە، بـۆ خسـتنە ڕووی بەڵگـەو نیشـانەکانی بەدیهێنەرایەتیـی و پەروەردگارێتیـی و، خاوەندارێتیـی خـۆی، تێکهەڵکێـش لەگـەڵ هەڵوێسـتی نەرێنییانـەو کەللەڕەقانـەی بێبڕوایـان لـە بەرانبـەر ئایەتـەکانی خـوا، واتـە: ئایەتـە خوێنراوەکانییـدا، کـە دیـارە ئـەو دیاردەو دیمەنانـەش کـە لـەو ئایەتـە خوێنراوانـەدا دەیانخاتـە ڕوو، ئەوانیـش دیسـان لـە نیشـانەکان (آیـات)ی خـوان و نیشـانە نەبینراوەکاننـی :

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ ﴾، مـادام خـوا ﷻ سـەدو چـواردە (١١٤) جاران لـە قورئـان دا فەرموویەتـی: ﴿ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ ﴾، ئـەوە دەهێنـێ کـە مانایەکەشـی دووبـارە بکرێتـەوە، ئنجـا لـە کاتێـک دا مـرۆڤ دەڵـێ: بـە نـاوی خـوای بـە بەزەیـی بەخشـندە، دەبـێ بەلایەنـی کەمـەوە، چـوار واتایـان لـە عەقـڵ و دڵـی خۆیـدا ئامـادە بـکات:

١- بۆ کردنی ئەو کارە بە ناوی خوا دەست پێ دەکەم، نەک بە ناوی خۆم، یان هەر شتێکی دیکە.

٢- ئەو کارە بۆ ڕازییکردنی خوا ئەنجام دەدەم.

٣- ئەو کارە بە پێی بەرنامەی خوا ئەنجام دەدەم.

٤- ئەو کارە بە یارمەتیی و هاوکاریی خوا ئەنجام دەدەم، نەک بە شان و شەوکەتی خۆم.

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ حمٓ ﴾، ئەمانـە دوو پیـتن، پیتـی (حـا)، و پیتـی (میـم)، کـە پێیـان دەگوتـرێ: پیتـە پچـڕ پچـڕەکان (**الحـروف المُقَطَّعَـة**)، چونکـە بەسـەر یەکـەوە

ناخوێنرێنەوە، کە بگوترێ: (**حام**)، دەبێ بە جیا جیا بخوێنرێنەوەو، پێشتر باسمان کردوە کە لە سەرەتای تەفسیری سوورەتی (**یونس**)دا، باسێکی تێرو تەسەلمان لەو بارەوە کردوە، ئەو پیتانەش کە کۆی هەموویان چوارده (١٤) پیتن لە سەرەتای (٢٩)، سوورەت لە سوورەتەکانی قورئاندا هاتوون، باشترین واتایەک کە لێیان وەردەگیرێ، ئەوەیە کە خوا ﷻ بە بەندەکانی دەفەرموێ: ئەم فەرمایشتەی لەبەر دەستتانەو دەیخوێننەوەو گوێبیستی دەبن و تێیەوە ڕادەمێنن، هەر لەو پیت و دەنگانە پێکهاتوە کە ئێوە قسەیان پێدەکەن، کەواتە: ئەو پیت و دەنگانە وەک کەرەستەیەکی خاو لەبەر دەست ئێوەشدا هەن، بەڵام ئەو کەرەستە خاوە و ئەو پیت و دەنگانە، خوای بەدیهێنەر، ئەم فەرمایشتەی لێ پێکهێناون، بەڵام ئێوە قسەی ئاساییان لێ پێک دێنن، هەر بەوەڕا بزانن کە ئەم فەرمایشتە هی خوایە ﷻ ، کە فەرمایشتێکی پێکهێناوە لەو پیت و دەنگانەی لەبەر دەستی ئێوەشدا هەن، کە ئێوە نەک هەر ناتوانن وێنەی ئەو فەرمایشتەی بێنن کە هەموو قورئانە، بەڵکو وێنەی دە (١٠) سوورەتی، بگرە وێنەی سوورەتێکی سێ ئایەتییش بێنن، وەک: (**العصر**) و (**الكوثر**) و (**النّصر**).

کەواتە: بزانن کە بێژەری ئەم فەرمایشتە خوایە ﷻ، وەک چۆن خوا ﷻ لە گەردیلەکان و لە گەردەکان، لە ماددەی بێ ژیان، ژیاندار دروست دەکات، کە تاکو ئێستا مرۆڤ لە بەرانبەر دیاردەی ژیاندا سەراسیمەو دەستەوسانە، تەنانەت ژیانی ژیاندارێکی زۆر سادەی وەک (ئەمیبا)ش، وەک چۆن مرۆڤ کەل و پەلی دیکە دروست دەکات، کە ژیانیان تێدانیە، بە هەمان شێوە خواش ﷻ ئەم فەرمایشتەی خۆی ڕەخساندوەو پێکهێناوە لەو پیت و دەنگانە، کە ڕووحێکە بە بەر ژیانی مرۆڤدا دەکرێ و، ڕووناکیی و بەرەکەت و پێزێکەو، تەنیا فەرمایشتی خوا ﷻ ئەو تایبەتمەندییانەی هەن.

﴿ تَنزِيلُ ٱلْكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَكِيمِ ﴾، لە ڕووی ڕێزمانی عەرەبییەوە، یانی: (**هَـذَا تَنْزِيلُ الكِتَابِ**)، ئەمە دابەزاندنی کتێبە، یاخود (**تَنْزِيلُ الكتابِ**)، دەبێتە نیهاد

(مُبْتَدَأ) و ﴿ مِنَ ٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَكِيمِ ﴾یش، دەبێتە دەبێتە گوزارە (خَبر)، دابەزاندنی کتێب لە لایەن خوای باڵا دەستی کاربەجێ وەیە، یاخود: خوای زاڵی کارزانەوەیە، کەواتە: بزانن! سەرچاوەی ئەو کتێبە خوایەکە ﷻ، خاوەنی هەموو عیززەتێک و باڵا دەستیی و، دەسترۆیشتوویێکەو، خاوەنی هەموو لێزانیی و، کارزانیی و کاربەجێییەکە، بۆیەش ئەو سیفەتانەی خوا لەو کتێبەی دا بەرجەستە بوون، ئنجا دوای ئەم ئاماژە کورتە بە قورئان، خوا دێتە سەر باسی خستنەڕووی بەڵگەکانی بەدیهێنەرایەتیی و پەروەردگارێتیی خۆی:

﴿ إِنَّ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ لَءَايَٰتٍ لِّلْمُؤْمِنِينَ ﴾، بە دڵنیایی لە ئاسمانەکان و زەویدا نیشانە هەن بۆ بڕواداران، واتە: نیشانە هەن کە پەروەردگار و خاوەن و بەدیهێنەری خۆیانیان پێ بناسن، چونکە خوای پەروەردگار چۆن پەی پێببەین؟ بێگومان لە ڕێی نیشانەکانیەوە، نیشانەکانیشی: یان لە کتێبە خوێندراوەکەیدان، کە قورئانە، یان لە کتێبە بینراوەکەیدان، کە گەردوونە.

﴿ وَفِى خَلْقِكُمْ وَمَا يَبُثُّ مِن دَآبَّةٍ ءَايَٰتٌ لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ ﴾، پێشتر فەرمووی: لە ئاسمانەکان و زەویدا نیشانەی زۆر هەن بۆ بڕواداران، ئنجا دەفەرموێ: لە دروستکرانی خۆتاندا و لەوەدا کە خوا بڵاوی کردۆتەوە لە ژیانداران لە زەویدا، نیشانە هەن بۆ کۆمەڵێک کە دڵنیابن، واتە: دڵنیاییان هەبێت و لە بڕوایەکەیاندا گەیشتبنە قەناعەت و دڵنیایی تەواو.

ئنجا دەفەرموێ: ﴿ وَٱخْتِلَٰفِ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ وَمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مِن رِّزْقٍ ﴾، هەروەها جیاوازیی و جێگۆڕکەی شەوو ڕۆژان و، ئەوەی خوا دایبەزاندوە لە سەرێوە لە بژیو، ئەو بژیوەی خوا دایبەزاندوە، هەرچەندە زۆربەی زانایان هەر بە مانای بارانیان لێکداوەتەوە، بەڵام هەمیشە کە خوا دەفەرموێ: ئاو (مَاءً)، یان لێرەدا دەفەرموێ: بژیو (رِزق)، لەبەر ئەوەیە کە وشەی: (مَاء)، باران و بەفر و تەرزەو ئاونگ و هەڵمی ئاو، هەمووی دەگرێتەوە، (رِزق)یش تەنیا ئاو ناگرێتەوە، بەڵکو

تیشکی خۆریش و جۆرە تیشکەکانی دیکەش کە لە کەهکەشان و ئەستێرەکانی دیکەوە دێن و، سەرجەم ئەو شەپۆلانەش کە لێیانەوە دێن، هەموویان دەبنە هۆی بژێو بۆ مرۆڤ، بەڵام (رزق) بە پلەی یەکەم ئەو ئاوە دەگرێتەوە کە لە سەرێوە دادەبەزێ، کە دەفەرموێ: ﴿فَأَحۡيَا بِهِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَا﴾، زەوی پێ زیندوو کردۆتەوە، دوای مردنەکەی، کە هەڵبەتە زەوی وەک چۆن بە ئاو زیندوو دەبێتەوە، بە تیشکی خۆریش، زیندوو دەبێتەوەو، ئەگەر تیشک نەبێ لە دەریا بدات، هەڵمی ئاویش پەیدا نابێ و، باران و بەفرو تەرزەش پەیدانابن، هەروەها تیشك بۆ گەشەکردنی ڕووەك بەهۆی تیشکە پێکهاتن (التمثیل الضوئي)یەوەش هەر پێویستە.

﴿وَتَصۡرِيفِ ٱلرِّيَٰحِ﴾، هەروەها جۆراو جۆرکردنی بایەکان، جۆراوجۆرکردنیش بەس لە ڕووی ئەو شوێنەوە نیە کە لێی هەڵدەکەن، ئایا ڕەشەبایە، شەماڵە، لەسەرێوەیە، لە خوارێوەیە، لە باکوورە، لە باشوورا؟ هەر ئەوەندە، نا، بەڵکو جۆراو جۆر کردنی بایەکان لە ڕووی چۆنییەتییانەوە، پاشان لە ڕووی ئەندازەیانەوە، بەهێزن، یان نەرم و سووکن؟ ئەوانە هەموویان ﴿ءَايَٰتٞ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ﴾، نیشانەن بۆ کۆمەڵێک بفامن.

دوایی لە مەسەلە گرنگەکاندا باس دەکەین: بۆچی پێشێ دەفەرموێ: ﴿لِّلۡمُؤۡمِنِينَ﴾، دوایی دەفەرموێ: ﴿لِّقَوۡمٖ يُوقِنُونَ﴾، دوایی دەفەموێ: ﴿لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ﴾، جیاوازیی ئەو سێ حاڵەتانە چییە؟

﴿تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱللَّهِ نَتۡلُوهَا عَلَيۡكَ بِٱلۡحَقِّ﴾، ئەوانە ئایەتەکانی خوان بە هەق بەسەر تۆیاندا دەخوێنینەوە، وشەی (حق): بە پێی ئەو سیاقە کە تێیدا دێ، مانایەکەی دەگۆڕێ، جاری وایە بە مانای ڕاستە، جاری وایە بە مانای دادگەرییە، جاری وایە بە مانای حیکمەتە، جاری وایە بە مانای شتی چەسپاوە، کە ئەصڵی مانای هەقە، ﴿فَبِأَيِّ حَدِيثِۭ بَعۡدَ ٱللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ يُؤۡمِنُونَ﴾، بە چ قسەیەک لە دوای خوا و، ئایەتەکانی بڕوا دێنن؟

واتە: ئەگەر بڕوا بە ئایەتەکانی خوا نەهێنن، بە چ قسەیەکی دیکە بڕوا دێنن؟ ئەگەر بڕوا بە خوا نەهێنن ﷻ وەک خاوەن و بەدیهێنەری ئەم کەون و کائیناتە، ئەدی کێ بە خاوەنی کەون و کائینات دادەنێن؟!

﴿ وَيْلٌ لِّكُلِّ أَفَّاكٍ أَثِيمٍ ﴾، سزای سەخت بۆ هەر درۆزنێکی، زۆر گوناهبارو تاوانبار.

دوایی پێناسەی دەکات ئەو کەسە کێیە؟

﴿ يَسْمَعُ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ تُتْلَىٰ عَلَيْهِ ﴾، گوێبیستی ئایەتەکانی خوا دەبێ، بەسەریدا دەخوێنرێنەوە، کە دەفەرموێ: ﴿ تُتْلَىٰ عَلَيْهِ ﴾، کەواتە: ﴿ ءَايَٰتِ ﴾، مەبەست پێی ئایەتە خوێنراوەکانن، ڕستەکانی قورئانن، ئایەتەکانی خوا گوێبیست دەبێ، بەسەریدا دەخوێنرێنەوە، ﴿ ثُمَّ يُصِرُّ مُسْتَكْبِرًا ﴾، دواییش سوور دەبێ، واتە: لەسەر بڕوا نەهێنان، لەسەر بێبڕوایی، ﴿ كَأَن لَّمْ يَسْمَعْهَا ﴾، وەک هەر نەیبیستبێ، ﴿ فَبَشِّرْهُ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴾، ئنجا موژدەی پێ بدە، بە ئازارێکی بە ئێش.

بێگومان موژدە بۆ شتی خۆش و چاکە، بەڵام ئەمە بە توانج و تەوسەوەیە، یاخود: ئەگەر هەواڵێکی دڵخۆشکەر و موژدەیەک بۆ ئەوان هەبێ، هەر سزاو ئازاری بە ئێشە.

﴿ وَإِذَا عَلِمَ مِنْ ءَايَٰتِنَا شَيْـًٔا ٱتَّخَذَهَا هُزُوًا ﴾، ئەگەر شتێک لە ئایەتەکانی ئێمەشی زانی، بە گاڵتەجاری دەگرێ، واتە: شتێک لە ئایەتەکانی لەبەر کرد، هەندێ کەس هەندێ ئایەتی قورئان لەبەر دەکات، یان فەرمایشتێکی پێغەمبەر، یان قسەی کەسێک، دوایی لاسایی دەکاتەوەو بە شێوەیەکی دیکە دەیڵێ، وەک گاڵتەپێکردن، بۆیە دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا عَلِمَ مِنْ ءَايَٰتِنَا شَيْـًٔا ﴾، ئەگەرنا گاڵتە بە کۆی ئایەتەکان دەکات، بەڵام لێرەدا مەبەست گاڵتە پێکردنێکی تایبەتە، ﴿ أُولَٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴾، مادام ئەوانە گاڵتە بە ئایەتەکانی خوا دەکەن و بە کەم تەماشایان دەکەن، سزایەکی ڕیسواکەرو زەبوونکەریان هەیە، چونکە هەمیشە سزا بە پێی کردەوەیە.

﴿ مِّن وَرَآئِهِمْ جَهَنَّمُ ﴾، لە پشتیانەوە دۆزەخ هەیە، لەبەرئەوەی نادیدەیان گرتوە، بۆیە دەفەرموێ: لە پشتیانەوە، ئەگەرنا ئەوەی بۆ تۆ دێ و تۆ بەرەو رووی دەچی، لە پێشتەوەیە ﴿ مِّن وَرَآئِهِمْ ﴾، واتە: نادیدەیان گرتوە، یاخود: ﴿ مِّن وَرَآئِهِمْ ﴾، واتە: شتێکی زۆر ترسناکە، مەترسیی کە لە پشتتەوە بۆت بێ، زیاتر جێی ترسە، دۆزەخ لە پشتیانەوەیە، ﴿ وَلَا يُغْنِي عَنْهُم مَّا كَسَبُوا شَيْئًا وَلَا مَا اتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ أَوْلِيَاءَ ﴾، هەرچی وەدەستیان هێناوە سوودیان پێ ناگەیەنێ، هەروەها ئەوانەی لە جیاتی خوا کردوویانن بە دۆست و سەرپەرشتیار، سوودیان پێناگەیەنن (پەرستراوەکانیان)، ﴿ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾، ئەوانە ئازارێکی مەزنیان بۆ هەیە.

﴿ هَٰذَا هُدًى ﴾، ئەمە رێنماییە، ﴿ وَالَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ لَهُمْ عَذَابٌ مِّن رِّجْزٍ أَلِيمٌ ﴾، ئەوانەش کە بێبڕوان بە ئایەتەکانی پەروەردگاریان، ئازاریان بۆ هەیە لە سەختترین سزای بە ئێش.

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین: لێرەدا خوا ﷻ سزای ئەوانەی زۆر بە سەختیی باسکردوە:

﴿ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴾، ﴿ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴾، ﴿ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾، ﴿ عَذَابٌ مِّن رِّجْزٍ أَلِيمٌ ﴾، کە دوایی باس دەکەین، بۆچی خوا ئەو هەموو وەسفانەی داناون، بۆ سزا دانی ئەوانە؟!

دووبارە خوا ﷻ دەگەڕێتەوە سەر پێشاندانی بەڵگە و نیشانەکانی پەروەردگارێتیی و بەدیهێنەرایەتیی خۆی: ﴿ اللَّهُ الَّذِي سَخَّرَ لَكُمُ الْبَحْرَ لِتَجْرِيَ الْفُلْكُ فِيهِ بِأَمْرِهِ ﴾، خوا ئەو کەسەیە دەریای بۆ دەستەمۆ کردوون، کەشتییەکان پێیدا دەڕۆن بە مۆڵەتی خوا واتە: بە پێی ئەو سیستەمەی خوا دایناوە، ﴿ وَلِتَبْتَغُوا مِن فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴾، تاکو لە بەخششی خوا داوا بکەن (بە هۆی کەشتییەکانەوە بار و سوار دەکەن) و بەڵکو سوپاسگوزاریی بکەن (لە ئەنجامی ئەوەدا).

﴿ وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا مِّنْهُ ﴾، (خوا) هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، تێکڕای لە لایەن خۆیەوە بۆ ئێوە دەستەمۆ و ڕام کردوە، ﴿ إِنَّ فِي

﴿ ذَٰلِكَ لَآيَٰتٍ لِّقَوۡمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴾، بە دڵنیایی لەوەدا نیشانەی زۆر هەن بۆ کۆمەڵێک رادەمێنن و بیر بکەنەوە.

لە کۆتاییدا دەفەرمووێ: ﴿ قُل لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ يَغۡفِرُواْ لِلَّذِينَ لَا يَرۡجُونَ أَيَّامَ ٱللَّهِ ﴾، بەوانە بڵێ: کە بڕوایان هێناوە، لێبووورن لەوانەی بە ئومێدی ڕۆژەکانی خوا نین، یانی: بە ئومێدی دیداری خوا نین، یا چاوپۆشییان لێ بکەن، لە وردە هەڵەو پەڵە، لێیان ببوورن، ﴿ لِيَجۡزِيَ قَوۡمَۢا بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ﴾، تاکو کۆمەڵێک بەوەی وەدەستی دێنن، سزایان بداتەوە، واتە: سزایەکەی ئەوان هەڵدەگیرێ بۆ ڕۆژی دوایی و، با ئەوان بیر لە سزادانیان نەکەنەوە.

﴿ مَنۡ عَمِلَ صَٰلِحٗا فَلِنَفۡسِهِۦ ﴾ هەر کەسێک چاکە بکات، سوودەکەی بۆ خۆیەتی، ﴿ وَمَنۡ أَسَآءَ فَعَلَيۡهَا ﴾، هەر کەسێک خراپەش بکات، زیانەکەی بۆ خۆیەتی، ﴿ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُمۡ تُرۡجَعُونَ ﴾، دوایی بۆ لای پەروەردگارتان دەگێڕدرێنەوە، هەروەها خوێنراویشەتەوە: (تَرجِعون) دەگەڕێنەوە.

کەواتە: پاداشتی چاکان و سزای خراپان، لەوێ هەیە، دنیا مەکەنە شوێنی تەصفیەی حیساب و تۆڵە لە یەکدی ستاندنەوە، پێکەوە مودارا بکەن و یەکدی تەحەممول بکەن، بە تایبەتی ئەهلی ئیمان، لەگەڵ نەیارانیاندا دەبێ بەو شێوەیە مامەڵە بکەن.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

قورئـان کتێبێکـە لـە لایـەن خوای زاڵـی کارزانـەوە دابەزێـنراوەو، لە ئاسـمانەکان و زەویـی و، دروسـتکرانی مرۆڤـان و بڵاوکردنـەوەی ژیانـداران لـە زەوی داو، جێگۆڕکێـی شـەوو ڕۆژان و، بژێـوی دابەزێـنراو لـە ئاسـمانەوەو، گۆڕینـی بایەکانـدا، بەڵگـە و نیشـانەی زۆر هـەن، لەسـەر بەدیهێنەرایەتیـی و پەروەردگارێتیـی خـوا، بۆ بـڕواداران و دڵنیایـان و عاقڵمەنـدان:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ حمٓ ۝١ تَنزِيلُ ٱلْكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَكِيمِ ۝٢ إِنَّ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ لَءَايَٰتٍ لِّلْمُؤْمِنِينَ ۝٣ وَفِى خَلْقِكُمْ وَمَا يَبُثُّ مِن دَآبَّةٍ ءَايَٰتٌ لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ ۝٤ وَٱخْتِلَٰفِ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ وَمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مِن رِّزْقٍ فَأَحْيَا بِهِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَتَصْرِيفِ ٱلرِّيَٰحِ ءَايَٰتٌ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ ۝٥ تِلْكَ ءَايَٰتُ ٱللَّهِ نَتْلُوهَا عَلَيْكَ بِٱلْحَقِّ فَبِأَىِّ حَدِيثٍۭ بَعْدَ ٱللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ يُؤْمِنُونَ ۝٦ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دوازدە بڕگەدا:

١)- ﴿ حمٓ ﴾، زۆرجار دووبارەمان کردۆتەوە، ئەمانە دوو پیتن، لەو پیتانەی خوا ﷻ قورئانی لێ پێکهێناون و، ئێمە ڕۆژانە بەکاریان دێنین لە قسەکردن و نووسینمان دا، ئەو پیتانە کە لە سەرەتای بیست و نۆ (٢٩) لە سوورەتەکاندا هاتوون، ئاماژەیان تێدایە کە ئەو قورئانەش هەر لەو پیت و دەنگانە پێکهاتوە کە ئێوە بەکاریان دێنن، بەڵام خوا ﷻ قورئانێکی لێ پێکهێناون کە لەبەر دەستتانەو ئێوە لە بەرانبەریدا دەستەوسانن، نەک لە بەرانبەر هەمووی، بەڵکو لە بەرانبەر دە (١٠) سوورەتی و، بگرە لە بەرانبەر سوورەتێکیشیدا، کەواتە: بزانن بێژەرەکەی ئەو، کەسەی ئەو فەرمایشتەی فەرمووە، خوای بەدیهێنەری پەروەردگاری گەون و کائیناتە.

٢)- ﴿تَنزِيلُ ٱلْكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَكِيمِ﴾، دابەزێنرانی کتێبەکە لە لایەن خوای زاڵی کارزانەوەیە، وشەی (الكِتاب): کە (أل)ی، ناساندنی لەسەرە، ناساندنەکە بۆ (عَهد)ە، واتە: دابەزاندنی کتێبەکە، ئەو کتێبە کە زانراوەو ناسراوە کە قورئانە، لە کوێوەیە؟ ﴿مِنَ ٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَكِيمِ﴾، لەلایەن خوای زاڵی کارزانەوەیە، ئەمە لە ڕووی ڕێزمانی عەرەبییەوە پێی دەگوترێ: ڕستەیەکی دەستپێکردن (جُمْلَة إبْتِدَائِيَّة)، کە لە نیهادو گوزارە (مُبتَدأ وَخَبر)، پێکهاتوە: دابەزاندنی کتێبەکە (کە قورئانە) لە لایەن خوای زاڵی کارزانەوەیە، بۆ ئەوەی هەر لە سەرەتاوە تۆ بزانی، کە ئەم سوورەتە دەخوێنی، یان هەر سوورەتێک دەخوێنی، کە بەشێکە لە قورئان، بزانی سەرچاوەکەی کێیەو لە کوێوە هاتوە؟ لە لایەن خواوە هاتوە، خواش ﷻ خاوەنی هەموو سفەتێکی بەرزو پەسندە، بەڵام لێرەدا ئەو دوو سیفەتەی زیاتر بەرجەستە کراون، کە بریتین لە عیززەت و حیکمەت، چونکە دوایی باسی سزادان و هەڵوێستی نەرێنییانەی بێبڕوایان کراوە، کە خوا بە عیززەتی خۆی لەگەڵیاندا ڕووبەڕوو دەبێتەوە، هەروەها باسی بڕواداران کراوەو مامەڵەیان لەگەڵ نەیارانیاندا، کە دەبێ حیکمەت بەکاربێنن و، خوای پەروەردگاریش بە حیکمەتی خۆی تەگبیری حاڵی مسوڵمانان دەکاو، پشتیان دەگرێ و، هاوکاریان دەبێ، هەروەک خوا بە عیززەت و حیکمەتی خۆی واتە: زاڵیی و کارزانیی خۆی، لەگەڵ پێغەمبەری خۆیدا دەبێ ﷺ، پەیامەکەی خۆی کە بە پێغەمبەردا ناردوویەتی ﷺ، مشووری لێ دەخوات ئەو پەیامە بچەسپێ و بڵاوبێتەوەو ئامانجەکانی خۆی بپێکێ.

لێرەدا خوا کە دەفەرموێ: ﴿تَنزِيلُ ٱلْكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَكِيمِ﴾، ئەم تەعبیرە یانی: ئەوە کە قورئان دابەزێنراوە، هیچ جێی مشتومڕ نیە، بەڵام لە لایەن کێوە دابەزێنراوە؟ لە لایەن خوای باڵادەستی کاربەجێ وە.

٣)- ﴿إِنَّ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ لَءَايَٰتٍ لِّلْمُؤْمِنِينَ﴾، دوای ئەو ئاماژە کورتە بە قورئان و، بە سەرچاوەی لێوە هاتنی قورئان، یەکسەر خوا ﷻ دێتە سەر باسی نیشانە و بەڵگەکانی بەدیهێنەرایەتیی و پەروەردگارێتیی و خاوەندارێتیی خۆی لە گەردووندا، دەفەرموێ: بە دڵنیایی لە ئاسمانەکان و، لە زەویدا نیشانە هەن بۆ بڕواداران، لێرەدا ئاسمانەکان

و زەوی کراون بە زەرِفێک، بۆ ئەو بەڵگەو نیشانانەی دەمانگەیەنن بە ناسینی خواو، دەمانگەیەنن بە دانپێداهێنان بە بەدیهێنەرایەتیی و پەروەردگارێتیی و خاوەندارێتیی خوادا ﷻ، ئێمە کاتی خۆی لە تەفسیری سوورەتی (**یونس**)دا، هەم باسی گەردوونمان کردوە بە گشتیی، هەم باسی خۆرمان کردوە، هەم باسی زەوی و، باسی مانگمان کردوە، هەروەها لە تەفسیری سوورەتی (**فصلت**)دا، باسی دروستکرانی گەردوونمان کردوە لە کورتە باسێکدا، کە کاتێک مرۆڤ تەماشای ئەم گەردوونە دەکات، بە کەهکەشانەکان و بە گەلە کەهکەشانەکانەوە، پاشان بە پێکهاتەی کەهکەشانەکانەوە، لە ئەستێرەکان و خرِۆکەکان، بە تایبەتی خۆری خۆمان و کۆمەڵەکەی، ئەو نۆ خرِۆکەیەی بە دەوریدا دەخولێنەوە، تەماشای ئەندازەکانیان دەکات، تەماشای مەسافەکانیان دەکات، تەماشای وردەکارییەکان دەکات، ئەگەر چ بڕ عەقڵ و ویژدان بەکاربێنێ، دەزانێ کە ئەم گەردوونە، ئەم کەون و کائیناتە، ئەم دروستکراوانەی خوا، بە سەرو خواریانەوە، خاوەنێکیان هەیە، بۆیە خوا دەفەرموێ: لە ئاسمانەکان و زەویدا نیشانە هەن بۆ بڕواداران، واتە: ئەوانەی لە بڕواهێنان بگەرێن، ئەم گەردوونە، ئەم ئاسمانەکان و زەوییە، پڕن لە نیشانەو بەڵگە بۆ بڕوا هێنان.

٤)- ﴿ وَفِي خَلْقِكُمْ وَمَا يَبُثُّ مِن دَابَّةٍ ءَايَٰتٌ لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ ﴾، هەروەها لە دروستکرانی خۆتان و لەوەدا کە بڵاوی کردۆتەوە لە ژیانداران، نیشانە هەن بۆ کۆمەڵێک دڵنیابن، (**اليَقِيْنُ ضِدُّ الظن**)، دڵنیایی (**يَقِيْن**): دژی گومان (**ظَنّ**)ە، بە بەڵگەی ئەوە کە هەر لەم سوورەتی (**الجاثية**)دا هاتوە، دەڵێ: ﴿ إِن نَّظُنُّ إِلَّا ظَنًّا وَمَا نَحْنُ بِمُسْتَيْقِنِينَ ﴿٣٢﴾ ﴾، بەس گومانمان دەبردو، ئێمە لە دڵنیایان نەبووین، کەواتە: گومان ئەوەیە، ئەگەر (**إحتمال**) دابنێی بۆ بوون و نەبوونی شتێک، ئنجا یان بوونەکەی زاڵبکەی، یان نەبوونەکەی، بەڵام دڵنیایی (**يَقِيْن**)ت نەبێ، لە بوونی یان نەبوونیدا، لێرەدا خوا ﷻ باسی گەردوون دەکات، دەفەرموێ: لە گەردووندا چەندان نیشانە هەن بۆ بڕواداران.

بەڵام دوایی کە دێتە سەر دروستکرانی خۆمان و ژیاندارانی دیکە، دڵنیایی (یقین) دەکاتە بەرهەمی تێوەرامانیان: ﴿ وَفِي خَلْقِكُمْ ﴾، لە دروستکرانی خۆتاندا،

واتــە: پەیداکرانتــان و، ڕێــک و پێــک خســتنتان و، وەچــە لێکەوتنەوەتــان و، زۆر بوونتــان و بڵاوبوونەوەتــان بــە زەویــدا.

﴿ وَمَا يَبُثُّ مِن دَآبَّةٍ ﴾، هەروەهــا لــە ژیانــدارو پێرۆیانــەی خــوا بــڵاوی کردوونــەوە بــە زەویــدا، ئەوانــەش هەموویــان: ﴿ ءَايَٰتٌ ﴾، خوێنراویشــتەوە: (آيـاتٍ) بــە هــەردوو شـێوە خوێنراوەتــەوە، ﴿ لِّقَوۡمٍ يُوقِنُونَ ﴾، بـۆ کۆمەڵێـک کـە زانیارییەکـی جێـی دڵنیاییـان هەبێــت، لەبــەر ئــەوەی ئەگــەر پێشــێ بــە گشــتیی تەماشــای گــەردوون بکــەی، دەتگەیەنــێ بــە ئیــمان، بــەڵام دوایــی ئەگــەر بتــەوێ یەقیــن پەیــدا بکــەی، دەبــێ زیاتــر ڕامێنــی لــە خــۆت و لــە پێکهاتــەکانی گــەردوون، لــە شــتەکان زیاتــر وردبیــەوە: لــە زینــدەوەران، لــە ژیانــداران، ئەگــەر بتــەوێ دڵنیایــی پەیــدا بکــەی لــە بــڕوا هێنانەکەتــدا، واتــە: ئەگــەر تەماشــای گــەردوون بکــەی، دەتگەیەنــێ بــە ئیــمان، بــەڵام بــۆ زیاتــر قوڵبوونــەوەی ئــەو ئیمانــە کــە ببــێ بــە جێــی دڵنیایــی، دەبــێ ســەرنجی وردتــر بــدەی لــە خــۆت و، لــە دەوروبــەرت.

کـە خـوای پـەروەردگار دەفەرمـوێ: ﴿ وَفِى خَلۡقِكُمۡ ﴾، لـە دروسـتکردنی خۆتـان، وەک لــە شــوێنی دیکــە دەفەرمــوێ: ﴿ وَفِىٓ أَنفُسِكُمۡۚ أَفَلَا تُبۡصِرُونَ ﴿٢١﴾ ﴾الذاريـات، هەروەهــا لــە خۆشــتان دا ئایــا نابینــن و ســەرنج نــادەن! یــان دەفەرمــوێ: ﴿ فَلۡيَنظُرِ ٱلۡإِنسَٰنُ مِمَّ خُلِقَ ﴿٥﴾ ﴾الطـارق، بـا مـرۆڤ سـەرنج بـدات لـە چـی دروسـتکراوە!

ئێمــە لــەم تەفســیرەدا، لــە چەنــد شــوێنێک دا لــە بــارەی مــرۆڤ و ژیاندارانــەوە باســمان کــردوە، لــە ســەرەتای تەفســیری ســوورەتی (**المؤمنون**)دا، باسێکمان کــردوە لــە بــارەی دروســتبوونی مرۆڤــەوە، هەروەهــا لــە بــارەی ژیاندارانــەوە لە ســوورەتی (**النحل**) دا، لــە چەنــد شــوێنێکدا باســمان کــردوە، دیســان لــە بــارەی ڕووەک و شــیناوردەوە لــە ســەرەتای تەفســیری ســوورەتی (**الشعراء**)دا، کورتــە باســێکمان کــردوە.

بــە دڵنیایــی بــە ئەنــدازەی ئــەوەی کــە ئینســان ورد دەبێتــەوە لــە شــتەکان، بــە تایبــەتی لــە ژیانــداران و لــە وردەکاریــی و نهێنییەکانیــان تێــدەگات، زیاتــر پــەی بــە

سیفەتە بەرزو بێ وێنەکانی خوا دەبات، دیارە ژیانداران چەندان جۆریان هەن، جگە لە مرۆڤ: ئەوە ئاژەڵانن کە چوار جۆرن: (حوشترو ڕەشەوڵاخ و مەڕو بزن)، هەروەها ئاژەڵانی دیکە هەن، کە من پێم وایە وشەی (أنعام) وێڕای ئەو چوار جۆرە، ئاژەڵانی دیکەش دەگرێتەوە، هەموو ئەوانەی مرۆڤ لێیان بەهرەمەند دەبێ لە گۆشتیان و، بۆ بارو سوار بەکارهێنان و، بەرهەمەکانیان، ئەوجار پەڕەوەرەکان هەن، دیسان ژیانداری دەریایی هەن، ژیانداریی هەوایی هەن، هەروەها زیندەوەران هەن، هەموو ئەوانە ئەگەر ئینسان لێیان وردبێتەوە، پتر دەگاتە زانیاریی جێی دڵنیایی و ئیمانی دامەزراوو نەلەخشاو، بۆیەش پێشینانی خۆمان لە کاتی ڕازو نیازدا گوتوویانە: (ئەی خوای هەشتا هەزار عالەم!)، کە لە ڕاستییدا، عالەمەکان زۆر زۆر لە هەشتا هەزار زیاترن و، بەس خوا خۆی دەزانێ چی هێناوەتە دی لەم زەوییەدا، چ جای لە گەردووندا!!

٥)- ﴿ وَٱخۡتِلَٰفِ ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ ﴾، هەروەها جێگۆڕکەو جیاوازیی شەوو ڕۆژان، شەوو ڕۆژ، هەم جێگۆڕکە دەکەن، شەو دێتە جێی ڕۆژ، ڕۆژ دێتە جێی شەو بەردەوام، هەم جیاوازیشن، شەو تاریکەو ڕۆژ ڕووناکەو، بە دوای یەکدا دێن، ئەو بە دوای یەکدا هاتن و ئەم جیاوازییەیان و، جێگۆڕکەیان، نیشانەی پەروەدگارێتیی خوان.

٦)- ﴿ وَمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مِن رِّزۡقٖ ﴾، هەروەها لەو بژیوەدا کە خوا دایبەزاندوە لە سەرێوە، ئەو بژیوەش زۆربەی زانایان بەس بە بارانیان لێکداوەتەوە، بەڵام وێڕای باران، بەفرو تەزرەش دەگرێتەوەو، هەموو ئەو شتانەی دیکەش دەگرێتەوە، کە لە ئاسمانەوە دێن، وەک: جۆرەکانی تیشک.

٧)- ﴿ فَأَحۡيَا بِهِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَا ﴾، دوایی زەوی پێ زیندوو کردۆتەوە دوای مردنی، واتە: دوای ئەوەی زەوی خاڵیی بۆتەوە لە ڕووەک، بەهۆی تیشک و ئاوی لەسەرێوە دابەزێنراوەوە، ژیاوەتەوە.

٨)- ﴿ وَتَصۡرِيفِ ٱلرِّيَٰحِ ﴾، هەروەها جۆراوجۆر کردنی بایەکان، واتە: لە ڕووی جۆریانەوەو، لە ڕووی ئەو لایەوە کە لێی هەڵدەکەن لە باکوورەوە دێن، یان لە باشوورەوە، یان لە

ڕۆژهەڵاتەوە، یان لە ڕۆژئاواوەو، لە ڕووی جۆرو چۆنیەتیی بایەکەوە، ئایا ئەو بایە گەرم و وشکە وەک ڕەشەباو بای ژوورو، یاخود فێنک و شێدارە، وەک شەماڵ، ئنجا ئەو بایە ئەندازەکەی چەندەو ڕێژەی هێزەکەی چەندە؟ کە ئێستا مرۆڤ چەندان پێوەری دروستکردوون بۆ پێوانی باو، بۆ پێوانی باران، خوا ﷻ جاری وایە ئەندازەیەک لە ڕێژەو ئەندازەی تایبەتیی با زیاد دەکات، دەبێتە هۆی تسۆنامیی و، دەبێتە هۆی ئەوە کە داروبەرد بە یەکدا بدات!!، لە جۆراوجۆر کردنی بایەکان لە هەموو ڕووەکانیانەوەو، لەو شتانەی دیکەشدا:

٩)- ﴿ ءَايَٰتٞ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ ﴾، نیشانە هەن بۆ کۆمەڵێک بفامن، هەروەها خوێنراویشتەوە: (آياتٍ)، ﴿ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ ﴾، بۆ کۆمەڵێک بفامن، یانی: بەس عەقڵی خۆیان بەکاربێنن، ئەوانە هەموویان بۆیان دەبنە نیشانەو بەڵگە لەسەر بەدیهێنەرایەتیی و پەروەردگارێتیی و خاوەندارێتیی خوا ﷻ، چونکە پێشێ مرۆڤ ئیمان دێنێ، لە دوای ئیمان هێنان، دەبێ هەوڵبدات بیگەیەنێتە پلەی یەقین و دڵنیایی، دوای ئەوەش شتێک نامێنێ لە ڕووی ئیمانەوە پێی بگات، مەگەر عەقڵی خۆی زیاتر بەکاربێنێ، تاکو ئەو یەقینەی بەردەوام بێ، یەقینیش بە تەئکید پلە پلەیەو دەبێ هەوڵبدات یەقینەکەی دامەزراوتر بێ، ئەگەرنا لە دوای یەقینەوە، پلەیەک نیە لە ڕووی ئیمانەوە مرۆڤ پێی بگات، بۆیە خوا ﷻ دوای باسکردنی ئەو نیشانانەی دیکە دەفەرموێ: بۆ کۆمەڵێک کە بفامن، واتە: تۆ دەبێ بەردەوام عەقڵ و هۆشی خۆت بەکاربێنی بۆ بەهێز کردنی یەقینەکەت و مانەوەی یەقین و زێدەبوونی.

١٠)- ﴿ تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱللَّهِ نَتۡلُوهَا عَلَيۡكَ بِٱلۡحَقِّ ﴾، ئەوانە ئایەتەکانی خوان کە بە هەق بەسەر تۆیاندا دەخوێنینەوە، واتە: کاتێک بەسەر تۆیاندا دەخوێنینەوە، ئێمە هەق و ڕاستین، کەواتە: (**بِالحَقِّ**)، دەبێتە حاڵ بۆ بکەر (**فَاعِل**)ی، (**نَتْلُوا**)، یانی: (**نَتْلُوهَا عَلَيْك مُحِقِّين**)، کاتێک ئەو ئایەتانەت بەسەردا دەخوێنینەوە، ئێمە لەسەر هەقین و ڕاستین، یاخود (**بِالحَقِّ**) دەبێتە حاڵ بۆ بەرکار (**مفعول به**)ەکەی یانی: (**مُتَلَبِّساً بِالحَقِّ**)، ئەم ئایەتانە کە بەسەر تیاندا دەخوێنینەوە لە خودی خۆیاندا، هەقن، یاخود: (**بِالحَقِّ**)، یانی: (**بِسَبَبِ الحَقِّ**)،

بۆ ئەوەی هەق بچەسپێنین بە هۆی ئەو ئایەتانەوە کە بەسەر تۆیاندا دەخوێنینەوە، کەواتە: (**بِالحَقِّ**) چ کە لێرەدا، چ کە لە هەر شوێنێکی دیکەی قورئاندا هاتوە، سێ مانای هەن:

أ- ئێمە کە ئایەتەکان دەخوێنینەوە هەقین.

ب- ئایەتەکان تێکەڵ و ئاوێتەن لەگەڵ هەقدا.

ج- ئایەتەکان دەخوێنینەوە بۆ ئەوەی هەق بچەسپێنن، هەقیش ئەوەیە کە خوا ﷻ بە ڕاست و چاکی دەزانێ بۆ بەشەر.

١١)- ﴿فَبِأَيِّ حَدِيثٍ بَعْدَ اللَّهِ وَآيَاتِهِ يُؤْمِنُونَ﴾، ئنجا ئایا لە دوای خوا ﷻ و ئایەتەکانی، نیشانەکانی، بە چ قسەیەکی دیکە بڕوا دێنن؟! واتە: ئەگەر بڕوا بە فەرمایشتی خوا نەهێنن! بڕوا بە چ قسەیەکی دیکە دێنن؟ ئەگەر بڕوا بە خوا ﷻ نەهێنن کە خاوەن و پەروەردگارو مشوورخۆری گەردوون (ئاسمانەکان و زەوی)ە، ئەدی بڕوا بە کێ دێنن؟ وشەی (**يُؤْمِنُون**): خوێنراویشەتەوە: (**تُؤْمِنُون**)، ئەو کاتە لە دواندنی نادیارەوە دەیگۆڕێ بۆ دواندنی ڕووبەڕوو (**خِطاب**).

لێرەدا بە چاکی دەزانم ئاماژەیەک بکەم بە قسەیەکی ئیمام (**فخرالدين الرازي**)، هەرکام لە توێژەرەوانی قورئان جار جار قسەیەک کە زۆر تایبەت بێ و کردبیان، ئەگەر بە دڵم بێ دەیهێنم، جاری واش هەیە قسەیەکیان کردوە عەقڵم نایبڕێ و بە پێویستی دەزانم ڕەخنەی لێ بگرم، ئەگەرنا مەرج نیە هەر قسەیەک کە بە دڵم بێ، بیهێنم و، هەر قسەیەکیش کە بە دڵم نەبێ، ڕەخنەی لێ بگرم، بەڵام هەندێک جار ئەوە بە پێویست دەزانم، ئێستا ئەو قسەیەی (**الرازي**)یم پێ جوانە کە لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1] دەڵێ:

(وَاعْلَمْ أَنَّ كَثِيراً مِنَ الفُقَهاءِ يَقُولُونَ: إِنَّهُ لَيْسَ فِي القُرْآنِ العُلُومُ الَّتِي يَبْحَثُ عَنْها المُتَكَلِّمُونَ، بَلْ لَيْسَ فِيهِ إِلّا ما يَتَعَلَّقُ بِالأَحْكامِ والفِقْهِ، وذَلِكَ غَفْلَةٌ عَظِيمَةٌ لِأَنَّهُ لَيْسَ

(١) التفسير الكبير: ج٢٥، ص٢٣٠.

فِي القُرْآنِ سُورَةٌ طَوِيلَةٌ مُنْفَرِدَةٌ بِذِكْرِ الأَحْكَامِ، وفِيهِ سُوَرٌ كَثِيرَةٌ خُصُوصَاً المَكِّيَاتُ لَيْسَ فِيهَا إِلَّا ذِكْرُ دَلائِلِ التَّوْحِيدِ والنُّبُوَّةِ والبَعْثِ والقِيامَةِ، وكُلُّ ذَلِكَ مِن عُلُومِ الأُصُولِيِّينَ).

دەڵێ: بزانە کە زۆرێک لە شەرعزانان گوتوویانە: لە قورئاندا ئەو زانیارییانەی کە زانایانی عیلمی کەلام (واتە: زانایانی کە باسی بووناسیی و، ئیمان و عەقیدە دەکەن، بیرمەندانی ئیسلام)، قسەی لە بارەوە دەکەن، لە قورئاندا باس و خواسیان نیە، بەڵکو ئەوەی لە قورئاندا هەیە تەنیا ئەوەیە کە پەیوەستە بە حوکمە شەرعییەکانەوەو بە فیقهەوە! بەڵام ئەوە بێئاگاییەکی مەزنە، چونکە لە هەموو قورئاندا سوورەتێکی درێژ نیە کە تەنیا حوکمە شەرعییەکانی تێدابن، بەڵام زۆر سوورەتی تێدا هەن بە تایبەتی سوورەتە مەککەییەکان، کە تەنیا باسی بەڵگەکانی یەکتایی خواو، پێغەمبەرایەتیی و، زیندووکرانەوەو قیامەتیان تێدا هەیە، ئەوانەش هەموویان لەو زانیارییانەن کە زانایانی بنچینەکانی دین (زانایانی ئیمان و عەقیدە) قسەیان لە بارەوە دەکەن.

لە ڕاستییدا قورئان زۆر لەوە مەزنترە کە تەنیا کتێبی فیقە بێ، فیقهیش بە مانا باوەکەی، واتە: باسی حوکمە کردەییەکان (**الأحكام العملية**)، بەڵکو قورئان وێڕای باسی حوکمە کردەییەکان و پێش ئەوە، باسی بووناسیی و، ئیمان و عەقیدەو، ڕەوشت و ئاکارەکان و، هەموو ئەو شتانەیە کە مرۆڤ پێویستیی پێیانە، بۆ بەڕێوەبردنێکی تەندروستانەی ژیانی دنیا، لە ڕووی تاکیی و، خێزانیی و، کۆمەڵایەتیی و سیاسییەوە، هەموو ئەوانەی تێیدایە، بەڵام وەک دەگوترێ: (هەر کەسە بە یاری خۆی هەڵا دەڵێ)، یان (هەر کەسە لە هەمبانەی خۆیدا گوێز دەژمێرێ)، شەرعزانان کە زیاتر سەرگەرمی حوکمە فیقهییەکان بوون، هەر ئەوەیان لە قورئاندا بینیوەو، ڕەنگە ئەوانەش کە سەرگەرمی عەقیدەو عیلمی کەلام بوون، زیاتر ئەوەیان تێدا بینیبێ و، زانایانی تەزکیە و تەصەووفیش، ڕەنگە زیاتر ئەو لایەنەیان تێدا بینیبێ، بەڵام لە ڕاستییدا قورئان هەموو ئەوانەیەو زۆر شتی زیاتر لەوانەشە.

مەسەلەی دووەم:

هەڕەشە کردن بە سزای سەخت، لە ناحەزانی پەیامی خواو، ناساندنیان بە: درۆزن و، تاوانبارو، خۆ بە زلگرو، گاڵتەکەر بە ئایەتەکانی خواو، وەسفی سزایەکەشیان بە ئازارگەیەنەرو، ڕیسواکەرو، پیس و، بە ئێش و ژان، یانی: ئەوان چەند سیفەتی خراپیان تێدا هەن، خوای دادگەریش سزایەکەیانی هێندە وەسفەی بۆ داناون:

خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ وَيْلٌ لِّكُلِّ أَفَّاكٍ أَثِيمٍ ﴿٧﴾ يَسْمَعُ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ تُتْلَىٰ عَلَيْهِ ثُمَّ يُصِرُّ مُسْتَكْبِرًا كَأَن لَّمْ يَسْمَعْهَا ۖ فَبَشِّرْهُ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٨﴾ وَإِذَا عَلِمَ مِنْ ءَايَٰتِنَا شَيْـًٔا ٱتَّخَذَهَا هُزُوًا ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴿٩﴾ مِّن وَرَآئِهِمْ جَهَنَّمُ ۖ وَلَا يُغْنِى عَنْهُم مَّا كَسَبُوا۟ شَيْـًٔا وَلَا مَا ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَوْلِيَآءَ ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿١٠﴾ هَٰذَا هُدًى ۖ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمْ لَهُمْ عَذَابٌ مِّن رِّجْزٍ أَلِيمٌ ﴿١١﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چواردە بڕگەدا:

١)- ﴿ وَيْلٌ لِّكُلِّ أَفَّاكٍ أَثِيمٍ ﴾، سزای سەخت بۆ هەر درۆزنێکی زۆر گوناهبار، پێشتریش باسمان کردوە، (**وَيْلٌ: كَلِمَةُ دُعَاءٍ بِالشَّرِّ، وَأَصْلُ الوَيْل الشَّرُّ وحُلُولُهُ**)، (ويل): لە ئەصڵدا بریتیە لە تووک و داواکردنی خراپە، نزا کردن بە خراپە، ئەصڵی (ويْلٌ)، بریتیە لە خراپەو زیان و هاتنی ئەو خراپەو زیانە، بەڵام جاری وایە بە مانای مەجازییشیان بەکارهێناوە، واتە: هاوار بۆ تۆ، وای بۆ تۆ، بەڵام لە ئەصڵدا بە مانای سزای سەختە، وەک لە قورئاندا دەفەرموێ: ﴿ وَوَيْلٌ لِّلْكَٰفِرِينَ مِنْ عَذَابٍ شَدِيدٍ ﴿٢﴾ ﴾إبراهيم، کەواتە: (ويل) بەشێکە لە سزای سەخت، لێرەدا دەفەرموێ: ﴿ وَيْلٌ لِّكُلِّ أَفَّاكٍ أَثِيمٍ ﴾، سزای سەخت بۆ هەر درۆزنێکی زۆر گوناهبار، لە کوردییدا کەسێک درۆ بکات، دەڵێن: درۆکەر، یان درۆی کرد، بەڵام ئەگەر زۆر درۆیان بکات پێی دەڵێن: درۆزن.

بۆیە پێم وایە وشەی (أَفَّاك): لە کوردییدا بەرانبەرەکەی دەبێتە درۆزن، ئەصڵی وشەی (أَفَاك) یانی: (القَوِيُّ الإِفْكِ)، کەسێک (إفك)ەکەی، زۆر بەهێزە، (إِفْك)، لە ئەصڵدا بە مانای هەڵگێڕانەوەیە و بە مانای لادانە، لەبەرئەوەی درۆش بریتیە لە هەڵگێڕانەوەی قسە، یان بریتیە لە بەراوەژوو کردنی شتێک، پێچەوانەی هەق، بۆیە وشەی (إِفْك): بە مانای درۆ بەکاردێ، ئەگەرنا ئەصڵی واتایەکەی ئەوە نیە، بەڵام لێرەدا بە پێی سیاق، واتە: کەسێک کەشت هەڵدەگێڕێتەوەو درۆ دەکات، زۆریش گوناهبارە.

٢)- ﴿ يَسْمَعُ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ تُتْلَىٰ عَلَيْهِ ﴾، گوێبیستی ئایەتەکانی خوا دەبێ بەسەریدا دەخوێنرێنەوە، واتە: ئەوە نیە کە بۆ خۆی بچێت بیانخوێنێتەوە، بەڵکو ئایەتەکان بەسەریدا دەخوێنرێنەوە، کە بە تەئکید مەبەست پێی پێغەمبەری خوایە ﷺ، ئایەتەکانی بەسەردا خوێندوونەوە.

٣)- ﴿ ثُمَّ يُصِرُّ مُسْتَكْبِرًا كَأَن لَّمْ يَسْمَعْهَا ﴾، دوایی خۆبەزلگرانە سوور دەبێ، وەک هەر نەیبیستبێ! سوور دەبێ لەسەر چی؟ لێرەدا ئەوەی لەسەری سوور دەبێ، قرتێنراوە چونکە بە سیاق و سەلیقە دەزانرێ، یانی: (يُصِرُّ على الكُفْر مُسْتَكْبِرًا)، لەسەر کوفرو بێبڕوایی هەر سوور دەبێ بەردەوام دەبێ، لە ڕووی خۆ بەزلگرییەوە، ﴿ كَأَن لَّمْ يَسْمَعْهَا ﴾، وەک ئەو ئایەتانەی هەر نەبیستبێ، (الإِصْرَارُ: مُلازَمَةُ الشَّيْءِ، وعَدَمُ الإنْفِكَاكِ عَنْهُ، وحُذِفَ مُتَعَلِّقُ يُصِرُّ لِدَلالَةِ المَقَامِ عَلَيْهِ، أيْ: يُصِرُّونَ عَلَى كُفْرِهِمْ)، واتە: (إصرار) پەیوەستبوون بە شتێکەوەو لێ جیا نەبوونەوەیەتی، ئەوەی (يُصِرّون)ی پێوە پەیوەستە قرتێنراوە، چونکە حاڵەکە دەیگەیەنێ، یانی: لەسەر بێبڕواییان سوور دەبن.

لە قورئاندا قرتاندن زۆرە، بەهۆی ئەوەوەش ئەو فەرمایشتەی خوا کورت بۆتەوە، هەر شتێک کە بە عەقڵ و سەلیقە بزانرێ، خوای پەروەردگار کتێبی خۆی پێ قەڵەباڵغ نەکردوە، ئێستا لێرە: ﴿ ثُمَّ يُصِرُّ مُسْتَكْبِرًا ﴾، یانی: خۆ بەزلگرانە سوور دەبێ لەسەر بێبڕوایی، ئەوەی ئیسراڕەکەی پێوە پەیوەستە، کە بریتیە لە

کوفر، قرتێنراوە لەبەر ئەوەی بە سیاق و سەلیقە دەزانرێ، بابای زۆر درۆزنی زۆر گوناهکار، کە ئایەتەکانی خوا دەبیستێ بەسەریدا دەخوێنرێنەوە، لەسەر بێبڕوایی سوور دەبێ، لەڕووی خۆ بەزلگرییەوە، ﴿كَأَن لَّمْ يَسْمَعْهَا﴾، وەک هەر نەیبیستبێ، ئەمە ئاماژەیە بەوە کە هەر کەسێک بەڕاستیی گوێ بۆ ئایەتەکانی خوا هەڵبخات، وەریاندەگرێ و بڕوایان پێدێنێ، بۆیە دەفەرموێ: ﴿يَسْمَعُ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ تُتْلَىٰ عَلَيْهِ﴾، گوێبیست دەبێ ئایەتەکانی خوا بەسەریدا دەخوێنرێنەوە، دوایی خۆبەزلگرانە لەسەر کوفر سوور دەبێ، ﴿كَأَن لَّمْ يَسْمَعْهَا﴾، وەک نەیبیستبێ، یانی: هەر کەسێک ئایەتەکان ببیستێ و گوێی دڵیان پێ بدات، بڕوایان پێدێنێ، بەڵام ئەو وەک هەر نەیبیستبێ و لەڕاستییدا بە گوێی دڵ گوێی بۆ هەڵنەخستوون، یاخود هەر پێشێ نیەتی هێناوە وەریان نەگرێ، واتە: قەناعەت هێنانی پێش بیرکردنەوە ڕێی لێگرتوە.

٤)- ﴿فَبَشِّرْهُ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾، ئنجا موژدەی پێبدە، بە ئازارێکی بە ئێش، واتە: ئەگەر شتێک هەبێ بۆ ئەو موژدە بێ و، جێی دڵخۆشیی بێ، هەر ئەوەیە، کە پێی بڵێن: سزاو ئازارێکی بەئێش چاوەڕێت دەکات! ئەگەرنا هیچ دڵخۆشییەکی دیکە بۆ ئەو نیە لەڕۆژی دواییدا.

یاخود لێرەدا مەبەست لە: ﴿فَبَشِّرْهُ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ ئەوەیە کە بە توانجەوەو بە تەوسەوە، ئەو تەعبیرەی بۆ بەکارهێنراوە، وەک یەکێک بە یەکێکی دیکە دەڵێ: موژدەت لێبێ، ئەوە فڵان کەسیشت مرد، یان موژدەت لێبێ فڵان شتەت بەسەرهات، کە بە تەوسەوە پێی دەڵێ، چونکە هەواڵەکە لە خودی لە خۆیدا شتێکی دڵخۆشکەر نیە.

٥)- ﴿وَإِذَا عَلِمَ مِنْ ءَايَٰتِنَا شَيْـًٔا ٱتَّخَذَهَا هُزُوًا﴾، ئەگەر شتێک لە ئایەتەکانی ئێمەش بزانێ، بە گاڵتە پێکراویان دەگرێ، لێرەدا مەبەست لە (عَلِمَ): ﴿وَإِذَا عَلِمَ مِنْ ءَايَٰتِنَا شَيْـًٔا﴾، بریتیە لە گوێبیست بوون و لەبەرکردن، ئەگەرنا ئەو کەسە گاڵتە بە هەموو ئایەتەکانی خوا دەکات، بەڵام ئەگەر شتێک لە ئایەتەکانی خوا بزانێ، واتە: هەندێکیان لێ لەبەر بکات،

بە گاڵتە پێکردنەوە دەیانڵێتەوە، هەندێک کەس لاسایی قسەی کەسێک دەکاتەوە، یان قسەکەی دووبارە دەکاتەوە، بەڵام بە شێوەیەک کە بۆنی گاڵتە پێکردنی لێدێ، دیارە ئەو بێبڕوایانەی ڕۆژگاری پێغەمبەر ﷺ زۆر جۆریان تێدا هەبوون، ئەوانەشیان هەبووە، کە ئایەتێکیان لە پێغەمبەری خوا ﷺ گوێ لێبووە، یان لە یەکێک لە هاوەڵان، ئەوانیش ئەو ئایەتەیان لەبەر کردووەو، دوایی دووبارەیان کردۆتەوە بە گاڵتە پێکردنەوە.

٦)- ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴾، ئەوانە ئازارێکی ڕیسواکەرو زەبوونکەریان بۆ هەیە، چونکە: (الجَزَاءُ مِنْ جِنْسِ العَمَل)، ئەو کەسە گاڵتەی کردوە بە ئایەتەکانی خواو، ئایەتەکانی خوای بە کەم تەماشا کردوون و بەگاڵتەجاڕی گرتوون، خوای کاربەجێش سزایەکی دەدا لە قەدەر خۆی، پڕ بە پێستی خۆی، سزایەک کە زەبوون و ڕیسواو سەرشۆڕی دەکات.

٧)- ﴿ مِّن وَرَآئِهِمْ جَهَنَّمُ ﴾، لە پشتیانەوە دۆزەخ هەیە، وەک پێشتریش گوتمان: ئەو شتەی کە ئینسان بەرەو ڕووی دەچێ، لە پێشیەوەیەتی، بەڵام لێرەدا خوا دەفەرموێ: ﴿ مِّن وَرَآئِهِمْ جَهَنَّمُ ﴾، وەک لە سوورەتی (الكهف)یشدا، دەفەرموێ: ﴿ وَكَانَ وَرَآءَهُم مَّلِكٌ يَأْخُذُ كُلَّ سَفِينَةٍ غَصْبًا ﴿٧٩﴾ ﴾، ئەم تەعبیرە هەندێک لە زانایان گوتوویانە: (وَرَاء)، بە مانای (أَمَام)ە، بەڵام لەڕاستییدا پێویست بەوە ناکات و (وَرَاء)، یانی: پشتەوە (خَلْفَ)و، (أَمَام) یانی: (قُدَّام) پێشەوە، بەڵام ئەم تەعبیرە وەک یەکێک لە توێژەرەوانی قورئان دەڵێ: (تَمْثِيلٌ لِلإقْتَرَابِ وَالغَفْلَة)، وێنە هێنانەوەیە بۆ نیزیکیی ئەو شتەو بۆ بێئاگایی، واتە: ئەو دۆزەخەی کە چاوەڕێیان دەکات، لە پێشیانەوەیە، بەڵام وەک لە پشتیانەوەبێ، چونکە مەترسییەک، کە لە پشتتەوە دەبێ، تۆ نایبینی، واتە: ئەوان ڕۆژی دواییان نادیدە گرتوە، وەک لە پشتیانەوەبێ، ئەها خەریک بێ بەسەر ملیاندا بکەوێ! هەم لێیان نیزیکە، هەم ئەوانیش لێی بێئاگان، ئەوە بۆ وێناکردنی ئەو حاڵەتەیانە، حاڵەتی بێئاگایی لەو مەترسییەو نادیدەگرتنی و نیزیکییشی.

٨)- ﴿ وَلَا يُغْنِي عَنْهُم مَّا كَسَبُواْ شَيْـًٔا ﴾، هەرچی وەدەستیان هێناوە، هیچ سوودیان پێناگەیەنێ، (الإِغْنَاءُ: الكِفَايَة وَالنَّفْعُ)، (إغناء): بە مانای ئەوەیە شتێک بۆ شتێک کافی

بێ، بەس بێ و سوودی پێ بگەیەنێ، ئنجا بۆیە: ﴿ وَلَا يُغْنِي عَنْهُم ﴾، ﴿ يُغْنِي ﴾، بە (عَن)، تەعەددای پێکراوە بۆ بەرکار (**مفعول**)، و بۆ خواستن بەرکار، تاکو مانای (پاڵپێوەدەنێ) ی بخرێتە نێو، (**وعُدِّيَ بِحَرْفِ «عَنْ» لِتَضْمِينِهِ مَعْنَى يَدْفَعُ، يَغْنِي: وَلَا يَدْفَعُ عَنْهُم مَا كَسَبُوا شَيْئاً**)، ئەوەی وەدستیان هێنا هیچ سوودیان پێناگەیەنێ و، هیچ شتێکیان لێ دوور ناخاتەوە.

وشەی (**شَيْئاً**): دەبێتە بەرکار (**مفعول بە**)، یانی: (**وَلاَ يُغْنِي عَنْهُم ما كَسَبُوا شَيْئًا مِنَ الإغْنَاء**)، هیچ جۆرە سوودێکیان پێ ناگەیەنێ، هیچ جۆرە دوورخستنەوەیەک سزاو ئازاریان لێ دوورناخاتەوە.

٩)- ﴿ وَلَا مَا ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَوْلِيَآءَ ﴾، هەروەها ئەوانەی جگە لە خوا بە دۆست و سەرپەرشتیاریان گرتوون (هیچ سوودیان پێ ناگەیەنن)، هەم ئەوەی وەدەستیان هێناوە لە سەروەت و سامان بە حەرامیی، کە بە زۆریی سەروەت و سامانەکەیە پێی بوغرا دەبن و، بە زۆریی بەهۆی ئەو بەزم و بازاڕە حەرامەوەیە، ئامادەنین گوێ بۆ پەیامی هەق بگرن، چونکە بەزم و بازاڕەکەیان لێ تێکدەچێ قۆرخکاریی و گەندەڵییەکەیان لێ تێکدەچێ، دەست بەسەر سەروەت و سامانی وڵات داگرتنیان لێ تێکدەچێ، ئەگەر ملکەچ بن بۆ پەیامی خوا، هەم ئەوە سوودیان پێ ناگەیەنێ، ﴿ وَلَا مَا ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَوْلِيَآءَ ﴾ هەروەها ئەوانەش کە جگە لە خوا کردوویانن بەسەرپەرشتیاری خۆیان و، بە پەرستراوی خۆیان، ئەوانەش هیچ سوودیان پێناگەیەنن.

١٠- ﴿ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾، بۆ ئەوانیش ئازارێکی مەزن هەیە، ئنجا شتێک خوا پێی بفەرموێ: مەزن، دیارە زۆر مەزنە، هەندێک لە ڕوونکەرەوان گوتوویانە: ﴿ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾، واتە: لە دنیادا، بەڵام ئەو ڕایە ڕاسترە کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾، واتە: لە ڕۆژی دواییدا، چونکە بەڵێ بێبڕوایان جاری وایە لە دنیاشدا سزا دراون، بە تایبەتی بێبڕوایانی ڕۆژگاری پێغەمبەر ﷺ لە دنیاشدا لە جەنگی بەدردا زەبوونیی و سەرشۆڕیی و ئازارو مەینەتییەکی زۆریان بەسەرهات، هەروەها لە جەنگەکانی دیکەشدا، وێڕای

ئەوە کە بێبڕوایی خۆی جۆرێکە لە ئازارو مەینەتیی و ئێش و ژان، بابای بێبڕوا بەر چاوی لێڵ و تاریکە، تەماشای ڕابردووی دەکات، تاریکە، تەماشای ئێستای دەکات، تاریکە، تەماشای داهاتووی دەکات، تاریکە، لە سەراسیمەییدایە، بێبڕوایی هەر خۆی ئازارو مەینەتیی و ئێش و ژانە[1]، بەڵام سزاو ئازارێک خوا بە مەزن وەسفی بکات، لە دنیادا جێی نابێتەوەو لە ڕۆژی دواییدایە.

لە کۆتایی دا خوا دەفەرموێ:

١١)- ﴿ هَٰذَا هُدًى ﴾، ئەمە ڕێنماییە، واتە: قورئان ڕێنماییکار (هادي)ەو ڕێ پێشان دەدات، بەڵام بۆیە بە (**هُدًى**)، کە چاوگە وەسف کراوە، واتە: ئەوپەڕی ڕێنمایی تێدایە.

١٢)- ﴿ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمْ ﴾، ئەوانەش کە بێبڕوا بوون بە نیشانەکانی پەروەردگاریان (کە لە گەردووندا هەن)، یاخود: بە ئایەتەکانی پەروەردگار کە لە فەرمایشتەکەیدا هەن و بەسەریاندا دەخوێنرێنەوە.

١٣)- ﴿ لَهُمْ عَذَابٌ مِّن رِّجْزٍ أَلِيمٌ ﴾، ئازاریان بۆ هەیە لە پیسییەکی بە ئێش، (**رِجْز**)، پێشتریش گوتمان: بە چەند واتایەک هاتوە:

أ- هەم بە مانای (**أَشَدُّ العَذَاب**) سەختترین سزا هاتوە.

ب- هەم بە مانای پیسیی هاتوە.

ج- هەم بە مانای سزایەک هاتوە کە مرۆڤ بشڵەژێنێ و بیجووڵێنێ، (**رِجْز**)یش، لە ئەسڵدا بە مانای جووڵاندن و هەژاندن دێ.

وشەی (**أَلِيم**): خوێنراویشەتەوە: (**أَلِيمٍ**)، کە ئەو کاتە دەبێتە وەسف بۆ (**رِجْز**)، ئەگەر (**أَلِيمٌ**)یش بێ دەبێتە وەسف بۆ (**عَذابٌ**)، ﴿ لَهُمْ عَذَابٌ مِّن رِّجْزٍ أَلِيمٌ ﴾، بە هەردوو شێوەکە خوێندراوەتەوە.

---

(١) لە تەفسیری ئایەتی (فلا تدعوا مع الله إلهاً آخر فتكون من المعذّبين) الشعراء - ٢١٣- دا، لەو بارەوە کورتە باسێکمان کردوە.

وشەی (مِنْ)، کە خراوەتە سەری: ﴿ لَهُمْ عَذَابٌ مِّن رِّجْزٍ أَلِيمٌ ﴾، بۆ ڕوونکردنەوەیە، یاخود بۆ بەشێکە.

ئەگەر تەماشای کۆی ئەم ئایەتە موبارەکانە بکەین، دەبینین ئەو بێبڕوایانە کە نەیارو ناحەزی قورئان و ئیسلام و پێغەمبەر ﷺ بوونە، خوا بە پێنج وەسف پێناسەیان دەکات:

١- ﴿ أَفَّاكٍ ﴾، درۆزن.

٢- ﴿ أَثِيمٍ ﴾، زۆر گوناهبار.

٣- ﴿ يَسْمَعُ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ تُتْلَىٰ عَلَيْهِ ثُمَّ يُصِرُّ مُسْتَكْبِرًا ﴾، دەبیستێ ئایەتەکانی خوای بەسەردا دەخوێنرێتەوە، دوایی هەر سووردەبێ لەسەر کوفرو خۆ بەزلگریی.

٤- ﴿ كَأَن لَّمْ يَسْمَعْهَا ﴾، وەک هەر گوێبیستیان نەبووبێ.

٥- ﴿ ٱتَّخَذَهَا هُزُوًا ﴾، بە گاڵتەیان دەگرێ.

لە بەرانبەر ئەو پێنج وەسفانەدا، خوای پەروەردگار ئەو ئازارو سزایەی کە بۆی داناون، ئەویش بە پێنج وەسف، پێناسەی دەکات:

١- ﴿ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴾، سزایەکی ڕیسواکەر.

٢- ﴿ فَبَشِّرْهُ بِعَذَابٍ ﴾، موژدەی پێبدە بە ئازارێکی بە ئێش.

٣- ﴿ مِّن وَرَآئِهِمْ جَهَنَّمُ ﴾، لە پشتیانەوە دۆزەخ هەیە.

٤- ﴿ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾، ئازارێکی مەزن.

٥- ﴿ عَذَابٌ مِّن رِّجْزٍ أَلِيمٌ ﴾، ئازارێک لە پیسییەکی بە ئێش.

خوا ﷻ بەپێی کردەوەکانی هەر کەسێک سزای دەداو، بەپێی چاکەکانی هەر کەسێک پاداشتی دەداتەوە، ئەوانە چونکە سیفەتی خراپیان زۆر تێدا هەبوون و

هەڵوێستی خراپیان زۆر بوون، خواش ﷻ سزاو ئازارەکەیانی بە چەند وەسفێک پێناسە کردوە، چونکە خوا ﷻ هەر کەسە بە پێی تاوانی خۆی سزای دەدات، تاوانی زۆر بووبێ، بە سزای زۆرو، کەمتر بووبێ کەمتر، چاکەی زۆر بووبێ پاداشتی زۆرو، چاکەی کەمتر بووبێ کەمتر.

مەسەلەی سێیەم:

ڕام و دەستەمۆکرانی دەریـا، کـە کەشتییەکانی پێـدا دەڕۆن و، خەڵـک بـە هۆیانـەوە کارو کاسـبیی دەکـەن، هەروەهـا ڕامکرانـی هەرچییـەک کـە لـە ئاسـمانەکان و زەویدایـە لـە لایـەن خـواوە بـۆ مرۆڤـەکان، ئەوانـە نیشـانەی زۆری بـۆ کەسـانی بیرکـەرەوە تیـدان و، هاندەریشـیانە بـۆ سوپاسـگوزاریی:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِى سَخَّرَ لَكُمُ ٱلْبَحْرَ لِتَجْرِىَ ٱلْفُلْكُ فِيهِ بِأَمْرِهِۦ وَلِتَبْتَغُوا۟ مِن فَضْلِهِۦ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿١٢﴾ وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا مِّنْهُ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿١٣﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِى سَخَّرَ لَكُمُ ٱلْبَحْرَ﴾، خوا ئەو کەسەیە ﷻ دەریای بۆ دەستەمۆ کردوون، کە دەفەرموێ: (البَحرَ)، واتە: هەموو ئەو ئاوەی کە سێ لەسەر چواری، یاخود چوار لەسەر پێنجی، پانتایی گۆی زەوی داپۆشیوە، کە لەڕاستییدا لەسەر زەوی، خوا مەخلووقێکی گەورەتر لە ئاوی نەخوڵقاندوە.

کـە دەفەرمـوێ: خـوا ئـەو کەسـەیە دەریـای بـۆ ئێـوە دەسـتەمۆ و ملکـەچ کـردوە، پێشـێ خـوا باسـی بەڵگەکانـی بەدیهێنەرایەتیـی و پەروەردگارێتیـی خـۆی کـرد، ئنجـا باسـی هەندێـک لـە چاکەکانـی خـۆی دەکات، کـە دیسـان هـەر بەڵگـەن لەسـەر بەدیهێنەرایەتیـی و پەروەردگارێتیـی خـوا، بـەڵام هاوکاتیـش زیاتـر سـیفەتی چاکـەو نیعمـەت بوونیـان بـۆ مـرۆڤ تێـدا دەدرەوشـێتەوە، وەک ئەوانـی پێشـێ زیاتـر بەڵگـە بوونیـان تێـدا دەبیـنراو، نیشـانە بوونیـان لەسـەر پەروەردگارێتیـی خـوا تێـدا دەبیـنرا، بـەڵام ئەمجـارە لـەو ڕووەوە کـە سـوودو کەڵکیـان تێدایـە بـۆ خەڵـک.

ئێمـە هـەروا بـە سـادەیی تەماشـای دەریـا دەکەیـن، بەلـەم و کەشـتیی و پاپـۆڕو ژێـر دەریـا تییـدا دەڕۆن، بـەڵام بـا ئینسـان بیهێنێتـە بەرچـاوی خـۆی، ئەگـەر ئاویـش

وەک گڵ و بەردو کانزاو زێڕو زیوو ئاسن بووایە، کێ دەیتوانی بەسەریدا بڕوات؟ بەڵام خوای پەروەردگار گەردەکان (جُزَئیات) (مۆڵۆکۆڵەکان)ی ئاوی وا خوڵقاندوون بەسەر یەکدا بخزن، هەروەک مۆڵوکۆڵەکانی هەوای بە جۆرێک خوڵقاندوون، کە فڕۆکەو باڵندە بتوانن پێیدا بفڕن، بەڵام لەبەر ئەوەی مرۆڤ کە بە شتێکەوە ڕادێ، زۆر سەرنجی نادات، ئەگەرنا تۆ تەماشا بکە! هەوا دەتوانرێ باڵندە پێیدا بڕواو باڵ ڕاوەشێنێ، هەروەها فڕۆکە پێیدا بڕوا، بەڵام دەریا بە جۆرێکی دیکەیە، ماددەی هەوا جیایە لە هی ئاو، هی ئاویش جیایە لەهی گڵ و بەردو دارو ئاسن و مس و کانزایەکان، بۆچی خوا دەریای ئاوا بۆ دەستەمۆ کردووین؟

٢)- ﴿ لِتَجْرِيَ ٱلْفُلْكُ فِيهِ بِأَمْرِهِۦ ﴾، تاکو بە مۆڵەتی خوا کەشتییەکانی پێدا بڕۆن.

(**الفُلْكُ**)، هەم بە مانای تاک دێ، یانی: (**سفينة**)، هەم بە مانای کۆ دێ، واتە: (**سُفُن**)، بۆ ئەوەی کەشتییەکان پێیدا بڕۆن بە مۆڵەتی خوا، کە دەفەرموێ: (**بِأَمْرِهِ**)، یانی: خوا وای داناوە کەشتیی بتوانن پێیدا بڕۆن.

٣)- ﴿ وَلِتَبْتَغُوا۟ مِن فَضْلِهِۦ ﴾، تاکو سەرەنجام (بە هۆی ئەو کەشتییانەوە و، ئەو بارو سوارە کە بە دەریادا دەیکەن)، لە بەخششی خوادا داوا بکەن، واتە: کارو کاسبیی بکەن و، ڕزقی حەڵاڵ لە بەخششی خوا پەیدا بکەن، کە ئەمە هەموو جۆرە بەهرە وەرگرتنەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە، نەک تەنیا کارو کاسبیی، هەموو جۆرە بەهرەوەرگرتنەکان ئەگەر ڕاو و شکاری ماسییە، ڕاوی ژیاندارانی دیکەیە، دەرهێنانی گەوهەرو مرواریییە، دەرهێنانی شتانی دیکەیە، کە لە داهاتوودا بەشەر پەییان پێ دەبات، هەمووی دەگرێتەوە.

٤)- ﴿ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴾، بۆ ئەوەش کە سوپاسگوزاریی بکەن، بۆیە خوا بۆی دەستەمۆ کردوون، سوپاسگوزارییش بریتیە لە بەکارهێنانی چاکەکانی خوا لەڕەزامەندیی خوادا.

٥)- ﴿ وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا مِّنْهُ ﴾، هەرچی لە ئاسمانەکان و لە زەویدا هەیە، تێکڕای لە لایەن خۆیەوە بۆ ئێوە دەستەمۆ کردوە، بۆ ئێوەی ڕام و ملکەچ

کردوه، کە دەفەرموێ: (مِنْهُ أي: من قِبَلِهِ وَبِإِرَادَتِهِ)، لەلایەن خۆیەوەو بەویستی وی، یاخود (مِنْهُ: مُتَعَلِّق بِمُبْتَدَأ مَحْذُوفٍ أي: كُلُّ ذَلِكَ رَحْمَة مِنْه لِعِبَادِهِ)، (منه) پەیوەستە بە قرتێنراوێکەوە، یانی: ئەوە هەمووی لە لایەن ئەوەوە بەزەییە بەرانبەر بە بەندەکانی.

٦)- ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾، بە دڵنیایی لەوەدا (لە دروستکرانی شتانی نێو ئاسمانەکان و زەوی و دەستەمۆکران و، ڕامکرانیان بە شێوەیەک کە مرۆڤەکان بتوانن لێیان بەهرەمەند بن)، نیشانە هەن بۆ کۆمەڵێک بیربکەنەوەو ڕامێنن.

بەڵێ چاکەو نیعمەتەکانی خوا لە ژمارە نایەن، بەڵام بەشەر زۆر شتی خراپ کردووەو تێکداوە کە بە هۆی زێدە تەماع و دنیا ویستییەوە، ڕەچاوی پاراستنی ژینگەی نەکردوە، بە تایبەتی لەم ڕۆژانەدا ئاگرەکەی ئوستورالیا هەرچەندە دوای ماوەیەکی زۆر خامۆش بووەوە، بەڵام هەزاران جۆرە ژیاندار هەر قڕەبڕ بوون و نەمان، چونکە هەر لەوێ هەبوون و ئەوێش هەمووی سووتاوەو پڕووکاوە، هەروەها دەریاکان زۆر ژیاندارانیان تێدا دەفەوتێن، هەمووی لە ئەنجامی ئەوەدا کە ئەو کارگانەی چەک دروست دەکەن، ئەو دووکەڵەی لێیان پەیدا دەبێ بەرز دەبێتەوەو چینی ئۆزۆن کون دەبێ و، زیاد لەوەی کە پێویستە تیشکی ژێر سوورو سەروو وەنەوشەیی دێتە نێو زەوییەوەو، دەبێتە هۆی ئەوەی هەم بەستەڵەکەکان بتوێنەوەو، ڕێژەی ساردیی لە زەوییدا کە کەم بێتەوەو، پلەی گەرمیی بەرز بێتەوەو، هەم هەوا تێکبچێ، هەم دەریا تێکبچێ، هەم ژینگە تێکبچێ، ئنجا ئەگەر ئینسان بیری لێبکاتەوە، کە خوا ﷻ لە ئەصڵدا ئەم گەردوونەی چاک و ڕێک خوڵقاندوە، ئەم سەر زەویەی باش خوڵقاندوە، بەڵام مرۆڤ تێکی دەدات، بۆیە خوا ﷻ لە دوو شوێنی قورئاندا دەفەرموێ: ﴿وَلَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَاحِهَا (٥٦)﴾الأعراف، واتە: تێکدان مەکەن لە زەویدا، دوای ئەوەی چاک دروستکراوە، دوای ئەوەی چاککراوە تێکی مەدەن، واتە: بە جۆرێک دەستکاریی مەکەن لەبەر زێدە تەماع، کە ژینگە تێکبچێ و سەر زەویتان لێ تێکبچێ و ژیانتان لێ تاڵ بێ.

لەو کۆبوونەوەیەی لەم ڕۆژانەی ڕابردوودا لە (داڤۆس) کرا، گوترا: مەترسیی هەیە کە ژیانی بەشەر ماوەیەکی دیکەی کەم بتوانێ بەردەوام بێ لەسەر زەوی، بە هۆی ئەوەوە کە دارستانەکان زیاتر گڕ دەگرن و، بەستەڵەکەکان زیاتر دەتوێنەوەو، ئاستی ئاو بەرزتر دەبێتەوەو، وشکانیی زیاتر دادەپۆشێ، ئەو حاڵەتە نەویستراوانەی کە ڕوو دەدەن، زیاتر ڕوودەدەن.

لە خوای پەروەردگار دەپاڕێینەوە کە یارمەتییمان بدات زیاتر لە فەرمایشتەکەی تێبگەین، یارمەتییشمان بدات کە تێگەیشتنەکەمان بکەینە هۆی پێگەیشتنی زیاتر، بۆ خۆمان و دەوروبەرمان، خوا یارمەتییمان بدات کە ئەم قورئانە وەک خوا ﷻ ویستوویەتی و بە ئامانجی گرتوە، بیکەینە مایەی هیدایەت و ڕێنمایی و ڕاستەڕێ بوون، بۆ خۆمان و دەوروبەرمان، کە بێگومان ئەم قورئانە هەمووی نوورو هیدایەت و بەرەکەتە بۆ هەموو مرۆڤایەتیی.

مەسەلەی چوارەم:

ئامۆژگاریی بڕواداران کە بە لێبوردن و چاوپۆشییەوە، مامەڵە لەگەڵ بێبڕوایانی نەیارو ناحەزیاندا بکەن، چونکە لە ڕۆژی دواییدا خوا سزاو پاداشتی پڕ بە پێستی هەموو لایەک دەداتەوە، مرۆڤ خۆی لە چاکەکەی بەهرەمەندەو، هەر خۆشی لە خراپەکەی زەرەرمەندە، گەڕانەوەش تەنیا بۆ لای خوایە:

خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿قُل لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ يَغْفِرُوا۟ لِلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ أَيَّامَ ٱللَّهِ لِيَجْزِىَ قَوْمًۢا بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿١٤﴾ مَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا فَلِنَفْسِهِۦ ۖ وَمَنْ أَسَآءَ فَعَلَيْهَا ۖ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُمْ تُرْجَعُونَ ﴿١٥﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿قُل لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ يَغْفِرُوا۟ لِلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ أَيَّامَ ٱللَّهِ﴾، بەو کەسانە بڵێ کە بڕوایان هێناوە، لەوانە ببوورن کە بە ئومێدی ڕۆژەکانی خوا نین.

(خوا ﷻ بە پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ دەفەرمووێ:) بەو کەسانە بڵێ: کە بڕوایان هێناوە، واتە: بڕوایان هێناوە بە هەموو ئەو شتانەی پێویستە بڕوایان پێ بهێنرێ، بڕوایان هێناوە بە خوا ﷻ، بەدیهێنەرایەتیی و پەروەردگاریێتیی و خاوەندارێتیی و تەنیا پەرستراوێتیی و، خاوەنی هەموو ناوو سیفەتێکی هەرە باش و پەسەند بوونی خوا، پاشان بڕوایان هێناوە بە ڕۆژی دوایی و، بڕوایان هێناوە بە فریشتەکان و بە کتێبەکانی خواو بە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلَامُ)، بڕوایان هێناوە بە ئەندازەگیریی و ڕاپەڕاندن (قدر و قضاء) ی خوا بۆ هەموو کاروبارەکانی بوون، بەوانە بڵێ: کە بڕوایان هێناوە (يَغْفِرُوا۟ لِلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ أَيَّامَ ٱللَّهِ)، ببوورن لەو کەسانەی کە بەهیوای ڕۆژەکانی خوا نین، واتە: لە بێبڕوایان ببوورن و چاوپۆشییان لێ بکەن.

(الرَّجَاءُ: تَرَقُّب وتَطَلُّب الأَمْرِ المحْبُوبِ)، چاوەڕێکـردن و داواکـردنی کارێـک، یـان شـتێکە خۆشویسـتراو بـێ، (أَيَّامَ ٱللَّهِ : الأَوْقَـاتُ الَّتِـي تَجَسَّـدَ فِيهَـا نَـصْرُ اللـه أَو فَضْلـه)، ئـەو کاتانـەی یارمەتیـی خـواو پشـتیوانیی خـوا بـۆ دۆسـتەکانی تێیانـدا بەرجەسـتە بـووە، یاخـود بەخشـش و چاکـەی خـوا تێیانـدا بەرجەسـتە بـووە، بـۆ دۆسـتەکانی، دەشـکونجێ بڵێیـن: ئـەو ڕۆژانـەی کـە تۆڵـەو سـزای خوایـان تێـدا بەرجەسـتە بـووە بـۆ دوژمنـان و ناحـەزانی، ئایـا بۆچـی بـڕواداران لەگـەڵ بێبڕوایانـدا کـە بـە هیـوای دیـداری خـوا نیـن، بـە هیـوای ئـەو کاتانە نین کـە تایبەتـن بە خـوای پـەروەردگارەوەو بەخششـی خوایـان تێـدا بەرجەسـتە دەبـێ بـۆ چاکـەکاران و، سـزاو تۆڵـەو جەزرەبـەی خوایـان تێـدا بەرجەسـتە دەبـێ بـۆ خراپـەکاران، بەلێبوردەیـی مامەڵـە بکـەن؟

٢)- ﴿لِيَجْزِيَ قَوْمًا بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ﴾، تاکو سزاو پاداشتی کۆمەڵێک بداتەوە بە پێی ئەوەی کردوویانە، خوێندراویشەتەوە: (لِنَجْزِيَ)، بۆ ئەوەی سزا و پاداشت بدەینەوە، (قَوْمًا)، کۆمەڵێک (بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ)، بەپێی ئەوەی کردوویانە، واتە: بۆ ئەوەی سزاو پاداشتی پڕ بە پێستی خوا بێتە دی، بۆ کەسانێک بە پێی کردەوەکەیان، جا ئەوەی بڕوادارو کردار چاک بووبێ، دیارە پاداشتی خوایان بۆ دەستەبەر دەبێ، بە ئەندازەی ئیمان و کردەوە باشەکانیان و، کەسانێک کە بێبڕواو خراپەکاریش بووبن، سزاو جەزرەبەی خوایان بۆ بەرجەستە دەبێ و دەرەخسێ، بەپێی بێبڕوایی و خراپەکانیان، ئەمە دوایی زیاتر تیشکی دەخەینە سەر.

٣)- ﴿مَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا فَلِنَفْسِهِۦ﴾، هەر کەسێک چاکە بکات، سوودەکەی بۆ خۆیەتی.

٤)- ﴿وَمَنْ أَسَآءَ فَعَلَيْهَا﴾، هەر کەسێک خراپەش بکات، زیانەکەی بۆ خۆیەتی.

٥)- ﴿ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُمْ تُرْجَعُونَ﴾، دواییش بەس بۆ لای پەروەردگارتان دەگێردرێنەوە، وێڕای (تُرْجَعُونَ)، خوێندراویشەتەوە: (تَرْجِعُون)، واتە: دەگەڕێنەوە، کەواتە: ئێوە لە دنیادا مودارا بکەن، لەگەڵ نەیارەکانتانداو مەیکەنە شوێنی لێکدەرکردن و تەصفیە حیساب، بەڵکو پێکەوە مودارا بکەن و وێک هەڵبکەن و پێکەوە بسازێن، بەڵام شوێنی پاداشتدرانەوەی

ئێوە لەسەر چاکەکانتان و لە نێو ئەو چاکانەشدا: چاوپۆشیی و لێبوردن لە هەڵەو پەڵەی بەرانبەرەکانتان و، شوێنی سزای پڕ بە پێست بۆ بێبڕوایان لەسەر خراپەکانیان، لە نێو خراپەکانیشیاندا: ئەزیەت و ئازاردانی ئێوە، ڕۆژی دواییە، بۆیە هەر کەسێک چاکە بکات، خۆی لێی بەهرەمەندە، لە دنیاو لە دواڕۆژیشدا، چاکە لە دنیادا مایەی سەربەرزیی و سەلامەتیی و پاکیی و چاکییە، لە ڕۆژی دواییشدا مایەی سەربەرزییە، مایەی سەرفرازیی و ڕووسوورییە لە لای خوا، خراپەش لە دنیادا مایەی عەیبدارییەو، لە قیامەتیشدا مایەی گوناهباریی و شەرمەزارییە، مادام هەر بۆ لای پەروەردگاریشتان دەگێڕدرێنەوەو، دەگەڕێنەوە، کەواتە: بزانن نە چاکەی ئێوە زایە دەبێ، نە خراپەی ئەوانیش دەفەوتێ، ئەوانیش وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرناچن.

چۆنیەتیی پەیوەست بوونەوەی ئەم دوو ئایەتە موبارەکەش بە ئایەتەکانی پێشەوە ئاوایە: پێشتر باسی گاڵتە پێکردنی کافرەکان بە قورئان کرا، کە ئەمەش ورووژێنەرە بۆ هەست و سۆزی بڕواداران، بۆیە پێویست بووە لە بارەی دان بە خۆدا گرتنەوە، ڕێنمایی بکرێن و دڵنیاش بن کە هەر کەسە چی بکات، دێتەوە ڕێی، ئەوانیش و نەیارە بێبڕوایەکانیشیان.

کەواتە: با لە دنیادا بە سینە فراوانیی و تەحەممول و صەبرو حەوسەڵە، مامەڵە بکەن و، وەک فیشەکە شێتە دەرنەپەڕن و، وەک شیر زوو هەڵنەچن و، لە قەدەر ئایین و بەرنامە تێرو تەواوەکەی خۆیان بن، ئایینەکەیان لێیان داوا دەکات، کە لە هەموو شتێکدا لە لووتکەدا بن، بە تایبەت لە بواری هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکدا، ئەگەر بێت و مسوڵمانان وەک نامسوڵمانان بکەن، لە هەموو شتێکداو ئەوان چییان کرد، مسوڵمانانیش وا بکەن، مانای وایە چاکەو ئیمتیازو پلەیەکیان بۆ نامێنێتەوە بەسەر بەرانبەرەکانیاندا! ئەمەش ئەوەی لێوەردەگیرێ کە بەرنامەو ئایینەکەی ئەوان چۆنە، بەرنامەو ئایینی مسوڵمانانیش بەهەمان شێوەیە! کە واش نیە، بۆیە هەر کەسە دەبێ لە قەدەر بەرنامەی خۆی بێ، ئەگەر بەرنامەی ئەوان جنێوی تێدا بوو، بوختانی تێدا بوو، درۆو دەلەسەی

تیدا بوو، شەڕ پێ فرۆشتن و گێچەڵ پێکردن و تەشقەڵەی تیدا بوو، بێگومان بەرنامەی ئیسلام سەراپا ڕەوشتی بەرزو جوان و ئاکاری پەسندو لێبوردەیی و ڕەحم و سۆزە، تەنانەت بەرانبەر بە نەیارانیش.

کورتە باسێک

وریا بوون لە بارەی هۆی هاتنە خواری ئایەتەکانەوە

ئەم کورتە باسە لە پێنج (٥) بڕگەدا دەخەینەڕوو، کە پێویستە وریابین لە هۆی هاتنە خواری ئایەتەکان، کە لە سەرچاوەکاندا هاتوون، چ لە تەفسیرەکاندا، چ لەو کتێبانەدا کە تایبەت بە هۆیەکانی هاتنەخوار (**أسباب النزول**)ەوە، نووسراون، دەبێ زۆر وریابین، هەم لە ڕووی وردبوونەوە لە سەنەدیان و زنجیرەی ڕاوییەکان، کە تا چ ڕاددەیەک ڕاستەو جێی متمانەیە، ئەو شتە کە پاڵ دەدرێتە لای پێغەمبەر ﷺ و پێغەمبەری خوا فەرموویەتی، یان کردوویەتی، یان دانی پێدا هێناوە؟ هەروەها وێڕای سەنەدو زنجیرەی ڕاوییەکان لە ڕووی نێوەڕۆکیشەوە: ئایا ئەو دەقە، یان ئەو بەسەرهاتە، تاکو چ ڕاددەیەک لە ڕووی نێوەڕۆکەوە، لەگەڵ قورئاندا دەگونجێ و، لەگەڵ عەقڵدا دەگونجێ و، لەگەڵ سیرەو ژیانی پێغەمبەردا دەگونجێ؟ پاشان تاکو چ ڕاددەیەک لەگەڵ ئەو ئایەتە، یان ئەو چەند ئایەتەدا دەگونجێ کە بەوانەوە پەیوەست کراوە؟

بڕگەی یەکەم:

سێ هۆی هاتنە خوار، کە لەڕووی سەنەدەوە ڕاست نین:

لە بارەی ئەم دوو ئایەتەوە، بە تایبەت ئایەتی یەکەمیان: ﴿ قُل لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ يَغْفِرُوا۟ لِلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ أَيَّامَ ٱللَّهِ لِيَجْزِىَ قَوْمًۢا بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿١٤﴾ ﴾، بەوانە بڵێ: کە

بڕوایان هێناوە، با چاوپۆشیی بکەن، لەوانەی بە هیوای ڕۆژەکانی خوا نین، تاکو کۆمەڵێک بەپێی ئەوەی کردوویانە، سزایان بداتەوە، یاخود پاداشتیان بداتەوە، هەردووک لایان دەگرێتەوە، بەڵام زیاتر وا پێدەچێ مەبەست پێی سزادان بێ، چونکە وشەی (**جزاء**) لە قورئاندا، هەم بە مانای سزا (**عقاب**) دێ، هەم بە مانای پاداشت (**ثواب**) دێ.

بەڵام من تاکو ئێستا لە زمانی کوردییدا وشەیەکی وام لێ هەڵنەکەوتوە، مانایەکەی پڕ بە پێستی وشەی (**جزاء**) بێ، ئێمە یان دەبێ بڵێین: سزا، یان دەبێ بڵێین: پاداشت، هەر بۆیە کە کاتێک وشەی (**جزاء**) تەفسیر دەکەم دەڵێم: سزاو پاداشت، دەشگونجێ بگوترێ: بەرانبەر.

چەند بەسەرهاتێک لەو بارەوە گێڕدراونەوە، وەک هۆی هاتنەخواری ئەم ئایەتە، کە بێگومان هیچیان سەنەدەکەیان ڕاست نیە، بەڵام مەگەر چۆن ئەگەرنا هەموو تەفسیرەکانیش هێناویانن:

١- یەکێک لە بەسەرهاتەکان کە (**الواحدي**) لە (**أسباب النزول**)ەکەی خۆیدا هێناویەتی، بە ژمارە (٧٤٣)، ئەمەیە:

ڕۆژێک عومەری کوڕی خەتتاب (خوا لێی ڕازی بێ)، لەگەڵ عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلوول لە غەزوەی (**بني المصطلق**)، کاتێک کە سوپایەکە دابەزیە سەر بیری (**المريسيع**)، عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلوول غوڵامەکەی خۆی، کە ئەویش هەر ناوی عەبدوڵڵا بوو، ناردی ئاوی بۆ بێنێ، (ئاویان بۆ هەڵێنجێ لە بیرەکەو دواکەوت)، کە گەڕایەوە گوتی: بۆچی دواکەوتی؟ (دیارە بیرەکە بە مەزەندەی ئەو، هێندە دوور نەبووە، ئەوەندەی پێ بچێ)، ئەویش گوتی: غوڵامەکەی عومەر لەوێ بوو، گوتی: تاکو ئاو بۆ پێغەمبەر ﷺ دوایی بۆ نەبوو بەکرو دوایی بۆ عومەر هەڵنەهێنجەم، ڕێ نادەم کەس ئاوی لێ هەڵبهێنجێ، ئیدی لەسەر ئەوە من دوا کەوتم، (دیارە دەستەڵاتی ئەو نێردراوەی عومەری نەبووە خوا لێی ڕازی بێ)،

عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلوول (کە بە سەرۆکی مونافیقەکانی مەدینە دادەنرێ و پێش ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ بچێ بۆ مەدینە، تاجیان بۆ چنیوە، بۆ ئەوەی بیکەنە پادشاو حوکمڕانی خۆیان، زۆر حەسوودیی بە پێغەمبەر بردووە، هەر بە نیفاقەوە ژیاوەو بە نیفاقەوە مردوە، قسەیەکی ناشیرینی کرد، پەندێکی عەرەبانە)، گوتی: (سَمِّنْ كَلْبَكَ يَأْكُلْكَ)، سەگەکەت قەڵەو بکەو دوایی خۆت دەخوات و بەلەکت دەگرێ، ئنجا گوتی: ئەوانە لە شاری خۆیان دەرکرابوون، (واتە: لە مەککە)، ئێمە پەناماندان و حاواندمانەوەو، هاوکارییمانکردن، کەچی ئێستا لێرە حوکمڕانییمان بەسەردا دەکەن!!

دیارە دوایی ئەو قسەیەی عەبدوڵڵا - ئەگەر ئەم ئایەتەش بەهۆیەوە نەهاتبێتە خوار، وا پێدەچێ ئەو ئایەتانەی سوورەتی (**منافقون**) بەهۆیەوە دابەزیبن کە خوا پشتیوان بێ، ئەگەر تەمەن بەردەوام بێ، دەیگەینێ- ئەو قسەیەی عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلوولیش دەرهاویشتەی دەبێ، چونکە بە پێغەمبەر دەگاتەوەو کوڕێکی عەبدوڵڵاش، کە دیسان ناوی عەبدوڵڵا بووە، ڕێگە بە بابی دەگرێ، چونکە عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلوول وێڕای ئەو قسەیە، قسەیەکی دیکەش دەکات دەڵێ: (لَئِنْ رَجَعْنَا إِلَى الْمَدِينَةِ لَيُخْرِجَنَّ الْأَعَزُّ مِنْهَا الْأَذَلَّ)، کە خوای پەروەردگار هەر دەقی قسەکەی هێناوە: ئەگەر گەڕاینەوە بۆ مەدینە، ئەو کەسەی باڵا دەستە، دەبێ ئەو کەسەی زەبوونە، دەربکات، (واتە: ئێمە کە خەڵکی مەدینەین (خۆی و مونافیقەکان) دەبێ موحەممەدو هاوەڵانی دەربکەین)، ئنجا کوڕەکەشی لە شوێنێک ڕێ بە بابی دەگرێ و دەڵێ: دەبێ دانی پێدا بێنی کە موحەممەد پێغەمبەری خوا ﷺ عەزیزەو باڵادەستەو، تۆش زەبوونی، ئەگەرنا ڕێگەت نادەم بچیەوە نێو شار، هەتا پێغەمبەر ﷺ بە وێدا دێ و، دەڵێ: ڕێگەی بدە، دەڵێ: ئێستا مادام پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمان بکات، ئەوە ڕێگات دەدەم.

ئنجا دەڵێین: ئەم ئایەتە هیچ پەیوەندیی نیە، بەو بەسەرهاتەوە، کە بەداخەوە هەندێک لە توێژەرەوانی قورئان، هۆکارێک یاخود بەسەرهاتێک

بەسەر پێنج شەش ئایەتدا دەچەسپێنن، ئنجا ئەو بەسەرهاتەی باسم کرد، بەسەرهاتەکە ڕاستە، بەڵام نەک بە نسبەت ئەو ئایەتەوەو، هیچ پەیوەست نیە بەو ئایەتەوە، بەڵکو پەیوەستە بە سووڕەتی (**المنافقون**)ەوە، کە دوای خوا پشتیوان بێ دەیکەینێ.

٢- هەر لەو بارەوە بەسەرهاتێکی دیکەش گێردراوەتەوە دەڵێ: دوای ئەوەی ئەم ئایەتە موبارەکە هاتە خوار: ﴿مَّن ذَا ٱلَّذِى يُقْرِضُ ٱللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا فَيُضَٰعِفَهُۥ لَهُۥٓ أَضْعَافًا كَثِيرَةً ۚ وَٱللَّهُ يَقْبِضُ وَيَبْصُۜطُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٢٤٥﴾﴾ **البقرة**، واتە: کێ هەیە قەرزی باش بداتە خوا، خوا پاداشتەکەی بۆ چەند بەرانبەر دەکات؟خواش وەتەنگ دێنێ و فراوان دەکات و بەس بۆ لای ویش دەگێڕرێنەوە.

(**فنحاص**)ی جوولەکە کە یەکێک بووە لە زانایانی جوولەکە، گوتی: (**احْتَاجَ رَبُّ مُحَمَّدٍ**)، پەروەردگاری موحەممەد نەدارەو ئاتاجە، (بۆیە داوای قەرز دەکات)!! کاتێک عومەر (خوا لێی ڕازی بێ) ئەو قسەیە دەبیستێ، شمشێرەکەی هەڵدەگرێ و بۆی دەچێ، بەڵام خوا جیبریل دەنێرێ و دایدەبەزێنێ و، هەواڵ بە پێغەمبەر دەدات کە عومەری کوڕی خەتتاب بە تەمای سزادانی فەنحاصە، پێغەمبەریش ﷺ نەفەرێک دەنێرێ و عومەر دەگێڕنەوە.

بەڵام ئەم بەسەرهاتەش کە هەر (**الواحدي**)، هێناویەتی لە (أسباب النزول) ەکەی دا، بە ژمارە: (٧٤٢) سەنەدەکەی بێ هێزەو جێی پشت پێ بەستن نیە.

٣- هەر لەو بارەوە ئەو ڕیوایەتەش هاتوە، دەڵێ: پیاوێک لە هۆزی قورەیش (واتە: ئەو کاتەی بێبڕوا بوون) قسەیەک یان جنێوێک بە عومەری کوڕی خەتتاب دەڵێ، ئەویش دەیەوێ دەستی لێ بوەشێنێ و پەلاماری بدات، بەو بۆنەوە ئەم ئایەتە دابەزیوە.

بەڵام ئەم ڕیوایەتەش کە (**القرطبي**)[1]، لە (**ابن العربي**)یەوە دەیهێنێ، دەڵێ: (**وَهَـذَا لَمْ يَصِحَّ**)، ئەم گێردراوەیە سەنەدەکەی ڕاست نیە.

---

(١) الجامع لأحكام القرآن، ج١٦، ١٢٧.

کەواتـە: سـێ هـۆی هاتنـە خـوار لـە بـارەی ئـەو ئایەتـەوە لـە تەفسـیرەکاندا هاتـوون، ڕەنگـە هـی دیکـەش هەبـن، بـەڵام ئـەو سـێیە سـەرەکییەکانیانن، هیچیـان یـان هـەر سـەنەدیان نیـە، وەک ڕیوایـەتی یەکەمـی (**الواحـدي**)، کـە هیـچ سـەنەدێکی نیـە، یاخـود سـەنەدەکەیان بێهێـزە، واتـە: جێـی متمانـە پێکـردن نیـە، کـە پەیوەسـت بکـرێ، بـە چەمـک و واتـای ئـەو ئایەتـە موبارەکـەوە.

بڕگەی دووەم:

بە مەنسووخ دانرانی ئەو ئایەتە:

(**الطبري**)، دەڵـێ: (**وَهَـذِهِ الآيَـةُ مَنْسُـوخَةٌ بِأَمْرِ اللـهِ بِقِتَـالِ المُشْرِكِين، وَإِنَّمَـا قُلْنَـا: هِـيَ مَنْسُـوخَةٌ لِإِجْمَاعِ أَهْـلِ التَّأْوِيـلِ عَـلَى ذَلِـكَ**)، واتـە: ئـەم ئایەتـە نەسـخ کراوەتـەوە بـە فەرمانکردنـی خـوا بـە جەنگکـردن لـە دژی هاوبەـش بـۆ خـوا دانـەرەکان، بۆیـەش دەڵێـن: ئـەم ئایەتـە نەسـخ کراوەتـەوە، لەبـەر یەکڕایـی و یەکدەنگیـی زانایـانی کـە قورئانیـان تەفسـیر کـردوە، لەسـەر ئـەوە.

بەڵام بابزانین ئەو دەعوایەی (**طبري**) ڕاستە؟!

(**الطـبري**)، پێنـج ڕیوایەتـان دێنـێ، بـۆ پشـتگیریی ئـەوە کـە یەکدەنگیـی زانایـان لەسـەر ئەوەیـە، ئـەو ئایەتـەی دەفەرمـوێ: ﴿قُل لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ يَغْفِرُوا۟ لِلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ أَيَّامَ ٱللَّهِ لِيَجْزِىَ قَوْمًۢا بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿١٤﴾﴾، نەسـخ کراوەتـەوەو کاری پێناکـرێ:

١- {عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ، قَوْلَهُ: ﴿قُل لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ يَغْفِرُوا۟ لِلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ أَيَّامَ ٱللَّهِ﴾ الجاثية: ١٤، قَالَ: «كَانَ نَبِيُّ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُعْرِضُ عَنِ الْمُشْرِكِينَ إِذَا آذَوْهُ، وَكَانُوا يَسْتَهْزِئُونَ بِهِ، وَيُكَذِّبُونَهُ، فَأَمَرَهُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ أَنْ يُقَاتِلَ الْمُشْرِكِينَ كَافَّةً، فَكَانَ هَذَا مِنَ الْمَنْسُوخِ»}[1].

---

(١) جامع البيان: ٣١٢٤٧.

واتـە: عەبدوڵـڵای کـوڕی عەبباس (خـوا لـە خـۆی و باوکی ڕازی بـێ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ ڕووی لـە هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرەکان وەردەگێڕا، کـە ئەزیەتیان دەداو، گاڵتەیـان پـێ دەکـردو بـە درۆیـان دادەنـا، بـەڵام دوایـی خـوا فەرمانـی پێکـرد کـە لـە دژی هەمـوو هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەران بجەنگـێ، {کـە دەفەرمـوێ: ﴿ قَاتِلُوا الْمُشْرِكِينَ كَافَّةً ﴾، التوبـة: ٣٦}، بۆیـە ئـەم ئایەتـە کـە دەفەرمـوێ: لێیـان ببـوورن و چاوپۆشـییان لـێ بکـەن، نەسـخ کرایـەوە.

٢- {عَنْ قَتَادَةَ، فِي قَوْلِهِ: ﴿ قُل لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ يَغْفِرُوا۟ لِلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ أَيَّامَ ٱللَّهِ ﴾الجاثية: ١٤، قَالَ: «نَسَخَتْهَا مَا فِي الْأَنْفَالِ» ﴿ فَإِمَّا تَثْقَفَنَّهُمْ فِي الْحَرْبِ فَشَرِّدْ بِهِمْ مَنْ خَلْفَهُمْ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ ﴾الأنفال: ٥٧، «وَفِي بَرَاءَةَ» ﴿ قَاتِلُوا الْمُشْرِكِينَ كَافَّةً كَمَا يُقَاتِلُونَكُمْ كَافَّةً ﴾التوبة: ٣٦، أَمَرَ بِقِتَالِهِمْ حَتَّى يَشْهَدُوا أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ}[1].

واتـە: قەتـادە لـە بـارەی ئـەو ئایەتـە موبارەکـەوە دەڵـێ: ئـەو ئایەتـەی سـوورەتی (الأنفـال)، {ئایـەتی ژمـارە (٥٧) و، ئایەتەکـەی سـوورەتی (بـراءة)، ئایـەتی ژمـارە (٣٦)}، ئـەو ئایەتەیـان نەسـخ کردۆتـەوە ئـەو دوو ئایەتـە بـە هەردووکیـان ئەویـان نەسـخ کردۆتـەوە!

٣- {عَنِ الضَّحَّاكِ فِي قَوْلِهِ: ﴿ قُل لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ يَغْفِرُوا۟ لِلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ أَيَّامَ ٱللَّهِ ﴿١٤﴾ ﴾، قَالَ: «هَذَا مَنْسُوخٌ، أَمَرَ اللَّهُ بِقِتَالِهِمْ فِي سُورَةِ بَرَاءَةَ»}[2].

واتـە: لـە (ضحـاك)ەوە هاتـوە لـە بـارەی ئـەم ئایەتـەوە: ﴿ قُل لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ يَغْفِرُوا۟ لِلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ أَيَّامَ ٱللَّهِ ﴿١٤﴾ ﴾، گوتوویـەتی: ئـەم ئایەتـە نەسـخ کراوەتـەوە، چونکـە خـوا ﷻ فەرمـانی کـردوە بـە جەنـگ لـە دژکردنیـان لـە سـوورەتی (بـراءة)دا، {واتـە: سـوورەتی (التوبـة)}.

---

(١) جامع البيان: ٣١٢٥٠.

(٢) جامع البيان: ٣١٢٥٢.

٤- [عَنْ أَبِي صَالِحٍ: ﴿قُل لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ يَغْفِرُوا۟ لِلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ أَيَّامَ ٱللَّهِ ١٤﴾الجاثية، قَالَ: نَسَخَتْهَا الَّتِي فِي الْحَجِّ: ﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا﴾الحج: ٣٩]][1].

واتـە: ئەبـوو صاڵیحیـش دەڵـێ: ئایـەتی ژمـارە (١٤)ی سـوورەتی (**الجاثیـة**)، ئایـەتی ژمـارە (٣٩) سـوورەتی (**الحـج**)، نەسـخی کردۆتـەوە، (واتـە: لەسـەر لابـەر (ناسـخ)ەکەی ئـەوە جـارێ چـوار ڕا پەیدابـوون!!).

٥- [قَالَ ابْنُ زَيْدٍ، فِي قَوْلِهِ: ﴿قُل لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ يَغْفِرُوا۟ لِلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ أَيَّامَ ٱللَّهِ ١٤﴾الجاثية، قَالَ: هَؤُلَاءِ الْمُشْرِكُونَ قَالَ: وَقَدْ نُسِخَ هَذَا وَفُرِضَ جِهَادُهُمْ وَالْغِلْظَةُ عَلَيْهِمْ][2].

واتـە: ئیبنـو زەیـد دەڵـێ: ئـەم ئایەتـە: ﴿قُل لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ يَغْفِرُوا۟ لِلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ أَيَّامَ ٱللَّهِ ١٤﴾**الجاثیـة**، مەبەسـت پێـی هاوبـەش بـۆ خـوا دانەرەکانـە، دوایـی دەڵـێ: ئەمـە نەسـخ کراوەتـەوەو، جەنـگ لـە دژ کردنیـان و زبریـی بەرانبـەر نواندنیـان، فـەرز کـراوە.

(**الطبري**)، ئەمەشـی بـە ژمـارە (٣١٢٥٣) هێنـاوە، کەواتـە: (**الطبري**)، بـە ژمـارەکانی: (٣١٢٤٧، ٣١٢٥٠، ٣١٢٥٢، ٣١٢٥٣، ٣١٢٥٤)، پێنـج ڕیوایـەت دێنـێ، لـە هـەر کام لـە عەبدوڵڵای کـوڕی عەبباس و لـە قەتـادەو لـە ئەضضحـاک و لـە ئەبـوو صالیح و لـە ئیبنـو زیـدەوە، (کـە دیـارە هـەر عەبدوڵڵای کـوڕی عەبباس هاوەڵـەو، ئـەوانی دیکـە هـەر چواریـان لـە زانایـانی تابیعینـن)، بـۆ پشتڕاسـتکردنەوەی ئـەو ڕایـەی دەڵـێ: ئـەم ئایەتـە نەسـخ کراوەتـەوەو کاری پێناکـرێ، بـەڵام لەوبـارەوە ئایـا: چ ئایەتێـک ئـەو ئایەتـەی نەسـخ کردۆتـەوە؟ پێنـج ڕای جیاجیـا هـەن:

أ- عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس دەڵێ: بەوە نەسخ کراوەتەوە، کە خوا فەرمانی کردووە لە دژی هاوبەش بۆ خوا دانەران، بەگشتیی جەنگ بەرپا بکرێ، مەبەستی پێی ئایەتەکەی سوورەتی (**البراءة**)یە: ﴿وَقَٰتِلُوا۟ ٱلْمُشْرِكِينَ كَآفَّةً ٣٦﴾.

---

(١) جامع البيان: ٣١٢٥٤.

(٢) جامع البيان: ٣١٢٥٣.

ب- قەتادە هەم ئایەتی (٢٦)ی سوورەتی **(التوبة)** و هەم ئایەتی (٥٧)ی سوورەتی **(الأنفال)**، بە نەسخکەرەوەی ئەو ئایەتە دەزانێ.

ج- ئەضضحاکیش دەڵێ: ئەوەی کە لە سوورەتی **(البراءة)**دا هەیە، کە ڕەنگە مەبەستی هەر ئەو ئایەتە بێ، یان ڕەنگە مەبەستی ئایەتی دیکەش بن.

د- ئەبوو صاڵیح دەڵێ: ئایەتی (٣٩)ی سوورەتی **(الحج)**، نەسخی کردۆتەوە.

ه- ئیبن زەیدیش دەڵێ: نەسخ کراوەتەوەو، فەرمانکراوە کە جیهادیان لە دژ بکرێ و، زبرییان بەرانبەر بنوێنرێ، کەواتە: مەبەستی ئەو ئایەتەیە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ يَلُونَكُم مِّنَ ٱلۡكُفَّارِ وَلۡيَجِدُواْ فِيكُمۡ غِلۡظَةٗۚ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلۡمُتَّقِينَ ١٢٣﴾**التوبة**، ماناى وایە بەلای کەمەوە پێنج ڕای جیاواز هەن لە بارەی نەسخ کەرەوەی ئەو ئایەتەوەو، لەسەری یەکدەنگ نین!

هەڵبەتـە لـە ڕووی سەنەدیشـەوە، ئـەو ڕیوایەتانـە هیچیـان جێـی متمانـە نیـن، چونکـە هەموویـان بـە مورسـەل دادەنرێـن، واتـە: یەکسـەر ئـەو زانایـەی تابیعیـن پاڵـی دەداتـە لای پێغەمبـەر ﷺ یـان لای هـاوەڵان، یاخـود بـۆ وێنـە: عەبدوڵـڵای کـوڕی عەببـاس (خـوا لـە خـۆی و بابـی ڕازی بـێ) کـە ئـەوە بـۆ چـوونی خۆیـەتی، دەڵـێ: پێغەمبـەر ﷺ پشـتی لـە هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرەکان دەکـرد، کـە ئازاریـان دەداو گاڵتەیـان پـێ دەکـردو بـە درۆیـان دادەنـا، بـەڵام دوای ئـەوەی خـوا فەرمـانی پێکـرد کـە لـە دژیـان بجەنگـێ، ئـەوە نەسـخ بـۆوە! کـە ئـەوەش بۆچـوونی ئـەوە، نەک شـتێک بـێ بڵـێ: پێغەمبـەر ﷺ وای فەرمـووە، هەڵبەتـە دەشـگونجێ سـەنەدەکەشی ڕاسـت نەبـێ و عەبدوڵـڵا شـتی وای نەگوتبـێ.

بڕگەی سێیەم:

ڕا جیایی لەسەر نەسخ کرانەوەی ئایەتەکە:

هەندێک لە زانایانی دیکە گوتوویانە: ئەم ئایەتە موبارەکە نەسخی بەسەردا نەهاتوە، هەروەک ئێمە ڕامان وایە، کە هیچ ئایەتێک لە قورئاندا مەنسووخ نیە بەو واتایەی ئایەتێک هەبێ لە قورئانداو ئێستا کاری پێ نەکرێ، بەڵێ دەگونجێ ئایەتێک هەبێ، حوکمێکی گشتیی تێدابێ و دوای ئەو حوکمە، ئایەتێکی دیکە هاتبێ تایبەتی کردبێ، هەروەها دەگونجێ ئایەتێک هەبێ حوکمێکی ڕەهای تێدابێ و، ئایەتێکی دیکە حوکمەکەی بەنددار (**مقیّد**) کرد بێ و، ئایەتێک هاتبێ حوکمێکی کورت (**مجمل**)ی تێدابێ، ئایەتێکی دیکە یان چەند ئایەتێکی دیکە، هاتبن تەفصیلیان دابێتێ، یاخود دەگونجێ لە بارەی حوکمێکەوە چەند ئایەتێک هاتبن، وەک پلەپلەیی، بەڵام هیچ کەس ناتوانێ ئایەتێک بێنێ بڵێ: فلان ئایەتە لە قورئاندا هەیەو، کاری پێ ناکرێ و، ئێمە تاکو ئێستا کە گەیشتووینەتە کۆتایی جوزئی (٢٥)، ئایەتێکی وامان نەهاتۆتە پێش ناچار بین، بڵێین: ئەو ئایەتە لەگەڵ فلان ئایەتەی دیکەدا تێک دەگیرێ، یان ئەو ئایەتە کاری پێناکرێ، بە هەر حاڵ با تەماشای قسەی چوار لە زانایان بکەین، کە دووانیان دەڵێن: ئەم ئایەتە نەسخ بۆتەوەو، دووانیشیان دەڵێن: نەخێر نەسخ نەبۆتەوە.

١)- یەکێک لەوانەی دەڵێ: ئەم ئایەتە نەسخ بۆتەوەو ڕایەکی وا دێنێ (**القرطبي**)یە[1]، کە دەڵێ: ئەگەر ئەم ئایەتە لە مەککە هاتبێتە خوار، ئەوە نەسخ بۆتەوە، بەڵام ئەگەر لە مەدینە هاتبێتە خوار، نەسخ نەبۆتەوە.

کەواتە: ئەو ئەگەری نەسخ بوونەوەو، نەسخ نەبوونەوە دادەنێ.

٢)- (**الشوكاني**)یش بە (**قیل**)، دەیهێنێ و دەڵێ: (**قِيلَ: الآيَةُ مَنْسُوخَةٌ بِآيَةِ السَّيْفِ**)، گوتراوە: ئەم ئایەتە نەسخ کراوەتەوەو حوکمەکەی لابراوە، بە ئایەتی شمشێر.

---

(١) الجامع لأحكام القرآن، ج٢٥، ص٧.

ئێمە لە سوورەتی **(التوبة)**دا باسمان کردوە، کە وشەی **(سیف)** لە هەموو قورئاندا نەهاتوە، بەس وشەی **(أسلحة)** هاتوە، کە کۆی **(سلاح)**ە، واتە: چەک، بەڵام وشەی **(سیف)** لە قورئاندا نەهاتوە، ئەدی ئایەتی شمشێریان لە کوێ هێنا؟ مەبەستیان پێی ئایەتی ژمارە (٥)ی سوورەتی **(التوبة)**یە، کە ئێمە لە شوێنی خۆی لە سوورەتی **(التوبة)**دا، بە تەفصیل قسەمان لێکردوە، بەڵام ئێستا بەس دەقی ئایەتە دەخوێنینەوەو کورتە مانایەکی دەکەین، بۆ ئەوەی دەربکەوێ، ناگونجێ ئەو ئایەتە نەسخ کرابێتەوە، ئایەتەکە دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَا ٱنسَلَخَ ٱلْأَشْهُرُ ٱلْحُرُمُ فَٱقْتُلُوا۟ ٱلْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ وَخُذُوهُمْ وَٱحْصُرُوهُمْ وَٱقْعُدُوا۟ لَهُمْ كُلَّ مَرْصَدٍ فَإِن تَابُوا۟ وَأَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُا۟ ٱلزَّكَوٰةَ فَخَلُّوا۟ سَبِيلَهُمْ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٥﴾ ﴾، هەموو ئەوانەی دەڵێن: فڵان ئایەتەو، فڵان ئایەتە، بە ئایەتی شمشێر نەسخ بۆتەوە، مەبەستیان لە ئایەتی شمشێر ئەم ئایەتەیە، کە هەندێک لە زانایان گوتوویانە: ئەم ئایەتە سەد (١٠٠) ئایەت، یان (١٥٠) ئایەت، یان (١٦٠) ئایەتی نەسخ کردۆتەوە!! کە لە ڕاستییدا ئایەتی شمشێرمان لە قورئاندا نییە، بەڵام بەداخەوە هەندێ لە زانایان بە هەڵە ئەم ئایەتەیان کردوە بە شمشێرێک و، ملی زۆر ئایەتانیان پێ هەڵبڕیوە، بە ناهەق!! ئایەتەکە دەفەرموێ: ئەگەر مانگە جەنگ تێدا قەدەغە کراوەکان ڕابردن، {واتە: ئەو مانگانەی کە خوا مۆڵەتی داوە لە سەرەتاوەو دەفەرموێ: ﴿ فَسِيحُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ..... ﴿٢﴾ ﴾التوبة، واتە: چوار مانگان بۆتان هەیە، بەزەویدا بڕۆن ئەی ئەوانەی پەیمانتان هەیە لەگەڵ پێغەمبەری خواو لەگەڵ مسوڵمانناندا! ئەی ئەو هاوبەش بۆ خوا دانەرو کافرانەی هاوپەیمانن، بەڵام پابەند نین بە پەیمانەکانتانەوە! ئەوە چوار مانگ مۆڵەت نەک چوار مانگە حەرامەکان، بەڵکو چوار مانگ مۆڵەت، چاو بە خۆتاندا بگێڕنەوە، یان پابەندبن بە جیددیی، یاخود ئیعلان دەکرێ کە پەیمانتان نەماوە، نەک لە پەنای پەیمان هەبووندا زەبر لە مسوڵمانان بدەن، لە پشتەوە خەنجەری غەدر بوەشێنن، کەواتە: ئەم چوار مانگە، ئەو چوار مانگە مۆڵەت

داوەن، ئنجا ئەگەر ئەو چوار مانگە تێپەڕین، کە جەنگیان تێدا قەدەغە کراوە)، ﴿ فَاقْتُلُوا الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ وَخُذُوهُمْ وَاحْصُرُوهُمْ وَاقْعُدُوا لَهُمْ كُلَّ مَرْصَدٍ فَإِن تَابُوا وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ فَخَلُّوا سَبِيلَهُمْ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٥﴾ ﴾ التوبة، هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان بکوژن لە هەر شوێنێک بەر پەلتان کەوتن، بیانگرن و ئابلووقەیان بدەن لە هەموو بۆسەاندا بۆیان دابنیشن، ئنجا ئەگەر پەشێمان بوونەوەو نوێژیان بەرپا کردو زەکاتیان دا (واتە: مسوڵمان بوون) ڕێیان بەردەن، بەدڵنیایی خوا لێبوردەی بەبەزەییە.

ئایا کە دەفەرموێ: ﴿فَاقْتُلُوا الْمُشْرِكِينَ﴾، کە (أل)ی ناساندنی لەسەرە (الْمُشْرِكِينَ)، لێرەدا مەبەستی پێ کۆی موشریکەکانە، یاخود مەبەست هاوبەش بۆ خوادانەرانێکی تایبەتە، واتە: (أل)ەکە بۆ (عهد)ە، واتە: هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان تایبەتەکان؟

بە تەئکید مەبەست پێی هاوبەش بۆ خوا دانەرانێکی تایبەتە، ئەوانەی پەیمانیان هەبووە لەگەڵ پێغەمبەرو لەگەڵ مسوڵماناندا، کە لە سەرەتای سوورەتەکەوە ناویان هاتووە: ﴿ بَرَاءَةٌ مِّنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ إِلَى الَّذِينَ عَاهَدتُّم مِّنَ الْمُشْرِكِينَ ﴿١﴾ ﴾ التوبة، واتە: ئەمە دووریی و حاشاکردنە لە خواو پێغەمبەرەکەیەوە، بۆ ئەو هاوبەش بۆ خوا دانەرانەی پەیمانتان لەگەڵدا بەستوون.

کەواتە: ئەو هاوبەش بۆ خوا دانەرانە، جەنگیان ڕەوایە، دوای ئەو چوار مانگە، کە پەیمانیان هەیە لەگەڵ مسوڵماناندا، بەڵام بە پەیمانەکەیانەوە پابەند نین، چونکە هەر لە سیاقی ئەو ئایەتانە، لە ئایەتی ژمارە (٤)دا، دەفەرموێ: ﴿ إِلَّا الَّذِينَ عَاهَدتُّم مِّنَ الْمُشْرِكِينَ ثُمَّ لَمْ يَنقُصُوكُمْ شَيْئًا وَلَمْ يُظَاهِرُوا عَلَيْكُمْ أَحَدًا فَأَتِمُّوا إِلَيْهِمْ عَهْدَهُمْ إِلَىٰ مُدَّتِهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَّقِينَ ﴿٤﴾ ﴾ التوبة، واتە: جگە لەو هاوبەش بۆ خوا دانەرانەی کە پەیمانتان لەگەڵدا بەستوون، دوایی هیچ کەمیی و کورتییان نەبووە لە پەیمانەکەیانداو، یارمەتیی هیچ دوژمنێکیان نەداوە لە دژی ئێوە،

ئەوانە پەیمانەکەیان تاکو کاتی دیاریکراو لەگەڵ تەواو بکەن، بێگومان خوا پارێزکارانی خۆشدەوێن، واتە: ئەوانەی پەیمان دەپارێزن و، کەسانێکی پابەندن بە پەیمان و بەڵێنەوە.

ئنجا ئەو ئایەتەش بە ناهەق ناوی لێنراوە: ئایەتی شمشێرو وشەی شمشێریشی هەر تێدانیەو، لە ڕاستییدا ئەو ئایەتەش بریتی نیە لە ئیعلانی جەنگ بەرانبەر بە هەرچی کافرو موشریکە، بەڵکو بریتیە لە ئیعلانی جەنگ بەرانبەر بە هاوبەش بۆ خوا دانەرانێک، کە پابەندنین بە پەیمانەکەیانەوەو، لە پەنای هەبوونی بەڵێن و پەیماندا خەنجەری غەدر دەوەشێنن، ئەویش دوای ئەوەی چوار مانگ مۆڵەت دراون، چوار مانگ مۆڵەت دەدرێن، بڕۆن چاو بە خۆدا بگێڕنەوەو بۆ خۆتان هەڵیسەنگێنن، ئایا بەرژەوەندییتان وایە پابەندبن بە بەڵێن و پەیمانەوە، یاخود یەکجاریی ئیعلانی بکەن کە بەڵێن و پەیمانمان پێکەوە نەما؟!

ئنجا با قسەی دوو لە زانایانی دیکەش بێنین، کە ڕایان جیاوازەو پێیان وانیە ئەم ئایەتە مەنسووخ بێ:

٣)- (عبدالرحمن بن ناصر السعدي)، لە تەفسیرەکەی خۆی: **(تيسير الكريم الرحمن في تفسير الكلام المنان)**دا[١]، ئەم ئایەتە موبارەکە دێنێ تەفسیری دەکات و باسی نەسخی تێدا ناکات.

٤)- ئەوەی کە بە بۆچوونی من قسەیەکی زۆر باشی لە بارەوە کردووەو زۆر بەدڵمە (فخرالدين الرازي)یە، کە لە تەفسیرەکەیدا[٢]، دەڵێ: **(وَأَكْثَرُ الْمُفَسِّرِينَ يَقُولُونَ إِنَّهُ مَنْسُوخٌ، وَالأَقْرَبُ أَنْ يُقَالَ: إِنَّهُ مَحْمُولٌ عَلَى تَرْكِ المُنَازَعَةِ فِي المُحَقَّرَاتِ، وَالتَّجَاوزِ عَمَّا يَصْدُرُ عَنْهُمْ مِنَ الكَلِمَاتِ المؤْذِيَةِ وَالأَفْعالِ المُوحِشَةِ)**.

---

(١) ص ٧٧٦.

(٢) مفاتيح الغيب، ج٢٥، ص٢٣٣.

واتـە: زۆربـەی توێـژەرەوان گوتوویانـە، ئـەم ئایەتـە نەسـخ کراوەتـەوە، بـەڵام ئـەوە نزیکـترە، (واتـە: ئـەوە نیزیکـترە لـە ڕاسـتییەوە) کـە بگوتـرێ: مەبەسـت لـەم ئایەتـە ئەوەیـە کـە واز لـە دووبەرەکیـی و ناکۆکیـی و مشـتومڕ لەسـەر شـتی بچـووک بهێـنرێ و، چاوپۆشـیی بکـرێ [لـە هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەر و بێبڕوایـەکان]، لـەوەی لێیانـەوە دەردەچـێ لـە وشـەیەکی بریندارکـەر، یاخـود لـە ڕەفتارێکـی نامـۆو خـراپ.

بڕگەی چوارەم:

ئەگـەر تەماشـای سـیرەو ژیاننامـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ بکەیـن، هـەم لەگـەڵ جوولەکـەکان و، هـەم لەگـەڵ دەغـەڵ و موونافیقـەکان، هـەم لەگـەڵ هاوبـەش بـۆ خـوا دانەرەکانـدا، پێغەمبـەر ﷺ ڕێـک ئـەو ئایەتـە موبارەکـە چـی دەفەرمـوێ، وای ڕەفتـار کـردوە، وەک لـەم دەقـەدا هاتـوە: {عَنْ أُسَامَةَ بْنِ زَيْدٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، فِي هَذِهِ الآيَةِ: وَكَانَ النَّبِيُّ ﷺ وَأَصْحَابُهُ يَعْفُونَ عَنِ الْمُشْرِكِينَ وَأَهْلِ الْكِتَابِ، كَمَا أَمَرَهُمُ اللَّهُ، وَيَصْبِرُونَ عَلَى الأَذَى} (أخرجه البخاري: ٤٥٦٦).

واتـە: ئوسـامەی کـوڕی زەیـد (خـوا لێیـان ڕازی بـێ) لـە ڕوونکردنـەوەی چەمکـی ئـەو ئایەتـەدا گوتوویـەتی: پێغەمبـەری خـوا ﷺ و هـاوەڵانی خـوا لێیـان ڕازی بـێ، چاوپۆشـییان دەکـرد لـە هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرەکان و لـە خـاوەن کتێبەکانیـش، وەک خـوا فەرمـانی پێکـردوون، ئارامگـرو خۆڕاگـر بـوون لەسـەر ئەزیـەت و ئازاریـان، کەواتـە: سـیرەی پێغەمبەریـش ﷺ ڕێـک ئایەتەکـە چ دەفەرمـوێ: ئەویـش هـەر وابـووە.

بڕگەی پێنجەم و کۆتایی:

لێبوردن و چاوپۆشیی بنچینەیەکی گشتییە لە مامەڵەدا:

ئەمە قسەی خۆمە دەڵێم: لێبوردن و چاوپۆشیی لە مامەڵەدا، بنچینەیەکی گشتییەو، ئەم ئایەتە موبارەکەش تەعبیر دەکات، لەو بنچینە گشتییە کە لە هەموو قورئاندا هەیە، تەماشا بکەن:

١- لە سوورەتی (**الزخرف**)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ فَٱصْفَحْ عَنْهُمْ وَقُلْ سَلَٰمٌ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ ﴿٨٩﴾ ﴾، واتە: چاوپۆشییان لێ بکەو ڕوویان لێوەرگێڕەو بڵێ: سەلامتان لێ بێ، یانی: خوا حافیز.

٢- لە سوورەتی (**الفرقان**)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ وَعِبَادُ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى ٱلْأَرْضِ هَوْنًا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ ٱلْجَٰهِلُونَ قَالُوا۟ سَلَٰمًا ﴿٦٣﴾ ﴾.

٣- هەروەها لە سوورەتی (**القصص**)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا سَمِعُوا۟ ٱللَّغْوَ أَعْرَضُوا۟ عَنْهُ وَقَالُوا۟ لَنَآ أَعْمَٰلُنَا وَلَكُمْ أَعْمَٰلُكُمْ سَلَٰمٌ عَلَيْكُمْ لَا نَبْتَغِى ٱلْجَٰهِلِينَ ﴿٥٥﴾ ﴾، مەدحی کەسانێک دەکات و دەفەرموێ: هەرکات گوێبیستی پووچ بوون ڕووی لێ وەردەگێڕن و دەڵێن: کردەوەی خۆتان بۆ خۆتان، سەلامتان لێ بێ، ئێمە نەفامان ناخوازین (کە لەگەڵیان بچینە تەرازوویەوە).

کەواتە: ئەمە بنچینەیەکی گشتییە لە هەموو قورئانداو، پێشتریش لە تەفسیری سوورەتی (**الشورى**)دا، باسمانکرد: ﴿ وَجَزَٰٓؤُا۟ سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِّثْلُهَا فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ فَأَجْرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤٠﴾ ﴾، واتە: سزای خراپەیەک خراپەیەکی وەک خۆیەتی، بەڵام کەسێک چاوپۆشیی بکات و چاکەکاریی بکات، ئەوە پاداشتی لەسەر خوایە، بێگومان ئەو ستەمکارانی خۆشناوێن.

بۆیە باسی مەنسووخ بوونی ئەو ئایەتە، هیچ واتایەکی نیەو، ئەگەر گریمان ئەو ئایەتەش مەنسووخ بێ چەندان ئایەتی دیکە هەن، کە فەرمان دەکەن بە لێبوردن و چاوپۆشیی و بە خۆشخوڵقیی و تەحەممول و صەبر، دەبێ هەموویان

مەنسووخ بن، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێک تەماشای سەراپای ژیانی دەکەی، چ لە مەککەو، چ لە مەدینە، ئەوپەڕی صەبرو ئارامیی و لێبوردن و چاوپۆشیی بە خەرج داوە، چ لەگەڵ خاوەن کتێبەکاندا، کە قسەی نارێکیان کردوە، چ لەگەڵ مونافیقەکاندا، چ لەگەڵ هاوبەش بۆ خوا دانەراندا، چ لەگەڵ ئەعرابییەکاندا، لەگەڵ هەموو خەڵکدا، ئەوە شتێکی ئاشکراو زانراوە، ئنجا ئەو ڕیوایەتانەش کە باسمانکردن، هیچیان سەنەدەکەیان جێی پشت پێ بەستن نیەو، ئەگەر گریمان لە ڕووی سەنەدیشەوە ڕیوایەتێک هەبێ سەنەدەکەیشی ڕاست بێ، بەڵام پێچەوانەی ئاراستەی گشتیی قورئان و، ئەو بنەما گەورە قورئانییە بێ، کە دەیان ئایەت داکۆکییان لەسەر کردوە، کە پێویستە ئەهلی ئیمان چاوپۆشییان هەبێ و، لێبوردنیان هەبێ و بەصەبرو حەوسەڵە بن، لە مامەڵە لەگەڵ غەیری خۆیاندا، ئەگەر گریمان ڕیوایەتێک هەبێ سەنەدەکەشی ڕاست بێ، مادام لەگەڵ ئەو هەموو ئایەتانەو سیرەو ژیانی پێغەمبەری خواو هاوەڵانی دا دژو تێکگیراو بێ، کاری پێناکرێ و گوێی پێنادرێ، دوای ئەوەی لە تێگەیشتنی واتایەکەیدا وردەکاریی تەواو دەکرێ لە لایەن خەڵکی شارەزاو پسپۆڕەوە.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی دووەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان ئایەتەکانی: (١٦ - ٢٦)، واتە: یازدە (١١) ئایەت دەگرێتە خۆی، کە تەوەری سەرەکییان پابەندییە بە وەحیی و پەیام و بەرنامەی خواوە.

سەرەتا لە دوو ئایەتی یەکەم: (١٦ - ١٧)دا، باسی ئەزموونی بەنوو ئیسرائیل کراوە، لە بواری دینداریدا، کە وێڕای ڕێزلێنان و هەڵبژاردنی خوا بۆیان، سەرکەوتوو نەبوون و، دووچاری ناکۆکیی و دووبەرەکیی زۆر بوون، نەک لە ڕووی نەزانییشەوە، بەڵکو لە ڕووی ستەم و سنوورشکێنیی و، حەسوودیی بە یەکدی بردن و، سنووربەزاندنەوە بەرەو لای یەکدی.

دوایی باسی تایبەتکرانی پێغەمبەری خاتەم ﷺ کراوە بە بەرنامەیەکی سەربەخۆوە، لە ئایینی گشتیی خواو، فەرمانی پێکراوە کە پێیەوە پابەندبێ و، شوێن ئارەزووەکانی نەزانان نەکەوێ.

ئنجا پێناسەی دوا پەیامی خوا کراوە، بە بەرچاو ڕوونیی بۆ خەڵک بە گشتیی و، بە ڕێنمایی و بەزەیی بۆ بڕواداران بە تایبەت.

پاشان خراوەتە ڕوو، کە ناگونجێ خراپەکاران و بڕوادارانی چاکەکار، وەک یەک دابنرێن، چ ژیانیان و چ مردنیان، دوایی باسی حیکمەت و ئامانجی دروستکرانی گەردوون کراوە، کە بریتیە لە سزاو پاداشت درانەوەی پڕ بە پێستی مرۆڤەکان، یان یەکێک لە حیکمەتەکان ئەوەیەو، خوا گەردوونی بە هەق هێناوەتە دی.

لە چوار ئایەتی کۆتایی دا، ئایەتەکانی: (٢٣ - ٢٦)، باسی کەسانێکی بێبڕوای ئارەزووی خۆپەرستی، دنیا ویستی، مۆر بەسەر دڵ و گوێوە نراوو، پەردە بەسەر چاو هەڵکشاو، کراوە، کە جگە لە ژیانی دنیا، بڕوایان بە هیچ شتێک نیەو، لە کاتی بەسەردا خوێنرانەوەی ئایەتەکانی خواشدا، تاکە بەڵگەیان بۆ نکوولییکردنیان

لـە قیامـەت، هـەر ئەوەیـە کـە بۆچـی بـاب و باپیرانمـان بـۆ ناهێننـەوە؟! واتـە: لـە گۆڕسـتانەوە بۆمـان بێننـەوە!!

خـواش ﷻ فەرمـان بـە پێغەمبەرەکـەی موحەممـەد ﷺ دەکات، کـە پێیـان بڵـێ: خـوا دەتانژیەنـێ و دەتانمرێنـێ، دواییـش بـۆ ڕۆژی قیامـەت کۆتـان دەکاتـەوە، بـەڵام زۆربـەی خەڵکـی نەزانـن! واتـە: نازانـن کـە خـوا هەمـوو شـتێک دەتوانـێ، یاخـود نازانـن کـە ناگونجـێ ژیـانی دنیـا کۆتـا قۆنـاغ بـێ و، ئـەم قۆناغـەی ژیـان، قۆناغـی دیکـەی بـەدوادا نەیـەن.

﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحُكْمَ وَٱلنُّبُوَّةَ وَرَزَقْنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَفَضَّلْنَٰهُمْ
عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٦﴾ وَءَاتَيْنَٰهُم بَيِّنَٰتٍ مِّنَ ٱلْأَمْرِ ۖ فَمَا ٱخْتَلَفُوٓا۟ إِلَّا مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَهُمُ
ٱلْعِلْمُ بَغْيًۢا بَيْنَهُمْ ۚ إِنَّ رَبَّكَ يَقْضِى بَيْنَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ فِيمَا كَانُوا۟ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴿١٧﴾ ثُمَّ
جَعَلْنَٰكَ عَلَىٰ شَرِيعَةٍ مِّنَ ٱلْأَمْرِ فَٱتَّبِعْهَا وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَ ٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٨﴾ إِنَّهُمْ لَن
يُغْنُوا۟ عَنكَ مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا ۚ وَإِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۖ وَٱللَّهُ وَلِىُّ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿١٩﴾ هَٰذَا
بَصَٰٓئِرُ لِلنَّاسِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ ﴿٢٠﴾ أَمْ حَسِبَ ٱلَّذِينَ ٱجْتَرَحُوا۟ ٱلسَّيِّـَٔاتِ أَن
نَّجْعَلَهُمْ كَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَوَآءً مَّحْيَاهُمْ وَمَمَاتُهُمْ ۚ سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ
﴿٢١﴾ وَخَلَقَ ٱللَّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ وَلِتُجْزَىٰ كُلُّ نَفْسٍۭ بِمَا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا
يُظْلَمُونَ ﴿٢٢﴾ أَفَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ وَأَضَلَّهُ ٱللَّهُ عَلَىٰ عِلْمٍ وَخَتَمَ عَلَىٰ سَمْعِهِۦ وَقَلْبِهِۦ وَجَعَلَ عَلَىٰ
بَصَرِهِۦ غِشَٰوَةً فَمَن يَهْدِيهِ مِنۢ بَعْدِ ٱللَّهِ ۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿٢٣﴾ وَقَالُوا۟ مَا هِىَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنْيَا نَمُوتُ
وَنَحْيَا وَمَا يُهْلِكُنَآ إِلَّا ٱلدَّهْرُ ۚ وَمَا لَهُم بِذَٰلِكَ مِنْ عِلْمٍ ۖ إِنْ هُمْ إِلَّا يَظُنُّونَ ﴿٢٤﴾ وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُنَا
بَيِّنَٰتٍ مَّا كَانَ حُجَّتَهُمْ إِلَّآ أَن قَالُوا۟ ٱئْتُوا۟ بِـَٔابَآئِنَآ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٢٥﴾ قُلِ ٱللَّهُ يُحْيِيكُمْ ثُمَّ
يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يَجْمَعُكُمْ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ لَا رَيْبَ فِيهِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٢٦﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{(هەروەها) بە دڵنیاییەوە کتێب و حیکمەت و پێغەمبەرایەتییمان بە وەچەی ئیسرائیل (یەعقووب) دابوو و، لە بژێوە پاک و چاکەکانمان پێدابوون و، بەسەر جیهانییان (ی ڕۆژگاری خۆیان)دا هەڵمانبژاردبوون (١٦) لە بارەی کاروبار یـ(دینداریی)شیانەوە، بەڵگە ڕۆشنەکانمان دابوونێ (کە چی لە نێو خۆیاندا ناکۆک بوون و) تەنیا دوای ئەوەی زانیارییشیان بۆ هات بە هۆی دەستدرێژیی و ستەمەوە، لە نێو خۆیاندا ناکۆک بوون، بێگومان پەروەردگارت لە ڕۆژی قیامەتدا، لە بارەی ئەوەوە کە تێیدا کەوتبوونە ناکۆکییەوە دادوەرییان لە نێواندا دەکات (١٧) دوایی (ئەی موحەممەد!) تۆمان خستە سەر بەرنامەیەک لە کاروبار (ی ئایین)، دەجا شوێنی بکەوەو، بە دوای ئارەزووەکانی ئەوانە مەکەوە کە نازانن (١٨) بە دڵنیایی ئەوان لە بەرانبەر (سزای) خوادا، هیچ سوودێکت پێناگەیەنن و، بێگومان ستەمکارانیش هەندێکیان دۆست و پشتیوانی هەندێکیانن و، خواش سەرپەرشتیاری پارێزکارانە (١٩) ئەم (قورئان)ە بۆ خەڵکی کۆ بەرچاوڕوونییەو، بۆ کۆمەڵێکیش کە دڵنیابن (لە بڕوایاندا) ڕێنمایی و بەزەییە (٢٠) یان ئایا ئەوانەی (کردەوە) خراپەکان ئەنجام دەدەن، پێیان وایە: وەک ئەوانەیان دادەنێین کە بڕوایان هێناوەو (کارە) باشەکانیان کردوون، لە ژیان و مردنیاندا یەکسانن؟ خراپترین دادوەریی دەکەن (بەو جۆرە قسانەیان) (٢١) هەروەها خوا ئاسمانەکان و زەوی بە هەق هێناونە دی و، تاکو هەر کەسەش بەپێی ئەوەی وەدەستی هێناوە، سزاو پاداشت بدرێتەوەو، ئەوان (لە سزاو پاداشت درانەوەدا) ستەمیشیان لێ ناکرێ (٢٢) ئایا ئەو کەسەت دیوە کە ئارەزووی خۆی کردۆتە پەرستراوی و، خوا بەزانیارییەوە گومڕای کردووەو، مۆری بەسەر بیستن و دڵیەوە ناوەو، پەردەی بەسەر چاوی هەڵکێشاوە، ئنجا ئایا کێ دوای خوا ڕاستە ڕێی دەکات؟ ئایا (هەق

و ڕاستیی) بیرتان ناکەوێتەوەو پەند وەرناگرن؟ ﴿٢٣﴾ هەروەها (بێبڕوایان) گوتیان: ژیان تەنیا ژیانی دنیامانە، (هەندێکمان) دەمرین و (هەندێکیشمان) دەژین و، تەنیا ڕۆژگار لە بەینمان دەبات! هیچ جۆرە زانیارییەکیشیان لەوبارەیەوە نیە، ئەوان (لەو قسانەیاندا) بەس گومان دەبەن و، بە گۆترە قسە دەکەن ﴿٢٤﴾ هەر کات ئایەتە ڕۆشنەکانیشمانیان بەسەردا بخوێنرێنەوە، بەڵگەیان (لەسەر زیندوو نەکرانەوەیان) بەس ئەوەیە کە دەڵێن: ئەگەر ئێوە لە ڕاستانن (کە قیامەت هەیە) باب و باپیرانمان بێنن (با ئێستا زیندووببنەوە!) ﴿٢٥﴾ بڵێ: خوا دەتانژیەنێ، دوایی دەتانمرێنێ، دوایی بەرەو لای (گۆڕەپانی) ڕۆژی هەڵسانەوە (کە دوو دڵیی تێدانیە) کۆتان دەکاتەوە، بەڵام زۆربەی خەڵکی نازانن (کە ئەو ڕۆژە مەزنە چاوەڕێیانە بۆیە خۆی بۆ ئامادە ناکەن) ﴿٢٦﴾].

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(وَٱلْحُكْمَ): لێرەدا بە مانای حیکمەتە، وەک لە سوورەتی (**مریم**)دا، خوا کە باسی یەحیا ﷺ دەکات، دەفەرمووێ: ﴿يَٰيَحْيَىٰ خُذِ ٱلْكِتَٰبَ بِقُوَّةٍ وَءَاتَيْنَٰهُ ٱلْحُكْمَ صَبِيًّا ﴿١٢﴾﴾، واتە: ئەی یەحیا بە توندیی کتێبەکە بگرەوە، هەر بە منداڵیی حیکمەتمان پێدابوو، کە مەبەستی لە (حکم) حوکمڕانیی نیە، چونکە حوکم لە قورئاندا بە زۆریی بە مانای دادوەریی دێ و، بە مانای حیکمەتیش دێ، هەروەک جاری وایە بە مانای حوکمڕانییش و بە مانای دیاریکردنی حەلاڵ و حەرام و بەرنامە دانانیش، دێ.

(**الحِكْمَةُ: إصَابَةُ الحَقِّ بالعِلْمِ وَالعَمَلِ**)، (**حِكْمَة**): بریتیە لە پێکانی هەق لە ڕووی زانیاریی و لە ڕووی کردەوەوە، واتە: مرۆڤ هەم لە ڕووی تیۆریی و زانینەوە، هەق بپێکێ، هەم لە کردەوەکەشی بەپێی هەق بێ و پڕ بە پێست و ڕاست بێ.

(والحِكْمَـةُ: إتْقَـانُ الأمُـورِ)، **(حِكْمَـة)**: بـە کارامەیـی و ئەنجامـدانی کارەکان بەوردەکارییـش، مانـا کـراوە.

(الحِكْمَـةُ: مَعْرِفَـةُ الموجُـودَاتِ وَفِعْـلُ الخَـيْرَات)، **(حِكْمَـة)**: بـە زانینـی شـتەکان و ئەنجامـدانی چاکەکانیـش، مانـا کـراوە.

وەک پێشـتر گوتمـان: **(حُکْـم)**، لـەم سـیاقەدا، نـا، بـەڵام لـە قورئانـدا بـە مانـای قـەزاو دادوەرییـش هاتـوە، هەروەهـا بـە مانـای حوکمڕانیـی و باڵادەسـتییش هاتـوەو، بـە مانـای دیارییکـردنی حـەڵاڵ و حەرامیـش هاتـوە.

(بَغۡيَۢا بَيۡنَهُمۡۚ): واتـە: لـە ڕووی ستەمەوە لـە نێـو خۆیانـدا **(البَغِـيُ: التَّعَـدِّي)**، سـنوور شـکاندن، **(وَكُلُّ مُجَاوَزَة وَإفْـرَاط عَـلَى المقْـدَارِ الَّـذِي هُـوَ حَـدّ الـشَّيء، هُـوَ بَغِـي)**[1]، هـەر سـنوور بەزاندنێـک و هـەر تێپەڕاندنێـک لـەو ئەندازەیـەی کـە سـنووری شـتێکە، ئـەوە پێـی دەگوتـرێ: **(بَغـي)**.

(شَرِيعَةٖ): **(الشَّرِيْعَـةُ: مَشْرَعَـةُ المَـاءِ، وَهِـيَ مَـورِدُ الشَّـارِبَة، وَمَـا شَرَعَ اللهُ لِعِبَادِهِ مِـنَ الدِّيْـن)**، شـەریعەت لـە ئەصڵـدا بـەو ڕێیـە دەگوتـرێ، کـە خەڵـک لێیـەوە دەچـێ بـۆ هێنانـی ئـاو، **(وَهِـيَ مـورِد الشَّـارِبَة)**، ئـەو شـوێنەیەو ئـەو ڕێیەیـە کـە ئـاو خـۆرەوەکان دەچـن، ئـاوی لـێ دێنـن، دوایـی وشـەی **(شَرِيْعَـة)**، خوازراوەتـەوە بـۆ: **(مَـا شَرَعَ اللهُ لِعِبَادِهِ مِـنَ الدِّيـن)**، ئـەوەی خـوا لـە ئاییـن بـۆ مرۆڤـەکانی کردووەتـە بەرنامـە، دەگوتـرێ: **(شَرَعَ وَشَرَّعَ، شَرَّعَ يُـشَرِّعُ تَشْرِيْعَـاً، وَشَرَعَ يَـشْرَعُ شَرْعَـاً)**.

(مِّنَ ٱلۡأَمۡرِۖ): واتـە: لـە ئایینـی گشـتیی، لـە کاروبـاری ئاییـن **(الأَمْـرُ: الشَّـأْنُ، وَجَمْعُـهُ أُمـور، وَمَصْـدَر أَمَرْتُـهُ إذَا كَلَّفْتَـهُ أَنْ يَفْعَـلَ شَـيْئَاً، وَهُـوَ لَفْـظ عَـامٍ للأَقْـوَالِ وَالأَفْعَـال)**، وشـەی **(أمـر)**: بـە مانـای پێگـە **(شـأن)**و حـاڵ دێ، کـە بـە **(أمـور)** کۆدەکرێتـەوە، هەروەهـا **(أمـر)**، دەگونجـێ چاوگـی **(أَمَرْتُـهُ)** بـێ، ئەگـەر کەسـێک کارێکـی پـێ

---

(١) مختار الصحاح كلمة : بغي.

بسـپێررێ دەڵـێ: (أَمَرْتُـهُ بأَمْـرٍ، أَمَرْتَـهُ أَمْـرَاً)، وشـەی (أَمْـر): بێژەیەکـی گشـتییە بـۆ قسـان و بـۆ کـردەوان.

(بَصَٰٓئِرُ): (جَمْـعُ بَصِـيرَة: وَهُـوَ المَعْرِفَـةُ وَالتَّحَقُّـق)، (بَصِـيْرَة): بریتیـە لـە ناسـین و سـاغکردنەوەی شـتێک، (بَصِـيرَة: أَن تُبْـصِرَ الـشَّيْءَ فَتَشْـهَدَ عَلَيْـهِ)، (بَصِـيْرَة): بـەوەش دەگوتـرێ کـە شـتێک ببینـی و شـایەدیی لەسـەر بـدەی، لـە ئەصڵـدا (بَصِـيْرَة) بـە مانـای (مُبْـصِرة) دێ، واتـە: پێبینـەر، جـاری واش هەیـە، بـە مانـای عیبـرەت دێ، کـە بـە هـۆی ئـەو عیبرەتـەوە خەڵـک لـە شـت تێـدەگات و شـت دەبینـێ.

مـن (بصائـر)م، بـە (کـۆ بەرچـاو ڕوونیـی) لێکداوەتـەوە، چونکـە (بَصِـيْرَة)، بـە مانـای بەرچـاو ڕوونییـش دێ، (بَصَائِر)یـش کۆیەکەیەتـی.

(ٱجۡتَرَحُواْ): (الإِجْـتِرَاحُ: إِكْتِسَـابُ الإِثْـمِ)، (إِجْـتِرَاح): بریتیـە لـە وەدەسـتهێنانی گونـاح، واتـە: ئەنجامـدانی گونـاح.

(إِلَٰهَهُۥ): (إِله):

یان لە:

١- (أَلَه يَأْلَهُ إِلَهَة)ەوە هاتوە، (أي: عَبَدَ يَعْبُد عِبَادَةً)، پەرستی، دەیپەرستێ، پەرستن.

٢- یان لە (أَلِه)ەوە هاتوە، (أَلِه: أي تَحَيَّر)، واتە: سەرسام بوو، لەبەر ئەوەی خوا خەڵک لە ناسینی دا، سەرسام دەبێ.

٣- یاخود لە (لاه يَلُوهُ لِيَاهَاً)ەوە، هاتوە، (أَي: احْتَجَبَ يَحْتَجِبُ إِحْتِجَابَاً)، لەبەر ئەوەی خوا پەنهانە.

٤- یاخود وەرگیراوەو داتاشراوە لە: (وِلاهُ و وَالِه: أَي: مُشْتَاق)، لەبەر ئەوەی خوا دڵەکان بۆی تامەزرۆن و عەوداڵن، واتە: دەگونجێ لە یەکێک لەو چوار ڕیشانەوە وشەی (إله) هاتبێ.

(هَوَىٰهُ): (الهَـوَى: مَيْـلُ النَّفْـسِ إلى الشَّـهْوَةِ، وَالهَـوِيُّ: السُّـقُوطُ مِـنْ عُلـوٍ إلى سُـفْلٍ)، (هَـوَى): بریتیـە لـە لادانی نەفـس بـەرەو لای ئـارەزوو، یـان چـوونی نەفـس بـەرەو ئـارەزوو، (هـوِيّ): بـە مانـای بەرزبوونـەوەو کەوتنـە لـە سـەرەوە بـۆ خـوار، ئنجـا لەبـەر ئـەوەی شـوێن کەوتنـی ئـارەزوو، مـرۆڤ لەسـەرێوە دێنـێ بـۆ خـوارێ، بۆیـە نـاوی لێنراوە: (هَـوَى)، (وَمَـنِ تُبَـعَ الهَـوَى هَـوَى)، هـەر کەسـێ شـوێن ئـارەزوو بکـەوێ دەکـەوێ، (هـوى)، یـانی: (سَـقَطَ) کـەوت.

(وَخَتَمَ عَلَىٰ سَمْعِهِۦ): واتـە: خـوا مـۆری بەسـەر گوێیـەوە نـاوە، (الخَتْـمُ: الطَّبْـعُ، وَهُـوَ تَأْثِيرُ الـشَّيءِ كَنَقْـشِ الخَاتِـم وَالطَّابِـع)، (ختـم): بـە مانـای (طَبْـع) دێ، ئەویـش بریتیە لە شـوێنەواری شـتێک، وەک نەخشـی ئەنگوسـتیلە، یاخـود مـۆر کـە بەسـەر شـتێکیەوە دەنێـی، (والأَثَـرُ الحَاصِـلُ عَـنِ النَّقْـشِ)، ئـەو شـوێنەوارەی کـە بەهـۆی نەخشـێکەوە پەیـدا دەبـێ، پێـی دەگوتـرێ: (ختـم)، یـان (طبـع).

(غِشَٰوَةً): (الغِشَـاوَةُ: مَـا يُغَطَّـى بِـهِ الـشَّيء)، (غِشَـاوة)، پـەردە، هـەر شـتێک کـە شـتێکی پـێ دادەپـۆشرێ.

(ٱلدَّهْرُ): (اسْـم لِـمُدَّةِ العَالَـمِ مِـنْ مُبـدأ وُجُـودِهِ إلى انْقضَائِـهِ، ثُمَّ يُعَبَّر بـهِ عَـنْ كُلِّ مُـدَّة كَثيرَةٍ، وَهُـوَ خِلَافِ الزَّمَـانِ الَّـذِي يَقَـعَ على الـمُدَّةِ القَلِيْلَـةِ وَالكَثِيرَةِ، وَدَهْـرُ الفُـلَانِ: مُـدَّةُ حَيَاتِـهِ)، وشـەی (ٱلدَّهْرُ): نـاوە بـۆ مـاوەی بـەردەوام بـوونی جیهـان لـە سـەرەتای پەیـدا بوونیـەوە، تاکـو کۆتایـی هاتنـی، دوایـی تەعبیـری پـێ دەکـرێ لـە هـەر ماوەیـەک زۆر کـە زۆربـێ، بۆیـە وشـەی (ٱلدَّهْرُ)، بەپێچەوانـەی (زمـان)ە، (زمـان)، بـۆ مـاوەی کـەم و زۆر بـەکاردێ، بـەڵام (ٱلدَّهْرُ) بـۆ مـاوەی زۆر بـەکاردێ و، دەگوتـرێ: (دهـر فـلان، أي: مـدة حياتـه)، مـاوەی ژیانەکـەی تەمەنەکـەی، پێـی دەگوتـرێ: (دهـر فـلان)، واتـە: ڕۆژگاری فـڵان، یاخـود تەمـەنی فڵانکـەس.

هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکان

دەربارەی هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە موبارەکەی، دەفەرموێ: ﴿أَفَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَـٰهَهُۥ هَوَىٰهُ وَأَضَلَّهُ ٱللَّهُ عَلَىٰ عِلْمٍ وَخَتَمَ عَلَىٰ سَمْعِهِۦ وَقَلْبِهِۦ وَجَعَلَ عَلَىٰ بَصَرِهِۦ غِشَـٰوَةً فَمَن يَهْدِيهِ مِنۢ بَعْدِ ٱللَّهِ ۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿٢٣﴾﴾، ئەم گێردراوەیە هاتوە:

{عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا: فِي هَذِهِ الآيَةِ: ﴿أَفَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَـٰهَهُۥ هَوَىٰهُ ﴿٢٣﴾﴾ الجاثية، قَالَ: كَانَ أَحَدُهُمْ يَعْبُدُ الحَجَرَ، فَإِذَا رَأَى مَا هُوَ أَحْسَنُ مِنْهُ، رَمَى بِهِ وَعَبَدَ الآخَرَ} **(أخرجهُ النسائي في تفسيره: (٥٠٥)، والحاكم في المستدرك، ج٢، ص٤٥٢، ٤٥٣، والسيوطي في الدر المنثور، ج٧، ص٤٢٦)**[1].

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لێیان ڕازی بێ)، دەربارەی ئەم ئایەتە: ﴿أَفَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَـٰهَهُۥ هَوَىٰهُ ﴿٢٣﴾﴾ الجاثية، دەڵێ: یەکێکیان، (واتە: یەکێک لە هاوبەش بۆ خوا دانەرو بتپەرستەکان)، بەردێکی دەپەرست، ئەگەر بەردێکی بینیبایە لەو جوانتر، ئەوەی پێشێی فڕێ دەداو ئەوەی دوایی دەپەرست، خوا ﷻ بەو بۆنەوە ئەوەی دابەزاند.

هەڵبەتە ئەو ئایەتە موبارەکە ئەوەی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لێیان ڕازی بێ)، گێڕاویەتەوە، دەیگرێتەوە، شتی دیکەش دەگرێتەوە، بەڵام مەبەستی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لێیان ڕازی بێ)، ئەوە بووە ئەو ئایەتە موبارەکە، ئەو جۆرە ڕەفتارەی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان دەگرێتەوە، بەڵام ئەوە کە تایبەت بەوە هاتبێتە خوار، پێویستیی بە بەڵگە هەیە، کە نیە.

کەواتە: دەبێ وریابین لە هۆی هاتنە خوارەوەکاندا، جاری وا هەیە هاوەڵان (خوا لێیان ڕازی بێ)، چەمک و واتای ئایەتێک کە شتێک دەگرێتەوە، گوتوویانە:

---

(١) الإستيعاب في بيان الأسباب: ج٣، ص٢٠٤، قال المؤلفا: إسناده حسن.

لەوبارەوە هاتۆتە خوار کە مەرج نیە، تەنیا لەم بارەوە بووبێ، بەڵام چەمک و واتای ئەو ئایەتە، ئەو ڕووداوە، یان ئەو قسەیە، یان ئەو بەسەرهاتەش دەگرێتەوە.

مانای گشتیی ئایەتەکان

ئەو یازدە (١١)، ئایەتە موبارەکە، پێنج بابەتیان گرتوونە خۆیان:

١- ئایەتی (١٦و ١٧)، باسی گەلی جوولەکەو ئەزموونی دینداریيان دەکات، کە دوایی چۆن تێیدا شکست خواردوو بوون، بۆیە دەبێ پەندیان لێوەربگیرێ.

٢- بابەتێکی دیکو کە ئایەتەکانی: (١٨و ١٩و ٢٠)، دەیگرنە خۆیان، باسی شەریعەت و بەرنامەی سەربەخۆیە، کە خوا بۆ پێغەمبەری کۆتایی موحەممەد ﷺ و ئوممەتەکەی ناردوە.

٣- یەکسان نەبوونی خراپەکارو چاکەکاران، چ لە ڕووی ژیان، چ لە ڕووی مردنیانەوە، ئایەتی ژمارە (٢١)، گرتوویەتە خۆی.

٤- گەردوون بە هەق دروستکراوەو، بۆ ئەوەی هەر کەسە بە پێی کردەوەکەی خۆی سزاو پاداشت وەربگرێتەوە، ئەمیش ئایەتی ژمارە (٢٢)، گرتوویەتە خۆی.

٥- بابەتی پێنجەم کە ئایەتەکانی: (٢٣ - ٢٦)، گرتوویانە خۆیان، ئارەزووپەرستانی ڕۆژگار پەرست، کە لەبەر شوێنکەوتنی ئارەزوو، لەبەر زۆر ڕووکردنە دنیاو، دنیا لە باوەشگرتن، هەستەوەرەکانی خۆیان لە کارخستوون، نە عەقڵیان وەک پێویست شتەکان دەرک دەکات، نە گوێیان هەق دەبیستێ، نە چاویان هەق دەبینێ و، هەر ئەوەش پاڵنەرو هاندەریانە بۆ نکووڵییکردن لە هاتنی ڕۆژی دوایی و قیامەت، وەک خوا ﷻ لە سوورەتی **(القيامة)**دا، دەفەرموێ: ﴿ بَلْ يُرِيدُ ٱلْإِنسَٰنُ لِيَفْجُرَ أَمَامَهُۥ ۝٥ يَسْـَٔلُ أَيَّانَ يَوْمُ ٱلْقِيَٰمَةِ ۝٦ ﴾، مرۆڤ (واتە: مرۆڤی بێبڕوا) دەیەوێ هەر بە گوناهو تاوان بیداتە بەر، بۆیە دەپرسێ: ڕۆژی قیامەت کەنگێیە؟!.

کەسێک بیەوێ لە دنیادا شوێن ئارەزووەکانی بکەوێ، نکوولیی دەکات لە قیامەت، بۆ ئەو وا باشە قیامەت هەر نەبێ، کە مرد هەمەوو شت کۆتایی پێ بێ، نەک لەسەر شوێنکەوتنی ئارەزووەکانی سزا بدرێ، بۆیە ئەوانەی چاویان لە گوناهو تاوان و خراپەکارییە، حەز دەکەن قیامەت و ڕۆژی سزاو پاداشت و لێپرسینەوە نەبێ.

دوای ئاماژەکردن بە پێنج بابەتە سەرەکییەکەی ئەم یازدە (١١) ئایەتە، ئنجا با سەرنجێکی گشتییان لێ بدەین:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحُكْمَ وَٱلنُّبُوَّةَ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە بە وەچەی ئیسرائیلمان دابوو، کتێب و حیکمەت و پێغەمبەرایەتیی، یاخود حوکم واتە: حوکمڕانیی و دادوەرییکردن و، پێغەمبەرایەتییشمان پێدابوون، ﴿ وَرَزَقْنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ ﴾، لە شتە خۆش و بە تامەکان، یاخود: لە پێداویستییە چاک و پەسەندەکانیش، بەشمان دابوون، بژیومان دابوون، کە مەرج نیە (ٱلطَّيِّبَٰتِ) تەنیا بە مانای خواردن و خواردنەوە بێ، بەڵکو: بەرگ و پۆشاک دەگرێتەوە، کەل و پەل دەگرێتەوە، ماڵ و سامان دەگرێتەوە، خانوو بەرەی چاک دەگرێتەوە، هەمووی دەگرێتەوە، ﴿ وَفَضَّلْنَٰهُمْ عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾، بەسەر جیهانییانـدا، (جیهانییانی ڕۆژگاری خۆیانـدا) هەڵمانبژاردبوون، لەگەڵ ئەو هەموو کەم و کوڕییانەش کە گەلی جوولەکە هەیانبوون، بەڵام هەر چۆن بێ، باشترین خەڵکی ڕۆژگاری خۆیان بوون.

کەواتە: ئەی مسوڵمانینە؟ ئێوە تەماشای گەلی جوولەکە بکەن، کە خوا ﷻ لە پێش ئێوەدا کتێبی پێدابوون، هەم تەورات، هەم ئینجیل، هەم زەبوور، لە پەیمانی کۆندا باسی کۆمەڵێک کتێبی دیکەش دەکات، کە ئێمە ناتوانین بڵێین: ئەوان، نەوانین، ئەوەی لە قورئاندا باسکراوە: تەورات بە مووسا دراوەو، زەبوور بە داوود دراوەو، ئینجیل بە عیسا دراوە، (صەڵات و سەلامی خوا لەسەر هەر

سێکیان بێ)، بەڵام دانیال و حیسقیال و ئەوانی دیکە، کە ناویان هاتوە، ئایا ڕاستە ئەوانیش کتێبیان بوو بێ؟ بۆ ئێمە دیار نیە، ڕەنگە وابێ و ڕەنگە واش نەبێ، گرنگ ئەوەیە خوا دەفەرموێ: کتێبمان پێدابوون و حوکمیشمان پێدا بوون، حوکم دەگونجێ بە مانای حیکمەت بێ، واتە: دوای ئەوەی کتێبمان پێدابوون کە بەرنامە فیکریی و تیۆرییەکەی تێدایە، حیکمەتیشمان پێدابوون، شارەزامان کردبوون ئەو کتێبە چۆن پراکتیزە بکەن و جێبەجێی بکەن، وەک چۆن ئێمە دەڵێین: قورئانمان هەیەو ڕێبازی پێغەمبەریشمان هەیە، ڕێبازی پێغەمبەریش ﷺ بریتیە لە چۆنیەتیی پیادەکردن و بەرجەستە کردنی قورئان لەسەر ئەرزی واقیع.

پێغەمبەرایەتییشمان پێدابوون و، لە بژیوە پەسندو چاکەکانیش، چ خواردن و خۆراک، چ بەرگ و پۆشاک، چ خانووبەرەو، چ کەل و پەل، چ پێداویستییەکان، ئەوانەشمان پێدابوون و، بەسەر جیهانییانیشدا بەرزمانکردبوونەوە، جیهانییانی ڕۆژگاری خۆیان، ﴿ وَءَاتَيْنَـٰهُم بَيِّنَـٰتٍ مِّنَ ٱلْأَمْرِ ﴾، بەڵگە ڕۆشنەکانمان لە کاروباردا پێدابوون واتە: کاروباری دینداریان و کاروباری دنیادارییان، بەرچاومان ڕۆشن کردبوونەوە، بەهۆی ئەو کتێب و حیکمەت و پێغەمبەرایەتییەوە، ﴿ فَمَا ٱخْتَلَفُوٓا۟ إِلَّا مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلْعِلْمُ بَغْيًۢا بَيْنَهُمْ ﴾، ناکۆک و ڕاجیا نەبوون، مەگەر دوای ئەوەی زانیارییان بۆ هات، بە هۆی ستەم و دەستدرێژیی نێوخۆیانەوە، واتە: ناکۆکییەکەیان پەیدابوو لە دەستدرێژیی و سنوور شکێنیی نێو خۆیان، لە ئەنجامی ئەوەدا کە چاویان لەوە بوو، خۆیان بەسەر یەکدیدا بسەپێنن و فەرز بکەن، دەستدرێژیی بۆ سەریەک بکەن، ستەم لە یەکدی بکەن، لە ئەنجامی ئەوەدا ناکۆکییان پەیدابوو، ناکۆکییەکەیان بە هۆی نەزانییەوە نەبوو، بەڵکو بەرچاویان ڕوونکرابوو، دەیانزانی هەق و ناهەق چۆنە، عەقڵیان زانیاریی ڕاستی تێدابوو، بەڵام دڵ و دەروونیان نیەتی باش و، ئامانجی باش و، مەبەستی باشی تێدانەبوو، خەلەل و کەم و کورییەکە لە عەقڵیانەوە نەبوو، کە نەزانن، بەڵکو لە دڵیانەوە بوو، کە شەیتان زەفەری پێبردبوون و، نیازو مەبەستی خراپ چوو بووە

دڵیانەوە، حەسوودیی بە یەکدی بردن، ستەم لە یەکدی کردن، خۆ سەپاندن و دەستدرێژیی کردن بۆ سەر یەکدی، وشەی (بغي)، هەموو ئەوانە دەگرێتەوە، وەک پێشتریش باسمانکرد.

﴿إِنَّ رَبَّكَ يَقْضِي بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾، بەدڵنیایی پەروەردگارت لە ڕۆژی قیامەتدا دادوەرییان لە نێواندا دەکات، ﴿فِيمَا كَانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴿١٧﴾﴾، لەوەدا کە تێیدا کەوتوونە کێشەو دووبەرەکییەوە، پەروەردگارت دادوەرییان لە نێواندا دەکات، کێ لەسەر هەقەو کێ لەسەر ناهەق بووە؟ کە دادوەرییان لە نێواندا دەکات، دیارە سزای ئەوانەش دەدات، کە چاویان لە ستەم و خراپەکاریی بووە.

دوای ئەوان، ئنجا دێتە سەر باسی شەریعەت و بەرنامەی تایبەت و سەربەخۆ پێدانی پێغەمبەری خاتەم ﷺ، دەفەرموێ: ﴿ثُمَّ﴾، واتە: لە دوای ئەزموونی خاوەن کتێبەکان، بە تایبەت دوای ئەزموونی جوولەکەکان، ﴿جَعَلْنَاكَ عَلَىٰ شَرِيعَةٍ مِّنَ الْأَمْرِ﴾، تۆمان دانا لەسەر بەرنامەیەک لە کاروبار، یاخود لە ئایینی گشتیی خۆمان، بەرنامەیەکی تایبەت و سەربەخۆمان بە تۆدا، ﴿فَاتَّبِعْهَا﴾، دەجا شوێنی بکەوە، ﴿وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٨﴾﴾، شوێن ئارەزووی ئەوانە مەکەوە کە نازانن، ئەوانەی نازانن کێن؟ چ هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان بن، کەوا پێدەچێ زیاتر مەبەست پێی ئەوان بێ، چونکە ئەوان هیچ جۆرە شارەزایی و زانیارییەکیان نەبووە، بەڵام خوای پەروەردگار بە نسبەت جوولەکەکان و خاوەن کتێبەکانەوە دەفەرموێ: (مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْعِلْمُ)، بە دوای ئارەزووی ئەوانە مەکەوە کە نازانن، ئنجا چ بتپەرستەکان بن، چ هەر کەسێکی دیکە بێ، چونکە زانایان گوتوویانە: (كُلُّ مَنْ عَصَى اللهَ، فَهُوَ جَاهِلٌ)، هەر کەسێ سەرپێچیی خوا بکات، نەزانە، ﴿إِنَّهُمْ لَن يُغْنُوا عَنكَ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا﴾، بە دڵنیایی ئەوان لەلایەن خواوە، هیچ سوودێکت پێ ناگەیەنن، واتە: لە بەرانبەر سزای خوادا، هیچ سوودێکت پێ ناگەیەنن، کە سزای خوات لێ دوور بخەنەوە، یاخود هیچ سوودێکت پێ ناگەیەنن، کە بۆ تۆ ببنە جێدارو بەدیلی خوا ﷻ، ﴿وَإِنَّ الظَّالِمِينَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ﴾، بە دڵنیایی

ستەمکارانیش، هەندێکیان دۆست و پشتیوان و سەرپەرشتیاری هەندێکیانن، ﴿ وَٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلْمُتَّقِينَ ﴾، خواش سەرپەرشتیارو دۆستی پارێزکارانە.

کەواتە: مەکەوە ژێر کاریگەرییان، ئەوانە دۆست و پشتیوانی تۆ نین، دڵسۆزی تۆ نین، دڵسۆزو سەرپەرشتیارو دۆست و نیزیکی تۆ، تەنیا خوایە، بەس ئەویش سەرپەرشتیاری پارێزکارانە.

﴿ هَٰذَا بَصَٰٓئِرُ لِلنَّاسِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ ﴾، ئەمە، ئەم قورئانە، یان ئەوەی کە باسکرا، کۆ بەرچاو ڕوونییە بۆ خەڵک بە گشتیی و، ڕێنمایی و بەزەییشە بۆ کۆمەڵێک کە دڵنیابن، دڵنیابن لە ئیمان و بڕوا هێنانیانداو، دڵنیابن لە ڕاستیی و تێرو تەواویی پەیامی خوادا.

ئنجا خوا ﷻ دێتە سەر بابەتی سێیەم، کە بریتیە لە یەکسان نەبوونی چاکەکاران و خراپەکاران و دەفەرموێ: ﴿ أَمْ حَسِبَ ٱلَّذِينَ ٱجْتَرَحُوا۟ ٱلسَّيِّـَٔاتِ أَن نَّجْعَلَهُمْ كَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَوَآءً مَّحْيَاهُمْ وَمَمَاتُهُمْ ۚ سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ ﴾، یان ئایا ئەوانەی خراپەکانیان ئەنجام داون، پێیان وایەو خەیاڵیان وایە، وەک ئەوانەیان دابنێین، وەک ئەوانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین کە بڕوایان هێناوەو کردەوە باشەکانیان ئەنجام داون، کە ژیان و مردنیان یەکسان بێ و وەک یەک بن؟ (سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ)، ئەوە خراپترین دادوەرییە دەیکەن و، خراپترین بڕیارە دەیدەن، چۆن پاک و پیس، ڕاست و چەوت، بڕوادارو بێبڕوا، وەک یەک دەبن؟

ئنجا نۆرەی بابەتی چوارەمە: ﴿ وَخَلَقَ ٱللَّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ ﴾، خوا ئاسمانەکان و زەوی بە هەق هێناونە دی، واتە: بەحیکمەت و بە ئامانجەوە و بۆ چەسپاندنی هەق، ﴿ وَلِتُجْزَىٰ كُلُّ نَفْسٍۭ بِمَا كَسَبَتْ ﴾، بۆ ئەوەی هەر کەسێک بەپێی ئەوەی کردوویەتی سزا، یاخود پاداشت بدرێتەوە، ﴿ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴾، ئەوانیش ستەمیان لێ ناکرێ، ستەمیان لێ ناکرێ، کە لە پاداشتیان کەم بکرێتەوە، یاخود لە سزایان زیاد بکرێ.

ئنجا دێتە سەر بابەتی پێنجەم و کۆتایی: ﴿ أَفَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ وَأَضَلَّهُ ٱللَّهُ عَلَىٰ عِلْمٍ ﴾، ئایا ئەو کەسەت بینیوە یان هەواڵم پێ بدە، لە بارەی ئەو کەسەوە کە ئارەزووی خۆی کردۆتە پەرستراوی خۆی، پەرستراوەکەی بریتیە لە ئارەزووی خۆی و، خواش بە زانیارییەوە گومڕای کردوە، واتە: خوا دەزانێ شایستەی گومڕاییەو گومڕای کردوە، یاخود: دوای ئەوەی زانیاریشی هەبووە، ئنجا خوا گومڕای کردوە، لەبەر ئەوەی پابەند نەبووە بە زانیارییەکەیەوە، ﴿ وَخَتَمَ عَلَىٰ سَمْعِهِۦ وَقَلْبِهِۦ ﴾، مۆری بەسەر بیستنی و بەسەر دڵیەوە ناوە، ﴿ وَجَعَلَ عَلَىٰ بَصَرِهِۦ غِشَٰوَةً ﴾، پەردەشی بەسەر دیتن و چاوی هەڵکێشاوە، ﴿ فَمَن يَهْدِيهِ مِنۢ بَعْدِ ٱللَّهِ ﴾، لە دوای خوا کێ ڕاستە ڕێی دەکات؟ ﴿ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿٢٣﴾ ﴾، ئایا پەند وەرناگرن و بیر ناکەنەوە!

هەڵبەتە لێرەدا خوا ﷻ کەسێک کە شوێن ئارەزووی کەوتوە، وامان بۆ وێنا دەکات کە لە زانیارییەکەی خۆی بەهرەمەند نەبووەو، لە هێزی بیستنی بەهرەمەند نیەو، لە هێزی عەقڵ و دڵی بەهرەمەند نیەو، لە هێزی چاویشی بەهرەمەند نیە، چونکە هەستەوەرەکانی لە کارخستوون، لە ئەنجامی شوێنکەوتنی ئارەزوودا، وەک گوتراوە: (**حُبُّكَ الشَّيْءَ يُعْمِي وَيُصِمُّ**)، خۆشویستنت بۆ شتێک، کوێریش دەکات و کەڕیش دەکات.

﴿ وَقَالُوا۟ مَا هِىَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنْيَا ﴾، گوتیان: هیچ شتێک لە ئارادا نیە، بەسەرهاتی ئێمە هیچ نیە، جگە لە ژیانی دنیامان، ﴿ نَمُوتُ وَنَحْيَا ﴾، دەمرین و دەژین، واتە: هەندێکمان دەمرین و هەندێک دوای ئێمە دەژین، یاخود: ئێمە دەمرین و ڕۆڵەکانمان دەژین، یان: هەروا مردن و ژیان بە دوای یەکدا دێن، ﴿ وَمَا يُهْلِكُنَآ إِلَّا ٱلدَّهْرُ ﴾، تەنیا ڕۆژگار دەمانمرێنێ و دەمانفەوتێنێ، ئەمانە دیارە مولحید بوون و نکووڵییان کردوە لە بوونی خوا، ﴿ وَمَا لَهُم بِذَٰلِكَ مِنْ عِلْمٍ ﴾، خوا دەفەرموێ: لەو بارەوە هیچ زانیارییان نیە، ﴿ إِنْ هُمْ إِلَّا يَظُنُّونَ ﴾، ئەوانە بەس گومان دەبەن، بەس شوێن گومان و خەیاڵ و گۆترەکاریی کەوتوون، هەر لە خۆوە قسە دەکەن،

بەڵگەی ئـەوەش کـە هیـچ زانیارییـان نیـەو، هـەر بـە دوای گومـان و خـەون و خەیـاڵ کەوتـوون، ئەوەیـە:

﴿ وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٍ ﴾، کاتێـک ئایەتـە ڕۆشـنەکانی ئێمەیـان بەسـەردا بخوێنرێنـەوە، ﴿ مَّا كَانَ حُجَّتَهُمْ إِلَّآ أَن قَالُوا۟ ٱئْتُوا۟ بِـَٔابَآئِنَآ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴾، بەڵگەیان بـەس ئـەوە بـوو کـە گوتیـان: بـاب و باپیرانمـان بێنـن، ئەگـەر ئێـوە لـە ڕاسـتانن! ئاخـر ئـەوە کـەی بەڵگەیـە! بابایـەک بڵـێ: ئەگـەر ڕاسـتە زینـدوو کرانـەوە هەیـە، بابـم بـۆ بێننـەوە لـە گۆڕسـتان!، ئـەوە هـەر بەڵگـە نیـە، چونکـە بەپێـی سیسـتمی خـوا، ئـەو کەسـەی دەمـرێ، لـە دنیـادا نایەتـەوە، چونکـە تـازە تاقیکردنـەوەی خـۆی داوەو، ئـەو قۆناغـە بەسـەر چـووە بـۆ ئـەوو، لـە قۆناغێکـی دیکـەدا کـە قۆناغـی بەرزەخـەو دواتـر قۆناغـی قیامەتـە، دەچێتـە نێـو ژیانێکـی دیکـە.

بۆیـە خـوا لـە کۆتاییـدا دەفەرمـوێ: ﴿ قُلِ ٱللَّهُ يُحْيِيكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يَجْمَعُكُمْ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ لَا رَيْبَ فِيهِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴾، بڵـێ: خـوا دەتانژیەنـێ، دوایـی دەتانمرێنـێ، دوایـی بـۆ ڕۆژێـک کـە هیـچ دوو دڵیـی تێـدا نیـە، کۆتـان دەکاتـەوە، بـەڵام زۆربـەی خەڵکـی نازانـن، واتـە: زۆربـەی خەڵکـی نازانـن، کـە ناگونجـێ دنیـا شـاری بـێ خـاوەن بـێ و، ناگونجـێ ژیـانی ئینسـان، تەنیـا لـەم پێنـج و دوو ڕۆژەی دنیـادا کـورت هەڵبـێ و، قۆناغێکـی دیکـەی بـەدوادا نەیـەت و، ئینسـان لەسـەر خراپـەکانی سـزا نـەدرێ و، لەسـەر چاکـەکانی پاداشـت وەرنەگرێتـەوە.

خـوا لـەو کەسـانەمان بگێـڕێ کـە هەرچـی زیاتر لـە فەرمایشـتی خـوا ورد دەبنـەوەو، ڕادەمێنـن و تێدەگـەن و، دوای تێگەیشتنەکەشـی بـە هـۆی تێگەیشـتنی بـاش و چـاک و قووڵـەوە، زیاتـر پێدەگـەن، زیاتـر خۆیـان بـە جۆرێـک لێدەکـەن کـە جێـگای ڕەزامەندیی خوابـن، پاشـانیش هەوڵـدەدەن لەسـەر دەورووبـەرو و کۆمەڵگایـان کار بکـەن و، کۆمەڵگاشـیان بـە جۆرێـک لـێ بکـەن، کـە لـە لای خـوا پەسـەندو چـاک بـێ، تاکـو سـەرەنجام، هـەم ژیـانی دنیامـان ژیانێـک بـێ، کـە شایسـتەی مـرۆڤ بـێ، هـەم لـە ڕۆژی دواییشـماندا، سـەرفرازیی و ڕوو سـوورییمان پـێ ببـڕێ، لە بەرانبـەر خوای پـەروەردگاردا.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

گەلی جوولەکە هەرچەندە خوای بەخشەر کتێب و، حیکمەت و، پێغەمبەرایەتیی و، بژیوە پاک و چاکەکان و، بەڵگە ڕۆشنەکانی دینداریی پێدا بوون و، بەسەر جیهانییاندا هەڵبژێرارد بوون، کەچی بە هۆی ستەم و دەستدرێژیی نێو خۆیانەوە، ناکۆکییان کەوتە نێوان و، خوای دادگەریش لە قیامەتدا دادوەرییان لە نێواندا دەکات:

خوا دەفەرمووێ: ﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحُكْمَ وَٱلنُّبُوَّةَ وَرَزَقْنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَفَضَّلْنَٰهُمْ عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٦﴾ وَءَاتَيْنَٰهُم بَيِّنَٰتٍ مِّنَ ٱلْأَمْرِ ۖ فَمَا ٱخْتَلَفُوٓا۟ إِلَّا مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلْعِلْمُ بَغْيًۢا بَيْنَهُمْ ۚ إِنَّ رَبَّكَ يَقْضِى بَيْنَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ فِيمَا كَانُوا۟ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴿١٧﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە هەشت بڕگەدا:

بەڕێزان! خوا ﷻ لەم دوو ئایەتە بە پێزەدا بۆ مسوڵمانان باسی ئەزموونی جوولەکە دەکات، لە دینداریيان داو، ئەو ڕاستییە دەخاتەڕوو، کە خوا ﷻ لەگەڵ ئەو گەلەدا، واتە: وەچەی ئیسرائیل، نەوەکانی یەعقووب ﷺ (بەگشتیی لەگەڵ هەموو مرۆڤەکاندا)، بەڵام بە تایبەت لەگەڵ ئەواندا، زۆر میهرەبانانە و بەخشەرانە مامەڵەی کردوە، هەرچی پێویست بووە، بۆ ئەوەی سەرکەوتووبن لە گوزەراندنی ژیانی دنیادا، بە شێوەیەک کە جێگای ڕەزامەندیی خوا بێ، پێیداون، هەر لە کتێب و بەرنامەوە بگرە، تاکو حیکمەت و لێزانیی و کارامەیی، یاخود ڕێبازێک کە ئەو بەرنامەیەی پێ بەرجەستە ببێ، لەلایەن پێغەمبەرانەوە (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)، پاشان

پێغەمبەرایەتیی و، دوایی بەڵگە ڕۆشنەکان کە دڵنیایان بکات، ڕێی ڕاست چۆنە؟ دڵنیایان بکات ئەوەی خوا پێیداون، ئەو ڕاستە شەقامەیە، کە بە ئامانجی دنیا و دوا ڕۆژیان دەگەیەنێ، هەروەها خوا لە هەموو پێداویستییە پاک و چاکەکان، بە تایبەت لە بژیوەکان پێیدابوون و، بەسەر جیهانییانی ڕۆژگاری خۆیاندا هەڵبژاردبوون، کەچی لە ئەزمووونی دینداریياندا سەرکەوتوو نەبوون، بە هۆی ئەوەوە کە لە نێو خۆیاندا ستەمیان لە یەکدی کرد، سنوورشکێنییان بەرەو لای یەکدیی کرد، ئەوەش بوو بەهۆی پەیدابوونی دوو بەرەکیی و ناکۆکیی و پەرتەوازەییان، کە هەمیشە دادگەریی دەبێتە هۆی تەبایی و، ستەم و زۆر و خۆسەپاندو دەستدرێژیی، دەبێتە هۆی پەرتەوازەیی و، تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵگا.

هەڵبەتە ئەوەش بۆ ئەوەیە کە مسوڵمانان پەند وەربگرن، لە هەڵەکانی گەلی بەنوو ئیسرائیل و، لە چاکەکانیشیان دەرس وەربگرن و، هەوڵبدەن ئەو شتانەی ئەوان تێیاندا سەرکەوتوو بوون و لە خۆیاندا هێناویانتە دی، مسوڵمانانیش لە خۆیانیاندا بێننە دی و، ئەو شتانەش کە بەهۆیانەوە شکستیان خواردوە، لە دینداریياندا، لە گوزەراندنی ژیانێکی ڕێک و پێکی خوا پەسەندانەدا، پەند و عیبرەتیان لێ وەربگرن.

١)- ﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحُكْمَ وَٱلنُّبُوَّةَ ﴾، بە دڵنیاییش کتێب و حیکمەت و پێغەمبەرایەتییمان بە وەچەی ئیسرائیل دابوو.

(و) بۆ بادانەوەیەو گێڕەرەوە (**عاطفة**)یە، ئەم قسەو باسە دەگێڕێتەوە سەر قسەو باسی پێشەوە، (لَقَد): (ل)ەکە بۆ سوێند بۆ خواردنە، یان بۆ زەمینە خۆشکردنە بۆ سوێند، (**اللامُ لِلقَسَم أو مُمَهِّدة لِلقَسَم**)، (قد) بۆ ساغکردنەوەیە، ﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحُكْمَ وَٱلنُّبُوَّةَ ﴾، واتە: بە دڵنیایی و، بە جەختکردنەوەوە بە وەچەی ئیسرایلمان دابوو، کتێب و حیکمەت و پێغەمبەرایەتیی، هەرچی کتێبە (ٱلْكِتَٰبَ)، کە (ألـ)ی ناساندنی لەسەرە، مەبەست پێی جینس نیە، واتە: هەرچی کتێبی خوا بووە، ئەدراوە بەوان، کەواتە: مەبەست

پێی (عهـد)ە، واتە: کتێبەکانمان پێدابوون، لە پێش هەموویانەوە (تەورات و زەبوورو ئینجیل)، ئەو سێ کتێبە کە خوا ناوی هێناون، هەڵبەتە لە پەیمانی کۆندا ناوی ژمارەیەکی دیکەش هێنراوە، بە ناوونیشانی پێغەمبەران، بۆ هەر کامێکیان، یان بۆ زۆربەیان باسی کتێبێک کراوە، لە پەیمانی کۆندا سەرجەم: سی و نۆ (٣٩)، بەسەرژمێرێک و، چل و نۆ (٤٩) بەسەرژمێرێکی دیکە، بە پێغەمبەرو خاوەن پەیام لەلایەن خواوەوە ناوزەد کراون، کتێبێک یان نامیلکەیەکیش پاڵدراوەتە لای هەر کامێکیان، ئنجا ئایا چەندی ڕاستە و چەندی ڕاست نیە؟ بێگومان هەر قسەیەکیش لەو کتێبانەدا هەبێ و پاڵدرابێتە لای ئەو کەسانەو، ڕێک لەگەڵ وەحیی خوای پەروەردگاردا، تێکبگیرێ، ئەوە دڵنیاین کە هی خوای بەرزو مەزن نیە، بەڵام ئەوەی دیکە، وەک پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: {لاَ تُصَدِّقُوا أَهْلَ الكِتَابِ وَلاَ تُكَذِّبُوهُمْ} (أخرجه البخاري: ٤٢١٥)، واتە: خاوەن کتێبەکان، نە بەڕاست دابنێن، نە بە درۆشیان دابنێن، لێیان بێدەگ بن، مەگەر شتێک بزانرێ کە پێچەوانەی وەحیی، یان عەقڵ، یان پێچەوانەی عیلم، یان واقیعە، دەڵێین: لەوەدا ڕاستتان نەکردوە.

وشەی (**الحُكم**)، وێڕای حوکمڕانیی بە حیکمەتیش لێکدراوەتەوەو، پێشتریش پێناسەی حیکمەتمان کرد کە ڕەنگە کورتترین پێناسەی ئەوە بێ: (**إصَابَةُ الحَقِّ عِلْماً وَعَمَلاً**)، پێکانی هەق لە ڕووی زانیاریی و کردەوە وە، واتە: مرۆڤ هەم باش تێ بگات، لە شتەکە، هەم چاک کار بکات، بەو شتەی کە باشی لێ تێگەیوە، هەندێک لە زانایان (**حكم**) یان بە: (**الفَهْمُ بالكِتَاب**) چاک تێگەیشتن لە کتێبی خوا، لێکداوەتەوە.

واش پێدەچێ (**حكم**) و (**حكمة**) مەبەست پێی ئەو ڕێبازە بێت، کە ئەو پێغەمبەرە ﵇ گرتوویەتەبەر بۆ جێبەجێ کردنی ئەو کتێبە، هەروەک ئێستا ئێمە دەڵێین: (**الكتاب والسنة**)، سوننەتەکەش ئەو ڕێباز و چۆنیەتییەیە کە پێغەمبەری خوا موحەممەد ﷺ گرتوویەتەبەر بۆ جێبەجێکردنی کتێبەکەی خوا،

وەک لە زۆر لە کتێبەکانی خۆمدا باسم کردوە، بۆیە باشترین پێناسە بۆ سوننەت یانی: ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ، بە واتای ئەو چۆنیەتییەی کە موحەممەد ﷺ کتێبی خوای پێ جێبەجێ کردوە، هەر بۆیەش پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: {عَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ الْمَهْدِيِّينَ بَعْدِي، عَضُّوا عَلَيْهَا بِالنَّوَاجِذِ}، (أخرجه أبو داود: ٤٦٠٧، والترمذي: ٢٦٧٦ وَغَيْرهما)، واتە: ڕێبازی من و ڕێبازی جێنشینە سەر ڕاستە ڕێنماییکراوەکانی دوای من بگرن، کەڵبانی لەسەر ڕۆبگرن.

ئنجا ئەگەر مەبەست لە (سنة) وەحییەکی تایبەت بێ کە بۆ پێغەمبەر هاتوە، بێگومان خەلیفە ڕاشیدەکان وەحییان بۆ نەهاتوە، کەواتە: سوننەت لێرەدا بە مانای ڕێبازو چۆنیەتیی جێبەجێ کردن، دێ، واتە: بەرجەستە کردنی ئەوەی خوا لە قورئاندا دایبەزاندوە، بە تایبەت لە ڕووی ئیدارەدانی کۆمەڵگا و لە ڕووی سیاسیی و کۆمەڵایەتییەوە، ئەگەرنا بێگومان خەلیفە ڕاشیدەکانی پێغەمبەر ﷺ شتێکی زیادەیان نەخستۆتە گەڵ ئایین، بەڵام بە ڕێکیی وەک پێغەمبەری خوا ﷺ قورئانیان جێبەجێ کردوە، هەروەها ئەوەی کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ پێیان گەیشتوە، وەک لێکدانەوەی قورئان و لێ تێگەیشتنی قورئان و جێبەجێ کردنی قورئان، یان وەک وەحییەکی زیادە کە پێغەمبەر ﷺ وێڕای قورئان بۆی هاتوە، جێنشینە سەر ڕاستەکانی پێغەمبەر ﷺ باش باش ئەوەیان جێبەجێ کردوە.

کەواتە: لێرەدا: ﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱلْكِتَٰبَ ﴾، (الكتاب) یانی: کتێبی خوا، (الحُكم)، حیکمەت، ئەوەیە کە چاک چاک ئەو کتێبە جێبەجێ بکەن، بە ڕێبازێک و چۆنیەتییەکی ڕاست و دروست، (وَٱلنُّبُوَّةَ) پێغەمبەرایەتیی.

٢- ﴿ وَرَزَقْنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَفَضَّلْنَٰهُمْ عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾، لە بژیوە خۆش و پاک و چاکەکانمان پێدابوون، ئنجا هەندێک لە زانایان گوتوویانە: مەبەست لە: (ٱلطَّيِّبَٰتِ): (المَنّ وَالسَّلْوَى) (گەزۆ و سەلوا)یە، کە لەسەر زەمینی شام خوا بۆی ڕەخساندوون، دوای ئەوەی لە چنگی فیرعەون و سوپا و دارو دەستەکەی دەربازیان بوو، بە دەریای سووردا پەڕینەوەو کەوتنە بیابانی (سینا)، هیچ خواردن و خۆراکیان نەبوو، خوا ﷻ گەزۆی بۆ ڕەخساندن و شێلاقە

(**سلوى**)ش کە جۆرە باڵندەیەک بوو، بۆی ڕەخساندن، هەرچەندە دوایی قەناعاتیشیان بەو دووانە نەکردوە، وەک لە سووڕەتی (**البقرة**)دا هاتوە: ﴿وَإِذْ قُلْتُمْ يَـٰمُوسَىٰ لَن نَّصْبِرَ عَلَىٰ طَعَامٍ وَٰحِدٍ فَٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ يُخْرِجْ لَنَا مِمَّا تُنۢبِتُ ٱلْأَرْضُ مِنۢ بَقْلِهَا وَقِثَّآئِهَا وَفُومِهَا وَعَدَسِهَا وَبَصَلِهَا ﴿٦١﴾﴾، بیانوویان بە مووسا ﷺ گرت، کە خواردنی جۆراو جۆر کە کاتی خۆی لە میسرەوە پێیانەوە ڕاهاتبوون، بۆیان بڕەخسێنێ، بەڵام بێگومان چەمکی (ٱلطَّيِّبَـٰتِ) زۆر لە گەزۆو شێلاقە (**المنّ والسّلوى**) فراوانترەو، گرنگ ئەوەیە خوا لێرە دەفەرموێ: ئێمە لە بژیوە پاک و چاکەکان پێمان دابوون، ئنجا مەرج نیە، تەنیا ئەو کاتەی لە دەشتی (**سینا**) بوون، بەڵکو دوایی کە نیشتەجێش بوون لە هەندێک شارو ئاوەدانییەکاندا.

٣- ﴿وَفَضَّلْنَـٰهُمْ عَلَى ٱلْعَـٰلَمِينَ﴾، هەڵمانبژارد بوون بەسەر جیهانییاندا، واتە: بەسەر ئەو کۆمەڵگایانەی کە لە ڕۆژگاری ئەواندا بوون هەڵمانبژاردبوون، واتە: (**فضلناهم على عالمي أهل زمانهم**)، لەبەر ئەوەی بەنوو ئیسرائیل لەگەڵ هەموو کەم و کورییەکانیشیاندا، لە قەدەر خەڵکی و ڕۆژگاری خۆیان و کۆمەڵگایەکانی دیکە، لە هەموویان باشتر بوون، لە سۆنگەی ئەوەوە کە ئەوان دینیان هەبووەو، بەپێی دینەکەش دنیاو ژیان و کۆمەڵگایەکەی خۆیانیان بەڕێوەبردوە، ئنجا با کەم و کورییشیان بووبێ، هەرچۆن بێ، چاکتربوونە لەوانەی کە سەریان بەرەو ئاسمان بەرز نەکردۆتەوەو، سەرنجیان نەداوە: داخۆ ئەو خوایەی هێناونیە دی، چی لێیان دەوێ و، چۆنی فەرمان پێکردوون و، پێی خۆشە، چۆن ژیانی دنیایان بگوزەرێنن؟

٤)- ﴿وَءَاتَيْنَـٰهُم بَيِّنَـٰتٍ مِّنَ ٱلْأَمْرِ ﴿١٧﴾﴾، بەڵگە ڕۆشنەکانیشمان لە بارەی کاروبارەوە پێدابوون، (بَيِّنَـٰتٍ)، یانی: بەڵگە ڕۆشن و ئاشکرایەکان، کە دەفەرموێ: (مِّنَ ٱلْأَمْرِ)، ئەمە دوو واتای هەن:

أ- لە بارەی کاروبارو کۆمەڵگاو ئوممەتەوە، بەڵگە ڕۆشنەکانمان پێدابوون، کە بەڵگە ڕۆشنەکانیش هەر لەو دوو توێی کتێب و حیکمەت و پێغەمبەرایەتیی دابوون، بەڵام خوا ﷻ بە جیا باسی کردوون، واتە: ئەو کتێب و حیکمەت و پێغەمبەرایەتییە، بوونە هۆی ئەوی کە بەرچاویان ڕۆشن بێ و، بەڵگەیان بە دەستەوە بێ بۆ دینداریی‌یەکەی خۆیان.

ب- یاخود (**أمر**): مەبەست پێی کاروباری دیندارییە، واتە: لە دینداریياندا بەرچاو ڕۆشنمان کرد بوون، دیندارییەک کە دنیاشی پێ بەڕێوە دەبەن، چونکە لە ڕاستییدا ئایین بۆیە هاتوە دنیا ڕێک بخات و بەڕێوەبەرێ و پاکی بکات و چاکی بکات، کەواتە: وشەی (**أمر**): یان بە مانای ئۆممەتە، (مِّنَ ٱلۡأَمۡرِ)، یانی: (**مِنَ أَمْرِ الأُمَّة**)، یاخود بە مانای: ئایینە، یانی: (**من أمر الدين**)، کە لە ڕاستییدا دینیش هەر بۆ بەڕێوەبردنی ئۆممەت و کۆمەڵگا هاتووە، کۆمەڵگایەکی ڕاست و تەندروستیش ئەو کۆمەڵگایەیە کە بەپێی دینی خوا، بەپێی وەحیی خواو پەیامی خوا، بەڕێوە دەچێ.

٥)- ﴿فَمَا ٱخۡتَلَفُوٓاْ إِلَّا مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلۡعِلۡمُ﴾، نەشکەوتنە ڕاجیاییەوە، مەگەر دوای ئەوەی زانیارییان بۆ هاتبوو.

(**ف**)، لێرەدا بۆ (**تفريع**)ە، واتە: لە پێش ئەوەدا قسەیەک هاتوە، یانی: (**فَاخْتَلَفُوا، وَمَا اخْتَلَفُوا إلاَّ مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ العِلْم**)، ناکۆک بوون لە نێو خۆیاندا، ناکۆکیش نەبوون، مەگەر دوای ئەوەی زانیارییان بۆ هات، واتە: ناکۆک بوونەکەیان لە نێو خۆیاندا، بە هۆی نەزانییەوە نەبوو، بەڵکو دوای ئەوەی زانیارییان بۆ هاتووەو بەرچاو ڕوونکراون و، بیانوو بڕاو کراون، ناتەباو ناکۆک بوون.

٦)- ﴿بَغۡيَۢا بَيۡنَهُمۡ﴾، لە ئەنجامی سنوور شکێنیی نێو خۆیانەوە، (**البَغي: الظُّلْمُ وَالتَّجَاوُزُ، أَي: كَانَ اخْتِلاَفُهُمْ عَنْ عَمْدٍ وَمُكَابَرَةٍ**)، (بَغۡيَۢا): بە مانای ستەم و سنوورشکێنیی دێ، واتە: ناکۆکییەکەیان و نا تەبایيەکەیان لە ئەنجامی ستەمی نێو خۆیانەوە بوو، وشەی (بَغۡيَۢا): لە ڕووی ڕێزمانی عەرەبییەوە دوو حاڵەتی هەن:

أ- یان دەبێتە بەرکاری پێناو (**مفعول لأجلِه**).

ب- یاخود دەبێتە حاڵ، (**بتأويل المصدر باسم الفاعل**)، کە چاوگەکە بگۆڕێ بۆ ناوی بکەر، واتە: (**بَاغِيْنَ بَيْنَهُم**) یانی: ناکۆک نەبوون، لە نێو خۆیاندا، مەگەر دوای ئەوەی زانیارییان بۆ هات، لە حاڵێکدا کە لە نێو خۆیاندا ستەمیان دەکرد، یاخود بە هۆی ستەمی نێوخۆیانەوە، ئەو ناکۆکییەیان لە نێواندا پەیدابوو.

وشەی (بَغي): توێژەرەوانی قورئان بە زۆر واتا لێکیان داوەتەوە:

١- هەندێکیان گوتوویانە: (البَغي: الحَسَدُ).

٢- هەندێکیان گوتوویانە: (البغي: الظُّلْمُ والتَّجَاوُزُ).

٣- هەندێکیان گوتوویانە: (بَغْياً بَيْنَهُم، أي: طَلَباً للرِّيَاسَاتِ)، بەڵام وشەی (بَغي) لە ئەسڵدا وەک پێشتر لە (مختار الصّحاح)ەوە، هێنامان: (كُلُّ مُجَاوَزَةٍ وَإِفْرَاطٍ عَلَى المِقْدَارِ الَّذِي هُوَ حَدّ الشَّيء، فَهُوَ بَغيٌ)، هەر تێپەڕاندنێک و زێدەڕۆییەک لەو ئەندازەیەی کە سنووری شتێکە، پێی دەگوترێ: (بغي)، ئنجا دیارە تێرەیی (حسد) دەگرێتەوەو، ستەم دەگرێتەوەو، سنوور شکێنییش دەگرێتەوەو، خۆسەپاندنیش دەگرێتەوەو، ماڵی یەکدی داگیرکردنیش دەگرێتەوەو، دەستدرێژییکردن بۆ نەفس و ناموس و هێمن و ئاسایشی یەکدیش دەگرێتەوە، خوا ﷻ وشەیەکی بەکارهێناوە کە هەرچی لادان و تاوان و خراپەو دەستدرێژییە، بیگرێتەوە.

٧)- ﴿إِنَّ رَبَّكَ يَقْضِي بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾، بە دڵنیایی پەروەردگارت دادوەرییان لە نێواندا دەکات لە ڕۆژی هەڵسانەوەدا، چونکە ڕاجیایی ئەوە دەخوازێ، کە هەندێک لەسەر هەق بن و، هەندێک لەسەر ناهەق بن، ئنجا ئەوەش چۆن یەکلابکرێتەوە و ساغ بکرێتەوە؟ پێویستیی بە ڕۆژێک هەیە، کە تێیدا دادوەریی بکرێ: کێ لەسەر هەق بووەو، کێ لەسەر ناهەق بووە؟ بۆیە دەفەرموێ:

٨)- ﴿فِيمَا كَانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ﴾، لەوەدا کە تێیدا کەوتبوونە ڕاجیایی و ناکۆکیی و دووبەرەکییەوە، بە دڵنیایی پەروەردگارت لە ڕۆژی قیامەتدا دادوەرییان لە نێواندا دەکات، ئەوە هەمووی هۆشدارییدانە بە ئوممەتی پێغەمبەر موحەممەد ﷺ و بە مسوڵمانان، کە ئێوەش نەچن بە هۆی سنوورشکێنیی و خۆسەپێنیی و دەستدرێژیی کردنەوە بۆ سەر یەکدی و مافەکانی یەکدی، ناکۆکیی و دووبەرەکییتان لە نێواندا پەیدابێ، ئەگەرنا ئەگەر لە دنیاشدا ستەمکاران و خۆسەپێنەران و مافی خەڵک زەوتکەران، بە سزای خۆیان نەگەن، لە ڕۆژی دواییدا دادگایی دەکرێن و، خوا دادوەرییەکی دادگەرانەیان لە نێواندا

دەكات، كەواتە: ئێوەش وریا بن! بە مەرەدی خاوەن كتێبە پێشووەكان نەچن، ئەگەرنا لە ڕۆژیی دواییدا تووشی هەمان چارەنووس و سەرەنجام دەبن، دادگایی دەكرێن و، خوا دادوەرییتان لە نێواندا دەكات و، هەر كەسە بەپێی هەڵوێست و كردەوەكەی خۆی، ئەگەر خراپەكار بوو بێ سزا، ئەگەرنا پاداشت دەدرێتەوە، ئەگەر لەسەر ناهەق بووبێ سزاو، ئەگەر لەسەر هەقیش بوو بێ، پاداشت دەدرێتەوەو، هەقی بۆ لە بەرانبەرەكەی دەكرێتەوە.

بێگومـان ئـەوەی خـوا ﷻ فەرموویـەتی، بـۆ ئەزمـوونی شكسـتخواردووی خـاوەن كتێبـەكان، كـە بـە هـۆی سـتەم و دەسـترێژییەوە، ناكۆكییـان لـە نێوانـدا پەیدابـوو و دوایـی پەرتەوازەیـی، هەمـان دەرد بەداخـەوە بەسـەر ئۆممـەتی پێغەمبەریشـدا هـات، بـە تایبـەت لـە دوای چـوار خەلیفـە ڕاشـیدەكانی پێغەمبـەر ﷺ خـوا لێیـان ڕازی بـێ، ئەبـوو بەكـر و عومـەر و عوسـمان و عـەلی، كـە هـەر یەكێكیـان بـە ڕێژەیـەك بـە ئەنـدازەی خـۆی، بـە ڕێبـازی پێغەمبـەرەوە پابەنـد بـوو.

بـە نسـبەت ئەبـوو بەكـر و عومـەرەوە خـوا لێیان ڕازی بێ بـە ڕێژەیەكـی زۆر زۆرو، بـە نسـبەت عوسـمان و عەلییشـەوە خـوا لێیـان ڕازی بـێ، بەڕێژەیەكـی لـەوان كەمـتر، لەبـەر بـارودۆخ و ژینگـە، یـان لەبـەر هەنـدێ سـیفەتی شـەخصیی و تایبـەتی خۆیـان، بـە تایبەتیـی (**عثـمان**)، خـوا لێـی ڕازی بـێ، بـەڵام گرنـگ ئەوەیـە بەگشـتیی، هـەر بـەو ڕێبـازە دا كـە پێغەمبـەر ﷺ پێیـدا ڕۆیشـتبوو و كۆمەڵـگای پـێ ئیـدارە دابـوو، هـەر بـەو شـێوەیە بەڕێـوە چـوون، بـەڵام لـە دوای ئەوانـەوە: یەكـەم شـت شـێوازی دانـدرانی حوكمـڕان، گـۆڕا لـە شـووڕاوە كـە بناغـەی حوكمڕانییـە لـە ئیسـلامدا، بناغەی پێسـپێردرانی بەرپرسـیارەتییە: ﴿ وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ ﴿٣٨﴾ ﴾، ئـەو بناغەیـە لاچـوو و كـرا بـە بنەماڵەیـی و میراتیـی، لەسـەردەمی موعاوییـەوەو بـە دەسـتی وی.

مەسەلەی دووەم:

دانانی بەرنامەیەکی سەربەخۆ لە ئایینی گشتیی خوا، بۆ پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ و ئوممەتەکەی و پابەند کردنیان پێیەوەو، هۆشداریی پێدانیان کە بکەونە دوای ئارەزووەکانی نەزانان، واتە: لە خۆیان وریا بن، تووشی ئەوە نەبن، کە دوایی هیچ دادیان نادەن لە ڕۆژی دوایی دا و، لە دنیاشدا ستەمکاران پشتیوانی یەکدی و، خواش پشتیوانی پارێزکارانەو، قورئانیش بۆ خەڵکی بە گشتیی کۆ بەرچاو ڕوونیی و، بۆ بڕوادارانیش بە تایبەتی ڕاستەڕێکەر و بەزەیی خوایە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَىٰ شَرِيعَةٍ مِّنَ الْأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٨﴾ إِنَّهُمْ لَن يُغْنُوا عَنكَ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا ۚ وَإِنَّ الظَّالِمِينَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ ۖ وَاللَّهُ وَلِيُّ الْمُتَّقِينَ ﴿١٩﴾ هَٰذَا بَصَائِرُ لِلنَّاسِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ ﴿٢٠﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەوت بڕگەدا:

١)- ﴿ ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَىٰ شَرِيعَةٍ مِّنَ الْأَمْرِ ﴾، دوایی تۆمان خستە سەر بەرنامەیەک لە ئایینی خۆمان.

خوای پەروەردگار پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ دەدوێنێ، دەفەرموێ: (ثُمَّ) دوایی (ثم) بۆ بەدواداهاتنی پلە پلەییە، واتە: دوای خاوەن کتێبەکان و، ئەو ئەزموونەی بۆمان باسکردن، تۆمان دانا لەسەر بەرنامەیەک لە ئایینی گشتیی خۆمان، یان لە کاروبارێ کە دەبێ کۆمەڵگای پێ بەڕێوە ببردرێ، بەپێی وەحیی و پەیامی خوا، تۆمان لەسەر بەرنامەکی سەربەخۆ دانا.

٢)- ﴿ فَاتَّبِعْهَا وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴾، ئنجا شوێنی بکەوە، شوێنی ئەو بەرنامەیە بکەوەو، بە دوای ئارەزووەکانی ئەوانە مەکەوە کە نازانن.

کـە دەفەرمـوێ: (عَلَىٰ شَرِيعَةٍ مِّنَ ٱلْأَمْرِ)، (عَلَىٰ: للإسـتعَلاءِ الْمَجَـازِيّ، أي: التَمكُّـنِ وَالثَّبَـات)، (عـلى) بـۆ بەرزبوونـەوەی مەجازییـە، یـانی: چەسپان و دامـەزران، دوایـی تۆمـان خسـتۆتە سـەر ڕاسـتە شـەقامێک، تەنوینـی سـەر (عَلَىٰ شَرِيعَةٍ)، بـۆ بـە مەزنگرتـن (تَعْظِيـم)ە، واتـە: شـەریعەتێک، بەرنامەیەکـی نـاوازە، بەرنامەیەکـی بـێ وێنـە، (فَٱتَّبِعْهَا)، ئنجـا بـەردەوام بـە لەسـەر شـوێنکەوتنی، ئەگەرنـا پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ هـەر لـە سـەرەتاوە کـە خـوای پـەروەردگار پەیامـی بـۆ نـاردوە، پابەنـد بـووە بـەوەوەی خـوا بـۆی نـاردوە، بـەو ڕێبـازو بەرنامەیـەوە.

(وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَ ٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ)، بـە دوای ئـارەزووەکانی ئەوانـە مەکـەوە کە نازانن، بـە زۆریـی: ئەوانـەی نازانـن (ٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ) لـە قورئانـدا بـۆ بتپەرسـتان و هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەران و ئەوانـەی کـە شـارەزاییان نەبـووە، لـە کتێـب و بەرنامـەی خـوا پـەروەردگارداو، شـارەزاییان نەبـووە بـە وەحیـی، بـە زۆریـی بـۆ ئـەوان بەکاردەهێنرێ، کـە لـە ڕۆژگاری ئێسـتای ئێمـەدا، سیکۆلاریسـتەکان دەگرێتـەوە، لائیکـەکان، ئەوانـەی کـە دان ناهێنـن بـە وەحیـی و پەیامـی خـوادا، کـە بەرنامـەی ژیـان بـێ و، ڕێکخـەری ژیـانی مـرۆڤ بـێ.

٣)- ﴿ إِنَّهُمْ لَن يُغْنُوا۟ عَنكَ مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا ﴾، بە دڵنیایی ئەوان لە بەرانبەر خوادا، لە بەرانبەر سزای خوادا، هیچ سوودێک بە تۆ ناگەیەنن، (ضُمِّنَ أَغْنَى مَعْنَى دَفَعَ، فَعُدِّيَ بـ «عَنْ» وَشَيْئاً مَفْعُول مطلق)، کە دەفەرموێ: (إِنَّهُمْ لَن يُغْنُوا۟ عَنكَ مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا)، (يُغْنُوا۟)، یانی: کەلێن بۆ گرتن، (أَغْنَاهُ يُغْنِيهِ)، واتە: کەلێنی بۆ گرت، کەلێنی بۆ دەگرێ، بەڵام لێرە (يُغْنُوا۟)، مانای لا دەبات (يدفع)ی خراوەتە نێو، واتە: هیچ لە بەڵاو سزای خوا لە تۆ ناگێڕنەوە و لێت لا نادەن، (شَيْـًٔا)یش، بەرکارێکی ڕەهایە، واتە: هیچ جۆرە سوودێکت پێ ناگەیەنن و، هیچ بەڵایەکت لێ دوور ناخەنەوە، ئەگەر لابدەی، وشەی (أَهْوَآءَ: جَمْعُ هَوَى، وَهُوَ المَحَبَّةُ وَالمَيْلُ وَمُشْتَهَى النَّفْس)، (هوى) بریتیە لە خۆشویستن و ئارەزووکردن و، شتێک کە نەفس ئارەزووی بکات.

بێگومـان کـە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ فَٱتَّبِعْهَا وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَ ٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴾، ڕووی دوانـدن لـە موحەممـەد پێغەمبـەری خاتەمـە ﷺ، بـەڵام دوو شـتی تێدا ڕەچـاو کراون:

یەکەم: کە هاوبەش بۆ خوا دانەرو کافرەکان ئەوە ببیستن، تاکو تەما بڕاوبن و، هیچ ئومێدیان نەبێ بەوەی پێغەمبەر ﷺ بە لای ئەواندا بشکێ.

دووەم: ئەمە هۆشدارییدانە بە شوێنکەوتووانی پێغەمبەری خاتەم ﷺ و بە مسوڵمانان، کە لە خۆیان وریا بن و، هەتا هودای خوا لەوێ بێ، بە دوای هەوای خەڵکی نەزان و نەفام نەکەون، ئەگەرنا دوایی دووچاری سزاو تۆڵەی خوا دێن و، ئەوانەش کە نەزان بوون و، بە دوای ئارەزووەکانیان کەوتوون، هیچ دادیان نادەن و سوودیان پێناگەیەنن.

هەندێک لە زانایانیش ئەم تەعبیرەیان ئاوا لێکداوەتەوە:

ئەوانـە هیـچ سـوودێک بـە تـۆ ناگەیەنـن، یاخـود کەمێکیـش لـە سـوود گەیانـدن، وەک جێگـرەوە بـۆ تۆڵـەو سـزای خـوا بـە تـۆ ناگەیەنـن، واتـە: یـەک تۆزیـش لـە سـزاو جەزرەبـەو تۆڵـەی خـوا، لە تـۆ دوورناخەنـەوە، ئەگـەر بـە دوای ئارەزووەکانیـان بکەوی.

٤)- ﴿ وَإِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ﴾، ستەمکارانیش هەندێکیان دۆست و پشتیوان و سەرپەرشتیاری هەندێکیانن.

٥)- ﴿ وَٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلْمُتَّقِينَ ﴾، خواش دۆست سەرپەرشتیاری پارێزکارانە، دیارە موحەممەدیش ﷺ، کۆتا پێغەمبەری خواو سەروەری پێغەمبەران، پێشەوای پارێزکاران بووە، کەواتە: خوا ﷻ لە هەموو کەس زیاتر سەرپەرشتیی کردووەو، مشووری خواردووەو پشتیوانی بووە، وشەی (إغناء)، کە لە قورئاندا زۆر هاتوە، دەڵێ: (**الإِغْنَاءُ: جَعْلُ الغَيْرِ غَنِيًّا غَيْرَ مُحْتَاجٍ**)، (إغناء): بریتیە لەوەی ئەو کەسە، ئەو بەرانبەرە، بێنیاز بکەی و وای لێ بکەی، ئاتاج نەبێ، واتە: ئەگەر تۆ بە دوای ئارەزووی ئەوانە بکەوی، کە نازانن، تۆیان پێ بێ نیازو دەوڵەمەند ناکرێ، لە سزای خوا، یاخود تۆیان پێ دەرباز ناکرێ و، سزای خوایان پێ لە تۆ دوور ناخرێتەوە.

پاشان ستەمکاران دۆست و سەرپەرشتیاری یەکدین لە بەینی خۆیاندا، بەڵام دۆست و سەرپەرشتیاری پارێزکاران تەنیا خوایە ﷻ، واتە: بە تەمای کەسی دیکە مەبەو بە کەسی دیکە ئومێدەوار مەبە، ئنجا ئەمە لەلایەک: ڕووی دواندن لە پێغەمبەرە ﷺ و لەلایەکەوەش: تەمابراو کردنی کافرو بێبڕوایەکانە، لەوەدا کە تەماعیان هەبێ پێغەمبەر ﷺ یان ئەهلی ئیمانی ڕاستەقینەی شوێنکەوتووی پێغەمبەریان ﷺ بەلادا بشکێ، هەروەها هۆشداریپیدانە بە شوێنکەوتووانی پێغەمبەریش ﷺ کە بە هیچ جۆرێک بیر لەوە نەکەنەوە، خەڵک ڕازیی بکەن لەسەر حیسابی لادان لە شەریعەت، لادان لە بەرنامەی خوا، چونکە ئەوە نە لە دنیادا، هیچ شتێک ئەوەیان بۆ قەرەبوو دەکاتەوەو، نە بۆ دوارۆژیشیان هیچ شتێک سزای خوایان لێ لادەدات.

لە کۆتایی دا خوا دەفەرموێ:

٦)- ﴿ هَٰذَا بَصَٰٓئِرُ لِلنَّاسِ ﴾، ئەمە کۆ بەرچاو ڕوونییە بۆ خەڵک، واتە: ئەوەی باسکرا لە فەرمایشت، یاخود (هَٰذَا)، ئاوی ئاماژەیە بۆ قورئان، واتە: ئەم قورئانە (بَصَٰٓئِرُ لِلنَّاسِ)، واتە: کۆ بەرچاو ڕوونییە، (بَصَٰٓئِرُ) کۆی (بصيرة)یە، یانی: بەرچاو ڕوونیی، (بَصَٰٓئِرُ) : **جَمْعُ البَصِيرَة، وَهِيَ حَاسّة باطِنَة، وَبِمَا أن لِكُلّ إنْسَانٍ بَصِيرَة، لَذَا جُمِعَت: بَصَائِر**، (بَصَائِر) کۆی (بَصِيرة)یە، ئەویش بریتیە لە هەستێکی دەروونیی مرۆڤ هەقی پێدەناسێ و لە ناهەق جیای دەکاتەوە، ئنجا لەبەر ئەوەی هەموو مرۆڤێک ئەو هەستە دەروونییەی هەیە، ئەگەر لە خۆی دا گەشەی پێ بدا و فراژووی بکات، بۆیە بە (**بصائر**) کۆکراوەتەوە.

٧)- ﴿ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ ﴾، هەروەها ڕاستەڕێکەرو بەزەییە بۆ کۆمەڵێک دڵنیایانە بڕوا بێنن، ﴿ لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ ﴾، بۆیە وشەی (**قوم**) بەکارهاتوە، (**لأَنَّ اليَقِينَ أَصْبَحَ مُقَوِّماً لَهُم**)، دڵنیایی و زانیاریی تەواو و قەناعەت هاتنی تەواو، بۆتە ڕاگری ئەو کۆمەڵە، کە مەبەست پێی بڕواداران و مسوڵمانانە، بۆچی لێرەدا خوا دەفەرموێ: ﴿ هَٰذَا بَصَٰٓئِرُ لِلنَّاسِ ﴾، ئەم قورئانە، یاخود ئەوەی باسکرا: کۆ بەرچاو ڕوونییە بۆ خەڵک بە گشتیی، بەڵام: ﴿ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ ﴾، ڕاستەڕێکەرە و بەزەییە بۆ کۆمەڵێک

بڕواداری دڵنیابن؟ وەڵام: (بَصَـٰٓئِرُ لِلنَّاسِ)، کۆ بەرچاو ڕوونییە بۆ خەڵک، لەبەرئەوەی قورئان ڕوونکەرەوەیە بۆ خەڵک بە گشتیی و خەڵک بە گشتیی دەتوانن لێی بەهرەمەند بن، بەڵام ڕاستە ڕێکردن و بەزەیی، تایبەتکراون بە کۆمەڵێکەوە کە بڕواداری دڵنیابن، چونکە ئەو ڕوونکردنەوەو بەرچاو ڕوونییەی قورئان، ڕێی ڕاستی پێناگرێ و، پێی ناگاتە ئامانج، مەگەر کەسێک لێی دڵنیابێ، لە ڕاستییەکانی دڵنیابێ، هەروەها بۆ هیچکەس نابێتە هۆی ئەوەی بە هۆی ئەم قورئانەوە، خوا بەزەیی لەگەڵ بنوێنێ، مەگەر کەسێک بە ئیمان و یەقینەوە، شوێنی بکەوێ، وشەی (يقين)، پێشتریش گوتوومانە: ناوی سیفەتی زانیارییە، واتە: زانیارییەک کە دوو دڵیی تێدا نەمابێ، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ﴾، یانی: دڵنیان لە بڕوا هێنانەکەیاندا، یاخود: دڵنیان بە ڕاستییەکانی قورئان و، لە ڕاستییەکانی قورئاندا، دڵنیان و دڵ لە دڵدانیان نەماوە، (يقين) و (ظن)یش -- وەک دواییش دەیگەیەنێ -- پێچەوانەی یەکدین، وەک هەر لەم سوورەتە موبارەکەدا هاتوە: ﴿إِن نَّظُنُّ إِلَّا ظَنًّا وَمَا نَحْنُ بِمُسْتَيْقِنِينَ ﴿٣٢﴾﴾، واتە: ئێمە هەر گومان دەبەین و، لە دڵنیایان نین، کەواتە: دڵنیابوون پێچەوانەی گومان هەبوونە.

هەندێـک لـە زانایـان دەڵێـن: وەک چـۆن مـرۆڤ بـە هـۆی چـاو (بصر)ەوە، شـتە بەرهەسـتەکان دەبینـێ، بـە هـۆی (بصيرة)یشـەوە، شـتە پەنهانـەکان دەبینـی، بۆیـە ئەگـەر (بَـصَر) بـۆ شـتە بەرهەسـتەکان دەرککـەرو بینـەرە، (بصيرة)یـش بـۆ شـتە مەعنەوییـەکان، زانـەرو پەیپێبـەرە.

(البَصِيرَةُ: إدْرَاكُ العَقْـلِ الأُمُورَ عَـلَى حَقَائِقِهَـا، شُبِّهَ بِبَـصَرِ العَـيْنِ، وفُـرِّق بَيْنَهـمَا بصِيغَـة «فعيلـة» للمُبَالَغَـة)، (بصيرة): بريتيـە لـە دەرککردنـی عەقـڵ، یاخـود پەیپێبردنی عەقـڵ بـۆ کاروبـارەکان، وەک چییـەت و ڕاسـتیی خۆیـان، بۆیـەش چوێـنراوە بـە دیتنـی چاوەوە، بـەڵام دوایـی لێـک جیاکراونـەوە، بـەوە کـە (بصيرة) لەسـەر کێشی (فعيلة) یـە بـۆ زێدەڕۆیـی، واتـە: زۆرچـاک دیـتن، دیتنـی عەقـڵ، دیتنـی دڵ و دەروون، بـۆ ڕاسـتییە مەعنەوییـەکان.

مەسەلەی سێیەم:

بێبڕوایانی خراپەکارو بڕواداراني چاکەکار، ژیان و مردنیان یەکسان نیەو، کەسێک پێی وابێ وەک یەکن، بۆچوونێکی یەکجار هەڵە و لاری هەیە:

خوا دەفەرمووێ: ﴿ أَمْ حَسِبَ ٱلَّذِينَ ٱجْتَرَحُوا۟ ٱلسَّيِّـَٔاتِ أَن نَّجْعَلَهُمْ كَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ سَوَآءً مَّحْيَاهُمْ وَمَمَاتُهُمْ ۚ سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ ﴿٢١﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە بە پێزە، لە چوار بڕگەدا:

لەبەر ئەوەی لە ئایەتەکانی پێشتر دا، باسی کەسانێک کرا کە بڕوادارو کردار چاکن، هەروەها باسی کەسانێکیش کرا، کە بێبڕواو کردار خراپن، ئنجا خوا ﷻ باسی نایەکسان بوونی سەرەنجامیان دەکات:

١)- ﴿ أَمْ حَسِبَ ٱلَّذِينَ ٱجْتَرَحُوا۟ ٱلسَّيِّـَٔاتِ ﴾، یان ئایا ئەوانەی خراپەکانیان ئەنجام داون پێیان وایەو وا خەیاڵ دەکەن:

٢)- ﴿ أَن نَّجْعَلَهُمْ كَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ ﴾، وەک ئەوانەیان دابنێین کە بڕوایان هێناوە و، کردەوە باشەکان ئەنجام دەدەن؟

٣)- ﴿ سَوَآءً مَّحْيَاهُمْ وَمَمَاتُهُمْ ﴾، یەکسان بێ ژیان و مردنیشیان؟

٤)- ﴿ سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ ﴾، ئەوە خراپترین حوکمەو، خراپترین دادوەرییە دەیکەن، وشەی: ﴿ أَمْ ﴾، کە دەفەرمووێ: ﴿ أَمْ حَسِبَ ٱلَّذِينَ ٱجْتَرَحُوا۟ ٱلسَّيِّـَٔاتِ ﴾، دەڵێ: (أَمْ: **لِلإِضْرابِ الإِنْتِقَالِي**)، (أم): بۆ گواستنەوەیە، واتە: وەک ئەوان دەڵێن وانیە، ئایا ئەوانەی خراپەکانیان ئەنجام داون، وا دەزانن و وا گومان دەبەن، ئێمە وەک ئەوانەیان دابنێین، کە بڕوایان هێناوە، بە هەموو ئەو شتانەی پێویستە بڕوایان پێبهێنرێ و، چاکەکانیشیان ئەنجامداون، ئایا پێیان وایە وەک یەکیان دابنێین؟ ﴿ سَوَآءً مَّحْيَاهُمْ وَمَمَاتُهُمْ ﴾، (سَوَآءً)، خوێندراویشەتەوە: (سَوَاءٌ)، یانی: کە ژیانیشیان و مردنیشیان، یەکسان بێ؟ یاخود: ئایا

وەک چۆن لە ژیان دا یەکسان بوون و، وەک یەک ژیاون، مردنیشیان یەکسان دەبێ و وەک یەکیش دەمرن و، دوای مردنیش وەک یەک دەبن؟ یان: ئایا ژیانیشیان لەگەڵ بڕواداران دا یەکسانەو، مردنیشیان یەکسانە؟! بە دڵنیایی نەخێر! ژیانی ئیمانداران ژیانێکی بەرچاو ڕوونانەیە، ژیانێکی مرۆڤانەیە، ژیانێکی پاک و ڕاست و چاکە، مردنەکەشیان هەر جیایە، بابای بڕوادار، هەر حاڵەتی مردنەکەی جیایە، موژدەی بەهەشتی پێ دەدرێ، پاشان لە دوای مردنیش، لەوێ تەواو لێک جیادەبنەوە، کە لە دنیادا تەواو تێکەڵن، بەڵام لە دوای مردنەوە، ئنجا هەر کەسە دەچێت بۆ مەنزڵگای خۆی، هەر لە قۆناغی بەرزەخیشدا، چ جای لە قیامەتیشدا، کەواتە: وەک یەک نین، بۆیە دەفەرموێ: ﴿سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ﴾، ئەوە خراپترین حوکمە کە دەیدەن، خراپترین دادوەرییە کە دەیکەن.

دیـارە هەندێـک لـە تەفسـیرەکان دەڵێـن: موشریـک و هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرەکان بـە مسـوڵمانانیان دەگـوت: ئێمـە وەک چـۆن لـە دنیـادا بارودۆخـمان لـە ئێـوە باشـترەو، ژیـان و گوزەرانمـان لـە ئێـوە خۆشـترە، لـە دوای مردنێـش هـەر ئێمـە لـە ئێـوە چاکـتر دەبیـن! هەڵبەتـە مسـوڵمانی واش هەیـە، مسـوڵمانی گێلۆکـە، یـان ئیـمان دانەمـەزراو، مسـوڵمانی دڵ پـڕ لـە گومـان، بیسـتوومە دەڵێـن: ئـەو کافرانـە وەک چـۆن لـە دنیـادا ژیانیـان خۆشـترە، لـە قیامەتێـش هـەروا دەبـن! لـە ڕاسـتییدا ئـەوە نەزانییـەو، ئەگـەر بـە قووڵـی تەماشـا بکـرێ و بـە پـۆزش بـە نەزانیـی **(العـذر بالجهـل)** پاسـاوی بـۆ نەهێنرێتـەوە، ئـەوە کوفـرە!

لێـرەدا خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ئـەوە خراپتریـن دادوەرییـە کـە دەیکـەن، کـە پێیـان وابـێ ئەوانـەی بێبـڕوان و خراپەکانیـان کـردوون، وەک بـڕواداراني کـردار چاکـن!! کـە مەبەسـت پێیـان هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەران و کافرەکانـە، چونکـە بابـای بێبـڕوا، ڕێـی لـە بەردەمـدا، ئاچووغـە، هـەر خراپەیـەک دەکات، بـە پێچەوانـەی بـڕوادارەوە، کـە پابەنـدەو چوارچێـوەی بـۆ دانـراوە، ئـەوە حەڵاڵـە و ئـەوە حەرامـە، ئـەوە چاکـەو ئـەوە خراپـە، بـەڵام بابـای بێبـڕوا کـە بـڕوای نیـە، حەواڵـەی غەریـزەو ئـارەزووەکانی خـۆی کـراوە، چـی پێخۆشـە دەیـکات.

برا و خوشکانی بەڕێـــز!

گومـانی تێدا نیـە کـە ژیـانی ئیماندارانـە، ژیـان لـە سـایەی ئیمانـدا، وەک مـن لـەو بـارەوە نامیلکەیەکـم هەیـە (ژیـان لـە سـایەی ئیـمان داو، ڕەواندنـەوەی گومانـەکان)، ژیـان لـە سـایەی ئیمانـدا، ژیانێکـی پـاک و چـاک و بەرچـاو ڕوونانەیـەو، ژیانێکـی پـڕ لـە دڵنیایـی و هێمنیـی و ئاسـاییش و ئۆخژنـە، دەزانی لـە کوێـوە هاتـووی؟ دەزانی بۆچـی هاتـووی؟ دەزانی کـێ هێنـاوی؟ دەزانی بـۆ کـوێ دەچـی؟ دەزانـی دەبـێ چـۆن بـژی؟ دیسـان خـودی پرۆسـەی مـردن و گیانکێـشران و جیابوونـەوەی ڕووح لـە جەستەش، بـۆ بابـای بـڕوادار جیایـە لـە بابـای بێبـڕوا، ئنجـا دوای مردنیـش بێگومـان ئـەو کاتـە، جیاوازییـە گـەورە و سـەرەکییەکە دەردەکـەوێ.

خـوا بـە لوتـف و کەرەمـی خـۆی ئێمـە بـە خـاوەن ئیـمانی ڕاسـتەقینە بگێـڕێ، تاکـو ژیانێکـی ئیماندارانـە بگوزەرێنیـن و، مردنێکـی ئیماندارانە بمریـن و، زیندووبوونەوەکی ئیماندارانـەش زیندووببینەوە.

مەسەلەی چوارەم:

خوای کاربەجێ گەردوونی بە هەق و حیکمەت خوڵقاندووە، بۆ ئەوەش کە سزاو پاداشتنی هەر کەس بە پێی کردەوەکەی بداتەوە:

خوا دەفەرمووێ: ﴿ وَخَلَقَ اللَّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ وَلِتُجْزَىٰ كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە موبارەکە، لە سێ برگەدا:

١)- ﴿ وَخَلَقَ اللَّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ ﴾، خوا ئاسمانەکان و زەوی بە هەق هێناونە دی، (و) بۆ بادانەوەو گێڕانەوەیە، ئەم مەبەستە کە لێرە باس دەکرێ، دەیگێڕێتەوە بۆ سەر مەبەستەکانی پێشێ، واتە: هەروەها وەک چۆن خوا ﷻ ئەوانەی پێشێ فەرموون، یان کردوون، ئاسمانەکان و زەویشی بە هەق هێناونە دی، کە دەفەرمووێ: (بِالْحَقِّ)، واتە: بە هۆکاری هەق، واتە: کە ئاسمانەکان و زەوی هێناونە دی، ئاوێتە بوون لەگەڵ هەق دا، لەگەڵ حیکمەت و ڕاستیی دا، وشەی (**حق**)یش: (**اسْمٌ جَامِعٌ لِـما شَأْنُهُ أَنْ يَحِقَّ وَيَثْبُتَ**)، (**حق**) ناوێکی کۆکەرەوەیە بۆ هەر شتێک کە بچەسپێ و بێتە دی.

بەپێی سیاق مانای وشەی (**حق**) دەگۆڕێ، جاری وایە بە مانای حیکمەت دێ، جاری وایە بە مانای هێنانەدی ئامانجێک دێ، جاری وایە بە مانای ڕاستیی دێ، جاری وایە بە مانای چەسپاندنی شتێک دێ،

خوا ﷻ لێرەدا هەواڵمان پێدەدا کە ئاسمانەکان و زەوی، واتە: دروست کراوەکانی خوا بە سەرو خوارەوە، زەوی بۆ ئێمە خوارەوەی دروستکراوەکانەو، ئاسمانیش سەرەوەیانە، کە لەم ڕۆژگارەدا، زاراوی گەردوون، یان بوونەوەر بە عەرەبیی (**كون**)، یان (گێتی) بە فارسیی، بەکاردەهێنرێ، بەڵام لە ڕاستییدا وشەی گەردوون، بوونەوەر (**كون**)، تەنیا جێی ئەوەی تێدا دەبێتەوە کە تاکو ئێستا بە تەلسکۆبەکان مرۆڤ

توانیەتی دەرکی بکات، کە بە مەزەندەی زانایانی گەردووناس، ئەم دروستکراوانەی خوا بەسەرو خواریانەوە، ئەوەی تاکو ئێستا مرۆڤ پەی پێبردوە، دەڵێن: گەردوون تیرەکەی سێزدە ملیارو حەوتسەد، یاخود هەشتسەد ملیۆن (١٣,٧٠٠,٠٠٠,٠٠٠) ساڵی تیشکییە، تیشک کە لە چرکەیەکدا (٣٠٠,٠٠٠) کیلۆمەتر دەبڕێ، دەبێ سێزدە ملیارو حەوتسەد، یاخود هەشتسەد ملیۆن ساڵ بڕوا، ئنجا ئەمسەرو ئەوسەری گەردوون دەکات، شایانی باسە: ئێمە لە تەفسیری سوورەتی (فصلت)دا، لە بارەی دروستبوونی گەردوونەوە، باسێکمان کردوە، هەروەها لە سوورەتی (یونس)یشدا، باسێکمان کردوەو، لە تەفسیری سوورەتی (الرحمن)یش دا بە هەمان شێوەو، لە مەوسووعەی: (ئیمان و ئیلحاد)دا، درێژتر باسی گەردوونمان کردوە.

ئنجا بەپێی ئایەتەکانی خواش هەرچی ئەستێرەیەو کەهکەشانەو دەبینرێ، هەمووی لە سنووری ئاسمانی نزیکتر لە ئێمەدان، چونکە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ وَهِيَ دُخَانٞ فَقَالَ لَهَا وَلِلۡأَرۡضِ ٱئۡتِيَا طَوۡعًا أَوۡ كَرۡهٗا قَالَتَآ أَتَيۡنَا طَآئِعِينَ ﴿١١﴾ فَقَضَىٰهُنَّ سَبۡعَ سَمَٰوَاتٖ فِي يَوۡمَيۡنِ وَأَوۡحَىٰ فِي كُلِّ سَمَآءٍ أَمۡرَهَاۚ وَزَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنۡيَا بِمَصَٰبِيحَ وَحِفۡظٗاۚ ذَٰلِكَ تَقۡدِيرُ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ ﴿١٢﴾ ﴾فصلت.

ئەوەی جێی مەبەستمە، ئەوەیە: ﴿ وَزَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنۡيَا ﴾، (**الدُّنيا**: **مُؤَنَّث الأَدْنَى**)، یانی: (**المخلوق الأَقْرَب**)، ئەو دروستکراوەی لێتانەوە نیزیکترە، بەڵام دیارە (ٱلسَّمَآءَ)، (**مُؤَنَّث**)ەو دەبێ ئەو وشەیەش کە لەگەڵی بەکاردەهێنرێ هەروابێ، (ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنۡيَا)، یانی: ئاسمانی نیزیکتر لە ئێوە، (**الشَّيء الأَقْرَب**)، ئەوەی لە ئێوە نیزیکترە، ئەوە ڕازێنراوەتەوە بە چرایان، کەواتە: چرایەکان مەبەست پێی ئەستێرەو خڕۆکەکانن ئەوانەی کە ئێمە دەیانبینین، ئنجا هەرچی ئەستێرەیەو هەرچی کەهکەشانەو هەرچی گەلەکەهکەشانە هەمووی، وشەی (**مصابیح**) دەیگرێتەوە.

کەواتە: هەمووی لە سنووری ئاسمانی نزیکتر لە ئێمەدایە، ئاسمانی یەکەم، ئاسمانی بنەوە، ئنجا لەسەرویەوە شەش ئاسمانی دیکە هەن و، لەسەر ئەویشەوە (**سِدْرَةُ المُنْتَهَى**) هەیەو، لەسەرووی ئەویشەوە عەرشی خوا ﷻ هەیە، کەواتە:

ئەوەی تا ئێستا بەشەر پەی پێ بردوە، تیرەکەی ئەوەندەیە بە مەزەندە، ئەو حیسابانەش مەرج نیە، ڕێک و کت و مت وابن، بەڵام ئەوەی تاکو ئێستا بەشەر پەی پێبردوە، هەمووی لە سنووری ئاسمانی یەکەم دایە، ئەو سنوورەش لە کوێ کۆتایی پێ دێ؟ تاکو ئێستا زانست لەو بارەوە قسەی نەکردوەو، گەردووناسان لەوبارەوە نەیانگوتوە: لەوێ سنوورێک هەیەو کۆتایی پێ دێ و تەواو دەبێ.

ئنجا ئێمە لەبەر ئەوەی لەو سەرچاوانەو، شوێنانەدا کە ئاماژەمان پێدان، لەو بارەوە بە درێژیی قسەمان کردوە، بە تایبەت، لە مەوسووعەی: (**ئیمان و ئیلحاد**)دا، بۆیە لێرە بەوەندە باسکردنە لێی دەگەڕێین.

خوا دەفەرموێ: خوا ئاسمانەکان و زەوی بە هەق دروستکردوون، واتە: بە حیکمەت، یاخود بۆ چەسپاندنی هەق.

٢)- ﴿ وَلِتُجْزَىٰ كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ ﴾، هەروەها بۆ ئەوەی هەر کەسە بەپێی ئەوەی وەدەستی هێناوە، سزا و پاداشت بدرێتەوە، ئەمە لێرەدا: (**تَفْصِيل بَعْدَ إِجْمَال**)، درێژەپێدانە دوای ئەوەی بە کورتیی باسی کردوە، سەرەتا دەفەرموێ: خوا ئاسمانەکان و زەوی بە هەق دروستکردوون، دوایی تەفصیلی پێدەدات و ڕوونی دەکاتەوە، ئەو هەقە چییە؟ ئەوەیە کە هەر کەسە بەپێی ئەوەی کردوویەتی، سزا و پاداشت بدرێتەوە، پیشتریش باسمکرد: (**جُزَاء**) لە زمانی عەرەبییدا، هەم پاداشت (**ثَوَاب**)، هەم سزا (**عِقَاب**) دەگرێتەوە، (**الجَزَاءُ: الثَّوَابُ وَالعِقَاب**)، بەڵام لە کوردییدا وشەیەکمان نیە، کە پڕ بە پێستی مانای (**جَزَاء**) بێ، تاکو ئێستا نەمبینیوە! بۆیە هەمیشە دەبێ بڵێین: ﴿ وَلِتُجْزَىٰ ﴾، یانی: بۆ ئەوەی سزاو پاداشت بدرێتەوە، ئەوەی خراپەی کردوە، سزاو، ئەوەی چاکەی کردوە، پاداشت.

٣)- ﴿ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴾، لە حاڵێکدا ئەوان ستەمیان لێناکرێ، بەوە کە لە پاداشتیان کەم بکرێتەوە، یاخود لە سزایان زیاد بکرێ، ئەمەش هەر جەختکردنەوەی ئەو هەقەیە، کە لە سەرەتاوە باسکرا، هەڵبەتە لە شوێنی دیکەش باسمکردوە: بە شێک لەو هەقەی

خوای دادگەر باسیکردوە، ئەوەیە کە مرۆڤ تاقیی بکرێتەوە لەو گەردوونەداو، دوایی سزاو پاداشت ڕووی تێ بکات، بەڵام ئایا ئەم گەردوونە، ئەم دروستکراوانە، بەس بۆ ئەوە دروستکراون، یان زۆر شتی دیکەش هەیە و زۆر ئامانج دیکەش و حیکمەتی دیکەش هەن، کە ئێمە پەییان پێ نابەین؟ ئەوەی بۆ ئێمە زانراوەو، خوای پەروەردگار بۆ ئێمەی باسکردوە ئەوەیەو، ئەم ڕاستییە لە زیاتر لە پازدە (١٥) شوێنی قورئان دا، خوا ﷻ خستوویەتە ڕوو، لەو باسەی لە تەفسیری سوورەتی (**یونس**)دا، کردوومە، هەموو ئەو شوێنانەی کە لە قورئاندا هاتوون، لەو بارەوە هێناومن، کەواتە: هەقێک کە بۆ ئێمە دیارەو گەردوونی بۆ دروستکراوە، ئەوەیە کە مرۆڤ تاقیبکرێتەوەو، لەسەر خراپەکانی سزاو، لەسەر چاکەکانی پاداشت بدرێتەوە، بەڵام ناتوانین بڵێین: حیکمەتی خوا لە دروستکردنی ئەم دروستکراوانەو، ئەم گەردوونەدا، بەس ئەوەیە، بەڵام بە نسبەت ئێمەوە ئەوە یەکێکە یان حیکمەتێکە، خوای پەروەردگار ئەو گەردوونەی بۆ هێناوەتە دی، دەگونجێ بەس ئەو حیکمەتە هەبێ و، دەشگونجێ حیکمەتی دیکەش هەبن، کە ئێمە نایانزانین، یاخود پەیوەندییان بەئێمەوە نیە.

مەسەلەی پێنجەم:

باسی شوێن ئارەزووکەوتووانی دنیا پەرست و، بەهرەوەرنەگر لە عەقڵ و هەستەوەرەکانیان و، نکووڵییکەران لە قیامەت و، ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە خوا ژیێنەرو مرێنەرو زیندووکەرەوەو کۆکەرەوەی مرۆڤەکانە لە ڕۆژی دوایی دا:

خوا دەفەرموێ: ﴿أَفَرَءَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ وَأَضَلَّهُ اللَّهُ عَلَىٰ عِلْمٍ وَخَتَمَ عَلَىٰ سَمْعِهِۦ وَقَلْبِهِۦ وَجَعَلَ عَلَىٰ بَصَرِهِۦ غِشَٰوَةً فَمَن يَهْدِيهِ مِنۢ بَعْدِ اللَّهِ ۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿٢٣﴾ وَقَالُوا۟ مَا هِىَ إِلَّا حَيَاتُنَا الدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا وَمَا يُهْلِكُنَآ إِلَّا الدَّهْرُ ۚ وَمَا لَهُم بِذَٰلِكَ مِنْ عِلْمٍ ۖ إِنْ هُمْ إِلَّا يَظُنُّونَ ﴿٢٤﴾ وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٍ مَّا كَانَ حُجَّتَهُمْ إِلَّآ أَن قَالُوا۟ ائْتُوا۟ بِـَٔابَآئِنَآ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٢٥﴾ قُلِ اللَّهُ يُحْيِيكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يَجْمَعُكُمْ إِلَىٰ يَوْمِ الْقِيَٰمَةِ لَا رَيْبَ فِيهِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٢٦﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پازدە بڕگەدا:

١)- ﴿أَفَرَءَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ﴾، ئایا ئەو کەسەت دیوە (زانیوە) کە ئارەزووی کردۆتە پەرستراوی!.

چۆنیەتیی پەیوەستبوونی ئەم ئایەتانە، بەوانەی پێش خۆیانەوە، ئەوەیە کە ئەوەی لە ڕابردوودا باسکرا، وا لە مرۆڤ دەکات بە دوای (هدی) بکەوێ، بە دوای ڕێنمایی خوا بکەوێ، نەک بە دوای هەواو ئارەزوو بکەوێ، دوای ئەوەی خوا ﷻ باسیکرد، کە ئەم گەردوونە بە هەق خوڵقێنراوە، هەروەها باسیکرد کە ئەوانەی بە دوای ڕێنمایی خواو هیدایەتی خوا دەکەون و، ئەوانەی بە دوای هەواو ئارەزوو دەکەون، وەک یەک نین، ژیان و مردنیان وەک یەک نیە، ئنجا خوای بەرزی مەزن، وردتر باسی ئەوانە دەکات کە بە دوای هەواو ئارەزووی خۆیان دەکەون، دەفەرموێ: ﴿أَفَرَءَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ﴾، ئایا سەرنجی ئەو کەسەت داوە، کە ئارەزووی خۆی کردۆتە پەرستراوی خۆی؟ ئایا دەیزانی؟ ئایا

بینیوتە؟ ئایا دەیناسی؟ هەواڵم پێ بدە، لە بارەیەوە، بە هەموو ئەو واتایانە: (أَفَرَءَيْتَ) مانا كراوە، كە دەفەرموێ: ﴿ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ﴾، زانایان دوو واتایان بۆ لێکداونەوە:

یەکەم: هەواو ئارەزووی خۆی وەک پەرستراوێک لێکردوە، سەرپێچیی هیچ فەرمانێکی ناکات و، هەرچی ئارەزووی پێی بڵێ، وا دەکات.

دووەم: پەرستراوێک دەپەرستێ، لەبەر ئەوەی حەز دەکات بیپەرستێ، دەیپەرستێ، نەک لەبەر ئەوەی ڕاست و هەقەو شایستەیە.

ئیبنو عەبباس و حەسەنی بەصرایی و قەتادە خوا لێیان ڕازی بێ، گوتوویانە: (ذَلِكَ الكَافِر اتَّخَذَ دِيْنَهُ مَا يَهْوَاهُ، فَلاَ يَهْوَى شَيْئاً إلاَّ رَكِبَهُ)، واتە: ئەوە بابای بێبڕوایە كە دینەکەی بریتیە لەوەی ئارەزووی دەکات، ئارەزووی هیچ شتێک ناکات، مەگەر ئەنجامی دەدا، گوێ ناداتە حەڵاڵ و حەرام و، چاک و خراپ.

عیکریمە دەڵێ: (أَفَرَأَيْتَ مَنْ جَعَلَ إِلَهَهُ الَّذِي يَعْبُدهُ، مَا يَهْوَاهُ، أو يَسْتَحْسِنَهُ، فَإِذَا اسْتَحْسَنَ شَيْئاً وَيَهْوِيَهُ، اتَّخَذَهُ إِلَهاً)، ئایا ئەو كەسەت بینیوە: پەرستراوەکەی کە دەیپەرستێ، بریتیە لەوەی ئارەزووی دەکات، یاخود پێی چاکە، ئنجا هەر کاتێک شتێکی پێ چاک بوو و ئارەزووی کرد، دەیکاتە پەرستراوی خۆی.

ئەمە وەک شاعیرێکی عەرەب دەڵێ:

وَمَنْ أَبَاحَ النَّفْسَ مَا تَهْوَاهُ فَإِنَّمَا إِلَهُهُ هَوَاهُ

واتە: هەر كەسێک نەفسی چی ئارەزووی کرد، بۆی ڕەوا بکات، ئەوە ئارەزووی خۆی کردووەتە پەرستراوی خۆی.

٢)- ﴿وَأَضَلَّهُ ٱللَّهُ عَلَىٰ عِلْمٍ﴾، خواش بە زانیارییەوە گومڕای کردوە، ئەمیش دوو واتایان بۆ لێکداونەوە کە زیاتر بە دڵەوە بنووسێن، ئەگەرنا زانایان زۆریان قسە لێ کردوە:

یەکەم: خوا ئەو کەسەی گومڕاو سەرگەردان کردوە، هەرچەندە ئەو کەسە ڕێنمایی و گومڕاییش دەزانێ، بەڵام ئەو زانیارییە سوودی پێنەگەیاندوەو، خوا گومڕای کردوە.

دووەم: خوا گومڕای کردوەو، پێی زانایە کە شایستەی ئەوەیە، بە هۆی ئەوەوە کە بۆ خۆی گومڕایی دەوێ.

کەواتە: ﴿ عَلَىٰ عِلۡمٖ ﴾، یان: پەیوەستە بە بکەر (فاعل)ەوە، کە پەروەردگارە، خوا گومڕای کردوەو، دەشزانێ کە شایستەیە گومڕا بکرێ.

یاخود (عَلَىٰ عِلۡمٖ)، پەیوەستە بە بەرکار (**مفعول به**)ەکەوەو بۆ ڕاناوی (ه)یەکە دەچێتەوە کە لەسەر ﴿ وَأَضَلَّهُ ﴾یە، واتە: خوا گومڕای کردوە لە حاڵێکدا کە ئەو کەسە زانیاریشی هەبوو، بەرچاو ڕوونیش بوو، هەق و ناهەقی لێک جیا دەکردنەوە، بەڵام بەرژەوەندیی لە شوێنکەوتنی هەق دانەبوو، لە شوێنکەوتنی ناهەقدا هەبوو، ئەوەش گەورەترین گرفت و کێشەی بەشەرە، کە ناتوانێ هەمیشە توانینەکەی بەپێی زانینەکەی بێ، ناتوانێ حاڵیبوونەکە لە خۆیدا بکاتە حاڵ، بابایەکی جگەرەکێش، بابایەکی شەڕاب خۆرەوە، بابایەکی تێرگەلەکێش و تلیاک کێش، دەزانێ ئەو شتانە زیانیان هەیە، هەر کامێکیان بە ئەندازەی خۆی، بەڵام دەستی بۆ لێی هەڵناگیرێ، واتە: زانیاریی پێی هەیە، بەڵام دەستی پێ لێ هەڵناگیرێ، چونکە هێزێکی دیکەی هەیە، کە هێزی دڵ و ئارەزوو و ویستنیەتی، زاڵبووە بەسەر هێزی عەقڵ و هۆش و زانینیدا، مرۆڤ کۆمپیوتەر نیە، هەر شتێکی زانی بیشیتوانێ! مرۆڤ ئامێر نیە، مرۆڤ کائینێکی زۆر ئاڵۆزە، دەزانێ هەق لەوێیە، کەچی شوێنی ناکەوێ، وەک خوا ﷻ لە بارەی فیرعەون و دارو دەستەکەیەوە دەفەرموێ، کاتێک مووسا هات بۆ لایان: ﴿ وَجَحَدُواْ بِهَا وَٱسۡتَيۡقَنَتۡهَآ أَنفُسُهُمۡ ظُلۡمٗا وَعُلُوّٗاۚ فَٱنظُرۡ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُفۡسِدِينَ ﴿١٤﴾ ﴾، نکوولییان لێکردن (لە نیشانەکانی مووسا)، لە دەروونیشیان دا لێیان دڵنیابوون (کە ڕاستن)، بۆچی؟ ﴿ ظُلۡمٗا وَعُلُوّٗاۚ ﴾، چاویان لە ستەم و خۆسەپاندن و خۆ بەرزکردنەوە بوو، ﴿ فَٱنظُرۡ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُفۡسِدِينَ ﴾، سەرنج بدە! سەرەنجامی تێکدەران چۆن بوو!

هەروەها ئەبوو جەهل و وەلیدی کوڕی موغیرەو نەزری کوڕی حاریس و ئوممەیەی کوڕی خەڵەف و ئەو زلە زلانەی قورەیش، دەیانزانی موحەممەد ﷺ پێغەمبەری خوایەو ڕاستە، کەسێک تاکو تەمەنی گەیشتۆتە چل (٤٠) ساڵیی درۆی لەگەڵ مرۆڤاندا نەکرد بێ، ئایا ئێستا لە دوای چلەوە، دوای ئەوەی لاجانگی[1] سپیی بوون بە ناوی خواوە درۆ دەکات؟! حاشای ئەو، بەڵام بۆچی شوێنی نەکەوتوون؟ کاتی دیکەو لە بۆنەی دیکەدا باسمان کردوە، لە تەفسیری ئایەتی دیکەدا، لەبەر ئەوەی گوتوویانە عەشیرەتی ئێمە لەگەڵ عەشیرەتی موحەممەددا ﷺ هەر پێشبڕکەیان بووە، وەک دوو ئەسپی پێشبڕکەکار (**کفرسي الرِّهان**) ئەوان شتێکیان کردوە، ئێمەش شتێکمان کردوە، ئێستا ئەوان دەڵێن: ئێمە پێغەمبەرێکمان لە نێودا هاتوە، ئایا ئێمە پێغەمبەرێک لە کوێ بێنین؟ دەبێ بە دوای هۆزی ئەوان بکەوین!! ئەوان خستوویانەتە ئەو قاڵبەوە، فیرعەونیش بۆیە بە دوای مووسا نەدەکەوت، چونکە بەپێی پەیامەکەی مووسا، فیرعەون کە دەیگوت: (من پەروەردگاری هەرە بەرزتانم)، (بێجگە لە خۆم پەرستراوێکی دیکەم بۆ ئێوە پێ شک نایەت)، دەبووایە واز لەو قسەو لافلێدانانە بهێنێ و، ئەو کاتەش فیرعەون و **قیبطییە**کان لەگەڵ بەنوو ئیسرائیلییەکی چەوسێنراوەدا، کە سۆغرەو بێگاری پێدەکراو، خاوەنی هیچ شتێکی خۆی نەبوو، یەکسان دەبوونەوەو، فیرعەون بواری فیرعەونایەتیی نەدەما، بۆیە ئامادە نەبوو مل بدات بۆ پەیامەکەی مووسا، ئێستاش هەروایەو، ئێستاش لە پانایی و درێژایی جیهانی ئیسلامیی دا، ئەو هەموو حوکمڕانە بوودەڵەو بووکەڵە کارتۆنییانەی دروستکراون و، ئەو هەموو داشی دامانەی دانراون و بەسەر مسوڵماناندا فەرز کراون، ئەو حوکمڕانە گوێ لەمستانە بۆ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، گوێ لەمستانە بۆ زایۆنیستانی جوولەکەو ئەمەریکا، بۆ زلهێزان، بۆچی دانوویان لەگەڵ تەوژمی ئیسلامییدا ناکوڵێ؟ بۆچی دانوویان لەگەڵ کەسانێکدا ناکوڵێ کە دەڵێن: دەبێت

---

(١) هەر مرۆڤێك دوو لاجانگی هەن، کە بریتین لەو مووانەی کۆتایی سەر کە بەملاولای ڕوومەتەکان دا دێنە خوارو خەنافیسەکان درێژ بوونەوەیانن.

شەریعەتی خوا، سایەو سێبەری ئەو خەڵکە مسوڵمانە بێ؟ لەبەر ئەوەی ئەگەر شەریعەت حاکم بێ، ئەوان ئەو بەزم و بازاڕەیان لێ تێکدەچێ، وەک چۆن جوولەکەکانی مەدینە دەیانزانی کە موحەممەد ﷺ پێغەمبەری خوایەو، لە کتێبەکانی ئەواندا مژدەی هاتنی موحەممەد ﷺ هەبوو، وەک خوا دەفەرموێ: ﴿يَعْرِفُونَهُ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَاءَهُمْ﴾البقرة، وەک چۆن کوڕەکانی خۆیان دەناسیی، ئاوا موحەممەدیان دەناسیی، بە ناوونیشانەکانی، کە ئێستاش لە کتێبەکانیاندا ماون، دوای ئەو هەموو دەستکاریی و گۆڕانکارییەش، بەڵام بۆچی شوێنی نەدەکەوتن؟ چونکە ئەو بەزم و بازاڕەی پێکیان وەنابوو لە سایەی دینداریەکی گۆڕراوو ساختەدا، ئەوەیان لێ تێکدەچوو، ئنجا ئێستاش هەروایە، عەلمانییەکان، ڕژێمە تاغووتییەکان، حوکمڕانە خۆسەپێنەکان، کە ئیددیعای مسوڵمانەتییش دەکەن، ئەگەر شەریعەتی خوا حاکم بێ:

١- جارێ پێش هەموو شتێک شەریعەت دەڵێ: دەبێ شێوەی حوکمڕانیی و شێوەی دانانی بەرپرسان: ﴿وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ﴾الشورى، بە ڕاوێژ بێ، ڕاوێژێکی ڕاستەقینە، نەک هەڵبژاردنی ساختەو پڕ تەزویرو درۆو دەلەسەو، فێڵ لە خەڵککردن و خەڵک چەواشەکردن و، خەڵک ترساندن.

٢- دواییش شەریعەت دەڵێ: دەبێ دادگەرانە حوکمڕانیی بکرێ و، حوکم بە شەریعەت بکرێ، ئەوەی شەریعەت بە حەڵاڵی داناوە، بە حەڵاڵ دابنرێ و، ئەوەی قەدەغەی کردوە، دەبێ بە قەدەغە دابنرێ، ئنجا کە ئاوا بکرێ، ئەوان ئەو بەزم و بازاڕە ناشەرعییەی پێکیانەوە ناوە، لە سایەی حوکمی دیکتاتۆریی و میراتیی دا، لە سایەی سیکۆلاریزم و، لیبڕالیزیم و، سۆسیالیزم و کاپیتالیزم دا، لێیان تێکدەچێ.

کەواتە: ﴿وَأَضَلَّهُ اللَّهُ عَلَىٰ عِلْمٍ﴾، یانی:

أ- خوا بەزانیارییەوە گومڕای کردوە، واتە: لەگەڵ ئەوەشدا زانیاریی هەیە، بەڵام شوێنی ناکەوێ.

ب- یاخود: خوا گومڕای کردوە، لەبەر ئەوەی دەزانێ شایستەی گومڕاییە، بۆچی شایستەیە؟ چونکە هەق دەزانێ، دەبینێ، دەیبستێ، بەڵام شوێنی ناکەوێ، ئنجا کە شوێنی ناکەوێ، مانای وایە بە پێی سیستمێک کە خوا دایناوە لە ژیانی مرۆڤ دا، شایستەی ئەوەیە گومڕا بێ و سەرگەردان و سەر لێشێواو بێ.

٣)- ﴿ وَخَتَمَ عَلَىٰ سَمْعِهِۦ وَقَلْبِهِۦ ﴾، خوا مۆری بەسەر بیستنی و بەسەر دڵیەوە ناوە.

٤)- ﴿ وَجَعَلَ عَلَىٰ بَصَرِهِۦ غِشَـٰوَةً ﴾، هەروەها پۆششێکی لەسەر دیتنی داناوە، (غِشَـٰوَةً)، خوێنراویشەتەوە: (غَشَاوَة)، هەردووکیان بە مانای پەردەو پۆشش دێن، پۆششێکی لەسەرچاوی داناوە.

شایانی باسە: لە سوورەتی (البقرة)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ خَتَمَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ وَعَلَىٰ سَمْعِهِمْ ۖ وَعَلَىٰٓ أَبْصَـٰرِهِمْ غِشَـٰوَةٌ ﴾، بەڵام لێرەدا دەفەرموێ: ﴿ وَخَتَمَ عَلَىٰ سَمْعِهِۦ وَقَلْبِهِۦ وَجَعَلَ عَلَىٰ بَصَرِهِۦ غِشَـٰوَةً ﴾، بۆچی؟ چونکە ڕەوتەکە لێرە قسەکردنە لە بارەی کۆمەڵێکەوە، کە دڵی خۆیان چەسپاندوەو، بڕیاریانداوە هەر بە دوای گومڕای بکەون، گوێ بۆ هەق هەڵناخەن و گوێ ناگرن، بە بەڵگەی ئەوە کە خوا پێشتر ئاوا پێناسەی کردوون، دەفەرموێ: ﴿ أَفَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَـٰهَهُۥ هَوَىٰهُ وَأَضَلَّهُ ٱللَّهُ عَلَىٰ عِلْمٍ ﴾، بۆیە لێرەدا (سَمْع)ی پێشخستوە، واتە: گوێناگرن و گوێ هەڵناگرن و لەسەر کوفر عەزمیان جەزم کردوەو، قەناعەتی پێش بیرکردنەوەیان هەیە، قەناعەتهێنانی پێش گوێگرتنیان هەیە، ئنجا قەناعەتەکەیان و عەزم جەزم کردنەکەیان، لەسەر شوێنکەوتنی گومڕایی وای لێکردوون، کە هەر گوێ هەڵنەخەن، بۆیە دەفەرموێ: ﴿ وَخَتَمَ عَلَىٰ سَمْعِهِۦ وَقَلْبِهِۦ وَجَعَلَ عَلَىٰ بَصَرِهِۦ غِشَـٰوَةً ﴾، بەڵام لە سوورەتی (البقرة)دا دەفەرموێ: ﴿ خَتَمَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ وَعَلَىٰ سَمْعِهِمْ ﴾، لەوێ (البقرة) باسی کۆمەڵێکە لە بێبڕوایان و باسی حاڵەتی ڕۆچوونی کوفر دەکات، تێیاندا، ئنجا پێش هەموو شتێ کوفر عەقڵ و دڵی مرۆڤ دادەگرێ، ئنجا دوایی بیستنی، دوایی چاوی، لەوێ باسی حاڵەتی لە نێو کوفردا بوونیان دەکات، بۆیە پێشتێ باسی مۆرکرانی دڵیانی کردوە، ئنجا هی بیستنیان، دوایی پەردە بەسەر چاوهەڵکشانیان، بەڵام

لێرەدا لە بارەی کۆمەڵێکەوەیە، کە شوێنکەوتووی ئارەزووی خۆیانن و، ئارەزووی خۆیان کردۆتە پەرستراوی خۆیان، کەواتە: بڕیاریان داوە گوێ هەڵنەخەن.

﴿ وَجَعَلَ عَلَىٰ بَصَرِهِۦ غِشَٰوَةً ﴾، خوێندراوەتەوەش: (غَشَاوَة)، یانی: پەردەی بەسەرچاویان هەڵکێشاوە، هەڵبەتە لێرەدا مەبەست پێی ئەوە نیە خوا مۆرێکی هێنابێ و لەسەر دڵیان بدات و، لەسەر بیستنیان بدات و، پەردەیەک بێنی بەسەر چاویان هەڵکێشێ، بەڵکو هەموو ئەو تەعبیرانە مەجازیین، واتە: ئەوانە لە ئەنجامی ڕووکردنە بێبڕوایی و خراپەکاریی و شوێنکەوتنی ئارەزووی خۆیاندا، کارێکیان بەسەر خۆیان هێناوە، دڵیان وەک چۆن نامەیەک کە بویسترێ کۆتایی پێ بهێنرێ، لە خوارێ مۆر دەکرێ، یان جاری وایە مۆرێکیان لەسەر زەرفەکەشی داوە، تاکو نەکرێتەوە، ئەوانەش ئاوایان لە خۆیان کردوە، نەک خوای دادگەر ئاوای لێکردبن، بەڵام بۆچی خوا پاڵیداوەتە لای خۆی؟ لە سۆنگەی ئەوەوە کە بەپێی سیستمێک ئەو گۆڕانکاریی و حاڵەتەیان بەسەردا هاتوە، کە خوا دایناوە، لەو ڕووەوە خوا پاڵیدەداتە لای خۆی ﷻ، ئەگەرنا بە دڵنیاییەوە، خوا ڕقی لە مرۆڤەکان هەڵناستێ، دڵیان دابخات و گوێیان بگرێ و، چاویان پەردەی بەسەر هەڵکێشێ، تاکو هەق نەبینن و، هەق نەبیستن و، هەق دەرک نەکەن، بەڵام خوای کاربەجێ ئەو شتانە پاڵدەداتە لای خۆی، لەبەر ئەوەی بەپێی سیستمێک کە خوا دایناوە، ئەو حاڵەتانە ڕوویانداوە.

٥)- ﴿ فَمَن يَهۡدِيهِ مِنۢ بَعۡدِ ٱللَّهِ ﴾، ئنجا ئایا کێ ڕاستە ڕێی دەکات لە دوای خوا؟ لێرەدا (يَهۡدِيهِ) بە مانای ڕێنماییکردن نیە، چونکە ڕێنماییەکەی هەر کردوون، بەڵکو بە مانای ڕاستە ڕێکردن و بە ئامانج گەیاندنە، پرسیارکردنەکەش لێرەدا: (فَمَن يَهۡدِيهِ: **الإستفهام للإنكار**)، پرسیارکردنی نکووڵیلێکەرانەیە، چونکە بە دڵنیایی جگە لە خوا هیچکەس ناتوانێ ئەوانە بە ئامانج بگەیەنێ و ڕاستە ڕێیان بکات.

٦)- ﴿ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴾، ئایا بیرناکەنەوە؟ خوێنراویشتەوە: (أَفَلاَ تَذْكُرون)، یانی: (تَتَذَكَّرُون)، کە هەر یەک واتایان هەیە، ئایا پەند وەرناگرن، ئایا بیر ناکەنەوە، ئایا وەبیریان نایەتەوە؟

ئنجا دێته سەر باسی قسەیەکی دیکەیان:

٧)- ﴿ وَقَالُوا۟ مَا هِىَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنْيَا ﴾، هەروەها گوتیان: هیچ لە ئارادا نیە، جگە لە ژیانی دنیامان، لە سووڕەتی (الأنعام)دا دەفەرمویٚ: ﴿ وَقَالُوٓا۟ إِنْ هِىَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنْيَا وَمَا نَحْنُ بِمَبْعُوثِينَ ﴿٢٩﴾ ﴾، واته: ژیان تەنیا ژیانی دنیامانەو، ئێمە لە زیندوو کراوان، نابین، بەڵام لێرە دەفەرمویٚ: ﴿ مَا هِىَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنْيَا ﴾، (إن هي)، (إن النافية: ما هي)، (إنْ)ی لابەرە (نافية) و (ما)ی لابەرە، یەک واتایان هەیە.

(هـي) هـەم لـە ئایەتەکـەی سـوورەتی (الأنعـام)داو، هـەم لێـرەدا: (ضَمِيرِ القِصَّةِ وَالشَّأنِ أي: قِصَّةُ الخَوْضِ فِي البَعْثِ تَنْحَصِرُ أن لاَ حَيَاةَ بَعْدَ المَمَات)، واتـە: بەسـەرهاتی باسـکردنی زیندووبوونـەوە، لـەوەدا خوڵاسـە دەبێتـەوە، کـە لـە دوای ئـەم ژیـانی دنیایەمـان، هیـچ شـتێکی دیکـە لـە ئـارادا نیـە، ژیانێکـی دیکـە نیـە، دوای ئـەو ژیانـە دنیایەمـان کـە بەسـەر دەچـێ، ژیانێکـی دیکـە نابـێ.

هەندێـک لـە ڕوونکەرەوانیـش گوتوویانـە: ﴿ مَا هِىَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنْيَا ﴾، (يَعنـي: مَـا الحَيَـاةُ إلاَّ حَيَاتُنَـا الدُّنيَـا)، واتـە: ژیـان نیـە، جگـە لـەم ژیانـە دنیاییەمـان، ئەگـەر بڕایـەوە دەبڕێتـەوەو، جارێکـی دیکـە زینـدوو ناکرێینـەوە.

٨)- ﴿ نَمُوتُ وَنَحْيَا ﴾، دەمرین و دەژین، بە ڕواڵەت دەبووایە گوترابا: دەژین و دەمرین، بەڵام لێرەدا مردن پێشخراوەو، مانایەکەی ئاوایە: (نَمُوتُ نَحْنُ وَيَحْيَى أبْنَاؤُنا)، ئێمە دەمرین و ڕۆڵەکانمان لە دوای ئێمە دەژین، یاخود: (نَمُوتُ بَعْضُنَا وَيَحْيى بَعْضُنَا)، هەندێکمان دەمرین و هەندێکمان دەژین، بەڵام بۆچی مردن پێشخراوە؟ (تَقْدِيمُ المَوْتِ لأَنَّهُ الأَهَمُّ إذْ هُمْ بصَدَدِ إثْبَاتِ أنْ لاَ حَيَاةَ بَعْدَ المَوْت)، مردن بۆیە پێشخراوە، چونکە ئەوە گرنگترەو، ئەوان خەریکی ئیسپات و سەلماندنی ئەوە بوون، کە لە دوای ئەم ژیانە دنیاییە مردن دێ، ژیانێکی دیکە نیە، ئنجا بە لای ئەوانەوە گرنگەکە مردنەکەیە، تاکو بیسەلمێنن کە لە دوای مردن ژیانی دیکە نیە، بۆیە مردنیان پێشخستوە.

٩)- ﴿وَمَا يُهۡلِكُنَآ إِلَّا ٱلدَّهۡرُ﴾، تەنیا ڕۆژگار ئێمە دەفەوتێنێ، وشەی: (ٱلدَّهۡرُ): پێشتریش باسمان کرد، کە بە مانای کاتێکی درێژبووەوەیەو، فەرقی لەگەڵ (زَمَن) و (وقت) و (عُمُر) دا، ئاوایە: (العُمُر) تەمەنی کەسێکی دیاریکراو، (الزَّمَن) و (الوَقْت) هەم بۆ کاتی کەم و، هەم بۆ کاتی زۆریش بەکاردێن، بەڵام (ٱلدَّهۡرُ)، بۆ ڕۆژگارێکی دوورو درێژ بەکاردێ، یانی: تەنیا ڕۆژگاری درێژ ئێمە دەفەوتێنێ و، کەس نیە سەرپەرشتییمان بکات، ئێمەی هێنابێ و بژیەنێ و بمرێنێ، بەڵکو بەس بە تێپەڕبوونی کات ئێمە دەمرین و زیندووکرانەوەش نیە.

١٠)- ﴿وَمَا لَهُم بِذَٰلِكَ مِنۡ عِلۡمٍ﴾، [خوا ﷻ هەر ئەوەندە وەڵامی ئەو قسەیان دەداتەوە، دەفەرمویێ:] زانیارییان لەو بارەوە نیە، هەر بە نەزانیی قسە دەکەن و، هیچ زانیارییان نیە، کە دەڵێن: ئەوەی ئەوان دەمرێنێ، تەنیا ڕۆژگارە، لە خۆوە قسە دەکەن، لە ڕاستییدا ئەوەی ئەوان دەژیەنێ و دەمرێنێ و زیندوو دەکاتەوە، خوایە ﷻ، ئەگەرنا ژیان و مردن لە خۆوە پەیدانەبوون و، پەیدانابن، وەک لە سوورەتی (الملك)دا، دەفەرمویێ: ﴿ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلۡمَوۡتَ وَٱلۡحَيَوٰةَ لِيَبۡلُوَكُمۡ أَيُّكُمۡ أَحۡسَنُ عَمَلٗا﴾، واتە: خوا مردن و ژیانی ڕەخساندوون، تاکو تاقییتان بکاتەوە، کامەتان کردەوەی باشترە؟

١١)- ﴿إِنۡ هُمۡ إِلَّا يَظُنُّونَ﴾، ئەوان تەنیا گومان دەبەن، (إِنْ) لابەرە (نافية)یە، (جِيءَ بالمُضَارِعِ للتَّجَدُّد)، بۆیە دەفەرمویێ: ﴿يَظُنُّونَ﴾، ئەوان تەنیا گومان دەبەن و، بە کرداری (مُضَارِع) هێناویەتی، چونکە بۆ تازەبوونەوەیە، واتە: گومان لە دوای گومان دەبەن، یانی: تەنیا پشت بە وەهم و پێوانە خەیاڵییەکان دەبەستن، دەڵێن: کوا کەس لە قەبرستان نەهاتۆتەوە؟ قیاسی خوای پەروەردگار دەکەن لەسەر خۆیان، کەسێک کە دەمرێ، ناتوانن زیندووی بکەنەوە، هەروەها ناتوانن ژیان پەیدا بکەن، ئنجا پێیان وابووە خوای بەرزو مەزنیش هەروایە، بە زۆریی هۆکاری شیرک و بە هەڵەداچوونی مرۆڤ لەوەدایە، کە پێوانە (قیاس)ی خوای تاک و پاک دەکات لەسەر خۆی و، لە هەنبانەی خۆیاندا گوێز دەژمێرن.

بۆیەش خوا ﷻ تەنیا ئەوەندە دەفەرمویێ: کە ئەوانە تەنیا گومان دەبەن، چونکە ڕاستییەکەی هەروایە، هەرچی ئەو بیردۆزەو میردۆزانەن لێیان بکۆڵەوەو

بچۆ بنج و بنەوانیان، هەمووی گومان و خەیاڵ و بۆچوونی کرچ و کاڵ سەرچەنگ چوونەو، هیچی ناچێتەوە بۆ شتێکی ڕیشەدارو بەڵگەیەکی ڕوونی جێی دڵنیایی.

ئنجا خوا یەکێک لە گومانەکانیان، یان یەکێک لە بەڵگە پووچەکانیان دەخاتەڕوو، دەفەرمووێ:

١٢)- ﴿ وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٍ ﴾، کاتێک ئایەتە ڕوونەکانی ئێمەیان بەسەردا بخوێنرێنەوە، یانی: ئایەتە ڕۆشنەکان و درەوشاوەکان، کە گومان و دوو دڵیی لە دڵی کەسانێکدا کە ئایەتەکانی خوا بە ڕاست دادەنێن، لا دەبات و دڵیان خاوێن و ڕۆشن دەکاتەوە.

١٣)- ﴿ مَّا كَانَ حُجَّتَهُمْ إِلَّآ أَن قَالُوا۟ ٱئْتُوا۟ بِـَٔابَآئِنَآ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴾، بەڵگەیان تەنیا ئەوەبوو کە گوتیان: هیچ بەڵگەیەکیان نەبوو، جگە لەوەی گوتیان: باب و باپیرانمان بێنن، ئەگەر ئێوە لە ڕاستانن، (**لَمْ يَكُنْ لَهُم حُجَّةٌ إلاَّ قَوْلُهم: أَحيُوا أَبَاءَنَا مِنَ القُبُور**)، بەڵگەکەیان هەر ئەوە بوو کە گوتیان: باب و باپیرانمان لە گۆڕەکانیاندا زیندوو بکەنەوە!

ئنجا ئەوە کەی بەڵگەیە؟ خوا ﷻ مرۆڤی داناوە لەسەر زەوی، ئەم قۆناغە، قۆناغی ژیانی دنیاو تاقیکردنەوەیە، کاتێک ئەم قۆناغە بەسەرچوو، قۆناغێکی دیکە دێ، ناگونجێ ئەوەی لە قوناغێکی دیکەدا دێ، ئەویش ئێستا بهێنرێتە ئێرە، ئەمە دەکاتە تێکەڵیی و پێکەڵیی! هەروەک منداڵ لە منداڵدانی دایکی دێتە دەرێ، وەک کۆرپەلەیەک شیر دەخوات، دوایی وردە وردە گەورە دەبێ و ددانی لێدەڕوێن و، ئەگەر هەتا تەمەنی دوو ساڵیی، ژیانی لەسەر دوو مەمکی دایکی بووە، ئنجا ژیانی دەکەوێتە سەر دەم و ددانی خۆی، پێشێ دارە دارە دەکات، دوایی پێرۆچکە دەبێ و، گەورە دەبێ و دەڕوات، ئنجا قۆناغی منداڵیی و، قۆناغی هەرزەکاریی و، قۆناغی گەنجێتیی، ناکرێ مرۆڤ بکاتە قۆناغی کامڵبوون، دوایی بێتەوە بۆ قۆناغی شیرە خۆرەیی! کەواتە: خوا ﷻ ئەم گەردوونەو لە نێویدا ژیانی مرۆڤی بە سیستەم داناوە، بۆ هەر کام لە قۆناغەکان یاسای داناوە، قۆناغێک کە دەگوزەرێنرێ، ناگونجێ دوایی مرۆڤ بۆ لای بگێڕدرێتەوە، ئایا دەگونجێ کەس بچێتەوە نێو منداڵدانی دایکی، دوای ئەوەی لێوەی هاتۆتە دەر؟ نەخێر!

کەواتە: کەسێکیش کە تاقیکردنەوەی ژیانی دنیای داوەو، چۆتە قۆناغی بەرزەخەوە، جەستەکەی چووەتەوە بۆ نێو خاک و، ڕووحەکەشی چووە بۆ ئەو شوێنەی کە ئەگەر ئەهلی پاداشت بێ، وەک بەهەشتە، یان لە نێو بەهەشتەو، ئەگەر ئەهلی سزا بێ، وەک دۆزەخە، یاخود لە نێو دۆزەخە، ناگونجێ لەوێوەوە بێتەوە بۆ دنیا، چونکە ئەو قۆناغە بەسەرچووە، بۆیە ئەوان ئێستا چوونەتە قۆناغی بەرزەخەوەو، لە دوای ئەو قۆناغی بەرزەخەش، قۆناغی قیامەتیش دێ، بەڵام بێبڕوایەکان ویستوویانە هەموو شتێک تێکەڵ و پێکەڵ بکەن، وەک چێشتی مجێور! بەڵام نەخێر، بۆیە خوا دەفەرموێ: ئەگەر ئایەتە ڕۆشنەکانی ئێمەیان بەسەردا بخوێنرێنەوە، بەڵگەیان هەر ئەوە بوو کە گوتیان: باب و باپیرانمان بێنن، ئەگەر ڕاست دەکەن، واتە: هەموو عەقڵەکەیان ئەوەندە بوو، هەموو بەڵگەکەیان ئەوە بوو، لەوە زیاتر بەڵگەیان بەدەستەوە نەبوو، ئەوەش هیچ بەڵگە نیە، بۆیە خوا ﷻ دەفەرموێ:

١٤)- ﴿ قُلِ ٱللَّهُ يُحْيِيكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يَجْمَعُكُمْ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ لَا رَيْبَ فِيهِ ﴾، بڵێ: خوا ﷻ دەتانژیەنێ، دوایی دەتانمرێنێ، دوایی بەرەو ڕۆژی قیامەت زیندووتان دەکاتەوە، کە هیچ دوو دڵیی تێدانیە.

١٥)- ﴿ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴾، بەڵام زۆربەی خەڵکی نازانن، واتە: کەوتنە گومان و دوو دڵیی زۆربەی خەڵکی، بە هۆی ئەوەوەیە کە زانیارییان نیە، بەبوونی بەڵگەکانی زیندووکرانەوەو هەبوونی سزاو پاداشت، یاخود نکووڵییکردنی زۆربەی خەڵکی بەهۆی ئەوەوەیە، کە حەقیقەتی ئەو ڕۆژە نازانن، یان لەبەر ئەوەی زانیارییان نیە بە دەستەڵاتی خوا، کە دەسەڵاتەکەی بێ سنوورەو، دەتوانێ مردووانیش زیندوو بکاتەوە، وەک چۆن کاتێ خۆیشی ژیانیان نەبوو، خوا ژیانی پێداون، ئێستاش کە ژیانی لێوەرگرتوونەوە، دەتوانێ جارێکی دیکە ژیانیان پێ بداتەوە، چونکە ئەوان دەستەڵاتی بێ سنووری خوا، سیفەتە بێ سنوورەکانی خوا نازانن، بۆیە نکووڵیی لە ژیێنرانەوەیان دەکەن.

چەند دەقێکی سوننەت لە بارەی
قسە نەگوتن بە ڕۆژگارو شوێننەکەوتنی هەواو ئارەزووەوە

یەکەم: قسە نەگوتن بە ڕۆژگار:

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمایشتی هەن لە بارەی ڕۆژگارەوە، کە نابێ مرۆڤ قسە بە ڕۆژگار بڵێ، کە بەداخەوە زۆر لە شاعیرە کوردەکانیش قسە بە ڕۆژگار دەڵێن، قسە بە زەمانە دەڵێن، قسە بە دنیا دەڵێن، ئەوەش پێچەوانەی ئەو فەرمایشتانەی پێغەمبەرە ﷺ، بۆ وێنە:

١- {عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: قَالَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ: «يَسُبُّ ابْنُ آدَمَ الدَّهْرَ، وَأَنَا الدَّهْرُ، بِيَدِيَ اللَّيْلُ وَالنَّهَارُ} (أخرجه البخاري: ٤٨٢٦، ومسلم: ٢٢٤٦)، واتە: ئەبوو هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێ) دەڵێ: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو دەیفەرموو: خوای زاڵی پایەدار فەرموویەتی: ڕۆڵەی ئادەم قسە بە ڕۆژگار دەڵێ، من ڕۆژگارم، شەوو ڕۆژ بە دەستی منن، دەیانهێنم و دەیانبەم.

٢- {عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: يَقُولُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: يُؤْذِينِي ابْنُ آدَمَ، قَالَ: يَقُولُ: يَا خَيْبَةَ الدَّهْرِ، فَإِنِّي أَنَا الدَّهْرُ، أُقَلِّبُ لَيْلَهُ وَنَهَارَهُ، فَإِذَا شِئْتُ قَبَضْتُهُمَا} (أخرجه البخاري: ٦١٨٢، ومسلم: ٢٢٤٦)، واتە: ئەبوو هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: خوای زاڵی پایەدار دەفەرمویٚ: ئەوەی ئادەم قسەم پێ دەڵێ، فەرمووی: دەڵێ: ئەی بەدبەختیی بۆ ڕۆژگار، یاخود: پەشێمانیی بۆ ڕۆژگار، چونکە من خۆم ڕۆژگارم، شەوەکەی و ڕۆژەکەی هەڵدەسووڕێنم و، هەر کاتێک ویستیشم، شەوو ڕۆژان لادەبەم، (خوا شەوو ڕۆژان بەسەر زەوی دادێنێ، ئەگەر زەوی نەما، شەو و ڕۆژ نامێنن).

٣- {عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، عَنْ النَّبِيِّ ﷺ، قَالَ: لَا تَسُبُّوا الدَّهْرَ، فَإِنَّ اللَّهَ هُوَ الدَّهْرُ} (أخرجه مسلم: ٢٢٤٦)، واته: ئەبوو هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: قسە بەڕۆژگار مەڵێن، خوا خۆی ڕۆژگارە.

بەو واتایە کە خوا ﷻ ڕۆژگار دەسووڕێنێ، هەڵبەتە قسە گوتن بە زەمان و بە ڕۆژگار، شتێکی نامەنتیقییە، چونکە ڕۆژگارو زەمان، شتێکی بێلایەنە، وەک توورەکەیەک وایە، تۆ کارەکەی تێدا ئەنجام بدەی، ئنجا چاکەی تێدا بکەی، چاکەو، خراپەی تێدا بکەی، خراپە، کەواتە: بەهۆی چاکەکەی خۆتەوە، کاتەکەت چاک دەبێ و، بە هۆی خۆتەوەش کاتەکە لە خۆت خراپ دەکەی، ئەگەرنا کات لە خودی خۆیدا، نە چاکەو نە خراپە، بەو واتایەی بگوترێ: فڵانە کاتە چاکەو، فڵانە کاتە خراپە، ئەوە کردەوەکانی مرۆڤن کە لە کاتدا ئەنجامیان دەداو، خێرو فەڕو پیت و پێز، یاخود نەگبەتیی مرۆڤ، بەرهەمی کردەوەکانی خۆیەتی.

دووەم: بە دوای ئارەزوو نەکەوتن:

لەو بارەوەش ئەم دەقەی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ دێنین: { فَقَالَ رسول الله ﷺ: ثَلَاثٌ مُهْلِكَاتٌ: شُحٌّ مُطَاعٌ، وَهَوًى مُتَّبَعٌ، وَإِعْجَابُ الْمَرْءِ بِنَفْسِهِ. وَثَلَاثٌ مُنْجِيَاتٌ: خَشْيَةُ اللهِ فِي السِّرِّ وَالْعَلَانِيَةِ، وَالْقَصْدُ فِي الْفَقْرِ وَالْغِنَى، وَالْعَدْلُ فِي الْغَضَبِ وَالرِّضَا} (أخرجه الطبراني في الأوسط: ٥٧٥٤، وحسّنه الألباني في صَحِيح الْجَامِع: ٣٠٣٩ ، ٣٠٤٥ ، صَحِيح التَّرْغِيبِ وَالتَّرْهِيبِ: ٥٣) واتە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: سێ سیفەت فەوتێنەرن و، سێ سیفەتیش ڕزگارکەرن، سێ فەوتێنەرەکان:

١- چرووکییەکی فەرمانبەریی بۆ کراو.

٢- ئارەزوویەکی پەیڕەویی لێکراو.

٣- سەرسام بوونی مرۆڤ بە خۆی.

سێ دەربازکەرەکانیش:

١- هەیبەت و سام بەرانبەر بە خوا لە کاتی پەنهان و ئاشکرادا.

٢- میانجیی بوون لە کاتی دەوڵەمەندیی و هەژاریی دا.

٣- دادگەربوون لە کاتی ڕازیبوون و تووڕەبوون دا.

بە ڕاستیی هەم سێ سیفەتە فەوتێنەرەکان، هەم سێ سیفەتە ڕزگارکەرەکان، زۆر سیفەتی گرنگن، سێ سیفەتە فەوتێنەرەکان:

١- چرووکییەک کە خاوەنەکەی بە قسەی بکات، ئنجا چرووکیی لە بەخشینی ماڵدا، لە بەخشینی زانستدا، لە بەخشینی هاوکارییدا، هاوکاریی مەعنەویی، خێرخوازیی لەگەڵ خەڵک، چرووکییەک کە خاوەنەکەی بە قسەی بکات، سیفەتەکی زۆر فەوتێنەرە.

٢- پاشان ئارەزوویەک کە پەیڕەویی لێ بکرێ، کەسێک کە هەواو ئارەزووی خۆی پەیڕەویی لێ بکات، کوێرانە گوێ لە مستی بێ و شوێنی بکەوێ.

٣- سەرسامبوون بەخۆ، مرۆڤ کە بە خۆی سەرسام بوو، بەو واتایەی کە پێی وابوو زۆر گەورەو گرنگە، قسە لە کەس وەرناگرێ، هەندێ کەس دەبینم، ئەوانەی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەم، تەماشا دەکەم هەیە زۆر لە خۆی ڕازییەو، زۆر بە خۆی دەنازێ، زۆر بە خۆی سەرسامە، ئنجا کە مرۆڤ وابوو، گوێ بۆ کەس ناگرێ و، شت لە کەس وەرناگرێ، پێی وایە لەو سەری هاتۆتەوە، پێویستیی بە عیلمی کەس نیە، پێویستیی بە عەقڵی کەس نیە، پێویستی بە دڵسۆزیی کەس نیە، بۆ خۆی هێندە هەموو شتێکی هەیە، لێی زیادە!!

جاری وا هەیە کەسانێک کە پێیان وایە شوێنکەوتنی سەلەفی صاڵح و شوێنکەوتنی قورئان و سوننەت لەسەر ئەوان تاپۆ و قۆرخکراوەو، بەشی کەسی دیکەی پێوە نەماوەو، خۆیان پێ بڕواداری مومتازەو ئامۆژگاریی خەڵک دەکەن، کەچی ئەو سیفەتەشیان هەیەو، پێیان وایە پێویستییان بە کەس نیەو، بۆ خۆیان

هەموو شتێکیان بە زیادەوە هەیە! کە بە تەئکید بەس خوا ﷻ پێویستیی بە کەس نیەو، تەنیا خوایە کە هەموو شتێکی هەیەو، هەموو شتێک دەتوانێ و هەموو شتێک دەزانێ، بەڵام مرۆڤەکان کەسیان وانین.

ئنجا سێ سیفەتە دەربازکەرەکانیش:

١- کە مرۆڤ سام و هەیبەتی بەرانبەر بە خوا هەبێ، لە کاتێکدا کە پەنهانەو، لە کاتێکدا کە ئاشکرایە.

٢- میانجیی بێ لە ماڵ بەخشیندا لە کاتی هەبووونداو لە کاتی نەبوون دا.

٣- دادگەر بێ لە کاتی تووڕە بوون و لە کاتی ڕازیبووندا، هەم کە ڕازییە دادگەر بێ و، کەسێک لەبەر ئەوەی لێی ڕازییەو خۆشی دەوێ، بۆی تێنەپەڕێنێ، هەروەها کەسێکیش کە لێی تووڕەیە، لە کاتی تووڕەبوونیشدا، دیسان کورتی نەهێنێ و، دادگەر بێ و ستەمی لێ نەکات، هەم سێ سیفەتە فەوتێنەرەکان زۆر زۆر خراپن و، هەم سێ سیفەتە دەربازکەرەکانیش، زۆر زۆر چاکن.

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی وامان لێ بکات، کە سیفەتە دەربازکەرەکان لە خۆماندا بێنینە دی و، خۆمانیان پێ برازێنینەوە، سیفەتە فەوتێنەرەکانیش لە خۆمان دابڕنین و، خۆمانیان لێ بێزار بکەین و پاک بکەینەوە.

کۆتایی ئەو دەرسەشمان بەو قسەیەی (**أبو الدرداء رضي الله عنه**) دێنم یەکێک لە هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەر ﷺ، دەڵێ: (**إِذَا أَصْبَحَ الرَّجُلُ اجْتَمَعَ هَوَاهُ وَعَمَلُهُ وَعِلْمُهُ، فَإِنْ كَانَ عَمَلُهُ تَبَعاً لِهَوَاهُ، فَيَومُهُ يَوْمُ سُوء، وَإِنْ كَانَ عَمَلُهُ تَبَعاً لِعِلْمِهِ، فَيَوْمُهُ يَوْمٌ صَالِح**)[1]، واتە: پیاو کە ڕۆژ دەکاتەوە، ئارەزووەکەی و کردەوەکەو زانیارییەکەی کۆدەبنەوە، ئەگەر کردەوەکەی بە دوای ئارەزووەکەی کەوت، ئەوە ڕۆژەکەی ڕۆژێکی خراپە، بەڵام ئەگەر کردەوەکەی بە دوای زانیارییەکەی کەوت، ڕۆژەکەی ڕۆژێکی باشە.

---

(١) الجامع لأحكام القرآن: ج٢٥، ص١٢٣.

ئەو قسەیە قسەیەکی زۆر زۆر دانایانەیە! هەر لە هاوەڵانی بە ڕێزی پێغەمبەر ﷺ دەوەشێتەوە خوا لێیان ڕازی بێ.

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی، ئێمە لەو کەسانە بگێڕێ، کە هەمیشە کردەوەمان بەپێی ئەو زانیارییە ڕاست و دروستە بێ، کە لە وەحیی خواوە هەڵیدەهێنجین و وەریدەگرین، یان لە عەقڵی سەلیمەوە وەریدەگرین، کە عەقڵی سەلیمیش هەر شەرع فەرمانی کردوە، کە بە پێی عەقڵی سەلیم بەڕێوەبچین و، خوا بمانپارێزێ لەوەی کە بکەوینە ژێر کاریگەریی هەواو ئارەزووی خۆمان، یاخود جگە لە خۆمان.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی سێیەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان لە یازدە (١١) ئایەتی کۆتایی سوورەتی (الجاثیة) پێک دێ، کە بریتین ئایەتەکانی: (٢٧ - ٣٧)، تەوەری سەرەکییان باسی ڕۆژی قیامەتە، ڕۆژی سزاو پاداشت و لێپرسینەوە، دوای ئاماژەیەکی کورت بە سەرەنجامی خێری بڕواداراني کردار باش، لە یەک ئایەتدا، ئایەتی ژمارە (٣٠).

ئەوی دیکە ئایەتەکانی: (٣١ - ٣٥)، هەمووی بۆ خستنە ڕووی سەرەنجامی شوومی بێبڕوایانی تاوانبارو خراپەکار، تەرخانکراوە، خراوەتە ڕوو کە ژمارەیەکی زۆر لە خەسڵەت و کردەوە خراپەکانیان، بەو سەرەنجامە دژوارو بێبەزەییە گەیاندوون، کە سەرجەم دە (١٠) خەسڵەت و ڕەفتاری خراپن:

١- بێبڕوایی.

٢- خۆبەزلگریی.

٣- تاوانباریی.

٤- نەزانیی.

٥- گومانداریی و دڵ پڕ لە گومان و دوو دڵیی بوون.

٦- خراپەکاریی.

٧- گاڵتەپێکردنی قیامەت.

٨- لە بیرکردنی دیداری خوا.

٩- گەمەکردن بە ئایەتەکانی خواو پێڕابواردنیان.

١٠- فریو خواردن بە ژیانی دنیا.

لە کۆتاییش دا لە دوو ئایەتی: (٣٦ و ٣٧)دا کە کۆتا ئایەتی ئەم سوورەتە
موبارەکەن، ستایشکردنی خوا ﷻ وەک پەروەردگارو خاوەنی گەردوون و جیهانییان
واتە: گەردوون بەسەرو خواریەوە بە ئاسمانەکان و زەویەوەو جیهانییان تێکڕاو،
ڕاگەیاندنی بەرزیی و گەورەیی ڕەهای خوا ﷻ لە گەردووندا.

﴿ وَلِلَّهِ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ يَوْمَئِذٍ يَخْسَرُ ٱلْمُبْطِلُونَ (٢٧) وَتَرَىٰ كُلَّ
أُمَّةٍ جَاثِيَةً ۚ كُلُّ أُمَّةٍ تُدْعَىٰٓ إِلَىٰ كِتَٰبِهَا ٱلْيَوْمَ تُجْزَوْنَ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ (٢٨) هَٰذَا كِتَٰبُنَا يَنطِقُ عَلَيْكُم بِٱلْحَقِّ ۚ
إِنَّا كُنَّا نَسْتَنسِخُ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ (٢٩) فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَيُدْخِلُهُمْ
رَبُّهُمْ فِى رَحْمَتِهِۦ ۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْمُبِينُ (٣٠) وَأَمَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَفَلَمْ تَكُنْ ءَايَٰتِى تُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ
فَٱسْتَكْبَرْتُمْ وَكُنتُمْ قَوْمًا مُّجْرِمِينَ (٣١) وَإِذَا قِيلَ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ وَٱلسَّاعَةُ لَا رَيْبَ فِيهَا قُلْتُم مَّا نَدْرِى
مَا ٱلسَّاعَةُ إِن نَّظُنُّ إِلَّا ظَنًّا وَمَا نَحْنُ بِمُسْتَيْقِنِينَ (٣٢) وَبَدَا لَهُمْ سَيِّـَٔاتُ مَا عَمِلُوا۟ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا۟
بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ (٣٣) وَقِيلَ ٱلْيَوْمَ نَنسَىٰكُمْ كَمَا نَسِيتُمْ لِقَآءَ يَوْمِكُمْ هَٰذَا وَمَأْوَىٰكُمُ ٱلنَّارُ وَمَا لَكُم مِّن
نَّٰصِرِينَ (٣٤) ذَٰلِكُم بِأَنَّكُمُ ٱتَّخَذْتُمْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ هُزُوًا وَغَرَّتْكُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا ۚ فَٱلْيَوْمَ لَا يُخْرَجُونَ مِنْهَا وَلَا
هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ (٣٥) فَلِلَّهِ ٱلْحَمْدُ رَبِّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَرَبِّ ٱلْأَرْضِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ (٣٦) وَلَهُ ٱلْكِبْرِيَآءُ فِى
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ (٣٧) ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{حوکمڕانیی و دەسەڵاتی ئاسمانەکان و زەوی، تەنیا هی خوایەو، ئەو ڕۆژەش کە کاتی بەرپابوونی قیامەت دێ، (مرۆڤە) ناهەقەکان دۆڕاوو زیانبار دەبن ﴿٢٧﴾ (لەو ڕۆژەدا) هەموو کۆمەڵێک (لە مرۆڤان) دەبینی (لە ترس و بیم و حەژمەتان) لەسەرچۆکان کەوتوون، هەر کۆمەڵێک بۆ (لیستی) نووسراوی خۆی بانگ دەکرێ (پێیان دەگوترێ:) ئەمرۆ بەپێی ئەوەی کردووتانە، سزاو پاداشتتان دەدرێتەوە ﴿٢٨﴾ ئەمە نووسراوی ئێمەیە بە هەق و ڕاستیی لەسەرتان دەدوێ (شایەدییتان لەسەر دەدات)، مسۆگەر ئێمە کاتی خۆی ئەوەی دەتانکرد، لەبەرمان دەگرتەوە (فۆتۆکۆپییمان دەکرد) ﴿٢٩﴾ ئنجا ئەوانەی بڕوایان هێناوەو چاکەکانیان ئەنجام داون، پەروەردگاریان دەیانخاتە نێو بەزەیی خۆیەوەو، هەر ئەوەیە بردنەوەو بە مراد گەیشتنی ئاشکرا ﴿٣٠﴾ بەڵام ئەوانەی بێبڕوابوون (پێیان دەگوترێ:) ئایا ئایەتەکانمتان بەسەردا نەدەخوێنرانەوە، کەچی (لە بەرانبەریاندا) خۆتان بەزلگرت و کۆمەڵێکی تاوانبار بوون؟ ﴿٣١﴾ هەر کاتیش گوترابایە: بێگومان بەڵێنی خوا هەق و ڕاستەو، قیامەت ڕاستەو هیچ دوو دڵیی هەڵناگرێ، دەتانگوت: نازانین قیامەت چییە! تەنیا گومان دەبەین و بە مەزەنندەی دەزانین و، ئێمە لە دڵنیایان نین (ئەو ڕۆژە بێ) ﴿٣٢﴾ (دەرهاویشتەو شوێنەوارە) خراپەکانی ئەوەی کردبوویان بۆیان دەرکەوتن و، (سزای) ئەوەی گاڵتەیان پێدەکرد، گەمارۆی دان ﴿٣٣﴾ (پێشیان) گوترا: ئەمرۆ لە بیرتان دەکەین (پشتگوێتان دەخەین) وەک چۆن ئێوە دیداری ئەمرۆتان لە بیر کرد بوو (نادیدە گرتبوو)و، جێی حەوانەوەشتان ئاگرەو، هیچ پشتیوانیشتان نین ﴿٣٤﴾ ئەو (ئاگری دۆزەخ)ە شتان بە هۆی ئەوەوەیە کە ئێوە ئایەتەکانی خواتان بە گاڵتە گرتبوون و، ژیانی دنیاش فریوی دابوون، بۆیەش ئەمرۆ لێی ناهێنرێنە دەرێ و، داواشیان لێ ناکرێ داوای لێبوردن (لە خوا) بکەن

(و خوا ڕازیی بکەن) ﴿٣٥﴾ ستایشیش تەنیا بۆ (خوا)ی پەروەردگاری ئاسمانەکان و، پەروەردگاری زەوی و، پەروەردگاری جیهانییانە ﴿٣٦﴾ هەروەها مەزنیی و باڵایی ڕەها لە ئاسمانەکان و زەویدا، بەس هی ویەو، تەنیا ئەو زاڵی کارزانە ﴿٣٧﴾].

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(يُخْسَرُ): (خَسِرَ يَخْسَرُ خُسْراً وَخُسْرَاناً، بَابُهُ: فَرِحَ يَفْرَحُ، عَكْسُ: رَبِحَ، أي: ضَاعَ رَأس مَالِهِ، وخَسَرَ يَخْسِرُ الشَّيءَ: نَقَصَهُ بَابُهُ: ضَرَبَ يَضْرِبُ)، وشەی (يُخْسَرُ)، کە ڕابردووەکەی (خَسِرَ)یە، (خَسِرَ يَخْسَرُ خُسْراً وَخُسْرَاناً) لە سەر کێشی (فَرِحَ يَفْرَح) یە، واتە: دۆڕا، سەرمایەکەی لە دەستچوو، زیانباربوو، (خَسِرَ يَخْسَر)، پێچەوانەی (رَبِحَ يَرْبَحُ)یە، (رَبِحَ يَرْبَح)، واتە: قازانجی کرد، قازانج دەکات، بەڵام (خَسِرَ يَخْسَرُ)، واتە: زیانی لێکەوت و دەستمایەکەی فەوتا، (خَسِرَ يَخْسَرُ خُسْراً وَخُسْرَاناً) جیایە لە (خَسَرَ يَخْسِرُ الشَّيءَ)، (خَسَرَ)، (عَيْنُ الفِعْل)ەکەی سەر (فتحة)ی هەیە، بەڵام (خَسِرَ) ژێر (كسرة)ی هەیە، (وخَسَرَ يَخْسِرُ الشَّيءَ)، واتە: شتەکەی کەم کرد، کەم دەکات، ئەمە لەسەر کێشی (ضَرَبَ يَضْرِبُ)ە، وەک خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَيْلٌ لِّلْمُطَفِّفِينَ ﴿١﴾ الَّذِينَ إِذَا اكْتَالُوا عَلَى النَّاسِ يَسْتَوْفُونَ ﴿٢﴾ وَإِذَا كَالُوهُمْ أَو وَّزَنُوهُمْ يُخْسِرُونَ ﴿٣﴾﴾، یانی: (ينقصون)، ئەگەر شتیان بۆ خۆیان کێشا، یان پێوا، بە تەواویی وەری دەگرن، بەڵام ئەگەر بۆیان پێوان یان بۆیان کێشان، لێی کەم دەکەن.

(الْمُبْطِلُونَ): (الَّذِينَ يُبْطِلُونَ الحَقَّ، وَالبَاطِلُ: نَقِيضُ الحَقِّ، وَهُوَ مَا لاَ ثَبَاتَ لَهُ عِنْدَ الفَحْصِ)، (مُبْطِلُون) کۆی (مُبْطِل)ە، (مُبْطِل): کەسێکە بیەوێ هەق بپووچێنێتەوە، هەڵگری ناهەق بێ، (باطِل): پێچەوانەی (حق)ە، هەق یانی: شتی چەسپاو و دامەزراو، یان شتێک کە ڕاست بێ، بەڵام (باطل) یانی: شتی پووچ و بێ نێوەڕۆک و، شتێک کە ناڕاست بێ.

(جَاثِيَةً): (جَثَى عَلَى رُكْبَتَيهِ، يَجْثُو جُثُوّاً وجَثِيّاً فَهُوَ جَاثٍ، وَالجَمْعُ جُثِيّ مِثْلُ: بَاكٍ وَبُكِيٌ، بَرَكَ عَلَى رُكْبَتَيهِ)، واتە: لەسەر ئەژنۆیان، لەسەر چۆکان دانیشت، (يَجْثُو جُثُوّاً وجَثِيّاً، فَهُوَ جَاثٍ)، یانی: ئەو لەسەر ئەژنۆیە، کۆیەکەی بریتیە لە: (جُثِيّ) وەک: (بَاكٍ)، گریاو، (وبُكِيٌ)، گریاوەکان، ئنجا ﴿ أُمَّةٍ جَاثِيَةً ﴾، یانی: کۆمەڵێک کە لەسەر ئەژنۆ کەوتوون لەپەو ڕوو کەوتوون، لەسەرچۆکان لەبەر زەبوونییان کەوتوون.

(يَنطِقُ): واتە: دەدوێ، (الكِتَابُ نَاطِقٌ، لَكِنْ نُطْقَهُ تُدْرِكُهُ العَيْنُ، كَمَا أَنَّ الكِتَابَ كَلَامٌ، لَكِنْ يُدْرِكُهُ السَّمْعُ)، دیارە نووسراویش بێژەرە، بەڵام بێژتنەکەی چاو دەیبینێ، هەروەک کتێبیش قسە دەکات، بەڵام گوێ قسەکەی دەبیستێ.

(نَسْتَنسِخُ): واتە: نوسخەی لەبەر دەگرینەوە، (النَّسْخُ: إِزَالَةُ الشَّيءِ بِشَيءٍ يَتَعَقَّبُهُ)، (نسخ): بریتیە لەوەی شتێک بە شتێک لابەری، بە دوایدا بێ، (وَنَسْخُ الكِتَابِ: نَقْلُ صُورَتِهِ المجَرَّدَةِ إِلى كِتَابٍ آخَر، والإسْتِنْسَاخُ: التَّقَدُّمُ بِنَسْخِ الشَّيءِ)، (نَسْخُ الكِتَابِ): بریتیە لەوەی وێنەکەی بگوازیەوە بۆ کتێبێکی دی، بۆ نووسینێکی دیکە، لەو نووسراوە بیگوازیەوە بۆ نووسینێکی دیکە، لەبەر گرتنەوە، (إسْتِنْسَاخ): داوا کردنی لەبەرگرتنەوەیە، کە وەک دوایی باسی دەکەین، ئەمە ئیعجازێکی عیلمیی تێدایە.

﴿ الْفَوْزُ ﴾: (الظَّفَرُ بالخَيْرِ مَعَ حُصُولِ السَّلَامَةِ)، (فَوْز): بریتیە لە وەدەستهێنانی قازانج و خێر، لەگەڵ هەبوونی بێمزەڕەتیی و بێ دەردو بەڵاییدا.

(هُزُواً): (الهُزْءُ: مَزْحٌ فِي خِفْيَةٍ)، (هُزْء): بریتیە لە گاڵتەپێکردنێکی پەنهان.

(وَغَرَّتْكُمُ): فریودان، هەڵیخەڵەتاندن، (الغِرَّةُ: غَفْلَةٌ فِي اليَقَظَةِ، وَغَرَّهُ: خَدَعَهُ يَغُرُّهُ غُرُوراً)[1]، (غِرَّة): بە مانای بێ ئاگایی دێ، (عَلَى غِرَّةٍ)، یانی: لە کاتی بێئاگایی دا، بەڵام بێئاگاییەکە لە حاڵەتی بێدارییدا، کەسێک کە بێدارەو خەوتوو نیە، بەڵام

---

(١) مُختار الصحاح، ص٤٧٢.

لەو کاتەدا خافڵاوە، کەسێک زەفەری پێدەبات، (غَرَّهُ: خَدَعَهُ يَغُرُّهُ غُرُوراً)، واتە: فریوی دا، فریویدەدا، فریودان، وەک ئەوەی لە کاتێکدا ئەو خافڵاوە، زەفەری پێبردبێ، جاری وا هەیە با خافڵاویش نەبێ، بەڵام وەک چۆن بابای خافڵاو، کەسێک لە ناکاو زەبرێکی لێدەدا، یان شتێکی لێ دەڕفێنێ، بەهەمان شێوە.

(وَلَا هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ): (أَعْتَبَ وَاسْتَعْتَبَ: طَلَبَ أَنْ يُعْتَبَ وَاسْتَعْتَبَهُ، فَأَعْتَبَهُ: اسْتَرْضَاهُ، فَأَرْضَاهُ، العُتْبَى: الرِّضَا)، (عُتْبَى): بە مانای ڕازیی بوون دێ، (أَعْتَبَ وَاسْتَعْتَبَ: طَلَبَ أَنْ يُعْتَبَ)، داوای کرد لێی ڕازیبن، (وَاسْتَعْتَبَهُ): واتە: داوای لێبوردنی کرد، یان داوای ڕازیبوونی کرد، (فَأَعْتَبَهُ)، ئەویش لێی ڕازیبوو، (اسْتَرْضَاهُ، فَأَرْضَاهُ)، داوای ڕازیبوونی لێکرد، ئەویش لێی ڕازی بوو، (عُتْبَى)، بە مانای ڕازیبوون (رِضَا) دێ.

(وَلَا هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ)، (أي: لاَ يُطلَبُ مِنْهُمْ أَنْ يُزِيلوا عَتْبَ رَبِّهِم عَلَيْهِم)، داوایان لێناکرێ، گلەیی پەروەردگاریان لەسەرخۆیان لابەرن، کە ئەمیش کینایەیە بۆ ڕازیکردنی خوای بەرز، واتە: لێیان داوا ناکرێ لەو ڕۆژەدا، خوا عزوجل لە خۆیان ڕازیی بکەن، چونکە تازە تێپەڕیوە، یانی: داوای ڕازیکردنی خواو داوای لێبوردن کردن لە خوای پەروەردگاریان لێناکرێ.

(ٱلْكِبْرِيَآءُ ﴾: واتە: ئەوپەڕی مەزنیی، ئەوپەڕی گەورەیی، ئەوپەڕی شکۆداریی، (كَبُرَ: عَظُمَ، كِبَراً فَهُوَ كَبِير، وَكُبَّار مبالغة فيه...)، (كَبُرَ) مەزنبوو، (كبير) گەورە، (كُبَّار) زێدەڕۆییە تێیدا، یانی: زۆر گەورە.

(الكِبْرِيَاء: العَظَمَةُ وَالْمُلْكُ، أو كَمَالُ الذَّاتِ وَكَمَالُ الوُجود)[1]، (كبرياء) یانی: مەزنیی و حوکمڕانیی، یاخود تەواویی لە خود داو تەواویی لە بووندا.

---

(١) صفوة البيان، لحسنين محمد مخلوف، ص٦٢٧.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوا ﷻ لە کۆتایی ئەو سوورەتە موبارەکەدا، بۆمان باسی سەرەنجامی مرۆڤەکان دەکات بە گشتیی، کە لە ڕۆژیی دوایی دا چییان لێ دێ و چۆن دەبن؟ کەواتە: با لە ئێستاوە خەمی ئەو ڕۆژە بخۆن و، ئێستا بە شێوەیەک بژیەن، کە لەو ڕۆژەدا سەربەست و سەلامەت و سەرفراز و بەختەوەر بن، بەڵام پتر پانتایی ئەم یازدە ئایەتە تەرخانکراوە بۆ سەرەنجامی شوومی بێبڕوایان و، ئاماژەیەکی کورت کراوە لە یەک ئایەتدا بۆ سەرەنجامی پڕ خێرو خۆشیی بڕوادارانی کردار باش، ئەگەرنا ئەوی دیکە هەمووی باسی سەرەنجامی شووم و دژوارو سەختی بێبڕوایانە.

سەرەتا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَلِلَّهِ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴾، حوکمڕانیی و دەسەڵاتی ئاسمانەکان و زەوی تەنیا هی خوایە ﷻ، تەنیا خوا حوکمڕان و باڵادەستە لە ئاسمانەکان و زەویدا، ﴿ وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ يَوْمَئِذٍ يَخْسَرُ ٱلْمُبْطِلُونَ ﴿٢٧﴾ ﴾، ئەو ڕۆژەش کاتەکە ﴿ ٱلسَّاعَةُ ﴾، هەڵدەستێ و بەرپا دەبێ، لە کوردەواریی دا دەڵێن: قیامەت ڕابوو، لێرەدا: ﴿ ٱلسَّاعَةُ ﴾، وەک بە پێی ڕەوتەکەی بۆمان دەردەکەوێ، یانی: ئەو کاتەی زیندوو کرانەوەو سزاو پاداشتی تێدا دێتە دی، ئەویش بە دوو بەڵگە:

أ- وشەی ﴿ تَقُومُ ﴾، هەڵدەستێ، کە بەردەوامبوون دەگەیەنێ و، هەڵسانی خەڵکیش دەگەیەنێ.

ب- خوا ﷻ باسی سەرەنجامی هەر کام لە بڕوادارو بێبڕوایان دەکات، ئەوەش لە ڕۆژیی قیامەتدا دەردەکەوێ، نەک لە ئاخیر زەماندا، کە دەفەرموێ: ﴿ يَوْمَئِذٍ يَخْسَرُ ٱلْمُبْطِلُونَ ﴾، لەو ڕۆژەدا ئەوانەی لەسەر ناهەقن، ئەوانەی دەیانەوێ هەق بپووچێننەوە، زیانبار دەبن،

دۆڕاو دەبن، مایە پووچ دێنە دەرێ، لەو ڕۆژەدا ئەوانەی هەموو هەوڵ و تێکۆشانیان بۆ ئەوەیە، هەق بپووچێننەوەو، هەڵگری ناهەقن، ئەوانە دۆڕاوو زیانبار دەبن.

﴿وَتَرَىٰ كُلَّ أُمَّةٍ جَاثِيَةً﴾، هەر کۆمەڵێک دەبینی لەسەر ئەژنۆیان کەوتوە، (**جَثَى عَلَى رُكْبَتَيْهِ: بَرَكَ عَلَى رُكْبَتَهِ**)، لەسەر ئەژنۆیان یان لەسەر چۆکان کەوت، (**جاثية**) سیفەتی ئۆممەتە، (**شَخْصٌ جاثٍ، وأُمَّةٌ جاثية**)، کەسێک کە لەسەرئەژنۆیان کەوتبێ و، کۆمەڵێک کە لەسەرئەژنۆیان کەوتبن.

خوا دەفەرموێ: هەموو کۆمەڵەکان دەبینی لەسەر ئەژنۆیان کەوتوون، لێرەدا خوا ﷻ هەموو مرۆڤەکان بەوە وەسف دەکات، بە چاک و خراپەوە، لەو ڕۆژەدا لە سام و هەیبەتی ئەو ڕۆژەو لە ترس و بیمی ئەو چارەنووسەی چاوەڕێیان دەکات، هەموویان بەسەر ئەژنۆدا کەوتوون و، چاوەڕێی دادگاییکران دەکەن.

﴿كُلُّ أُمَّةٍ تُدْعَىٰ إِلَىٰ كِتَابِهَا﴾، هەر کۆمەڵە بانگ دەکرێ بۆ نووسراوەکەی خۆی، بۆ لیستی کردەوەکانی، دەگونجێ هەر ئۆممەتێک لیستێکی گشتیی هەبێ، ناوی هەموو تاکەکانی تێدابێ، کردەوەی هەر کامێکیان و سزا، یان پاداشتی هەر کامێکیان، دەشگونجێ تاکەکان هەر کامێکیان نووسراوی تایبەتی خۆی هەبێ، وێڕای ئەو نووسراوە گشتییە، هەر کامێکیان نووسراوێکی تایبەتی خۆی هەبێ، کە خوای شارەزا لە چەند شوێنان ئاماژە بەوە دەکات، بۆ وێنە:

١- لە سوورەتی (**الإسراء**)دا: ﴿ٱقْرَأْ كِتَٰبَكَ كَفَىٰ بِنَفْسِكَ ٱلْيَوْمَ عَلَيْكَ حَسِيبًا ﴿١٤﴾﴾، واتە: نووسراوەکەت بخوێنەوە، ئەمڕۆ بەسە خۆت لێپرسینەوە لەگەڵ خۆتدا بکەی.

٢- لە سوورەتی (**الحاقة**)دا: ﴿يَٰلَيْتَنِى لَمْ أُوتَ كِتَٰبِيَهْ ﴿٢٥﴾﴾، واتە: خۆزگە نووسراوەکەم وەرنەگرتبایەوە.

٣)- لە سوورەتی (**الحاقة**)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿وَأَمَّا مَنْ أُوتِىَ كِتَٰبَهُۥ بِشِمَالِهِۦ ﴿٢٥﴾﴾، واتە: بەڵام کەسێك بەچەپەی نووسراوەکەی وەربگرێتەوە...

کەواتە: هەر کەسێک لیستی کردەوەی خۆی هەیە، بەس خواش دەزانێ ئەوە چۆنە! یاخود مەبەست ئەوەیە کە هەر کۆمەڵگایەک و هەر کۆمەڵە خەڵکێک، بانگ دەکرێن، هەر کامێکیان بۆ نووسراوەکەی خۆی، ﴿ ٱلْيَوْمَ تُجْزَوْنَ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾، (هذا مقول قول محذوف)، ئەمە گوتراوی قسەیەکی فڕتێتراوە کە بە سیاق و سەلیقە دەزانرێ (يُقَالُ لَهُمْ أو قِيلَ لَهُمْ: ٱلْيَوْمَ تُجْزَوْنَ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ)، پێیان دەگوترێ، پێیان گوترا: ئەمڕۆ ئەوەی کردبووتان، لەسەری سزاو پاداشت دەدرێنەوە، واتە: سزا و پاداشتی ئەوەی کردبووتان دەدرێنەوە.

﴿ هَٰذَا كِتَٰبُنَا يَنطِقُ عَلَيْكُم بِٱلْحَقِّ ﴾، ئەمە نووسراوەکەمانە بە هەق لەسەرتان دەدوێ، واتە: بەڕاستیی و، بە شێوەیەکی چەسپاو بە بێ زێدەڕۆیی و کەم و کورتیی، ﴿ إِنَّا كُنَّا نَسْتَنسِخُ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾، ئەمە بەڵگە هێنانەوەیە بۆ ڕستەی پێشێ، کە دەفەرموێ: ئەمە نووسراوی ئێمەیە بە هەق لەسەرتان دەدوێ، بە شێوەیەکی ڕاست و ڕێک، ئنجا بەڵگە دێنێتەوە: ئێمە ئەوەی ئێوە دەتانکرد، نوسخەمان لەبەر دەگرتەوە، واتە: ڕێک کردەوەکە کۆپی دەکراو نوسخەی لەبەر دەگیرایەوە، وەک دوایی لە مەسەلە گرنگەکاندا باسی دەکەین، ئەمە ئیعجازێکی عیلمیی تێدایە، چونکە زانایانی پێشێ وایانزانیوە هەر بە نووسین دەنووسرێ، بەڵام ئێستا کە زانیاریی تەکنۆلۆژیای مەعلووماتیی بەرەو پێشەوە چووە، ئێمە لە چەمک و واتای ئەوە تێدەگەین، لەبەری دەگرینەوە یانی چی؟! ئەگەر ئێستا بەشەر بتوانێ کامێرای چاودێریی وا دابنێ، کە دوایی تۆمارەی بکات و بڵێن: ئەوە نیە، ئەوەتا تۆی فڵانە کارە دەکەی؟ لە سوپەرمارکێت و لە شوێنە گشتییەکان، ئێستا کامێرای چاودێریی دادەنرێ، دوایی دێن تۆماری ئەو کامێرایە لێدەدەنەوە، دەڵێن: ئەو ڕووداوە بەو شێوەیە ڕوویدا، ئەو کەسە ئاوا ئەو دووکانەی بڕی، یان ئەو کەسە ئاوا فڵانکەسی کوشت، یان ئەو دزییەی کرد، ئنجا ئەگەر بەشەر بتوانێ کاری وا بکات، دەبێ خوای بەشەر ﷻ چ ئامێرێکی زۆر سەرسوڕهێنەرو زۆر کۆنترۆڵکەرو وردی دابێتە دەست فریشتەکان و، چ توانایەکی بەو فریشتانە دابێ،

کە تایبەتن بە تۆمارکردنی هەڵسوکەوت و قسەو کردارو نیەت و نیازو مەبەستی نێو دڵی مرۆڤەکان! وەک دەفەرموێ: ﴿وَإِنَّ عَلَيۡكُمۡ لَحَٰفِظِينَ ﴿١٠﴾ كِرَامٗا كَٰتِبِينَ ﴿١١﴾ يَعۡلَمُونَ مَا تَفۡعَلُونَ ﴿١٢﴾﴾ الإنفطار، واتە: چەند پارێزەرێکتان بەسەرەوەن، زۆر بەڕێزن، نووسەرن، تۆمارکەرن، دەزانن چی دەکەن، واتە: بە عەقڵ و دڵ، چ خولیاو نیازو مەبەستێکتان لە عەقڵ و دڵتاندا هەیە، هەروەها بە زمانتان تەعبیرەکانتان، ئەندامەکانتان هەموو جموجۆڵ و چالاکییەکانتان دەزانن و، تۆماریان دەکەن، هەر کامەی بەشێوەی خۆی.

﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَيُدۡخِلُهُمۡ رَبُّهُمۡ فِي رَحۡمَتِهِۦ﴾، ئنجا ئەوانەی بڕوایان هێناوەو، کردەوە باشەکانیان ئەنجام داون، پەروەردگاریان دەیانخاتە نێو بەزەیی خۆیەوە، ئەم تەعبیرە: ﴿فَيُدۡخِلُهُمۡ رَبُّهُمۡ فِي رَحۡمَتِهِۦ﴾، پەروەردگاریان دەیانخاتە نێو بەزەیی خۆیەوە، وەک عەرەب دەڵێن: **(كُلُّ الصَّيْدِ فِي جَوْفِ الفَرَى)**، هەموو نێچیرەکان لە نێو هەناوی **(فَرى)**دان، **(الفَرى)** پێم وایە بە کوردیی چوارلوویە، یان کوڕەبەشەیە، ئاژەڵێکە بە قەدەر گیسکێک، بەرخێک دەبێ، بەڵام زۆر قەڵەوە، یەک بە یەکێک دەڵێ: دەڵێی چوار لوویە، یان دەڵێی: کوڕەبەشەیە زۆر قەڵەوە، واتە: ڕاوچی، ئەگەر زەفەر بەو ئاژەڵە ببات، کەلێنی هەموو نێچیرەکانی دیکەی بۆ دەگرێ، با ڕاویشیان نەکات.

ئەوەش کە خوا دەفەرموێ: ئەوانەی بڕوایان هێناوەو کردەوە باشەکانیان ئەنجام داون، پەروەردگاریان دەیانخاتە نێو بەزەیی خۆیەوە، خرانە نێو بەزەیی خوا، هەموو شتێک دەگرێتەوە، چوونە بەهەشت دەگرێتەوە، لێ ڕازیبوونی خوا دەگرێتەوە، هەموو نازو نیعمەتە ماددیی و مەعنەوییەکان دەگرێتەوە، سەرفرازیی دەگرێتەوە، بێ بەڵایی و بێمزەڕەتیی دەگرێتەوە، لەو ڕۆژەدا هەموو شتێک دەگرێتەوە، ﴿ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡمُبِينُ﴾، هەر ئەوەیە بردنەوەو بە ئامانج گەیشتنی ڕوون و ئاشکرا.

﴿ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ ﴾، بەڵام ئەوانەی بێبڕوابوون، یانی: بێبڕوابوون بە خوا، بە پێغەمبەر ﷺ، بە کتێبی خوا، بە ڕۆژیی دوایی و بە دیداری خوا، بە سزاو پاداشتی خوا، ﴿ أَفَلَمْ تَكُنْ ءَايَـٰتِى تُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ ﴾، یانی: (پێیان دەگوترێ:)، ئایا ئایەتەکانمتان بەسەردا نەدەخوێنرانەوە؟ بەڵام (يُقَالُ لَهُم)، قرتێنراوە، چونکە بە سیاق و سەلیقە دیارەو، خوای پەروەردگاریش کتێبی خۆی قەڵەباڵغ نەکردوە، بە هیچ وشەو تەعبیرێک کە عەقڵ و سەلیقەی سەلیم دەرکی پێ دەکات و پەی پێ دەبات، واتە: پێیان دەگوترێ: ئایا ئایەتەکانی منتان بەسەردا نەدەخوێنرانەوە؟ ئەم (أ)یە، هەمزەی پرسیارکردنە، بەڵام دەگونجێ بۆ نکووڵیلێکردن بێ، یانی: ئایەتەکانی منتان بەسەردا دەخوێنرانەوە، دەشگونجێ بۆ چەسپاندن (**تقرير**) بێ، چونکە لەوێ نکووڵیی لەوە ناکەن کە ئایەتەکانی خوایان بەسەردا خوێنراونەوە، ﴿ فَٱسْتَكْبَرْتُمْ وَكُنتُمْ قَوْمًا مُّجْرِمِينَ ﴾، کەچی ئێوە خۆتان بە زلگرت و، کۆمەڵێکی تاوانبار بوون، واتە: تاوانکردن، ڕاگری ئەو کۆمەڵەی ئێوە بوو، حیکمەتی تەعبیری (**كُنتُم قَوماً مجُرمِين**)، ئەوەیە یانی: ئەوانە کە تەماشات دەکردن، تاوانبارییان لێ دەباریی و، تاوانباریی پێناسەیان و پێکهاتەیان و بناغەی بوونیان بوو.

﴿ وَإِذَا قِيلَ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ ﴾، کاتێک دەگوترا: بە دڵنیایی بەڵێنی خوا ڕاستەو چەسپاوە، ﴿ وَٱلسَّاعَةُ لَا رَيْبَ فِيهَا ﴾، کاتەکەش هیچ دوو دڵیی تێدا نیە، واتە: ئەو کاتەی قیامەتی تێدا دێ، هیچ دوو دڵیی تێدا نیە، یاخود (**ساعة**) دەگونجێ مەبەست پێی تاخیر زەمان بێ، واتە: ئەم دنیا ڕوونە، هەروا بەردەوام نابێ، کاتێک دێ، خوا دەیپێچێتەوە، لاپەڕەی ئەم ژیانە دنیاییە دەپێچێتەوەو، قۆناغێکی دیکە و ژیانێکی دیکە دێتە پێشێ، ئەوە هیچ دوو دڵیی تێدانیە، ﴿ قُلْتُم مَّا نَدْرِى مَا ٱلسَّاعَةُ ﴾، ئێوە دەتانگوت ئێمە نازانین کاتەکە (**الساعة**) چییە!؟ ﴿ إِن نَّظُنُّ إِلَّا ظَنًّا ﴾، ئێمە بەس گومان دەبەین، بەس بە مەزەندە پێمان وایە، دەگونجێ قیامەت، یان تاخیر زەمان هەبێ، ﴿ وَمَا نَحْنُ بِمُسْتَيْقِنِينَ ﴾، بەڵام ئێمە لە دڵنیایان

نین، واتە: ئێمە لەوانەنین دڵنیابین، کە ئاخیر زەمان یاخود قیامەت دێ، ئێوە واتان دەگوت.

﴿ وَبَدَا لَهُمْ سَيِّئَاتُ مَا عَمِلُوا ﴾، خراپەی ئەوەی دەیانکرد، بۆیان دەرکەوت، واتە: سزای خراپەکانی کە ئەنجامیان دەدان، سزایەکەیان بۆ دەرکەوت، ﴿ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِءُونَ ﴾، دەورەو ئابڵووقەی دان، ئەوەی گاڵتەیان پێ دەکرد، یانی: خودی گاڵتە پێکراوەکە دەورەی دان، کە دۆزەخە، یاخود: سزای گاڵتە پێکراوەکە، ئەگەر پەیامی خوا بووە، یان پێغەمبەر بووە، یان هەرچی بووە، سزایەکەی، دەورەی دان.

﴿ وَقِيلَ الْيَوْمَ نَنسَاكُمْ ﴾، گوتراش: ئەمڕۆ لە بیرتان دەکەین و فەرامۆشتان دەکەین، نادیدەتان دەگرین و پشت گوێتان دەخەین، ئەگەرنا خوا ﷻ هیچ شتێکی لێ ون نابێ: ﴿ وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا ﴿٦٤﴾ ﴾مریم، واتە: پەروەردگارت هەرگیز هیچ شتێکی لێ ون نابێ و لە یاد ناچێ، بەڵام ئەوە پەیوەست (لازم)ەکەی مەبەستە، واتە: کەسێک شتێکی لە بیر بچێ، ئاگای لێ نامینێ و فەرامۆشی دەکات و پشتگوێی دەخات، واتە: ئێمەش ئەمڕۆ ئێوە پشتگوێ دەخەین، وەک چۆن کەسێک شتێک کە لە بیری چووە، پشتگوێی دەخات.

﴿ كَمَا نَسِيتُمْ لِقَاءَ يَوْمِكُمْ هَٰذَا ﴾، وەک چۆن ئێوە دیداری ئەمڕۆژەتانتان لە بیرچوو بوو، فەرامۆش کردبوو، ئێمەش ئەمڕۆ لە بیرتان دەکەین و پشتگوێتان دەخەین و نادیدەتان دەگرین، وەک هەر نەبن، ﴿ وَمَأْوَاكُمُ النَّارُ ﴾، جێی حەوانەوەشتان ئاگرە، شوێنێک کە پەنای بۆ دەبەن و تێیدا دەحەوێنەوەو، تێیدا پشوو دەدەن، بریتیە لە ئاگر، خوا پەنامان بدات، ﴿ وَمَا لَكُم مِّن نَّاصِرِينَ ﴾، هیچ پشتیوانیشتان نیەو، هیچ کەس نیە، هاوکارتان بێ و سەرتان بخات و بەرگریتان لێ بکات، یەکێک دەڵێ: لەبەرچی؟

﴿ ذَٰلِكُم بِأَنَّكُمُ اتَّخَذْتُمْ آيَاتِ اللَّهِ هُزُوًا وَغَرَّتْكُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا ﴾، ئەم سزایەشتان بە هۆی ئەوەوە بوو، کە ئایەتەکانی خواتان بە گاڵتە پێکراو گرتبوو، ئایەتەکانی

خواتـان کـرد بـوون بـە گاڵتەجـاڕ، وا پێدەچـێ ئایەتـەکان (**آیات**) مەبەسـت پێیـان ڕسـتەکانی فەرمایشـتی خـوا بـێ لـەم سـیاقەدا، چونکـە هەمـووی بـاسی قوڕئانـەو بـاسی ئایەتەکانـە، لـە سـەرەتاوە خـوای پـەروەردگار بـاسی قوڕئانی کـرد، ﴿ حمٓ ۝١ تَنزِيلُ ٱلۡكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَكِيمِ ۝٢ ﴾، هەروەهـا دوایـی: ﴿ تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱللَّهِ نَتۡلُوهَا عَلَيۡكَ بِٱلۡحَقِّۖ فَبِأَيِّ حَدِيثِۭ بَعۡدَ ٱللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ يُؤۡمِنُونَ ۝٦ ﴾، هەروەهـا دوایـی: ﴿ وَإِذَا عَلِمَ مِنۡ ءَايَٰتِنَا شَيۡـًٔا ٱتَّخَذَهَا هُزُوًا ﴾، لێـرەش دەفەرمـوێ: ئـەم سـزایەتان بەهـۆی ئەوەوەیـەو، لـە سۆنگەی ئەوەوەیـە، کـە ئایەتـەکانی خواتـان بەگاڵتـە پێکـراو گرتبـوون و کردبووتانـن بەگاڵتەجـاڕو پێتـان ڕادەبـواردن، ﴿ وَغَرَّتۡكُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا ﴾، ژیـانی دنیـاش فریویـدان، ژیانی دنیـا لـە ڕووە ماددییەکەیـەوە، هەڵیخەڵەتانـدن و فریویـدان، ﴿ فَٱلۡيَوۡمَ لَا يُخۡرَجُونَ مِنۡهَا وَلَا هُمۡ يُسۡتَعۡتَبُونَ ﴾، ئەمـڕۆ نـە لێـی دەبرێنـە دەرێ و، نـە داواشـیان لێدەکـرێ داوای لێبـوردن بکـەن (لـە خـوا)، یاخـود نـە داواشـیان لـێ دەکـرێ خـوا ﷻ لـە خۆیـان ڕازیبکـەن.

وشـەی: ﴿ يُخۡرَجُونَ ﴾، خوێنراویشـەتەوە: (**يَخْرُجُـون**)، واتـە: ئەمـڕۆ لێـی ناچنـە دەرێ و، لێـی نابرێنـە دەرێ، ﴿ وَلَا هُمۡ يُسۡتَعۡتَبُونَ ﴾، داوای داوای لێبوردنکردنیشـیان لێناکـرێ، واتـە: داوایـان لێناکـرێ، داوای لێبـوردن بکـەن، یاخـود: داوای ڕازیبکـردنی خـوای پەروەردگاریشـیان لێناکـرێ، چونکـە ئـەوە تێپـەڕی و کاتی نەمـاوە.

﴿ فَلِلَّهِ ٱلۡحَمۡدُ رَبِّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَرَبِّ ٱلۡأَرۡضِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾، سـتایش هـەر هـی خوایـە، پـەروەردگاری ئاسـمانەکان، پـەروەردگاری زەوی، پـەروەردگاری جیهانییـان.

﴿ وَلَهُ ٱلۡكِبۡرِيَآءُ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ﴾، هەرچـی مەزنیـی و گەورەیـی و باڵادەسـتیی و شـکۆ هەیـە، هـەر هـی ئـەوە، لـە ئاسمانەکان و زەویـدا، ﴿ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ﴾، هـەر ئـەو بـاڵا دەسـت و زاڵ و کارزانـە ﷻ.

خـوا ﷻ کۆتایـی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە، بـەم دوو ئایەتـە دێنـێ و، ڕایدەگەیەنێ کـە هەرچـی سـتایش و پـێ هـەڵا گوتـن و مـەدح و سـەنا هەیـە، هـی خوایـە،

هەرچی سیفەتی بەرزو جوان و پەسند هەیە، هەمووی هی خوایە کە خاوەن و پەروەردگارو مشوورخۆری ئاسمانەکانە، خاوەن و پەروەردگار و مشوورخۆری زەوییە، خاوەن و پەروەردگارو مشوورخۆری جیهانییانە، جیهانییان واتە: جیهانی فریشتان، جیهانی مرۆڤان، جیهانی جند، هەروەها جیهانی ماددەی بێ ژیان، جیهانی ڕووەک، جیهانی ئاژەڵان، ئاژەڵیش بە هەموو جۆرەکانیەوە، پەڕەورو زیندەوەرو هی نێو ئاوو، هی نێو هەواو، هی ژێر زەوی، هەروەها جیهانی فراوانی گەردوون، کە پێشتر فەرمووی: ﴿ رَبِّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ ﴾، یانی: جیهانی فراوانی گەردوون، چ ئەوەی بۆ ئێمە دیارییکراوەو زانراوە، بە زانین یان بە مەزەندە، چ ئەوەی پەنهانەو نەزانراوە، هەروەها هەموو گەورەیی و شکۆو بەرزییەک بۆ خوا لە ئاسمانەکان و زەویداو، هەر ئەو زاڵی کارزانە.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

حوکمڕانیی و دەسەتەڵاتی گەردوون هی خوایە ﷻ، لە ڕۆژی قیامەتیشدا بێبڕوایانی هەوڵدەر بۆ لابردنی هەق و پووچەڵکردنەوەی، زیانبار دەبن، تێکڕای ئوممەتان لەو ڕۆژەدا لەسەر ئەژنۆیان دەکەون، بەرەو لیستی تۆماری کردەوەکانیان بانگ دەکرێن و پێیان دەگوترێ: ئەمە نووسراوی ئێمەیە بەڕاستیی و بە هەق لە سەرتان دەدوێ، چونکە هەرچی کردووتانە، لەبەری گیراوەتەوەو کۆپیی کراوە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلِلَّهِ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ يَوْمَئِذٍ يَخْسَرُ ٱلْمُبْطِلُونَ ﴿٢٧﴾ وَتَرَىٰ كُلَّ أُمَّةٍ جَاثِيَةً ۚ كُلُّ أُمَّةٍ تُدْعَىٰٓ إِلَىٰ كِتَٰبِهَا ٱلْيَوْمَ تُجْزَوْنَ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٢٨﴾ هَٰذَا كِتَٰبُنَا يَنطِقُ عَلَيْكُم بِٱلْحَقِّ ۚ إِنَّا كُنَّا نَسْتَنسِخُ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٢٩﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەوت بڕگەدا:

١)- ﴿ وَلِلَّهِ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴾، [لە زمانی عەرەبییدا کاتێک **(الجارّ والمجرور)**، پێش دەخرێن، مانای کورتهەڵێنان دەگەیەنێ]، حوکمڕانیی و باڵادەستیی لە ئاسمانەکان و زەویدا، تەنیا هی خوایە ﷻ، **(الطبري)** لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1]، ئاوا ئەم ڕستەیە شیی دەکاتەوەو مانا دەکات: **(وَللهِ سُلْطَانُ السَّمَوَاتِ والأرض، دُونَ مَا تَدْعُونَهُ لَهُ شَرِيْكاً)**، باڵادەستیی و حوکمڕانیی حەوت ئاسمانەکان و زەوی، تەنها هی خوایە، نەک هی ئەوانەی وەک هاوبەش بۆ خوا بانگەشەیان بۆ دەکەن و، لێیان دەپاڕێنەوە.

---

(١) جامع البيان، ج٢٥، ص ١٥٨ ، ١٥٩.

٢)- ﴿وَيَوۡمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ يَوۡمَئِذٖ يَخۡسَرُ ٱلۡمُبۡطِلُونَ﴾، ئەو ڕۆژەش کە کاتەکە (ٱلسَّاعَةُ) هەڵدەستێ و قیامەت ڕا دەبێ، هەڵگرانی ناهەق زیانبار دەبن، لێرەدا (ٱلسَّاعَةُ)، مەبەست پێی قیامەتە، ئەگەرنا (ٱلسَّاعَةُ) یانی: کاتێکی دیارییکراو کە خوا ﷻ کردوویەتی بە ناوێکی عەلەم، هەم بۆ ئاخیر زەمان، کۆتایی هاتنی ئەم گەردوونەو ئەم دنیایە، هەم بۆ قیامەت و هەڵسانەوەو زیندووکرانەوەش، ئنجا بەپێی سیاق دەزانرێ کە (ٱلسَّاعَةُ) ئایا مەبەست پێی ئاخیر زەمانە، یان قیامەتە؟ بەڵام لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿وَيَوۡمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ يَوۡمَئِذٖ يَخۡسَرُ ٱلۡمُبۡطِلُونَ﴾، بە نیشانەی ئەوە کە دەفەرموێ: ئەو ڕۆژەی (ٱلسَّاعَةُ) هەڵدەستێ بەرپا دەبێ، ئەو ڕۆژە ناهەقان زیانبار دەبن، واتە: ئەو کاتەی کە سزاو پاداشت و لێپرسینەوەی تێدا دێتەگۆڕێ.

﴿يَخۡسَرُ ٱلۡمُبۡطِلُونَ﴾، ئەوانەی کە لەسەر ناهەق بوون، یان ئەوانەی ویستوویانە هەق لابەرن، زیانبار دەبن، ئەوانەی لە دنیادا قسەی ناهەق و بانگەشەی ناهەقیان کردووە، هاوبەشیان بۆ خوا داناوە، لەو ڕۆژەدا زیانبار دەبن، (خَسِرَ يَخْسَر، أي: غَبِنَ يُغْبَنُ)، دۆڕا، دەدۆڕێ، زیانی کرد، واتە: (ضَاعَ رَأْسُمَالِهِ) سەرمایەکەی فەوتا، بەڵام (خَسَرَ يَخْسِرُ)، بە مانای: (نَقَصَ يَنْقُصُ)، کەمی کرد، کەم دەکات، یانی: شتێک لێی کەم کردو لێی کەم دەکات.

(الطبري) لە تەفسیری ئەو ئایەتە موبارەکەدا کە دەفەرموێ: ﴿وَيَوۡمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ يَوۡمَئِذٖ يَخۡسَرُ ٱلۡمُبۡطِلُونَ﴾، دەڵێ: (وَيَوْمَ تَجِيءُ السَّاعَةُ الَّتِي يَنْشُرُ اللَّهُ فِيهَا الْمَوْتَى مِنْ قُبُورِهِمْ، وَيَجْمَعُهُمْ لِمَوْقِفِ الْعَرْضِ ﴿يَخۡسَرُ ٱلۡمُبۡطِلُونَ﴾ الجاثية: ٢٧، يَقُولُ: يُغْبَنُ فِيهَا الَّذِينَ أَبْطَلُوا فِي الدُّنْيَا فِي أَقْوَالِهِمْ وَدَعْوَاهُمْ لِلَّهِ شَرِيكًا، وَعِبَادَتِهِمْ آلِهَةً دُونَهُ بِأَنْ يَفُوزَ بِمَنَازِلِهِم مِنَ الْجَنَّةِ الْمُحِقُّونَ، وَيُبَدَّلُوا بِهَا مَنَازِلَ مِنَ النَّارِ، كَانَتْ لِلْمُحِقِّينَ، فَجُعِلَتْ لَهُمْ بِمَنَازِلِهِمْ مِنَ الْجَنَّةِ، ذَلِكَ هُوَ الْخُسْرَانُ الْمُبِينُ)[1]، واتە: ئەو ڕۆژەی ساعە دێ و خوا مردووەکان تێیدا زیندوو دەکاتەوە، لە گۆڕەکانیان و بۆ ڕانواندن کۆیان

(١) جامع البيان: ج٢٥، س١٠٠.

دەکاتەوە، لەو ڕۆژەدا ئەوانەی لە دنیادا قسەی ناهەق و بانگەشەی ناهەقیان کردوە، کە هاوبەشیان بۆ خوا داناوە، ئەوانە دۆڕاو دەبن و، ئەوانەی لەسەر هەق بوون، ئەو مەنزڵگاو جێگاو ڕێگا گریمان کراوانەی بۆ بێبڕوایەکان لە بەهەشتێ دانراون، لێیان بە میرات دەگرن، لە جیاتی ئەوەش ئەو جێگاو ڕێگا گریمانکراوانەی داندراون، بۆ ئەوانەی کە ئەهلی ئیمان و کردەوەی چاکن، (ئەگەر بێبڕواو کردار خراپ بوونایە، دەچوونە ئەو جێگاو ڕێگایانە)، ئەو جێگەو ڕێگایانەش دەدرێن بە بێبڕوایەکان.

(هەر کامێکیان جێگەو ڕێگای ئەوی دیکە، بە میرات دەگرن، ئیمانداران لە بەهەشتدا، جێگاو ڕێگایان بە میرات دەگرن و، بێبڕوایانیش لە دۆزەخدا جێگاو ڕێگای ئیمانداران بە میرات دەگرن).

٣)- ﴿ وَتَرَىٰ كُلَّ أُمَّةٍ جَاثِيَةً ﴾، تۆ هەر کۆمەڵێک دەبینی لەسەر چۆکان، ئەژنۆیان کەوتوە، (بَارِكِينَ عَلَى الرُّكَبِ مُسْتَوفِزِينَ عَلَى هَيْئَةِ المذْنِبِ المنْتَظِرِ بِمَا يَكْرَه)، واتە: لەسەر ئەژنۆیانیان کەوتوون و لەسەر هەستن، وەک شێوەی بابایەکی تاوانباری چاوەڕێی سزا.

٤)- ﴿ كُلُّ أُمَّةٍ تُدْعَىٰ إِلَىٰ كِتَابِهَا ﴾، هەر کۆمەڵە بانگ دەکرێ بۆ نووسراوەکەی خۆی، نووسراوێکی گشتیی کە هی تاک تاکیانی تێدایە، یاخود: هەر کۆمەڵێک بانگ دەکرێ بۆ نووسراوەکەی خۆی، واتە: تاک تاکی کۆمەڵەکە، هەر کامیان لیست و نووسراو و بڕوانامەی خۆی وەردەگرێتەوە.

٥)- ﴿ الْيَوْمَ تُجْزَوْنَ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾، (پێشیان دەگوترێ:) ئەمڕۆ بە پێی ئەوەی دەتانکرد، سزاو پاداشت دەدرێنەوە، (يَكُونُ جَزَاؤُهُم عَلَى وفْقِ أَعْمَالِهِم)، سزا یان پاداشتیان بەپێی کردەوەکانیانە.

٦)- ﴿ هَٰذَا كِتَابُنَا يَنطِقُ عَلَيْكُم بِالْحَقِّ ﴾، (پێیان دەگوترێ:) ئەمە نووسراوەکەمانە بە هەق و ڕاستیی، لە دژتان دەدوێ، قسەتان لەسەر دەکات و شایەدییتان لەسەر دەدات، (عُدِّيَ يَنْطِقُ بـ «عَلَى» لإفَادَةِ مَعْنَى: يَشْهَدُ)، (يَنطِقُ) پێویستیی بە (عَلَى) نیە، (يَنطِقُ)، یانی: دەدوێ،

بەڵام کە دەفەرموێ: (يَنطِقُ عَلَيۡكُم)، بەهۆی (على)وە وشەی (يَنطِقُ) مانای (يَشْهَدُ)شی، خراوەتە نێو، وێڕای مانای (دەدوێ)، مانای (شایەدیی دەدا)شی خراوەتێ، چونکە بنچینەی (تَضْمِيْن)، (خرانە نێو) لە زمانی عەرەبییدا، وەختێک کردارێک کە عادەت نیە، بە پیتێک تەعەددا بکات و بەرکار بخوازێ، بەو پیتە بەرکار دەخوازێ، وێڕای مانای خۆی، مانایەکی دیکەش دەگەیەنێ و لە یەک کاتدا، دوو واتایان دەگەیەنێ.

واتە: ئەمە نووسراوەکەی ئێمەیە، بە شێوەیەکی ڕاست لە بارەتانەوە دەدوێ و شایەدییتان لەسەر دەدات.

٧)- ﴿إِنَّا كُنَّا نَسۡتَنسِخُ مَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ﴾، ئێمە ئەوەی دەتانکرد، لەبەرمان دەگرتەوە، ئەمە بەڵگە هێنانەوەیە بۆ ڕستەی پێشێ، واتە: بۆیە بەڕاستیی شایەدییتان لەسەر دەداو، لە بارەتانەوە دەدوێ، ئەو نووسراوەی ئێوەو، ئەو تۆمارەی ئێمە، چونکە ئێمە ئەوەی دەتانکرد کاتی خۆی، لەبەرمان دەگرتەوە

وشەی (نَسۡتَنسِخُ):

أ- زانایان هەندێکیان گوتوویانە: (نَكْتُبُ)، دەمانووسیی.

ب- هەندێکیان گووتویانە: (نُكَلِّفُ المَلَائِكَةَ بِكِتَابَتِهِ)، فریشتەکانمان ئەرکدار کردبوون، کە بینووسن.

ج- هەندێکیان گووتویانە: (نَنْقُلُ مِنَ اللَّوْحِ المحْفُوظِ)، لە لەوحی پارێزراوەوە ئەوەی کە خوا هەموو زانیارییەکانی خۆی تێدا تۆمار کردون، لەوێوە دەمانگواستەوە، بەڵام مانا ڕاستەکەی ئەوەیە: (نُسَجِّلُ وَنُصَوِّرُ)، ئێمە تۆمارمان دەکردو وێنەمان لێ دەگرتەوە، وەک چۆن مرۆڤ ئێستا دەتوانێ ئەوە بکات، کە ئەمە بێگومان ئاماژەیەکی عیلمییەو ئیعجازێکی زانستییە، کە خوا ﷻ هەزارو چوارسەدو ئەوەندە ساڵ پێش ئەوەی مرۆڤ بتوانێ ئەو ئامێرانە دابێنێ، کە بە دەنگ و وێنەوە، شتان تۆمار دەکەن و هەڵیدەگرن و لە کاتی پێویستدا لێ دەدرێنەوە، خوا ئاماژەی بەوە کردوە.

هەروەک لە سوورەتی (الكهف)یشدا، کە لەوێ قسەمان لەو بارەوە کردوە، بۆیە لێرە دووبارەی ناکەینەوە، دەفەرموێ: ﴿ وَوَجَدُوا مَا عَمِلُوا حَاضِرًا وَلَا يَظْلِمُ رَبُّكَ أَحَدًا ﴿٤٩﴾ ﴾، خوا دەفەرموێ: ئەوەی کردبوویان بە ئامادە کراویی بینییان، واتە: خودی کردەوەکە دەبیننەوە، خودی قسەکە دەبیننەوە، خودی هەڵسوکەوتەکە دەبیننەوە، نەک نووسراوێک لە لیستێکدا، ﴿ وَوَجَدُوا مَا عَمِلُوا حَاضِرًا ﴾، ئەوەی کردبوویان بە ئامادەکراویی بینییان، دەگوترێ: ئەوە تۆی ئەها تەماشا بکە، ئەوە دەنگت، ئەوە وێنەکەی تۆ، ئەوە هەڵسوکەوتەکەی تۆ، هەم ئایەتەکەی سوورەتی (الكهف)، هەم ئەم ئایەتە، زۆر بە ڕوونیی دەلالەت لەسەر ئەوە دەکەن، هەروەها ئەو ئایەتەی سوورەتی (الزلزلة)یش، کە دەفەرموێ: ﴿ فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ ﴿٧﴾ وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ ﴿٨﴾ ﴾، واتە: هەر کەسێک بە گرانایی گەردێک چاکە بکات، دەیبینێ، (کردەوەکە دەبینێتەوە)، هەروەها هەر کەسێک بە گرانایی گەردێک خراپە بکات، دەیبینێ، (واتە: خودی کردەوەکە دەبینێتەوە).

لە بارەی ئەوەوە کە خوا ﷻ دەفەرموێ: لەو ڕۆژەدا، ئەوانەی لەسەر ناهەقن، زیانباردەبن، زانایان زۆریان قسە کردوە، بەڵام زۆر گەڕام، دەقێکم نەبینی لەو بارەوە، دەقێک لە پێغەمبەرەوە ﷺ، بەڵام هەموویان ئەو قسەیان لەو بارەیەوە کردوە، کە ئیمانداران شوێنی بێبڕوایان لە بەهەشتدا بە میرات دەگرن و، بێبڕوایانیش شوێنی ئیمانداران لە دۆزەخدا بە میرات دەگرن.

(الشيخ حسنين محمد مخلوف) لە تەفسیری ئەم ئایەتە لە سوورەتی (التغابن) دا: ﴿ يَوْمَ يَجْمَعُكُمْ لِيَوْمِ الْجَمْعِ ذَلِكَ يَوْمُ التَّغَابُنِ ﴿٩﴾ ﴾، دەڵێ: (أي: يَوْمٌ غَبَنَ فِيهِ بَعْضُ النَّاس بَعْضاً بِنُزُولِ السُّعَدَاءِ مَنَازِلَ الأَشْقِيَاءِ الَّتِي كَانُوا يَنْزِلُونَهَا لَوْ كَانُوا سُعَدَاء، وَنُزُول الأَشْقِيَاء مَنَازِل السُّعَدَاء الَّتِي كَانُوا يَنْزِلُونها لَوْ كَانُوا أَشْقِياء، مُسْتَعَارٌ مِنَ (تَغَابُنِ القَوْمُ فِي التِّجَارَةِ) إِذَا غَبَنَ بَعْضُهُم بَعْضاً فِيهَا، وَفِعْلُهُ مِنْ بَاب: ضَرَبَ، وَفِيهِ

تَهَكَّمُ بالأَشْقِيَاءِ لأَنَّهُم بنُزُولِهِم مَنَازِلَهم مِنَ النَّارِ، لاَ يَغبنُونَ السُّعَدَاءَ)[1]، واتە: لەو ڕۆژەدا کە هەندێکیان زیان لە هەندێکیان دەدەن، بەهۆی ئەوەوە کە بەختەوەران دەچنە شوێنی بەدبەختان، کە ئەگەر بەختەوەر بوونایە، دەیانچوونەتێ لە بەهەشتێ و، بەدبەختان و خراپەکارانیش دەچنە شوێنی بەختەوەران لە دۆزەخدا، کە ئەگەر خراپەکاربوونایە، دەیچوونەتێ، ئەمیش خوازراوەتەوە لە (**تَغَابَنَ القَوْمُ فِي التِّجَارَة**) واتە: کۆمەڵە خەڵکێک لە بازرگانیی دا زیانیان لە یەکدیی دا، ئەگەر هەندێکیان زیانیان لە یەکدی دا تێیدا، کردارەکەشی لە جۆری: (**ضرب**)ەوە هاتوە {**غَبَنَ يَغِبن، ضَرَبَ يَضْرِب**}، ئەمە جۆرێک لە گاڵتە پێکردنیشە بە بەدبەختان و بێبڕوایەکان، چونکە ئەوان کە لە دۆزەخدا، شوێنی بەهەشتییەکان، شوێنی ئیمانداران بە میرات دەگرن، لە ڕاستییدا، زیان لە ئیمانداران نادەن، {هەر سزاو ئازار بۆ خۆیان زیاد دەکەن}.

---

(١) صفوة البيان لمعاني القرآن، ص٧٢٧ و ٧٢٨.

مەسەلەی دووەم:

بڕوادارانی کردار باش کە خوا دەیانخاتە نێو بەزەیی خۆیەوە، بردنەوەو بە مراد گەیشتنی مەزنیان پێ دەبڕێ و، بێبڕوایانی خۆ بە زلگرو تاوانباریش، کە هەمیشە لە گومان و دوو دڵیی دابوون، لە بارەی پەیامی خواو لە بارەی ڕۆژی دوایی و، دیداری خواوە، خراپەکانیان بۆ دەردەکەون و، سزای ئەوەی گاڵتەیان پێدەکرد، دەوریان دەدات:

خوا دەفەرموێ: ﴿ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَيُدْخِلُهُمْ رَبُّهُمْ فِى رَحْمَتِهِۦ ۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْمُبِينُ ﴿٣٠﴾ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَفَلَمْ تَكُنْ ءَايَٰتِى تُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ فَٱسْتَكْبَرْتُمْ وَكُنتُمْ قَوْمًا مُّجْرِمِينَ ﴿٣١﴾ وَإِذَا قِيلَ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ وَٱلسَّاعَةُ لَا رَيْبَ فِيهَا قُلْتُم مَّا نَدْرِى مَا ٱلسَّاعَةُ إِن نَّظُنُّ إِلَّا ظَنًّا وَمَا نَحْنُ بِمُسْتَيْقِنِينَ ﴿٣٢﴾ وَبَدَا لَهُمْ سَيِّـَٔاتُ مَا عَمِلُوا۟ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ﴿٣٣﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە سێزدە بڕگەدا:

١)- ﴿ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ ﴾، ئنجا ئەوانەی بڕوایان هێناوەو کردەوە باشەکانیان ئەنجامداون.

٢)- ﴿ فَيُدْخِلُهُمْ رَبُّهُمْ فِى رَحْمَتِهِۦ ﴾، پەروەردگاریان دەیانخاتە نێو بەزەیی خۆیەوە.

٣)- ﴿ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْمُبِينُ ﴾، ئا ئەوە بە ئامانج گەیشتن و بردنەوەی مەزن و ئاشکراو ڕوونە.

لێرە کە دەفەرموێ: ﴿ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ ﴾، (فَ)ی (فأمّا): (لِعَطْفِ المُفَصَّلِ عَلَى المُجْمَلِ، وَهَذَا تَفْصِيل لِـ: ﴿ وَتَرَىٰ كُلَّ أُمَّةٍ جَاثِيَةً ﴾)، کە دەفەرموێ: (فَأَمَّا)، ئەم (ف)ە بۆ بادانەوەیە، بادانەوەی قسەی ڕوون و ئاشکرا لەسەر قسەیەک کە پێشتر بە کورتیی کراوە، ئەوەی بە کورتیی کراوە، ئەوەیە کە دەفەرموێ:

﴿ وَتَرَىٰ كُلَّ أُمَّةٍ جَاثِيَةً ﴾، هەر کۆمەڵێک دەبینی لەسەر ئەژنۆیان، ئنجا دێتە سەر درێژەکەی: ئەوانەی لەسەر ئەژنۆیانن، کە هەموو مرۆڤەکانن، بەڵام ئەوانەیان کە بڕوایان هێناوەو کردەوە باشەکانیان ئەنجام داون، ﴿ فَيُدْخِلُهُمْ رَبُّهُمْ فِي رَحْمَتِهِۦ ﴾، پەروەردگاریان دەیانخاتە نێو بەزەیی خۆیەوە، ئەمە بۆ ئەوەیە هەم بڕواداران دڵخۆش بکرێن و موژدەیان پێ بدرێ، هەم بۆ خراپەکارانیش دیارە هەواڵێکی ناخۆشەو، زیاتر مایەی خەفەت و مەینەتییانە، ﴿ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْمُبِينُ ﴾، (الفَوْزُ: **الظَّفَرُ بالخَيْرِ مَعَ حُصُولِ السَّلَامَةِ**)، (فَوْز): بریتییە لەوە کە ئینسان چاکەو خێرو بەرژەوەندیی بۆ دابین بێ، لەگەڵ سەلامەتیی و بێمزەرەتیی و بێ بەڵاییشدا، چونکە جاری وایە ئینسان قازانج دەکات، یاخود خۆشییەکی دێتە ڕێ، بەڵام نارەحەتییانیش دەبینێ، بەڵام (فَوْز) ئەوەیە کە بەبێ دیتنی نارەحەتیی، خێرو خۆشیی ببینێ.

ئنجا دێتە سەر باسی حاڵ و گوزەرانی ئەوانەی بێبڕوان:

٤)- ﴿ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ ﴾، بەڵام ئەوانەی بێبڕوان، واتە: بێبڕوابوون بە خوا ﷻ، یاخود بڕوایان بە خوا هەبووە، وەک بەدیهێنەرو پەروەردگار، بەڵام بێبڕوابوون بە یەکتایی خوا لە پەرستران دا، یان: بێبڕوابوون بە پەیام و پێغەمبەری خوا ﷺ، یاخود بڕوایان بەوەش بووە، بەڵام بێبڕوابوون بە دیداری خوا، ئەوانەی بێبڕوابوون بە هەر شێوەیەک لە شێوەکانی بێبڕوایی.

٥)- ﴿ أَفَلَمْ تَكُنْ ءَايَٰتِى تُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ ﴾، ئایا ئایەتەکانمتان بەسەردا نەدەخوێنرانەوە؟ وەک پێشتریش گوتمان: ئەمە لێرەدا شتێک قرتێنراوە، کە بە سیاق و سەلیقە دەزانرێ، واتە: (**يقال لهم**)، پێیان دەگوترێ: (أَفَلَمْ تَكُنْ ءَايَٰتِى تُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ)، ئەدی ئایەتەکانی منتان بەسەردا نەدەخوێنرانەوە؟ ئەمە پرسیارکردنەو پرسیارکردنەکەش دەگونجێ بۆ سەرزەنشت بێ، دەشگونجێ بۆ چەسپاندن بێ، واتە: خۆتان دەزانن ئایەتەکانتان بەسەردا دەخوێنرایەوە، یان بۆ هەردووکیانە، بۆ سەرزەنشتیشەو بۆ چەسپاندنیشە، بەڵام بە تەئکید بۆ

نکووڵییلێکردن نیە، چونکە لەوێ کەس نکووڵیی لەوە ناکات، کە ئایەتەکانی خوای پێگەیشتن و بەسەریدا خوێنرانەوە.

٦)- ﴿ فَٱسۡتَكۡبَرۡتُمۡ وَكُنتُمۡ قَوۡمٗا مُّجۡرِمِينَ ﴾، کەچی ئێوە خۆتان بە زلگرت و، کۆمەڵێکی تاوانبار بوون، کە دەفەرموێ: (وَكُنتُمۡ قَوۡمٗا مُّجۡرِمِينَ)، لە جیاتی ئەوەی بفەرموێ: (**وكنتم مجرمين**) بۆیە وا دەفەرموێ: تاکو ئەوە بگەیەنێ کە تاوانباریی بۆتە خەسڵەتێکی ڕیشەداریان و، تێکەڵ بە دەروونیان بووە، تاکو وای لێهاتوە بۆتە ڕاگر (**مُقَوِّم**)ێک لە ڕاگرەکانی کۆمەڵبوونیان.

کەواتە: لێرە خوا ﷻ سێ مۆریان بەنێو چەوانەوە دەنێ:

یەکەمیان: ﴿ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ ﴾، بێبڕوایی.

دووەمیان: ﴿ فَٱسۡتَكۡبَرۡتُمۡ ﴾، خۆ بەزلگەریی.

سێیەمیان: ﴿ وَكُنتُمۡ قَوۡمٗا مُّجۡرِمِينَ ﴾، تاوانباریی.

کە لە ڕاستییدا ئەو سێیە تێکهەڵکێشن و یەکدی پەلکێش دەکەن، هەر کەس بێبڕوا بێ، خۆ بەزلگریش دەبێ، هەر کەس دان بە بوونی خوادا نەهێنێ، یان دان بە بوونی خوادا بێنێ، بەڵام دان بە ڕاستیی پێغەمبەردا نەهێنێ، یاخود بڕوای بە دیداری خواو ڕۆژیی دوایی نەبێ، کەسی وا هەر لە خۆوە بوغڕا دەبێ و، خۆی لەلا زل دەبێ، ئەوەش سەر دەکێشێ بۆ ئەوەی تاوانباریی بکات و، ڕێی گوناح و تاوانی لە بەردەمدا ئاچووخ و تەخت دەبێ، وەک خوا ﷻ لە سوورەتی (**القيامة**)دا دەفەرموێ: ﴿ بَلۡ يُرِيدُ ٱلۡإِنسَٰنُ لِيَفۡجُرَ أَمَامَهُۥ ۝٥ يَسۡـَٔلُ أَيَّانَ يَوۡمُ ٱلۡقِيَٰمَةِ ۝٦ ﴾، مرۆڤی بێبڕوا دەیەوێ لە پێشیەوە، گوناهو تاوان بکات، خراپەکاریی بکات، بۆیە دەپرسێ: ڕۆژی قیامەتی کەنگێیە؟

لە ڕاستییدا ڕۆژی قیامەت و بڕوابوون بە ڕۆژی دوایی، بە سزاو پاداشتی خوا، لەمپەرو کۆسپێکە لە بەردەم ئینساندا، کە تاوان و لادان بکات، بەڵام کەسێک بڕوای بەوە نەبێ کە دەچێتەوە خزمەت خوای پەروەردگارو خاوەنی خۆی، ئەو

کاتە لە لای وی: مانایەک بۆ حەڵاڵ و حەرام و، مانایەک بۆ چاکەو خراپە نامێنێ، چونکە ئیمان ئەو چاوگەیە، مانا دەدات بە هەرچی ڕەوشت و بەهایە، کە ئیمان نەبوو، هەموو ڕەوشت و بەهایەکان بێ پشتیوان دەبن، وەکو پارەی بێ پشتیوان (رصید) و ڕەوشت و بەهایەکان، هیچ واتایەکیان نامێنێ، بەڵام ڕاستیی و پاکیی و چاکیی و هەموو سیفەتە بەرزەکان، ئیمان واتاو ئێوەڕۆکیان پێدەدا، وەک لە مەوسووعەی (ئیمان و ئیلحاد)دا، باسمان کردوە لە ڕاستییدا لەگەڵ لەگەڵ ئیلحادو بێبڕوایی دا، واتایەک بۆ ڕەوشت و بەها بەرزەکان نامێنێتەوەو، خەسڵەتە پەسندەکان ئەو پشتیوانەیان نابێ، بوون و پاساوو بەردەوامییان پێبدات.

٧)- ﴿ وَإِذَا قِيلَ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ ﴾، هەر کاتێک (لە دنیادا پێتان) دەگوترا: بەدڵنیایی بەڵێنی خوا ڕاستە، یانی: (وَعْدُ اللهِ بِمَجِئِ السَّاعَةِ الَّتِي يُبْعَثُونَ فِيْهَا، ثَابِتٌ)، بەڵێنی خوا، بەو کاتەی تێیدا زیندوو دەکرێنەوە، ڕاست و چەسپاوە.

٨)- ﴿ وَٱلسَّاعَةُ لَا رَيْبَ فِيهَا ﴾، ئەو کاتە دیاریکراوەش، هیچ دوو دڵیی تێدانیە، وشەی (الساعة) کە بە (أل) ناسێنراوە، بۆ (عهد)ە، (التَّعْرِيفُ لِلْعَهْدِ، وَهِيَ سَاعَةُ البَعْثِ)، واتە: ئەو کاتە دیاریکراوەی کە زیندووکرانەوەی تێدا ئەنجام دەدرێ، هیچ دوو دڵیی تێدانیە، واتە: دوو دڵیی تێدانیە، ئەگەر بە چاوی عەقڵ و مەنتیق تەماشای بکەی، بە چاوی ویژدان تەماشای بکەی، ئەگەرنا ئەوەتا بێبڕوایان تێیدا، لە گومان دابوون و، تێیدا دوو دڵ بوون، لەبەر ئەوەی بە چاوی عەقڵ و مەنتیق تەماشایان نەکردوەو، بە چاوی وەحییش هەر هیچ تەماشایان نەکردوەو، عەقڵی سەلیمی خۆشیان تێدا چاک بەکارنەهێناوە، کاتێک پێتان دەگوترا: بەڵێنی خوا ڕاستەو چەسپاوە، قیامەتیش جێی دوو دڵیی نیە.

٩)- ﴿ قُلْتُم مَّا نَدْرِى مَا ٱلسَّاعَةُ ﴾، ئێوە گوتتان: ئێمە نازانین کاتەکە چییە؟ واتە: نازانین ئەو کاتەی ئێوە دەڵێن: خەڵکی تێدا زیندوو دەکرێتەوە، چییە؟! ئنجا ئەمە نکووڵییکردنە هەر لە خودی هەبوونی (سَاعَة)، کە شتێک نیە بزانرێ و دەرک بکرێ و عەقڵ پەی پێ ببات، واتە: شتێکی ناماقووڵە، ئەم تەعبیرە ئەوە دەگەیەنێ.

١٠)- ﴿إِن نَّظُنُّ إِلَّا ظَنًّا﴾، ئێمە تەنیا بەگومانێکی بێهێز گومان دەبەین، لێرەدا کە دەڵێ: (إِن نَّظُنُّ إِلَّا ظَنًّا)، ئەمە پێی دەگوترێ: (الإِسْتِثْنَاءُ المُفَرَّغ)، هەڵاواردنی بەتاڵکراو، خاڵییکراوە، ئنجا شارەزایان و ڕێزمانزانانی عەرەبیی، ئیشکالێکیان لێرەدا باسکردوە، کە گوتوویانە: (لاَ يَصِحُّ أَنْ يَكُونَ الإِسْتِثْنَاء مُفَرَّغاً للمَفْعُول المُطْلَق، لآنْتِفَاء فَائِدَةِ التَّفْرِيغ)، هەڵاواردنی خاڵییکەرەوە لەبەرکاری ڕەها، ڕاست نیە، چونکە خاڵییکردنەوەکە سوودی نامێنێ، (إِن نَّظُنُّ إِلَّا ظَنًّا)، یانی: (مَا نَظُنُّ إلاَّ ظَنّاً)، گومان نابەین، جگە لە گومان، دەڵێن: ئەمە واتایەکی بۆ نامێنێتەوە، گومان نابەین، جگە لە گومان!

بـەڵام (ابـن هشـام) لـە (مغنـي اللَّبِيْـب)دا، کـە کتێبێکـی ڕێزمـانی عەرەبییـە دەڵـێ: (مُصَحِّـحُ اسْـتِثْنَاء الظَّـن مِـنْ نَفْسِـهِ، أَنَّ المُسْـتَثْنَى هُـوَ الظَّـن الموصُـوفِ بِمَـا دَلَّ عَلَيْـهِ تَنْكِـيرُهُ مِـنَ التَّحْقِـيرِ المُشْـعِرِ بِـهِ التَّنْوِيـنُ)، ئـەوەی وایکـردوە گومـان (ظَـن)، لـە خـۆی هەڵباوێـردرێ، (إِن نَّظُنُّ إِلَّا ظَنًّا)، ئەوەیـە کـە هەڵاوێـردراو، بریتیـە لـەو گومانـەی کـە مـادام بـە نەنـاسراو (نکـرة) هاتـوە، مانـای وایـە شـتێکی کـەم و بچـووک و کـەم بایەخـە، واتـە: ئێمـە گومـان نابەیـن، جگـە لـە گومانێکـی بـێ هێـز، ئنجـا ئەمـە وایکـردوە کـە ئـەو هـەڵاواردن (إسـتثناء)ە، لێـرەدا دروسـت بێـت، ئـەوە تەئویلێـک.

هەندێکـی دیکـەش گوتوویانـە: (ضُمِّـنَ (نَظُنُّ)، مَعْنَـى نَعْتَقِـدُ، يَعْنِـي إِنْ نَعْتَقِـدُ إلاَّ ظَنّـاً)، (نَظُـنُّ) مانـای (نَعتَقِـد)ی خراوەتـە نێـو، یـانی: قەناعـەت و بڕوامـان نیـە، جگـە لـە گومـان، واتـە: پێـمان وانیـە قیامـەت بـێ و قەناعەتمـان پێـی نیـە، جگـە لـە گومـان.

بـە بۆچـوونی مـن هەردووکیـان جوانـن، لـە هـەردوو حاڵانـدا دەڵـێ: (مَفْعُـولا: (نَظُنُّ)، مُحْذُوفَـانِ لِدَلاَلَـةِ الـكَلاَمِ عَلَيْهِـمَا أَي: إِنْ نَظُـنُّ السَّـاعَةَ وَاقِعَـةً)، هـەردووک بـەرکاری (نَظُـنُّ) قرتێـنراون، چونکـە سـیاقی قسـەکە دەیانگەیەنـێ، پێـمان وانیـە (سـاعة) بـێ و بقەومـێ، چونکـە (نَظُنُّ: ظَـنَّ مُحَمَّـدٌ زَيْـداً وَاقِفـاً)، (نَظُـنُّ) دوو بـەرکار (مفعـول بـە)ی دەوێـن، کـە لێـرەدا هەردووکیـان قرتێـنراون، چونکـە دیـارن، واتـە: ئێمـە پێـمان وانیـە (سـاعة) بـێ، پێـمان وانیـە کاتەکـە یـان قیامـەت بـێ، (السـاعة)،

بەرکاری یەکەمیەتی و (**واقعة**) بەرکاری دوومیەتی و، هەردووکیان قرتێنراون، لەبەر ئەوەی بەپێی سەلیقەو سیاق زانراو و دیارن.

١١)- ﴿وَمَا نَحْنُ بِمُسْتَيْقِنِينَ﴾، ئێمەش لە دڵنیایان نین، واتە: ئێمە لە دڵنیایان نین، بەهاتنی ڕۆژی قیامەت، ئەمەش دەریدەخات کە (**الیقین والظن**)، وەک پێشتریش گوتوومانە: ڕێک دژو پێچەوانەی یەکدین، لە هەر شوێنێک یەقین هەبێ، گومان نابێ و، پێش گومانیش دوو دڵیی (**شك**) نابێ، (**الظن**)، واتە: گومان، (**الشك**)، واتە: دوو دڵیی، ئنجا ئەگەر گومان نەبێ، دوو دڵیی هەر نابێ، چونکە دەفەرموێ: (إِن نَّظُنُّ إِلَّا ظَنًّا وَمَا نَحْنُ بِمُسْتَيْقِنِينَ ﴿٣٢﴾)، تەنیا گومانێکی بێ هێزمان دەبرد، یاخود قەناعەتمان وابوو، تەنیا بە گومان قەناعەتمان وابوو و، ئێمە لە دڵنیایان نەبووین، کەواتە: دڵنیایی و گومان (**الیقین و الظن**)، دژو پێچەوانەی یەکدین.

١٢)- ﴿وَبَدَا لَهُمْ سَيِّئَاتُ مَا عَمِلُوا﴾، سزای کردەوە خراپەکانی کە وەدەستیان هێنا بوون، بۆیان دەرکەوت، یاخود: ئەو شوێنەوارە خراپانەی وەدەستهێنانەکەیان - کە لەسەر کوفر بنیاترابوو - پەیدای کردبوون، بۆیان دەرکەوتن.

١٣)- ﴿وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ﴾، ئەوەی پێشتر گاڵتەیان پێ دەکرد گەمارۆی دان، (وَحَاقَ) بە مانای (**نزل**) دێ و، بە مانای (**أحَاط**)ش دێ، واتە: دابەزیە سەریان، گەمارۆی دان، (مَا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ ﴿٣٣﴾)، ئەوەی پێشتر گاڵتەیان پێ دەکرد، واتە: سزایەکەی گەمارۆی دان، یاخود: خودی گاڵتەپێکراوەکە، کە سزای خوایەو، دۆزەخە گەمارۆی دان.

مەسەلەی سێیەم:

بە بێبڕوایان دەگوترێ: ئەمڕۆ پشتگوێتان دەخەین، وەک چۆن ئێوە دیداری ئەمڕۆتان پشتگوێ خستووە، جێگاشتان ئاگرە لە سۆنگەی گاڵتەکردنتانەوە بە ئایەتەکانی خواو، فریو خواردنتان بە ژیانی دنیا، کە سەرەنجام لە دۆزەخدا هەمیشەیی دەبن و، ڕێشتان نادرێ، خوا ڕازیی بکەن و، گلەیی خوا لەسەر خۆتان نەهێڵن:

خوا دەفەرموێ: ﴿وَقِيلَ ٱلْيَوْمَ نَنسَىٰكُمْ كَمَا نَسِيتُمْ لِقَآءَ يَوْمِكُمْ هَٰذَا وَمَأْوَىٰكُمُ ٱلنَّارُ وَمَا لَكُم مِّن نَّٰصِرِينَ ﴿٣٤﴾ ذَٰلِكُم بِأَنَّكُمُ ٱتَّخَذْتُمْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ هُزُوًا وَغَرَّتْكُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا ۚ فَٱلْيَوْمَ لَا يُخْرَجُونَ مِنْهَا وَلَا هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ ﴿٣٥﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە هەشت بڕگەدا:

١)- ﴿وَقِيلَ ٱلْيَوْمَ نَنسَىٰكُمْ﴾، گوتراش: ئەمڕۆ لە بیرتان دەکەین، (فەرامۆشتان دەکەین و پشت گوێتان دەخەین)، بە کێ گوترا؟ بە دڵنیایی بە بێبڕوایان گوتراو، لەو سیاقەشدا، دیاریی نەکراوە بێژەرەکە کێیە، ئەمەش جۆرێکە لە بە کەم تەماشاکردن، یانی: کەسێک ڕاسپێردرا ئەوەیان پێ بڵێ، کە مسۆگەر فریشتەکانن، وشەی (نَنسَىٰكُمْ)، (نَتْرُكُكُم تَرْكاً مُؤَبَّداً، لأَنَّ النِّسْيَان تَرْكُ الشَّيءِ المنْسِيّ، أو النِّسيَان مُسْتَعَارٌ للإهْمَال وَعَدَم المُبَالاَة)، (وَقِيلَ ٱلْيَوْمَ نَنسَىٰكُمْ)، واتە: وازتان لێ دێنین بە یەکجارەکیی، چونکە لە بیرچوون بریتیە لە وازهێنانی لە شتێک بە یەکجاریی، یاخود لێرەدا وشەی (النِّسْيَانُ، نَنسَىٰكُمْ)، خوازراوەتەوە بۆ پشتگوێخستن و گوێ پێنەدان و بایەخ پێنەدان، واتە: ئەمڕۆ پشتگوێتان دەخەین و بایەختان پێنادەین.

٢)- ﴿كَمَا نَسِيتُمْ لِقَآءَ يَوْمِكُمْ هَٰذَا﴾، وەک چۆن ئێوە دیداری ئەمڕۆژەتان لە بیر چوو بوو، یان: فەرامۆش کردبوو و پشتگوێتان خستبوو، (اللِّقَاءُ: وجْدَانُ الشَّيء شَيْئاً فِي مَكَانٍ: لَقِيَ

زَيْد عَمْراً)، (اللِّقَاء) بریتیە لەوەی شتێک لە شوێنێک شتێکی لێ هەڵکەوێ، وەک دەڵێ: (لَقِيَ زَيْد عَمْرَواً)، زەید تووشی عەمر بوو، یانی: لە کات و شوێنێکی دیارییکراودا.

٣)- ﴿وَمَأْوَىٰكُمُ ٱلنَّارُ﴾، جێگەو ڕێگەی حەوانەوەتان ئاگرە، (المأوى: المَكَانُ الَّذِي يَأْوِي إِلَيْهِ الشَّخْص بَعْدَ أَعْمَالِهِ)، (المأوى): بریتیە لەو شوێنەی کەسێک پەنای بۆ دەبات، دوای ئەنجامدانی کارەکانی، کە ماندوو دەبێ و، ناڕەحەت دەبێ، دەچێ لەوێدا پشوو بدات و ئیسراحەت بکات، واتە: شوێنی پشوودان و حەوانەوە، ئەگەر بۆ ئێوە هەبێ لە ڕۆژیی دواییدا، ئاگری دۆزەخە، خوا پەنامان بدات.

٤)- ﴿وَمَا لَكُم مِّن نَّٰصِرِينَ﴾، هیچ پشتیوان و سەرخەرو هاوکاریشتان نین، (لَيْسَ لَكُمْ، أي: نَاصِرِ مَهْمَا كَانَ)، (وَمَا لَكُم مِّن نَّٰصِرِينَ ﴿٣٤﴾)، ئەم (مِن)ە، کە بۆ دەستپێکە (إبتدائية)، واتە: هەر لە سەرەتای سەرخەرو پشتیوانانەوە، تاکو کۆتاییان، هەر لە بچووکیان تاکو گەورەیان، هیچ پشتیوانێکتان نیە، نە کەم، نە زۆر.

٥)- ﴿ذَٰلِكُم بِأَنَّكُمُ ٱتَّخَذْتُمْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ هُزُوًا﴾، ئەمەشتان {ئەم سزایەتان، یان ئەم سەرەنجامە شووم و پڕ مەینەتییەتان}، بەهۆی ئەوەوەیە کە ئێوە ئایەتەکانی خواتان بەگاڵتەپێکراو گرتبوون، گاڵتەتان پێ دەکردن، بە گاڵتەجاڕتان گرتبوون، دیارە وشەی (هُزُوًا: الهُزء: مَصْدَرٌ مُرَادٌ بِهِ اسْم المَفْعُول مِثْلُ: خَلْق وَمَخْلُوق، (هُزُوًا)، أي: مَهْزُوءاً)، واتە: ئەوە بەهۆی ئەوەوەیە کە ئایەتەکانی خواتان گاڵتە پێکراو گرتبوون، بەگاڵتەجاڕتان گرتبوون، (هزء)، چاوگە بە مانای (مهزوء)و بەرکار (مفعول به)، وەک چۆن (خلق)، بە مانای (مخلوق)ە، دروستکراو.

٦)- ﴿وَغَرَّتْكُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا﴾، {وێڕای ئەوەی ئایەتەکانی ئێمەتان بە گاڵتەجار گرتبوون}، ژیانی دنیاش فریوی دان، (التَّغْرِيرُ: الإِطْمَاع البَاطِلُ)، (تغرير) بریتیە لە بەتەما کردنێکی پووچ، بە تەماکردنێکی بێ بنەما، بە کوردیی دەگوترێ: هەڵخەڵەتاندن، فریودان، کڵاو لەسەرنان.

٧)- ﴿فَٱلْيَوْمَ لَا يُخْرَجُونَ مِنْهَا﴾، ئەمڕۆ ئێوە لێی نابرێنە دەرێ، خوێنراویشەتەوە: (لا يَخْرُجُونَ

مِنْهَا)، ئەمڕۆ ئێوە لێی ناچنە دەرێ، واتە: لە ئاگر ناچنە دەرێ، یاخود لێی نابرێنە دەرێ، لێی دەرباز ناکرێن.

٨)- ﴿ وَلَا هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ ﴾، داواشیان لێ ناکرێ، داوای لێبوردن بکەن، یاخود: داواشیان لێ ناکرێ، پەروەردگاریان ڕازیی بکەن، داوایان لێناکرێ گلەیی پەروەردگاریان لەسەرخۆیان لابەرن و، سەرەنجام پەروەردگاریان ڕازیی بکەن، بۆیە زانایان هەندێکیان گوتوویانە: (وَلَا يُسْتَعْتَبُونَ: **أي: لاَ يُطْلَبُ مِنْهُم إِرْضَاءِ الله**)، داوایان لێناکرێ خوا ڕازیی بکەن، هەندێکیشیان گوتوویانە: (وَلَا يُسْتَعْتَبُونَ)، یانی: داوایان لێناکرێ داوای لێبوردن بکەن، واتە: گلەیی خوا لەسەر خۆیان لابەرن، وەک پێشتریش گوتم: ئێمە لە تەفسیری سوورەتی (**فصلت**)و، لە تەفسیری سوورەتی (**النحل**)یشدا، بە درێژیی لە بارەی وشەی (**إِعْتَاب، وإِسْتِعْتَاب**)ەوە قسەمان کردوە.

مەسەلەی چوارەم و کۆتایی:

ستایشـکردنی خـوای پـەروەردگاری گـەردوون و جیهانییـان، کـە مەزنیـی و، بەرزیـی و گەورەیـی ڕەهـا، لـە بوونـدا تەنیـا هـی ویـەو، خـوا زاڵ و کاربەجێیـە:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿فَلِلَّهِ ٱلْحَمْدُ رَبِّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَرَبِّ ٱلْأَرْضِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٣٦﴾ وَلَهُ ٱلْكِبْرِيَآءُ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٣٧﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿فَلِلَّهِ ٱلْحَمْدُ﴾، ستایش تەنیا هی خوایە، (ف)ی سەر (فَلِلَّهِ)، (فَاء للتَفْرِيعِ، فَإِنْشَاءُ الحَمْدِ للهِ تَعَالى وَتَخْصِيْصه بِهِ، وَحَصْرُهُ عَلَيْهِ، مُتَفَرِّعٌ عَمَّا سَبَقَ فِي هَذِهِ السُّورَةِ المُبَارَكَةِ مِنْ ذِكْرِ آيَاتِ اللهِ وَنِعَمِهِ وَهِدَايَتِهِ وَلُطْفِهِ مَعَ عِبَادِهِ)، واتە: (ف) بۆ لق لێکردنەوەیەو، ئەوە دەگەیەنێ کە ئەوەی لێرەدا دەگوترێ، لەوەی پێشەوە سەرچاوە دەگرێ، چونکە: ڕاگەیاندنی ستایشکردن بۆ خوای بەرزو پێوە تایبەتکردنی و، تێدا کورتهەڵهێنانی، هەمووی پەیدابووە لەوەی کە لەم سوورەتە موبارەکەدا، پێشتر باسکراوە، لە باسی نیشانەکانی خواو چاکەکانی خواو ڕێنمایی و هیدایەتی خواو لوتف و کەرەم و بەزەیی خوا لەگەڵ بەندەکانیدا، ئنجا پەروەردگارێک وابێ، هەموو ستایشێک تەنیا شایستەی ئەوە.

٢)- ﴿رَبِّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَرَبِّ ٱلْأَرْضِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾، پەروەردگاری ئاسمانەکان، پەروەردگاری زەوی و، پەروەردگاری جیهانییان، سێ جاران دووبارە کردنەوەی پەروەردگارێتیی خوا، لێرەدا لەبەر ئەوەیە کە پێگەو شوێنەکە دەیخوازێ، پەروەردگارێتیی خوا، واتە: مشوورخواردنی خواو بەسەر ڕاگەیشتنی و خاوەندارێتیی و پەروەردەکردنی خوا، تایبەتمەندترین سیفەتی خوایە، لە پەیوەندیی لەگەڵ دروستکراوەکانیدا.

٣)- ﴿وَلَهُ ٱلْكِبْرِيَآءُ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾، هەرچی مەزنیی هەیە، هەر بۆ ویە لە ئاسمانەکان و زەویدا، (ٱلْكِبْرِيَآءُ): (العَظَمَةُ المُطْلَقَةُ، وَالعُلُوّ المُطْلَق، وَالجَلَالُ وَالجَمَالُ وَالكَمَالُ

فِي الذَّات وَالصِّفَات)، (ٱلْكِبْرِيَآءُ) بە مانای: مەزنیی ڕەها، بەرزیی ڕەها، گەورەیی ڕەها، هەروەها جەلال و جەمال و کەمال لە زات و لە سیفەتەکانی دا.

(جلال)، واتە: شکۆو هەیبەتی خوا، (جمال)، واتە: جوانیی خوای پەروەردگار، وەک بۆ خوای پەروەردگار شایستەیە، (کمال)، واتە: تەواویی خوا ﷻ، هەم لە زاتیدا، هەم لە سیفەتەکانیدا، تەنیا هی خوایە.

٤)- ﴿وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ﴾، هەر ئەو زاڵی کارزانە، بێگومانیش (**عزة**) سیفەتێکی کۆکەرەوەیە بۆ هەموو سیفەتەکانی هێزو دەسەڵات و هەیبەت و، (**حکمة**)یش، کۆکەرەوەیە بۆ هەرچی پەیوەندیی هەیە بە زانیاریی و شارەزایی و ئاگاداریی خواوە ﷻ لە بارەی دروستکراوەکانیەوە.

دوو فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ لەبارەی گەورەیی و مەزنیی خوا و تەنیا پەرستنییەوە: هاتوە:

١- فەرموودەیەك لەوبارەوە کە هەرکەس گەورەیی و مەزنیی بخوازێ - بەسەر خەڵکدا - وەك ئەوەیە ناکۆکیی هەبێ لەگەڵ خوادا لەسەر گەورەیی و مەزنیی، کە دوو سیفەتی هەرە تایبەتی خوان:

{عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «يَقُولُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: الْكِبْرِيَاءُ رِدَائِي، وَالْعَظَمَةُ إِزَارِي، فَمَنْ نَازَعَنِي شَيْئًا مِنْهُمَا، أَلْقَيْتُهُ فِي جَهَنَّمَ»} (أَخْرَجَهُ أحمد: ٩٧٠٣، ومُسْلِم: ٢٦٢٠، وَالبُخَارِيّ فِي «الأدب المفرد»: ٥٥٢، وَأَبُو دَاوُد: ٤٠٩٠، وابن ماجه: ٤١٧٤).

واتە: ئەبوو هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: خوا (عَزَّ وَجَلَّ) دەفەرموێ: گەورەیی کراسمە، (یان گەورەیی و شکۆی هەرە بەرز کراسمە)و مەزنیی پۆشاکمە، هەر کەسێک لە یەکێک لەو دووانەمدا لەگەڵم ناکۆک بێ، دەیخەمە نێو ئاگر.

واتە: گەورەیی و مەزنیی، سیفەتی تایبەتی خوان، بۆیە هەر کەسێک خۆی بە گەورە بگرێ و، خۆی بە مەزن بگرێ لە بەرانبەر مرۆڤەکاندا، ئەوە مانای وایە، ناکۆکیی هەیە لەگەڵ خوادا لەسەر ئەو دوو سیفەتانەی کە تایبەتن بە خواوە ﷻ، هیچ کەسێک بۆی نیە لاف ئەو دوو سیفەتە لێ بدات، ئەگەرنا مانای وایە بوغرا بووەو لە کەوڵی خۆی دەرچووەو، تووشی سزای خوا دەبێ.

٢- فەرمایشتێکی پێغەمبەری خوا ﷺ لە بارەی خوا پەرستان و جگە لە خوا پەرستانەوە لە قیامەت دا:

ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ دێنین، کە شیکردنەوەو ڕوونکردنەوەی ئەو ئایەتە موبارەکەیە کە دەفەرموێ: ﴿وَتَرَىٰ كُلَّ أُمَّةٍ جَاثِيَةً كُلُّ أُمَّةٍ تُدْعَىٰ إِلَىٰ كِتَابِهَا ﴿٢٨﴾﴾، هەموو کۆمەڵێک دەبینی لەسەر ئەژنۆیان کەوتوون، هەر کۆمەڵێک بۆ نووسراوەکەی خۆی بانگ دەکرێ:

لە فەرموودەیەکدا[1]، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: (عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ قَالَ : قُلْنَا : يَا رَسُولَ اللَّهِ، هَلْ نَرَى رَبَّنَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ ؟ قَالَ : « هَلْ تُضَارُونَ فِي رُؤْيَةِ الشَّمْسِ وَالْقَمَرِ إِذَا كَانَتْ صَحْوًا ؟ ». قُلْنَا : لَا. قَالَ : « فَإِنَّكُمْ لَا تُضَارُونَ فِي رُؤْيَةِ رَبِّكُمْ يَوْمَئِذٍ، إِلَّا كَمَا تُضَارُونَ فِي رُؤْيَتِهِمَا ». ثُمَّ قَالَ : « يُنَادِي مُنَادٍ : لِيَذْهَبْ كُلُّ قَوْمٍ إِلَى مَا كَانُوا يَعْبُدُونَ. فَيَذْهَبُ أَصْحَابُ الصَّلِيبِ مَعَ صَلِيبِهِمْ، وَأَصْحَابُ الْأَوْثَانِ مَعَ أَوْثَانِهِمْ، وَأَصْحَابُ كُلِّ آلِهَةٍ مَعَ آلِهَتِهِمْ، حَتَّى يَبْقَى مَنْ كَانَ يَعْبُدُ اللَّهَ مِنْ بَرٍّ أَوْ فَاجِرٍ، وَغُبَّرَاتٌ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ، ثُمَّ يُؤْتَى بِجَهَنَّمَ تُعْرَضُ كَأَنَّهَا سَرَابٌ، فَيُقَالُ لِلْيَهُودِ : مَا كُنْتُمْ تَعْبُدُونَ ؟ قَالُوا : كُنَّا نَعْبُدُ عُزَيْرَ ابْنَ اللَّهِ. فَيُقَالُ : كَذَبْتُمْ، لَمْ يَكُنْ لِلَّهِ صَاحِبَةٌ وَلَا وَلَدٌ، فَمَا تُرِيدُونَ ؟ قَالُوا : نُرِيدُ أَنْ تَسْقِيَنَا. فَيُقَالُ : اشْرَبُوا. فَيَتَسَاقَطُونَ فِي جَهَنَّمَ، ثُمَّ يُقَالُ لِلنَّصَارَى : مَا كُنْتُمْ تَعْبُدُونَ ؟ فَيَقُولُونَ : كُنَّا نَعْبُدُ الْمَسِيحَ ابْنَ اللَّهِ. فَيُقَالُ : كَذَبْتُمْ، لَمْ يَكُنْ لِلَّهِ صَاحِبَةٌ وَلَا وَلَدٌ، فَمَا تُرِيدُونَ ؟ فَيَقُولُونَ : نُرِيدُ أَنْ تَسْقِيَنَا.

(١) أخرجه البُخَارِيّ: ٤٥٨١، وَمُسْلِم: ١٨٣، عَنْ أَبِي سَعِيد الخُدرِيّ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ.

فَيُقَالُ : اشْرَبُوا. فَيَتَسَاقَطُونَ، حَتَّى يَبْقَى مَنْ كَانَ يَعْبُدُ اللَّهَ مِنْ بَرٍّ أَوْ فَاجِرٍ، فَيُقَالُ لَهُمْ : مَا يَحْبِسُكُمْ وَقَدْ ذَهَبَ النَّاسُ ؟ فَيَقُولُونَ : فَارَقْنَاهُمْ وَنَحْنُ أَحْوَجُ مِنَّا إِلَيْهِ الْيَوْمَ، وَإِنَّا سَمِعْنَا مُنَادِيًا يُنَادِي : لِيَلْحَقْ كُلُّ قَوْمٍ بِمَا كَانُوا يَعْبُدُونَ. وَإِنَّمَا نَنْتَظِرُ رَبَّنَا. قَالَ : فَيَأْتِيهِمُ الْجَبَّارُ، فَيَقُولُ : أَنَا رَبُّكُمْ. فَيَقُولُونَ : أَنْتَ رَبُّنَا. فَلَا يُكَلِّمُهُ إِلَّا الْأَنْبِيَاءُ، فَيَقُولُ : هَلْ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُ آيَةٌ تَعْرِفُونَهُ ؟ فَيَقُولُونَ : السَّاقُ. فَيَكْشِفُ عَنْ سَاقِهِ، فَيَسْجُدُ لَهُ كُلُّ مُؤْمِنٍ، وَيَبْقَى مَنْ كَانَ يَسْجُدُ لِلَّهِ رِيَاءً وَسُمْعَةً، فَيَذْهَبُ كَيْمَا يَسْجُدَ فَيَعُودُ ظَهْرُهُ طَبَقًا وَاحِدًا)، واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا هەر کۆمەڵێک چی پەرستبێ، بۆی وێنا دەکرێ، {بەردیان پەرست بێ، پەیکەریان پەرستبێ، تەختەو دارێکیان پەرستبێ، ئاژەڵێکیان پەرستبێ، هەرچییان پەرستبێ، ئەو شتە وێنا دەکرێتەوەو دەهێنرێتە گۆڕێ}، دوایی بە هەر کەسێک کە شتێکی پەرستوە، دەگوترێ: هەر کەسێک هەر شتێکی پەرستوە، شوێنی بکەوێ، ئیدی هەر کەسەو دەچێ بەرەو پەرستراوی خۆی، {یاخود: ئەو پەرستراوانە، دەکرێنە پێشەنگ و سەرقافڵە بۆ ئاگر}، هەتا ئەو خەڵکەی کە لە دنیادا پەرستوویانن، دەکەونە شوێنیان تاکو دەیانخەنە نێو ئاگری دۆزەخەوە، ئنجا ئوممەتی موحەممەد ﷺ دەمێنێتەوە لەگەڵ خاوەن کتێبان، {کە لێرەدا باسی جوولەکە و نەصرانییان کراوە}، پێشێ بە جوولەکەکان دەگوترێ: ئێوە چیتان دەپەرست؟ دەڵێن: خوامان دەپەرست و (عوزەیر)یشمان دەپەرست، جگە لە کەمێکیان (کەمێکیان کە تەنیا خوایان پەرستوەو عوزەیریان نەپەرستوە)، پێیان دەگوترێ: عوزەیر، نە لە ئێوەیەو ئێوەش لەوی نین، عوزێر بەندەیەکی صاڵحی خوا بووەو بەس خوا پەرست بووە، بۆیە بە لای چەپدا دەگیرێن، {یانی: ڕەپێچەک دەدرێن و کۆ دەکرێنەوە}، ئیدی ئەوان دەچن و ناتوانن بمێننەوە، (ڕێک بە پێشخۆ دەدرێن، بەرەو دۆزەخ)، دوایی بانگی نەصرانییەکان دەکرێ، پێیان دەگوترێ: ئێوە چیتان دەپەرست لە دنیادا؟ دەڵێن: ئێمە خوامان دەپەرست و (مەسیح)یشمان دەپەرست، جگە لە کەمێکیان، (کەمێکیان دیارە بەس خوایان پەرستوە)، پێیان دەگوترێ: عیسا نە لە ئێوەیەو نە ئێوەش لەوین، چونکە ئەو تەنیا خوا پەرست بووە، ئەوانیش بە لای چەپدا دەگیرێن و دەبرێن و، دەڕۆن و ناتوانن بمێننەوە، {واتە: بەرەو دۆزەخ

دەبرێـن)، ئۆممـەتی موحەممـەد ﷺ دەمێنێتـەوە، پێیـان دەگوتـرێ: ئێـوە چیتـان دەپەرسـت؟ ئەوانیـش دەڵێـن: ئێمـە تەنیـا خوامـان دەپەرسـت، ئێمـە بۆیـە لەوانـە جیابووینـەوە لـە تـرسی ئەمـڕۆ، بۆیـە ئێمـە تەنیـا خوامـان پەرستوە، ئیـدی مۆڵـەت دەدرێ بـە بـڕواداران کـە کڕنـووش بـەرن، بـڕواداران کڕنـووش بـۆ خـوا دەبـەن، بـەڵام لـە لای هـەر بڕوادارێکـەوە، مونافیقێـک و دەغەڵێـک هەیـە، بابـای مونافیـق پشـتی ڕەق دەبـێ و ناتوانـێ کڕنـووش بـەرێ و، کڕنـووش بـردنی بـڕواداران دەبێتـە مایـەی سەرزەنشـت و بچووکیـی و پەشـێمانیی و داخ و خەفـەت بـۆی (سـەرەنجام ئەوانیـش هـەر بـەرەو دۆزەخ بـەڕێ دەکرێـن).

لـە خـوای پـەروەردگار دەپاڕێمـەوە کـە بـە لوتـف و کەرەمـی خـۆی، یارمەتیـی ئێمـەو سـەرجەم مسـوڵمانان بـدات، هەرچـی زیاتـرە لـە فەرمایشـتەکەی وردتـرو قووڵـتر حاڵیـی بیـن، پاشـان دوای وردو قـووڵ تێگەیشـتنی، هەوڵیـش بدەیـن باشـیش لـە ژیـانی تاکـی خۆمـان داو، لـە ژیانـی خێزانییـمان و، لـە ژیـانی کۆمەڵایەتییـمان و، لـە ژیانـی سیاسـییماندا، پیـادەی بکەیـن، ئـەم قوڕئانـە بـە دڵنیایـی هەمـووی نـوورو بەرەکەتـە، خوێندنەوەکـەی بەرەکەتـە، لێوردبوونـەوەی بەرەکەتـە، لەبەرکردنـی بەرەکەتـە، کارپێکردنیـشی بەرەکەتـە، بـەڵام بەرهـەم و بەرەکـەتی هـەرە زۆری ئـەم قوڕئانـە، لـە لێتێگەیشـتن و کارپێکردنـی دایـە.

لـە ڕاسـتییدا قوڕئـان بۆیـە عیبادەتە بخوێنرێتـەوەو، عیبادەتـە لەبەر بکـرێ و، عیبادەتە تەماشـا بکـرێ، تاکـو چـاک دەرک بکـرێ و، لێـی حاڵیـی بین، پاشـان کاری پـێ بکەین.

چەند پەردەو ئێوانێك لە ئێوان بەشێک لە مسوڵمانان و قوڕئان دا:

بەداخـەوە بەشـێك لـە مسـوڵمانان، پـەردەو ئێـوانی زۆر کەوتووتـە ئێـوان ئـەوان و قوڕئانـەوە، ئنجـا ئـەو پـەردەو ئێوانانـە:

١- هەندێکیان هەر پەیوەندییان بە خودی قوڕئانەوە هەیە، کە بریتیە لە تەفسیرکردن و شیکردنەوەو ڕوونکردنەوەی قوڕئان، بە شێوەیەک کە شایستەی قوڕئان نیە، مانایەکی هەڵبزرکراو و کرچ و کاڵ، پێدانی!.

٢- هەندێکییان پەیوەندییان هەیە بە سوننەتی پێغەمبەرەوە ﷺ واتە: مامەڵەی هەڵە لەگەڵ ڕێبازی پێغەمبەردا ﷺ، هەندێک کەس پێیان وایە: ڕێبازی پێغەمبەر ﷺو فەرمایشتەکانی جێگرەوە (بدیل)ن بۆ قورئان، کە لە ڕاستییدا هیچ شتێک بە دیلی قورئان نیە، ئنجا تەنیا فەرمایشتی خوا (**كلام الله**) بەرنامەو ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ بووە، پێغەمبەری خوا جگە لەم کتێبە، جگە لە قورئان، بەرنامەیەکی دیکەی پێ نەبووە، فەرمایشتەکانی پێغەمبەر ﷺ چ ئەوەی کە بە زاری موبارەکی فەرمووی، چ ئەوەی بە کردەوە کردووی، چ ئەوەی لە پێش چاوی کراون، یان بیستووی و دانی پێدا هێناون، واتە: (**قول وفعل وتقرير**)ی، هەمووی هەر لەبەر ڕۆشنایی قورئاندا بووەو، لە چوارچێوەی قورئاندا بووەو، بۆ کەسی شارەزای قورئان و سوننەت، ئەمە شتێکی زۆر ڕوون و ئاشکرایە.

٣- هەندێکیش لەو پەردەو تەم ومژانە پەیوەندییان هەیە بە بەرهەمی دیکەی زانایانەوە، چ لە بواری (**فقه**)دا، چ لە بواری بنچینەکانی دین (**أصول الدين**) و عقیدەدا، چ لە بواری بیرکردنەوەی مسوڵماناندا، چ لە بواری تەزکیەو تەصەووفدا، چ لە بوارەکانی دیکەدا، زۆرجار شتانێک لە نێو ئەو زانستە ئیسلامییانەداو، لە نێو ئەو کەلەپوورەی مسوڵمانان دا هەیە، کە ناکۆک و نامۆیە بە قورئان و بە ڕووحی قورئان، وەک من لە کتێبی: (با لە خزمەت قورئاندا بین)دا، ڕوونکردنەوەی باشم داوە لەو بارەوە و، زۆر گرنگە ئێمە بتوانین جارێکی دیکە عەقڵی خۆمان ئازاد بکەین، دڵ و دەروون و هەناو عەقڵ و هۆشی خۆمان بژار بکەین، لە هەرچی خڵتەو خاڵ و لیتەو لاڵەو نامۆیە لەگەڵ قورئاندا، نامۆیە لەگەڵ فەرمایشتی خوای پەروەردگارداو، لەگەڵ ڕێبازو ڕاستە شەقامی پێغەمبەری خوادا ﷺ، کە وەک زۆرجار گوتوومە: هیچ گومانی تێدانیە: ڕێبازو ڕاستە شەقامی پێغەمبەریش ﷺ هەناوو هەوێن و جەوهەرەکەی هەر قورئان بووە، بۆیە ئەو جۆرە تێگەیشتنە کە گوایە: قورئان شتێکەو، ڕێبازو سوننەتی پێغەمبەر ﷺ شتێکی دیکەیە، زۆر هەڵەیە، وەک لەو بارەوە نامیلکەیەکم نووسیوە بە ناوی: (قورئان و سووننەت وەک ڕووح و جەستە تێکهەڵکێشن)، لە ڕاستییدا قورئان جیا نیە لە سوننەت و، سوننەت جیا نیە لە قورئان، چونکە قورئان لە میانی ڕێبازی پێغەمبەردا ﷺ پراکتیزە کراوەو ڕوونکراوەتەوە، ﴿ وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ ﴾النحل، سوننەتیش هەناوو هەوێنەکەی هەر بریتیە لە قورئان، کەواتە: سوننەت،

بە مانا ڕاستەقینەکەی، واتە: چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی پێغەمبەر ﷺ بۆ قورئان، چۆنیەتیی پابەندبوونی پێغەمبەر ﷺ بە قورئانەوە، لە ژیانی تاکیی و خێزانیی و کۆمەڵایەتیی و سیاسییدا.

ئەگەر بمانەوێ بە شێوەیەکی فیکریی و تیۆریی بزانین ئیسلام چییە؟ تەماشا قورئان دەکەین، بەڵام ئەگەر بمانەوێ بە شێوەیەکی کردەیی و بە بەرجەستە کراویی بزانین ئیسلام چییە؟ تەماشای ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ دەکەین، چونکە ڕێبازەکەی پێغەمبەریش ﷺ هەر قورئانی تێدا بەرجەستە کراوە[1].

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی لە ئایین و بەرنامەی خۆیدا، زیاتر شارەزامان بکات، بە هۆی وردترو قووڵتر تێگەیشتن لە قورئان و، باشتر ئاشنا بوون بە ڕێبازو ڕێ و شوێنی پێغەمبەرەوە ﷺ.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

---

(١) زۆرجار گوتوومانەو دووبارەی دەکەینەوە: ئاشکراو ڕوونە کە پێغەمبەری کۆتایی موحەممەد ﷺ، وێرای قورئان وەحیی دیکەشی بۆ نێرراوە، بەڵام هەر لە سیاقی قورئان داو، هەرگیز ڕێبازی پێغەمبەری خاتەم لە قورئان جیا نیەو، لەگەڵی تێك ناگیرێ و، هەمیشە سوننەت دەبێ بە تەرازووی قورئان هەڵسەنگێنرێ.

تەفسیری سوورەتی

الأَحْقَافِ

بەڕێـــــزان!

ئەمـڕۆ کـە (٦)ی (جـمادي الثانـــي)ی سـاڵی (١٤٤١)ی کــۆچییە، بەرانبـەر (٢٠٢٠/١/٢٩)ی زاینیـی، لـە شـاری هەولێـر خـوا پشـتیوان بێـت، دەسـت دەکەیـن بـە تەفسـیرکردنی سـووڕەتی (الأحقـاف).

پێناسەی سووڕەتی (الأحقاف) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سووڕەتە:

ئـەم سـووڕەتە لـە تێکـڕای موصحەفـەکان و، کتێبـەکانی سـوننەت و سـیرەدا، هـەر بـە (**سُوَرةُ الأَحْقَـاف**) ناوبـراوە، هەرچەنـدە ئـەم دەقـە وای لـێ دەفامرێتـەوە، کـە نـاوی (**ثَلاَثِينَ**)یـشی بـۆ بەکارهاتبـێ:

{عَنْ عَبْدِ اللَّـهِ بْـنِ مَسْعُودٍ ﵁، قَالَ: أَقْرَأَنِي رَسُولُ اللَّـهِ ﷺ سُورَةً مِنَ الثَّلَاثِينَ، مِنْ «آلِ حم» قَالَ: يَعْنِـي الْأَحْقَـافَ، قَالَ: وَكَانَـتِ السُّـورَةُ إِذَا كَانَـتْ أَكْثَرَ مِنْ ثَلَاثِينَ آيَـةً، سُـمِّيَتِ الثَّلَاثِينَ} (أخرجـه أحمـد ٣٩٨١، تعليـق شـعيب الأرنـؤوط: إسـناده حسـن).

واتـە: عەبدوڵڵای کـوڕی مەسـعوود ﵁، دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ سـووڕەتێکی لـە ئـالی حامیـم، {واتـە: لـە حـەوت سـووڕەتەکانی کـە پێیـان دەگوتـرێ: (**آلِ حـم**) یـان (**ذوات حـم**)}، بەسـەردا خوێنـدم، یـان: پـێ خوێندمـەوەو فێـری کـردم، کـە بریتیـە: لـە (**الأَحْقَـاف**)، ئـەو کاتیـش سـووڕەتێک ئەگـەر لـە سـی (٣٠) ئایـەت زیاتـر بووایـە، پێـی دەگوتـرا: (**ثَلاَثِينَ**) واتـە: سـیی، یـان سـی ئایەتیـی.

بـەڵام بێگومـان هـەر سـووڕەتێک لـە سـی ئایـەت زیاتـر بووبـێ، مەبەسـتی ئەوەیە لـە نێـوان سی و چلـدا بووبـێ، ئنجـا هـەر سـووڕەتێک وابووبـێ، نـاوی (**ثَلاَثِينَ**)ی بـۆ

بەکارهاتبێ، کەواتە: تایبەت نیە، بە سوورەتی (حـم) یان (الأَحْقَاف)ەوە، بۆیە بە ناوی ئەم سوورەتە دانانرێ.

هەروەها لەو بارەوە ئەم دەقەش هەیە: {عَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ ﷺ، قَالَ: أَقْرَأَنِي رَسُولُ اللَّهِ ﷺ سُورَةَ الْأَحْقَافِ} (أخرجه أحمد ٤٣٢٢، تعليق شعيب الأرنؤوط: صحيح، وهذا إسناد حسن).

واتە: ئیبنو مەسعوود ﷺ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ سوورەتی ئەحقافی فێرکردم و بەسەردا خوێندمەوە، یان پێی خوێندمەوە.

کەواتە: ئەم سوورەتە هەر ناوی سوورەتی (الأَحْقَاف) بووەو، هۆی ئەو ناوەشی ئاشکرایە کە بریتیە لە هاتنی وشەی (الأَحْقَاف) کە تەنیا یەکجار لە هەموو قورئاندا هاتوەو، تەنیا لەم سوورەتەشدا هاتوە، (أحقاف)یش کۆی (حِقْف)ە، واتە: کۆ لم، لمێک کە کۆدەبێتەوە سەر یەک، تەپۆلکەی لم، بە مەرجێک لە باری درێژییدا بێت و، بە شێوەیەکی درێژ کۆببووبێتەوە سەر یەک.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

بە یەکدەنگیی زانایان ئەم سوورەتە مەککەییە، واتە: بە گشتیی سوورەتێکی مەککەییە، هەرچەندە باسی هەڵاواردنی چەند ئایەتێک کراوە کە مەدینەیین، بە تایبەت ئایەتی ژمارە دە (١٠)، کە دەفەرموێ: ﴿ قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِن كَانَ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ وَكَفَرْتُم بِهِۦ وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِّنۢ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ عَلَىٰ مِثْلِهِۦ فَـَٔامَنَ وَٱسْتَكْبَرْتُمْ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٠﴾ ﴾الأحقاف.

هەروەها ئایەتی ژمارە سی و پێنج (٣٥)، ئایەتی کۆتایی ئەم سوورەتە، کە دەفەرموێ: ﴿ فَٱصْبِرْ كَمَا صَبَرَ أُو۟لُوا۟ ٱلْعَزْمِ مِنَ ٱلرُّسُلِ وَلَا تَسْتَعْجِل لَّهُمْ ۚ كَأَنَّهُمْ يَوْمَ يَرَوْنَ مَا يُوعَدُونَ لَمْ يَلْبَثُوٓا۟ إِلَّا سَاعَةً مِّن نَّهَارٍۭ ۚ بَلَٰغٌ ۚ فَهَلْ يُهْلَكُ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ﴿٣٥﴾ ﴾الأحقاف.

هەندێکیش ئایەتەکانی: (١٥ - ١٨)شیان بە مەدینەیی داناون، کە خوا دەفەرموێ: ﴿وَوَصَّيْنَا ٱلْإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيْهِ إِحْسَٰنًا حَمَلَتْهُ أُمُّهُۥ كُرْهًا وَوَضَعَتْهُ كُرْهًا وَحَمْلُهُۥ وَفِصَٰلُهُۥ ثَلَٰثُونَ شَهْرًا حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ أَشُدَّهُۥ وَبَلَغَ أَرْبَعِينَ سَنَةً قَالَ رَبِّ أَوْزِعْنِىٓ أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ ٱلَّتِىٓ أَنْعَمْتَ عَلَىَّ وَعَلَىٰ وَٰلِدَىَّ وَأَنْ أَعْمَلَ صَٰلِحًا تَرْضَىٰهُ وَأَصْلِحْ لِى فِى ذُرِّيَّتِىٓ إِنِّى تُبْتُ إِلَيْكَ وَإِنِّى مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿١٥﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ نَتَقَبَّلُ عَنْهُمْ أَحْسَنَ مَا عَمِلُوا۟ وَنَتَجَاوَزُ عَن سَيِّـَٔاتِهِمْ فِىٓ أَصْحَٰبِ ٱلْجَنَّةِ وَعْدَ ٱلصِّدْقِ ٱلَّذِى كَانُوا۟ يُوعَدُونَ ﴿١٦﴾ وَٱلَّذِى قَالَ لِوَٰلِدَيْهِ أُفٍّ لَّكُمَآ أَتَعِدَانِنِىٓ أَنْ أُخْرَجَ وَقَدْ خَلَتِ ٱلْقُرُونُ مِن قَبْلِى وَهُمَا يَسْتَغِيثَانِ ٱللَّهَ وَيْلَكَ ءَامِنْ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ فَيَقُولُ مَا هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿١٧﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ حَقَّ عَلَيْهِمُ ٱلْقَوْلُ فِىٓ أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِم مِّنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ خَٰسِرِينَ ﴿١٨﴾﴾ الأحقاف.

بەڵام تەنیا ئایەتی ژمارە (١٠) وەک دوایی باسی دەکەین، ڕیوایەتی هۆی هاتنە خوارەوەکەی متمانەی پێ دەکرێ و سەنەدەکەی ڕاستە، وەک لە سەرچاوەکاندا هاتووە، کەواتە: ئەم سوورەتە بە گشتیی سوورەتێکی مەککەییە، بەڵام ئایەتی ژمارە (١٠)، وا پێدەچێ کە لە مەدینەدا دابەزیبێ و، دوایی خرابێتە ئەو شوێنەی ئێستا خراوەتێی، بەس ئەم سوورەتەش وانیە، سوورەتی دیکەش هەیە لە مەککە دابەزیوە، دوایی ئایەتێک لە مەدینە دابەزیوەو خراوەتە نێوی.

سێیەم: ڕیزبەندیی لە دابەزین و لە موصحەفدا:

ڕیزبەندیی لە دابەزیندا، ژمارە شەست و پێنج (٦٥)ە، لە موصحەفیشدا ژمارە چل و شەش (٤٦)ە، ئەم سوورەتە لە دوای سوورەتی **(الجاثية)**یەو، پێش **(الذاريات)** هاتووەو، بە مەزندە کە ئەوە ڕای خۆمە، لە ساڵانی نێوان حەوت (٧) تاکو دە (١٠)ی پێغەمبەرایەتیی دا دابەزیوە، واتە: سێ ساڵ پێش ئەوەی مسوڵمانان و پێغەمبەر ﷺ کۆچ بکەن بۆ شاری **(يثرب)**و ناوەکەی بگۆڕدرێ بۆ مەدینە، یان شاری پێغەمبەر **(مَدِينَة الرَّسُول)**.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

لـە لای زۆربـەی خەڵکـی شـارەکان، وەک (**محمـد الطاهـر بـن عاشـور**)و زانایـانی دیکـەش گوتوویانـە: ژمـارەی ئایەتـەکانی سی و چـوار (٣٤)ە، بـەڵام لـە لای خەڵکـی کووفـە ژمارەیـان سـی و پێنـج (٣٥)و، زیاتـر ژمـارەی (٣٥) تەبەننیـی کـراوە، لـەو موصحەفانـەی لەبـەر دەسـتی ئێمـەدا هـەن، ڕاجیاییەکـەش بەهـۆی (**حم**)وەیـە، کـە ئایـا ئایەتێکـی سـەربەخۆیە، کـە ئـەو کاتـە ژمـارەی ئایەتـەکان دەبێتـە (٣٥)، یاخـود بەشـێکە لـە ئایەتێـک: ﴿حمٓ تَنزِيلُ ٱلۡكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَكِيمِ ﴿٢﴾﴾، هەمـووی بەسـەریەکەوە ئایەتێـک بـێ، ئـەو کاتـە ژمارەکـەی دەبێتـە (٣٤)، بـۆ سـوورەتی (**الجاثيـة**)ش هەروابـوو، لـە حیسـاب کـردن و نەکـردنی (حـم) لـە ڕیـزی ئایەتـەکان دا.

پێنجەم: نێوەرۆکی ئەم سوورەتە:

واتـە: هێڵـە گشـتییەکانی و چوارچێوەکـەی و نێوەڕۆکەکـەی، هەمـان نێوەڕۆکـی قورئـانی مەککەییـە، بـە هەرسـێک تـەوەری سـەرەکیی: ١- خـوا بەیەکگرتـن و، ٢- وەحیی و پێغەمبەرایەتیی و قورئان و، ٣- ڕۆژی دوایی و سزاو پاداشتی خواو، دۆزەخ و بەهەشـتەوە، لـەم سـوورەتە موبارەکـەدا پانتاییەکـی زۆر بـۆ بـاسی پووچاندنـەوەی شـیرک و، بـاسی قورئـان و پێغەمبەرایەتیـی و، بـاسی قیامـەت تەرخانکـراوەو، ئاماژەیەکـی باشـییش بـە بەسـەرهاتی هـوودو گـەلی عـاد کـراوە، جارێـک نـاوی (**بَنـو إِسۡرَٰٓءِيـل**) هاتـوەو، دوو جاریـش نـاوی مووسـا هاتـوە، جگـە لـە سـوورەتی (**الجـن**) یـش، کـە خـوا پشـتیوان بـێ دوایـی پێـی دەگەیـن، تەنیـا لـەم سـوورەتەدا ئەوەنـدە بـە درێژیـی باسـی (**جـن**) کـراوە، چـوار ئایـەت بـۆ باسـی (**جـن**) لـەم سـوورەتە موبارەکـەدا تەرخانکـراون.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

حەوت تایبەتمەندیی ئەم سوورەتەمان هێناون:

تایبەتمەندیی یەکەم: ئەم سوورەتە سوورەتی حەوتەم و کۆتاییە، لە (**حَوامِیم**)، یان (**آلِ حم**)، واتە: کۆتا سوورەتە لەو حەوت سوورەتەی پێشتر باسمانکردن و، بە سوورەتی (**غَافِر**) دەست پێدەکەن و بەم سوورەتە کۆتاییان دێ: (**غَافِر، فُصِّلَت، الشُّورى، الزُّخْرف، الدُّخَان، الجَاثِيَة، الأَحْقَاف**).

تایبەتمەندیی دووەم: تەنیا لەم سوورەتەدا، باسی شایەدیدانی شایەدێک لە (**بَنُو إِسْرَائِيل**) کراوە: ﴿ قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِن كَانَ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ وَكَفَرْتُم بِهِۦ وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِّنۢ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ عَلَىٰ مِثْلِهِۦ فَـَٔامَنَ وَٱسْتَكْبَرْتُمْ ﴿١٠﴾ ﴾، هەڵبەتە لە زۆر شوێنی دیکە لە قورئاندا باسی (**بَنُو إِسْرَائِيل**) کراوە، بەڵام بەم تەعبیرە تەنیا لێرەدا هاتووە، کە وەک دوایی باس دەکەین، ئەم ئایەتە موبارەکە، هۆی هاتنە خوارەوەیەکی زۆر گەورەو گرنگ و ماناداری هەیەو، بە سەنەدێکی ڕاست (**صحيح**) لە سەرچاوە متمانە پێکراوەکاندا هاتووە.

تایبەتمەندیی سێیەم: تەنیا لەم سوورەتەدا، بەراورد لە نێوان بابایەکی بڕواداری چاکەکار لەگەڵ باب و دایکی داو، بابایەکی بێبڕواو خراپەکار لەگەڵ باب و دایکیدا کراوە، ئایەتەکانی: (١٥ - ١٩) بۆ ئەوە تەرخانکراون.

تایبەتمەندیی چوارەم: تەنیا لەم سوورەتەدا سەرزەمین و شوێنی گەلی عاد بە (**الأَحْقَاف**) ناوبراوە، لە ئایەتی ژمارە (٢١)داو، تەنیا یەکجار وشەی (**الأَحْقَاف**) لە هەموو قورئاندا هاتووە، ئەویش لەم سوورەتەداو، وەک ناو بۆ ئەو شوێنە جوگرافییەی گەلی عاد، کە پێغەمبەرەکەیان هوود ﷺ بووە، تێیدا ژیاون.

تایبەتمەندیی پێنجەم: تەنیا لەم سوورەتەدا باسی ناردنی خوا بۆ کۆمەڵێک لە جند بۆ لای پێغەمبەرو ﷺ گوێگرتنیان لە قورئان کراوە، لە ئایەتەکانی: (٢٩ - ٣٢)داو، شایانی باسە: ئەو کۆمەڵە جندە وا باسکراون، کە وێڕای شارەزایی

پێشتر بـە کتێـب و بەرنامـەکانی خـوا، چەمکـەکانی خواناسـیی و دینداریيشـیان زۆر بـاش زانیـون و، زۆریـش بـە ئـەدەب بـوون لـە خزمـەت پێغەمبـەر ﷺ و قورئانـداو، زۆریـش هەسـتییان بـە بەرپرسـیاریەتیی کـردوە، چونکـە یەکسـەر کـە قورئانیـان وەرگرتـوە، گەڕاونـەوە بـۆ لای خەڵکەکەیـان و، دەسـتیانکردوە بـە بانگەوازکردنیـان بـۆ لای خـواو بـۆ لای ئیسـلام.

تایبەتمەندیـی شەشـەم: تەنیـا لـەم سـوورەتەدا تەعبیـری: ﴿ فَٱصۡبِرۡ كَمَا صَبَرَ أُوْلُواْ ٱلۡعَزۡمِ مِنَ ٱلرُّسُلِ ٣٥ ﴾، هاتـوە، کـە زۆربـەی هـەرە زۆری توێـژەرەوانی قورئـان بـە جۆرێـک واتایـان کـردوە کـە مەبەسـت لـە: ﴿ أُوْلُواْ ٱلۡعَزۡمِ مِنَ ٱلرُّسُلِ ﴾، چەنـد پێغەمبەرێکـی دیاریکـراون، بـە تایبـەتی: نـووح و ئیبراهیـم و مووسـا و عیسـا (**عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام**)، کـە بـە پێغەمبـەری خاتەمـەوە ﷺ موحەممـەد دەبنـە پێنـج، بـەڵام مـن ڕایەکـی دیکـەم هەیـە، کـە لـە کاتی تەفسـیرکردنی ئایەتەکـەدا دەیخەمـە ڕوو.

تایبەتمەندیـی حەوتـەم و کۆتایـی: چەنـد تەعبیـرو وشـەیەک تەنیا لەم سـوورەتەدا هاتوون:

١)- لە ئایەتی ژمارە چوار (٤)دا: ﴿ أَوۡ أَثَٰرَةٖ مِّنۡ عِلۡمٍ ﴾، واتە: پاشماوەیەک لە زانیاریی.

٢)- لە ئایەتی ژمارە نۆ (٩)دا: ﴿ قُلۡ مَا كُنتُ بِدۡعٗا مِّنَ ٱلرُّسُلِ ﴾، واتە: من داهێنراوێک نیم، پەیداکراوێک نیم، یاخود: تازە بابەتێک نیم لە پێغەمبەران کە پێشینەم نەبووبێ.

٣)- لە ئایەتی ژمارە نۆ (٩)دا: ﴿ وَمَآ أَدۡرِي مَا يُفۡعَلُ بِي وَلَا بِكُمۡ ٩ ﴾، واتە: نازانم من و ئێوەش چیمان پێ دەکرێ، چیمان لێ دەکرێ، واتە: لە ڕووی سەرەنجامی ژیانی دنیاییەوە، ئەگەرنا سەرەنجامی قیامەتیی لەلا ڕوون بووە، کە خۆی و شوێنکەوتوانی بەهەشتیین و، نەیارو ناحەزەکانیشی ئەهلی سزان.

٤)- لە ئایەتی ژمارە یازدە (١١)دا: ﴿ إِفۡكٞ قَدِيمٞ ١١ ﴾، تەنیا لێرەدا هاتوە، (**إفْك**) واتە: هەڵگێڕدراوە، بەڵام لێرەدا مەبەست پێی: درۆیە، (**قديم**)یش واتە: لە مێژینە، کات بەسەرداچوو، دێرین.

٥)- لە ئایەتی ژمارە دوازدە (١٢)دا: ﴿إِمَامًا وَرَحْمَةً ﴿١٢﴾﴾، واتە: پێشەواو بەزەیی، دیارە ئەم دوو وشەیە بە جیا لە قورئاندا زۆر هاتوون، بەڵام پێکەوە تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوون.

٦)- لە ئایەتی ژمارە بیست و یەک (٢١)دا: ﴿بِٱلْأَحْقَافِ ﴿٢١﴾﴾، واتە: تەپکۆلکە لماوییەکان، کە وەک گوتمان: سوورەتەکەش بەو ناوە ناونراوە .

٧)- لە ئایەتی ژمارە بیست و هەشت (٢٨)دا: ﴿قُرْبَانًا ءَالِهَةً ﴿٢٨﴾﴾، واتە: پەرستراوانی هۆکاری نیزیککەوتنەوە، چونکە (قُرْبَان) واتە: (مَا يُتَقَرَّبُ بِهِ) ئەوەی کە پێی نزیک دەبنەوە لە خوا، (آلِـهة)ش کۆی (إله)ە، واتە: پەرستراوەکان.

٨)- لە ئایەتی ژمارە بیست و نۆ (٢٩)دا: ﴿صَرَفْنَآ إِلَيْكَ نَفَرًا مِّنَ ٱلْجِنِّ ﴿٢٩﴾﴾، واتە: کۆمەڵێک، یان کەسانێکمان لە جند ناردن بۆ لای تۆ، بۆ گوێبیست بوونی قورئان.

٩)- لە ئایەتی ژمارە سی و پێنج (٣٥)دا: ﴿أُوْلُواْ ٱلْعَزْمِ مِنَ ٱلرُّسُلِ ﴿٣٥﴾﴾، واتە: خاوەن عەزیمەتەکان لە پێغەمبەران.

١٠)- هەر لە ئایەتی ژمارە سی و پێنج (٣٥)دا، وشەی: ﴿بَلَٰغٌ ﴿٣٥﴾﴾، کە بەم ڕێژگە (**صیغة**)یە، تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوە، ئەگەرنا بە شێوەی دیکە زۆر هاتوە: ﴿وَمَا عَلَى ٱلرَّسُولِ إِلَّا ٱلْبَلَٰغُ ٱلْمُبِينُ ﴿١٨﴾﴾**العنكبوت**، بەڵام وشەی (بَلَاغ) بەبێ ئەلیف و لام، تەنیا لەم سوورەتە موبارەکەدا هاتوە.

حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان بۆ چەند دەرسێك:

دەرسی یەکەم: ئایەتەکانی: (١ - ١٤)، واتە: چواردە (١٤) ئایەتی سەرەتای ئەم سوورەتە موبارەکەمان کردوون بە دەرسێک، کە باسی قورئان و بە هەق دروستکرانی گەردوون، پووچەڵکردنەوەی شیرک و، ڕەواندنەوەی تەم و مژو ئیشکال لە دەوری پێغەمبەرایەتیی (**محمد** ﷺ)و، باسی هەڵوێستی نالۆژیکییانەو

ناماقووڵانەی کافرەکان و، پێناسەی بڕواداران و، سەرەنجامی خێریان لەم چواردە ئایەتەدا کراون.

دەرسی دووەم: ئایەتەکانی: (١٥ - ٢٠)، واتە: شەش (٦) ئایەت، باسی بەراوردکردنی نێوان دوو کەسی دژ بە یەک کراوە، بڕوادارێکی بەڕێزو چاکەکار لەگەڵ باب و دایکیداو، بێبڕوایەکی بەدڕەفتار لەگەڵ باب و دایکیداو، سەرەنجامی شایستەی هەر کامیان، بەهەشت و ڕەزامەندیی خوا بۆ بڕوادارانی چاکەکارو بەڕێز لەگەڵ باب و دایکیان داو، سزای ڕیسواکەرو سەختی بێبڕوایانی خراپەکارو بێ ڕێز لەگەڵ باب و دایکیان داو، خۆشگوزەران لە دنیادا.

دەرسی سێیەم: ئایەتەکانی: (٢١ - ٢٨)، واتە: هەشت (٨) ئایەت، باسی بەسەرهاتی هوود ﷺ و گەلەکەی گەلی عاد کراوە، کە بانگی کردوون بۆ یەکتا پەرستیی و، ئەوانیش ڕەفزیان کردوە، سەرەنجام بایەکی زۆر بەهێز کە ئەوان بە هەوری تێگەیشتوون، خوا ناردوویەتە سەریان و، بە هۆیەوە فەوتاون، ئاماژەیەکیش بە ئاوەدانییە فەوتاوەکانی دیکەی، دەوروبەری کۆمەڵگای پێغەمبەر ﷺ کراوە، کە پەرستراوەکانیان هیچ دادیان نەداون، لە کاتێکدا کە سزاو بەڵای خوایان بۆ هاتوە.

دەرسی چوارەم: ئایەتەکانی: (٢٩ - ٣٥) واتە: حەوت (٧) ئایەت، کە لەو حەوت ئایەتەدا، چواریان ئایەتەکانی: (٢٩ - ٣٢)، ناردنی خوا بۆ کۆمەڵێک جنند باسکراوە، کە گوێ لەو قوڕئانە بگرن کە موحەممەد ﷺ خوێندوویەتی، پاشان گەڕانەوەیان بۆ لای گەلەکەیان و هۆشداریی پێدانیان و، بانگەوازکردنیان بۆ لای خوا، لە ئایەتەکانی: (٣٣ - ٣٥)یش دا، سێ بابەت باسکراون:

أ- ئیسپاتی زیندووکرانەوە، بە بەڵگەیەکی لۆژیکیی زۆر بەهێز.

ب- دیمەنی دانپێداهێنانی کافرەکان لە قیامەتدا.

ج- فەرمانکردنی خوا بە پێغەمبەر ﷺ کە وەک پێغەمبەرانی خاوەن عەزیمەت و خۆڕاگرو پشوو درێژ بێ و، دامەزراوو نەلەخشاوبێ و، پەلەش نەکات لە هاتنی سزای هەڕەشە پێ لێکراویی بێبڕوایان و، دڵنیاش بێ، کە ئەگەر لەسەر ئەو بێبڕوایی و خراپەکارییەی خۆیان بەردەوام بن، سەرەنجام سزای خوا ﷻ هەر یەخەیان دەگرێ.

دەرسی یەکەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان چـوارده (١٤) ئایـەتی سـەرەتای سـوورەتی (**الأحقـاف**) دەگرێتـەوە، ئایەتـەکانی: (١ - ١٤)، ئـەم چـوارده ئایەتـە کۆمەڵێـک بابـەتی جـۆراو جـۆر، بـەڵام پێکـەوە پەیوەسـت و تێکهەڵکێشـیان تێـدا خراونـەڕوو، کـە حـەوت بابەتـن:

١)- دابەزاندنی قورئان، ئەو زاتەی سەرچاوەی دابەزاندنی قورئانە، خوای باڵا دەستی کارزانە، لە ئایەتەکانی: (١ - ٢)دا.

٢)- حیکمەتی دروستکرانی گەردوون، لە ئایەتی: (٣)دا.

٣)- خستنەڕووی پووچەڵیی شیرک، لە ئایەتەکانی: (٤ - ٦)دا.

٤)- هەڵوێستی نەرێنییانەی کافرەکان بەرانبەر بە قورئان، لە هەردوو ئایەتی: (٧ - ٨)دا.

٥)- ڕوونکردنەوەی پێغەمبەری خاتەم ﷺ بۆ بەرنامەکەی و، بۆ هەڵوێستی خۆی، لە دوو ئایەتی: (٩ - ١٠)دا.

٦)- هەڵوێستی بێ بەڵگەو پاساوی کافرەکان لە بەرانبەر قورئان و ئیسلام و پێغەمبەردا ﷺ، کە هیچ بەڵگەیەکیان بەدەستەوە نیەو، هیچ پاساوێکی ماقووڵ و لۆژیکییان نیە، کە قورئان و ئیسلام و پێغەمبەر ﷺ ڕەفز دەکەن، لە دوو ئایەتی: (١١ - ١٢)دا.

٧)- وەسفی بڕوادارانی کردار باش و سەرەنجامی خێریان، لە دوو ئایەتی: (١٣ - ١٤)دا.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ حمٓ (١) تَنزِيلُ ٱلۡكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَكِيمِ (٢) مَا خَلَقۡنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَمَا
بَيۡنَهُمَآ إِلَّا بِٱلۡحَقِّ وَأَجَلٖ مُّسَمّٗىۚ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ عَمَّآ أُنذِرُواْ مُعۡرِضُونَ (٣) قُلۡ أَرَءَيۡتُم مَّا تَدۡعُونَ
مِن دُونِ ٱللَّهِ أَرُونِي مَاذَا خَلَقُواْ مِنَ ٱلۡأَرۡضِ أَمۡ لَهُمۡ شِرۡكٞ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِۖ ٱئۡتُونِي بِكِتَٰبٖ مِّن قَبۡلِ
هَٰذَآ أَوۡ أَثَٰرَةٖ مِّنۡ عِلۡمٍ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ (٤) وَمَنۡ أَضَلُّ مِمَّن يَدۡعُواْ مِن دُونِ
ٱللَّهِ مَن لَّا يَسۡتَجِيبُ لَهُۥٓ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَهُمۡ عَن دُعَآئِهِمۡ غَٰفِلُونَ (٥) وَإِذَا حُشِرَ ٱلنَّاسُ كَانُواْ
لَهُمۡ أَعۡدَآءٗ وَكَانُواْ بِعِبَادَتِهِمۡ كَٰفِرِينَ (٦) وَإِذَا تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٖ قَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لِلۡحَقِّ لَمَّا
جَآءَهُمۡ هَٰذَا سِحۡرٞ مُّبِينٌ (٧) أَمۡ يَقُولُونَ ٱفۡتَرَىٰهُۖ قُلۡ إِنِ ٱفۡتَرَيۡتُهُۥ فَلَا تَمۡلِكُونَ لِي مِنَ ٱللَّهِ شَيۡـًٔاۖ هُوَ
أَعۡلَمُ بِمَا تُفِيضُونَ فِيهِۚ كَفَىٰ بِهِۦ شَهِيدَۢا بَيۡنِي وَبَيۡنَكُمۡۖ وَهُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ (٨) قُلۡ مَا كُنتُ بِدۡعٗا
مِّنَ ٱلرُّسُلِ وَمَآ أَدۡرِي مَا يُفۡعَلُ بِي وَلَا بِكُمۡۖ إِنۡ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَيَّ وَمَآ أَنَا۠ إِلَّا نَذِيرٞ مُّبِينٞ (٩)
قُلۡ أَرَءَيۡتُمۡ إِن كَانَ مِنۡ عِندِ ٱللَّهِ وَكَفَرۡتُم بِهِۦ وَشَهِدَ شَاهِدٞ مِّنۢ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ عَلَىٰ مِثۡلِهِۦ فَـَٔامَنَ
وَٱسۡتَكۡبَرۡتُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ (١٠) وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَوۡ كَانَ
خَيۡرٗا مَّا سَبَقُونَآ إِلَيۡهِۚ وَإِذۡ لَمۡ يَهۡتَدُواْ بِهِۦ فَسَيَقُولُونَ هَٰذَآ إِفۡكٞ قَدِيمٞ (١١) وَمِن قَبۡلِهِۦ
كِتَٰبُ مُوسَىٰٓ إِمَامٗا وَرَحۡمَةٗۚ وَهَٰذَا كِتَٰبٞ مُّصَدِّقٞ لِّسَانًا عَرَبِيّٗا لِّيُنذِرَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ
وَبُشۡرَىٰ لِلۡمُحۡسِنِينَ (١٢) إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسۡتَقَٰمُواْ فَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ
يَحۡزَنُونَ (١٣) أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِ خَٰلِدِينَ فِيهَا جَزَآءَۢ بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ (١٤) ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{«بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە»، حا میم (١) دابەزاندنی ئەم کتێبە لە لایەن خوای باڵادەستی کارزانەوەیە (٢) ئاسمانەکان و زەوی ئەوەی نێوانیانمان تەنیا بە هەق و حیکمەت و بۆ کاتێکی ناوبراو (دیارییکراو) هێناونە دی، لە حاڵێکدا ئەوانەی بێبڕوان لەوەی لێی ترسێنراون (و لە بارەیەوە وریاکراونەوە) لامل و پشت هەڵکردوون (٣) (ئەی موحەممەد! ﷺ) بڵێ: (ئەی هاوبەشدانەرەکان!)، ئایا ئەوانەتان دیوە کە جگە لە خوا لێیان دەپاڕێنەوە، پێشانم بدەن چییان لە زەویدا دروستکردوە، یان ئایا لە (دروستکردنی) ئاسماناندا بەشدارن؟! ئەگەر لە ڕاستانن (بۆ ئیسپاتی قسەکەتان) کتێبێکم پێش ئەم (قورئان)ە، بۆ بێنن، یان پاشماوەیەک لە زانیاریی (بەرهەمی عەقڵ) (٤) هەروەها (وێڕای ئەوەش) کێ لەو کەسە گومڕاترە، کە جگە لە خوا لە کەسێک (و لە شتێک) دەپاڕێتەوە، کە هەتا ڕۆژی قیامەت وەڵامی ناداتەوەو (بگرە) ئەوان (پەرستراوەکان) لە پاڕانەوەو بانگکردنەکەشیان بێ ئاگان؟! (٥) کاتێکیش خەڵک کۆکرانەوە (لە قیامەتدا) ئەو (پەرستراو)انە، لێیان دەبنە دوژمن و، بە پەرستنەکەشیان بێبڕوادەبن (و نکووڵیی لێدەکەن!) (٦) کاتێکیش ئایەتە ڕۆشنەکانمانیان بەسەردا بخوێنرێنەوە، ئەو کەسانەی بێبڕوان بە (قورئانی ڕاست و) هەق، هەر لەگەڵ بۆیان هات، دەڵێن: ئەمە جادوویەکی ئاشکرایە! (٧) یان ئایا دەڵێن: (موحەممەد ﷺ بە ناوی خواوە) هەڵیبەستوە؟ بڵێ: ئەگەر (گریمان) هەڵمبەستبێ، ئێوە لە بەرانبەر (سزای) خوادا هیچ شتێکتان بۆ من (بەدەست نیەو) لە دەست نایەت، ئەو زاناترە بەو (قسەو تۆمەت)ەی، تێیدەڕژێن (و بەنێوی دەکەون) ئەو بەسە لە نێوان من و ئێوەدا شایەد بێ (کە من ڕاستگۆم) و، هەر ئەویش لێبووردەی میهرەبانە (٨) بڵێ: من داهێنراو (و بێ پێشینە) نیم لە پێغەمبەران و ناشزانم

(لە ژیانی دنیادا) چی بە من و ئێوەش دەکرێ، تەنیا شوێن ئەوە دەکەوم کە بۆم سروش دەکرێ و، من بەس ترسێنەرو وریاکەرەوەیەکی ئاشکراو ڕوونکەرەوەم (٩) بڵێ: ئایا (بە چاوی عەقڵ و دڵ) بینیوتانە! ئەگەر (ئەم قورئانە) لە لایەن خواوە بێ و، ئێوەش پێی بێبڕوابن و، شایەدێکیش لە (گەلی جوولەکە) وەچەی ئیسرائیل شایەدیی لەسەر (ڕاستیی) وێنەی ویدا، ئنجا بڕوای هێناو ئێوەش خۆتان بەزلگرت (لە ئاستی داو بڕواتان پێی نەهێنا)، ئایا کێ لە ئێوە گومڕاترە؟ بە دڵنیایی خوا کۆمەڵی ستەمکاران ڕاستە ڕێ ناکات (١٠) ئەوانەی بێبڕواشن بەوانەیان گوت کە بڕوایان هێناوە: ئەگەر (قورئان) چاک (و هەق) بووایە (لە بڕوا پێهێنانیدا) ئەوانە پێشمان نەدەکەوتنەوە، ئنجا چونکە بەهۆیەوە ڕێی ڕاستگرتوو نەبوون (لێی بەهرەمەند نەبوون) دەڵێن: ئەوە درۆیەکی دێرینە! (١١) (لە حاڵێکدا) لە پێش ویشدا کتێبەکەی مووسا ﷺ (تەورات) پێشەواو بەزەیی (خوا) بوو، ئەم (قورئان)ەش، کتێبێکی بەڕاستدانەر(ی کتێبەکانی پێشوویەو)، بە زمانێکی ڕۆشنە، (نێردراوە) تاکو ئەوانەی ستەمیان کردوە، بترسێنێ و هۆشیار بکاتەوەو، موژدەشە بۆ چاکەکاران (١٢) بە دڵنیایی ئەوانەی گوتیان: پەروەردگارمان خوایە، ئنجا ڕاوەستاوو دامەزراویش بوون، هیچ ترسیان لەسەر نییەو خەمباریش نابن (١٣) ئەوانە هاوەڵانی بەهەشتن تێیدا هەرماو دەبن (ئەوەش) پاداشتی ئەوەیە کە دەیانکرد (١٤)}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(أَثَٰرَةٖ مِّنۡ عِلۡمٍ): (أَثَـرُ الـشَّيءِ: حُصُـولُ مَـا يَـدُلُّ عَـلَى وُجُـودِهِ، أَثَـرٌ وَإِثَـرٌ، وَالجَمْـعُ آثَـار، يُقَـالُ: سَـمَنَتْ الإِبِـلَ عَـلَى أَثَـارَةٍ، أَي: عَـلَى أَثَـرٍ مِـنْ شَـحْمٍ، وَأَثَـارَةٌ مِـنْ عِلْـم، وَقُـرِئَ أَثَـرَةٌ، مَـا يُـرْوَى أَو يُكْتَـبُ فَيَبْقَـى لَـهُ أَثَـرٌ)، کـە خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: (أَثَـارَةٍ مِـنْ عِلْـمٍ)، (أَثَـرُ الـشَّيءِ) پەیدابـوونی شـوێنەوارێکە بەڵگـە بـێ لەسـەر بـوونی ئـەو شـتە، {شـوێن پـێ بەڵگەیـە لەسـەر ڕۆیشـتنی پێـڕۆو، دروسـتکراو بەڵگەیـە لەسـەر بەدیهێنـەر}، کـۆی (أَثَـرْ) بریتیـە لـە (آثَـار)، عـەرەب دەڵێـن: (سَـمَنَتْ الإِبِـلَ عَـلَى أَثَـارَةٍ) واتـە: حوشترەکەم قەڵـەو کـرد لەسـەر پاشـماوەیەک لـە چەوریـی و پیـو، (وَأَثَـارَةٌ مِـنْ عِلْـمٍ) بـە (أَثَـرَةٍ)ش خوێندراوەتـەوە، بریتیـە لـەو ئەنـدازە زانسـتەی کـە دەگێردرێتـەوە، یاخـود دەنـووسرێ و شـوێنەوارەکەی دەمێنێتـەوە، کەواتـە: (وَأَثَـارَةٍ مِـنْ عِلْـمٍ) واتـە: زانیارییـەک، پاشـماوەیەکی زانیاریـی لـەوەی عەقـڵ بەرهەمـی هێنـاوە.

(أَفۡتَرَىٰهُ): (الفَـرِيُ: قَطْـعُ الجِلْـدِ لِلخَـرْزِ وَالإِصْـلَاحِ، وَالإِفْـتِرَاءُ: الكَـذِبُ، وَالظُّلْـمُ، وَالـشِّرْكُ)، وشـەی (إِفْـتَرَى) لـە (فَرِي)یـەوە هاتـوە، (فَـرِي): بریتیـە لـە بڕینـی چـەرم بـۆ پینەکـردن {کاتی خـۆی پێڵاویـان بـە چـەرم پینـە کـردووە، بـۆ چاککـردن و، جـاری وایـە پێسـتەکەیان، چەرمەکەیـان بڕیـوە بـۆ ئـەوەی شـتێکی لـێ دروسـت بکـەن}، بـەڵام دوایـی وشـەی (إِفْـتَرَى) لـە قورئانـدا بەکارهێـنراوە بـۆ درۆو، سـتەم، هەروەهـا بـۆ هاوبەش بـۆ خوادانـان.

(تُفِيضُونَ فِيهِ): واتـە: دەڕژێنـە نێـوی، وەنێـوی دەکـەون، دەگوتـرێ: (فَـاضَ المَـاءُ: سَـالَ مُنْصَبًّا وَأَفَـاضَ إِنَـاءَهُ: مَـلَأَهُ حَتَّـى أَسَـالَهُ، وَالإِفَاضَـةُ: الإِنْدِفَـاعُ فِي شَيءٍ)، (فَـاضَ المَـاءُ) واتـە: ئاوەکـە هەڵـڕژا، (أَفَـاضَ إِنَـاءَهُ) واتـە: قاپەکـەی پڕکـرد، تاکـو لێـی ڕژا، (إِفَاضَـة): بریتیـە لـە ڕژانـە نێـو شـتێک بـە گـوڕم بچیـە نێـوی، کـە دەفەرمـوێ: (تُفِيْضُـون فِيْـهِ) واتـە: ئـەو قسـانەی دەچنـە نێویـان، وەک چوونە نێـو باتـڵاغ (تَخُوضُـون) و (يَخُوضُـون)،

(خَاضَ، يَخُوضُ) واتە: چووە نێو باتڵاغێکەوە، یان چووە نێو ئاوێکەوە، هەروەک (فَاضَ المَاءُ يَفِيضُ) واتە: ئاوەکە ڕژا، دەڕژێ، بەڵام (أَفَاضَهُ) واتە: ڕژاندیی و پڕی کرد، تاکو لێی ڕژا، لێرەدا مەبەست پێی چوونە نێو ئەو قسەو باسانەیە کە ڕاست نین، وەک چۆن کەسێک دەچێتە نێو باتڵاغێکەوە.

(بِدْعًا): واتە: شتێکی تازەو بێ پێشینە، (الإِبْدَاعُ: إِنْشَاءُ صُنْعَةٍ بِلَا احْتِذَاءٍ وَاقْتِدَاءٍ، يُقَالُ: رَكِيَّةٌ بَدِيعٌ: جَدِيدَةُ الحَفْرِ)، (إِبْدَاع): بریتیە لە دروستکردنی شتێک بەبێ چاولێکردن و، بەبێ پێشینە هەبوون، لە نوێ دروست بکرێ، بە کوردیی داهێنانی پێ دەڵێن، دەگوترێ: (رَكِيَّةٌ بَدِيعٌ)، (رَكِيَّة) بیر، بیرێک کە تازە هەڵقەنرابێ و پێشینەی نەبووبێ، نەک بیرێک کۆن بووبێ و پاککرابێتەوە، (بِدْعَاً مِنَ الرُّسُلِ: مُبْدَعَاً لَمْ يَتَقَدَّمْهُ رَسُولٌ)، واتە: تازە پەیدابوویەک هیچ پێغەمبەری پێش نەکەوتبێ، یاخود (مُبْدِعَاً فِيمَا أَقُولُه)، داهێنەربم لەوەدا کە دەیڵێم، واتە: داهێنەربم لەوەدا کە هاتووم، یان داهێنەربم لەوەدا کە دەیڵێم و پێش من کەس وای نەکردبێ لە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام).

(إِفْكٌ): (الإِفْكُ: كُلُّ مَصْرُوفٍ عَنْ وَجْهِهِ الَّذِي يَحِقُّ أَنْ يَكُونَ عَلَيْهِ وَيُسْتَعَارُ لِلْكَذِبِ)، (إِفْك): بریتیە لە هەر شتێک لەو ڕووەی کە پێویستە لەسەری بێ، لێی لابدرێ، دەشخوازرێتەوە بۆ درۆ، ئەگەرنا ئەسڵی وشەی (إِفْك) بە مانای هەڵگێڕانەوەو سەرەو بن کردن دێ، بۆیە ئاوەدانییەکانی گەلی لووط ناویان لێنراوە (المُؤْتَفِكَات)، واتە: هەڵگێڕدراوەکان.

(قَدِيمٌ): واتە: دێرین، کات بەسەرداچوو، (أَكْثَرُ مَا يُسْتَعْمَلُ القَدِيمُ بِاعْتِبَارِ الزَّمَانِ، وَلَمْ يَرِدْ فِي القُرآنِ وَالسُّنَّةِ «قَدِيم»، كَصِفَةٍ لِلهِ، وَالمُتَكَلِّمُون يَصِفُونَهُ بِهِ وَيَسْتَعْمِلُونَهُ)، وشەی (قَدِيم) بە زۆریی لە ڕووی کاتەوە، کە کاتی بەسەرداچووە، بە کوردیی دەڵێین: «دێرین، یان کۆن، یان لە مێژینە»، بەڵام نە لە قورئان، نە لە سوننەتدا وشەی (قَدِيم)، وەک سیفەتێک بۆ خوا بەکارنەهاتووە، بەڵام

زانایانی بـواری ئیمان و عەقیـدە [کـە (مُتَكَلِّمُون)یـان پـێ گوتـراوە]، خوایـان ﷻ بـەو سـیفەتە وەسـفکردوە.

دەڵێـم: هەروەهـا وشـەی (صَانِع)یشـیان، بـۆ خـوا ﷻ بەکارهێنـاوە، کـە لـە قورئـان و سـوننەتدا نەهاتـوە، زانایـان وشـەی دیکەشـیان بەکارهێنـاون، هـەم پسـپۆڕانی عەقیـدە (مُتَكَلِمُون)، هـەم: پسـپۆڕانی تەزکیـەو تەصـەووف (أَهْلِ التَّصَوّف)، هەنـدێ وشـەو تەعبیـر بەکاردەهێنـن بـۆ تێگەیانـدنی خەڵـک کـە لـە قورئـان و سـوننەتدا نەهاتـوون، لـەو بـارەوەش لـە نێـوان زانایانـدا مشـت و مـڕ هەیـە، بـەڵام مـن وای تێدەگـەم سـەلامەتتر وایـە، هـەر وشـەیەک خـوا ﷻ وەک نـاو یـان سیفەت بـۆ خـۆی بـە کاری نەهێنـا بـێ، ئێمـە بـەکاری نەهێنیـن، مەگـەر پێویسـت بـکات، جـاری وایـە سـیفەتێکی خـوا ﷻ یـان ناوێکـی خـوا شی دەکەیـەوەو مانایەکـەی ڕۆشـن دەکەیـەوە، دەگونجـێ بڵێـی: ماناکـەی ئاوایـە، بـەڵام کـە ئـەو وشـەیە، بـۆ خـوا ﷻ بەکاربهێنـرێ، پێـم شـتێکی بـاش نیـە، چونکـە بـۆ وێنـە: وشـەی (قَدِيـم) ئەوەیـە کـە کاتی بەسـەردا تێپـەڕی بـێ، بـەڵام سـەرەتای هەبـێ، بـەڵام خـوا بـێ سـەرەتایە، یـان وشـەی (صَانِـع) واتـە: سـەنعەتکار کەسـێک کـە شـتێکی دروسـت کردبـێ بـە شـێوەیەکی ڕێـک، بـەڵام ئـەوە ئەگـەر لـە ڕووێکـەوە لەگـەڵ خـوای پـەروەردگاردا دەگونجـێ، بـەڵام لـە ڕووی شـکۆوە، لەگەڵـی ناگونجـێ، بۆیـە هـەر وشـەیەک لـە قورئـان و سـوننەتدا نەهاتبـێ، واباشـە بـۆ خـوا ﷻ بـەکاری نەهێنیـن، بـە لای کەمـەوە باشـە، ئەگەرنـا هەندێـک لـە زانایـان هـەر بـە قەدەغـەی دەزانـن بەکاربهێنـرێ.

(إِمَامًا): (الإِمَـامُ: المُؤْتَـمُّ بـهِ إِنْسَـاناً كَانَ، أَو كِتَابَـاً، أَو غَـيْرَ ذَلِـكَ، مُحِقَّـاً كَانَ، أَو مُبْطِـلًا وَجَمْعُـهُ أَئِمَّـة)، وشـەی (إِمَـامْ) هـەر کەسـێکە، یـان هـەر شـتێکە، ئنجـا مـرۆڤ بـێ، یاخـود کتێـب بـێ، یـان جگـە لـەوان، کـە بکرێتـە پێشـەواو سـەر مەشـق، پاشـان ئـەو مرۆڤـە، یاخـود ئـەو کتێبـە، چ هەقـی گرتبێتـە نێـو خـۆی، چ ناهەقـی گرتبێتـە نێـو خـۆی، کـۆی (إِمَام)یـش (أَئِمَّة)یـە، پێشـەوایەکان.

هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان

دەربارەی هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە موبارەکە، کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِن كَانَ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ وَكَفَرْتُم بِهِۦ وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِّنۢ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ عَلَىٰ مِثْلِهِۦ فَـَٔامَنَ وَٱسْتَكْبَرْتُمْ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٠﴾ ﴾، ئەم دوو گێڕاوەیە دێنین:

أ/ {عَنْ عَوْفِ بْنِ مَالِكٍ الأَشْجَعِي ﷺ، قَالَ: انْطَلَقَ النَّبِيُّ ﷺ وَأَنَا مَعَهُ، حَتَّى دَخَلْنَا كَنِيسَةَ الْيَهُودِ بِالْمَدِينَةِ يَوْمَ عِيدِهِمْ، وَكَرِهُوا دُخُولَنَا عَلَيْهِمْ، فَقَالَ لَهُمْ رَسُولُ اللهِ: يَا مَعْشَرَ الْيَهُودِ! أَرُونِي اثْنَا عَشَرَ رَجُلاً يَشْهَدُونَ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللهِ ﷺ، يَحُطُّ اللَّهُ عَنْ كُلِّ يَهُودِيٍّ تَحْتَ أَدِيمِ السَّمَاءِ الْغَضَبَ الَّذِي غَضِبَهُ عَلَيْهِ، قَالَ: فَأَمْسَكُوا مَا أَجَابَهُ مِنْهُمْ أَحَدٌ، ثُمَّ رَدَّ عَلَيْهِمْ، فَلَمْ يُجِبْهُ أَحَدٌ، ثُمَّ ثَلَّثَ فَلَمْ يُجِبْهُ أَحَدٌ، فَقَالَ: أَبَيْتُمْ؟ فَوَاللهِ إِنِّي لأَنَا الْحَاشِرُ، وَأَنَا الْعَاقِبُ، وَأَنَا الْمُقَفَّى، آمَنْتُمْ، أَوْ كَذَّبْتُمْ، ثُمَّ انْصَرَفَ وَأَنَا مَعَهُ، حَتَّى دَنَا أَنْ نَخْرُجَ، فَإِذَا رَجُلٌ مِنْ خَلْفِنَا يَقُولُ: كَمَا أَنْتَ يَا مُحَمَّدُ! قَالَ: فَقَالَ ذَلِكَ الرَّجُلُ: أَيُّ رَجُلٍ تَعْلَمُونِ فِيكُمْ يَا مَعْشَرَ الْيَهُودِ؟ قَالُوا: مَا نَعْلَمُ كَانَ فِينَا رَجُلٌ أَعْلَمُ بِكِتَابِ اللهِ، وَلاَ أَفْقَهَ مِنْكَ، وَلاَ مِنْ أَبِيكَ مِنْ قَبْلِكَ، وَلاَ مِنْ جَدِّكَ قَبْلَ أَبِيكَ، قَالَ: فَإِنِّي أَشْهَدُ لَهُ بِاللهِ أَنَّهُ نَبِيُّ اللهِ الَّذِي تَجِدونَهُ فِي التَّوْرَاةِ، قَالُوا لَهُ: كَذَبْتَ ثُمَّ رَدُّوا عَلَيْهِ، وَقَالُوا لَهُ شَرًّا، قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: كَذَبْتُمْ لَنْ يُقْبَلَ قَوْلُكُمْ، أَمَّا آنِفاً فَتُثْنُونَ عَلَيْهِ مِنَ الْخَيْرِ مَا أَثْنَيْتُمْ، وَأَمَّا إِذَا آمَنَ كَذَّبْتُمُوهُ، وَقُلْتُمْ مَا قُلْتُمْ، فَلَنْ يُقْبَلَ قَوْلُكُمْ، قَالَ: فَخَرَجْنَا، وَنَحْنُ ثَلاَثَةٌ: رَسُولُ اللهِ ﷺ، وَأَنَا، وَعَبْدُ اللهِ بْنُ سَلاَمٍ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ فِيهِ: ﴿ قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِن كَانَ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ وَكَفَرْتُم بِهِۦ ﴿١٠﴾ ﴾} (أخرجه أحمد: ٢٤٠٣٠، وابن حبان: ٧١٦٢، وَغَيْرُهُمَا، قَالَ شُعَيْب الأَرنؤوط: إسناده صحيح).

واتە: عەوفی کوڕی مالیکی ئەشجەعیی خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆیشت، من لە خزمەتیدا بووم، تاکو چووینە نێو پەرستگای جوولەکەکان لە مەدینە لە ڕۆژی جەژنیاندا، پێیان ناخۆش بوو کە چووینە لایان، پێغەمبەری خوا ﷺ پێیگوتن: ئەی کۆمەڵی جوولەکە! دوازدە پیاوانم پێشان بدەن، شایەدیی

بدەن، کە بێجگە لە خوا ﷻ هیچ پەرستراو نین و، من ڕەوانەکراوی خوام، خوا ﷻ ئەو تووڕەییەی کە نواندوویەتی بۆ سەر هەر جوولەکەیەک، لە ژێر سێبەری ئاسماندا، (ئەو تووڕەییە لەسەر جوولەکان) لای دەبات، دەڵێ: بێ دەنگ بوون و هیچ کامیان وەڵامیان نەدایەوەو، دووبارەی کردەوە، دیسان هیچ کەس وەڵامی نەدایەوەو، سێ بارەی کردەوە، هیچ کەس وەڵامی نەدایەوە، ئنجا فەرمووی: ئامادەنین بڕوام پێ بێنن؟ سوێند بە خوا منم حاشیر، (واتە: ئەو دەبێتە پێشکەوتوو و سەر مەشق بۆ کۆکردنەوەی خەڵک و دەستپێکردنی لێپرسینەوەو سزاو پاداشت) و من عاقیبم (واتە: کۆتایی پێغەمبەران کە بە دوایان دادێ) و من موقەففام (واتە: ئەوەی کراوەتە کۆتایی پێغەمبەران، لە دوای ئەوەوە کەسی دیکە نایەت)، ئێوە بڕوابێنن یان بە درۆ دابنێن، دوایی ڕۆیشت و منیش لە خزمەتیدابووم، هەتا نیزیک بوو بچێتە دەرێ لە کڵێسایەکەیان، پیاوێک لە دوامانەوە گوتی: ئەی موحەممەد! لە شوێنی خۆت بە، دەڵێ: ئنجا ئەو پیاوە ڕووی لە جوولەکەکان کردو گوتی: ئەی کۆمەڵی جوولەکە! چۆن کەسێکم دەزانن؟ گوتیان: نەمانزانیوە، هیچ پیاوێک زاناتربێ بە کتێبی خواو، شارەزاتربێ لە تۆ و لە بابت لە پێش تۆداو، لە باپیرت لە پێش بابتدا، ئەویش گوتی: من شایەدیی دەدەم بە خوا کە ئەوە ئەو پێغەمبەرەی خوایە ﷺ کە لە تەوراتدا دەیبینن، گوتیان: درۆ دەکەی و، بەرپەرچیان دایەوەو، قسەی خراپیان پێگوت، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی: ئێوە درۆ دەکەن و، قسەتان وەرناگیرێ، پێشتر ستایشتان کردو، پێتان هەڵگوت و قسەی خێرتان بۆ کرد، بەڵام دوای ئەوە بڕوای هێنا، بە درۆتان دانا، ئەوەتان گوت، کە گوتتان، بۆیە قسەکەتان وەرناگیرێ، دەڵێ: هەرسێکمان دەرچووین، پێغەمبەری خوا ﷺو، من و عەبدوڵڵای کوڕی سەلام، خواش ﷻ لە بارەی ئەوەوە ئەم ئایەتەی ناردە خوار: ﴿ قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِن كَانَ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ وَكَفَرْتُم بِهِۦ وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِّنۢ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ عَلَىٰ مِثْلِهِۦ فَـَٔامَنَ وَٱسْتَكْبَرْتُمْ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٠﴾ ﴾.

هەر لەو بارەی ئەم ئایەتە موبارەکەوە، ئەم گێڕراوەیەش دێنین:

ب/ {عَنْ سَعْدِ بْنِ أَبِي وَقَّاصٍ ﵁، قَالَ: مَا سَمِعْتُ النَّبِيَّ ﷺ يَقُولُ لأَحَدٍ يَمْشِي عَلَى الأَرْضِ إِنَّهُ مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ، إِلاَّ لِعَبْدِ اللهِ بْنِ سَلاَمٍ، قَالَ: وَفِيهِ نَزَلَتْ هَذِهِ الآيَةُ: ﴿ وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِّنۢ بَنِىٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ عَلَىٰ مِثۡلِهِۦ فَـَٔامَنَ وَٱسۡتَكۡبَرۡتُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِى ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٠﴾ ﴾} (أخرجه البخاري: ٣٨١٢، ومسلم: ٢٤٨٣).

واتـە: سـەعدی کـوڕی ئـەبی وەققـاص ﵁، دەڵـێ: نەمبیسـتوە پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـە هیـچ کەسـێک کـە لەسـەر زەوی ڕۆیشـتوە، بفەرمـوێ: لـە خەڵکـی بەهەشـتە، جگـە لـە عەبدوڵـڵای کـوڕی سـەلام (ئـەوەی بـەو فەرمـووە)و لـە بـارەی ئەویشـەوە، ئـەم ئایەتـە دابـەزی: ﴿ وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِّنۢ بَنِىٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ عَلَىٰ مِثۡلِهِۦ فَـَٔامَنَ وَٱسۡتَكۡبَرۡتُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِى ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٠﴾ ﴾، کـە دواییـش دەیگەینـێ مشـت و مـڕ هەیـە، لـە نێـوان زانایانـدا، کـە ئایـا ئەویـش هـەر لـە نێـو سـوورەتی (الأحقـاف)دا، لـە مەککـە دابەزیوە، یاخـود بـە جیـا لـە مەدینـە دابەزیـوەو، دوایـی خراوەتـە ئـەو شـوێنە؟ بەپێـی ئـەو ئـەم دوو ڕیوایەتـە دەردەکـەوێ، کـە ئـەم ئایەتـە موبارەکـە بـە جیـا لـە مەدینـە دابەزیـێ، لـە کاتێکـدا عەبدوڵـڵای کـوڕی سـەلام کـە یەکێـک بـووە، لـە زانـا هـەرە دیـارەکانی جوولەکـەکان بـە دان پێداهێنـانی خۆیـان، مسـوڵمان بـووە، لـەو کاتـەدا دابەزیـوە، بـەڵام دوایـی خراوەتـە نێـوان دوو ئایەتـەکانی: (٩ و ١١)، لـە سـوورەتی (الأحقـاف).

مانای گشتیی ئایەتەکان

وەک لە پێناسەی ئەم سوورەتەدا، گوتمان لەم سوورەتە بەپێزەدا، پانتاییەکی زۆر تەرخانکراوە بۆ باسی قورئان و پێغەمبەرایەتیی، پاشان باسی بەرپەرچدانەوەی شیرک و هاوبەش بۆ خوادانەران، هەروەها باسی ڕۆژی دوایی و سزاو پاداشت، وێڕای چەند شتێکی دیکە، کە تێکەڵکێش کراون لەگەڵ ئەو بابەتانەدا، سەرەتا خوا ﷻ دەفەرموێ:

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، واتە: دەستپێکردنم بە ناوی خوایە، کە مەبەستی پێ ئەوەیە:

١- ئەم کارە تەنها بە ناوی خواوە ئەنجام دەدەم.

٢- ئەم کارە تەنیا بۆ ڕەزامەندیی ئەنجام دەدەم.

٣- ئەم کارە بە پێی بەرنامەی خوا ئەنجام دەدەم.

٤- هەروەها ئەم کارە بە تواناو یارمەتیی خوای پەروەردگار دەکەم.

ئنجا خوا دەفەرموێ: ﴿حمٓ﴾، کە ئەمانە دوو پیتن لە پیتە پچڕپچڕەکان، واتە: پچڕپچڕ دەخوێنرێنەوە، نەک بەسەریەکەوە، کە وەک پێشتر گوتوومانە: لە تەفسیری سوورەتی (**یونس**)دا، لە سەرەتاکەیدا باسێکی درێژمان لە بارەی ئەو بیست و نۆ (٢٩) سوورەتەوە کردوە، کە سەرجەم چواردە لەو پیتانە لە پێشیانەوە هاتوون، ئنجا هەندێکیان یەک پیتیین و وەک (ص) و (ق) و (ن)و، هەندێکیان دوو پیتیین، وەک (**حم**)ەکان و (**یس و طه و طس**)، هەندێکیشیان سێ پیتیین وەک (**الر**)یەکان، یان (**الم**)کان و، (**طسم**)ەکان و، هەندێکیان چوارییین

وەک (الىر) و (المص)و، هەندێکیان پێنجیین وەک (**كهيعص**)، کۆی ئەو پیتانەی لە سەرەتای ئەو بیست و نۆ سوورەتانە هاتوون، چواردە (١٤)ن و هەموو جۆرە پیتەکانیان تێدان.

زانایان زۆریان قسە کردوە لە بارەی ئەو پیتە پچڕ پچڕانەوە، ئایا حیکمەتی چییە خوا خستوونیە پێش بیست و نۆ لە سوورەتەکانی قورئان؟ هەندێکیان گوتوویانە: بەس بۆ ئاگادارکردنەوەی پێغەمبەر بووەو ﷺ، هەندێکیان گوتوویانە: بۆ ئەوە بووە کە سەرنجی مرۆڤەکان ڕابکێشێ کە ئەو قورئانەی لەبەر دەستتانە، هەر لەو پیت و دەنگانە پێک دێ، ئێمەش تاکو ئێستا ئەو مانایەمان لە هەمووان زیاتر بە دڵەوە نووساوە، بە بەڵگەی ئەوە کە هەر یەکسەر لە دوای ئەو پیتانە باسی قورئانە: ﴿طه ۝١ مَآ أَنزَلْنَا عَلَيْكَ ٱلْقُرْءَانَ لِتَشْقَىٰٓ ۝٢﴾ طـه، ﴿يسٓ ۝١ وَٱلْقُرْءَانِ ٱلْحَكِيمِ ۝٢﴾ یـس، ﴿حمٓ ۝١ تَنزِيلُ ٱلْكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْعَلِيمِ ۝٢﴾ غافـر، ﴿الٓمٓ ۝١ تَنزِيلُ ٱلْكِتَٰبِ لَا رَيْبَ فِيهِ مِن رَّبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ۝٢﴾ السـجدة، هی هەموویان وان، جگە لە هەردووک سوورەتی (**العنكبوت**) و (**الروم**)، هەر کاتێک ئەو پیتانە هاتبن، یەکسەر باسی قورئانە، واتە: ئەو قورئانە هەر لەو پیت و دەنگانە پێک دێ، کە لەبەر دەستی ئێوەشدا هەن، وەک کەرەستەیەکی خاو، بەڵام ئێوە نەک هەر ناتوانن، وێنەی قورئان بێنن، یان وێنەی دە (١٠) سوورەت، بەڵکو وێنەی سوورەتێکی سێ ئایەتییش بێنن، وەک سوورەتەکانی: (**العصر**) و (**الكوثر**) و (**النصر**).

کەواتە: بزانن! ئەو خوایەی ﷻ ئەو فەرمایشتە بەرزو ناوازەو بێ وێنەیەی، لەو پیت و دەنگانە پێک هێناوە، کە وەک کەرەستەیەکی خاو، لەبەر دەستی ئێوەشدا هەن، بەڵام ئێوە دەستەوسان و دەستەپاچەن لە بەرانبەریدا، بزانن بێژەری ئەو فەرمایشتە خوایە ﷻ، نە موحەممەد ﷺ بۆ خۆیەتی، نە کەسی دیکەش فێری موحەممەدی ﷺ کردوە، ئەگەرنا وەک چۆن خەڵک توانیویەتی قسە بە دەمی پێغەمبەرەوە ﷺ هەڵبەستێ، ئەگەر قورئانیش هی خۆی بووایە،

دەیانتوانی چەند ئایەتێ، یان چەند سوورەتێکیش هەڵبەستن، بەڵام ئەم قورئانە بەرزو مەزنە، نەک ئایەتێکی تێدا کەم و زیاد نەکراوە، بەڵکو وشەیەک و پیتێکیش، چونکە زانایان وێڕای ئەوەی کە سەرژمێری ئایەتەکانیان کردوە، کە دیارە قورئان هەمووی سەدو چواردە (١١٤) سوورەتە و، شەش هەزارو دوو سەدو سی و شەش (٦٢٣٦) ئایەتە، هەڵبەتە هەندێکیان کەمتریان گوتوە، بەڵام ئەم ژمارەیە زیاتر لەسەرینی و، کەمیی و زۆریی ژمارەی ئایەتەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ کورتیی و درێژیی ڕستەکان، ئەگەرنا لەسەر وشەکانی قورئانیش ڕێککەوتوون، کە حەفتاو حەوت هەزارو چوار سەدو سی و نۆ (٧٧٤٣٩) وشەیەو، لەسەر پیتەکانیشی ڕێک کەوتوون، کە سێسەدو بیست و یەک هەزارو سەدو هەشتا (٣٢١١٨٠) پیتەو، ئەو قورئانە مەزنە، هیچ کەس نەیتوانیوەو ناتوانێ نەک وێنەی بێنێ، نەک وێنەی دە سوورەت و سوورەتێکی بێنێ، بەڵکو ئەگەر وشەیەک و پیتێکیشی لێ بگۆڕرێ، یەکسەر هەستی پێ دەکرێ.

ئنجا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ تَنزِيلُ ٱلْكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَكِيمِ ﴾، دابەزێنرانی کتێبەکە، ئەم کتێبە لە لایەن خوای زاڵی کارزانەوەیە، (**العَزِيزُ: من لا يُغلَب**)، کەسێک کەس پێی نەوێرێ، هیچ هێزێک لە بەرانبەریدا نەوەستێ، بۆیە ئەگەر لە زمانی کوردییدا (**عَزِيز**) بە: باڵادەست، زاڵ، دەستڕۆیشتوو، ئەوپەڕی توانادار، مانا بکرێ، جێی خۆیەتی، (**الحَكِيم**) واتە: کارزان، کاربەجێ، زاتێک کە کارەکانی هەموویان لە جێی خۆیاندان و، فەرمایشتەکانی هەموویان بە جێن.

کەواتە: ئەم قورئانە لە لایەن خوایەکەوە دابەزیوە، کە خاوەنی ئەوپەڕی عیزەتەو، خاوەنی ئەوپەڕیی حیکمەتە، هەر بۆیەش عیززەت و حیکمەتێ، کە خوا ﷻ هەیەتی، لە کتێبەکەشیدا، لە فەرمایشتەکەشدا، ڕەنگیان داوەتەوەو، بە دڵنیایی هەر کەسێک بە ئەندازەی ئەوە کە هۆگری ئەم قورئانە دەبێ، کارتێکراو دەبێ بەم قورئانەو لە خزمەت قورئاندا، دەبێ، هەم عیززەت، هەم حیکمەتیش لە قورئانەوە وەردەگرێ، هەڵبەتە هەر کەسە لە قەدەر خۆی.

دوایـــی دەفەرمـــوێ: ﴿ مَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَآ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَأَجَلٍ مُّسَمًّى ﴾، دوای ئاماژەکـردن بـە قورئـان و پێناسـەکردنی قورئـان، ئنجـا خـوا ﷻ ئـەو بابەتـە زۆر گـەورەو گرنگـە بـاس دەکات، کـە وەک دوایـی ڕوونی دەکەینـەوە، لـە کورتـە باسێکدا، بـە لای کەمـەوە لـە حەڤـدە شـوێنی قورئانـدا، باسـکراوە، ئەویـش ئەوەیـە کـە: خـوا ئاسـمانەکان و زەوی و ئـەوەی نێوانیـان، واتـە: کـەون و کائینـات و، گەردوون بوونـەوەری بـە هـەق و حیکمـەت دروسـتکردووە، ئامانـج و مەبەسـت لـە پشـتیەوە هەیـەو، بـە هەوەنتـە و گاڵتـە نیـەو، بـێ ئامانـج و بـێ حیکمـەت نیـە. ﴿ مَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَآ إِلَّا بِٱلْحَقِّ ﴾، ئاسـمانەکان و زەوی و ئـەوەی نێوانیانمـان دروسـت نەکـردوون، مەگـەر بـە هـەق، تەنیـا بـە هـەق دروسـتمان کـردوون، هـەق بریتیـە: لـە شـتی چەسـپاو، بـەڵام جـاری وایـە (حـق) بـە مانـای ڕاسـتیی دێ و، جـاری وایـە بـە مانـای حیکمـەت دێ و، جـاری وایـە بـە مانـای ئامانـج و مەبەسـتێکی بـە جـێ دێ و، جـاری وایـە بـە مانـای دادگەریـی دێ، بەپێـی سـیاقەکان، بـەڵام لێـرەدا واتـە: بـە حیکمـەت و ئامانجێـک کـە پەیوەسـتە بـە دروسـتکراوەکانەوە، نـەک بـە خـوای پـەروەردگارەوە، خـوا کاربەجێیـەو خـاوەن حیکمەتـەو هیـچ شـتێکی بێجـێ نـاکات، بـەڵام بێگومـان خـوا هیـچ نیشـێکی بـە هیـچ کـەس و هیـچ شـتێک نیـە، هیـچ ئامانجێکـی نیـە، کـە بـە هـۆی ئەنجامـدانی کارێکـەوە، بیهێنێتـەدی، بەڵکـو ئـەوە ئامانجـی دروسـتکراوەکانە، خـوا دەیهێنێتـە دی، نـەک ئامانجـی خـۆی، چونکـە خـوا ﷻ ئەگـەر ئامانجێـک بهێنێتـە دی، بـە هـۆی دروسـتکردنی گەردوونـەوە، کەواتـە: پێویسـتیی بـەو ئامانجەیـە؟! بـەڵام نـەء خـوا ئامانجێـک دێنێتـە دی کـە پەیوەسـتە بـە دروسـتکراوکانەوەو، خـواش ﷻ بەپێـی سـیفەتەکانی خـۆی، مامەڵـە دەکات لەگـەڵ دروسـتکراوەکانیدا.

خـوا ﷻ خـاوەنی ئەوپـەڕی کـەرەم و بەخششـەو، ئەوپـەڕی بەزەییـەو، ئەوپـەڕی توانایـەو، ئەوپـەڕی حیکمەتـە، بۆیـە ئـەم گەردوونـەی هێناوەتـە دی، وەک بەرهەمێکـی، سـیفەتەکانی خـۆی، کـە خـوا بەدیهێنـەرە، ئـەو دروسـتکراوانەی هێناونـە

دی، بـەڵام بۆچـی؟ بـۆ ئامانجێـک کـە پەیوەسـتە بـە دروسـتکراوەکانیەوە، خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ئێمـە ئاسـمانەکان و زەوی و ئـەوەی نێوانیانمـان بـە هـەق نەبـێ نەهێناونـە دی، ﴿ وَأَجَلٍ مُّسَمًّى ﴾، هەروەهـا بـۆ کاتێکـی ناوبـراوو دیاریکراویـش، واتە: ئـەوە نیـە، ئـەم گەردوونـە هەتـا هەتایـە بـڕوا، بەڵکـو بـۆ کاتێکـی دیاریکـراوەو، قۆناغێکـە قۆناغـی دیکـەی بـەدوادا دێ، ﴿ وَالَّذِينَ كَفَرُوا عَمَّا أُنذِرُوا مُعْرِضُونَ ﴾، لـە حاڵێکـدا کـە ئەوانـەی بێبـڕوان، لـەوەی پێـی ترسـێنراون و لێـی ورياکراونـەوە، پشـت هەڵکـردوون، ڕوو وەچەرخێنـەرن، گـوێ پـێ نـەدەرن.

﴿ قُلْ أَرَأَيْتُم مَّا تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ ﴾، بڵـێ: ئايـا ئەوانـە دەبينـن کـە لـە جياتی خـوا، يـان جگـە لـە خـوا، لێيـان دەپاڕێنـەوە! ياخـود: هەواڵم پـێ بدەن، لـە بـارەی ئەوانەوە کـە لـە جياتی خـواو، جگـە لـە خـوا لێيـان دەپاڕێنـەوە، ﴿ أَرُونِي مَاذَا خَلَقُوا مِنَ الْأَرْضِ ﴾، پێشـانم بـدەن، چييـان لـە زەوی دروسـتکردوە، دەنکـە مێـک، پـەڕە مريشـێک، دەنکـە چەوێـک، بەردێـک، دارێـک، ﴿ أَمْ لَهُمْ شِرْكٌ فِي السَّمَاوَاتِ ﴾، يـان ئايـا هاوبەشـييان هەيـە، لـە ئاسـمانەکاندا، بـە دڵنيايـی ئەمـە جۆرێکـە لـە توانـج تێگرتـن و، بە تەوسـەوە قسـە لەگـەڵ کردنيـان، ئەگەرنـا مـادام ئـەوان توانـای چوونـە ئاسـمانيان هـەر نيـەو، مـادام لـە زەويـدا هيچيـان نەخوڵقاندبـێ، ئـەدی چـۆن دەسـتيان گەيشـتە ئاسـمان! ﴿ ائْتُونِي بِكِتَابٍ مِّن قَبْلِ هَٰذَا أَوْ أَثَارَةٍ مِّنْ عِلْمٍ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ ﴾، ئەگـەر ڕاسـت دەکـەن، ئـەو شـتانەی دەيانپەرسـتن، شايسـتەی پەرسـتراننن، بـۆم بێنـن، کتێبێـک پێـش ئەمـە دابەزيبـێ، ياخـود پاشـماوەيەک لـە زانيارييـم بـۆ بێنـن، واتـە: بەڵگەيەکـی نەقڵييـم بـۆ بێنـن، يـان بەڵگەيەکـەی عەقڵيـی، کتێبێـک کـە پێـش ئـەم قورئانـە دابەزيبـێ، بـاسی هاوبـەش بـۆ خوادانـانی تێدابـێ، بـۆم بێنـن، ياخـود پاشـماوەيەک لـە زانيارييـم بـۆ بێنـن، وەک بەڵگـە، کـە بـە تەئکيـد هيـچ کاميـان نيـن، نـە بەڵگـەی نەقڵييـان بەدەسـتەوەيە، نـە بەڵگـەی عەقڵيـی، نـە هيـچ نەقڵێـک و، وەحييـەک، بـاسی ڕەوايـی هاوبـەش بـۆ خـوا دانـانی کـردوە، نـە هيـچ عەقڵێکيـش، هيـچ عەقڵێکـی سـەليميش شـتی وای گوتـوە.

﴿ وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّن يَدْعُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَن لَّا يَسْتَجِيبُ لَهُۥٓ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ ﴾، ئایـا كـێ گومڕاتـرە لـە كەسـێک کـە لـە جیاتی خـوا، جگـە لـە خـوا، لـە شـتێک، لـە کەسـێک دەپاڕێتـەوە کـە هەتـا ڕۆژی قیامـەت وەڵامـی ناداتـەوە، ئنجـا ئایـا ڕۆژی قیامـەت وەڵامـی دەداتـەوە، نەخێـر، واتـە: هـەر وەڵامـی ناداتـەوەو، هیـچ داواکارییەکـی بـۆ جێبەجـێ نـاکات، ﴿ وَهُمْ عَن دُعَآئِهِمْ غَـٰفِلُونَ ﴾، ئـەوان لـە بانگکـردن و لـە هـاوار تێبەسـتنی ئـەوان بـێ ئـاگان، ئنجـا ئەمـە هەرچەنـدە ڕانـاوی عاقڵانی بـۆ بەکارهێناوە، بـەڵام زیاتـر مەبەسـت پێـی بـت و صەنـەم و پەیکەرەکانـن، بـەڵام ئەگـەر مەبەسـت ئـەوانی دیکـەش بـێ، نەصرانییـەکان کـە عیسـایان پەرسـتوەو، ئـەوانی دیکـە کـە فریشـتەکانیان پەرسـتوون، جوولەکـە کـە عوزێریـان پەرسـتوەو، کەسـانی دیکـە شـتانی دیکەیـان پەرسـتوون، ئـەو پەرسـتراوانە ئاگایـان لـە پەرسـتەرەکان نەبـووەو، بـە دڵنیایـی وەڵامیشـیان نادەنـەوە.

﴿ وَإِذَا حُشِرَ ٱلنَّاسُ كَانُوا۟ لَهُمْ أَعْدَآءً ﴾، کاتێکیـش خەڵـک کـۆ دەکرێنـەوە، واتـە: بـۆ سـزاو پاداشـت کۆدەکرێنـەوە، ﴿ كَانُوا۟ لَهُمْ أَعْدَآءً ﴾، ئەوانـە، ئـەو پەرسـتراوانە بۆیـان دەبنـە دوژمـن، واتـە: لـە پەرستەرەکانیان دەبنـە دوژمـن، ﴿ وَكَانُوا۟ بِعِبَادَتِهِمْ كَـٰفِرِينَ ﴾، بـە پەرستنەکەشـیان بێبـڕوا دەبـن و، نکووڵییـان لـێ دەکـەن و ڕەخنەیـان لـێ دەگـرن: بۆچـی ئێمەتـان پەرسـتوە؟ لێـرە کـە ڕانـاوی عاقـڵان بەکاردێنـێ، یـان بـۆ زاڵکـردنی عاقـڵانی پەرسـتراوەکانە، ئەگـەر فریشـتەن، ئەگـەر پێغەمبەرانـن (**عَلَيْهِـمُ الصَّـلاةُ وَالسَّـلاَم**)، ئەگـەر مرۆڤـە چاکانـن، بەسـەر ئـەوانی دیکـەدا، یاخـود لەبـەر ئەوەیـە کـە لـە خەیـاڵ و ئەندێشـەی بتپەرسـتەکاندا، وابـووەو، ئـەو بـت و صەنـەم و پەیکەرانـە، وەک عاقـڵ مامەڵەیـان لەگەڵـدا کـردوون، پێیـان وابـووە ئاگایـان لـە شـت هەیـە، ئەگـەر مانـگ و خـۆرە، ئەگـەر دارو بـەردن، ئەگـەر پەیکـەرن، هەرچـی هـەن، خـوا ﷻ لێـرەو لـە جێـی دیکـەش بـە پێـی عەقڵـی ئـەوان ئـەو ڕانـاوەی بـۆ عاقـڵان بەکارهێنـاوە، چونکـە ئـەوان وەک کەسـانێکی خـاوەن ویسـت و عەقـڵ و ئیـدراک لەگـەڵ بـت و صەنەمـەکانی خۆیانـدا مامەڵەیـان کـردوە.

ئەوەی ڕابرد هەمووی بۆ پووچەڵکردنەوەی بیرۆکەی هاوبەش بۆ خوا دانان بوو.

ئنجا دێتە سەر باسی هەڵوێستی نەرێنییان بەرانبەر بە ئایەتەکانی قورئان و، بەرانبەر بە پێغەمبەر ﷺ، دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٍ ﴾، کاتێک ئایەتە ڕۆشنەکانی ئێمەیان بەسەردا دەخوێنرێنەوە، ﴿ قَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِلْحَقِّ لَمَّا جَآءَهُمْ ﴾، ئەوانەی بێبڕوابوون بەو هەقە، دەڵێن کە بۆیان دێ، یەکسەر کە ئەو هەقەیان بۆ هاتوە، گوتوویانە: ﴿ هَٰذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴾، ئەمە جادوویەکی ئاشکرایەو، ڕوونە کە جادوویە.

﴿ أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰهُ ﴾، بە نسبەت قورئانەوە دەڵێن: ئەوە جادوویە، بە نسبەت موحەممەدەوەش ﷺ، دەفەرموێ: یان دەڵێن ئایا، هەڵیبەستوە، واتە: بە ناوی خواوە هەڵیبەستوەو، جادوو نیە، بەڵام هەڵبەستراوە بۆ خۆی گوتوویەتی، ﴿ قُلْ إِنِ ٱفْتَرَيْتُهُۥ فَلَا تَمْلِكُونَ لِى مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا ﴾، بڵێ: ئەگەر هەڵمبەستبێ، ئێوە لە بەرانبەر خوادا هیچ شتێکتان بۆ من پێ ناکرێ، خاوەنی هیچ شتێک نین بۆ من، هیچ شتێکتان لە دەست نایەت بۆ من، کە لە سزای خوا بمپارێزن، ﴿ هُوَ أَعْلَمُ بِمَا تُفِيضُونَ فِيهِ ﴾، خوا زاناترە بەوەی ئێوە تێیدەڕژێن، وەنێوی دەکەون، لە قسەی پووچ و بۆش، ﴿ كَفَىٰ بِهِۦ شَهِيدًۢا بَيْنِى وَبَيْنَكُمْ ﴾، بەسە ئەو شایەد بێ لە نێوان من و ئێوەدا، ﴿ وَهُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴾، ئەو لێبووردەی میهرەبانە، لێرەدا ئەمە تەماع و وەبەرنانێکە بۆ ئەوان کە ئەگەر بگەڕێنەوەو، واز لە کەللەڕەقیی و عینادیی بێنن، با بزانن کە هەمیشە خوا دەرگای لێبووردن و بەزەیی ئاوەڵایەو کراوەیە.

ئنجا ئەمە لە چەند شوێنێکدا لە قورئاندا هاتوە، بۆ ڕەتدانەوەی ئەو تۆمەتە کە گوتوویانە: موحەممەد ﷺ بۆ خۆی قورئانی هەڵبەستوە!.

بۆ وێنە: لە سوورەتی (الطور)دا، دەفەرموێ: ﴿ أَمْ يَقُولُونَ تَقَوَّلَهُۥ ۚ بَل لَّا يُؤْمِنُونَ ﴿٣٣﴾ فَلْيَأْتُوا۟ بِحَدِيثٍ مِّثْلِهِۦٓ إِن كَانُوا۟ صَٰدِقِينَ ﴿٣٤﴾ ﴾، واتە: یان ئایا دەڵێن: بۆ خۆی گوتوویەتی و هەڵیبەستوە، بەڵکو بڕوا ناهێنن، ئەگەرنا با فەرموودەیەکی دیکەی وەک ئەو بێنن، ئەگەر ڕاست دەکەن.

هەروەها لە سووڕەتی (الحاقة)دا، خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿ وَلَوْ تَقَوَّلَ عَلَيْنَا بَعْضَ ٱلْأَقَاوِيلِ ﴿٤٤﴾ لَأَخَذْنَا مِنْهُ بِٱلْيَمِينِ ﴿٤٥﴾ ثُمَّ لَقَطَعْنَا مِنْهُ ٱلْوَتِينَ ﴿٤٦﴾ فَمَا مِنكُم مِّنْ أَحَدٍ عَنْهُ حَٰجِزِينَ ﴿٤٧﴾ ﴾، واتە: ئەگەر هەندێ قسەمان بە دەمەوە هەڵبەستێ، ئێمە قۆڵی ڕاستی دەگرین و، لە ڕەگی ملی دەدەین و، ئێوەش هیچ کامتان ناتوانن، ببنە پەردەو نێوان و نەهێڵن.

بۆیە لێرەدا خوا بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: پێیان بڵێ: ﴿ قُلْ إِنِ ٱفْتَرَيْتُهُۥ فَلَا تَمْلِكُونَ لِى مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا ﴾، واتە: بڵێ: ئەگەر هەڵمبەستبێ، ئێوە لە بەرانبەر خوادا هیچتان بۆ من لە دەست نایەت و، خوا ﷻ سزام دەدات، چۆن لێ دەگەڕێ کەسێک لە خۆوە، بڵێ: خوا وایفەرمووە؟!، خواش ﷻ زاناترە بەوەی ئێوە تێیدەڕژێن و بە ئێوی دەکەون، خوا ﷻ بەسە شایەد بێ و چاودێر بێ، شایەدییدەرو گەواهییدەر بێ لە نێوان من و ئێوەدا، کە من ڕاست دەکەم و ئێوە درۆ دەکەن، ﴿ وَهُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴾، ئەو لێبووردەی میهرەبان و بە بەزەییە، بە بەڵگەی ئەوەش خوا ﷻ شایەدیی ڕاستیی موحەممەدی ﷺدا، کە ئەوەتا پەیامەکەی موحەممەد ﷺ بە هەموو دنیادا بڵاوبۆتەوەو، ئەوانەی نەیاریشی بوون، بوونە پەندی زەمانەو فڕێدرانە زبڵدانی مێژووەوە، کەواتە: ئەم فەرمایشتە، ئەم پەیامەی خوا بە کۆتا پێغەمبەری خۆیدا ناردوویەتی، خوا خاوەندارێتیی کردووەو خۆی مشووری لێ خواردوە، هەم لە پەیامەکەشی، هەم لە پەیامبەرەکەشی، پەیامەکەی چەسپاندوەو، پێغەمبەرەکەشی ﷺ پاراستوەو، سەر خستوە.

﴿ قُلْ مَا كُنتُ بِدْعًا مِّنَ ٱلرُّسُلِ ﴾، پێیان بڵێ: من داهێنراوێک نیم، لە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام)، واتە: پێغەمبەرێک نیم کە تازە بابەت بم، یەکەمینی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) نیم و، داهێنراوێک نیم بێ پێشینەبم، ﴿ وَمَآ أَدْرِى مَا يُفْعَلُ بِى وَلَا بِكُمْ ﴾، ناشزانم چی بە منیش و بە ئێوەش دەکرێ، واتە: چاوەڕوانیی شتێکم لێ مەکەن، کە لە توانای مندا نیە، زۆرجار بێبڕوایان داوای بەڵگەو موعجیزەی وەک هی پێغەمبەرانی پێشوویان لێ دەکرد، نەیاندەزانی

کـە پێغەمبـەرانی پێشـوو (عَلَيْهِـمُ الصَّـلاةُ وَالسَّـلام) کاتێـک هاتـوون، کـە مرۆڤایەتیـی لـە قۆناغـی سـاواییدا بـووە، بۆیـە زیاتـر خـوا ﷻ موعجیـزەو بەڵگـەی وای داونـە پێغەمبـەران (عَلَيْهِـمُ الصَّـلاةُ وَالسَّـلام) کـە هەسـتەوەرەکانی مرۆڤانیـان دوانـدوون، بـەڵام دوای ئـەوەی مرۆڤایەتیـی گەیشـتۆتە قۆناغـی کامـڵ بـوون، موعجیزەیەکـی داوەتـە پێغەمبـەری کۆتایـی ﷺ کـە عەقڵـی خەڵـک دەدوێنـێ و لەگـەڵ عەقڵیانـدا مامەڵـە دەکات، ئەوانـەش ویسـتوویانە هـەر بگەڕێنـەوە بـۆ قۆناغـی پێشـێ، بـەڵام نەخێـر ئـەو قۆناغـە بەسـەرچوو، ئێسـتا مرۆڤایەتیـی گەیشـتۆتە قۆناغێکـی دیکـەی باشـترو کامڵـترو، پێویسـتە لـە ڕێـی عەقڵـەوە بدوێـنرێ، بۆیـە خـوا فەرموویـەتی: تـۆ بفەرمـوو: ﴿وَمَآ أَدۡرِي مَا يُفۡعَلُ بِي وَلَا بِكُمۡۖ﴾، ناشـزانم چیـم لـێ دەکـرێ و، چیتـان لـێ دەکرێ، ئەمـە بێگومـان مەبەسـت پێـی دنیایـە، واتـە: نازانـم لـە ڕووی دنیاییـەوە مـن چیـم لـێ دێ، ئێـوەش چیتـان لـێ دێ، ئایـا خـوا سـەرم دەخـات، یـان وەک هەندێـک لـە پێغەمبـەران (عَلَيْهِـمُ الصَّـلاةُ وَالسَّـلام) شـەهید کـراون، منیـش شـەهید دەکرێـم؟ ئێـوەش ئایـا خـوا دەتانفەوتێنـێ، یـان دەتانهێڵێتـەوە، یـان ئایـا بـە چ جـۆرە سـزایەک سـزاتان دەدات، نازانـم، بـەڵام بـۆ ڕۆژی دوایـی، بـە تەئکیـد پێغەمبـەری خـوا ﷺ بەرچـاو ڕوون بـووەو، دڵنیابـووە کـە ئـەو پێغەمبـەری خوایـە ﷺو، شـوێنکەوتووانیشی ئەهـلی بەهەشـتن، نەیارەکانیـشی ئەگـەر لەسـەر ئـەو بیرباوەڕییـەی خۆیـان بـڕۆن، دیـارە سـەرەنجامیان دۆزەخـە، ﴿إِنۡ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَيَّ﴾، (إِنْ) لێـرەدا لابـەرە (نافیـة) یـە، بـە مانـای (مَا)یـە، واتـە: (إِن النَّافِيَة)یـە، ﴿إِنۡ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَيَّ﴾، تەنیـا شـوێن ئـەوە دەکـەوم کـە بـۆم سروش دەکـرێ، ﴿وَمَآ أَنَا۠ إِلَّا نَذِيرٞ مُّبِينٞ﴾، منیـش تەنیـا وریاکـەرەوەو ترسـێنەرێکی ڕۆشـن و ئاشـکرام، یاخـود ڕوونکـەرەوەم.

﴿قُلۡ أَرَءَيۡتُمۡ إِن كَانَ مِنۡ عِندِ ٱللَّهِ وَكَفَرۡتُم بِهِۦ﴾، بڵـێ: ئایـا دەبینـن، دەزانـن ئەگـەر ئـەم (قورئـان)ە لـە لایـەن خـواوە بـوو، ئێـوەش پێـی بێبڕوابـوون، ﴿وَشَهِدَ شَاهِدٞ مِّنۢ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ﴾، لـە وەچـەی ئیسـرائیلیش، وەچـەی یەعقووبیـش ﷺ، واتـە: لـە گـەلی جوولەکـە، شـایەدێک شـایەدیبدا ﴿عَلَىٰ مِثۡلِهِۦ﴾، لەسـەر وێنـەی ئـەوە، واتـە:

شـایەدییدا کـە پێشـتریش خـوا ﷻ تـەوراتی نـاردوە، یاخـود ﴿ عَلَىٰ مِثْلِهِۦ ﴾، هـەر مەبەسـت پێـی قورئانـە، واتـە: لەسـەر وێنـەی ئەمـە شـایەدییدا کـە ڕاسـتە، ﴿ فَـَٔامَنَ وَٱسْتَكْبَرْتُمْ ﴾، ئـەو بـڕوای هێنـاو ئێـوە خۆتـان بەزلگـرت، وەڵامەکـەی لێـرەدا قرتێنراوە، واتـە: کـێ لـە ئێـوە گومڕاتـرە؟ کـێ لـە ئێـوە بەدبەختـترە؟ کـێ لـە ئێـوە زیانبارتـرە؟ یەکێکـی دیکـەی جگـە لـەم کۆمەڵگایـە، کـە جوولەکەیـە بڕوابێنـێ، کەچـی ئێـوە کـە قورئـان بـە زمـانی خۆتـان دابەزێـنراوە، بـڕوا نەهێنـن، کـێ لـە ئێـوە زیانبارتـرە؟! ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴾، بـە دڵنیایـی خـوا کۆمەڵـی ستەمکاران، ڕاسـتە ڕێ ناکات. هەندێـک لـە توێـژەرەوانی قورئـان چەنـد جارێکـی دیکـەش باسـمانکردوە، کـە وشـەی (هِدَايَة)یـان هەمیشـە بـە یـەک واتـا بەکارهێنـاوە، واتـە: ڕێنمایی، لە تەفسـیرە کوردییەکانیشـیدا ئـەو هەڵەیـە هـەر زۆر زۆرە، واتـە: خـوا کۆمەڵـی سـتەمکاران ڕێنمایـی نـاکات، بـەڵام ئەمـە ڕاسـت نیـە، خـوا سـتەمکارو سـتەملێکراو، چـاک و خـراپ، هەموویـانی ڕێنمایـی کـردوون، خـوا ﷻ نـاوی لـە قورئـان نـاوە: (هُـدًى للعَالَمِين) و (ذكـر للعَالَمِيْن)، بـەڵام هیدایـەت لێـرەدا بـە مانـای ڕاسـتە ڕێ کـردن و، بـە ئامانـج گەیاندنـە، خـوا ستەمکاران بـە ئامانـج ناگەیەنـێ، ڕاسـتە ڕێیـان نـاکات، نایانخاتـە سـەر ڕێـی ڕاسـت، نـەک ڕێـی ڕاسـتیان پێشـان نـادات، پێشـانی داون، ئنجا ئەگـەر ئـەو ڕێ پێشـاندانەی خوایـان قبـووڵ کـردو ڕێنماییەکەیـان وەریانگـرت، ئـەو کاتـە خـوا ڕاسـتە ڕێیـان دەکات و بـە ئامانجیـان دەگەیەنـێ، بۆیـەش دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴾، ئەوانـەی سـتەم دەکـەن، سـتەم لـە پەیامـی خـوا دەکـەن، سـتەم لـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەکـەن، سـتەم لـە خۆیـان دەکـەن، خـوا بـە شایسـتەی ئەوەیـان نازانـێ، ڕاسـتە ڕێیـان بـکات و بـە ئامانجیـان بگەیەنـێ.

﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴾، ئەوانـەی بێبڕواشـن بەوانەیـان گـوت کـە بڕوایـان هێنـاوە، ﴿ لَوْ كَانَ خَيْرًا مَّا سَبَقُونَآ إِلَيْهِ ﴾، ئەگـەر ئـەم (قورئـان)ە چـاک بووایـەو، پەسـند بووایە، ئەوانە یانی: مسـوڵمانە ڕەش و ڕووت و چەوسـێنراوەکان، بۆ لای قورئان و ئیسـلام، پێشـمان نەدەکەوتنـەوە لـە پێشـی ئێمـەدا بـڕوای پـێ بێنـن، گوتوویانـە: ئەگـەر ئیسـلام

خێری تێدابێ، ئێمە شایستەین، نەک ئەو ڕەش و ڕووتانە، کافرەکان هەر بە پێ و دانگی خۆیان شتیان هەڵسەنگاندوە و، بە پێوەرە لارەکەی خۆیان پێواویانە، ﴿ وَإِذْ لَمْ يَهْتَدُوا۟ بِهِۦ ﴾، ئنجا ئێستا کە ڕێی ڕاستیان پێ نەگرتوەو لێی بەهرەمەند نەبوون، ﴿ فَسَيَقُولُونَ هَٰذَآ إِفْكٌ قَدِيمٌ ﴾، دەڵێن: ئەوە درۆیەکی لە مێژینەو هەڵبەستراوێکی دێرینە، وەک کوردەواریی خۆمان دەڵێن: (دەمی نایگاتێ دەڵێ ترشە)!، ئەوانەش لەبەر ئەوەی بەهرەمەند نەبوونە لەو هیدایەتەی خوا ﷻ، گوتوویانە: ئەگەر ئیسلام هەق بووایەو ڕاست بووایە، ئێمە کە زۆر خاوەن عەقڵ و تێگەیشتنین، پێشتر بڕوامان پێ دەهێنا، نەک ئەو ڕەش و ڕووت و کەودەن و نەفامانە! هەمیشە خۆبەزلگرو خۆسەپێنەکان، خۆشگوزەرانەکان، خەڵکی هەژارو نەداریان لە خۆیان بە کەم عەقڵترو کەم هۆشتر زانیوە، ئنجا ئەوەیان کردۆتە بەڵگەو گوتوویانە: مادام ئێمە بڕوامان پێی نەهێناوە، کەواتە: دیارە خێرو چاک نیەو، ڕاست نیە.

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَمِن قَبْلِهِۦ كِتَٰبُ مُوسَىٰٓ إِمَامًا وَرَحْمَةً ﴾، لە پێش ویشدا کتێبەکەی مووسا (عليه السلام) پێشەوا بوو و بەزەیی بوو، پێشەوا بوو، کە پێش خەڵکی بکەوێ بەرەو هەق، مایەی بەزەیی خواش بوو، واتە: ئەم قورئانە، لە پێش ئەویشدا پێشینە هەبووە، ﴿ وَهَٰذَا كِتَٰبٌ مُّصَدِّقٌ لِّسَانًا عَرَبِيًّا ﴾، ئەمەش کتێبێکە بەڕاستدانەرە، واتە: بەڕاستدانەرە بۆ کتێبەکانی پێش خۆی، ﴿ لِّسَانًا عَرَبِيًّا ﴾، بە زمانێکی ڕۆشنە، چونکە وشەی (عَرَبِي) وەک چۆن مانای زمانی عەرەبییە، هی نەتەوەیەکی دیارییکراوە کە نەتەوەی عەرەبن، بە هەمان شێوە بە مانای ڕۆشنیش دێ، کە لێرەدا پێم وایە (عربي) بە مانای زمانێکی ڕۆشن هاتوە، بۆچی؟ ﴿ لِّيُنذِرَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ ﴾، تاکو ئەوانەی ستەمیان کردوە بیانترسێنێ، وریایان بکاتەوە، هۆشدارییان پێ بدات، ﴿ وَبُشْرَىٰ لِلْمُحْسِنِينَ ﴾، هەروەها موژدەو دڵخۆشکەریشە بۆ چاکەکاران.

لە کۆتاییدا خوا ﷻ پێناسەی ئەو چاکەکارانەمان بۆ دەکات، کە قورئان موژدەو دڵخۆشکەرە بۆیان، دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُوا۟ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسْتَقَٰمُوا۟ ﴾، بە

دڵنیایی ئەوانەی گوتیان: پەروەردگارمان خوایەو، دواییش ڕاوەستاو و بەردەوام بوون، نەلەخشاو بوون، لەسەر گوتنی ئەو قسەیەو، کارکردن بەپێی ئەو قسەیەو، بەڕێوەچوون بەپێی ئەو قسەیە، ﴿فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ﴾، هیچ ترسیان لەسەر نیە، واتە: بۆ داهاتوو، ترس و دڵەڕاوکێیان نیە، ﴿وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾، خەمبارو پەژارەداریش نابن، واتە: بۆ ڕابردوو، ئەوەی پەرێزی پاکە، بێ باکە، ئەوەی پەرێزی پاکە بەرچاوی ڕووناکە.

﴿أُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ خَٰلِدِينَ فِيهَا﴾، ئەوانە هاوەڵانی بەهەشتن، یان خاوەنانی بەهەشتن، (**أَصْحَاب**) کە کۆی (**صَاحِب**)ە، دەگونجێ بە مانای خاوەن بێ، دەشگونجێ بە مانای هاوەڵ بێ، کە ئەوان (بەهەشتییەکان) هەم دەبنە خاوەنی بەهەشت، هەم دەبنە هاوەڵی بەهەشتیش، ﴿خَٰلِدِينَ فِيهَا﴾، لەوێدا هەرماو دەبن، واتە: بەردەوام دەبن لە ژیاندا، بێ بڕانەوە، ﴿جَزَآءًۢ بِمَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ﴾، ئەوەش پاداشتی ئەوەیە کە دەیانکرد، پاداشتدرانەوەیانە بەپێی ئەوەی دەیانکرد.

جاری دیکەش گوتوومانە: وشەی (**عمل**) لە قورئاندا، هەم بە مانای نیەتی نێو دڵ، دێ، هەم بە مانای تەعبیری زمان، هەم بە مانای کردەوەی ئەندامەکان، واتە: ئەوەی کە بە دڵ و زمان و ئەندامەکانیان، ئەنجامیان دەدا، لە ئیمان هێنان و پابەندیی بە ئیسلامەوە، لە پاداشتی ئەوەدا، خوا ﷻ دەیانکاتە خاوەن و هاوەڵی بەهەشت، کە لەوێدا هەرماو دەبن و بە هەمیشەیی دەبن.

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی ئێمە لەو کەسانە بگێڕێ و، یارمەتییمان بدات کە هەرچی زیاتر لەم فەرمایشتە بەرزو بە پێزەی خوا ﷻ وردبینەوەو ڕامێنین و حاڵیی بین، تەوفیقیشمان بدات کە پێیەوە پابەند بین، لە ژیانی تایبەتیی خۆمان، لە ژیانی خێزانییمان، لە ژیانی کۆمەڵایەتییمان، ژیانی سیاسییماندا، هەروەها هەوڵیش بدەین کە ئەم قورئانە بکەینە چرایەک و، کۆمەڵگای خۆمانی پێ ڕۆشن بکەینەوە، بیکەینە سایەو سێبەرێک و، کۆمەڵگای خۆمانی لە ژێردا بحەسێنینەوە.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

دابەزێنەری قورئان خوای زاڵی کارزانەو، گەردوونیش بە هەق و حیکمەت و بۆ کاتێکی دیاریکراو وەدیهێنراوە، کەچی بێبڕوایان لەوەی پێی ترسێنراون و پێی هۆشیارکراونەوە، ڕوو وەچەرخێنەرن، پشتهەڵکەرن:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿حمٓ ۝١ تَنزِيلُ ٱلْكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَكِيمِ ۝٢ مَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَآ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَأَجَلٍ مُّسَمًّى وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ عَمَّآ أُنذِرُوا۟ مُعْرِضُونَ ۝٣﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿حمٓ﴾، پێشتر زۆر قسەمان لەسەر کردوە، ئەمانە دوو پیتن لە بیست و هەشت پیتەکانی زمانی عەرەبیی و، خوا ﷻ بە هێنانی ئەو پیتانە، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم قورئانە، هەر لەو پیت و دەنگانە پێکهاتوە، کە بە شێوەی ئاسایی مرۆڤەکان، بەکاریان دێنن لە خوێندن و نووسین و وتاردا، دەستەوسانن لە بەرانبەر قورئاندا، کەواتە: بزانن ئەو زاتەی ئەو قورئانەی ئەو فەرمایشتەی لەو کەرەستە خاوەی بەردەستی ئێوە پێکهێناوە، خوای بەرزی بێ وێنەیە.

٢)- ﴿تَنزِيلُ ٱلْكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَكِيمِ﴾، دابەزاندنی کتێبەکە، ئەم کتێبە لەلایەن خوای زاڵی کاربەجێ وەیە، لە ڕووی ڕێزمانی عەرەبییەوە: ﴿تَنزِيلُ ٱلْكِتَٰبِ﴾، دەگونجێ ببێتە گوزارە (خَبَر)، بۆ نیهاد (مبتدأ) ێک کە بە سەلیقە دەزانرێ و بەمجۆرەیە: (**هَذَا تَنْزِيْلُ الكِتَابِ**)، (**هَذَا**) ئەو کاتە دەبێتە نیهاد (**مُبْتَدَأ**) و (**تَنْزِيْلُ الكِتَابِ**) دەبێتە گوزارە (**خَبَر**)، دەشگونجێ: ﴿تَنزِيلُ ٱلْكِتَٰبِ﴾، هەمووی لە شوێنی (**رَفع**) دابێ و (**مُبْتَدَأ**)بێ و، ﴿مِنَ ٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَكِيمِ﴾، ئەویش هەمووی لە شوێنی (**رَفع**)دا بێ و (**خَبَر**) بێ.

شایانی گوتنە: ئەو شێوە تەعبیرە، لە سەرەتای سوورەتی (الجاثیة)ش: (حمٓ ﴿١﴾ تَنزِيلُ ٱلْكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَكِيمِ) و، لە سەرەتای سوورەتی (غافر)یش: ﴿ حمٓ ﴿١﴾ تَنزِيلُ ٱلْكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْعَلِيمِ ﴿٢﴾ ﴾و، لە سەرەتای سوورەتی (فصلت)یش: ﴿ حمٓ ﴿١﴾ تَنزِيلٌ مِّنَ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴿٢﴾ ﴾، بە تەعبیری جۆراوجۆر هاتوە، تاکو بزانرێ کە ئەم کتێبە، ئەم قورئانە یەکێکە لە شتە زۆر ڕوون و ئاشکرایەکان کە دابەزێنراوە، واتە: نەگوتراوەو هەڵنەبەستراوە لەلایەن موحەممەدەوە ﷺ حاشای ئەو، بەڵکو بۆ لای دابەزێنراوەو، بۆ سەری دابەزێنراوە لە لایەن زاتێکەوە کە خاوەنی ئەوپەڕی بالا دەستیی و زاڵیی و عیززەتەو، خاوەنی ئەوپەڕی شارەزایی و لێزانیی و حیکمەتە.

وشەی (الكِتَاب) پێشتریش باسمانکردوە کە (أل)ی ناساندنی لەسەرە، لێرەدا بەپێی سیاق دەزانرێ کە ئەلیف و لامەکە بۆ عەهدە، واتە: ئەو کتێبەی زانراوەو ناسراوە، کتێبەکە، یان قورئان، ئەو کتێبەی پێشتر باسمکردوەو زانراوە، دابەزاندنی ئەو کتێبە لە لایەن خوای بالا دەستی کاربەجێ وەیە.

٣)- ﴿ مَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَآ إِلَّا بِٱلْحَقِّ ﴾، ئاسمانەکان و زەوی ئەوەی نێوانیانمان بە هەق نەبێ نەهێناونە دی، یەکسەر دوای دابەزاندنی کتێبەکە، خوا ﷻ باسی ئەو ڕاستییە گەورەو گرنگە دەکات، کە وەک دوایی لە کورتە باسێکدا دەیخەینەڕوو، بە لای کەمەوە لە حەڤدە شوێنی قورئاندا باسکراوە، کە بریتیە لەوەی خوا ﷻ دەفەرموێ: ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی دەکەوێتە نێوانیانەوە بە هەق نەبێ نەمان هێناونە دی.

٤)- ﴿ وَأَجَلٍ مُّسَمًّى ﴾، بۆ کاتێکی ناوبراو، واتە: ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی دەکەوێتە نێوانیانەوە بە هەق نەبێ، نەمانهێناونە دی، هەروەها بۆ کاتێکی دیاریکراویش نەبێ، نەمانهێناونە دی.

٥)- ﴿ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ عَمَّآ أُنذِرُواْ مُعْرِضُونَ ﴾، لە حاڵێکدا ئەوانەی بێبڕوان لەوەی پێی ترسێنراون، لەوەی لێی ورياکراونەوە، پشت هەڵکردوون، ڕوو وەچەرخێنەرن.

(الطَّبَري) ڕەحمەتی خوای لێ بێ لە تەفسیرەکەی خۆی دا[1]، ئاوا مانای ئەم ئایەتە موبارەکە دەکات: (مَا أَحْدَثْنَا السَّمَوَات وَالأَرْض فَأَوْجَدْنَاهُمَا خَلْقاً مَصْنُوعاً، وَمَا بَيْنهمَا مِنْ أَصْنَاف الْعَالَم إِلَّا بِالْحَقّ، يَعْنِي: إِلَّا لِإِقَامَةِ الْحَق وَالْعَدْل فِي الْخَلق، وَإِلَّا بِأَجَلٍ لِكُلّ ذَلِكَ مَعْلُوم عِنْده، يُفْنِيه إِذَا هُوَ بَلَغَهُ، وَيَعْدَمهُ بَعْد أَنْ كَانَ مَوْجُودًا بِإِيجَادِهِ إِيَّاهُ).

واتە: ئەم ئاسمان و زەوییەمان پەیدانەکردوون و نەمانهێناونە دی، وەک بەدیهێنراوێکی دروستکراوو، ئەوەی دەکەوێتە نێوانیانەوە لە جۆرەکانی دروستکراوان، مەگەر بە هەق، یانی: بۆ ئەوەی هەق بچەسپێ و دادگەریی لە نێوان دروستکراوەکاندا بێتە دی، هەروەها نەمانهێناونە دی، مەگەر بۆ کاتێکی زاندراو لە لای خوا، کە هەر کات ئەو دروستکراوانە، ئەو ئاسمان و زەوی و ئەوەی نێوانیان گەیشتنە ئەو کاتە، نایانهێڵێ و لە بەینیان دەبات، دوای ئەوەی کە دروستکراو بوون، بە هۆی بەدیهێنانی خواوە. [لەو کاتە دیاریکراوەدا، کە داینـاوە، هەر کاتێک گەیشتنە، ئەوە نایانهێڵێ].

ئنجا لە تەفسیری: ﴿ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ عَمَّآ أُنذِرُواْ مُعۡرِضُونَ ﴾ دا، هەندێک لە زانایانی دیکە دەڵێن: (وَالَّذِينَ جَحَدُوا وَحْدَانِيَّة اللَّهِ عَنْ إِنْذَارِ اللَّه إِيَّاهُمْ مُعْرِضُونَ، لَا يَتَّعِظُونَ بِهِ، وَلَا يَتَفَكَّرُونَ فَيَعْتَبِرُونَ)، واتە: ئەوانەی نکووڵیی دەکەن، لە یەکتایی خوا، دوای ئەوەی خوا ئەوانی ترساندووەو هۆشیار کردوونەوەو، پشتیان هەڵکردووەو، بیرناکەنەوە، تاکو پەند وەربگرن.

---

(١) جامع البيان، ج٢٦، ص٤.

سەرنجێك:

ئێمە بەر لەوەی ئەم مەسەلەی یەکەمە بەجێ بهێڵین، با سەرنجێک لە ئایەتی دووەم بدەین کە دەفەرمووێ: ﴿ تَنزِيلُ ٱلۡكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَكِيمِ ﴾:

ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە خوا ﷻ خاوەنی هەموو سیفەتە بەرزو پەسەندەکانەو، لە هەموو کەم و کوڕیی و لەکەیەک بە دوورە، هەڵبەتە بەو ئەندازەیەی بەعەقڵ و هۆشی سنووورداری خۆمان تێیدەگەین، ئەگەرنا خوا ﷻ: پاکیی خوا، بەرزیی خوا، چاکیی خوا، جوانیی خوا، تەواویی خوا، زۆر زۆر لەوە گەورەترە کە هەمووی لە عەقڵ و هۆشی ئێمەدا جێی بێتەوە، هیچ گومانی تێدانییە، بەڵام هەتا هۆش و عەقڵی ئێمە دەبڕێ و، هەتا بۆی وەخۆ دەگیرێ و جێی دەبێتەوە، خوا بەرزەو، مەزنەو، پاکەو، چاکەو، جوانەو، تەواوەو، لە هەموو کەم و کوڕییەک بە دوورە، لێرەدا خوا ﷻ دوو سیفەتی خۆی دەخاتە ڕوو:

یەکەم: (عَزِيْز).

دووەم: (حَكِيْم).

١- کەواتە: ئەم قورئانە لە خوایەکی خاوەنی ئەوپەڕی عیززەتەوە هاتووەو دابەزیوە، هەروەها لە خوایەک کە خاوەنی ئەوپەڕی حیکمەتە، مانای وایە ئەم قورئانە خۆیشی پڕە لە عیززەت و حیکمەت و، مایەی عیززەت و حیکمەتە بۆ هەر کەسێک بیخوێنێ و لێی تێبگات و، کاری پێ بکات.

٢- ئەوەش وەنەبێ بەس قسەیەک بێ بکرێ، بەڵکو لە واقیعێکدا بەرجەستە دەبێ، هەموو ئەوانەی لەگەڵ ئەم قورئانە بەرزو مەزنەدا، کە کۆتا فەرمایشتی خوایە، بۆ مرۆڤەکان، دەبنە هاودەم و هاوڕاز، دەبنە هاوەڵی و دەیخوێنن و، بیری لێ دەکەنەوەو تێوەی ڕادەمێنن و، لێی تێدەگەن و کاری پێ دەکەن، بە ئەندازەی لێ تێگەیشتن و کارپێکردن و کارلێککردنیان لەگەڵیدا، عیززەت پەیدادەکەن و حیکمەتیش پەیدا دەکەن،

ئنجا ئەمە هەم بۆ تاک تاک ڕاستە، هەم بۆ کۆمەڵ و کۆمەڵگاکانیش ڕاستە، واقیعیش باشترین بەڵگەیە: گەلی عەرەب بەر لەوەی پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ ئەم فەرمایشتە پڕ بەرەکەتەی خوایان پێ بگەیەنێ، چۆن بوون؟ لە ڕووی سیاسییەوە پەرش و بڵاوو، لە ڕووی ئابوورییەوە چینایەتیی و قڕیی و پڕیی، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لێک هەڵوەشاوە، لە ڕووی فیکرییەوە زۆر دواکەوتوو و بەجێماو، لە ڕووی ڕەوشتییەوە زۆر داڕووخاو، لە هەر ڕوویەکەوە تەماشایان بکەی زۆر بێ سەروبەر، تەنیا لە ڕووی قسەزانیی و شیعر گوتن و پەخشان و وتارو ڕەوانبێژیی و قسە پاراوییەوە، لەو ڕووەوە لە پێشەوە بوون و، ڕەنگە لەو بوارەدا لە پێش زۆربەی گەلانەوە بووبن، بەڵام دوای ئەوەی لەگەڵ قورئاندا، دەبنە هاودەم و هاوڕاز، ئەم قورئانە بەرزو مەزنە لە عەقڵ و دڵی ژمارەیەکیاندا جێی دەبێتەوەو، وەخۆ دەگیرێ و، فام دەکرێ و، کاری پێ دەکرێ، دەبینین گۆڕانێکی سەدو هەشتا (١٨٠) پلەیی بەسەر واقیعی ئەو نەتەوەیەدا دێ و، بە مانای ئەو دوو وشەیە دەبنە خاوەنی عیززەت، دوای زەبوونیی و زەلیلیی و داماویی و بە جێماویی و، دەبنە خاوەنی عیززەت و باڵادەستیی و دەستڕۆیشتوویی، هەروەها دوای دواکەوتوویی لە ڕووی فیکرییەوە، دەبنە خاوەنی زانیاریی و حیکمەت، بە ماناو چەمکی فراوانی عیززەت و حیکمەت، ئێستاش لە دوای وانیشەوە، لە دوای کۆمەڵگای پێغەمبەرەوە ﷺ هەروا جیل بە جیل مسوڵمانان، نەتەوە بە نەتەوە، کۆمەڵگا بە کۆمەڵگا، تاک بە تاک، هەر کەسێک زیاتر دەستی بە قورئانەوە گرتبێ، پتر بۆتە خاوەنی عیززەت و خاوەنی حیکمەت، وەک پێغەمبەر ﷺ لە فەرمایشتێکدا دەفەرموێ: {**إِنَّ اللَّهَ يَرْفَعُ بِهَذَا الْكِتَابِ أَقْوَامًا، وَيَضَعُ بِهِ آخَرِينَ**} (**أخرجه أحمد: ٢٣٢، والدارمي: ٣٣٦٥، ومسلم: ٨١٧، وابن ماجه: ٢١٨، وأبو عوانة: ٣٧٦٢، وابن حبان: ٧٧٢**)، واتە: خوا بەم کتێبە کۆمەڵانێک بەرز دەکاتەوەو، کۆمەڵانێکیش نزم دەکاتەوە.

خـوا ﷻ ئێمـە لـەو کەسـانە بگێـڕێ، کـە بـە هـۆی قورئانـەوە بـەرز دەبـن و، ئەوپـەڕی بەهـرەو سـوودی لـێ وەردەگـرن.

کورتە باسێک لەبارەی
حیکمەتی زۆر باسکرانی ئامانجی دروستکرانی گەردوونەوە

لەبەر تیشکی ئایەتی ژمارە (٣)دا: ﴿ مَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَآ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَأَجَلٍ مُّسَمًّى وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ عَمَّآ أُنذِرُوا۟ مُعْرِضُونَ ﴾. ئەم کورتە باسە دەکەین و، ئەم کورتە باسەش لە دوو بڕگان پێک دێ:

بڕگەی یەکەم:

خوای کاربەجێ، کارو قسەی بەجێ و پڕ حیکمەت نەبێ، لێی ناوەشێتەوە، گومانی تێدانیە، ئەمە لە بەڵگە نەویستەکانە، خوا ﷻ نە قسەیەک، نە کردەوەیەک، کە ئەوپەڕی حیکمەتی تێدانەبێ، ئەوپەڕیی دانایی تێدانەبێ، لێی ناوەشێتەوە، چونکە خوا ﷻ یەکێک لە سیفەتەکانی ئەوەیە کە زاناو کارزانە، لە چەند شوێنی قورئاندا خوا خۆی بە: (عَلِيْم وَحَكِيْم) ناساندووەو، سیفەتەکانی خوای پەروەردگاریش هەموویان لە لووتکەدان، دیارە بە نسبەت ئیدراک و تێگەیشتنی ئێمەوە باسی لووتکە دەکەین، ئەگەرنا سیفەتەکانی خوا بێ سنوورو ڕەهان و، کە دەگوترێ: خوا کاربەجێیە، واتە: ئەوپەڕی حیکمەت هی خوای پەروەردگارە و، کە دەگوترێ: خوا زانایە، واتە: ئەوپەڕی زانیاریی هی خوایە و، کە دەگوترێ: خوا بە بەزەیی و میهرەبانە، واتە: ئەوپەڕی بەزەیی و میهرەبانیی هی خوایەو ... هتد، هەموو سیفەتەکانی خوا لە ئەوپەڕی دان و، عەقڵی ئێمە دەرکی سنوورەکەیان ناکات و بێ سنوورن و ڕەهان، سیفەتەکانی خوا هەموویان بێ سنوورو ڕەهان.

ئنجا ئـەو ڕاسـتییە کـە گـەردوون بەسـەرو خواریـەوە بـە هـەق و حیکمـەت دروسـتکراوە، بـە لای کەمـەوە لـە حەڤـدە (١٧) شـوێنی قورئـان و لـە حەڤـدە سـوورەتاندا هاتـوە، هەڵبەتـە بەپێـی ئـەوەی مـن سـەرنجم داوەو کەوتۆتـە بەرچـاوم، بـەڵام ناشـڵێم تەنیـا لـەو حەڤـدە شـوێنەدا، بـاسی ئـەوە کـراوە کـە خـوا ئـەم دروسـتکراوانەی بـە هـەق و بـە حیکمـەت نەبێ، نەهێناونـە دی، بـەڵام مـن حەڤـدە شـوێنم کەوتوونـە بەرچـاو:

١- لە سوورەتی (**آل عمران**)دا، دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِينَ يَذْكُرُونَ ٱللَّهَ قِيَـٰمًا وَقُعُودًا وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِى خَلْقِ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَـٰذَا بَـٰطِلًا سُبْحَـٰنَكَ فَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ﴿١٩١﴾ ﴾، واتە: ئەوانەی بە پێوەو بە دانیشتنەوەو لەسەر تەنیشتیان، یادی خوای دەکەن و، بیر دەکەنەوە لە دروستکرانی ئاسمانەکان و زەوی، دەرەنجام دەڵێن: پەروەردگارمان! ئەمەت (ئەم گەردوونەت) بە بەلاش و بە پووچ و هەوەنتەو بێ حیکمەت نەهێناوەتە دی، پاکیی بۆ تۆ، لە ئازاری ئاگر چەپاڵەمان بدە.

٢- لە سوورەتی (**الأنعام**)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ ﴿٧٣﴾ ﴾، واتە: ئەو (خوا) ئەو زاتەیە کە ئاسمانەکان و زەوی بە هەق هێناونە دی، واتە: بە حیکمەت و بۆ ئامانجێک (یان بە چەندان حیکمەت بۆ چەندان ئامانج).

٣- لە سوورەتی (**یونس**)دا، دەفەرموێ: ﴿ هُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ ٱلشَّمْسَ ضِيَآءً وَٱلْقَمَرَ نُورًا وَقَدَّرَهُۥ مَنَازِلَ لِتَعْلَمُوا۟ عَدَدَ ٱلسِّنِينَ وَٱلْحِسَابَ ۚ مَا خَلَقَ ٱللَّهُ ذَٰلِكَ إِلَّا بِٱلْحَقِّ ﴿٥﴾ ﴾، واتە: ئەو (خوا) ئەو زاتەیە کە خۆری کردوە بە تیشک و، مانگی ڕووناک کردۆتەوەو، چەند قۆناغی بۆ داناون، تاکو ژمارەی ساڵەکان و ژماردن، بزانن، خوا ئەوەی بە هەق نەبێ نەهێناوەتە دی.

٤- لە سوورەتی (**هود**)دا خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ وَكَانَ عَرْشُهُۥ عَلَى ٱلْمَآءِ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ﴿٧﴾ ﴾، واتە: ئەو (خوا) ئەو کەسەیە کە ئاسمانەکان و زەوی بە شەش ڕۆژان، (واتە: لە شەش قۆناغاندا)

هێناونە دی، لەو کاتەدا عەرشەکەی لەسەر ئاوێ بووە، تاکو تاقیتان بکاتەوە داخۆ کامەتان کردەوەی چاکترە، کەواتە: حیکمەتێ تێدایە کە خوا ئاسمانەکان و زەوی هێناونە دی و ئامانجێکیان لە پشتەوەیە.

٥- لە سوورەتی (**إبراهیم**)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ ﴿١٩﴾﴾، واتە: ئایا نابینی، (واتە: نازانی، یان بە چاوی عەقڵ و دڵ نابینی) کە خوا ئاسمانەکان و زەوی بە هەق دروستکردوون، (نەک بە بەتاڵ و پووچ و بێ حیکمەت).

٦- لە سوورەتی (**الحجر**)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَمَا خَلَقْنَا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا إِلَّا بِالْحَقِّ ۗ وَإِنَّ السَّاعَةَ لَآتِيَةٌ ۖ فَاصْفَحِ الصَّفْحَ الْجَمِيلَ ﴿٨٥﴾﴾، واتە: ئێمە ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی دەکەوێتە نێوانیشیانەوە، بە هەق نەبێ دروستمان نەکردوون، بێگومان کاتەکە (**ساعة**)ش دێ، {واتە: ئەو کاتەی کە تۆماری ئەم بوونەوەری ئێستای تێدا دەپێچرێتەوە، یاخود قیامەت}، دەجا تۆش (ئەی موحەممەد ﷺ) چاوپۆشیی جوان بکە، (لەو وردە مافانەی وەک مافی کەسیی دەکەونە لای بەرانبەرەکان).

٧- لە سوورەتی (**النحل**)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ ۚ تَعَالَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٣﴾﴾، واتە: (خوا) ئاسمانەکان و زەوی بە هەق هێناونە دی، بەرزیی بۆ خوا لەوەی دەیکەنە هاوبەشی.

٨- لە سوورەتی (**الأنبیاء**)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَمَا خَلَقْنَا السَّمَاءَ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لَاعِبِينَ ﴿١٦﴾﴾، واتە: ئێمە ئاسمانەکان و زەوی و، ئەوەی دەکەوێتە نێوانیانەوە، بە گاڵتە دروستمان نەکردوون.

٩- لە سوورەتی (**المؤمنون**)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ ﴿١١٥﴾ فَتَعَالَى اللَّهُ الْمَلِكُ الْحَقُّ ۖ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْكَرِيمِ ﴿١١٦﴾﴾، واتە: ئایا پێتان وایە، ئێوەمان بە هەوەنتەو بێ حیکمەت دروستکردووەو، بۆ لای ئێمە ناگێردرێنەوە؟ بەرزیی بۆ خوای حوکمڕانی و هەق (کە شتی بێ حیکمەت و بێ جێ بکات) جگە لەو هیچ پەرستراوێک نیە، پەروەردگاری تەختی بەرێزو حورمەتە.

١٠- لە سوورەتی (**العنكبوت**)دا، خوا ﷻ دەفەرمویٚ: ﴿ خَلَقَ ٱللَّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ بِٱلۡحَقِّۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لِّلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٤٤﴾ ﴾، واتە: خوا ئاسمانەکان و زەوی بە هەق دروستکردوون، لەوەدا نیشانە هەیە بۆ بڕواداران.

١١- لە سوورەتی (**الروم**)دا، خوا ﷻ دەفەرمویٚ: ﴿ أَوَلَمۡ يَتَفَكَّرُواْ فِيٓ أَنفُسِهِمۗ مَّا خَلَقَ ٱللَّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَمَا بَيۡنَهُمَآ إِلَّا بِٱلۡحَقِّ وَأَجَلٖ مُّسَمّٗىۗ وَإِنَّ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلنَّاسِ بِلِقَآيِٕ رَبِّهِمۡ لَكَٰفِرُونَ ﴿٨﴾ ﴾، واتە: ئایا سەرنجیان نەداوەو بیریان نەکردۆتەوەو ڕانەماون، کە خوا ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی دەکەوێتە نێوانیانەوە، بە هەق و بۆ کاتێکی دیاریکراو نەبێ، دروست نەکردوون؟ بەڵام زۆر لە خەڵکی بێبڕوان بە دیداری پەروەردگاریان.

١٢- لە سوورەتی (ص)دا، خوا ﷻ دەفەرمویٚ: ﴿ وَمَا خَلَقۡنَا ٱلسَّمَآءَ وَٱلۡأَرۡضَ وَمَا بَيۡنَهُمَا بَٰطِلٗاۚ ذَٰلِكَ ظَنُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْۚ فَوَيۡلٞ لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنَ ٱلنَّارِ ﴿٢٧﴾ ﴾، واتە: ئێمە ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی دەکەوێتە نێوانیانەوە، بێ حیکمەت و بە هەوەنتە دروستمان نەکردوون، ئەوە گومانی ئەوانەیە کە بێبڕوان، (پێیان وایە دنیا شاری بێ خاوەنە)، سزای سەخت بۆ ئەوانەی بێبڕوان لە ئاگری دۆزەخ.

١٣- لە سوورەتی (**الزمر**)دا، خوا ﷻ دەفەرمویٚ: ﴿ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ بِٱلۡحَقِّۖ ﴿٥﴾ ﴾، واتە: خوا ئاسمانەکان و زەوی بە هەق دروستکردوون.

١٤- لە سوورەتی (**الدخان**)دا، خوا ﷻ دەفەرمویٚ: ﴿ وَمَا خَلَقۡنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَمَا بَيۡنَهُمَا لَٰعِبِينَ ﴿٣٨﴾ مَا خَلَقۡنَٰهُمَآ إِلَّا بِٱلۡحَقِّ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٣٩﴾ ﴾، واتە: ئێمە ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی نێوانیانمان بە گاڵتەو یاریی دروست نەکردوون، تەنیا بە هەق دروستمان کردوون، بەڵام زۆربەیان (واتە: زۆربەی بێبڕوایان) نازانن، (هەیانە دەزانێ، بەڵام خۆی لێ گێل دەکات، لەبەر بەرژەوەندیی لێ تێک نەچوون).

١٥- لە سوورەتی (**الجاثية**)دا، خوا ﷻ دەفەرمویٚ: ﴿ وَخَلَقَ ٱللَّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ بِٱلۡحَقِّ وَلِتُجۡزَىٰ كُلُّ نَفۡسِۭ بِمَا كَسَبَتۡ وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾، واتە: خوا ئاسمانەکان و زەوی

بە هەق دروستکردوون، تاکو هەر کەسە سزاو پاداشتی خۆی وەربگرن، بێ ئەوەی ستەمیان لێ بکرێ.

١٦- لە سوورەتی (**الأحقاف**)دا، خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿ مَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَآ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَأَجَلٍ مُّسَمًّى ۚ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ عَمَّآ أُنذِرُوا۟ مُعْرِضُونَ ﴿٣﴾ ﴾، واتە: ئێمە ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی دەکەوێتە نێوانیان، بە هەق و حیکمەت نەبێ و بۆ کاتێکی دیاریکراو نەبێ، نەمان هێناونە دی، لە حاڵێکدا ئەوانەی بێبڕوان لەوەی پێی ترسێنراون، پشت هەڵکردوون، ڕوو وەرچەرخێنەرن.

١٧- لە سوورەتی (**القيامة**)دا، کە خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿ أَيَحْسَبُ ٱلْإِنسَٰنُ أَن يُتْرَكَ سُدًى ﴿٣٦﴾ ﴾، واتە: ئایا مرۆڤ پێی وایە وازی لێ دەهێنرێ و لێی ناپرسرێتەوە! (واتە: وانیە ئەم پرسیارکردنە بێگومان پرسیارکردنی نکووڵیلێکەرانەیە، واتە: وازی لێ ناهێنرێ و لێی دەپرسرێتەوەو سزاو پاداشتی چاوەڕێیە).

کەواتـە: ئەمـە حەڤـدە (١٧) شـوێن بـوون بـە لای کەمـەوە لـە قورئانـدا، ئـەو ڕاسـتییە ڕادەگەیەنـن کـە گـەردوون بەسـەرو خواریـەوە، یـان ئاسـمانەکان و زەوی و ئـەوەی دەکەوێتـە نێوانیـان، بـە هـەق و حیکمـەت نەبـێ دروسـت نەکـراون.

بڕگەی دووەم: حیکمەتی ئەو زۆر باسکرانەی خستنە ڕووی ئامانج و مەبەستی بەدیهێنرانی گەردوون، چییە؟

ئەمیش لە دوو خاڵدا باس دەکەین:

١)- مشت و مڕ لە بارەی هەبوونی ئامانج (**هدف، غرض**) و نەبوونی لە کارەکانی خوادا، لە نێو زانایاندا هەربووەو ئێستاش هەیە و، پێشم وایە هۆکاری سەرەکیی مشت و مڕو ڕاجیاییەکە لێک حاڵیی نەبوونە.

بـە درێژایـی مێـژووی مسـوڵمانان لـە نێـو زانایـانی بنچینـەکانی ئاییـن (**أصُول الدين**) دا، کـە بـە (**عُلَـماء الـكَلَام**) و (**المُتَكَلِّمـون**) و (**عُلَـماء العَقِيـدَة**) نـاسراون، زانایانـێ کـە

لە بابەتی بووناسیی و ئیمان و عەقیدە دەکۆڵنەوە، مشت و مڕ هەبووە لەو بارەوە، کە ئایا دەگونجێ بڵێین: خوا ﷻ ئامانجێکی لەبەرچاو گرتوە لە کردنی کارێکی دا، یان دروستکردنی گەردووندا، یان کارەکانی دیکەدا، یان ناگونجێ؟

هەندێک گوتوویانە: ناگونجێ وابڵێین، چونکە ئەگەر گوتمان: خوا ﷻ ئامانجێکی لەبەرچاو گرتوە لە کاتێکدا، کارێکی ئەنجامداوە، بۆ وێنە: کە پێغەمبەرانی (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) ناردوون، یان یەک یەک کتێبەکانی دابەزاندوون، یان ئەم گەردوونەی هێناوەتە دی، ئەگەر بڵێین: ئامانجێکی ڕەچاو کردوە، مانای وایە خوا ﷻ پێویستیی بە هێنانە دی ئەو ئامانجە هەیەو، ئەوەش شایستەی خوا نیە، چونکە خوا ئاتاجی جگە لە خۆی نیە، واتە: خوا سیفەتی پێویستیی هەبوون (احتیاج)ی نیە.

بەشێکی دیکە لە زانایان گوتوویانە: کاری خوا ناگونجێ بێ ئامانج بێت و، ناگونجێ ئامانج و و مەبەست لە پشت کارەکانی خواوە نەبێ، بەڵام ئێمە ناڵێین: ئەو ئامانجە پەیوەندیی بە خوای پەروەردگارەوە هەیە، بەڵکو پەیوەندیی بە دروستکراوەکانەوە هەیە، بۆ وێنە: خوا ﷻ کە پێغەمبەرانی (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) ناردوون و کتێبەکانی خۆی دابەزاندوون و ئامانجەکەشی ڕوون کردۆتەوە، دەفەرموێ: ﴿ رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى ٱللَّهِ حُجَّةٌۢ بَعْدَ ٱلرُّسُلِ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا ﴿١٦٥﴾ ﴾النساء، واتە: پێغەمبەرانێکی دڵخۆشکەرو ترسێنەرن، تاکو خەڵک لە دوای ڕەوانەکرانی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) بەڵگەیان لەسەر خوا نەبێ، کەواتە: پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) بۆ ئامانجێک نێردراون و کتێبەکانی خوا بۆ ئامانجێک دابەزێنراون، کە بریتیە لەوەی خەڵک بیانوو بڕاو بکرێ، بەڵام ئەو ئامانجە پەیوەندیی بە مرۆڤەکانەوە هەیە، نەک خوا ﷻ پەکی لەسەری کەوتبێ، هەڵبەتە هەندێک لە زانایانیش گوتوویانە: دەبێ وشەی حیکمەت بەکاربهێنرێ، نەک وشەی (غَرَض) واتە: (غَرَض) لە کارەکانی خوادا نیە، بەڵکو حیکمەت هەیە.

بەڵام بە بۆ چوونی من چ بڵێی: مەبەست (غَرَض) چ بڵێی ئامانج (هَدَفْ)، چ بڵێی ویستراو (غَایَة)، چ بڵێی حیکمەت، هەمووی دەچێتەوە ئێوە ئەوە، کە کارەکانی خوا ﷻ لە جێی خۆیاندان و، کارەکانی خوا حیکمەت لە پشتیانەوە هەیە و، ئامانجێک دێننە دی، خوا لە کارەکانی خۆیدا شتانێکی بە ئامانج گرتوون، بەڵام ئەو شتانەی خوا بە ئامانجی گرتوون، بە دڵنیایی خوا لە جگە لە خۆی بێ نیازە: ﴿ وَمَن جَـٰهَدَ فَإِنَّمَا يُجَـٰهِدُ لِنَفْسِهِۦٓ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَغَنِىٌّ عَنِ ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴿٦﴾ ﴾العنکبوت، بەڵام ئەو ئامانجانە، دروستکراوەکان پێویستییان پێیان هەیە، واتە: ئەگەر لە جیهانی مرۆڤ بەولاوەتر بچین، خوا کە شتەکانی هێناونە دی، ئەم گەردوونەی بەو پەڕی حاڵەتێکی سیستماتیک و ڕێک و پێک دروستکردوەو، هەر شتێک کە خوا خوڵقاندوویەتی، ڕێ و شوێنی بۆ داوە: ﴿ قَالَ رَبُّنَا ٱلَّذِىٓ أَعْطَىٰ كُلَّ شَىْءٍ خَلْقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ ﴿٥٠﴾ ﴾طه، چونکە هەر شتێک ئەگەر هیدایەت نەدرێ لە لایەن خواوەو، سیستمی بۆ دانەنرێ و، ڕێک و پێک بەڕێوە نەبردرێ، فەوزاو پاشاگەردانیی و بێسەروبەریی لە خوا ناوەشێتەوە، نابێ لە موڵکی خوادا بێ سەروبەریی و پاشاگەردانیی و نارێکیی هەبێ، کەواتە: خوا ﷻ ئامانج و مەبەست هەیە لە کارەکانیدا، بەڵام نەک ئامانج و مەبەستێک کە پەیوەست بن بە خۆیەوە، چونکە خوای پەروەردگار بێگومان نیازو پێویستی بە جگە لە خۆی نیە، بەڵام ئەو ئامانج و مەبەستانە، پەیوەندییان بە دروستکراوەکانەوە هەیە.

٢)- حیکمەتی زۆر باسکرانی ئەو ئامانجەش، بریتیە لە بەرچاو ڕوونکردنەوەو دڵنیا کردنەوەی مرۆڤ، لە بارەی بوون و ژیانیەوە، لە سۆنگەی ئەوەوە کە چوار هۆکار هەن، پێویستی کردوە کە خوا ﷻ بە لای کەمەوە لە حەڤدە ئایەتی موبارەکدا، باسی ئەو ڕاستییە بکات، کە هەر ڕاستییەک لە یەک ئایەتدا باسکرا بێت تەواوە، بەڵام ڕاستییەک خوا ﷻ لە حەڤدە شوێندا دووبارەی بکاتەوە، بە حەڤدە تەعبیری جۆراو جۆر، مانای وایە، خوا ﷻ زۆری مەبەست بووە، ئەو ڕاستییە بۆ خەڵک بخاتەڕوو، کە بریتیە لەوەی بەر چاویان ڕوون بێتەوەو دڵنیابن، لە بارەی بوون و ژیانەوە، کە بوون و ژیانی ئەوان

بە هەقەو، حیکمەتی تێدایەو، ئامانجی لە پشتەوەیە، ئنجا چوار هۆکار هەن کە پاڵنەرو هاندەری زۆر ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییەن:

هـۆکاری یەکـەم: لەبـەر ئـەوەی مـرۆڤ بـۆ تاقیکردنـەوە خولقێـنراوە، بـوار هێڵدراوەتـەوە کـە مـرۆڤ، نەتوانـێ هەمـوو ئـەو ڕاسـتییانەی هـەن، وەخۆیـان بگـرێ و هەزمیـان بـکات، واتـە: زۆر نهێنیـی هـەن زۆر شـت هـەن، مـرۆڤ سـەری لێیـان دەرناچـێ، گومـانی تێدانیـە، وەک لـە مەوسـووعەی: (ئیـمان و ئیلحـاد)دا، باسـمان کـردوە، کـە یەکێـک لـە هـۆکارەکانی پەلکێـش کـرانی کەسـانێک بـەرەو ئیلحـاد، ئەوەیە کـە هەنـدێ شـت دەبینـن لـە ژیانـدا سـەریان لـە حیکمەتەکەیـان دەرناچێ، بـۆ وێنە: منداڵێـک کـە هـەر لـە دایـک دەبـێ بـە نوقصانیـی لـە دایـک دەبـێ، یاخـود کەسـێک بەڵایەکـی بەسـەر دێ، نازانـێ بۆچـی؟ یـان لـە هەنـدێ لـە دروسـتکراوەکانی خـوادا حاڵـەتی نارێکیـی هەیـە، بـۆ وێنـە: ژیاندارێـک، ئاژەڵێـک دروسـت دەبـێ نوقصانیـی هەیـە، جگـە لـە جیهـانی مـرۆڤ، لـە هەنـدێ لـە شـتەکانی دیکـەدا، یـان خـوا ﷻ هەندێـک شـتی خوڵقانـدوون، کـە سـوودەکەیان بـۆ ئێمـە دیـار نیـە، وەک: وەک مـارو دووپشـک و میکـرۆب و ڤایـرۆس، کـە زیانەکەیـان دیـارە، بـەڵام سـوودەکەیان دیـار نیـە، هەروەهـا زۆر نهێنیـی دیکـە هـەن، کـە مـەرج نیـە عەقڵـی مـرۆڤ جێـی حەلکـردنی هەمـوو ئـەو مەتەڵانـەی بـوونی تێدابێتـەوە.

هۆکاری دووەم: بـۆ ئـەو زۆر جەختکردنەوەیـە، ئەوەیە کـە شـەیتانەکان بەردەوام دنـە دنـەی مـرۆڤ دەدەن و، خوتخوتـەی بـۆ دەکـەن و، خەیـاڵ و ئەندێشـەی خراپـی دەخەنـە عەقـڵ و دڵـەوە، لـە بـارەی خـواوە، لـە بـارەی ژیـانی خۆیـەوە، لـە بـارەی دەوروبەریـەوە، لـە بـارەی شـتەکانەوە، بۆیـە خـوا ﷻ بـە پێویسـتیی زانیـوە ئـەو هەمـووە جەخـت بکاتـەوە لەسـەر ئـەوە کـە ژیـان و بـوون، هـەق و حیکمەتیـان لـە پشـتەوەیەو، هەوەنتـە و گاڵتـە و بـێ ئامانـج نیـن.

هۆکاری سێیەم: هەبـوونی زۆر هـەورازو نشـێوو کـەم و کوڕیـی لـە ژیـانی مرۆڤـدا و، پرسیار گەلێـک کـە مـرۆڤ سـەری لێیـان دەرناچـێ، هەڵبەتـە ئێمـە لـە شـوێنێکی

تەرخانکـراودا، کـە مەوسـووعەی: (درەوشـاوەیی ئیـمان و پووچەڵـی ئیلحـاد لەبـەر ڕۆشـنایی زگـماک و عەقـڵ و زانسـت و وەحیـی دا)یـە، زۆرێـک لـەو پرسـیارانەمان هەوڵـداوە، وەڵام بدەینـەوە، بـەڵام دیسـان پرسـیاری بـێ وەڵام و ئیشـکالی بـێ چارەسـەر، کـەم و زۆر هـەر دەمێنـن، لەبـەر ئـەوەی مـرۆڤ تواناییـەکانی سنووردارن و، عەقـڵ و هۆشـەکەی سـنووردارە، مـرۆڤ بۆیـە نەخوڵقێـنراوە هەرچـی نهێنیـی گـەردوون و ئاسـمان و زەوی هەیـە، بیزانـێ، بەڵکـو نەزانینـی زۆرێـک لـەو نهێنییانـە، ماددەیەکـە بـۆ پـێ تاقیکردنـەوەی مـرۆڤ، ئنجـا ئەگـەر مـرۆڤ هەمـوو شـتێکی زانیبایـەو لـە هەمـوو شـتێکدا، لـەو سـەریەوە هاتبایـەوە، ئازایەتیـی نەدەبـوو بـۆ خـوا ملکـەچ بـێ و، بەندایەتیـی بـۆ خـوا بـکات!

هـۆکاری چـوارەم: هەبـوونی بـوار بـۆ پێهەڵاچـوون و زیاتـر هەوڵـدانی مـرۆڤ، نـەک بکرێتـە حـازر خـۆری بـەر سـێبەر، خـوا ﷻ کارێکـی وایکـردووە لـە ژیـانی مرۆڤدا، کـە مـرۆڤ ناچار بـێ، زیاتـر هـەوڵ بـدات و، زیاتـر پێـی هەڵابچـێ، زیاتـر کار لەسـەر خـۆی بـکات و خـۆی مانـدوو بـکات، بـۆ ئـەوەی دەرکـی نهێنییـەکان و دەرکـی حیکمـەتی خـوا لـە کارەکانیـدا بـکات و، دەرکـی ڕاسـتییەکانی فەرمایشـتەکەی بـکات و، خـوا ﷻ دوو کتێبـی خسـتوونە بـەر دەسـتی ئێمـە، کتێبـی قورئـان کـە کتێبـی خوێنـدراوە (الکتـاب المقـروء)ی خوایـە و، کتێبـی گـەردوون کـە کتێبـی تەماشـاکراو (الکتـاب المنظـور)ی خوایـە، هـەردووک کتێبەکـەش بەڵگـەو نیشـانەی خـوا و ڕێنیشـاندەری خـوا ناسـین، بۆیـەش خـوا ﷻ ڕسـتەکانی قورئـانی ناونـاون (آیـات) نیشـانەکان: ﴿ تِلْكَ ءَايَٰتُ ٱللَّهِ نَتْلُوهَا عَلَيْكَ بِٱلْحَقِّ ...﴿٦﴾ ﴾، الجاثیـة، واتـە: نیشـانە لەسـەر بەدیهێنەرایەتیـی و، پەروەردگارێتیـی و، خاوەندارێتیـی خـوا ﷻ، هەروەهـا دیاردەو دیمەنـەکانی گەردوونیشی ناونـاون (آیات): ﴿ وَجَعَلْنَا ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ ءَايَتَيْنِ ۖ فَمَحَوْنَآ ءَايَةَ ٱلَّيْلِ وَجَعَلْنَآ ءَايَةَ ٱلنَّهَارِ مُبْصِرَةً ﴿١٢﴾ ﴾الإسراء، واتـە: شـەوو ڕۆژمـان کردوونـە دوو نیشـانە، نیشـانەی شـەومان خەفـە کـردووەو نیشـانەی ڕۆژگارمـان کردۆتـە پێبینـەر، هەروەهـا: ﴿ وَكَأَيِّن مِّنْ ءَايَةٍ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ يَمُرُّونَ عَلَيْهَا وَهُمْ عَنْهَا مُعْرِضُونَ

(١٠٥)﴾ يوسف، واتە: زۆر نیشانە هەن لە ئاسمانەکان و زەویدا، بەلایاندا ڕەت دەبن لە حاڵێکدا کە پشتیان تێکردوون، یان: ﴿ سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْءَافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ (٥٣) ﴾ فصلت، واتە: نیشانەکانی خۆمانیان پێشان دەدەین، لەمەودوا لە ئاسۆیەکاندا، (واتە: لە گەردوون داو) لە خودی خۆشیاندا، تاکو بۆیان دەربکەوێ کە ئەو (قورئان) یان (خوا) هەقە، (پێشتر تەفسیرمان کردوە).

کەواتە: ئەم چوار هۆکارە کە هەندێکیان تێکەڵکێشن، هۆکارن بۆ ئەوەی خوا ﷻ ئەو ڕاستییە لە حەقدە شوێن بە لای کەمەوە، لە قورئان دا دووپات بکاتەوە، کە گەردوون و مرۆڤ و ژیان، بە هەموونتە نەخوڵقێنراون و، بە هەق هێنراونە دی و، حیکمەت و ئامانج لە پشتیانەوە هەیە، کە دیارە لە ئایەتەکەی سوورەتی (الجاثیة)دا، خوا ﷻ تاکو ڕاددەیەکی زیاتر لە ئایەتەکانی دی، ئەو حیکمەتە ڕوون دەکاتەوە کە دەفەرموێ: ﴿ وَخَلَقَ ٱللَّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ وَلِتُجْزَىٰ كُلُّ نَفْسٍۭ بِمَا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ (٢٢) ﴾، واتە: خوا ئاسمانەکان و زەوی بە هەق هێناونە دی، هەروەها بۆ ئەوەش کە هەر کەسە سزاو پاداشتی خۆی بە تەواویی وەربگرێ و ستەمیشیان لێ ناکرێ.

مەسەلەی دووەم:

دەرخستنی پووچەڵیی شیرک و، نەبوونی هیچ بەڵگەیەکی نەقلیی و عەقلیی لەسەری و، بە گومڕاترین کەس دانانی هاوبەشدانەران و، لە ڕۆژی دوایی دا، بوونە دوژمن و حاشا لێکردنی پەرستراوەکانیان لێیان:

خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿ قُلْ أَرَءَيْتُم مَّا تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَرُونِى مَاذَا خَلَقُوا۟ مِنَ ٱلْأَرْضِ أَمْ لَهُمْ شِرْكٌ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ ۖ ٱئْتُونِى بِكِتَٰبٍ مِّن قَبْلِ هَٰذَآ أَوْ أَثَٰرَةٍ مِّنْ عِلْمٍ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٤﴾ وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّن يَدْعُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَن لَّا يَسْتَجِيبُ لَهُۥٓ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ وَهُمْ عَن دُعَآئِهِمْ غَٰفِلُونَ ﴿٥﴾ وَإِذَا حُشِرَ ٱلنَّاسُ كَانُوا۟ لَهُمْ أَعْدَآءً وَكَانُوا۟ بِعِبَادَتِهِمْ كَٰفِرِينَ ﴿٦﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دە بڕگەدا:

١)- ﴿ قُلْ أَرَءَيْتُم مَّا تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ ﴾، (دیارە دوێنراو، پێغەمبەری خاتەمە ﷺ) بفەرموو: ئایا دەبینن ئەوانەی لە جیاتی خوا، یان جگە لە خوا لێیان دەپاڕێنەوە، یاخود: پێشانم بدەن ئەوانەی جگە لە خوا، لێیان دەپاڕێنەوە.

٢)- ﴿ أَرُونِى مَاذَا خَلَقُوا۟ مِنَ ٱلْأَرْضِ ﴾، پێشانم بدەن، بۆم بخەنەڕوو چییان لە زەوی دروست کردوە!

٣)- ﴿ أَمْ لَهُمْ شِرْكٌ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ ﴾، یان ئایا بەشدارییان لە ئاسمانەکاندا هەیە؟!.

(أَرَأَيْتُم) زانایان بە گشتیی بە دوو جۆر لێکیان داوەتەوە:

یەکەم: بە مانا ڕووالەتییەکەی: ئایا بینیتان! ئایا زانیتان و بەچاوی عەقڵ و دڵ دیتتان؟.

دووەم: بەو مانایەی کە لێی هەڵدەهێنجرێ، (أَرَأَيْتُم) واتە: (أَخْبِرُونِي) واتە: دوای ئەوەی بینیوتانەو، زانیوتانە، ئنجا هەواڵم پێ بدەن، ئەوانە یەکسەر لازیمی مانایەکەیان لێگرتوە، دەرهاویشتەی مانایەکەی واتە: هەواڵم پێ بدەن، ﴿ مَّا تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ ﴾، ئەوانەی

جگە لە خواو لە جیاتی خوا، لێیان دەپاڕێنەوە، (أَرُونِي)، پێشانم بدەن، ﴿ مَاذَا خَلَقُواْ مِنَ ٱلْأَرْضِ ﴾، چییان لە زەوی دروستکردووە، بە تەئکید لێرەدا (أَرُونِي: تَعْبِير تَسْخِيرٍ وَتَعْجِيز)، دەربڕینێکە بۆ گاڵتە پێکردن و دەستەپاچەیی پێشاندانیان، چونکە کوا دەتوانن چی پێشان بدەن، کە جگە لە خوا ﷻ هێناویەتە دی؟ وشەی: ﴿ مَاذَا خَلَقُواْ مِنَ ٱلْأَرْضِ ﴾، (مَاذَا) واتە: (مَا الَّذِي خَلَقُوهُ)، چییە ئەوەی ئەوان هێناویانەتە دی، چونکە دەڵێ: (ذَا: إِسْمُ إِشَارَةٍ نَابَ عَنِ المَوْصُولِ، وَأَصْلُ التَّرْكِيبِ: مَاذا الَّذِي خَلَقُوا، وَالإِسْتِفْهَامُ إِنْكَارِيٌ أَو تَوْبِيْخِيٌّ)، (مَاذَا) ئەصڵی خۆی، واتە: (مَا الَّذِي) چونکە (ذَا) ناوی ئاماژەیە، لە شوێنی (الَّذِي) دانیشتوە، ئەسڵی پێکهاتەکە ئاوایە (مَا الَّذِي خَلَقُوهُ) چییە ئەوەی هێناویانەتە دی؟ پرسیارکردنەکەش دەگونجێ بۆ نکووڵیلێکردن بێ، بەڵام باشتر وایە، بڵێین بۆ سەر زەنشتکردنە، چونکە ئەوان نکووڵیی لەوە ناکەن، کە ئەوانەی لە جیاتی خوا لێیان دەپاڕێنەوەو دەیانپەرستن، هیچیان نەهێناوەتە دی، ئەگەر بشڵێین بۆ نکووڵیلێکردنە، واتە: وەک کەسێک دانراون کە نکووڵیی بکەن، لەوەی پەرستراوەکانیان هیچیان نەهێناوەتە دی، [(قَالَ النُّحَاةُ إِنَّ (ذَا) بَعْدَ (مَا) أَو (مَن الإِسْتِفْهَامِيَّة) بِمَنْزِلَةِ (مَا المَوْصُولَة))]، (ذا) کە لە دوای (ما)ی پرسیارکردن یان (مَن)ی پرسیارکردنەوە دێ، لە جێی (مَا المَوْصُولَة)یە.

واتـە: (مَـاذا) یـان (مَـنْ ذا)، (ذا) کـە لـە دوای (مـا)ەوە دێ، بـۆ پرسـیارکردنە، یاخـود لـە دوای (مَـنْ)ەوە دێ، دیسـان بـۆ پرسـیارکردنە، ئـەوە لـە شـوێنی (مـا المَوْصُولَـة) دەبـێ، واتـە: (مَـا الَّـذِي) یـان (مـن الـذي).

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ أَمْ لَهُمْ شِرْكٌ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ ﴾، (أَمْ: حَـرْفُ إِضْرَابٍ إِنْتِقَـالِيٌّ، وَالإِسْـتِفْهَام المُقَـدَّرُ بَعْـدَ (أَمْ)، إِنْـكَارِيٌّ)، وشـەی (أَمْ) زۆربـەی زانایـان دەڵێـن: بریتیـە لـە هەمـزەی پرسـیارکردن و (بَـلْ)، واتـە: (بَـلْ أَلَهُـم شُرَكَاءُ فِي السَّـمَواتِ وَالأَرْض)، بەڵكـو ئایـا هاوبەشـیان لـە ئاسـماناندا هـەن؟! هەندێکیـش دەڵێـن: (أَمْ) بـە مانـای هەمـزەی پرسـیارکردنە، بـەڵام لێـرەدا بـۆ گواسـتنەوەیە، ئـەو پرسـیارەی لـە دوای (أَمْ)ەوە دێ، پرسـیارکردنێکی نکووڵیلێکەرانەیـە، واتـە: ئایـا هاوبەشـیان هەیـە لـە دروسـتکرانی ئاسـمانەکاندا؟ بـە تەئکیـد نەخێـر! بۆیـە دەفەرمـوێ:

٤)- ﴿ ٱئۡتُونِي بِكِتَٰبٖ مِّن قَبۡلِ هَٰذَآ ﴾، بۆم بێنن، کتێبێک لە پێش ئەمەوە، واتە: لە پێش قورئانەوە کتێبێک بێنن شتی وای گوتبێ، کە ئەو پەرستراوانە شتێکیان لە زەوی دروستکردوە، یاخود پشک و بەشیان هەیە، لە دروستکرانی ئاسمانەکاندا، کتێبێکم بۆ بێنن لە پێش ئەمەدا، شتی وای گوتبێ، واتە: بەڵگەیەکی نەقڵیی.

٥)- ﴿ أَوۡ أَثَٰرَةٖ مِّنۡ عِلۡمٍ ﴾، یان پاشماوەیەک لە زانیاریی، **(أَثَارَة)** بە زۆریی وا خوێندراوەتەوە، بەڵام هەندێکیان خوێندوویانەتەوە: **(أَثَرَة)**، هەندێکیشیان خوێندوویانەتەوە: **(أُثْرَة)**، بەڵام **(الطبري)** دەڵێ: جگە لە **(أَثَارَة)** دروست نیە، بە شێوازی دیکە بخوێنرێتەوە، ﴿ أَوۡ أَثَٰرَةٖ مِّنۡ عِلۡمٍ ﴾، **(أي: بَقِيَّة مِنْ عِلْم)**، واتە: شوێنەوارێک لە زانیاریم بۆ بێنن، یان کتێبێکم بۆ بێنن لە پێش قورئاندا دابەزیبێ و ئەوەی تێدابێ، کە پەرستراوەکانی ئێوە بەشدارییان کردوە لە ئاسمان دا، یاخود شتێکیان لە زەوی دا خوڵقاندوە، ئەگەر کتێبتان بۆ نەهات، پاشماوەیەک لە زانیاریم بۆ بێنن، **(الأَثَارَةُ: البَقِيَّةُ مِنَ الشَّيء)**، پاشماوەیەک لە شتێک، کە لێرەدا خوا ﷻ بواریان زیاتر پێ دەدات، یانی: ئەگەر بەڵگەی نەقڵییتان هێنا، باشە، ئەگەر نەتانهێنا، بەڵگەی عەقڵییش بێنن هەر باشە.

٦)- ﴿ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ﴾، ئەگەر ئێوە لە ڕاستانن، ئەمە بۆ زیاتر تیژکردن و هاندانیانە، کە زۆر بگەڕێن و هەوڵ بدەن، بەڵگەیەک لە وەحیی خوا بێنن، لە کتێبێکی خوادا، کە دایبەزاندۆتە سەر یەکێک لە پێغەمبەران، کە بێگومان شتی وانیە، یاخود ئەگەر بەڵگەی نەقڵییتان نەهێنا، بەڵگەی عەقڵیی بێنن، بەڵگەیەک لە زانست کە بەرهەمی عەقڵە بیهێنن، کە بە تەئکید نە بەڵگەی نەقڵیی لەسەر شیرک هەیەو، نە بەڵگەی عەقڵیی و، نە وەحیی ڕێی دەدات و نە عەقڵی سەلیم، بۆیە دەفەرموێ:

٧)- ﴿ وَمَنۡ أَضَلُّ مِمَّن يَدۡعُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَن لَّا يَسۡتَجِيبُ لَهُۥٓ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ ﴾، کێ گومڕاترە لە کەسێک لە جیاتی خوا، لە کەسێک دەپاڕێتەوە کە هەتا ڕۆژی قیامەت وەڵامی ناداتەوە؟! **(مَنْ أَضَلُّ)**، **(مَنْ: الإِسْتِفْهَامِيَّة لِلإِنْكَار وَالتَّعْجِيب)** ئەم **(مَنْ)**ە، بۆ پرسیارکردنە، ئنجا هەم بۆ نکووڵیلێکردنە، هەم بۆ سەرسوڕماندنە، ﴿ وَمَنۡ أَضَلُّ مِمَّن يَدۡعُواْ مِن دُونِ

اللَّهِ ﴾، کێ گومڕاترە لە کەسێک کە لە جیاتی خوا لە کەسێک دەپاڕێتەوە کە تاکو ڕۆژی قیامەت وەڵامی ناداتەوە، ئەمە لێرەدا کە دەفەرموێ: هەتا ڕۆژی قیامەت، واتە: هەتا دنیا دنیایە، وەڵامی ناداتەوە، ڕۆژی قیامەتیش ئەوە نیە، وەڵامی بداتەوە، بەڵام یانی: ئەو بە تەمایە لە دنیادا لە فریای بێ، بەڵام تاکو دنیا بە کۆتا دێ، وەڵامی ناداتەوە، تاکو ڕۆژی قیامەت.

هەڵبەتــە کــە دەفەرمــوێ: ﴿ يَدْعُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَن لَّا يَسْتَجِيبُ لَهُۥٓ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ ﴾، (مَنْ) بـۆ خـاوەن عەقـڵ و ئیدراکانـە، بـەڵام لێـرەدا خـوا ﷻ بەپێـی عەقڵـی هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرەکان، دواوە، کـە ئـەوان پێیـان وابـووە ئـەو بـت و صەنـەم و پەیکەرانە، جۆرێـک لـە عەقـڵ و هۆشـیان هەیـە، دوایـی دەفەرمـوێ:

٨)- ﴿ وَهُمْ عَن دُعَآئِهِمْ غَـٰفِلُونَ ﴾، [وێڕای ئەوەش] لە حاڵێکدا ئەوان لە پاڕانەوەی ئەوان بێئاگان، واتە: پەرستراوەکان لە پاڕانەوەی داواکارەکان، بتپەرستەکان بێئاگان، هەر ئاگاشیان لێ نیە، دیارە لەبەر ئەوەیە کە لێرەدا خوا ﷻ (غافِلُون)ی بۆ بەکارهێناون، چونکە لە ئایەتەکەی پێشێش دا (مَنْ)ی بۆ بەکارهێناون، کە بۆ خاوەن عەقڵانە.

کەواتــە: کــە دەفەرمــوێ: ﴿ وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّن يَدْعُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَن لَّا يَسْتَجِيبُ لَهُۥٓ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ وَهُمْ عَن دُعَآئِهِمْ غَـٰفِلُونَ ﴾، واتــە: هیــچ کەســێک گومڕاتــر نیــەو، حاڵەکــەشی سەرســوڕهێنەرتر نیــە، لــە کەســێک کــە لــە جیــاتی خــواو، جگــە لــە خــوا لــە کەســێک و لــە شــتێک دەپاڕێتــەوە، کــە تاکــو ڕۆژی قیامــەت و ڕۆژی دوایــی وەڵامــی ناداتــەوە، تاکــو دنیــا دنیایــە، بەڵکــو هــەر لــە پاڕانەوەکەشــیان بێئــاگان.

٩)- ﴿ وَإِذَا حُشِرَ ٱلنَّاسُ كَانُوا۟ لَهُمْ أَعْدَآءً ﴾، کاتێکیش خەڵک خڕ دەکرێنەوەو کۆدەکرێنەوە لە ڕۆژی دواییدا، لێشیان دەبنە دوژمن، واتە: پەرستراوەکان دەبنە دوژمنی پەرستەرەکان.

١٠)- ﴿ وَكَانُوا۟ بِعِبَادَتِهِمْ كَـٰفِرِينَ ﴾، نکووڵییش دەکەن لە پەرستنەکەیان، واتە: بێبڕوان بە پەرستنەکەیان، دەڵێن: ئێمە بڕوامان پێی نەبوو، نکووڵیی لێ دەکەن، کە نەدەبوو واتان کردبایە.

هەندێکیش گوتوویانە: ﴿وَإِذَا حُشِرَ ٱلنَّاسُ كَانُوا۟ لَهُمْ أَعْدَآءً﴾، ڕاناوەکەی دەچێتەوە بۆ پەرستەرەکان، واتە: ئەوانەی کە بتەکانیان پەرستوون و، پەرستراوەکانیان پەرستوون، دەبنە دوژمنی پەرستراوەکان، بەڵام زیاتر واپێدەچێ مەبەست ئەوە بێ کە پەرستراوەکان دەبنە دوژمنی پەرستەرەکان و لە پەرستنەکەشیان نکوولّیی دەکەن، ئەگەرنا دەشگونجێ بگوترێ: پەرستەرەکان نکوولّیی دەکەن لە پەرستنێ، کە پێشتر لە دنیادا بوویانە بۆ پەرستراوەکان.

کەواتە: لێرەدا ئەمە وەک زانایانی وتووێژ (**المُنَاظَرَة**)، دەڵێن: (**إِنْ كُنْتَ نَاقِلًا فَالصِّحَّة أَو مُدَّعِياً فَالدَّلِيْل**)، ئەگەر تۆ شتێک لە کتێبێکەوە نەقڵ دەکەی دەبێ سەنەدەکەی ڕاست بێ و، ئەگەر لاف لێدانێکیشت هەیە، دەبێ بەڵگە بێنیەوە، خوای پەروەردگار دەفەرموێ: فەرموون: ئەگەر نەقڵ دەکەن لە دینی خواو، بە ناوی دینی خواوە وا دەکەن، چونکە هاوبەش بۆ خوادانەرەکان ئیددیعای ئەوەیان دەکرد کە لەسەر ئایینی ئیبراهیمن، خوا ﷻ دەفەرموێ: کتێبێکم بۆ بێنن، کە لە پێش قورئاندا شتی وای گوتبێ، یاخود: ئەگەر دەتانەوێ بەڵگە بێننەوە، فەرموون زانیارییەکم بۆ بێنن، پاشماوەیەک لە زانست کە بەرهەمی عەقڵ بێ بۆم بێنن، کەواتە: لێرەدا خوا ﷻ بۆ پووچەڵکردنەوەی بیرۆکەی شیرک چەند شێوازێکی بەکارهێناون:

١)- کتێبێک لە پێش قورئاندا بێنن، کە شتی وای تێدابێ.

٢)- پاشماوەیەک لە زانست بێنن، کە بەرهەمی عەقڵ بێ.

٣)- ئێوە کە لە شتێک دەپاڕێنەوەو، لە کەسێک دەپاڕێنەوەو وەڵامتان ناداتەوە، تاکو دنیا دنیایە، تاکو قیامەت، هیچ کەس لە ئێوە گومڕاتر نیە.

٤)- ئەو پەرستراوانەی ئێوە لە پەرستنەکەی ئێوەو، لە داواکردنەکەی ئێوە بێئاگان.

٥)- کاتێکیش کە خەڵک کۆدەکرێتەوە لێتان دەبنە دوژمن.

٦)- نەک هەر لێتان دەبنە دوژمن، بەڵکو نکوولّییش دەکەن و، بێبڕواشن بەو پەرستنەی ئێوە کە پێشکەشی ئەوانتان کردوە.

مەسەلەی سێیەم:

تۆمەتبارکردنی بێبڕوایان بۆ قورئان بە جادوو و، بۆ موحەممەد ﷺ، بە قسە هەڵبەست بە ناوی خواوەو، بەرپەرچدانەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆیان (بە فێرکردنی خوا ﷻ) بە سێ بەڵگان:

١- ئەگەر قسە هەڵبەستێ بە ناوی خواوە، سزای دەدات.

٢- ئەو داهێنراوێک نیە، لە پێغەمبەراندا کە پێشینەی نەبێ.

٣)- شایەدێک لە گەلی جوولەکە، شایەدیی ڕاستگۆیی بۆ داوە.

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٍ قَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِلْحَقِّ لَمَّا جَآءَهُمْ
هَٰذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴿٧﴾ أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰهُ ۖ قُلْ إِنِ ٱفْتَرَيْتُهُۥ فَلَا تَمْلِكُونَ لِى مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا ۖ هُوَ أَعْلَمُ بِمَا
تُفِيضُونَ فِيهِ ۖ كَفَىٰ بِهِۦ شَهِيدًۢا بَيْنِى وَبَيْنَكُمْ ۖ وَهُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٨﴾ قُلْ مَا كُنتُ بِدْعًا مِّنَ
ٱلرُّسُلِ وَمَآ أَدْرِى مَا يُفْعَلُ بِى وَلَا بِكُمْ ۖ إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَىَّ وَمَآ أَنَا۠ إِلَّا نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴿٩﴾
قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِن كَانَ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ وَكَفَرْتُم بِهِۦ وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِّنۢ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ عَلَىٰ مِثْلِهِۦ فَـَٔامَنَ
وَٱسْتَكْبَرْتُمْ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٠﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پازدە بڕگەدا:

١)- ﴿ وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٍ ﴾، واتە: [وێڕای ئەوە کە ڕابرد و حاڵیان وایە]، کاتێکیش ئایەتە ڕۆشنەکانی ئێمەیان بەسەردا دەخوێنرێنەوە، ئەمەش خستنەڕووی گومڕاییەکی دیکەیانە، وێڕای گومڕاییەکانی پێشێ و، گواستنەوەیە بۆ ڕوونکردنەوەی گومڕاییەکی دیکەو، سەرگەردانیی و سەر لێشێواوییەکی دیکەیان، وێڕای ئەوانەی پێشێ باسکران، کە بریتیە: لەوەی کاتێک ئایەتە ڕۆشنەکانی ئێمەیان بەسەردا بخوێنرێنەوە:

٢)- ﴿ قَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِلْحَقِّ لَمَّا جَآءَهُمْ هَٰذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴾، ئەوانەی بێبڕوان بە هەقێک کە بۆیان هات دەڵێن: ئەمە جادوویەکی ئاشکرایە.

﴿ قَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لِلْحَقِّ لَمَّا جَآءَهُمْ ﴾، خـوا ﷻ دەیتـوانی بفەرمـوێ: (قَالُـوا) گوتیـان: بـەڵام بـۆ ئـەوەی دەرکـەوێ، کـە ئـەوە بێبڕواییەکەیانـە، ئـەو جـۆرە قسـانەیان پێـدەکات.

هەروەهـا کـە دەفەرمـوێ: ﴿ لِلْحَقِّ لَمَّا جَآءَهُمْ ﴾، خـوا ﷻ دەیتـوانی بفەرمـوێ: (وَإِذَا تُتْلَى عَلَيْهِمْ آيَاتُنَـا بَيِّنَـاتٍ قَالُـوا لَهَـا، أو قَالُـوا للقُـرآنِ)، بـەڵام بۆیـە دەفەرمـوێ: ﴿ لِلْحَقِّ لَمَّا جَآءَهُمْ ﴾، واتـە: ئـەو ئایەتـە موبارەکانـەی کـە بەسـەریاندا دەخوێنرێنـەوە، هەقـن، کەچـی بـەو هەقەیـان گـوت: کـە بۆیـان هـات، ﴿ لِلْحَقِّ لَمَّا جَآءَهُمْ ﴾، (لَـمَّا) واتـە: هـەر لەگـەڵ هەقەکەیـان بـۆ هـات، گوتیـان: ﴿ هَٰذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴾، ئەمـە جادوویەکی ئاشـکرایە، کـە دەفەرمـوێ: (لِلْحَـقِّ) ئـەم (ل): (لَامُ العِلَّـةِ وَلَيْسَـتْ لَامُ التَّعْدِيَـة)، بـە هەقیـان گـوت، لەبـەر خاتـری هـەق وایـان گـوت، وشـەی (حَقّ)یـش دیـارە مەبەسـت پێـی ئایەتەکانـن، بـەڵام خـوا ﷻ بـە هـەق تەعبیـری لێکـردوون، واتـە: ئـەو ئایەتانـە هەقـن و چەسـپاون و ڕاسـتن، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ لَمَّا جَآءَهُمْ ﴾، ئەمـە بـۆ دیاریکـردنی کاتی قسـەکەیانە، واتـە: هـەر لەگـەڵ هەقەکەیـان بـۆ هـات و ئایەتەکانیـان بەسـەردا خوێنرانـەوە، بەبـێ سـێ و دوو، بەبـێ تێفکریـن و تێوەڕامـان، یەکسـەر گوتیـان: ﴿ هَٰذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴾، ئەمـە جادوویەکـی ڕوون و ئاشـکرایە، بێگومـان لێـرەدا (مُبِيْن) لـە (أَبَـانَ)ی (لَازِم)ەوە هاتـوە، (أَبَـان) یـانی: (ظَهَـر) دەرکـەوت، ئەمـە جادوویەکـی ڕوون و ئاشـکراو بـێ پێـچ و پەنایـە.

ئنجـا ئـەوە یەکـێ لـە قسـەکانیان، بـە نسـبەت قورئانـەوە ئـەوە هەڵوێسـتیان بـوو، ئـەدی بـە نسـبەت پێغەمبـەرەوە ﷺ بابزانیـن هەڵوێستیان چـۆن بوو؟.

٣)- ﴿ أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰهُ ﴾، یان ئایا دەڵێن: هەڵیبەستوە؟ واتە: موحەممەد ﷺ قورئانی هەڵبەستوە، دیارە پرسیارکردنەکە بۆ نکووڵییلێکردنە، شوێنی نکووڵییلێکردنەکەش بریتیە: لە هۆکاری نکووڵییلێکردنەکە، واتە: ئەوە کە قورئان هەڵبەستراو بێ، نەک مەبەست ئەوە بێ کە وایان گوتوە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە: بە هۆی ئەوەوە ئەو قسەیان کردوە، کە گوایە قورئان پێغەمبەر ﷺ هەڵیبەستوە!.

٤)- ﴿ قُلْ إِنِ افْتَرَيْتُهُ فَلَا تَمْلِكُونَ لِي مِنَ اللَّهِ شَيْئًا ﴾، بڵێ: ئەگەر من هەڵمبەستبێ، ئێوە لە لایەن خواوە هیچ سوودێک بە من ناگەیەنن، واتە: لە بەرانبەر خوادا کە خوا ﷻ بیەوێ سزام بدات، هیچ سوودێکم پێ ناگەیەنن و ناتوانن هیچ بەرگرییەکم لێ بکەن، چونکە بێگومان خوا ﷻ چاوپۆشیی لەوە ناکات کەسێک بە ناوی ئەوەوە قسە بکات، هەر کەس بە ناوی دینی ئەوەوە بە ناهەق قسە بکات، سزای دەدات، کە دەفەرموێ: ﴿ فَلَا تَمْلِكُونَ لِي مِنَ اللَّهِ شَيْئًا ﴾، (شَيْئاً: مَفْعُولٌ لـتَمْلِكُونَ)، (شيئاً) بەرکاری (تملكون)یە، یانی: ئێوە هیچ شتێکتان بۆ من لە دەست نایەت لە بەرپەرچدانەوەی سزای خوا، ئەوەی سزام بدات لەسەر ئەوەی قسە بە ناوی ئەوەوە دەکەم و، قسەم هەڵبەستوە، بە ناوی دینی خواوە.

٥)- ﴿ هُوَ أَعْلَمُ بِمَا تُفِيضُونَ فِيهِ ﴾، ئەو زاناترە بەوەی ئێوە دەڕژێنە نێوی و، ئێوە بە نێوی دەکەون، (الإِفَاضَة: الإنْدِفَاعُ بِشِدَّة، فَاضَ الإِنَاءُ: سَالَ مِنْهُ، وَأَفَاضَ الإِنَاءَ: أَسَالَهُ)، پێشتر لە شیکردنەوەی وشەکاندا، باسمان کرد (تُفِيضُونَ فِيهِ)، واتە: بە توندیی بە نێوی دەکەون و، دەرژێنە نێوی، دەگوترێ: (فَاضَ الإِنَاءُ)، یانی: قاپەکە ئاوی لێ ڕژا، ئەگەر بگوترێ: (أَفَاضَ الإِنَاءَ) واتە: قاپەکەی هێندە پڕ کرد، ئاوی لێ ڕژا، لێرەدا حاڵی کافرەکان وێنا کراوە وەک کەسێک کە دەرژێتە باتڵاغێکەوەو بە نێو ئاوێک دەکەوێ، واتە: ئێوەش ئەو درۆو دەلەسەو قسەو پڕوپاگەندانەی دەیانکەن، وەک باتڵاغێک و ئاوێک وایە، کە دەرژێنە نێوی و، بە پێ خواسیی بە نێوی دەکەون و، خۆتانی پێدا دەدەن، بەڵام خوا ﷻ زاناترە بەوەی دەرژێنە نێوی، واتە: ئەوەی ئێوە باسی دەکەن، خوا ﷻ پێی زاناترەو، ئەگەر گریمان وابووایە، بە دڵنیایی خوا ﷻ لە منی قبووڵ نە دەکردو، ئەو کاتەش سزای دەدام و هیچیشتان بۆ من پێ نەدەکرا.

٦)- ﴿ كَفَىٰ بِهِ شَهِيدًا بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ ﴾، بەسە ئەو (خوا) شایەد بێ لە نێوان من و ئێوەدا، (شَهِيْد) بە مانای گەواهیدەر (شاهد)ەو، کەسێکە هەواڵ دەدات، لە بارەی واقیعێکەوە.

٧)- ﴿ وَهُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ ﴾، ئەو (خوا ﷻ)یش لێبوردەی میهرەبان و بە بەزەییە، ئەمە هەم تەماع وەبەرنانە بۆ وان، کە وازبێنن و دەست هەڵبگرن لە کوفرو شیرک،

هەم دڵخۆشکردنی پێغەمبەری خاتەمە ﷺ، کە ئەوان هەرچەندە ئەو تۆمەتانەت بۆ هەڵدەبەستن، بەڵام نەخێر خوا لێبوردەیە لەگەڵ تۆ و بە بەزەییە، کەواتە: مانایەکەی ئاوای لێ دێتەوە: ﴿ قُلْ إِنِ افْتَرَيْتُهُ فَلَا تَمْلِكُونَ لِي مِنَ اللَّهِ شَيْئًا ﴾، (أي: إن افْتَرَيْتُهُ عَاقِبَنِي هُو عِقَابَاً، لا تَمْلِكُونَ رَدَّهُ وَدَفْعَهُ عَنِّي، إِذ هَو لَا يُقِرُّ أَحَدَاً أَنْ يُبَلِّغَ عَنْه، مَا لَمْ يَأمُرْهُ بِتَبْلِيغِه)، واتە: ئەگەر من قسەم بە ناوی خواوە ﷻ هەڵبەستبایە، خوا سزای دەدام، سزایەک کە ئێوە نەتاندەتوانی لە منی دووربخەنەوە، چونکە خوا ﷻ کەسێک شتێک ناوی ئەووەوە، بڵێ: کە فەرمانی پێنەکردوە، لێی بێ دەنگ نابێ و، لەسەر ئەوە ناپچەسپێنێ، بەڵکو بەرپەرچی دەداتەوە، وەک لە سوورەتی (الحاقة)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْ تَقَوَّلَ عَلَيْنَا بَعْضَ الْأَقَاوِيلِ ﴿٤٤﴾ لَأَخَذْنَا مِنْهُ بِالْيَمِينِ ﴿٤٥﴾ ثُمَّ لَقَطَعْنَا مِنْهُ الْوَتِينَ ﴿٤٦﴾ فَمَا مِنكُم مِّنْ أَحَدٍ عَنْهُ حَاجِزِينَ ﴿٤٧﴾ ﴾، واتە: ئەگەر هەندێک قسەی بەدەمەوە هەڵبەستباین، ئێمە لای ڕاستیمان دەگرت، (قۆڵی ڕاستی، چونکە بە زۆریی وایە مرۆڤ بە دەستی ڕاستی بەرگریی لە خۆی دەکات)، دوایی ڕەگی ملیمان دەپەڕاند، ئنجا هیچ کام لە ئێوەش نەیدەتوانی بێتە پێشمان و، ببێتە پەردەو نێوان و، بەرگریی لێ بکەن.

لێرەدا (محمد الطاهر بن عاشور) قسەیەکی جوان دەکات دەڵێ: (وَحِكْمَةُ عِقَابِ اللهِ لِمَنْ افْتَرَى عَلَيْهِ الكَذِبَ، بِخِلَافِ بَقِيَّةِ المَعَاصِي أَنَّ هَذَا يُفْضِي إلى اخْتِلَالٍ عَظِيْمٍ بِدُونِ أَنْ يَشْعُرَ بِه النَّاسُ، فَيَتَصَدَوا لَهُ كَبَقِيَّةِ الذُّنُوبِ وَالمَعَاصِي)[1].

واتە: حیکمەتی ئەوە کە خوا ﷻ ئەگەر کەسێک بە ناوی ئەووەوە قسە هەڵبەستێ و درۆ بکات، سزای دەدات لە دنیادا، جگە لە هەموو گوناهەکانی دیکە، [کە سزایەکانیان هەڵدەگرێ بۆ قیامەت]، لەبەر ئەوەیە کە درۆ هەڵبەستن بە ناوی خواوە، دەبێتە هۆی تێکچوونێکی مەزن، بێ ئەوەی خەڵک هەستی پێ بکات و، بیانەوێ بەرپەرچی بدەنەوە، وەک گوناهو تاوانەکانی دیکە کە خەڵک لێیان بێ دەنگ نابێ.

---

(١) التحرير والتنوير: ج٢٦، ص١٥.

چونکە کەسێ بە ناوی خواوە قسە بکات، ڕەنگە لەبەر ڕێزو حورمەتی خواو بە مەزنگرتنی خوا ﷻ، بڕوای پێ بکەن و، ڕاستیش ناکات، کەواتە: سەریان لێ تێکدەچێ، هەروەک بە داخەوە زۆر جاران لە بەرگی دیندا، دنیا خوراوەو خراپە کراوەو، خەڵک سەری لێ شێواوە، بۆیە کەسێک بە ناوی خواوەو ﷻ خۆی بکات بە وەکیلی خوا، شتێک بڵێ، خوا لێی قبووڵ ناکات، بۆیەش هەموو ئەوانەی بە درۆ لافی پێغەمبەرایەتییان لێ داوە، وەک (**مسيلمة الكذاب**) و (**الأسود العنسي**) و (**سجاح اليمامة**) و زۆری دیکە، بە درێژایی مێژوو، هەموویان خوا ﷻ ڕیسواو زەبوونی کردوون و، بە زۆریی هەر لە دنیاشدا، لە بەین چوون و کوژراون و سزادراون.

ئنجا خوا ﷻ شتێکی دیکە بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەفەرموێ:

٨)- ﴿قُلْ مَا كُنتُ بِدْعًا مِّنَ ٱلرُّسُلِ﴾، [هەر بۆ بەرپەرچدانەوەی نکووڵییکردنیان پێغەمبەرایەتیی موحەممەد ﷺ دەفەرموێ:] پێیان بڵێ: من تازە پەیدابوویەک نیم لە پێغەمبەران، (**بِدْع: أي مُبْتَدَع أو بَدِيْع**)، (**مُبْتَدَع**) واتە: داهێنراو، (**بَدِيْع**) واتە: شتێکی ناوازە پەیداکراو، (**وَالبِدْعُ فِي كُلِّ شَيءٍ الأَوَّلُ، أَي: مَا أَنَا بِأَوَّلِ رَسُولٍ**)، واتە: یەکەمین پێغەمبەر نیم و، یەکەمین کەس نیم خوا ﷻ ڕەوانی کردبم، من داهێنراوو پەیداکراوێک نیم، نامۆ بم، بەڵکو لە پێش مندا پێغەمبەرانی دیکە هاتوون و ڕابردوون.

٩)- ﴿وَمَآ أَدْرِى مَا يُفْعَلُ بِى وَلَا بِكُمْ﴾، ناشزانم چی بە من دەکرێ و، چی بە ئێوەش دەکرێ! لێرەدا زانایان زۆر مشت و مڕیان کردوە، کە تۆزێکی دیکە ئاماژەی پێ دەدەم، بەڵام پێموایە ئەگەر هەر تەماشای ڕاستە مانای ئایەتەکەیان کرد بایە، پێویستیی نەدەکرد زۆر بەملاولادا بچن، کە هەندێکیان گوتوویانە: ئەم ئایەتە، نەسخ کراوەتەوە، بە ئایەتێکی دیکە لە سوورەتی (**الفتح**)دا، وەک باسی دەکەین!.

ڕاستە مانای ئایەتەکە ئاوایە: من نازانم چی بە منیش و بە ئێوەش دەکرێ، واتە: نازانم سەرەنجامی دنیای من و سەرەنجامی دنیای ئێوەش چۆن دەبێ،

ئیدی باسی قیامەت نیە، کە بڵێ: من نازانم دەچمە کوێ لە قیامەتدا، خۆیشم چیم لێ دەکرێ و ئێوەش چیتان لێ دەکرێ! وای نەفەرموە، چونکە ئەوەی ئەوان بڕوایان پێی هەبووە، بەس دنیا بووەو ئەوەندە بڕوایان بە قیامەت نەبووە، تاکو پێغەمبەر ﷺ بفەرموێ: لە قیامەتێ منیش نازانم چیم لێ دێ و، ئێوەش چیتان لێ دێ!.

(الحمدالله) هەندێک تێگەیشتنم بۆ دێ، لەمیانی تەفسیرکردنەکەدا، ئێستا ئەوەم بۆ هات کە لێرەدا پێغەمبەر ﷺ بەپێی عەقڵی ئەوان قسە دەکات و، ئەوان تەنیا بڕوایان بە دنیا هەبووە، کە ئایا ئەوانیش لە دنیادا چییان لێ دێ و، پێغەمبەریش ﷺ چی لێ دێ؟ ئنجا ئەویش لەو بارەوەو لەو چوارچێوەیەدا قسەیان بۆ دەکات، واتە: نازانم، منیش چیم پێ دەکرێ و ئێوەش چیتان پێدەکرێ؟ ئایا من فەرمانم پێ دەکرێ لە ئێوتاندا بمێنمەوە؟ یان کۆچ بکەم؟ ئایا خوا ﷻ بە دەستی ئێوە دەمفەوتێنێ، وەک هەندێ لە پێغەمبەران، یان نا؟ هەروەها نازانم ئێوەش خوای پەروەردگار چیتان لێ دەکات، هیدایەتتان دەدات، دوایی دێنە سەر ڕاستە شەقامی خوا، یاخود سزاتان دەداو، چۆنتان سزا دەدات؟ وەک گەلی عاد، گەلی سەموود، گەلی لووط، گەلی نووح، نازانم چۆنتان سزا دەدات و، چیتان لێ دەکات! ئەمە ئەو مانایەیەتی کە ڕێک دێتە زەینەوە.

١٠)- ﴿إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰ إِلَيَّ﴾، من تەنیا شوێن ئەوە دەکەوم، کە بۆم سروش دەکرێ، من چیم پێ بگوترێ لە لایەن خواوەو، بۆم بنێردرێ، شوێن ئەوە دەکەوم.

وەک پێشتریش گوتمان: لە بارەی ئەم ئایەتەوە زانایان مشتومڕیان بووە، بۆ وێنە:

أ- هەندێکیان گوتوویانە: ئەم ئایەتە باسی قیامەت دەکات و، ئەو کاتە پێغەمبەر ﷺ نەیزانیوە لە قیامەتێ چارەنووسی خۆشی و، چارەنووسی خەڵکەکەش چی دەبێ، ئنجا ئەو کاتە کە لێی دیار نەبووە، خوای پەروەردگار لەسەر زمانی ئەو ئاوای فەرمووە: بڵێ: نازانم منیش چیم پێ دەکرێ (لە قیامەتدا)و ئێوەش چیتان پێ دەکرێ!

ئنجا گوتوویانـە: دوایـی کـە لـە سـوورەتی (**الفتـح**)دا، خـوا ﷻ ئـەو ئایەتـەی نـاردە خـوار: ﴿ لِّيَغۡفِرَ لَكَ ٱللَّهُ مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنۢبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ وَيُتِمَّ نِعۡمَتَهُۥ عَلَيۡكَ وَيَهۡدِيَكَ صِرَٰطٗا مُّسۡتَقِيمٗا ۝٢ ﴾، واتـە: بـۆ ئـەوەی خـوا ﷻ لـەو گوناهـەت کـە تێپەڕیـوەو ئـەوەش کـە دادێ، لـە هەمـوو گوناهەکانـت بتبـوورێ و بتبەخشـێ و، چاکـەی خـۆی لەسـەر تـۆ تـەواو بـکات و، بتخاتـە سـەر ڕاسـتە ڕێ، گوتوویانـە: ئـەم ئایەتـەی سـوورەتی (**الفتـح**) ئـەم ئایەتـەی ئێـرەی نەسـخ کردۆتـەوە!

بەڵام لە ڕاستییدا ئەو قسەیە، هیچ پاساوێکی نیەو وەک باسمان کرد.

ب- (حەسەنی بەصرایی) ڕەحمەتی خوای لێ بێ، قسەیەکی جوان دەکات دەڵێ: (**مَا أَدْرِي مَا يَصِيرُ إِلَيْهِ أَمْرِي وَأَمرُكُم فِي الدُّنْيَا**)، واتە: من نازانم کاری من و کاری ئێوە لە دنیادا بە کوێ دەگات؟ پێغەمبەر ﷺ، ئەوەی خوا لێی ئاگادار نەکردبێتەوە.

ج- ئەیزانیوە، (**إبن عجيبة**)ش لە تەفسیرە ناوادارەکەی خۆیدا[1] دەڵێ: (**الأَوْفَقُ أَنَّ (مَا) فِي: ﴿ وَمَآ أَدۡرِي مَا يُفۡعَلُ بِي وَلَا بِكُمۡ ﴾، عِبَارَةٌ عَمَّا عِلْمُهُ لَيْسَ مِنْ وَظَائِف النُّبُوَّة، بل هو مِنَ الحَوَادِثِ وَالوَاقِعَاتِ الدُّنيَوِيَّةِ، دُونَ مَا يَقَعُ فِي الآخِرَة، فَإِنَّ العِلْمَ بِذَلكَ مِنْ وَظَائِفِ النُّبُوَّة، وَقَدْ وَرِدَ بِهِ الوَحيُ النَّاطِقُ بِتَفَاصِيلِ مَا يُفْعَلُ بِالْجَانِبَيْنِ**).

واتـە: گونجاوتـر وایـە کـە وشـەی (**مـا**) لـە: ﴿ وَمَآ أَدۡرِي مَا يُفۡعَلُ بِي وَلَا بِكُمۡ ﴾دا، مەبەسـت پێـی ئەوەیـە کـە زانینەکـەی لـە ئەرکـەکانی پێغەمبەرایەتیـی نیـە، بەڵکـو ڕووداوەکانی کـە لـە دنیـادا ڕوو دەدەن، مەبەسـت پێـی ئەوەیـە، نـەک ئـەوەی لـە ڕۆژی دواییـدا ڕوو دەدات، چونکـە ئـەوەی لـە ڕۆژی دواییـدا ڕوو دەدات، لـە ئەرکـی پێغەمبەراتییـەو، وەحییـش زۆر بـە وردیـی و بـە ڕوونیـی باسـیکردوە، کـە هـەر کام لـە دوو لایـە چییـان پـێ دەکـرێ و چییـان لـێ دەکـرێ!

کـە پێغەمبـەر ﷺو شـوێنکەوتووانی باشـترین پاداشـتیان هەیـەو، ناحـەزو نەیارەکانیـشی سـەختترین سـزایان هەیـە، کەواتـە: مەبەسـت پێـی ژیـانی دنیایـەو،

(١) البحر المديد في تفسير كتاب الله المجيد: ج٧، ص٨٤.

وەک گوتـم، بـەس سـەرنجدانی ئایەتەکـەو سـەرنجدانی ڕەوت و سـەرنجدانی کـەش و هەوایەکـە، ئـەو مانایـە بەدەسـتەوە دەدات.

١١)- ﴿وَمَآ أَنَا۠ إِلَّا نَذِيرٌ مُّبِينٌ﴾، من تەنیا وشیار کەرەوەو ترسێنەرێکی ڕوونکەرەوەم، یاخود: ڕوون و ئاشکرام، ئەوانە دیارە داواکارییان لە پێغەمبەر ﷺ هەبووە، کە ئەوەیان بۆ بکات و ئەوەیان بۆ بکات و فڵان موعجیزەیان بۆ بێنێ، دوایی خوا ﷻ بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەفەرموێ: پرسیارێکی دیکەیان لێ بکە:

١٢)- ﴿قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِن كَانَ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ وَكَفَرْتُم بِهِۦ﴾، بڵێ: هەواڵم پێ بدەن، یاخود: ئایا دەبینن، دەزانن، ئەگەر ئەو (قورئان)ە، لە لایەن خواوە بوو، ئێوەش پێی بێبڕوا بوون، (كَانَ) ڕاناوەکەی کە تێیدا شێردراوەیەو دەچێتەوە بۆ قورئان، واتە: ئەگەر ئەو قورئانە لە لایەن خواوە بوو.

﴿وَكَفَرْتُم بِهِۦ﴾، ئێـوەش پێـی بێبڕوابـوون، لێـرەدا وەڵامـی مەرجەکـە، چونکـە (إِنْ) (**شَرْطِية**)یـە، وەڵامەکـەی قرتێـنراوەو، ئەویـش دوو ئەگـەری هـەن:

یەکەم: دەگونجێ وەڵامەکەی ئەوە بێ: (**مَنْ أَضَلُّ مِنْكُم**) کێ لە ئێوە گومڕاترە، بڵێ: ئایا دەبینن، ئەگەر ئەم قورئانە لەلایەن خواوە بێ و ئێوەش پێی بێبڕابوون، کێ لە ئێوە گومڕاترە؟

دووەم: وەڵامەکەی ئەوەیە: (**أَلَسْتُم ظَالِمِيْن**) ئایا ئێوە ستەمکارنین، چونکە هەر کام لەو دوو تەعبیرە، پێشتر هاتوون، هی یەکەمیان کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّن يَدْعُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَن لَّا يَسْتَجِيبُ لَهُۥٓ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ وَهُمْ عَن دُعَآئِهِمْ غَٰفِلُونَ ﴿٥﴾﴾، هی دووەمیش ئەوەیە کە خوا ﷻ باسی ستەمی ئەوانی کردوە، کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٠﴾﴾، واتە: بە دڵنیایی خوا کۆمەڵی ستەمکاران، ڕاستە ڕێ ناکات، کەواتە: ئایا ئەگەر ئەم قورئانە لە لایەن خواوە بێ، ئێوەش پێی بێبڕوابوون، ئایا گومڕاو ستەمکارنین؟ بێگومان با، چونکە پرسیارکردنەکە، پرسیارکردنی نکووڵییلێکەرانەیە، بەڵام وەڵامی (**إِنْ الشَّرْطِيَّة**)یە، قرتێنراوە، لەبەر ئەوەی بە سەلیقە دەزانرێ، کە دەفەرموێ:

﴿ وَكَفَرْتُم بِهِۦ ﴾، لێرەدا (و): (فِي مَوْضِعِ الحَالِ مِنْ ضَمِيْرِ أَرَأَيْتُم)، (و) لەشوێنی حاڵ دایە لە ڕاناوی ئایا دەبینین! واتە: بڵێ: ئایا دەبینن ئەگەر (قورئان) لە لایەن خواوە بێ، لە حاڵێکدا کە ئێوە پێی بێبڕوابوون!

١٣)- ﴿ وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِّنۢ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ عَلَىٰ مِثْلِهِۦ ﴾، شایەدێکیش شایەدیی دا، لە وەچەی ئیسرائیل (لە نەوەکانی یەعقووب عليه السلام) لەسەر وێنەی ئەوە، کە مەبەست پێی تەوراتە.

١٤)- ﴿ فَـَٔامَنَ وَٱسْتَكْبَرْتُمْ ﴾، ئنجا ئەو بڕوای هێناو ئێوەش خۆتان بەزلگرت، ئەگەر وابوو، بێگومان هیچ کەس لە ئێوە گومڕاتر نیە، یاخود: ئێوە زۆر ستەمکارن.

١٥)- ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾، بە دڵنیایی خوا کۆمەڵی ستەمکاران، ڕاستە ڕێ ناکات و، بە ئامانجیان ناگەیەنێ.

کە دەفەرموێ: ﴿ وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِّنۢ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ عَلَىٰ مِثْلِهِۦ ﴾، (عَلَى مِثْلِهِ) لەسەر وێنەی ئەوە شایەدییدا، کە لە هۆی هاتنە خوارەوەکەیدا باسمانکرد، مەبەست لە شایەدێک (شاهد) (عبدالله بن سلام)ە، کە بڕوای بە تەورات بووەو، تەوراتیش وێنەی قورئانە، لەو ڕووەوە کە فەرمایشتی خوایە، یاخود مەبەست پێی زەبوورە، یان مەبەست پێی ئینجیلە، کە دیارە بە نسبەت عەبدوڵڵای کوڕی سەلامەوە (خوا لێی ڕازی بێ)، دەگونجێ لەو جوولەکانە بوو بێ، کە بڕوایان بە عیساش عليه السلام بووە، چونکە هەندێک لە بەنوو ئیسرائیل بڕوایان بە عیساش عليه السلام هەبووە، یاخود بە لای کەمەوە بڕوایان بە تەورات و بە زەبوور هەر هەبووە.

یاخود (عَلَى مِثْلِه) مەبەست پێی قورئانە، بەڵام وەک دەگوترێ: (مِثْلُكَ لَا يَبْخَلُ، مِثْلُكَ لَا يَكْذِب)، وێنەی تۆ چرووکیی ناکات، وێنەی تۆ درۆ ناکات، واتە: وێنەکەشت چرووکیی و درۆ ناکات، چ جای خۆت! واتە: شایەدێک شایەدییدا لە بەنوو ئیسرائیل لەسەر قورئان کە ڕاستەو هەقە، ئنجا ئەو بڕوای هێناو، ئێوەش خۆتان بەزلگرت، بە دڵنیایی خوا کۆمەڵی ستەمکاران، ڕاستە ڕێ ناکات.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَشَهِدَ شَاهِدٌ ﴾، زۆربـەی هـەرە زۆری تەفسـیرەکان، دەڵێـن: مەبەسـت پێـی عەبدوڵـڵای کـوڕی سـەلامە، کـە لـەو بارەوەشـەوە لـە هـۆی هاتنـە خوارەوەکـەی دا، ڕیوایەتێکـمان هێنـا، کـە سـەعدی کـوڕی ئـەبی وەققـاص، گوتوویـەتی: هیـچ کەسـێکم نەبینیـوە لەسـەر زەوی بـڕوا، پێغەمبـەر ﷺ شـایەدیی بەهەشتی بـۆ بـدات، جگـە لـە لـە عەبدوڵـڵای کـوڕی سـەلام، کـە مسـوڵمان بـووەو، ئـەم ئایەتـەش لـە بـارەی ئـەوەوە هاتۆتـە خـوار، هەروەهـا ڕیوایەتێکـی دیکەشـمان هێنـا کـە: (**أحمـد و الطبري و وابـن حبان و والطبراني والحاكـم والسـيوطي**) هێناویانـەو، هـەردوو نووسـەری (**الإسـتيعاب في بيـان الأسـباب**)[1] هێناویانـەو گوتوویانـە: (**هـذا سند صحيح ورجالـه ثقـات**) ئەمـە سـەنەدێکی ڕاسـتەو پیاوەکانیشی متمانـە پێکـراون، بـەڵام ڕایەکـی دیکـە هەیـە، دەڵـێ: کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِّنۢ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ عَلَىٰ مِثْلِهِۦ ﴾، مـەرج نیـە مەبەسـت پێـی کەسـێکی دیارییکـراو بـێ، وەک عەبدوڵـڵای کـوڕی سـەلام، کـە بێگومـان بـەس ئـەو مسـوڵمان نەبـووەو، هـی دیکـەش هەبـوون مسـوڵمان بـوون، لـە زانایـانی جوولەکـەو، نەصرانیـی، بەڵکـو مەبەسـت پێـی هـەر شـایەدێکە شـایەدیی بـدات، لـە بەنـوو ئیسـرائیل، چ عەبدوڵـڵای کـوڕی سـەلام و، چ جگـە لـە ئەویـش لـە جوولەکـەکان کـە دوایـی مسـوڵمان بـوون.

واتـە: شـایەدییدانی زانایـانی جوولەکـە لەسـەر ڕاسـتیی قوڕئـان، بەڵگەیەکـی بەهێزە بـۆ دەمکـوت کـردنی ئەوانـەی بـڕوا بـە قوڕئـان ناهێنـن، لەوانـەی شـارەزای کتێبـەکانی خـوا نیـن، وەک کافـرەکانی ڕۆژگاری پێغەمبـەرو ﷺ هاوبـەش بـۆ خوادانـەرەکان کـە نەشـارەزا بـوون، لـە کتێبـە ئاسـمانییەکان، ئـەوەش یەکێکـە لـە دوو مانایەکـەی (**أميـن**): (**هُـوَ الَّـذِي بَعَـثَ فِي الأُمِّيـينَ رَسُـولًا مِنْهُـمْ**)، (**أميـن**): دوو واتـای هـەن:

أ- نە شارەزایان لە کتێبەکانی خوا.

ب- نە شارەزایان بە خوێندن و نووسین، ئنجا بە هەردوو واتایەکە، کۆمەڵگای ئەوسای پێغەمبەر ﷺ بە گشتیی، (**أمين**) بوون و هەم لە کتێبە ئاسمانییەکان و هەم لە خوێندن

---

(١) ج ٣/ ص ٢٠٥، ٢٠٦

و نووسین نە شارەزا بوون، بەڵام زیاتر پێم وایە مەبەست پێی نەشارەزا لە کتێبە ئاسمانییەکانە، بۆ ئەوانێک کە نەشارەزا بوون لە کتێبە ئاسمانییەکان، وەختێک شارەزایەکی کتێبە ئاسمانییەکان شایەدیی دەدات لەسەر قورئان و بڕوای پێ دێنێ، زیاتر سەغڵەت دەبن و، زیاتر دەچنە ژێر نیشانەی پرسیارەوە، کە ئەو بەو هەموو شارەزایی خۆیەوەو، بەوەوە کە عەقیدەی بووە بەو کتێبە پێشووە، کەچی ئێستا دەست لەو هەڵدەگرێ و، بڕوا بەو کتێبەی دیکەی خوای پەروەردگار دێنێ، لەبەر ئەوەی کتێبەکەی خۆی لادان و گۆڕانی تێدا کراوە، هەروەها چونکە بۆ کاتێکی دیاریکراو و بۆ کۆمەڵگایەکی دیاریکراو، نێردراوە، بەڵام ئەو کتێبە دەستی لێ نەدراوەو دەستی لێ نادرێ، بۆ ئێستاو بۆ دوای ئێستا، تاکو دنیا بە کۆتا دێ، دابەزێنراوە، بۆیە بڕوا بەوە دێنێ، کەچی ئێوە لە نەزانیی خۆتاندا دەمێننەوە، بێ ئەوەی شارەزایی کتێبە ئاسمانییەکانیش بن، هەر ئەوەشە کە وەک لە تەفسیرەکاندا هاتوە، هەندێک لە زانایانی جوولەکەی پاڵ پێوەناوە نکووڵیی بکەن، لەوە کە خوا هیچ کتێبێکی دابەزاند بێ، وەک خوا ﷻ لە سوورەتی (الأنعام)دا، کە کاتی خۆی تەفسیرمان کردوە، دەفەرمووێ: ﴿وَمَا قَدَرُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦٓ إِذْ قَالُوا۟ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَىٰ بَشَرٍ مِّن شَىْءٍ ۗ قُلْ مَنْ أَنزَلَ ٱلْكِتَـٰبَ ٱلَّذِى جَآءَ بِهِۦ مُوسَىٰ نُورًا وَهُدًى لِّلنَّاسِ ۖ تَجْعَلُونَهُۥ قَرَاطِيسَ تُبْدُونَهَا وَتُخْفُونَ كَثِيرًا ۖ وَعُلِّمْتُم مَّا لَمْ تَعْلَمُوٓا۟ أَنتُمْ وَلَآ ءَابَآؤُكُمْ ۖ قُلِ ٱللَّهُ ۖ ثُمَّ ذَرْهُمْ فِى خَوْضِهِمْ يَلْعَبُونَ ﴿٩١﴾﴾ الأنعام، واتە: وەک پێویست ڕێزی خوایان نەگرتوە (و پێگەی بێ وێنەی خوایان دەرک نەکرد)، کە گوتیان: خوا هیچ شتێکی دانەبەزاندوە، پێیان بڵێ: ئەدی کێ ئەو کتێبەی دابەزاند کە مووسا ﷺ هێنای، ڕووناکیی و ڕێنمایی بوو بۆ خەڵک، دەتانکردە بەش بەش، لە لاپەڕانداو، (لە نامیلکاندا، دەتاننووسییەوە و)، هەندێکتان دەردەخست، زۆریشتان پەنهان دەکرد و، خۆتان و باب و باپیرانتان فێری ئەوەکران کە نەتاندەزانی، بڵێ: خوا (ئەو کتێبەی دابەزاندوە، وەک چۆن کتێبەکەی بۆ مووسا ﷺ دابەزاندوە)، دوایی لێیان گەڕێ با لە گومرایی خۆیان دا هەر یاریی و گەمە بکەن.

مەسەلەی چوارەم:

خەیاڵکـردنی کافـرە خـۆ بەزلگـرەکان کـە مـادام ڕەش و ڕووتـەکان پێـش وان بڕوایـان هێنـاوە بـە قورئـان، کەواتـە: قورئـان خێـری پێـوە نیـەو، درۆیەکـی دێرینـە! بەرپەرچدانەوەشـیان بـەوە کـە کتێبەکـەی مووسـاش ﷺ کـە پێشـتر دابەزیـوە پێشـەواو بەزەیـی خـوا بـوو، ئـەم قورئانـەش کتێبێکـی ڕۆشـنە بـۆ ترسـاندنی سـتەمکاران و دڵخۆشـکردنی چاکـەکاران:

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَوْ كَانَ خَيْرًا مَّا سَبَقُونَآ إِلَيْهِ ۚ وَإِذْ لَمْ يَهْتَدُواْ بِهِۦ فَسَيَقُولُونَ هَٰذَآ إِفْكٌ قَدِيمٌ ﴿١١﴾ وَمِن قَبْلِهِۦ كِتَٰبُ مُوسَىٰٓ إِمَامًا وَرَحْمَةً ۚ وَهَٰذَا كِتَٰبٌ مُّصَدِّقٌ لِّسَانًا عَرَبِيًّا لِّيُنذِرَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ وَبُشْرَىٰ لِلْمُحْسِنِينَ ﴿١٢﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە حەوت بڕگەدا:

١)- ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَوْ كَانَ خَيْرًا مَّا سَبَقُونَآ إِلَيْهِ ﴾، ئەوانەی بێبڕوابوون بەوانەی کە بڕوایان هێناوەو گوتیان: ئەگەر ئەو (قورئان)ە چاک بووایە، ئەوان پێش ئێمە نەدەکەوتنەوە (لە بڕواپێهێنانیدا).

٢)- ﴿ وَإِذْ لَمْ يَهْتَدُواْ بِهِۦ فَسَيَقُولُونَ هَٰذَآ إِفْكٌ قَدِيمٌ ﴾، ئنجا بەهۆی ئەوەوە کە ڕێی ڕاستگرتوو نەبوون (بە هۆی قورئانەوە) لەمەودوا دەڵێن: ئەمە درۆیەکی دێرینە، هەڵبەتە ئەم قسەیان لەوەوە هەڵدەقوڵێ، کە زۆر سەرسام بوون بە خۆیان و خەڵکی دیکەیان بەکەم گرتوە، بە تایبەت خەڵکی ڕەش و ڕووتی کە بڕوایان بە پێغەمبەر ﷺ هێناوە، وەک لە ئایەتەکەی پێشێش دا فەرمووی: ﴿ فَـَٔامَنَ وَٱسْتَكْبَرْتُمْ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٠﴾ ﴾، ئەو بڕوای هێناو ئێوە خۆتان بەزلگرت، ئنجا لە ئەنجامی ئەو خۆ بەزلگرییەیاندا، گوتوویانە: ئەگەر ئەم قورئان و ئیسلامە چاک بووایە، ئەو ڕەش و ڕووتە دواکەتوو و داماوانە، پێش ئێمە نەدەکەوتنەوە، ئێمە لەوان عاقڵترین، ئێمە لەوان باشتر تێ دەگەین، ئێمە لەوان باشتر بەرەو خێرو چاکە دەچین، کەواتە: ڕاناوی

کۆ (جمع) لە: ﴿ مَّا سَبَقُونَآ إِلَيۡهِ ﴾دا، (عَائِدٌ إلى غَيْرِ مَذْكُورٍ فِي الآيَة، لِكِنَّهُ مَذْكُورٌ فِي كَلَامِ الكُفَّارِ، وَهُمْ المُسْتَضْعَفُون)، ئەم ڕاناوە دەچێتە بۆ شتێک کە لە ئایەتەکەدا باس نەکراوە، بەڵام بە سیاق دەزانرێ لە قسەی کافرەکان داو، مەبەستیان چەوساوەکانە، وەک (بیلال و سوهەیب و زەنیرەو یاسیرو عەمماری کوڕی یاسیرو سومەییە)، خوا لێیان ڕازی بێ، کە یان کۆیلە بوون و، یان هەژارو نەدار بوون، یاخود غەریب بوون، وەک بیلال کە حەبەشەیی بووەو، سوهەیب کە ڕۆمیی بووە، بە چاوی کەم تەماشایان کردوون.

کە دەفەرموێ: ﴿ وَإِذۡ لَمۡ يَهۡتَدُواْ بِهِۦ ﴾، (إذ: ظَرْفٌ أُشْرِبَ مَعْنَى الشَّرْطِ، إذَا دَخَلَتِ الفَاء عَلَى جَوابِهِ، فَسَيَقُولُون هَـذَا إِفْكٌ قَدِيـم)، (إذ) زەرفەو بۆ ڕابردوویە، واتە: کاتێک کە شتێکی تێدا نەنجامدراوە، بەڵام لێرەدا مانای مەرجی خراوەتە نێو، هەر بۆیەش پیتی (ف) خراوەتە سەر وەڵامەکەی: ﴿ وَإِذۡ لَمۡ يَهۡتَدُواْ بِهِۦ فَسَيَقُولُونَ هَٰذَآ إِفۡكٞ قَدِيمٞ ﴾، واتە: (وإنْ لَمْ يَهْتَدُوا بِهِ)، بە هۆی ئەوەوەو لە ئەنجامی ئەوەدا کە لێی بەهرەمەند نەبوون وەک ڕێنمایی، ﴿ فَسَيَقُولُونَ هَٰذَآ إِفۡكٞ قَدِيمٞ ﴾، دەڵێن: ئەمە درۆیەکی دێرینە، وشەی (إفك) بە مانای هەڵگێڕدراوە دێ، ئنجا لەبەر ئەوەی درۆش قسەیەکە هەڵدەگێڕدرێتەوەو ڕاست نیە، (إفك) بە مانای درۆ بەکارهاتوە لە قورئاندا، هەروەها بە مانای شیرکیش هاتوەو، بە مانای ستەمیش هاتوەو، بە مانای کوفریش هاتوە، کەواتە: (فَسَيَقُولُون)، وەڵامی مەرجەکەیە، ﴿ وَإِذۡ لَمۡ يَهۡتَدُواْ بِهِۦ ﴾.

دەشگونجێ (إذْ) بۆ هۆکار دۆزیی (تعليل) بێ، یانی: لە ئەنجامی ئەوەدا کە بەهۆی قورئانەوە ڕێی ڕاستگرتوو نەبوون و لێی بەهرەمەند نەبوون، دەڵێن: ئەمە درۆیەکی دێرینە، وەک پێشینان گوتوویانە: (دەمی نایگاتێ دەڵێ: ترشە)، دوایی خوا ﷻ بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەوەیان دەفەرموێ:

٣)- ﴿ وَمِن قَبۡلِهِۦ كِتَٰبُ مُوسَىٰٓ ﴾، لە پێش ئەم (قورئان)ەشدا، کتێبەکەی مووسا عليه السلام هەبوو، (کە تەوراتە).

٤)- ﴿ إِمَامًا وَرَحْمَةً ﴾، هەم پێشەوا بوو، هەم بەزەیی بوو.

ئەمە بەرپەرچدانەوەی نکووڵییکردنیانە لەوەی وەحیی بۆ موحەممەد ﷺ بێ، بەوە کە لە پێش وەحیی نێردران بۆ موحەممەددا ﷺ، وەحیی بۆ مووسا علیه السلام هاتووە، لە پێش کتێبەکەی موحەممەدیش دا ﷺ کە قورئانە، کتێب بۆ مووسا علیه السلام دابەزێنراوە، لە قورئاندا زۆرجار باسی مووساو کتێبەکەی کراوە، چونکە گەلی جوولەکە:

یەکەم: گەلێکی زۆر دێرین بوون، لە پێش ڕۆژگاری پێغەمبەردا ﷺ کە ئەو کاتە بە لای کەمەوە هەزارو پێنجسەد (١٥٠٠) ساڵ بەسەر تەمەنی مووساو دابەزێنرانی تەوراتدا تێپەڕیوە.

دووەم: گەلێکی زۆر دەستگرتووش بوون بە دینی خۆیانەوەو، تارادەیەکی زۆر پاراستوویانە، هەڵبەتە کتێبەکەیان دەستکاریی کراوە، بەڵام زۆر دەمارگیربوون بۆ ئایینەکەی خۆیان و ناودرابوون، لە هەموو دنیاشدا ناویان هەبووە، بۆیە خوا ﷻ زۆر باسی مووساو باسی کتێبەکەی دەکات.

٥)- ﴿ وَهَٰذَا كِتَٰبٌ مُّصَدِّقٌ ﴾، ئەمەش کتێبێکی بەڕاستدانەرە، (**الْمُصَدِّقُ: الْمُخْبِرُ بِصِدْقِ غَيْرِهِ، وَحُذِفَ مَفْعُولُهُ لِيَشْمُلَ كُلَّ الْكُتُبِ السَّمَاوِيَّةِ**)، ئەیفەرمووە: بەڕاستدانەری چی و بەرکار (**مفعول به**)ەکەی قرتێنراوە، یانی: بەڕاستدانەرە بۆ هەموو کتێبەکانی خوا، کە پێش وی هاتوون، وەک لە شوێنەکانی دیکەدا فەرموویەتی.

٦)- ﴿ لِّسَانًا عَرَبِيًّا ﴾، بە زمانی عەرەبییە، کە دەفەرموێ: ﴿ لِّسَانًا عَرَبِيًّا ﴾، (**الْمُرَادُ عَرَبِيَّةُ أَلْفَاظِهِ لَا غَيْرُ**) واتە: بێژەکانی بە زمانی عەرەبیین، نەک نێوەڕۆکەکەی و مانایەکەی، بەو واتایە ئەگەر عەرەبیی پاڵ بدرێتە لای گەلی عەرەب، هەر ئەوەیە کە بێژەکانی بە زمانی ئەو نەتەوەیەن، نەک ماناو مەبەستەکانی، چونکە گەلی عەرەب گەلێکی زۆر بێسەروبەر بوون، ماناو مەبەستی وایان نەبووە کە خوای پەروەردگار لێیان وەربگرێ، بەڵام مەبەست ئەوەیە بێژەکانی بە زمانی عەرەبیین، باشتریش لەو واتایە ئەوەیە، کە بگوترێ:

﴿ لِسَانًا عَرَبِيًّا ﴾، واتە: زمانێکی ڕۆشن، نەک زمانی نەتەوەی عەرەب، هەڵبەتە (عربي) لە شوێنی دیکەدا دەگونجێ بە زمانی نەتەوەی عەرەبیش لێک بدرێتەوە، بەڵام لێرەداو لە زۆر شوێنی دیکەدا، بە مانای زمانێکی ڕۆشنە، چونکە (**راغب الأصفهاني**) دەڵێ: (**العَرَبِي: الفَصِيْح البيِّنُ مِنَ الكَلَامِ، يُقَالُ: مَا بِالدّارِ عَرِيْبٌ أي: أَحَدٌ مُعْرِبٌ عَنْ نَفْسِهِ، وَامْرأةٌ عَرُوبَةٌ: مُعْرِبَةٌ بِحَالِهَا عَنْ عِفْتِهَا وَمَحِبَّة زَوْجِهَا، جَمْعُهَا: عُرُبٌ: [عُرُبًا أَتْرَابًا]**)[1].

واتـە: (**العـربي**) واتـە: زمانێکـی ڕوونی ڕۆشـن، دەگوتـرێ: (**مَـا بِالـدّار عَرِيْـبٌ**) واتـە: کـەس لـە ماڵەکـە نیـە، کـە ئـەوەی لـە دەروونیدایـە دەری ببـڕێ، هەروەهـا دەگوترێ: (**امْـرَأَةٌ عَرُوبَـةٌ**) واتـە: بـە حاڵـی خـۆی تەعبیـر دەکات لـە پاکیـی و، خۆشەویسـتیی بـۆ هاوسـەرەکەی، کـە بـە (**عُـرُبٌ**) کـۆ دەکرێتـەوە، خـوای پـەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ عُرُبًا أَتْرَابًا ۝٣٧ ﴾ **الواقعة**، هەروەهـا ڕاغیـب، دەڵـێ: (**حُكْمًا عَرَبِيًا قِيْلَ: مَعْنَاهُ مُفْصِحًا يُحِقُّ الحَـقَّ وُيُبْطِـل البَاطِـلَ**)، واتـە: حیکمەتێکـی زۆر ڕوونـە، کـە هـەق دەچەسـپێنێ و ناهـەق دەپووچێنێتـەوە، کەواتـە: لێـرەدا کە دەفەرمـوێ: ﴿ لِسَانًا عَرَبِيًّا ﴾، (**لِسَـان**) بە مانـای زمانێکـی ڕۆشـنە، ئنجـا ئەمـە حاڵـە بـۆ (**كِتَـاب**) یـانی: لـە حاڵێـک دا کتێبەکـە بـە زمانێکـی ڕۆشـن بـێ پێـچ و پەنـا هاتـوە، بۆچـی؟

٧)- ﴿ لِّيُنذِرَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ وَبُشْرَىٰ لِلْمُحْسِنِينَ ﴾، تاکو ئەوانەی ستەمیان کردوە پێی بترسێنی و، موژدەو دڵخۆشییشە بۆ چاکەکاران، (**لِتُنْذِرَ بِهِ**) خوێنراویشەتەوە: (**لِيُنْذِرَ بِهِ**)، بۆ ئەوە پێی بترسێنێ، پێغەمبەر ﷺ وریا کەرەوەی خەڵکە بە گشتیی، تاکو بێبڕوایەکان بە تایبەتیی پێی بترسێندرێن و وریا بکرێنەوەو، موژدەشە بۆ چاکەکاران.

---

[1] ص٥٥٧.

مەسەلەی پێنجەم و کۆتایی:

ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە بڕوادارانی دامەزراو، نە ترسی داهاتوو و، نە پەژارەو خەمی ڕابردوویان هەیەو، خاوەنی بەهەشت دەبن و، تێیدا هەمیشەیی دەبن، وەک پاداشتی کردەوەکانیان:

خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُوا۟ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسْتَقَٰمُوا۟ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿١٣﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ خَٰلِدِينَ فِيهَا جَزَآءًۢ بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٤﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُوا۟ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسْتَقَٰمُوا۟ ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی گوتیان: پەروەردگارمان خوایە، دوایی ڕاوەستاوو دامەزراویش بوون.

وشەی (رَبّ) بە مانای بەدیهێنەرو خاوەن و مشوورخۆرو پەرستراوو بەرنامە دانەرو، حوکمڕان دێ، پەروەردگارمان خوایە، واتە: بەدیهێنەرو، خاوەن و، مشوورخۆرو، پەرستراوو، پشت پێ بەستراوو، سەرپەرشتیارمان و، پشت و پەنامان، خوایە.

﴿ ثُمَّ ٱسْتَقَٰمُوا۟ ﴾، (ثُمَّ: للتَّرَاخِي الرُّتْبِيّ)، (ثم) بۆ ڕیزبەندیی پلە پلەییە، (لِأنَّ **الإسْتِقَامَة أَشَقّ مِنْ حُصُولِ الإيمَان، لاحتِيَاجِهَا إلى تَكَرُّر مُرَاقَبَة النَّفْس**)، لەبەر ئەوەی ڕاست وەستاوی و، نەلەخشاویی، قورسترە لە پەیدابوونی ئیمان، چونکە ڕاست وەستاویی و نە لەخشاویی و دامەزراویی پێویستیی بەوە هەیە، کە بەردەوام چاودێریی بکرێ، ئینسان بەردەوام ئاگای لە خۆی بێ.

٢)- ﴿ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴾، نە ترسیان لەسەرەو، نە خەمباریش دەبن، ترسیان لەسەر نیە بۆ ڕابردوو و، خەمباریش نابن لە داهاتوودا، بۆیە بۆ (**خَوْف**) فەرموویەتی: ﴿ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ ﴾، چونکە ڕابردووەکە تێپەڕیوە، هیچ ترسیان لەسەر

نیە، بە نسبەت ڕابردووەوەو با نەترسێن، چونکە ئەوەی پەرێزی پاکە بێ باکە، بەڵام نەبوونی خەم و پەژارەی بە (فِعْلُ المُضَارِع) هێناوە، کە تازەبوونەوە دەگەیەنێ، لە داهاتوودا خەمبارو پەژارەدارو دڵتەنگ نابن.

٣)- ﴿أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِ خَٰلِدِينَ فِيهَا﴾، ئەوانە هاوەڵانی بەهەشتن، بە هەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە، واتە: هەمیشە لە بەهەشت دان، وشەی (أَصْحَاب) کۆی (صَاحِب)ە، لە ئەصڵدا بە مانای شتێک دێ کە لە شتێک جیانابێتەوەو، دوایی بە مانای هاوەڵ و ڕەفیق دێ، بەڵام بە مانای خاوەنیش دێ (صَاحِبُ الدّار)، واتە: خاوەنی ماڵ و خانووەکە، لە سۆنگەی ئەوەوە کە خاوەنیش لە ئەو شتەی خاوەنیەتی جیا نابێتەوەو، ئنجا ئەوانە، چ هاوەڵی بە هەشت بن، چ خاوەنی بەهەشت بن، بە هەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە.

٤)- ﴿جَزَآءَۢ بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ﴾، لە پاداشتی ئەوەدا کە دەیانکردو، ئەنجامیان دەدا.

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی ئێمە لەو کەسانە بگێڕێ کە دەڵێن: (رَبُّنَا اللە)، دواییش ڕاوەستاو نەلەخشاو دەبن لەسەر گوتنی ئەو وشەیەو، لەسەر ماناو چەمکە فراوان و گەورەو گرنگەکانی ئەم وشەیەو، لەسەر کارکردن بەم وشەیە، هەم لە ژیانی تاکییمان و، هەم لە ژیانی خێزانیی و، هەم لە ژیانی کۆمەڵایەتیی و، سیاسییمان دا، بە دڵنیایی گوتنی: (رَبُّنَا اللە) بەرنامەیە بۆ ژیان، پەیڕەوێکەو ڕێبازێکە مرۆڤ حاڵیی دەکات، دەبێ چۆن بژی و، تێیدەگەیەنێ لە کوێ هاتووەو، بۆچی هاتووەو، بۆ کوێ دەچێ؟ ئەگەر تۆ بەس خوا پەروەردگارت و خاوەنت بێ، بەس خوا بە هەمەکارەو سەرپەرشتیارو پەرستراو مشوورخۆری خۆت بزانی و، تەنیا خوا پشت پێ بەستراوت بێ و، خوای کاربەجێ بە حوکمڕان و بە بەرنامە ڕێژی خۆت دابنێی، ئا ئەوە لێت حاڵیی دەکات دەبێت چۆن بژی؟ لەبەر تیشکی ئەو فەرمایشتەدا کە ناردوویەتی و، ڕێبازی ئەو پێغەمبەرەدا کە جێبەجێکردنی ئەو فەرمایشتەی پێ سپاردووە، خوا ﷻ لەو کەسانەمان بگێڕێ کە دەڵێن: (رَبُّنَا اللە)و دواییش دامەزراو نەلەخشاو دەبن، لەسەر ئەو ڕاستە

شـەقامەو مسـوڵمانەتیی و دینداریيەکـی ڕاسـت و سـاغ و هاوسـەنگانەی دوور لـە زێدەڕۆیـی و کورتهێنـان (**إفـراط وتفریـط**)و، سـەختگیریی و شـلگیریی دەکـەن و، هەمیشـە شـەرعڕەو دەبـن دوور لـە: توندڕەویـی و شـلڕەویی.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی دووەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـە لـە شـەش ئایـەت پێـک دێ، ئایەتـەکانی: (١٥ - ٢٠)، کـە پێنـج ئایەتیـان، ئایەتـەکانی: (١٥ - ١٩)، لـە بـارەی بـەراوردی نێـوان دوو جـۆرە کەسـەوەن، کـە پێچەوانـەی یەکدیـن و، یەکەمیـان: بـڕوادارە بـە خـواو بـە فریشـتەکانی و، بە ڕۆژی دوایـی و، بـە کتێبـەکانی و بـە پێغەمبـەران و، چاکەکاریشـە لەگـەڵ بـاب و دایکیـدا، وەک ئەنجامێکـی ئاسایی و دەرەنجامێکـی سرووشـتیی ئیـمان و، سـەرەنجامیشی خێرە لـە دنیـاو دوارۆژدا، دووەمیشـیان: بێبڕوایـەو، لەگـەڵ بـاب و دایکیشـیدا لاسـارەو، یاخییـەو، زیانبـارو مـاڵ وێرانیشـە لـە دنیـاو دوارۆژدا.

دیـارە هـەر کەسـە لـەو دوو جـۆرە لـە ڕۆژی دواییـدا، پلـەو پێگـەی پـڕ بـە پێسـتی خـۆی پـێ دەدرێ و، سـتەم لـە هیـچ کامیـان ناکـرێ، نـە یەکەمیـان بـە کەمکردنـەوەی پاداشـتەکەی، نـە دووەمیـان بـە زیـاد کـردنی سـزایەکەی، زیـاد لە ئەنـدازەی پێویسـتی خۆی.

ئایـەتی کۆتاییـش ئایـەتی ژمـارە: (٢٠) لـە بـارەی بێبڕوایانێکـی خۆشـگوزەرانی خـۆ بەزلگرەوەیـە، کـە لـە قیامەتـدا سـزای ڕیسـواکەر دەچێـژن، بـە هـۆی خـۆ بەزلگریـی و، لادان و تاوانـەوە کـە لـە دنیـادا ئەنجامیانـداوە.

﴿ وَوَصَّيْنَا ٱلْإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيْهِ إِحْسَٰنًا ۖ حَمَلَتْهُ أُمُّهُۥ كُرْهًا وَوَضَعَتْهُ كُرْهًا ۖ وَحَمْلُهُۥ وَفِصَٰلُهُۥ
ثَلَٰثُونَ شَهْرًا ۚ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ أَشُدَّهُۥ وَبَلَغَ أَرْبَعِينَ سَنَةً قَالَ رَبِّ أَوْزِعْنِىٓ أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ ٱلَّتِىٓ
أَنْعَمْتَ عَلَىَّ وَعَلَىٰ وَٰلِدَىَّ وَأَنْ أَعْمَلَ صَٰلِحًا تَرْضَىٰهُ وَأَصْلِحْ لِى فِى ذُرِّيَّتِىٓ ۖ إِنِّى تُبْتُ إِلَيْكَ
وَإِنِّى مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿١٥﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ نَتَقَبَّلُ عَنْهُمْ أَحْسَنَ مَا عَمِلُوا۟ وَنَتَجَاوَزُ عَن سَيِّـَٔاتِهِمْ
فِىٓ أَصْحَٰبِ ٱلْجَنَّةِ ۖ وَعْدَ ٱلصِّدْقِ ٱلَّذِى كَانُوا۟ يُوعَدُونَ ﴿١٦﴾ وَٱلَّذِى قَالَ لِوَٰلِدَيْهِ أُفٍّ لَّكُمَآ

أَتَعِدَانِنِيٓ أَنۡ أُخۡرَجَ وَقَدۡ خَلَتِ ٱلۡقُرُونُ مِن قَبۡلِي وَهُمَا يَسۡتَغِيثَانِ ٱللَّهَ وَيۡلَكَ ءَامِنۡ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ
حَقّٞ فَيَقُولُ مَا هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلۡأَوَّلِينَ ﴿١٧﴾ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ حَقَّ عَلَيۡهِمُ ٱلۡقَوۡلُ فِيٓ أُمَمٖ قَدۡ
خَلَتۡ مِن قَبۡلِهِم مِّنَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِۖ إِنَّهُمۡ كَانُواْ خَٰسِرِينَ ﴿١٨﴾ وَلِكُلّٖ دَرَجَٰتٞ مِّمَّا عَمِلُواْۖ وَلِيُوَفِّيَهُمۡ
أَعۡمَٰلَهُمۡ وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ ﴿١٩﴾ وَيَوۡمَ يُعۡرَضُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ عَلَى ٱلنَّارِ أَذۡهَبۡتُمۡ طَيِّبَٰتِكُمۡ فِي حَيَاتِكُمُ
ٱلدُّنۡيَا وَٱسۡتَمۡتَعۡتُم بِهَا فَٱلۡيَوۡمَ تُجۡزَوۡنَ عَذَابَ ٱلۡهُونِ بِمَا كُنتُمۡ تَسۡتَكۡبِرُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّ
وَبِمَا كُنتُمۡ تَفۡسُقُونَ ﴿٢٠﴾﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{هەروەها مرۆڤیشمان بە چاکەکاریی لەگەڵ باب و دایکیدا ڕاسپارد، دایکی بە ڕەنج و زەحمەت (لە سکیدا) هەڵیگرت و، بە ڕەنج و زەحمەتیش بووی (داینا)، هەروەها (لە سکدا) هەڵگرتنی و لە شیر بڕینەوەی (ماوەی) سی مانگی خایاند، هەتا کاتێکیش گەیشتە ئەوپەڕی پێگەیشتن و توانای و، تەمەنی گەیشتە چل ساڵ (لە خوا پاڕایەوە) گوتی: پەروەردگارم! وام لێبکە (بیخە دڵم) سوپاسی ئەو چاکەیەت بکەم، کە بە خۆم و بە باب و دایکمت داوەو، (وام لێبکە) کردەوەی چاکی وا بکەم، تۆ پەسەندی بکەی، هەروەها لە وەچەکەمدا چاکسازییم بۆ بکەو (ڕۆڵەکانم بۆ چاک بکە)، بە دڵنیایی من بۆ لای تۆ گەڕاومەوەو، بێگومان من لە ملکەچانم (بۆ تۆ) ﴿١٥﴾ ئەوانە کەسانێکن باشترینی ئەوەی کردوویانە، لێیان وەردەگرین و، لە نێو هاوەڵانی بەهەشتدا خراپەکانیان دەبوێرین (ئەمەش) ئەو بەڵێنە ڕاستەیە کە پێیان درابوو ﴿١٦﴾ ئەو (جۆرە) کەسەش (زۆر خراپە) کە بە باب و دایکی گوت: بێزاریی (لە لایەن منەوە) بۆ ئێوە، ئایا گفتم پێدەدەن کە (لە گۆڕ) دەربهێنرێمەوە، لە حاڵێکدا کە سەدەکان لە پێش مندا ڕابردوون (و کەس لە گۆڕستان نەهاتۆتەوە)؟ ئەوانیش هاواریان

دەکردە خوا (دەیانگوت): هاوار بۆ تۆ، (سزا بۆ تۆ) بڕوابێنە! بێگومان بەڵێنی خوا چەسپاوە (ڕاستە)، ئەویش دەیگوت: ئەوە تەنیا ئەفسانەی ڕابردووانە ﴿١٧﴾ ئەوانە کەسانێکن قسە (و بڕیاری خوا)یان لەسەر چەسپاوە (کە دەبێ سزا بدرێن) بە هۆی بێبڕوایی و خراپەیانەوە، لە نێو ڕیزی کۆمەڵانێکی لە پێش واندا ڕابردوودا لە جندو مرۆڤ، بە دڵنیایی ئەوان زیانبار بوون ﴿١٨﴾ بۆ هەر کامیش لەوان، بەپێی ئەوەی کردوویانە پلەو پێگە (پڕ بە پێست)کان هەن، بۆ ئەوەی (خوا) بە تەواویی سزاو پاداشتی کردەوەکانیان بداتەوە، لە حاڵێکدا کە هیچ ستەمیان لێ ناکرێ ﴿١٩﴾ ئەو ڕۆژەش (زۆر سەخت و دژوارە) کە ئەوانەی بێبڕوان لەسەر ئاگر (ی دۆزەخ) ڕادەنوێنرێن (پێیان دەگوترێ:) لە ژیانی دنیاتاندا بژیوە خۆشەکانتانتان براندن (تەواوتان کردن)و، لێیان بەهرەمەند بوون، بۆیەش ئەمڕۆ ئازاری ڕیسوایی دەدرێن، بە هۆی ئەوەوە کە بە ناهەق خۆبەزلگرییتان لە زەویدا دەکردو، بە هۆی ئەوەوەش کە لادان (و تاوان)تان دەکرد ﴿٢٠﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(كُرْهًا): (الكَرْهُ وَالكُرْهُ وَاحِدٌ، أَوِ الكَرْهُ: المَشَقَّةُ الَّتِي تَنَالُ الإِنْسَانَ مِنْ خَارِجٍ فِيمَا يُحْمَلُ عَلَيْهِ بِإِكْرَاهٍ، وَالكُرْهُ: مَا يَنَالُهُ مِنْ ذَاتِهِ)، (كَرْه): بە مانای ڕەنج و زەحمەت و، بە مانای شتێک کە نەویستراوو ناخۆشویستراو بێ، زۆرێک لە زانایان گوتوویانە: (كَرْهُ وكُرْهُ) واتایان یەکە، هەندێکیش گوتوویانە: (كَرْه) ئەو ڕەنج و ناڕەحەتییەیە کە تووشی مرۆڤ دێ، لە دەرەوەی خۆیەوە دەخرێتە سەری، بە ناچارکران، (كُرْه) یش بریتیە لەو ناڕەحەتییەی مرۆڤ وەک سرووشت و خودی خۆی پێی ناخۆشە، نەک کەسێک لە دەرەوە لەسەری پێویست بکات، بۆ وێنە: جۆرە خواردنێکی پێ ناخۆشەو، جۆرە حاڵەتێکی لە زاتی خۆیدا پێ ناخۆشە.

(وَفِصَالُهُ): (الفِصَالُ: التَّفْرِيقُ بَيْنَ الصَّبِيِّ وَالرَّضَاعِ)، (فِصَال): بریتیە لە شیر بڕینەوەی منداڵ، منداڵی شیرە خۆرە لە مەمک بڕینەوەی، واتە: وای لێ بکرێ کە شیری مەمکی دایکی نەمژێ، شیر نەخوات، ئەو قۆناغە بگوزەرێنێ، (فِطَام) یشی پێ دەگوترێ، وەک (البوصيري) دەڵێ: (وَالنَّفْسُ كَالطِّفْلِ إِنْ تُهْمِلْهُ شَبَّ عَلَى حُبِّ الرَّضَاعِ، وَإِنْ تَفْطِمْهُ يَنْفَطِمِ)، نەفس وەک منداڵ وایە، ئەگەر لێی گەڕێی دەبێتە گەنج هەر مەمک مژینی پێخۆشەو، هەر شیر خواردنی پێ خۆشە، بەڵام ئەگەر لێشی وەبڕی، لێ دەبڕێتەوە.

(أَشُدَّهُ): (أَشُدَّ) زانایان بە دوو شێوە شیانکردۆتەوە، هەندێکیان گوتوویانە: (أَشُدَّ: جَمْعٌ لَا وَاحِدَ لَهُ مِنْ لَفْظِهِ)، وشەیەکە کۆیە، بەڵام تاکی نیە لەبێژەی خۆی، (بە مانای ئەو پەڕی تواناو هێز)، هەندێکیش گوتوویانە: (أَشُدَّ) کۆی (شِدَّة)یە، وەک (أَنْعُمْ وَنِعْمَة)، (أَنْعُمْ) چاکەکان، (نِعْمَة) چاکە، بەڵام (الرَّازِي)، دەڵێ: (أَنْعُمْ جَمْعُ

نُعُمْ)[1]، (أَنْعُمْ) کۆی (نُعْم)ە، نەک کۆی (نِعْمَة) بێ، گوتراویشە: تاکی (أَشُدّ) بریتیە لە (شَدّ، مِثْلُ كَلْب وَأَكْلُب)، هەندێکی دیکەش گوتوویانە: تاکی (أَشُدّ) بریتیە لە (شِدّ) وەک (ذِئْبٌ أَذْئب)، هەرچۆن بێ، (أَشُدُّ) چ تاکی هەبێ و، تاکەکەی (شُدّ) بێ، وەک (نُعْم)، یان (شِدَّة)ەبێ وەک (نِعْمة)، یاخود (شَدّ)بێ وەک (كَلْب)، یاخود (شِدّ)بێ وەک (ذِئْب)، یان وەک (الرَّازي) دەڵێ: ڕاست نەبێ و (أَشُدّ) تاکی نەبێ، چونکە (أَنْعُمْ) کۆی (نُعْم)ە، نەک (نِعْمة)، تاکو بڵێی: کۆی (شِدَّة) (أَشُدّ)ە، بەڵکو ناوێکی کۆ بێ و تاکی نەبێ، بە مانای ئەوپەڕی تواناو هێزە.

(أَوۡزِعۡنِيٓ): زانایان هەموویان بە (أَلهِمْني) لێکیان داوەتەوە، واتە: خورپەم بۆ بکە، وام لێبکەو، وا دارم بکە، ئنجا (وَزَعَهُ أي: كَفَّهُ، أَوْزَعَهُ بِالشَّيءِ: أَغْرَاهُ بِهِ)، (وَزَعَهُ: كَفَّهُ) واتە: نەیهێشت، بەڵام (أَوْزَعَهُ بِالشَّيءِ) واتە: (أَغْرَاهُ بِه) تیژی کرد لەو شتەو، هانیدا بۆی، دەگوترێ: (اسْتَوْزَعْتُ الله شُكرهُ، فَأَوْزَعَني: اسْتَلْهَمْتُهُ أنْ أشْكُرَهُ فَأَلْهَمَنِي شُكْرَهُ)[2]، واتە: داوام لە خوا کرد خورپەم بۆ بکات، سوپاسگوزاریی بکەم، ئەویش خورپەی بۆ کردم و سوپاسگوزارییم کرد، هەندێکیش گوتوویانە: (أَوْزِعْنِي) هەمزەکە بۆ لابردنی (وَزَعَ)یە، یانی: (كَفّ)، کەواتە: (أَوْزِعْنِي) واتە: وام لێبکە کە سوپاس نەکردنم تێدانەمێنێ و وام لێبکە سوپاسگوزار بم، چونکە هەمزەکە بۆ لابردنی مانای کردارەکەیە کە بە (ثُلَاثِي) دێ، (وَزَعَهُ: كَفَّه)، (أَوْزَعَهُ) واتە: نەهێشتنەکەی تێدا لابرد، ئنجا کە نەهێشتنی سوپاسگوزاریی تێدا لابرد، مانای وایە سوپاسگوزاریی تێدا هاتۆتە دێ.

(أُفّٖ): (أُفٌ لَهُ: وَأُفًّا وَأُفَّةً، أي: قَذَرًا، وَأَفَّفَ تَأْفِيْفًا قَالَ: أُفٌ)، دەگوترێ: (أُفًّا لَهُ وَأُفَّةً) واتە: پیسیی (أَفَّفَ تَأْفِيْفًا) واتە: گوتی: ئوفف، (أُفّ)یش بە چڵکی گوێ دەگوترێ و، بە شتی پیس دەگوترێ، کەواتە: کە ئەو وشەیە بەکاردەهێنرێ، مانای وایە بێزاریی دەردەبڕێ لەو شتەی بەرانبەری بەکاردەهێنرێ، کە خوا

---

(١) مختار الصحاح: ص٣٣٢.

(٢) مختار الصحاح، ص٧٤٠.

دەفەرمـوێ: ﴿ فَلَا تَقُل لَّهُمَآ أُفٍّ ﴿٢٣﴾ ﴾ الإسراء، ئـۆف بـە بـاب و دایكـت مەڵـێ، واتـە: بێزارییـان لـێ دەرمەبـڕە.

(يَسْتَغِيثَانِ ٱللَّهَ): واتـە: هانـا دەبەنـە بـەر خـوا، هـاوار دەكەنـە خـوا، (الغَـوْثُ فِي النُّـصْرَةِ، وَالغَيْـثُ فِي المَطَـرِ، وَاسْـتَغَثْتُهُ: طَلَبْتُـهُ الغَـوْثَ أو الغَيْـثَ)، وشـەی (غَـوْث) بـۆ یارمەتییدانـەو، وشـەی (غَيْـث) بـۆ بارانـە، (اسْـتَغَثْتُهُ) داوای یارمەتیـی و لـە فریـا هاتنـم لێكـرد، یاخـود داوای بـاران بارینـم لێكـرد.

(وَيْلَكَ): (وَيْـل مِثْـلُ وَيْـح، إلاَّ أنَّهَـا كَلِمَـةُ عَـذَابٍ، وَالوَيْـلُ: وَادٍ فِي جَهَنَّـمْ)[1]، (وَيْـل) وەک (وَيْـح)ە، بـەڵام وشـەی سـزاو ئـازارە (وَيلـك)، (وَيْحَـكَ): واتـە: بـێ قـەزا بـی، وەک لـە كوردەواریـی خۆمانـدا دەڵێیـن: (بێمـزەڕەت بـی)، یـان (مـاڵ وێـران بی)، كـە مەبەسـت خـودی واتایەكـە نیـە، بەڵكـو ئـەوە جۆرێـک لـە ناڕەزایـی دەربڕینـە، (وَيْل) دۆڵێكـە، شـیوێكە لـە نێـو دۆزەخـدا.

(يُعْرَضُ): واتـە: ڕادەنوێـنرێ، (عَـرَضَ الـشَّيءَ: أظْهَـرَهُ فَظَهَـرَ)، واتـە: شـتەكەی عـەرز كـرد، واتـە: دەری خسـت و دەركـەوت، (عَرَضْنَـا جَهَنَّـمَ: أبْرَزْنَـا) واتـە: دۆزەخـمان دیارخسـت، ئاشـكرا كـرد، (إسْتَعْرَضَهُ: قَـالَ لَـهُ: اعْـرِضْ عَـلَيَّ مَـا عِنْـدَكَ)، واتـە: پێیگـوت: ئـەوەی لەلاتـە پێشـانم بـدە، (مَعْـرِض) ئـەو شـوێنەیە شـتی لـێ عـەرز دەكـرێ، كـە بـە (مَعَـارِض) كـۆ دەكرێتـەوە، خەڵـک بـە هەڵـە دەڵێـن: (مَعـرَض) و ئەصڵـی خـۆی (مَعْـرِض)ە، واتـە: ئـەو شـوێنەی شـتی لـێ ڕادەنوێـنرێ و پێشـان دەدرێ.

(عَذَابَ ٱلْهُونِ): (عَـذَاب): بـە مانـای ئـازارو سـزا دێ، (الْهُـوْنُ: مَصْـدَرُ هَـانَ عَلَيْـهِ الـشَّيْءُ يَهُـونُ، أَي: خَـفَّ، وَهَوَّنَـهُ اللهُ: سَـهَّلَهُ وَخَفَّفَـهُ، وَأَهَانَهُ اسْـتَخَفَّ بِـهِ، وَالإِسْـمُ: الْهَوَانُ وَالْمَهَانَـةُ)[2]، (هُـوْن) چاوگـی (هَان)یـە، واتـە: سـووک بـوو، شـتەكەی لەسـەر سـووک بـوو، خـوا ﷻ ئاسـانی كـردو سـووكی كـرد، (أهانـه) بـە كـەم تەماشـای كـرد، ناوەكـەش بریتیـە لـە: (هَـوَانُ وَالْمَهَانَـةُ) هەردووكیـان بـە مانـای بـە سـووک تەماشـاكردنن.

---

(١) مختار الصحاح، ص٧٤٠.

(٢) مختار الصحاح، ص٧٠٥.

هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان

دەربارەی هۆی هاتنە خواری ئەم ئایەتە موبارەکە، کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِى قَالَ لِوَٰلِدَيْهِ أُفٍّ لَّكُمَآ أَتَعِدَانِنِىٓ أَنْ أُخْرَجَ وَقَدْ خَلَتِ ٱلْقُرُونُ مِن قَبْلِى وَهُمَا يَسْتَغِيثَانِ ٱللَّهَ وَيْلَكَ ءَامِنْ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ فَيَقُولُ مَا هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿١٧﴾ ﴾.

زانایان دوو بەسەرهاتیان گێڕاونەوە[1]:

أ)- بەسەرهاتی یەکەمیان، کە بوخاریی هێناویەتی: یوسفی کوڕی ماهەک دەگێڕێتەوە دەڵێ: موعاویە، مەڕوانی کوڕی حەکەمی ڕاسپارد بوو، بەیعەت بۆ یەزیدی کوڕی وەربگرێ، لە خەڵکی مەدینەو لە شارەکانی دیکەش، ئەویش دەچێتە سەر مینبەر، دەڵێ: خوا لە بارەی یەزیدی کوڕیەوە شتی چاکی پێشانی موعاویە داوە، کە بەیعەتی بۆ وەربگرێ! (جارێ بۆ خۆشی هەر لە ژیاندابووە)، کە ببێتە حوکمڕانی مسوڵمانان، عەبدوڕڕەحمانی کوڕی ئەبوو بەکری صیددیق خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ لەوێ دەبێ، دەڵێ: ئایا ئەمە سیستمی هیرەقلایەتییە؟ موعاویە بۆیە یەزید دادەنێ لەبەر ئەوەی کوڕیەتی، ئەگەرنا شایستە نیە، ئنجا مەڕوانی کوڕی حەکەم لە قسەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات دەڵێت: (سُنَّةُ أَبِي بَكْرٍ)، یانی: ئەبوو بەکریش عومەری دانا، (خوا لێیان ڕازی بێ)،

(١) ڕیوایەتێکیان بە ژمارە (٤٨٢٧)دا، بوخاریی گێڕاویەتەوەو ڕیوایەتێکی دیکەیان: أخرجه النسائي في تفسيره: ٥١١، والخطّابي في غريب الحديث (ج٢،ص ٥١٧)، والحاكم في المستدرك (ج٤، ص ٤٨١)، والإسماعيلي في المستخرج كما في الفتح (ج٨، ص ٥٧٦)، وابن أبي خيثمة في تأريخه، وابن مردويه في تفسيره، كما في تخريج الكشاف (ج٣، ص٢٨٢)، وعبد بن حميد وابن المنذر في تفسيريهما كما في الدر المنثور (ج٧، ص٤٤٤) من طرق عن محمد بن زيان به قال الحاكم: هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ عَلَى شَرْطِ الشَّيْخَيْنِ، وَلَمْ يُخْرِجَاهُ وتَعَقَّبَهُ الذهبي بقوله قلت: فيه انقطاع محمد لم يسمع من عائشة، وأخرجه ابن أبي حاتم في تفسيره، كما في فتح الباري (ج٨، ص٥٧٧)، وتفسير القرآن العظيم (ج٤، ص١٧١).

[عومەریش لە نێو شەش کەساندا کردی بە ڕاوێژ]، عەبدوڕڕەحمان دەڵێ: ئەبوو بەکر (هەروەها عومەریش) هیچ کام لە خزمانی خۆیان دا نەنا، {ئەبوو بەکر (خوا لێی ڕازی بێ) نەفەرێکی پێشنیار کرد، کە لە عەشیرەتی خۆی نەبوو، عومەر لە بەنی عەدیی بوو، بەڵام ئەبوو بەکر لە بەنی تەیم بوو، ئنجا لەبەر شایستەییش ئەوی هەر پێشنیار کردبوو، کەواتە: پێوان و قیاسکردنی هەڵوێستەکەی موعاویە بۆ سەر هەڵوێستی ئەبوو بەکر، شتێکی بێ جێیە، عومەریش (خوا لێی ڕازی بێ)، کەسێکی دیاریکراوی دانەنا، بەڵکو ڕایسپارد ئەو شەش کەسە، کە بیستبووی پێغەمبەر ﷺ لێیان ڕازییەو، بە شایستەی دەزانین، لە نێو خۆیاندا یەکێک دابنێن}، ئیدی مەڕوانی کوڕی حەکەم، گوتی: بیگرن، عەبدوڕڕەحمانی کوڕی ئەبوو بەکریش (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ)، چووە ژوورەکەی عائیشە (کە خوشکیەتی)، دیارە پێگەو ڕێزی عائیشەش وابوو (خوا لێی ڕازی بێ) نەتوانن بیگرن.

ب)- بەسەرهاتی دووەم کە **(النسائي والخطّابي والحاكم)** لە موحەممەدی کوڕی زیادەوە هێناویانە، دەڵێ: مەڕوانی کوڕی حەکەم دوای ئەوەی عەبدوڕڕەحمان قسەی کرد، گوتی: ئا ئەوەیە خوا ﷻ ئەو ئایەتەی لە بارەوە ناردۆتە خوار، کە دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِى قَالَ لِوَٰلِدَيْهِ أُفٍّ لَّكُمَآ أَتَعِدَانِنِىٓ أَنْ أُخْرَجَ وَقَدْ خَلَتِ ٱلْقُرُونُ مِن قَبْلِى وَهُمَا يَسْتَغِيثَانِ ٱللَّهَ وَيْلَكَ ءَامِنْ ﴿١٧﴾ ﴾، [باب و دایکی: کە ئەبوو بەکرو **(أم رومان)**ن، مسوڵمان بوون، بەڵام ئەو عەبدوڕڕەحمانە مسوڵمان نەبووەو، بەو شێوەیەی گوتوە، ئەو ئایەتە لە بارەی ئەووەوە هاتۆتە خوار]، بێگومان قسەکانی مەڕوانی کوڕی حەکەم، لە مزگەوتدا بوون و، ژوورەکان (حجرات)ی خێزانەکانی پێغەمبەریش ﷺ بەسەر مزگەوتەوە بوون، عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) بانگی کرد، گوتی: خوا ﷻ هیچی لە بارەی ئێمەوە نەناردۆتە خوار، جگە لە پاکیی من، {کە لە سوورەتی **(النور)**دا، خوا ﷻ شازدە (١٦) ئایەتی ناردوونە خوار، هەر ئەوەی ناردۆتە خوار}، هیچی لە بارەی ئێمەوە دانەبەزاندووەو ئەو قسەیە ڕاست نیە.

ج- لە ڕیوایەتێکدا هاتوە: عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) گوتی: من دەزانم ئەو ئایەتە لە بارەی کێوە هاتۆتە خوارو، ناوەکەی دەزانم، هەروەها لە ڕیوایەتێکدا هاتوە: کە

دایکمان عائیشە گوتی: خوا ﷻ نەفرینی لە بابی مەڕوان کردوە، ئەو کاتە مەڕوان لە سکی دایکیدا بووەو، ئەویش لەو نەفرینەی لێ پرژاوە!"[1].

مانای گشتیی ئایەتەکان

لێرەدا خوا ﷻ وێنە دێنێتەوە بە دوو جۆرە کەس، هەڵبەتە بە تاک باسیان دەکات، بەڵام وەک زۆربەی زانایانی ڕوونکەرەوەی ماناو مەبەستەکانی قورئان دەڵێن: مەبەست پێی دوو کەسی دیاریکراو نین، بەڵکو مەبەست دوو جۆرە کەسە، دوو کۆمەڵە کەسە، کە دژو پێچەوانەی یەکدین، جۆری یەکەمیان: ئەوەیە کە وەک خوا فەرمانی کردوە هەم بڕوادارە، هەم چاکەکاریشە لەگەڵ باب و دایکی دا.

جۆری دووەمیان: پێچەوانەی ئەوەیە کە خوا فەرمانی پێ کردوە، بێبڕواشەو، سپڵەو پێ نەزانیشە بەرانبەر بە باب و دایکی و، خراپەکاریشە لەگەڵیان، دەفەرموێ: ﴿ وَوَصَّيْنَا ٱلْإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيْهِ إِحْسَٰنًا ﴾، ئێمە مرۆڤمان ڕاسپارد کە چاکە لەگەڵ باب و دایکیدا بکات، ڕامانسپارد لەگەڵ باب و دایکی دا، چاکەکار بێت، ﴿ حَمَلَتْهُ أُمُّهُۥ كُرْهًا وَوَضَعَتْهُ كُرْهًا ﴾، باسی دایک دەکات بە تایبەت دەفەرموێ: دایکی بە ڕەنج و نارەحەتیی هەڵیگرتوە لە سکی خۆیداو، بە ڕەنج و نارەحەتییش دایناوەو بوویەتی، ﴿ وَحَمْلُهُۥ وَفِصَٰلُهُۥ ثَلَٰثُونَ شَهْرًا ﴾، تۆڵداربوونی دایکی پێی و، پاشان لە شیر گرتنەوەشی سیی (٣٠) مانگی خایاندوە، کەواتە: لێرەدا باسی لای کەمی تۆڵداربوونی ئافرەت دەکات، کە بریتیە: لە شەش مانگ، چونکە خوا ﷻ لە سوورەتی (البقرة)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَٱلْوَٰلِدَٰتُ يُرْضِعْنَ أَوْلَٰدَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ ۖ لِمَنْ أَرَادَ

---

(١) ئێمە دواتر لە ژێر ناوونیشانی: (هەڵوەستەیەکی پێویست)دا دەقی ئەو سێ گێڕراوەیە دێنین.

﴿ أَن يُتِمَّ ٱلرَّضَاعَةَ (٢٣٣) ﴾، واتـە: دایـکان دوو سـاڵی ڕەبـەق شـیر دەدەن بـە منداڵەکانیان، بـۆ هـەر کەسـێک، بیـەوێ مـاوەی شـیر پێـدان تـەواو بـکات، (کـە دوو سـاڵە)، ئنجـا لـەو سـیی مانگـە، دوو سـاڵی لـێ جیابکـەوە، کـە بیسـت و چـوار مانگـە، شـەش مانـگ دەمێنێتـەوە، بـۆ لای کەمـی تۆڵداربـوون و دووگیـان بـوونی ئافـرەت، ئنجـا دەفەرمـوێ: لـە مـاوەی سـی (٣٠) مانگانـدا، هـەم پێـی تۆڵداربـووە، هـەم لـە شـیری بڕیوەتـەوە، ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ أَشُدَّهُۥ وَبَلَغَ أَرْبَعِينَ سَنَةً ﴾، هەتـا کاتێـک ئـەو منداڵـە گەیشـتە ئەوپـەڕی توانـای خـۆی و، دوای ئـەوەش گەیشـتە تەمـەنی چـڵ سـاڵیی، ئەوپـەڕی توانـای واتـە: لـە ڕووی عەقـڵ و جەسـتەوە کامـڵ بـوو، ﴿ وَبَلَغَ أَرْبَعِينَ سَنَةً ﴾، واتـە: لـە دوای گەیشـتن بـە ئەوپـەڕی توانـاو تاقـەتی خـۆی، ماوەیەکـی پـێ دەچـێ، تاکـو دەبێتـە چـڵ سـاڵ، ﴿ قَالَ رَبِّ أَوْزِعْنِىٓ أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ ٱلَّتِىٓ أَنْعَمْتَ عَلَىَّ وَعَلَىٰ وَٰلِدَىَّ ﴾، گـوتی: پـەروەدگارم! وام لـێ بکـە، هانمبـدەو بیخـە دڵـم: ئـەو چاکەیـەی لەگـەڵ منـت کـردوە، لەگـەڵ بـاب و دایکمـت کـردوە، سوپاسـگوزاریی بـۆ بکـەم، ﴿ وَأَنْ أَعْمَلَ صَٰلِحًا تَرْضَىٰهُ ﴾، هەروەهـا خوڕپـەم بـۆ بکـەو بیخـە دڵـم، کـە کردەوەیەکـی بـاش بکـەم، تـۆ لێـی ڕازی بـێ و پەسـندی بکـەی، ﴿ وَأَصْلِحْ لِى فِى ذُرِّيَّتِىٓ ﴾، هەروەهـا لـە وەچەکەشـمدا، چاکسـازییم بـۆ بکـە، واتـە: ڕۆڵەکانـم صاڵـح و چـاک بکـە، ﴿ إِنِّى تُبْتُ إِلَيْكَ وَإِنِّى مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴾، بـە دڵنیایـی مـن بـۆ لای تـۆ گەڕامـەوەو مـن لـە ملکەچانـم، (لـە ملکەچانـم بـۆ تـۆ).

﴿ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ نَتَقَبَّلُ عَنْهُمْ أَحْسَنَ مَا عَمِلُوا۟ ﴾، ئـا ئەوانـە ئـەو کەسـانەن، باشـترینی ئـەوەی کردوویانـە لێیـان وەردەگریـن، کـە کـردەوە چاکەکانـن، ئەوانـە باشـترین کردەوەیانـن و خـوا لێیـان وەردەگـرێ، ﴿ وَنَتَجَاوَزُ عَن سَيِّـَٔاتِهِمْ ﴾، چاوپۆشـیی دەکەیـن، لـە خراپەکانیـان یاخـود: خراپەکانیـان دەبوێرین و لێیـان دەگەڕێین، واتە: چاوپۆشـییان لـێ دەکەیـن و دەیـان بووریـن لـە خراپەکانیـان، مـادام چاکەکانیـان هێنـدە بـن، کـە تـا تـەرازووی چاکانیـان قورسـتر بـێ.

﴿ فِيٓ أَصۡحَٰبِ ٱلۡجَنَّةِۖ ﴾، لـە نێـو هـاوەڵانی بەهەشـتدا، یـان: لە نێـو خاوەنانی بەهەشـتدا دەبـن، ﴿ وَعۡدَ ٱلصِّدۡقِ ٱلَّذِي كَانُواْ يُوعَدُونَ ﴾، ئـەوەش ئـەو بەڵێنـە ڕاسـتەیە کـە پێشـتر پێیـان دەدرا، ئـەو بەڵێنـەی خـوا داویـەتی بەڵێنێکـی ڕاسـتەو، دێتـە دی.

ئـەو دوو جـۆرە مرۆڤـەی خـوا ﷻ لێـرەدا بەراوردیـان پێـدەکات، دوو جـۆری پێچەوانـەی یەکدیـن، هـی یەکەمیـان کـە ڕابـرد، مرۆڤێکـی خوانـاس و خـوا پەرسـت و بـڕوادارە، بۆیـە لەگـەڵ بـاب و دایکیشـیدا وەفـادارو چاکـەکارەو، لـە خـوا داوا دەکات یارمەتیـی بـدات، سوپاسـگوزار بـێ بـۆی و، سـوپاسی ئـەو چاکـەو نیعمەتـەی بـکات کـە لەگـەڵ خۆیشـیدا کـردوەو لەگـەڵ بـاب و دایکیشـدا و، داوای ئـەوەی لـێ دەکات یارمەتیـی بـدات کـردەوەی بـاش بـکات، کردەوەیەکـی بـاشی وا کـە خـوا پەسـەندی بـکات، ئنجـا داوای چاکسـازیی دەکات لـە وەچەکەیـدا، دواییـش ڕایدەگەیەنـێ کە من بـۆ لای تـۆ گەڕامـەوەو لـە ملکەچانـم بـۆ تـۆ، خـوای پەروەردگاریـش بەپێـی ئـەوەی شایسـتەیەتی مامەڵـەی لەگەڵـدا دەکات، ئەویـش ئەوەیـە کـە کـردەوە باشـەکانی لـێ قبـووڵ دەکات، لـە خراپەکانیشـیان دەبـووڕێ و دەیـان بوێـرێ و، دەیانخاتـە نێـو هـاوەڵانی بەهەشـتەوەو، ئـەوەش بەڵێنێکـی ڕاسـتە لـە لایـەن خـوای موتەعالـەوە پێیـان دراوەو دێتـە دی.

ئنجـا دێتـە سـەر جـۆری دووەمـی ئـەو مرۆڤانـە، لـە ڕووی مامەڵەیانـەوە لەگـەڵ خـواوەو لەگـەڵ بـاب و دایکیانـدا.

﴿ وَٱلَّذِي قَالَ لِوَٰلِدَيۡهِ أُفّٖ لَّكُمَآ ﴾، هەروەهـا ئـەو کەسـە کـە بـە بـاب و دایکـی گـوت: ﴿ أُفّٖ لَّكُمَآ ﴾، ئـۆف بـۆ ئێـوە، واتـە: مـن لـە ئێـوە بێـزارم، وەک بێـزی لـە بـاب و دایکـی ببێتـەوەو، بێزاریـی و نارەزایـی دەربـبڕێ لـە بـاب و دایکـی، ﴿ أَتَعِدَانِنِيٓ أَنۡ أُخۡرَجَ ﴾، ئایـا بەڵێنـم پێـدەدەن، دەربهێنرێمـەوە، واتـە: لـە گـۆڕ دەربهێنرێمـەوە دوای ئـەوەی مـردووم، ﴿ وَقَدۡ خَلَتِ ٱلۡقُرُونُ مِن قَبۡلِي ﴾، بـە دڵنیایـی سـەدەکانیش لـە پێـش منـدا ڕابـردوون؟ واتـە: ئـەو هەمـوو سـەدانە ڕابـردوون، ئـەو هەمـوو بەشـەرانە

تێژراون و بە خاک سپێردراون و مردوون، کەسیان لە گۆڕستان نەهاتوونەوە، ئایا من چۆن زیندوو دەکرێمەوە؟ ﴿وَهُمَا يَسْتَغِيثَانِ اللَّهَ﴾، ئەوانیش (باب و دایکی) هاواریان دەکردە خوا، پەنایان دەبردە بەر خوا، واتە: لە خوا دەپاڕانەوەو هاواریان تێدەبەست (کە هیدایەتی کوڕەکەیان بدات)، ﴿وَيْلَكَ آمِنْ﴾، هاواریان دەکردو دەیانگوت: ئەی خوایە هاوار! ئەو کوڕە چی لێهاتوە! پێشیان دەگوت: ﴿وَيْلَكَ آمِنْ﴾، سزای سەخت بۆ تۆ، یان هاوار بۆ تۆ، بڕوابێنە، ﴿إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ﴾، بە دڵنیاییی بەڵێنی خوا ڕاستەو، چەسپاوە، ﴿فَيَقُولُ مَا هَٰذَا إِلَّا أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ﴾، (ئەویش لە وەڵامیاندا)، دەڵێ: ئەمە تەنیا ئەفسانەی پێشینانەو، چیرۆک و بەسەرهاتی بێ بنەمای ڕابردووانە.

هەڵبەتە لێرەدا کە گوتوویەتی: سەدەکان ڕابردوون و کەسیان لە گۆڕستان نەهاتۆتەوەو، منیش دەرناهێنرێمەوە، ئەو وایزانیوە: هەر لە دنیادا پرۆسەی زیندووکرانەوەو، سزاو پاداشت ئەنجام دەدرێ، نازانێ بە پێی سیستمێک کە خوای کارزان دایناوە، ژیانی دنیا تەنیا شوێنی تاقیکردنەوەیە، وەک فەرموویەتی: ﴿الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ۚ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْغَفُورُ ﴿٢﴾﴾ الملك، هەروەها لە سوورەتی (الكهف)دا، دەفەرمووێ: ﴿إِنَّا جَعَلْنَا مَا عَلَى الْأَرْضِ زِينَةً لَّهَا لِنَبْلُوَهُمْ أَيُّهُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ﴿٧﴾﴾، بەڵێ، ژیانی دنیا شوێنی تاقیکردنەوەیەو، شوێنی ئەنجام وەرگرتنەوە نیە، ئنجا ئەگەر لە گۆڕستان خەڵک هاتبایەوەو گوتبایان: حاڵ و وەزعمان وابوو! ئەو کاتە بڕواهێنانی خەڵک دەبووە شتێکی ناچاریی، بەڵام نەخێر ئەم قۆناغەی ئێستا قۆناغی تاقیکرانەوەیە، قۆناغی پاداشتدرانەوەو سزادران، دوایی دێتە پێش کە ڕۆژی دواییەو، ڕۆژی سزاو پاداشت، ڕۆژی زیندووکرانەوەیە، نەک ئێستای ژیانی دنیا.

خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿أُولَٰئِكَ الَّذِينَ حَقَّ عَلَيْهِمُ الْقَوْلُ فِي أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِم مِّنَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ ۖ إِنَّهُمْ كَانُوا خَاسِرِينَ﴾، ئا ئەوانە کەسانێکن، ئەو جۆرە کەسە، بۆیەش بە کۆ دەیهێنێ، ئەگەرنا پێشێ بە تاک فەرموویەتی، بەڵام مەبەست پێی جۆر

(نـوع)ە، نـەک یـەک مرۆڤـی دیارییکـراو، ئـا ئەوانـە کەسـانێکن، قسـەیان لەسـەر چەسـپاوە، واتـە: بڕیـاری خوایـان لەسـەر چەسـپاوە، کـە هـەر کەسـێک بێبڕوابـێ، دەبـێ سـزا بـدرێ، ئـەو بڕیارەیـان لەسـەر چەسـپاوە، ﴿ فِىٓ أُمَمٍ ﴾، لـە نێـو کۆمەڵانێکدا، ﴿ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِم ﴾، کـە لـە پێـش وانـدا ڕابـردوون، ﴿ مِّنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ ﴾، لـە جنـدو لـە مرۆڤـان بـوون، ﴿ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ خَـٰسِرِينَ ﴾، بـە دڵنیایـی ئـەوان زۆر زیانبـارن.

﴿ وَلِكُلٍّ دَرَجَـٰتٌ مِّمَّا عَمِلُوا۟ ﴾، بـۆ هـەر کامێکیـان چەنـدان پلـەو پێگـە هـەن، بـە هـۆی ئـەوەوە کـە کردوویانـە، بەهـۆی کردەوەکانیانـەوە، هـەر کامێکیـان پێگەیەکـی دیارییکـراوی هەیـە، لێـرەدا بـە دڵنیایـی ئەوانـەی بێبـڕواو خراپـەکارن شـوێنی ئـەوان دۆزەخـەو، دۆزەخ پلـەکان (دَرَجـات)ی تێدانیـەو، دەرەکاتی تێدایـە، (دَرَکات)یـش بـۆ دابەزیـن و داکشـانە بـەرەو خـوار، کەواتـە: هـی ئـەوان دەرەکاتـە، وەک خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّ ٱلْمُنَـٰفِقِينَ فِى ٱلدَّرْكِ ٱلْأَسْفَلِ مِنَ ٱلنَّارِ وَلَن تَجِدَ لَهُمْ نَصِيرًا ﴿١٤٥﴾ ﴾النسـاء، واتـە: بـە دڵنیایـی مونافیقـەکان لـە پلـەی ژێـرەوەی ئاگـری دۆزەخـدان، بـەڵام ئەمـە لێرەدا زاڵکـردنی پلـەی چاکەکارانـە بەسـەر هـی تاوانبارانـدا، بۆیـە بـە (دَرَجـات) هێناویـەتی، دەشـگونجێ دەرەجـە، هـەم بـۆ خـوارو هـەم بـۆ سـەر بەکاربهێـنرێ، ﴿ وَلِيُوَفِّيَهُمْ أَعْمَـٰلَهُمْ ﴾، (خـوا ﷻ زیندوویـان دەکاتـەوە) تاکـو کردەوەکانیـان بـە تەواویـی بداتـەوە، واتـە: سـزاو پاداشـتی کردەوەکانیـان بـە تەواویی بداتـەوە، ﴿ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴾، لـە حاڵێکـدا ئـەوان سـتەمیان لـێ ناکـرێ.

لـە کۆتایـی دا بـاسی سـەرەنجامی ئەوانـە دەکات کـە لـە دنیـادا هـەر بـە خۆشـگوزەرانیی و بـە ڕابـواردن دەیبەنـە سـەر، بـێ ئـەوەی سـەر هەڵبـڕن بـەرەو خـواو تەماشـا بکـەن، داخـۆ ئـەوەی پێـی ڕادەبوێـرن و پێـی دەگوزەرێنـن، حەڵاڵـە یـان حەرامـەو، پاکـە یـان پیسـە؟.

دەفەرمـوێ: ﴿ وَيَوْمَ يُعْرَضُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ عَلَى ٱلنَّارِ ﴾، ئـەو ڕۆژە کـە ئەوانـەی بێبـڕوان ڕادەنوێدرێـن لەسـەر ئاگـر، واتـە: ئاگریـان پێشـان دەدرێ، بۆیـە هەندێـک گوتوویانـە:

ئەمە لە شێوەی هەڵگەڕاوە (**مقلوب**)یە، واتە: (**تُعْرَضُ النَّار عَلَيْهِم**)، ئاگر بۆ وان ڕادەنوێنرێ، بەڵام دەشگونجێ ئەوان ڕابنوێنرێن و ببرێنە سوێی ئاگرەکەو تەماشای بکەن، ﴿ أَذْهَبْتُمْ طَيِّبَاتِكُمْ فِي حَيَاتِكُمُ الدُّنْيَا ﴾، {پێیان دەگوترێ:} خۆشیی و لەززەت و بژیوە خۆشەکانی خۆتان لە ژیانی دنیاتاندا براند، کۆتاییتان پێ هێنان، ﴿ وَاسْتَمْتَعْتُم بِهَا ﴾، بەهرەتان لێی وەرگرتن، ﴿ فَالْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ الْهُونِ ﴾، ئەمڕۆش سزای ڕیسوایی و زەبوونیی دەچێژن، ﴿ بِمَا كُنتُمْ تَسْتَكْبِرُونَ فِي الْأَرْضِ ﴾، بە هۆی ئەوەوە کە خۆتان بەزلدەگرت لە زەویدا، ﴿ بِغَيْرِ الْحَقِّ ﴾، بە ناهەق، هەڵبەتە خۆ بەزلگرتن لە زەویدا هەر بەناهەقە، بەڵام ئەوە بۆ زیاتر قێزەوون پێشاندانی خۆ بەزلگرییەکەیانە، ﴿ وَبِمَا كُنتُمْ تَفْسُقُونَ ﴾، بەهۆی ئەوەشەوە کە لادانتان دەکرد، تاوانتان دەکردو، لاڕێ بوون، هەم بەهۆی خۆ زلگریی بەسەر بەندەکانی خواداو، هەم بەهۆی لادان و تاوانتانەوە لە بەرانبەر خواداو، لادانتان لە شەریعەتی خوا، تووشی ئەمڕۆژە بوون، ئنجا کە لەوێ خۆ بەزلگربوون، لێرە سزای ڕیسوایی و زەبوونیی دەچێژن.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

خـوا مرۆڤـی ڕاسـپاردوە بـە چاکەکاریـی لەگـەڵ بـاب و دایکیـدا، بـە تایبـەت دایکـی کـە بـە زەحمـەت و ناڕەحەتیـی زۆر بـە تـۆڵی هەڵیگرتـوەو دوایـی داینـاوەو، مانـەوەی لـە تۆڵـداو شـیر پێـدانی سـیی مانگـی خایانـدوە، بۆیـە داوای لـە خـوا کـردوە کـە واداری بـکات بـە سوپاسـگوزاریی و کـرداری بـاش و، وەچەکـەی چـاک بـکات، ئـەو جـۆرە کەسـانەش خـوا ﷻ چاکەکانیـان وەردەگـرێ و لـە خراپەکانیـان دەبـوورێ، ئـەوەش بەڵێنێکـی ڕاسـتە، خـوا داویـەتی و بـە مسـۆگەریی دێتـە دی:

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿وَوَصَّيْنَا ٱلْإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيْهِ إِحْسَٰنًا ۖ حَمَلَتْهُ أُمُّهُۥ كُرْهًا وَوَضَعَتْهُ كُرْهًا ۖ وَحَمْلُهُۥ وَفِصَٰلُهُۥ ثَلَٰثُونَ شَهْرًا ۚ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ أَشُدَّهُۥ وَبَلَغَ أَرْبَعِينَ سَنَةً قَالَ رَبِّ أَوْزِعْنِىٓ أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ ٱلَّتِىٓ أَنْعَمْتَ عَلَىَّ وَعَلَىٰ وَٰلِدَىَّ وَأَنْ أَعْمَلَ صَٰلِحًا تَرْضَىٰهُ وَأَصْلِحْ لِى فِى ذُرِّيَّتِىٓ ۖ إِنِّى تُبْتُ إِلَيْكَ وَإِنِّى مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿١٥﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ نَتَقَبَّلُ عَنْهُمْ أَحْسَنَ مَا عَمِلُوا۟ وَنَتَجَاوَزُ عَن سَيِّـَٔاتِهِمْ فِىٓ أَصْحَٰبِ ٱلْجَنَّةِ ۖ وَعْدَ ٱلصِّدْقِ ٱلَّذِى كَانُوا۟ يُوعَدُونَ ﴿١٦﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە چواردە بڕگەدا:

١)- ﴿وَوَصَّيْنَا ٱلْإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيْهِ إِحْسَٰنًا﴾، هەروەها مرۆڤمان ڕاسپارد بە چاکەکاریی لەگەڵ باب و دایکیدا.

وشـەی (**إِحْسَـانًا**) خوێندراویشـەتەوە: (**حُسْـناً**) هـەروەک لـە سـوورەتی (**العنكبـوت**) دا، بـەو شـێوەیە هاتـوە، لەوێـش دیسـان خوێندنـەوەی (**إِحْسَـانًا**)یش هـەر هاتـوەو هەریـەک واتایـان هەیـە، (**أي: وَصَّيْنَـاهُ أَنْ يُحْسِـنَ إِلَيْهِـمَا إِحْسَـانًا أو حُسْـنًا**)، مرۆڤـمان

ڕاسپاردوە کە بە چاکەکاریی لەگەڵیاندا مامەڵە بکات، چاکەیان لەگەڵدا بکات، واتایەکی دیکەشی هەیە: (إِحْسَاناً مَفْعُولٌ بِهِ لِوَصَّيْنَا المَضَمَّنِ مَعْنَى أَلْزَمْنَا)، یانی: (إحساناً) بەرکاری (وصّينا)یە کە مانای (ألزمنا) {پابەندمان کردوە}ی خراوەتە نێو، لە ڕووی ڕێزمانییەوە ئەم ڕستە قورئانییە، بە دوو جۆر مانا دەکرێ:

یەکەم: (أي: وَصَّيْنَاهُ أَنْ يُحْسِنَ إِلَيْهِمَا إِحْسَاناً أو حُسْناً)، ڕامانسپاردوە کە بە چاکەکردن چاکەیان لەگەڵدا بکات.

دووەم: لەسەرمان پێویستکردوە و پابەندمان کردوە، بە چاکە لەگەڵداکردنیان.

ئەو کاتەش (وَصَّيْنَا) هەم مانای ڕاسپاردن دەگرێتەوەو، هەم مانای پابەند کردن، ئەو بنچینەیەش لە زمانی عەرەبییدا پێی دەگوترێ: (قَاعِدَةُ التَّضْمِين) کە کردارێک عادەت نەبێ بە پیتێک بەرکاربخوازێ، ئەگەر بەو پیتە کە عادەت نیە بەرکاری پێ بخوازێ، یان یەکی لەسەری نەکەوتوە، بەو پیتە بەرکاری خواست، ئەو کاتە وێڕای مانا ئەصڵییەکەی خۆی، مانایەکی دیکەشی دەخرێتە نێو.

ئنجا خوا ﷻ ئەوە ڕووندەکاتەوە کە بۆچی مرۆڤی ڕاسپاردوە لەگەڵ باب و دایکیدا چاکە بکات و، پابەندی کردوە بە چاکەکاریی لەگەڵ باب و دایکیدا؟ دەفەرموێ:

٢)- ﴿حَمَلَتْهُ أُمُّهُ كُرْهًا وَوَضَعَتْهُ كُرْهًا﴾، دایکی بە ڕەنج و ناڕەحەتیی هەڵیگرتوە {لە سکی خۆیدا، کە پێی تۆڵداربووە}، چونکە جاری وا هەیە ئافرەتێک زیاتر لە کۆرپەلەیەکی لە سکدایە، بۆیە وشەی دووگیان ڕێک نایەتەوە، ئەدی ئەو ئافرەتەی بە جارێک دوو منداڵی دەبێ، سێی دەبن، چواری دەبن، زیاتری دەبن!! لەبەر ئەوە واباشە بگوترێ: تۆڵدار، هەڵبەتە وشەی ئاوس بەکاردەهێنرێ، بەڵام جاری وایە، ئەم وشەیە بە عورف مانایەکی خراپ دەگەیەنێ، بۆیە من بەکاری ناهێنم و زیاتر بۆ ئاژەڵ بەکاردەهێنرێ، هەرچەندە ئەگەر بۆ مرۆڤیش بەکاربهێنرێ، ئەگەر بە عورف مانای خراپی نەبێ، شتێکی ڕەوایە، (تۆڵ)یش واتە: سکی ئافرەت کە منداڵی تێدابێ، ئنجا یەکە، دووە، سێیە، چەندە،

خوا ﷻ دەفەرمویّ: دایکی هەڵیگرتوە بە ناڕەحەتیی و داشیناوە هەر بە ناڕەحەتیی، وشەی (**كَرْهًا**)یش هەردووکیان خوێندراونەوەش: (**كُرْهاً**)، (**كَرْها وَكُرْهاً**) واتە: بە قورسیی و ناڕەحەتیی، هەردوو خوێندراوەکەش یەک واتایان هەیە.

٣)- ﴿ وَحَمْلُهُۥ وَفِصَٰلُهُۥ ثَلَٰثُونَ شَهْرًا ﴾، پێ تۆلدار بوونی و لە شیر بڕینەوەی لە ماوەی سیی مانگدا، واتە: سیی مانگی خایاندوە، (**الفَصْلُ وَالفِصَالُ كَالْفَطْمِ وَالفِطَام**)، (**فَصْل وفِصَال**) وەک (**فَطْمُ وفِطَام**)ن، واتە: لە شیر بڕینەوە، لە مەمک بڕینەوەی منداڵ.

لێرەدا زانایان ئەوەیان هەڵهێنجاوە کە کەمترین ماوەی تۆلداربوونی ئافرەت، حەملی ئافرەت بریتیە لە شەش مانگ، چونکە خوا ﷻ لێرەدا دەفەرمویّ: لە سکدا هەڵگیرانی و لە شیر بڕانەوەی لە ماوەی سیی مانگدا، لە سوورەتی (**البقرة**)شدا، خوا ﷻ دەفەرمویّ: ﴿ وَٱلْوَٰلِدَٰتُ يُرْضِعْنَ أَوْلَٰدَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ ۖ لِمَنْ أَرَادَ أَن يُتِمَّ ٱلرَّضَاعَةَ ﴿٢٣٣﴾ ﴾**البقرة**، دایکان دوو ساڵی ڕەبەق شیر دەدەن بە منداڵەکانیان، بۆ هەر کەسێ بیەوێ ماوەی شیر پێدان تەواو بکات، ئنجا ئەگەر ماوەی شیر پێدانی تەواو، بۆ هەر کەسێ بیەوێ ماوەکەی تەواو بکات، دوو ساڵ بێ، واتە: دوو دوازدە مانگیی کە دەکاتە بیست و چوار مانگ، بیست و چوار لە سیی مانگ دەربکرێ، دەمێنێتەوە شەش مانگ، کەواتە: دەگونجێ منداڵ بە شەش مانگیی لە دایک ببێ.

لەو بارەشەوە بەسەرهاتێک دەگێڕنەوە: ئافرەتێک بە شەش مانگیی تۆلدار دەبێ و دەیبەن بۆ لای حوکمڕانی مسوڵمانان، چەند ڕیوایەتێک هەن:

أ- هەندێک دەڵێن: بردوویانە بۆ لای عومەر (خوا لێی ڕازی بێ)، ئەو کاتە ئەو حوکمڕان و فەرماندەی بڕواداران بووە.

ب- هەندێک دەڵێن: بردوویانە بۆ لای عوسمان (خوا لێی ڕازی بێ) و، بە تەمابوون سزای بدەن، بەڵام دوایی لە ڕیوایەتێکدا دەڵێن: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ)، لە ڕیوایەتێکدا دەڵێن: عەلی کوڕی ئەبوو تاڵیب (خوا لێی ڕازی بێ)، کە لێیان

کۆڵیەوە، گوتی: دەگونجێ ئافرەت لای کەمی شەش مانگ کۆرپەی لە سکدا بێ و، بەڵگەی بەم ئایەتە هێنایەوە، بە بەراورد لەگەڵ ئەو ئایەتەی (٢٣٣)ی سوورەتی (**البقرة**)دا.

کـە ئـەوەش شـتێکی ڕێـک و ڕاسـتەو، لـە ڕووی زانستییشـەوە منـداڵ جـاری وا هەیـە، بـە شـەش مانگیـی، یـان بـە حـەوت مانگیـی، یـان بـە هەشـت مانگیـی دەبـێ و، مـەرج نیـە حەتمـەن بگاتـە نـۆ مانگیـی، بـەڵام دەڵێـن: ئەگـەر منـداڵ بـە شـەش مانگیـی کەمـتر لـە دایـک ببـێ، نـاژی.

٤)- ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ أَشُدَّهُۥ ﴾، هەتا کاتێک کە گەیشتە تەواوی هێزو پێزی خۆی، (**أي: بَلَغَ كَمَالَ قُوَّتِهِ**).

٥)- ﴿ وَبَلَغَ أَرْبَعِينَ سَنَةً ﴾، گەیشتە چڵ ساڵ، پێشتر باسی (**أَشُدّ**)مان کرد، (**الأَشُدُّ: اشْتِدَادُ القِوى العَقْلِيَّة وَالجَسَدِيَّة، وَهُوَ جَمْعٌ لَا مُفْرَدَ لَهُ، أو جَمْعُ شِدَّة، أو جَمْعُ شَدّ أو شُدّ أو شِدّ**)، (**أَشُدّ**) بریتیە لە پێگەیشتنی هێزە عەقڵیی و، جەستەییەکان، هێزە دەروونیی و، ڕوواڵەتییەکانی مرۆڤ، وشەی (**أَشُدّ**) کۆیە، بەڵام تاکی لە بێژەی خۆی نیەو، هەندێکیش گوتوویانە: (**أَشُدّ**) کۆی (**شِدَّة**)یە، وەک چۆن (**أَنْعُم**) کۆی (**نِعْمَة**)یە، هەندێکیش گوتوویانە: (**أَشُدّ**) کۆی (**شَدّ**)یە، یاخود کۆی (**شَدّ**)یان (**شُدّ**) یان (**شِدّ**)ەو، لەکاتی شیکردنەوەی وشەکاندا قسەمان لەبارەوە کردوە.

ئنجا کـە دەفەرمـوێ: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ أَشُدَّهُۥ وَبَلَغَ أَرْبَعِينَ سَنَةً ﴾، ئەمە لێـی وەردەگیرێ کـە تەمـەنی چـل سـاڵیی، لـە پشـت پێگەیشـتنی دەروونیـی و ڕواڵەتیـی مرۆڤەوەیـە، واتـە: زیاتـرە، بۆیـە زۆرێـک لـە زانایـان گوتوویانـە: (**أَشُدّ**) لـە تەمـەنی سـیی سـاڵیی زیاتـر نیـە، بگـرە هەندێـک هـەژدە (١٨)یـان دانـاوەو لـە ئەندازەکەیـدا ڕاجیاییـان هەیـە، هەندێکیـش گوتوویانـە: مەبەسـت لـە (**أَشُد**) چـڵ سـاڵییە، چونکـە مـرۆڤ لـە ڕووی عەقڵییـەوە لـە چـڵ سـاڵییدا کامـڵ دەبـێ، بۆیـەش خـوا ﷻ هیـچ پێغەمبەرێکی لـە تەمـەنی چـل سـاڵیی کەمـتر نەنـاردوە.

ئنجا ئـەو کەسـە کاتێـک کـە گەیشـتە ئەوپـەڕی توانـاو پێگەیشـتنی خـۆی و گەیشـتە تەمـەنی چـل سـاڵیی.

٦)- ﴿ قَالَ رَبِّ أَوْزِعْنِيٓ أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ ٱلَّتِيٓ أَنْعَمْتَ عَلَيَّ وَعَلَىٰ وَٰلِدَيَّ ﴾، گوتی: پەروەردگارم! وادارم بکە، سوپاسی ئەو چاکەیەت بکەم، کە لەگەڵ منتدا کردووەو لەگەڵ باب و دایکمتدا کردوە، (أَوْزِعْنِي) هەموو توێژەرەوان، یان زۆربەی هەرە زۆریان بە (أَلْهِمْنِي)یان لێکداوەتەوە، واتە: ئیلهامم بۆ بکە، خورپەم بۆ بکە، کە سوپاسگوزاریی ئەو چاکەیەت بکەم، لەگەڵ خۆمتدا کردووەو لەگەڵ باب و دایکمتدا کردوە، بەڵام لە ئەسڵدا (أَوْزِعْنِي) لە (وَزَعَ)وە هاتوە، (وَزَعَهُ: أي كَفَّهُ، وَأَوْزَعَهُ بِالشَّيءِ أغْرَاهُ بِهِ)، (وَزَعَهُ) واتە: نەیهێشت، ڕێی لێ گرت، بەڵام (أَوْزَعَهُ)، واتە: هانیدا لەو شتە کە لەسەری سوور بێ.

ئنجا ئایـا مانـای (أَوْزِعْنِـي) چـۆن دەبێتـە (أَلْهِمْنِـي)؟ پسـپۆڕانی زمـان گوتوویانـە: (الهَمْـزَةُ للإزَالَـةِ، أي: اجْعَلْنِـي لَا أَكُـفُّ مِـنَ الشُّـكْرِ)، هەمـزە کـە چۆتـە سـەر (وَزَعَ) بـۆ لابردنـە، واتـە: وام لـێ بکـە واز نەهێنـم لـە سوپاسـگوزاریی، یاخـود وام لـێ بکـە کـە وازبێنـم لـە سـپڵەیی و سوپاسـگوزار بـم، بـە هـەردوو دیویـدا ڕاسـتە.

٧)- ﴿ وَأَنْ أَعْمَلَ صَٰلِحًا تَرْضَىٰهُ ﴾، هەروەها وام لێ بکەو وادارم بکە، یاخود: خورپەو ئیلهامم بۆ بکە، کردەوەیەکی باش بکەم، تۆ لێی ڕازیبی، تۆ پەسندی بکەی، (تَرْضَاهُ: صِفَةٌ للعَمَلِ الصَّالح)، (تَرضاه) ئاوەڵناوی کرداری باشە، واتە: کردەوەیەکی وا کە تۆ پەسندی بکەی، یارمەتییم بدە، کردەوەی وا بکەم.

٨)- ﴿ وَأَصْلِحْ لِي فِي ذُرِّيَّتِيٓ ﴾، لە وەچەکەشمدا چاکسازییم بۆ بکە، (الزَّمَخْشَرِي) ئاوای لێکداوەتەوە: (هَبْ لِي الصَّلَاحَ فِي ذُرِّيَتِي وَأَوْقِعْهُ فِيْهِم)، واتە: چاکییم لە وەچەکەمدا پێ ببەخشەو بیخە نێویان، چاکییان بخە نێو، بۆیەش بەو تەعبیرە هێناویەتی، واتە: با چاکە بە نێویاندا بڵاوبێتەوە، بەڵام (الشهاب الخفاجي)، گوتوویەتی: (ضُمِّنْ مَعْنَى اللُّطْفِ لِذَا عُدِّيَ بِـ«فِي» أي: إلطَفْ بِي)، گوتوویەتی: (أَصْلح) لێرەدا مانای لوتفی خراوەتە نێو، واتە: (إلطَفْ بِي) لەگەڵم دا لەتیف بە، بۆیە بە (فـي) بەرکاری خواستوە، ئەگەرنا دەیفەرموو: (أَصْلح ذُرِّيَّتِي)، بەڵام کە دەفەرموێ: ﴿ وَأَصْلِحْ لِي فِي ذُرِّيَّتِيٓ ﴾، لە وەچەکەمدا، لە

ڕۆڵەکانمدا چاکییم پێ ببەخشە، ئەمە مانای لوتفی خراوەتە نێو، واتە: لە وەچەکەمدا چاکییم پێ ببەخشەو، لە گەڵیشمدا بە لوتف بە، هەڵبەتە هەم قسەکەی زەمەخشەریی جوانە، هەم هی (**الشهاب الخفاجي**)یش.

٩)- ﴿ إِنِّي تُبْتُ إِلَيْكَ ﴾، بە دڵنیایی من بۆ لای تۆ گەڕاومەوە، بێگومان گەڕانەوە بۆ لای خوا ﷻ، بە پابەندیی بە ئایین و شەریعەتەکەیەوە دەبێ و، بە پەیڕەویی کردن لە پێغەمبەرەکەی ﷺ.

١٠)- ﴿ وَإِنِّي مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴾، بە دڵنیایی من لە ملکەچانم، واتە: لە ملکەچانم بۆ تۆ، ئنجا ئەمە مانای بەهێزترە لەوە کە فەرمووبای: (**وَإِنِّي مُسْلِمٌ لَكَ**)، دەفەرموێ: ﴿ وَإِنِّي مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴾، واتە: من چوومە نێو قووڵایی ڕیزی ئەوانەوە کە بۆ تۆ ملکەچن.

١١)- ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ نَتَقَبَّلُ عَنْهُمْ أَحْسَنَ مَا عَمِلُواْ ﴾، ئا ئەو کەسانە، ئەوانەن کە ئێمە باشترینی ئەوەی کردوویانە، لێیان وەردەگرین، پەسندی دەکەین، وشەی (**نَتَقَبَّل**) خوێندراویشەتەوە: (**يُتَقَبَّلُ مِنْهُم**)، ئەو کاتە دەبێ بگوترێ: (**أَحْسَنُ**)، (**يُتَقَبَّل مِنْهُم أَحْسَنُ مَا عَمِلُوا**) لێیان وەردەگیرێ باشترینی ئەوەی کردوویانە.

لێرەدا دەپرسین: بۆچی خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ نَتَقَبَّلُ عَنْهُمْ أَحْسَنَ مَا عَمِلُواْ ﴾، لە ئەصڵدا (**تَقَبَّل مِنْهُ**)، یان (**تَقَبَّل مِنْهُم**)، بەڵام لێرەدا بۆچی (**تَقَبَّل**) بە (**عَنْ**) بەرکاری خواستوە؟ وەڵام: (**لِتَغْلِيب جَانِبِ المَدْعُوّ لَهُمْ، لِإنَّ دُعَاءَ الوَالِدَيْنِ لِلأَوْلَادِ كَنِيَابَةٍ عَنْهُمْ**)، لەبەر ئەوەی لایەنی داوا بۆ کراو زاڵکراوە، چونکە پاڕانەوەی باب و دایک بۆ ڕۆڵەکانیان، وەک ئەوەیە کارێک لە جیاتی ئەوان بکەن، کەواتە: کە دەفەرموێ: ﴿ نَتَقَبَّلُ عَنْهُمْ ﴾، واتە: پاڕانەوەی ئەو باب و دایکە، بۆ وەچەکانیان وەردەگرین، واتە: پاڕانەوەکەیان لێ وەردەگرین بۆ وەچەکانیان و لە جیاتی وەچەکانیان، لە جیاتی منداڵەکانیان.

١٢)- ﴿ وَنَتَجَاوَزُ عَن سَيِّـَٔاتِهِمْ ﴾، خراپەکانیشیان دەبوێرین، ئەمیش خوێندراوەتەوە: (**وَيُتَجَاوَزُ عَنْ سَيِّئَاتِهِم**)، خراپەکانیان دەبوردرێن و، دەبوێردرێن، چاوپۆشییان لێ دەکرێ.

١٣)- ﴿ فِيٓ أَصۡحَٰبِ ٱلۡجَنَّةِۖ ﴾، لە ڕیزی هاوەڵانی بەهەشت دان، واتە: دەچنە نێو هاوەڵانی بەهەشتەوە، یاخود: خاوەنانی بەهەشتەوە، وشەی (**أَصْحَاب**) كۆی (**صَاحِب**)ە، ئەویش لە ئەصڵدا بە مانای هاوەڵ و هاودەم و هاوڕازە، بەڵام دوایی دەشخوازرێتەوە بۆ مانای خاوەن، چونكە خاوەنیش لە شتەكەی جیانابێتەوە، وەک چۆن ڕەفیق لە ڕەفیق جیانابێتەوە.

١٤)- ﴿ وَعۡدَ ٱلصِّدۡقِ ٱلَّذِي كَانُواْ يُوعَدُونَ ﴾، ئەوە ئەو بەڵێنە ڕاستەیە، كە پێیان دراوە، (**وَعْدَ الصِّدْق: مَصْدَرٌ مُؤَكِّدٌ، أي: وَعَدَهُم الله الوَعْدَ الصِّدق**)، (**وَعْدَ الصِّدْق**) چاوگێكی جەختكەرەوەیە، خوا ﷻ بەڵێنی پێ داون، بەڵێنی ڕاست، واتە: ئەوەی خوا ﷻ دەیفەرموێ: گفت و بەڵێنی خوایەو، ڕێک و ڕاستە، كە لە دنیادا پێیان دراوە، لە دواڕۆژدا ئاوا بۆیان دێتە دی، ئەوە ئەو بەڵێنە بوو، كە پێیان دەدرا لە دنیادا، لێرەدا خوا ﷻ قسە لە بەهەشت و، لە قیامەتدا دەكات، واتە: ئەوە ئەو بەڵێنە بوو كە لە دنیادا، پێیان دەدرا، ئێستا ئەوە بەرجەستە بووە لە بەهەشت داو، لەو نازو نیعمەتەدا، كە خوا لە بەهەشتدا بۆ ئەوانی ڕەخساندوە.

شایانی باسە: ئێمە لە سوورەتی (**الإسراء**)دا، كورتە باسێكمان لە بارەی چاكە لەگەڵ باب و دایكەوەدا كردوە، بۆیە لێرەدا وا بە خێرایی بەسەریدا ڕۆیشتین.

مەسەلەی دووەم:

باسی مرۆڤی بێبڕوای سپڵە بەرانبەر بە باب و دایکی و، بە ئەفسانە دانانی ئایین و، سەرەنجام چەسپاندنی سزای خوا لەسەری، لە نێو کۆمەڵانێکی زۆری جندو مرۆڤ داو، دانانی هەر کەسە لە چاکان و لە خراپان، لە پێگەو لە پلەی تایبەتیی خۆیدا، بێ ئەوەی ستەمیان لێ بکرێ:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِى قَالَ لِوَٰلِدَيْهِ أُفٍّ لَّكُمَآ أَتَعِدَانِنِىٓ أَنْ أُخْرَجَ وَقَدْ خَلَتِ ٱلْقُرُونُ مِن قَبْلِى وَهُمَا يَسْتَغِيثَانِ ٱللَّهَ وَيْلَكَ ءَامِنْ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ فَيَقُولُ مَا هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿١٧﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ حَقَّ عَلَيْهِمُ ٱلْقَوْلُ فِىٓ أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِم مِّنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ خَٰسِرِينَ ﴿١٨﴾ وَلِكُلٍّ دَرَجَٰتٌ مِّمَّا عَمِلُوا۟ وَلِيُوَفِّيَهُمْ أَعْمَٰلَهُمْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿١٩﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چواردە بڕگەدا:

١)- ﴿ وَٱلَّذِى قَالَ لِوَٰلِدَيْهِ أُفٍّ لَّكُمَآ ﴾، ئەو کەسەش کە بە باب و دایکی گوت: بێزاریی بۆ ئێوە، لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِى قَالَ لِوَٰلِدَيْهِ ﴾، (الَّذِي) لێرەدا دەبێتە بەرکار بۆ کردارێکی مەزەندە کراو، وەک: (أُذْكُرْ الَّذِي قَالَ لِوَالِدَيْهِ)، یاد بکەوە ئەو کەسەی بە باب و دایکی خۆی گوت، ﴿ أُفٍّ لَّكُمَآ ﴾، وشەی (أُفْ)، هەم بە (أُفِ) خوێنراوەتەوە: ﴿ أُفٍّ لَّكُمَآ ﴾، هەم بە (أُفَّ)و هەم بە (أُفْ)یش، واتە: سێ جۆرە خوێندنەوەی هەن: (أُفِ، أُفَّ، أُفْ)، ﴿ أُفٍّ لَّكُمَآ ﴾، واتە: (أَتَضَجَّرُ مِنْكُمَا)، من لێتان بێزارم، پێشتر گوتمان: (أُفٌّ) لە ئەصڵدا بە چڵکی نێو گوێ دەگوترێ، کە شتێکی قێزەونە، کە تۆ بە کەسێک دەڵێی (أُفٌّ)، واتە: من لێت بێزارم، وەک چۆن لە شتی پیس بێزارم.

ئنجا هیچ گومانی تێدانیە، کە دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِى قَالَ لِوَٰلِدَيْهِ أُفٍّ لَّكُمَآ ﴾، وەک پێشتریش گوتمان: مەبەست پێی کەسێکی دیاریکراو نیە، بەڵکو مەبەست پێی کۆمەڵێکەو جۆرە خەڵکێکە کە وان، لێرەدا واپێدەچێ مەبەست پێی ئەوانە بوو بێ، کە باب و دایکیان مسوڵمان بوون، بەڵام خۆیان مسوڵمان نەبوون و،

بـاب و دایکیـان هەوڵیـان لەگـەڵ داون، ئەوانیـش بـەو شـێوەیە مامەڵەیـان لەگـەڵ بـاب و دایکیانـدا کـردوە.

٢)- ﴿أَتَعِدَانِنِيٓ أَنۡ أُخۡرَجَ﴾، ئایا بەڵێنم پێ دەدەن دەربهێنرێمەوە؟ (**أتعِدَانني**)، خوێندراویشەتەوە: (**أتعِدَانّي**)، ئایا بەڵێنم پێ دەدەن، کە بە تەئکید لێرەدا هەمزەی ئیستیفهام بۆ نکووڵییلێکردن و سەرسوڕمانە، واتە: شتێکی نکووڵییلێکراوەو شتێکە مرۆڤ سەری لێ سوڕدەمێنێ، ئێوە بەڵێنم پێ بدەن، کە من دەربهێنرێمەوە، واتە: لە گۆڕ دەربهێنرێمەوەو زیندوو بکرێمەوە جارێکی دیکە.

٣)- ﴿وَقَدۡ خَلَتِ ٱلۡقُرُونُ مِن قَبۡلِي﴾، لە حاڵێکدا سەدەکان لە پێش مندا، ڕابردوون، واتە: خەڵکی ئەو هەموو سەدانە ڕابردوون و، هیچکەس نەهاتۆتەوە لە گۆڕستان!.

ئێمە لە هۆی هاتنە خوارەوەکەیدا دوو ڕیوایەتمان هێنان:

١- مەڕوانی کوڕی حەکەم ویستوویەتی عەبدوڕڕەحمانی کوڕی ئەبوو بەکر (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ)، تۆمەتبار بکات بەوەی ئەم ئایەتە لە بارەی ئەو و شێوەی مامەڵەی لەگەڵ باب و دایکییدا، ئەبوو بەکرو (**أُمُّ الرُّومان**)ەوە، خوا لێیان ڕازی بێ، هاتۆتە خوار، بەڵام دایکمان عائیشە بەرپەرچی داوەتەوەو، گوتوویەتی: خوا ﷻ لە بارەی ئێمەوە هیچی نەناردۆتە خوار، جگە لە پاکیی دەربڕینی من، ئەویش لە سوورەتی (**النور**)دا، کە پێشتر تەفسیرمان کردوە.

٢- لە ڕیوایەتێکی دیکەدا هاتوە کە عائیشە گوتوویەتی: بەڵام من دەزانم و ئاگادارم خوا نەفرینی لە بابی مەڕوان کردوە، لە کاتێکدا کە مەڕوان لە پشتی بابی دا بووە، واتە: ئەوەیان ڕاستە، بەڵام ئەوەی کە عەبدوڕڕەحمانی پێ تۆمەتبار دەکات، ڕاست نیە، بێگومانیش (**صديقة بنت الصديق**) (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ) ڕاست دەکات و، مەڕوانیش درۆی کردوەو، مەرج نیە مەڕوانی کوڕی حەکەم بەس ئەو ناڕاستیی و درۆیەشی بوو بێ.

٤)- ﴿ وَهُمَا يَسْتَغِيثَانِ اللَّهَ ﴾، ئەوانیش پەنایان دەبردە بەر خوا ﷻ، داوای یارمەتییان لە خوا دەکرد، هانایان بۆ خوا دەبرد، واتە: لە چنگ ئەو کوڕەیان، هاواریان بۆ خوا دەبرد، کە هیدایەتی بدات.

٥)- ﴿ وَيْلَكَ ءَامِنْ ﴾، (پێیان دەگوت:) سزای سەخت بۆ تۆ، بڕوا بێنە! وشەی (وَيْل) بە مانای خراپە دێ و، بە مانای شتی ناشیرین دێ و، بە مانای ئازارو سزا دێ، (وَيْلَكَ) بە دڵنیایی لێرەدا واتە: (وَيْلٌ لَكَ) سزای سەخت بۆ تۆ، هاوار بۆ تۆ، (آمِنْ) بڕوا بێنە، (أي: اتصِفْ بِالإِيْمَان) ئیمان بکە خەسڵەتی خۆت.

٦)- ﴿ إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ ﴾، بە دڵنیایی گفت و بەڵێنی خوا ڕاستەو، چەسپاوە، واتە: بەڵێنی خوا کە کاتەکە (سَاعَة) دێ، یان قیامەت دێ، ئاخیر زەمان دێ، یاخود ڕۆژی زیندوو کرانەوەو سزاو پاداشت دێ، چەسپاوەو ڕاستە.

٧)- ﴿ فَيَقُولُ مَا هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴾، ئەویش (لە وەڵامی ئەواندا)، دەیگوت: ئەمە تەنیا ئەفسانەی پێشینانە، وشەی (أَسَاطِيْر) لە قورئاندا زۆرجار دووبارە بۆتەوە، (أَسَاطِيْر) پێشتریش گوتوومانە: کۆی (أسْطُورة)یە، (أي: القِصَّةَ وَغَلَبَ اسْتِعْمَالُهَا فِي القِصَّة البَاطِلَةِ أو الخُرَافَة)، (أسْطَورة) بە مانای چیرۆک و بەسەرهات دێ، بەڵام زیاتر بەکارهێنراوە بۆ بەسەرهاتێکی پووچ و بێ بنەما، یاخود بۆ ئەفسانە.

ئنجا کە ئەو بەو شێوەیە لەگەڵ باب و دایکییدا ڕەفتار دەکات، خوا ﷻ دەفەرموێ:

٨)- ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ حَقَّ عَلَيْهِمُ ٱلْقَوْلُ ﴾، ئا ئەوانە، ئەو کەسانەن، قسەیان لەسەر چەسپاوە، واتە: بڕیاری خوایان لەسەر چەسپاوە، کە دەبێ سزا بدرێن، وەک جاری دیکەش باسمکردوە، بە داخەوە زۆر لە ڕوونکەرەوانی قورئان، لە مانای ئەم تەعبیرەدا کە لە قورئاندا چەند جارێک دووبارە بۆتەوە:

أ- لە سوورەتی (الزمر)دا،

ب- لێرەدا و لە چەند شوێنێکی دیکەدا هاتوە، بۆ وێنە: خوا ﷻ لە کۆتایی سوورەتی (هود)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَتَمَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ ٱلْجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ أَجْمَعِينَ ﴿١١٩﴾ ﴾،

فەرمایشتی پەروەردگارت تەواو بووە، کە فەرموویەتی: دۆزەخ لە جندو مرۆڤان تێکڕایان، پڕ دەکەم، دەیناخنم لێیان، گوتوویانە: ئەوە ئەو فەرمایشتەو ئەو بڕیارەی خوا بەسەر ئەوانەدا، چەسپیوە، کە دەبێ ئەوانیش بچنە دۆزەخ!!.

بەڵام لە ڕاستییدا ئەو مانا لێکدانەوەیە زۆر هەڵەیە، چونکە ئەمە ئەوەی لێ وەردەگیرێ کە هەر کەسێ خوا بڕیاری بۆ دابێ، دەبێ بچێتە دۆزەخ، تازە هەر دەبێ بچێ! بەڵام ئایەتەکە وا نافەرموێ، بەڵکو دەفەرموێ: ئەوانە کەسانێکن قسە لەسەریان چەسپاوەو، بڕیار لەسەریان چەسپاوە، کام بڕیار؟ ئەو بڕیارە کە هەر کەسێک بێبڕوا بێ، خوا سزای دەدات، نەک ئەو بڕیارە کە پێش ئەوەی ئەوان ببن، خوا بڕیاری بۆ دابن، ئەوانە دەبێ هی دۆزەخ بن!! بەڵێ خوا ﷻ زانیویەتی کێ دەچێتە دۆزەخ و کێ دەچێتە بەهەشت، بەڵام زانیویەتی کێ دەچێتە دۆزەخ، بە ویستی خۆی، لەبەر ئەوەی بێبڕوا دەبێ و ئەو کردەوە خراپانە دەکات، بەویستی خۆی، هەروەها زانیویەتی کێ دەچێتە بەهەشت، لەبەر ئەوەی ئیمان دێنێ و ئەو کردەوە چاکانە دەکات بە ویستی خۆی، لە ڕاستییدا بڕیاری خوا ئەوەیە، کە بێبڕوایان سزا دەدات، ئەوە ئەو بڕیارەی خوایە لەسەریان چەسپاوە، بەڵام ئەو بڕیارەی خوا بۆچی لەسەریان چەسپاوە؟ لەبەر ئەوەی خۆیان پێشەکییەکانیان ساز کردوون، کە بریتین لە بێبڕوایی و شیرک و ئیلحادو، دوور لە خوایی و خراپەکاریی، ئەو پێشەکییانە کە ساز دەکرێن، ئەو دەرئەنجامەیان بەدوا دادێ، کە بریتیە لە چوونە دۆزەخ، ئنجا لەبەر ئەوەی بەپێی سیستەمی خوا دێتە دی و، ئەو پرۆسەیە بە گوێرەی سیستەمێکە خوا ﷻ دایناوە، بۆیە خوا پاڵیداوەتە لای خۆی، ئەگەرنا ئەوەی دەچێتە دۆزەخ، بە هۆی کوفرو کردەوەی خراپی خۆیەوە، دەچێتە دۆزەخ، هەروەک ئەوەی دەچێتە بەهەشت، چوونە بەهەشتەکەی هۆکارەکەی بریتیە لە ئیمان و کردەوەی باشی خۆی، بەڵێ بەهەشت بریتی نیە لە نرخ و تێچوو و بەهای ئەوەندە ئیمان و ئەوەندە کردەوانەی ئەو بڕوادارانە بوویانن، بەهەشت لەوە گەورەترەو بەخششی خوایە، بەڵام ئەوانە هۆکارن و بەبێ هۆکار سازکردن، کەس نە دەچێتە دۆزەخ، نە دەچێتە بەهەشت.

٩)- ﴿ فِيٓ أُمَمٖ قَدۡ خَلَتۡ مِن قَبۡلِهِم مِّنَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِۖ ﴾، لە نێو کۆمەڵانێک دا لە جندو مرۆڤ، کە بەرلەوان ڕابردوون، لە نێو کۆمەڵانێکدا، کە لە پێش ئەواندا، گوزەراون و تێپەڕیون، لە جندو مرۆڤ.

١٠)- ﴿ إِنَّهُمۡ كَانُواْ خَٰسِرِينَ ﴾، بە دڵنیایی ئەوان زیانبارن، ئەمە دوو واتایان هەڵدەگرێ:

أ- کە ئەو بڕیارەیان لەسەر چەسپاوە، ئەوان زیانبارن، (خَاسِر) ناوی بکەر (إِسْم فَاعِل)ە، یانی: خۆی زیانەکەی کردوە.

ب- بڕیاری خوایان بەسەردا چەسپاوە، کە بە دڵنیایی ئەوان زیانبارن.

١١)- ﴿ وَلِكُلّٖ دَرَجَٰتٞ مِّمَّا عَمِلُواْۖ ﴾، بۆ هەر کامێکیان چەندان پلە هەن، بە هۆی ئەوەوە کە کردوویانە.

(من) لە (مِّمَّا عَمِلُواْ)دا:

أ- دەگونجێ (مِنْ) (تَبْعِيضِيَّة) بێ و، مەبەست لە (مَا عَمِلُوا)، (جَزَاءَ مَا عَمِلُوا)بێ، واتە: بەهۆی سزاو پاداشتی ئەوەوە کە کردوویانە، هەر کامێکیان چەند پێگەو پلەیەکی هەن.

ب- دەشگونجێ (مِنْ) (إبتدائية) بێ، کە ئەو کاتە مەبەست لە (مَا عَمِلُوا) سزاو پاداشتی ئەوە نابێ، کە کردوویانە، بەڵکو خودی کردەوەکەیان دەبێ، واتە: لە ئەنجامی ئەوەدا کە کردوویانە، هەر کامێکیان چەند پلەو پێگەیەکی هەن.

ئەو تەنوینەی سەر (وَلِكُلٍّ): (تَنْوِينُ «كُلٌّ» عِوَضٌ عَمَّا تُضَافُ إِلَيْهِ «كُل» أي: لِكُلٍّ مِن الفَرِيقَيْنِ: المُؤْمِنِ البَارِّ بِوَالِدَيْهِ، وَالكَافِرِ الجَامِعِ بَيْنَ الكُفْرِ وَالعُقُوقِ)، ئەم تەنوینە قەرەبووی ئەوەیە، کە وشەی (كُلّ) پاڵی دەدرێتە لا، واتە: بۆ هەر کام لەو دوو کۆمەڵە، چ بڕوادارەو چاکەکارە کە لەگەڵ باب و دایکی دا، چ بێبڕوایە، کۆکەرەوەکەی نێوان کوفرو سەرپێچیی باب و دایکی، هەر کامێکیان چەند پێگەیەکیان هەن، (دَرَجَات: مَرَاتِبُ، دَرَجَات لأَهْلِ الإِيْمَانِ، وَدَرَكَات لأَهْلِ الكُفْرِ، وَهَذَا تَغْلِيبٌ لِلْدَّرَجَاتِ عَلَى الدَّرَكَات)، کە دەفەرموێ: (دَرَجَات) واتە: هەر کامێکیان،

لەو كۆمەڵە چەند پێگەیەكیان هەن و، هەر كەسە لە پێگەی خۆیدایە، ئنجا بە نسبەت بڕوادارانەوە، پلەكان بەرەو بەرزیی دەچن و، بە نسبەت بێبڕوایانەوە پلەكان سەرەو ژێر دەبنەوە، دەگوترێ: بە پلیكانەدا چووە خوار، بە پەیژەدا یان بە قادرمەدا سەركەوت، وەک خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ فِى ٱلدَّرْكِ ٱلْأَسْفَلِ مِنَ ٱلنَّارِ ﴿١٤٥﴾ ﴾النساء، بێگومان مونافیقەكان لە پلەی ژێرەوەی ئاگردان، بۆیەش (دَرَجَات) بەكارهاتوە لەبەر زاڵكردنی پلەكان بۆ بەرزیی، بەسەر پلیكانەكانی بەرەو خواردا، كە بۆ بێبڕوایانن، دەشگونجێ (دَرَجَات) كە كۆی (دَرَجَة)یە، یانی: هەر كامێک پێگەی خۆی هەیە، ئنجا پێگەكەی بەرەو خوارێ، یان بەرەو سەرێ، گرنگ ئەوەیە وشەی (دَرَجَة) دەگونجێ هەردووكیان بگرێتەوە.

١٣)- ﴿ وَلِيُوَفِّيَهُمْ أَعْمَٰلَهُمْ ﴾، بۆئەوەی كردەوەكانیان بە تەواویی بداتەوە خوێندراویشەتەوە: (وَلَنُوَفِّيَهُمْ أَعْمَالَهُمْ)، بۆ ئەوەی هەر كامێكیان كردەوەكانیان، واتە: سزاو پاداشتی كردەوەكانیان بداتەوە، یان بیاندەینەوە، (ل)ی كە چۆتە سەر (لِيُوَفِّيَهُم)، (عِلَّةٌ لِـمَحذُوفٍ دَلَّ عَلَيْهِ الكَلَامِ، أَي قَدَّرْنَا جَزَاءَهُمْ عَلَى مَقَادِيرِ دَرَجَاتِهِمْ لِتَوْفِيَتِهِمْ جَزَاءَ أَعْمَالِهِمْ، أَي: نُجَازِيْهِمْ تَامّاً وَافِياً لَاغَبْنَ فِيْهِ)، واتە: (ل)ی (لِيُوَفِّيَهُم) هۆكارە بۆ شتێک كە قرتێنراوە، بەڵام قسەكە دەیگەیەنێ، واتە: سزاو پاداشتەكەیانمان بە چەند ئەندازەیەک بە پێی پێگەكانیان دیاریكرد، تاكو پاداشت و سزای كردەوەكانیان بدەینەوە بە تەواویی، هی هەر كەسە بە تەواویی بیدەین، بێ ئەوەی لێی كەم بكرێ.

١٤)- ﴿ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴾، لە حاڵێک دا ئەوان ستەمیان لێ ناكرێ، واتە: ئەوانەی سزا دەدرێن، ستەمیان لێ ناكرێ، كە زیاد لە تاوانی خۆیان سزا بدرێن، ئنجا لێرەدا دەگونجا بڵێین: چاكەكارانیش ستەمیان لێ ناكرێ كە لە پاداشتیان كەم بكرێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی سیاقەكە هەمووی لە بارەی كەسانێكەوەیە، كە خراپەكار بوون، بۆیە هەر سزا دێتە زەینەوە، كاتێک كە باسی ئەوان دەكرێ، بۆیە: ﴿ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴾، واتە: لە سزادانیاندا، ستەمیان لێ ناكرێ كە زیاد لە ئەندازەی شایستەی خۆیان سزا بدرێن.

مەسەلەی سێیەم و کۆتایی:

لـە کاتێکـدا بێبڕوایان لەسـەر ئاگـر ڕادەنوێنرێـن، یان ئاگریـان لەسـەر ڕادەنوێنرێ، سەرزەنشـت دەکرێـن لەسـەر ڕابـواردن و زێدەڕۆییـان لـە خۆشـگوزەرانییدا بـە حەرامیـی و، پێشـیان دەگوتـرێ: ئەمـڕۆ سـزای ڕیسـوایی دەچێـژن، بـە هـۆی خـۆ بەزلگریـی و لادانتانـەوە:

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿وَيَوْمَ يُعْرَضُ الَّذِينَ كَفَرُوا عَلَى النَّارِ أَذْهَبْتُمْ طَيِّبَاتِكُمْ فِي حَيَاتِكُمُ الدُّنْيَا وَاسْتَمْتَعْتُم بِهَا فَالْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ الْهُونِ بِمَا كُنتُمْ تَسْتَكْبِرُونَ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَبِمَا كُنتُمْ تَفْسُقُونَ ﴿٢٠﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿وَيَوْمَ يُعْرَضُ الَّذِينَ كَفَرُوا عَلَى النَّارِ﴾، ئەو ڕۆژەی ئەوانەی بێبڕوان لەسەر ئاگر ڕادەنوێنرێن، ئاگریان پێشان دەدرێ، یاخود: ئەوان دەبرێنە سوێی ئاگرو ئاگرەکە دەهێنرێ بۆ لای ئەوان، دەڵێ: (**عَرَضَ الشَّيءُ: ظَهَرَ وَأَشْرَفَ، عَرَضَ لَهُ أَمْرٌ، وَعَرَضَ الشَّيءَ: أَظْهَرَهُ أَبْرَزَهُ، وَعَرَضَ الدَّابَّةَ عَلَى الحَوْضِ: سَامَها أَنْ تَشْرَبَ، وَهُوَ مِنَ المَقْلُوبِ، وَعَرَضَ عَلَيْهِ الشَّيءَ: أَرَاهُ إِيَّاهُ**)، وشەی (**عَرَضَ الشَّيءُ**) واتە: ئەو شتە دەرکەوت، چووە سوێی، (**عَرَضَ لَهُ أَمْرٌ**) شتێکی هاتە پێش و بۆی دەرکەوت، (**عَرَضَ الشَّيءَ**)، واتە: شتەکەی دەرخست و ئاشکرای کرد، دەگوترێ: (**عَرَضَ الدَّابَّةَ عَلَى الحَوْضِ**)، ئاژەڵەکەی بردە سەر حەوزەکە، واتە: بردی تاکو بخواتەوە، حەوزەکەی پێشانی ئاژەڵەکە دا، دەگوترێ: (**وَعَرَضَ عَلَيْهِ الشَّيءَ: أَرَاهُ إِيَّاهُ**) واتە: شتەکەی پێشاندا، ئەو ڕۆژە کە ئەوانە دەبرێنە سەر ئاگرو، ئاگریان پێشان دەدرێ.

٢)- ﴿أَذْهَبْتُمْ طَيِّبَاتِكُمْ فِي حَيَاتِكُمُ الدُّنْيَا﴾، [پێیان دەگوترێ:] بژیوە خۆشەکان و خۆشیی و لەززەتەکانی خۆتانتان تەواو کردن و بڕاندن، لە ژیانی دنیادا، (**أَذْهَبْتُم**) خوێندراویشەتەوە: (**أَأَذْهَبْتُم**) ئایا بڕاندنتان؟ بەڵام (**أَذْهَبْتُم**) هەواڵ پێدانە، واتە: بڕاندنتان و تەواوتان کردن، خۆشیی و لەززەتەکانتان لە ژیانی دنیاتاندا، تەواوکردن، (أأذهبتم) پرسیارکردنی سەرزەنشتکارانەیە.

٣)- ﴿وَٱسۡتَمۡتَعۡتُم بِهَا﴾، بەهرەتان لێی وەرگرت و لێیان بەهرەمەند بوون.

٤)- ﴿فَٱلۡيَوۡمَ تُجۡزَوۡنَ عَذَابَ ٱلۡهُونِ﴾، ئەمڕۆش سزای ڕیسوایی دەچێژن، خوێندراویشەتەوە: (عَذَابَ الهَوان)، مانای (الهَوَانُ: الذُّلُ) زەبوونیی و ڕیسوایی، ئەمە: (مِنْ إِضَافَةِ المَوْصُوفِ إلى الصِّفَة)، (عَذَابَ الهُون)، واتە: (هُونَ العَذَاب) ڕیسواییەکە کە بریتیە لە سزاو ئازار.

٥)- ﴿بِمَا كُنتُمۡ تَسۡتَكۡبِرُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّ﴾، بە هۆی ئەوەوە کە بە ناهەق خۆتان لە زەویدا بەزلدەگرت.

بێگومان هەموو خۆبەزلگرتنێک هەر بە ناهەقە، بەڵام ئەمە لێرەدا بۆ زیاتر ناقۆڵاو دزێو پێشاندانی خۆ بەزلگرییەکەیانە.

٦)- ﴿وَبِمَا كُنتُمۡ تَفۡسُقُونَ﴾، بە هۆی ئەوەشەوە کە ئێوە لادان و تاوانتان دەکرد، واتە: لە فەرمانبەریی خوا دەردەچوون و، لە جادەی شەریعەت دەرچووبوون، واتە: بەهۆی دوو شتەوە، ئێوە ئەمڕۆ سزای ڕیسوایی دەچێژن:

یەکەم لە بەرانبەر بەندەکانی خوادا، خۆتان بەزلدەگرت.

دووەم: لە بەرانبەر خواشدا لادان و سەرپێچیی و تاوانتان دەکردو، لە جادەی شەریعەتێک کە خوا بۆی دانا بوون، لاتان دەدا.

لێرەدا خوا ﷻ بۆمان باسی ئەوانە دەکات کە بێبڕوا بوون و، بە هۆی بێبڕواییەکەیانەوە، ملیان داوەتەوە ڕابواردنی ناشەرعیی و خۆشگوزەرانیی، وەک کرمە گڵ خۆرکەیەک، وەک ئاژەڵێک سەریان هەر بەرەو خوار بووەو، جارێک سەریان بەرەو خوا بەرز نەکردۆتەوە، بپێچنەوە لە حەڵاڵ و حەرام، لە چاکەو خراپە، بەڵکو چۆنیان پێ خۆش بووە، وایانکردوە، وەک شاعیرەکە دەڵێ:

وَمَن أباحَ النَّفسَ ماتهـواهُ فإنَّما إلهُـهُ هـواه

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی ئێمە لەو کەسانە بگێڕێ، کە بەهۆی ئیمان و تەقواوە، وا تەماشای ژیانی دنیا دەکەن، کە شوێنی تێدا تاقیکردنەوەیەو، هەر

بەو ئەندازەیە لە نیعمەتە ماددییەکانی دنیادا چێژ وەربگرن و بەهرەمەند دەبن، کە ژیانی دنیایان پێویستی پێیەتی، نەک بەو ئەندازەیەی کەیفیان لێیەتی.

هەڵوەستەیەکی پێویست لەبەردەم مشت و مڕێکیی نێوان مەڕوانی کوڕی حەکەم و (عبدالرحمن بن أبي بكر الصديق)دا لەسەر حوکمی میراتیی و بنەماڵەیی

بەڕێــــزان!

ئێمــە لــە دەرسی پێشــوودا، لــە هــۆی هاتنــە خــواری ئــەم ئایەتــە موبارەکــەی کــە دەفەرمــوێ: ﴿ وَٱلَّذِى قَالَ لِوَٰلِدَيۡهِ أُفّٖ لَّكُمَآ أَتَعِدَانِنِيٓ أَنۡ أُخۡرَجَ وَقَدۡ خَلَتِ ٱلۡقُرُونُ مِن قَبۡلِي وَهُمَا يَسۡتَغِيثَانِ ٱللَّهَ وَيۡلَكَ ءَامِنۡ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞ فَيَقُولُ مَا هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلۡأَوَّلِينَ ﴿١٧﴾ ﴾**الأحقـاف**، چەمــک و واتــای دوو ڕیوایەتمــان هێنــا، لێــرەدا بــە بــاشی دەزانــم دەقــی ســێ ڕیوایەتــان لــە ســەرچاوەکانی خۆیانــەوە بێنــم:

أ)- {عَنْ يُوسُف بْنِ مَاهَكَ قَالَ: كَانَ مَرْوَانُ عَلَى الْحِجَازِ اسْتَعْمَلَهُ مُعَاوِيَةُ، فَخَطَبَ فَجَعَلَ يَذْكُرُ يَزِيدَ بْنَ مُعَاوِيَةَ لِكَيْ يُبَايَعَ لَهُ بَعْدَ أَبِيهِ، فَقَالَ: لَهُ عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ أَبِي بَكْرٍ رضي الله عنهما، شَيْئًا فَقَالَ: خُذُوهُ فَدَخَلَ بَيْتَ عَائِشَةَ، فَلَمْ يَقْدِرُوا عَلَيْهِ، فَقَالَ مَرْوَانُ: إِنَّ هَذَا الَّذِي أَنْزَلَ اللَّهُ فِيهِ: ﴿ وَٱلَّذِى قَالَ لِوَٰلِدَيۡهِ أُفّٖ لَّكُمَآ أَتَعِدَانِنِيٓ أَنۡ أُخۡرَجَ وَقَدۡ خَلَتِ ٱلۡقُرُونُ مِن قَبۡلِي وَهُمَا يَسۡتَغِيثَانِ ٱللَّهَ وَيۡلَكَ ءَامِنۡ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞ فَيَقُولُ مَا هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلۡأَوَّلِينَ ﴿١٧﴾ ﴾الأحقاف، فَقَالَتْ عَائِشَةُ رضي الله عنها: مِنْ وَرَاءِ الْحِجَابِ: مَا أَنْزَلَ اللَّهُ فِينَا شَيْئًا مِنَ الْقُرْآنِ إِلَّا أَنَّ اللَّهَ أَنْزَلَ عُذْرِي} (أخرجه البخاري: ٤٨٢٧، وقد جمع الحافظ بن حجر رحمه الله رواية هذا الحديث في فتح الباري: ج٨، ص٥٧٦، ٥٧٧).

واتــە: یوســفی کــوڕە ماهــەک دەگێڕێتــەوە کــە مــەڕوان، موعاویــەی کــرد بــووی بــە حوکمــڕان لــە حیجــاز، وتاریــدا یەزیــدی کــوڕی موعاویــەی باســکرد، بــۆ ئــەوەی لــە

دوای بابی پەیمانی بۆ وەربگیرێ، بەیعەتی بۆ وەربگیرێ، (کە بابی جارێ هەر لە ژیاندایە)، عەبدوڕڕەحمانی کوڕی ئەبووبەکر قسەیەکی گوت (لە ڕیوایەتەکەی دیکەدا دەیهێنین، کە قسەکەی چی بووە)، مەڕوان گوتی: بیگرن، ئەویش چووە نێو ماڵەکەی عائیشە، (خوا لێی ڕازی بێ) و نەیانتوانی بیگرن (لەبەر حورمەت و ڕێزی عائیشە)، مەڕوان گوتی: ئەمە ئەو کەسەیە، کە خوا لە بارەیەوە ئەم ئایەتەی ناردۆتە خوار: ﴿ وَٱلَّذِى قَالَ لِوَٰلِدَيْهِ أُفٍّ لَّكُمَآ أَتَعِدَانِنِىٓ أَنْ أُخْرَجَ وَقَدْ خَلَتِ ٱلْقُرُونُ مِن قَبْلِى وَهُمَا يَسْتَغِيثَانِ ٱللَّهَ وَيْلَكَ ءَامِنْ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ فَيَقُولُ مَا هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿١٧﴾ ﴾، عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) لە پشت پەردەوە گوتی: خوا ﷻ هیچ شتێکی لە قورئانێدا، لە بارەی ئێمەوە نەناردۆتە خوار، جگە لەوەی خوا ﷻ پاکیی منی لە قورئاندا دابەزاندوە، مەبەستی پێیان ئایەتەکانی: (١١ - ٢٦)ی سوورەتی (النور)ە، کە پێشتر تەفسیرمان کردوون، واتە: ئەو شازدە ئایەتە، بەو بۆنەوە هاتوونەتە خوار، کە تۆمەت بۆ عائیشە کرا بوو، بوختانی پێکرا، (خوا لێی ڕازی بێ)، خوا لە سەرووی حەوت ئاسمانانەوە پاکیی و چاکیی عائیشەو (صەفوانی کوڕی موعەتتەلی سەهمیی)یشی ڕاگەیاند.

ب)- {عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ زِيَادٍ، قَالَ: لَمَّا بَايَعَ مُعَاوِيَةُ لِابْنِهِ يَزِيدَ، قَالَ مَرْوَانُ: سُنَّةُ أَبِي بَكْرٍ، وَعُمَرَ، فَقَالَ عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ أَبِي بَكْرٍ: سُنَّةُ هِرَقْلَ، وَقَيْصَرَ، فَقَالَ: أَنْزَلَ اللَّهُ فِيكَ: ﴿ وَٱلَّذِى قَالَ لِوَٰلِدَيْهِ أُفٍّ لَّكُمَآ ﴿١٧﴾ ﴾الأحقاف، قَالَ: فَبَلَغَ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا، فَقَالَتْ: كَذَبَ وَاللَّهِ مَا هُوَ بِهِ، وَلَكِنْ «رَسُولُ اللَّهِ ﷺ لَعَنَ أَبَا مَرْوَانَ وَمَرْوَانُ فِي صُلْبِهِ» فَمَرْوَانُ فَضَضٌ مِنْ لَعْنَةِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ}[1].

---

(١) أخرجه النسائي في تفسيره: ٥١١، والخطابي في غريب الحديث (ج٢،ص ٥١٧)، والحاكم في المستدرك (ج٤، ص ٤٨١)، والإسماعيلي في المستخرج كما في الفتح (ج٨، ص ٥٧٦)، وابن أبي خيثمة في تأريخه، وابن مردويه في تفسيره كما في تخريج الكشاف (ج٣، ص٢٨٢)، وعبد بن حميد، وابن المنذر في تفسيريهما، كما في (الدر المنثور)، (ج٧، ص٤٤٤) من طرق عن محمد بن زيان به قال الحاكم: هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ عَلَى شَرْطِ الشَّيْخَيْنِ، وَلَمْ يُخْرِجَاهُ، وتَعَقَّبَهُ الذهبي بقوله قلت: فيه انقطاع محمد لم يسمع من عائشة، وأخرج ابن أبي حاتم في تفسيره كما في فتح الباري (ج٨، ص٥٧٧)، وتفسير القرآن العظيم (ج٤، ص١٧١).

واتـە: موحەممـەدی کـوڕی زیـاد دەڵـێ: دوای ئـەوەی موعاویـە پەیـمانی بـۆ کوڕەکـەی وەرگـرت، (واتـە: لەسـەر زمـانی مـەڕوان)، مـەڕوان گـوتی: ئـەوە هەمـان ڕێبازی ئەبـوو بەکرو عومـەرە (خـوا لێیـان ڕازی بـێ)، عەبدوڕڕەحـمانی کوڕی ئەبـوو بەکـر، (خـوا لـە خـۆی و بـابی ڕازی بـێ)، گـوتی: بەڵکـو ڕێبـازی هیرەقڵ و قەیصـەرە، (واتـە: حوکمـی میراتیـی و بنەماڵەیـی)، مـەڕوان گـوتی: ئەمـە ئـەو کەسـەیە خـوا ﷻ لـە بارەیـەوە ئـەم ئایەتـەی دابەزانـدوە: ﴿ وَٱلَّذِى قَالَ لِوَٰلِدَيۡهِ أُفّٖ لَّكُمَآ ﴿١٧﴾ ﴾، کـە ئـەوە بـە عائیشـە گەیشـتەوە (خـوا لێـی ڕازی بـێ)، عائیشـە گـوتی: بـە خـوا درۆ دەکات، عەبدوڕڕەحـمان ئـەو کەسـە نیـە، کـە خـوا ئـەو ئایەتـەی لـە بـارەوە دابەزانـدوە، بـەڵام پێغەمبـەری خـوا ﷺ لەعنـەتی لـە بـابی مـەڕوان کـردوە، کـە مـەڕوان لـە پشـتی بابیـدا بـووە، کەواتـە: مەڕوانیـش نەفرینـی خـوای بەرکەوتـوە.

دیـارە مـەڕوان کـوڕی حەکەمـە (**الحكـم بـن العـاصي**) کـە بـە کافریـی مـردوە، دایکـمان عائیشـە گوتوویـەتی: کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ لەعنـەتی لـە حەکـەم کـردوە، ئـەو مەڕوانـەش لـە پشـتی ئـەوە.

ج)- **[مِنْ طَرِيْق عَنْ إِسْمَاعِيلَ بْنِ أَبِي خَالِدٍ، قَالَ: إِنِّي لَفِي الْمَسْجِدِ حِينَ خَطَبَ مَرْوان، فَقَالَ: إِنَّ اللَّهَ تَعَالَى أَرَى أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ فِي يَزِيدَ رَأْيًا حَسَنًا، وَإِنْ يَسْتَخْلِفْهُ فَقَدِ اسْتَخْلَفَ أَبُو بَكْرٍ وَعُمَرُ، فَقَالَ عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ أَبِي بَكْرٍ: أَهِرَقْلِيَّةٌ؟! إِنَّ أَبَا بَكْرٍ وَاللَّهِ مَا جَعَلَهَا فِي أَحَدٍ من ولده، ولا أحدٍ مِنْ أَهْلِ بَيْتِهِ، وَلَا جَعَلَهَا مُعَاوِيَةُ فِي وَلَدِهِ إِلَّا رَحْمَةً وَكَرَامَةً لِوَلَدِهِ. فَقَالَ مَرْوَانُ: أَلَسْتَ الَّذِي قَالَ لِوَالِدَيْهِ: أُفٌّ لَكُمَا؟ فَقَالَ عَبْدُ الرَّحْمَنِ: أَلَسْتَ ابْنَ اللَّعِينِ الَّذِي لَعَنَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ أَبَاكَ؟ قَالَ: وَسَمِعَتْهُمَا عَائِشَةُ، فَقَالَتْ: يَا مَرْوَانُ، أَنْتَ الْقَائِلُ لِعَبْدِ الرَّحْمَنِ كَذَا وَكَذَا؟ كذبتَ، مَا فِيهِ نَزَلَتْ، وَلَكِنْ نَزَلَتْ فِي فُلَانِ بْنِ فُلَانٍ. ثُمَّ انْتَحَبَ مَرْوَانُ، ثُمَّ نَزَلَ عَنِ الْمِنْبَرِ حَتَّى أَتَى بَابَ حُجْرَتِهَا، فَجَعَلَ يُكَلِّمُهَا حَتَّى انْصَرَفَ]**[1].

---

(١) وسكت عنه الحافظ في الفتح، وقال الهيثمي في مجمع الزوائد: (ج٥، ص ٤١)، رواه البزار إسناد حسن، قلنا فيه عبدالله البهي مختلف فيه، وفي التقريب صدوق يخطيء فالحديث بمجموعها إن شاءالله حسن على أقل الأحوال، والحديث ذكره السيوطي في الدر المنثور (ج٧،

واتـە: ئیسـماعیلی کـوڕی ئەبـوو خالیـد لـە عەبدوڵـڵای بەهیـی دەگێڕێتـەوە، گوتوویـەتی: مـن لـە مزگـەوت بـووم، کاتێـک مـەڕوان وتاریـدا، گـوتی: خـوای بـەرز لـە بـارەی یەزیـدەوە بۆچوونێکـی بـاشی پێشـانی فەرمانـدەی بـڕواداران داوە، (مەبەسـتی موعاویـە بـوو) و، ئەگـەر موعاویـە یەزیـد بـکات بە جێنشـین، ئەبـوو بەکـرو عومەڕیش خـوا لێیـان ڕازی بـێ، خەڵکیـان لـە دوای خۆیـان کردۆتـە جێنشـین، (کە ئەو قسـەیە درۆ بـووە، ئەبـوو بەکـرو عومەڕ کەسـیان تەعیـن نەکـردوە، دیاریی بکـەن، بەس پێشـنیاریان کـردوە)، بۆیـە عەبدوڕڕەحـمانی کـوڕی ئەبـوو بەکـری صیددیـق خـوا لـە خـۆی و بـابی ڕازی بـێ، گـوتی: ئایـا هیرەقلایەتییـە؟! (لـە ڕیوایەتێکـی دیکـەدا، گـوتی: ئـەوە ڕێبـازی هیرەقـل و قەیصـەڕە؟!) بـە خـوا ئەبـوو بەکـر کـەسی لە ڕۆڵـەکانی خـۆی پێشـنیار نەکرد، کەسیشی لـە خزمـانی خـۆی پێشـنیار نەکـرد، {هەروەهـا عومەریـش (خـوا لێیـان ڕازی بـێ)، بـەڵام لێـرەدا هـەر بـاسی ئەبـوو بەکـری کـردوە}، بـەڵام موعاویـە تەنیـا بۆیـە لـە ڕۆڵـەکانی خۆیـدا، [کـە یەزیـدی کوڕیـەتی] داینـا، هـەروەک ڕێزلێگرتنـی کوڕەکـەی و سـۆز نوانـدن لەگـەڵ کوڕەکـەی، (واتـە: نـەک وەک دڵسـۆزیی بـۆ مسـوڵمانان)، مەڕوانیـش پێـی گـوت: تـۆ ئـەو کەسـە نـی کـە کاتێ خـۆی بـە بـاب و دایکـی گوتـوە: (**أُفٍّ لَكُمَا**)؟ بێزاریـی بـۆ ئێـوە؟ عەبدوڕڕەحمانیش لـە وەڵامیـدا گـوتی: ئـەدی تـۆ کـوڕی ئـەو مەلعوونـە نـی، کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ بابتـی نەفریـن لێکـردوە؟ {مەشـهوور بـووە کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ نەفرینـی کـردوە لـە (**حَكَم**)ی بـابی مـەڕوان، مـەڕوانی کـوڕی حەکـەم}، دەڵـێ: عائیشـەش (خـوا لێـی ڕازی بـێ)، گوێـی لـە قسـەکانیان بـوو، بۆیـە گـوتی: ئـەی مـەڕوان! ئـەوە تـۆ ئـەو بێـژەرەی کـە وات بـە عەبدوڕڕەحـمان گوتوە؟ درۆ دەکـەی، (واتـە: بـە هەڵـەدا چـووی)، ئـەو ئایەتـە لـە بـارەی ئـەوەوە نەهاتۆتـە خـوار، بەڵکـو ئـەو ئایەتـە لـە بـارەی فـڵانی کـوڕی فـڵان هاتۆتـە خـوار، دەڵـێ: دوایـی مەڕوانیـش گریـانی لـە قـوڕگ مابـوو (زانی کـە وەزعەکـەی خراپـە)، لـە مینبـەر دابەزیـی و چـوو بـۆ لای دەرگای ژوورەکـەی عائیشـەو، هـەر قسـەی لەگەڵـدا کـرد، (بـە حیسـاب تاکـو ڕازیـی بـکات) دوایـی ڕۆیشـت.

---

٤٤٤)، وزاد نسبته لابن مردويه) انظر: الإستيعاب في بيان الأسباب: ج٣، ص ٢١٣، ٢١٤ .

بۆیەش بە گرنگیی پێدانەوە ئەو سێ ڕیوایەتەم هێنان، کە هەردووک نووسەرەکەی کتێبی: (**الإستيعاب في بيان الأسباب**)، واتە: (**سليم بن عيد الهلالي، محمد بن موسى آل نصر**) دەڵێن: ئەم دەقەی سێیەمیش بە کۆی ڕیوایەتەکانی بەلای کەمەوە سەنەدەکەی چاک (**حسن**)ەو، پشتی پێ دەبەسترێ.

بەڵێ بۆیە ئاوا بە وردیی هێنام، چونکە بە داخەوە حوکمی میراتیی و بنەماڵەیی لە ئیسلام دا، لەسەر دەستی موعاویەی کوڕی ئەبوو سوفیان و بە دانانی یەزیدی کوڕیەوە، داهێنرا، ئنجا ئایا کێ بۆتە دەلآلی ئەو لادانە؟ مەڕوانی کوڕی حەکەم، مەڕوانیش ئەوە حاڵیەتی، کە دایکمان عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) خۆی و بابیشی ناسیون، ئنجا لە حیجاز ئەو بووەو، لە عێراق یەکێکی دیکە بووەو، لە میصر یەکێکی دیکە، لەوانەی کە پێڕی موعاویە بوون، ئەوانەی ماستاویان بۆ کردووەو، تەماعیان تێیدا هەبووە کە کارێکیان پێ بسپێرێ، بەڵام ئایا هاوەڵان (خوا لێیان ڕازی بێ)، لەوە بێ دەنگ بوون؟ نەخێر ئەوەتا عەبدوڕڕەحمانی کوڕی ئەبوو بەکر (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ)، کە پیاوێکی هەق بێژبووە، دایکمان عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ)، ئاوا بەرگریی لێی دەکات، بەڵێ برایەتی، بەڵام پیاوێکی پیاوانە بووەو، یەکێک بووە لەوانەی عەلی کوڕی ئەبوو تاڵیبیش زۆر خۆشویستوەو، پشتگیریی لێی کردوە لە بەرانبەر نەیارەکانیدا، لەبەر ئەوەی دەیزانی لەسەر هەقە، عەبدوڕڕەحمان لێی وەدەنگ دێ، کە لە ڕیوایەتێکدا دەڵێ: ئەوە ڕێبازی قەیصەرو هیرەقلە، لە ڕیوایەتێکی دیکەدا دەڵێ: (**أهرقلية**)، ئایا هیرەقلایەتییە؟ باب حوکمڕانیی مسوڵمانان یەکسەر بۆ کوڕەکەی دابنێ و، بیکات بە میراتیی و بنەماڵەیی؟ کەواتە: با بزانین ئەو حوکمی میراتیی و بنەماڵەییە، کە لە موعاویەی کوڕی ئەبوو سوفیانەوە داکەوتوە، هیچ پەیوەندیی بە ئیسلامەوە نیە، بەڵکو پەیوەندیی بە هیرەقل و قەیصەرو کیسراوە هەیەو، هاوەڵانیش لێی بێ دەنگ نەبوون، حوسێنی کوڕی عەلییش کە لە کەربەلا شەهید دەبێ و، هاوەڵانی دیکەش عەبدوڵڵای کوڕی عومەر، کە هەر لە (**صحيح البخاري**)دا هاتوەو عەبدوڵڵا کوڕی زوبەیرو زۆری دیکە لە هاوەڵانی دیکە، (خوا لێیان ڕازی بێ)، بێ دەنگ نەبوون،

بەڵام شتەکەیان لەبەر نەڕۆیشتوە.

ئنجا هەندێک کەس من کە جار جار باسی موعاویەی کوڕی ئەبوو سوفیانم کردوە خوا لێی ببوورێ، کە گوتوومە هەڵەی بووە، لە ژێر کاریگەریی ئەو بیرۆکانەی کە لە کەنداوەوەو لەو وڵاتانەوە کە حوکمی بنەماڵەیی و میراتییان تەبەننیی کردوە، بە ناوی ئیسلامەوە، کە ئەو بیرۆکەیە لەوێوە ڕەواجی پێ دەدرێ، بەڵێ لە ژێر کاریگەریی ئەو بیرۆکانەدا، ڕەخنە لە بەندە دەگرن، دەڵێن: فلانکەس واو وای بە موعاویە گوتوە!! هیچم پێ نەگوتوە بەس دەڵێم: ڕەنگێکی ڕشتوەو ڕێیەکی داناوە، کە پێچەوانەی ئیسلامە، ڕەنگێکی ڕشتوە کە مسوڵمانان بە دەستیەوە گرفتارن، چاکەی دیکەی بوو ون، چاکەکانی بەجێی خۆی، بەڵام ئەو کارە خراپەشی بەجێی خۆی، کە ڕەنگێکی زۆر خراپی ڕشتوەو ئێستاش لەگەڵ دابێ: لە دەوڵەتانی کەنداوو مەغریب و ئوردن و کوێ و کوێ، هەمووی حوکمی میراتیی و بنەماڵەییە، بە درێژایی مێژوو هەردوو بنەماڵەی ئومەویی و عەبباسیی، دوایی بنەماڵەی عوسمانیی هەمووی حوکمی میراتیی و بنەماڵەیی بووە، هەموویشی ڕەنگە کە موعاویە ڕشتوویەتی.

پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێ: {**أَوَّلُ مَنْ يُغَيِّرُ سُنَّتِي رَجُلٌ مِنْ بَنِي أُمَيَّةَ**}[1]، واتە: یەکەمین کەس کە ڕێبازی من دەگۆڕێ، پیاوێکە لە بەنی ئومەییە، (**شیخ ناصرالدین الألباني**) سەنەدەکەی بە باش (حسن) داناوە، وەک من لە هەندێک لە کتێبەکانی خۆمدا، بە تایبەتی کتێبی: (هەڵوەشانەوەی پەرگیریی)، هەروەها

---

(١) قال الألباني في « السلسلة الصحيحة » ٤ / ٣٢٩، برقم: (١٧٤٩)، أخرجه ابن أبي عاصم في « الأوائل » (٧ / ٢): حدثنا عبيد الله بن معاذ حدثنا أبي حدثنا عوف عن المهاجر أبي مخلد عن أبي العالية عن أبي ذر أنه قال ليزيد ابن أبي سفيان: سمعت رسول الله ﷺ فذكره، قلت: و هذا إسناد حسن، رجاله ثقات رجال الشيخين غير المهاجر و هو ابن مخلد أبو مخلد، قال ابن معين: «صالح»، وذكره ابن حبان في « الثقات »، وقال الساجي: «صدوق»، و قال أبو حاتم: « لين الحديث ليس بذاك و ليس بالمتقن، يكتب حديثه»، قلت: فمثله لا ينزل حديثه عن مرتبة الحسن. و الله أعلم ولعل المراد بالحديث تغيير نظام اختيار الخليفة، و جعله وراثة. و الله أعلم.

کتێبی: (چەند مەسەلەیەکی باوی سەردەم)دا، ئەو حەدیسەم بە تەخریجەوە هێناوە، ئەلبانیی لە: (**السلسلة الصحيحة**)ەکەی خۆیدا هێناویەتی و، گوتووشیەتی: ڕەنگە مەبەست پێی شێوەی هەڵبژاردنی حوکمڕان بێ، کە موعاویە دیاریی کرد، ئەو ناوی موعاویەی نەهێناوە، بەڵام ئایا کێ بووە کە ڕێبازی پێغەمبەری ﷺ لە ڕاوێژ (**شوری**)ەوە: ﴿ وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ ﴿٣٨﴾ ﴾**الشوری**، گۆڕی بۆ حوکمی میراتیی و بنەماڵەیی؟ بێگومان موعاویەی کوڕی ئەبوو سوفیان بوو، ئنجا چاکەکانی بەجێی خۆی، بەڵام ئەو کارە خراپەشی وەک کارە خراپەکانی دیکەشی بەجێی خۆی و، بە تەئکید ئیسلامیش زۆر لەوە مەزنترە کە ئێمە بە هۆی ڕەفتارو هەڵوێستی لاری کەسانێکەوە، لاری بخەینە بەرچاو، بە تایبەتی ئێستا لەم ڕۆژگارەدا چاکتر دەرکەوتوە، کە حوکمی خۆ سەپاندن و بنەماڵەیی و میراتیی، چ زەرێکی گەورەی داوە لە ئیسلام و مسوڵمانان؟!

لەم بوارو سیاقەش دا (**سيد قطب**) ڕەحمەتی خوای لێ بێ، قسەیەکی جوانی هەیە، دەڵێ: (**إِنَّ تَبْرِئَةَ الأَشْخَاص لَا تُسَاوِي تَشْوِيه المَنْهَج**)، واتە: پاکانە کردن بۆ کەسەکان، یەکسان نیە لەگەڵ ناشیرین کردنی بەرنامەکەدا، یانی: بەرنامەکە با وەک خۆی بخرێتە بەرچاو، بەڵام کەسەکان کە خەتایان کردووەو لایانداوە لە بەرنامەکە، دەبێ بگوترێ: فڵانکەس لایداوەو خەتای کردوە، نەک بۆ پاساو دانەوەی لادان و هەڵەو پەڵەی کەسەکان، بەرنامەکەش لار بکەین.

کورتە باسێک لە بارەی
بەهرە وەرگرتن لە ناز و نیعمەتی دنیاوە

ئەم کورتە باسە لەبەر ڕۆشنایی ئایەتی ژمارە (٢٠)ی (**الأحقاف**)دا کە دەفەرموێ: ﴿ وَيَوْمَ يُعْرَضُ الَّذِينَ كَفَرُوا عَلَى النَّارِ أَذْهَبْتُمْ طَيِّبَاتِكُمْ فِي حَيَاتِكُمُ الدُّنْيَا وَاسْتَمْتَعْتُم بِهَا فَالْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ الْهُونِ بِمَا كُنتُمْ تَسْتَكْبِرُونَ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَبِمَا كُنتُمْ تَفْسُقُونَ ﴿٢٠﴾ ﴾**الأحقاف**، پێشکەش دەکەین، ئەویش لە حەوت بڕگەدا، بەڵام دوای پێشەکییەکی کورت:

بەڕێزان!

وەک پێشەکییەکی کورتی ئەم کورتە باسە دەڵێم: بەڕاستیی لە بواری بەهرە وەرگرتن لە نازو نیعمەتەکانی دنیا، یاخود پشت تێکردنیاندا، هەم تێپەڕاندن هەیە، هەم بە زایەدان هەیە، تێپەڕاندن هەیە، کە کەسانێک دێنن وا ئیسلام دەخەنە بەرچاو، کە فەرمانی کردوە بە شوێنکەوتووانی باوەش بە دنیادا بکەن، وەک چۆن خەڵکی دیکەی دنیا پەرست و دنیا ویست، باوەشی پێدا دەکەن، لەسەر حیسابی دین و ئەخلاق، یاخود لەسەر حیسابی قیامەت، کە بێگومان ئەوە تێپەڕاندنە، هەروەها بەزایەدانیش هەیە، کە کەسانێکی دیکە دێنن بە ناوی دنیا بە کەمگرتن و خوا پەرستیی و هەڵبژاردنی ڕۆژی دواییەوە، پشت لە دنیا دەکەن و مسوڵمانان وا وادار دەکەن، کە پشت لە دنیا بکەن و دنیا بە هیچ دابنێن، وشەی (**زهد**)یشیان بە هەڵە مانا کردوە، وەک لە کتێبی: (ڕێگای صاڵح بوون و بەرەو خوا چوون)داو، لە کتێبی: (گیانی ژیان)و، لە هەندێ لە کتێبەکانی خۆمدا باسم کردوە، کە گوتوویانە: زوهد واتە: (دنیا نەویستیی)، کە ئەمە هەم لە ڕووی زمانەوانییەوە هەڵەیە، هەم لە ڕووی شەرعییەوە هەڵەیە، وەک من وشەی

(زهد) لە کوردییدا مانایەکەم ڕاستکردۆتەوە کە بریتیە: لە [دنیا بە کەمگرتن]، نەک وەک باوە: دنیا نەویستیی، چونکە ئیسلام ڕازیی نیە، مسوڵمان دنیای نەوێ، بەڵام دەڵێ: دەبێ دنیا بە کەم بگری، نەک نەتەوێ و فڕێی بدەی، چونکە دوایی پەکت دەکەوێ و، دنیاش بۆ ئەهلی کوفرو زوڵم دەکەوێتە گۆڕێ و مەیدانیان بۆ چۆڵ دەبێ، پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام**)یش کە لەگەڵ تاغووتەکاندا تێکگیراون، هەر لەسەر دنیاو لەسەر ئەوە کە کێ کاروباری دنیا هەڵسووڕێنێ؟ تێکگیراون، لەسەر قیامەت و لەسەر بەهەشتێ نەبووە، بەو واتایە کە هەر کامیان بڵێ: بەهەشت دەبێ بۆ ئێمە بێ، نەخێر دەبێ بۆ ئێوە نەبێ! بەڵکو لەسەر چاککردنی دنیا بووە، پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام**) هاتوون، دنیا چاک بکەن و ڕێکی بخەن، چاکسازیی سیاسیی و، ئابووریی و، کۆمەڵایەتیی بکەن، بەڵام تاغووت و حوکمڕانە خۆشگوزەران و خۆ بەزلگرو خۆ سەپێنەکان، ڕازیی نەبوون ئەو بەزم و بازاڕەیان لێ تێکبچێ، کە بە شێوەی ناشەرعیی پێکیان وەناوەو، سازیان کردوە، لەسەر ئەوە لەگەڵ پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام**) دا تێکگیراون، بۆیە دنیا نەویستیی لە ڕوانگەی شەرعەوە هەڵەیە، لە ڕووی زمانەوانییشەوە هەڵەیە، چونکە (**زُهْد**) بە مانای نە ویستنی شتێک نیەو، بە مانای بە کەم گرتنیەتی، بە بەڵگەی ئەو ئایەتە موبارەکە لە سوورەتی (**یوسف**) دا، کە دەفەرموێ: ﴿ وَشَرَوْهُ بِثَمَنٍ بَخْسٍ دَرَٰهِمَ مَعْدُودَةٍ وَكَانُوا۟ فِيهِ مِنَ ٱلزَّٰهِدِينَ ﴿٢٠﴾ ﴾**یوسف**، واتە: یوسفیان بە چەند درەمێکی کەم فرۆشت و، ئەوان تێیدا بە کەمگربوون، تێیدا لە بە کەم گران بوون، واتە: بە نرخێکی کەمیان فرۆشت و خوا خوایان بوو زوو لە کۆڵیان بێتەوە، نەک نەیانەوێ، بەڵکو بە کەمیان گرت.

ئێستاش بابچینە سەر حەوت بڕگەکانی ئەم کورتە باسە:

ا)- خوا نازو نیعمەتی دنیای بۆ بەهرە وەرگرتنی مرۆڤان خوڵقاندوە:

هیچ گومان لەوەدا نیەو، لە چەندان ئایەتدا خوا ﷻ ئەوەی ڕاگەیاندوە کە هەرچی خوڵقاندوویەتی لە نازو نیعمەتی دنیا، بۆ بەهرە وەرگرتنی مرۆڤانە.

أ)- بۆ وێنە لە سوورەتی (**الأنعام**)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ قَدْ خَسِرَ ٱلَّذِينَ قَتَلُوٓاْ أَوْلَـٰدَهُمْ سَفَهًۢا بِغَيْرِ عِلْمٍ وَحَرَّمُواْ مَا رَزَقَهُمُ ٱللَّهُ ٱفْتِرَآءً عَلَى ٱللَّهِ قَدْ ضَلُّواْ وَمَا كَانُواْ مُهْتَدِينَ ﴿١٤٠﴾ ﴾، واتە: بە دڵنیایی ئەوانەی ڕۆڵەکانی خۆیان بە نەفامیی و بەبێ زانیاریی کوشتن و، ئەوەی خوا وەک بژیو پێیدابوون لە خۆیانیان قەدەغە کرد، بە هەڵبەستن بە ناوی خواوە، ئەوانە گومڕا بوون و، لە ڕێی ڕاستگرتووان نەبوون.

ب)- هەروەها لە سوورەتی (**الأعراف**)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ ٱللَّهِ ٱلَّتِىٓ أَخْرَجَ لِعِبَادِهِۦ وَٱلطَّيِّبَـٰتِ مِنَ ٱلرِّزْقِ ﴿٣٢﴾ ﴾، واتە: (خوا ﷻ بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەفەرموێ:) بفەرموو: ئەو جوانییەی خوا بۆ بەندەکانی وەدەری هێناوەو، ئەو بژیوە پاک و چاکانەی بۆی ڕەخساندوون، کێ قەدەغەی کردوون؟!

کەس مافی نیە، شتە باش و پەسندو خۆش و بە کەڵکەکان، لە بەندەکانی خوا قەدەغە بکات، کە لە ئەصڵدا خوا بۆ ئەوانی خوڵقاندوون.

ج)- لە سوورەتی (**المائدة**)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُحَرِّمُواْ طَيِّبَـٰتِ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴿٨٧﴾ وَكُلُواْ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ حَلَـٰلًا طَيِّبًا وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِىٓ أَنتُم بِهِۦ مُؤْمِنُونَ ﴿٨٨﴾ ﴾، واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! ئەو بژیوە پاک و چاکانەی خوا بۆی ڕەوا کردوون، قەدەغەیان مەکەن و، سنوورشکێنیی مەکەن، بە دڵنیایی خوا سنوورشکێنانی خۆشناوێن، (واتە: ئەوانەی شتە پاک و چاکەکان قەدەغە دەکەن)، لەوەش کە خوا پێیداون و ڕەوایە(و پاک و چاکە، بخۆن) و، پارێز لەو خوایەتان بکەن، کە ئێوە پێی بڕوادارن، (پارێزی لێ بکەن و خۆتان لە شت قەدەغەکان مەدەن).

٢)- خوا ﷻ گۆشتە قەدەغەکراوەکانی لە چوار شتاندا، کورت هەڵهێناون:

واتـە: خـوا ڕایگەیانـدوە کـە تەنیـا ئـەو چـوار گۆشـتە قەدەغـەن، لـە ڕووی شـەرعییەوە، کـە ئەوانیـش بریتیـن لـە: گۆشـتی بـەراز، مـردارەوە بـوو، خوێـن، بـۆ جگـە لـە خـوا سـەربڕاو:

١- وەک لە سوورەتی (البقرة)دا، خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿ إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنزِيرِ وَمَا أُهِلَّ بِهِ لِغَيْرِ اللَّهِ فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَلَا إِثْمَ عَلَيْهِ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ (١٧٣) ﴾.

٢- هەروەها لە سوورەتی (المائدة)دا، هەمان شت دووبارە دەبێتەوە، کە لەوێدا ژمارەی قەدەغەکراوەکان زیاترە، بەڵام هەر دەچنەوە نێو ئەو چوار جۆرەوە، دەفەرمووێ: ﴿ حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالدَّمُ وَلَحْمُ الْخِنزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ وَالْمُنْخَنِقَةُ وَالْمَوْقُوذَةُ وَالْمُتَرَدِّيَةُ وَالنَّطِيحَةُ وَمَا أَكَلَ السَّبُعُ إِلَّا مَا ذَكَّيْتُمْ وَمَا ذُبِحَ عَلَى النُّصُبِ وَأَن تَسْتَقْسِمُوا بِالْأَزْلَامِ ذَٰلِكُمْ فِسْقٌ الْيَوْمَ يَئِسَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِن دِينِكُمْ فَلَا تَخْشَوْهُمْ وَاخْشَوْنِ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا فَمَنِ اضْطُرَّ فِي مَخْمَصَةٍ غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِّإِثْمٍ فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (٣) ﴾.

٣- لە سوورەتی (النحل)یش دا، دیسان خوا دەفەرمووێ: ﴿ إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ (١١٥) ﴾.

٤- لە سوورەتی (الأنعام)یش دا ڕوونتر، خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿ قُل لَّا أَجِدُ فِي مَا أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَىٰ طَاعِمٍ يَطْعَمُهُ إِلَّا أَن يَكُونَ مَيْتَةً أَوْ دَمًا مَّسْفُوحًا أَوْ لَحْمَ خِنزِيرٍ فَإِنَّهُ رِجْسٌ أَوْ فِسْقًا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ (١٤٥) ﴾، واتە: (خوا ﷻ بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەفەرمووێ:) بڵێ: لەوەدا کە سروشم بۆلا کراوە، نابینم لەسەر هیچ بخۆرێک، گۆشتێک قەدەغە کرابێ، مەگەر: مردار بێ، یان خوێنی ڕێژراو، یان گۆشتی بەراز کە بێگومان پیسە، یان بەلادان بۆ جگە لە خوا سەر بڕابێ.

شایانی باسە: ئێمە لە سوورەتی (الأنعام)دا، باسێکی تێرو تەسەلمان، لە بارەی گۆشتە قەدەغە کراوەکانەوە کردووە، کە ئەم چوار گۆشتەن، لە رووی شەرعییەوە قەدەغەن، وەک قورئان دەفەرموێ، بەڵام لە فەرمایشتی پێغەمبەریش دا ﷺ باسی سێ جۆرە گۆشتی دیکەش کراوە، وەک لەم دوو فەرمایشتەدا دەبینرێ:

فەرمـوودەی یەکـەم: {عَـنِ ابْـنِ عَبَّـاسٍ رَضِيَ اللَّـهُ عَنْهُـمَا، قَـالَ نَهَـى رَسُـولُ اللَّـهِ ﷺ يَـوْمَ خَيْبَرَ عَـنْ أَكْلِ كُلِّ ذِي نَـابٍ مِـنَ السِّبَاعِ، وَعَـنْ كُلِّ ذِي مِخْلَـبٍ مِـنَ الطَّيْرِ }، (أخرجـه مسلم: ٥١٠٣)، واتە: ئیبنو عەبباس (خوا لێیان رازی بێ)، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ لە رۆژی خەیبەردا رێگریی کردووە لە خواردنی هەر خاوەن کەڵبەیەک لە درندان و، هەر خاوەن چرنووکێک لە باڵندان.

فەرمـوودەی دووەم: {عَـنِ ابْـنِ عُمَـرَ رَضِيَ اللَّـهُ عَنْهُـمَا، أَنَّ رَسُـولَ اللَّـهِ ﷺ نَهَـى يَـوْمَ خَيْبَرَ عَـنْ لُحُـومِ الْحُمُـرِ الأَهْلِيَّـةِ} (أخرجـه البخاري: ٤٢١٧)، واتە: ئیبنو عومەر (خوا لێیان رازی بێ)، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ لە رۆژی خەیبەردا قەدەغەی کردووە لەوە کە گۆشتی کەریماڵیی بخورێ.

هەرچەندە لەو بارەوە هەندێک لە زانایان مشت و مڕو ڕاجیاییەکیان هەیە، بە تایبەت ئیمام مالیک.

ئەوانە بە دەقی قورئان و سوننەت، ئەدی بۆق و سیسرکەو، مارو، دووپشک و زیندەوەرو ژیانداڕانی دیکە؟!

ئەوانە هەموویان تەماشا دەکرێ: ئەگەر لە رووی زانستییەوە، لە رووی پزیشکییەوە، سەلمێنرا کە زیانیان هەیە، ئەو کاتە قەدەغە دەکرێن:

یەک: لەبەر ئەوەی زیانیان هەیەو، عەقڵیش لە چەندان ئایەت دا خوا باس دەکات کە دەبێ باش و خراپ و سوودبەخش و زیانبەخشەکانی پێ بزانرێن:

١- ﴿ فَٱعْتَبِرُوا۟ يَـٰٓأُو۟لِى ٱلْأَبْصَـٰرِ ۝٢ ﴾ الحشر.

٢- ﴿ وَلَقَد تَّرَكْنَا مِنْهَآ ءَايَةَۢ بَيِّنَةً لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ ﴿٣٥﴾ ﴾ **العنكبوت**، کەواتە: شتێک بە عەقڵ و بە عیلم دەرکەوت، کە خراپە، واتە: خراپەو قەدەغەیە، چونکە شەرع ئیعتیمادی لەسەر عەقڵە.

دوو: ئایەتە موبارەکەکەی سوورەتی (**الأعراف**)، ئایەتی ژمارە (١٥٧)، کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَيُحِلُّ لَهُمُ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ ٱلْخَبَٰٓئِثَ ﴿١٥٧﴾ ﴾ **الأعراف**، واتە: هەرچی پاک و چاک و سوود بەخشە، بۆیان حەڵاڵ دەکات و، هەرچی پیس و زیانبەخشە، لێیان قەدەغە دەکات، کەواتە: هەر شتێک سەلمێنرا کە پیس و زیانبەخشە، ئەم ئایەتە موبارەکە دەیگرێتەوەو، مانای وایە حەرامەو قەدەغەیە، هەر شتێکیش بە عەقڵ و عیلم دەرکەوت، کە پیس و زیانبەخشە، ئەوە خوای پەروەردگار ئەم دینەی بۆ خاوەن عەقڵان ناردوە، واتە: تەنیا خاوەن عەقڵان ئەرکدار (**مكلّف**)ن، بە بەڕێوەبردنی و، هەر شتێک بە عەقڵ و عیلم دەرکەوت، زیانبەخش و پیس و خراپە، فەرزە مرۆڤ خۆی لێ بە دوور بگرێ، بۆ وێنە: کەسێک بەرد بخوات، کەسێک گڵ بخوات و، کەسێک ڕەژوو بخوات، هەرچەندە دەقێکی شەرعیی سەربەخۆیان لەسەر نیە، بەڵام ئێمە دەقێکی گشتییمان هەیە، کە خوا ﷻ هەموو پیس و هەموو زیانبەخشەکانی قەدەغە کردوون و، بە پێی عەقڵیش هەروایەو عەقڵیش هەر وادەڵێ.

٣)- خوا ﷻ قەدەغەکردنی بەبێ بەڵگەی وەحیی، بە گوناهێکی زۆر زل داناوە:

دروست نیە مسوڵمانان لە خۆڕا شت قەدەغە بکەن، بڵێن: ئەو شتە نابێ ببێ لە ڕووی دینییەوە، بەڵام ئەگەر لە ڕووی زانستی پزیشکییەوە دەرکەوت، کە فلان شتە زیانی هەیە، تەنانەت ئەگەر یەکێک لەو ئاژەڵانەش بێ، کە لە ئەصڵدا گۆشتەکەی ڕەوایە، بەڵام چونکە گیایەکی خواردوە، یاخود نەخۆشییەکی هەیەو گۆشتەکەی زیانی هەیە، بە عیلم و عەقڵ دەرکەوت، ئەوە فەرزە دووریی لێ بکرێ، نەک لەو ڕووەوە کە دەقێکی شەرعیی سەربەخۆی لەسەرە،

بەڵکو بە بەڵگەی ئەوە کە دەقە گشتییەکەی ئایەتی (١٥٧)ی سوورەتی **(الأعراف)** دەیگرێتەوەو، لەو ڕووەشەوە کە هەر شتێک عەقڵی سەلیم و عیلم و زانست و واقیع، دەریانخست کە خراپە، بێگومان شەرعیش دەڵێ: خراپە.

ئنجا خوا ﷻ قەدەغەکردنی بێ بەڵگەی وەحیی، بە گوناهێکی زۆر زل داناوە، بۆ وێنە:

١- لە سوورەتی **(یونس)**دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ قُلْ أَرَءَيْتُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ لَكُم مِّن رِّزْقٍ فَجَعَلْتُم مِّنْهُ حَرَامًا وَحَلَٰلًا قُلْ ءَآللَّهُ أَذِنَ لَكُمْ أَمْ عَلَى ٱللَّهِ تَفْتَرُونَ ﴿٥٩﴾ وَمَا ظَنُّ ٱلَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ إِنَّ ٱللَّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَشْكُرُونَ ﴿٦٠﴾ ﴾، واتە: (خوا ﷻ بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەفەرموێ:) بڵێ: ئایا بینیوتانە ئەوەی خوا لە بژیو بۆی دابەزاندوون، لە خۆوە حەڵاڵ و حەڕامتان تێیدا داناوە، [گوتووتانە: ئەوە حەڕامەو، ئەوە حەڵاڵە]، بڵێ: ئایا خوا ﷻ مۆڵەتی داون، یاخود درۆ بەناوی خواوە دەڵێن، ئایا گومانی ئەوانە چییە، کە درۆ بە ناوی خواوە هەڵدەبەستن لە ڕۆژی دوایی دا؟ خوا ﷻ خاوەن بەخششە بەسەر خەڵکەوە، بەڵام زۆربەیان ناسوپاسن.

٢- هەروەها لە سوورەتی **(النحل)**دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَقُولُوا۟ لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ ٱلْكَذِبَ هَٰذَا حَلَٰلٌ وَهَٰذَا حَرَامٌ لِّتَفْتَرُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ لَا يُفْلِحُونَ ﴿١١٦﴾ ﴾، واتە: هەر بە وەسفکردنی زمانەکانتان بە درۆ مەڵێن: ئەمە حەڵاڵەو ئەمە حەڕامە، تاکو سەرەنجام درۆ بە ناوی خواوە هەڵبەستن، (بە ناوی ئایینی خواوە)، بە دڵنیایی ئەوانەی درۆ، بە ناوی خواوە هەڵدەبەستن، سەرفراز نابن.

٣- دیسان لە سوورەتی **(الأنعام)**دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ قَدْ خَسِرَ ٱلَّذِينَ قَتَلُوٓا۟ أَوْلَٰدَهُمْ سَفَهًۢا بِغَيْرِ عِلْمٍ وَحَرَّمُوا۟ مَا رَزَقَهُمُ ٱللَّهُ ٱفْتِرَآءً عَلَى ٱللَّهِ قَدْ ضَلُّوا۟ وَمَا كَانُوا۟ مُهْتَدِينَ ﴿١٤٠﴾ ﴾، واتە: بە دڵنیایی زیانبار بوون، ئەوانەی منداڵەکانی (ڕۆڵەکانی) خۆیان کوشتن، بە نەفامیی و بێ زانیاریی و، ئەوەی خوا ﷻ بۆی ڕەوا کردبوون و، قەدەغەیان کرد، (ئەوانەی بە ناوی خواوە درۆیان هەڵبەست و قەدەغەیان کرد)، گومڕابوون و لە ڕێی ڕاستگرتووان نەبوون.

کەواتـە: شـت قەدەغەکـردن بەبـێ مۆڵـەت و ئیـزنی وەحیـی، بـە گوناهێکـی زۆر گـەورەو بێـڕەزا دانـراوە.

هەڵبەتـە لـە فەرمایشـتی پێغەرمیشـدا ﷺ هـەر هاتـوە، کـە خـوا ﷻ هەنـدێ شـتی پێویسـت کـردوەو، هەنـدێ شـتی قەدەغـە کـردوەو، هەنـدێ سـنووریشی دانـاون و، هەنـدێ شـتیش لێیـان بـێ دەنـگ بـووە، ئنجـا ئەوانـەی خـوا لێیـان بـێ دەنـگ بـووە، بـێ ئـەوەی لـە بیـری بچـێ، ئێـوەش لێیـان مەکۆڵنـەوە"[1]، (بـۆ ئـەوەی بازنـەی قەدەغەکـراوەکان فـراوان نەبـێ)، ئێمـە لـە سـوورەتی (المائدة)دا، لـەو بـارەوە باسـێکی سـەربەخۆمان کـردوە، جگـە لـەوەی کـە لـە سـوورەتی (الأنعام)یشـدا باسـێکمان کـردوە.

٤)- ئەو ئایەتەی (الأحقاف) مەبەست پێی بێبڕوایانێکی بۆ خواردن ژیاوە:

چونکـە هەندێـک لـە زانایـان و توێـژەرەوانی قوڕئـان، ئـەم ئایەتەیـان وا تەفسـیر کـردوە، کـە ئیسـلام دژی ئەوەیـە مرۆڤـەکان خۆشـیی وەربگـرن لـە ژیانـداو، شـتە خۆشـەکان بخـۆن، یـان بەرگـی جـوان بپۆشـن، یـان جێگـەو ڕێگـەی باشـیان هەبـێ، یـان کـەل و پـەلی باشـیان هەبـێ، بـەڵام ئەمـە هیچـی وانیـەو، ئـەو ئایەتـەی سـوورەتی (الأحقـاف)، واتـە: ئایـەتی ژمـارە (٢٠) کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَيَوْمَ يُعْرَضُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ عَلَى ٱلنَّارِ أَذْهَبْتُمْ طَيِّبَٰتِكُمْ فِى حَيَاتِكُمُ ٱلدُّنْيَا وَٱسْتَمْتَعْتُم بِهَا فَٱلْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ ٱلْهُونِ بِمَا كُنتُمْ تَسْتَكْبِرُونَ فِى ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَبِمَا كُنتُمْ تَفْسُقُونَ ﴿٢٠﴾ ﴾، ئـەم ئایەتـە لـە بـارەی بێبڕوایانەوەیـە، بـە حـەوت بەڵگـەوەو هـەر لـە نێـو خـودی ئایەتەکـەدا:

١- ﴿ وَيَوْمَ يُعْرَضُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ عَلَى ٱلنَّارِ ﴾، ئەو ڕۆژە کە ئەوانەی بێبڕوان ڕادەنوێنرێن لەسەر ئاگر، دۆزەخیان پێشان دەدرێ، یان ئەوان دەهێنرێنە سوێی دۆزەخ، کەواتە: ﴿ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾، باس باسی بێبڕوایانە.

---

(١) (إنَّ اللهَ تَعَالَى فَرَضَ فَرَائِضَ فَلَا تُضَيِّعُوهَا ، وَحَدَّ حُدُوداً فَلَا تَعْتَدُوهَا ، وَحَرَّمَ أَشْيَاءَ فَلَا تَنْتَهِكُوهَا ، وَسَكَتَ عَنْ أَشْيَاءَ رَحْمَةً لَكُمْ غَيْرَ نِسْيَانٍ فَلَا تَبْحَثُوا عَنْهَا) أخرجه الطبراني: ٥٨٩ ، قال الهيثمي (١٧١/١) : رجاله رجال الصحيح . وأبو نعيم في الحلية (١٧/٩) ، والبيهقي موقوفًا (١٢/١٠ رقم ١٩٥٠٩) ، وأخرجه أيضًا : الدارقطني: (١٨٤/٤).

٢- ﴿أَذْهَبْتُمْ طَيِّبَاتِكُمْ﴾، شتە خۆشەکانی خۆتانتانتان تەواو کردن، واتە: شتی خۆش ئەگەر بۆ ئەوانە هەبێ، تەنیا لە دنیادا هەیە، کەواتە: ئەوانە کەسانی بێبڕوان، ئەگەرنا بڕواداران لە قیامەتیشدا شتی خۆشیان هەیە.

٣- ﴿فِي حَيَاتِكُمُ الدُّنْيَا﴾، لە ژیانی دنیاتاندا، تەنیا بێبڕوایان بەس ژیانی دنیا شک دەبەن و دەڵێن: ژیان تەنیا ژیانی دنیایە، بەڵام بڕواداران دەڵێن: وێڕای ژیانی دنیا، ژیانی ڕۆژی دواییش هەیە.

٤- ﴿وَاسْتَمْتَعْتُم بِهَا﴾، ئێوە بەهرەتان لێ وەرگرتن، لەززەتتان لێ وەرگرتن، ئنجا ئەوە تەنیا بێبڕوایانن کە تاکە شوێنی بەهرە وەرگرتن و لەززەت لێ وەرگرتن بە دنیا دەزانن و، هەوڵیش دەدەن هەرچی زیاتر لەززەت و چێژ وەربگرن لە شتە ماددییەکان، بەڵام ئینسانی بڕوادار بۆ ئەوە ناژی کە بخوات، بەڵکو بایی ئەوەندە دەخوات کە بژی، ئنجا ڕستەی: ﴿وَاسْتَمْتَعْتُم بِهَا﴾، هەرچی خۆشیی و لەززەت بوو ئێوە بەهرەتان لێی وەرگرت، ئەوە تەنیا بەسەر بێبڕوایاندا دەچەسپێ.

٥- ﴿تُجْزَوْنَ عَذَابَ الْهُونِ﴾، ئەمڕۆ سزای ڕیسواکەرو زەبوونکەر دەچێژن، سزای زەبوونکەرو ڕیسواکەر، تەنیا بۆ بێبڕوایانە.

٦- ﴿تَسْتَكْبِرُونَ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ﴾، بە هۆی ئەوەوە کە بە ناهەق خۆتان لە زەویدا بەزلدەگرت، ئەوەی بە ناهەق خۆی بەزلدەگرێ لە زەویدا، تەنیا بێبڕوایانن.

٧- ﴿وَبِمَا كُنتُمْ تَفْسُقُونَ﴾، بە هۆی ئەوەوەش کە ئێوە لادەربوون و لاتاندەدا، یانی: لە حوکمی عەقڵ، لە حوکمی زگماک، لە حوکمی شەریعەت لاتان دەدا، لە تەفسیرەکاندا نەمبینیوە بەم شێوەیە، ئەم بەڵگانە لە نێو خودی ئایەتەکەدا دەربهێنرێن، سوپاس و ستایشی خوای پەروەردگار دەکەین لەسەر هیدایەتی.

کەواتە: ئەم ئایەتە موبارەکە دەگونجێ بەکاربهێنرێ بۆ ئەوە، کە مسوڵمان نابێ ئامانجی ڕابواردنی ژیانی دنیا بێ، بەڵام نابێ وا بزانرێ کە ئیسلام دژی

ئەوەیە مسوڵمانان لەززەت وەربگرن و، خۆشیی وەربگرن لە ژیانی دنیادا، مادام لە ڕێیەکی حەڵاڵەوە بێ و، نەشکرێتە ئامانج، بەڵکو تەنیا وەک ئامرازێک و، بایی ئەوەندە کە ژیان پێویستیی پێیەتی، ئەگەر بەهرە لە لایەنە ماددییەکانی ژیانی دنیا وەربگیرێ، ئیسلام هیچ ئیشکالێکی لەگەڵ ئەوەدا نیە.

٥)- چەند دەقێکی سوننەت لەو بارەوە:

أ)- {أَنَّ عُمَرَ ﷺ دَخَلَ عَلَى النَّبِيِّ ﷺ وَهُوَ فِي مَشْرُبَتِهِ، حِينَ هَجَرَ نِسَاءَهُ قَالَ: فَالْتَفَتُّ فَلَمْ أَرَ شَيْئًا يَرُدُّ الْبَصَرَ إِلَّا أُهُبًا، جُلُودًا مَعْطُونَةً، قَدْ سَطَعَ رِيحُهَا، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ! أَنْتَ رَسُولُ اللَّهِ وَخِيَرَتُهُ، وَهَذَا كِسْرَى وَقَيْصَرُ فِي الدِّيبَاجِ وَالْحَرِيرِ؟ قَالَ: فَاسْتَوَى جَالِسًا، وَقَالَ: «أَفِي شَكٍّ أَنْتَ يَا ابْنَ الْخَطَّابِ؟ أُولَئِكَ قَوْمٌ عُجِّلَتْ لَهُمْ طَيِّبَاتُهُمْ فِي حَيَاتِهِمُ الدُّنْيَا»، فَقُلْتُ: اسْتَغْفِرْ لِي! فَقَالَ: «اللَّهُمَّ اغْفِرْ لَهُ»} (أخرجه البخاري: ٢٤٦٨، ومسلم: ١٤٧٩، والترمذي: ٣٣١٨، والنسائي في الكبرى: ٢٤٤٢، ٩١٥٧، وابن حبان: ٤١٨٧، ٤٢٦٨، عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا).

واتە: ڕۆژێ عومەری کوڕی خەتتاب لە پێغەمبەری خوا ﷺ وە ژوور دەکەوێ، ئەو کاتەی دووریی گرتوە لە هاوسەرەکانی و، لێیان تووڕە بووە، لە شوێنێک بووە کە پێی گوتراوە: بانیژە (مَشْرُبة)، {ئاوو شتیان تێدا داناوە}، (عومەر ﷺ) گوتی: کە چوومە ژوورێ ئاوڕم دایەوەو چاوم گێڕا بە ژوورەکەدا، هیچ شتێکم نەبینی چاوی تێ هەڵبنگوێ، جگە لە هەندێک پێست (مەشکەو کوندە)، ئەوانیش بۆنیان لێ دەهات، گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا! ﷺ، تۆ پێغەمبەری خوای و باشترینی دروستکراوی خوای، ئەوە کیسراو قەیسەریش لە نێو پۆشاکی ئاوریشم دان؟ (لە خۆشگوزەرانیی دان)، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ پاڵییدابوۆوە، هەڵسا دانیشت و فەرمووی: ئەی کوڕی خەتتاب! تۆ لە دوو دڵیی دای؟ ئەوانە کۆمەڵێکن، خۆشییەکانیان بۆ خراونە ژیانی دنیاوە (بۆیان پێشخراون)، منیش گوتم: داوای لێبوردنم بۆ بکە، ئەویش فەرمووی: خوایە لێی ببوورە.

ب)- {عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا، قَالَتْ اسْتَيْقَظَ النَّبِيُّ ﷺ ذَاتَ لَيْلَةٍ، فَقَالَ: سُبْحَانَ اللَّهِ مَاذَا أُنْزِلَ اللَّيْلَةَ مِنَ الْفِتَنِ، وَمَاذَا فُتِحَ مِنَ الْخَزَائِنِ، أَيْقِظُوا صَوَاحِبَاتِ الْحُجَرِ، فَرُبَّ كَاسِيَةٍ فِي الدُّنْيَا عَارِيَةٍ فِي الْآخِرَةِ} (أخرجه أحمد: ٢٦٥٨٧، والبخاري: ١١٥، والترمذي: ٢١٩٦).

واتــە: ئوممــو ســەلەمە (خــوا لێــی ڕازی بــێ)، {دایکــی بــڕواداران هاوســەری بەڕێــزی پێغەمبــەر ﷺ}، دەڵــێ: شــەوێک پێغەمبــەر ﷺ هەڵسـا خەبــەری بــۆوە، فەرمـووی: پاکیـی بـۆ خـوا، {وەک سەرسـوڕمان} ئـەم شـەو زۆر دەروازە کراونـەوە (لـە بەڵایـان)، ئنجـا فەرمـووی: ئافرەتـانی خـاوەن ژوورەکان، (واتـە: هاوسـەرانی پێغەمبـەر ﷺ) هەڵسـێنن بێداریـان بکەنـەوە، زۆر کـەس لـە دنیـادا پۆشـتەیە، بـەڵام لـە دواڕۆژدا ڕووتـە.

کەواتـە: بـا خـەم بخـۆن و، بزانـن ژیانـە دنیایەکەیـان چـۆن دەگوزەرێنـن و، وانەبن تەنیـا ژیـانی دنیـا ببینـن و دنیـا لـە بـاوەش بگـرن.

ج)- {أَنَّ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ دَخَلَ عَلَى أَهْلِ الصُّفَّةِ، وَهُمْ يُرَقِّعُونَ ثِيَابَهُمْ بِالْأَدَمِ مَا يَجِدُونَ لَهَا رِقَاعًا، فَقَالَ: «أَنْتُمْ الْيَوْمَ خَيْرٌ أَمْ يَوْمَ يَغْدُو أَحَدُكُمْ فِي حُلَّةٍ وَيَرُوحُ فِي أُخْرَى، وَيُغْدَى عَلَيْهِ بِجَفْنَةٍ، وَيُرَاحُ عَلَيْهِ بِأُخْرَى، وَيُسْتَرُ بَيْتُهُ، كَمَا تُسْتَرُ الْكَعْبَةُ؟ قَالُوا: نَحْنُ يَوْمَئِذٍ خَيْرٌ، قَالَ: بَلْ أَنْتُمُ الْيَوْمَ خَيْرٌ}، (أخرجه المتقي الهندي في كنز العمال: ٦٢٢٧).

واتــە: ڕۆژێــک پێغەمبــەر ﷺ دەچێتــە لای خەڵکــی صوففــە {کۆمەڵێــک لــە هـاوەڵان بـوون بـێ ژن و مـاڵ بـوون، سـەکۆیەک لـە تەنیشـت مزگەوتیـەوە بـووە، سـەربانێکی لەسـەر دروسـتکراوە، لەوێـدا ژیـاون، کـەم و زۆر، جـاری وا بـووەو سـەد بـوون دوو سـەد بـوون، تاکـو چـوار سـەد ڕۆیشـتوون}، کـە بەسـەریاندا چـوو، ئـەوان پۆشـاکی خۆیـان بـە چـەرم پینـە دەکـرد، پینـەی دیکەیـان نەبـوو، کـە لـە جینـسی پۆشـاکەکەی خۆیـان پینـە بکـەن، ئەویـش پێـی فەرمـوون و لێـی پرسـین: ئایـا حاڵـی ئەمڕۆتـان باشـترە، یـان هـی ئـەو کاتـەی یەکێکتـان بەیـانی بـە پۆشـاکێکەوەیەو، ئێـوارە پۆشـاکێکی دیکـە لەبـەر دەکات و، قاپـە خواردنێکـی بـۆ دێنـن، دوایـی قاپێکـی

دیکەی بۆ دێنن، (یەکێک تەواو دەبێ، یەکێکی دیکەی بۆ دێنن)و، دیواری ماڵەکەی دەپۆشرێ، وەک چۆن پەردە بۆ کەعبە دەکرێ؟! ئەوانیش گوتیان: ئێمە ئەو کاتی باشترین (خواردنی باش و، بەرگی باش و، ماڵ و جێگەو ڕێگای باش)، فەرمووی: بەڵکو ئێوە ئەمڕۆ حاڵتان باشترە.

٦)- چەند قسەیەکی هاوسەنگانەی زانایان لە بارەی چۆنیەتیی مامەڵەکردنەوە، لەگەڵ ژیانی دنیاو لەززەت و نیعمەتەکانی دا:

هەڵبەتە قسە لەو بارەوە زۆر زۆرن، بەڵام من حەوت قسەم وەک گوڵبژێرێک هێناون:

قسەکانی یەکەم تاکو پێنجەم، لە (**البحر المديد**)ی (**إبن عجيبة**)ەوە دێنم[1]:

یەک: کە قسەی خۆیەتی هی (**إبن عجيبة**)ە، کە یەکێک بووە لە عاریفە گەورەکان، وێڕای ئەوەی ڕوونکەرەوەی قورئان بووە، زانایەکی شارەزاش بووەو، لە بواری تەزکیەی نەفس و تەصەووفیشدا، پسپۆڕو کارامە بووە، یەکێک لە کتێبەکانی ئەم تەفسیرەیە: (**البحر المديد في تفسير القرآن المجيد**)، کتێبێکی دیکەشی هەیە: (**إيقاظ الهمم في شرح الحكم**)، کە حیکمەتەکانی (**أحمد بن عطاءالله الأسكندري**) تێدا شەرح کردوون، (**إبن عجيبة**)، دەڵێ:

(مَا زَالَتِ الأَكَابِرُ مِنَ الأَوْلِيَاءِ تَتَنَكَّبُ الحُظُوظَ وَالشَّهَوَاتِ، مُجَاهَدَةً لِنُفُوسِهِمْ، وَتَصْفِيةً لِقُلُوبِهِمْ، فَإِنَّ تَتَبُّعَ الشَّهَوَاتِ يُقَسِّي القَلْبَ، وَيَكْسِفُ نُورَ العَقْلِ، كَمَا قَالَ الشَّاعِر:

إنَارَةُ العَقْلِ مَكْسُوفٌ بطَوْعِ هَوىً ... وعَقْلُ عَاصِي الهَوَى يَزْدَادُ تنْوِيرا.

هَذَا فِي حَالِ سَيْرِهِمْ، فإِذَا تَحَقَّقَ وُصُولُهُمْ، فَلَا كَلَامَ عَلَيْهِمْ، لأَنَّهُمْ يَأخُذُونَ مِنَ اللهِ، وَيَتَصَرَّفُونَ بِهِ فِي أُمُورِهِمْ كُلِّهَا، فَلَا حَرَجَ عَلَيْهِمْ فِي نَيْلِ مَا أَنْعَمَ اللهُ بِهِ عَلَيْهِمْ، حَيْثُ أَمِنُوا ضَرَرَهُ).

---

(١) البحر المديد في تفسير القرآن المجيد: ج٧، ص ٩٤، ٩٥.

واتــە: دۆســتە گــەورەکانی خــوا عادەتیــان وابــووە، خۆیــان دوور گرتــوە لــە ئارەزووەکان، وەک لەگەڵ خۆدا تێکۆشـان و سـافکردنەوەی دڵ و دەروونیـان، چونکە شــوێنکەوتنی ئــارەزووەکان، دڵ رەق دەکات و، رووناکیــی عەقڵیــش خەفــە دەکات، وەک شـاعیر گوتوویـەتی: (**إنَـارَةُ العَقْـلِ مَكْسُـوفٌ بطَـوْعِ هَـوىً ... وعَقْـلُ عَـاصِي الهَـوَى يَـزْدَادُ تَنْوِيـرا**)، رۆشـنایی عەقـڵ خەفـە دەبـێ بەهـۆی شـوێنکەوتنی ئارەزووەوە، بەڵام عەقڵـی کەسـێک سـەرپێچیی ئـارەزوو خـۆی دەکات، بـەردەوام رۆشـنتر دەبێتـەوە.

ئەمـە لـە کاتی بـەرەو خـوا چوونیانـدا، بـەڵام هـەر کاتێـک گەیشـتنە شـوێنی مەبەسـت، ئـەو کاتـە قسـەیان لەسـەر نابـێ، چونکـە ئـەو کاتـە لـە خـوا وەردەگـرن، لـە هەمـوو هەڵسـوکەوتەکانیاندا بـە ئیلهامێـک، کـە لـە خـواوە بۆیـان دێ، مامەڵـە دەکـەن، بۆیـە ئـەو کاتـە ئـەوەی خـوا ﷻ لـە چاکـەی خـۆی پێیـان دەدات، هیـچ سـەغڵەتییان لەسـەر نابـێ، چونکـە ئـەو کاتـە دڵنیـا دەبـن، تـووشی زیـان نابـن.

مەبەستی ئەوەیە کـە ئـەو کاتـە بـە ئارەزووی نەفسـەوە ناخـۆن و، بـە ئارەزووی نەفسـەوە ناپۆشـن و، بـە ئـارەزوو نەفـس، مـاڵ و حـاڵ پێکـەوە نانێـن، بەڵکـو لـە هەمـوو ئەوانـەدا، رەزامەندیـی خـواو بەرژەوەندیـی دنیـاو دوارۆژو، سـوود گەیانـدن بـە خەڵـک، رەچـاو دەکـەن.

دوو: هەر مانایەکەی دێنم، لە ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەمەوە گێڕدراوەتەوە: کە رۆژێک خواردنێک زۆر ساز دەکات، بەڵام چەند کەسێکی کەم بانگ دەکات، لە نێویاندا هەر کام لە (**الأوزاعي والثوري**) کە هەردووکیان سەر مەزهەب بوون، لە زانایانی گەورەو پێشەوایانی موجتەهید بوون، لە نێو ئەو کەسە کەمانەدا دەبن، کە دەعوەتیان دەکات (**الثوري**) پێی دەڵێ: ئایا ناترسی ئەمە زێدەڕۆیی بوو بێ؟ ئەویش دەڵێ: زێدەڕۆیی لە خواردنێدا نیە، بەڵکو لە بەرگ و پۆشاک و کەل و پەلدا هەیە، واتە: کەسێ بایی ئەوەندە بخوات کە پێویستیی پێی بێ، زێدەڕۆیی نیە.

هــەر لــەو ســیاقەدا رۆژێــک ئیبراهیمــی کــوڕی ئەدهــەم چەنــد درەمێــک بــە یەکێ لـە برایـەکانی دەدات، دەڵـێ: بچـۆ بـەم درەمانـە کـەرەو هەنگوینـمان بـۆ بکڕە،

لەگەڵ نانی گەنم، ئەویش دەڵێ: ئەی ئەبوو ئیسحاق! ئەم درەمانە هەموویان کەرەو هەنگوین و نانی گەنمیان پێ بکڕم؟! (واتە: زێدەڕۆیی نیە؟) ئەویش دەڵێ: (**ويحك إذَا وَجَدْنَا أَكَلْنَا أَكْلَ الرِّجَالِ، وَإِذَا عَدِمْنَا صَبَرْنَا صَبْرَ الرِّجَالِ**)، واتە: بێ قەزابێ ئەگەر لێمان هەڵکەوت پیاوانە دەخۆین و، ئەگەر نەشبوو ئاتاج بووین، پیاوانە خۆڕادەگرین، واتە: حاڵەتی هاوسەنگ ئەوەیە.

سێ: مەعرووفی کەرخیی ئەگەر خواردنی خۆشی بۆ بە دیاریی نێردرابایە، لێی دەخوارد، جارێک خواردنی خۆشی بە دیاریی بۆ نێردراو لێی خوارد، پێی گوترا: برایەکەت (**بِشْر الحافي**) لەو جۆرە خواردنانەی نەدەخوارد، ئەویش قسەیەکی جوانی کرد، گوتی: (**أَخِي بِشْر قَبَضَهُ الوَرعُ، وَأَنَا بَسَطَتْنِي المَعْرِفَة، وَإِنَّمَا أَنَا ضَيْفٌ فِي دَارِ مَوْلَايِ، إِذَا أَطْعَمَنِي أَكَلْتُ، وَإِذَا جَوَّعَنِي صَبَرْتُ، مَالِي وَللإعْتِرَاضِ وَالتَّمِييز**)، مەعرووفی کەرخیی مەشهوورە کە یەکێک بووە لە زانا خواناس و پێشەوایەکان، گوتی: (**بِشْر**)ی برام، وەرع و خۆپاراستن لە قەدەغەو حەرام، دەستی پێگرتۆتەوە، بەڵام من شارەزایی و زانیاریی دەستی پێکردوومەوە (لە خۆشییەکان بەهرە وەربگرم بە حەڵاڵیی)، ئنجا دوایی گوتی: من میوانم لە ماڵی گەورەو سەرپەرشتیاری خۆمدا، ئەگەر خواردنم بداتێ (بە حەڵاڵیی) دەخۆم و، ئەگەر برسییشم بکات، خۆڕاگر دەبم، من هەقی چیمە ڕەخنە بگرم و جیاکاریی بکەم!.

ئەو قسەی ئەویشم پێ جوانە، مرۆڤ نابێ خواردن لە خۆی بکات بە گرفت و کێشەیەک: چی بخۆم و چی نەخۆم؟ پێغەمبەری خوا ﷺ خواردنی خۆشیشی خواردووەو، بەهی ناخۆشیش قەناعەتی کردووە، بەڵام خواردنی نەکردووە بە ئامانج، ئەسڵەن خواردن زۆر لەوە بچووکترە کە خەمی لێ بخۆی و بیکەی بە ئامانج، یان ئەوە ناخۆم و ئەوە دەخۆم!!.

چوار: ئەمیش هەر قسەی خۆیەتی (**إبن عجيبة**)، دەڵێ: (**وَالحَاصِلُ أَنَّ النَّاسَ أَقْسَامٌ ثَلَاثَة: عَوَامٌ، لَا هِمَّةَ لَهُمْ فِي السَّيْرِ، وَإِنَّمَا قَنَعُوا أَنْ يَكُوْنُوا مِنْ عَامَّةِ أَهْلِ اليَمِيْن، فَهَؤُلَاءِ يَأخُذُوْنَ كُلَّ مَا أَبَاحَتهُ الشَّرِيْعَة، إِذْ لَا سَيْرَ لَهُمْ حَتَّى يَخَافُوا مِنْ تَخَلُّفِهِمْ، وَخَوَاصٌّ، نَهَضَتْ هِمَّتُهُمْ إِلى اللهِ، وَرَامُوا الوُصُولَ إِلَيْهِ، وَهُمْ فِي السَّيْرِ لَمْ يَتَحَقَّق وُصُولُهُمْ، أو مِنَ العُبَّادِ وَالزُّهَّادِ، يَخَافُونَ إِنْ**

تَنَاوَلُوا المُسْتَلذَّاتِ أن تَفتَرَّ عَزَائِمُهُمْ، فَهَؤُلَاءِ يَتَأكَّدُ فِي حَقِّهِم تَرَكُ الحُظُوظَ وَالشَّهَوات، وَالقِسْمُ الثَّالِثُ: خَوَاصُّ الخَوَاصِّ، قَدْ تَحَقَّقَ وُصُولُهُمْ، وَرَسَخَتْ أقْدَامُهُمْ فِي الـمَعْرِفَة، فَهَؤُلَاءِ لَا كَلَامَ مَعَهُمْ، وَلَا مِيْزَانَ عَلَيْهِمْ).

واتە: پوختەی قسان لە بارەی خواردن و خواردنەوەوە، خەڵک سێ بەشن:

١- خەڵکێکی گشتیی کە ئەوانە زۆر مەبەستیان نیە بەرەو خوا بچن، (خۆیان ماندوو بکەن و لە خوا نیزیک بن)، بەڵکو تەنیا بەوەندە قەناعەتیان کردوە کە لە هاوەڵانی دەستە ڕاست بن و، بە گشتیی ئەهلی بەهەشت بن، ئەوانە هەرچی شەریعەت بۆیان ڕەوا دەکات، وەری دەگرن، چونکە ئەوانە ڕۆیشتنیان نیە بەرەو خوا، تاکو بترسێن دوابکەون، بەهۆی سەرقاڵیی بە بەهرە وەرگرتن لە نیعمەتە حەڵاڵەکانی دنیاوە.

٢- خەڵکێکی تایبەتن، کە ئەوانە هیممەتیان بەرەو خوا هەڵیستاندوون و، دەیانەوێ بەرەو خوا بچن و، بە خوا ﷻ بگەن، (واتە: بە ناسینی خواو بە خۆشویستنی خوا بگەن)، ئەوانە جارێ بەرێوەن و نەگەیشتوونە ئامانج، یاخود خواپەرست و زاهیدەکانن، دەترسێن ئەگەر بێت و شتە خۆش و بەلەززەتەکان بەکاربێنن، عەزیمەتیان خاوبێتەوە، بۆ ئەوانە واچاکە، ئارەزووەکان واز لێ بێنن و خۆیان دوور بگرن.

٣- کەسانێکی تایبەتی تایبەتن، ئەوانە گەیشتوونە ئامانج و، پێیەکانیان چەسپیون لە ناسینی خوادا، ئنجا ئەوانە قسەیان لەسەر نیەو تەرازوویەکیان بۆ دانانرێ.

چونکـە ئەوانـە زۆرجـاران خوای پـەروەردگار بە ئیلهـام و خورپەی نێـو دڵ، ئاگاداریان دەکاتـەوە، چـی بخـۆن و چـۆن بخـۆن؟ واتـە: شـارەزایی و بەرچـاو ڕوونییەکەیـان هێندە هەیـە، لـە شـەریعەتداو، دڵەکەشـیان هێنـدە ئاوەدانـە بـە نـووری خـوا، کـە ڕێگرییـان لـێ دەکات، بـە خوتخوتـەی شـەیتان بخـۆن و بخۆنـەوەو بپۆشـن و ...هتد.

پێنج: (أبو حامد الغزالي)، دەڵێ: (وَأَكْلِ الشَّهَوات لَا يُسَلِّم إلاَّ لِمَنْ نَظَرَ مِنْ مِشْكَاةِ الوِلَايَةِ وَالنُّبُوَةِ، فَيَكُونَ بَيْنَهُ وَبَيْنَ اللهِ عَلَامَةٌ فِي اسْتِرْسَالِه وَانْقِبَاضِه، وَلَا يَكُونُ ذَلِكَ إلاَّ بَعْدَ خُرُوج

النَّفْسِ مِنْ طَاعَةِ الهَوَى وَالعَادَةِ بالكُلِّيَّةِ، حَتَّى يَكُونَ أَكْلُهُ إِذَا أَكَلَ بِنِيَّةٍ، كَمَا يَكُونُ إِمْسَاكُه بِنِيَّةٍ، فَيَكُونُ عَامِلاً لَهُ فِي إِفْطَارِهِ وَإِمْسَاكِهِ).

واتـە: خـواردنی ئـارەزووان، ناسەلـمێنرێ مەگەر بۆ کەسێک لە دەلاقەی دۆسـتایەتیی خـواو پێغەبەرایەتییـەوە، تەماشـا بـکات، ئـەو کاتـە لـە لایـەن خـواوە، نیشـانەیەکی دەبێـت لـە دەسـتکراوەییدا، بۆ خۆشـیی و لەززەت وەرگرتـن، یاخود بۆ دەسـتگرتنەوەی، ئـەوەش نایەتـە دی، مەگـەر کاتێـک نەفـس یەکجاریـی لـە فەرمانبەریـی هەواو ئـارەزوو و، عـادەت و نەرێـت دەربـازی بووبـێ، کـە بـە شـێوەیەک بـێ، خواردنەکـەی ئەگـەر خـواردی بـە نیەتـەوە بـێ و، نـە خواردنیـشی هـەر بـە نیەتـەوە بـێ، ئـەو کاتـە هـەم لـە کاتێکـدا دەخـوات و لـە کاتێکیشـدا کـە ناخـوات، نیـەتی بـاشی لـێ دێنـێ (و، وەک تاعـەت و عیبـادەت، ئـەو کارە ئەنجـام دەدات).

شەش: ئەوەش قسەیەکی حەکیمانەیە دەڵێن: مرۆڤەکان سێ جۆرن:

١)- دەژی هەتا بخوات (يَعِيشُ حَتَّى يَأْكُل).

٢)- دەخوات تاکو بژی، (يَأْكُل لِيَعِيْش).

٣)- دەژی تاکو خوا بپەرستێ و ڕازیی بکات، (يَعِيشُ لِيَعْبُدَ الله وَيُرْضِيَه)، کە ئەمە پەسندترین و بەرزترین و چاکترین جۆری مرۆڤە.

کەسێک بۆیە دەژی، تاکو بخوات، مانای وایە خواردنی کردۆتە ئامانج.

بـەڵام کەسـێک دەخـوات تاکـو بـژی، واتـە: هـەر بایـی ئەوەنـدە دەخـوات پێـی بـژی، ئەمـە حاڵەتێکـی میانجییـە.

ئـەوی دیکـە ئەصڵـەن لـە مەسـەلەی خـواردن و ئەوانـەدا دەچێتـە دەرێ و بۆیـە دەژی کـە خـوا بپەرسـتێ، ئـەو ناچێـت خـواردن بـکات بـە خەمێکـی گچکـەش چ جـای گـەورەو، بەڵکـو بۆیـە دەژی تاکـو خـوا بپەرسـتێ و، خـوای پـەروەردگار لـە خـۆی ڕازیـی بـکات.

حەوت: قسەیەکە لە (**سُقراط**)ەوە، کە ئەفلاتوون لە کۆمارەکەی خۆی (**جمهورية أفلاطون**) دا، هێناویەتی، تەرجەمەی عەرەبیی کراوەو من ڕێک مانا کوردییەکەی دێنم،[1] لە چاپی دووەم ساڵی (٢٠١٦)ی زایینی (**المحقق: عبدالسلام شاهين**) لەوێوە دەیهێنم:

دەڵـێ: سـوقرات گوتوویـەتی: پێکـەوە گونجاوییەکـی زۆر هەیـە، لـە نێـوان جـۆراو جـۆر کـردنی مۆسـیقاو، جـۆراو جۆریـی خواردنـدا، جـۆراو جۆریـی مۆسـیقا تاوانباریـی و خراپەکاریـی بـۆ نەفـس پەلکێـش دەکات، جـۆراو جۆریـی خواردنیـش نەخۆشـییان لـە جەسـتەدا پەیـدا دەکات، (وا پێدەچـێ مەبەسـتی لـە جـۆراو جۆریـی مۆسـیقا، ئـەو مۆسـیقاو ئاوازانـە بـن، کـە غەریـزە خراپـەکان لـە ئینسـاندا دەجووڵێنـن)، دوایـی دەڵـێ: زۆریـی خەسـتەخانەکان لـە نێـو کۆمەڵـگاداو، زۆریـی دادوەرەکان بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی ئـەو شـارەو، ئـەو کۆمەڵگایـە پەروەردەکـەی خراپـەو، بەڵگەیە لەسـەر ئاسـت نزمیـی دانیشـتووانی، چ بەڵگەیـەک بەهێزتـرە لەسـەر خـراپ پەروەردەیـی کۆمەڵگایـەک، کـە خەسـتەخانەو دادوەری زۆر تێدابـن، {هەڵبەتـە تاکـو خەسـتەخانە زیاتـر بـن، واتـە: نەخۆشـییان زیاتـرەو، هەتـا قازیـی و دادوەر زیاتـر بـن، مانـای وایـە کێشـەو گرفتیـان زیاتـرە، مانـای وایـە کۆمەڵگایەکـە دواکەوتـوە، مەبەسـتی ئەوەیـە}، دوایـی دەڵـێ: پێویسـتیی هەبـوون بـە چارەسـەری پزیشـکیی، عەیـب و کـەم و کوڕیـی نیـە، ئەگـەر بـۆ برینێـک بـێ، یـان بـۆ نەخۆشـییەک بـێ کـە لەگـەڵ کـەش و هـەوادا، پەیدادەبـێ، بـەڵام زۆر ناشـیرینە بـۆ ئێمـە پێویسـتییمان بـە چارەسـەر بـێ، هـی نەخۆشـێک کـە لـە تەمبەڵییـمان پەیدابـووەو، لـە جـۆری هەڵـەی ژیـان و گوزەرانمـان پەیدابـووە، ئـەو شـێوە ژیـان و گوزەرانـەی کـە بایـەکان و نەخۆشـییەکان پـڕی دەکـەن، هـەروەک چـۆن ئـاوی پیـس، باتـڵاغ پـڕ دەکات، ئـەو نەخۆشـیی و دەردو دوانـەش ژیانمـان پـڕ دەکـەن و، ئـاوی تـازە پەیـدا دەبـن بـۆ نەخۆشـییەکان، وەک: (**تطبّـل البطـن**) هەڵاوسـانی سـک، یاخـود هەڵامـەت (**زكام**)و ... هتـد.

---

(١) الجواهر في تفسير القرآن الكريم: ج: ١١ - ٢٦، ص: ١٤٨).

مەبەستی سوقرات ئەوەیە کە نەخۆش بوونی مرۆڤ بەهۆی تەنبەڵییەوەو، بەهۆی جۆراو جۆریی خواردنەوە، یان بەهۆی جۆری ژیانمانەوە کە لاماندەوە لە زگماک و لە عەقڵ و زانست، ئەوە عەیب و کەم و کوڕییەو، نیشانەو بەڵگەی ئەوەیە، ئەو کۆمەڵگایە کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو و خراپە.

کە بەڕاستیی قسەکانیم پێ جوانن و، هەمووشیان دەچنەوە نێو چوارچێوەی ئەو ئایەتە موبارەکەی، کە ئێمە خەریکی توێژینەوەوینی، کە خوا ﷻ بە بێبڕوایەکان، دەفەرموێ: ﴿أَذْهَبْتُمْ طَيِّبَٰتِكُمْ فِى حَيَاتِكُمُ ٱلدُّنْيَا وَٱسْتَمْتَعْتُم بِهَا فَٱلْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ ٱلْهُونِ بِمَا كُنتُمْ تَسْتَكْبِرُونَ فِى ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَبِمَا كُنتُمْ تَفْسُقُونَ ﴿٢٠﴾﴾ الأحقاف.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی سێیەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـە هەشـت (٨) ئایـەت دەگرێتـە خـۆی، ئایەتـەکانی: (٢١ - ٢٨)، هەمووشیان لـە بـارەی بەسـەرهاتی هـوودو گەلەکـەی (عـاد)ەوەن، کـە لـە شـوێنێک ژیـاون شـوێنێکی لـماویی بـە (**الأحقـاف**) نـاوی هاتـوەو، هـوود گەلەکـەی وشـیار کردۆتـەوەو، ترسـاندوونی و بانگـی کـردوون بـۆ یەکتاپەرستیی، بـەڵام ئـەوان بێباکییـان دەربڕیـوەو، سـەرەنجام بایەکـی بەهێزیـان لـە دوو توێـی هەورێکـدا، بـۆ نێـردراوەو، هەموویـانی لـە بەیـن بـردوون، تەنیـا خانووبەرەکانیـان مـاون، بـە چۆڵیـی و خاڵیـی.

هەروەهـا خـوای باڵادەسـت سـەرنجی کافـرەکان ڕادەکێشـێ، چ ئەوانـەی ڕۆژگاری پێغەمبـەر ﷺ، چ هـی ئێسـتا، چ هـی پێـش ئێسـتا، چ هـی دوای ئێسـتا، بـۆ لای گـەلانی دیکـەی بێبـڕواو هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەری دەوروبـەری کۆمەڵگایـەکان کـە فەوتێـنراون و، پەرسـتراوە ساختەکانیشـیان هیـچ دادیـان نـەداون.

﴿ وَاذْكُرْ أَخَا عَادٍ إِذْ أَنذَرَ قَوْمَهُۥ بِالْأَحْقَافِ وَقَدْ خَلَتِ النُّذُرُ مِنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِۦٓ أَلَّا
تَعْبُدُوٓا إِلَّا اللَّهَ إِنِّىٓ أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿٢١﴾ قَالُوٓا أَجِئْتَنَا لِتَأْفِكَنَا عَنْ ءَالِهَتِنَا
فَأْتِنَا بِمَا تَعِدُنَآ إِن كُنتَ مِنَ الصَّٰدِقِينَ ﴿٢٢﴾ قَالَ إِنَّمَا الْعِلْمُ عِندَ اللَّهِ وَأُبَلِّغُكُم مَّآ أُرْسِلْتُ
بِهِۦ وَلَٰكِنِّىٓ أَرَىٰكُمْ قَوْمًا تَجْهَلُونَ ﴿٢٣﴾ فَلَمَّا رَأَوْهُ عَارِضًا مُّسْتَقْبِلَ أَوْدِيَتِهِمْ قَالُوا هَٰذَا عَارِضٌ
مُّمْطِرُنَا بَلْ هُوَ مَا اسْتَعْجَلْتُم بِهِۦ رِيحٌ فِيهَا عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٢٤﴾ تُدَمِّرُ كُلَّ شَىْءٍۭ بِأَمْرِ رَبِّهَا فَأَصْبَحُوا
لَا يُرَىٰٓ إِلَّا مَسَٰكِنُهُمْ كَذَٰلِكَ نَجْزِى الْقَوْمَ الْمُجْرِمِينَ ﴿٢٥﴾ وَلَقَدْ مَكَّنَّٰهُمْ فِيمَآ إِن مَّكَّنَّٰكُمْ
فِيهِ وَجَعَلْنَا لَهُمْ سَمْعًا وَأَبْصَٰرًا وَأَفْـِٔدَةً فَمَآ أَغْنَىٰ عَنْهُمْ سَمْعُهُمْ وَلَآ أَبْصَٰرُهُمْ وَلَآ أَفْـِٔدَتُهُم
مِّن شَىْءٍ إِذْ كَانُوا يَجْحَدُونَ بِـَٔايَٰتِ اللَّهِ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ﴿٢٦﴾ وَلَقَدْ

أَهْلَكْنَا مَا حَوْلَكُم مِّنَ ٱلْقُرَىٰ وَصَرَّفْنَا ٱلْآيَٰتِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٢٧﴾ فَلَوْلَا نَصَرَهُمُ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُوا۟
مِن دُونِ ٱللَّهِ قُرْبَانًا ءَالِهَةًۢ ۖ بَلْ ضَلُّوا۟ عَنْهُمْ ۚ وَذَٰلِكَ إِفْكُهُمْ وَمَا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ ﴿٢٨﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{هەروەها (ئەی موحەممەد ﷺ!) یادی (هوودی) برای (گەلی) عاد بکەوە کە ترس و هۆشداریی بە کۆمەڵگایەکەی خۆیدا، لە حاڵێکدا (پێغەمبەرانی) ترسێنەرو وریاکەرەوە لە پێش دوو دەستیەوەو لە دوایەوە (لە نیزیکیەوەو لە دووریەوە لە کۆمەڵگاکانی دەوروبەریدا)، ڕابردبوون (پێیگوتن) کە جگە لە خوا مەپەرستن! من مەترسیی ئازاری ڕۆژێکی مەزنم لێتان هەیە ﴿٢١﴾ (گەلەکەی) گوتیان: ئایا هاتوویە لامان تاکو لە پەرستراوەکانمان هەڵمانگێڕیەوە (لامان بدەی)، دەجا ئەگەر لە ڕاستانی، ئەوەی بەڵێنمان پێدەدەی (و هەڕەشەمان پێی لێدەکەی) بۆمان بێنە ﴿٢٢﴾ (هوود) گوتی: زانیاریی (کاتی هاتنی ئەو سزایە)، بەس لە لای خوایەو، منیش ئەوەی پێی ڕەوانەکراوم (و پێمدا نێردراوە) پێتان ڕادەگەیەنم، بەڵام واتان دەبینم کۆمەڵێکن نەفامیی دەکەن (و بە نەزانتان دەزانم) ﴿٢٣﴾ ئنجا کاتێک ئەو (ئازارو سزا هەڕەشە پێلێکراو)ەیان بینی (وایانزانی) هەورێکە بەرەو ڕووی دۆڵ و شیوەکانیان دێ، گوتیان: ئەوە هەورێکە ئاومان بۆ دەبارێنێ! گوترا: بەڵکو ئەوە ئەو (سزا)یەیە، کە پەلەتان لێی دەکرد (بۆتانبێ) بایەکە ئازارێکی بە ئێشی تێدایە ﴿٢٤﴾ بە فەرمانی پەروەردگاری هەموو شتێک (کە بۆی دیاریکرابێ) دەفەوتێنێ، لە ئاکامدا وایان بەسەرهات بەس خانووبەرەکانیان (بە چۆڵیی) دەبینران، بەو شێوەیە سزای کۆمەڵی تاوانباران دەدەین ﴿٢٥﴾ بە دڵنیاییش ئەوەی ئەوانمان تێدا دەستڕۆیشتوو کردبوو (بەوانمان دابوو)، ئێوەمان تێدا دەستڕۆیشتوو نەکردووەو، بیستن و چاوەکان و عەقڵەکانمان بۆ ڕەخساندبوون، بەڵام بیستنیان و چاوەکانیان و عەقڵەکانیان هیچ سوودیان پێ نەگەیاندن، چونکە

نکووڵییان لە نیشانەکانی خوا دەکردو، سەرەنجام ئەوەی گاڵتەیان پێدەکرد گەمارۆی دان ﴿٢٦﴾ بە دڵنیاییش ئاوەدانییەکانی دەوروبەرتانمان لە نێو بردن و، نیشانەکانمان (بەشێوەی) جۆراو جۆر خستنەڕوو، بەڵکو بگەڕێنەوە ﴿٢٧﴾ ئنجا دەبووایە ئەوانەی لە جیاتی خوا بە پەرستراویان گرتوون، بۆ نیزیککەوتنەوە (لە خوا) سەریان خستبانایە، بەڵکو لێیان بزربوون! ئەوەش (ئەنجامی) درۆیەکەیان و ئەوە بوو کە هەڵیاندەبەست (گوایە خوا هاوبەشی هەن!) ﴿٢٨﴾].

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(بِٱلۡأَحۡقَافِ): (**الأَحْقَافُ: جَمْعُ حِقْفٍ، وَهُوَ مِنَ الرَّمْل مائلٌ، أو مسْتَطيلَ، وَاحْقَوْقَفَ: مَالَ حَتَّى صَارَ كَالْحِقْفِ**)، (**أَحْقَافُ**) کۆی (**حِقْف**)ە، (**حِقْف**) بە تەپۆلکە لمی درێژبۆوە یاخود لاربۆوە دەگوترێ، دەگوترێ: (**احْقَوْقَفَ**) واتە: لاربۆوە وەک تەپۆلکەی لم.

(خَلَتِ): (**خَلَا الزَّمَانُ: مَضَى وَذَهَبَ**)، واتە: کاتەکە تێپەڕی، ڕابرد، (**قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِهِم**): ڕابرد لە پێش واندا.

(لِتَأۡفِكَنَا): (**أي: لِتَصْرِفَنَا: لِتَصْرِفَنَا مِنَ الحَقِّ إلى البَاطِل**)، (**أَفْك**): بە مانای لادان دێ، کەواتە: (**لِتَأْفِكَنَا**) واتە: بۆ ئەوەی لامان بدەی، لێرەدا مەبەست لادانە لە هەق بۆ ناهەق، دیارە خۆیان لەسەر هەق بینیوەو، پێیان وابووە ئەو خوا بەیەکگرتنەی هوود ئەوانی بۆ بانگ دەکات، شتێکی ناهەقە.

(عَارِضًا): (**العَارِضُ: البَادِيْ عُرْضُهُ**)، (**عارض**) ئەوەیە تەنیشتی دیار بێ، (**عَارِض**): لێرەدا بە مانای هەور دێ، هەورێک کە بە ئاسماندا بڵاو بووبێتەوە، وشەی (**عَارِض**): بۆ نەخۆشییش بەکاردێ و، بۆ ڕوومەتیش بەکاردێ، دەگوترێ: (**أَخَذَ مِنْ عَارِضَيْهِ**)، واتە: لەولای ڕیشی گرت، لێی کەمکردەوە.

(أَوْدِيَتِهِمْ): (الأَوْدِيَـة: جَمْـعُ وَادِي: المَوْضِـعُ الَّـذِي يَسِـيْلُ فِيْـه المَـاءُ، وَالمُفَـرَجُ بَـيْنَ الجَبَلَـيْنِ)، (أَوْدِيَـة) كـۆی (وَادِي)ە، (وَادِي): ئـەو شـوێنەیە ئـاوی پێـدا دەڕوات، دۆڵ و، شـیوو، هـەر دابڕاوایيـەک لـە نێـوان دوو چیایانـدا پێـی دەگوتـرێ: (وَادِي).

(مُّمْطِرُنَا): واتـە: ئاومـان بـۆ دەبارێنـێ، دەگوتـرێ: (يَـوْمٌ مُطِـيْرٌ وَمَاطِـر وَمُمْطِـر، وَوَادِي مَطِـيْر، أي: مَمْطُـور، مَطَـر فِي الخَـيْرِ، وَأَمْطَـرْ فِـي الـشَّر)، دەگوتـرێ: ڕۆژێکـی (مُطِـيْر وَمَاطِـر وَمُمْطِـر)، هـەر سێکیان بـە مانـای ئـاودارن، مـەرج نیـە تەنیـا بـاران و بەفـر و تـەرزە بـێ، ڕۆژێـک کـە ئـاوی تێـدا لـە ئاسـماندا دەخـزێ، دەگوتـرێ: (وَادِي مَطِـيْر) شـیوێکی باراناویـی، (مطـر) بـۆ چاکـەو پێشـهاتی بـاش و، (أمطـر) بـۆ خراپـەو پێشـهاتی بـەد بـەکاردێ.

(مَكَّنَّهُمْ): (المَـكَانُ: المَوْضِـع الحَـاوِي للـشَّيء، مَكَّنْتُـهُ وَمَكَّنْـتُ لَـهُ فَتَمَكَّـنَ)، واتـە: توانـام پێـدا، هەردووکیـان یـەک مانایـان هەیـە، (مَكَّنْتُـه وَمَكَّنْـتُ)، توانـادارم کـردو، دەسترۆیشـتووم کـرد، (فَتَمَكَّـن)، واتـە: دەسترۆیشـتوو بـوو، تواناداربـوو.

(يَجْحَدُونَ): واتـە: نکوولّییـان دەکـرد، (الجُحُـودُ: نَفْـي مَـا فِي القَلْـبِ إثْبَاتُـهُ، وَإثْبَـاتُ مَـا فِي القَلْـبِ نَفْيُـهُ)، (جُحُـود): ئەوەیـە کـە شـتێک لـە دڵـدا چەسـپابێ، تـۆ لایبـەری، یاخـود شـتێک لـە دڵـدا نەبـێ، تـۆ بیچەسـپێنی، واتـە: نکوولّییکـردن، ئنجـا نکوولّییکـردن لـە بـوون یـان لـە نەبـوون، لـە بـوونی شـتێک، یـان لـە نەبـوونی شـتێک، واتـە: دان پێـدا نەهێنـان، شـتێک بـزانی وایـەو دانی پێدانەهێنـێ، یاخـود شـتێک بـزانی وانیـە، کەچـی دانی پێـدا نەهێنـی کەوانیـە.

(وَحَاقَ بِهِم): (حَـاقَ: أي: نَـزَلَ بِهِـمْ، وَأَصَابَهُـمْ، أو أَحَـاطَ بِهِـمْ)، (حَـاقَ): بـە مانـای دابـەزی، تـووشی بـوو، دابەزیـە سـەری، هەروەهـا (حـاق): گەمارۆیـداو ئابڵووقەیـدا، بـە هـەردوو واتایەکـە دێ.

(وَصَرَّفْنَا): (أي: نَوَّعْنَـا)، جـۆراو جۆرمـان کـرد، دەگوتـرێ: (الـصَّرْفُ: رَدُّ الـشَّيءِ مِـنَ حَالَـةٍ إلى حَالَـةٍ، أو إبْدَالُـهُ بِغَـيْرِهِ، وَالتَّصْرِيـفُ: كَالـصَّرْفِ إلاَّ فِي التَّكْثِـيْر، وَتَصْرِيـفُ الرِّيَـاحِ

هُـوَ صَرْفُهُـا مِـنْ حَـالٍ إِلى حَـال)، (**صَرف**): بریتیـە لـەوەی شـتێک لـە حاڵێکـەوە بگـۆڕی بـۆ حاڵێکـی دی، یاخـود بیگـۆڕی بـە شـتێکی دیکـە، ئـەو لابـەری و حاڵێکـی دیکـە بهێنیـە جێـی، (**تَصْرِیف**)یـش وەک (**صَرف**) وایـە، بـە مانـای گۆڕیـن و لادان دێ، بـەڵام (**تَصْرِیـف**) بـۆ زۆرییـە، (**صَرَفَ**) و (**صَرَّفَ**)، ئەگـەر بـە زیـاد کـراو (**مَزِیْـد**) بـێ، ماناکـەی بەهێزتـر دەبـێ، وەک (**قَتَـلَ، وقَتَّـلَ**)، (**تَصْرِیـفُ الرِّیَـاح**) ئەوەیـە کـە بایەکـە لـە حاڵێکـەوە بگـۆڕێ بـۆ حاڵێکـی دیکـە، بـەڵام وەک لـە جێـی دیکـەش گوتوومـە: بـەس ئـەوە نیـە، لـە حاڵێکـەوە بـۆ حاڵێکـی دیکـە بـێ، بەڵکـو لـە ڕووی چۆنیەتییـەوەو، لـە ڕووی چەندێتییـەوەو، لـە ڕووی ئـەو لایـەوە کـە لێـی هەڵـدەکات.

(قُرْبَانًا): (**القُرْبَـانُ: مَـا يُتَقَـرَّبُ بِـهِ إلى اللـه**)، (**قُرْبَـان**): هـەر شـتێکە مـرۆڤ پێـی لـە خـوا نزیـک بـێ و، خـۆی پـێ لـە خـوا نزیـک بخرێتـەوە، (**وَصَـارَ فِي التَّعَـارُفِ اسْـمَاً لِلنَسِـيْكَةِ الَّتِـي هِـيَ الذَّبِيْحَـةُ وَجَمْعُـهُ: قَرَابِيْن، وَيُسْـتَعْمَلُ للوَاحِـدِ وَالجَمْـع**)، (**قُرْبَـان**): لـە زاراوەی شـەرعدا، نـاوە بـۆ سـەر بڕینـی ئاژەڵێـک کـە بـە (**قَرَابِيْن**) کۆدەکرێتـەوە، جـاری وایـە (**قُرْبَـان**) بـۆ تـاک و بـۆ کـۆش بـەکاردێ، کـە لێـرەدا دەفەرمـوێ: (**قُرْبَانـاً آلِـهَةً**)، واتـە: پەرسـتراوانێکی خـۆ پـێ لـە خـوا نیزیـک خـراوە.

(ضَلُّوا عَنْهُمْ): (**ضَـلَّ الـشَّيءُ: ضَـاعَ وَهَلَـكَ، يَضِـلُّ ضَـلَالًا**)، (**ضَـلَّ الشَّيءُ**): واتە: شـتەکە ون بـوو، بزربـوو، لەبەیـن چـوو، (**يَضِـلُّ ضَـلَالاً**) ون دەبـێ، ون بـوون، دەگوتـرێ: (**أَرْضٌ مَضِلَّـةٌ وَمَضَلَّـةٌ، بِالفَتْـحِ وَالكَسْرِ يُضَـلُّ فِيهَـا الطَّرِيـق**)، زەوییەکـی (**مَضِلَّـة**) یـان (**مَضَلَّـة**) بـە سـەر (**فتح**) یـان بـە ژێـر (**کسرة**)، زەوییـەک ڕێـی تێـدا ون بکـرێ، واتـە: قووچکەو نیشـانەی وای لـێ نەبـن، بکرێنـە نیشـانە بـۆ ڕێیەکـە.

مانای گشتیی ئایەتەکان

سەرەتا دەڵێین: ئێمە بەسەرهاتی گەلی عادمان لە سووڕەتی (**هود**)دا، بە تەفصیل توێژیوەتەوە، لەوێ ڕەچەڵەکی هوود، ڕەچەڵەکی گەلی عاد، درێژەی بەسەرهاتی هوود ﷺ لەگەڵ گەلی عاددا، هوود چی پێگوتن و ئەوان چۆنیان وەڵام دایەوە؟ پاشان چۆنیەتیی سزادرانی گەلی عاد، بەو بایە، لەوێ بە تەفصیل باسمان کردوە، لێرەدا هەر لە قەدەر چەمک و واتای گشتیی ئایەتەکان، باسی دەکەین، بەڵام کەسێک بیەوێ درێژەی بەسەرهاتی هوود ﷺ لەگەڵ گەلەکەی عاددا، بزانێ دەبێ بگەڕێتەوە بۆ تەفسیری سووڕەتی (**هود**)، لەوێ ئەو بەسەرهاتەمان بە وردیی هێناوە، خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿وَاذْكُرْ أَخَا عَادٍ إِذْ أَنذَرَ قَوْمَهُ بِالْأَحْقَافِ﴾، هەروەها برایەکەی عاد، یاد بکەوە! کە خەڵکەکەی خۆی لە ئەحقاف ترساند، هۆشداریی پێدان و وریای کردنەوە، ﴿وَاذْكُرْ﴾، هەم بە مانای بیهێنەوە بیر خۆت، هەم بە مانای باسی بکە، دێ، چونکە (ذِكْر) بە مانای هێنانەوە یاد، دێ و، بە مانای باسکردنی زمانیش، دێ، باسی برایەکەی گەلی عاد بکە، کە هوود ﷺ بووە، لەبەر ئەوەی لە ڕەچەڵەکدا لەوان بوو، یاخود یادی بکەوە کە خەڵکەکەی و گەلەکەی خۆی لە ئەحقاف کە شوێنێکی جوگرافیی زانراوەو، شوێنێکی ماویی بووە، ئەو خەڵکەی لێ ژیاون، ﴿وَقَدْ خَلَتِ النُّذُرُ مِن بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ﴾، لە حاڵێکدا کە وریاکەرەوەو ترسێنەرەکان لە پێش دوو دەستیەوەو، لە دوایەوە ڕابردبوون، واتە: لە پێش دەستیەوە (کە لێی نزیک بوون)، یان لە دوایەوە (کە لێی دوور بوون)، ئەوەش لە ڕووی کاتەوە، یاخود لە ڕووی جوگرافییەوە، کە لێی نزیک بوون بۆ وێنە: گەلی (**سبأ**)و، گەلی (**تُبَّع**) لە یەمەن، ئەوانەش کە لێی دوور بوون، وەک گەلی لووط و گەلی نووح و، گەلی فیرعەون لە میصر، ئەگەر لە پێش ئەوەوە بووبن، بەڵام واپێدەچێ گەلی عاد

لە پێش وان دا بوو بێ و، دەبێ مەبەست ئەو گەلانە بێ کە لە پێش ئەواندا فەوتاون.

ئنجا چ لە رووی کاتەوە، لێیان نیزیک یان دوور بووبن، هەندێکیان نیزیک و، هەندێکیان دوور، چ لە رووی شوێنی جوگرافییەوە، هەردووکیان دەگرێتەوە، ﴿ أَلَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّا ٱللَّهَ ﴾، خەڵکەکەی خۆی ترساندو هۆشداریی پێدان، ئنجا ئایا ورياکردنەوەو ترساندنەکەی نێوەرۆکەکەی چی بوو؟ بریتی بوو لەوە: جگە لە خوا مەپەرستن، ﴿ إِنِّىٓ أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴾، بە دڵنیایی من مەترسیی ئازاری رۆژێکی مەزنم، لێتان هەیە، ئایا ئەوان چییان وەڵام دایەوە؟

﴿ قَالُوٓا۟ أَجِئْتَنَا لِتَأْفِكَنَا عَنْ ءَالِهَتِنَا ﴾، گوتیان: ئایا هاتوویە لامان، تاکو لە پەرستراوەکانمان لامان بدەی و هەڵمان بگێڕیەوەو، دوورمان بخەیەوە، لەو هەقەی ئێمە لەسەرینی، بۆ ئەو ناهەقییەی ئێمەی بۆی بانگ دەکەی؟!، ﴿ فَأْتِنَا بِمَا تَعِدُنَآ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴾، ئەگەر لە راستانی، ئەوەی بەڵێنمان پێ دەدەی و هەرەشەمان پێ لێ دەکەی، بۆمان بێنە.

﴿ قَالَ إِنَّمَا ٱلْعِلْمُ عِندَ ٱللَّهِ وَأُبَلِّغُكُم مَّآ أُرْسِلْتُ بِهِۦ ﴾، (هوود) فەرمووی: زانیاریی تەنیا لە لای خوایە، واتە: زانیاریی کاتی هاتنی ئەو سزایە، تەنیا لە لای خوایە، ﴿ وَأُبَلِّغُكُم مَّآ أُرْسِلْتُ بِهِۦ ﴾، ئەوەش کە پێمدا رەوانکراوە، پێتان رادەگەیەنم، ﴿ وَلَٰكِنِّىٓ أَرَىٰكُمْ قَوْمًا تَجْهَلُونَ ﴾، بەڵام بەراستیی بە کۆمەڵێکتان دەبینم، نەفامیی دەکەن.

﴿ فَلَمَّا رَأَوْهُ عَارِضًا مُّسْتَقْبِلَ أَوْدِيَتِهِمْ ﴾، ئنجا کاتێک بینییان لە شێوەی هەورێکدا، بە پانیی بەرەو شیوو دۆڵەکانیان دەهات، ئەو ناوچانەی کە تێیدا نیشتەجێ بوون، ﴿ قَالُوا۟ هَٰذَا عَارِضٌ مُّمْطِرُنَا ﴾، (خەیاڵپلاویانکرد)، گوتیان: ئەوە هەورێکە ئاومان بۆ دادەبەزێنێ، ﴿ بَلْ هُوَ مَا ٱسْتَعْجَلْتُم بِهِۦ ﴾، (هوود عليه السلام پێی گوتن، یان بە زمانی حاڵ، پێیان گوترا، یان خوای پەروەردگار پێی فەرموون:) بەڵکو ئەوە ئەوەیە کە پەلەتان لێ دەکرد، ئەوە ئازارو سزایە، ﴿ رِيحٌ فِيهَا عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾، بایەکە ئازارێکی بە ئێش و ژانی تێدایە.

﴿ تُدَمِّرُ كُلَّ شَيْءٍ بِأَمْرِ رَبِّهَا ﴾، بـە فەرمـانی پـەروەردگاری هەمـوو شـتێک وێـران دەکات، لـە بەیـن دەبـات، ﴿ فَأَصْبَحُوا لَا يُرَىٰٓ إِلَّا مَسَٰكِنُهُمْ ﴾، بـە (ف)ی بەدواهاتـن (تعقيب): یەکسـەر دوا بـە دوای ئـەوە وایـان لێهـات، تەنیـا خانووەکانیـان دەبیـنران، نـە دەبیـنران جگـە لـە خانووبەرەکانیـان، واتـە: قـڕە بـڕ بـوون، وەک کوردەواریـی دەڵێـن: (چوێلەکـە کوژیـان نەمـا)، ﴿ كَذَٰلِكَ نَجْزِي ٱلْقَوْمَ ٱلْمُجْرِمِينَ ﴾، هـەر بـەو جـۆرە کۆمەڵـی تاوانبـاران سـزا دەدەیـن.

کەواتـە: ئـەی تاوانبـارانی ڕۆژگاری پێغەمبـەر ﷺ و دوای ئەویـش! ئێـوەش بترسـێن کـە هەمـان سـزاتان بـۆ بـێ.

﴿ وَلَقَدْ مَكَّنَّٰهُمْ فِيمَآ إِن مَّكَّنَّٰكُمْ فِيهِ ﴾، بـە دڵنیایـی ئەوانمـان دەسترۆیشـتوو کردبـوو، تواناداریمـان کردبـوون، لـە حاڵێکـداو بـە شـێوەیەک کـە ئێوەمـان تێـدا توانـادارو دەسترۆیشـتوو نەکـردوە، ﴿ وَجَعَلْنَا لَهُمْ سَمْعًا وَأَبْصَٰرًا وَأَفْـِٔدَةً ﴾، بیسـتن و چـاوەکان و عەقڵەکانیشـمان پێدابـوون، ﴿ فَمَآ أَغْنَىٰ عَنْهُمْ سَمْعُهُمْ وَلَآ أَبْصَٰرُهُمْ وَلَآ أَفْـِٔدَتُهُم مِّن شَيْءٍ ﴾، بـەڵام بیسـتنیان و چاوەکانیـان و عەقڵەکانیـان هیـچ سـوودی پـێ نەگەیانـدن، ﴿ إِذْ كَانُوا۟ يَجْحَدُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ ﴾، بە هـۆی ئـەوەوە کـە نکووڵییـان لـە نیشـانەکانی خـوا دەکـرد، ئەگـەر کوفـر چـووە نێـو عەقـڵ و دڵـی مرۆڤـەوە، هەسـتەوەرەکانی مـرۆڤ لەبەرانبـەر ناسـینی حـەق دا، لـە کار دەکـەون، ﴿ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ﴾، سـەرەنجام ئـەوەی گاڵتەیـان پێدەکـرد، گەمـارۆی دان و دەوری دان، سـزایەکە دابەزیـە سـەریان.

ئنجـا خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ وَلَقَدْ أَهْلَكْنَا مَا حَوْلَكُم مِّنَ ٱلْقُرَىٰ ﴾، بـە دڵنیایـی ئاوەدانییـەکانی دیکـە دەوری ئێوەمـان لـە بەیـن بـردوون، ﴿ وَصَرَّفْنَا ٱلْـَٔايَٰتِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴾، نیشانەکانیشـمان بـۆ جـۆراو جۆرکـردن (بـە زۆر جـۆر نیشـانەکانی خۆمـان، موعجیـزەکان و ئایەتـە خوێـنراوەکانی خۆمانمـان بـۆ خسـتنەڕوو)، بەڵکـو بگەڕێنـەوە، (واز لـە خراپـە بێنـن و بـۆ چاکـە بگەڕێنـەوە بـۆ لای خـوا).

﴿ فَلَوۡلَا نَصَرَهُمُ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ قُرۡبَانًا ءَالِهَةَۢ ﴾، ئەوانـەی لـە جیاتی خـوا بـە پەرستراویان گرتبـوون، بـۆ ئـەوەی لـە خوایـان نیزیـک بخەنـەوە، دەبووایـە سـەریان بخـەن و پشـتیان بگـرن، ﴿ بَلۡ ضَلُّواْ عَنۡهُمۡ ﴾، بەڵکـو لە کاتی تەنگانـەدا لێیان ون بوون، شـوێن بـزر بـوون، ﴿ وَذَٰلِكَ إِفۡكُهُمۡ وَمَا كَانُواْ يَفۡتَرُونَ ﴾، ئـەوەش درۆیەکەیـان بوو و ئـەوەی هەڵیاندەبەسـت (بـە نـاوی خـواوە)، [گوایـە: ئەوانـە پەرسـتراون و، شـەفاعەت و تـکاو ڕەجایـان بـۆ لـەلای خـوا دەکـەن و، لـە خوایـان نیزیـک دەخەنـەوە]، وەک لـە سـوورەتی (**الزمـر**)دا، دەڵـێ: ﴿ مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ إِنَّ ٱللَّهَ يَحۡكُمُ بَيۡنَهُمۡ فِي مَا هُمۡ فِيهِ يَخۡتَلِفُونَۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي مَنۡ هُوَ كَٰذِبٞ كَفَّارٞ ﴿٣﴾ ﴾، بـەس بۆیـە دەیانپەرستین لـە خوامـان نزیـک بخەنـەوە.

ئنجـا ئـەو درۆیـەی دەیانکـردو ئـەوەی بـە نـاوی خـواوە هەڵیاندەبەسـت، ئەوەیان لـێ ون بـوو، ئـەوەش سـەرەنجامەکەیان بوو.

خـوا ﷻ سـەرەنجامی ئێمـە خێـر بـکات، بەهـۆی ئـەوەوە، کـە گـوێ دەگریـن بـۆ بانگـەوازو پەیامـی خـوا، بـە دڵ و گیـان لـە بـاوەشی دەگریـن، هەوڵدەدەیـن لێـی تێبگەیـن و، کاری پـێ بکەیـن.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

هوودی برای گەلی عاد، خەڵکەکەی خۆی کە لە ئەحقاف (بیابانی لماویی)دا نیشتەجێ بوون، هۆشیار کردەوە کە تەنیا خوا بپەرستن، کەچی ئەوان بەسەر سوڕمان و ڕەخنەوە، گوتیان: ئایا هاتووی کە لە پەرستراوەکانمان لامان بدەی؟ ئەگەر ڕاست دەکەی سزامان بۆ بێنە، ئەویش گوتی: من تەنیا پەیامی خواتان پێ دەگەیەنم و، کاتی هاتنی سزاش بەس خوا دەیزانێ، بەڵام من بە نەفامتان تێدەگەم:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَٱذۡكُرۡ أَخَا عَادٍ إِذۡ أَنذَرَ قَوۡمَهُۥ بِٱلۡأَحۡقَافِ وَقَدۡ خَلَتِ ٱلنُّذُرُ مِنۢ بَيۡنِ يَدَيۡهِ وَمِنۡ خَلۡفِهِۦٓ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّا ٱللَّهَ إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُمۡ عَذَابَ يَوۡمٍ عَظِيمٖ ﴿٢١﴾ قَالُوٓاْ أَجِئۡتَنَا لِتَأۡفِكَنَا عَنۡ ءَالِهَتِنَا فَأۡتِنَا بِمَا تَعِدُنَآ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿٢٢﴾ قَالَ إِنَّمَا ٱلۡعِلۡمُ عِندَ ٱللَّهِ وَأُبَلِّغُكُم مَّآ أُرۡسِلۡتُ بِهِۦ وَلَٰكِنِّيٓ أَرَىٰكُمۡ قَوۡمٗا تَجۡهَلُونَ ﴿٢٣﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە یازدە بڕگەدا:

١)- ﴿وَٱذۡكُرۡ أَخَا عَادٍ﴾، باسی برای عاد بکە، یاخود: یادی برای عاد بکەوە، وشەی **(وَٱذۡكُرۡ)** هەم باسکردنی زمان، دەگەیەنێ: باسی بکە بە زمان و بیگێڕەوە، هەم بۆ یاد کردنەوەی بە دڵ و عەقڵیش بەکاردێ، ﴿أَخَا عَادٍ﴾، برایەکەی عاد، مەبەست پێی هوودە ﷺ هەرچەندە لەم سووڕەتە موبارەکەدا، ناوی نەهاتوە، بەڵام لە سووڕەتی **(الأعراف)**دا: ﴿وَإِلَىٰ عَادٍ أَخَاهُمۡ هُودٗاۚ قَالَ يَٰقَوۡمِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرُهُۥٓۚ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٦٥﴾﴾**الأعراف**، هەروەها لە سووڕەتی **(الشعراء)**دا، خوا ﷻ باسی کردووەو، لە سووڕەتی **(هود)**یش دا، کە هەر بە ناوی هوودەوەیە ﷺ، لێرەدا کە خوا ﷻ دەفەرموێ: باسی برای عاد بکە، برای

گەلی عاد، واتە: ئەو پێغەمبەرەیان ، کە لە ڕەچەڵەک و تۆرەمەی خۆیانەو، لەبەر ئەوەش کە پێشتر باسکراوە ناوی هوودە، لێرەدا بە پێویست نەزانراوە.

ئەوە کە دەفەرموێ: ﴿أَخَا عَادٍ﴾، (الأخُ: المُشَارِكُ فِي نَسَبِ القَبِيْلَة)، برا: لە ڕووی ڕەچەڵەکی هۆزەوە هاوبەشیان بووە، دەگوترێ: (أخُو فُلاَنٍ، أو أخُو بَنِي فُلاَن)، هەروەها (أخ) بۆ هاوەڵایەتییش بەکاردێ، (الأخُ: الصَّاحِبُ المُلاَزِم)، برا: هاوەڵێک هەمیشە پەیوەست بێ بە کەسێکەوە، یان بە کۆمەڵێکەوە، واتە: ئەو کەسەی هەر لەگەڵ گەلەکەی خۆی (عاد)دا بووە، ئنجا چ باسکردنەکە مەبەست پێی باسکردنی بە زمان بێ، چ یاد کردنی بە دڵ بێ، خوا ﷻ دەفەرموێ:

٢)- ﴿إِذْ أَنذَرَ قَوْمَهُۥ بِٱلْأَحْقَافِ﴾، کاتێک خەڵکەکەی خۆی لە ئەحقاف وریا کردەوە، (إِذْ) لێرەدا (إسْمٌ للزَّمَانِ المَاضِي)، ناوە بۆ کاتی ڕابردوو، یاد بکەوە! کاتێک کە گەلەکەی خۆی ترساندو، هۆشیاری کردنەوە، (بالأحْقَاف)، کە لە (أحْقَاف) بوون، (أحْقَاف) پێشتر گوتمان: کۆی (حِقْف)ە، (وَالحِقْفُ: الرَّمْلُ العَظِيْم، أو الرَّمْلُ المَائِل، أو الرَّمْلُ المسْتَطِيلُ)، بە تەپۆلکەیەکی لمی مەزن، یان تەپۆلکەیەکی لم کە لاربووبێتەوە، یان درێژبووبێتەوە، دەگوترێ، (حِقْف)یش کۆیەکەی (أحْقَاف)ە، دیارە ئەو شوێنەی گەلی عادی لێ بووە، تەپۆلکەی لماویی لێ بوون، تەپۆلکەکانیش درێژو لاریش بوون، تەپۆلکەی لم، زیاتر بەهۆی باوە، کە با لم دێنێ و ڕایدەماڵێ لە شوێنێکەوەو کۆی دەکاتەوەو، لە شوێنێکدا بڵاوی دەکاتەوە، دروست دەبن.

٣)- ﴿وَقَدْ خَلَتِ ٱلنُّذُرُ مِنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِۦٓ﴾، لە حاڵێکدا کە ترسێنەرەکان، [مەبەست پێیان پێغەمبەرانن (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام)]، وریاکەرەوەکانیان تێپەڕیبوون، گوزەرابوون لە پێش هەردوو دەستیەوەو لە دواشیەوە:

أ- لە پێش دوو دەستیەوە لە ڕووی کاتەوە، واتە: نیزیک لە کات و سەردەمی خۆیان، ﴿وَمِنْ خَلْفِهِۦٓ﴾، واتە: دوور لە کات و ڕۆژگاری ئەوان، ئەوە لە ڕووی کاتەوە.

ب- دەشگونجێ مەبەست پێی لە ڕووی جوگرافییەوە بێ، واتە: هەم لە پێشیەوە، هەم لە دوایەوە، پێغەمبەرانی دیکە (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلَامِ) ڕابرد بوون، بۆ گەل و کۆمەڵگاکانی دیکەدا، نێردرابوون.

ج- دەشگونجێ مەبەست لە پێش دەستی و لە دوایەوە، مەبەست پێی چوار دەورە بێ، نەک تەنیا پێشەوەو دواوە بێ، بەڵکو مەبەست چوار دەوربێ، ئەم تەعبیرە لە قورئاندا بەو واتایەش بەکارهاتوە، واتە: لە هەر چوار دەوریدا، پێغەمبەرانی دیکە (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) بۆ کۆمەڵگایەکانی دیکە نێردرابوون.

وشەی (النُّذُر: جَمْعُ نِذَارَة)، واتە: ورپاکردنەوە، یان (نذر) کۆی (نذیر) ەو مەبەست پێی ئەو پێغەمبەرانەن (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) کە ئەرکیان وریاکردنەوەی خەڵک و وشیارکردنەوەو ترساندن و هۆشداریی پێدانیانە، کە خەڵکینە! ئێوە دەبێ بزانن کە لەم سەر زەوییەدا، دانراون، بۆچی دانراون و، چی چاوەڕێتان دەکات؟ ئنجا با بزانین ئێوەڕۆکی پەیامەکەی چی بوو؟

٤)- ﴿أَلَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّا ٱللَّهَ﴾، (هوود عليه السلام پێی ڕاگەیاندن بە گەلی عاد)، کە جگە لە خوا مەپەرستن، ﴿أَلَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّا ٱللَّهَ﴾، ئەمە ڕوونکردنەوەی ئینزارەکەیە، ئەو ترساندن و ئاگادارکردنەوەیە بریتی بوو لەوە کە پێی ڕاگەیاندن، جگە لە خوا مەپەرستن.

٥)- ﴿إِنِّىٓ أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ﴾، من مەترسیی ئازاری ڕۆژێکی مەزنم لێتان هەیە، یاخود لێتان دەترسێم لە ئازاری ڕۆژێکی مەزن.

﴿عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ﴾:

أ- دەگونجێ مەبەست پێی ئەو ئازارە بێ، کە لە ڕۆژێکدا دێ، کە تێیدا بنبڕو قەلاچۆ دەکرێن.

ب- دەشگونجێ مەبەست پێی ئازارو سزای ڕۆژی قیامەت بێ، کە هەردووکیشیانیان بۆ مسۆگەر بوون، هەم سزای دنیایان، دوایی بۆ هاتوەو، بە تەئکید سزای ڕۆژی دواییش

چاوەڕێیان دەکات، بۆیەش دەفەرموێ: ﴿يَوۡمٍ عَظِيمٍ﴾، ڕۆژێکی مەزن، چونکە ئەو شتانەی لەو ڕۆژەدا ڕوو دەدەن، کارەساتی گەورەن، ڕووداوی گەورەن، ئەو هەموو مرۆڤانە زیندوو دەکرێنەوەو، دادگایی دەکرێن و، کۆدەکرێنەوەو، دەهێنرێن، ئنجا دوایی پاک و پیسیان لێک جیادەکرێتەوەو، بڕواداران بۆ بەهەشت بەڕێ دەکرێن و، بێبڕوایان و دەغەڵەکان و هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان بەرەو دۆزەخ، بەڕێ دەکرێن، ڕۆژێکی مەزنە، ئنجا هوود ﷺ کە ئاوای پێڕاگەیاندن، با بزانین ئەوان چییان گوت؟

٦)- ﴿قَالُوٓاْ أَجِئۡتَنَا لِتَأۡفِكَنَا عَنۡ ءَالِهَتِنَا﴾، گوتیان: ئایا هاتوویە لامان تاکو لە پەرستراوەکانمان لامان بدەی؟ ئەم پرسیارکردنە، بۆ نکووڵیلێکردنە (أَجِئۡتَنَا)، ئایا هاتووی بۆ لامان، ﴿لِتَأۡفِكَنَا عَنۡ ءَالِهَتِنَا﴾، تاکو لامان بدەی لە پەرستراوەکانمان و هەڵمانگێڕیەوە؟، ئەو بانگەوازەی پێشتر بانگەوازی پێ نەکراوە، چوێنراوە بە هاتنی هاتوویەکەوە، کە پێشتر لەو شوێنە نەبووە، (أَجِئۡتَنَا)، واتە: پێشتر لەوێ نەبووە، ئەگەرنا، هوود ﷺ هەر لە نێویاندا بووە، بەڵام لەو ڕووەوە کە پێشتر ئەو بانگەوازەی نەبووەو، ئەو پەیامەی پێ نەبووە، چواندوویانە بە کەسێکەوە کە لەوێ نەبووبێ و ئێستا هاتبێ بۆ لایان.

(أَجِئۡتَنَا)، خوێندراویشەتەوە: (أَجِيْتَنَا)، واتە: بە هەمزەش خوێندراوەتەوەو بە یائیش خوێندراوەتەوە، کە دەڵێن: (لِتَأۡفِكَنَا)، دەڵێ: (**الأَفْكُ: بِفَتْحِ الهَمْزَةِ: الصَّرْفُ، وَأَرَادُوا بِهِ تَرْكَهُنَّ**) (**أفك**)، یانی: لادان، (**لِتَأۡفِكَنَا**)، لامان بدەی، یانی: بۆ ئێمە هاتووی تاکو وازبێنین لە پەرستراوەکانی خۆمان.

٧)- ﴿فَأۡتِنَا بِمَا تَعِدُنَآ﴾، ئەوەی بەڵێنمان پێدەدەی، بۆمان بێنە، هەڵبەتە ئەوان هەڕەشەیان لێکراوەو، هوودیش بەڵێنی پێداون، کە ئەگەر دەست لە هاوبەش بۆ خوادانان، هەڵنەگرن، خوا لە دنیادا سزایان دەدات، هەڵبەتە پێشیگوتوون: سزای ڕۆژی دواییش چاوەڕێتانە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوان بڕوایان بە ڕۆژی دوایی هەر نەبووە، باسی ئەوەیان هەر نەکردوە، ئەوەی کە ئەوان مەبەستیان بووە، لە ڕستەی: ﴿فَأۡتِنَا بِمَا تَعِدُنَآ﴾، [ئەوەی بەڵێنمان پێدەدەی بیهێنە]، سزای دنیایی بووە، چونکە بڕوایان بە قیامەت هەر نەبووە، بەڵام

زانیویانە کە لە دنیادا، دەگونجێ سزاو بەڵا ببێ، لێرەدا کە دەڵێن: (فأتِنَا)، ئەم (ف)یە، بۆ لق لێکردنەوەیە: (فَرْعُوا عَلَيْهِ هَذَا الطَّلَبْ تَعْرِيْضاً بِالتَّكْذِيْب)، ئەو داواکارییەیان لێکردۆتەوە وەک لەبەرڕاهاویشتن، بەوە کە تۆ ڕاست ناکەی، ئەگەر ڕاست دەکەی ئەوەی بەڵێنمان پێدەدەی، ئەوەی هەڕەشەی پێ لە ئێمە دەکەی، بۆمان بێنە.

٨)- ﴿إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ﴾، ئەگەر تۆ لە ڕاستانی، پێشێ بە کنارە (کنایة)و لەبەر ڕاهاویشتن، گوتوویانە: تۆ ڕاست ناکەی، بەڵام دوایی گوتوویانە: ﴿إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ﴾، ئەگەر تۆ لە ڕاستانی، واتە: تۆ ڕاست ناکەی، بۆیە ئەمە بەڕاشکاویی تۆمەتبار کردنی هوودە عليه السلام بەوەی کە ڕاستیان لەگەڵدا ناکات و، لە خۆوە قسەیەک دەکات! ئنجا بابزانین هوود عليه السلام لە بەرانبەر ئەو تۆمەتبارکردنەی ئەواندا، لە بەرانبەر ئەو شێوازە بێ نەزاکەتەی ئەواندا، چی دەڵێ؟

٩)- ﴿قَالَ إِنَّمَا ٱلْعِلْمُ عِندَ ٱللَّهِ﴾، هوود عليه السلام فەرمووی: زانیاریی تەنیا لەلای خوایە، (العِلْم) کە ئەلیف و لامی ناساندنی لەسەرە، بۆ (عهد)ە واتە: زانیارییەکە، زانیاریی هاتنی کاتی ئەو ئازارو سزایە، تەنیا لە لای خوایە، یاخود مەبەست لە (عِلْم) زانیارییە بە نادیارەکان، (العِلْم بِالمُغَيَّبَات)، واتە: زانیاریی شتە پەنهانەکان، کە یەکێیان بریتیە: لە کاتی هاتنی ئەو سزاو ئازارە بۆتان، تەنیا لە لای خوایە ﷻ.

١٠)- ﴿وَأُبَلِّغُكُم مَّآ أُرْسِلْتُ بِهِۦ﴾، ئەوەی پێشی نێرراوم، پێتان ڕادەگەیەنم.

(وأبَلِّغُكُم) خوێندراویشەتەوە: (وأبْلِغُكُم)، واتە: من نێردراوم کە پەیامی خواتان پێ ڕابگەیەنم و هۆشدارییتان پێ بدەم، بتانترسێنم، نەهاتووم کە کاتی هاتنی ئەو سزاو بەڵایەتان بۆ دەربخەم، ئەوە ئەرکی من نیە.

١١)- ﴿وَلَٰكِنِّيٓ أَرَىٰكُمْ قَوْمًا تَجْهَلُونَ﴾، بەڵام من بە کۆمەڵێکی نەفامتان دەبینم، یان: بە کۆمەڵێک دەتانبینم، کە نەفامیی دەکەن، لێرەدا کە تەعبیرەکە بەو شێوەیە: ﴿وَلَٰكِنِّيٓ أَرَىٰكُمْ قَوْمًا تَجْهَلُونَ﴾، کە دەشگونجێ فەرمووبایە: (وَلَكِنِّي أرَاكُمْ تَجْهَلُون)، وشەی (قَوْمًا)

کە زیاد کراوە، یانی: نەزانیی بۆتە یەکێک لە ڕاگرەکانی کۆمەڵ بوونی ئێوە، ئێوە کۆمەڵێکن نەفامیی دەکەن، نەفامیی بناغەی بوونی ئێوەیە، نەفامییەکەشیان لە زۆر ڕووەوە بووە:

١- لەو ڕووەوە بووە کە هوود ﷺ یەکێک بووە لە خۆیان و زانیویانەو ناسیوویانە، کە پیاوی درۆ نیە.

٢- ئەوەی هوود ﷺ بۆی هێناون، عەقڵ و مەنتیق و زگماکی مرۆڤ پشتگیریی دەکەن و پشتڕاستی دەکەنەوەو، لەگەڵیدا جووتن.

٣- بابای عاقڵ ئاوا بە بێباکیی و بێ منەتیی لەگەڵ کەسێکدا کە پەیامێکی ناوازەی هێناوە، مامەڵە ناکات.

٤- خوا ﷻ هیچ کام لە پێغەمبەرانی (**عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام**) هەڵنەبژاردوون، مەگەر لە نێو خەڵک و کۆمەڵگایەکەی خۆیاندا، زۆر هەڵکەوتوو بوون لە ڕووی عەقڵ و تێگەیشتن و، لە ڕووی پاکیی پەرێزو، ڕەوشتی بەرزو، مەعدەنی پاک و چاکەوە.

ئەوانە هەموویان هاندەر بوون بۆ ئەوەی لێی وردببنەوەو یەکسەر ڕەفزی نەکەن، ئنجا ئەگەر عەقڵیان هەبووایە، هەر لە سەرەتاوە جگە لە خوایان نەدەپەرست و، ئەو پەرستراوانەیان نەدەپەرستن کە یان لە خوار خۆیانەوەن کە پەیکەرو دارو بەردو مانگ و خۆرو ئەستێرەکانن، یان وەک خۆیانن، کە مرۆڤە تاغووتەکان و حوکمڕانە خۆسەپێنەکانن، بۆیە دەفەرموێ: ﴿وَلَٰكِنِّيٓ أَرَىٰكُمۡ قَوۡمٗا تَجۡهَلُونَ﴾، (**تَجْهَلُون**)یش، بە (**فِعل المُضَارِع**) دێنێ، واتە: ئێوە بەردەوامن لەسەر نەفامیی کردن و، نەفامیی نواندن، ڕۆژ بە ڕۆژیش ئەو نەفامییە ئێتاندا تازە دەبێتەوە.

مەسەلەی دووەم:

کاتێک سزایەکەیان لە شێوەی هەورێکدا بینی، کە بەرەو دۆڵ و شیوەکانیان دەهات، دڵخۆش بوون، ناوی پێوەبێ، بەڵام ئەو سزایە بوو کە پەلەیان لێکرد بوو، بایەکی وێرانکەرو فەوتێنەر بوو، کە سەرەنجام بەس خانووبەرەکانیان بە چۆڵیی مانەوەو، قڕەبڕ بوون:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ فَلَمَّا رَأَوْهُ عَارِضًا مُّسْتَقْبِلَ أَوْدِيَتِهِمْ قَالُوا هَٰذَا عَارِضٌ مُّمْطِرُنَا ۚ بَلْ هُوَ مَا اسْتَعْجَلْتُم بِهِ ۖ رِيحٌ فِيهَا عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٢٤﴾ تُدَمِّرُ كُلَّ شَيْءٍ بِأَمْرِ رَبِّهَا فَأَصْبَحُوا لَا يُرَىٰ إِلَّا مَسَاكِنُهُمْ ۚ كَذَٰلِكَ نَجْزِي الْقَوْمَ الْمُجْرِمِينَ ﴿٢٥﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە هەشت بڕگەدا:

١)- ﴿ فَلَمَّا رَأَوْهُ عَارِضًا ﴾، کاتێک کە بینییان وەک هەورێکی پان، وشەی (**رأوه**) راناوەکەی دەچێتەوە بۆ ئەو ئازارە بەڵێندراوە، (**العَذَاب المَوْعُود**)، یاخود: ﴿ فَلَمَّا رَأَوْهُ ﴾، راناو بۆ چووە وە، پێشتر باس نەکراوەو، دەگونجێ بۆ ئازارە بەڵێندراوەکە بچێتەوە، دەشگونجێ بۆ باس نەکراوێک بچێتەوە، کە دوایی وشەی (**عَارِضاً**)، رووبی دەکاتەوە چییە؟ (**ف**) یەکەی سەر (**فَلَمّا**)ش بۆ لق لێکردنەوەیە لە قسەکانی پێشێ: (**أي: فَلَمّا أَرَادَ اللهُ عِقَابَهُمْ، أَرْسَلَ إِلَيْهِمْ رِيْحَاً فِي صُورَةِ سَحَابٍ، فَلَمّا رَأَوْهُ سَحَابَاً، قَالُوا: هَذَا عَارِضٌ مُمْطِرُنَا**)، کاتێک خوا ویستی سزایان بدات، بایەکی بۆ ناردن لە شێوەی هەورێکدا، کاتێک وەک هەور بینییان، گوتیان: ئەمە هەورێکە ئاومان بۆ دەبارێنێ، ئەو ڕستانەش بۆیە قرتێنراون، چونکە بە سەلیقە دەزانرێن.

٢)- ﴿ مُّسْتَقْبِلَ أَوْدِيَتِهِمْ ﴾، ڕووبەڕووی دۆڵ و شیوەکانیان دێ، (**العَارِضُ: السَّحَابُ المُعْتَرِضُ جَوَّ السَّمَاءِ أي: رَأَوْهُ كَالْعَارِضِ**)، (**عَارِض**): بریتیە لەو هەورەی کە جەووی ئاسمان دادەگرێ و پێیدا بڵاو دەبێتەوە، واتە: دیتیان لە شێوەی هەوردا، ئەگەرنا هەور نەبووە،

کە دەفەرموێ: ﴿ مُّسْتَقْبِلَ أَوْدِيَتِهِمْ ﴾، (إِسْتِقْبَال): بریتیە لە ڕوو کردن بەرەو لای شتێک، واتە: هەورەکەیان بینی دەڕۆیی و دەهات، ڕووبەڕووی دۆڵ و شیوەکانیان.

(أَوْدِيَـة) کـۆی (وَادِيَ)ە، وەک (أَنْدِيَـة) کـۆی (نَـادِيَ)، دۆڵ و شـیوەکەش مەبەسـت پێـی ئـەو شـوێنەیە، ئـەو خەڵکـە لێیبـوون، چونکـە ئـەوان دەشـت و بیابـان و چیـاو چۆڵیشـیان هەبـوون، (أَوْدِيَتِهِـمْ) واتـە: ئـەو شـوێنانەی ئـەوان لێیبـوون، کـە زۆرجـار بـەو شـوێنەی هۆزێـک، یـان خەڵکێـک تێیـدا نیشـتەجێ بـوون، گوتـراوە: (وَادِي)، مەرجیـش نیـە شـیوێک بـێ و ئـاوی پێـدا هاتبـێ.

ئنجا کاتێک ئاوایان بینی:

٣)- ﴿ قَالُوا۟ هَٰذَا عَارِضٌ مُّمْطِرُنَا ﴾، گوتیان: ئەمە هەورێکە ئاو دابەزێنەرە بۆمان، (مُمْطِر: إِسْمُ فَاعِلٍ مِنْ أَمْطَرَ)، (أَمْطَر) واتە: بارانی باراندو، ئاوی دابەزاند، (هذا عارض مُمْطِرُنَا) واتە: ئەم هەورە دابەزێنەری ئاوە بۆمان.

٤)- ﴿ بَلْ هُوَ مَا ٱسْتَعْجَلْتُم بِهِۦ ﴾، بەڵکو ئەوە ئەوەیە، کە پەلەتان لێکرد، ئەمە: (مَقُوْلُ قَائِلٍ مَحْذُوفٍ)، گوتراوی بێژەرێکی قرتێنراوە، ئنجا یان مەبەست ئەوەیە خوا ﷻ فەرموویەتی، یاخود هوود ﷺ گوتوویەتی، یاخود فریشتەکان گوتوویانە، گرنگ ئەوەیە ئەم تەعبیرە: ﴿ بَلْ هُوَ مَا ٱسْتَعْجَلْتُم بِهِۦ ﴾، واتە: ئەمە ئەو سزایەیە، کە پەلەتان لە هاتنی دەکرد.

٥)- ﴿ رِيحٌ فِيهَا عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾، بایەکە ئازارێکی زۆر بە ئێش و ژانی تێدایە، لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ رِيحٌ فِيهَا عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾، (عَذَاب) کراوە بە شتە تێکراو (مَظْرُوف)ەکەو، (رِيْح) کراوە بە شتتێکراو (ظَرْف)، بایەکە ئازارێکی بە ئێشی تێدایە، واتە: ئەو بایە کراوە بە زەرفێک، وەک توورەکەیەک و، ئازارەکە کراوە بە ئەو شتەی لە نێو توورەکەکەدایە، بەڵام ئەو بایە هەر بایەکی ئاسایی نیە، بەڵکو ئازارو بەڵایەکی زۆر بە ئێشی تێدایە.

٦)- ﴿ تُدَمِّرُ كُلَّ شَىْءٍۭ بِأَمْرِ رَبِّهَا ﴾، بە فەرمانی پەروەردگاری هەموو شتێک دەفەوتێنێ، (تُدَمِّرُ) واتە: کاول و وێران دەکات، دەفەوتێنێ، ﴿ كُلَّ شَىْءٍ ﴾، هەموو شتێک، ﴿ بِأَمْرِ

رَبِّهَا ﴾، بە فەرمانی پەروەردگاری، ئنجا کە دەفەرمویّ: هەموو شتێک کاول و وێران دەکات، ئەدی بۆچی زەویی و ئەو شوێنەی کە لێشیبوون، هەمووی وێران نەکردوە؟ مەبەست ئەوەیە هەموو شتێک کە پەروەردگار فەرمووبێتی، دەبێ وێران بکرێ، وێرانی دەکات، نەک هەموو شتێک بە ڕەهایی، واتە: هەموو شتێک کە پەیوەندیی بەوانەوە هەیە، هەر شتێک کە دەبێ بفەوتێ، تاکو ئەوانی پێوە بفەوتێنرێن، وەک خانووبەرەکانیان و جێگاو ڕێگەکانیان، بۆیە زانایان ئاوایان تەعبیر کردوە، دەڵێن: ﴿ تُدَمِّرُ كُلَّ شَيْءٍ بِأَمْرِ رَبِّهَا ﴾، (أي: تُهْلِكُ كُلَّ شَيءٍ مِنْ شَأْنِهِ التَّدْمِيْرُ)، هەر شتێک لە بەین دەبات و دەفەوتێنێ کە بۆ فەوتان بشێ، هەندێکی دیکە گوتوویانە: (كُلُّ شَيءٍ، مُسْتَعْمَلٌ فِي كَثْرَةِ الأَشْيَاء)، واتە: زۆر شتان لە بەین دەبات، هەموو ئەو شتانەی پەیوستێ بەوانەوە، بەڵام بە فەرمانی پەروەردگاری نەبێ، نایکات، وە نەبێ ئەویش بەبێ مۆڵەت بێ.

(ب)ی سەر ﴿ بِأَمْرِ رَبِّهَا ﴾، (بَاء السَّبَبِيَّة)، بائی هۆکارییە، واتە: (بِسَبَبِ أَمْرِ رَبِّهَا)، بەهۆی فەرمانی پەروەردگاریەوە کە فەرمانی پێکردوە.

٧)- ﴿ فَأَصْبَحُوا لَا يُرَىٰ إِلَّا مَسَاكِنُهُمْ ﴾، سەرەنجام وایان لێهات تەنیا خانووەکانیان دەبینران، (فأصْبَحُوا: صَارُوا)[1]، نەک بە مانای ئەوە بێ بەڵایەکە، شەوێ لێیدابن، ئنجا ڕۆژێ وابووبێ و ڕۆژیان وا کردبێتەوە، چونکە خوای پەروەردگار لە سوورەتی (الحاقة) دا، لەو بارەوە دەفەرمویّ: ﴿ سَخَّرَهَا عَلَيْهِمْ سَبْعَ لَيَالٍ وَثَمَانِيَةَ أَيَّامٍ ﴿٧﴾ ﴾، واتە: بایەکەی حەوت شەو و هەشت ڕۆژان لەسەر بەردەوام کردن، کەواتە: کە دەفەرمویّ: ﴿ فَأَصْبَحُوا لَا يُرَىٰ إِلَّا مَسَاكِنُهُمْ ﴾، یانی: وایان لێهات کە تەنیا خانووبەرەکانیان دەبینران، خوێندراویشەتەوە: (لَا تَرَى إِلاَّ مَسَاكِنَهُم)، ئنجا ئەگەر (لَا يُرَى) بێ، واتە: بکەرەکەی نادیارەو، ئەو کاتە (مَسَاكِنُ) دەبێتە جێداری بکەر، (نَائِب الفَاعِل)و بۆردار (مَضمُوم) دەبێ، ﴿ فَأَصْبَحُوا لَا يُرَىٰ إِلَّا مَسَاكِنُهُمْ ﴾، بەڵام ئەگەر بە (تَرَى) بخوێندرێتەوە: (فَأَصْبَحُوا لَا تَرَى إِلاَّ مَسَاكِنَهُم)، ئەو کاتە (مساكنهم) دەبێتە بەرکار (مفعول)ی (ترى) و مانایەکەی ئاوای لێ دێ: وایان لێهات تۆ تەنیا خانووبەرەکانیانت دەبینی.

---

(١) أصبح، صار : بوو

٨)- ﴿كَذَٰلِكَ نَجْزِي ٱلْقَوْمَ ٱلْمُجْرِمِينَ﴾، هەر بەو شێوەیە، کۆمەڵی تاوانباران سزا دەدەین، (أي: مِثْلَ جَزَاءِ قَوْمِ عَادٍ، نَجْزِي المُجْرِمِيْنَ الآخَرِيْن، وَهَذَا تَهْدِيْدٌ لـِمُشْرِكِي مَكَّة وَغَيْرِهِمْ)، واتە: وەک سزای گەلی عاد، تاوانبارانی دیکەش سزا دەدەین، کە ئەمە هەڕەشەیە هەم بۆ ئەو کاتە بۆ کۆمەڵگای هاوبەش بۆ خوادانەر کە لە مەککە بوون، هەروەها بۆ هەموو کۆمەڵگایەکانی دیکەش، وەک دوایی باسی دەکەم لە کۆتایی تەفسیری ئەم ئایەتانەدا، زۆرجار توێژەرەوان ڕەحمەتی خوایان لێ بێ، ئایەتەکان تایبەت دەکەن بە خەڵکی مەککەوە، بەڵکو زۆرجار بە قوڕەیشەوەو بە دەوروبەریەوە، کە لە ڕاستییدا ئەوە تەسککردنەوەی چەمک و واتای فراوانی ئایەتەکانە، ئایەتەکان چەمک و واتاکەیان فراوانترە، بۆیە نابێ تەسک بکرێنەوەو بناخنرێنە گۆشەیەکەوە، کە خوا ﷻ مەبەستی نەبووە!

پێشتریش گوتمان: ئێمە لە تەفسیری سوورەتی (هود)دا، بە تەفصیل باسی بەسەرهاتی هوودو گەلەکەی (عاد)مان کردووەو، درێژەی چۆنیەتیی فەوتانی گەلی عاد، هەم لە سوورەتی (الحاقة)دا هاتوە، کە خوا دەفەرمووێ: ﴿وَأَمَّا عَادٌ فَأُهْلِكُوا۟ بِرِيحٍ صَرْصَرٍ عَاتِيَةٍ ۝٦ سَخَّرَهَا عَلَيْهِمْ سَبْعَ لَيَالٍ وَثَمَٰنِيَةَ أَيَّامٍ حُسُومًا فَتَرَى ٱلْقَوْمَ فِيهَا صَرْعَىٰ كَأَنَّهُمْ أَعْجَازُ نَخْلٍ خَاوِيَةٍ ۝٧ فَهَلْ تَرَىٰ لَهُم مِّنۢ بَاقِيَةٍ ۝٨﴾الحاقة، دەفەرمووێ: وەک بنکە دارخورمای کەوتوو، کەوتنە گۆڕێ، ئایا کەسیان لێ دەبینی، مابێ؟ کەسیان نەماو قڕەبڕ بوون.

هەروەها لە سوورەتی (فصلت)دا: ﴿فَأَمَّا عَادٌ فَٱسْتَكْبَرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَقَالُوا۟ مَنْ أَشَدُّ مِنَّا قُوَّةً أَوَلَمْ يَرَوْا۟ أَنَّ ٱللَّهَ ٱلَّذِى خَلَقَهُمْ هُوَ أَشَدُّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَكَانُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا يَجْحَدُونَ ۝١٥ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحًا صَرْصَرًا فِىٓ أَيَّامٍ نَّحِسَاتٍ لِّنُذِيقَهُمْ عَذَابَ ٱلْخِزْىِ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَلَعَذَابُ ٱلْءَاخِرَةِ أَخْزَىٰ وَهُمْ لَا يُنصَرُونَ ۝١٦﴾.

هەروەها لە سوورەتی (القمر)دا: ﴿كَذَّبَتْ عَادٌ فَكَيْفَ كَانَ عَذَابِى وَنُذُرِ ۝١٨ إِنَّآ أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحًا صَرْصَرًا فِى يَوْمِ نَحْسٍ مُّسْتَمِرٍّ ۝١٩ تَنزِعُ ٱلنَّاسَ كَأَنَّهُمْ أَعْجَازُ نَخْلٍ مُّنقَعِرٍ ۝٢٠ فَكَيْفَ كَانَ عَذَابِى وَنُذُرِ ۝٢١ وَلَقَدْ يَسَّرْنَا ٱلْقُرْءَانَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ ۝٢٢﴾.

مەسەلەی سێیەم:

گەلی عاد توانای زیاتر لە هی کۆمەڵگای پێغەمبەریان ﷺ پێدرابوو، عەقڵ و بیستن و چاویشیان هەبوون، بەڵام لێیان بەهرەمەند نەبوون بە هۆی نکووڵییکردنیان لە نیشانەکانی خواوەو، سەرەنجام سزای هەڕەشە پێلێکراویان گەمارۆی دان:

خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿ وَلَقَدْ مَكَّنَّٰهُمْ فِيمَآ إِن مَّكَّنَّٰكُمْ فِيهِ وَجَعَلْنَا لَهُمْ سَمْعًا وَأَبْصَٰرًا وَأَفْـِٔدَةً فَمَآ أَغْنَىٰ عَنْهُمْ سَمْعُهُمْ وَلَآ أَبْصَٰرُهُمْ وَلَآ أَفْـِٔدَتُهُم مِّن شَىْءٍ إِذْ كَانُوا۟ يَجْحَدُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ﴿٢٦﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە بە پێزە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ وَلَقَدْ مَكَّنَّٰهُمْ فِيمَآ إِن مَّكَّنَّٰكُمْ فِيهِ ﴾، بە دڵنیایی ئەوانمان دەستڕۆیشتوو کردبوو، توانادار کردبوو، بە شێوەیەک کە ئێوەمان تێیدا توانادار نەکردوە، (إنْ) لێرەدا بە مانای (ما) لابەرە (مَا النَّافِيَة)یە، واتە: (فِيْمَا مَا مَكَّنَاكُمْ فِيْه)، بەڵام (ما) بەکارنەهاتوە بۆ ئەوەی لەسەر زمان قورس نەبێ، ئەوانمان تواناداروو دەستڕۆیشتوو کردبوو، بەشێوەیەک کە بە ئێوەمان نەداوە، یانی: تواناو ئیمکانیەت و دەستڕۆیشتووییەکمان بەواندابوو، کە بە ئێوەمان نەداوە، ئەی کافرانی ڕۆژگاری پێغەمبەر ﷺو ئەو کۆمەڵگا دیارییکراوە! هەڵبەتە ئەوان یەکەمین دوێندراوەکان بوون، بەڵام چەمک و واتایەکەی تەنیا لەو چوارچێوەی ئەو کات و شوێنەدا، قەتیس ناکرێ، بەڵکو هی ئێستاش دوای ئێستاش دەگرێتەوە، مەگەر بەڵگەیەک و نیشانەیەک هەبێ، ناچارمان بکات، بڵێین: تەنیا مەبەست پێی کۆمەڵگای پێغەمبەرە ﷺ، کە لێرەدا تاکو ڕادەیەک ئەو نیشانەیە هەیە، چونکە تواناو ئیمکانیەتێک کە بە شەری ئێستا هەیانەو، کۆمەڵگاکانی ئێستا، هەیانە لە هی گەلی عاد لە هەندێک ڕووەوە، یان لە زۆر ڕووەوە زیاترە، کەواتە: ئەوە بەسەر کۆمەڵگاکانی ئێستادا ناچەسپێ، لەو ڕووەوە ئەو نیشانەیە ناچارمان دەکات، بڵێین: مەبەست پێی کۆمەڵگایەکی دیارییکراوە، کە ئەو کاتە قورئانی تێدا دابەزێنراوە.

کە دەشفەرموێ: ئەوانمان دەسترۆیشتوو کردبوو، لە توانا و دەسەڵاتێکدا کە ئێوەمان تێیدا دەسترۆیشتوو نەکردوە، واتە: لە شێوەکەی و لە جینسەکەی، ئەگەرنا هەر خودی ئەوە کە خوا بە گەلی عادی داوە، بێگومان بە خەڵکێکی دیکەی نەداوە، تاکو پێکەوە بەراورد بکرێن! بەڵام یانی: لە شێوەو جینسەکەیدا.

(مَكَّنَّاهُمْ: التَّمْكِيْنُ إِعْطَاءُ المَكِنَةِ وَهِيَ القُدْرَةُ وَالقُوَّة، وَمَكَّنَ مِنْ كَذَا وَتَمَكَّنَ مِنْه: قَدَرَ عَلَيْه)، (تَمْكِيْن): بریتیە لە پێدانی (مَكِنَّة)، یانی: دەستەڵات و توانا، دەگوترێ: (مَكَّنَ مِنْ كَذَا وَتَمَكَّنَ مِنْه: قَدَرَ عَلَيْهِ) واتە: دەستەڵاتی بەسەردا بوو.

٢)- ﴿ وَجَعَلْنَا لَهُمْ سَمْعًا وَأَبْصَرًا وَأَفْئِدَةً ﴾، بیستن و چاوەکان و عەقڵەکانیشمان بۆ ڕەخساندبوون.

لێرەدا مەبەست ئەوەیە، (أي: لَمْ يَنْقُصْهُمْ شَيءٌ مِمَّا يَحْتَاجُوْنَهُ لِإِدْرَاكِ الحَقِّ)، واتە: هیچ شتێکیان کەم نەبوو، لەوەی پێویستیان بوو بۆ دۆزینەوەی هەق.

خوا ﷻ عەقڵی پێدابوون، گوێی پێدابوون، چاوی پێدابوون، هەموو ئەو تواناییانەی پێدابوون، کە پەکیان لەسەریان دەکەوێ، بۆ دۆزینەوەی هەق و بۆ پەیبردن بە هەق، بەڵام لەبەر عینادیی و کەللەڕەقیی، لەبەر دەمارگیریی و، چونکە زلە زلەکانیان بەرژەوەندییان لەو بەزم و بازاڕەدا هەبووەو، خەڵکەکەی دیکەش کوێرانە شوێنیان کەوتوون.

٣)- ﴿ فَمَآ أَغْنَىٰ عَنْهُمْ سَمْعُهُمْ وَلَآ أَبْصَرُهُمْ وَلَآ أَفْئِدَتُهُم مِّن شَيْءٍ ﴾، کەچی بیستنیان و، چاوەکانیان و عەقڵەکانیان، هیچ سوودیان پێ نەگەیاندن.

(مِنْ شَيءٍ): (مِنْ: زَائِدَةٌ للتَنْصِيْصِ عَلَى انْتِفَاءِ الجِنْسِ وشَيءٍ: المَجْرور بـ «مِنْ» نَائِبٌ عَنْ المَفْعُولِ المُطْلَقِ)، واتە: (فَمَا أَغْنَى عَنْهُمْ سَمْعُهُمْ وَلاَ أَبْصَارُهُمْ، وَلاَ أَفْئِدَتُهُم شَيْئاً)، بیستن و، چاوەکانیان و، عەقڵەکانیان هیچ ئەندازەیەک لە سوودیان پێ نەگەیاندن، (مِنْ)یش زیاد کراوە بۆ ئەوەی جینسی سوود لێ بینین لابرێ، ئنجا:

(شَيءٍ) کە مەجرورە بە (مِنْ)، لە جێی بەرکاری ڕەها دانیشتوە، واتە: (فَمَا أَغْنَى عَنْهُمْ شَيْئاً مِنَ الإِغْنَاءِ سَمْعُهُمْ وَلَا أَبْصَارُهُمْ وَلَا أَفْئِدَتُهُم)، یانی: بیستن و چاوەکانیان و عەقڵەکانیان، هیچ جۆرە سوودێکیان پێ نەگەیاندن، نە کەم نە زۆر.

٤)- ﴿إِذْ كَانُوا يَجْحَدُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ﴾، لە سۆنگەی ئەوەوە کە نکووڵییان لە نیشانەکانی خوا دەکرد، (إِذْ) لێرەدا بۆ (ظَرْف)ە، واتە: کاتێک کە ئەو شتەی تێدا ڕوویداوە، واتە: لە ماوەی نکووڵییکردنیان لە نیشانەکانی خوادا، هیچ سوودیان پێ نەگەیاندن، بەڵام لێرەدا (إِذْ) وێڕای ئەوەی (ظَرْفَ)ە، بۆ کاتی ڕابردوو، بە مانای تەعلیلیش دێ، واتە: بەهۆی ئەوەوە کە نکووڵییان دەکرد لە نیشانەکانی خوا، هەستەوەرەکانیان چ سوودیان پێ نەگەیاندن.

٥)- ﴿وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِءُونَ﴾، هەروەها ئەوەی گاڵتەیان پێ دەکرد، دەوری دان، ئنجا ئایا ئەوەی دەوری دان، ئازارو سزایەکە بوو، یان خودی ئەو بەڵایەی کە گاڵتەیان پێدەکرد، ئەوە دەوری دان؟ هەردووکیان ڕێ تێچوون، سزای ئەوە کە گاڵتەیان پێ دەکرد، یاخود هەر خودی گاڵتەپێکراوەکە، کە دۆزەخ، یان بەڵای خوا بوو، ئەوە دەوری دان و گەمارۆی دان.

(حَاقَ) هەم بە مانای (نَزَلَ) دێ، هەم بە مانای (أَحَاطَ) دێ، واتە: دابەزیە سەریان، یاخود دەورەی دان و گەمارۆیدان.

پوختەی مانای ئەم ئایەتە موبارەکە:

ئەی بێبڕواینە! خوایەک ﷻ کە گەلی عادی لە ئێوە دەسترۆیشتووترو تواناداترو دەسەڵات باڵاترو ژمارە زیاتر بوون، توانیویەتی بیانفەوتێنێ بە شتێکی نەبینراو، کە بایەو ئەوان تەماعیان تێیدا هەبوو، هەور بێ و بارانی پێوە بێت و ئاویان بۆ دابەزێنێ، ئەو خوایە ﷻ دەتوانێ ئێوەش بفەوتێنێ، کە تواناشتان لە هی ئەوان کەمترە.

هەڵوەستەیەکی کورت لەسەر بێئیمانیی و کوژانەوەی چرای عەقڵ:

لێرەدا هەڵوەستەیەکی کورت دەکەین، لە بەرانبەر ئەم ڕستەیەدا، کە خوا ﷻ دەفەرموێ: بیستن و چاوەکان و عەقڵەکانیان هیچ سوودی پێ نەگەیاندن: ﴿إِذْ كَانُوا۟ يَجْحَدُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ﴾، بە هۆی ئەوەوە کە نکووڵییان دەکرد، لە نیشانەکانی خوا.!

لە ڕاستیدا کاتێک کە مرۆڤ ئیمانی نابێ و، بە ئیمانەوە تەماشای شتەکان ناکات، بە ئیمانەوە هەستەوەرەکانی خۆی بەکارناهێنێ، عەقڵی خۆی بەکارناهێنێ، چییەتی شتەکان ناکەوێتە بەر عەقڵی و بەرچاوی و بەرگوێی، بێگومان بڕواو قەناعەتی مرۆڤ، ئەگەر ڕاست بێ، یارمەتیی دەدات، کە باشتر لە شتەکان تێبگات، یاخود ببینێ و ببیستێ، قەناعەتی هەڵەی مرۆڤیش زۆر زیانی پێ دەگەیەنێ، کە شتەکان وەک خۆیان ببینێ، دەتوانین وێنەیەک بێنینەوە: بابایەکی نەخۆش بە تایبەتی کە گرانەتای لێ بێ، یان تای لێ بێ، کە ئاوی شیرین دەخواتەوە، وا دەزانی تاڵە، بێگومان ئاوەکە نەگۆڕاوەو تاڵ نیە، بەڵام ئەو میزاجی تێکچووە! کەسی وا هەیە تەماشای ئەو هەموو کەون و کائیناتە، دەکات، هیچی تێدا نابینێ، تەماشای خۆی دەکات، هیچ لە خۆیدا نابینێ، بیکاتە بەڵگەو نیشانە کە خاوەنی هەیە، بەدیهێنەرو پەروەردگارێکی هەیە، مشوورخۆرێکی هەیە، دوایی دەچێ گر گر بە چییەوە گرفتار دەبێ؟ دەڵێ: ئەگەر خوا ﷻ ئەم کەون و کائیناتەی خوڵقاندوە بە باشترین شێوە، دوو پشک چ سوودی هەیە؟ مێشوولە چ سوودی هەیە؟ مێش چ سوودی هەیە؟ ئەوانەی بۆچی دروستکردوون؟ ئەو هەموو شتانەی کەڵک و سوودیان هەیە، نایانکاتە نیشانە، بەڵام چەند شتێک دەبینێ و جارێ زانیارییەکەی وی، بۆی دەرنەکەوتوە سوودیان چییە؟ بێگومان زانست ڕۆژ بە ڕۆژ کە بەرەو پێشەوە دەچێ، حیکمەت و سوودی شتەکان زیاترو باشتر ئاشکرا دەبێ.

ئنجا خوا ﷻ نەیفەرمووە: هەرچی خوڵقاندوومە، هەمووی بۆ ئێوە سوودبەخشە، بەڵام دەفەرموێ: هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە، بۆ ئێوەم دەستەمۆ کردوە، بەڵام خوا ﷻ هەندێک شتی خوڵقاندوە، تاکو ئێمەی پێ تاقی بکاتەوە، وەک گێڕراوەتەوە: جارێک (**أبو جعفر المنصور**)، دووەم حوکمڕانی بنەماڵەی عەبباسییەکان، لەگەڵ (**جعفر الصادق**)دا ڕەحمەتی خوای لێ بێ، دادەنیشێ، مێشێک چەند جارێک دێ و لەسەر دەم و چاوی (**أبو جعفر المنصور**) دەنیشێ، ئەویش دەری دەکات و چەند جارێک ئەوە دووبارە دەبێتەوە، ئەویش دەڵێ: ئەی جەعفەری صادیق، خوا مێشی بۆچی دروستکردوە (**لِمَ خلق الله الذباب**)؟! ئەویش دەڵێ: (**لِيُذِلَّ بِهِ الجَبَابِرة**)، تاکو خۆبەزلگرەکانی پێ زەبوون بکات، وەڵامێکی زۆر پڕ بە پێست بووە!

لە ڕاستییدا خوا ﷻ هەرچی خوڵقاندوویەتی هەمووی لە جێی خۆیدایە، بەڵام بە مەرجێک ئینسان بە چاوی ئیمانەوە تەماشای بکات و، ئیمان دەبێتە هۆی ئەوە کە ئینسان چەشمەندازی ڕوون بێ و، هەستەوەرەکانی باشتر دەرکی ڕاستییەکان بکەن، هەروەک بێ ئیمانییش بە پێچەوانەوە: وا لە مرۆڤ دەکات شتەکان وەک خۆیان نەبینێ و، شەیتان شوبهەو ئیشکال و گرێ و گۆڵی زۆر بخاتە نێو دڵ و دەروونیەوە، هەروەک چۆن بابای نەخۆش ئاوە شیرینەکە دەخواتەوە، لە زاری تاڵەو وەک ژەقنەبووتە، کە لە واقیع دا ئاوەکە وەک خۆیەتی، بەڵام ئەو میزاجی تێکچووە! دروستکراوانیش هەموویان نیشانەن، لەسەر پەروەردگارێتیی خوا، وەک یەکێک لە خواناسان گوتوویەتی: (**وَفِي كُلِّ شَيءٍ لَهُ آيَةٌ ... تَدُلُّ عَلَى أَنَّهُ وَاحِدٌ**)، لە هەموو شتێکدا نیشانەیەکی هەیە، ئەوە دەگەیەنێ کە خوا ﷻ تاکە، بەڵام بەشەر کە دڵ و دەروونەکەی کوفری چۆتێ، وێڕای ڕووحی، میزاجی بیستن و دیتن و عەقڵ و هۆشیشی تێکدەدا، شتەکان بە جۆرێکی دیکە دەکەونە بەرچاوو عەقڵ و گوێی.

مەسەلەی چوارەم:

هەواڵدانی خوا ﷻ بە فەوتاندنی ئاوەدانییەکانی دەوروبەری کۆمەڵگای پێغەمبەری خوا ﷺ و کۆمەڵگایەکانی دیکەش، دوای پێشاندانی نیشانە جۆراوجۆرەکان، بەڵکو بگەڕێنەوەو، کاتێکیش سزای خوایان بۆ هاتوە، ئەو پەرستراوانەی بە مەبەستی لە خوا نیزیک کەوتنەوەیان لە خوا، گرتبوویانن، دادیان نەدان و سوودیان پێ نەگەیاندن، بگرە لێیان ونبوون و، درۆو هەڵبەستنەکەیان ئاشکرابوو و پەردەی بەسەرەوە نەما:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ أَهْلَكْنَا مَا حَوْلَكُم مِّنَ الْقُرَىٰ وَصَرَّفْنَا الْآيَاتِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٢٧﴾ فَلَوْلَا نَصَرَهُمُ الَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ قُرْبَانًا آلِهَةً ۖ بَلْ ضَلُّوا عَنْهُمْ ۚ وَذَٰلِكَ إِفْكُهُمْ وَمَا كَانُوا يَفْتَرُونَ ﴿٢٨﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿وَلَقَدْ أَهْلَكْنَا مَا حَوْلَكُم مِّنَ الْقُرَىٰ﴾، بە دڵنیاییش ئاوەدانییەکانی دەوری ئێوەمان فەوتاندن، پیتی (و) گێڕەرەوەو بادەرەوە (**عاطفة**)ی ئەو ڕستەیە بۆ سەر ڕستەکانی پێشوو، (لَقَدْ) (ل) بۆ سوێندە، (قَدْ) بۆ دڵنیاکردنەوەیە، واتە: بە دڵنیاییەوە ئاوەدانییەکانی دەوروبەری ئێوەمان فەوتاندوون، ئنجا ئەمە بۆ کەسانێکە کە شارەزای مێژوونین و دڵنیانین، کە خوا ئەو گەلانەی فەوتاندوون، بەڵام بۆ کەسانێک کە شارەزابن و هەواڵیان بیستبێ، کە ئەو کۆمەڵگایانە فەوتاون، لەبەر ئەوەیە کە پەندیان لە فەوتێنرانی ئەو گەل و کۆمەڵگایانە، وەرنەگرتوەو، لە شوێنی کەسێک داندراون، کە شارەزایی و زانیارییان نەبووبێ، بە فەوتێندرانی ئەو گەل و کۆمەڵگایانە، لە لایەن خوای باڵا دەستەوە، بەو بەڵایەی ناردوویەتی، یاخود ڕەنگە زانیارییان بووبێ، کە ئەوانە فەوتاون، بەڵام گوتوویانە: ئەو بەڵایە هەر بەڕێکەوت بۆیان هاتوە، بۆ وێنە: گەلی نووح عليه السلام کە تۆفان و لافاو لە

دژیان هەڵیکردوە، گەلی عاد کە بایەکی بەهێز لێیداون، گەلی سەموود، کە لەرزینەوەو بوومەلەرزەیەک لێیداون و...هتد.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَلَقَدۡ أَهۡلَكۡنَا مَا حَوۡلَكُم مِّنَ ٱلۡقُرَىٰ ﴾، (حَوْلَكُـمْ)، ئـەم ڕانـاوە دەگەڕێتـەوە بـۆ دوێـنراوەکانی ڕۆژگاری پێغەمبـەر ﷺ.

کەواتـە: هەمـوو ئـەو گەلانـەی لـە دەوروبـەری حیجـازو نیـوە دوورگـەی عەرەبیی بـوون، دەیانگرێتـەوە، وەک گـەلی (سَبَأ)و، گـەلی (تُبَّـع) لـە یەمـەن و، گـەلی لـووط لـە شـام و، گـەلی عـادو سـەموود، بـە نسـبەت گـەلی سـەموودەوە لـە حیجـر، کـە دەکەوێتـە نێـوان نیـوە دوورگـەی عەرەبیـی و شـامەوە، هەروەهـا گـەلی عـاد لـە بیابـانی ئەحقـاف، ئەوانـە هەموویـان لـە ڕووی جوگرافییـەوە دەکەونـە دەوروبـەری کۆمەڵـگای مەککـە، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَلَقَدۡ أَهۡلَكۡنَا ﴾، فەوتاندمانـن، بێگومـان مەبەسـت پێـی فەوتانـدن و قـڕە بـڕ کـردنی خەڵکەکەیانە، ئەگەرنـا ئاوەدانییـەکان دارو دیـوارەکان، نەفەوتێـنراون، واتـە: دانیشـتووانی ئـەو شـارو ئاوەدانییانەمـان فەوتانـدن.

٢)- ﴿ وَصَرَّفۡنَا ٱلۡأٓيَٰتِ ﴾، نیشانەکانیشمان جۆراو جۆر کردن، (**صَرَّفْنَا: نَوَّعْنَا وَمَعْنَى التَّصْرِيفِ: التَّغيِيرُ وَالتَّبْدِيْلُ، لأَنَّهُ مُشْتَقٌّ مِنَ الصَّرْفِ، وَهُوَ الإِبْعَادُ وَكَنَّى بِهِ هُنَا عَنِ التَّبيِينِ وَالتَّوْضِيْحِ، لأَنَّ تَعَدُّدَ الأَنْوَاعِ مُبَيِّنٌ للشَّيءَ**)، مانای (**تَصْرِيْف**): لێرەدا گۆڕین و لادانە، چونکە وشەی (**تَصْرِيْف**) لە (**صرف**)ەوە هاتوە، کە بریتیە لە دوورخستنەوەو لادان، بەڵام لێرەدا ئەوە کنارەیە بۆ ڕوونکردنەوەو دەرخستن، چونکە جۆرەکانی شتێک، ئەو شتە زیاتر ڕوون دەکەنەوە، واتە: نیشانەکانمان بە جۆراو جۆریی خستنەڕوو، ئنجا نیشانەکان دەگونجێ:

١- مەبەست پێیان ڕستەکانی فەرمایشتی خوا بێ، کە خوا ﷻ:

أ- هەم وەک بەڵگە.

ب- هەم وەک بیرخستنەوە.

ج- هەم وەک هەڕەشە.

د- هەم وەک هاندان و گفت پێدانی پاداشت، بە هەموو شێوەکان، خوا ﷻ ئایەتە خوێنراوەکانی خۆی و فەرمایشتەکەی خۆی بۆ ڕوونکردوونەوە.

٢- دەشگونجێ مەبەست لە (آیات) نیشانەکانی خوابن ﷻ، کە بە هەر کام لە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام)ی داون، واتە: موعجیزەکانی پێغەمبەران کە نیشانەی ڕاستیی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) بوون.

٣)- ﴿ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴾، [بۆیە ئایەت و نیشانەکانمان بۆ جۆراو جۆرکردن]، بەڵکو بگەڕێنەوە، ئەمە دوو واتای هەن:

أ- واز بێنن لەوەی لەسەرینی، واتە: (مَجَازٌ عَنِ الإِقْلَاعِ عَمَّا هُمْ فِيهِ)، مەجازە بۆ دەست هەڵگرتن لەو حاڵەتەی لەسەرینی.

ب- (يَرْجِعُون: يَرْجِعُونَ إِلى الله)، بەڵکو بگەڕێنەوە بۆ لای خوا، وشەی (لَوْلَا) لێرەدا بۆ هاندانە، بەڵکو لە گوناهان بگەڕێنەوەو وازیان لێ بێنن، یاخود بەرەو خوا بگەڕێنەوە.

٤)- ﴿ فَلَوْلَا نَصَرَهُمُ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ قُرْبَانًا ءَالِهَةًۢ ﴾، دەبووایە ئەو پەرستراوانەی گرتبوویانن، جگە لە خوا، ئەو پەرستراوانەیان کە لە جیاتی خوا دەیانپەرستن، بۆ نزیک خستنەوەیان لە خوا، یارمەتییان دابان و سەریان خستبانایە، (القُرْبَانُ: مَا يُتَقَرَّبُ بِهِ إِلى اللهِ، مِنْ طَاعَةٍ وَنَسِيكَةٍ وَالجَمْعُ: قَرَابِيْن)، (قُرْبَان) هەر شتێکە کە مرۆڤ، پێی لە خوا نزیک بکەوێتەوە، لە فەرمانبەریی و قوربانیی سەربڕین، کۆیەکەی (قَرَابِيْن)ە.

٥)- ﴿ بَلْ ضَلُّوا۟ عَنْهُمْ ﴾، بەڵکو لێیان ونبوون، یارمەتییان نەدان و پشتیوانییان نەکردن، پەرستراوەکانی کە لە جیاتی خوا دەیانپەرستن، تاکو لە خوایان نزیک بخەنەوە، لێیان ونبوون، نەک سەریان نەخستن، بەڵکو هەر لێشیان ونبوون، (أي: غَابُوا، وَضَاعُوا)، ونبوون و زایەبوون، (ضَلَّ)ە، یانی: (ضَاعَ وغابَ وفُقِدَ) دێ، زایە بوو، پەنهان بوو، بزر بوو (ضَلَّ) ونبوو، بەڵام (ضَلَّ عَنِ الطَّرِيْق) لە ڕێگا ونبوو، (أَضَلَّهُ) ونی کرد، گومڕای کرد.

٦)- ﴿ وَذَٰلِكَ إِفْكُهُمْ وَمَا كَانُواْ يَفْتَرُونَ ﴾، ئەوەش درۆیەکەیان و قسە هەڵبەستنەکەیان بوو، ﴿ وَذَٰلِكَ إِفْكُهُمْ ﴾، خوێنراویشەتەوە: (وَذَٰلِكَ أَفَكَهُمْ) ئەوە وایلێکردن هەڵگەڕێنەوەو، لابدرێن، هەروەها خوێنراوەتەوە: (وَذَٰلِكَ أَفَّكَهُم)، ئەوە وایلێکردن، ئەوە لایدان، ﴿ وَمَا كَانُواْ يَفْتَرُونَ ﴾، هەروەها ئەوە بوو کە هەڵیاندەبەست.

چەند وردەکارییەکی ئەم ئایەتە (٢٨):

ئـەم ئایەتـە چەنـد وردەکارییەکـی تێـدان، پێویسـتە بـاس بکرێـن، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ فَلَوْلَا نَصَرَهُمُ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ قُرْبَانًا ءَالِهَةًۢ بَلْ ضَلُّواْ عَنْهُمْۚ وَذَٰلِكَ إِفْكُهُمْ وَمَا كَانُواْ يَفْتَرُونَ ﴿٢٨﴾ ﴾، پێشـتر ماناکەیـمان کـرد، بـەڵام لـە ڕووی ڕێزمـانی عەرەبییـەوە، بـە پێـی ئـەوە کـە (قُرْبَانـاً) دەبێتـە چـی و، (آلِـهَة) دەبێتـە چـی؟ مانایەکـەی دەگۆڕێ و بـە گشـتیی دەتوانیـن، بڵێیـن: سـێ واتـای هـەن و بـە سـێ جـۆر لـە ڕووی ڕێزمـانی عەرەبییـەوە، دەگونجـێ مانـا بکـرێ:

١)- (محمد الطاهر بن عاشور)، دەربارەی ڕستەی: ﴿ فَلَوْلَا نَصَرَهُمُ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ قُرْبَانًا ءَالِهَةًۢ ﴾، دەڵێ: (اتَّخَذُوا) دوو بەرکاران دەخوازێ، بەرکاری یەکەم ڕاناوێکە دەگەڕێتەوە بۆ ناوی مەوصووڵ (إسْمِ المَوْصُول)، ﴿ فَلَوْلَا نَصَرَهُمُ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ ﴾، واتە: (الَّذِيْنَ اتَّخَذُوهُمْ)، ئەوانەی کە گرتبوویانن، ﴿ مِن دُونِ ٱللَّهِ ﴾، جگە لە خوا گرتبوویانن، ﴿ قُرْبَانًا ءَالِهَةًۢ ﴾، بە پەرستراویان گرتبوون، لە حاڵێکدا کە دەیانویست پێیان لە خوا نیزیک ببنەوە، بەرکاری دووەم دەبێتە: (آلِهَة)، (اتَّخَذُوهم آلِهَة)، (قُرْبَاناً)، دەبێتە حاڵ، واتە: ئەوانەیان بە پەرستراو گرتبوو، لە جیاتی خوا، لە حاڵێکدا کە دەیانویست پێشیان لە خوا نیزیک بکەونەوە.

٢)- (أبو حَيَّان و أبو البَقَاء)، دەڵێن: بەرکاری یەکەم فڕتێنراوەو (آلِهَة)، بەرکاری دووەمە (قُرْبَاناً)یش، بریتیە لە: بەرکاری پێناویی (مَفْعُولٌ لأجْلِهِ).

٣)- (إبنُ العَطِيّة والعُوفِـي)، گوتوویانە: [(المفْعُول الأوّل مَحْذُوف) و (قُرْبَاناً)، (مَفْعُول بِهِ الثَّانِي) و (آلِهَة)، (بَدَل مِنْه)]، واتە: بەرکاری یەکەم فڕێنراوەو (قُرْبَاناً)، دەبێتە بەرکاری دووەم و (آلِهَة)یش جێگرەوەی بەرکاری دووەمە.

(الزمخشري) ڕەخنـەی لـەو بۆچوونـە گرتـوەو، ڕوونیـشی نەکردۆتـەوە لەبەرچـی و گوتوویـەتی: مانایەکـەی ڕێـک نایەتـەوە، ڕەنگـە وایزانیبـێ وەک بـۆ خـۆی (زەمەخشـەریی) زۆر شـارەزا بـووە لـە ڕەوانبێژیـی داو، کـە خـۆی دەیزانـێ لەبەرچـی ڕێـک نایەتـەوە، خەڵکیـش دەزانـێ!!

ئنجا (محـي الديـن الدرويـش) خـاوەنی تەفسـیری (إعـراب القـرآن)[1]، دەڵـێ: (وَلَـمْ يُبَيِّنْـهُ وَنَحْـنُ نُبَيِّنُـهُ)، ئـەو ڕوونی نەکردۆتـەوەو ئێمـە ڕوونی دەکەینـەوە، ئنجـا ئـاوای ڕوون کردۆتـەوە، دەڵـێ:

(لَـوْ كَانَ قُرْبَانَـاً مَفْعُـولاً ثَانِيَـاً، وَمَعْنَـاهُ مُتَقَرَّبـاً بِهِـمْ، لَصَـارَ المَعْنَـى إلى أنَّهُـمْ وبِّخُـوا عَلَى تَـرْكِ إتِّخَـاذِ اللـهِ مُتَقَرَّبَـاً، لَكِـنَ اللـهَ يُتَقَـرَّبُ إليْـهِ، وَلَا يُتَقَـرَّبُ بِـهِ لِغَـيْرِه، فَإِنَّـهُ وَقَـعَ التَّوْبِيْـخُ عَلَى نِسْـبَةِ الإلَهِيَـةِ إلى غَـيْرِ اللـه تَعَـالَى، فَـكَانَ حَـقُّ الـكَلَامِ أنْ يَكُـون (آلِهَـة) هُـوَ المَفْعُـول الثَّـانِي لَا غَـيْرَ).

واتـە: ئەگـەر (قُرْبَانَـاً) ببێتـە بـەرکاری دووەم [مانایەکـەشی: (خـۆ لێوە نیزیکخسـتن)ە، یـانی: ئـەوەی خـۆی پـێ لـە خـوا نیزیـک دەخەیـەوە]، مانایەکـەی وای لـێ دەهـات کـە سەرزەنشـتکراون چونکـە خوایـان ﷻ بـە (خـۆ پێـوە نیزیکخـەر) گرتـوە، بـەڵام خـوا ﷻ خـۆی پـێ لـێ نیزیـک دەخرێتـەوە، نـەک بـە خـوا لـە شـتی دیکـە نیزیـک بکەویـەوە، کەواتـە: سەرزەنشـتە کـە لەبـەر ئـەوە بـووە، کـە جگـە لـە خـوا بـە پەرسـتراو گیـراوە، نـەک لەبـەر ئـەوەی خـوا بـە (قُرْبَـان) گیـراوە، بۆیـە دەبـێ (آلِـهَة) بکرێتـە بـەرکاری دووەم.

---

(١) ج٩، ص:١٩٠، ١٩١.

ئنجا بـەرکاری یەکـەم، یـان قرتێنراوە، یاخـود ڕاناوێکـە دەچێتـەوە بـۆ (الذیـن)ی (إسْـم المَوْصُـوْل)و بـۆ سـەر (اتخـذوا) کـە بریتیـە لـە (هـم)ی، (اتَّخذوهـم) ئەوانـەی شـارەزای زمـانی عەرەبیـی بـن، باشـتر لەمـە حاڵیـی دەبـن.

ئێمـەش جـار جـار خۆمـان لـە هەندێـک لـەو وردەکارییانـە دەدەیـن، لەبـەر ئـەوەی ئـەم تەفسـیرە دەمانـەوێ لـە هەمـوو ئاسـتەکاندا بەهـرەی لـێ وەربگیـرێ، بـە تایبـەتی هەندێـک لـە ڕستەکانی، کـە زیاتـر لـە واتایـەک هەڵدەگـرن، ئێسـتا ئەمـە کـە دەفەرمـوێ: ﴿ فَلَوْلَا نَصَرَهُمُ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ قُرْبَانًا ءَالِهَةَۢ ۝٢٨ ﴾.

(اتَّخَـذُواْ): شـتێکی زانـدراوە، لـە زمـانی عەرەبیـی دا، کـە دوو بـەرکاری دەوێـن، ئنجا بـەرکاری یەکەمیـان، یـان دەبـێ بڵێیـن: قرتێـنراوە، یـان دەبـێ بڵێیـن: دەگەڕێتـەوە بـۆ (الَّذِيْـن): یانـی: (الذیـن اتخذوهـم)، بـەرکاری دووەم، دەبـێ هـەر (آلِهَـة)، بـێ، چونکـە خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ئەوانـەی بـە پەرسـتراویان گرتبـوون لـە جیـاتی خـوا، تاکـو خۆیـان پـێ لـە خـوا نیزیـک بخەنـەوە، بۆچـی سـەریان نەخسـتن؟ بـەڵام ئەگـەر بگوتـرێ: (قُرْبَانًا) دەبێتـە بـەرکاری دووەم، واتـە: بۆچـی ئەوانـەی جگـە لـە خوایـان بـە خـۆ پـێ وە نیزیکخـەر سـەریان نەخسـتن؟ ئـەو کاتـەش ڕەخنـەو گلەیـی خـوای پـەروەردگار لـەوە دەبـێ کـە: بۆچـی جگـە لـە خوایـان بـە (قُرْبَـان) گرتـوە، دەبووایـە بـەس خـوا بـە (قُرْبَـان) بگـرن؟ بـەڵام بێگومـان مەبەسـت ئـەوە نیـە، چونکـە خـوا ﷻ ڕەخنـەی لـەوە نیـە، کـە بۆچـی بـەس خوایـان بـە (قُرْبَـان) نەگرتـوە؟ بەڵکـو ڕەخنەکـە لەوەیـە کـە بۆچـی جگـە لـە خوایـان کـردوە بـە (آلِهَـة)، ئەگەرنـا خـوا ﷻ ڕەخنـە لـەوە ناگـرێ: بۆچـی جگـە لـە خواتـان کـردوە بـە هـۆکاری لـە خـوا نیزیـک بوونـەوە، چونکـە خـوا ﷻ هەرگیـز ناکرێتـە هـۆکاری لـێ نیزیککەوتنـەوە (قُرْبَـان)، تاکـو خـوا ﷻ ڕەخنـە بگـرێ، کـە بۆچـی جگـە لـە خواتـان بـە (قُرْبَـان) گرتـوەو، بۆچـی بـەس خواتـان بـە (قُرْبَـان) نەگرتـوە؟ ئەسـڵی واتایەکـە: بۆچـی جگـە لـە خواتـان بـە (آلِهَـة) گرتـوە، تاکـو پێـی لـە خـوا نزیـک ببنـەوە؟!.

بەر لەوەی کە کۆتایی بە تەفسیری ئەم ئایەتانە بێنین، سەرنجێکی وردی (محمد الطاهر بن عاشور) لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1] دەخەینە ڕوو:

دەڵێ: کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَذَلِكَ إِفْكُهُمْ وَمَا كَانُوا يَفْتَرُونَ﴾: (أي: كَذِبُهُم، وَمَا كَانُوا يَفْتَرُون: أي: يَفْتَرُوْنَهُ ويَخْتَلِقُونَهُ، وَهَذَا نَوْعٌ خَاصّ مِنَ الكَذِبِ، لِهَذَا هو عَطْفُ الْخَاصّ عَلَى الْعَام، إِذِ الإِفْتِرَاءُ نَوْعٌ خَاص مِنَ الكَذِبِ، وَهُوَ ابْتِكَار الأَخْبَارِ الكَاذِبَةِ، وَيُرَادِفُهُ الإِخْتِلَاق، لِإنْ زَعْمَهُم الأَصْنَام شُرَكَاءَ للهِ كَذِبٌ، مَرْوِيٌّ مِنْ قَبْلُ، فَهُوَ إِفْكٌ، وَأَمَّا زَعْمَهُمْ أَنَّهَا تُقَرِّبُهُمْ إِلى اللهِ، فَذَلِكَ افْتِرَاء اخْتَرَعُوهُ).

واتە: کە دەفەرموێ: ﴿وَذَلِكَ إِفْكُهُمْ وَمَا كَانُوا يَفْتَرُونَ﴾، ئەوەش درۆیەکەیانەو ئەوە بوو کە هەڵیاندەبەست، ئنجا ئایا (درۆ) لەگەڵ (هەڵبەستن)، لێک جیان؟ (محمد الطاهر بن عاشور) کە بە ڕاستیی تێبینیی و سەرنجی زۆر وردو جوانی هەن، دەڵێ: کە دەفەرموێ: ﴿وَذَلِكَ إِفْكُهُمْ وَمَا كَانُوا يَفْتَرُونَ﴾، (إِفكٌ) واتە: (كَذِب)، یانی: ئەوە درۆیەکەیان بوو، ﴿وَمَا كَانُوا يَفْتَرُونَ﴾، هەروەها ئەوەش کە هەڵیاندەبەست، (هەڵبەستن)یش جۆرێکی تایبەتە لە درۆ، کەواتە: ئەمە بادانەوەو گێڕانەوەی تایبەتە بۆ سەر گشتیی (عَطْفُ الْخَاصّ عَلَى الْعَام)، چونکە هەڵبەستن جۆرێکی تایبەتە لە درۆ، کە بریتیە لە هەڵبەستنی هەواڵە درۆیەکان، (إفْتِرَاء)یش بە (إخْتِلَاق) مانا دەکرێ، واتە: هەڵبەستن و دروستکردن، چونکە ئەوە کە پێیان وابووە بتەکان هاوبەشن بۆ خوا، ئەوە درۆیەک بووەو پێشتر گێڕدراوەتەوە، بۆیە ئەوە پێی دەگوترێ: (إفكٌ)، بەڵام ئەوە کە پێیان وابووە لە خوایان وەنیزیک دەخات، هەڵبەستنێک بووەو خۆیان هەڵیانبەستوە.

---

(١) التحرير والتنوير: ج٢٦، ص: ٥٦، ٥٧.

سەرنجێک لەسەر گشتگیریی و فراوانیی مەبەستەکانی قورئان

پێشتر گوتمان: لە کۆتایی ئەم دەرسەدا سەرنجێک دەخەینەڕوو، لە بارەی ئەوەوە، کە زۆربەی ڕوونکەرەوانی قورئان ڕەحمەتی خوایان لێ بێ و خوا پاداشتیان بداتەوە، کاتێک ئایەتەکان تەفسیر دەکەن، چەمک و واتایەکەیان قەتیس دەکەن، لەسەر ئەو واقیعەی کە ئایەتەکانی تێدا دابەزیون و، سنوورداریان دەکات، واتە: بە زۆریی دەیانبەستنەوە بە مەککەوە، بە قورەیشەوە، بەو کاتەوە، بەو شوێنەوە.

بەڵام بێگومان مەگەر نیشانەو بەڵگەیەک هەبێ، ناچارمان بکات، بڵێین: ئەم ئایەتە یان ئەم سوورەتە، تایبەتە بەو شوێنەوەو بەو کاتەوەو بەو خەڵکەوە، ئەگەرنا ئاشکرایە خوا ئەم قورئانەی تەنیا بۆ ڕۆژگارێ کە تێیدا دابەزیوەو، بۆ ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا دابەزێنراوە، نەناردوە، بەڵام بۆ وێنە:

أ- سوورەتی (قریش): ﴿لِإِيلَٰفِ قُرَيۡشٍ ۝١ إِۦلَٰفِهِمۡ رِحۡلَةَ ٱلشِّتَآءِ وَٱلصَّيۡفِ ۝٢ فَلۡيَعۡبُدُواْ رَبَّ هَٰذَا ٱلۡبَيۡتِ ۝٣ ٱلَّذِيٓ أَطۡعَمَهُم مِّن جُوعٖ وَءَامَنَهُم مِّنۡ خَوۡفِۭ ۝٤﴾، ئەوە ڕوون و دیارە کە خوای پەروەردگار بە تایبەت بۆ هۆزی قورەیشیەتی، هەرچەندە لە پشت ئەوانەوەش خەڵکی دیکە دەگرێتەوە.

ب- کە بەسەرهاتی فیل باس دەکات: ﴿أَلَمۡ تَرَ كَيۡفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصۡحَٰبِ ٱلۡفِيلِ ۝١ أَلَمۡ يَجۡعَلۡ كَيۡدَهُمۡ فِي تَضۡلِيلٖ ۝٢ وَأَرۡسَلَ عَلَيۡهِمۡ طَيۡرًا أَبَابِيلَ ۝٣ تَرۡمِيهِم بِحِجَارَةٖ مِّن سِجِّيلٖ ۝٤ فَجَعَلَهُمۡ كَعَصۡفٖ مَّأۡكُولِۭ ۝٥﴾**الفيل**، ئەوە دیارە باسی ڕووداوێکی دیاریکراو دەکات و تایبەتە بەوەوە.

بەڵام لێرەدا کە دەفەرمووێ: ﴿وَلَقَدۡ أَهۡلَكۡنَا مَا حَوۡلَكُم مِّنَ ٱلۡقُرَىٰ وَصَرَّفۡنَا ٱلۡأٓيَٰتِ لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ ۝٢٧﴾**الأحقاف**، واتە: بە دڵنیایی ئێمە ئاوەدانییەکانی دەوروبەری ئێوەمان

فەوتانـدوون و نیشـانەکانمان بـۆ جـۆراو جـۆر کـردوون، بەڵکـو بگەڕێنـەوە، ﴿ فَلَوْلَا نَصَرَهُمُ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ قُرْبَانًا ءَالِهَةًۢ ۖ بَلْ ضَلُّوا۟ عَنْهُمْ ۚ وَذَٰلِكَ إِفْكُهُمْ وَمَا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ ﴿٢٨﴾ ﴾الأحقاف، ئنجا دەبووایـە ئەوانـەی لـە جیاتی خـوا بـە پەرسـتراویان گرتبـوون، تاکـو لـە خوایـان نزیـک بخەنـەوە، سـەریان خسـتبان و پشـتیان گرتبانایـە (نـەک سـەریان نەخسـتن)، بەڵکـو لێشـیان ونبـوون و، شـوێن بـزر بـوون، ئـەوەش درۆیەکەیـان بـوو و، ئەوەبـوو کـە هەڵیاندەبەسـت.

لێـرەدا هیـچ شـتێک ئێمـە ناچـار نـاکات، بڵێیـن: ئـەوە بـەس مەبەسـت پێـی خەڵکـی مەککەیـەو کۆمەڵـگای یەکەمـە، کـە قورئـانی تێـدا دابەزێـنراوە، چونکـە ئێمـەش ئێسـتا کـە دەیخوێنینـەوە: ﴿ وَلَقَدْ أَهْلَكْنَا مَا حَوْلَكُم مِّنَ ٱلْقُرَىٰ ﴾، ئێمـە ئاوەدانییـەکانی دەوروبـەری ئێوەمـان فەوتانـدوون، خـوا ﷻ لـە قورئانـدا بـۆی باسـکردووین، تۆفـانی نـووح کـە هەڵسـاوەو کەشـتییەکە لەسـەر چیـای جوودیـی نیشـتۆتەوە، دیارە گـەلی نـووح لـەوێ فەوتـاون، هەروەهـا ئەکەدیـی و سـۆمەریی و کلدانیـی و ئاشـوورییەکان، لـە عێـراق فەوتـاون و، کاتی خـۆی ڕۆم و فـارس و یۆنـان لـە ئێـران و ئەورووپـاو شـام و، گـەلی عـادو ثەمـوود لـە حیجـازو، لـە میصـرِ فیرعـەون و، گـەلی لـووط لـە فەلەسـطین و...هتـد، کەواتـە: ئێمـەش دوێنـدراو (مخاطـب)ی ئـەو ئایەتـە موبارەکانەیـن، کۆمەڵـگاکانی دەوروبـەری ئێمـەش، خـوای دادگـەر لـە مێـژوودا فەوتانـدوونی، کەواتـە: سـنووردارکردنی چەمـک و واتـای ئایەتـەکان و بەسـتنەوەیان بـە شـوێنێکی جوگرافیـی دیاریکـراو و، بـە کاتێکـی مێژوویـی دیاریکـراوەوە، پێچەوانـەی ئـەو ئامانـج و حیکمەتەیـە، کـە خـوای موتەعـال قورئانی بـۆ دابەزانـدوە: ﴿ ذِكْرٌ لِّلْعَٰلَمِينَ ﴿٨٧﴾ ﴾ص، کەواتـە: دەبـێ چەمـک و واتـای ئایەتـەکان، بـە پێـی فراوانیـی قورئـان و بەپێـی ئامانجـی نێـردرانی قورئـان، تەماشـا بکەیـن، نـەک لەبـەر ڕۆشـنایی کاتێکـی دیاریکـراوی مێژوویـداو، لـە چوارچێـوەی شـوێنێکی دیاریکراویـی جوگرافییـدا، کـە بـە داخـەوە زۆربـەی تەفسـیرەکان بـەو شـێوەیان کـردوەو، ئـەوەش بـە هەڵـە دەزانم، بەڵکـو دەبـێ قورئـان کـە خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: بـۆ هەمـوو مـرۆڤ و جنـدم نـاردوە،

کاتێـک ئایەتـەکان تەفسـیر دەکەیـن، مەگـەر نیشـانەیەک هەبـێ ناچارمـان بـکات، بڵـێ: فـڵان ئایەتـە، یـان فـڵان سـوورەتە، یـان فـڵان کۆمـەڵ ئایەتـە، لەگـەڵ فڵانـە کۆمەڵـگاو گەلیـەتی، چ ئێسـتا، چ ڕابـردوو، یـان لەگـەڵ فـڵان شـوێنە جوگرافییەیـەتی ئەگەرنـا دەبـێ چەمـک و واتـای ئایەتـەکان، فـراوان بکـرێ، تاکـو تێکـڕای زەوی و هەمـوو مرۆڤایەتیـی بگرنـەوە.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی چوارەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسە حەوت (٧) ئایەتی کۆتاییە، ئایەتەکانی: (٢٩ - ٣٥)، کە چوار بابەتیان گرتوونە خۆیان:

بابەتی یەکەم: چوار ئایەتی: (٢٩ - ٣٢)ی بۆ تەرخانکراون، باسی ناردنی خوا بۆ کۆمەڵێک لە جندو گوێگرتنیان بۆ پێغەمبەر ﷺ کە قورئانی خوێندوە، پاشان گەڕانەوەیان بۆ لای خەڵکەکەیان و، بانگەوازکردنی خەڵکەکەیان بۆ لای خواو بۆ لای قورئان.

بابەتی دووەم: ئایەتی پێنجەم دەگرێتە خۆی، ئایەتی ژمارە: (٣٣)، باسی دروستکرانی گەردوونە وەک بەڵگە لەسەر توانایی خوا ﷻ، کە دەتوانێ مردووان زیندوو بکاتەوەو، هەڵیانستێنێتەوەو بۆ سزاو پاداشت درانەوەیان.

بابەتی سێیەم: ئایەتی شەشەم، ئایەتی ژمارە: (٣٤) گرتوویەتە خۆی، کە باسی سزادانی کافرانەو، دانپێداهێنانیانە بە تاوان و خراپەکانیان لە ڕۆژی دوایی دا.

بابەتی چوارەم: ئایەتی حەوتەم و کۆتایی، ئایەتی ژمارە: (٣٥)، گرتوویەتە خۆی، کە فەرمانکردنی خوایە ﷻ بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ، کە وەک پێغەمبەرانی خاوەن بڕیارو عەزیمەتی پێشوو، خۆڕاگر بێ و، پەلە نەکات لە هاتنی سزا بۆ بێبڕوایەکان و، دڵنیاش بێ لە ئایندەی ڕۆشن و سەربەرزانەی خۆی و، داهاتووی مەینەتبارو خراپی بێبڕوایەکان، ئەگەر هەر لەسەر بێبڕوایی بمێننەوە.

﴿ وَإِذْ صَرَفْنَآ إِلَيْكَ نَفَرًا مِّنَ ٱلْجِنِّ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقُرْءَانَ فَلَمَّا حَضَرُوهُ قَالُوٓا۟ أَنصِتُوا۟ ۖ فَلَمَّا
قُضِىَ وَلَّوْا۟ إِلَىٰ قَوْمِهِم مُّنذِرِينَ ﴿٢٩﴾ قَالُوا۟ يَٰقَوْمَنَآ إِنَّا سَمِعْنَا كِتَٰبًا أُنزِلَ مِنۢ بَعْدِ مُوسَىٰ
مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ يَهْدِىٓ إِلَى ٱلْحَقِّ وَإِلَىٰ طَرِيقٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٣٠﴾ يَٰقَوْمَنَآ أَجِيبُوا۟ دَاعِىَ ٱللَّهِ

وَءَامِنُوا۟ بِهِۦ يَغْفِرْ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمْ وَيُجِرْكُم مِّنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٣١﴾ وَمَن لَّا يُجِبْ دَاعِىَ ٱللَّهِ
فَلَيْسَ بِمُعْجِزٍ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَيْسَ لَهُۥ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءُ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٣٢﴾ أَوَلَمْ يَرَوْا۟ أَنَّ
ٱللَّهَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَلَمْ يَعْىَ بِخَلْقِهِنَّ بِقَٰدِرٍ عَلَىٰٓ أَن يُحْۦِىَ ٱلْمَوْتَىٰ ۚ بَلَىٰٓ إِنَّهُۥ
عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٣٣﴾ وَيَوْمَ يُعْرَضُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ عَلَى ٱلنَّارِ أَلَيْسَ هَٰذَا بِٱلْحَقِّ ۖ قَالُوا۟ بَلَىٰ وَرَبِّنَا ۚ
قَالَ فَذُوقُوا۟ ٱلْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ ﴿٣٤﴾ فَٱصْبِرْ كَمَا صَبَرَ أُو۟لُوا۟ ٱلْعَزْمِ مِنَ ٱلرُّسُلِ وَلَا
تَسْتَعْجِل لَّهُمْ ۚ كَأَنَّهُمْ يَوْمَ يَرَوْنَ مَا يُوعَدُونَ لَمْ يَلْبَثُوٓا۟ إِلَّا سَاعَةً مِّن نَّهَارٍ ۚ بَلَٰغٌ ۚ فَهَلْ يُهْلَكُ
إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ﴿٣٥﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

[هەروەها (ئەی موحەممەد ﷺ!)، یاد بکەوە! کاتێک کۆمەڵێکمان لە جند ناردنە لات گوێیان بۆ قورئان هەڵخستبوو، کاتێک ئامادەی (قورئانخوێندنەکە) بوون، گوتیان: کش و مات بن و گوێ ڕادێرن، ئنجا کاتێک (قورئانخوێندنەکە) تەواو کرا، ترسێنەرانەو وریاکەرەوانە گەڕانەوە لای کۆمەڵەکەیان ﴿٢٩﴾ گوتیان: ئەی کۆمەڵەکەمان! ئێمە گوێبیستی کتێبێک بووین لە دوای مووسا دابەزێنراوە، بەڕاستدانەری (کتێبەکانی) پێش خۆیەتی، بەرەو هەق و بەرەو ڕێی ڕاست ڕێنمایی (خەڵک) دەکات ﴿٣٠﴾ ئەی کۆمەڵەکەمان! وەڵامی (داواکاریی) بانگەوازکاری (ڕێی) خوا بدەنەوەو، بڕوای پێ بێنن لە (بەشێکی)گوناهەکانتان دەتانبوورێ و، لە ئازارێکی بە ئێش دەتانپارێزێ ﴿٣١﴾ هەر کەسێکیش وەڵامی (داوای) بانگەوازکاری (ڕێی) خوا نەداتەوە، لە زەویدا دەستەوسانکەر (ی خوا) نیەو، جگە لەو (خوا)یش هیچ سەرپەرشتیاری نین، ئەوانە لە گومڕاییەکی ئاشکرادان ﴿٣٢﴾ ئایا (بێبڕوایەکان) (بە چاوی عەقڵ و دڵ) نەیاندیوە کە ئەو خوایەی ئاسمانەکان و زەوی هێناونە دی و، بە دروستکردنیشیانەوە ماندوو نەبووە، توانایە کە مردووانیش بژیەنێتەوە؟

بـا، بێگومـان ئـەو لەسـەر هەمـوو شـتێک توانایـە ﴿٣٣﴾ ئـەو ڕۆژەش کـە بێبڕوایـان لەسـەر ئاگـر (ی دۆزەخ) ڕادەنوێنرێـن (پێیـان دەگوترێ:) ئایا ئەمـە ڕاسـت و چەسپاو نیـە؟ گوتیـان: بـا، (خـوا) فەرمـووی: دەجـا بـە هـۆی ئـەوەوە کـە بێبڕوابـوون، ئـازار (ی دۆزەخ) بچێـژن ﴿٣٤﴾ (ئـەی موحەممـەد ﷺ!) وەک چـۆن خاوەن عەزیمەتـان (لێبڕاوان) لـە پێغەمبـەران خۆڕاگـر (و پشـوو درێژبـوون) خۆڕاگربـەو، پەلەیـان بـۆ مەکە (سـزایان بـۆ بـێ) ئـەو ڕۆژە ئـەوەی گفتیـان پێـدراوە (و هەڕەشـەیان پـێ لێکـراوە) دەیبینـن، وەک تەنیـا کاتێـک (ی کـەم) لـە ڕۆژێکـدا (لـە ژیـانی دنیـادا مابنـەوە)، ئەمـە گەیانـدن (ی پەیامـی خوایـە)، ئایـا جگـە لـە کۆمەڵـی لادەران (کـێ) دەفەوتێـنرێ؟ ﴿٣٥﴾].

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(صَرَفۡنَآ إِلَيۡكَ): واتـە: ناردمانـە لات، بـۆ لای تـۆ ناردمـان، (صَرَفْـتُ الرَّجُـلَ عَنِّـي فَانْـصَرَفَ، وَصَرَفَ اللهُ عَنْـكَ الأَذَى: دَفَعَـهُ)، دەگوتـرێ: (صَرَفْـتُ الرَّجُـلَ عَنِّـي فَانْـصَرَفَ)، پیاوەکـەم لـە لای خـۆم دوورخسـتەوەو دوورکەوتـەوە، (صَرَفَ اللـهُ عَنْـكَ الأَذَى)، خـوا ئـازارت لـێ سـەڕف بـکات، واتـە: لێـت دوور بخاتـەوە، کەواتـە: (صَرَفْنَـا إِلَيْـكَ) ناردمانـە لات.

(نَفَرًا): (النَّفَـرُ: عِـدَّةُ رِجَـالٍ، وَكَـذَا النَّفِـيرُ: مِـنْ ثَلَاثَـةٍ إِلَى عَـشَرَةٍ، وَقِيْـلَ مِـنْ ثَلَاثَـةٍ إِلَى عِشْرِيْـن)، (نَفَـرْ) کۆمەڵێـک لـە پیـاوان، هەروەهـا وشـەی (نَفِيْر)یـش، بـە هەمـان شـێوە، هەندێـک گوتوویانـە: (نَفَـرْ) لـە سـێیەوە تاکـو دەیـەو، هەندێـک گوتوویانـە: لـە سـێیەوە تاکـو بیسـتە.

(يَسۡتَمِعُونَ): گـوێ هەڵدەخـەن، (إِسْتَمَعَ لَـهُ: أَصْغَـى، وَكَـذَا تَسَـمَّعَ وَسَـمَّعَ إِلَيْـهِ)، هـەم (تَسَـمَّعَ) و هـەم (سَـمَّعَ) لەگـەڵ (إِسْـتَمَعَ إِلَيْـهِ) هەموویـان، واتـە: گوێـی بـۆ هەڵخسـت، نـەک تەنیـا گـوێ بگـرێ، بەڵکـو گـوێ هەڵبخـاو بـێ دەنـگ بـێ.

(أَنصِتُوا): (الإنْصَاتُ: السُّكُوتُ وَالإِسْتِمَاع)، (إنصات): بریتیە لە بێ دەنگیی و گوێگرتنێکی بە گرنگیی پێدانەوە.

(قُضِيَ): (قَضَى: أي حَكَمَ، وَقَدْ يَكُونُ قَضَى بِمَعْنَى الفَرَاغِ، تَقُوْلُ: قَضَى حَاجَتَهُ، وَقَضَى عَلَيْهِ: قَتَلَهُ لأَنَّهُ فَرَغَ مِنْهُ)، (قُضِيَ): بە مانای تەواوبوو، بەڵام لێرەدا (قَضَى) واتە: (حَكَم) بڕیاریدا، جاری وایە (قضى) بە مانای لێبوونەوە لە شتێک دێ، دەگوترێ: (قَضَى حَاجَتَهُ) کارەکەی خۆی تەواوکرد، (قَضَى عَلَيْهِ: قَتَلَهُ لأَنَّهُ فَرَغَ مِنْهُ)، (قَضَى عَلَيْهِ) یانی: کوشتی، چونکە تەواوی دەکات، وەک خوا ﷻ لە بارەی مووساوە ﷺ فەرموویەتی: ﴿فَوَكَزَهُۥ مُوسَىٰ فَقَضَىٰ عَلَيْهِ قَالَ هَٰذَا مِنْ عَمَلِ ٱلشَّيْطَٰنِ إِنَّهُۥ عَدُوٌّ مُّضِلٌّ مُّبِينٌ ﴿١٥﴾﴾ القصص، واتە: مووسا مستێکی لێداو تەواوی کرد، واتە: کۆتایی پێهات و ڕووحی لە جەستەی جیابۆوە.

(وَيُجِرْكُم مِّنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ): چەپاڵەتان دەدات، دەتانپارێزێ لە سزایەکی بە ئێش، (أَجَارَهُ اللهُ مِنَ العَذَابِ، أي: أَنْقَذَهُ، وَاسْتَجَارَهُ مِنْ فُلَانٍ، فَأَجَارَهُ)، (أَجَارَهُ اللهُ مِنَ العَذَاب) واتە: خوا دەربازی کرد لە ئازار، (وَاسْتَجَارَهُ مِنْ فُلَانٍ، فَأَجَارَهُ)، فلانکەس داوای پەنادانی لە کەسێک کرد، کە لە کەسێک پەنای بدات، ئەویش پەنای دا، کەواتە: (يُجِرْكُمْ) دەربازتان دەکات و پەناتان دەدات.

(بِمُعْجِزٍ): دەستەوسانکەر، (أَعْجَزَهُ الشَّيءُ: فَاتَهُ، وَعَجَّزَهُ تَعْجِيزاً، ثَبَّطَهُ أو نَسَبَهُ إلى العَجْزِ)، (أَعْجَزَهُ الشَّيءُ: فَاتَهُ)، واتە: ئەو شتە لە دەستی دەرباز بوو و، ڕۆیشت، (عَجَّزَهُ تَعْجِيزاً) واتە: سستی کرد، یاخود پاڵیدایە لای نەتوانین، بێ توانای کرد.

(وَلَمْ يَعْيَ): (العِيُّ: ضِدُّ البَيَانِ، عَيٌّ فِي مَنْطِقِهِ فَهُوَ عَيٌّ، وَالإِعْيَاءُ: عَجْزٌ يَلْحَقُ البَدَنَ فِي المَشْيِ، وَالعِيُّ: عَجْزٌ يَلْحَقُ مِنْ تَوَلِّي الأَمْرِ وَالكَلَامِ)، وشەی (عِيٌّ): پێچەوانەی قسە زانین و زمان پاراوییە، دەگوترێ: (عَيٌّ فِي مَنْطِقِهِ فَهُوَ عِيٌّ)، لە قسەکەیدا بێ توانا بوو، نەیتوانی مەبەستی خۆی دەربڕێ، بەڵام (إعْيَاء): ماندووبوونێک و بێ توانایيەکە، لە ڕووی جەستەییەوە تووشی مرۆڤ دەبێ، بەڵام (عِيٌّ): لە نەتوانینێکە لە ڕووی قسەکردن و، کاروبار ڕاپەڕاندنەوە تووشی ئینسان دێ.

(﴿يُعۡرَضُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ عَلَى ٱلنَّارِ﴾): ئەوانەی بێبڕوان لەسەر ئاگر ڕادەنوێنرێن، دەبرێنە سوێی، پێشانیان دەدرێ، دەگوترێ: (**عَرَضْتُ الشَّيءَ عَلَى البَيْعِ، وَعَلَى فُلَانٍ وَلِفُلَانٍ، وَالعَارِض: البَادِي عُرْضَهُ**)، دەگوترێ: (**عَرَضْتُ الشَّيءَ عَلَى البَيْعِ، وَعَلَى فُلَانٍ**)، شتەکەم بۆ فرۆشتن ڕانواند، یاخود بۆ فلانکەسم ڕانواند، یان لەسەر فلانکەسم ڕانواند: پێشانمدا، (**وَالعَارِضُ: البَادِي عُرْضَهُ**)، (**عَارِض**): بە کەسێک دەگوترێ لامالی خۆی پێشانبدا.

(﴿أُوْلُواْ ٱلۡعَزۡمِ﴾): (**العَزْمُ وَالعَزِيمَةُ: عَقْدُ القَلْبِ عَلَى إِمْضَاءِ الأَمْرِ**)، (**عَزْمٌ وعَزِيمَة**): بریتیە لە دڵ چەسپاندن لەسەر تەواوکردن و ئەنجامدانی کارێک، دەگوترێ: (**عَزَمْتُ الأَمْرَ، وَعَزَمْتُ عَلَيْهِ، وَاعْتَزَمْتُ**)، واتە: (**عَزَمْتُ الأَمْرَ**) بڕیاری کارەکەم دا، (**وَعَزَمْتُ عَلَيْهِ**) بڕیارم لەسەردا، (**وَاعْتَزَمْتُ**) دڵی خۆم لەسەر چەسپاند، کەواتە: (**أُوْلُوا العَزْم**) واتە: خاوەنانی لێبڕان، خاوەنانی بڕیارو، خاوەنانی ویستی پتەو.

(﴿لَمۡ يَلۡبَثُوٓاْ﴾): (**لَبِثَ بِالمَكَانِ: أَقَامَ بِهِ مُلَازِمَاً لَهُ**)، واتە: لە شوێنەکە نیشتەجێ بوو، پەیوەست بوو بەو شوێنەوە، کەواتە: (**لَمْ يَلْبَثُوا**)، واتە: نەماونەوە لەوێ، پێیان نەچووە.

(﴿بَلَٰغٌ﴾): ١- (**البُلُوغُ وَالبَلَاغُ: الإِنْتِهَاءُ إِلَى أَقْصَى المَقْصُودِ، وَالمُنْتَهَى، مَكَانَاً أَو زَمَانَاً، البَلَاغُ: التَّبْلِيغُ، البَلَاغُ: الكِفَايَةُ**)، وشەی (بَلَاغ) بە سێ واتایان هاتوە: (**البَلَاغُ والبُلُوغ**): بە مانای گەیشتن بە ئەوپەڕی ئامانج و مەبەستێک، چ لە ڕووی کاتەوەو، چ لە ڕووی شوێنەوە، واتای دووەمی (بَلَاغ): بە مانای گەیاندنە، واتای سێیەمی (بَلَاغُ): بە مانای ئەوەیە شتێک بەس بێ بۆ شتێک.

هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکان

هـۆی هاتنـە خـوارەوەی ئـەم ئایەتـە موبارەکانـە: ﴿وَإِذْ صَرَفْنَآ إِلَيْكَ نَفَرًا مِّنَ ٱلْجِنِّ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقُرْءَانَ فَلَمَّا حَضَرُوهُ قَالُوٓا۟ أَنصِتُوا۟ ۖ فَلَمَّا قُضِىَ وَلَّوْا۟ إِلَىٰ قَوْمِهِم مُّنذِرِينَ (٢٩) قَالُوا۟ يَٰقَوْمَنَآ إِنَّا سَمِعْنَا كِتَٰبًا أُنزِلَ مِنۢ بَعْدِ مُوسَىٰ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ يَهْدِىٓ إِلَى ٱلْحَقِّ وَإِلَىٰ طَرِيقٍ مُّسْتَقِيمٍ (٣٠) يَٰقَوْمَنَآ أَجِيبُوا۟ دَاعِىَ ٱللَّهِ وَءَامِنُوا۟ بِهِۦ يَغْفِرْ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمْ وَيُجِرْكُم مِّنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ (٣١) وَمَن لَّا يُجِبْ دَاعِىَ ٱللَّهِ فَلَيْسَ بِمُعْجِزٍ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَيْسَ لَهُۥ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءُ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ (٣٢)﴾الأحقاف، لـەو بـارەوە ئـەم دوو گێردراوەیـە دێنیـن:

أ)- {عَنْ عَبدِ اللهِ ابْنِ مَسْعُودٍ ﷺ قَالَ: هَبَطُوا عَلَى رَسُولِ اللهِ ﷺ وَهُوَ يَقْرأُ الْقُرْآنَ بِبَطْنِ نَخْلَةَ، فَلَمَّا سَمِعُوا، قَالُوا: أَنْصِتُوا، قَالُوا: صَهٍ، وَكَانُوا سَبْعَةً، أَحَدُهُمْ: زَوبَعَةُ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ تَعَالَى: ﴿وَإِذْ صَرَفْنَآ إِلَيْكَ نَفَرًا مِّنَ ٱلْجِنِّ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقُرْءَانَ فَلَمَّا حَضَرُوهُ قَالُوٓا۟ أَنصِتُوا۟ ۖ فَلَمَّا قُضِىَ وَلَّوْا۟ إِلَىٰ قَوْمِهِم مُّنذِرِينَ (٢٩) قَالُوا۟ يَٰقَوْمَنَآ إِنَّا سَمِعْنَا كِتَٰبًا أُنزِلَ مِنۢ بَعْدِ مُوسَىٰ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ يَهْدِىٓ إِلَى ٱلْحَقِّ وَإِلَىٰ طَرِيقٍ مُّسْتَقِيمٍ (٣٠) يَٰقَوْمَنَآ أَجِيبُوا۟ دَاعِىَ ٱللَّهِ وَءَامِنُوا۟ بِهِۦ يَغْفِرْ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمْ وَيُجِرْكُم مِّنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ (٣١) وَمَن لَّا يُجِبْ دَاعِىَ ٱللَّهِ فَلَيْسَ بِمُعْجِزٍ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَيْسَ لَهُۥ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءُ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ (٣٢)﴾الأحقاف}، (أخرجه ابن أبي شيبة: ج٤، ص٧٦، والحاكم في المستدرك: ج٢، ص٤٥٦، وَقَالَ: صَحِيحُ الإِسْنَادِ، والبيهقي في دلائل النبوة: ج٢، ص١٢٨، أبو نُعَيم في دلائل النبوة: ج٢، ص٣٠٤، كما في (الدّرّ المَنْثُور) ج٧، ص٤٥٢، والإستِيعَاب في بَيانِ الأسباب ج٣، ص٢١٦).

واتـە: عەبدوڵـڵای کـوڕی مەسـعوود ﷺ، دەگێڕێتـەوە، دەڵـێ: ئـەو کۆمەڵـە لـە جنـد دابەزینـە لای پێغەمبـەر ﷺ لـە کاتێکـدا کـە قورئـانی دەخوێنـد، لـە (بَطْـنِ نَخْلَـةَ)، {شـوێنێکە لـە نیزیـک مەککـە}، کاتێـک گوێیـان لـێ بـوو، گوتیـان: بـێ دەنـگ و کـش و مـات بـن، گوتیـان: وس بـن، نـۆ کـەس بـوون، یەکێکیـان (زَوْبَعَـة) بـوو، (یەکێـک لـە جنـد بـووە، ئـەوە نـاوی بـووە)، خـوا ﷻ بـەو بۆنـەوە ئـەو ئایەتانـەی دابەزانـدن.

ب)- {عَنْ عَلْقَمَةَ قَالَ: قُلْتُ لِابْنِ مَسْعُودٍ ﷺ: هَلْ صَحِبَ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ مِنْكُمْ أَحَدٌ لَيْلَةَ الْجِنِّ؟ قَالَ: مَا صَحِبَهُ مِنَّا أَحَدٌ، وَلَكِنَّا فَقَدْنَاهُ ذَاتَ لَيْلَةٍ، فَقُلْنَا: اغْتِيلَ، اسْتُطِيرَ، مَا فَعَلَ؟ قَالَ: فَبِتْنَا بِشَرِّ لَيْلَةٍ بَاتَ بِهَا قَوْمٌ، فَلَمَّا كَانَ فِي وَجْهِ الصُّبْحِ، إِذَا نَحْنُ بِهِ يَجِيءُ مِنْ قِبَلِ حِرَاءٍ، فَأَخْبَرْنَاهُ، فَقَالَ: «إِنَّهُ أَتَانِي دَاعِي الْجِنِّ، فَأَتَيْتُهُمْ فَقَرَأْتُ عَلَيْهِمُ الْقُرْآنَ»، فَانْطَلَقَ فَأَرَانَا آثَارَهُمْ وَآثَارَ نِيرَانِهِمْ}، (أخرجه الطيالسي: ج١، ص٤٧، وابن أبي شيبة: ج١، ص١٥٥، ومسلم: ٤٥٠، وأبو داود: ٨٥، والترمذي: ١٨، ٤٢٥٨، وابن حبان: ١٤٣٢).

واتـە: عەلقەمـە دەڵـێ: بـە ئیبنـو مەسـعوودم ﷺ گـوت: ئایـا شـەوی جنـد هیـچ کام لـە ئێـوە هاوەڵایەتیـی پێغەمبـەری خـوای کـرد ﷺ؟ عەبدوڵڵاش گـوتی: هیـچ کام لـە ئێمـە هاوەڵایەتییـمان نەکـرد، بـەڵام شـەوێک (پێغەمبـەر ﷺ) لێـمان ونبـوو، گوتمـان: دەبـێ پەنهانکـوژ کرابـێ، دەبـێ ڕفێنرابـێ، چـی کـرد؟! شـەوێک کـە کۆمەڵـە خەڵکێـک بـە خراپتریـن شـێوەی لێیـان دەگـوزەرا، ئـاوا ئـەو شـەوە لـە ئێمـە گـوزەرا، بـەڵام لـە ڕووی بەرەبەیانـدا پێغەمبەرمـان ﷺ بینـی، لـە لای ئەشـکەوتی حیرائـەوە دەهاتـەوە، هەواڵـمان پێـدا کـە ئێمـە بـۆ تـۆ زۆر سـەغڵەت بوویـن، چیـت لێهـات؟ فەرمـووی: بانگـەوازکاری جنـد هـات، بـۆ لام، (واتـە: یەکێکیـان هاتـوە)، منیـش چـووم بـۆ لایـان قورئانـم بەسـەردا خوێنـدن، ئنجـا پێغەمبـەر ﷺ ڕۆیـی شـوێنەوارەکانی خۆیـان و شـوێنەواری ئاگرەکانیشـیانی پێشـان دایـن.

شـایانی باسـە: ڕیوایـەتی دیکـە هەیـە کـە (إبـن هشـام) لـە (السـيرة النبويـة) داو، (القرطبـي) لـە تەفسـیرەکەی خۆیـدا[1]، هێناویانـە، وردەکاریـی زیاتـر لـەو بـارەوە دەخاتـەڕوو، کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ کاتێـک لـە تائیـف گەڕاوەتـەوە، کـە لـە سـەرچاوەکانی سـیرەی پێغەمبـەردا ﷺ هاتـوە، بـە شـێوەیەکی زۆر ناشایسـت پێشـوازییان لـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ کـردوەو، بـە شـێوەیەکی زۆر نانەجیبانـەو ناشایسـتیش بەڕێیـان کـردوەو، منداڵیـان تێبـەرداون، دوایـی کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ

---

(١) الجامع لأحكام للقرآن: ج ٢٦، ص١٦٥، برقم: ٥٥٠١، والسيرة النبوية لابن هيشام: ج: ٢، ص: ٢١ - ٢٣)، عن محمد بن كعب القرظي مرسلاً.

هاتۆتــەوە بــەرەو مەککــە، دیــارە شــەوەکەی لــە ئەشــکەوتی (حـراء) بــووە، بــە پێــی ئــەو ڕیوایەتــەو، لــەو کاتــەدا خــوای پــەروەردگار کۆمەڵێــک لــە جنــدی بــۆ لا نــاردوون، یــانی: کــە ئــەی مرۆڤــەکان (خەڵکــی طائیـف)! ئێــوە کەللەڕەقــن، ئێــوە نانەجیــبن، ئێــوە وەڵامــی پێغەمبــەری خاتــەم ﷺ نادەنــەوە، ئەوەتــا جنــد بەپێــی خۆیــان هاتــوون! کەئێــوە پێغەمبــەر ﷺ خــۆی دێ، بــۆ لاتــان و دەیــەوێ پەیامــی خواتــان پــێ ڕابگەیەنــێ، گوێــی بــۆ ناگــرن، کەچــی جنــد لــەو شــوێنە دوورەوە خۆیــان هاتــوون، بــە پێــی خۆیــان دوای ئــەوەی بیســتوویانە، پێغەمبــەر ﷺ پەیدابــووە، ئەویــش بــە هــۆی ئــەوەوە کــە ئاســمانیان پشــکنیوەو تەماشــایان کــردوە، ئێشــکگرێتیی و پاســەوانیەتیی ئاســمان زۆر مەحکــەم کــراوەو، وەک جــاران دەرفەتیــان نیــە، بچنــە ســەروو گــوێ لــە قســەی فریشــتان بگــرن، گوتوویانــە: دیــارە گۆڕانکارییــەک بــووە لــە زەوی دا، ئیبلیــس چەنــد کۆمەڵــە جندێکــی نــاردوون، بگەڕێــن، داخــۆ چــی ڕوویــداوە لــە زەویــدا؟ تاکــو ســەرەنجام ئەوانــەی دەچــن بــۆ لای حیجــاز، ئــەو هەواڵــە دەبەنــەوەو دەڵێــن: ئــەوە ڕوویــداوە: کــە پێغەمبــەری کۆتایــی ﷺ هاتــوەو، پاســەوانێتیی و ئێشــکچێتیی ئاســمان مەحکــەم کــراوە پــتر لــە جــاران، تاکــو جنــد نەتوانــن گــوێ لــە قســەی فریشــتان بگــرن و، قســەیەک کــە دەیهێنــن بــۆ کاهیــن و فاڵچییــەکان، لەگــەڵ وەحییــدا تێکــەڵ نەبــێ.

خــواش پشــتیوان بــێ، لــە کاتێکــدا دەگەینــە تەفســیری ســوورەتی (الجـن)، لەوێــدا باسێک لــە بــارەی جنــدەوە دەکەیــن، بۆیــە لێــرەدا هــەم لە هــۆی هاتنــە خوارەوەکەی دا، کــە دەگونجــێ وردەکاریــی زیاتــر بــاس بکــرێ و، هــەم لــە مانــای گشــتیی دا، کــە دوایــی دێینــە ســەری، بــە کورتیــی قســەمان لێکــردوەو قســەی لــێ دەکەیــن و، خــوا پشــتیوان بــێ کــە دەگەینــە تەفســیری ســوورەتی (الجـن)، وێــڕای باسێکی ســەربەخۆ لــە بــارەی جنــدەوە، لــە بــارەی چەمــک و واتــای ئــەم ئایەتانــەی ئێــرەو، چەمــک و واتــای ئایەتــەکانی ســوورەتی (الجن)یشــەوە، بــاس و خــواسی پێویســت دەکەیــن.

ماناى گشتيى ئايەتەكان

خـوا ﷻ لـە چـوار ئايـەتى يەكەمـدا، ئايەتـەكانى: (٢٩ - ٣٢)، بـاسى بابەتێـك دەكات، كـە بـۆ ئێمـەى مـرۆڤ، ئـەو بابەتـە دەچێتـە چوارچێـوەى جيهانـى پەنهـان و ناديـار (غيـب)ەوە، ئەويـش ئەوەيـە كـە خـوا ﷻ پێغەمبـەرى خاتـەم موحەممـەد ﷺ و لـە پشـت ئەويشـەوە ئوممەتەكـەى و، هـەر كەسـێك بيـەوێ ئـاگادار دەكاتەوە، كـە كاتى خـۆى كۆمەڵێـك لـە جنـدانى نـاردوون بـۆ خزمـەت پێغەمبـەر ﷺ كـە گـوێ لـە قورئـان بگـرن، ئنجـا دواى ئـەوەى ئامـادەى بـوون، بـێ دەنـگ بـوون و، دواى ئـەوەى قورئانەكەيـان گـوێ لێبـووە، گەڕاونـەوە بـۆ لاى خەڵكەكەيـان و هەواڵيـان پێـداون، كـە لـە دواى مووسـا عليه السلام گوێبيسـتى كتێبێـك بـوون، دابەزيـوە، كـە بـەرەو هـەق و ڕاسـتە ڕێ، خەڵـك ڕێنمايـى دەكات و، داوايـان لـە خەڵكەكەيـان كـردوە كـە بـە دەم بانگـەوازو پەيامـى خـواوە بچـن، ئەگـەر وابكـەن، خـوا لـە گوناهەكانيـان دەيانبـوورێ و، لـە سـزاو ئـازارى بـە ئێـشى دۆزەخ چەپاڵەيـان دەدات، بـەڵام هـەر كەسێ وا نـەكات، ئـەوە دەستەوسـانكەرى خـوا نيـە لـە زەويـداو، بێجگـە لـە خـواش سەرپەرشـتيارێكى نيـەو، ئەوانـە لـە گومڕاييـدان.

ئەمە چەمكى گشتيى ئەو چوار ئايەتەيە، كە خوا ﷻ دەفەرموێ:

﴿ وَإِذْ صَرَفْنَآ إِلَيْكَ نَفَرًا مِّنَ ٱلْجِنِّ ﴾، يـاد بكـەوە! كاتێـك كۆمەڵێـك لـە جندمـان بـۆ لاى تـۆ ڕەوانەكـردن، (نَفَـر) گوتوويانـە: لـە سـێ تاكـو دە (٣-١٠) و، هەندێـك گوتوويانـە: لـە سـێ تاكـو بيسـت (٣-٢٠)، هەروەهـا ڕاجيايـى ديكـەش هەيـە، گرنـگ ئەوەيـە ئەوانـە كۆمەڵێـك لـە جنـد بـوون، خـوا ﷻ وادارى كـردوون و واى لێكـردوون، بچـن بـۆ خزمـەت پێغەمبـەر ﷺ، ئنجـا وەك لـە هـۆى هاتنـە خوارەوەكەيـدا باسـمان كـرد، هەندێـك بەسـەرهات ئامـاژە بـەوە دەكـەن، ئـەو ڕووداوە ئـەو كاتـە بووبـێ كـە پێغەمبـەر ﷺ لـە تائيـف گەڕاوەتـەوە، هەندێكيـش دەڵێـن: نەخێـر، بەڵكـو پێشـتر

بووەو دەگونجێ لە سالانی سەرەتای پێغەمبەراتیی موحەممەددا ﷺ بووبێ، گرنگ ئەوەیە خوا ﷻ دەفەرموێ: کۆمەڵێک لە جندمان ناردن بۆ لای تۆ، ﴿ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقُرْءَانَ ﴾، بە گرنگیی پێدانەوە گوێیان لە قورئان دەگرت، ﴿ فَلَمَّا حَضَرُوهُ قَالُوٓاْ أَنصِتُواْ ﴾، کاتێک ئامادەی بوون، واتە: ئامادەی کۆڕو مەجلیسەکەی پێغەمبەر ﷺ بوون، ئەگەر کۆڕو مەجلیس بووبێ و، یاخود ئامادەی پێغەمبەربووبن ﷺ، لەو کاتەدا کە هەندێ دەڵێن: نوێژی کردوە، ئنجا نوێژی بەیانی بووە، یان نا؟ گرنگ ئەوەیە نوێژێکی دەنگ تێدا بەرز کراوە بووە، یاخود مەبەست پێی ئەوەیە ئامادەی قورئانخوێندنەکە بوون، ﴿ قَالُوٓاْ أَنصِتُواْ ﴾، لە نێو خۆیاندا بە یەکدییان گوت: بێ دەنگبن، کش و مات بن، ﴿ فَلَمَّا قُضِيَ وَلَّوْاْ إِلَىٰ قَوْمِهِم مُّنذِرِينَ ﴾، کاتێک تەواو بوو و بڕا، واتە: ئەو قورئانخوێندنەی پێغەمبەر ﷺ تەواو بوو، گەڕانەوە بۆ لای کۆمەڵەکەیان ئاگادارکەرەوانەوەو ورياکەرەوانەوە، گەڕانەوە بۆ لایان، تاکو بیانترسێنن و وریایان بکەنەوە.

﴿ قَالُواْ يَٰقَوْمَنَآ إِنَّا سَمِعْنَا كِتَٰبًا أُنزِلَ مِنۢ بَعْدِ مُوسَىٰ ﴾، گوتیان: ئەی خەڵکەکەمان! ئەی کۆمەڵەکەمان! ئێمە گوێبیستی کتێبێک بووین لە دوای مووسا ﵇ دابەزێنراوە، واتە: لە دوای کتێبەکەی مووسا (کە تەوڕاتە) دابەزێنراوە، ﴿ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ ﴾، بەڕاستدانەری ئەوەیە کە لە پێشدەستیەوە بووەو، هەرچی کتێبێک کە لە پێش ئەودا دابەزیوە، هەمووی بەڕاست دەزانێ، وەک ئەصڵەکەیان کە کتێب و فەرمایشتی خوان، ﴿ يَهْدِيٓ إِلَى ٱلْحَقِّ ﴾، بەرەو هەق و ڕاستیی و دادگەریی و چاکیی و حیکمەت، ڕێنمایی دەکات، ﴿ وَإِلَىٰ طَرِيقٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴾، هەروەها بەرەو ڕاستە شەقام، هەق وەک لایەنی تیۆریی و، ڕاستە ڕێ، وەک لایەنی جێبەجێکردن و بەرجەستەکردنی ئەو هەقە لەسەر ئەرزی واقیع، ئیسلام هەقێکە کە لە قورئاندا بەرجەستەیە، ڕاستە ڕێیەکیشە کە لە ڕێبازی پێغەمبەردا ﷺ بەرجەستەیە، ئەویش هەر قورئانەو پیادە کراوەو بەرجەستە کراوە، وەک زۆرجاران گوتوومانە.

﴿ يَٰقَوْمَنَآ أَجِيبُواْ دَاعِيَ ٱللَّهِ ﴾، ئـەی كۆمەڵەكەمـان! ئـەی خەڵكەكەمـان! وەڵامـی بانگـەوازكاری خـوا بدەنـەوە، واتـە: ئـەو كەسـەی خـوا ناردوویـەتی بـۆ بانگكـردنی خەڵـك، ئێـوە وەڵامـی بدەنـەوە، ﴿ وَءَامِنُواْ بِهِۦ ﴾، بـڕواشی پـێ بێنـن، سـەرەتا بـە دەنگیـەوە بچـن، پاشـان دوای ئـەوەی تێدەفكـرن و ڕادەمێنـن و لە پەیامەكـەی حاڵیی دەبـن، بـڕوای پـێ بێنـن، ﴿ يَغْفِرْ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمْ ﴾، لـە گوناهەكانتـان دەتانبـوورێ، ﴿ وَيُجِرْكُم مِّنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ ﴾، لـە ئازارێكـی بـە ئێشـیش چەپاڵـەو پەناتـان دەدات.

﴿ وَمَن لَّا يُجِبْ دَاعِيَ ٱللَّهِ ﴾، هـەر كەسـێكیش وەڵامـی بانگـەوازكاری خـوا نەداتـەوە، بانگەوازكارێـك كـە بـۆ لای خـوا، خەڵـك بانـگ دەكات، كـە موحەممـەدە ﷺ ﴿ فَلَيْسَ بِمُعْجِزٍ فِي ٱلْأَرْضِ ﴾، مسـۆگەر دەستەوسـانكەری خـوا نیـە لـە زەویـدا، یـانی: دەستەوسـانكەری خـوا نیـەو، لـە خـوا دەربـازو قوتـار نابـێ، ﴿ وَلَيْسَ لَهُۥ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءُ ﴾، هەروەهـا جگـە لـەو (جگـە لـە خـوا ﷻ) هیـچ سەرپەرشـتیاری نیـن، دۆسـت و پشـتیوان و مشـوورخۆری نیـن، ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ فِي ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴾، ئـا ئەوانـە، لـە گومڕاییەكـی ڕوون و ئاشـكرادان.

ئنجـا خـوا ﷻ لـە ئایـەتی دوای ئـەودا، ئایـەتی ژمـارە (٣٣)دا، بابەتێكـی دیكـە بـاس دەكات، كـە زۆرجـار لـە قورئانـدا باسـكراوە، ئەویـش بریتیـە لـەوە كـە خـوا ئاسـمانەكان و زەوی هێناونـە دی، بـێ ئـەوەی پێیانـەوە مانـدوو بـێ، ئنجا خوایـەك ئـەوە توانایەكـەی بـێ، توانایەكـەی بـێ سـنوورەو دەشـتوانێ مـردووان زینـدوو بكاتـەوە:

دەفەرمـوێ: ﴿ أَوَلَمْ يَرَوْاْ أَنَّ ٱللَّهَ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَلَمْ يَعْيَ بِخَلْقِهِنَّ بِقَٰدِرٍ عَلَىٰٓ أَن يُحْـِۧيَ ٱلْمَوْتَىٰ ﴾، ئایـا نەیانبینیـوە، واتـە: بـە چـاوی عەقـڵ و دڵ، زانایـان دەڵێـن: (**الرُؤْيَـةُ قَلْبِيَّـةٌ وَلَيْسـتْ بَصَرِيَّـة**)، چونكـە ئـەوە بـە چـاوی سـەر نابینـرێ، كـە خـوا بـە دروسـتكردنی ئاسـمانەكان و زەوییـەوە مانـدوو نەبـووە، یاخـود: یـانی: (**أَوَلَـمْ يَعْلَمُـوا؟ أَوَلَـمْ يُدْرِكُـوا؟**)، ئایـا نەیانزانیـوە؟ ئایـا دەركیـان نەكـردووەو نەیانفامیـوە؟ ﴿ أَنَّ ٱللَّهَ ٱلَّذِي

﴿خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ﴾، کە ئەو خوایەی ئاسمانەکان و زەوی هێناونە دی، ﴿وَلَمْ يَعْىَ بِخَلْقِهِنَّ﴾، ماندوو و شەکەتیش نەبووە، بە دروستکردنیانەوە، ﴿بِقَٰدِرٍ عَلَىٰٓ أَن يُحْـِۧىَ ٱلْمَوْتَىٰ﴾، (ئایا نازانن کە ئەو خوایە) توانادارە، لەسەر ئەوەی مردووان بژیەنێتەوە؟ ﴿بَلَىٰٓ﴾، با، (توانادارە)، ﴿إِنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ﴾، بە دڵنیایی ئەو لەسەر هەموو شتێک بە توانایە.

واتە: با هەر بۆ خۆیان ڕامێنن و تەماشا بکەن، مادام دان بە بوونی خوای بەدیهێنەرو پەروەردگاردا دێنن، نابێ مەسەلەی زیندووکرانەوەیان لێ عاسێ بێ، خوایەک بتوانێ ئەم گەردوونە، ئاوا بەو شێوەیە سیستماتیک و پڕ وردەکارییە بخوڵقێنێ، دەشتوانێ مردووانێک کە کاتێ خۆی ژیانی پێداون، زیندوویان بکاتەوەو، دووبارە ژیانیان پێ بداتەوە، وەک چۆن لەسەرەتاوە مردوو بوون و، ژیانی پێداون، دەتوانێ دووبارە ژیانیان پێ بداتەوە.

ئنجا لە ئایەتی ژمارە (٣٤)دا، بابەتێکی دیکەی سێیەم باس دەکات و دەفەرموێ: ﴿وَيَوْمَ يُعْرَضُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ عَلَى ٱلنَّارِ﴾، هەروەها ئەو ڕۆژە کە ئەوانەی بێبڕوان ڕادەنوێنرێن لەسەر ئاگر، ﴿أَلَيْسَ هَٰذَا بِٱلْحَقِّ﴾، (پێیان دەگوترێ:) ئایا ئەمە هەق و ڕاست نییە؟! ﴿قَالُوا۟ بَلَىٰ وَرَبِّنَا﴾، گوتیان: با، بە پەروەردگارمان (ڕاستە)، ﴿قَالَ فَذُوقُوا۟ ٱلْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ﴾، خوا ﷻ فەرمووی: کەواتە: ئازار بچێژن بە هۆی ئەوەوە کە بێبڕوابوون، (**تَكْفُرُون**) دەشگونجێ بە مانای سپڵەیی دەکەن، بێ، یانی: چونکە کوفرانتان دەکرد، بەڵام لەم ڕەوت (سیاق)ەدا باشتر دەگونجێ کە مەبەست ئەوە بێ، بە هۆی ئەوەوە کە ئێوە بێبڕابوون، بەڵام ئێستا دانی پێدا دێنن.

بەڵێ: (**كَفَرُوا**)ی یەکەم: ﴿وَيَوْمَ يُعْرَضُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾، دەگونجێ بە مانای ئەوە بێ: ئەوانە کە سپڵەو ناسوپاسن، هەروەها (**تَكْفُرُوا**)ی دووەمیش، دەگونجێ بە مانای سپڵەیی ناسوپاسیی بێ، بەڵام بەپێی سیاق زیاتر ئەوە دێتە بەرچاو مەبەست بێبڕوایی بێ، واتە: بێبڕوابوون بە ڕۆژی دوایی و بە سزاو پاداشتی خوا.

لێـرەدا کـە ئـەو پرسـیارەیان لـێ دەکـرێ: ﴿أَلَيْسَ هَٰذَا بِالْحَقِّ﴾، کـە ئـەوە گوتـراوی بێژەرێکـە، بـەڵام بێژەرەکـە بـاس نەکـراوە، ئنجـا یـان خوایـە ﷻ، یاخـود فریشـتەکانن، کـە ئـەو پرسـیارە دەکـەن، ئایـا ئەمـە هـەق و ڕاسـت نیـە؟ ﴿قَالُوا بَلَىٰ وَرَبِّنَا﴾، گوتیـان: بـا سـوێند بـە پەروەردگارمـان، سـوێندیشی لەسـەر دەخـۆن، بـۆ جەختکردنـەوەو زیاتـر دڵنیاکردنـەوەی بەرانبـەر، کـە ئێسـتا زۆر قەناعەتیـان هاتـوە، بـەڵام بـە داخـەوە کاتەکـەی گونجـاو نیـە!! ﴿قَالَ فَذُوقُوا الْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ﴾، (خـوا ﷻ یاخـود ئـەو بێـژەرە)، فەرمـووی: ئنجـا مـادام وایـە ئـازار بچێـژن بەهـۆی ئـەوەوە، کـە بێبڕوابـوون کاتی خـۆی، واتـە: لـە ژیـانی دنیـادا.

ئنجـا دێتـە سـەر بابـەتی چـوارەم و کۆتایـی لـە ئایـەتی ژمـارە (٣٥)دا: ﴿فَاصْبِرْ كَمَا صَبَرَ أُولُوا الْعَزْمِ مِنَ الرُّسُلِ﴾، ئـەم (ف)ە، بـۆ بادانـەوەو گێڕانەوەیـە، بـەڵام هـاوکات پەیوەستیشـە بـە چەنـد ڕستەیەکەوە لـە پێـش خۆیـدا، واتـە: مـادام کار بـەو شـێوەیە بـێ و، ئەوانـە ئـاوا کەللـەڕەق و عینـاد بـن و، دان بـەو پەیامـەی تـۆدا نەهێنـن، ﴿فَاصْبِرْ كَمَا صَبَرَ أُولُوا الْعَزْمِ مِنَ الرُّسُلِ﴾، خۆڕاگـر بـە، تـۆش وەک چـۆن خـاوەن عەزمـان لـە پێغەمبـەران خۆڕاگـر بـوون.

(عـزم) ویسـتێکی مەحکـەم و بڕیارێکـی پتـەو و لێبڕانێکـی باشـە، وەک پێشـتر لـە شـیکردنەوەی وشـەکاندا باسـمان کـرد، وشـەی **(عَـزْمٌ وعَزِيمَـةٌ)**: چەسـپاندنی دڵە لەسـەر جێبەجێکـرنی کارێـک و لێبـڕان بـۆ کارێـک و، ساغکردنەوەی دڵ لەسـەر ئەنجامـدانی کارێـک، ﴿فَاصْبِرْ كَمَا صَبَرَ أُولُوا الْعَزْمِ مِنَ الرُّسُلِ﴾، یـانی: ئـەو پێغەمبەرانـەی دڵـی خۆیـان چەسـپاندوە لەسـەر ئەنجامـدانی ئـەو ئەرکـەی خـوا پێـی سـپاردوون، تـۆش وەک ئـەوان خۆڕاگـر بـە، ﴿وَلَا تَسْتَعْجِل لَّهُمْ﴾، پەلەیـان بـۆ مەکـە، واتـە: پەلەیـان بـۆ مەکـە سـزایان بـۆ بـێ، سـزایەک کـە خـوا هەڕەشـەی پـێ لێکـردوون، ﴿كَأَنَّهُمْ يَوْمَ يَرَوْنَ مَا يُوعَدُونَ﴾، ئـەو ڕۆژەی ئـەوەی بەڵێنیـان پێـدراوە، یـان هەڕەشـەیان پـێ لێکـراوە، دەیبینـن، وەک ئـەوە وایـە، ﴿لَمْ يَلْبَثُوا إِلَّا سَاعَةً مِّن نَّهَارٍ﴾، کـە تەنیـا کاتێکـی کـەم لـە ڕۆژێـدا مابنـەوە، ﴿بَلَاغٌ﴾، ئەمـە گەیانـدنی پەیامـە، یـان ئەمـە

کۆتایی ڕاگەیاندنی ئەو پەیامەیە، یان ئەمە بەس و تەواوە، چونکە (بَلَاغ) بە هەر سێ واتایەکە دێ: أ- بە مانای گەیاندن دێ و، ب- بە مانای کۆتایی دێ و، ج- بە مانای تەواویی دێ، ﴿فَهَلْ يُهْلَكُ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْفَـٰسِقُونَ﴾، ئایا جگە لە کۆمەڵی لادەران کەسی دیکە دەفەوتێ؟ بەس ئەوانە دەفەوتێن کە لە ڕاستە ڕێ لادەدەن، هەروەک چۆن کەسێک کە لە ڕێی ڕاست لادەداو، تووشی کوێرە ڕێ و ڕێچکان دەبێ، یاخود سەیارەیەک کە لە ڕاستە شەقام لادەدات، دەکەوێتە نێو کەندەڵان و هەڵدێر، بە هەمان شێوەش: تەنیا ئەوانە دەفەوتێن کە لە ڕاستە شەقامی خوا لادەدەن.

پێشتریش ئاماژەمان بەوەدا کە زۆربەی هەرە زۆری توێژەرەوان، وەک دواییش باسی دەکەین، ﴿أُوْلُواْ ٱلْعَزْمِ مِنَ ٱلرُّسُلِ﴾، یان بە ژمارەیەکی دیاریکراو لە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) لێکداونەوە، کە هەندێکیان گوتوویانە: ئەو پێنجەن: (نووح و ئیبراهیم و مووسا و عیسا و موحەممەد)، واتە: ئەی موحەممەد! ﷺ تۆش وەک ئەو چوارە خاوەن عەزیمەت و ویستی پتەو مەحکەم بە، هەروەها هەندێکیان گوتوویانە: حەوتن و، هەندێکیان گوتوویانە: دەن و، هەندێکیان گوتوویانە: زیاتر یان کەمترن.

بەڵام بە بۆچوونی بەندە هەموو پێغەمبەران، خاوەنی عەزیمەت و ویستێکی مەحکەم بوون، لە مەسەلە گرنگەکانیشدا زیاتر تیشک دەخەینە سەر ئەوەی خوا ﷻ بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿فَٱصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ وَلَا تَكُن كَصَاحِبِ ٱلْحُوتِ إِذْ نَادَىٰ وَهُوَ مَكْظُومٌ ﴿٤٨﴾﴾ القلم، بۆ حوکمی پەروەردگارت خۆت ڕابگرەو، وەک خاوەنی ماسییەکە مەبە، واتە: وەک یونوس مەبە، هەروەها کە خوا ﷻ لە بارەی ئادەمەوە دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ عَهِدْنَآ إِلَىٰٓ ءَادَمَ مِن قَبْلُ فَنَسِىَ وَلَمْ نَجِدْ لَهُۥ عَزْمًا ﴿١١٥﴾﴾ طه، بە دڵنیایی ئادەممان ڕاسپارد لەمەو پێش، کەچی لە بیری چوو و عەزممان پێوە نەبینی، لەوێدا وەڵامی ئەوە دەدەینەوە، کە مەبەست پێیان چییە؟

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

خوا (عز وجل) ژمارەیەک جندی ڕەوانەی لای پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ کردوون، بۆ گوێگرتن لە قورئان و، پاش گوێ هەڵخستن و وەرگرتنی قورئان، گەڕاونەوە لای خەڵکەکەیان و، بانگەوازیان کردوون بۆ لای قورئان و ئیسلام و، موژدەشیان بە وەڵامدەرەوانی بانگەوازکاری لای خوا داوە، بە لێبووردران و چەپاڵەدران لە سزای بە ئێش، بە پێچەوانەوەشەوە: سەرپێچیکاران لە سزای خوا قوتار نابن و، لە گومڕاییش دان:

خوا ﷻ دەفەرمویٚ: ﴿وَإِذۡ صَرَفۡنَآ إِلَيۡكَ نَفَرٗا مِّنَ ٱلۡجِنِّ يَسۡتَمِعُونَ ٱلۡقُرۡءَانَ فَلَمَّا
حَضَرُوهُ قَالُوٓاْ أَنصِتُواْۖ فَلَمَّا قُضِيَ وَلَّوۡاْ إِلَىٰ قَوۡمِهِم مُّنذِرِينَ ٢٩ قَالُواْ يَٰقَوۡمَنَآ إِنَّا سَمِعۡنَا
كِتَٰبًا أُنزِلَ مِنۢ بَعۡدِ مُوسَىٰ مُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ يَهۡدِيٓ إِلَى ٱلۡحَقِّ وَإِلَىٰ طَرِيقٖ مُّسۡتَقِيمٖ
٣٠ يَٰقَوۡمَنَآ أَجِيبُواْ دَاعِيَ ٱللَّهِ وَءَامِنُواْ بِهِۦ يَغۡفِرۡ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمۡ وَيُجِرۡكُم مِّنۡ عَذَابٍ أَلِيمٖ
٣١ وَمَن لَّا يُجِبۡ دَاعِيَ ٱللَّهِ فَلَيۡسَ بِمُعۡجِزٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَيۡسَ لَهُۥ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءُۚ أُوْلَٰٓئِكَ فِي
ضَلَٰلٖ مُّبِينٍ ٣٢﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شازدە بڕگەدا:

١)- ﴿وَإِذۡ صَرَفۡنَآ إِلَيۡكَ نَفَرٗا مِّنَ ٱلۡجِنِّ﴾، هەروەها یاد بکەوە کە کۆمەڵێک لە جندمان بۆ لات ناردن، (**إِذْ**) بۆ (**ظَرْف**)ە، کاتێک کە شتێک تێیدا ڕوویداوە لە ڕابردوودا، (**العَامِلُ فِي الظَّرْفِ مُقَدَّرٌ: وَاذْكُرْ إِذْ صَرَفْنَا**)، کاریگەر لە (ظرف)دا ئەندازەگیریی کراوە، یاد بکەوە! کاتێک کە ناردمانە لات، (**صَرْف**) بە مانای ناردن و ڕەوانە کردنە، ﴿نَفَرٗا مِّنَ ٱلۡجِنِّ﴾، (**نفر**) وەک گوتمان، ژمارەیەکە، لە بیست کەمتر بێ، یاخود زیاتر بێ، یاخود لە دە کەمتر

بێ، لەو بارەوە زانایان مشت و مڕیان هەیە، ﴿صَرَفۡنَآ إِلَيۡكَ نَفَرٗا مِّنَ ٱلۡجِنِّ﴾، (أي: وَجَّهْنَا إِلَيْكَ نَفَراً مِنَ الجِنِّ، وَبَعَثْنَاهُمْ إِلَيْك)، واتە: کۆمەڵێک لە جندمان ناردن بۆ لای تۆ و، ڕەوانەی لای تۆمان کردن.

٢)- ﴿يَسۡتَمِعُونَ ٱلۡقُرۡءَانَ﴾، بە گرنگیی پێدانەوە گوێیان بۆ قورئان گرتبوو، بە کوردیی پێی دەڵێن: گوێ هەڵخستن، ئنجا: ﴿يَسۡتَمِعُونَ ٱلۡقُرۡءَانَ﴾، (فِي مَحَلِّ نَصبٍ صِفَةٌ ثَانِيَةٌ لِنَفَراً أَو حَالٌ)، (يَسۡتَمِعُونَ ٱلۡقُرۡءَانَ) لە شوێنی (نصب)دایەو دەگونجێ سیفەتی دووەم بێ بۆ ﴿نَفَرٗا مِّنَ ٱلۡجِنِّ﴾، یاخود حاڵ بێ، یانی: حاڵێکدا کە بە گرنگیی پێدانەوە، گوێیان هەڵخستبوو.

٣)- ﴿فَلَمَّا حَضَرُوهُ قَالُوٓاْ أَنصِتُواْ﴾، کاتێک ئامادەی بوون، گوتیان: کش و مات بن، (حَضَرُوهُ: أي حَضَرُوا قَارِئَ القُرْآنِ)، ئامادەی خوێنەرەوەی قورئان بوون، یاخود ئامادەی خودی قورئانەکە بوون، لە کاتێکدا دەخوێنرایەوە، واتە: ئامادەی قورئان خوێندنەکە بوون، ﴿قَالُوٓاْ أَنصِتُواْ﴾، لە نێوان خۆیاندا بە یەکدییان گوت: کش و مات بن، (إنْصَات) بریتیە: لە بێ دەنگییەک کە گوێگرتنی تێدابێ، واتە: بۆیە بێ دەنگ دەبین، تاکو چاک گوێی لێ بگرین، (الطبري) ئەم ئایەتە قورئانییە، یاخود ئەم چەند ڕستەیەی، ئاوا لێکداونەوە لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1]، دەڵێ:

(يَقُولُ تَعَالَى ذِكْرُهُ مُقَرِّعَاً كُفَّارَ قُرَيْشٍ بِكُفْرِهِمْ بِمَا آمَنَتْ بِهِ الجِنُّ {وَإِن صَرَفْنَا إِلَيْكَ} يَا مُحَمَّد ﴿نَفَرٗا مِّنَ ٱلۡجِنِّ يَسۡتَمِعُونَ ٱلۡقُرۡءَانَ﴾، ذُكِرَ أَنَّهُمْ صُرِفُوا إِلَى رَسُول اللّه ﷺ بِالْحَادِثِ الَّذِي حَدَثَ مِنْ رَجْمِهِمْ بِالشُّهُبِ، عَنْ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ، قَالَ: «لَمَّا بُعِثَ النَّبِيُّ ﷺ حُرِسَتِ السَّمَاءُ، فَقَالَ الشَّيْطَانُ: مَا حُرِسَتْ إِلَّا لِأَمْرٍ قَدْ حَدَثَ فِي الْأَرْضِ، فَبَعَثَ سَرَايَاهُ فِي الْأَرْضِ، فَوَجَدُوا النَّبِيَّ ﷺ قَائِمًا يُصَلِّي صَلَاةَ الْفَجْرِ بِأَصْحَابِهِ بِنَخْلَةَ، وَهُوَ يَقْرَأُ، فَاسْتَمَعُوا حَتَّى إِذَا فَرَغَ: ﴿وَلَّوۡاْ إِلَىٰ قَوۡمِهِم مُّنذِرِينَ﴾الأحقاف، إِلَى قَوْلِهِ: ﴿مُّسۡتَقِيمٖ ﴿٣٠﴾﴾الأحقاف)[2].

---

(١) جامع البيان، ج٢٦، ص٣١.

(٢) جامع البيان: ٣١٣٧٧.

دەڵێ: خوا ناوی هەر بەرزە، دەفەرمووێ: وەک سەر کۆنەکردنی کافرەکانی قورەیش بەهۆی بێبڕواییانەوە، بەوە سەرکۆنەیان دەکات کە چەند بڕوایان پێ هێناوە، دەفەرمووێ: یاد بکەوە! کاتێک کۆمەڵێک لە جندمان ناردنە لای تۆ (ئەی موحەممەد! ﷺ) کۆمەڵێک لە جند گوێیان بۆ قورئان گرتبوو، بە گرنگییە پێدانەوە، باسکراوە کە بۆیە نێردراون بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ، بەهۆی ئەو ڕووداوەوە کە ڕوویداوە، ئەویش بریتی بووە لەوەی کاتێ ویستوویانە گوێ بگرن لە قسەی فریشتان، وەک جاران، تیر باران و بڵێسە باران کراون، سەعیدی کوڕی جوبەیر خوا لێی ڕازی بێ (کە یەکێکە لە زانایانی تابیعین) دەڵێ: کاتێک پێغەمبەر ﷺ ڕەوانە کرا، ئاسمان پاسەوانیی کرا، (یان پاسەوانییەکەی توندتر کرا، وەک لە ئایەتەکەدا ئاماژەی پێکراوە)، شەیتان گوتی: ئاسمان ئێشکچییەتیی تێدا دانەنراوە، مەگەر لەبەر ڕووداوێک کە لە زەویدا ڕوویداوە، ئنجا سەربازەکانی خۆی ناردن، بە زەویدا بگەڕێن، سەرەنجام پێغەمبەریان بینی ﷺ نوێژی بەیانی بە هاوەڵانی دەکرد لە نەخلە، لەو کاتەدا قورئانی دەخوێند، ئەوانیش گوێیان بۆ گرت، تاکو تەواو بوو، کاتێک تەواو بوو، گەڕانەوە بۆ لای خەڵکەکەیان ترسێنەرانەو ئاگادارکەرەوانە، ئایەتەکان تاکو دەگاتە: ﴿ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٣٠﴾ ﴾الأحقاف، ئەم ئایەتانە بەو بۆنەیەوە هاتوونە خوار.

ئایەتەکە دەفەرمووێ:

٤)- ﴿ فَلَمَّا قُضِيَ ﴾، کاتێک تەواو کرا، هەروەها خوێندراویشەتەوە: **(فَلَمَّا قَضَى)**، کاتێک پێغەمبەر ﷺ قورئانخوێندنەکەی تەواو کرد، ئەگەر بفەرمووێ: **(قُضِيَ)** واتە: خوێندنەوەکەی قورئان تەواو بوو.

٥)- ﴿ وَلَّوْاْ إِلَىٰ قَوْمِهِم مُّنذِرِينَ ﴾، گەڕانەوە بۆ لای کۆمەڵەکەیان ئاگادارکەرەوانە، **(وَلَّوْا: انْصَرَفُوا مِنْ مَكَانِ الإِسْتِمَاعِ وَرَجَعُوا إِلَى مَكَانِهِمْ)**، لەو شوێنەی گوێیان لێ هەڵخستبوو، گەڕانەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتبوون.

ئنجا ئـەوە کـە لـە نێـو خۆیانـدا گوتوویانـە: **(أَنْصِتُـوا)**: **(إنصـات)** یـانی: بـێ دەنگییـەک بـە مەبەسـتی چـاک حاڵیـی بـوون، وەک لـەو فەرمایشـتەدا هاتـوە کـە بـاسی حەجـی ماڵئاوایـی **(حَجَّـةُ الـوِدَاع)** پێغەمبـەر دەکات ﷺ لـە جابیـری کـوڕی عەبدوڵـڵاوە گێردراوەتـەوە کـە پێغەمبـەر ﷺ پێـی فەرمـووە: {**إِسْـتَنْصِتِ النَّـاسَ**} **(أخرجـه البخـاري: ١٢١، ومسـلم: ١١٨)**، واتـە: خەڵـک بـێ دەنـگ بکـە، وایـان لـێ بکـە بـێ دەنـگ و کـش و مـات بـن، بـۆ ئـەوەی بـاش گوێبیسـتی قسـەکان بـن.

ئنجا ئەوانە کە گەڕانەوە بۆ لای خەڵکەکەیان:

٦)- ﴿ قَالُواْ يَٰقَوْمَنَآ إِنَّا سَمِعْنَا كِتَٰبًا أُنزِلَ مِنۢ بَعْدِ مُوسَىٰ ﴾، گوتیان: ئەی خەڵکەکەمان! ئەی کۆمەڵەکەمان! ئێمە گوێبیستی کتێبێک بووین، کە لە دوای مووسا عليه السلام دابەزێنراوە، هەڵبەتە ئەمە مانای ئەو قسانەیە کە جند کردوویانن، ئنجا ئایا بە چ زمانێک دواون و، خەڵکی چ شوێنێک بوون، کامیان بووە قسەی کردوە؟ دیار نیە، گرنگ ئەوەیە ماناکەی ئەوە بووە، گوتوویانە: ئێمە گوێبیستی کتێبێک بووین، کە دوای مووسا دابەزێنراوە.

بۆچـی بـاسی کتێبەکـەی مووسـا کـراوە؟ چونکـە کتێبەکـەی مووسـا عليه السلام، زانایـان دەڵێـن: دوایەمیـن کتێـب و پەیامـی خـوا بـووە، کـە یاسـاکانی تێدابـوون، چونکـە کتێبـەکانی دیکـەی کـە بـۆ پێغەمبـەرانی بەنـوو ئیسـرائیل هاتـوون، هـەر لـە داوود و سـولەیمانەوە بگـرە، تاکـو دەگاتـە زەکەرییـاو یەحیـاو عیسـا **(عَلَيْهِـمُ الصَّـلاةُ وَالسَّـلام)** لـە پەراوێـزی تـەورات دابـوون و هەموویـان شـوێنکەوتووی تـەورات بـوون، بەڵـێ خـوا زەبـووری بـە داوود داوەو، ئینجیـلی بـە عیسـا داوە **(عَلَيْهِـمُ الصَّـلاةُ وَالسَّـلام)**، بـەڵام هەردووکیـان بـە ڕاسـتدانەری تـەورات بـوون و، شـوێنکەوتووی تـەورات بـوون، بێگومـان هەنـدێ شـتی تایبەتیـان بـۆ هاتـوە، کـە ئەویـش هـەر ڕوونکردنـەوەی هەنـدێ شـت بـووە کـە لـە تەوراتـدا بـووە، یـان ڕاسـتکردنەوەی هەنـدێ شـت بـووە کـە لـە تەوراتـدا دەسـتکاریی کـراوە.

٧)- ﴿مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ﴾، بەڕاستدانەری ئەوەیە، کە لە پێش دەستیەوەیەتی، ئەو کتێبە کە قورئانە، هەموو کتێبەکانی پێش خۆی - وەک ئەسڵەکەیان --- بە ڕاست دەزانێ.

٨)- ﴿يَهْدِيٓ إِلَى ٱلْحَقِّ﴾، ڕێنمایی خەڵک دەکات بۆ هەق، (يَهْدِي) واتە: (يَهْدِي النَّاس) خەڵک ڕێنمایی دەکات بەرەو هەق، لێرەدا هەق دەگونجێ مەبەست پێی بوونناسیی و ئیمان و عەقیدەبێ.

٩)- ﴿وَإِلَىٰ طَرِيقٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾، هەروەها ڕێنماییان دەکات بۆ ڕاستە ڕێ، دەگونجێ ئەمەش مەبەست پێی پابەندیی و کردەوەی باش بێ، واتە: خەڵک ڕێنمایی دەکات، هەم هەق بناسن و بزانن، هەم بەو هەقەشەوە پابەندبن، کە لە ڕاستە شەقامی خوادا بەرجەستە دەبێ، کە پێغەمبەر ﷺ لە دوو توێی ڕێبازو سوننەتەکەی خۆیدا بەرجەستەی کردوە، کەواتە: ئیسلام تەنیا بەرنامەیەکی تیۆریی و فیکریی نیە، بەڵکو هاوکات لەگەڵ ئەوەدا، جێبەجێکردنێکی کردەییشە لەسەر ئەرزی واقیع.

١٠)- ﴿يَٰقَوْمَنَآ أَجِيبُوا۟ دَاعِيَ ٱللَّهِ وَءَامِنُوا۟ بِهِۦ﴾، ئەی خەڵکەکەمان! ئەی کۆمەڵەکەمان! وەڵامی بانگەوازکاری خوا بدەنەوەو بڕواشی پێبێنن، (دَاعِيَ الله) بانگەوازکاری خوا، دەگونجێ مەبەست پێی قورئان بێ، دەشگونجێ مەبەست پێی پێغەمبەر بێ، وەڵامی بدەنەوەو بڕوای پێ بێنن، بۆچی؟

١١)- ﴿يَغْفِرْ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمْ﴾، لە گوناهەکانتان دەتانبوورێ.

ئەگەر پیتی (مِنْ) زیاد کراو بێ بۆ جەختکردنەوە، واتە: لە هەموو گوناهەکانتان دەتانبوورێ، بەڵام ئەگەر (مِن تَبْعِيضِيَّة) بێ و بۆ هەندێک بێ، واتە: لە هەندێک لە گوناهەکانتان دەتانبوورێ، بەڵام ڕەنگە لە هەموو گوناهەکان تەنیا بە ئیمان هێنان نەبوردرێن، بەڵکو پێویستییان بە تەوبە کردن بێ، یاخود پێویستییان بە ڕەتکردنەوەی مافەکان بێ بۆ خاوەن مافەکان، بۆیە لە (مِنْ)ی خراوەتە سەر.

١٢)- ﴿ وَيُجِرْكُم مِّنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ ﴾، پەناشتان دەداو دەتانپارێزێ لە ئازارێکی بە ئێش، کە مەبەست پێی ئازارو سزای دۆزخە، لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ وَيُجِرْكُم مِّنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ ﴾، ئەم (مِنْ)ەش، تەنیا بۆ ئەوەیە (يُجِرْكُمْ) بەرکاری پێ بخوازێ، بۆ (تَعْدِية)يە، دەگوترێ: (أَجَارَهُ مِنْ ظُلْمِ فُلَان: مَنَعَهُ وَأَبْعَدَهُ)، واتە: پەنای داو، دووری خستەوە لەوەی فلانکەس ستەمی لێ بکات.

١٣)- ﴿ وَمَن لَّا يُجِبْ دَاعِيَ ٱللَّهِ ﴾، هەر کەسێکیش وەڵامی بانگەوازکاری خوا نەداتەوە، ئەگەر قورئانە، ئەگەر موحەممەدە ﷺ، کە هەردووکیان بۆ لای خوا خەڵکیان بانگ کردوە.

١٤)- ﴿ فَلَيْسَ بِمُعْجِزٍ فِي ٱلْأَرْضِ ﴾، دەستەوسانکەر نیە لە زەویدا، واتە: دەستەوسانکەری خوا نیە، کە لە سزاو جەزرەبەی دەرباز بێ و ڕابکات و، خوا دەستی پێرانەگات، بۆیەش دەفەرموێ: (فِي الْأَرْض) بۆ ئەوەی هەموو گۆشەو کەنارەکانی زەوی بگرێتەوە، بە هەر لایەکدا بچێ، دەستەوسانکەری خوا نیە و، لە چنگی خواو لە دەسەڵاتی قوتار نابێ.

١٥)- ﴿ وَلَيْسَ لَهُۥ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءُ ﴾، جگە لەویش هیچ دۆست و سەرپەرشتیاری نین، هیچ پشتیوان و مشوورخۆری نین.

١٦)- ﴿ أُوْلَـٰٓئِكَ فِي ضَلَـٰلٍ مُّبِينٍ ﴾، ئا ئەوانە لە گومڕاییەکی ئاشکرادان، واتە: نغرۆبوون لە گومڕایی دا.

لێرەدا (القرطبي) قسەیەک دەکات لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1] دەڵێ:

(هَـذِهِ الْآيَـةُ تَـدُلُّ عَـلَى أَنَّ الْجِـنَّ كَالْإِنْـسِ فِي الْأَمْـرِ وَالنَّهْـيِ وَالثَّـوَابِ وَالْعِقَـابِ، وَقَـالَ الْحَسَـنُ: لَيْـسَ لِمُؤْمِنِـي الْجِـنِّ ثَـوَابٌ غَـيْرَ نَجَاتِهِـمْ مِـنَ النَّـارِ، يَـدُلُّ عَلَيْـهِ قَوْلُـهُ تَعَـالَى: ﴿ يَغْفِرْ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمْ وَيُجِرْكُم مِّنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٣١﴾ ﴾، وَبِـهِ قَـالَ أَبُـو حَنِيفَـةَ قَـالَ: لَيْـسَ ثَـوَابُ الْجِـنِّ إِلَّا أَنْ يُجَـارُوا مِـنَ النَّـارِ، ثُـمَّ يُقَـالُ لَهُـمْ: كُونُـوا تُرَابـاً مِثْـلَ الْبَهَائِـم. وَقَـالَ آخَـرُونَ: إِنَّهُـمْ كـما يعاقبـون فِي الْإِسَـاءَةِ، يُجَـازَوْنَ فِي الْإِحْسَـانِ مِثْـلُ الْإِنْـسِ).

---

(١) الجامع لأحكام القرآن: ج٢٦، ص١٧٠.

واتـە: ئـەم ئایەتـە بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوە کـە جندیـش وەک مرۆڤـان، لـە فەرمـان پێکـران و قەدەغەکـران و پاداشـت و سـزادا، یەکسـانن.

بـەڵام حەسـەنی بەصرایـی لێـی گێردراوەتـەوە کـە گوتوویـەتی: جنـد پاداشـتیان نیـە، ئـەوە نەبـێ کـە لـە ئاگـر چەپاڵـە دەدرێـن، چونکـە خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿يَغْفِرْ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمْ وَيُجِرْكُم مِّنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٣١﴾﴾ **الأحقاف**، لـە گوناهەکانتـان دەتانبـوورێ و لـە ئازارێکـی بـە ئێشـیش پەناتـان دەدات.

ئەبـوو حەنیفـەش هـەروای گوتـوەو گوتوویـەتی: جنـد (واتـە: جنـدە بـڕوادارەکان) پاداشـتیان نیـە، مەگـەر ئـەوە کـە لـە ئاگـر چەپاڵەبدرێـن و بپارێزرێـن، دوایـی پێیـان دەگوتـرێ: ببنـەوە گڵ و دەبنـەوە گڵ، وەک ئـاژەڵان.

بـەڵام ئەوانـەی دیکـە، گوتوویانـە: نەخێـر جندیـش وەک مرۆڤـان وەک چـۆن لەسـەر خراپـە سـزادەدرێن، لەسـەر چاکـەش پاداشـت دەدرێنـەوە.

منیش دەڵێم: بە دڵنیایی ڕای دووەمیان ڕاستە.

لێـرەش دا تەنیـا بەوەنـدە قسـە نەقڵکردنـەی (**القرطبي**) لـەو بابەتـە دەگەڕێـم، چونکـە خـوا پشـتیوان بـێ، کاتێـک دەگەینـە تەفسـیری سـوورەتی (**الجـن**) لـەوێ قسـەی تێـرو تەسـەل لـەو بـارەوە دەکەیـن، هەروەهـا لـە تەفسـیری (الرحمن)یـش دا، کـە خـوای بـەرز سی و یـەک (٣١) جـار جنـدو مرۆڤـی بـە تەعبیـری: ﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ! ﴾ دوانـدوون، کـە شـازدە (١٦) یـان لەبـارەی بەهەشـتەکانی خـواوەن کـە دەیانچنەتـێ!

مەسەلەی دووەم:

دروستکردنی خوا بۆ گەردوون، بەبێ ماندوو و شەکەتبوونی، بەڵگەی توانایی‌ەتی لەسەر زیندوو کردنەوەی مردووان:

خوا دەفەرمویّ: ﴿ أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّ اللَّهَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَلَمْ يَعْيَ بِخَلْقِهِنَّ بِقَادِرٍ عَلَىٰ أَن يُحْيِيَ الْمَوْتَىٰ ۚ بَلَىٰ إِنَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿٣٣﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿ أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّ اللَّهَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَلَمْ يَعْيَ بِخَلْقِهِنَّ ﴾، ئایا نەیانبینیوە، ئەو خوایەی ئاسمانەکان و زەوی هێناونە دی و، بە دروستکردنیشیانەوە ماندوو و شەکەت نەبووە.

بێگومان پرسیارکردنەکە بۆ نکووڵیلێکردنەو، مەبەست لە (دیتن) زانیاریی و، بینینی عەقڵیی و دڵییە، نەک بینینی چاو، بەڵام بۆیە خوا ﷻ وشەی (يَـرَوْا) بەکاردێنێ و نافەرمویّ: (أَوَلَـمْ يَعْلَمُـوا) لەبەر ئەوەی ئەو ڕاستییە هێندە بەرجەستەو نمایانە، وەک شتێک بە چاوی سەر تەماشای بکەی، ئاوا دیارە، هەم لێرەداو هەم لە شوێنەکانی دیکەش دا، کە خوا ﷻ لە جیاتی زانین (عِلْم)، دیتن (رُؤْيَـة) بەکاردێنێ، لەبەر ئەوەیە کە ئەو شتە ئەوەندە بەرچاوەو ئەوەندە دیارو نمایانە، وەک شتێک کە بەچاوی سەر تەماشای دەکەی، ئاوا زەق و بەرچاوە، خوا ﷻ دەفەرمویّ: ئایا نەیانزانیوە و نازانن کە ئەو خوایەی ئاسمانەکان و زەوی هێناونە دی و پێشیانەوە ماندوو نەبووە...

﴿ وَلَمْ يَعْيَ ﴾، خوێنراویشەتەوە: (وَلَـمْ يَعِـي)، (العَـيُّ: التَّعْـبُ وَعَجْـزُ الحِيْلَـةِ)، (عَـيّ) بریتیەلە: ماندوو بوون و شەکەتیی و، پێبڕان و داماویی، خوا ﷻ لە بەرانبەر دروستکرانی ئاسمانەکان و زەویدا، نە پێیانەوە ماندوو بووەو، نە داماوە کە نەتوانێ دروستیان بکات، ئنجا خوایەک ئاوا بێ، ئایا نازانن:

٢)- ﴿ بِقَـٰدِرٍ عَلَىٰٓ أَن يُحۡـِۧيَ ٱلۡمَوۡتَىٰ ﴾، كە تواناداره لەسەر ئەوەی مردووان بژێنێتەوە؟!، (بِقَادِرٍ): خوێندراویشەتەوە: (وَيَقْدِرُ عَلَى أَنْ يُحِيَ الْمَوْتَى)، دەتوانێ كە مردووانیش بژێنێتەوە.

٣)- ﴿ بَلَىٰٓۚ إِنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ﴾، با، بە دڵنیایی ئەو لەسەر هەموو شتێک بە توانایە.

جێی سەرنج ئەوەیە كە خوا ﷻ بۆ ژیاندنەوەی مردووان، وشەی (قَادِر)ی بەكارهێناوە، بەڵام دوایی بۆ هەموو شتێک (كُلُّ شَيْءٍ) (قَدِير)ی بەكارهێناوە، واتە: (قَادِر عَلَى إحياء المَوْتَى، وَقَدِيرٌ عَلَى كُلِّ شَيء)، چونكە (قَادِر) واتە: توانادار، بەڵام (قَدِير)، ڕێژگەی زێدەڕۆییە واتە: زۆر توانادار، ئنجا زیندوو كردنەوەی مردووان بە نسبەت خوای پەروەردگارەوە، خوا لەسەری توانایە، بەڵام بۆیە دەفەرموێ: ﴿ بَلَىٰٓۚ إِنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ﴾، با، ئەو لەسەر هەموو شتێک توانایە، دیارە هەموو شتێک بە قیاس و پێوانەی ئێمە، پێویستیی بە توانای زیاتر دەكات، چونكە هەموو شتێک، هەم زیندوو كردنەوەی مردووان دەگرێتەوە، هەم جگە لە ئەوەش دەگرێتەوە، بۆیە بۆ هی یەكەم سیفەتی (قَادِر)ی بەكارهێناوە، بەڵام بۆ هی دووەمیان (قَدِير)ی بەكارهێناوە.

وشەی (بَلَى) وەڵامی لابردن (نفي)ی یەكەمە: ﴿ أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ أَنَّ ٱللَّهَ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَلَمۡ يَعۡيَ بِخَلۡقِهِنَّ بِقَٰدِرٍ عَلَىٰٓ أَن يُحۡـِۧيَ ٱلۡمَوۡتَىٰ ﴾؟، ئایا نازانن كە خوا بە توانایە؟ لە كوردییدا (بَلَى) دەبێتەوە: با، ئەگەر بگوترێ: بەڵێ، یانی: بەڵێ بە توانا نیە، كە لە هەندێک لە تەفسیرە كوردییەكاندا ئەو جۆرە هەڵانە كراون، بەڵام (نَعم) یانی: بەڵێ، ئنجا تۆ لە جێی بەڵێ، بڵێی: با، یان لە جێی با، بڵێی: بەڵێ، مانایەكەی پێچەوانە دەبێتەوە، بۆ وێنە: ئەگەر بگوترێ: ئایا ئەو خواردنەت پێ خۆش نیە؟ ئەگەر بڵێی: بەڵێ، واتە: پێم خۆش نیە، بەڵام ئەگەر بڵێی: با، واتە: پێم خۆشە، (بلى) با، وەڵامی شتێكی لابراوە.

(يَعي) لە (عَيَ) لەسەر كێشی (رَضِيَ) و (عَيَّ)، (عَيَ بِالأَمْرِ وَعَيَّ، وَتَعَايَا، وَاسْتَعيَا، وَتَعَيَّا)، واتە: چ بڵێی: (عَيَّ) چ بڵێی: (عَيَ) بەبێ گیره، چ بڵێی (تَعَايَا)، چ بڵێی

(**اسْـتَعِيَا**)، چ بڵێیـی: (**تَعَيّـا**)، هەموویـان بـە مانـای: (نەیتـوانی ئامانـج بێنێـتە دی)، یاخـود (لـە بەرانبەریـدا دەسـتە پاچـە بـوو)، یاخـود (نەیتـوانی پتـەوو قایمـی بـكات) دێـن.

مەسەلەی سێیەم:

ئەو ڕۆژە کە بێبڕوایان لەسەر ئاگر ڕادەنوێنرێن و پرسیاریان لێ دەکرێ، لە بارەی ڕاستیی سزای خواوەو، جگە لە دان پێداهێنان چارەیەکی دیکەیان نیە:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَيَوْمَ يُعْرَضُ الَّذِينَ كَفَرُوا عَلَى النَّارِ أَلَيْسَ هَذَا بِالْحَقِّ قَالُوا بَلَى وَرَبِّنَا قَالَ فَذُوقُوا الْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ ﴿٣٤﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿ وَيَوْمَ يُعْرَضُ الَّذِينَ كَفَرُوا عَلَى النَّارِ ﴾، ئەو ڕۆژەی ئەوانە بێبڕوابوون لەسەر ئاگر ڕادەنوێنرێن، واتە، دەیانهێنینە سوێی ئاگری دۆزەخ و پێشانیان دەدەین، هەندێک لە ڕوونکەرەوان گوتوویانە: (**هَذَا مِنَ المَقْلُوب**)، واتە: ئاگرەکە پێشانی ئەوان دەدەین، ئاگرەکە بۆ وان ڕادەنوێنین، بەڵام دەشگونجێ ئەوانیش ڕابنوێنرێن و بهێنرێنە سوێی ئاگرەکە، (**عَرْض**) بە مانای ڕانواندن و پێشاندانە، (**مَعْرِض**) ئەو شوێنەیە کە شتی لێ ڕادەنوێنرێن، بە کوردیی دەگوترێ: پێشانگا ئەو شوێنەی خەڵک شتی لێ پێشان دەدات.

٢)- ﴿ أَلَيْسَ هَذَا بِالْحَقِّ ﴾، [ئەو ڕۆژەی ئەوانەی بێبڕوابوون لەسەر ئاگر ڕادەنوێنرێن و، ئاگری دۆزەخیان پێشان دەدرێ:]، ئایا ئەمە هەق نیە؟ بێگومان ئەوە گوتراوی بێژەرێکی قرتێنراوە، ئنجا بێژەرێکە خوای بەرزە، یاخود فریشتەکانن، دەڵێ: ئایا ئەمە ڕاست و چەسپاو نیە؟ پرسیارکردنەکەش پرسیارکردنی چەسپاندن و پەشێمانکردنەوەیە، لەسەر ئەوەی دەیانگوت و پێیان وابوو: سزاو پاداشت پووچەو حەقیقەتیان نیە، دەگوترێ: ئایا ئەمە ڕاست و چەسپاو نیە؟ ئەمە پرسیارکردنی نکووڵیلێکردن نیە، بەڵکو بۆ چەسپاندنەو بۆ پەشێمانکردنەوەیە، چونکە کە دەفەرموێ: ﴿ أَلَيْسَ هَذَا بِالْحَقِّ ﴾، ئەم (**هَذَا**)یە، ناوی ئاماژەیەو، ئاماژەیە بۆ ئەوەی دەیبینن لە ئازارو سزا، بۆیە ئەمە دەبێتە جۆرێک لە سەرزەنشت و گاڵتەپێکردن: ئایا ئەوە ڕاست و هەق نیە، کە لە پێش چاوتانە؟!.

٣)- ﴿قَالُواْ بَلَىٰ وَرَبِّنَا﴾، گوتیان: با، (هەق و ڕاستە)، سوێند بە پەروەردگارمان، هەر بەوەندەی ئیکتیفا ناکەن، دانی پێدابێنن و، دەڵێن: سوێند بە پەروەردگارمان ڕاستە، توێژەرەوانی قورئان باسیان کردوە، بۆچی وەڵامەکەیان بە سوێند خواردن، داکۆکیی لەسەر کردوەو جەختکردۆتەوە؟ هەندێکیان گوتوویانە: بۆیە وەڵامدانەوەکەیان بە سوێند جەخت لەسەر کردۆتەوە، ئومێدیان وابووە کە ئەگەر چاکی دان پێدابێنن، بەڵکو دەربازیان ببێ! بەڵام مسۆگەر خەیاڵ پڵاویان کردوە.

٤)- ﴿قَالَ فَذُوقُواْ ٱلْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ﴾، فەرمووی: (ئەو بێژەرە کە ئەو پرسیارەی لێکردن، کە یان خوای بەرزی مەزنە، یاخود یەکێک لە فریشتەکانە)، ئازار بچێژن بە هۆی ئەوەوە کە بێبڕوابوون، (**فَذُوقُوا: ذُوقُوا عَلَى إِقْرَارِهِمْ**)، واتە: مادام دانتان پێداهێنا، دە ئازار بچێژن، بە هۆی ئەوەوە کە بێبڕوابوون.

مەسەلەی چوارەم و کۆتایی:

فەرمانکردنی خوا ﷻ بە پێغەمبەر موحەممەد ﷺ کە وەک پێغەمبەرانی لێبڕاو (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) خاوەن ویست و بڕیاری پتەوو خۆڕاگر بێ و، هەڵپەو پەلەی هاتنی سزا بۆ بێبڕوایان نەکات، چونکە ڕۆژی هاتنی سزا، بێبڕوایان پێیان وایە، بەس کاتێکی کەم لە ژیانی دنیادا ماونەوەو، جگە لەلادەرانیش کەس سەری بە فەتارەت ناچێ، تەنیا ئەوانە لە ڕێی ڕاست لا دەدەن، سەر بەفەتارەت چوو دەبن:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ فَاصْبِرْ كَمَا صَبَرَ أُوْلُوا الْعَزْمِ مِنَ الرُّسُلِ وَلَا تَسْتَعْجِل لَّهُمْ كَأَنَّهُمْ يَوْمَ يَرَوْنَ مَا يُوعَدُونَ لَمْ يَلْبَثُوا إِلَّا سَاعَةً مِّن نَّهَارٍ بَلَاغٌ فَهَلْ يُهْلَكُ إِلَّا الْقَوْمُ الْفَاسِقُونَ (٣٥) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە بە پێزە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ فَاصْبِرْ كَمَا صَبَرَ أُوْلُوا الْعَزْمِ مِنَ الرُّسُلِ ﴾، دەجا خۆڕاگربە وەک خاوەن عەزمان لە پێغەمبەران خۆیان ڕاگرت، بێگومان پیتی (ف)، کە بۆ گێڕانەوەو بادانەوەیە، پەیوەستیشە بە چەند ڕستەیەک لە پێش خۆیەوە، واتە: مادام حاڵ بەو شێوەیە بێ، کە ڕابرد، ئەوانە لەسەر عینادیی و سەرخەریی خۆیان بەردەوام بن و، هەر لەسەر بێبڕوایی خۆیان بن، کەواتە: خۆڕاگر بە وەک چۆن خاوەن عەزمان لە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) خۆڕاگر بوون.

(العَزْمُ: نِيَّةٌ مُحَقَّقَةٌ عَلَى عَمَلٍ أو قَوْلٍ دُون تَرَدُّدٍ)، (عَزْم): بریتییە لە نیازو مەبەستێکی ساغکراوە بۆ ئەنجامدانی کارێک، یاخود قسەیەک بەبێ لەرەلەرو دڵ دڵ دان، واتە: دڵی خۆ ساغکردنەوە لەسەر ئەنجامدانی کارێک، کەواتە: لێرەدا خوا ﷻ بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەفەرموێ: وەک ئەو پێغەمبەرانەی خاوەنی

لێبـڕان بـوون بـۆ کارەکەیـان و، لـە کاتی ئەنجامـدانی ئەرکەکانیانـدا لێبـڕاو بـوون، خاوەنی بڕیاری پتـەو بـوون، خـاوەن ویسـت و ئیـرادەی مەحکـەم بـوون، تـۆش وەک ئـەوان خۆڕاگربـە.

٢)- ﴿وَلَا تَسْتَعْجِل لَّهُمْ﴾، پەلە (ی هاتنی سزا)شیان بۆ مەکە.

(ل)ی (لَهُم) لـە: ﴿وَلَا تَسْتَعْجِل لَّهُمْ﴾دا، (لَامُ تَعْدِيَـةِ فِعْـلِ فِي الإسـتعْجَال إلى مَفْعُـولِ لأجْلِـه)، لامـی خواسـتنی کـرداری (تسـتعجل)ە بـۆ بـەرکاری پێنـاو.

ئنجـا کـوا ئـەو بـەرکارە؟ (مَفْعُـولُ تَسْـتَعْجِل مَحْـذُوفٌ دَلَّ عَلَيْـهِ الْمَقَـامُ: العَـذَابُ، أو الهَـلَاكَ، فَلَا تَسْـتَعْجِلِ العَـذَابَ، أو الهَـلَاكَ لَهُـمْ)، بـەرکاری (تسـتعجل) قرتێـنراوە، حـاڵ و مەقـام دەیگەیەنـێ: ئـازار یاخـود فەوتانیـان بـۆ بـە پەلـە داوامەکـە، پەلـە مەکـە سـزاو ئازاریـان بـۆ بـێ، لەبەرچـی؟

٣)- ﴿كَأَنَّهُمْ يَوْمَ يَرَوْنَ مَا يُوعَدُونَ لَمْ يَلْبَثُوٓاْ إِلَّا سَاعَةً مِّن نَّهَارٍ﴾، {ئەمە هۆکار هێنانەوەیە بۆ ئەو قەدەغەکردنەی پێغەمبەر ﷺ لە پەلەکردنی هاتنی سزا بۆیان}، چونکە ئەو ڕۆژە ئەوەی بەڵێنی پێ دەدرێ و هەڕەشەیان پێ لێ دەکرێ دەیبینن، وەک ئەوە وایە، تەنیا کاتێکی کەم لە ڕۆژێ مابنەوە، واتە: کە ماوەیەک هاتنی ئەو سزایە، دوادەخرێ، کاریگەریی لەسەری نابێ و، هەر کات ئەو سزاو ئازارە هات، لە کاتێکدا دەبێ هێندە درێژ دەبێ کە ژیانی دنیایان هەمووی، وەک کاتێکی کەم لە ڕۆژێک، دێتە بەرچاو.

یـانی: ئـەو سـزاو ئازارەیـان کـە بـۆ دێ، لـە مـاوەو کاتێکـی هێنـدە درێژخایەنـدا دەبـێ، ژیـانی دنیایـان هەمـووی لـەلا دەبێتـەوە کاتێکـی کـەم لـە ڕۆژێـک، واتـە: کاتێکـی کـەم لـە ڕۆژێـک چەنـدە؟ ئەوانیـش هەمـوو تەمـەنی ژیـانی دنیایـان لـەلا ئەوەنـدە لـێ دێتـەوە، لـە چـاو ئـەو کاتـە زۆرەی تێیـدا سـزا دەدرێـن.

٤)- ﴿بَلَٰغٌ﴾، (ئەمە) گەیاندنە.

(بَلَاغ: خَبَرُ مُبْتَدَأ مَحْذُوفٍ، أي: هَـذَا بَلَاغ)، (بـلاغ) گـوزارەی نیهادێکـی قرتێـنراوە، واتـە: ئەمـە گەیاندنـە، یاخـود (بَلَاغ) بـە مانـای تێـرو تـەواوو بەسـە، یـانی: ئـەوەی گوتـرا، بـەس و تێـرو تـەواوە بـۆ هـەر کـەس عەودالّـی هـەق و ڕاسـتییە.

٥)- ﴿ فَهَلْ يُهْلَكُ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ﴾، ئایا جگە لە کۆمەڵی لادەران کەسی دیکە دەفەوتێ؟ لێرەدا پرسیارکردنەکە، پرسیارکردنە بۆ لابردن (**نفي**)، واتە: جگە لە کۆمەڵی لادەران کەس نافەوتێ، بەڵام بە شێوەی پرسیارکردن هاتوە، ئایا جگە لەوان کێ دەفەوتێ؟ واتە: کەس نافەوتێ.

(**الفَاسِقُون**) دەگونجـێ (أل)ی ناسـاندنەکە بـۆ جینـس بـێ، واتـە: تێکـڕای لادەران دەفەوتێـن، یاخـود بـۆ (عهـد) بـێ، واتـە: ئـەو لادەرانـەی مەبەسـتێ و قسـەیان لـە بـارەوە دەکـرێ، ئەوانـە دەفەوتێـن و سـەریان بـە فەتـارەت دەچـێ، بـە دڵنیایـی (**فَاسِق**) لێـرەدا بـە مانـای دەرچـوونی تەواوەتییـە لـە حوکمـی زگـماک و، لـە حوکمـی عەقـڵ، لـە حوکمـی ئاییـن و بەرنامـەو پەیامـی خـوا ﷻ.

قسەیەک دەربارەی: (أُوْلُواْ ٱلْعَزْمِ)

لە کۆتایی ئەم دەرسەمانداو، لە کۆتایی تەفسیری ئەم سوورەتەشدا، ئەوەی بەڵێنماندا بوو قسەیەکی لە بارەوە بکەینەوە، بەڵێنەکەمان بە جێ دێنین، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ فَٱصْبِرْ كَمَا صَبَرَ أُوْلُواْ ٱلْعَزْمِ مِنَ ٱلرُّسُلِ وَلَا تَسْتَعْجِل لَّهُمْ كَأَنَّهُمْ يَوْمَ يَرَوْنَ مَا يُوعَدُونَ لَمْ يَلْبَثُوٓاْ إِلَّا سَاعَةً مِّن نَّهَارٍ بَلَٰغٌ فَهَلْ يُهْلَكُ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ﴿٣٥﴾ ﴾، واتە: خۆڕاگر بە وەک چۆن خاوەن عەزمان لە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) خۆڕاگر بوون...

ڕوونکەرەوانی قورئان ڕەحمەتی خوایان لێ بێ و خوا پاداشتیان بداتەوە، ئێمە لێیان بەهرەمەندین، بەڵام پێم ناخۆشە هەندێک شت کە پێم وایە زۆر ڕوونەو ئەوان یان ڕاجیایی تێدا دەکەن، بۆ وێنە: لێرەدا ئەگەر نەڵێم هەموویان، زۆربەی هەرە زۆریان دەڵێن: ﴿ أُوْلُواْ ٱلْعَزْمِ مِنَ ٱلرُّسُلِ ﴾، مەبەست پێیان چوار لە پێغەمبەرانە (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام): (نووح و ئیبراهیم و مووسا و عیسا)، واتە: وەک ئەو چوارە، تۆش خۆڕاگر بە، هەروەها هەندێکیان دەڵێن: مەبەست حەوتیانە، یاخود پازدەیانە، یاخود هەژدەیانە، ئەوەش بە بەڵگە دێننەوە، لەسەر ئەوەی ئەو پێنجە خاوەن عەزمن، لەبەر ئەوەی هەم لە سوورەتی (**الشورى**) دا، خوای بەرز باسیان دەکات و دەفەرموێ: ﴿ شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحًا وَٱلَّذِىٓ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِۦٓ إِبْرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓ أَنْ أَقِيمُواْ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُواْ فِيهِ ﴿١٣﴾ ﴾.

هەروەها لە سوورەتی (**الأحزاب**)یشدا، ئەو پێنجە پێکەوە هاتوون، خوا دەفەرموێ: ﴿ وَإِذْ أَخَذْنَا مِنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مِيثَٰقَهُمْ وَمِنكَ وَمِن نُّوحٍ وَإِبْرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَى ٱبْنِ مَرْيَمَ وَأَخَذْنَا مِنْهُم مِّيثَٰقًا غَلِيظًا ﴿٧﴾ ﴾.

بەڵام من پێم وایە -- وەک لە کتێبی شەشەمی مەوسووعەی: (**الإسلام کما یتجلی في کتاب الله**)، لە باسی پێغەمبەراندا (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) باسمکردووە -- ئەو بۆچوونە هەڵەیە کە بگوترێ: پێنج لە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) یان حەوتیان، یان هەژدەیان، یان چەندیان خاوەن عەزم بوون و، ئەوانەی دیکە خاوەن عەزم نەبوون، چونکە لێرەدا کە خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿ فَاصْبِرْ كَمَا صَبَرَ أُولُوا الْعَزْمِ مِنَ الرُّسُلِ ﴿٣٥﴾ ﴾الأحقاف، ئەم (مِنْ)ە، وەک چۆن دەگونجێ بۆ هەندێک (تَبْعِيض) بێ، دەشگونجێ بۆ ڕوونکردنەوە (بیانیة) بێ، واتە: خۆڕاگر بە، وەک چۆن پێغەمبەرانی خاوەن عەزم (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) کە هەموویان خاوەن عەزم و لێبڕان و دامەزراویی بوون، وەک چۆن ئەوان هەموویان وابوون، تۆش وەک وان بە.

بەڵگەشم ئەوەیە کە لە سوورەتی (**الأنعام**)دا، خوا ﷻ ناوی هەژدە (١٨) لە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) دێنێ، بە پێی ڕیزبەندیی ئایەتەکان کە باسکراون، ئەمانەن: (ئیبراهیم، ئیسحاق، یەعقووب، نووح، داوود، سولەیمان، ئەیووب، یوسوف، مووسا، هاروون، زەکەریا، یەحیا، عیسا، ئیلیاس، ئیسماعیل، ئەلیەسەع، یونووس، لووط)، دوای ئەوەی خوا ﷻ ناوی ئەو هەژدە پێغەمبەرە (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) دێنێ، دەفەرمووێ: ﴿ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ هَدَى اللَّهُ فَبِهُدَاهُمُ اقْتَدِهْ ﴿٩٠﴾ ﴾الأنعام، ئا ئەوانە کەسانێکن خوا خستوونیە سەر ڕێی ڕاست، تۆش بە دوای ڕێی ڕاستی ئەوان بکەوەو، بیانکە بەسەر مەشق.

لێرەدا خوا ﷻ باسی ئەو هەموو پێغەمبەرانە (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام)، دەکات، کە لە نێویشیاندا یونوس ﷺ هەیە، ئەو یونوسەی خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿ وَلَا تَكُن كَصَاحِبِ الْحُوتِ ﴿٤٨﴾ ﴾القلم، چونکە هەندێک لە زانایان ئەوەیان بە بەڵگە هێناوەتەوەو گوتوویانە: خوا ﷻ لە سوورەتی (**القلم**)دا، دەفەرمووێ: وەک خاوەنی ماسییەکە مەبە! بەڵام لێرەدا خوای کاربەجێ یونوسیش ناو دێنێ و دەفەرمووێ: ئەی پێغەمبەر! ﷺ تۆ بە دوایی ڕێ و شوێنی ئەوان بکەوە.

کەواتـە: لـەوێ کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَلَا تَكُن كَصَاحِبِ ٱلْحُوتِ ﴾، یـانی: لـەو هەڵوێسـتە دیارییکـراوەی دا، وەک یونـوس مەبـە، نـەک بـە گشـتیی، ئەگەرنـا بـە گشـتیی دەبـێ چاوی لـێ بـکات، لـە نێـو هەمـوو پێغەمبـەران دا (عَلَيْهِـمُ الصَّـلاةُ وَالسَّـلام).

هەروەهـا لـە بـارەی ئادەمـەوە کـە خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ فَنَسِيَ وَلَمْ نَجِدْ لَهُۥ عَزْمًا ﴿١١٥﴾ ﴾طـه، ئـادەم لـە بیـری چـوو، عەزمـمان پێـوە نەبینـی، واتـە: لـەو هەڵوێسـتە دیارییکـراوەی دا عەزمـمان پێـوە نەبینـی، نـەک بەگشـتیی خـاوەن عـەزم نەبـوو بـێ.

کەواتــە: لــە ڕاســتییدا هەمــوو پێغەمبــەران (عَلَيْهِـمُ الصَّـلاةُ وَالسَّـلام)، خــاوەن عەزمــن، بــەڵام بــە تەئکیــد هەندێکیــان عەزیمــەت و لێبڕاوییــان لــە هەندێکیــان زیاتـر بـووە، پێغەمبـەران (عَلَيْهِـمُ الصَّـلاةُ وَالسَّـلام)، هەموویـان لـە لووتکـەدان لـە هەمـوو شـتێکدا، بـەڵام لووتکەکانیـش بـەرزو بەرزتریـان هەیـەو، پێغەمبەرانیـش (عَلَيْهِـمُ الصَّـلاةُ وَالسَّـلام) هەموویـان لـە کـۆی مرۆڤایەتیـی تەواوتـرن و هەڵبژێـردراوی نێــو مرۆڤایەتییــن، بــەڵام ئەوانیــش لــە نێــو خۆیانــدا چــاک و چاکــترو بــەرزو بەرزتریــان هەیــە، وەک خــوا ﷻ دەفەرمــوێ: ﴿ قُلِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ وَسَلَٰمٌ عَلَىٰ عِبَادِهِ ٱلَّذِينَ ٱصْطَفَىٰٓ ﴿٥٩﴾ ﴾النمـل، واتـە: بڵـێ: سـتاییش بـۆ خـواو، سـەلام لەسـەر ئـەو بەندانـەی هەڵیبــژاردوون، یــانی: هەمــوو پێغەمبــەران (عَلَيْهِـمُ الصَّـلاةُ وَالسَّـلام) هەڵبــژاردەن.

هەروەهــا لــە ســوورەتی (الحـج)دا، خــوا ﷻ دەفەرمــوێ: ﴿ ٱللَّهُ يَصْطَفِى مِنَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ رُسُلًا وَمِنَ ٱلنَّاسِ ﴿٧٥﴾ ﴾، واتـە: خـوا لـە فریشـتەکان و لـە مرۆڤانیـش، پێغەمبـەران (عَلَيْهِـمُ الصَّـلاةُ وَالسَّـلام) هەڵدەبژێـرێ، بەڵێ هەمـوو پێغەمبـەران (عَلَيْهِمُ الصَّـلاةُ وَالسَّـلام) هەڵبـژاردەن، کەواتـە: دەبـێ هەمووشـیان ڕازاوەبـن، بـە هەمـوو سـیفەتە بـەرزەکان، لـە نێویانـدا سـیفەتی عەزیمـەت و دامەزراویـی و لێبڕاویـی و بـڕوا پتەویـی، کـە بەبـێ ئـەوە مـرۆڤ هیـچ کارێکـی بـۆ ناکـرێ.

لێرەشـدا دێینـە کۆتایـی سـوورەتی (الأحقـاف)، خـوا بـە لوتـف و کەرەمـی خـۆی یارمەتییـمان بـدات، کـە لـە فەرمایشـتەکەی زیاتـر ڕابمێنیـن و وردبینـەوەو، باشـتر لێـی

تێبگەین، دوای لێ تێگەیشتنیش باشتر بە هۆیەوە پێ بگەین و، پێوەی پابەند بین، لە ژیانی تاکیی و، ژیانی خێزانیی و، ژیانی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی داو، ئەم قورئانە بکەینە چرایەک وڵاتی خۆمانی پێ ڕۆشن بکەینەوەو، کارێک بکەین، ئەم خەڵک و وڵاتەی تێمە و، هەر شوێنێک دەستمان دەیگاتێ، لە نوورو بەرەکەتی ئەم قورئانە، زیاتر بەهرەمەندی بکەین، بۆ ئەوەی کۆتایی بە نەهامەتییەکانیان بێ، کۆتایی بە هەموو ئەو نەخۆشیی و دەردانەیان بێ، کە لەسەر ئاستی تاکیی و خێزانیی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی، بە دەستیانەوە گرفتارو گیرۆدەن، وەك ژیانی دنیایان و، سەرەنجامیش لە بەرەکەت و بەرهەمی ئەوەدا: بەختەوەریی و سەرفرازیی ڕۆژی دوایی لە بەهەشتە ڕازاوە و نەبڕاوەکانی خوادا وەدەست بهێنن.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

تەفسیری سوورەتی

مُحَمَّدٍ

دەستپێک

بەڕێـــزان!

ئەمڕۆ کە (١٢/ی **جمادي الثاني**) ساڵی (١٤٤١) کۆچییە، بەرانبەر (٢٠٢٠/٢/٦) ی زایینی، لە شاری هەولێر، خوا پشتیوان بێ دەست دەکەین بە تەفسیرکردنی سوورەتی (**محمد**).

پێناسەی سوورەتی (محمد) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

ئەم سوورەتە، سێ ناوی بۆ بەکارهێنراون:

١- (**سورة محمد**). ٢- (**سورة القتال**). ٣- (**سورة الذين كفروا**).

بەڵام ناوی یەکەمیان (**سورةُ مُحَمَّد**) لە هەرسێکیان باوترە، چونکە ناوی موحەممەدی ﷺ تێدا هاتووە، لە ئایەتی ژمارە (٢)داو، پێش سوورەتی (**آل عمران**) و، پێی ناسراوە، واش پێدەچێ کە ئەم سوورەتە پێش سوورەتی (**آل عمران**)، دابەزیبێ، کە سوورەتی (**آل عمران**) وەک کاتی خۆی باسمان کرد، لە ساڵی سێیەمی کۆچییدا، لە دوای جەنگی ئوحود دابەزیوە.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

بە یەکدەنگیی زانایان، ئەم سوورەتە مەدینەییە، بەڵام لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەوە (**رضي الله عنهما**) گێڕدراوەتەوە کە ئایەتی: ﴿ وَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ هِيَ أَشَدُّ

﴿ قُوَّةً مِّن قَرْيَتِكَ ٱلَّتِىٓ أَخْرَجَتْكَ أَهْلَكْنَٰهُمْ فَلَا نَاصِرَ لَهُمْ ﴾ (١٣)، لـە ڕێـی کۆچکـردن بـەرەو مەککـە، بـەر لـە گەیشـتن بـە (حِـراء) دابەزیـوە.

گوتراویشـە: ئـەم سـوورەتە دوای جەنگـی بـەدر دابەزیـوە، هەروەهـا گوتـراوە: پێـش جەنگـی ئوحـوود، کەواتـە: وابێدەچـێ لـە نێـوان سـاڵانی دووەم و سـێیەمی کۆچیـی دا دابەزیبـێ.

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و دابەزین دا:

لـە دابەزینـدا، ڕیزبەندیـی ئـەم سـوورەتە ژمـارە (٩٦)، واتـە: (٩٥) سـوورەت لـە پێـش ئـەم سـوورەتەدا دابەزیـون و، ئەمـە ئەوەدو شەشـەمیان (٩٦)ەو، لـە موصحەفدا (٤٧)ەو، لـە پێـش سـوورەتی (**الرعـد**)و، دوای سـوورەتی (**الحدیـد**) دابەزیـوە.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

هەندێـک لـە زانایـان ژمـارەی ئایەتەکانییـان بـە چـل (٤٠)و، زۆربەشـیان بـە سی و نـۆ (٣٩) دانـاوە، هەندێکیشـیان بـە سی و هەشـت (٣٨) دایاننـاون، بـەڵام زیاتـر ژمـارە (٣٨) تەبەننیـی کـراوە، شـایانی گوتنیشـە: جـاری وایـە ژمارەیـەک زۆرێـک لـە زانایـان دایاننـاوە، وەک ژمـارەی ئایەتەکانـی سـوورەتێک لـە سـوورەتەکان، بـەڵام دوایـی ژمارەیەکـی دیکـە کـە کەمـتر لـە زانایـان ڕایـان لەسـەری بـووەو، تەبەننیـی کـراوە، گرنـگ ئەوەیـە هەمیشـە لـە بیرمـان بـێ، کـە جیاوازیـی ڕای زانایـان لـە ژمـارەی ئایەتەکانـدا، دەگەڕێتـەوە بـۆ کورتیـی و درێژیـی ئایەتـەکان، ئایـا ڕسـتەیەک لـە کـوێ کۆتایـی پـێ دێ و، لـە کـوێ دەسـت پێـدەکات؟ ئەگەرنـا زانایـان نـەک لەسـەر ئایەتێـک، بەڵکـو لەسـەر ڕسـتەیەک، بگـرە لەسـەر وشـەیەک، بەڵکـو لەسـەر پیتێکـی قورئانیـش ڕاجیاییـان نیـە، مەگـەر ڕاجیایـی خوێندنـەوە، ئـەوە جیایـە، کـە خوێندنـەوەکان (**قراءات**)یـش هەموویـان لـە پێغەمبـەری کۆتاییـەوە ﷺ گێردراونـەوە.

کەواتـە: ئەگـەر خوێندنەوەیـەک پیتێـک دەگـۆڕێ بـە پیتێـک، یـان ڕسـتەی وا هەیـە، یـان وشـەی وا هەیـە، چەنـد جـۆرە خوێندنەوەیەکـی هـەن و، بـە پێـی جـۆری خوێندنـەوەکان، پیتـەکان دەگۆڕێـن، بـۆ وێنـە: ئەلیـف نامێنـی، یـان (ي) لـە کۆتاییـدا دەقرتێنـدرێ و، لـە شـوێنی وی ژێـر (کسرة) دادەنـرێ، ئـەوە هەمـووی لـە پێغەمبـەرەوە ﷺ گێڕدراوەتـەوەو، زانایـان لەسـەر هەمـوو ئەوانـە یەکدەنگـن، مـادام ئـەو خوێندنەوەیـە، بـە تەواتـور بـە ئێمـە گەیشـتبێ.

پێنجەم: نێوەڕۆکی:

نێوەڕۆکـی هەمـان نێوەڕۆکـی سـوورەتە مەدینەییەکانـە، پانتاییەکـی زۆری بـۆ باسـی جەنـگ و، بەرەنگاریـی و، کوشـتار لـە نێـوان ئەهلـی کوفـرو ئەهلـی ئیسـلامدا، تەرخانکـراوەو، بـەو بۆنەیەشـەوە باسـی چەنـد مەسـەلەیەکی پەیوەندییـدار کـراوە لـەم سـوورەتەدا، کـە دەتوانیـن دابەشـیان بکەیـن بـۆ پـازدە (١٥) مەسـەلە:

١- لە ڕێ لادانی کافران و شوێنکەوتنیان بۆ باتیڵ، لە ئایەتەکانی (١ و ٢)دا.

٢- بڕواهێنانی مسوڵمانان و کرداری باشیان و، شوێنکەوتنیان بۆ هەق، لە ئایەتی (٢)دا.

٣- لە مل دانی کافران لە کاتی بەرەنگاریی و جەنگدا، لە ئایەتی (٤)دا.

٤- بە دیل گرتنی کافران، پاش کوشتاری خەست لێکردنیان و لە پەل و پۆخستنیان، لە ئایەتی (٤)دا.

٥- بە منەت یان قەرەبوو ئازادکردنی دیلەکانی کافران، کە لە جەنگدا دەگیرێن، لە ئایەتی (٤)دا.

٦- فەرمانکردنی ناڕاستەوخۆ بە کافران، کە سەرنجی مێژوو بدەن و، پەند لە گەلە کافرە فەوتاوەکان وەربگرن، لە ئایەتی (١٠)دا.

٧- ئاماژە بە وەدەرنانی کافران بۆ پێغەمبەر ﷺ لە شاری مەککەو، تۆڵە لێکردنەوەیان، لە ئایەتی (١٣)دا.

٨- وەسفی بەهەشتی بڕواداران و، ئاماژەیەک بە سزای کافران، لە ئایەتی (١٥)دا.

٩- باسی چەند هەڵوێستێکی دەغەڵ و دڵنەخۆشەکان، لە بەرانبەر پێغەمبەری خوا ﷺو قورئان و جەنگ و جیهاددا، لە ئایەتەکانی (١٦ - ٢٤)و ئایەتەکانی (٢٩ و ٣٠)دا.

١٠- ئاماژەیەک بە هەڵگەڕاوەکان، لە ئایەتەکانی (٢٥ - ٢٨)دا.

١١- ڕاگەیاندنی حەتمیی بوونی تاقیکردنەوەی بڕواداران، لە ئایەتی (٣١)دا.

١٢- ڕاگەیاندنی بێئاکامیی کاری بێبڕوایانی ناحەزو دوژمنکار، لە ئایەتەکانی (٣٢ و ٣٤)دا.

١٣- ئامۆژگاریی کردنی بڕواداران، کە بێهێزو پێز نەبن لە ڕووی کافراندا، لە ئایەتی (٣٥)دا.

١٤- خستنەڕووی کەم بایەخیی ژیانی دنیای ماددیی، بە مەبەستی هاندانی بڕواداران بۆ جەنگ و فیداکاریی، لە ئایەتی (٣٦)دا.

١٥- باسی بەخشینی ماڵ و سامان لە ڕێی خوادا بۆ جەنگ و فیداکاریی و، هەڕەشە کردن، کە ئەگەر بڕواداران کەمتەرخەم بن، خوا ﷻ دەیانگۆڕێ و، ئەوان لادەبات کەسانی دیکە دەهێنێ، لە ئایەتەکانی (٣٦ - ٣٨)دا.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

ئـەم سـوورەتە وەک هـەر کام لـە سـوورەتەکانی دیکـە، چەنـدان تایبەتمەندیـی هـەن، کـە دەتوانیـن حەوتیـان وەک نموونـە لـێ بـاس بکەیـن:

١)- تەنیا ئەم سوورەتە بە: (**الَّذِينَ كَفَرُوا**) دەستی پێکردوە، بۆیەش یەکێک لە ناوەکانی: سوورەتی (**الَّذِينَ كَفَرُوا**)ە.

٢)- تەنیا ئەم سوورەتە لە سەرەتایەوە، ناوی (**محمد** ﷺ)ی تێدا هاتوە، لە ئایەتی ژمارە: (٢)دا، شایەنی باسیشە: لە هەموو قورئاندا سێ جاران ناوی (**محمد**)و، یەک جاریش ناوی (**أحمد**) هاتوە:

أ- ﴿ وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ ﴾آل عمران: ١٤٤.

ب- ﴿ وَءَامَنُوا۟ بِمَا نُزِّلَ عَلَىٰ مُحَمَّدٍ ﴾محمد: ٢.

ج- ﴿ مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ ٱللَّهِ ﴾الفتح: ٢٩.

د- ﴿ وَمُبَشِّرًۢا بِرَسُولٍ يَأْتِى مِنۢ بَعْدِى ٱسْمُهُۥٓ أَحْمَدُ ﴾**الصف**: ٦.

٣)- تەنیا لەم سوورەتەدا، باسی چۆنیەتیی مامەڵە لەگەڵ دیلەکانی کافران لە جەنگدا کراوە، کە دوو بژاردە دراونە دەستی ئیمانداران بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دیلەکانی جەنگدا، کە بریتین لە: ﴿ فَشُدُّوا۟ ٱلْوَثَاقَ فَإِمَّا مَنًّۢا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَآءً ﴾، ئایەتی ژمارە (٤)، دەفەرمویٚ: بەدیلیان بگرن و، کەلەپچەیان بکەن، دوایی یان بە منەت لەسەرکردن، واتە: بەبێ بەرانبەر بەریان بدەن، یاخود بە فەرەبوو، کە دوایی باسێکی تایبەت لەو بارەوە دەکەین.

٤)- تەنیا لەم سوورەتەدا، باسی چوار جۆرە خواردنەوەکانی بەهەشت کراوە، وەک چوار ڕووباری: ئاو و شیر و شەراب و هەنگوین، لە ئایەتی ژمارە (١٥)دا، لە قورئاندا زۆر باسی ڕووبارەکانی بەهەشت کراوە، بەڵام لێرەدا باسی چوار جۆرە خواردنەوەکانی بەهەشت کراوە.

٥)- تەنیا لەم سوورەتەدا باسی هاتنی نیشانەکانی ئاخیر زەمان (**أَشْرَاطُ السَّاعَة**) کراوە، لە ئایەتی ژمارە (١٨)دا، باسکراوە کە نیشانەکانی ئاخیر زەمان هاتوون: ﴿ فَقَدْ جَآءَ أَشْرَاطُهَا ﴾، ئەگەرنا لە سوورەتی (**الأنعام**) و، چەند سوورەتێکی دیکەدا، باسی نیشانەکانی ڕۆژی دوایی کراوە، بەڵام تەنیا لەم سوورەتەدا دەفەرمویٚ هاتوون، واتە: هەندێکیان هاتوون.

٦)- تەنیا لەم سوورەتەدا فەرمان بە پێغەمبەر ﷺ کراوە، بە زانینی تەنیا پەرستراوێتیی خواو، داوای لێبوردن کردن لە خوا، بۆ گوناهی خۆی و، بڕوادارانی پیاوو ئافرەت، لە ئایەتی ژمارە (١٩)دا: ﴿ فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ وَٱسۡتَغۡفِرۡ لِذَنۢبِكَ وَلِلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِۗ ﴾.

٧)- چەند وشەو تەعبیرێک تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوون، بۆ نموونە:

١- ﴿أَضَلَّ أَعۡمَٰلَهُمۡ﴾، لە ئایەتی ژمارە (١)دا، واتە: کردەوەکانی ون کردوون، زایە کردوون، بزر کردوون.

٢- ﴿فَضَرۡبَ ٱلرِّقَابِ﴾، لە ئایەتی ژمارە (٤)دا، واتە: لە گەردندان، واتە: بە لە گەردندان لە گەردنیان بدەن، کە مەبەست پێی کوشتن و پاکتاو کردنی کافرانە، لە کاتی ڕووبەڕوو بوونەوەو جەنگدا.

٣و٤- ﴿وَأَصۡلَحَ بَالَهُمۡ﴾، لە ئایەتی ژمارە (٢)داو، ﴿وَيُصۡلِحُ بَالَهُمۡ﴾، لە ئایەتی ژمارە (٥)دا، واتە: حاڵ و باڵ و کار وبارياني چاککرد، چاک دەکات.

٥- ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ مَوۡلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَأَنَّ ٱلۡكَٰفِرِينَ لَا مَوۡلَىٰ لَهُمۡ﴾، ئایەتی ژمارە: (١١)، واتە: ئەوەش بەهۆی ئەوەوە کە خوا دۆست و سەرپەرشتیاری ئەوانەیە بڕوایان هێناوەو، بێبڕوایان دۆست و سەرپەرشتیاریان نیە.

٦- ﴿وَٱلَّذِينَ ٱهۡتَدَوۡاْ زَادَهُمۡ هُدًى وَءَاتَىٰهُمۡ تَقۡوَىٰهُمۡ﴾، ئایەتی ژمارە (١٧)، ئەوانەی ڕێنمایی خوایان وەرگرتووە، ڕاستە ڕێییان گرتوە، خوا ﷻ ڕاستە ڕێ بوون و بەرچاو ڕوونییان بۆ زیاد دەکات و، پارێزکارییەک کە شایستەی ئەوانە، پێیان دەدات.

٧- ﴿أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلۡقُرۡءَانَ أَمۡ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقۡفَالُهَآ﴾، ئایەتی ژمارە (٢٤)، لە زۆر شوێندا باسی ئەوە کراوە کە بۆچی سەرنجی قورئان نادەن؟ بەڵام تەنیا لێرەدا ئەم تەعبیرە هاتوە: ئایا سەرنجی قورئانیان نەداوە، یاخود دڵەکان قفڵیان لەسەرن؟

٨و٩- ﴿أَضۡغَٰنَهُمۡ﴾، لە ئایەتی (٢٩)داو، ﴿أَضۡغَٰنَكُمۡ﴾ لە ئایەتی (٣٧)دا، (**أضغان**) کۆی (**ضِغْنَ**)ە، (**ضِغْن**) واتە: کینە، یاخود تووڕەییەکی پەنگ خواردوو.

١٠- ﴿ وَلَن يَتِرَكُمْ أَعْمَٰلَكُمْ ﴾، ئایەتی ژمارە (٣٥)، ﴿ وَلَن يَتِرَكُمْ ﴾، (أي: وَلَنْ يَنْقُصَكُمْ)، کردەوەکانتان لێ کەم ناکاتەوە، بە زایە نادات، یاخود پاداشتی کردەوەکانتان کەم ناکاتەوە.

١١- ﴿ وَإِن تَتَوَلَّوْاْ يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُونُوٓاْ أَمْثَٰلَكُم ﴾، ئایەتی ژمارە (٣٨)، واتە: ئەگەر ئێوە پشت هەڵبکەن، کۆمەڵێکی دیکەی جیا لە ئێوە دەهێنێ و، دوایی ئەوان وەک ئێوە نابن.

کە دەگونجێ ڕووی دواندن لە مسوڵمانان بێ و، دەشکرێ ڕووی دواندن لە کۆمەڵگای ڕۆژگاری پێغەمبەر ﷺ بێ، کە ئەگەر بێت و ئەوان، باوەش نەگرنەوە بۆ هیدایەتی خوا، خوا ﷻ پەکی لەسەر کەس ناکەوێ، ئەوان لادەباو، خەڵکێکی دیکە دێنێ، بە هەردوو واتایەکان، ئەم ڕستە قورئانییە تەفسیر کراوە، وەک دوایی دەیکەینێ.

حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان بۆ چەند دەرسێك:

ئەم سوورەتە موبارەکە بە هەر سی و هەشت (٣٨) ئایەتەکەیەوە، بۆ چوار دەرسان دابەش دەکەین، بەم جۆرە:

دەرسی یەکەم: ئایەتەکانی: (١ - ١١)، واتە: یازدە (١١) ئایەتی سەرەتای ئەم سوورەتە، باسی هەر کام لە بێبڕواو بڕواداران و، مامەڵەی خوای دادگەر لەگەڵیاندا، پاشان فەرمانکردنی خوا ﷻ بە مسوڵمانان کە لە دژی بێبڕوایان بجەنگن، لە کاتی بەرەنگاربوونەوەیاندا، باسی سەرەنجامی خێری بڕواداران و سەرەنجامی شوومی بێبڕوایان.

دەرسی دووەم: ئایەتەکانی: (١٢ - ١٩)، واتە: هەشت (٨) ئایەت، باسی پاداشتی ڕۆژی دوایی و، سەرەنجامی هەر کام لە بڕواداران و بێبڕوایان و، هەڵوێستی چەوتی بێبڕوایان لە بەرانبەر خوا ﷻ و پێغەمبەردا ﷺ و، چەند مەسەلەیەکی دیکەی پەیوەست بەوانەوە.

دەرسی سێیەم: ئایەتەکانی: (٢٠ - ٣١)، دوازدە (١٢) ئایەت، باسی دەغەڵ و دڵ نەخۆشەکان و هەڵوێستی نەرێنییان، لە بەرانبەر جەنگ و فیداکاریی داو سزای کاتی مەرگیان و، ناسێنرانیان بە هۆی نیشانەکانیان و، دەربڕینەکانیان و، هەڵسوکەوتەکانیانەوە.

دەرسی چوارەم و کۆتایی: ئایەتەکانی: (٣٢ - ٣٨)، حەوت (٧) ئایەت، باسی ئامۆژگاریی کردنی خوا بۆ بڕواداران و، هاندانیان بۆ جەنگ و فیداکاریی و بەخشین لە ڕێی خواداو، ترساندنیان کە ئەگەر بێت و بڕوادارانی شایستەو، هەڵگران و پەیڕەوانی شایستەی پەیامی خوا نەبن، خوا ﷻ ئەوان لا دەبات و کەسانی دیکە دەێنێ، کە دەشگونجێ ئەو هەڕەشەو ترساندنە، ڕووی لە کۆی کۆمەڵگای پێغەمبەر ﷺ بووبێ، بە تایبەتی بێبڕوایەکان کە ئەگەر بێت و ئەوانە لەسەر عینادیی و کەللە ڕەقیی خۆیان بەردەوام بن، خوا ﷻ ئەوان لادەبات و کەسانی دیکە دێنێ، یاخود هەر کاتێک دەستیان شل بێ لە پەیامی خوا، خوا ئەوان لادەبات و، گەل و نەتەوەکانی دیکە دەهێنێ.

دەرسی یەکەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان لە یازدە (١١) ئایەتی سەرەتای سوورەتی (**محمد**) پێک دێ، ئایەتەکانی: (١ - ١١)، کە تێیاندا: سەرەتا پێناسەی هەر کام لە بێبڕوایان و بڕواداران و، چۆنیەتیی مامەڵەی خوای دادگەر لەگەڵیاندا کراوەو، هۆکاری ئەوەش خراوەتەڕوو، کە بۆچی بەو جۆرە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، هەم بڕواداران و، هەم بێبڕوایان؟

دواتر خوای کارزان فەرمانی بە مسوڵمانان کردوە، کە لە کاتی بەرەنگاربوونەوەی بێبڕوایاندا (بێبڕوایانی شەڕ فرۆش و دژایەتییکەر)، لە گەردنیان بدەن و، پاش کوشتاری خەست و خۆڵ، بە دیلیان بگرن و، دواتر چ بە منەت و بە خۆڕایی و بێ بەرانبەر، چ بە قەرەبوو، بەرهەڵدایان بکەن.

پاشان باسی سەرەنجامی خێری کوژراوانی ڕێی خوا کراوەو، باسی پشتگیریی خوا بۆ بڕوادارانی سەرخەرو پشتیوانی خواو پەیامەکەی، لە لایەکەوەو، مەینەتیی و ڕەنجبە خەساریی بێبڕوایان لەلایەکی دیکەوە کراوەو، لە کۆتاییشدا سەرنجی هەموو لایەک بۆ مێژوو ڕاکێشراوە، کە کۆمەڵگا بێبڕوایە پێشووە فەوتێنراوەکان، جێی ئەوەن دەرس و پەندیان لێوەربگیرێ، چونکە بێبڕوایەکان فەوتێنراون و، بڕوادارانیش سەرخراون، هۆکاری ئەوەش سەرپەرشتیی خوا بۆ بڕواداران و، بێ خاوەنیی و بێ سەرپەرشتیاریی بێبڕوایانە.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَصَدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ أَضَلَّ أَعْمَٰلَهُمْ ۝١ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ
وَءَامَنُوا۟ بِمَا نُزِّلَ عَلَىٰ مُحَمَّدٍ وَهُوَ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ كَفَّرَ عَنْهُمْ سَيِّـَٔاتِهِمْ وَأَصْلَحَ بَالَهُمْ ۝٢ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱلَّذِينَ

كَفَرُوا اتَّبَعُوا الْبَاطِلَ وَأَنَّ الَّذِينَ آمَنُوا اتَّبَعُوا الْحَقَّ مِن رَّبِّهِمْ كَذَٰلِكَ يَضْرِبُ اللَّهُ لِلنَّاسِ أَمْثَالَهُمْ ﴿٣﴾
فَإِذَا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا فَضَرْبَ الرِّقَابِ حَتَّىٰ إِذَا أَثْخَنتُمُوهُمْ فَشُدُّوا الْوَثَاقَ فَإِمَّا مَنًّا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَاءً حَتَّىٰ
تَضَعَ الْحَرْبُ أَوْزَارَهَا ذَٰلِكَ وَلَوْ يَشَاءُ اللَّهُ لَانتَصَرَ مِنْهُمْ وَلَٰكِن لِّيَبْلُوَ بَعْضَكُم بِبَعْضٍ وَالَّذِينَ قُتِلُوا
فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَلَن يُضِلَّ أَعْمَالَهُمْ ﴿٤﴾ سَيَهْدِيهِمْ وَيُصْلِحُ بَالَهُمْ ﴿٥﴾ وَيُدْخِلُهُمُ الْجَنَّةَ عَرَّفَهَا لَهُمْ ﴿٦﴾
يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن تَنصُرُوا اللَّهَ يَنصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ ﴿٧﴾ وَالَّذِينَ كَفَرُوا فَتَعْسًا لَّهُمْ وَأَضَلَّ
أَعْمَالَهُمْ ﴿٨﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَرِهُوا مَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأَحْبَطَ أَعْمَالَهُمْ ﴿٩﴾ أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ
فَيَنظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ دَمَّرَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ وَلِلْكَافِرِينَ أَمْثَالُهَا ﴿١٠﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ
مَوْلَى الَّذِينَ آمَنُوا وَأَنَّ الْكَافِرِينَ لَا مَوْلَىٰ لَهُمْ ﴿١١﴾ ﴾.

مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە . ئەوانەی بێبڕوابوون و ڕێگریی (خەڵک)یان کرد لە ڕێی خوا، (خوا) کردەوەکانیانی بزر کرد (پووچەڵکردەوە) ﴿١﴾ ئەوانەش کە بڕوایان هێناوە و کردەوە باشەکانیان کردووە و، بڕوایان بەوە هێناوە کە بۆ سەر موحەممەد دابەزێنراوە، کە هەر ئەویش هەقە لە پەروەردگاریانەوە (هاتبێ) (خوا) خراپەکانی لێ سڕینەوەو، حاڵ و کاروباری چاککردوون ﴿٢﴾ ئەوەش لە سۆنگەی ئەوەوە، کە ئەوانەی بێبڕوان شوێن پووچیی و ناهەق کەوتوون و، ئەوانەی بڕواداریشن، شوێن هەقێک کەوتوون کە لە پەروەردگاریانەوەیە، بەو شێوەیە خوا وێنەکانیان بۆ خەڵک دێنێتەوە (تاکو پێیان لە ڕاستییەکان تێبگەن) ﴿٣﴾ ئنجا (ئەی بڕوادارینە!) (کە حاڵی بێبڕوایانی دوژمنتان ئاوایە) هەر کات بەرەنگاری بێبڕوایان بوونەوە (لە جەنگدا)، (پیشەتان ئەوەبێ) لە گەردنان بدەن، هەتا کاتێک لە پەل و پۆتان خستن، ئنجا دەستبەند (کەلەپچە لە دەست و پەلیان) توند بکەن، ئنجا دواتر یان چاکە بکەن (و بەبێ

بەرانبەر بەریان بدەن)، یان بە قەرەبوو (هەر بەو جۆرە بکەن)، تاکو جەنگ قورساییەکانی دادەنێ (و کۆتایی پێ دێ)، ئەوە بەو شێوەیە (کە باسکرا)و، ئەگەر خواش ویستبای (بەبێ جەنگی ئێوە لە دژی بێبڕوایان) بەسەریاندا زاڵ دەبوون، بەڵام (بۆیە جەنگی لەسەر پێویست کردوون) تاکو بە یەکدییتان تاقی بکاتەوەو، ئەوانەش کە لە ڕێی خوادا کوژراون، هەرگیز (خوا) پاداشتی کردەوەکانیان ون ناکات ﴿٤﴾ بێگومان ڕاستە ڕێیان دەکات و، حاڵ و کاروباریان چاک دەکات ﴿٥﴾ هەروەها دەیانخاتە بەهەشتەوە، کە پێی ناساندوون (بۆی باسکردوون چۆنە؟) ﴿٦﴾ ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! ئەگەر (بەرنامەو پێغەمبەری) خوا سەربخەن، سەرتان دەخات و پشتیوانتان دەبێ و، پێیەکانیشتان دەچەسپێنێ ﴿٧﴾ ئەوانەش کە بێبڕوان، سەرەنگرێ بوون (و، کەوتن) بۆ وان و (خوا) کردەوەکانیانی بزر کردن (و پووچەڵ کردنەوە) ﴿٨﴾ ئەویش لە سۆنگەی ئەوەوە، ئەو (پەیام)ەیان دزا[1] کە خوا دایبەزاندوە، ئیدی (خواش) کردەوەکانیانی هەڵوەشاندنەوە ﴿٩﴾ ئایا بە زەویدا نەڕۆیشتوون سەرنج بدەن! سەرەنجامی ئەوانەی پێش وان چۆن بوو، خوا فەوتاندنی و خانووبەرەکانیانی (کە شوێنەوارەکانیان ماون)، بەسەریاندا ڕووخاندن و، بۆ بێبڕوایانیش (لە هەر ڕۆژگارێکدا) وێنەی ئەو (سەرەنجامە شووم)انە هەن ﴿١٠﴾ ئەویش بە هۆی ئەوەوە کە خوا مشوورخۆرو سەرپەرشتیاری ئەوانەیە بڕوایان هێناوە، بەڵام بێبڕوایان هیچ دۆست و پشتیوانیان نیە ﴿١١﴾].

---

(١) دزای: ڕقی لێبۆوە، دەیدزێ : ڕقی لێ دەبێتەوە

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(وَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ): (الصُّـدُودُ وَالصَّـدُّ، قَـدْ يَكُـونُ انْصِرَافَـاً عَـنِ الـشَّيءِ وَامْتِنَاعَـاً، وَقَـدْ يَكُـونُ صَرْفَـاً وَمَنْعَـاً)، وشـەی (صُـدُودٌ و صَـدّ) جـاری وا هەیـە بـە مانـای لادان و سـەرپێچیی کردنـە لـە کارێـک، جـاری واش هەیـە بـە مانـای لادانـی خەڵـک و ڕێگریـی لێکردنیانـە لـە کارێـک، وشـەی (صَـدّ): هـەم بـە (لازم) هاتـوە، (صَـدَّ عَـنْ سَـبيلِ اللـه)، واتـە: خـۆی لایـدا، (امْتَنَـعَ) لامـل بـوو لـە ڕێـی خـوا، هەروەهـا بـە (مُتَعَدِّي)یـش هاتـوە: (صَـدَّ عَـنْ سَـبيلِ اللـه)، یانـی: (صـدَّ النَّـاسَ عَـنْ سَـبيلِ اللـه)، واتـە: خەڵکـی لـە ڕێـی خـوا لادا.

(أَضَلَّ أَعْمَٰلَهُمْ): کردەوەکانـی ون کـردوون و، زایـە کـردوون، (ضَـلَّ الـشَّيءُ: ضَـاعَ وَهَلَـكَ، يَضِـلُّ ضَـلاَلاً)، (وَالضَّالَـةُ: مَـا ضَـلَّ مِـنَ البَهِيْمَـة)، (ضَـلَّ الـشَّيءُ) واتـە: شـتەکە ون بـوو، زایـە بـوو، فەوتـا، (يَضِـلُّ ضَـلَالاً): ون دەبـێ، ون بـوون، (ضَالَـة) بـەو ئاژەڵـە دەگوتـرێ کـە ون بـووە لـە خاوەنەکـەی، (أَضَلَّ أَعْمَٰلَهُمْ) واتـە: کردەوەکانـی ون کـردوون و، بـێ سـەر وشـوێن کـردوون.

(وَأَصْلَحَ بَالَهُمْ): کار وبـاری چاککـردوون و حاڵـی باشـکردوون، (البَـالُ: ١- القَلْـبُ، يُقَـالُ: مَـا يَخْطُـرُ فُلَانٌ بِبالِي، ٢- رَخَـاءُ النَّفْـسِ، يُقَـالُ: فُلَانٌ رَخِـيُّ البَـالِ، ٣- الحَـال، يُقَـال: مَـا بَالُـكَ؟ أي: حَالُـكَ)، وشـەی (بَـالُ) بـە سـێ واتایـان دێ:

١- بە مانای دڵ و مێشک دێ، دەگوترێ: (مَا يَخْطُر فُلَانٌ بِبالِي) واتە: فڵانکەس بە زەینمدا نایەت، بە خەیاڵم دا نایەت.

٢- بە مانای حاڵخۆشیی دێ، دەگوترێ: (فُلَان رَخِيُّ البَالِ)، واتە: فڵانکەس حاڵی باشە لە ڕووی گوزەران و ژیانەوە.

٣- بە مانای حاڵ دێ، دەگوترێ: (مَا بَالُكَ)، یانی: (حَالُكَ) حاڵت چۆنە؟ بارودۆخت چۆنە؟

(يَضۡرِبُ ٱللَّهُ لِلنَّاسِ أَمۡثَٰلَهُمۡ): خـوا ﷻ وێنەكانیـان بـۆ خەڵكـی دێنێتـەوە، (أَمْثَـال) لێرەدا كـۆی (مَثَـل)ە، كـە بـە (أَمْثَال) كـۆ دەبێتـەوە، (وَمَثَـلُ الـشَّيء بفَتْحَتَيْن: صِفَتُهُ)، لێـرەدا: (مَثَـلُ الـشَّيء)، یـانی: وێنـەی شـتەكە، بـۆ وێنـە: دەفەرمـوێ: (مَثَـلُ الجَنَّـةِ)، واتـە: سـیفەتی بەهەشـت، لێرەدا (مَثَـلُ الـشَّيء) ئەگـەر بـە دوو فەتحـە بـێ، واتـە: سـیفەتی ئـەو شـتە، وێنـەی ئـەو شـتە، واتـە: خـوا ﷻ وێنـەكان بـۆ خەڵكـی دێنێتـەوە تاكـو پێیـان لـە خۆیـان حاڵیـی بـن، هەروەهـا (مَثَـل) جاری وایـە بـە مانـای پەندیـش دێ، كـە بریتیـە لـە وێچواندنـی شـتێک بـە شـتێكی دیكـە، لـە سـەرەنجامیداو لـە حـاڵ و دۆخیـدا، وەک پێشـتر باسـمان كـردوە.

(لَقِيتُمُ): (اللِّقَـاءُ: المُلَاقَـاةُ: مُقَابَلَـةُ الـشَّيءِ وَمُصَادَفَتُـهُ مَعَـاً)، (لَقِيتُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ : قَاتَلْتُمُ الَّذِيْـنَ كَفَـرُوا)، (لِقَـاء) و (مُلَاقَـاة)، بریتیـە لـە ڕووبـەڕوو بوونـەوە لەگـەڵ شـتێک داو، تـووش بوونیشـی پێكـەوە، (لَقِيتُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ)، واتـە: بەرەنـگاری ئەوانـەی بێبڕوابوون بوونـەوە، لەگەڵیانـدا بەشـەڕ هاتـن، جەنگتـان لـە دژ كـردن.

(أَثۡخَنتُمُوهُمۡ): دەگوتـرێ: (ثَخُـنَ الـشَّيءُ، فَهُـوَ ثَخِـيْنٌ: غَلُـظَ، فَلَـمْ يَسِـل، وَلَـمْ يَسْـتَمِرّ فِي ذَهَابِـهِ، وَمِنْـهُ اسْـتُعِيرَ أَثْخَنْتُـهُ ضَرْبَـاً، وأَثْخَنَتْـهُ الجِرَاحَـةُ: أَوْهَنَتْـهُ، يُقَـالُ: أَثْخَـنَ فِي الأَرْضِ قَتْـلاً)، وشـەی (ثَخُـنَ الـشَّيءُ، فَهُـوَ ثَخِيْنٌ)، واتـە: شـتەكە خەسـت بـوو، یـان خەسـتە، (غَلُـظَ، فَلَـمْ يَسِـل) واتـە: خەسـت بـوو، وابـوو نـەڕژێ، شـتێک شـل بـێ، دەڕژێ، بـەڵام كـە خەسـت بـوو ناجووڵـێ، لـە ڕۆیشـتنیدا بـەردەوام نەبـوو، خوازراوەتـەوە بـۆ (أَثْخَنْتُـهُ ضَرْبَـاً) واتـە: هێنـدەم لێـدا لـە پـەل و پـۆم خسـت، یـان دەگوتـرێ: (أَثْخَنَتْـهُ الجِرَاحَـةُ)، واتـە: برینداریـی كەواندیـی، لـە پـەل و پـۆی خسـت، (أَي: أَوْهَنَتْـهُ) یانـی: بێهێـزی كـردو جووڵـەی بـاش نەهێشـت، (أَثْخَـنَ فِي الأَرْضِ قَتْـلًا) واتـە: زۆر كوشـتاری لە زەویـدا كـرد، دوایـی زیاتریـش ڕوونـی دەكەینـەوە.

(مَنًّۢا): (مَـنَّ عَلَيْـهِ: أَنْعَـمَ، يُقَـالُ: الـمِنَّةُ تَهْـدِمُ الصَّنِيْعَـةَ)، (مَـنَّ عَلَيْـهِ) واتـە: چاكـەی لەگـەڵ كـرد، دەگوتـرێ: (الـمِنَّةُ تَهْـدِمُ الصَّنِيْعَـةَ)، منەتكـردن چاكەكـردن هەڵدەوەشـێنێتەوە، كەسـێک چاكـە لەگـەڵ كەسـێک بـكات، بـەڵام دوایـی منەتـی

لەسەر بکات، بە چاوی دابداتەوە، چاکەکەی هەڵدەوەشێتەوەو، خێرەکەی نامێنێ، وەک خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿لَا تُبْطِلُوا صَدَقَاتِكُم بِالْمَنِّ وَالْأَذَىٰ﴾البقرة: ٢٦٤، واتە: چاکەو خێرەکانتان بە منەتکردن و ئازاردانی دڵی بابای چاکە لەگەڵدا کراو، هەڵمەوەشێننەوە.

(فِدَآءً): (الفِدْيَةُ وَالفِدَى وَالفِدَاء)، وشەکانی: (فِدْيَة و فِدَى و فِدَاء)، هەرسێکیان بە یەک واتان، واتە: قەرەبوو، دەگوترێ: (فِدَاهُ وَفَادَاهُ: أَعْطَى فِدَاءَهُ فَأَنْقَذَهُ)، (فِدَاهُ وَفَادَاهُ) واتە: قەرەبووەکەی داو دەربازی کرد.

(أَوْزَارَهَا): (جَمْعُ وِزْرَ: الإِثْمُ وَالثِّقَلُ وَالكَارَةُ وَالسِّلَاح)، (أَوْزَار) کۆی (وِزْر)ە، (وِزْر) یش هەم بە مانای گوناه دێ، هەم بە مانای قورسایی دێ، هەم بە مانای ئەو کۆڵە پۆشاکە دێ، کە لەسەر پشت هەڵدەگیرێ، هەم بە مانای چەکیش دێ، دەڵێ: (الكَارَةُ: مَا يُحْمَلُ عَلَى الظَّهْرِ مِنَ الثِّيَابِ)، (كارة) ئەو پۆشاکەیە لەسەر پشت هەڵدەگیرێ، کۆڵە پۆشاک.

(الْوَثَاقَ): (الوَثَاقُ وَالوِثَاق: مَا يُشَدُّ بِهِ اليَدُ)، دەستبەندو، کەلەپچە، ئەوەی دەستی پێ دەبەسترێ، لە ئەصڵدا (وَثَاق)ە و (وِثَاق)یش بەکاردەهێنرێ، بەڵام لە قورئاندا ئەو وشەیە بەو شێوەیە نەخوێندراوەتەوە.

(لِّيَبْلُوَا۟ بَعْضَكُم بِبَعْضٍ): واتە: هەندێکتان بە هەندێکتان تاقیی بکاتەوە، یانی: بە یەکدییتان تاقی بکاتەوەو، بجەربێنێ، دەگوترێ: (بَلَوْتُهُ: اخْتَبَرْتُهُ)، (بَلِيَ الثَّوْبُ بِلاً وَبَلَاءً: خَلَقَ)، پۆشاک کە شڕ دەبێ و کۆن دەبێ، دەگوترێ: (بَلِيَ الثَّوْبُ بِلاً وَبَلَاءً)، واتە: پۆشاکەکە شڕ بوو (بَلَوتُه: اخْتَبَرْتُه كَأَنِّي أَخْلَقْتُهُ مِنْ كَثْرَة اخْتِبَارِي لَهُ)، (بَلَوتُهُ) بە مانای: تاقیم کردەوە، یانی: هێندە تاقیم کردۆتەوە شڕ و کۆن بووە.

(عَرَّفَهَا لَهُمْ): (عَرَّفَهَا: جَعَلَهَا مَعْرُوفَةً لَهُمْ)، واتە: وای لێکردوون بیناسن، پێی ناساندوون، (وعَرَّفَهُ: جَعَلَ لَهُ عَرْفاً، أَي: رِيْحَا طَيِّباً، إِذَا عَرَّفَهَا لَهُمْ، أَي: طَيَّبَهَا وَزَيَّنَهَا)،

(**عَرَّفَهَا**) وەک چۆن بە مانای پێی ناساندوون، دێ، هەروەها بە مانای بۆی بۆنخۆش کردوون و بۆی ڕازاندوونەوەش، دێ.

(فَتَعْسًا لَّهُمْ): (**التَّعْسُ: ألاَّ يَنْتَعِشَ مِنَ العَثْرَةِ، التَّعَسُ: الهَلاَكُ، وَأَصْلُهُ الكَبُّ، وَهُوَ ضِدُّ الإنْتِعَاشِ**)، (**تَعْس**) ئەوەیە کە کەسێک کەوت هەڵنەستێتەوە، (**تَعْس**) هەروەها بە مانای لە بەین چوونە، ئەسڵی وشەی (**تَعْس**) بە واتای لەپەوڕوو کەوتنەو پێچەوانەی (**انْتِعَاش**)ە، (**انْتِعَاش**) ئەوەیە کە ئینسان کەوت، هەڵسێتەوەو ببووژێتەوە.

(فَأَحْبَطَ أَعْمَٰلَهُمْ): (**حَبَطَ عَمَلُهُ: بَطَلَ ثَوَابُهُ**)، پاداشتەکەی نەماوەو زایە بووەو پووچەڵ بۆتەوە.

(دَمَّرَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ): **خوا** ﷻ بە سەریدا کاول کردوون، فەوتاندوونی، (**الدَّمَارُ: الهَلَاكُ، دَمَّرَهُ اللَّهُ تَدْمِيراً وَدَمَّرَ عَلَيْهِ بِمَعْنَى**)، (**دَمَارُ**) بە مانای (**هَلَاكُ**) فەوتان، دێ، دەگوترێ: (**دَمَّرَهُ اللَّهُ تَدْمِيراً وَدَمَّرَ عَلَيْهِ**) هەردووکیان خوا ﷻ بەسەریدا کاول کرد، یان: خوا بە کاول کردن و ڕووخاندن ڕووخاندی، هەر بە مانای یەکن، واتە: فەوتاندی و لە بەینی برد، لەبەر ئەوەی کەسێک لە ژێر کەندەڵانێک بێ، لە بن ئەشکەوتێک بێ، لە بن خانوویەکدا بێ، خانوو و ئەشکەوت و کەندەڵانەکەی بەسەردا بڕووخێ، لە بەین دەچێ، لەوەوە ئەو تەعبیرەیان بەکارهێناوە.

(أَمْثَٰلُهَا): (**أَمْثَالُ: جَمْعُ مَثَلٍ، مَثَلُ الشَّيءِ: صِفَتُهُ، مِثْلٌ وَمَثَلٌ: شِبْهٌ وَشَبَهٌ، وَالمَثَلُ: مَا يُضْرَبُ بِهِ مِنَ الأَمْثَالِ**)، (**مَثَلٌ**) بە مانای سیفەت و وەسف دێ، (**مِثْلٌ ومَثَلٌ**) وەک (**شِبْهٌ وشَبَهٌ**)ن، ئەو شتە وەک ئەو شتەیە، وێڕای ئەوەش (**مَثَل**) بە مانای پەندیش دێ، ئەو شتەی وەک پەند دەهێنرێتەوە، پەندیش بریتیە لەوە کە شتێک بەسەر کەسێک هاتبێ، تۆش کەسێکی دیکە بچوێنی بەو کەسەی ئەو شتەی بەسەر هاتوە، لەوەدا کە بەسەر ئەویش دێ.

(مَوۡلَىٰ): (المَـوْلَى: الجَـارُ، وَالحَلِيْـفُ، وَالنَّـاصِرُ، وَالمُحِـبُّ، وَالمُدَبِّـرُ)، (مَـوْلَى): بـە مانـای دراوسـێ و هاوپەیـمان و پشـتیوان و خۆشەویسـت و مشـوورخۆرو سەرپەشـتیار، دێ، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ مَوۡلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾، ئـەوەش بـە هـۆی ئەوەوەیـە، کـە خـوا ﷻ سەرپەرشـتیاری ئەوانەیـە، بڕوایـان هێنـاوە، ﴿وَأَنَّ ٱلۡكَٰفِرِينَ لَا مَوۡلَىٰ لَهُمۡ﴾، بـەڵام بێبڕوایـەکان، بـێ سەرپەرشـتیارن و، بـێ دۆسـت و پشـتیوانن.

خـوا ﷻ دوای ئـەوەی باسـی سـەرەنجام و بـە سـەر فەتـارەت چوونـی بێبڕوایـان دەکات و، بـاسی سـەرفرازیی و سـەرکەوتنی بـڕواداران دەکات، دەفەرمـوێ: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ مَوۡلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾، ئـەوەش بـە هـۆی ئەوەوەیـە کـە خـوا ﷻ دۆسـت و سەرپەرشـتیاری ئەوانەیـە بڕوایـان هێنـاوە، بـەڵام ئەوانـەی بێبـڕوان، بـێ دۆسـت و بـێ سەرپەرشـتیارو پشـتیوانن.

مانای گشتیی ئایەتەکان

ئـەم سـوورەتە موبارەکـە وەک لـە پێناسـەکەیدا باسـمان کـرد، پانتاییەکـی زۆر تێیـدا بـۆ جەنـگ و ڕووبـەڕوو بوونـەوە لـە دژی بێبڕوایـان تەرخانکـراوە، هەڵبەتـە بێبڕوایانێکـی شـەڕفرۆش و دەسـتدرێژکار بـۆ سـەر ئیمانـداران، چونکـە وەک لـە زۆر لـە کتێبەکانمانـدا باسـمان کـردوە: لـە تەفسـیری سـوورەتی (الأنفـال) و سـوورەتی (التوبـة)داو، لـە کتێبـی (هەڵوەشـانەوەی پەڕگیریـی)دا، کـە وێـڕای ئـەوەی بـە کوردیـی نووسـیومانە، بـۆ زمانەکانـی: عەرەبیـی و تورکیـی و فارسـیی و ئینگلیزییـش وەرگێـڕدراوەو بڵاویـش کراوەتـەوە، باسـمان کـردوە، بناغـەی پەیوەندیـی ئەهلـی ئیسـلام لەگـەڵ نامسـوڵمانانداا، بریتیـە لـە ئاشـتیی و تەبایـی، مەگـەر ئـەوان ئـەو ئاشـتیی و تەبایيـە تێکبـدەن و، دەسـتدرێژیی بکـەن، ئـەو کاتـە لـە بەرانبـەر مسـتدا، درێشـە ڕادەگیـرێ و، کـەس لـە شـەڕ شـەکری نەبەخشـیوەتەوە.

ئنجـا لـەم یـازدە ئایەتـەی سـەرەتای ئـەم سـوورەتە موبارەکـەدا، خـوا ﷻ بـە خەسـت و خۆڵیـی باسـی ڕووبەڕووبوونـەوەی ئەهلـی ئیـمان و ئەهلـی کوفـر دەکات، بـەو شـێوەیە دەسـت پێـدەکات:

سـەرەتا خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ) بـە نـاوی خـوای بـە بەزەیـی بەخشـندە،

واتە:

دەستپێکردنم بە ناوی خوایە، ئەوەش مەبەست پێی ئەوەیە:

١ - ئەم کارە تەنها بۆ خوا دەکەم.

٢ - ئەم کارە بە پێی شەرعی خوا دەکەم.

٣ - ئەم کارە بە تواناو یارمەتیی خوای پەروەردگار دەکەم.

٤ - ئەم کارە بۆ هێنانەدی ڕەزامەندیی خوا ئەنجامی دەدەم.

﴿ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ أَضَلَّ أَعْمَٰلَهُمْ ﴾، ئەوانەی بێبڕوابوون و لایانداوە لە ڕێی خوا، یاخود خەڵکیان لاداوە لە ڕێی خوا، خوا ﷻ کردەوەکانی ون کردوون، کردەوەکانی بێئاکام و بێ ئەنجام کردوون، لێرەدا کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ﴾، کە یەکێک لە ناوەکانی ئەم سوورەتە، سوورەتی: **(الذين كفروا)**یەو، یەکێکی دیکە لە ناوەکانی بریتیە لە سوورەتی **(القتال)**.

ئنجا ئاوا دەست پێدەکات، دەفەرموێ: ئەوانەی بێبڕوابوون، واتە: بێبڕوابوون بە هەموو ئەو شتانەی پێویست بوو بڕوایان پێ بهێنرێ، بێ بڕوابوون بە خواو، بە فریشتەکانی خواو، بە کتێبەکانی و، بە پێغەمبەرانی و، بە ڕۆژیی دوایی و، بە هەموو ئەو شتانەی کتێبی خواو پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵیان پێداون، ﴿ وَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾، هەر بەوەندەش وازیان نەهێناوە کە خۆیان بێبڕوابن، بەڵکو بە کردەوەش لە ڕێی خوا لایانداوە، یاخود: خەڵکیشیان لە ڕێی خوا لاداوە، ئا ئەوانە: ﴿ أَضَلَّ أَعْمَٰلَهُمْ ﴾، خوا ﷻ کردەوەکانی زایە کردوون و، ون کردوون، واپێدەچی لێرەدا: ﴿ أَضَلَّ أَعْمَٰلَهُمْ ﴾، مەبەست ئەو پیلان و فێڵ و تەڵەکانە بێ، کە لە دژی ئەهلی ئیسلام ئەنجامیان داون، لە ماڵ بەخشین و خەڵک کۆکردنەوەیان و سوپا سازکردنیان، وەک بۆ جەنگی بەدر کردیان و، بۆ جەنگی ئوحود کردیان، خوا ﷻ فێڵ و پیلانی ئەوانی هەڵوەشاندۆتەوەو، ون کردوەو، کردوویەتی بە ئەخشی سەر ئاو.

﴿ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَءَامَنُواْ بِمَا نُزِّلَ عَلَىٰ مُحَمَّدٍ وَهُوَ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ كَفَّرَ عَنْهُمْ سَيِّـَٔاتِهِمْ وَأَصْلَحَ بَالَهُمْ ﴾، بەڵام ئەوانەی بڕوایان هێناوە، (بە هەموو ئەو شتانەی پێویستە بڕوایان پێ بهێنرێ)و چاکەکانیان ئەنجام داون و، بڕواشیان هێناوە بەوەی دابەزێنراوەتە سەر موحەممەد ﷺ، کە هەر ئەویش هەقە لە پەروەردگاریانەوە،

بـەس ئـەوە ڕاسـت و هەقـە، ئنجـا ئایـا خـوا ﷻ چـی بـۆ کـردوون؟ ﴿كَفَّرَ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ﴾، خـوا ﷻ خراپەکانیانـی لـێ سـڕیونەوەو، ﴿وَأَصْلَحَ بَالَهُمْ﴾، حـاڵ و باڵیشـی چاککـردوون، حـاڵ و بـاڵ چاککردنیـش هـەم ئۆخژنـی نێـو دڵ و دەروونـی پێـداون، هـەم لـە ڕووی عەقڵییـەوە، بەرچـاو ڕوونیـی پێـداون، هـەم لـە ڕووی خێزانییـەوە تۆکمـەی کـردوون، هـەم لـە ڕووی کۆمەڵایەتییـەوە، پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانیانی قایـم کـردوون، هـەم بەرەکـەت و پێـزی ماددیـی و مەعنەویـی، پێـداون و، لـە ڕووی تەبایـی نێـو خۆیـان و، لـە ڕووی عیـززەت و زبریـی لـە بەرانبـەر دوژمنیانـەوە، خـوا ﷻ حاڵـی بـاش کـردوون بـە مانـای فراوانـی حـاڵ بـاش بـوون، بۆچـی؟

﴿ذَلِكَ بِأَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا اتَّبَعُوا الْبَاطِلَ﴾، ئەویـش بـە هـۆی ئـەوەوە کـە ئەوانـەی بێبـڕوان، شـوێن ناهـەق کەوتـوون و، شـوێن شـتی پـووچ کەوتـوون، کـە بریتیـە لـە کوفـرو شـیرک و سـتەم و خراپـە، ﴿وَأَنَّ الَّذِينَ آمَنُوا اتَّبَعُوا الْحَقَّ مِن رَّبِّهِمْ﴾، بـە هـۆی ئـەوەوەش کـە ئەوانـەی بڕوایـان هێنـاوە، شـوێن هـەق کەوتـوون، واتـە: ئـەو ئیـمان و عەقیدەیـەو، ئـەو شـەریعەتە هـەق و چەسـپاوەی لـە پەروەردگاریانـەوە هاتـوە، ﴿كَذَلِكَ يَضْرِبُ اللَّهُ لِلنَّاسِ أَمْثَالَهُمْ﴾، بـەو شـێوەیە خـوا ﷻ وێنەکانیـان بـۆ خەڵکـی دێنێتـەوە، بـۆ ئـەوەی بـە هـۆی وێنەکانیانـەوەو، بـە هـۆی وەسـفەکانیانەوەو، لـە خۆیـان حاڵیـی بـبن.

لـەم سـوورەتە موبارەکـەدا، پێنـج جـاران وشـەی (ذَلِكَ) هاتـوەو، هەمووشـیان ئامـاژەن بـەوە کـە خـوا ﷻ لەبـەر فـڵان شـتە ئـەوەی کـردوە.

دوایـی دەفەرمـوێ: ﴿فَإِذَا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا فَضَرْبَ الرِّقَابِ﴾، ئنجـا هـەر کات بەوانـەی بێبـڕوان گەیشـتن، واتـە: لـە جەنگـدا پێیـان گەیشـتن و بەرەنگاریـان بوونـەوە، بـا لـە گـەردن دان پیشـەتان بـێ، زانایانـی ڕێزمانـی عەرەبیـی گوتوویانـە: (**فَاضْرِبُوا ضَرْبَ الرِّقَاب**)، لـێ بـدەن لـە گەردنیـان، واتـە: بـەو شـێوەیەی چاکتر دەکوژرێـن، لـە شـوێنی هەتەریـان بـدەن، لـە شـوێنی پێکوژرانیـان بـدەن، ﴿حَتَّى إِذَا أَثْخَنتُمُوهُمْ﴾، هەتـا

کاتێک کوشتاریی خەستتان لێ کردن و لە پەل و پۆتان خستن، ﴿ فَشُدُّوا الْوَثَاقَ ﴾، ئنجا دەستبەند توند بکەن، یانی: بە دیلیان بگرن و کەلەپچەیان بکەن، ﴿ فَإِمَّا مَنًّا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَاءً ﴾، دوایی یان منەتیان لەسەر بکەن و بە بەلاش بەریان بدەن، یاخود بە فەرەبوو بەریان بدەن، ﴿ حَتَّى تَضَعَ الْحَرْبُ أَوْزَارَهَا ﴾، (هەر بەو شێوەیە لەگەڵیاندا مامەڵە بکەن) تاکو جەنگ قورساییەکانی خۆی دادەنێ و، کۆتایی پێ دێ، ﴿ ذَٰلِكَ ﴾، باس و خواس بەو شێوەیە، یاخود: بۆیە خوا ﷻ وایفەرمووە، یان بۆیە وای بۆ بڕیار داون، چونکە شایستەی ئەوەن، ﴿ وَلَوْ يَشَاءُ اللَّهُ لَانتَصَرَ مِنْهُمْ ﴾، ئەگەر خواش ﷻ ویستبای بەسەریاندا زاڵ دەبوو، تۆڵەی لێ دەستاندن، ﴿ وَلَٰكِن لِّيَبْلُوَ بَعْضَكُم بِبَعْضٍ ﴾، بەڵام بە یەکدییتان تاقی دەکاتەوە، ﴿ وَالَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَلَن يُضِلَّ أَعْمَالَهُمْ ﴾، ئەوانەش کە لە ڕێی خوادا کوژراون، کردەوەکانیان زایەو ون ناکات.

خوێندراویشەتەوە: (**وَالَّذِينَ قَاتَلُوا فِي سَبِيلِ الله**)، کە من ئەو خوێندنەوەیەم پێ باشترە، هەرچەندە خوێندنەوەی حەفص کە ئەو موصحەفەی بەردەستمان تەبەننیی کردوە، وانیە، بەڵام ئەم خوێندنەوەیە لەگەڵ ڕەوتەکەدا گونجاوترە: (**والذين قاتلوا في سبيل الله فَلَن يُضِلَّ أعمالهم**)، ئەوانەش کە لە ڕێی خوادا جەنگاون، کردەوەکانیان زایە ناکات، کردەوەکانیان بێ بەرهەم نابن، ﴿ سَيَهْدِيهِمْ ﴾، لەمەودوا زیاتر ڕاستە ڕێیان دەکات، ﴿ وَيُصْلِحُ بَالَهُمْ ﴾، حاڵ و باڵیشان چاک دەکات، بەڵام ئەگەر بە (**قُتِلوا**) بخوێندرێتەوە، دەبێ بڵێی: لە بەهەشتدا خوا ﷻ ڕێنماییان دەکات بۆ ڕێ و شوێنەکانی خۆیان و، لەوێ حاڵ و باڵیان چاک دەکات.

﴿ وَيُدْخِلُهُمُ الْجَنَّةَ عَرَّفَهَا لَهُمْ ﴾، دەیانخاتە بەهەشتەوە، پێی ناساندوون.

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن تَنصُرُوا اللَّهَ يَنصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ ﴾، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! ئەگەر خوا ﷻ سەربخەن، (پەیامی خواو، پێغەمبەری خوا، سەربخەن)، خوا سەرتان دەخات و پێیەکانتان دەچەسپێنێ.

﴿ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَتَعْسًا لَّهُمْ وَأَضَلَّ أَعْمَٰلَهُمْ ﴾، ئەوانـەش کـە بێبـڕوان، نەگبەتیـی و بـێ خێریـی بـۆ ئـەوان، کەوتـن و هەڵنەسـتانەوە بـۆ ئـەوان، ﴿ وَأَضَلَّ أَعْمَٰلَهُمْ ﴾، کردەوەکانیشـی ون کـردوون، بـێ بەرهـەم و بـێ ئەنجـام کـردوون.

﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَرِهُواْ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ ﴾، ئەویـش لەسـۆنگەی ئـەوەوە ڕقیـان لـەوە هەڵسـاوە کـە خـوا ﷻ دایبەزانـدووە، ئەوەیـان دزا کـە خـوا دایبەزانـدوە، ﴿ فَأَحْبَطَ أَعْمَٰلَهُمْ ﴾، بۆیـە کردەوەکانـی، (کـردەوە باشـەکانی) هەڵوەشـاندنەوە.

یـان مەبەسـت ئەوەیـە کـە خـوا کـردەوە خراپەکانیـان و نەخشـەو پیلانەکانیانـی بـە زایـەدان و ون کـردن، بـەڵام کـردەوە چاکەکانـی لـێ هەڵوەشـاندنەوەو، هـەر کردەوەیـەک نێـوەڕۆک و ڕووحـی ئیـمان و تەقـوای تێـدا نەبـێ، وەک شـیری بـێ هەوێـن، هەڵدەبزرکـێ.

﴿ أَفَلَمْ يَسِيرُواْ فِى ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ﴾، ئایـا بـە زەویـدا نەڕۆیشـتوون سـەرنج بـدەن! سـەرەنجامی ئەوانـەی پێـش ئـەوان چـۆن بـوو؟ ﴿ دَمَّرَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ ﴾، خـوا ﷻ فەوتاندنـی، وەک کەسـێ کـە خانـووی بەسـەردا دەڕووخـێ، فەوتاندنـی، ﴿ وَلِلْكَٰفِرِينَ أَمْثَٰلُهَا ﴾، وێنـەی ئـەو سـەرەنجامە شـوومانەش لـە بۆسـەدان، بـۆ بێبڕوایانـی هەمـوو ڕۆژگارەکان.

﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ مَوْلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴾، ئەویـش بەهـۆی ئەوەوەیـە کـە خـوا ﷻ دۆسـت و سەرپەرشـتیاری ئەوانەیـە، کـە بڕوایـان هێنـاوە، ﴿ وَأَنَّ ٱلْكَٰفِرِينَ لَا مَوْلَىٰ لَهُمْ ﴾، هەروەهـا بـە هـۆی ئەوەشـەوەیە، کـە بێبڕوایـان هیـچ سەرپەرشـتیارو دۆسـت و پیشـتیوانیان نین.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

بێبڕوایانی خەڵک لە ڕێی خوا لادەر، خوا ﷻ کردەوەکانیان پووچەڵ دەکاتەوە، بەڵام بڕوادارانی کردار باش، کە بڕوایان بەو هەقە هەیە، دابەزێنراوەتە سەر موحەممەد ﷺ، خوا ﷻ خراپەکانیان لێ دەسڕێتەوەو، حاڵ و باڵیان چاک دەکات، ئەویش لە سۆنگەی ئەوەوە کە بێبڕوایان شوێن بە تاڵ و، بڕواداران شوێن هەق کەوتوون:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَصَدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ أَضَلَّ أَعْمَٰلَهُمْ ۝١ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَءَامَنُوا۟ بِمَا نُزِّلَ عَلَىٰ مُحَمَّدٍ وَهُوَ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ كَفَّرَ عَنْهُمْ سَيِّـَٔاتِهِمْ وَأَصْلَحَ بَالَهُمْ ۝٢ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ٱتَّبَعُوا۟ ٱلْبَٰطِلَ وَأَنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّبَعُوا۟ ٱلْحَقَّ مِن رَّبِّهِمْ كَذَٰلِكَ يَضْرِبُ ٱللَّهُ لِلنَّاسِ أَمْثَٰلَهُمْ ۝٣﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە هەشت بڕگەدا:

١)- ﴿ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَصَدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ أَضَلَّ أَعْمَٰلَهُمْ﴾، ئەو کەسانەی بێبڕوان بوون و خەڵکیان لە ڕێی خوا لادا، کردەوەکانی ون کردوون.

(**كَفَروا**) یانی: بێبڕوا بوون بە هەموو ئەو شتانەی پێویست بوو بڕوایان پێ بهێنرێ.

﴿وَصَدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾، واتە: لە ڕێی خوا لایاندا، یاخود: خەڵکیان لە ڕێی خوا لادا، ﴿أَضَلَّ أَعْمَٰلَهُمْ﴾، خوا ﷻ کردەوەکانیانی ون کردوون، پووچەڵکردوونەوە، کە دەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾، ئەوانەی بێبڕوا بوون، بێبڕواکانی ڕۆژگاری پێغەمبەر ﷺ دەگرێتەوەو، بێبڕوایەکانی هەموو ڕۆژگارەکانیش دەگرێتەوە.

هەروەها ﴿ وَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾، چ بـە مانـای خۆیـان لاملییـان کـرد لـە ڕێـی خـواو لایانـدا، بـێ، چ بـە مانـای خەڵکیـان لاداو بوونـە پـەرچ و کۆسـپ لـە ڕێـی خـوادا، بێ، ە هەمـوو ئەوانـە دەگرێتـەوە، کـە بـە درێژایـی مێـژوو وایـان کـردوە، لـە هەمـوو کۆمەڵگاکانـی کـە پێغەمبـەران (عَلَيْهِـم الصَّلَاة وَالسَّلَام) بۆیـان هاتـوون، تاکـو دنیـا بـە کۆتـا دێ، ﴿ وَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾، خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: خەڵکیـان لـە ڕێـی خـوا لاداوە، توێژەرەوانـی قورئانیـش:

أ- هەندێکیان گوتوویانە: (**صَدُّوهُمْ عَنِ التَّوْحِيْدِ**) لە خوا بە یەکگرتن لایانداون.

ب- هەندێک گوتوویانە: (**عَنِ المَسْجِدِ الحَرَام**) لە مزگەوتی حەرام لایانداون.

ج- هەندێکیان گوتوویانە: (**أنفقوا أموالهم لمعاداة الإسلام**)، واتە: ماڵ و سامانی خۆیان خەرج کردوە بۆ دژایەتیی ئیسلام.

بـەڵام لـە ڕاسـتییدا: ﴿ وَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾، ئەگـەر (**صـدّوا**) مانـای (**لازم**)ی لـێ بگریـن: لـە ڕێـی خـوا لایانـداوە، خـوا بەیەکگرتـن و هەمـوو شـتەکانی دیکـەی ئیسـلام دەگرێتـەوە، کـە لاملییـان لێکـردوون، ئەگـەر مانـا (**مُتَعَدِّي**)یەکەشـی بگریـن کـە بـەرکار دەخـوازێ، واتـە: خەڵکیـان لاداوە لـە ڕێـی خـوا، ئنجـا ئـەو کاتـە ڕێـی خـوا، هـەم قورئـان دەگرێتـەوە، هـەم پێغەمبـەر ﷺ دەگرێتـەوە، بەندایەتیـی بـۆ خـواو خـوا بەیەکگرتـن دەگرێتـەوە، مزگەوتـی حـەرام دەگرێتـەوە، ئازاردانـی مسـوڵمانان دەگرێتـەوە، کـە بوونـە کۆسـپ و پـەرچ لـە بەردەمیانـدا، کـە نەهێڵـن بـڕوا بێنـن و، مـاڵ خەرجکردنـی خۆیـان دەگرێتـەوە بـۆ دژایەتیـی ئیسـلام و هەوڵـدان بـۆ کوژاندنـەوەی چـرای ئیسـلام و، هێـرش کردنـە سـەر دەوڵەتـی تـازە پێگرتـووی ئیسـلامیی لـە مەدینـەدا، هەمـوو ئەوانـە دەگرێتـەوە.

ئنجا ئەوانـە هەموویـان خـوا ﷻ چییـان لـێ دەکات؟ ﴿ أَضَلَّ أَعْمَٰلَهُمْ ﴾، خـوا ﷻ کردەوەکانـی هەڵوەشـاندوونەوە، پووچـەڵ کردوونـەوەو، ونکردوون.

ئەمەش زانایان دوو واتایان بۆ لێکداونەوە زانایان:

یەکەم: (ضَيَّعَ أَعْمَالَهُمْ الصَّالِحَة)، کردەوە باشەکانی پووچەڵ کردوونەوە.

دووەم: ئەو کردەوانەی ئەنجامیان داون بۆ دژایەتیی ئیسلام و مسوڵمانان، خوا ﷻ ئەو کردەوانەیانی بێ ئاکام و بێ ئەنجام کردوون.

زیاتریش مانای دووەمیانی دێتە زەینەوەو بە دڵەوە دەنووسێ، چونکە خوا ﷻ بۆ کردەوەی باش وشەی (أَحْبَطَ)ی بەکارهێناوە، بەڵام (أَضَلَّ أعمالهم) واتە: کردەوە خراپەکانی زایەکردوون، بێ بەرهەمی کردوون، بێ ئاکامی کردوون.

٢)- ﴿وَالَّذِينَ ءَامَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَءَامَنُوا بِمَا نُزِّلَ عَلَىٰ مُحَمَّدٍ﴾، بەڵام ئەوانەی بڕوایان هێناوە، {بڕوایان هێناوە بە خوا ﷻو، بە فریشتەکانی خواو، بە کتێبەکانی خوا، بە پێغەمبەرانی خوا، بە ڕۆژی دوایی و بە ئەخشە دانان و جێبەجێکردنی خوا، قەدەرو قەزای خوا، بە هەموو ئەو شتانەی کتێبی خواو پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵیان پێداون}، چاکەکانیشیان ئەنجامداون، (چاکەکانیش دیسان چ پەیوەندییان بە نیازو خولیاکانی نێو دڵ و عەقڵەوە هەبێ، چ پەیوەندییان بە دەربڕینەکانی زمانەوە هەبێ، چ پەیوەندییان بە کردەوەی ئەندامەکانەوە هەبێ، لە چوارچێوەی هەڵسوکەوتی تاکیی و، هەڵسوکەوتی خێزانیی و، هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیی و، هەڵسوکەوتی سیاسیی دا، هەمووی دەگرێتەوە)، هەروەها بڕوایان بەوەش هێناوە کە دابەزێنراوەتەوە سەر موحەممەد ﷺ.

کە بە دڵنیایی مەبەست پێی قورئانە.

ئەمە خوێندراویشەتەوە:

أ- (آمَنُوْا بِمَا أُنْزِلَ).

ب- (بِمَا نَزَّلَ).

ج- (بِمَا أَنْزَلَ)، بەو جۆرانەش خوێندراوەتەوە، بڕواشیان بەوە هێناوە کە دابەزێنراوەتە سەر موحەممەد ﷺ.

٣)- ﴿وَهُوَ الْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ﴾، لە حاڵێكدا ئەو (دابەزێنراوە)، هەق و چەسپاوو ڕاستە لەلایەن پەروەردگاریانەوە.

ئـەم تەعبیـرە کـە دەفەرمـوێ: ﴿وَهُوَ الْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ﴾، (جُمْلَـةٌ مُعْتَرَضَـةٌ بَـيْنَ المُبْتَـدأ وَالخَـبَرِ مُفِيْـدَةٌ لحَـصْرِ الحَقِّيَّـة فِيْـهِ)[1]، ئەمـە ڕسـتەیەکی نێواخنـە، لـە نێـوان نیهـادو گـوزارەداو، مانـای کـورت هەڵهێنانـی هـەق دەگەیەنـێ لـە قورئانـدا.

چونکـە: ﴿وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَآمَنُوا بِمَا نُزِّلَ عَلَىٰ مُحَمَّدٍ﴾، ئەمـە هەمـووی نیهـاد (مبتـدأ)ە، ﴿وَهُوَ الْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ﴾، ڕسـتەیەکی نێواخنـە. ﴿كَفَّرَ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ﴾، ئەمـەش گـوزارە (خـبر)ی ئـەو نیهادەیـە کـە لـە پێشـەوە هاتـوە.

٤)- ﴿كَفَّرَ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ﴾، خراپەکانی لێ سڕیونەوە، (أزَالَهَا وَلَمْ يُؤاخِذْهُمْ بِهَا)، خوا ﷻ خراپەکانی لێ لابردوون و بە هۆیەوە سزای نەداون.

ئنجا بۆچی کردەوەی بێبڕوایان ون و زایە دەبێ و، بێ بەرهەم دەبێ؟

ئـەوە یاسـایەکی خوایـە، لـە ژیانـی مرۆڤـدا دایناوە، کـە هـەر کردەوەیـەک لـە سـەر بناغـەی ئیمان بـە خـوا نەبـێ، بـۆ ڕۆژی دوایـی پاداشـتی نابـێ، ئـەوە ئەگـەر مەبەسـت پێـی کارە باشـەکانیان بـێ، هەروەهـا بـە پێـی سیسـتم و یاسـای خـوا، هەمـوو ئەوانـەی دژایەتیـی خـوا ﷻ دەکـەن لـە دنیـادا، سـەرەنجام بـێ تـاکام دەبـن، وەک دەگوتـرێ: (للبَاطِـل جَوْلَـةٌ ثُـمَّ يَضْمَحِـلّ)، باتـڵ تـۆزێ دێ و دەچـێ، بـەڵام دوایـی بـێ تـاکام دەبـێ، بۆیـە خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿وَالْعَاقِبَةُ لِلتَّقْوَىٰ﴾ طـه: ١٣٢، یـان دەفەرمـوێ: ﴿فَاصْبِرْ إِنَّ الْعَاقِبَةَ لِلْمُتَّقِينَ﴾ هـود: ٤٩، سـەرەنجام بـۆ تەقوایـە، سـەرەنجام بـۆ پارێزکارانـە، بەڵـێ خەڵکـی بـێ تەقـواش هەنـدێ دەسـتکەوتی دەبـن، بـەڵام سـەرەنجامەکەیان سـەر بـە فەتـارەت چـوون و ڕەنـج زایـە بوونـە.

٥)- ﴿وَأَصْلَحَ بَالَهُمْ﴾، هەروەها حاڵ و باڵیشی چاککردوون.

---

(١) روح المعاني للآلوسي: ج٢٠، ص٢٦٣.

ئەوانـەی بڕوایـان هێنـاوەو، کـردەوە باشـەکانیان ئەنجـام داون و، بڕوایـان بـەوە هێنـاوە کـە دابەزێندراوەتـە سـەر موحەممـەد ﷺ، کـە هـەر ئـەوەش هەقـە لـە پەروەردگاریانـەوە، خـوا ﷻ خراپەکانـی لـێ سـڕیونەوەو حـاڵ و باڵیشـی چـاک کـردوون، ﴿ وَأَصْلَحَ بَالَهُمْ ﴾، وشـەی (بَالَهُـمْ: أَمْرَهُـمْ أو شَـأْنَهُمْ أو حَالَهُـمْ)، و (وَالْبَـالُ: كَالْمَصْـدَرِ، مِثْـلُ الشَّـأْنِ، لاَ يُعْـرَفُ مِنْـهُ فِعْـل، وَلَا تَـكَادُ الْعَـرَبُ تَجْمَعُـهُ، إلاَّ فِي ضَرُورَةِ شِـعْرٍ، فَـإِذَا جَمَعُـوهُ قَالُـوا: بَـالَات)، ﴿ وَأَصْلَحَ بَالَهُمْ ﴾، دەگونجـێ بڵێـی (أَصْلَـحَ أَمْرَهُـمْ) کاروبـاری چاککـردوون، یـان (أَصْلَـحَ شَـأْنَهُمْ) حاڵـی چاککـردوون، یـان (أَصْلَـحَ حَالَهُـمْ)، وشـەی (بَـال) وەک چـاوگ وایـە، وەک وشـەی (شَـأْن)، کـە هیـچ نەزانـراوە کـرداری هەبـێ، (بَال)یـش نەزانـراوە کـرداری هەبـێ و کـۆش ناکرێتـەوە، (شَـأْن) دیـارە بـە (شـؤون) کـۆ دەکرێتـەوە، بـەڵام (بَـال) کـۆ ناکرێتـەوە، مەگـەر لەبـەر ناچاریـی و لـە شـیعردا کـە بـە (بَـالَات) کـۆ دەکرێتـەوە، کەواتـە: ﴿ وَأَصْلَحَ بَالَهُمْ ﴾، واتـە: حـاڵ و باڵـی چاککـردوون، ئنجـا ئـەو حـاڵ و باڵـە:

أ- لە ڕووی عەقڵییەوە، هۆش و گۆشی باش کردوون.

ب- لە ڕووی دڵ و دەروونەوە، دڵ و دەروونی موڕتاح و ئاسوودە کردوون.

ج- لە ڕووی ڕەوشتەوە، ڕەوشتی بەرزو جوان کردوون.

د- لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە.

هـ- لە ڕووی خێزانییەوە.

و- لە ڕووی تۆکمەیی و تەبایی نێو خۆیانەوە، حاڵ و باڵی باش کردوون.

٦)- ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱتَّبَعُواْ ٱلْبَٰطِلَ ﴾، ئەویش بە هۆی ئەوەوەیە، ئەوانەی بێبڕوان بە دوای ناهەق کەوتوون، واتە: بە دوای پووچ کەوتوون، شتێکی بێ بنەما، کە کوفرەو شیرکەو گوناهەو تاوانە، (ذَلِكَ إِشَارَةٌ إلى كُلِّ مَا مَرَّ ذِكْرُهُ «مُبْتَدَأ» خَبَرُه ما يأتي بعده)، کە دەفەرموێ: (ذَلِكَ) ئەمە ئاماژەیە بۆ هەموو ئەوەی تێپەڕیوەو (ذَلِكَ) بە نیهاد دادەنرێ و، گوزارەکەی، ئەوەیە کە دوایی دێ کە دەفەرموێ: ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱتَّبَعُواْ ٱلْبَٰطِلَ ﴾.

٧)- ﴿ وَأَنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّبَعُواْ ٱلۡحَقَّ مِن رَّبِّهِمۡ ﴾، هەروەها بە هۆی ئەوەوەیە، ئەوانەی بڕوایان هێناوە شوێن هەقێك کەوتوون لەلایەن پەروەردگاریانەوە.

وشـەی (حَـق) نـاوە بـۆ هەرچـی خـوا دایبەزانـدوە بـۆ پێغەمبـەر ﷺ، هـەروەک باتیـڵ نـاوە بـۆ هەمـوو ئـەوەی دژی ئاییـن و بەرنامـەی خوایـە، چ لـە ڕووی ئیمان و عەقیدەکەیـەوە، پێـش ئـەوەش لـە ڕووی بوونناسـییەکەیەوە، چ لـە ڕووی شـەریعەت و کردەوەکانـەوە:

١- لە ڕووی بوونناسییەوە، هەق ئەوەیە کە خوا ئەم گەردوونەی هێناوەتە دی، بە مەبەستی تاقیکردنەوەی مرۆڤ، حیکمەتەکە ئەوەیە، کە ئەم گەردوونە هەموی ڕێک و پێکییەو، ژیانی مرۆڤیش نابێ ناڕێک و پێکیی بێ، ئنجا ئەگەر ژیانی مرۆڤ بەس ئەم ژیانی دنیایە بێ و، لێپرسینەوەو سزاو پاداشت نەبێ، ناڕێک و پێکییە، بەڵام گەردوونی خوا ناڕێک و پێکیی تێدانیە.

٢- لە ڕووی ئیمان و عەقیدەوە، هەق ئەوەیە بڕوا بە خوا بێنین، وەک تاکە بەدیهێنەرو، تاکە خاوەن و پەروەردگارو، تاکە پەرستراو و، بەندایەتیی بۆ بکرێ، پاشان بڕوا بهێنین بە فریشتەکانی خواو، بە کتێبەکانی خواو، بە پێغەمبەرانی خوا (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام**)، بە ڕۆژی دوایی.

٣- لە ڕووی شەریعەتەوە، هەق ئەوەیە، کە شەریعەتی خوا فەرموویەتی، حەڵاڵ و حەرامەکانی کە شەریعەت دیاریی کردوون، خراپەو چاکەکان کە شەریعەت دیاریی کردوون، چ بۆ تاکەکان، چ بۆ خێزانەکان، چ بۆ کۆمەڵگایەکان، چ بۆ دەوڵەتەکان، پێویستە پابەندیی بە چاکەو حەڵاڵەکانی شەریعەتەوە بکرێ و، خۆ بپارێزرێ لە خراپەو قەدەغەکانی، کەواتە: هەق ئەوەیە خوا فەرموویەتی و ناردوویەتی، چ ڕاستەوخۆ لە قورئاندا، چ لە ڕێی پێغەمبەرەکەیەوە، وەک ڕێبازەکەی، باتیڵ و ناهەقیش ئەوەیە پێچەوانەی ئەوە بێ، کە خوا دایبەزاندوەو، چ لە ڕووی بوونناسیەوەو، چ لە ڕووی ئیمان و عەقیدەوە، چ لە ڕووی شەریعەت و کردەوەکانەوە.

٨)- ﴿كَذَٰلِكَ يَضْرِبُ ٱللَّهُ لِلنَّاسِ أَمْثَٰلَهُمْ﴾، بەو شێوەیە خوا ﷻ وێنەکانیان بۆ خەڵکی دەێنێتەوە، خاوەنی (التحرير والتنوير)[1] ئاوا ئەم ڕستە قورئانییە شیی دەکاتەوە: (**كَهَذَا التَّبْيِينِ يُبَيِّنُ اللَّهُ لِلنَّاسِ أَحْوَالَهُمْ، فَلَا يَبْقَوْا فِي غَفْلَةٍ عَن شؤون أَنْفُسِهِمْ مَحْجُوبِينَ عَنْ تَحَقُّقِ كُنْهِهِمْ بِحِجَابِ التَّعَوُّدِ، لِئَلَّا يَخْتَلِطَ الْخَبِيثُ بِالطَّيِّبِ، وَلِكَيْ يَكُونُوا عَلَى بَصِيرَةٍ فِي شؤونهم**)، واتە: بەو شێوە ڕوونکردنەوەیە خوا بۆ خەڵکی حاڵ و باڵیان ڕوون دەکاتەوە، تاکو لە بێئاگاییدا نەبن لە بارەی کاروباری خۆیانەوەو، پەردەپۆش نەکرێن لە بارەی تێگەیشتنەوە لە چییەتی خۆیان، بە هۆی پەردەی عادەت پێوەگرتنەوە، تاکو پیس و پاک تێکەڵ نەبن و، لە بارەی کار وباری خۆیانەوە بەرچاو ڕوون بن.

دیارە کە دەفەرمووێ: ﴿كَذَٰلِكَ يَضْرِبُ ٱللَّهُ لِلنَّاسِ أَمْثَٰلَهُمْ﴾، (**وَالْأَمْثَالُ: جَمْعُ مَثَلٍ بِالتَّحْرِيكِ وَهُوَ الْحَالُ الَّتِي تُمَثِّلُ صَاحِبَهَا، أَيْ تُشْهِرُهُ لِلنَّاسِ وَتُعَرِّفُهُمْ بِهِ، فَلَا يُلْتَبَسُ بِنَظَائِرِهِ**)، وشەی (**أمثال**) کۆی (**مَثَل**)ە، کە بریتییە لەو حاڵەی خاوەنەکەی وێنا دەکات و دەیناسێنێ بە خەڵک و ناوداری دەکات، بۆ ئەوەی حاڵی ئەو لەگەڵ حاڵەکانی دیکەدا تێکەڵ نەبێ.

ئەمەش هەمووی ڕوونکردنەوەیە بۆ هۆکاری ئەسڵیی، کە بۆچی خوا ﷻ کردەوەی بێبڕوایان شوێن بزر دەکات و پووچەڵی دەکاتەوە، بەڵام حاڵی بڕواداران چاک دەکات، ئنجا کە حاڵی چاککردن، مانای وایە کردەوەکانیشیان چاک دەکات.

شایانی باسە: وشەی (ذَٰلِكَ) لەم سوورەتە موبارەکەدا، پێنج جاران دووبارە بۆتەوە، لە ئایەتەکانی: (٣ و ٩ و ١١ و ٢٦ و ٢٨)دا، کە بە زۆریی مەبەست پێی ئەوەیە: ئەوەی باسکرا بە هۆی ئەوەوەیەو ئەوە حیکمەتەکەیەتی، کە دەفەرمووێ: ﴿كَذَٰلِكَ يَضْرِبُ ٱللَّهُ لِلنَّاسِ أَمْثَٰلَهُمْ﴾، دەتوانین ئاوا تەعبیری لێ بکەین: واتە: بەو شێوەیە کە باسکرا، حاڵی هەر کام لە بڕواداران و بێبڕوایان ڕوون دەکەینەوە، چ بە کورتیی، چ بە درێژیی، تاکو هەر کامێکیان بەرچاو ڕوون بێ، لە بارەی کار وباری خۆیەوە.

---

(١) ج٢٦، ص٧٧.

ئـەوەی باسـکرا لـەم سـێ ئایەتـە موبارەکـەدا، هەمـووی هاندانـی مسـوڵمانانەو، زەمینـە بـۆ خۆشـکردنیانە کـە جەنـگ بکـەن لـە دژی ئەهلـی کوفـرو، ئەمـە هەمـووی زەمینـە خۆشـکردنە، بـۆ ئـەوەی کـە دوایـی خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ فَإِذَا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا ﴾محمـد: ٤، واتـە: مـادام حـاڵ بـەو شـێوەیە، کەوابـێ هـەر کات بەوانـەی بێبـڕوان گەیشـتن و، بەرەنگاریـان بوونـەوە، ﴿ فَضَرْبَ الرِّقَابِ ﴾، لـە گەردنیـان بـدەن، واتـە: لـە شـوێنی پێکوژرانیـان بـدەن.

ئـەوەی لێـرەدا خـوا ﷻ بـۆ بێبڕوایـەکان و بـۆ ئیمانـداران باسـی دەکات، هـەر کامیـان بەسـێ سـیفەتان پێناسـەیان دەکات:

یەکەم: بۆ بێبڕوایان:

١- سیفەتی یەکەمیان: ﴿ الَّذِينَ كَفَرُوا ﴾، بێبڕوان.

٢- سیفەتی دووەمیان: ﴿ وَصَدُّوا عَن سَبِيلِ اللَّهِ ﴾، خۆیان لە ڕێی خوا لادەدەن و، خەڵک لە ڕێی خوا لادەدەن.

٣- سیفەتی سێیەمیان: ﴿ اتَّبَعُوا الْبَاطِلَ ﴾، دوای باتیڵ و شتی پووچ و بێ بنەما کەوتوون، چ لە ڕووی بووناسیی، چ لە ڕووی ئیمان و عەقیدە، چ لە ڕووی بەرنامەی ژیانەوە، بەرنامەی ژیان لە ڕووی سیاسیی و ئابووریی و، کۆمەڵایەتیی و، هەڵسوکەوتەکان و، حەڵاڵ و حەرامەوە.

دووەم: بۆ بڕواداران:

١- سیفەتی یەکەمیان: ﴿ وَالَّذِينَ آمَنُوا ﴾، ئەوانەی بڕوایان هێناوە، واتە: بڕوایان هێناوە بە هەموو ئەو شتانەی پێویستە بڕوایان پێ بهێنرێ.

٢- سیفەتی دووەمیان: ﴿ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ ﴾، کردەوە باشەکانیان ئەنجام داون و، ئیمانیان بەوەش هێناوە کە دابەزێنراوەتە سەر موحەممەد ﷺ و، ئەویش هەر دەچێتەوە نێو

ئیمان، بەڵام ئەوە وەک زانایان دەڵێن: (**ذِكْرُ الخَاصِّ بَعْدَ العَام**)، باسکردنی تایبەتە لە دوای باسکردنی گشتیی.

٣- سیفەتی سێیەمیشیان: ﴿ٱتَّبَعُوا۟ ٱلْحَقَّ مِن رَّبِّهِمْ﴾، ئەو هەقەی لە پەروەردگاریانەوە هاتوە، شوێنی دەکەون و پەیڕەویی لێ دەکەن، کەواتە: سێ سیفەت بە سێ سیفەت، کە دژو پێچەوانەی یەکدین.

مەسەلەی دووەم:

فەرمانکردنی خوا بە بڕواداران کە لە کاتی بەرەنگاربونەوەدا، لە جێی پێ کوژرانی کافران بدەن و، پاش لە پەل و پۆ خستنیان، دەستبەندیان لێ توند بکەن و، دواتر بە منەت یان فەرەبوو بەریان بدەن، هەتا جەنگ تەواو دەبێ و، بشزانن کوژراوانی ڕێی خوا، کردەوەکانیان دەپارێزێ لە هەڵوەشانەوەو، ڕێنماییان دەکات و، حاڵ و باڵیان چاک دەکات و، دواییش لە دوارۆژدا دەیانخاتە ئەو بەهەشتەوە کە بۆی باسکردوون:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَا لَقِيتُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فَضَرْبَ ٱلرِّقَابِ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَثْخَنتُمُوهُمْ فَشُدُّوا۟ ٱلْوَثَاقَ فَإِمَّا مَنًّۢا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَآءً حَتَّىٰ تَضَعَ ٱلْحَرْبُ أَوْزَارَهَا ۚ ذَٰلِكَ وَلَوْ يَشَآءُ ٱللَّهُ لَٱنتَصَرَ مِنْهُمْ وَلَٰكِن لِّيَبْلُوَا۟ بَعْضَكُم بِبَعْضٍ ۗ وَٱلَّذِينَ قُتِلُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ فَلَن يُضِلَّ أَعْمَٰلَهُمْ ﴿٤﴾ سَيَهْدِيهِمْ وَيُصْلِحُ بَالَهُمْ ﴿٥﴾ وَيُدْخِلُهُمُ ٱلْجَنَّةَ عَرَّفَهَا لَهُمْ ﴿٦﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ بڕگەدا:

١)- ﴿ فَإِذَا لَقِيتُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فَضَرْبَ ٱلرِّقَابِ ﴾، ئنجا هەر کات بەرەنگاری ئەوانەی بێبڕوابوون بوونەوە، با پیشەتان لە گەردن دانیان بێ.

ئەم (ف)ە، وەک زانایان دەڵێن: (**الفَاءُ لتَفْرِيعِ هَذَا الكَلَامِ عَلَى مَا قَبْلَهُ**)، بۆ لق لێکردنەوە و جیاکردنەوەی ئەم قسەیە لە هی پێش خۆیەوەو پێیەوە پەیوەستە، واتە: مادام کافرەکان بەو شێوەیە بن، کەواتە: هەر کاتێک بەوانەی بێبڕوان گەیشتن و جەنگتان لە دژ کردن (**إِذَا لَقِيتُم الَّذِيْنَ كَفَرُوا وقاتلتموهم**) چونکە (**لَقِيتُم**) واتە: بەرەنگاریان بوونەوەو، مەبەست لە بەرەنگار بوونەوەش جەنگکردنە، کاتێک لە جەنگدا بەرەنگاری ئەوانەی بێبڕوان، بوونەوە، لە گەردنیان بدەن.

﴿ فَضَرۡبَ ٱلرِّقَابِ ﴾، ئـەم تەعبیـرە کنارەیەکـی نـاودارە، بـۆ کوشـتن بە هەر شـێوەیەک کـە بـەر پـەل بکـەوێ، زانایـان دەڵێـن: لـە ڕووی ڕێزمانـی عەرەبییـەوە، ئەسـڵەکەی ئاوایـە، یانـی: (فَاضْرِبُوا ضَرْبَ الرِّقَـابِ)، لـێ بـدەن، لێدان لـە گەردنیـان، چونکـە مرۆڤ کـە لـە گەردنـی بـدرێ زووتـر تـەواو دەبـێ، واتـە: چـۆن زووتـر دەکوژرێـن وایـان لـێ بـدەن، ئەگەرنـا مـەرج نیـە هـەر خـودی لـە گەردنـدان فەرمانـی پێکرابـێ، یـا لـە نیوچەوانـی بـدات، لـە کەللـەی سـەری بـدات، لـە سـینگی بـدات، چـۆن زووتـر لـە پـەل و پـۆی دەخـات و دەیکـوژێ، یـا لـە شـوێنی هەتـەری بـدات، لـە شـوێنی پێکوژرانـی بـدات، (إذا) لـە (فَـإِذَا لَقِيتُـم)دا، («إذا» ظَـرْفٌ لِلْمُسْـتَقْبَلِ مُضَمَّنَـةٌ مَعْنَـى الـشَّرْطِ، وَذَلِـكَ غَالِـبُ اسْـتِعْمالِها وَجَـوابُ الـشَّرْطِ قَوْلُـهُ: ﴿ فَضَرۡبَ ٱلرِّقَابِ ﴾)، (إذا) زەرفـە بـۆ ئاینـدە، باسـی کاتـی ئاینـدە دەکات، بـەڵام مانـای مەرجـی خراوەتـە نێـو، وەڵامەکەشـی بریتیـە لـە (ضَرْبَ الرِّقَـابِ)، یـانی: هـەر کاتـێ پێیـان گەیشـتن، یـا پیشـەتان لێدانـی گەردنیـان بـێ، یەکێـک لـە توێـژەرەوان، دەڵـێ: ماناکـەی ئاوایـە: (فَـإِذَا قَاتَلْتُـمُ الكُفَّـارَ فَجِـدُّوا فِـي قِتَالِهِـم، فَامْعِنُـوا فِـي قَتْلِهِـمْ، حَتَّـى إِذَا رَأَيْتُـمْ، أَنْ قَـدْ خَضَدْتُـمْ شَـوْكَتَهُم، فَـأْسِرُوا مِنْهُـمْ أَسْرَى)، واتـە: ئەگـەر لـە دژی کافـرەکان جەنـگان، بـە جیددیـی لـە کوشـتاریان بخەفتێـن و جەنگـی باشـیان لـە دژ بکـەن و، زۆریـان لـێ بکـوژن، ئنجـا هـەر کاتـێ پێتـان وابـوو دڕک و بڕکـی ئەوانتـان شـکاندووەو، لـە پـەل و پۆتـان خسـتوون، بـە دیلیـان بگـرن.

چونکە دوایی دەفەرموێ:

٢)- ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَثۡخَنتُمُوهُمۡ فَشُدُّواْ ٱلۡوَثَاقَ ﴾، هەتا کاتێ ئەوانتان خستە حاڵەتی (إثْخانْ)ەوەو لە پەل و پۆتان خستن، ئنجا کەلەپەچەو دەستبەندیان توند بکەن، (الإثْخَانُ: الغَلَبَةُ لِأنَّهَا تَتْرُكُ المَغْلُوبَ كَالشَّيْءِ المُثْخَنِ، وَهُوَ الثَّقِيلُ الصَّلْبُ الَّذِي لا يَخِفُّ لِلْحَرَكَةِ)، (إثْخانْ): بریتیە لە بەسەردا زاڵ بوون و شکاندن، چونکە کەسێک کە تێکدەشکێ، بابای تێکشکاو وەک شتێکی قورسی پتەوو خەست وایە، کە ناڕواو جووڵە ناکات، بە کوردیی دەتوانین بڵێین: (إثْخانْ): بریتیە لە: لە پەل و پۆ خستن)، واتە: هەر کات لە پەل و پۆتان خستن و واتان

لێکردن جووڵەیان نەمێنێ، یاخود دەستەوکەریان بۆ نەکرێ، داماوو دەستەو پاچەتان کردن، ﴿فَشُدُّوا الْوَثَاقَ﴾، ئنجا کەلەپچەیان توند بکەن و دەستبەندیان مەحکەم بکەن.

﴿فَشُدُّوا الْوَثَاقَ﴾، (**الوَثَاقُ: الشَّيْءُ الَّذِي يُوثَقُ بِهِ، ويَجُوزُ فِيهِ كَسْرُ الواوِ، ولَمْ يُقْرَأْ بِهِ، وَهُوَ هُنَا كِنايَةٌ عَنِ الأَسْرِ**)، (وَثاقُ): بریتییە لە شتێک کە دەستی پێ دەبەسترێ، یانی: دەستبەندو کەلەپچە، کە بە (وِثَاق)یش هاتوە، بەڵام بەم خوێندنەوەیە لە قورئاندا نەهاتوەو، بەس بە (وَثاق) خوێندراوەتەوە، ئەگەرنا لە رووی زمانی عەرەبییەوە (وِثاق)یش هاتوەو مەبەست پێی بە دیل گرتنە، ئەگەرنا ئەگەر دەستیشی نەبەسترێن کە بە دیل گیرا، ئەوە بە دیل گیراوە، بەڵام بە زۆریی وابووە مرۆڤ کە بە دیل دەگیرێ، دەستبەندی لە دەست دەکرێ و کەلەپچەی دەکرێ، بۆ ئەوەی نەتوانێ دەست ببزێوێ و ئێستاش هەروایە.

٣)- ﴿فَإِمَّا مَنًّا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَاءً﴾، ئنجا دوایی، یان بە منەت بەریان بدەن، (بە خۆڕایی و بە بەلاش و بە هیممەت و چاکەیان لەگەڵ بکەن)، یاخود بە بەرانبەرو بە قەرەبوو بەریان بدەن.

شایانی باسە: کە دەفەرمووێ: ﴿فَضَرْبَ الرِّقَابِ﴾، هەروەها: ﴿فَشُدُّوا الْوَثَاقَ﴾، هەر کام لە: ﴿الرِّقَابِ﴾، و ﴿الْوَثَاقَ﴾، (أل)ی ناساندنیان لەسەرە، ناساندنەکەش دوو حاڵەتی هەن:

أ- دەگونجێ بۆ (عهد) بێ، واتە: لە گەردنەکان بدەن (گەردنی کافرەکان) و، دەستبەندەکان توند بکەن، ئەو دەستبەندانەی ناسراون، کە دەستی بێبڕوایانیان پێ دەبەسترێن.

ب- (أل)ەکە قەرەبووی پاڵوەلادراو (**مُضَافٌ إِلَيْهِ**)یە، واتە: (**فَاضْرِبُوا رِقَابَهُمْ**)، (**فَشُدُّوا وَثَاقَهُم**)، لە گەردنی ئەوان (بێبڕوایەکان) بدەن، دەستبەندی ئەوان (بێبڕوایەکان) توند بکەن.

٤)- ﴿حَتَّى تَضَعَ الْحَرْبُ أَوْزَارَهَا﴾، تاکو جەنگ قورساییەکانی دادەنێ، (**حَتَّى**) بۆ گەیشتنە بە ئامانجێک، واتە: لەسەر ئەو حاڵە بەردەوام بن، لەسەر کوشتارکردن لە بێبڕوایان لە

کاتی بەرەنگاربوونەوەداو، دواتریش دوای لە پەل و پۆ خستنیان و، دوای شکاندنی دڕکیان، کە لەپچە کردن و دەستبەند خستنە دەستیان و بە دیل گرتنیان، ﴿ حَتَّىٰ تَضَعَ ٱلْحَرْبُ أَوْزَارَهَا ﴾، هەتا جەنگ قورساییەکانی دادەنێ، قورساییەکانی جەنگ، ئەو چەک و چۆڵەیە کە بەکاردەهێنرێ بۆ کوشتنی دوژمن، (أَوْزَار) کۆی (وِزْر)ە، (وِزْر) بە مانای قورسایی (ثِقْل) دێ و، بە مانای گوناهیش دێ، بە مانای چەکیش دێ، ئنجا چ مەبەست چەک بێ، چ مەبەست قورسایی بێ، چ مەبەست گوناهیش بێ، گوناه بەو واتایەی لە جەنگدا بە مانا گشتییەکەی، گوناه دەکرێ، خەڵک دەکوژرێ، خەڵکماڵوێران دەبێ، هەرچەندە ئەوەی بڕواداران دەیکەن، مادام لەسەر بناغەیەکی شەرعییەو لە کات و شوێنی خۆیدایەو، بە مەرجەکانی خۆیەوەیەتی، بۆ ئەوان گوناه نیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە لە جەنگدا، زۆر ماڵوێرانیی و کوژران و برینداریی و سەقەت و کەمئەندام بوون و.... هتد پەیدادەبن.

کە دەفەرموێ: ﴿ فَإِمَّا مَنًّۢا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَآءً ﴾، هەردووکیان: (مَنًّا) و (فِدَاءً)، (**مَنْصُوبَانِ عَلَى المَفْعُولِيَّةِ المُطْلَقَةِ**)، مەنصووبن لەسەر بەرکارێتیی ڕەها، یانی: (**إمَّا تَمُنُّونَ مَنًّا، وإمَّا تَفْدُونَ فِدَاءً**)، یان ئەوەتا بە منەتکردن، منەتیان لەسەر دەکەن و بە هیممەت بەریان دەدەن، یاخود قەرەبوویان لێوەردەگرن، بە قەرەبوو وەرگرتن بەریان دەدەن.

ئنجا ڕستەی: ﴿ حَتَّىٰ تَضَعَ ٱلْحَرْبُ أَوْزَارَهَا ﴾، وەک چۆن بەو واتایە دێ، بەردەوام بن لەسەر ئەو حاڵەتە تاکو جەنگ قورساییەکانی خۆی دادەنێ، واتایەکی دیکەشی هەیە: (**لأَجْلِ أَنْ تَضَعَ الحَربُ أوزَارَهَا**)، بۆ ئەوەی جەنگ قورساییەکانی دانێ و کۆتایی بێ، کەواتە: لێرەدا (**حَتَّى**) دوو واتای هەن:

یەکێکیان: لەسەر مانا ئەسڵییەکەی خۆیەتی، بەردەوام بن هەتا دەگاتە ئەو ئامانجەی جەنگ پێویست نامێنێ و، قورساییەکانی خۆی دادەنێ و، جەنگ کۆتایی پێ دێ.

واتـای دووەم: لەسـەر ئـەو حاڵـە بـەردەوام بـن لـە پێنـاوی ئـەوەدا کـە جەنـگ قورسـاییەکانی دانـێ، یانـی: وەک دەگوتـرێ: (افْعَـل هَكَـذَا حَتَّـى يَفْهَـمُ الطَّـرَفُ المُقَابِـل شَـجَاعَتَكَ)، وا بکـە تاکـو بەرانبەرەکـەت بزانـێ تـۆ ئـازای، ئەمـەش لێـرەدا خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: لـە گەردنیـان بـدەن دوای ئـەوەی لـە پـەل و پۆتـان خسـتن، ئنجـا دەسـتبەند لـە دەسـتیان تونـد بکـەن، ﴿حَتَّىٰ تَضَعَ ٱلْحَرْبُ أَوْزَارَهَا﴾، لـە پێنـاوی ئـەوەدا کـە جەنـگ قورسـاییەکانی دابنـێ، چونکـە ئەگـەر بێبڕوایـان پـەل و پۆیـان شـکاو دڕکیـان نەمـاو، شـەڕیان بـە مسـوڵمانان نەفرۆشـت، ئـەو کاتـە مانـای وایـە جەنـگ لـە ئـارادا نامێنـێ، چونکـە لـە ئەسـڵدا مسـوڵمانان کڕیـاری جەنـگ و شـەڕو کوشـتار نیـن، بـەڵام شـەڕێک کـە بـە ملیاندابـێ، دەیکـەن، کاتـێ شـەڕ بـەری دەرگایـان پـێ دەگـرێ، دەیکـەن، کەواتـە: ئێـوە لەسـەر ئـەو شـێوە مامەڵەیـە لەگـەڵ دوژمنەکانتاندا بـەردەوام بـن، لـە پێنـاوی ئـەوەدا جەنـگ قورسـاییەکانی دابنـێ.

٥)- ﴿ذَٰلِكَ وَلَوْ يَشَآءُ ٱللَّهُ لَٱنتَصَرَ مِنْهُمْ﴾، ئەوەی باسکرا ئەوەیەو، ئەگەر خواش ویستبای بەسەریان دا زاڵدەبوو، تۆڵەی لێ دەستاندن، لە جیاتی بفەرمویێ: (انْتَصَرَ عَلَيْهِم) کە (انْتَصَرَ) زیاتر بە (عَلَى) بەرکار دەخوازێ، بەڵام لێرەدا فەرموویەتی: (انْتَصَرَ منهم)، (لِتَضْمِينِهِ مَعْنَى: الإِنْتِقَامَ)، تاکو مانای تۆڵەسەندنەوەی بخاتە نێو، واتە: بەسەریاندا سەردەکەوت و تۆڵەی لێ دەستاندن.

٦)- ﴿وَلَٰكِن لِّيَبْلُوَا۟ بَعْضَكُم بِبَعْضٍ﴾، بەڵام (بۆیە خۆی ژێری نەخستوون و، تۆڵەی لێ نەستاندوون)، تاکو ئێوە بە یەکدی تاقی بکاتەوە، ﴿وَلَٰكِن﴾، بۆ (اسْتِدْراك)ە، یانی: بەڵام، واتە: بەڵام خوا ﷻ نەیویستوە تۆڵەیان لێ بستێنێ، تاکو ئێوە بە یەکدی تاقی بکاتەوە، ئەگەر ویستبای لە بەینی دەبردن، بەڵام لەو کاتەدا ئێوەی بڕوادار تاقی نەدەکرانەوە بە بێبڕوایەکان، کە ئایا غیرەت و ئازایەتیی و فیداکارییتان لە پێناوی دینی خوادا چەندە، چەندە بوێریی و ئازایەتییتان هەیە؟ هەروەها ئەوانیش بە ئێوە تاقی نەدەکرانەوە.

٧)- ﴿وَٱلَّذِينَ قُتِلُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ فَلَن يُضِلَّ أَعْمَٰلَهُمْ﴾، ئەوانەی لە ڕێی خواشدا کوژراون، هەرگیز کردەوەکانیان زایە ناکات، خوێندراویشەتەوە: (قَاتَلُوا فِي سَبِيلِ اللّٰهِ)، کە من ئەم

خوێندنەوەیەی دووەمم پێ ڕاسترە، (**والَّذِينَ قَاتَلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَلَن يُضِلَّ أعمَالَهم**)، ئەوانەی لە پێناو خوادا جەنگاون، هەرگیز (خوا ﷻ) کردەوەکانیان ون و زایە ناکات و، نادیدە ناگرێ.

٨)- ﴿ سَيَهْدِيهِمْ وَيُصْلِحُ بَالَهُمْ ﴾، بەڵکو زیاتر ڕاستە ڕێیان دەکات و، حاڵ و باڵیشیان چاک دەکات.

٩)- ﴿ وَيُدْخِلُهُمُ الْجَنَّةَ عَرَّفَهَا لَهُمْ ﴾، دەشیانخاتە بەهەشتەکەوە، کە بۆی باسکردوون، (ئەو بەهەشتەی پێشتر بۆیان باسکراوە) (أل)ەکە بۆ (عهد)ە، واتە: دەیانخاتە بەهەشتەکەوە، ﴿ عَرَّفَهَا لَهُمْ ﴾، کە پێی ناساندوون و بۆی باسکردوون، یاخود (**عَرَّفَهَا لَهُمْ: طَيَّبَهَا وَزَيَّنَهَا لَهُمْ**)، بۆی بۆن خۆشکردوون و بۆی ڕازاندوونەوە، چونکە (**تعريف**) دەگونجێ لە ناساندنەوە بێ، یانی: (**جَعَلَهَا مَعْرُوفَةً لَهُمْ**)و دەشگونجی لە (**عَرْف**)ەوە بێ، یانی: (**ذَاتَ عَرْفٍ لَهُمْ**)، (**عَرْف**) بە واتای بۆنخۆشیی و ڕازاوەیی دێ.

ئنجا ئەگەر بە (**قُتِلُوا**) بخوێنرێتەوە، ﴿ وَالَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ ﴾، کەواتە: ﴿ سَيَهْدِيهِمْ ﴾، لە مەودوا ڕاستەڕێیان دەکات، ﴿ وَيُصْلِحُ بَالَهُمْ ﴾، حاڵ و باڵیشان چاک دەکات، واتە: لە بەهەشتدا ڕێنماییان دەکات بۆ جێگەو ڕێگایەکانی خۆیان، وەک لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە، کە فەرموویەتی بەهەشتییەکان لە قیامەتێ بە جێگاو ڕێگای خۆیان ئاشناترو شارەزاترن، لە یەکێکیان لە دنیادا کە دەچێتەوە ماڵی خۆی، لە دنیادا چەندە شارەزاو بەڵەدە بچێتەوە ماڵی خۆی، ئیمانداران لە بەهەشتێ دا بە جێگاو شوێنی خۆیان شارەزاترن[1].

بەڵام ئەگەر بە (**قَاتَلُوا فِي سبيل الله**) بخوێنرێتەوە، (ئەوانەی لە پێناوی خوادا جەنگاون)، یانی: لە دنیادا خوا ﷻ زیاتر ڕاستە ڕێیان دەکات و، حاڵ و باڵی دنیاشیان چاک دەکات، بە مانای گشتگیرو فراوانی حاڵ و باڵ چاککردن، کە پێشتر باسمان کرد.

---

(١) والذي نفسي بيده لأحدهم أعرف بمكانه من الجنة....

لــە بــارەی ئــەم ئایەتــە موبارەکــەوە: ﴿ فَإِمَّا مَنًّا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَآءً ﴾، دەڵێیــن: وەک دەبینیــن خــوا ﷻ دوای باســکردنی کەلەپچەکــردن و دەســتبەند خســتنە دەســتی دیلەکانــی کافــران لــە جەنگــدا، باســی دوو حاڵەتــان دەکات، دەفەرمــوێ: (فإما‌مناً وإمافداءً) یــانی: (إمَّا تَمُنُّونَ مَنًّا وإمَّا تَفْدُونَ فِدَاءً)، یــان منەتیــان لەســەر دەکــەن و بــە خۆڕایــی بەریــان دەدەن، یاخــود قەرەبوویــان لێوەردەگــرن.

هەڵبەتــە ئێمــە دوایــی (کورتــە باسێک دەربــارەی بەدیلگرتن لــە جەنــگ و چۆنیەتی مامەڵەکــردن لەگەڵیانــدا) دەخەینــە ڕوو، هەروەهــا (کورتــە باســێک دەربــارەی بــە کۆیلەکردنــی مــرۆڤ لــەم ڕۆژگارەدا تاوانــەو دژی شــەریعەتە) دەخەینــە ڕوو.

هەڵوەستەیەکی پێویست، لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی نەسخکرانەوەی ئەو ئایەتەوە (محمد - ٤) :

هەنــدێ لــە زانایــان گوتوویانــە: ئــەم ئایەتــە نەســخ بۆتــەوە، کــە دەفەرمــوێ: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَثْخَنتُمُوهُمْ ﴾، هەتــا کاتــێ کــە شــڕو وڕتــان کــردن، لــە پــەل و پۆتــان خســتن، کوشــتاریی خەســت و خۆڵتــان لێکــردن، ﴿ فَشُدُّوا۟ ٱلْوَثَاقَ ﴾، ئنجــا دەســتبەند تونــد بکــەن و بەدیلیــان بکــرن، ﴿ فَإِمَّا مَنًّۢا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَآءً ﴾، ئنجــا دوایــی یــان بــە منــەت بەریــان بدەن، بــە هیممەت و بەبــێ بەرانبــەر، ﴿ وَإِمَّا فِدَآءً ﴾، یاخــود بــە قەرەبــوو بەریــان بــدەن، ئنجــا دیــل بــە دیلــە، یاخــود لــە بەرانبــەر پارەدایــە، یاخــود لــە بەرانبــەر کارێــک دایــە، خزمەتێــک دایــە کــە ئــەو دیلــە دەیــکات بــۆ مســوڵمانان، وەک دوایــی باســی دەکەیــن.

هەندێــک لــە زانایــان گوتوویانــە: ئــەم ئایەتــە نەســخ بۆتــەوە، بــەڵام بــە چــی؟ لــەوەدا ڕای جیاوازیــان هەیــە، بــەڵام زۆربەیــان گوتوویانــە: بــە ئایەتــی ژمــارە (٥) ی ســوورەتی (التوبــة)، کــە پێشــتریش باســمان کــردوە، لــە خــۆوە ناویــان لێنــاوە: (آیــة السَّــیْف) ئایەتــی شمشــێر لــە حاڵێکــدا وشــەی (ســیف) لــە هەمــو قورئانــدا نەهاتــوە، بــەڵام بێگومــان ئــەو ڕایــە پشــت ئەســتوور نیــە، بــە هیــچ بەڵگەیــەک و

ئایەتی ژمارە (٥)ی لە سوورەتی (**التوبة**)، وەک دواییش باسی دەکەین، باسی بابەتێکی دیکەیە، باسی هەڵوێستی مسوڵمانانە لە بەرانبەر کافرانێک و هاوبەش بۆ خوا دانەرانێکی پەیمان شکێندا، دوای ئەوەی چوار مانگ مۆڵەتیشیان دراوە، وەک لە تەفسیری سوورەتی (**التوبة**)دا، بە تەفصیل باسمان کردوە، هەروەها لە تەفسیری سوورەتی (**الأنفال**)یش باسی ئەو بابەتەمان کردوە، بەڵام ئێرە باسی بابەتێکی دیکەیە، باسی مامەڵەکردنە لەگەڵ دیلی جەنگدا، چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ؟ کە خوا ﷻ دوو حاڵەتی بۆ داناون: یان بە خۆڕایی بەربدرێن، یاخود بە قەرەبوو.

پێم خۆشبوو لێرەدا ئەم قسەیەی (**الطبري**) بێنم، لە تەفسیرەکەی خۆی دا[1] دەڵێ: (**وَالصَّوَابُ مِنَ الْقَوْلِ عِنْدَنَا فِي ذَلِكَ أَنَّ هَذِهِ الآيَةَ مُحْكَمَةٌ غَيْرُ مَنْسُوخَةٍ، وَذَلِكَ أَنَّ صِفَةَ النَّاسِخِ وَالْمَنْسُوخِ مَا قَدْ بَيَّنَّا فِي غَيْرِ مَوْضِعٍ فِي كِتَابِنَا، أَنَّهُ مَا لَمْ يَجُزِ اجْتِمَاعُ حُكْمَيْهِمَا فِي حَالٍ وَاحِدَةٍ، أَوْ مَا قَامَتِ الْحُجَّةُ بِأَنَّ أَحَدَهُمَا نَاسِخُ الْآخَرِ، وَغَيْرُ مُسْتَنْكَرٍ أَنْ يَكُونَ جَعَلَ الْخِيَارَ فِي الْمَنِّ وَالْفِدَاءِ وَالْقَتْلِ إِلَى الرَّسُولِ ﷺ، وَإِلَى الْقَائِمِينَ بَعْدَهُ بِأَمْرِ الْأُمَّةِ، وَإِنْ لَمْ يَكُنِ الْقَتْلُ مَذْكُورًا فِي هَذِهِ الْآيَةِ، لِأَنَّهُ قَدْ أَذِنَ بِقَتْلِهِمْ فِي آيَةٍ أُخْرَى، وَذَلِكَ قَوْلُهُ: ﴿فَاقْتُلُوا الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ ۝٥﴾ التوبة**).

(**الطبري**) باس دەکات و لە هەندێک زانایانەوە هەندێ شوێنەواران دێنێ، لە هاوەڵانەوەو، لە تابیعینەوە، کە گوتوویانە ئەم ئایەتە مەنسووخە، بەڵام دوای قسەکردن لەو بارەوە دەڵێ:

ڕای ڕاست لە لای ئێمە لەو بارەوە ئەوەیە، ئەم ئایەتە موحکەمە، (واتە: کارپێکراوەو حوکمەکەی لابراو نیە)، ئەویش بەهۆی ئەوەوە کە سیفەتی لابەرو لابراو، (ناسخ ومنسوخ)، وەک دواتر لە شوێنێک لەم کتێبەماندا، (واتە: لەم تەفسیرەماندا)، ڕوونمان کردۆتەوەو، ئەوەیە کە نەگونجێ دوو حوکمەکەیان لە

---

(١) جامع البيان، ج٢٦، ص٤٣.

حاڵێکـدا کۆببنـەوە، (دوو ئایـەت، دوو حوکمـی جیایـان تێـدا بـن و، نەگونجـێ لـە یـەک حاڵـدا کۆببنـەوە)، ئـەو کاتـە ئەگـەر تێـک بگیرێـن، دەڵێیـن: ئەمەیـان ئـەوەی لابـردوە، یاخـود بەڵگەیـەک هەبـێ لەسـەر ئـەوە کـە یەکێکیان لابـەری ئـەوی دیکەیە، بـەڵام لێرەدا وا نیـە، نـە دوو حوکمەکـە تێکدەگیرێـن، نـە هیـچ بەڵگەیەکیـش هەیـە لـەو بـارەوە کـە ئەمیـان ئـەوی دیکـەی لابـردوە، چونکـە شـتێکی نەگونجـاو نیـە لـە بـاری منـەت لەسـەر دانـان و، فەرەبـوو وەرگرتـن و، هەروەهـا لـە کوشتنیشـدا پێغەمبـەر ﷺ سەرپشـک بکـرێ، هەروەهـا ئەوانـەی لـە دوای وی کاروبـاری میللـەت بەڕێـوە دەبـەن، سەرپشـک بکرێـن لـە نێـوان ئـەو سـێ بژاردەیـەدا، (ئـەو ئـەو سـێیەی هێنـاون) هەرچەنـدە کوشـتن لـە ئایەتەکـەدا بـاس نەکـراوە، بـەڵام خـوا ﷻ لـە شـوێنی دیکـەدا، لـە ئایـەتی دیکـەدا مۆڵەتـی داوە کـە بکوژرێـن، ئەویـش ئەوەیـە خـوای بـەرزی مـەزن دەفەرمـوێ: ﴿ فَٱقۡتُلُواْ ٱلۡمُشۡرِكِينَ حَيۡثُ وَجَدتُّمُوهُمۡ ۝٥ ﴾التوبـة، واتـە: لـە هـەر شـوێنێک بـەر پەلتـان کەوتـن، هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرەکان، بکـوژن.

منیـش قسـەکەی تەبەریـم هەمـووی بـە دڵـە، جگـە لـەو قسـەیەی دوایـی، کـە بـۆ خـۆی کوشـتن (قتل)یشـی زیـاد کـردوە بـۆ (مَـنّ) و (فِـداء)، ئنجـا بـۆ خۆشـی پاسـاوی بـەوە هێناوەتـەوە کـە هەرچەنـدە کوشـتن بـاس نەکـراوە لـە ئایەتەکـەدا، بـەڵام لـە شـوێنی دیکـەدا باسـکراوە، بـەڵام لـە ڕاسـتییدا ئـەوەی لـە شـوێنی دیکـەدا باسـکراوە، لـە بـارەی کوشـتنی دیلانـەوە نیـەو، لـە بـارەی کوشـتنی کافرانەوەیـە لـە جەنگـدا، بـا ئایەتەکـە بخەینـەڕوو بـۆ ئـەوەی زۆر جـوان ڕوون بێتـەوەو دەربکـەوێ کـە تەبەریـی ڕەحمەتـی خـوای لـێ بـێ، لـەوەدا نەیپێـکاوە، ئەمـەش ئایەتـی ژمـارە (٥) لـە سـوورەتی (**التوبـة**) کـە باسـی کوشـتنی دیلـی کافـران نـاکات، دەفەرمـوێ:

﴿ فَإِذَا ٱنسَلَخَ ٱلۡأَشۡهُرُ ٱلۡحُرُمُ ﴾، ئنجا ئەگەر مانگە قەدەغەکراوەکان تێپەڕین.

مانگـە قەدەغەکـراوەکان ئەوانـەن کـە لـە ئایەتـی ژمـارە (٢)دا خـوای پـەروەردگار دەفەرمـوێ: ﴿ فَسِيحُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَرۡبَعَةَ أَشۡهُرٖ ﴾، ئـەی هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرەکان،

کە پەیمانتان لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ هەیە! چوار مانگ مۆڵەتە بە زەویدا بڕۆن ئازادن، بۆچی؟ چونکە ئەوانە هەمیشە پەیمانیان هەڵدەوەشاندەوە، ئنجا مادام پابەند نابن بە پەیمانەکانتانەوە، فەرموون چوار مانگ مۆڵەتە، یان دەبێ پابەند بن بە شێوەیەک لایەنی بەرانبەر دڵنیا بکەن کە پابەند دەبن بە پەیمانەوە، یان پەیمان لە بەیندا نامێنێ.

ئنجا دەفەرمووێ: ﴿ فَإِذَا انسَلَخَ الْأَشْهُرُ الْحُرُمُ ﴾، ئنجا ئەگەر مانگە جەنگ تێدا قەدەغە کراوەکان و مۆڵەتدراوەکان تەواو بوون، ﴿ فَاقْتُلُوا الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ ﴾، لە هەر شوێنێک هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانتان بەر پەل کەوتن، بیانکوژن، ﴿ وَخُذُوهُمْ ﴾، هەروەها بیانگرن، ﴿ وَاحْصُرُوهُمْ ﴾، دیسان ئابلووقەیان بدەن، ﴿ وَاقْعُدُوا لَهُمْ كُلَّ مَرْصَدٍ ﴾، لە هەموو بۆسەیەکدا بۆیان دابنیشن، ﴿ فَإِن تَابُوا وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ فَخَلُّوا سَبِيلَهُمْ ﴾، ئنجا ئەگەر گەڕانەوەو نوێژیان کردو زەکاتیاندا، ڕێیان بەردەن و بەریان هەڵدەن، ﴿ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾، بە دڵنیایی خوا لێبووردەی بەبەزەییە.

کەواتە: لێرەدا ئەوەی تەبەریی دەڵێ: لە ئایەتی دیکەدا باسی کوشتنیان کراوە، باسی کوشتنی دیلان نەکراوە، بەڵکو باسی کوشتنی کافران کراوە لە جەنگدا، بەڵام چۆن مامەڵە لەگەڵ دیلدا دەکرێ؟ لە ڕاستییدا بە پێی ئایەتەکە تەنیا دوو حاڵەت هەن:

﴿ فَإِمَّا مَنًّا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَاءً ﴾، دوایی یان بە منەت، بە هیممەت بەریان بدەن، بەبێ بەرانبەر، یاخود بە بەرانبەرو قەرەبوو.

مەسەلەی سێیەم:

دڵنیاکردنەوەی خوا ﷻ بۆ بڕواداران، کە ئەگەر پشتگیریی ئایین و پەیامی خوا بکەن، خوا ﷻ سەریان دەخات و، پێیەکانیان لە مەیداندا دەچەسپێنێ و دامەزراویان دەکات، ئەوانەی بێبڕواشن بەشیان فەوتان و ڕەنج بە خەسارییە، بە هۆی دزانیان[1] بۆ کتێبی خوا، ئەگەر سەرنجی مێژووش بدەن، دەزانن کە سەرەنجامی ناحەزانی ئایینی خوا، بەس ماڵوێرانیی و خاکە ساریی بووە، هۆکارەکەیشی ئەوەیە کە خوا مشوورخۆرو سەرپەرشتیاری بڕوادارانەو، بێبڕوایانیش بێ سەرپەرشتیارو بێ مشوورخۆرن:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تَنصُرُواْ ٱللَّهَ يَنصُرۡكُمۡ وَيُثَبِّتۡ أَقۡدَامَكُمۡ ﴿٧﴾ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَتَعۡسٗا لَّهُمۡ وَأَضَلَّ أَعۡمَٰلَهُمۡ ﴿٨﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ كَرِهُواْ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأَحۡبَطَ أَعۡمَٰلَهُمۡ ﴿٩﴾ ۞أَفَلَمۡ يَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَيَنظُرُواْ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۖ دَمَّرَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمۡۖ وَلِلۡكَٰفِرِينَ أَمۡثَٰلُهَا ﴿١٠﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ مَوۡلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَأَنَّ ٱلۡكَٰفِرِينَ لَا مَوۡلَىٰ لَهُمۡ ﴿١١﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە سێزدە بڕگەدا:

١)- ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ﴾، خوا ﷻ بانگی بڕواداران دەکات بە خۆشەویستترین نازناویان، کە ئەویش بریتیە لەوەی خوا ﷻ بە ئەهلی ئیمانیان لە قەڵەم دەدات، بێگومان هەر کەسێکیش لە لای خوا بە بڕوادارو، بە خاوەن ئیمان لە قەڵەم درا، مانای وایە هەموو ئەو موژدەو بەڵێنانەی خوا بە دۆستەکانی خۆی داون، بۆیان مسۆگەرو دەستەبەر دەبن، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! واتە: بڕواتان بە هەموو ئەو شتانە هێناوە، کە پێویستە بڕوایان پێ بهێنرێ.

٢)- ﴿ إِن تَنصُرُواْ ٱللَّهَ يَنصُرۡكُمۡ ﴾، ئەگەر ئێوە خوا سەربخەن، خواش ﷻ سەرتان دەخات، ئەگەر پشتیوانیی لە خوا بکەن، خوا ﷻ پشتیوانییتان لێدەکات، بێگومان خواش ﷻ

---

(١) دزانیان: ڕق لێبوونەوەیان، کەڕهاندنیان، فڵان شتەم دەدزێ: ڕقم لێیەتی.

کە خاوەنی ئەوپەڕی دەسەڵات و باڵادەستییە، پێویستیی بە پشتیوانیی و پاڵپشتیی و سەرخستنی کەس نیە، بەڵام مەبەست پێی سەرخستنی ئایینەکەیەی و پێغەمبەرەکەیەتی ﷺو، سەرخستنی پەیامەکەیەتی.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿إِن تَنصُرُوا اللَّهَ يَنصُرْكُمْ﴾، ئەگەر خوا سەربخەن، خوا ﷻ سەرتان دەخات، ئەگەر پشتیوانی خوا بن، خوا ﷻ پشتیوانتان دەبێ، کەواتە: کاتێک پشتیوانیی لە پێغەمبەری خوا ﷺو لە پەیامی خواو لە کتێبی خوا دەکەن، بزانن کە پشتیوانییتان کردوە لە خوا ﷻ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ هاتوە، ئەرکێک جێبەجێ بکات کە خوا پێی سپاردوەو، کتێبی خواش فەرمایشتی راستەوخۆی خوایە.

هەڵبەتە: ﴿إِن﴾، لە ﴿إِن تَنصُرُوا اللَّهَ﴾دا، (إن الشَّرْطِيَّة)ی پێ دەڵێن، کە ئەصڵ لە (إن الشَّرْطِيَّة)دا کە دەچێتە سەر ڕستەیەک، ئەوەیە دڵنیایی نیە، مەرجەکە دێتە دی، تاکو دوایی بە مەرج گیراوەکەش بێتە دی، ﴿إِن تَنصُرُوا اللَّهَ يَنصُرْكُمْ﴾، ئنجا ئەگەر مەرجەکە نەیەتە دی، بە مەرجگیراوەکەش نایاتە دی، ئەگەر ئێوە خوا سەر نەخەن، خوا ﷻ سەرتان ناخات، بۆیەش ئەم تەعبیرە بەکارهێنراوە، کە ئاماژەیە بەوە: سەرخستنی خواو پشتیوانیی کردن لە خوا، زەحمەتیی و رەنج و لێبڕانی دەوێ، کەواتە: وا مەزانن هەروا شتێکی ئاسان و هاکەزاییە.

٣)- ﴿وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ﴾، (ئەگەر ئێوە پشتیوانیی لە خواو لە پەیامەکەی و لە پێغەمبەرەکەی بکەن)، (خوا ﷻ) پشتیوانییتان لێدەکات و پێیەکانیشتان دەچەسپێنێ.

پێ چەسپاندن، بێگومان وێناکردنە بۆ ئەوە کە خوا ﷻ ئەو بروادارانە ڕاگیراو دامەزراوو نە لەخشاو دەکات، چونکە کەسێک پێی بچەسپێ لە مەیداندا، واتە: پاشەکشە ناکات و ناکەوێ و بەردەوام دەبێ لە بەرهەڵستییکردن.

واتایەکی دیکەشی ئەوەیە، کە لێرەدا خوا ﷻ بەڵێن و موژدە دەدات، بە ئیمانداران: ئەگەر ئێوە پشتیوانیی لە ئایینی خوا بکەن، خوا دڵنیاییتان پێدەدات

لـە مسـولّمانەتییتاندا، چونکـە وەک چـۆن کەسـێ پێـی چەسـپاو بـێ، نالەخشـێ، کەسـێکیش دڵنیایـی هەبـێ، ناجووڵـێ و نـا لەخشـێ.

٤)- ﴿ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فَتَعْسًا لَّهُمْ ﴾، ئەوانەش کە بێبڕوان، بێمرادیی و بێ ئاکامیی بۆ وان.

(**کفـروا**) واتـە: بێبـڕوا بـوون بـە هەمـوو ئـەو شـتانەی پێویسـت بـوو بڕوایـان پـێ بێنـن، (**التَّعْسُ: الشَّـقَاءُ وَيُطْلَـقُ عَـلَى عِـدَّةِ مَعَـانٍ: الْهَـلَاكُ، وَالْخَيْبَـةُ، وَالإنْحِطَـاطُ، وَالسُّـقُوطُ، والعَثَـار**)، وشـەی (**تَعْـس**) بـە مانـای بـەد بەختیـی و بـێ مرادیـی و بـێ ئاکامیـی دێ، بـەڵام بـۆ چەنـد واتایـەک بەکاردەهێـنرێ بـە پێـی ئـەو سـیاقانەی تێیانـدا هاتـوە، وەک: فەوتـان و پەشـێمانیی و دابەزیـن و کەوتنەخـوارو هەڵەنگوتـن، چونکـە وشـەی (**تَعْـس**) یەکێـک لـە واتایەکانـی: هەڵەنگوتـن و کەوتنـە، ئنجا کەسـێک بخلیسـکێ و هەڵبنگـوێ، مانـای وایـە مەزەنـدەی زۆری هەیـە بکـەوێ.

خـوا دەفەرمـوێ: ئەوانـەی بێبـڕوان، بـێ ئاکامیـی و بـێ مرادیـی بـۆ ئـەوان، لـە ڕووی ڕێزمانییـەوە زانایـان دەڵێـن: کـە خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فَتَعْسًا لَّهُمْ ﴾، (**تَعْسَاً**) لـە ڕووی ڕێزمانییـەوە دوو ئەگـەری هـەن:

یەکەم: مەنصووبە لەسەر حاڵەتی بەرکاری ڕەها (**المَفْعُولِ المُطْلَقِ**)، یانی: (**فَتَعِسُوا تَعْسَاً لَهُمْ**)، بێ مرادن، بێ مرادیی بۆ ئەوان، کە ئەمیش بریتیە لە پاڵدانی چاوگ بۆ لای بکەرەکەی، وەک (**تَبًّا لَهُ، وَيْحَاً لَهُ**) لێرەشدا مەبەست لەو پاڵدانە ئەوەیە: بێ مرادیی و بێ ئاکامیی هەر تایبەتە بەوانەوە.

دووەم: دەگونجێ (**تَعْسَاً لَهُمْ**) خوازرابێتەوە بۆ دوعا کردن لێیان، تووک کردن لێیان، واتە: خوا ﷻ دەفەرموێ: بێ مرادیی بۆ ئەوان، یاخود: پێیان دەگوترێ: بێ ئاکامیی و بێ مرادیی و بەد بەختیی بۆ ئێوە.

٥)- ﴿ وَأَضَلَّ أَعْمَـٰلَهُمْ ﴾، (سەربارەش خوا ﷻ) کردەوەکانی ون کردوون و، زایە کردوون، (**أَضَلَّ: ضَيَّعَ وَأَهْلَكَ**)، کردەوەکانی ون کردوون و، شوێن بزر کردوون.

وشەی: کردەوەکانیان (**أعمالهم**) دوو ئەگەران هەڵدەگرێ:

یەکەمیان: مەبەست کردەوە باشەکانیانە، کردەوە باشەکانیان پاداشتیان لەسەر وەرناگرنەوە، لەبەر ئەوەی بۆ خوایان ئەنجام نەداون و، تێکەڵیان کردوون لەگەڵ کردەوەی خراپ، کە پیلانگێریی و دژایەتییکردنە بۆ ئایینی خوا.

دووەمیان: مەبەست لە کردووەوەکانیان ئەو پیلان و فێڵ و نەخشانەن، کە دایاندەڕێژن و، دایاندەنێن بۆ دژایەتییکردنی ئیسلام و مسوڵمانان، خوا ﷻ دەفەرموێ: ئەو پیلان و فێڵانەیان، خوا ﷻ زایەیان دەکات و، ونیان دەکات، وەک یەکێک دەڵێ: بوو بە بڵقی سەر ئاو، یانی: دڵنیابن ئەی مسوڵمانان! پیلان و فێڵەکانیان وەک نەخشی سەر ئاو دەڕۆن، ئنجا خوا ﷻ ئەوەمان بۆ شی دەکاتەوە، بۆچی وایان لێ دەکرێ؟.

٦)- ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَرِهُوا۟ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ ﴾، ئەویش لە سۆنگەی ئەوەوە، ئەوە یان دەدزا، کە خوا دایبەزاندوە، دەگوترێ: فڵانکەس فڵانکەسی دەدزێ و ڕقی لێیەتی (**يَكْرَهُهُ**)، جاری واش هەیە، دژو پێچەوانەکەیشی: دەیحوبێنێ، خۆشیی دەوێ،

بەڵام دەیکەڕهێنێ واتە: دەیدزێ، یان کەیفی پێنایەت، بەهۆی ئەوەوەیە کە ئەوانە ئەوەیان دزاوە، خوا دایبەزاندوە، یانی: قورئان.

٧)- ﴿ فَأَحْبَطَ أَعْمَٰلَهُمْ ﴾، ئەویش کردەوەکانی هەڵوەشاندوونەوە، ﴿ فَأَحْبَطَ أَعْمَٰلَهُمْ ﴾، یانی: کردەوەکانیانی پووچەڵ کردوونەوە، (**الإِحْبَاطُ: الإِبْطَالُ وَالإِزَالَةُ، أي: جَعَلَهَا ضَائِعَةً لاَ نَفْعَ لَهُمْ مِنْهَا**)، واتە: کردەوە باشەکانیانی زایە کردوون، وای لێکردوە کە لێیان بەهرەمەند نەبن، لێرەدا (أَعْمَٰلَهُمْ) مەبەست پێی کردەوە باشەکانن.

کەواتە: ئەوەی پێشێ، زیاتر وا پێدەچێ مەبەست پێی نەخشەو پیلانەکانیان بێ، ﴿ وَأَضَلَّ أَعْمَٰلَهُمْ ﴾، خوا ﷻ کردەوە خراپەکانیانی ون کردوون، کردەوە باشەکانیشی پووچەڵ کردوونەوە، هەر کردەوەیەک هەوێن و هەناوی ئیمانی تێدا نەبێ، خوا بەیەککگرتنی تێدا نەبێ، بۆ خوا ئەنجامدان و، خوا پێ مەبەست بوونی تێدا نەبێ، وەک شیری بێ هەوێن هەڵدەبزرکێ و نامەیێ.

ئنجا خوا ﷻ سەرنجیان ڕادەکێشێ بۆ مێژوو، کە دەگونجێ ئەمە مەبەست پێی بێبڕوایەکان بێ:

٨)- ﴿أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ﴾، ئایا بە زەوییدا نەڕۆیون؟ ئایا (بێبڕوایان) بە زەویدا نەڕۆیشتوون، تەماشای مێژوویان نەکردوە؟ یاخود بە کردەوە بە زەویدا نەڕۆیشتوون و شوێنەواری گەلە پێشووەکان ببینن؟.

٩)- ﴿فَيَنظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾، ئنجا سەرنج بدەن، سەرەنجامی ئەوانەی پێش وان چۆن بوو؟.

١٠)- ﴿دَمَّرَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ﴾، خوا بەسەریدا ڕووخاندن، خانووەکانیانی بەسەردا کاولکردن، یانی: خوا فەوتاندنی، چونکە (دَمَّرهُم) و (دَمَّرَ عَلَيْهِم) هەردووکیان بە مانای فەوتاندن دێن، خوا ﷻ فەوتاندنی و ڕووخاندنی و لە بەینی بردن، (عُدِّيَ بـ عَلَى للمُبَالَغَة)، بە (على) بەرکاری خواستوە، لەبەر زێدەڕۆیی، یانی: خوا ﷻ زۆر جاران ئەوانەی بێبڕوان، کاولی کردوون و فەوتاندوونی، هەروەها بۆ ئەوەی ئەو واتایەش بگەیەنێ کە خوا فەوتاندوونی و جێ و ڕێیەکانیشی بەسەردا ڕووخاندوون، ﴿دَمَّرَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ﴾، یانی: ئەوانیشی فەوتاندوەو، خانووبەرەکانیشی بەسەردا ڕووخاندوون، وەک لە ئایەتی (٢٦)ی سووڕەتی (النحل)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿فَأَتَى اللَّهُ بُنْيَانَهُم مِّنَ الْقَوَاعِدِ فَخَرَّ عَلَيْهِمُ السَّقْفُ مِن فَوْقِهِمْ وَأَتَاهُمُ الْعَذَابُ مِنْ حَيْثُ لَا يَشْعُرُونَ﴾، خوا ﷻ بیناکانی لە بناغەوە، هەڵتەکاندوون و سەقفەکەیان بەسەردا ڕماوەو، لە شوێنێکەوە سزاو ئازاریان بۆ هاتوە، کە هەستیان پێ نەکردوە.

١١)- ﴿وَلِلْكَافِرِينَ أَمْثَالُهَا﴾، وێنەشی (هی ئەو سزایە) زۆرن بۆ بێبڕوایان، واتە: وێنەی ئەو سەرەنجامە، یاخود وێنەی ئەو سزایە، ﴿أَمْثَالُهَا﴾، ڕاناوی (ها) دەچێتەوە بۆ سەرەنجامە خراپەکە، یاخود دەچێتەوە بۆ سزایەک کە دەفامرێتەوە لەو سیاقە، یانی: (**وَلِلْكَافِرِيْنَ أَمْثَالُهَا مِنَ العَاقِبَة السَّيِّئَة أو من العقوبة**)، بۆ بێبڕوایان وێنەکانی سەرەنجامی خراپ یان سزا، هەن، (**أَمْثَالُهَا**) کۆی (**مَثَل**)ە، (**مَثَل**) واتە: وەک ئەو، (**أَمْثَالُهَا**) واتە: وێنەکانیان، واتە:

بۆ بێبڕوایان، هاو وێنانی ئەو سزایەی کە بەسەر ئەو گەلە پێشووانە هاتوە، لە بۆسەدان، یان وەک ئەو سەرەنجامە خراپەی بەسەریان هاتوە.

١٢)- ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ مَوْلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾، ئەویش بە هۆی ئەوەوە کە خوا پشتیوان و دۆستی ئەوانەیە بڕوایان هێناوە، ئنجا خوا ﷻ کۆی ئەوە، هەمووی هۆکاردۆزیی (تعلیل) دەکات، کە هۆکارەکەی چییە؟ ﴿ذَٰلِكَ﴾، ئەویش بە هۆی ئەوەوە: ﴿بِأَنَّ ٱللَّهَ مَوْلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾، کە خوا ﷻ سەرپەرشتیاری ئەوانەیە، بڕوایان هێناوە، چونکە (**المَوْلَى: الوَلِيُّ وَالنَّاصِرُ وَالمُعِيْن**)، (**المَوْلَى**) بە مانای مشوورخۆرو سەرخەرو پشتیوان و هاوکار، دێ.

١٣)- ﴿وَأَنَّ ٱلْكَـٰفِرِينَ لَا مَوْلَىٰ لَهُمْ﴾، هەروەها بە هۆی ئەوەشەوەیە، کە بێبڕوایان سەرپەرشتیار و هاوکار و پشتیوانیان نیە.

لێرەدا ڕەنگە یەکێک بڵێ: لێرە خوا فەرموویەتی: کافرەکان سەرپەرشتیارو دۆست و پشتیوانیان نیە، بەڵام لە ئایەتی (٣٠)ی سووڕەتی (**یونس**)دا، لە سیاقێکدا کە باسی کافرانە، دەفەرموێ: ﴿وَرُدُّوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ مَوْلَىٰهُمُ ٱلْحَقِّ﴾، واتە: گێڕدرانەوە بۆ لای خوا مەولای هەقیان، سەرپەرشتیارو مشوورخۆری هەقیان؟ دەڵێین: لێرەدا وشەی (**مَوْلَى**) بە مانای پەروەردگارو خاوەن دێ، چونکە وشەی (**مَوْلَى**) بە مانای خاوەن و سەرپەرشتیارو مشوورخۆر دێ و، بە مانای یارمەتییدەرو هاوکاریش دێ، کە بێگومان لە سووڕەتی (**یونس**)دا، کە دەفەرموێ: گێڕدرانەوە بۆ لای خوا مەولای ڕاستەقینەیان، (**مَوْلَى**) لەوێ بە مانای خاوەن و پەروەردگار دێ.

کورتە باسێک

بە دیل گرتن لە جەنگداو، چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا[1]

بەڕێـــزان! لە پێنج بڕگەدا ئەم کورتە باسەم کردوە، کە ئەمانە ناوونیشانەکانیانن:

١)- بناغەی مامەڵەی قەوارەیەکی ئیسلامیی لەگەڵ هاووڵاتییانی نامسوڵمانی بێ زەڕدا، چاکەکاریی و هاوکارییە.

٢)- هۆکاری جەنگکردن لە دژی نا مسوڵمان، دەستدرێژییانە، نەک کوفریان.

٣)- حوکمی قورئان بۆ دیلەکانی جەنگ لە نامسوڵمانانی شەڕفرۆش، نە بە کۆیلە کردنەو، نە کوشتن، بەڵکو بەردرانیانە، بە بەلاش یان بە قەرەبوو.

٤)- ناچارکردنی نامسوڵمانانی هاووڵاتیی لەم ڕۆژگارەدا، کە یان سەرانە (**جزیة**) بدەن، یان نیشتیمانیان بەجێبێڵن، تاوان و ستەمەو، ماڵ سامانیشیان حەڕامە دەستکاریی بکرێ.

٥)- قەوارەی سیاسیی لە ئیسلامدا، دەبێ مایەی بەختەوەریی سەرجەم کۆمەڵگا بێ و ڕەحمەت بێ بۆیان، نەک بەڵاو گرفتاریی و زەحمەت.

بڕگەی یەکەم: بناغەی مامەڵەی قەوارەیەکی ئیسلامیی لەگەڵ هاووڵاتییانی نامسوڵمانی بێ زەڕدا، چاکەکاریی و هاوکارییە:

ئایەتێـک، کـە لـەو بـارەوە کردوومانـە بـە بناغـەو جەوهـەری ئـەم بڕگەیـە، ئـەو ئایەتـە موبارەکـەی سـوورەتی (**الممتحنة**)یـە، خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ لَّا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمْ يُقَٰتِلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوٓا۟ إِلَيْهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ

---

(١) ئـەم کورتـە باسـەم ڕاسـتەوخۆ لـە کتێبـی (هەڵوەشـاندنەوەی پەڕگیریـی) هێنـاوە، چاپـی دووەمـی، لاپـەڕە: (٣١٥- ٣٣٥)، بـەڵام بـە پوختیـی و گوشراویـی.

﴿٨﴾، واتـە: خـوا ﷻ قەدەغەتـان نـاكات، لەوانـەی لەسـەر دینتـان لـە دژتـان نـە جەنـگاون و، لـە مـاڵ و حاڵـی خۆتـان وەدەریـان نەنـاون، چاكەیـان لەگەڵـدا بكـەن و، ئەندازەیـەک لـە مـاڵ و سـامانی خۆتانیـان پـێ بـدەن (وەک هاوكاریـی)، بـە دڵنیایـی خـوا ﷻ بەخشـەرانی خـۆش دەوێـن، (واتـە: ئەوانـەی مـاڵ و سـامانی خۆیـان دەبەخشـن).

كەواتـە: بناغـەی مامەڵەكردنـی دەوڵـەت و كۆمەڵگایەكـی ئیسـلامیی، لەگـەڵ هاووڵاتییانـی نامسـوڵمانیدا، ئەوەیـە كـە لەگەڵیـان چاكـەكارو هـاوكار بـێ، چاكـەكار بێ لـە ڕووی مەعنەوییـەوەو، هـاوكار و دەسـتبارگر بـێ لـە ڕووی ماددییـەوە، بـەڵام بـە مەرجێـک ئـەو نامسـوڵمانانە، هاووڵاتییەكـی بـاش و بـێ زیـان بـن، لـە ڕووی ئاییـن و ژینـەوە، بەرانبـەر بـە مسـوڵمانان و كۆمەڵـگاو قەوارەكەیـان بێ زیـان و زەڕ بـن، كەواتە: هـەر قەوارەیەكـی سیاسـیی ئیسـلامیی لەسـەر جگـە لـەو بناغەیـە مامەڵـە لەگـەڵ هاووڵاتییانـی نامسـوڵمانان دا بـكات و، هـەر جـۆرە سـەتەمێكیان لـە هـەر ڕوویەكـەوە بخاتـە سـەرێ، بـە ئەنـدازەی دەسـتدرێژیی و ستەمەكەی، لـە ئیسـلام لایـداوەو لـێ دووركەوتۆتـەوەو، بەیـداغ و ڕیـش و شـیعاریش، شـەفاعەتی بـۆ ناكـەن، چونكـە نـاوی بـێ نێـوەڕۆک و، شـیعاری بـێ كـردارو، ڕیشـی بـێ ئیـش، هیـچ ئیعتیبارێكیـان نیـە.

بڕگەی دووەم: هۆكاری جەنگ كردن لە دژی نامسوڵمان، دەستدرێژییانە، نەك كوفریان:

دەتوانیـن لـەو بـارەوە ژمارەیەكـی زۆر دەق بێنینـەوە، هـەم ئایەتەكانـی قورئـان و، هـەم دەقەكانـی سـوننەت:

١- خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَقَٰتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَكُمۡ وَلَا تَعۡتَدُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُعۡتَدِينَ ﴿١٩٠﴾ ﴾البقرة، واتە: لە ڕێی خوادا دژی ئەوانە بجەنگن كە لە دژتان دەجەنگن و، دەستدرێژیی مەكەن، بە دڵنیایی خوا دەستدرێژكارانی خۆش ناوێن.

٢- هەروەها خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ يَصِلُونَ إِلَىٰ قَوۡمِۭ بَيۡنَكُمۡ وَبَيۡنَهُم مِّيثَٰقٌ أَوۡ جَآءُوكُمۡ حَصِرَتۡ صُدُورُهُمۡ أَن يُقَٰتِلُوكُمۡ أَوۡ يُقَٰتِلُواْ قَوۡمَهُمۡۚ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَسَلَّطَهُمۡ عَلَيۡكُمۡ فَلَقَٰتَلُوكُمۡۚ فَإِنِ ٱعۡتَزَلُوكُمۡ فَلَمۡ يُقَٰتِلُوكُمۡ وَأَلۡقَوۡاْ إِلَيۡكُمُ ٱلسَّلَمَ فَمَا جَعَلَ ٱللَّهُ لَكُمۡ عَلَيۡهِمۡ سَبِيلٗا ٩٠﴾ النساء، واتە: (بۆتان هەیە لەگەڵ کافرانی جەنگ لە دژکەرتان بجەنگن)، جگە لە کەسانێک کە سەر بە کۆمەڵێکن، لە نێوان ئێوەو ئەواندا پەیمانێک هەیە، یان هاتوونە لاتان سینەیان تەنگ و سەغڵەتە، کە لە دژی ئێوە بجەنگن، یان لە دژی کۆمەڵەکەیان، ئەگەر خواش ویستبای بەسەر ئێوەیدا باڵا دەست دەکردن و لە دژتان دەجەنگین، ئنجا هەر کات ئەوان خۆیان لێ پاراستن، لە دژتان نەجەنگین و پەیامی ئاشتییان بۆ ناردن، خوا ڕێتان نادات لە دژیان بجەنگن.

٣- هەروەها خوا ﷻ لەو بارەیەوە دەفەرموێ: ﴿وَإِن جَنَحُواْ لِلسَّلۡمِ فَٱجۡنَحۡ لَهَا وَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ٦١﴾ الأنفال، واتە: هەر کات نامسوڵمانانی شەڕ فرۆش، لای ئاشتییان گرت، تۆش لای ئاشتیی بگرەو، پشتیش بە خوا ببەستە، بێگومان ئەو بیسەری زانایە.

ئەم سێ فەرمایشتەی خوا ﷻ هەر کامیان دەقە، لەسەر ئەوە کە قەوارەی ئیسلامیی و، کۆمەڵگای مسوڵمانان بۆی نیە، جگە لە کافرانی شەڕفرۆش و سەنگەر گرتوو لە دژی ئیسلام و مسوڵمانان، دژی هیچ کافرێکی دیکە بجەنگێ.

کە ئەمەش ڕای زۆربەو جەماوەری زانایانە، کە ئەبوو حەنیفەو مالیک و ئەحمەدیان لە نێودان، ڕای بەرانبەریشی هی شافیعییە، ڕەحمەتی خوا لە هەموویان بێ و، (**إبن تيميّة**) لەو بارەیەوە نامیلکەیەکی نووسیوە بە ناوونیشانی: (**قَاعِدَة فـي قِتَالُ الكُفَّار هَلْ سببه المُقَاتَلَةُ أو الكُفْر؟**)، کە سەرجەم لەو نامیلکەیەدا هەشت بەڵگەی هێناونەوە، بۆ ئیسپاتی ڕاستیی ئەو ڕایەی کە جگە لە کافرانی شەڕفرۆش، دروست نیە، جەنگ دژی هیچ کافرێکی دیکە بکرێ، کە ئێمە بە پوختکردنەوەوەوە و بە شێوەی دارشتنی خۆمان دەیانهێنین:

١- ئەو ئایەتە بە بەڵگە دێنێتەوە: ﴿ وَقَٰتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴿١٩٠﴾ ﴾البقرة.

وەک دەبینین حوکمەکە بەوەوە پەیوەست کراوە کە ئەوان جەنگمان لە دژ دەکەن، کەواتە: هۆکاری جەنگ لە دژکرانیان (**عِلَّةُ القِتال**)، جەنگ کردنیانە لە دژمان، نەک بێبڕواییان.

٢- لە سوننەت دا هاتوە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە یەکێک لە جەنگەکاندا، بە لای ژنێکی کوژراودا ڕەتبوو، فەرمووی: [**مَنْ قَتَل هذه؟ مَا كَانَتْ هَذِهِ لِتُقَاتِل**] (**أخرجه أحمد: ١٦٣٥، وأبو داود: ٢٦٦٩، والنسائي في الكبرى: ٨٦٢٥، وابن ماجه: ٢٨٤٢، وابن حبان: ٤٧٨٩، والحاكم: ٢٥٦٥**)، کێ ئەمەی کوشتوە ئەمە جەنگی نەکردوە، (بۆچی کوژراوە)؟ کەواتە: هۆکاری کوشتنی کافران جەنگ کردنیانە.

٣- خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ لَآ إِكْرَاهَ فِي ٱلدِّينِ ﴾**البقرة: ٢٥٦**، واتە: ناچارکردن لە وەرگرتنی ئاییندا ڕەوا نیە، ئنجا ئەگەر بابای کافر لەسەر ئەوە کوژرابایە، کە مسوڵمان ببێ، ئەوە مەزنترین جۆری ناچارکردن لەسەر ئایین دەهاتە دی.

٤- خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ فَإِذَا لَقِيتُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَضَرْبَ ٱلرِّقَابِ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَثْخَنتُمُوهُمْ فَشُدُّواْ ٱلْوَثَاقَ فَإِمَّا مَنَّۢا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَآءً ﴾**محمد: ٤**، واتە: هەر کات بەرەنگاری کافران بوونەوە لە گەردندان پیشەتان بێ، هەتا کاتێک لە پەل و پۆتان خستن، ئەوجار بە دیلیان بگرن، پاشان یان بە چاکە یان بە قەرەبوو بەریان بدەن.

ئنجا ئەگەر تەنیا کوفر پاساوی کوشتنیان بووایە، نەدەبوو بەربدرێن.

٥- هەر کۆمەڵێک لە کافران ئامادەیی ئاشتیی دەربڕیبێ، پێغەمبەری خوا ﷺ جەنگی لەگەڵ نەکردوەو، هەرگیز دەستپێشخەری نەکردوە بۆ جەنگ، ئنجا ئەگەر تەنیا کوفر هۆکاری جەنگ و جیهاد بووایە، هەڵوێستەکەی بە جۆرێکی دیکە دەبوو.

٦- ئەگەر تەنیا کوفری کافران ڕەواکەر (مُبیح)ی کوشتنیان بووایە، پێغەمبەری خوا ﷺ سەعدی کوڕی موعازی بە ڕەزامەندیی هۆزی بەنوو قورەیزە، نەدەکردە دادوەر (حاکم)، داخۆ چییان لێ بکات؟ چونکە ئەگەر سەعد بڕیاری بەخشینیشی بۆ دابان، هەر جێبەجی دەکرا، ئنجا ئەگەر تەنیا کوفر پاساوی کوشتنیان بووایە، هەر لە سەرەتاوە دەیکوشتن.

٧- ئەگەر کوفری نامسوڵمانان بە تەنیا ڕەواکەری کوشتنیان بووایە، نەدەگونجا هیچ جۆرە کافرێک سەرانەی لێوەربگیرێ.

٨- بناغە لە کوشتنی مرۆڤەکاندا قەدەغەبوونە، با نامسوڵمانیش بن، خوا ﷻ تەنیا ئەوەندە ڕێی بە کوشتنی مرۆڤان داوە، کە پێویست بێ بۆ چاکبوونی خەڵک و کۆمەڵگا، هەر بۆیەش کوشتنی کافرێک کە زیانی بۆ مسوڵمانان نیە، بە بێ هۆکارێکی پێویستکەر، خراپەکارییەکە خواو پێغەمبەرەکەی حەزی لێ ناکەن.

دوایی ئیبنو تەیمییە لە کۆتاییەکەیدا، دەڵێ: (**إِنَّ الأَصْلِ هُوَ إِبْقَاءُ الكُفَّارِ وَتَقْرِيْرُهُم، لأَنَّ اللهَ تَعَالَى مَا أَرَادَ إِفْنَاءَ الخَلْقِ وَلَا خَلَقَهُمْ لِيُقْتَلُوا، إِنَّمَا أُبِيْح قَتْلُهُمْ لِعَارِضِ ضَرَرٍ وُجِدَ مِنْهُمْ، إلاَّ أَنَّ ذَلِكَ لَيْسَ جَزَاءً لَهُمْ عَلَى كُفْرِهِمْ، فَإِنَّ دَارَ الدُّنْيَا لَيْسَت مَحلَّ جَزَاءٍ بَلِ الجَزَاءُ فِي الآخِرَة**)[1]، واتە: بناغە لە مامەڵە لەگەڵ کافران دا، هێشتنەوەیان و دان بۆ پێداهێنانیانە، چونکە خوای بەرز نەیویستوە دروستکراوەکانی لە بەین بەرێ، بۆیەش دروستی نەکردوون کە بکوژرێن، بەڵکو کوشتنیانی بە ڕەوا داناوە لەبەر زیانێک کە لەوانەوە پەیدابووە، بەڵام ئەوە سزای ئەوان نیە، لەسەر کوفرەکەیان، چونکە مەنزڵگای دنیا شوێنی سزاو پاداشت نیە، بەڵکو شوێنی سزاو پاداشت ڕۆژی دواییە.

---

(١) قاعدة مختصرة في قتال الكفّار ومُداهنتهم، ص٨٧.

بڕگەی سێیەم: حوکمی قورئان دەربارەی باری دیلەکانی جەنگ لە نامسوڵمانانی شەڕ فرۆش، نە بە کۆیلەکردنەو، نەکوشتن، بەڵکو بە چاکە مامەڵە لەگەڵ کردنیان و، پاشان بەردانیانە بە چاکە یان بە قەرەبوو:

پێشتر باسمان کرد کە نامسوڵمانانێکی بێ لایەن (محاید)، یاخود لاشەڕو ئاشتیخواز، بە هیچ جۆرێک دروست نیە، مسوڵمانان ئازاریان بدەن و، شەڕیان پێ بفرۆشن و گێچەڵیان پێ بکەن، بەڵام نامسوڵمانانێک کە دەستدرێژیی دەکەنە سەر مسوڵمانان و شەڕیان پێ دەفرۆشن و، گێچەڵیان پێ دەکەن، ئاشکرایە مسوڵمانان بۆیان هەیە بەرپەرچیان بدەنەوە، وەک خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿فَمَنِ اعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُوا عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ﴾ البقرة: ١٩٤، واتە: هەر کەسێک دەستدرێژیی کردنە سەر، وەک دەستدرێژییکردنەکەی خۆی دەستدرێژیی بکەنەوە سەر، واتە: بەرپەرچی بدەنەوە.

هەڵبەتە لە جەنگیشدا بە زۆریی وایە، کوژراویش دەبن و دیلیش دەبن، ئنجا ئایا ئیسلام چ ڕێوشوێنێکی داناوە بۆ چۆنیەتیی مامەڵەکردنی مسوڵمانان لەگەڵ دیلانی کافراندا؟

شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ دیلدا و، ڕوونکردنەوەی لە پێنج خاڵدا:

یەکەم: بە چاکە مامەڵەکردن لەگەڵ دیلدا:

خوا ﷻ لە سوورەتی (الإنسان)دا، دەفەرموێ: ﴿وَيُطْعِمُونَ الطَّعَامَ عَلَىٰ حُبِّهِ مِسْكِينًا وَيَتِيمًا وَأَسِيرًا ﴿٨﴾ إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ اللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنكُمْ جَزَاءً وَلَا شُكُورًا ﴿٩﴾﴾، واتە: (بەندە باشەکانی خوا)، خواردنێک کە حەزیان لێیەتی، دەیبەخشن بە نەدارو هەتیوو دیل، (لە دڵی خۆیاندا پێیان) دەڵێن: بەس لەبەر ڕەزامەندیی خوا خواردنتان دەدەینێ، نە چاکە دانەوەو نە سوپاسگوزارییمان لێتان ناوێ، پیغەمبەریش ﷺ فەرموویەتی: (**اسْتَوْصُوا بِالْأَسَارَى خَيْرًا**) (**أخرجه الطبراني في الصغير: ٤٠٩**)، واتە: لەگەڵ دیلاندا باش بن.

زانایانی ئیسلام هەموویان لەسەر ئەوە یەکدەنگن، کە پێویستە لە ڕووی خواردن و خواردنەوەو پۆشاک و جێگاو ڕێگاو، هەر پێداویستییەکی دیکەوە، مامەڵەی باش لەگەل دیلاندا بکرێ، ڕێزیان لێ بگیرێ و ئەزیەت نەدرێن، وەک ئەبوو یوسوف لە کتێبی (**الخراج**)، لاپەڕە: (١٤٩)دا گوتوویەتی: (**والأسيرُ مِنْ أَسْرَى المُشْرِكِيْن، لَابُدَّ أَنْ يُطْعَمَ وَيُحْسَنَ إِلَيْهِ حَتَّى يُحْكَمَ فِيْه**)، واتە: دیل لە دیلەکانی هاوبەش بۆ خوا دانەران، پێویستە خواردنی پێ بدرێ و چاکەی لەگەڵدا بکرێ، تاکو بڕیاری لە بارەوە دەدرێ.

دووەم: ئازادکردنی دیل بە چاکە لەگەڵکردن، یاخود بە قەرەبوو:

وەک ئایەتەکە دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَا لَقِيتُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَضَرْبَ ٱلرِّقَابِ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَثْخَنتُمُوهُمْ فَشُدُّواْ ٱلْوَثَاقَ فَإِمَّا مَنًّۢا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَآءً ﴾**محمد**: ٤، کە پێشتریش مانامان کردوە، خوای دادگەر پاش فەرمانکردنی بە کەلەپچەکردنی کافرانی جەنگاوەرو، دەستبەند خستنە دەستیان و، بە دیل کردنیان، دەفەرموێ: ﴿ فَشُدُّواْ ٱلْوَثَاقَ ﴾، ئنجا دوایی تەنیا یەک ڕێگا دادەنێ بۆ چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ دیلەکاندا، ئەویش بریتیە ئازادکردن و بەردانیان، چ بە هیممەت، چ بە قیمەت.

چونکە وشەی ﴿ مَنًّا ﴾، یانی: چاکە لەگەڵ کردن و منەتبارکردنی بابای دیل، کە بە بەلاش و بێ بەرانبەر بەربدرێ و، هیچ شتێکی لە بەرانبەردا لێ وەرنەگیرێ، ﴿ فِدَآءً ﴾یش، واتە: بە قەرەبوو، ئنجا ئەو قەرەبووەش دیل بە دیل بێ، یان پارەو سامان بێ، یان خزمەتێک بێ بابای دیل پێشکەشی مسوڵمانانی بکات، وەک چۆن ئەو دیلانەی کافران کە لە جەنگی بەدردا، گیرابوون، هەندێکیان پارەیان نەبوو، قەرەبووەکەیان ئەوە بوو کە یەکی ژمارەیەک لە منداڵی مسوڵمانان فێری نووسین بکەن، وەک لەم دەقەدا هاتوە:

{**عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، قَالَ: كَانَ نَاسٌ مِنَ الأَسْرَى يَوْمَ بَدْرٍ، لَمْ يَكُنْ لَهُمْ فِدَاءٌ، فَجَعَلَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ فِدَاءَهُمْ أَنْ يُعَلِّمُوا أَوْلَادَ الأَنْصَارِ الْكِتَابَةَ**} (**أخرجه أحمد**:

٢٢١٦ **تعليق شعيب الأرنؤوط: حسن**)، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ)، دەڵێ: خەڵکێک لە دیلەکانی جەنگی بەدر (هی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانی مەککە)، توانای ماددییان نەبوو، فەرەبوو بدەن، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەی بەفەرەبوو بۆ دانان، کە هەر کامیان ژمارەیەک لە منداڵی پشتیوانانەکان فێری خوێندن و نووسین بکات.

ئنجا وەک پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، هەندێک لە زانایان گوتوویانە: ئایەتی ژمارە (٤)ی سووڕەتی (**محمد**)، بە ئایەتی ژمارە (٥)ی سووڕەتی (**التوبة**)، نەسخ کراوەتەوە، کە هەندێکیان بە ئایەتی شمشێر (**آية السيف**) ناوزەدیان کردوە، کە پێشتر ئەو ئایەتەشمان هێنا کە دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَا ٱنسَلَخَ ٱلْأَشْهُرُ ٱلْحُرُمُ فَٱقْتُلُوا۟ ٱلْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ ﴾.

بەڵام بێگومان ئەم ڕایە هەڵەیە، چونکە ئایەتەکەی سووڕەتی (**التوبة**) بە تایبەت لە بارەی عەرەبە هاوبەش دانەرەکانەوە هاتۆتە خوار، کە پەیمانیان لەگەڵ مسوڵماناندا هەبووە، بەڵام هەر دەرفەتێکیان لێ هەڵکەوتبایە، زەبریان لە مسوڵمانان دەوەشاندو، خەنجەری غەدریان لە پشتەوە لێدەدان، بۆیە خوا ماوەی چوار مانگ مۆڵەتی بۆ دانان، کە بیرێک بکەنەوە، پاش ئەو چوار مانگە، مسوڵمانان دەستکراوە دەبن بەرانبەریان، نەک لەبەر بێ ئیمانییان، بەڵکە لەبەر بێ پەیمانییان! (**إنهم لا أَيْمان لهم**)!

کەواتە: هیچ تێکگیرانێک لە نێوان ئایەتی ژمارە (٤)ی سووڕەتی (**محمد**) و، ئایەتی ژمارە (٥)ی سووڕەتی (**التوبة**)دا، نیە، هەروەها هەندێک لە زانایان پێیان وابوە کە ئایەتی ژمارە (٦٧)ی سووڕەتی (**الأنفال**) لەگەڵ ئەم ئایەتی ژمارە (٤)ی سووڕەتی (**محمد**)دا، تێکگیرانی هەیە، بەڵام ئەویش ڕاست نیە، چونکە ئایەتەکەی سووڕەتی (**الأنفال: ٦٧**) ئاوایە: ﴿ مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَكُونَ لَهُۥٓ أَسْرَىٰ حَتَّىٰ يُثْخِنَ فِى ٱلْأَرْضِ ﴾، واتە: هیچ پێغەمبەرێک بۆی نیە، دیلان بگرێ، هەتا دوژمن

لە پەل و پۆ نەخات لە زەویدا، مەبەست لەم ئایەتەش ئەوەیە کە نابێ دیل لە دوژمنی جەنگاوەر بگیرێ، هەتا دڕکیان نەشکێنرێ و بێ هێز نەکرێن.

کەواتە: ئەم ئایەتە باسی حوکمی مامەڵە لەگەڵ دیلان دا ناکات، وەک ئایەتەکەی سوورەتی (محمد)، بەڵکو باسی حوکمی بە دیل گرتنی کافرانی شەڕکەرو، کاتی بە دیل گرتنیان دەکات، بۆیە هیچ جۆرێک لە تێکگیران لە نێوانیاندا نیە، چونکە باسی دوو بابەتی جیاوازن:

یەکەم: کات و حوکمی بە دیل گرتنی کافرانی شەڕکەر، کاتێک ڕەوایە کافرانی شەڕکەر بە دیل بگیرێن، کە دڕکیان شکابێ و لە پەل و پۆ کەوتبن، نەک بە تەماعی وەرگرتنی فەرەبوو، هەر لە سەرەتاوە بە دیلیان بگرن.

دووەم: چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ دیلدا، کە تەنیا دوو حاڵەتی بۆ داناون و دەبێ هەر بەربدرێن، ئنجا یان بە هیممەت یان بە قیمەت.

بەڵکو دەتوانین بڵێین: لە نێوان ئایەتی (٦٧)ی **(الأنفال)**و ئایەتی (٤)ی **(محمد)**دا، پەیوەندییەکی یەکدی تەواو کردن **(علاقة تكاملية)** هەیە، ئایەتی (٦٧) ی **(الأنفال)** دەفەرموێ: بۆتان نیە لە کاتی جەنگدا دیلان لە دوژمنان بگرن بە تەماعی فەرەبوو لێ وەرگرتنیان، کە جارێ دوژمنتان بێ دڕک و بێ دەسەڵات نەکردوون: ﴿ مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَكُونَ لَهُۥٓ أَسْرَىٰ حَتَّىٰ يُثْخِنَ فِى ٱلْأَرْضِ ﴾، هیچ پێغەمبەرێک بۆی نیە، دیلان بگرێ، تاکو کوشتاری خەست و خۆڵ لە کافران نەکات و دڕکیان نەشکێنێ، بەڵام ئایەتەکەی سوورەتی **(محمد)** دەفەرموێ: هەر کاتێک بەرەنگاری دوژمن بوونەوەو، کوشتارتان لێکردن و لە پەل و پۆتان خستن و بێ دەسەڵاتتان کردن، ئنجا بە دیلیان بگرن و پاشانیش یان بە چاکە یان فەرەبوو بەریان بدەن.

سێیەم: ڕەوابوونی کوشتنی تاوانبارانی جەنگ:

بۆیەش پێغەمبەری خوا ﷺ ژمارەیەک لە کافرەکانی هەڵاواردوون، لە بەخشینی گشتیی و، سزای کوشتنی بۆ دەرکردوون، لە جەنگی بەدریشداو، لە جەنگی ئازادکردنی مەککەشدا، هەر لەسەر ئەو بناغەیەش بووە کە پێغەمبەر ﷺ جەنگاوەرانی هۆزی بەنی قەڕەیزەی دوای ڕازیبوونیان بە دادوەریی **(حكميّة)** ی سەعدی کوڕی موعازو، بڕیاری کوشتن بۆ درانیان لە لایەنی سەعدەوە، کە خۆشیان ڕازیی بوون، دادوەر و حەکەم بێ لە بەینیاندا، پێغەمبەر ﷺ بڕیارەکەی سەعدی بەسەردا جێبەجێ کردوون، چونکە: {**الْمَـرْءُ مُؤَاخَـذٌ بِإِقْـرَارِهِ**}، **(أخرجه البخاري: ٣٠٤٣، ومسلم: ١٧٦٨)**، واتە: مرۆڤ بە دانپێنانی خۆی دەگیرێ و، بە هۆی ئەوەوە کە ئەوان لە پشتەوەڕا خەنجەری غەدریان لە مسوڵمانانداا.

چوارەم: ڕاجیایی زانایان لە بارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دیلەکانی جەنگدا، بەڵگەیە لەسەر نەبوونی حوکمێکی دیاریکراویی شەریعەت لەو بارەیەوە:

هەرچەندە زۆربەی زانایان ڕایان وابووە کە پێشەوا و حوکمڕانی مسوڵمانان بۆی هەیە، یەکێک لەو چوار بژاردەیە دیاریی بکات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دیلەکانی جەنگدا، کە بریتین لە:

١- بەردان بە چاکەو بە هیممەت **(المَنّ)**و،

٢- بەردان بە قەرەبوو **(الفداء)**و،

٣- کۆیلەکردن **(الإسترقاق)**و،

٤- کوشتن **(القتل)**.

بەڵام ژمارەیەک لە زانایانیش بە بەڵگەی ئایەتی: ﴿ فَإِذَا لَقِيتُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَضَرْبَ ٱلرِّقَابِ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَثْخَنتُمُوهُمْ فَشُدُّواْ ٱلْوَثَاقَ فَإِمَّا مَنًّۢا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَآءً ﴾، گوتوویانە: دروست نیە دیلی جەنگ بکوژرێ، بەڵکو دەبێ ئازاد بکرێ، چ بە هیممەت، چ بە قیمەت، لە

نێـو ئـەو زانایانەشـدا کـە ڕایـان وایـە، هـەر کام لـە: (**عبـد اللـە ابـن عمـر، عبداللـە ابـن عبـاس، الحسـن البـصري، عطـاء، الضحـاك، السـدي، سـعيد ابـن الزبـير، ابـن سـيرين، الشـعبي، عمـر بـن عبدالعزيـز**) هـەن، هەمووشـیان زانـاو پێشـەوای بەرجەسـتەن[1].

بـەڵام ئـەوەی ئـەم ڕا جیاییـە یەکلایـی دەکاتـەوە، ئەوەیـە، کـە ئایـا کام لـەو ڕایانـە بەرژەوەندیـی تێدایـەو، لەگـەڵ بـاوی سیاسـیی نێودەوڵەتیـی ئـەو ڕۆژگارەدا گونجاوتـرە، چونکـە هـەر کام لـە (**ابـن قيـم الجوزيـة**) ڕەحمەتـی خـوای لـێ بـێ و، (**القَرَافِـي**) خـوا لێـی خۆشـبێ، گوتوویانـە حوکمە شـەرعییەکان دوو جـۆرن: جۆرێکیان گشـتیی و چەسـپاوو نەگـۆڕن و وەک خۆیـان دەمێننـەوە، بـەڵام جۆرێکـی دیکەیـان بـە گوێـرەی عـادەت و نەرێـت و بـاوی کۆمەڵـگاکان، گۆڕانیـان بەسـەردا دێ، هەڵبەتە جـۆری دووەمیـان کـە پەیوەسـتن بـە کات و شـوێن و بـە بـاوو نەرێتەکانـەوە، هـەر کاتێـک کات و شـوێن و بـاوو نەرێتـەکان گـۆڕان، دەبـێ ئەوانیـش بگۆڕێـن، بـەو بـارەدا کـە بەرژەوەندیـی و دادگەریـی باشـتر دێتـە دی.

ئنجـا لـەم ڕۆژگارەشـماندا، لـە ڕێکەوتننامـە نێودەوڵەتییـەکان (**الإتفاقـات الدوليـة**)دا، بـە تایبـەت ڕێکەوتنامـەی (جنێـف) کـە لـە (١٢)ی ئابـی (١٩٤٩)ی زایینییـدا ئیمـزا کـراوە، هەمـوو جـۆرە دەسـتدرێژیی کردنـە سـەر دیلێـک قەدەغـە کـراوە، هـەر لـە جنێـو پێدانـەوە بگـرە تاکـو کوشـتن[2]، ئنجـا هەرچەنـدە ئێستاشـی لەگەڵدابـێ، ئـەم ڕێکەوتننامـە وەک پێویسـت جێبەجـێ نەکـراوە، بـەڵام لـە سـۆنگەی ئـەوەوە کـە:

یەک: ڕێز لە مرۆڤ گرتن، یەکێکە لە پایەو بنەما سەرەکییەکانی شەریعەت: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِيٓ ءَادَمَ﴾ **الإسراء: ٧٠**، کوشتن و بە کۆیلەکردنی مرۆڤ، یان بە دیل گرتن و هەر جۆرە مامەڵەیەکی دیکەی ناشایستە، پێچەوانەی ڕێزو حورمەتی مرۆڤە.

---

(١) (المصنَّف لعبدالـرزاق) بـە ژمـارە (٩٣٩٢) هەروەهـا (المغنـي لابـن قدامـة) بەرگـی (١٣) لاپەڕە (٤٦-٤٧)، هەروەهـا (فقـه الجهـاد للدكتـور يوسـف القرضـاوي) بەرگـی دوو لاپـەڕە (٩٧٧ - ٩٧٨)، هێناویانە.

(٢) بڕوانە: (آثار الحرب لوهبة الزحيلي)، لاپەڕە (٤٠٨).

دوو: لەبەر ئەوەی مەسەلەی مامەڵەکردن لە بواری هەڵسوکەوتەکاندایەو، لەو بوارەشدا بناغە ڕەواییەو، سەنگی مەحەک و پێوەریش هێنانە دی بەرژەوەندییە.

سێ: دیارە بەرژەوەندیی لەوە دایە کە مرۆڤەکان دەستدرێژییان نەکرێتە سەرو، مسوڵمانانیش لەگەڵ هەر هەوڵ و هەنگاوێک دابن، کە خێرو خۆشیی مرۆڤایەتیی تێدا بێ.

چوار: لە قورئاندا تەنیا باسی بەردان و ئازادکردنی دیلان کراوە، چ بێ بەرانبەرو چ بە بەرانبەر ﴿فَإِمَّا مَنًّا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَاءً﴾، بۆیە دەبێ ئەو شێوە مامەڵەیەش کە کاتی خۆی لەسەر ئەو عورف و باوە بنیات نراوە بگۆردرێ، تاکو بە تەعبیری **(القرافي)** شتێک نەکەین کە پێچەوانەی کۆڕاو مایەی نەزانیی بە ئایین، **(خلاف الإجماع وجهالة بالدين)** بێ، وەک لە کتێبەکەی خۆی **(الإحكام في تمييز الفتاوى عن الأحكام، وتصرُّفات القاضي والإمام)**دا[1]، گوتوویەتی.

پێنجەم: لە حاڵێکدا کە دوژمنانی مسوڵمانان بکەنە کۆیلە یان بکوژن، هەڵوێستی مسوڵمانان چی دەبێ؟:

وەک پێشتریش باسمان کرد، لە حاڵێکی وادا وەک پێغەمبەری خوا ﷺ وەک مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعێکی سەپێنراوداو، وەک کاردانەوەو مامەڵەی هاوشێوە **(ردّ الفعل والمعاملة بالمثل)**، هەندێ مامەڵەی لەگەڵ کافرە شەڕکەرەکاندا دەکرد، کە لە کاتی ئاساییدا نەیدەکردن، ئێمەش لە حاڵێکی وادا لەسەر بنەمای مامەڵەی هاوشێوە بۆمان هەیە، ئەو جۆرە مامەڵانە لەگەڵ دیلەکانی دوژمنانمان بکەین، کە دەقێکی شەریعەت قەدەغەی نەکردبن، بە بەڵگەی: ﴿فَمَنِ اعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُوا عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ﴾البقرة: ١٩٤، بەڵام ئەویش بە مەرجی چەسپێنراونی بەرژەوەندیی **(تحقيق المصلحة)**، ئەگەرنا ئەگەر زیان و خراپەی زیاتر بێ، ئەویش دروست نیە.

---

(١) ص٢١٨.

بڕگەی چوارەم: ناچارکردنی نامسوڵمانانی هاووڵاتیی لاشەڕ لەم ڕۆژگارەدا، کە یان سەرانە بدەن، یان ماڵ و حاڵیان بەجێبهێڵن، تاوان و ستەمەو، ماڵ سامانیشیان حەرامە دەستکاریی بکرێ:

نامسوڵمانانێک کە کاتی خۆی بوونەتە هاووڵاتیی و ئەهلی مەنزڵگای مسوڵمانان (**أهل الدار**) لە دەوڵەتی ئیسلامییداو، لە ڕۆژگاری خەلیفە ڕاشیدەکاندا خوا لێیان ڕازی بێ، هەر لەو کاتەوە، چ خاوەن کتێبەکان: کە جوولەکەو نەصرانییەکانن بە مسۆگەریی و، بە ڕای بەشێک لە زانایان (**صابئة**)ش دەگرنەوەو، هەندێکیان گوتوویانە: مەجووسیش دەگرنەوەو، ئەگەر ئەوانیش نەگرنەوە، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: مەجووسەکانیش وەک خاوەن کتێبەکان مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن.

نامسوڵمانانێکی ئاوا، مادام زیانی ژین و دینییان بە مسوڵمانان نەگەیاندبێ و، لە دژیان نەجەنگابن، پێویستە لەسەر بناغەی پەیمان و ئەمانی یەکەم، مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ، چونکە خوای دادگەر لە بەرانبەر بێبڕوایانێکی خاوەن پەیمانـدا فەرموویەتی: ﴿ إِلَّا الَّذِينَ عَاهَدتُّم مِّنَ الْمُشْرِكِينَ ثُمَّ لَمْ يَنقُصُوكُمْ شَيْئًا وَلَمْ يُظَاهِرُوا عَلَيْكُمْ أَحَدًا فَأَتِمُّوا إِلَيْهِمْ عَهْدَهُمْ إِلَىٰ مُدَّتِهِمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَّقِينَ ﴿٤﴾ ﴾التوبة، واتە: بێجگە لەو هاوبەش دانەرانەی پەیمانتان لەگەڵدا بەستوون، پاشان هیچ کەم و کورتییان لە بارەتانەوە نەبووەو، دژی ئێوە پشتگیریی کەسیان نەکردوە، ئەوانە پەیمانەکەیان هەتا کاتی دیارییکراویان بە تەواویی لەگەڵ بەرنە سەر، بێگومان خوا پارێزکارانی خۆش دەوێن.

کەواتە: هەر جۆرە ستەم و دەستدرێژییەک بۆ سەر ئەو جۆرە هاووڵاتییانە کە نا مسوڵمانن، بۆ سەر خوێنیان، بۆ سەر ناموسیان، بۆ سەر سامانیان، بۆ سەر هێمنیی و ئاسایشیان تاوانێکی زلەو، سزای خوای توندی دادگەری لەسەرە، لە دنیاو دواڕۆژدا، هەڵبەتە ئەگەر کەسانێکیان پەیمانیان شکاندو، زیانیان بە مسوڵمانان گەیاند، ئەو چەند کەسە یان ئەو کۆمەڵە، تەنها خۆیان بەرپرسیارن

و دووچـاری سـزاو تۆڵـەش دەبنـەوە، نـەک هەموویـان، چونکـە: ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ﴾ **الأنعـام: ١٦٤**، واتـە: هیـچ گوناهكارێـک گوناهـی کەسـی دیکـە هەڵناگـرێ.

بۆ مەسەلەی سەرانە وەرگرتن لە خاوەن کتێبەکانی ئەم ڕۆژگارەش، دەڵێین:

یەکەم: قەوارەیەکی سیاسیی کە ڕەوایەتیی پێنەدرا بێ لەلایەن مسوڵمانانەوەو، بە ڕێ و ڕەسمی شەرعیی نەهاتبێتە کایەوە، هەر بۆی نیە ئەصڵەن بوونی هەبێ، چ جای ئەو ڕەفتارانە بکات.

دووەم: ڕای ڕاست و بەڵگەدار - وەک لە بەرگی چوارەمی مەوسووعەی (ئیسلام و دەوڵەتداریی) هێناومانە - ئەوەیە کە سەرانە ئەگەر وەریش بگیرێ، تەنیا لەوانە وەردەگیرێ کە لە جەنگی دژی دەوڵەتی ئیسلامییدا، دەشکێن، یان واز لە جەنگ دێنن و، ئامادە دەبن ببنە هاووڵاتیی لە دەوڵەتی ئیسلامییدا، نەک لە هەر نا مسوڵمانێک، بە بەڵگەی ئەوەی کە سێ هۆزە جوولەکەکەی مەدینە (**بنو قینقاع، بنو النضیر، بنو قریظة**)، سەرانەیان لێ داوا نەکراوە، لەبەر ئەوەی لە سەرەتاوە جەنگیان نەکردووە دژی ئیسلام و مسوڵمانان.

سێیەم: لەسەر ڕای زۆرێک لە زاناو شەرعزانانی هاوچەرخ و، منیش ڕایەکەیانم پێ ڕاستە: لەم ڕۆژگارەدا نامسوڵمانانیش لە سایەی دەوڵەتەکانی جیهانی ئیسلامیی دا، هەر کات بەشداریی سەربازییان کردو، وەک مسوڵمانان بەشدارییان کرد لە بەرگریی کردن لە وڵاتدا، سەرانەیان لەسەر لادەچێ، چونکە سەرانە ڕەمزو هێمای هاووڵاتیی بوون و تەبابیانە لەگەڵ دەوڵەتداو، بەسەربازییکردنیشیان ئەو ئامانجە دێتە دی، کاتی خۆیشی لە دەوڵەتی ئیسلامییدا ڕێککەوتنی لەو بابەتە، چەند جارێک لەگەڵ نامسوڵمانانی ئەوسای دەوڵەتی ئیسلامییدا کراوە، بۆ وێنە:

أ- (**جماعة الجراجمة**) کە نەسڕانیی بوون، ڕێککەوتنێکی ئاوهایان لەگەڵ نوێنەری ئەبوو عوبەیدەی جەڕراح دا کردووە.

ب- (**سوید بن مقرّن**) کە یەکێک لە فەرماندەکانی عومەری کوڕی خەتتاب بووە، خوا لێی ڕازی بێ، ڕێککەوتنێکی ئاوای لەگەڵ (میرزبان) و ئەهلی (دهستان) و ئەهلی (جرجان)دا کردوە.

ج- هەروەها عوتبەی کوڕی فەرقەدیش لەگەڵ خەڵکی ئازەربایجان دا، هەمان ڕێککەوتنی کردوە، کە هەر کات هاوکاریی سەربازیی مسوڵمانانیان کرد، سەرانەیان لەسەر لادەچێ[1].

کۆتایـی ئـەم بڕگـەی چـوارەم، بـەو فەرمایشـتەی پێغەمبـەر ﷺ دەهێنیـن، کـە فەرموویەتـی: {قَالَ اللَّهُ عَزَّوَجَلَّ: ثَلَاثَةٌ أَنَا خَصْمُهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، وَمَنْ كُنْتُ خَصْمَهُ خَصَمْتُهُ، رَجُلٌ أَعْطَى بِي، ثُمَّ غَدَرَ، وَرَجُلٌ بَاعَ حُرًّا، فَأَكَلَ ثَمَنَهُ، وَرَجُلٌ اسْتَأْجَرَ أَجِيراً فَاسْتَوْفَى مِنْهُ، وَلَمْ يُوَفِّهِ أَجْرَهُ} (أخرجه أحمد: ٨٦٧٧، تعليق شعيب الأرنؤوط : إسناده حسن) واتـە: خـوا ﷻ فەرموویەتـی، سـێ کـەس خـۆم لەسـەریان دەبمـە داواکار (مُدّعي) لـە ڕۆژی قیامەتـدا، هـەر کەسێکیش مـن داواکاربـم لەسـەری، لێـی دەبەمـەوە: پیاوێـک بـە نـاوی منـەوە پەیـمان بـدات و بیشـکێنێ و، پیاوێـک مرۆڤێکی ئـازاد بفرۆشـێ و پارەکـەی بخـوات، پیاوێـک کرێکارێـک بـە کـرێ بگـرێ و ئیشـەکەی خـۆی پـێ بـکات و، دوایـی کرێیەکـەی نەداتـێ.

کەواتـە: هـەر کامێـک لـەو سـێ ڕەفتـارە، گوناهـی زۆر گـەورەن و سـزای زۆر توندیـان لەسـەرە.

٥)- قەوارەی سیاسیی لە ئیسلامدا، دەبێ مایەی بەختەوەریی سەرجەم کۆمەڵگا بێ و ڕەحمەت بێ بۆیان، نەك بەڵاو گرفتاریی و زەحمەت:

قەوارەیەکـی سیاسـیی کـە بـە نـاوی ئیسـلام و مسـوڵمانانەوە بنیـات دەنـرێ، دەبێ هەمـوو هـەوڵ و تەقەلـلای خـۆی لەسـەر ئـەوە چـڕ بکاتـەوە، هەرچـی زیاتـرو باشـتر هاووڵاتییانـی ژێـر سـایەی بـە مسـوڵمانان و نامسـوڵمانانەوە، ئاسـوودەو بەختـەوەر بـکات و کێشـەو گرفتەکانیـان چارەسـەر بـکات، تاکـو بەرجەسـتەکەری ناوونیشـانی

---

(١) ئەمـە کتێبـی (فتـوح البلـدان للبـلاذري)، لاپـەڕە: (٢١٧)و، (تأريـخ الطـبري) لـە بەرگـی دوو لاپـەڕە (٥٣٠ و ٥٣٩)دا، و (فقـه الجهـاد)ی (دکتـور یوسـف القرضـاوي) لاپـەڕە (٨٥٠-٨٥١)، ئەوانەیـان هێنـاوە.

پێغەمبەرەکەیان بۆ ﷺ: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ١٠٧ ﴾ **الأنبياء**، واتە: تۆمان تەنیا بە بەزەیی بۆ هەموو جیهانییان ناردوە، بۆیە دەبێ دەوڵەتی ئیسلامیی بە شێوەیەک بێ کە خەڵک و جەماوەری ژێر سایەی، هەمیشە بۆ سەلامەتیی و بەردەوامیی، سەرگەرمی پاڕانەوەو نزا بن، نەک بە پێچەوانەوە: خەڵک و جەماوەر لە پەنایدا، ترس و بیمیان هەبێ و، لە دڵە ڕاوکەدابن و خوا خوایان بێ ڕۆژێ زیاتر سێبەری شوومی لەسەریان لابچێ، پێغەمبەر ﷺ لەو بارەوە فەرموویەتی: {**خِيَارُ أَئِمَّتِكُمُ الَّذِينَ تُحِبُّونَهُمْ وَيُحِبُّونَكُمْ، وَتُصَلُّونَ عَلَيْهِمْ وَيُصَلُّونَ عَلَيْكُمْ، وشِرَارُ أَئِمَّتِكُم الَّذِينَ تُبْغِضُونَهُمْ وَيُبْغِضُونَكُمْ، وَتَلعَنُونَهُمْ وَيَلْعَنُونَكُمْ**} (**أخرجه مسلم: ١٦٥٥**)، واتە: باشترین پێشەواو حوکمڕانانتان، ئەوانەن کە خۆشتان دەوێن و خۆشیان دەوێن و، نزایان بۆ دەکەن و نزاتان بۆ دەکەن و، خراپترین حوکمڕانانتان ئەوانەن، کە ڕقتان لێیانەو ڕقیان لێتانە، نەفرینیان لێ دەکەن و نەفرینتان لێ دەکەن.

کورتە باسێک

بە کۆیلەکردنی مرۆڤ لەم ڕۆژگارەدا تاوانەو، دژی شەریعەتە[1]

ئەم کورتە باسە لە چوار بڕگەدا، دەخەینەڕوو:

١)- ئاوڕدانەوەیەک لە مێژوو.

٢)- ئیسلام چی لە سیستمی کۆیلایەتیی کرد؟

٣)- لە کەیەوە بڕیاری نەهێشتنی کۆیلایەتیی درا؟

٤)- ئایا لەم ڕۆژگارەدا دروستە مرۆڤ بکرێتە کۆیلە؟

بڕگەی یەکەم: ئاوەڕدانەوەیەك لە مێژوو:

سەرجەم سەرچاوە مێژووییەکان پێمان دەڵێن: کۆیلایەتیی (**الرِّق، الإسْتِعْبَاد**)، لە لای ئۆممەت و کۆمەڵگا پێشووەکان، وەک میسرییەکان و، فارسەکان و، بابلییەکان و، ڕۆمەکان و، عەرەبەکان، شتێکی باو بووە، هەروەها جوولەکایەتیی (**اليهودية**)، بڕیاری لەسەر داوەو، نەصرانییەتیش دانی پێدا هێناوە، بگرە تێکڕای فەیلەسووفەکانی یۆنان وەک ئەفلاتوون و ئەرەستۆو یاسازانەکانی ڕۆم وەک شیشرۆن و سینیکیش، سەلماندوویانەو بە شتێکی ئاساییان زانیوە، یەکەم جاریش ڕۆمەکان دیلەکانی جەنگیان کردوونە کۆیلە[2]، هەروەها کتێبەکانی جوولەکەو نەصرانییەکان بە ڕاشکاویی باسی ڕەوایەتیی کۆیلایەتییان کردوە، بۆیە ئێستاش

---

(١) ڕاستەوخۆ لە کتێبی هەڵوەشاندنەوەی پەرگیریی (نقض التطرف)، وەری دەگرین، لاپەڕە: (٢٨٣ -- ٣٠٩)، چاپی دووەم.

(٢) هەموو ئەو زانیارییانە لە کتێبی: (الرِّقُّ في الإسلام)ی شەفیق پاشا، لاپەڕە: (٩ - ٢٧)، هەروەها (مدونة جستنيان) لاپەڕە (١١).

لـە (پەیمانـی کـۆن)دا کـە کتێبـی پیـرۆزی هـەر کام لـە جوولەکـەو نەصرانییەکانـە، ئـەم دەقـە هەیـەو دەیخوێنینـەوە، **(وَحِيْنَ تَتَقَدَّمُونَ لِمُحَارَبَةِ مَدِيْنَةٍ فَادْعُوهَا لِلصُّلْحِ أَوَّلاً، فَإِنْ أَجَابَتْكُمْ إِلَى الصُّلْحِ وَاسْتَسْلَمَتْ لَكُمْ، فَكُلُّ الشَّعْبِ السَّاكِنِ فِيهَا يُصْبِحُ عَبِيدَاً لَكُمْ)**[1]، واتـە: کاتێـک بـۆ شـەڕی شـارێک دەچـن، یەکـەم جـار بانگیـان بکـەن بـۆ صوڵـح، ئنجـا ئەگـەر صوڵحیـان کـردو ملکەچتـان بـوون، ئـەوە هەمـوو دانیشـتووانی دەبنـە کۆیلەتـان.

هەروەهـا ئێسـتاش لـە (پەیمانـی نـوێ)دا، کـە کتێبـی نەصرانییەکانـە، ئـەم دەقـە هەیـە دەیخوێنینـەوە: **(أَيُّهَا الْعَبِيدُ! أَطِيعُوا سَادَتَكُمُ الْبَشَرِيِّيـنَ بِخَوْفٍ وَارْتِعَادٍ مِنْ قَلْبٍ صَادِقٍ، كَمَنْ يُطِيعُ الْمَسِيحَ)**[2]، واتـە: ئـەی کۆیلـەکان! فەرمانبەریـی مرۆڤـە خاوەنەکانتـان بکـەن بـە تـرس و لـەرزەوەو بـە دڵێکـی ڕاسـتەوە، وەک ئـەو کەسـەی کـە فەرمانبەریـی مەسـیح دەکات.

کەواتـە: بـا بزانـری کتێبـی پیـرۆز **(الكتـاب المقـدس)**ی جوولەکـەو نەصرانییـەکان لە بـارەی کۆیلایەتییـەوە چـی دەڵـێ؟ پاشـان سـەرنجی قورئانیـش دەدەیـن لەو بـارەوە.

بڕگەی دووەم: ئیسلام چی لە سیستمی کۆیلایەتیی کرد؟

کاتێـک ئیسـلام دوایــن نوسـخەی هیدایـەتی خـوا و، دوایــن بەرنامـەی خـوا بـۆ مرۆڤایەتیـی هـات، سیسـتمی کۆیلایەتیـی **(نظـام الـرق)**، چەنـدان سـەدە بـوو ڕەگ و ڕیشـەی بـە قووڵایـی مێـژووی بەشـەردا چـوو بـووە خـوارو، لـە نێـو سـەرجەم گـەل و وڵاتانـی دنیـادا شـتێکی بـاوو کارپێکـراو بـوو، بـە ئاسـایی و سرووشـتیی تەماشـا دەکـراو، بـە پایەیەکـی گـەورەی ژیانـی سیاسـیی و ئابووریـی و کۆمەڵایەتیـی کۆمەڵـگاکان

---

(١) التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، العهد القديم، سفر التثنية، الإصحاح ٢٠، ص٣٩٢.

(٢) التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، العهد الجديد، الرسالة إلى المؤمنين في أفسس، السادة والعبيد، ص٢٥٣٢.

دادەنـرا، وەک چـۆن ئێسـتا سیسـتمی سـەرمایەداریی، بـە بناغـەی زۆربـەی قـەوارە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکانـی ئـەم ڕۆژگارە دادەنـرێ، بۆیـە نەدەگونجا ئیسـلام لەلایـەن خۆیـەوە بـە نووکـە قەڵەمێـک ئـەو واقیعـە پـڕ سـتەم و نامرۆڤانەیـە بگـۆڕێ، هەرچەنـدە هێنـدەی کێوێـک لەسـەر دڵـی قـورس بـوو، کـە مرۆڤـەکان هەندێکیـان هەندێکـی دیکەیـان بکەنـە کۆیلـەو کەنیـزەک و، وەک کـەل و پـەل و ئـاژەڵ، سـەوداو مامەڵەیـان پـێ بکـەن، بۆیـە ئیسـلام هەڵسـا بـە گۆڕینـی ئـەو واقیعـە نـا لەبـارەو، بـۆ ئـەوەش سیاسـەتێکی پلـە پلەیـی گرتـە بـەر بـەم شـێوەیەی خـوارێ:

هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی ئیسلام بۆ سیستمی کۆیلایەتیی:

١- چارەسەری فیکریی:

لـە سـۆنگەی ئـەوەوە کـە هەڵسـوکەوتەکان (التصـرفات)، زادەی بۆچوونـەکان (التَّصَـوُّرات)ن، ئەگـەر بویسـترێ هەڵسـوکەوتێکی خـراپ چـاک بکـرێ، دەبـێ ئـەو بیـر و بۆچوونـە چەوتـەی کـە لێـوەی هەڵدەقوڵـێ، چـاک بکرێتـەوە، ئیسـلامیش بـۆ بنبڕکردنـی دیاردەی کۆیلایەتیـی هـەر وای کردوە، سـەرەتا خـوای بـەرزی کاربەجێ لە چەنـدان ئایەتـدا، ئـە و ڕاسـتییەی ڕاگەیانـد کـە مرۆڤـەکان هەموویـان وەچـەو زادەی بـاب و دایکێکـن و، یەکسـانن، بـە پارێزکاریـی بەرزیـی و نزمییـان تێـدا پەیدادەبـێ، بۆ وێنـە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن ذَكَرٖ وَأُنثَىٰ وَجَعَلۡنَٰكُمۡ شُعُوبٗا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٞ ١٣ ﴾**الحجـرات**، واتـە: ئـەی خەڵکینـە! ئێمـە ئێوەمـان لـە نێـرو مێیـەک وەدیهێنـاوەو، گێڕاومانـن بـە چەنـدان گـەل و هـۆز، تاکـو پێـک ئاشـنا بـن و، بێگومـان بەڕێزترینتـان لـە لای خـوا، پارێزکارترینتانـە، بـە دڵنیایـی خـوا زانـای شـارەزایە.

ئـەوەش هـەم بـۆ ئـەوەی کۆیلـەکان بـەر لـە جەسـتەیان، ڕووح و ناخیـان ئـازاد بێ و، هەسـت بـە ڕێـزو حورمەتی هاوتـاو یەکسـانی خۆیان بکـەن لەگـەڵ گەورەکانیانداو، هـەم گەورەکانیشـیان بزانـن کـە هیچیـان لـەوان زیاتر نیـەو هەموویـان وەک یەکن.

٢- وشککردنی سەرچاوەکانی هاتنی کۆیلە:

پێش هاتنی ئیسلام جگە لە دیلەکانی جەنگ، لە چەند ڕێیەکی دیکەشەوە خەڵک دەکرانە کۆیلە:

یەکەم: قەرزدارێک کە قەرزەکەی پێ نەدرابایەوە، دەبووە کۆیلەی بابای خاوەن قەرز.

دووەم: ژنێک کە لە مێردی ڕایکردبایە، دەبووە کۆیلەی مێردەکەی.

سێیەم: دزیی کردن، بابای دز دەبووە کۆیلەی بابای دزیی لێکراو.

چوارەم: خۆ کردنە کۆیلەی کەسێکی دیکە، کەسێک بۆی هەبوو بە ویستی خۆی خۆی بکاتە کۆیلەی کەسێکی دیکە.

پێنجەم: زاڵبوونی هۆزێک یان نەتەوەیەک یان دەوڵەتێک، بەسەر یەکێکی دیکەداو بە کۆیلەکردنی خەڵکەکەی.

شەشەم: ڕاکردوو لە جەنگ، هەر کەسێک لە جەنگ ڕایکردبایە، دەیانکردە کۆیلەی دەوڵەت.

بەڵام ئیسلام جگە لە دیلی جەنگ، ئەویش بە شێوەیەکی کاتیی و بە ناچاریی، هەموو ڕێیەکانی دیکەی کە خەڵکیان پێ دەکرایە کۆیلە، بەستنی و، زۆربەی هەرە زۆری سەچاوەکانی کۆیلایەتییشی لە لایەن خۆیەوە وشک کرد.

٣- ئازادکردنی ئەو کۆیلانەی هەبوون:

ئیسلام چەند ڕێیەکی دانان بۆ ئازادکردنی کۆیلە، کە ئیمە سێ ڕێگای سەرەکییان لێ باس دەکەین:

یەکەم: دانانی هەشتیەکی زەکات بۆ ئازاد کردنی کۆیلان، وەک خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلْفُقَرَآءِ وَٱلْمَسَٰكِينِ وَٱلْعَٰمِلِينَ عَلَيْهَا وَٱلْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِى ٱلرِّقَابِ وَٱلْغَٰرِمِينَ وَفِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ فَرِيضَةً مِّنَ ٱللَّهِ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ

(٦٠) ﴾التوبة، دیارە مەبەست لە ﴿ ٱلرِّقَابِ ﴾، کۆیلەکانەو، یەک لەسەر هەشتی زەکاتی هەموو مسوڵمانان خوای میهرەبان و دادگەر بۆ ئازادکردنی کۆیلانی تەرخان کرد.

دووەم: ڕێککەوتنی کۆیلەو خاوەنەکەی، لەسەر پێدانی ئەندازەیەک لە سامان بە خاوەنەکەی و خۆ کڕینەوەی، وەک خوا ﷻ لە سوورەتی (النور)دا دەفەرموێ: ﴿ وَلْيَسْتَعْفِفِ ٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ نِكَاحًا حَتَّىٰ يُغْنِيَهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ ۗ وَٱلَّذِينَ يَبْتَغُونَ ٱلْكِتَٰبَ مِمَّا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُمْ فَكَاتِبُوهُمْ إِنْ عَلِمْتُمْ فِيهِمْ خَيْرًا ۖ وَءَاتُوهُم مِّن مَّالِ ٱللَّهِ ٱلَّذِىٓ ءَاتَىٰكُمْ ۚ وَلَا تُكْرِهُوا۟ فَتَيَٰتِكُمْ عَلَى ٱلْبِغَآءِ إِنْ أَرَدْنَ تَحَصُّنًا لِّتَبْتَغُوا۟ عَرَضَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۚ وَمَن يُكْرِههُّنَّ فَإِنَّ ٱللَّهَ مِنۢ بَعْدِ إِكْرَٰهِهِنَّ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (٣٣) ﴾.

وەک دەبینین خوای زانا فەرمانی کردوە بە خاوەن کۆیلەکان، کە هەر کات کۆیلەکانیان داوای موکاتەبەیان لێکردن، لەگەڵیاندا بکەن، مادام تێیاندا ڕادەبینن و، هاوکارییشیان بکەن.

سێیەم: دانانی ئازادکردنی کۆیلەیەک، وەک سزاو کەفارەت بۆ چەند جۆرە گوناهو هەڵەیەک:

یەکەم: یەکێک لەوانە کوشتنی بە هەڵە، (القتل الخطأ): ﴿ وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَن يَقْتُلَ مُؤْمِنًا إِلَّا خَطَـًٔا ۚ وَمَن قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَـًٔا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ ...(٩٢) ﴾النساء.

دووەم: شکاندنی سوێند: ﴿ لَا يُؤَاخِذُكُمُ ٱللَّهُ بِٱللَّغْوِ فِىٓ أَيْمَٰنِكُمْ وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ ٱلْأَيْمَٰنَ ۖ فَكَفَّٰرَتُهُۥٓ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَٰكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ ...(٨٩) ﴾المائدة.

سێیەم: زیهارکردنی مێرد لە ژنی، واتە: پیاوێک بە ژنەکەی بڵێ: تۆ وەک پشتی دایکم وای، بیشوبهێنی بە دایکی: ﴿ وَٱلَّذِينَ يُظَٰهِرُونَ مِن نِّسَآئِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا۟ فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِّن قَبْلِ أَن يَتَمَآسَّا ۚ ذَٰلِكُمْ تُوعَظُونَ بِهِۦ ۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ (٣) ﴾المجادلة.

٤- جوانترین مامەڵەکردن لەگەڵ کۆیلاندا:

بۆ نموونە: پێغەمبەر ﷺ فەرمانی بە مسوڵمانان کردوە کە وشەی (عبد) و (أمة) بۆ کۆیلەکانیان بەکارنەهێنن، وەک: کۆیلەو کەنیزەک، بەڵکو لە جیاتی

ئـەوە، (**فتـاي وفتـاتي**)، یـان (**غلامـي وجاريتـي**)، بەکاربێنـن، (**فتـاي وفتـاتي**)، بـە مانـای کـوڕو کچـی گەنـج و (**غـلام و جاريـة**)ش بـە هەمـان شـێوە، هەمـان مانایـان هەیـە: {**عَـنْ أَبِـي هُرَيْـرَةَ ﷺ أَنَّ رَسُـولَ اللَّـهِ ﷺ قَـالَ: «لاَ يَقُولَـنَّ أَحَدُكُـمْ عَبْـدِي وَأَمَتِـي كُلُّكُـمْ عَبِيـدُ اللَّـهِ، وَكُلُّ نِسَـائِكُمْ إِمَـاءُ اللَّـهِ، وَلَكِـنْ لِيَقُـلْ غُلاَمِـي وَجَارِيَتِـي، وَفَتَـايَ وَفَتَـاتِي»} (أخرجـه مسـلم: ٢٢٤٩)**.

واتـە: ئەبـوو هورەیـرە ﷺ، دەڵـێ: پێغەمبـەر ﷺ فەموویەتـی: بـا یەکێـک لـە ئێـوە نەڵـێ کۆیلەکـەم و کەنیزەکەکـەم، هەمووتـان بەنـدەی خـوان، هەمـوو ئافرەتەکانیـش بەنـدەی مێینـەی خـوان، بەڵکـو بـا بڵێـن: غوڵامەکـەم و کچەکـەم، یاخـود کـوڕە گەنجەکـەم و کچـە گەنجەکـەم.

هەروەهـا پێغەمبـەر ﷺ فەرموویەتـی: {**إِخْوَانُكُـمْ خَوَلُكُـمْ، جَعَلَهُـمُ اللَّـهُ تَحْـتَ أَيْدِيكُـمْ، فَمَـنْ كَانَ أَخُـوهُ تَحْـتَ يَدَيْـهِ، فَلْيُطْعِمْـهُ مِـمَّا يَـأْكُلُ، وَلْيُلْبِسْـهُ مِـمَّا يَلْبَـسُ، وَلاَ تُكَلِّفُوهُـمْ مَـا يَغْلِبُهُـمْ، فَـإِنْ كَلَّفْتُمُوهُـمْ فَأَعِينُوهُـمْ عَلَيْـهِ} (أخرجـه البخـاري: ٢٤٠٧، ومسـلم ١٦٦١، وأبـو داود: ٥١٥٨، والترمـذي: ١٩٤٥، أبـن ماجـه: ٣٦٩)**.

واتــە: برایەکانتــان خــوا ﷻ خســتوونیە بەردەســتی ئێــوە، (یـانی: بــە هــۆی سیسـتمێکی سیاسـیی و کۆمەڵایەتییـەوە کـە سـایەو سـێبەرتانەو حوکمتـان دەکات، نـەک خـوا وای دانـا بـێ)، ئنجـا هـەر کەسـێک برایەکـەی لـە بەردەسـتی دا بـوو، بـا لـەو خواردنـەی خـۆی دەیخـوات، هەمـان خواردنـی پـێ بـدات، لـەو پۆشـاکەی بـۆ خـۆی دەیپۆشـێ، پۆشـاکی بـۆ بپۆشـێ و، بـا کارێکـی پـێ نەسـپێرێ بـۆی نەکـرێ و، ئەگـەر کارێکـی وای پـێ سـپارد، بـا بـۆ خـۆی هـاوکاری بـێ.

بڕگەی سێیەم: لە کەیەوە بڕیاری نەهێشتنی کۆیلایەتیی درا؟

هەرچەنـدە ئیسـلام بــەردی بناغـەی نەهێشـتنی کۆیلایەتیـی دانـا، وەک پێشـتر باسـمان کـردو، بـە شـێوەیەکی پلـە پلەیـی و حەکیمانـە مامەڵـەی لەگـەڵ ئـەو واقیعـە

نەخوازراوو سەپێندراوە کردو، جگە لە ئەوەش، واتە: جگە لە ئەوەی ئیسلام کردی، نە مەنتیقیی بوو، نە واقیعیی و کردەییش بوو، بەڵام بە داخەوە لە ئەنجامی گۆڕانی شێوازی دانانی حوکمڕانانی مسوڵمانانەوە لە ڕاوێژەوە بۆ میراتیی و ڕەچەڵەکیی و، گەلێک جۆرە لادانی دیکەش کە لێرەدا دەرفەتی باسکردنیان نیە، سەرەنجام لە جیاتی ئەوەی مسوڵمانان لە ڕووی نەهێشتنی کۆیلایەتییەوە، خەڵکی دیکەی وڵاتان بخەنە ژێر کاریگەریی خۆیانەوە، ئەوانیش بڕیاری بە یەکجاریی نەهێشتنی ئەو دیاردە قێزەونە بدەن، کە بەر لە هەموو شتێک لەگەڵ بناغەی ئایینەکەیاندا کە خوا بەیەکگرتن (**توحيد الله**)ە، تێکدەگیرێ، پاشان لەگەڵ ئەو ڕێزو حورمەتەشدا تێکدەگیرێ، کە خوا ﷻ لە مرۆڤی ناوە: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِيٓ ءَادَمَ ﴿٧٠﴾﴾ **الإسراء**، بەپێچەوانەوە: مسوڵمانان کەوتنە ژێر کاریگەریی و هەژموونی کلتووری ڕزیوو دواکەوتوویی گەلانی دیکە، لە ڕۆم و فارس و هیندو چین و، لە وڵاتانی ئیسلامییشدا، وەک وڵاتانی دیکە، بازاڕی کۆیلەو کەنیزەکان، تاکو دەهات قەڵەباڵغتر دەبوو، هەتا سەرەنجام لە کۆنگرەی ڤیەننا ساڵی (١٨١٥)ی زایینی، دەوڵەتە ئەوروپاییەکان بڕیاری قەدەغە کردنی بازرگانیی کردن بە کۆیلانیان دا و، دوا ڕێککەوتنیش لەو بارەوە بریتی بوو لە: ڕێککەوتننامەی جنێف کە لە (١٩٥٦ /٩/٧)دا بە یەکجارەکیی بازرگانیی کردن بە کۆیلەی قەدەغە کرد[1].

شایانی باسیشە: دەوڵەتی عوسمانیی ئەو کاتە، ساڵی (١٨١٥ز)، پشتگیریی بڕیاری قەدەغەکردنی بازرگانیی بە کۆیلەوەی کردو، خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی بۆ ئەو هەنگاوە، وەک لە (**آثار الحرب**)ی (**وهبة الزحيلي**)دا[2] هاتوە.

---

(١) (تأريخ الفقه الإسلامي، ص٤٢).

(٢) لاپەڕە (٤١١-٤١٢).

بڕگەی چوارەم: ئایا لەم ڕۆژگارەدا دروستە مرۆڤ بکرێتە کۆیلە؟

لە وەڵامدا بە ڕوون و ڕاشکاویی دەڵێین: نەخێر، لەبەر چی؟ بە لای کەمەوە لەبەر سێ هۆکاران:

هۆکاری یەکەم: وەک پێشتر باسمان کرد، ئیسلام وەک واقیعێکی سەپێنراوی ڕەتکراوە، مامەڵەی لەگەڵ دیاردەی کۆیلایەتییدا کردوو، سەرجەم سەرچاوەکانی هاتنی کۆیلەی وشک و چۆڕە بڕ کردن، تەنها ڕێی دیلەکانی جەنگی هێشتۆتەوە بە ناچاریی، لەسەر بنەمای مامەڵەی هاوشێوە (**المعاملة بالمثل**)دا، دیلەکانی جەنگیشی بە شێوەیەکی کاتیی بە کۆیلە گرتوون، چونکە نەدەگونجا سوپای ئیسلام دیلەکانی لەلایەن بەرانبەرەکانیانەوە بکرێنە کۆیلە، ئەوانیش دیلەکانیان بە بەلاش، یان بە قەرەبوو بەر بدەن، سەرەنجام ئەوە دەبوو بە جەنگێکی دەروونیی سەخت، کە ئیسلام دژ بە سوپایەکەی خۆی دەیکردو، هاندانێکیش دەبوو لە دژی ئەو ناحەزانەی کە ئەگەر نەکوژرێن، سەرەنجام ئازاد دەکرێن، دووبارە لە دژی تێ هەڵدەچنەوە، بۆیە عەقڵ و مەنتیق و، واقیع و بەرژەوەندیی، خوازیاری ئەوە بوون کە ئیسلام ئەو ڕێیە بە شێوەیەکی کاتیی بهێڵێتەوە.

هۆکاری دووەم: هیچ ئایەتێکی قورئان و، هیچ دەقێکی سوننەت نیە، کە فەرمان بکات بە کۆیلەکردنی هیچ مرۆڤێک، بەڵام چەندان ئایەت و دەقی سوننەت هەن، کە فەرمان دەکەن بە ئازادکردنی کۆیلە، بۆیە زۆر ڕاستە ئەگەر بگوترێ: ئیسلام ئازادکردنی کۆیلانی هێنا، نەک بە کۆیلەکردنی مرۆڤەکان، (**جاء الإسلام بالعتق، ولم يأت بالرّق**)، ئیسلام ئازادکردنی کۆیلانی هیناوە، نەک بە کۆیلەکردنی مرۆڤەکان!

یەکێک لەو شوێنانەش کە باسی ئازاد کردنی کۆیلان دەکات ئەوەیە: ﴿ فَلَا ٱقۡتَحَمَ ٱلۡعَقَبَةَ ﴿١١﴾ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡعَقَبَةُ ﴿١٢﴾ فَكُّ رَقَبَةٍ ﴿١٣﴾ ﴾البلد، ئەو کەسە دەرووی سەختی نەبڕیوە، تۆ چووزانی دەر ووی سەخت چییە؟ ئازادکردنی کۆیلەیەکە.

کەواتە: ئازادکردنی مرۆڤێک لە داوی کۆیلایەتیی، کارێکی هێندە گەورەو گرنگ بووە لە ڕووی قورئانەوە، وەک برینی دەروویەکی سەخت و، مایەی سەرفرازیی مرۆڤ بووە لە ڕۆژی دواییدا.

هۆکاری سێیەم: بۆ ئەوە کە دروست نیە مرۆڤ لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بکرێتە کۆیلە، وەک پێشتر باسمان کرد، ئسلام هەموو سەرچاوەکانی کۆیلایەتیی وشک کردن و، هەموو ڕێیەکانی گرتن، بێجگە لە یەک ڕێ، ئەویش بریتی بوو لە دیلەکانی جەنگ، ئەویش بە شێوەیەکی کاتیی، وەک کاردانەوەو مامەڵەی هاوشێوە، یانی: (**رَدُّ الفعل والمعاملة بالمثل**)، ئێمە تەنیا یەک ئایەتمان هەیە لە قورئاندا، لە بارەی چۆنیەتیی مامەڵە کردن لەگەڵ دیلەکانی جەنگدا، کە دوا حوکمی ئیسلامی تێدایە لەو بارەوە، وەك خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَا لَقِيتُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فَضَرْبَ ٱلرِّقَابِ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَثْخَنتُمُوهُمْ فَشُدُّوا۟ ٱلْوَثَاقَ فَإِمَّا مَنًّۢا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَآءً حَتَّىٰ تَضَعَ ٱلْحَرْبُ أَوْزَارَهَا ﴿٤﴾ ﴾محمد، واتە: ئنجا هەر کات بەرەنگاری ئەوانەی بێبڕوان، بوونەوە، لە گەردنیان بدەن، [چونکە چەکی ئەو کاتە زیاتر شمشێر بووە، مرۆڤیش بە لە گەردن درانی لە جەنگ دا زووتر دەکوژرێ]، هەر کاتێک شپرزەتان کردن، کەلەپچەیان بکەن و بە دیلیان بگرن، پاشانیش یان بە خۆڕایی و چاکە لەگەڵدا کردن، یاخود بە قەرەبوو (دیل بەرانبەر دیل، یان بە پارە) بەریان بدەن، هەتا جەنگ قورساییەکانی خۆی دادەنێ و کۆتایی دێ.

وەک دەبینین: خوای کاربەجێ فەرمان بە بڕواداران دەکات کە لە کاتی بەرەنگاربوونی دوژمنانی بێبڕوای شەڕ فرۆشدا، زەبر لەو شوێنەیان بدەن کە زووتر پێی دەکوژرێن و، پاش لە پەل و پۆ خستنیان، ئنجا بە دیلیان بگرن، دواییش بۆ شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ دیلەکاندا بۆ چۆنیەتیی بەردانیان، تەنیا د وو ڕێیان دادەنێ و سێیەمیان نیە، ﴿ فَإِمَّا مَنًّۢا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَآءً ﴾، یان منەت باریان بکەن و، بەبێ بەرانبەر بەریان بدەن، یاخود بە بەرانبەرو قەرەبوو، قەرەبووەکەش

دەگونجێ دیل بە دیل بێ، دەشگونجێ ماڵ و سامان بێ، دەشگونجێ بابای دیل پارەی نەبێ، بەڵام هەر جۆرە خزمەتێک بێ پێشکەش بکات، وەک چۆن پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەو دیلانەی جەنگی بەدر، کە ماڵ و سامانیان نەبووە، بەرانبەر بەوە بەری دان، کە منداڵەکانی پشتیوانان فێری نووسین بکەن، وەک لەم شوێنەوارەدا هاتووە:

{عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، قَالَ: كَانَ نَاسٌ مِنَ الْأَسْرَى يَوْمَ بَدْرٍ لَمْ يَكُنْ لَهُمْ فِدَاءٌ، فَجَعَلَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ فِدَاءَهُمْ أَنْ يُعَلِّمُوا أَوْلَادَ الْأَنْصَارِ الْكِتَابَةَ} (**أخرجه أحمد: ٢٢١٦ تعليق شعيب الأرنؤوط: حسن**)، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ)، دەڵێ: خەڵکێک لە دیلەکانی جەنگی بەدر، هی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانی مەککە، توانای ماددییان نەبوو، فەرەبوو بدەن، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ فەرەبووەکە، ئەوەی بۆ دانان کە ژمارەیەک لە منداڵی پشتیوانانەکان فێری خوێندن و نووسین بکەن.

شایانی باسیشە: هەندێک لە زانایان وا لە ڕستەی: (فَشُدُّواْ ٱلْوَثَاقَ)، (دەستبەندیان توند بکەن)، حاڵیی بوون کە مانای کۆیلەکردن (**إسترقاق**)، بگەیەنێ، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەوە ڕاست نیە، چونکە کەلەپچە کردن (**شَدُّ الوَثاق**)، تەنها بەندکردن دەگەیەنێ و، هیچ پەیوەندیی بە کۆیلەکردن (**إسترقاق وإستعباد**)ەوە نیە، بگرە ئەو ئایەتە بە ئاماژە کردن پێمان دەڵێ: بە کۆیلە کردن دروست نیە، چونکە خوا ﷻ دەفەرموێ: پاش بە دیل گرتنیان، یان بە چاکەو منەت کردن بەریان بدەن، یان بە بەرانبەر، کەواتە: هیچ شتێکی سێیەم، وەک کوشتن یان بە کۆیلە کردن، دروست نیە.

ئنجا یەکێک بۆی هەیە بپرسێ: مادام قورئان بۆ دیلەکانی جەنگ، تەنیا باسی بەردانیانی کردووە، چ بە بەلاش و چاکەو، چ بە بەرانبەرو فەرەبوو، ئەدی بۆچی لە سوننەت و سیرەی پێغەمبەری خوادا ﷺ بە کۆیلەکردن (**إسترقاق**)، هەبووە؟

بە سێ قسە وەڵامی ئەو پرسیارو ئیشکالە دەدەینەوە:

١)- لەو جەنگانەدا کە پێغەمبەری خوا ﷺ دژی نامسوڵمانانی شەڕ فرۆش و پەیمان شکێن، لە بتپەرست و خاوەن کتێبەکان کردوونی، هیچ پیاوێک، یان نێرینەیەکی باڵغی نەکردۆتە کۆیلە، بەڵکو تەنیا ئافرەتان و منداڵانی بە کۆیلە کردوون، وەک **(إبن القیم)** گوتوویەتی: (**إِنَّ النَّبِيَّ ﷺ لَمْ يَسْتَرِقَّ فِي حَيَاتِهِ ذَكَرًا بَالِغًا قَطُّ، وَإِنَّمَا اسْتَرَقَّ النِّسَاءَ وَالصِّبْيَانَ**)[1]، واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ هەرگیز لە ژیانیدا نێرینەیەکی باڵغی نەکردۆتە کۆیلە، بەڵکو تەنیا ئافرەتان و منداڵانی کردوونە کۆیلە.

بێگومان بە کۆیلەکردنی ئافرەتان و منداڵان بریتی بووە لە: حەواندنەوەیان و خستنیانە گەڵ خێزانە مسوڵمانانەکان، پاش نەمانی پیاوەکانیان و تێکچوونی شیرازەی خێزانەکانیان، کە بێگومان لەو ڕۆژگارەدا، هیچ بەدیلێک بۆ ئەو چارەسەرە ناچارییە نەبووە.

٢)- هەر کەسێکیش لە نامسوڵمانە شەڕ فرۆشەکان، دوایی مسوڵمان بووبێ، ئافرەت و منداڵەکانی بۆ ئازاد کراون، وەک پێغەمبەر ﷺ شەش هەزار (٦٠٠٠) لە ژن و منداڵە بە دیل گیراوەکانی هۆزی هەوازنی دانەوە پیاوەکانیان، پاش ئەوەی مسوڵمان بوون، هەروەها هەر کام لە خەڵکی مەککە کە پێی فەرموون: بڕۆن ئێوە بەردراون (**اذهبوا فأنتم الطُّلَقاء**) (**أخرجه البخاري: ٢٨٥١، ومسلم: ١٧٤٤**)، هەروەها خەڵکی خەیبەریشی بە چاکە بەرداو، هۆزی (**بنو المصطلق**)یش دوای ئەوەی پێغەمبەر ﷺ (**جورية بنت الحارث**)ی لێ بە هاوسەرگرتن خوا لێی ڕازی بێ، مسوڵمانان وەک ڕێزگرتن لەو خزمایەتییە، ژن و منداڵەکانیان بەردان، کە سەد خێزان بوون، ئەمیش لە (**سنن أبي داود**) دا لە ژمارە: (٣٩٣١) هاتوە.

٣)- وەڵامی سێیەم بۆ ئەو ئیشکالەی باسکرا، ئەوەیە کە ئەو هەڵوێستە لەلایەن پێغەمبەری خوا ﷺو پاشان چوار خەلیفە ڕاشیدەکانەوە، هەڵوێستێکی ناچاریی بووە، کە بار ودۆخی سیاسیی ئەو کاتی دەوڵەتانی دنیا، فەرزی کردوەو مامەڵەیەکی کاتیی

---

(١) زاد المعاد: ج٣، ص١١٥.

بووە، لەگەڵ ئەو ئەرێتە جیهانییەدا، کە بە نسبەت مسوڵمانانەوە، ئەو ئەرێتی مرۆڤ بە کۆیلە گرتنە، پێچەوانەو دژی دوو بنەڕەتی هەرە گەورەو گرنگی ئیسلامە، کە بریتین لە:

١)- تەنیا خوا پەرستن [**توحید الله في العبادة (فاعلم أنَّهُ لاَ إِلَهَ إلاَّ الله)**]، واتە: بزانە جگە لە خوا هیچ پەرستراوێک نیە، کە شایانی پەرستن بێ.

٢)- ڕێزو حورمەتی مرۆڤ گرتن (**تَكْرِيم الإِنْسَان**)، ﴿ وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِيٓ ءَادَمَ ﴾الإسراء(٧٠)، واتە: بێگومان ڕێزمان لە وەچەی ئادەم گرتوە، چونکە تەنیا خواپەرستن و خوا بە پەرستراو دانان، خوازیاری ئەوەیە کە مرۆڤەکان لە بەرانبەر خوادا یەکسان بن و، سەییدو کۆیلەیان لە نێودا نەبێ، هەروەها ڕێزو حورمەتی مرۆڤ گرتنیش، خوازیاری ئەوەیە کە هەموویان ئازادو سەربەست بن و، هیچ کەس ژێر دەست و کۆیلەی ئەوی دیکە نەبێ.

جگـە لەوانـەش کـە باسـمان کـردن، ئێمـە یـازدە (١١) بەڵگەمـان ڕیـز کـردوون، لەسـەر ئـەوە کـە ناگونجـێ مـرۆڤ بـە کۆیلـە بکـرێ:

١)- ئیسلام چ وەک بوونناسییەکەی (ontology) چ وەک ئیمان و عەقیدە، چ وەک شەریعەت، دژی کۆیلایەتیی و زەبوونیی مرۆڤە.

٢)- هیچ ئایەتێکی قورئان و، هیچ دەقێکی سوننەتیش نیە، فەرمان بە مسوڵمانان بکات دیلەکانی جەنگ لە کافران بکەنە کۆیلە.

٣)- ئەوەش کە لە سیرەی پێغەمبەری خوادا ﷺ و هی چوار خەلیفە ڕاشیدەکانیشدا هاتوە، ئەوپەڕی دروست و ڕەوا بوون (**الجواز والإباحة**)ی بە کۆیلە کردن دەگەیەنێ، وەک کاردانەوەو مامەڵەی هاوشێوە، بۆ دوژمنانێک کە ئەو کاتە بەو شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵ دیلەکانی جەنگدا دەکرد.

٤)- هەروەها ئیسلام ئایینی ئیمان و عەقیدەی ڕاست و زگماکی ساغە، وەک خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًاۚ فِطْرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِي فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيْهَاۚ لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾الروم.

کەواتــە: خــوای زانــاو شــارەزا بەرنامــە پــاک و ڕاســتەکەی خــۆی کــە ئیســلامەو، زگـماک و سرووشـتی سـاغی مرۆڤـی، بـە دوو ڕووی ڕاسـتییەک دانـاون، ئنجـا بێگومـان وێــڕای هــەر کام لــە عەقڵــی ســاغ و زگــماک (فطــرة)ی تەواویــش، نکووڵیــی لــە کۆیلایەتیــی مرۆڤــەکان دەکــەن.

٥)- یەکەمین جار ئیسلام لەسەر زاری خەلیفەی دووەم (عومەری کوڕی خەتتاب)، ئەو ڕاستییەی وە بیر مرۆڤایەتیی هێنایەوە، کە مرۆڤەکان بە ئازادیی لە دایک دەبن و هیچ کەس بۆی نیە، بیانکاتە کۆیلەو ژێردەستەو بیانچەوسێنێتەوە، وەک عومەر بە والی میسر، عەمری کوڕی عاص و کوڕەکەی گوت: لە کاتێکدا کوڕەکەی والی میسر بە قامچیی لە کابرایەکی قیبتیی دابوو، چونکە ئەسپەکەی پێش ئەسپی وی کەوتبۆوە، لە غار غارێن و پێشبڕکێدا، پێی گوت: (**مُذْ كَمْ تَعَبَّدْتُم النَّاسَ، وَقَدْ وَلَدَتهُم أُمَّهَاتُهُم أَحْرَارًا؟**) (**كنز العمال**)[1]، واتە: لە کەیەوە ئێوە خەڵکتان کردوە بە کۆیلە؟ لە حاڵێکدا دایکیان بە ئازادیی هێناونیە دنیاوە؟!.

٦)- هەروەها زانایانی ئیسلام لەسەر ئەوە یەکدەنگن، کە لە کوێ و چۆن دادگەریی باشتر بچەسپێ و، بەرژەوەندیی بێتە دی، شەریعەت لەوێیە، هەر هۆکارو ئامرازو شێوازێ، چەسپاندنی دادگەریی و هێنانە دی بەرژەوەندیی پەکیان لەسەری بکەوێ، ئەوە پێویست دەبێ، بە پێی بنچینەی: (**مَا لَا يَتِمُّ الوَاجِبُ إِلاَّ بِهِ، فَهُوَ وَاجِبٌ**)، هەر شتێک فەرزێک پەکی لەسەر بکەوێ، ئەویش فەرز دەبێ.

هەروەهــا بنچینــەی (**للوَسَــائِلِ حُكْــمُ المَقَاصِــد**)، ئامــرازەکان حوکمــی ئامانجەکانیــان هەیــە، ئنجــا (إبــن القيــم) لــەو بــارەوە کــە دادگەریــی و بەرژەوەندیــی لــە کــوێ بــێ، شــەریعەت لەوێیــە، نووســیویەتی: (**فَإِذَا ظَهَـرَت أَمَـارَاتُ العَـدْلِ، وَأَسْـفَرَ وَجْهُـهُ بِـأَيِ طَرِيْقٍ كَانَ، فَثَـمَّ شَرْعُ اللـهِ وَدِيْنِـه**)[2]، واتــە: هــەر کاتێــک نیشــانەکانی دادگەریــی دەرکەوتــن و، بــە هــەر شــێوەیەک بــێ ڕووی دەرەوشــایەوەو، ئــەوە شــەرع و بەرنامــەی خــوا لەوێیــە.

---

(١) ج١٢، ص٨٧٣.

(٢) الطرق الحكمية في السياسة الشرعية، ص٢٣.

بێگومان دادگەریی و بەرژەوەندیی گشتییش، بۆ مرۆڤایەتیی لەوە دایە، کە نەک هەر هیچ کەس نەکریتە کۆیلە، بگرە بە هیچ شێوەیەک ستەمی لێ نەکرێ و نەچەوسێنرێتەوەو، بە پێچەوانەوە: چەوساندنەوە کۆیلایەتیی، گەورەترین ستەمەو بێرەزاترین چەوساندنەوەیە بۆ مرۆڤایەتیی.

٧)- ئێمە چەندان ئایەتی قورئانی بە پێز دەبینین، کە فەرمان بە ئازاد کردن و ڕزگارکردنی کۆیلان دەکەن، بۆ وێنە:

ئایەتی یەکەم: ﴿ لَّيْسَ الْبِرَّ أَن تُوَلُّوا وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَٰكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ وَآتَى الْمَالَ عَلَىٰ حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَىٰ وَالْيَتَامَىٰ وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّائِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ ﴿١٧٧﴾ ﴾البقرة.

ئایەتی دووەم: ﴿ وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَن يَقْتُلَ مُؤْمِنًا إِلَّا خَطَأً وَمَن قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَأً فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُّسَلَّمَةٌ إِلَىٰ أَهْلِهِ إِلَّا أَن يَصَّدَّقُوا فَإِن كَانَ مِن قَوْمٍ عَدُوٍّ لَّكُمْ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ ﴿٩٢﴾ ﴾النساء.

ئایەتی سێیەم: ﴿ لَا يُؤَاخِذُكُمُ اللَّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ الْأَيْمَانَ فَكَفَّارَتُهُ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَاكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ ﴿٨٩﴾ ﴾المائدة.

ئایەتی چوارەم: ﴿ إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ ﴿٦٠﴾ ﴾التوبة.

ئایەتی پێنجەم: ﴿ وَلْيَسْتَعْفِفِ الَّذِينَ لَا يَجِدُونَ نِكَاحًا حَتَّىٰ يُغْنِيَهُمُ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ وَالَّذِينَ يَبْتَغُونَ الْكِتَابَ مِمَّا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ فَكَاتِبُوهُمْ إِنْ عَلِمْتُمْ فِيهِمْ خَيْرًا وَآتُوهُم مِّن مَّالِ اللَّهِ الَّذِي آتَاكُمْ ﴿٣٣﴾ ﴾النور.

ئایەتی شەشەم: ﴿ وَالَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِن نِّسَائِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِّن قَبْلِ أَن يَتَمَاسَّا ذَٰلِكُمْ تُوعَظُونَ بِهِ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿٣﴾ ﴾المجادلة.

ئایەتی حەوتەم: ﴿ فَلَا ٱقۡتَحَمَ ٱلۡعَقَبَةَ ﴿١١﴾ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡعَقَبَةُ ﴿١٢﴾ فَكُّ رَقَبَةٍ ﴿١٣﴾ ﴾البلد.

کەواتە: ئیسلام زۆر مەبەستی بووە کە دیاردەی کۆیلایەتیی نەمێنێ و، ئەو کۆیلانەی ئەو ڕۆژگارەش، ڕۆژگاری دابەزینی قورئان هەبوون، لە داوی کۆیلایەتیی قوتارو ئازاد بن.

٨)- هەروەها مادام خوا ستایشی خۆی کردوە لەسەر نەهێشتنی ستەمکاران، وەک لە سوورەتی (الأنعام)دا دەفەرموێ: ﴿ فَقُطِعَ دَابِرُ ٱلۡقَوۡمِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْۚ وَٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٤٥﴾ ﴾، واتە: ئیدی کۆمەڵی ستەمکاران دوا بڕاو بوون و، ستایش بۆ خوای پەروەردگاری جیهانییان، بە دڵنیاییەوەش خەڵک و میللەتان کردنە کۆیلەو ژێر دەستیش، گەورەترین ستەمە.

٩)- هەروەها مادام خوای دادگەر سەرزەنشتی مسوڵمانان دەکات کە لە توانایاندایە چەوساوان ڕزگار بکەن، کەچی کەمتەرخەمیی دەکەن لە جەنگ و جیهاد کردندا، بۆ قوتار کردنیان، وەک خوای کاربەجێ و دادگەر فەرموویەتی: ﴿ وَمَا لَكُمۡ لَا تُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلۡمُسۡتَضۡعَفِينَ ﴿٧٥﴾ ﴾ النساء، ئەوە چیتانە! لە پێناوی خوا (ڕازیبکردنی خوا) و ڕزگارکردنی چەوساواندا جەنگ ناکەن؟! بێگومان کۆیلە بوونی مرۆڤیش خراپترین جۆری چەوساندنەوەیەتی.

١٠)- هەروەها فیرعەون کە نموونەی حوکمڕانی ملهوڕو خۆسەپێن و لە خوا یاخییە، گەلی بەنوو ئیسرائیلی کرد بووە کۆیلەو دەیچەوساندنەوە، وەک مووسا ﷺ لە وەڵامی ئەو قسەیەدا، کە دەڵێ لە ماڵی ویدا گەورە بووە، ﴿ قَالَ أَلَمۡ نُرَبِّكَ فِينَا وَلِيدٗا وَلَبِثۡتَ فِينَا مِنۡ عُمُرِكَ سِنِينَ ﴿١٨﴾ ﴾، گوتوویەتی: ﴿ وَتِلۡكَ نِعۡمَةٞ تَمُنُّهَا عَلَيَّ أَنۡ عَبَّدتَّ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ﴿٢٢﴾ ﴾الشعراء، ئەو چاکەیەش کە بە چاوی منی دا دەدەیەوە، بە هۆی ئەوەوە بووە کە تۆ بەنوو ئیسرائیلت کرد بووە کۆیلە، واتە: ئەگەر لەبەر ئەوە نەبووایە کە دایکم مەترسیی کوژرانی منی بووە لەلایەن تۆوە، کە منداڵە نێرینەکانی بەنوو ئیسرائیلت سەردەبڕین و، مێینەکانیشت دەهێشتنەوە، من نەدەخرامە تابووتەوەو بە ئاودا نەدەدرام و، لەلایەن ئێوەوە نەدەگیرامەوەو، سەرەنجام لە ماڵی تۆدا بەخێو نەدەکرام.

کەواتـە: بـە کۆیلـە کردنـی خەڵـک عادەتـی فیرعەونەکانـەو، دەربازکردنیشـیان لـە کۆیلایەتیـی و ژێـر دەسـتەیی، عادەتـی پێغەمبـەران (عَلَيْهِـمُ الصَّـلَاةُ وَالسَّـلَام) بـووە، چونکـە مووسـا ﷺ کـە نێـرراوە بـۆ لای فیرعـەون، خـوا پێـی فەرمـووە: ﴿ فَأْتِيَاهُ فَقُولَا إِنَّا رَسُولَا رَبِّكَ فَأَرْسِلْ مَعَنَا بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ وَلَا تُعَذِّبْهُمْ قَدْ جِئْنَٰكَ بِـَٔايَةٍ مِّن رَّبِّكَ وَٱلسَّلَٰمُ عَلَىٰ مَنِ ٱتَّبَعَ ٱلْهُدَىٰٓ ﴿١٧﴾ ﴾طـه، (خـوا ﷻ فەرمـووی) هەردووکتـان (مووسـاو هـاروون) بچنـە لای فیرعـەون، پێـی بڵێـن: ئێمـە نێردراوانـی پەروەردگارتیـن، دەجـا بەنـوو ئیسـرائیلمان لەگـەڵ بنێـرەو مەیانچەوسـێنەوە، بـە دڵنیایـی لـە پەروەردگارتـەوە نیشـانەو بەڵگەمـان بـۆ هێنـاوی و، سـەلامیش لـەو کەسـە بـێ، شـوێن ڕینمایـی خـوا دەکـەوێ.

هەروەهـا خـوا دەربـاز کردنـی بەنـوو ئسـرائیلی لـە کۆیلایەتیـی و ژێـر دەسـتەیی فیرعـەون، بـە چاکەیەکـی گـەورەو بەرچـاوی خـۆی دانـاوە، وەک فەرموویەتـی: ﴿ وَنُرِيدُ أَن نَّمُنَّ عَلَى ٱلَّذِينَ ٱسْتُضْعِفُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ وَنَجْعَلَهُمْ أَئِمَّةً وَنَجْعَلَهُمُ ٱلْوَٰرِثِينَ ﴿٥﴾ وَنُمَكِّنَ لَهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ وَنُرِىَ فِرْعَوْنَ وَهَٰمَٰنَ وَجُنُودَهُمَا مِنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَحْذَرُونَ ﴿٦﴾ ﴾القصـص، واتـە: دەشـمانەوێ چاکـە لەگـەڵ ئەوانـەدا بکەیـن کـە لـە زەویـدا چەوسـێنرانەوەو، لـە زەویـدا بیانکەنـە پێشـەواو، بیانگێرێـن بـە میراتگـر، هەروەهـا لـە زەویـدا دەسترۆیشـتوویان بکەیـن و، ئـەوەی مەترسـییان لێـی هەبـوو پێشـانی فیرعـەون و هامـان و سـەربازەکانیان بدەیـن.

١١)- مادام بەشەر سەرەنجام پاش دوازدە، سێزدە سەدەدا، دوای دابەزینی قورئان و، بانگی ئازادیی و یەکسانیی مرۆڤەکانی بە گوێی دنیادا دانی، گەیشتە ئەو ئاستە کە ئەوەی قورئان لە یەکەمین ڕۆژەوە ویستی بیکات، کە نەهێشتنی کۆیلایەتییەو بڕیاری لەسەر بدات و لە سەری ڕێک بکەوێ.

لەبـەر هەمـوو ئەوانـەی لـەو یـازدە بڕگەیـەدا، کـە ڕابـردن، هاتـن، بـە هیـچ شـێوەیەک ڕەوا نیـە بـە نـاوی ئیسـلام و شـەریعەتەکەیەوە، هیـچ مرۆڤێـک بکرێتـە کۆیلـەو، ئـەوەی ڕێکخـراوی داعـش بەرانبـەر ئافرەتـە یەزیدییـەکان کـردی، کارێکـی سـتەم و نـاڕەوا بـووەو، هیـچ بنەمایەکـی شـەرعیی نیـەو، بە هـەر بیانو و پاسـاوێکەوە کرابـێ، ئیسـلام لێـی بـێ بەرییـەو، ماڵـی قەڵبـەو سـەر بـە خاوەنیەتـی.

شایانی باسیشـە: هـەم خـودی بـە کۆیلەکردنـی ئافرەتـە یەزیدییـەکان، شـتێکی قەدەغەیـەو گوناهێکـی گەورەیـەو، هـەم فرۆشتنیشـیان قەدەغەیـەو سـتەمە، هەروەهـا چوونـە لاشـیان بـە نـاوی کەنیـزەک، بـە دەسـتدرێژیی و زینـا دادەنـرێ، واتـە: سـێ گونـاه و تاوانـی گـەورە، وێکـڕاو، لـە هەمووشـیان زلـترو بێزراوتـر، ئەوەیـە کـە بـە نـاوی ئیسـلامەوە جێبەجـێ بکـرێ.

لـە بـارەی گەورەیـی تاوانـی بـە کۆیلـە گرتـن و فرۆشـتنی مرۆڤـی ئـازادەوەش، نامسـوڵمان بـێ، یـان مسـوڵمان بـێ، با تەماشـای ئـەم فەرمایشـتەی پێغەمبـەر ﷺ بکەین:

{قَـالَ اللَّـهُ عَزَّوَجَـلَّ: ثَلَاثَـةٌ أَنَـا خَصْمُهُـمْ يَـوْمَ الْقِيَامَـةِ، وَمَـنْ كُنْـتُ خَصْمَـهُ خَصَمْتُـهُ: رَجُـلٌ أَعْطَـى بِي، ثُـمَّ غَـدَرَ، وَرَجُـلٌ بَـاعَ، حُـرّاً فَـأَكَلَ ثَمَنَـهُ، وَرَجُـلٌ اسْـتَأْجَرَ أَجِيـراً فَاسْـتَوْفَى مِنْـهُ، وَلَـمْ يُوَفِّـهِ أَجْـرَهُ} (أخرجـه أحمـد: ٨٦٧٧، تعليـق شـعيب الأرنـؤوط : إسـناده حسـن)

واتـە: خـوا ﷻ فەرموویەتـی، سـێ کـەس خـۆم لەسـەریان دەبمـە داواکار (مدّعـي) لـە ڕۆژی قیامەتـدا، هـەر کەسـێکیش مـن داواکاربـم لەسـەری، لێـی دەبەمـەوە: پیاوێـک بـە نـاوی منـەوە پەیـمان بـدات و بیشـکێنێ و، پیاوێـک مرۆڤێکـی ئـازاد بفرۆشـێ و پارەکـەی بخـوات و، پیاوێـک کرێکارێـک بـە کـرێ بگـرێ و ئیشـەکەی خـۆی پـێ بـکات و، دوایـی کرێیەکـەی نەداتـێ.

وەڵامی دوو پرسیارو ئیشکال:

بـە پێویسـتی دەزانـم لـە بـواری بابـەتی: (ڕەوانەبـوونی بـە کۆیلەکـردنی مرۆڤـەوە)، وەڵامـی دوو پرسـیارو ئیشـکال بدەینـەوە:

پرسـیاری یەکـەم: مـادام لـە ڕۆژگاری پێغەمبـەری خـوا ﷺو، لـە ڕۆژگاری چـوار خەلیفـە ڕاشـیدەکاندا، بـە شـێوەیەک لـە شـێوەکان بـە کۆیلـە کـردن ڕەوا بووبـێ، چـۆن دەڵێـی: لـەم ڕۆژگارەدا ڕەوا نیـە، ئایـا هیـچ دەقێـک ئـەو حوکمـەی نەسـخ کردۆتـەوە؟

دەڵێین: مامەڵـەی پێغەمبـەر ﷺ و چـوار خەلیفـە ڕاشـیدەکان، لەگـەڵ ئـەو مەسـەلەیەدا لـە ژێـر فشـاری واقیعـی سیاسـەتی ئێـو دەوڵەتیـی ئەوسـادا بـووەو، مامەڵەیەکـی کاتیـی و ناچاریـی و، کاردانـەوەو مامەڵـەی هاوشـێوە **(رد فعـل والمُعاملـة بالمثـل)** بـووە، نـەک حوکمێکـی گشـتیی شـەریعەت تاکـو گۆڕانـی بەسـەردا نەیـەت، چونکـە حوکمەکانـی شـەریعەت لـە ڕووی چەسـپان و گۆڕانـەوە، دوو جـۆرن:

جـۆری یەکـەم: حوکمـی گشـتیی و چەسـپاوو، گـۆڕان هەڵناگـرن، وەک: فـەرز بوونـی نوێـژو، زەکات و، قەدەغـە بوونـی شـەڕاب و، سـوود.

جـۆری دووەم: حوکمـی تایبەتیـی و کاتییـن و، گۆڕانیـان بەسـەردا دێ، وەک: حوکمەکانـی بـواری ئیداریـی و سیاسـیی و، تەنبـێ کـردن **(تعزیـر)**، هـەر بۆیـەش مامەڵـەی هەندێـک لـە چـوار خەلیفـەکان لەگـەڵ هەنـدێ بابەتـدا، لـە هـی ڕۆژگاری پێغەمبـەر ﷺ جیـا بـووە، بـۆ وێنـە: پێغەمبـەر ﷺ سـەر زەمینـی خەیبـەری دابـەش کـرد، بـەڵام عومـەر خـوا لێـی ڕازی بـێ، سـەر زەمینـی عێراقـی دابـەش نەکـرد، ئنجـا **(إبـن قدامـة)**، لـەو بـارەوە گوتوویەتـی: **(لأنَّ النَّبِيَّ فَعَلَ مَا هُوَ الأَصْلحَ فِي زَمَنِه، وَعُمَر فَعَلَ مَا هُوَ الأَصْلح فِي زَمَنِه)**[1]، واتـە: پێغەمبـەر ﷺ ئـەوەی کـرد، کـە بـۆ ڕۆژگاری خـۆی چاکـتر بـووەو، عومەریـش ئـەوەی کـردوە کـە بـۆ ڕۆژگاری وی باشـتر بـووە.

هەروەهـا (ابـن القیـم) لـەو بـارەوە نووسـیویەتی - کـە مـن یەکسـەر مانـا کوردییەکـەی دێنـم - لـە کتێبـی: **(إغاثـة اللهفـان مـن مصائـد الشـیطان)**دا[2]: حوکمـە شـەرعییەکان دوو جـۆرن: یەکـەم: جۆرێکیـان هـەر لەسـەر یـەك حاڵەتـن و گۆڕانیـان بەسـەردا نایـەت، نـە بـە هـۆی کاتەکانـەوەو، نـە بەهـۆی شـوێنەکانەوەو، نـە بەهـۆی کۆشـش و ڕای پێشـەوایانەوە، وەک پێویسـت بوونـی ئەرکـەکان و، قەدەغـە بوونـی قەدەغـەکان و، ئـەو سـزایانەی بـە شـەرع بـۆ تاوانـەکان دانـراون و، وێنـەی ئەوانـە.

---

(١) المغني ج٤، ص١٨٩.

(٢) ج١، ص٣٤٦.

دووەم: ئەوانە کە بە گوێرەی خوازیاری بەرژەوەندیی بۆیان، بە پێی کات و شوێن و حاڵ دەگۆڕێن، وەک ئەندازەکانی سزادانەکان، کە حوکمڕانەکان بە کۆششی خۆیان، وەک تەمبێ کردن (**تعزیر**) دایان دەنێن و، جۆرەکانیان و سیفەتەکانیان، چونکە شەرعدانەر بە پێی بەرژەوەندیی جۆراو جۆریان دەکات.

هەروەها (**القَرَافِي**)یش، لەو بارەوە مەسەلەیەکی زۆر گرنگ دەخاتە ڕوو، کە ئەویش یەکسەر مانا کوردییەکەی دێنم، لە (**الإحكام في تمييز الفتاوى عن الأحكام وتصرّفات القاضي والإمام**)دا[1]، دەڵێ: وەک خۆیان ئەنجامدانی ئەو حوکمانەی کە پەیوەستن بە عادەت و نەریتەکانەوە، وێڕای گۆڕانی ئەو عادەت و نەریتانە، پێچەوانەی کۆ ڕایەو نەزانییە لە ئاییندا، بەڵکو هەرچی لە شەریعەتدا پەیوەست بێ بە عورف و عادەتەکانەوە، حوکمەکە بە پێی گۆڕانی عورف و عادەتەکەوە دەگۆڕێ، بۆ حاڵەتێک کە عورف و باوەکە دیخوازێ، هەروەها ئەوەی بە ڕەهایی دەگوترێ، لە بارەی وەسییەتەکان و سوێندەکان و تێکڕای بابەتە فیقهییەکانەوە، کە پەیوەستن بە حوکم و باوەکانەوە، هەر کات عورف و باوەکان گۆڕان، ئەو حوکمانەش کە لەو بوارانەدان، دەگۆڕێن.

کەواتە: لەم ڕۆژگارەماندا کە عورف و عادەت و باوی سیاسیی نێو دەوڵەتیی دنیا، لە بواری مامەڵەکردن لەگەڵ دیلەکانی جەنگدا بە تایبەتیی و، بابەتی بە کۆیلەکردنی مرۆڤ دا بە گشتیی، گۆڕاوە، وەک پێشتر گوتمان: لە ساڵی (١٨٥٦)ی زایینی لە کۆنگرەی (جنێف)دا، بڕیاری کۆتایی نێو دەوڵەتیی لە بارەی نەهێشتنی بازرگانییکردن بە کۆیلانەوە، دراوە، کەواتە: ئێستا نەک هەر واقیعێکی ناچارکەر نیە، وا لە مسوڵمانان و قەوارە سیاسییەکانیان بکات، لە کاتێکدا ئایین و شەریعەتەکەیان دژی بە کۆیلەکردنی مرۆڤە، کە لەسەر بناغەی مامەڵەی هاوشێوەو بە ناچاریی، بچنە نێو بازاڕی بە کۆیلە کردنەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، واقیعێکی دیکەی هاندەر بۆ ئازادیی مرۆڤەکان و، نەهێشتنی

---

(١) ص ٢١٨ - ٢١٩.

کۆیلەیی هەیە، واتە: ئەو عورف و باوەی کاتی خۆی مسوڵمانانی ناچار کردوون، دیلەکانی جەنگ بە کۆیلە بکە، ئێستا گۆڕاوە.

کەواتە: وەک (القرافي)، گوتوویەتی: گۆڕا و تێگەیشتن لە ئایین، خوازیاری ئەوەن و مسوڵمانان پابەند دەکەن، ئەو هەڵوێست و حوکمە شەرعییەی کە کاتی خۆی بار ودۆخێکی واقیعی ناشەرعیی نەگونجاو ناچاریی کردوون، تەبەننیی بکەن، ئێستا بیگۆڕن، بە هەڵوێستێکی واو بە حوکمێکی دیکەی شەرعیی گونجاو، لەگەڵ شەریعەت و واقیعی ئێستای عورف و باوی دنیاداو، هیچ پێویستیی بە هەبوونی لابەر (ناسخ) نیە بۆ حوکمە پێشووەکە، چونکە حوکمە پێشووەکە حوکمێکی چەسپاوی شەریعەت نەبووە، بەڵکو بڕیارو هەڵوێستێکی ناچاریی و کاتیی بووە، بەرانبەر بە واقیعێکی ناشەرعیی نەخوازراوو، بە گۆڕانی واقیع و هەل و مەرجە ناچارکەرە نەخوازراوەکە، یەکسەر ئەو هەڵوێست و بڕیارە، پاساوی نەماوەو کۆتایی پێهاتووە، وەک هەر هەڵوێست و بڕیارێکی دیکەی هەڵقوڵاوی عادەت و هەڵ و مەرجی کۆمەڵگا.

پرسیاری دووەم: ئایا لەم ڕۆژگارەدا لەسەر بناغەی مامەڵەی هاوشێوە (المعاملة بالمثل) ئەگەر ئەهلی کوفر دیلەکانی مسوڵمانانیان بە کۆیلە کردن، دروستە مسوڵمانانیش دیلەکانی ئەوان بە کۆیلە بکەن؟

لە وەڵامدا دەڵێین: هەرچەندە ئیسلام بە سرووشت، وەک بوونناسیی و ئیمان و عەقیدەکەی و وەک شەریعەتەکەی، دژی کۆیلایەتییە، بەڵام وەک چۆن لە ڕۆژگاری پێغەمبەر ﷺو چوار خەلیفە ڕاشیدەکانیدا، وەک کاردانەوەو، مامەڵەی هاوشێوە، بە ناچاریی ئەو بڕیارە نەخوازراوە دراوەو، ئەو هەڵوێستە ناچارییە تەبەننیی کراوە، ئێستاش بە هەمان شێوە، پێم وایە دەگونجێ ئەو هەڵوێستە بگیرێتەبەر، چونکە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿فَمَنِ ٱعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ فَٱعْتَدُوا۟ عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا ٱعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿١٩٤﴾﴾ البقرة.

بەڵام بێگومان ئەوە لە حاڵێکدایە، کە مسوڵمانان بەرژەوەندیی لە کاردانەوەو مامەڵەی هاوشێوەدا ببینن، ئەگەرنا ئەگەر پێیان وابوو، زیانی لە قازانجی زیاترە، ئەو کاتەش دروست نیەو، مەرجیش نیە هەرچی بێبڕوایان لە خۆیان وەشاندەوە، مسوڵمانانیش لە خۆیانی بوەشێننەوەو بە شایستەی خۆیان و ئایین و بەرنامە تێرو تەواوەکەی خوای کارزانی بزانن.

لە کۆتایی ئەم باسەدا:

بە باشی دەزانم لە کۆتایی ئەم باسەدا، قسەیەکی کورتیش لە تەفسیرە نایابەکەی (**سید قطب**)ەوە، ڕەحمەتی خوای لێ بێ، (**في ظِلال القرآن**)، کە ئەویش هەر لە تەفسیری ئایەتی ژمارە (٤)ی سوورەتی (**محمد**)دا، دوای چەند قسەیەک دەڵێ: (**والخلاصة التي ننتهي إليها، أن هذا النص هو الوحيد المُتَضمِّن حكم الأسرى، وسائر النصوص تتضمن حالات أخرى غير حالة الأسر، وأنه هو الأصل الدائم للمسألة، وما وقع بالفعل خارجاً عنه، كان لمواجهة حالات خاصة وأوضاع وقتية، فقتل بعض الأسرى كان في حالات فردية، يمكن أن يكون لها دائماً نظائر؛ وقد أُخِذوا بأعمال سابقة على الأسر، لا بمجرّد خروجهم للقتال، ومثال ذلك أن يقع جاسوس أسيراً فيحاكم على الجاسوسية لا على أنه أسير، وإنما كان الأسر مجرد وسيلة للقبض عليه.**

ويبقى الإسترقاق، وقد سبق لنا في مواضع مختلفة من هذه الظلال القول: بأنه كان لمواجهة أوضاع عالمية قائمة، وتقاليد في الحرب عامة، ولم يكن ممكناً أن يطبق الإسلام في جميع الحالات النص العام: فإمّا مَنّاً بعد وإمّا فداءً .. في الوقت الذي يسترق أعداء الإسلام من يأسرونهم من المسلمين، ومِنْ ثَمَّ طبّقه الرسول ﷺ في بعض الحالات فأطلق بعض الأسارى مَنّاً، وفادى ببعضهم أسرى المسلمين، وفادى بعضهم بالمال، وفي حالات أخرى وقع الإسترقاق لمواجهة حالات قائمة لا تعالج بغير هذا الإجراء).

دەڵـێ: ئـەو پوختەیـەی کـە پێـی دەگەیـن ئەوەیـە کـە ئـەم دەقـە تاکـە دەقێکـە حوکمـی دیلەکانـی جەنگـی تێدایـەو، دەقەکانـی دیکـە باسـی حاڵەتەکانـی دیکـە دەکـەن و، ئـەم دەقـە بناغـەی هەمیشـەییە لـە مەسـەلەکەداو، ئـەوەی لـە دەرەوەی ئـەم دەقـە ڕووی داوە، {واتـە: وەک ئـەم دەقـە، گوتوویـەتی، مامەڵـە نەکـراوە}، بـۆ ڕووبـەڕوو بوونـەوەی هەنـدێ حاڵەتـی تایبـەت و بـار ودۆخـی کاتیـی بـووە، بـۆ وێنـە: کوشـتنی هەندێـک لـە دیلـەکان لـە هەنـدێ حاڵەتـی تاکیـی دا، ئەوە هەمیشـە وێنەیـان دەبـێ، کـە ئەوانـە بـە هـۆی تاوانـی دیکـەی پێـش بـە دیـل گیرانیانـەوە سـزا دراون، نـەک تەنیـا لەبـەر ئـەوەی هاتوونـە جەنـگ {بەڵکـو خوێنـی خەڵـک قـەرزار بـوون، یاخـود تاوانـی دیکـەی وایـان کـردوون لـە سـەریان بکوژێـن}، وێنـەی ئـەوە کـە جاسووسـێک بـە دیلیـی بکەوێتـە دەسـتی دەوڵـەت، (دەوڵەتـی ئیسـلامیی)، ئـەو کاتـە لەبـەر جاسوسـییەکەی دەکـوژرێ، نـەک لەبـەر ئـەوەی دیلـە، بەڵکـو بـە دیـل گرتنەکـەی تەنیـا ئامرازێـک بـووە.

دەمێنێتـەوە مەسـەلەی کۆیلـە کـردن، پێشـتریش لـە (**في ظلال**)دا، باسـمان کـردوە، بـە کۆیلـە کـردن بـۆ ڕووبـەڕوو بوونـەوە بـووە لەگـەڵ هەندێـک بارودۆخـی دنیایـی ئـەو کاتـەو، هەندێـک نەریتیـی جەنگیـی کـە ئـەو کاتـە هەبـووەو، ئیسـلام بـۆی نەگونجـاوە لـە هەمـوو حاڵەتانـدا، ئـەم دەقـە گشـتییە جێبەجـێ بـکات، (**فإمّـا منـاً بعـد، وإمـا فـداءً**)، لـە حاڵێکـدا کـە دوژمنانـی ئیسـلام، مسـوڵمانان دەگـرن و دەیانکەنە کۆیلـە، بۆیـە پێغەمبـەر ﷺ لـە هەنـدێ حاڵەتـدا، ئـەوەی جێبەجـێ کـردوە، هەنـدێ لـە دیلەکانـی بـە منـەت و چاکـە بـەرداون و، هەندێکـی بـە قەرەبـوو بـەرداون و، هەندێکیـان ماڵـی لێوەرگرتـوون و، هەندێـک جاریـش هەندێکـی بـە کۆیلـە گرتـوون بـۆ چارەسـەرکردنی واقیعێـک کـە بـەو شـێوە نەبووایـە، چارەسـەر نەدەکـرا.

دوایـی دەڵـێ: (**ویحسـن أن یکـون مفهومـاً أنّنـي أجنـح إلى هـذا الـرأي لأن النصـوص القرآنیـة واسـتقراء الحـوادث وظروفهـا یؤیِّـده، لا لأنـه یهجـس في خاطـري أن اسـترقاق الأسرى تهمـة، أحـاول أن أبـرِّيء الإسـلام منهـا! إن مثـل هـذا الخاطـر لا یهجـس في نفـسي**

أبـداً، فلـو كان الإسـلام رأى هـذا، لـكان هـو الخـير، لأنـه مـا مـن إنسـان يعـرف شـيئاً مـن الأدب يملـك أن يقـول: إنـه يـرى خـيراً مـما يـرى اللـه! إنمـا أنـا أسـير مـع نـص القـرآن وروحـه، فأجنـح إلى ذلـك الـرأي، بإيحـاء النـص واتجاهـه)[1].

واتـە: پێویسـتە لێـرەدا ئـەوەش بزانـرێ کـە مـن بۆیـە ئـەو ڕایـە هەڵدەبژێـرم، چونکـە دەقەکانــی قورئــان و، تێــوە ڕامانــی ڕووداوەکان و هــەل و مەرجــەکان، پشـتگیریی ئـەوە دەکـەن، نـەک لەبـەر ئـەوەی بـە دڵمـدا بـێ، کـە بـە کوێلەکردنـی دیلان، تۆمەتێـک بـێ ئیسـلامی لـێ بەریـی بکـەم، هەرگیـز ئـەوەم بـە زەینـدا نایـەت، ئەگـەر زانیبـام ئیسـلام وا بـە بـاش دەزانـێ (دیـارە ئـەو کاتـە وا بـاش بـوو)، بێگومـان هـەر ئـەوە چـاک بـوو، هـەر کەسـێک تۆزێـک ئەدەبـی هەبـێ، ناتوانـێ بڵـێ: مـن شـتێک بـە بـاش دەزانـم، چاکـتر لـەوەی خـوا ﷻ فەرموویەتـی!! بەڵکـو مـن لەگـەڵ دەقـی قورئانـدا دەڕۆم و، لەگـەڵ ڕووحەکەیـدا دەڕۆم، بۆیـە ئـەم ڕایـە هەڵدەبژێـرم، لەبـەر ئـەوەی هـەم دەقەکـە، هـەم ئاڕاسـتەی ئیسـلام ئـەوە دەگەیەنـێ.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

---

(١) في ظلال القرآن: ج٦، ص ٣٢٨٥.

دەرسی دووەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـە لـە هەشـت ئایـەت پێـک دێ، ئایەتـەکانی: (١٢ - ١٩)، کەچەنـد بابەتێکـی جـۆراو جۆریـان گرتوونـە خۆیـان، بـەڵام تـەوەری سـەرەکیی و سـوڕگەیان، بـاسی سـەرەنجامی هـەر کام لـە بـڕواداران و بێبڕوایانـە، لە دنیـاو دوارۆژداو، سـەرجەم حـەوت بابەتـن:

١- چوونە بە هەشتی بڕواداران و، چوونە دۆزەخی بێبڕوایان، لە ئایەتی (١٢)دا.

٢- هەڕەشەکردن لە کافرەکانی مەککە، کە پێغەمبەریان ﷺ وەدەرنا، بەوە کە خوا ﷻ ئاوەدانیی و کۆمەڵگاکانی لەوان بەهێزتری لە ڕابردوودا فەوتاندوون، لە ئایەتی (١٣)دا.

٣- بەراوردی نێوان بڕوادارانی بەرچاو ڕوون و، بێبڕوایانی ئارەزوو و پەرست، لە ئایەتی (١٤)دا.

٤- وەسفی بە هەشتێک کە پارێزکارانی دەچنە نێوو، وەسفی سزاو جەزرەبەی بێبڕوایان، لە ئایەتی (١٥)دا.

٥- باسی بەهرە وەرنەگرتنی بێبڕواو دڵنەخۆشەکان لە کۆڕو قسەی پێغەمبەر ﷺو، بە پێچەوانەوەش: زیادکردنی هیدایەتی بڕواداران و، پێبەخشرانی پاریزکاریی، ئایەتەکانی: (١٦ و ١٧).

٦- باسی هاتنی ئاخیر زەمان کە هەندێ لە نیشانەکانی دەرکەوتوون و هاتوون، لە ئایەتی (١٨)دا.

٧- بابەتی حەوتەم و کۆتایی، فەرمانکردنی خوا ﷻ بە پێغەمبەر ﷺ بە زانینی یەکتایی خوا لە پەرستراندا و، داوای لێبوردن کردن بۆ خۆی و بڕوادارانی پیاوو ئافرەت، لە خوای لێبوردە بۆ هەڵەو کەم و کوڕییەکان، ئایەتی (١٩).

﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُدۡخِلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُۖ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ
يَتَمَتَّعُونَ وَيَأۡكُلُونَ كَمَا تَأۡكُلُ ٱلۡأَنۡعَٰمُ وَٱلنَّارُ مَثۡوٗى لَّهُمۡ ﴿١٢﴾ وَكَأَيِّن مِّن قَرۡيَةٍ هِيَ أَشَدُّ قُوَّةٗ مِّن
قَرۡيَتِكَ ٱلَّتِيٓ أَخۡرَجَتۡكَ أَهۡلَكۡنَٰهُمۡ فَلَا نَاصِرَ لَهُمۡ ﴿١٣﴾ أَفَمَن كَانَ عَلَىٰ بَيِّنَةٖ مِّن رَّبِّهِۦ كَمَن زُيِّنَ لَهُۥ
سُوٓءُ عَمَلِهِۦ وَٱتَّبَعُوٓاْ أَهۡوَآءَهُم ﴿١٤﴾ مَّثَلُ ٱلۡجَنَّةِ ٱلَّتِي وُعِدَ ٱلۡمُتَّقُونَۖ فِيهَآ أَنۡهَٰرٞ مِّن مَّآءٍ غَيۡرِ ءَاسِنٖ وَأَنۡهَٰرٞ
مِّن لَّبَنٖ لَّمۡ يَتَغَيَّرۡ طَعۡمُهُۥ وَأَنۡهَٰرٞ مِّنۡ خَمۡرٖ لَّذَّةٖ لِّلشَّٰرِبِينَ وَأَنۡهَٰرٞ مِّنۡ عَسَلٖ مُّصَفّٗىۖ وَلَهُمۡ فِيهَا مِن كُلِّ
ٱلثَّمَرَٰتِ وَمَغۡفِرَةٞ مِّن رَّبِّهِمۡۖ كَمَنۡ هُوَ خَٰلِدٞ فِي ٱلنَّارِ وَسُقُواْ مَآءً حَمِيمٗا فَقَطَّعَ أَمۡعَآءَهُمۡ ﴿١٥﴾ وَمِنۡهُم
مَّن يَسۡتَمِعُ إِلَيۡكَ حَتَّىٰٓ إِذَا خَرَجُواْ مِنۡ عِندِكَ قَالُواْ لِلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ مَاذَا قَالَ ءَانِفًاۚ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ
طَبَعَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ وَٱتَّبَعُوٓاْ أَهۡوَآءَهُمۡ ﴿١٦﴾ وَٱلَّذِينَ ٱهۡتَدَوۡاْ زَادَهُمۡ هُدٗى وَءَاتَىٰهُمۡ تَقۡوَىٰهُمۡ ﴿١٧﴾
فَهَلۡ يَنظُرُونَ إِلَّا ٱلسَّاعَةَ أَن تَأۡتِيَهُم بَغۡتَةٗۖ فَقَدۡ جَآءَ أَشۡرَاطُهَاۚ فَأَنَّىٰ لَهُمۡ إِذَا جَآءَتۡهُمۡ ذِكۡرَىٰهُمۡ ﴿١٨﴾
فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ وَٱسۡتَغۡفِرۡ لِذَنۢبِكَ وَلِلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِۗ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ مُتَقَلَّبَكُمۡ
وَمَثۡوَىٰكُمۡ ﴿١٩﴾﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

﴿بە دڵنیایی خـوا ئەوانـەی بڕوایـان هێنـاوەو چاکەکانیـان کـردوون، دەخاتـە بەهەشـتانێکەوە ڕووباریـان بـە ژێـردا دەڕۆن، ئەوانـەش کـە بێبـڕوان، ڕادەبوێـرن و ئـاژەڵ ئاسـا دەخـۆن و (سـەرەنجامیش) ئاگـر(ی دۆزەخ) نشـینگەیانە ⁽١٢⁾ زۆر ئاوەدانییشـمان فەوتانـدن و هیـچ پشـتیوانیان نەبـوو، لـە ئاوەدانییەکـەی تـۆی وەدەرنـا، هێزیـان توندتـر بـوو ⁽١٣⁾ ئایـا کەسـێک لـە لایـەن پەروەردگاریـەوە لەسـەر بەڵگەیەکـی ڕۆشـن بـێ، وەک کەسـێکە کـردەوە خراپەکـەی بـۆ ڕازێنراوەتـەوەو، دوای ئارەزووەکانیـان کەوتـوون؟ ⁽١٤⁾ وێنـەی ئـەو بەهەشـتەی کـە گفـت بـە پارێـزکاران دراوە (بەمجۆرەیـە) ڕووبـار گەلێکـی تێـدان لـە ئاوێکـی (سـاف و سـازگارو) بـۆن نەکـردوو، ڕووبـار گەلێـک لـە شـیرێکی تـام نەگـۆڕاوو، ڕووبـار گەلێـک لـە شـەرابێکی بـە چێـژ بـۆ خۆرەوانـی و، ڕووبـار گەلێـک لـە هەنگوێنـی پاڵفتـە کـراوو، لـە هەمـوو جـۆرە میوەکانیـان هەیـەو، لێبوردنێـک لـە پەروەردگاریانـەوە، (ئنجـا ئایـا حاڵـی ئەوانـە) وەک هـی کەسـێکە لـە ئاگـردا هەرمـاوەو، لـە ئاوێکـی کـوڵاوو داغیـان پـێ دەخورێتـەوە، ڕیخۆڵەکانیان پچـڕ پچـڕ دەکات؟! ⁽١٥⁾ لەو (دەغەڵ)انـە هـی واشـیان هەیـە کـە (بـە ڕواڵـەت) گوێـت بـۆ هەڵدەخـات، هەتـا کاتێک لـە (کـۆڕی) لای تـۆ چوونـە دەرێ، بەوانـەی زانیارییـان پێـدراوە دەڵێـن: پێـش ئێسـتا (پێغەمبـەر ﷺ) چـی گـوت؟ ئەوانـە کەسـانێکن خـوا دڵیانـی مـۆر کـردوەو، کەوتوونـە دوای ئارەزووەکانیـان ⁽١٦⁾ ئەوانـەش کـە ڕێـی ڕاسـتیان گرتـوە (خـوا) پـتر ڕاسـتە ڕێـی کـردوون و پارێزکاریـی (شایسـتەی) خۆشـیانی پێـداون ⁽١٧⁾ ئایـا (بێبـڕواو دڵنەخۆشـەکان) تەنیا چاوەڕێـی ئاخیـر زەمـان ناکـەن کـت و پـڕ بۆیـان بـێ، بـە دڵنیایـی (هەندێـک لـە) نیشـانەکانی هاتـوون، ئنجـا کاتێـک بۆیـان هـات چـۆن (و لە کـوێ) پەنـد وەردەگرن؟ ⁽١٨⁾ دەجـا (ئـەی موحەممـەد ﷺ!) بزانـە کـە جگـە لـە خـوا هیـچ پەرسـتراوێک (ی شایسـتەی پەرسـتران) نیـەو، بـۆ گوناهـی خـۆت و پیـاوان و ئافرەتـانی بـڕوادار داوای لێبـوردن (لـە خـوا) بکـەو، خـواش شـوێنی هاتـن و چـوون و نشـینگەتان دەزانـێ ⁽١٩⁾﴾

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(يَتَمَتَّعُونَ): (المَتَـاعُ: كُلُّ مَـا يُنْتَفَـعُ بِـهِ، عَـلَى وَجـهٍ، فَهُـوَ مَتَـاعٌ وَمُتْعَـةٌ)، هـەر شـتێک بـە شـێوەیەک لـە شـێوەکان بەهـرەی لێوەربگیـرێ، پێـی دەگوتـرێ: (مَتَـاع ومُتْعَـة)، (يَتَمَتَّعُونَ): واتـە: ڕادەبوێـرن و، چێـژ و بەهـرە وەردەگـرن.

(مَثْوَى): (الثَّـوَاءُ: الإِقَامَـةُ مَـعَ الإِسْـتِقْرَار)، (ثَـوَاء): بریتیـە لـە مانـەوە لـە شـوێنێک لەگـەڵ نیشـتەجێ بوونـدا، کەواتـە: ﴿مَثْوَى﴾: واتـە: نشـینگەو، شـوێنی نیشـتەجێ بـوون.

(وَكَأَيِّن): (تَـدُلُّ عَـلَى كَـثْرَةِ العَـدَدِ، بِمَعْنَـى كَـمِ الخَبَرِيَّـة، كَأَيِّـن مُرَكَّـبٌ مِـنَ الـكَافِ وَ «أيـن» بِمَعْنَـى «كَـمْ» الخَبَرِيَّـة)، (كَأَيِّـن) زۆریـی ژمـارە دەگەیەنـێ، بـە مانـای (كَـمْ) ە، ﴿وَكَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَرْيَةٍ ﴿٥٨﴾﴾القصـص، (كَأَيِّـن) و (كـم) لـە ڕووی واتـاوە لـە یـەک نیزیکـن، ﴿وَكَأَيِّن﴾: لـە (ک) پێـک هاتـوە لەگـەڵ (أَيـنَ)و، بـە مانـای (كَـمْ)ی خەبەریـی دێ.

(مَثَلُ): (مَثَل، وَمِثْل: شَبه وَشِبه، صِفَةٌ)، ﴿مَثَلُ الْجَنَّةِ﴾، (صِفَةُ الجَنَّةِ، وَصْـفُ الجَنَّة)، (مَثَل ومِثْل)، وەک (شَبَه وَشِبْه)، واتاکەیان بەو شێوەیە.

(غَيْرِ ءَاسِنٍ): (أَي: غَـيْرِ آجِـنٍ، أَسِـنَ وَأَسَـنَ فَهُـوَ آسِـنٌ، وَأَسَـنَ المَـاءُ وَأَجَـنَ تَغَـيَّرَ طَعْمُـه وَرِيْحُـه)، ﴿ءَاسِنٍ﴾، واتاکـەی زۆر نیزیکـە لـە (آجِـن)، دەگوتـرێ: (أَسَـنَ المَـاءُ وَأَسِـنَ، مِثْـلُ أَجِـنَ المَـاءُ فَهُـوَ آجِـنٌ فَهُـوَ آسِـن)، (آسِـن وَآجِـنٌ)، هەردووکیـان نـاوی بکـەر (اسْـمُ فَاعِـل)ن، لـە (أَسَـنَ وَأَجَـنَ)، یاخـود لـە (أَسِـنَ وَأَجِـنَ)، هاتـوون، (وَأَسِـنَ المَـاءُ وَأَجَـنَ: تَغَـيَّرَ طَعْمُـهُ وَرِيْحُـهُ)، نـاوە کـە تـام و بۆنـی گۆڕا، کـە دەفەرمـوێ: ﴿مِّن مَّآءٍ غَيْرِ ءَاسِنٍ﴾، ڕووبـار گەلێـک لـە ئاوێکـی سـازگار کـە تـام و بۆنەکـەی نەگـۆڕاوە.

(لَذَّةٍ): (يُقَالُ: شَرَابٌ لَذٌّ وَلَذِيذٌ بِمَعْنَى، وَاللَّذَةُ وَاحِدَةُ اللَّذَّات)، (شَرَابٌ لَذٌّ وَلَذِيذٌ)، بە یەک واتان، خواردنەوەیەکی خۆش، بە چێژ، (اللَّذَّةُ)، تاکی (اللَّذَّات)ە، ئەو شتانەی چێژ لێوەرگیراون.

(مُصَفًّى): (صَفَاهُ تَصْفِيَةً، وَالصَّفَاءُ ضِدُّ الكَدَرِ، وَصَفْوَةُ الشَّيءِ: خَالِصُهُ)، (صَفَاهُ تَصْفِيَةً)، واتە: پاڵاوتی و دەیپاڵێوێ، (صَفَاء)، دژی (كَدَر)ە، (كَدَر) واتە: لێڵیی، (صَفَاء)، واتە: ڕوونیی و بێ خڵتەیی، (وَصَفْوَةُ الشَّيءِ: خَالِصُهُ)، (صَفْوَةُ الشَّيء)، واتە: هەڵبژاردەی ئەو شتە.

(أَمْعَآءَهُمْ): (جَمْعُ مِعًى: المُؤْمِنُ يَأْكُلُ فِي مِعًى وَاحِدٍ)، وەک لە فەرموودەی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە، (أَمْعَاء)، کۆی (مِعًى)ە، واتە: ڕیخۆڵە، لە حەدیسی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە، ئیماندار لە یەک ڕیخۆڵەدا دەخوات، بەڵام کافر لە حەوت ڕیخۆڵاندا دەخوات، بەو واتایەی بڕوادار زووتر تێر دەبێ و قەناعەتی دێ، لە کاتی خواردندا، لەبەر ئەو حاڵەتە مەعنەوییەی هەیەتی، بەڵام بابای بێبڕوا ئەو حاڵەتە ئیمانیی و ڕووحییەی نیە، لەبەر ئەوەی هەموو گرنگییدان و جێی بایەخی، بریتیە لە خواردن.

(ءَانِفًا): (آنِفاً: سَالِفاً أو مُبْتَدَأً)، (آنِفاً) ئەوەی پێشتریێ، یاخود سەرەتا، (آنِفاً يُرَادُ بِهَا السَّاعَةُ الَّتِي أَقْرَبُ الأَوْقَاتِ، وَانْتِصَابُهُ عَلَى الظَّرفِيَّة)، (آنِفاً) ئەو کاتەی کە نزیکترین کاتە، لەو کاتەوەی قسەی تێدا دەکرێ و، مەنصووب بووە لەسەر زەرف بوون، لەبەر ئەوەی (ظرف)ەو ناوی کاتە، وەک لە کوردیی دا دەگوترێ: هەر ئێستا چی گوت؟ یان پێش ئێستا چی گوت؟.

(بَغْتَةً): (البَغْتُ: مُفَاجَأَةُ الشَّيءِ بَحِيثُ لاَ يُحْتَسَب)، (بَغْت): بە شێوەیەک کتوپڕ هاتنی شتێکە، کە چاوەڕێ نەکرێ.

(أَشْرَاطُهَا): (أَشْرَاطُ: جَمْعُ الشَّرَط: العَلاَمَة)، (أَشْرَاط) کۆی (شَرَط)ە، واتە: نیشانە، بەڵام (شُرُوط)، کۆی (شَرْط)ە، مەرج، (شُرُوط)، مەرجەکان.

(فَأَنَّىٰ لَهُمْ): (أَنَّىٰ: بَحْثٌ عَنِ الحَالِ وَالمَكَانِ، وَهُوَ بِمَعْنَى: كَيْفَ وَأَيْنَ)، (أَنَّىٰ)، لە بارەی حاڵ و شوێنەوە دەکۆڵێتەوەو، بە مانای: چۆن و لە کوێ، دێ.

(ذِكْرَىٰهُمْ): (الذِّكْرَى، كَثْرَةُ الذِّكْرِ، وَهُوَ أَبْلَغُ مِنَ الذِّكْرِ)، (ذِكْرَى): بریتیە لە زۆر یاد کردن، یان زۆر بیرکەوتنەوە، کە مانایەکەی بە هێزترە لە (ذِكْر).

(مُتَقَلَّبَكُمْ): (التَّقَلُّبُ التَّصَرُّفُ، وَالمُتَقَلَّبُ مَكَانُ التَّقَلُّبِ)، (تَقَلُّب): بە مانای هەڵسوکەوت کردن و هاتن و چوون دێ، (مُتَقَلَّبْ)، شوێنی تێدا هەڵسوکەوت کردن و هاتن و چوون.

مانای گشتیی ئایەتەکان

وەک لە پێناسەی ئەم دەرسەدا گوتمان: لەم هەشت ئایەتە موبارەکەدا، خوا ﷻ حەوت بابەت باس دەکات، ئنجا هەیانە بە ئاماژەو کورتیی و، هەیانە زیاتر ڕوونی دەکاتەوە، دوای ئەوەی لە یازدە (١١) ئایەتی پێشوودا، خوا ﷻ باسی ئەوەی کرد، ئەوانەی بێبڕوان، خەڵک لە ڕێی خوا لادەدەن و، خواش کردەوەکانیان زایە دەکات، واتە: پیلان و فێڵەکانیان بێ ئاکام و بێ بەرهەم دەکات، پاشان باسی بڕوادارانی کردو باسی ئەوەی کرد، بۆچی کردەوەی بێبڕوایان بێ ئاکام و بێ بەرهەمەو، هی بڕواداران جێی خۆی دەگرێ؟ دوایی فەرمانی کرد بە بڕواداران کە لە کاتی ڕووبەڕوو بوونەوەدا، لە ملی کافران بدەن و، دوای ئەوەی لە پەل و پۆیان خستن، ئنجا بە دیلیان بگرن و، پاش بە دیل گرتنیان، بە منەت و بە بەلاش بەریان بدەن، یاخود بە بەرانبەر.

پاشان خوا ﷻ باسی سەرەنجام و ئاکامی چاکی بڕوادارانی کردو، دوایی باسی سەرەنجامی شوومی بێبڕوایانی کردو، سەرنجیانی ڕاکێشا بۆ مێژوو و، ئەو ڕاستییەشی خستە ڕوو، کە خوا ﷻ ئەوانەی پێشتر لە بەینی بردوون، ئەو

جۆرە سزایە، یان ئەو جۆرە سەرەنجامە، ئێستاش لە بۆسەدایەو، بێبڕوایانێک کە وەک بێبڕوایانی پێشوو دەکەن، لەگەڵ پەیامی خوا ﷻ و پێغەمبەردا ﷺ، دەبێ چاوەڕێی هەمان جۆرە سەرەنجام، یاخود سزا بکەن.

ئنجا خوا ﷻ دێتە سەر باسی ئەوەی چۆن بڕوادارانی کردار باش دەخاتە بە هەشتانێک، کە رووبارانیان بە ژێردا دەڕۆن، بەڵام بێبڕوایانێک کە لە دنیادا بە شێوەیەک دەگوزەرێنن، وەک چۆن ئاژەڵ دەلەوەڕێ، ئەوانیش ئاوا دەگوزەرێنن و، سەرەنجامیان ئاگرە، خوا ﷻ دەفەرموێ:

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يُدْخِلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ ﴾، بە دڵنیایی خوا ئەوانەی بڕوایان هێناوەو کردەوە چاکەکانیان ئەنجام داون، دەیانخاتە چەند باخێکەوە کە رووباریان بە ژێردا دەڕۆن، واتە: رووبارەکان بە ژێر درەختەکانیاندا دەڕۆن، یاخود رووبارەکان هەر لەوێوە سەرچاوە دەگرن، وەک دواتر باسی دەکەین، ﴿ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ﴾، بەڵام ئەوانەی بێبڕوابوون، ﴿ يَتَمَتَّعُونَ وَيَأْكُلُونَ كَمَا تَأْكُلُ ٱلْأَنْعَٰمُ وَٱلنَّارُ مَثْوًى لَّهُمْ ﴾، رادەبوێرن و دەخۆن، وەک چۆن ئاژەڵ دەخوات، بۆیە ئاگریش شوێنی حەوانەوەو نشینگەیانە، واتە: لێرەدا خوا ﷻ باسی سەرەنجامی بڕواداران و بێبڕوایان دەکات، بەڵام وێڕای ئەوەش کە باسی سەرەنجامە شوومەکەیان دەکات، ئەو راستییەش دەخاتەڕوو، کە خوا ﷻ بۆچی تووشی ئەو سزایەی کردوون؟ ﴿ يَتَمَتَّعُونَ وَيَأْكُلُونَ كَمَا تَأْكُلُ ٱلْأَنْعَٰمُ وَٱلنَّارُ مَثْوًى لَّهُمْ ﴾، لەبەر ئەوەی رادەبوێرن و، بەهرە وەردەگرن لە لەززەتەکانی دنیاو، دەخۆن وەک چۆن ئاژەڵ دەخوات، بۆیە سەرەنجام و نشینگەشیان ئاگرە.

﴿ وَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ هِىَ أَشَدُّ قُوَّةً مِّن قَرْيَتِكَ ٱلَّتِىٓ أَخْرَجَتْكَ أَهْلَكْنَٰهُمْ فَلَا نَاصِرَ لَهُمْ ﴾، ئنجا روو دەکاتە پێغەمبەر ﷺ، لێرەدا دوێنراو **(مخاطب)** پێغەمبەری خاتەمە، دەفەرموێ: زۆر ئاوەدانیی کە هێزیان توندتر بوو لەو ئاوەدانییەی تۆی وەدەرنا، تۆی ناچار کرد بە جێی بهێڵی، ﴿ أَهْلَكْنَٰهُمْ ﴾، ئێمە ئەوانمان فەوتاند، فڕەبرمان کردن،

﴿ فَلَا نَاصِرَ لَهُمْ ﴾، هیـچ پشـتیوان و هاوکارێکیشـیان نەبـوو، واتـە: ئاوەدانییەکـەی تـۆش ئەگـەر لەسـەر ئـەو حاڵـەی ئێسـتا تێیـدان لـە دژایەتیـی تـۆو خـوا ﷻ، دەبـێ چاوەڕێـی هەمـان جـۆرە سـزاو سـەرەنجامی شـووم بکـەن.

﴿ أَفَمَن كَانَ عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّهِ ﴾، ئایا کەسێک کـە لـە لایـەن پەروەردگاریەوە لەسـەر بەڵگەیەکـی ڕۆشـنە، بەرچـاو ڕۆشـنە، ﴿ كَمَن زُيِّنَ لَهُۥ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ ﴾، وەک کەسـێک وایــە: کــردەوە خراپەکــەی خــۆی بــۆ ڕازێنراوەتــەوە، ﴿ وَٱتَّبَعُوٓاْ أَهْوَآءَهُم ﴾، کەوتوونــە شـوێن ئارەزووەکانیشـیان؟ بـە دڵنیاییـەوە وەک یـەک نیـن، بۆیـە ئـەو پرسـیارکردنە سەرزەنشـتکارانەو نکووڵیلێکارانەیــە.

ئنجـا خـوا ﷻ باسـی ئـەو مەنزڵگایـە دەکات کـە بـۆ ئەهلـی ئیمان دانـراوە، کـە خـوا ﷻ هـەر بـە بـاخ یـان باخـەکان نـاوزەدی دەکات، واتـە: باخچـەو گـوڵ و گوڵـزار، دەفەرمـوێ: ﴿ مَّثَلُ ٱلْجَنَّةِ ٱلَّتِى وُعِدَ ٱلْمُتَّقُونَ ﴾، وێنــەی ئــەو باخــەی بەڵێنــدراوە بــە پارێـزکاران، واتـە: پارێـزکاران بەڵێنیـان پێـدراوە بیچنەتـێ، (مَثَلُ الجنة)، واتـە: (صِفَةُ الجَنَّة)، واتـە: حاڵەتـی ئـەو بـاخ و گوڵـزارە، ئـەو بەهەشـتە بـەو شـێوەیە: ﴿ فِيهَآ أَنْهَٰرٌ مِّن مَّآءٍ غَيْرِ ءَاسِنٍ ﴾، لەوێـدا ڕووبـار گەلێکـی تێـدان لـە ئاوێکـی بـۆن نەکـردو، تـام و بـۆن و ڕەنـگ نەگـۆڕا و، بەڵکـو ئاوێکـی زوڵاڵ و سـاف و سـازگار، ﴿ وَأَنْهَٰرٌ مِّن لَّبَنٍ لَّمْ يَتَغَيَّرْ طَعْمُهُۥ ﴾، هەروەهـا ڕووبـار گەلێکـی تێـدان لـە شـیرێک تامەکـەی نەگـۆڕاوە، ﴿ وَأَنْهَٰرٌ مِّنْ خَمْرٍ لَّذَّةٍ لِّلشَّٰرِبِينَ ﴾، دیسـان ڕووبـار گەلێـک لـە شـەرابێک کـە زۆر بـە چێـژە بـۆ خۆرەوانـی، بـە پێچەوانـەی شـەرابی دنیـا کـە مایەی سـەر ئێشـەو سـەر خۆشـیی و ئـازارە بـۆ ئەوانـەی دەیخۆنـەوە، ﴿ وَأَنْهَٰرٌ مِّنْ عَسَلٍ مُّصَفًّى ﴾، هەروەهـا ڕووبـار گەلێکـی تێـدان، لـە هەنگوینێکـی پاڵفتـە، واتـە: کەڕەشـانی تێـدا نیـەو مێـشی مـردوو تێدانیـە، هەنگوینێکـی سـاغ و سـاف و پاڵفتـە کـراوە، ﴿ وَلَهُمْ فِيهَا مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ ﴾، هەروەهـا بـۆ ئـەوان لـە هەمـوو جـۆرە میوەکانـی تێدایـە، ﴿ وَمَغْفِرَةٌ مِّن رَّبِّهِمْ ﴾، لێبوردنیـش لـە پەروەردگاریانــەوە، ئەوانـی پێشـێ هەموویـان لـەززەت و خۆشـیی ماددیـی بـوون، ئەمەشـیان لەززەتێکـی مەعنەوییـە کـە پەروەردگاریـان دەفەرمـوێ: لێـم بـوردن و

لێتان ڕازییم و چاو پۆشییم لێکردن، ئنجا ئایا بەهەشتێکی ئاواو سەرەنجامێکی ئاوا، وەک حاڵی کەسێک وایە: ﴿كَمَنْ هُوَ خَالِدٌ فِي النَّارِ﴾، ئایا کەسانێک لەو بەهەشتە دان، حاڵیان وەک حاڵی کەسێک وایە، کە هەر ماو دەبێ لە ئاگردا، ﴿وَسُقُوا مَاءً حَمِيمًا﴾، هەروەها لە ئاوێکی داغ و کوڵاویان پێ نۆش دەکرێ، پێ دەخورێتەوە، ﴿فَقَطَّعَ أَمْعَاءَهُمْ﴾، یەکسەر ڕیخۆڵەکانیان دەبڕێ، واتە: ڕیخۆڵەکانیان داغان دەکات، پچڕ پچڕ دەکات، بێگومان وەک یەک نین.

ئەم ئایەتە موبارەکەش وردەکاریی زیاتری پێویستەو، دوایی لە مەسەلە گرنگەکاندا باسی دەکەین.

ئنجا خوا ﷻ دێتە سەر بابەتێکی دیکە: ﴿وَمِنْهُم مَّن يَسْتَمِعُ إِلَيْكَ﴾، هەروەها لە دەغەڵ و دڵنەخۆشەکان هەیە گوێت بۆ هەڵدەخات، واتە: بە ڕواڵەت گوێت بۆ ڕادەگرێ بە گرنگیی پێدانەوە، گوێت بۆ هەڵدەخات، ﴿حَتَّىٰ إِذَا خَرَجُوا مِنْ عِندِكَ﴾، هەتا کاتێک لە لای تۆ چوونە دەرێ، ﴿قَالُوا لِلَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ مَاذَا قَالَ آنِفًا﴾، بەوانەیان گوت کە زانیارییان پێدراوە، ئەرێ پێش ئێستا چی گوت؟ یان ئێستا چی گوت؟ (آنفاً) واتە: نیزیکترین ماوە کە لە ئێستاوە نیزیکە، ﴿أُولَٰئِكَ الَّذِينَ طَبَعَ اللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ﴾، ئەوانە کەسانێکن خوا مۆری بەسەر دڵیانەوە ناوە، هەڵبەتە لێرەدا کە گوتوویانە: چی گوت؟

١)- ئەگەری هەیە لەبەر ئەوەی بە دڵ گوێیان نەگرتوە، هەرچەندە بە ڕواڵەت خۆیان واپیشان داوە کە گوێیان گرتوە، بە گرنگیی پێدانەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی دڵی لەگەڵدا نەبووە، حاڵیی نەبوون، بۆیە پرسیویانە: چی گوت؟ چونکە ئەوانە ژیانی ماددیی و گرنگیی پێدانی ماددیی بەسەریاندا زاڵ بووەو ویستووشیانە تێ بگەن، بەڵام ئەو حاڵەتە ئاژەڵیی و ماددییەی تێیدا ژیاون، بۆتە پەردەیەک کە باش لە شتەکان حاڵیی نەبن.

٢)- یاخود مەبەستیان توانج و پڵار بووە، واتە: شتێکی نەگوت جێگای بایەخ پێدان بێ، بۆیە خوا ﷻ دەفەرموێ: ئەوانە خوا دڵی مۆر کردوون، ﴿وَاتَّبَعُوا أَهْوَاءَهُمْ﴾، کەوتوونە شوێن ئارەزووەکانیان.

﴿ وَالَّذِينَ اهْتَدَوْا زَادَهُمْ هُدًى ﴾، بەڵام ئەوانەی ڕێی ڕاستیان گرتوە، خوا ﷻ ڕاستە ڕێتریان دەکات، یاخود ڕاستە ڕێ گرتنیان بۆ زیاد دەکات، ﴿ وَآتَاهُمْ تَقْوَاهُمْ ﴾، پارێزکارییەکیش کە شایستەی ئەوانە پێیان دەدات.

﴿ فَهَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا السَّاعَةَ أَن تَأْتِيَهُم بَغْتَةً ﴾، ئایا چی چاوەڕێ دەکەن جگە لە کاتەکە، ئاخیر زەمان، جگە لەو کاتەی ئەو ژیانەی تێدا کۆتایی دێ، کت و پڕ بۆیان بێ، ئایا جگە لە بە کت و پڕی هاتنی ئاخیر زەمان، چاوەڕێی چی دیکە دەکەن؟ ﴿ فَقَدْ جَاءَ أَشْرَاطُهَا ﴾، بە دڵنیایی نیشانەکانی هاتوون، واتە: هەندێ لە نیشانەکانی هاتوون، کە یەکێکیان هاتنی پێغەمبەری کۆتاییە موحەممەد ﷺو، یەکێکیان دابەزاندنی دوا پەیامی خوایە ﷻ، لەگەڵ کۆمەڵێ نیشانەی دیکەدا، وەک: لەتبوونی مانگ، هەروەها ئەوە کە مادام خوا مرۆڤەکانی هێناونە دی و، چاکەو خراپەیان لێ واقیع دەبێ، دەبێ کاتێکیش بێ ئەو ژیانە بپێچرێتەوەو، ژیانێکی دی بێتە پێش، تاکو چاکەکاران بە پاداشتی خۆیان و، خراپەکاران بە سزای خۆیان بگەن، ﴿ فَأَنَّىٰ لَهُمْ إِذَا جَاءَتْهُمْ ذِكْرَاهُمْ ﴾، هەرکات هات چۆن، یاخود: لە کوێوە بیریان دەکەوێتەوە؟ چۆن پەند وەردەگرن؟ ئەگەر ئێستا پەند وەرنەگرن، کاتێ کە دنیا کۆتا دێ، لەو کاتەدا چۆن پەند وەردەگرن؟!

دەشگونجێ لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ فَأَنَّىٰ لَهُمْ إِذَا جَاءَتْهُمْ ذِكْرَاهُمْ ﴾، مەبەست ئەو ئاخیر زەمانە بێ کە بۆ هەر کامێکیان دانراوەو، ڕۆژێک دێ گیانیان دەکێشرێ، ئەم ژیانە دنیاییە بە جێ دێڵن، لەو کاتەدا چۆن بیریان دەکەوێتەوەو پەند وەردەگرن؟

لە کۆتایی دا خوا بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەفەرموێ: ﴿ فَاعْلَمْ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللَّهُ ﴾، واتە: مادام ئەوەی ڕابرد بەو شێوەیە، کەواتە: بزانە کە جگە لە خوا هیچ پەرستراوێک نیە، هیچ پەرستراوێک نیە شایستەی پەرستن بێ، ﴿ وَاسْتَغْفِرْ لِذَنبِكَ ﴾، داوای لێبوردنیش بۆ گوناهەکەت بکە، ﴿ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ ﴾،

هەروەها داوای لێخۆش بوونیش لە خوا بکە، بۆ گوناهی پیاوان و ئافرەتانی بڕوادار، ﴿وَٱللَّهُ يَعْلَمُ مُتَقَلَّبَكُمْ وَمَثْوَىٰكُمْ ﴾، هەروەها خوا ئەو شوێنەی تێیدا دێن و دەچن و ئەوەی نشینگەتانەو تێیدا نیشتەجێ دەبن، ئەویش دەزانێ.

هەڵبەتە وشەی (ذنب)، وەک دواییش باسی دەکەین، کە بۆ پێغەمبەری خاتەم ﷺ بەکاردێ، چەمکەکەی زۆر جیایە لەوە کە بۆ ئێمەو مانان و خەڵکی دیکە بەکاردێ، چونکە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاة وَالسَّلَام)، چواندنی ئەرکێک کە پێویست بووبێ لەسەریان، یان کردنی کردەوەیەک کە زانیبیان سەرپێچییە پارێزراو بوون، کەواتە: (ذَنْب)، بۆ ئەوان چەمک و واتایەکی دیکەی هەیە، بۆ وێنە: لە بۆچوونێکدا نەیانپێکابێ، یان جۆرە بێ ئاگاییەکیان بەسەردا هاتبێ، وەک لە پێغەمبەرەوە ﷺ هاتوە، کە فەرموویەتی: بێگومان تەم بەسەر دڵم دادێ و، لە ڕۆژێ دا سەد جار داوای لێبوردن لە خوا دەکەم، {إِنَّهُ لَيُغَانُ عَلَى قَلْبِي، وَإِنِّي لأَسْتَغْفِرُ اللَّهَ فِي الْيَوْمِ مِائَةَ مَرَّةٍ} (أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ: ٢٧٠٢)، (غَيْن)، بە مانای تەمی بێئاگایی، واتە: لەبەر ئەوەی دڵم جار جار بێئاگایی بەسەردا دێ، من ڕۆژێ سەد جاران داوای لێبوردن لە خوا دەکەم، بۆ ئەو بێئاگاییەی بەسەر دڵم دا دێ، نەک ئەو گوناهو تاوانەی خەڵکی دیکە دەزانن گوناهیشەو دەیکەن، بە دڵنیایی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام) لەوە پارێزراو بوون.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

بڕوادارانی چاکەکار جێگایان بەهەشتەو، بێبڕوایانیش وەک ئاژەڵ ڕادەبوێرن و دەخۆن لە دنیاداو، سەرەنجامیشیان ئاگری دۆزەخە:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُدْخِلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ ۖ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ يَتَمَتَّعُونَ وَيَأْكُلُونَ كَمَا تَأْكُلُ ٱلْأَنْعَٰمُ وَٱلنَّارُ مَثْوًى لَّهُمْ ﴿١٢﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُدْخِلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ﴾، بە دڵنیایی خوا ﷻ ئەوانەی بڕوایان هێناوەو چاکەکانیان کردوون، دەیانخاتە چەند باخ و گوڵ و گوڵزارێکەوە، ڕووباریان بە ژێردا دەڕۆن.

٢)- ﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ يَتَمَتَّعُونَ وَيَأْكُلُونَ كَمَا تَأْكُلُ ٱلْأَنْعَٰمُ﴾، بەڵام ئەوانەی بێبڕوان، ڕادەبوێرن و بەهرە وەردەگرن و دەخۆن، وەک چۆن ئاژەڵ دەخۆن.

٣)- ﴿وَٱلنَّارُ مَثْوًى لَّهُمْ﴾، ئاگریش نشینگەیانەو شوێنی تێدا نیشتەجێ بوونیانە.

لێرەدا پرسیارێک دەکرێ:

ئایا تەنیا بێبڕوایان بەهرە وەردەگرن و، لە نازو نیعمەتی ماددیی دنیا دەخۆن؟ بێگومان بڕوادارانیش هەروان، ئەدی بۆچی خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ يَتَمَتَّعُونَ وَيَأْكُلُونَ كَمَا تَأْكُلُ ٱلْأَنْعَٰمُ﴾؟

وەڵامەکەی ئەوەیە: کە لە ڕاستییدا چێژ وەرگرتن و بەهرە وەرگرتن لە نازو نیعمەتی دنیا، شتێکی گشتییە، بەڵام بڕواداران زۆر بە لایانەوە گرنگ نیە، واتە: نەیانکردۆتە ئامانج و، جێی بایەخیان نیە:

یەکەم: لەبەر ئەو حاڵەتە مەعنەویی و ئیمانییەی هەیانە.

دووەم: بەهۆی ئەوەوە کە بەراوردی دەکەن لەگەڵ نازو نیعمەتی بەهەشتداو، هی دنیایان پێ شتێکی بچووک و کەم بایەخە، بەڵام بێبڕوایەکان پێیان گرنگترین و گەورەترین شتەو، دەیکەنە ئامانجی ژیانیان، چونکە هەرئەوەندە شک دەبەن و، ئەوان حاڵەتێکی ڕووحیی مەعنەوییان نیە کە لە ئیمانەوە پەیدادەبێ و، وا لە مرۆڤ دەکات غەریزەکانی خۆی کونترۆڵ بکات، وا لە مرۆڤ دەکات: تام و چێژە مەعنەوییەکان کە لە ئیمانەوە پەیدادەبن، لە تاعەتەوە دەستگیر دەبن و هەستیان پێ بکات، بەڵام بێبڕوایان وەک چۆن ئاژەڵان حاڵەتی ئیمانیی و مەعنەویی و تاعەت بۆ خوا ئەنجامدانیان نیە، ئەوانیش هەر بەو شێوەیەن.

لێرەدا بە باشی دەزانم، بۆ ڕوونکردنەوەی چەمک و واتای ئەو ئایەتە موبارەکە، ئەو قسەیەی (الطبري)، بێنین کە پێم وایە زۆر جوان ڕوونی کردۆتەوە، لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1]: (إِنَّ اللَّه لَهُ الْأُلُوهَة الَّتِي لَا تَنْبَغِي لِغَيْرِهِ، يُدْخِلُ الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَبِرَسُولِهِ بَسَاتِين تَجْرِي مِنْ تَحْت أَشْجَارهَا الْأَنْهَار ، يَفْعَل ذَلِكَ بِهِمْ تَكْرِمَةً عَلَى إِيمَانِهِمْ بِهِ وَبِرَسُولِهِ.، وَقَوْلُه : ﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَتَمَتَّعُونَ وَيَأْكُلُونَ كَمَا تَأْكُلُ ٱلْأَنْعَٰمُ﴾، يَقُول جَلَّ ثَنَاؤُهُ: وَالَّذِينَ جَحَدُوا تَوْحِيد اللَّه، وَكَذَّبُوا رَسُولَهُ ﷺ يَتَمَتَّعُونَ فِي هَذِهِ الدُّنْيَا بِحُطَامِهَا وَرِيَاشِهَا وَزِينَتِهَا الْفَانِيَة الدَّارِسَة، وَيَأْكُلُونَ فِيهَا غَيْر مُفَكِّرِينَ فِي الْمَعَاد، وَلَا مُعْتَبِرِينَ بِمَا وَضَعَ اللَّه لِخَلْقِهِ مِنْ الْحُجَج الْمُؤَدِّيَة لَهُمْ، إِلَى عِلْم تَوْحِيد اللَّه وَمَعْرِفَة صِدْق رُسُله، فَمَثَلُهُمْ فِي أَكْلهمْ مَا يَأْكُلُونَ فِيهَا مِنْ غَيْر عِلْم مِنْهُمْ بِذَلِكَ، وَغَيْر مَعْرِفَة، مِثْل الْأَنْعَام مِنْ الْبَهَائِم الْمُسَخَّرَة الَّتِي لَا هِمَّة لَهَا إِلَّا فِي الِاعْتِلَاف دُونَ

---

(١) جامع البيان: ج٢٦، ص٤٨-٤٩.

غَيْرِه، يَقُولُ جَلَّ ثَنَاؤُهُ: ﴿ وَٱلنَّارُ مَثْوًى لَّهُمْ ﴾، وَالنَّار نَار جَهَنَّم مَسْكَن لَهُمْ، وَمَأْوَى، إِلَيْهَا يَصِيرُونَ مِنْ بَعْدِ مَمَاتهِمْ).

واتە: ئەو خوایەی ﷻ پەرستراویّتیی هەر بۆ ئەوەو بۆ جگە لەو ناگونجێ، ئەوانەی بڕوایان هێناوە بە خۆی و بە پێغەمبەرەکەی، دەیانخاتە چەند باخ و بێستانێکەوە کە ڕووبار بە ژێر درەختەکانیدا دەڕۆن، ئەوەشیان بۆیە بۆ دەکات، وەک ڕێزگرتن لێیان کە ئیمانیان هێناوە بە خۆی و بە پێغەمبەرەکەی، بەڵام ئەوانەی نکووڵییان کردوە لە یەکتایی خواو، پێغەمبەرەکەی خوایان بە درۆ داناوە، ئەوانە لەم ژیانە دنیاییەدا، شتەکانی دنیا لە جوانییەکەی و خۆشییەکانی و لەززەتەکانی، کە دەبڕێن و کۆتاییان دێ، بەهرە وەردەگرن و لێیان دەخۆن، بێ ئەوەی بیر بکەنەوە لە ڕۆژی دوایی و، بێ ئەوەی بیر بکەنەوە لەو بەڵگانەی خوا لە دروستکراوەکانی خۆیدا دایناون، کە دەیانگەیەننە زانیاریی خوا بە یەکگرتن و لە زانینی ڕاستیی پێغەمبەران.

ئنجا لەوەدا لە خواردنیاندا لەوەی دەیخۆن بە بێ زانیارییان بە خوا ﷻ و بەبێ ناسینیان بۆ پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام**)، وەک ئاژەڵ وان، ئەو ئاژەڵانەی کە بەستەزمانن و دەستەمۆ کراون لەلایەن مرۆڤەوە، تەنیا شوێنی بایەخیان بریتییە لە لەوەڕان و، سەرەنجامیش جێگەیان ئەو شوێنەی کە تێیدا نیشتەجێ دەبن و، ئەو شوێنەی پەنای پێ دەبەن و، لە دوای مردنیان بۆی دەچن، بریتییە لە ئاگر.

کە دەفەرموێ: ﴿ مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ ﴾، (**مِنْ**) لە، ﴿ مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ ﴾دا، دوو واتای هەن:

أ- یانی: ڕووبارەکان بە ژێر دارو درەختەکانی ئەو بەهەشتەدا دەڕۆن.

ب- یانی: ئەو ڕووبارانە ڕێک لە ژێر ئەو درەختانەوە دێن، نەک لە شوێنێکی دیکەوە بێن و هەڵبقوڵن، ئەم تێبینییە (**فخر الدين الرازي**) لە تەفسیرەکەی خۆیدا هێناویەتی[1].

-----

(١) ج١٤، ص٤٧.

واتـە: دەگونجـێ چ لێـرەو چ لـە شـوێنەکانی دیکـەی قورئانـدا مەبەسـت لـە: ﴿تَجْرِي مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ﴾، ئـەوە بـێ کـە ڕووبـارەکان بـە ژێـر درەختەکانـدا دەڕۆن.

دەشـگونجێ: ﴿تَجْرِي مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ﴾، مەبەسـت پێـی ئەوەبـێ کـە ئـەو ڕووبارانـە هـەر لـە ژێـر درەختەکانـەوە سـەرچاوە دەگـرن، نـەک لـە شـوێنی دیکـەوە بێـن و جۆگـەو جۆباریـان بـۆ هەڵبەسـترابێ.

دیسـان (**فخرالديـن الـرازي**) لـە تەفسـیری ئـەو ئایەتـە موبارەکـەدا، کـە دەفەرمـوێ: ئەوانـەی بێبـڕوان، ئـاوا بـەوە شـێوەیە دەخـۆن و، دەلەوەڕێـن، سـێ شـتان بـاس دەکات و دەڵـێ: لـە سـێ شـتدا بێبڕوایـەکان لـە ئـاژەڵ دەچـن:

یەکەم: ئاژەڵ تەنیا ئەوەی بە لاوە گرنگە بخوات و، هیچی دیکە، بێبڕوایەکانیش هەروان.

دووەم: ئاژەڵەکان ئەوەی دەیخۆن، نایکەنە بەڵگە لەسەر خوای بەدیهێنەر، بێبڕوایەکانیش بە هەمان شێوەن.

سێیەم: ئاژەڵەکان لەوەڕو ئاڵفیان دەدرێتێ تاکو قەڵەو بن، بێئاگان لەوەی کە تاکو قەڵەوتر بن، لە سەربڕان نیزیکترن، بێبڕوایەکانیش بە هەمان شێوە، نازانن کە هەتا تەمەنیان هەڵدەکشێ، زیاتر لە مەرگ و ئەو سزایەی چاوەڕێیان دەکات، لە پاش مەرگ نیزیکتر دەکەونەوە.

یەکێـک لـە زانایـان قسـەیەکی جـوان دەکات، دەڵـێ: (**إِنَّ الْمُؤْمِـنَ لاَ يَخْلُـو أَكْلُـهُ مِـنْ ثَـلاَثٍ: أولاً الـوَرْعُ عِنْـدَ الطَّلَـبِ، ثانيـاً: وَاسْـتِعْمَالُ الأَدَبِ، ثالِثـاً: وَالأَكْلُ للسَـبَبِ، وَالكَافِـرُ لاَ يَخْلُـو مِـنْ ثَـلاَثٍ: أولاً: يَطْلُـبُ للنَهْمَـة، ثانيـاً: يَـأْكُلُ لِلشَـهْوَة، ثالثـاً: وَيَعيـشُ فِي غَفْلَـةً**).

واتـە: بـڕوادار لـە خواردنەکەیـدا لـە سـێ شـتان خاڵیـی نابـێ، هەمیشـە ئـەو سـێ حاڵەتـەی هـەن:

یەکەم: کاتێک دەگەڕێ بە دوای خواردندا، خۆپارێزیی هەیە لە حەڕام و قەدەغە.

دووەم: لە کاتی خواردندا، ئەدەب و ڕێزو ئەو ڕەوشتە جوانانە بەکاردێنێ کە پێویستن.

سێیەم: بە هۆکار نەبێ ناخوات، واتە: تاکو برسیی و تینوو نەبێ ناخوات و ناخواتەوە، نەک هەر بۆ کەیف و ئارەزو و بخوات.

بێبڕواش هەمیشە ئەو سێ حاڵەتەی هەن، لە کاتی خواردنیدا:

یەکەم: لەبەر نابەرچاو تێریی هەر داوا دەکات، هەرچەندە هەشیبێ، بەڵام هەر داوا دەکات.

دووەم: لەبەر ئارەزوو دەخوات، نەک لەبەر ئەوەی پێویستیی پێیەتی.

سێیەم: لە بێئاگاییشدا دەژی، واتە: ئاگای لە خواو خەڵک نیەو، ئاگای لەو سەرەنجامە نیە کە چاوەڕێی دەکات.

هەروەها دەشگونجێ بڵێین: خەڵک سێ جۆرن:

١- هەیە بۆیە دەژی تاکو بخوات.

٢- هەیە بۆیە دەخوات تاکو بژیی، هەر ئەوەندە دەخوات تاکو بژی.

٣- هەشە بۆیە دەژی تاکو بەندایەتیی بۆ خوا بکات، بێگومان ئەمەیان باشترین جۆرە مرۆڤەو، لە ڕاستییدا تەنیا ئەم لێی دەوەشێتەوە پێی بگوترێ: مرۆڤێکە جێنشینی خوایە.

مەسەلەی دووەم:

خـوای کارزان گەلێـک ئاوەدانیـی بـە هێزتـر لـەو ئاوەدانییـەی کـە پێغەمبـەر ﷺ ناچـاری بـە جێهێشـتن کـرد، فەوتانـدوون و هیـچ کەسیشـیان لـە فریـا نەهاتـوە:

خـوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ هِيَ أَشَدُّ قُوَّةً مِّن قَرْيَتِكَ الَّتِي أَخْرَجَتْكَ أَهْلَكْنَاهُمْ فَلَا نَاصِرَ لَهُمْ ﴿١٣﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە دوو بڕگەدا:

١)- ﴿ وَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ هِيَ أَشَدُّ قُوَّةً مِّن قَرْيَتِكَ الَّتِي أَخْرَجَتْكَ أَهْلَكْنَاهُمْ ﴾، زۆر ئاوەدانیی کە هێزیان زیاتر بوو، لەو ئاوەدانییەی تۆی وەدەرنا، تۆی ناچار کرد بەجێی بهێڵیی، فەوتاندمانن و قڕە بڕمان کردن، واتە: خەڵکی ئاوەدانییەکانمان فەوتاند.

٢)- ﴿ فَلَا نَاصِرَ لَهُمْ ﴾، هیچ جۆرە هاوکارو یارمەتییدەرێکیان نەبوو.

وشـەی (**القریـة**)، زۆر جـار باسـمان کـردوە، یانـی: ئاوەدانیـی گـەورە، شـاری قەڕەباڵـغ، نـەک بـە مانـا عورفیـی و باوەکـەی ئێسـتای: گونـدو لادێ، لـە قورئانـدا (**قریـة**) بـە مانـای شـاری گـەورەو قەڕەباڵغـە، بەڵکـو یـانی: شـارو دەوڵـەت، کاتـی خـۆی هـەر شـارێکی گـەورەی قەڕەباڵـغ، شـوورەیەکی بـۆ کـراوەو دەرگاو دەروازەی هەبـوون و، دەوڵـەت لـە نێـو ئـەو شـارەدا بـووە، ﴿ وَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ هِيَ أَشَدُّ قُوَّةً مِّن قَرْيَتِكَ الَّتِي أَخْرَجَتْكَ أَهْلَكْنَاهُمْ ﴾، زۆر ئاوەدانییـمان فەوتانـدوون، کـە بەهێزتـر بـوون لـەو ئاوەدانییـەی تـۆی دەرکـرد (کـە مەبەسـت پێـی مەککەیـە)، ﴿ أَهْلَكْنَاهُمْ ﴾، واتـە: ئێمـە دانیشـتووانی ئـەو ئاوەدانییانەمـان فەوتانـد، ﴿ فَلَا نَاصِرَ لَهُمْ ﴾، (نـاصر): نـاوی بکـەر (**اسـم فاعـل**)ەو مەبەسـت پێـی جینسـی یارمەتییـدەرو هـاوکارە، چونکـە لـە دوای (لا)ی لابـردنی تێکـڕا (**نفـي الجنـس**)ەوە هاتـوە، ﴿ فَلَا نَاصِرَ لَهُمْ ﴾، هیـچ جـۆرە هـاوکارو یارمەتییـدەرو پشـتیوانێکیان نەبـوون.

لێرەدا پرسیارێک دەکرێ:

ئایا خەڵکی مەککە پێغەمبەریان وەدەرنا، یان پێغەمبەر ﷺ بۆ خۆی شارەکەی بە جێهێشت؟

دەڵێین: ﴿أَخْرَجَتْكَ﴾، (أي: اضطرُوك للخروج)، واتە: تۆیان ناچار کرد، بە جێی بهێڵی، دوای ئەوەی پێغەمبەر ﷺ زانی پیلانیان بە دەستەوە هەیە بۆ کوشتنی و، دوای ئەوەی ئەو پەیام و بانگەوازەی پێیبوو، گەیاندیانە بن بەست، پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی ناچار بینی مەککە بە جێی بهێڵێ، لەو بارەوە کە چۆن پێغەمبەر ﷺ بە ناچاریی ئەو شارەی بەجێهێشتوە، ئەم دەقە دێنین:

{عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ، قَالَ وَقَفَ النَّبِيُّ ﷺ عَلَى الْحَزْوَرَةِ فَقَالَ: عَلِمْتُ أَنَّكِ خَيْرُ أَرْضِ اللَّهِ وَأَحَبُّ الْأَرْضِ إِلَى اللَّهِ، وَلَوْلَا أَنَّ أَهْلَكِ أَخْرَجُونِي مِنْكِ، مَا خَرَجْتُ} (أخرجه أحمد: ١٨٧٣٩، تعليق شعيب الأرنؤوط: حديث صحيح).

واتە: ئەبوو هورەیرە ﷺ دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ (کاتێک لە مەککە دەردەچێ بەرەو ئەشکەوتی (ثور) ئاوڕێک لە مەککە دەداتەوە) لەسەر حەزوورە وەستاو فەرمووی: بە دڵنیایی دەزانم تۆ باشترین و خۆشەویسترین وڵاتی لە لای خوا، ئەگەر دانیشتووانت منیان وەدەر نەنابایە، لێت دەرنەدەچووم.

کەواتە: پێغەمبەر ﷺ بە ویستی خۆی لە شاری مەککە چۆتە دەر، بەڵام دوای ئەوەی لە لایەن بێبڕواو هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانەوە، ناچار کراوە.

مەسەلەی سێیەم

کەسانێک کە لە لایەن پەروەردگاریانەوە لەسەر بەڵگەی ڕوونن و، بەرچاو ڕوونن، وەک کەسانێکی خراپە بۆ ڕازێنراوەی ئارەزوو پەرست نین:

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ أَفَمَن كَانَ عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّهِۦ كَمَن زُيِّنَ لَهُۥ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ وَٱتَّبَعُوٓا أَهْوَآءَهُم ﴿١٤﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە دوو بڕگەدا:

١)- ﴿ أَفَمَن كَانَ عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّهِۦ كَمَن زُيِّنَ لَهُۥ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ ﴾، ئایا کەسێک کە لەلایەن پەروەردگاریەوە لەسەر بەڵگەیەکی ڕۆشنە، وەک کەسێکە کە کردەوە خراپەکەی بۆ جوانکراوە؟ (الإستفهامُ لإنكارِ المُماثلَةِ اللّتي يَقْتَضِيها حَرْفُ التَّشْبيه)، ﴿ أَفَمَن كَانَ عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّهِۦ كَمَن زُيِّنَ لَهُۥ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ ﴾، پرسیارکردن بۆ نکووڵییکردنە، لە وەک یەک بوونێک، کە پیتی وێچواندن دەیخوازێ، واتە: ئەو دوو جۆرە کەسە، وەک یەک نین، پێشێ دەفەرموێ: ﴿ أَفَمَن كَانَ عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّهِۦ ﴾، لێرەدا بە تاک هێناویەتی، (الإفْرَادُ باعْتِبَارِ اللَّفْظِ وَالجَمْعِ باعْتِبَارِ المَعْنَى)، تاککردنەوەکە بە هۆی ڕەچاو کردنی بێژەکەوەیە، بەڵام کۆکردنەوەکەی بە ڕەچاوکردنی ماناکەیەوەیە.

(عـلى)، لـە: ﴿ عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّهِۦ ﴾دا، (عـلى: للإسـتعلاء المجـازي: بمعنـى التَّمَكُّـن)، (عـلى)، بـۆ بـەرز بوونـەوەی مەجازییـەو مەبەسـت پێـی توانـا بـە سـەر داشـكان و چاک سـەقامگیربوونە لەسـەر شـتێک، واتـە: کەسـێک ئەو بەڵـگەو بەرچـاو ڕوونییەی لـە پەروەردگاریـەوە بـۆی هاتـوە، بـاش لێـی تێگەیشـتوە، وەک چـۆن کەسـێک سـواری وڵاخێـک دەبـێ و کۆنترۆڵـی دەکات، ئەوانیـش بـەو شـێوەیە دەسـتیان لـەو هیدایـەت و بەرچـاو ڕوونییـەو ئـەو بەڵگانـەی پەروەردگاریـان گیـر بـووە، بێگومـان بـڕوادار بەرچـاو ڕوون و دڵنیایـە، بـەڵام بێبـڕوا بەرچـاو لێڵـەو لـە گێژاودایـە، وەک لـە سـوورەتی (الأنعـام)، ئایەتـی ژمـارە (١٢٢) دا، خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ أَوَمَن كَانَ

مَيْتًا فَأَحْيَيْنَٰهُ وَجَعَلْنَا لَهُۥ نُورًا يَمْشِى بِهِۦ فِى ٱلنَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُۥ فِى ٱلظُّلُمَٰتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِّنْهَا ۚ كَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِلْكَٰفِرِينَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٢٢﴾، واتە: ئایا کەسێ مردوو بووەو زیندوومان کردۆتەوەو، ڕووناکییمان پێداوە، لە نێو خەڵکیدا پێی دەڕوات، وەک کەسێک وایە کە لە تاریکیی دایەو لێشی دەرباز نابێ؟ بەو شێوەیە ئەوەی بێبڕوایان دەیکەن، بۆیان ڕازێنراوەتەوە.

مەبەست لە: ﴿عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّهِۦ﴾ لەسەر بەڵگەیەک لە پەروەردگاریانەوە، یانی: بەرچاو ڕوونیی و ڕێ پێزانین، کە هەم بووناسیی دەگرێتەوە، هەم ئیمان و عەقیدە، هەم پەرستشەکان، هەم ڕەوشتە بەرزەکان، هەم باری کەسێتیی، هەم ئەدەبە کۆمەڵایەتییەکان، هەم شێوەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاو ژیان و گوزەران، ئەوانەی بێبڕوان، خوا ﷻ بەوە پێناسەیان دەکات کە لە لایەن پەروەردگاریانەوە بەڵگەدارو بەرچاو ڕوون کراون ڕۆشنایی و دڵنیاییان پێدراوە، لە هەموو ڕوویکەوەو بە هەموو شێوەیەک.

﴿كَمَن زُيِّنَ لَهُۥ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ﴾، ئایا کەسێکی خاوەن بەڵگەی خوایی بەرچاو ڕوون، وەک کەسێک وایە کە کردەوە خراپەکەی خۆی بۆ ڕازێنراوەتەوەو جوان کراوە؟ لە حاڵێکدا کە ئەوە خراپترین کردەوەیە، کەچی ئەو زۆر بە جوان و چاکی دەبینێ!!.

٢)- ﴿وَٱتَّبَعُوٓا۟ أَهْوَآءَهُم﴾، کەوتوونە شوێن ئارەزووەکانیشیان؟ بێگومان ئەو پرسیارکردنە، پرسیارکردنی نکووڵیلێکەرانەیە، واتە: بە دڵنیایی ئەو دوو جۆرە کەسە وەک یەک نین، چونکە بابای بێبڕوای کردەوەی خراپی خۆ بۆ جوانکراو:

أ- لە ڕووی تیۆرییەوە، چەشمەندازی وا لێڵ بووە، بیرو بۆچوونی تێکەڵ و پێکەڵی وا کەوتۆتە گێژاوەوە، خراپەکانی خۆی بە چاک دەبینێ

ب- لە ڕووی کردەییشەوە، کەوتۆتە شوێن ئارەزووەکانی، وەک لە سوورەتی (النجم) دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَمَا تَهْوَى ٱلْأَنفُسُ ۖ وَلَقَدْ جَآءَهُم مِّن رَّبِّهِمُ

ٱلْهُدَىٰٓ ﴿٢٣﴾، ئەوانە تەنیا شوێن گومان دەکەون و، ئەوەی نەفسەکان دەیخوازن، لە حاڵێکدا ڕێنماییشیان لە پەروەردگاریانەوە بۆ هاتوە.

لێرەدا خوا ﷻ دەیەوێ سەرنجمان ڕابکێشێ بۆ ئەوە کە مرۆڤی بڕوادار بەرچاو ڕوونە، ئەو بەرچاو ڕوونییەش بەڵگەیەکە، بەرچاوی ڕوون کردۆتەوەو لە لایەن پەروەردگاریەوە بۆی هاتوە، بەڵام بابای بێبڕوا کردەوەکەی خۆی بۆ ڕازێنراوەتەوەو، کەوتۆتە شوێن ئارەزووی، واتە: لە **هەوای** خوا خۆی بێ بەش کردوەو، کەوتۆتە شوێن هەوای خۆی، بەڵام مرۆڤی بڕوادار لە لایەن پەروەردگاریەوە خراوەتە سەر ڕاستە ڕێیەک، کە بەرچاو ڕوونەو دەزانێ:

لە کوێوە هاتوە؟

بۆچی هاتوە؟

بۆ کوێ دەچێ؟

حەڵاڵ چییە؟

حەرام چییە؟

چاکە چییە؟

خراپە چییە؟

دۆست کێیە؟

دوژمن کێیە؟

پێویستە چۆن بژیی؟

ژیانی تاکیی و، خێزانیی و، کۆمەڵایەتیی و، سیاسیی خۆی، پێویستە چۆن بەڕێوە بەرێ؟

خـوا ﷻ بـە هـۆی ئـەو ئاییـن و بەرنامـەو پەیامـەوەی بـۆی نـاردوە، خسـتوویەتە سـەر بەرچـاو ڕوونیـی، ئـەوی دیکـەش: بـە پێچەوانـەوە لـە گێژاودایـەو، کەوتۆتـە شـوێن ئـەوەی نەفسـی بیخـوازێ و ئـارەزووی لێیـە، بێگومـان خـواش ﷻ مرۆڤـی وا خوڵقانـدوە، بتوانـێ بکەوێتـە شـوێن هیدایەتـی خـواو، دەشـتوانێ بکەوێتـە شـوێن ئارەزووەکانـی خـۆی، ئـەو دوو جـۆرە توانایـە دراون بـە مـرۆڤ، تاکـو تاقـی بکرێتەوە، ئـەوەی ئیمانـدار بـێ، بەهـۆی ئیمانەکەیـەوە دەکەوێتـە شـوێن بەرنامـەو ڕێنمایـی خـوا، ئـەوەی دیکـەش بەهـۆی بێبڕوایيەکەیـەوە، دەکەوێتـە شـوێن ئـارەزووی خـۆی و کـردەوەی خراپـی.

مەسەلەی چوارەم:

بەهەشتی بەڵێندراو بە پارێزکاران، ڕووبارەکانی: ئاوی ساف و، بێ بۆن و، شیری تام نەگۆڕاوو، شەرابی بە چێژو، هەنگوینی پاڵفتەو، هەموو جۆرە میوەیەکی تێدایە، سەرباریش لێبوردنی خوا، بێبڕوایانیش لە نێو بڵێسەی ئاگردان و، ئاوی کوڵاویان پێ دەخورێتەوە، کە ڕیخۆڵەکانیان پچڕ پچڕ دەکات:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ مَّثَلُ الْجَنَّةِ الَّتِي وُعِدَ الْمُتَّقُونَ فِيهَا أَنْهَارٌ مِّن مَّاءٍ غَيْرِ آسِنٍ وَأَنْهَارٌ مِّن لَّبَنٍ لَّمْ يَتَغَيَّرْ طَعْمُهُ وَأَنْهَارٌ مِّنْ خَمْرٍ لَّذَّةٍ لِّلشَّارِبِينَ وَأَنْهَارٌ مِّنْ عَسَلٍ مُّصَفًّى وَلَهُمْ فِيهَا مِن كُلِّ الثَّمَرَاتِ وَمَغْفِرَةٌ مِّن رَّبِّهِمْ كَمَنْ هُوَ خَالِدٌ فِي النَّارِ وَسُقُوا مَاءً حَمِيمًا فَقَطَّعَ أَمْعَاءَهُمْ ﴿١٥﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە دە بڕگەدا:

١)- ﴿ مَّثَلُ الْجَنَّةِ الَّتِي وُعِدَ الْمُتَّقُونَ ﴾، سیفەت و وێنەی ئەو بەهەشتەی بەڵێندراوە بە پارێزکاران، (**المَثَلُ: الحَالُ العَجِيب**)، (**المَثَل**) حاڵەتی سەرسامکەر، یانی: حاڵی سەرسوڕهێنەری ئەو بەهەشتە ئاوایە.

هەروەها (**مَثَل**) بە مانای سیفەتیش دێ، یانی: سیفەتی ئەو بەهەشتە کە بەڵێندراوە بە پارێزکاران، بەو شێوەیە.

٢)- ﴿ فِيهَا أَنْهَارٌ مِّن مَّاءٍ غَيْرِ آسِنٍ ﴾، [خوێندراویشەتەوە: (**أَسِنٍ**)]، ڕووبار گەلی ئاوی تێدان، لە ئاوێک کە (تام و ڕەنگ و بۆنی) نەگۆڕاوە، ئنجا (**آسِن**) لە (**أَسَن**)ەوە هاتوە، یان لە (**أَسِن**)ەوە، (**أَسِنَ يَأْسَنُ، وَأَسَنَ يَأْسِنُ، مِثْلُ أَجَنَ المَاءُ يَأْجِنُ، أَسِنَ المَاءُ، أو أَسَنَ المَاء، أي: تَغَيَّرَ لَوْنُهُ وطَعْمُهُ وَرِيحُهُ**)، ئاوەکە ڕەنگ و تام و بۆنی گۆڕا، ئنجا خوا ﷻ دەفەرموێ: ئەو ڕووبارانەی لە بەهەشتدا هەن لە ئاوێکن، کە تام و ڕەنگ و بۆنی نەگۆڕاوە، ئاوەکەی بەو شێوەیە.

٣)- ﴿ وَأَنْهَارٌ مِّن لَّبَنٍ لَّمْ يَتَغَيَّرْ طَعْمُهُ ﴾، هەروەها ڕووبارگەلێکی تێدان لە شیرێک، کە تامەکەی نەگۆڕاوە.

٤)- ﴿ وَأَنۡهَٰرٞ مِّنۡ خَمۡرٖ لَّذَّةٖ لِّلشَّٰرِبِينَ ﴾، دیسان ڕووبار گەلێکی تێدان لە مەی (شەڕاب)ێک کە بۆ خۆرەوانی زۆر بە چێژە، دەڵێ: (لَذَّة: تَأْنِيث اللَّذُّ أي: اللَّذِيذ، وَهُوَ وَصْفٌ وَلَيْسَ اسْمَاً)، (لَذَّة)، مێینەی (لذُّ)، یانی: بە تام و چێژ، ئەویش وەسفە، نەک ناو بێ.

٥)- ﴿ وَأَنۡهَٰرٞ مِّنۡ عَسَلٖ مُّصَفّٗى ﴾، هەروەها ڕووبار گەلێک لە هەنگوینێکی پاڵفتە، (المُصَفَّى: الَّذِي خَلُصَ مِمَّا يُخَالِطُ العَسَلَ، مِنْ بَقَايَا الشَّمْعِ وَالنَّحْلِ)، (مُصَفَّى)، واتە: پاڵفتە کراو و پاککراوە لەو شتانەی کە تێکەڵ بە هەنگوین دەبن، وەک پاشماوەکانی مێوو هەنگەکان (هەنگی مردوو).

٦)- ﴿ وَلَهُمۡ فِيهَا مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ ﴾، دیسان بۆ ئەوان لەوێدا لە هەموو جۆرە میوەکان هەیە، ﴿ ٱلثَّمَرَٰتِ ﴾، ئەلیف و لام (الـ)ی ناساندنی لە سەرەو بۆ جینسە، واتە: هەرچی جۆری میوەیە بۆ ئەوان لەوێدا هەیە.

٧)- ﴿ وَمَغۡفِرَةٞ مِّن رَّبِّهِمۡ ﴾، هەروەها بۆ ئەوان لەوێدا لێبوردن و چاوپۆشیی لە پەروەردگاریانەوە، هەیە.

٨)- ﴿ كَمَنۡ هُوَ خَٰلِدٞ فِي ٱلنَّارِ ﴾، (ئایا کەسێک لە شوێنێکی ئاوایە)، وەک کەسێک وایە کە لە ئاگردا هەرماوەو بە هەمیشەیی دەمێنێتەوە؟ لێرەدا بە تاک (مفرد) هێناویەتی، وەک ڕەچاوکردنی بێژەی (مَنْ)، بەڵام دوایی دەیکاتە کۆ (جمع) بە ڕەچاوکردنی مانایەکەی:

٩)- ﴿ وَسُقُواْ مَآءً حَمِيمٗا ﴾، هەروەها لە ئاوێکی کوڵاوو داغیان پێ دەخورێتەوە، پێ نۆش دەکرێ.

١٠)- ﴿ فَقَطَّعَ أَمۡعَآءَهُمۡ ﴾، ئنجا یەکسەر ڕیخۆڵەکانیان پچڕ پچڕ دەکات، (الأَمْعَاء: جَمْعُ مِعَىً ومَعِي)، (مِعَى وَمَعِي)، واتە: ڕیخۆڵەو بە (أَمْعَاء) کۆ دەبنەوە.

لێرەشدا دیسان لە لایەکەوە بە تاک دەیهێنێ: ﴿ كَمَنۡ هُوَ خَٰلِدٞ فِي ٱلنَّارِ ﴾، دوایی کۆی دەکاتەوە: ﴿ وَسُقُواْ مَآءً حَمِيمٗا ﴾، (الإِفْـرَادُ باعْتِبَـارِ اللَّفْظِ وَالجَمْع باعتِبـارِ المَعْنَى)، تاککردنەکەی بە ڕەچاو کردنی بێژەکەیە، بەڵام کۆ کردنەکەی بە ڕەچاو کردنی مانایەکەیەتی.

چەند وردەکارییەکی ڕەوانبێژیی لە ئایەتی (١٥ / محمد)دا:

یەک: (الزَّمَخْشَرِي)، لە بارەی سەرەتای ڕستەکەوە: ﴿ مَّثَلُ ٱلْجَنَّةِ ٱلَّتِى وُعِدَ ٱلْمُتَّقُونَ ﴾، دەڵێ: (هُوَ كلامٌ فِي صُورَةِ الإِثْبَاتِ ومَعنىً النَّفيِ والإِنْكار، لِانطِوائِهِ تَحْتَ حُكْمِ كَلَامٍ مُصَدَّرٍ بِحَرْفِ الإِنكَارِ وَدُخُولِهِ فِي حَيِّزِه، وَانخِراطِهِ فِي سِلكِهِ، وَهُوَ قَوْلُ تَعَالَى: ﴿ أَفَمَن كَانَ عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّهِۦ ﴾، فَكَأَنَّهُ قِيْلَ: أَمَثَلُ الجَنَّةِ كَمَنْ هُوَ خَالِدٌ فِي النَّارِ؟ أَي: كَمَثَلِ جَزَاءِ مَنْ هُوَ فِي النَّارِ)، ئەمە (محي الدين درويش) لە تەفسیرەکەی خۆی دا[1] لێی دەخوازێتەوەو دەڵێ:

(الزمخشري)، گوتوویەتی: ئەم تەعبیرە (کە خوا ﷻ دەفەرموێ: وێنەی بەهەشتێک کە بەڵێندراوە بە پارێزکاران، ئنجا باس دەکات کە ڕووباری ئاوی تێدایە کە ساغ و سافەو، شیرێک کە تامەکەی نەگۆڕاوەو، شەرابێک کە چێژە بۆ خۆرەوانی، هەنگوینێکی پاڵفتە کراوو، هەموو جۆرە میوەیەک، دوایی دەفەرموێ: ﴿كَمَنْ هُوَ خَـٰلِدٌ فِى ٱلنَّارِ ﴾، وەک کەسێک وایە کە لە ئاگردا بە هەمیشەیی دەمێنێتەوە؟)، قسەیەکە لە شێوەی چەسپاندن (إثبات) دایە، بەڵام بە مانای لابردن و نکووڵیلێکردنە، چونکە چۆتە ژێر حوکمی قسەیەکەوە کە بە پیتی نکووڵیلێکردن دەستی پێ کردووەو، چۆتە نێو بازنەکەیەوە، ئەویش ئەوەیە کە خوای بەرز دەفەرموێ: ﴿ أَفَمَن كَانَ عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّهِۦ كَمَن زُيِّنَ لَهُۥ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ ﴾، وەک لێرەدا گوترابێ: ئایا وێنەی ئەو بەهەشتە، وەک ئەوە وایە کە لە ئاگردا هەمیشەیی دەبێ، واتە: وەک سزای کەسێک وایە، کە لە ئاگردا هەمیشەیی دەبێ؟!.

ئنجا ئەمە (محي الدين الدرويش)یش لە ئیبنول مونەییر (إبن المنيِّر) خواستوویەتەوەو دەڵێ: پێویستە یەک وشەی دیکە بۆ تەعبیرەکەی زیاد بکرێ: (أَمَثَلُ سَاكِنِ الجَنَّةِ، كَمَنْ هُوَ خَالِدٌ فِي النَّارِ؟ أَي: كَمَثَلِ جَزَاءِ مَنْ هُوَ خَالِدٌ فِي النَّارِ)، ئایا وێنەی نیشتەجێ بووی بەهەشت، وەک کەسێک وایە کە لە ئاگردا

---

(١) إعراب القرآن: ج٩، ص٢٠٩.

هەمیشـەیی دەبـێ، واتـە: ئایـا پاداشـتی کەسـێک کـە لـە بەهەشـتدا نیشـتەجێیە، وەک سـزای کەسـێک وایـە کـە لـە ئاگـردا هـەر مـاوە؟ بێگومـان نەخێـر.

کەواتـە: **(الزمخشري)** خاوەنـی تەفسـیری **(الكشـاف)**، ئـەم ئایەتـە دەبەسـتێتەوە بە ئایەتـی پێـش خۆیـەوە کـە دەفەرمـوێ: ﴿ أَفَمَن كَانَ عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّهِۦ كَمَن زُيِّنَ لَهُۥ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ وَٱتَّبَعُوٓاْ أَهْوَآءَهُم ﴾، ئایـا کەسـێک کـە لـە لەلایـەن پەروەدگاریـەوە لەسـەر بەڵگەیەکـی ڕۆشـنە، وەک کەسـێک وایـە کـە خراپەکـەی بـۆ ڕازێندراوەتـەوەو، کەوتوونـە شـوێن ئارەزووەکانیـان؟ دەڵـێ: تەعبیرەکـەی دواتریـش ﴿ مَّثَلُ ٱلْجَنَّةِ ﴾، لـە شـێوەی نیسـپات و چەسـپاندن دا هاتـوە، بـەڵام مەبەسـت پێـی نکووڵییلێکردنـە، واتـە: بـە دڵنیایـی پاداشـتی کەسـانێک کـە پارێـزکارن و دەچنـە نێـو ئـەو بەهەشـتانە، وەک سـزای ئەوانـەی لـە ئاگـردان، پێکـەوە بەرانبـەرو بـەراورد ناکرێـن و وەک یـەک نیـن.

دوو: لە ڕووی ڕێزمانییەوە، (**مَثَلُ الجَنَّةِ الَّتِي وُعِدَ المُتَّقُونَ**)، هەمووی نیهاد (مبتدأ) ەو گوزارە (خبر)ەکەی قرتێندراوە، وا تەقدیر دەکرێ: (**مَثَلُ الجَنَّةِ الَّتِي وُعِدَ المُتَّقُونَ، جَنَّةٌ فِيها أَنْهَارٌ مِن مَاءٍ غَيْرِ آسِنٍ**)، کەواتە: (**مَثَلُ الجَنَّةِ الَّتِي وُعِدَ المُتَّقُونَ**)، هەمووی نیهادەو گوزارەکەی بریتیە لە: (**جَنَّةٌ فِيها أَنْهَارٌ مِن مَاءٍ غَيْرِ آسِنٍ**)، باخێک کە ڕووبارانێکی ئاو زوڵاڵ و نەگۆڕاویان تێدان.

سێ: خوا ﷻ ئەو بەهەشتەی بۆ پارێزکارانی داناوە، هەم نازو نیعمەتی ماددیی تێدا باس کراون، بە پێنج بڕگەو، هەم ناز و نیعمەتی مەعنەوییش، بە یەک بڕگە:

أ- ناز و نیعمەتە ماددییەکان:

١)- ﴿ أَنْهَٰرٌ مِّن مَّآءٍ غَيْرِ ءَاسِنٍ ﴾، ڕووبار گەلێک لە ئاو، ئاوێکی ساف و زوڵاڵ، کە تام و ڕەنگ و بۆنی نەگۆڕاوە.

٢)- ﴿ وَأَنْهَٰرٌ مِّن لَّبَنٍ لَّمْ يَتَغَيَّرْ طَعْمُهُۥ ﴾، ڕووبار گەلێک لە شیر کە تامی نەگۆڕاوە، تامی تێک نەچووە.

٣)- ﴿ وَأَنْهَٰرٌ مِّنْ خَمْرٍ لَّذَّةٍ لِّلشَّٰرِبِينَ ﴾، ڕووبار گەلێک لە مەی (شەراب) کە چێژدارو بە چێژە بۆ خۆرەوانی.

٤)- ﴿ وَأَنْهَٰرٌ مِّنْ عَسَلٍ مُّصَفًّى ﴾، ڕووبار گەلێک لە هەنگوین، هەنگوینێکی پاڵفتە.

٥)- ﴿ وَلَهُمْ فِيهَا مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ ﴾، لە هەموو جۆرە میوەیەک بۆ ئەوان لەوێدا هەیە.

ب- لە ڕووی مەعنەوییشەوە: ﴿ وَمَغْفِرَةٌ مِّن رَّبِّهِمْ ﴾، لێبوردنێکی گەورەو شایستە لەلایەن پەروەردگاریانەوە، چونکە نەزانراو (**نكرة**) بوونی (**مغفرة**) لەم ڕەوت (**سياق**)ەدا ئەوە دەگەیەنێ.

بێگومان باشترین جۆری ئاو، ئەو ئاوەیە کە تام و بۆن و ڕەنگی نەگۆڕا بێ، بۆیە دەفەرموێ: ﴿ أَنْهَٰرٌ مِّن مَّآءٍ غَيْرِ ءَاسِنٍ ﴾.

باشترین جۆری شیریش ئەوەیە کە تامی نەگۆڕابێ و تێکنەچووبێ، بۆیە فەرموویەتی: ﴿ وَأَنْهَٰرٌ مِّن لَّبَنٍ لَّمْ يَتَغَيَّرْ طَعْمُهُۥ ﴾.

هەروەها باشترین جۆری شەراب ئەوەیە کە ئازارو سەر ئێشەو سەرخۆشیی بەدوادا نەیەت، بۆیە دەفەرموێ: ﴿ وَأَنْهَٰرٌ مِّنْ خَمْرٍ لَّذَّةٍ لِّلشَّٰرِبِينَ ﴾.

دیسان باشترین جۆری هەنگوینیش، ئەوەیە کە کەرەشان و مێوو مێشی مردووی تێنەکەوتبێ و ساف و ساغ بێ: ﴿ وَأَنْهَٰرٌ مِّنْ عَسَلٍ مُّصَفًّى ﴾.

باشترین جۆری میوەش ئەوەیە، کە هەموو جۆرەکانی میوە بن، نەک تەنیا جۆرێک یان دوو جۆر، یان چەند جۆرێکی دیاریکراو: ﴿ وَلَهُمْ فِيهَا مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ ﴾.

چوار: لە بارەی: ﴿ وَمَغْفِرَةٌ مِّن رَّبِّهِمْ ﴾ەوە، (**فخرالدين الرازي**) پرسیارێکی ورووژاندوە دەڵێ: پارێزکاران تاکو لێبوردنی پەروەردگاریان نەبینن، ناچنە بەهەشت، ئەدی یانی چی خوا ﷻ دوای ئەوەی باسی نازو نیعمەتەکانی بەهەشت دەکات، دەفەرموێ: ﴿ وَمَغْفِرَةٌ مِّن رَّبِّهِمْ ﴾؟

هەڵبەتە بە بۆ چوونی من وەڵامی پرسیارەکەی هێندە زەحمەت نیە، ئەویش ئەوەیە کە بگوترێ:

خوا ﷻ وێڕای ئەوەی ئەو نازو نیعمەتە ماددییانەیان دەداتێ، پێشیان دەفەرموێ: چاوپۆشییم لێتان کردو لێتان ڕازییم، وەک خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿وَرِضْوَانٌ مِّنَ اللَّهِ أَكْبَرُ ۝٧٢﴾ التوبة، ڕازیی بوونێک لە خواوە گەورەترە، واتە: گەورەترە لە بەهەشت و لەوەی کە لە بەهەشتدا هەیە، بەهەشتیش بۆیە خۆشە، چونکە ئەو شوێنەیە کە خوا بەهۆیەوە لە مرۆڤەکان ڕازیی دەبێ و دەیانخاتە ئەوێوە.

بەڵام بە هەرحاڵ ئەو وەڵامێکی هێناوە دەڵێ: ﴿وَمَغْفِرَةٌ مِّن رَّبِّهِمْ﴾، (أي: **لاَ قَبِيْحَ عَلَى الآكِلِ وَالشَّارِبِ، بَلْ مَسْتُورُ الْقَبَائِحِ مَغْفُورٌ**)، دەڵێ (**غفر**) بە مانای پۆشینە: عادەت وایە کە کەسێک شتێک دەخوات یان دەخواتەوە دوایی پاشەڕۆکی دەبێ، کە دەفەرموێ: ﴿وَمَغْفِرَةٌ مِّن رَّبِّهِمْ﴾، یانی: بڵێی پەروەردگاریان دەیانپۆشێ و ئەو خواردن و خواردنەوانەی لە بەهەشتدان، پاشەڕۆکیان نابێ و وانابێ پێی ناشیرین و قێزەون بن.

بەڵام وەک گوتم: خوا ﷻ زۆر جاران باسی ڕەزامەندیی خۆی دەکات و، باسی لێبوردەیی خۆی دەکات، باسی ڕەحمەت و بەزەیی خۆی دەکات و، باسی بەخششی خۆی دەکات، هەموو ئەو وشانە (**رضوان، مغفرة، رحمة، فضل**)، بەکاردێنێ، ئنجا هەرچەندە چوونە بەهەشت کۆتا قۆناغە، بەڵام خوا ﷻ لە شوێنی دیکەش دا، ئەو باس و خواسانە پاش و پێش دەکات، وەک لە فەرمایشتێکی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە: خوا ﷻ چەند جارێک بە بەهەشتییەکان دەفەرموێ: چیتان دەوێ؟ ئەوانیش دەڵێن: هەرچی پێویستە پێتداوین، دوای ئەوەی چەند جارێک دووبارەی دەکاتەوە، بە تایبەتیی بۆ شەهیدان، دەڵێن: داوامان هەر ئەوەیە جارێکی دیکە بچینەوە بۆ ژیانی دنیا لە پێناوی تۆدا

بجەنگین و بکوژرێین، خوای پەروەردگاریش پێیان دەفەرموێ: ئەوە لێتان ڕازیی بووم و، هەرگیز لێتان تووڕە نابم[1].

کەواتە: ئێمە لە بەهەشتیش پێویستیمان بە ڕەزامەندیی و لێبوردەیی و بەخشش و بەزەیی خوا ﷻ هەر هەیە، بەڵکو بەهۆی ئەو سیفەتانەی پەروەردگارەوە، ژیانی بەهەشت و بەهەشتییەکان، تام و چێژی هەیەو بەردەوامیش دەبێ.

(١) {عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: " إِنَّ اللَّهَ يَقُولُ لِأَهْلِ الْجَنَّةِ: يَا أَهْلَ الْجَنَّةِ. يَقُولُونَ: لَبَّيْكَ رَبَّنَا وَسَعْدَيْكَ. فَيَقُولُ: هَلْ رَضِيتُمْ؟ فَيَقُولُونَ: وَمَا لَنَا لَا نَرْضَى، وَقَدْ أَعْطَيْتَنَا مَا لَمْ تُعْطِ أَحَدًا مِنْ خَلْقِكَ؟ فَيَقُولُ: أَنَا أُعْطِيكُمْ أَفْضَلَ مِنْ ذَلِكَ. قَالُوا: يَا رَبِّ، وَأَيُّ شَيْءٍ أَفْضَلُ مِنْ ذَلِكَ؟ فَيَقُولُ: أُحِلُّ عَلَيْكُمْ رِضْوَانِي فَلَا أَسْخَطُ عَلَيْكُمْ بَعْدَهُ أَبَدًا "} (أخرجه البخاري: ٦٥٤٩)

مەسەلەی پێنجەم:

لـە بێبڕوایانـی دەغـەڵ کەسـانێک هـەن گـوێ بـۆ پێغەمبـەر ﷺ هەڵدەخـەن (دەگـرن)، بـەڵام هەرکـە چوونـە دەرێ، لـە زانایـان دەپرسـن: ئـەرێ ئێسـتا چـی گـوت؟ ئەوانـە خـوا ﷻ مـۆری بەسـەر دڵیانـەوە نـاوە، بـەڵام ڕێـی ڕاسـتگرتووان زیاتـر بەرچـاو ڕوونییـان پـێ دەدات و پارێزکارییەکیـش شایسـتەی ئەوانـە، پێیـان دەبەخشـێ:

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ وَمِنْهُم مَّن يَسْتَمِعُ إِلَيْكَ حَتَّىٰ إِذَا خَرَجُوا مِنْ عِندِكَ قَالُوا لِلَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ مَاذَا قَالَ آنِفًا ۚ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ طَبَعَ اللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ وَاتَّبَعُوا أَهْوَاءَهُمْ ﴿١٦﴾ وَالَّذِينَ اهْتَدَوْا زَادَهُمْ هُدًى وَآتَاهُمْ تَقْوَاهُمْ ﴿١٧﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ وَمِنْهُم مَّن يَسْتَمِعُ إِلَيْكَ ﴾، هەیانە گوێ بۆ تۆ هەڵدەخات، (**مِنْهُم، أي: مِنَ الكَافِرِينَ المُنَافِقِيْن**)، لە بێبڕوایانی دەغەڵ و مونافیق، بەچی دەزانین ئەوانە کافرە مونافیقەکانن؟ چونکە دەفەرموێ:

٢)- ﴿ حَتَّىٰ إِذَا خَرَجُوا مِنْ عِندِكَ ﴾، هەتا کاتێک لە لای تۆ چوونە دەر.

بێگومـان ئەوانـەی چوونـە مەجلیسـی پێغەمبـەرەوە ﷺ ئـەو دەغـەڵ و دووڕووانـە بـوون، کـە خۆیـان بـە مسـوڵمان پێشـان داوە، کافـران نەهاتوونـە مەجلیـس و کـۆڕی پێغەمبـەرەوە ﷺ! (**الإِسْتِمَاعُ: أَشَدُّ السَّمْعِ وَأَقْوَاهُ، أي: يُظْهِرُونَ الإهْتِمَامَ بِكَلاَمِكَ، وَهَذَا مِـن اسْتِعْمَالِ الفِعْلِ بِمَعنى إظهارِهِ**)، (إستماع)، بریتیـە لـە: توندترین شـێوەی گوێگرتن و بەهێزترینـی، واتـە: وا پێشـان دەدەن کـە زۆر گرنگیـی بـە قسـەکەی تـۆ دەدەن، لێـرەدا ئـەم وشـەیە ئـەو کـردارەی بەکارهێـنراوە، مەبەسـت پێـی ڕواڵەتەکەیـەتی و دەرخسـتنیەتی، نـەک خـودی کردەوەکـە، واتـە: ئـەوان بـە دڵ و بـە گیـان و بایـەخ

پێدانـەوە، گوێیـان نەگرتـوە، بـەڵام خۆیـان وا پێشـان داوە، کـە بـە دڵ و بـە گیـان گوێـی لـێ دەگـرن، ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا خَرَجُواْ مِنۡ عِندِكَ ﴾، (يَعنـي: حتَّـى إذا غَـادَروا مَجلِسَـكَ في المَسْـجِدِ وَغَـيرِه)، واتـە: هەتـا کاتێـک کـە مەجلیـس و کـۆڕی تۆیـان بـە جێهێشـت، کـە پێغەمبـەر ﷺ لـە مزگـەوت و جگـە لـە مزگـەوت دانیشـتوە، ئەوانیـش لـەو بازنەیـەی کـۆڕو مەجلیسـە چوونـە دەرێ.

٣)- ﴿ قَالُواْ لِلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ مَاذَا قَالَ ءَانِفًا ﴾، بەوانەیان گوت: کە زانیارییان پێدراوە، ئەرێ ئێستا چی گوت؟ واتە: بە هاوەڵانیان گوتوە، هاوەڵانێک کە شارەزاتر بوون زۆر لە خزمەتی پێغەمبەر ﷺو کۆڕو مەجلیسی دا دانیشتوون: ئەرێ ئێستا چی گوت؟ (آنِفاً، أي: وَقْتاً قَرِيْباً مِنْ زَمَنِ التَّكَلُّم، وَلَمْ تَرِد إلاَّ مَنْصُوبَةً عَلَى الظَّرْفِيَّة)، (آنِفاً)، هەر بە مەنصووبی هاتوە، لەبەر ئەوەی زەرفە، (وەک تووەرەکەیەک ناوی کاتە، شتێکی تێدا ئەنجام دەدرێ)، (آنفا)، ئەو کاتەیە لەو کاتەوەی قسەی تێدا دەکرێ، زۆر نزیکە، یانی: هەر ئێستا و پێش ئێستا چی گوت؟ ئەو پرسیارکردنەش سێ ئەگەری هەن:

یەکەم: دەگونجێ بۆ پرسیارکردنی ڕاستەقینە بێ، واتە: مەبەستیان بووبێ کە پێغەمبەر ﷺ چی گوت؟ لەبەر ئەوەی خۆ بە زلگرتن و لە خۆ ڕازیی بوون، ڕێی لێ گرتبوون و بوو بووە پەردەیەک، کە باش لە فەرمایشتەکانی پێغەمبەر ﷺ تێ نەگەن، بۆیە ناچار بوون بپرسن: ئەرێ چی گوت؟ تێ نەگەیشتین!

دووەم: دەگونجێ بۆ بە کەم تەماشا کردن بێ، واتە: ئەو قسانە چی بوون! هیچ نەبوون، ئەوە چی گوت؟ جاری وایە تۆ بە کەسێک دەڵێی: ئەوە چی گوت؟ یانی: ئەو قسەکەی هیچ نیە، بێ بایەخەو بێ نێوەڕۆکە، شایستەی گوێ لێگرتن نیە.

سێیەم: ئەگەریش هەیە مەبەست پێی گاڵتە پێکردن بووبێ، واتە: ئەو قسانە چین دەیکەن، ئەرێ ئەوە چی گوت؟! وەک گاڵتە پێکردن، کەواتە: هەم دەگونجێ بۆ بە پرسیاکردنی ڕاستەقینە بێ، هەم دەگونجێ بۆ بە کەم تەماشاکردن بێ، هەم دەگونجێ بۆ گاڵتە پێکردن بێ، بۆیە خوا ﷻ دەفەرموێ:

٤)- ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ طَبَعَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ ﴾، ئەوانە کەسانێکن خوا ﷻ مۆری بەسەر دڵەوە ناون، واتە: وەک چۆن نامەیەک مۆر دەکرێ و دادەخرێ، تازە هیچی دیکەی تێدا نانووسرێ، دڵی ئەوانەش تازە بەستراوەو، هیدایەتی ناچێتێ.

٥)- ﴿ وَٱتَّبَعُوٓاْ أَهۡوَآءَهُمۡ ﴾، هەروەها کەوتوونە شوێن ئارەزووەکانی خۆیان، کەواتە: هەم لە ڕووی عیلمییەوە تێکچوون و دڵیان هیدایەت وەرناگرێ، هەم لە ڕووی کردەییەوە تێکچوون و بە دوایی ئارەزوو دەکەون.

٦)- ﴿ وَٱلَّذِينَ ٱهۡتَدَوۡاْ زَادَهُمۡ هُدٗى وَءَاتَىٰهُمۡ تَقۡوَىٰهُمۡ ﴾، (بەڵام بە پێچەوانەوە) ئەوانەی ڕێی ڕاستگرتوون، (کە بڕوادارانن، خوا ﷻ) ڕێنماییان بۆ زیاد دەکات، یاخود ڕێی ڕاست گرتنیان بۆ زیاد دەکات و، پارێزکارییەکیش کە شایستەی خۆیانە، پێیان دەدات، واتە: هۆکارەکانیان بۆ ئاسان دەکات.

کەواتـە: ﴿ وَٱلَّذِينَ ٱهۡتَدَوۡاْ زَادَهُمۡ هُدٗى وَءَاتَىٰهُمۡ تَقۡوَىٰهُمۡ ﴾، مانایەکـەی دەگونجـێ ئـاوا تەعبیـری لـێ بکـرێ: (**وَالَّذِيـنَ قَبِلُـوا هُـدَى اللـهِ، لَطَـفَ اللهُ بِهِـمْ، فَزَادَهُـم هُـدًى ورَسَّـخَ الإِيْمَـانَ فِي قُلوبِهِـم، ووَفَّقَهُـم للتَّقْـوَى**)، واتـە: ئەوانـەی ڕێنمایـی خوایـان وەرگرتـوە، خـوا لوتفـی لەگـەڵ کـردوون، ڕێنمایـی و ڕاسـتە ڕێـی بـۆ زیـاد کـردوون، ئیمانـی زیاتـر لـە دڵـدا چەسـپاندوون و، واشـی لـێ کـردوون پارێزکاریـی وەک سـیفەتێکی ڕۆچـوو لـە خۆیانـدا بەکاربێنـن.

کەواتـە: لـەم دوو ئایەتـە موبارەکـەدا، خـوا ﷻ بەراوردێـک دەکات لـە نێـوان بێبڕوایانـی دەغـەڵ و بڕوادارانـی ڕاسـتەقینەداو، بێبڕوایانـی دەغـەڵ بـە دوو سـیفەتان وەسـف دەکات:

١- لە ڕووی زانیارییەوە، دەفەرموێ: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ طَبَعَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ ﴾، ئەوانە کەسانێکن خوا ﷻ مۆری بەسەر دڵەوە ناون، واتە: هیچ زانیاریی وەرناگرن.

٢- لە ڕووی کردەوەی باشیشەوە: ﴿ وَٱتَّبَعُوٓاْ أَهۡوَآءَهُمۡ ﴾، کەوتوونە شوێن ئارەزووەکانی خۆیان، لە جیاتی ئەوەی بکەونە دوایی شەریعەت، کە بێگومان هەم مۆر بە دڵەوە نران

و، هەم کەوتنە بە شوێن ئارەزووەکانیان، هەردووکیان بەرهەمی ئەو کوفرو نیفاق و دەغەڵییەن کە لە دڵیاندا جێگیر بووە.

هەروەها بڕوادارانیش، خوا ﷻ بە دوو وەسفان، وەسفی کردوون:

١- ﴿ زَادَهُمْ هُدًى وَءَاتَىٰهُمْ تَقْوَىٰهُمْ ﴾، واتە: لە ڕووی تێفکرین و زانیارییەوە، خوا ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ڕێنمایی و ڕاستە ڕێ بوونیان بۆ زیاد دەکات.

٢- لە ڕووی کردارییشەوە، سیفەتی تەقوایان پێدەدات، تەقواش بریتیە لە پابەندیی بەوەوە کە خوا ﷻ فەرموویەتی، (سلْبَاً وَإِيجَابَاً) واتە: پابەندبن بە شەریعەتی خواوە، هەرچی شەریعەت قەدەغەی کردوە، خۆیانی لێ بە دوور بگرن و، هەرچی شەریعەت فەرمانی پێکردوە، جێبەجێی بکەن.

مەسەلەی شەشەم:

بێبڕوایـان جگـە لـە هاتنـی ئاخیـر زەمـان بـە کـت و پڕیـی، نابـێ چاوەڕێـی هیچـی دیکـە بکـەن، چونکـە بەشـێک لـە نیشـانەکانی هاتـوون و، هـەر کاتێکیـش ڕوویـدا، ناتوانـن پەنـد وەربگـرن و ڕاسـتییەکانیان بیـر بکەوێتـەوە:

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ فَهَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا ٱلسَّاعَةَ أَن تَأْتِيَهُم بَغْتَةً فَقَدْ جَآءَ أَشْرَاطُهَا فَأَنَّىٰ لَهُمْ إِذَا جَآءَتْهُمْ ذِكْرَىٰهُمْ ﴿١٨﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿ فَهَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا ٱلسَّاعَةَ أَن تَأْتِيَهُم بَغْتَةً ﴾، ئنجا چاوەڕێی چی دەکەن جگە لە کاتەکە، ئاخیر زەمان، کە کتوپڕ بۆیان بێ!

لێـرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ فَهَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا ٱلسَّاعَةَ أَن تَأْتِيَهُم بَغْتَةً ﴾، **(الإسْـتِفْهَامُ مَشُـوبٌ بِتَهَكُّـمٍ، وَهُـوَ إنْـكَارِيٌّ مُوَجَّـهٌ إلى الرَّسُـولِ، وَالْمُـرَادُ بِـهِ غَـيْرُهُ)**، واتـە: ئایـا چاوەڕێـی چـی دەکـەن، جگـە لـە ئاخیـر زەمـان، ئـەو کاتـەی دنیـای تێـدا کۆتـا دێ، ئـەم پرسـیارکردنە تێکەڵـە لەگـەڵ گاڵتـە پێکـردن و، پرسـیارکردنی نکووڵیلێکەرانەیـە، ڕووی کردۆتـە پێغەمبـەر ﷺ و مەبەسـت پێـی جگـە لـەوە.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ أَن تَأْتِيَهُم بَغْتَةً ﴾: **(حَـالٌ مِـنَ السَّـاعَةِ)**، واتـە: ئەمـە حاڵـە لـە **(سـاعة)**، چاوەڕێـی چـی دەکـەن کـە ئـەو ئاخیـر زەمانـە بۆیـان بـێ؟ لـە نـاکاوو بـێ ئـەوەی پێشـەکیی هەبـن و، بـە پلـە پلەیـی نایـەت و کتوپـڕ دێ.

٢)- ﴿ فَقَدْ جَآءَ أَشْرَاطُهَا ﴾، بە دڵنیایی نیشانەکانی هاتوون، واتە: هەندێ لە نیشانەکانی هاتوون، ئەو نیشانانەی هاتوون کە خەڵک بزانێ ئاخیر زەمان دێ، زانایان لەو بارەوە زۆر قسەیان کردوون، بۆ وێنە:

١- یەکێک لە نیشانەکان ئەوەیە کە خوا مرۆڤی خوڵقاندوون و، ئەوانیش چاک و خراپیان تێدایە، ئەوەش خوازیاری ئەوەیە دەبێ لێپرسینەوەو سزاو پاداشت هەبێ، واتە: هەر دروستکرانی مرۆڤ، یەکێکە لە نیشانەکان هاتنی ئاخیر زەمان و قیامەت.

٢- دابەزاندنی قورئان.

٣- ناردنی پێغەمبەری کۆتایی ﷺ، کە لە دوایی ئەو هیچ پێغەمبەری دیکە نایەن.

٤- لەت بوونی مانگ، وەک لە صەحیحی بوخاریی و صەحیحی موسلیم دا[1] هاتوە.

ئەوانە چەند نیشانەیەکن کە هاتوون، ئەو کاتەی خوا ﷻ ئەوەی فەرمووە.

هەڵبەتـە دواییـش لـە فەرمایشـتی پێغەمبـەردا ﷺ هاتـوەو، باسـی نیشـانەی دیکەشـی کـردوون، ژمارەیـەک لـە وردە نیشـانەکانیش هاتـوون، ئـەوەش کـە لـە فەرمایشـتێکدا هاتـوە کـە دەفەرمـوێ: ئاخیـر زەمـان نایـەت تاکـو دە (١٠) نیشـانان نەبینـن، ئەوانـە جـارێ بـە تەئکیـد نەهاتـوون، چونکـە هـەر کاتێـک ئـەو نیشـانانە سـەرەتایان دەسـتی پێکـرد، وەک چـۆن ملوانکەیـەک دەپچـڕێ و دەنکەکانـی بەدوایدا دەکـەون، ئـاوا نیشـانە گـەورەکان بـە دوایـی یەکـدا دێـن.

ئنجا ئێمـە لـە هـەر کام لـە تەفسـیری سـوورەتی **(الأنعـام)**دا، لـەو شـوێنەی باسـی هاتنـی ئاخیـر زەمـان دەکات، ئایـەتی (١٥٨).

هەروەهـا لـە سـوورەتی **(الأعراف)**یشـدا، دیسـان باسـێکمان کـردوە لـە بـارەی نیشـانەکانی ڕۆژی دواییـەوە.

لـە سـوورەتی **(الأنعـام)** لـە تەفسـیری ئـەو ئایەتـەدا کـە خـوا ﷻ دەفەرمـوێ:
﴿هَلۡ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن تَأۡتِيَهُمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ أَوۡ يَأۡتِيَ رَبُّكَ أَوۡ يَأۡتِيَ بَعۡضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَۗ يَوۡمَ يَأۡتِي بَعۡضُ

---

(١) [عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ: انْشَقَّ الْقَمَرُ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ شِقَّتَيْنِ، فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «اشْهَدُوا»] (أخرجه البخاري: ٢٦٣٦)

ءَايَٰتِ رَبِّكَ لَا يَنفَعُ نَفْسًا إِيمَٰنُهَا لَمْ تَكُنْ ءَامَنَتْ مِن قَبْلُ أَوْ كَسَبَتْ فِىٓ إِيمَٰنِهَا خَيْرًا قُلِ ٱنتَظِرُوٓا۟ إِنَّا مُنتَظِرُونَ ﴿١٥٨﴾ ﴾، واتـە: ئایا چاوەڕێـی چـی دەکـەن، کـە فریشـتەکان بێـن، یـان پـەروەردگارت بـێ، یـان هەنـدێ لـە نیشـانەکانی پـەروەردگارت بێـن، ئـەو ڕۆژەی هەنـدێ لـە نیشـانەکانی پـەروەردگارت دێـن، هیـچ کەسـێک سـوود لـە بـڕوا هێنانەکـەی نابینـێ کـە پێشـتر بـڕوای نەهێنابـێ، یـان بـە پێـی بـڕوا هێنانەکـەی کـردەوەی باشـی نەکردبـێ، بڵـێ: چـاوەڕێ بـن ئێمـەش چاوەڕێیـن.

لـە سـوورەتی (**الأعراف**)یـش لـە تەفسـیری ئـەو ئایەتـەدا، کـە خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلسَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَىٰهَا ۖ قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ رَبِّى ۖ لَا يُجَلِّيهَا لِوَقْتِهَآ إِلَّا هُوَ ۚ ثَقُلَتْ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ لَا تَأْتِيكُمْ إِلَّا بَغْتَةً ۗ يَسْـَٔلُونَكَ كَأَنَّكَ حَفِىٌّ عَنْهَا ۖ قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ ٱللَّهِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٨٧﴾ ﴾، لەوێشـدا لـەو بـارەوە کورتـە باسـێکمان کـردوە.

٣)- ﴿ فَأَنَّىٰ لَهُمْ إِذَا جَآءَتْهُمْ ذِكْرَىٰهُمْ ﴾، لە کوێ، یاخود: چۆن کاتێک ئاخیر زەمانیان بۆ هات، کتوپڕ، بیریان دەکەوێتەوە، یان: پەند وەردەگرن؟ کە دەفەرموێ: ﴿ فَأَنَّىٰ لَهُمْ إِذَا جَآءَتْهُمْ ذِكْرَىٰهُمْ ﴾، (يَعْني: **كَيْفَ وَمِنْ أَيْنَ لَهُمُ التَّذَكُّرُةُ والإتّعَاظُ بَعْدَ مَجيئِهَا؟**)، چۆن و لە کوێوە پەند وەردەگرن و بیر دەکەنەوە، کاتێک کە هات، تازە فریای هیچ شتێک ناکەون، پێغەمبەریش ﷺ لەو بارەوە دەفەرموێ: {**بُعِثْتُ أَنَا وَالسَّاعَةَ كَهَاتَيْنِ وَأَشَارَ بِالوُسْطَى وَالسَّبَّابَةِ**} (**أخرجه البخاري: ٦٥٠٤، مسلم: ٢٩٥١، الترمذي: ٢٢١٤**)، واتە: من و ئاخیر زەمان ئاوا هاتووین، ئاماژەی کرد بە پەنجەی نێوەڕاستی و پەنجەی شایەتمانی.

مەسەلەی حەوتەم و کۆتایی:

فەرمانکردنی بە پێغەمبەر ﷺ کە بەردەوام بێ لەسەر زانینی یەکتایی خوا لە پەرستراندا، داوای لێبوردن کردنی لە خوا، بۆ گوناهی خۆی و بڕوادارانی پیاو و ئافرەت و، زانینی ئەوەش کە خوا ﷻ جموجۆڵ و هەڵس و کەوت و نشینگەکانیشیان دەزانێ:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ فَاعْلَمْ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللَّهُ وَاسْتَغْفِرْ لِذَنبِكَ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ ۗ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مُتَقَلَّبَكُمْ وَمَثْوَاكُمْ ﴿١٩﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿ فَاعْلَمْ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللَّهُ ﴾، بزانە کە جگە لە خوا، هیچ پەرستراوێک نیە، واتە: بەردەوام بە لەسەر ئەوە، نەک تاکو ئێستا نەیزانیوەو ئێستا بزانێ، واتە: بەردەوام بە لە دەرککردنی ئەو ڕاستییە، کە جگە لە خوا ﷻ هیچ کەسێک و هیچ شتێک شایستەی پەرستران نیە.

٢)- ﴿ وَاسْتَغْفِرْ لِذَنبِكَ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ ﴾، داوای لیبوردنیش بۆ گوناهی خۆت و بۆ گوناهی پیا وانی بڕوادارو ئافرەتانی بڕواداریش بکە.

ئەمە گرنگیی پێدانە بە ئافرەتانی بڕوادار لەم مەقامەدا، چونکە لە هەر شوێنێک دا خوا ﷻ فەرموو‌بێتی: (**مؤمنون**) یان (آمنوا) یان (**مؤمنين**) مەبەست پێی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێیە، بەڵام لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ ﴾، ئەمە زیاتر گرنگیی پێدانە بە ڕەگەزی مێ، بە ئافرەتانی بڕوادار.

٣)- ﴿ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مُتَقَلَّبَكُمْ وَمَثْوَاكُمْ ﴾، خواش ﷻ دەزانێ ئەو شوێنەی جموجۆڵ و هەڵسوکەوتی تێدا دەکەن و نشینگەشتان، (**المُتَقَلَّب: اسْم مَكَان**)، (**مُتَقَلَّب**) ناوی شوێنە، ئەو شوێنەی تێیدا دێن و دەچن، دەشگونجێ: چاوگی میمیی بێ، واتە: هەڵسوکەوت

و هاتن و چوونی ئێوە دەزانێ، ﴿وَمَثْوَىٰكُمْ﴾، (المثوى: المرجع والمئال)، ئەو شوێنەی مرۆڤ بۆی دەگەڕێتەوە، تێیدا پشوو دەدات و، تێیدا نیشتەجێ دەبێ.

لە بارەی ئەوەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێکراوە، داوای لێبوردن بۆ گوناهی خۆی و، بۆ گوناهی پیا وانی بڕوادارو ئافرەتانی بڕواداریش بکات، پێشتر باسمان کرد کە گوناهی پێغەمبەر ﷺ مەبەست پێی ئەو گوناهە نیە، بەو چەمک و واتایەی بۆ خەڵکی دیکە، بەکاردێ، شتێک دەزانن خوا پێی ناخۆشەو دەشیکەن، بەڵکو مەبەست پێی جۆرێک لە بێئاگایی و، جۆرێک لە هەڵسوکەوت بووە کە پێغەمبەر ﷺ تێیدا نەیپێکاوەو، بۆ مەقامی بەرزی ئەو بە گوناه دانراوە، ئەگەرنا لە ڕاستییدا کاتێک مرۆڤ کۆشش دەکات و لە ئیجتیهادەکەیدا نایپێکێ، پاداشتی هەر هەیە، پاداشتێک و، ئەگەر بیپێکێ، دوو پاداشتی هەن، بەڵام بۆ پێغەمبەر ﷺ مەقامی هێندە بەرز بووە، ئەو وردە شتانەش بۆ ئەو بە گوناه لە قەڵەم دراون، لەو بارەوە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {**إِنِّي لَأَسْتَغْفِرُاللهَ فِي اليَومِ سَبْعِينَ مَرَّة**} (**أخرجه الترمذي: ٣٢٥٩، وعبدالرزاق: ٢ج، ص١٨٢، والبيهقي في الشعب: ٤٣٧، وَأَصْلُهُ عِنْدَ البُخَارِيِّ**) واتە: من ڕۆژی حەفتا جار داوای لێبوردن لە خوا دەکەم.

کە دەفەرموێ: ﴿فَاعْلَمْ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ﴾:

١)- یانی: لەسەر خوا بە یەککرتن بەردەوام بە، وەک: (**إِهْدِنَا الصِّرَاطَ المُسْتَقِيم**)، ڕێی ڕاستمان پێشان بدەو، بمانخە سەر ڕێی ڕاست، واتە: بەردەوامان بکە لەسەر ڕێی ڕاست.

٢)- یاخود: (**زِد عِلْمَاً فِي تَوحِيدِكَ، وَارْتَقِ فِي دَرَجَاتِ الإِيمَان**)، لە خوا بە یەکگرتنەکەتدا زانیاریی دیکە زیاد بکەو، بە پلەکانی ئیماندا زیاتر سەربکەوە.

٣)- واتایەکی دیکەی ئەوەیە: با خوا ﷻ تاکە پەنات بێ و، لە کاتی تەنگانەدا تەنیا پەنا بەو بگرە.

(**الطبري**)[1] دەڵێ: (**فَاعْلَم يَا مُحَمَّد! أَنَّهُ لا مَعْبودَ تَنْبَغِي أَو تَصْلُحُ لَهُ الأُلوهَةُ، وَيَجوزُ لَكَ وَلِلخَلقِ عِبَادَتهُ إلاَّ اللهُ الَّذِي هُوَ خَالِقُ الخَلْقِ، وَمَالِكُ كُلِّ شَيءٍ يَدِينُ لَهُ**

(١) ج٢٦، ص٥٤-٥٥.

بِالرُّبُوبِيَّةِ كُلُّ مَا دُونَهُ، وَسَلْ رَبَّكَ غُفْرَانَ سَالِفِ ذُنُوبِكَ وَحَادِثِهَا، وَذُنُوبَ أَهْلِ الإِيمَانِ بِكَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاءِ)، واتە: ئەی موحەممەد! بزانە هیچ پەرستراوێک نیە، شایستەی بەندایەتیی بۆ کران بێ و، بۆ تۆو دروستکراوەکانی دیکە، شایستەی ئەوە بێ بەندایەتیی بۆ بکەن، جگە لە خوا، کە بە دیهێنەری بە دیهێنراوەکانەو، خاوەنی هەموو شتێکەو، جگە لە خۆی هەموو شتێک بۆی ملکەچەو، تۆ داوای لێبوردن بۆ هەڵەو کەم و کوڕییەکانی ڕابردوو و تازەی خۆت بکە، هەروەها بۆ گوناهو تاوانەکانی ئیمانداران، کە بڕوایان بە تۆ هێناوە لە پیاوان و ئافرەتان.

کۆتایی ئەم دەرسەشمان بەم دەقە دێنین:

{عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ سَرْجِس قَالَ: أَكَلْتُ مَعَ رَسُولِ اللهِ ﷺ فَقُلْتُ: غَفَرَاللهُ لَكَ يَا رَسُولَ اللهِ، فَقَالَ لَهُ صَاحِبِي: هَلِ اسْتَغفَرَ لَكَ النَّبِيُّ ﷺ قَالَ: نَعَم ولَكَ، ثُمَّ قَرَأَ: ﴿وَٱسْتَغْفِرْ لِذَنۢبِكَ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ﴾، ثُمَّ تَحَوَّلْتُ فَنَظَرتُ إِلى خَاتَمِ النُّبُوَّةِ بَيْنَ كَتِفَيْهِ جُمْعَاً عَلَيْهِ خِيلانٌ، كَأَنَّهُ الثَّالِيلُ}، (أخرجه مسلم: ٢٣٤٦، والترمذي في الشمائل: ٢٣، والنسائي: ٥١٦)، واتە: عەبدوڵلای کوڕی سەرجیس (خوا لێی ڕازی بێ) دەڵێ: لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ خواردنم دەخوارد، پێم گوت: ئەی پێغەمبەری خوا! ﷺ خوا لێت ببوورێ، دوایی هاوەڵەکەم پێی گوت: ئایا پێغەمبەری خوا ﷺ داوای لێبوردنی بۆ تۆ کرد؟ گوتی: بەڵێ، بۆ تۆش، ئنجا ئەو ئایەتەی خوێندەوە: ﴿وَٱسْتَغْفِرْ لِذَنۢبِكَ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ﴾، [یانی: مادام خوا ﷻ فەرمانی پێ کردوە، دیارە فەرمانی خوای جێبەجێ کردوە]، دواتر خۆم سووڕاند تەماشای مۆری پێغەمبەرایەتییم کرد، لە نێو هەردوو شانی پێغەمبەردا ﷺ بوو، وەک پارچە گۆشتێکی هەڵتۆقیو، خاڵی پێوە بوون، خاڵەکان وەک بالووکەی گچکە بوون.

کورتە باسێک دەربارەی پێویست بوونی پەیداکردنی زانیاریی لە بارەی تەنیا پەرستراوێتیی خواوە

ئەم کورتە باسە، لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ڕستە بە پێزەی ئەو ئایەتە موبارەکەی ژمارە: (١٩)دا، کە پێشتر تەفسیرمان کردو، شیمان کردەوە، پێشکەش دەکەین، کە دەفەرموێ: ﴿ فَاعْلَمْ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللَّهُ ﴾، بزانە کە جگە لە خوا ﷻ هیچ پەرستراوێک نیە، واتە: هیچ پەرستراوێک نیە شایانی پەرستن بێ.

ئەم کورتە باسە، لە سێ بڕگەدا دەخەینە ڕوو:

ا)- لەسەر پێغەمبەر ﷺ پێویستکراوە، کە زانیاریی بە یەکتایی خوا لە پەرستراوێتیی دا هەبێ:

لێرەدا پرسیارێک دەکرێ:

ئایا موحەممەد ﷺ هەر لە سەرەتاوە، بەر لەوەی وەحییشی بۆ بێ، نەیزانیوە کە خوا ﷻ تاکە بەدیهێنەرو پەروەردگارو خاوەن ئەم گەردوونەو دروستکراوانە، بە سەرو خواریانەوەو بە مرۆڤیشەوە؟

بە دڵنیایی، با، زانیویەتی، بەڵام ئایا ئەو پێغەمبەرە سەروەرە ﷺ ئەوەی کە لە ڕێی وەحییەوە نەبێ نازانرێ، لە بارەی تەنیا پەرستراوێتیی خواوە زانیویەتی؟ بە تەئکید نەخێر، چونکە ئەگەر موحەممەد ﷺو، پێغەمبەرانی دیکە، ئەوەی لە دوای وەحییەوە نەبێ نەیانزانیوە، پێش وەحییش زانیبایان، کەواتە: گرنگیی و بایەخی وەحیی لە چیدا بوو؟ بۆیەش ئەو قسەیە دەکەم، چونکە هەندێک کەس کە عاتیفەو سۆز بەسەر عەقڵ و لۆژیکیاندا زاڵ دەبێ، پێیان وایە ئەوە نوقسانییە پاڵ بدرێتە لای پێغەمبەری خاتەم ﷺ کە بگوترێ: بەر لەوەی خوا

بیکاتە پێغەمبەرو وەحیی بۆ بنێرێ، ئەو شتانەی زانینیان پەکی لەسەر وەحیی کەوتوە، نەیزانیون، بەڵام دەبێ ئەوە لە شتە ئاشکراو بەڵگە نەویستەکان بێ، چونکە ئەگەر پێغەمبەر ﷺ و هەموو پێغەمبەرانی دیکە (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام) بەبێ سروش بۆ کران و بەبێ ئەوەی خوا پەیامی تایبەتی خۆیان بۆ بنێرێ، ئەو شتانەیان زانیبایە، کە لە ڕێی وەحییەوە نەبێ نازانرێن، ئەو کاتە خوا ﷻ وەحیی بۆ نەدەناردن، بەڵام خوا ﷻ لە سوورەتی (النساء)دا دەفەرموێ: ﴿إِنَّآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ كَمَآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ نُوحٖ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ مِنۢ بَعۡدِهِۦۚ وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ وَٱلۡأَسۡبَاطِ وَعِيسَىٰ وَأَيُّوبَ وَيُونُسَ وَهَٰرُونَ وَسُلَيۡمَٰنَۚ وَءَاتَيۡنَا دَاوُۥدَ زَبُورٗا ﴿١٦٣﴾ وَرُسُلٗا قَدۡ قَصَصۡنَٰهُمۡ عَلَيۡكَ مِن قَبۡلُ وَرُسُلٗا لَّمۡ نَقۡصُصۡهُمۡ عَلَيۡكَۚ وَكَلَّمَ ٱللَّهُ مُوسَىٰ تَكۡلِيمٗا ﴿١٦٤﴾ رُّسُلٗا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى ٱللَّهِ حُجَّةُۢ بَعۡدَ ٱلرُّسُلِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمٗا ﴿١٦٥﴾﴾، مەبەستم ئەو دێڕەی دواییە کە دەفەرموێ: بۆیە وەحییمان ناردوە بۆ تۆش و بۆ نووح و بۆ هەموو پێغەمبەرانی دیکە (عَلَيْهِم الصَّلَاةُ وَالسَّلَام)، کە لە دوای نووحەوە هاتوون، کە ناوی دوازدەیان دێنێ لەو سیاقەدا، بۆ ئەوەی خەڵک لە دوای ڕەوانەکرانی پێغەمبەران، بەڵگەی نەبێ لەسەر خوا ﷻ، بەڵام لێرەدا کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ ﴾، واتە: لەسەر ئەو زانیارییەی هەتە بەردەوام بە، یاخود ئەو زانیارییە زیاتر بکە، بە بیرکردنەوەی زیاترو، بە تاعەت ئەنجامدانی زیاترو، بە ملکەچیی زیاتر بۆ خواو، بە زیاتر تەماشاکردنی دروستکراوەکانی خواو تێڕامانیان و، بە زیاتر سەرنجدانی هەردووک کتێبی بیتراوو بیستراوی خوا، کە زیاتر جێی سەرنج و تەماشان، زیاتریش داوا لە خوا بکە، کە زانیارییت بۆ زیاد بکات، وەک خوا ﷻ لە سوورەتی (طه)دا، دەفەرموێ: ﴿وَقُل رَّبِّ زِدۡنِي عِلۡمٗا ﴿١١٤﴾﴾، واتە: بشڵێ: پەروەردگارم زانیارییم بۆ زیاد بکە.

هەڵبەتە زانیارییش بە یەکتایی خواو تەنیا پەرستراوێتیی خوا، یەک شت نیەو، پلە پلەیە، هەمیشە خواش ﷻ پێغەمبەرانی (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام) بە

گشتیی و بـە تایبەتـی سـەروەرو پێشـەوایان موحەممـەد ﷺ هەڵنـاوەو هانـداوە، کـە لـە هەمـوو شـتێکدا بگاتـە لووتکەیەکـی هـەرە بـەرز، کـە بـۆ مـرۆڤ شایسـتەیەو، لـە توانـای مرۆڤدایـە.

ئەوە بە نسبەت موحەممەد ﷺ خۆیەوە، ئەدی بە نسبەت ئوممەتەکەیەوە؟

خـوای پـەروەردگار لە سـوورەتی (**الأعراف**)، لـە ئایەتـی (١٥٨)دا، دەفەرمووێ: ﴿ قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا ٱلَّذِى لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ يُحْىِۦ وَيُمِيتُ فَـَٔامِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِ ٱلنَّبِىِّ ٱلْأُمِّىِّ ٱلَّذِى يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَكَلِمَٰتِهِۦ وَٱتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ (١٥٨) ﴾، مەبەسـتم دێـڕی کۆتاییـە: شـوێنی بکـەون بەڵکـو ڕێـی ڕاسـت بگـرن.

هەروەهـا لـە سـوورەتی (**النـور**)دا خـوا ﷻ دەفەرمـووێ: ﴿ قُلْ أَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُوا۟ ٱلرَّسُولَ ۖ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَإِنَّمَا عَلَيْهِ مَا حُمِّلَ وَعَلَيْكُم مَّا حُمِّلْتُمْ ۖ وَإِن تُطِيعُوهُ تَهْتَدُوا۟ ۚ وَمَا عَلَى ٱلرَّسُولِ إِلَّا ٱلْبَلَٰغُ ٱلْمُبِينُ (٥٤) ﴾، مەبەسـتم ڕسـتەی: ﴿ وَإِن تُطِيعُوهُ تَهْتَدُوا۟ ﴾یـە، ئەگـەر گوێڕایەڵیـی و فەرمانبەریـی پێغەمبـەر ﷺ بکـەن، ڕێـی ڕاسـت دەگـرن، کەواتـە: ئوممەتەکەشـی لەسـەری پێویسـتەو، هەرچـی پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ پێـی پابەنـد کـراوە، ئوممەتەکەشـی بـە هەمـان شـێوە، مەگـەر بـە نیشـانەو بەڵگەیەکـی ڕوون و بـێ چەنـدو چـوون، تایبـەت کرابـێ بـە پێغەمبـەرەوە ﷺ، ئەگەرنـا پێغەمبـەر ﷺ سـەر مەشـقی ئوممەتەکەیەتـی.

هەروەهـا خـوا ﷻ دەفەرمـووێ: ﴿ قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِى يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (٣١) ﴾ **آل عمـران**، بڵـێ: ئەگەر خواتان خۆشـدەوێ، شـوێنم بکـەون، خـواش خۆشـیدەوێن، کەواتـە: هـەم لەسـەر پێغەمبـەری خاتەم ﷺ پێویسـت بـووەو، هـەم لەسـەر ئوممەتەکەشـی کـە هەرچـی زیاتـر، هەوڵـی بەدەسـت هێنانـی زانیاریـی بـدەن، لـە بـارەی تەنیـا پەرسـتراوێتیی خـواوە، پەرسـتن وەک پێشـتریش باسـمان کـردوە، بـە چەمـک و واتـای ڕاسـتەقینەو فراوانـی، واتـە:

١- ئەوپەڕی خۆشویستن.

٢- ئەوپەڕی بە مەزن و گەورەگرتن.

٣- ئەوپەڕی بە بەرزگرتن.

٤- ئەوپەڕی ملکەچیی بۆ کردن.

٥- ئەوپەڕی پشت پێ بەستن.

٦- ئەوپەڕی سام و هەیبەت بەرانبەر هەبوون.

هەر کەسێک و هەر لایەنێک ئەو شتانەت بۆی هەبێ، بگرە یەکێک لەوانەت بۆی هەبێ، ئەوە پەرستنە، بەڵام بۆ خوا ﷻ دەبێ هەموو ئەو شتانەت تەنیا بۆ ئەو بێ، ئنجا بە ڕاستیی خوات پەرستوە، هەڵبەتە ئەوپەڕی مل بۆ کەچکردنیش، واتە: هەوڵدان بۆ هەرچی زیاتر پابەندیی بە شەریعەت و بەرنامەکەیەوە، بە هەردوو باری کردن و نەکردندا، بە هەردوو باری ئەنجامدان و وازلێهێناندا، ئەنجامدانی ئەرکەکان و، وازلێهێنان لە گوناهو تاوان و قەدەغەو خراپەکان، بەڵام لێرەدا پرسیارێکی دیکە دەکرێ.

ئایا ئەو زانیارییە بە تەنیا پەرستراوێتیی خوا، بە چەمکە ڕاستەقینەو فراوانەکەی پەرستن، تەنیا یەک شتە؟

بۆ وێنە: تەنیا بیرکردنەوەی عەقڵە؟ یاخود تەنیا ئەوەیە کە لە ڕێی وەحییەوە دەستگیر دەبێ؟ یاخود تەنیا لە ڕێگای تێوەرامانی کتێبی گەردوونەوە؟ یان تەنیا لە ڕێی سەرنجدانی کتێبی بیستراوو خوێنراوەی خواوە ﷻ؟

بە دڵنیایی نەخێر، بە تەنیا هیچ کام لەوانە نیە، بەڵکو هەموو ئەوانەیەو هەندێ شتی دیکەش، کە دوایی تیشکیان دەخەینە سەر، گرنگ ئەوەیە مرۆڤ زانیاریی بۆ پەیدابێ لەو بارەوە کە تەنیا خوا پەرستراوە، ئنجا ئەو زانیاریی و بەرچاو

ڕوونییەو، ئەو دڵنیاییە لە چ ڕوویەکەوەیە؟ بەس لە ڕێی عەقڵەوەیە؟ یان بەس لە ڕێی نەقڵەوەیە؟ ئنجا کە لە ڕێی عەقڵیشەوەیە، ئایا تەنیا بە بیرکردنەوەی ڕووت و فەلسەفییانەو مەنتیقییانە، واتە: بیرکردنەوەی تەجریدیی، یاخود بە بیرکردنەوەو وێڕای سەرنجدان لە دروستکراوەکان و بەکارهێنانی پێنج هەستەکان، هەروەها لە ڕێی نەقڵیشەوە: تەنیا لە ڕێی قورئان و سوننەتەوە؟ یاخود بە بەهرە وەرگرتن لە پەیامەکانی دیکەش، کە خوا بۆ پێغەمبەرانی دیکەی (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام**) ناردوون، کە خوا پێغەمبەری خاتەمی ﷺ پێیانەوە مولزەم کردووە، دەفەرمووێ: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُۖ فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقۡتَدِهۡۗ قُل لَّآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ أَجۡرًاۖ إِنۡ هُوَ إِلَّا ذِكۡرَىٰ لِلۡعَٰلَمِينَ ۝٩٠﴾الأنعام، واتە: ئەوانە کەسانێکن خوا ﷻ ڕاستە ڕێی کردوون، شوێن ڕاستە ڕێکرانی ئەوان بکەوەو بەهرەیان لێوەربگرە؟! بێگومان ئەوەش دەگرێتەوەو، هەندێ شتی دیکەش دەگرێتەوە کە دوایی ئاماژەی پێ دەکەین، گرنگ ئەوەیە کە خوا ﷻ دەفەرمووێ: بزانە کە بێجگە لە خوا پەرستراوێکی دیکە نیە، پێویستە لە هەموو ئەو ڕێگایانەی کە زانیارییان لێوە وەدەست دەهێنرێ، مرۆڤ هەوڵبدات ئەو زانیاریی و دڵنیاییەی خۆی و، ئەو بەرچاو ڕوونییەی خۆی زیاتر بکات، لە بارەی تەنیا پەرستراوێتیی خواوە ﷻ.

٢)- گەورەیی و بەرزیی پێگەی وشەی: (لاَ إِلهَ إِلاَّ اللهُ):

پێغەمبەر ﷺ لە فەرمایشتێکدا دەفەرمووێ: {**مَنْ كَانَ آخِرُ كَلَامِهِ: لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ دَخَلَ الْجَنَّةَ**} (**أخرجه أحمد: ٢٢١٨٠، وأبو داود: ٣١١٦، والحاكم: ١٢٩٩، وقال: صحيح الإسناد**)، واتە: هەر کەسێک دوا قسەی کە لە دنیادا دەردەچێ، بریتی بێ لە گوتنی وشەی: (لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ)، [بێجگە لە خوا هیچ پەرستراوێکی دیکە نیە، شایستەی پەرستران بێ]، دەچێتە بەهەشت.

هەر بۆیەش لە فەرمایشتی دیکەی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە دەفەرمووێ: {**لَقِّنُوا مَوْتَاكُمْ قَوْلَ: لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ**} (**أخرجه أحمد: ١١٠٠٦، وعبد بن حميد: ٩٧٣، وأبو داود:**

٣١١٧، وابـن حبـان: ٣٠٠٣، عـن أبي سـعيد، وأخرجـه مسـلم: ٩١٧، وابـن ماجـه: ١٤٤٤)، واتـە: بـە دڵنیاییـەوە ئەوانـەی خەریکـی مردنـن (نـەک مەبەسـت پێـی مـردووەکان بـێ، ئەوانـەی خەریکـی مردنـن و، بـەرەو مـەرگ دەچـن و، لـە سـەرە مـەرگ دان، لـە گیانـەڵا دان)، (لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللَّهُ)یـان فێـر بکـەن، [پێیـان بڵێـن ئـەو وشـەیە دووبـارە بکەنـەوەو، بیریـان بخەنـەوە].

٣)- ئایا زانیاریی هەبوون پەکی لەسەر زانستی بنچینەکانی ئایین، زانیاریی ئیمان و عەقیدە، کەوتوە؟!:

(علـم الـكلام) و (الفقـه الأكـبر) و (أصـول الديـن)، ئەوانـە هەموویـان ناونیشـانن، بـۆ ئـەو زانیارییـەی کـە زانایـان لـە ژێـر ناونیشـانی ویـدا، لـە ئیـمان و عەقیـدەی ئیسـلامییان کۆڵیوەتـەوە، ئنجـا ئایـا زانیاریـی هەبـوون بـە یەکتایـی خـوا، پەکـی لەسـەر(علم الـكلام) کەوتـوە؟ ئایـا ئـەو قسـەیە ڕاسـتە کـە هـەر کەسـێک لـە ڕێـی زانسـتی کەلامـەوە هـەوڵ نـەدات خـوا بناسـێ و، هـەوڵ نـەدات ڕاسـتییەکانی ئیـمان و عەقیـدە وەربگـرێ، بـەو ڕاسـتییانە، نـاگات؟

هــەر زوو دەڵێیــن: نەخێــر، وا نیــە، چونکــە ڕێــی بــەرەو خــوا چــوون و ڕێــی خواناســیی، ئنجــا خواناســیی، چ ناســینی بەدیهێنەرایەتیــی و پەروەردگاریــی و خاوەندارێتییەکەی، چ ناسینی ناوو سیفەتەکانی، چ ناسینی تەنیا پەرستراوێتییەکەی، هەروەهــا ناســینی فریشــتەکانی و، ناســینی کتێبەکانــی و، ناســینی پێغەمبەرانــی (عَلَيْهِـم الصَّلَاةُ وَالسَّلَام)و، ناسـینی دیـدارو بـە خزمـەت گەیشـتنی لـە ڕۆژی دواییـدا، واتــە: ڕۆژی دوایــی و، زانینــی نەخشــەو ئەنــدازە گیرییەکــەی بــۆ دروســتکراوەکانی، پەکـی لەسـەر زانسـتێک نەکەوتـوە کـە لـە ژێـر ناونیشـانێکی تایبەتـدا بـێ، بـەڵام بـە مسـۆگەریی پەکـی لەسـەر ئـەوە کەوتـوە، کـە مـرۆڤ لـە ڕێـی وەحییـەوە بەرچـاوی ڕوون بکرێتــەوە، لــە ڕێــی خــوای پــەروەردگارەوە بــەر چــاوی ڕوون بکرێتــەوە، لــە دوو توێـی وەحییـدا بـۆ زانینـی ئـەو شـتانەی لـە ڕێـی وەحییـەوە نەبـێ نازانرێـن،

بەڵام دوای ئەو شا ڕێیە کە بەس ئەوە ڕێیە، کە ڕێی شەریعەت و وەحییە، ئایا کۆمەڵێکی دیاریکراو لە زانایانی ئیسلام بۆیان هەیە، بڵێن: لە ڕێی ئێمەوە نەبێ بە ناسینی یەکتایی خواو تەنیا پەرستراویتی خوا ناگەن؟ یاخود لە ڕێی ئێمەوە نەبێ بە زانین و دەرککردنی ڕاستییەکانی ئیسلام ناگەن؟ لە ڕاستییدا هیچ کۆمەڵێک لە مسوڵمانان بۆیان نییە، ئەوە بڵێن، تەنیا یەک کەس بۆی هەبووە ئەوە بڵێ، ئەویش پێغەمبەری خوا ﷺ بووە، کە بێگومان لە ڕێی پێغەمبەری خواوە ﷺ نەبێ، ئێمە نەدەستمان لە وەحیی گیر دەبوو، نە دەستمان لە ڕوون کردنەوەی وەحیی و چۆنیەتیی جێبەجێکردنی وەحیی ئەوەی پەیوەندیی بە لایەنی کردەوەییەوە هەبووەو گیر دەبوو، ئەوە جیاییە، بەڵام لە دوای پێغەمبەر ﷺ ئیسلام لە هیچ کەسدا کورت هەڵنەهاتووەو، تێکەیشتن لە قورئان و ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ لەسەر هیچ کەس تاپۆ نەکراوەو لە هیچ کەس دا کورت هەڵنەهاتوە، زانایانی ئەهلی کەلام بن، زانایانی ئەهلی تەصەووف بن، ئەوانەی لەم ڕۆژگارەدا نازناوی سەلەفیی هەڵدەگرن، یاخود نازناوی ئیسلامیی هەڵدەگرن، یاخود هەر نازناوێکی دیکە هەڵدەگرن، بۆ وێنە: نازناوی میراتگرانی پێغەمبەر ﷺ هەڵدەگرن، ڕەحمەتی خوا فراوانەو لە دەستی هیچ کەسدا کورت هەڵنەهاتووەو، لەسەر هیچ کەس تاپۆ نەکراوە، ڕێی بەرەو خوا چوون، وەک زانایانی خوا ناس، گوتوویانە: (**الطُّرُقُ إلى اللهِ بِقَدَرِ أَنْفَاسِ الخَلَائِق**)، ڕێیەکان بەرەو خوا، بە ئەندازەی هەناسەکانی دروستکراوەکانن، واتە: ڕێیەکان بەرەو خوا چوون یەکجار زۆرن، بەڵام ئەو ڕێیانەی بەرەو خوا چوون، دەبێ لە چوارچێوەی شەریعەتدا بن، مەبەستم ئەوەیە هیچ کۆمەڵێک لە زانایان بۆیان نییە بڵێن: لە ڕێی ئێمەوە نەبێ و، بە چەمک و تەعبیرەکانی ئێمە نەبێ، بە ڕسوومات و شێوەکانی ئێمە نەبێ، ناگەنە ئامانج و مەبەست.

لەو بارەوە با هەندێ قسە لە زانای ناوداری ئیسلام و پێشەوای بەرجەستەی ئیسلام (**أبو حامد الغزالي**)، کە بە (**حجة الإسلام**) بە ناوبانگ بووە، لە کتێبێکیدا بە ناوی: (**فيصل التفرقة بين الإسلام والزندقة**)دا، کە لە تەفسیری (**روح المعاني**) ی

(سید محمود الألوسي البغدادي)[1]، دەیهێنین، هەندێ قسەی زۆر بە نرخ دەکات، هەڵبەتە (الألوسي)یش تاکو ڕاددەیەک قسەکانی کورت کردوونەوە، بەڵام ئەو جێیانەی کورتی کردوونەوە، دیاریی کردوون.

(أبو حامد الغزالي)، دەڵێ: (مِنْ أَشَدِّ النَّاسِ غُلُوًّا وَانحِرافًا، طَائِفَةٌ مِنَ المُتَكَلِّمِينَ كَفَّرُوا عَوامَّ المُسلِمِينَ وَزَعَمُوا أَنَّ مَن لا يَعرِفُ الكَلامَ مَعرِفَتَنا، وَلَم يَعرِفِ الأَدِلَّةَ الشَّرعِيَّةَ بِالأَدِلَّةِ الَّتِي أَحْرَزْنَاها، فَهُوَ كَافِرٌ، فَهَؤلاءِ ضَيَّقُوا رَحْمَةَ اللهِ تَعَالى الوَاسِعَةَ عَلَى عِبَادِهِ، أَوَّلاً: جَعَلُوا الجَنَّةَ وَقْفاً عَلَى شِرذِمَةٍ يَسِيرَةٍ مِنَ المُتَكَلِّمِين، ثانياً: ثُمَّ جَهِلُوا مَا تَوَاتَرَت بِهِ السُّنَّةُ، إِذ ظَهَرَ مِن عَصرِ الرَّسول الله ﷺ وَعَصْرِ الصَّحابَة رضوان الله تعالى عليهم أجمعين حُكمُهُم بِإِسلامِ طَوائِفَ مِنْ أَجْلافِ العرب، كَانوا مَشغُولونَ بِعبادَةِ الوَثَنِ، وَلَم يَشْتَغِلُوا بِتَعلِيمِ الدَّلائِلِ، وَلَو اشْتَغَلوا بِهَا لَم يَفْهَمُوهَا، وَمَن ظَنَّ أَنَّ مَدرَكَ الإِيمَانِ: الكَلامُ وَالأَدِلَّةُ المُحَرَّرَةُ، والتَقسِيمَاتُ المُرَتَّبَةُ، فَقَد أَبعَدَ).

واتە: لە لادەرترین و ڕۆچووترین کەس کۆمەڵێک لە زانایانی (علم الكلام)ن، (لە بیرمەندان) کە مسوڵمانانیان بە گشتیی بە کافر داناوەو پێیان وەبووە، هەر کەسێک زانستی کەلام نەزانێ، وەک ئێمە دەیزانین، هەر کەسێک بەڵگە شەرعییەکان نەزانێ، بەو شێوە کە ئێمە بەدەستمان هێناون، بە بێبڕوا دادەنرێ! تا ئەوانە بەزەیی فراوانی خوایان لەسەر بەندەکانی تەسک کردۆتەوە:

یەکەم: بەهەشتیان تاپۆ کردوە لەسەر کۆمەڵێکی کەم لە زانایانی کەلام.

دووەم: لەوە بێئاگا بوون کە لە ڕێبازی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە، لە ڕۆژگاری پێغەمبەر ﷺو ڕۆژگاری هاوەڵانی دا، خوا لێیان ڕازیی بێ، دەرکەوتوە کە حوکمیان کردوە بە مسوڵمان بوونی کۆمەڵە کەسێک لە عەرەبە خێڵەکییەکان، کە سەر گەرمی بتپەرستیی بوون و، سەرگەرمی بەڵگەکانی دینداریی و خواناسیی نەبوون، ئەگەر سەرگەرمیشیان بوونایە، لێیان تێنەدەگەیشتن، ئنجا هەر کەسێک پێی وابێ لە ڕێی عیلمی کەلامەوە

---
(١) ج١٣، ص(٢٩٧ - ٢٩٨).

نەبێ، دەرکی ئیمان ناکرێ و، لە ڕێی بەڵگەکان و لە ڕێی ئەو دابەش کردنانەوە نەبێ، کە زانایان و پسپۆڕانی ئەو بوارە دایانناوە، دەرکی ئیمان ناکرێ و ئیمان نازانرێ، زۆر دوور کەوتۆتەوە.

دوایی دەڵێ: ڕاست نیە، بەڵکو ئیمان ڕاستییەکە کە خوای بەرز دەیخاتە دڵی بەندەکەی خۆی، وەک بەخششێک و خەڵاتێک لەلایەن خۆیەوە، دوایی چەند ڕێیەک ڕووندەکاتەوە کە لە ڕێی ئەو ڕێیانەوە، دەگونجێ مرۆڤ ئیمانی بۆ پەیدا ببێ.

دەڵێ: **یەکەم**: (**تَارَةً بِتَنَبُّهٍ فِي البَاطِنِ لا يُمْكِنُ التَّعبيرُ عَنْهُ**) جارێک بەهۆی ئەوەوە کە مرۆڤ لە دەروونەوە بێدار دەبێتەوە، بە شێوەیەک کە ناتوانێ دەری ببڕێ و ڕوونی بکاتەوە، لە دەروونەوە بەرەو خوا ناسیی و تەنیا خوا پەرستیی بێدار دەبێتەوە.

بەڵام پێم وایە ئەگەر (**أبو حامد الغزالي**)، لە جیاتی ئەم تەعبیرە گوتبای: (**تَارَةً عَن طَرِيقِ الفِطْرَةِ الَّتِي فَطَرَ اللهُ النَّاسَ عَلَيْهَا**)، تەعبیرەکەی زۆر چاکترو ڕێکتر دەبوو، واتە: بەهۆی ئەو زگماکەی کە خوا خەڵکی لەسەر سروشتاندوە، وەک پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {**مَا مِنْ مَوْلُودٍ إلاَّ يُولَدُ عَلَى الفِطْرَةِ، فَأَبَوَاهُ يُهَوِّدَانِهِ، أَوْ يُنَصِّرَانِهِ، أَوْ يُمَجِّسَانِهِ**} (**أخرجه البخاري: ١٢٩٢، ومسلم: ٢٦٥٨، وأبو داود: ٤٧١٤**)، هەموو لە دایک بووەیەک لەسەر زگماکی خواپەرستیی و خواناسیی لە دایک دەبێ، دوایی باب و دایکی (واتە: ژینگەو دەور وبەر) دەیکەنە جوولەکەو دەیکەنە نەصرانیی و، دەیکەنە مەجووسیی.

دووەم: (**وَتَارَةً بِسَبَبِ رُؤيَاً فِي المَنَامِ**)، هەروەها جارێک بە هۆی خەونێکەوە کە لە خەودا دەیبینێ.

دەڵێم: ڕاستە زۆر کەس لە خەوندا شتێکی بۆ دەردەکەوێ، یاخود هۆشیار دەکرێتەوەو، بەرچاو ڕوونیی پێ دەدرێ و، دەبێتە هۆی هیدایەتی، هیدایەتی

گشـتیی کـە یەکسـەر لـە کوفـرەوە بـۆ ئیسـلام بگوازێتـەوە، یاخـود هیدایەتێکـی جوزئیـی، کـە هەندێـک ڕاسـتیی بـۆ دەربکـەون لـەو ڕێیـەوە.

سێیەم: (**وَتَارَةً بِمُشَاهَدَةِ حَالِ رَجُلٍ مُتَدَيِّنٍ، وَسِرايَةِ نُورِهِ إِلَيهِ عِندَ صُحبَتِهِ وَمُجَالَسَتِهِ**)، جارێکیش بە هۆی دیتنی حاڵی پیاوێکی دیندارو، چوونی ڕووناکییەکەی بۆ لای وی، بە هۆی هاوەڵایەتیی و لێ نیزیکیی و، بەهۆی لەگەڵ دانیشتنیەوە.

ئـەوەش هـەر ڕاسـتە، هـاوەڵان زۆرجـار بـە هـۆی ئـەوەوە کـە بـە خزمـەت پێغەمبـەر ﷺ گەیشـتوون و بـە دیـداری شـاد بـوون، دڵیـان ڕۆشـن بۆتـەوەو، لـە دوای پێغەمبەریـش ﷺ، هـەر کەسـە بـە پێـی خـۆی، وەک لـە فەرمایشـتی پێغەمبـەردا ﷺ هاتـوە کـە دۆسـتانی خـوا ئەوانـەن: {**إِذَا رُؤُوا ذُكِرَ اللهُ**}، (**أخرجه النسائي فـي الكبرى: ١١٢٣٥، والبـزار: ٥٠٣٤**)، هـەر کاتێـک بیـنران، خـوا ﷻ بکەوێتـەوە یـاد.

چوارەم: (**وَتَارَةً بِقَرِينَةِ حَالٍ، فَقَد جَاءَ أَعرَابِيٌّ إِلى رَسُول الله ﷺ جَاحِداً لَهُ مُنكِراً، فَلَمَّا وَقَعَ بَصَرُهُ عَلى طَلْعَتِهِ البَهِيَّةِ، وَغُرَّتِهِ الغَرِيرَةِ السَّنِيَّةِ، فَرَآهَا يَتَلَئلَؤُ منها نُورُ النُّبُوَّةِ، قَالَ: وَاللهِ مَاهَذا وَجهُ كَذَّابٍ...**)، جارێکیش بە هۆی نیشانەی حاڵ و دیمەنەوە، (وێنە دێنێتەوەو دەڵێ:) جارێک عەرەبێکی خێڵەکیی هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ نکووڵیی لێ دەکردو، بڕوای پێی نەبوو، بەڵام کاتێک چاوی بە ڕەنگ و ڕووی درەوشاوەی کەوت و شێوەی نوورانیی بینی، کە ڕووناکیی پێغەمبەرایەتیی لە دەم و چاویدا دەدرەوشێتەوە، گوتی: بە خوا ئەمە ڕووی پیاوی درۆزن نیە، ئیدی پرسیاری لێکرد کە ئیسلامی پێشان بدات، ئەویش ئیسلامی بۆ خستە ڕوو، ئەویش مسوڵمان بوو.

یەکێکـی دیکـە هاتـە خزمەتـی گوتـی: سـوێندت دەدەم بـە خـوا، خـوا تـۆی نـاردوە؟ پێغەمبەریـش ﷺ فەرمـووی: بەڵـێ، سـوێند بـە خـوا، خـوا منـی بـە پێغەمبەرایەتیـی نـاردوە، ئەویـش بەهۆیـەوە کـە سـوێندی بـۆ خـوارد بـە ڕاسـتی دانـاو، مسـوڵمان بـوو.

ئنجـا دەڵـێ: وێنـەی ئەمانـەش کـە زۆر لـەوە زیاتـرن بژمێردرێـن، هیـچ کام لەمانـە نەچـووە سـەر گەرمـی فێربوونـی زانسـتی کـەلام ببـێ و، بەڵگـەکان شـارەزا بـێ،

بەڵکو ڕووناکیی ئیمان بەهۆی ئەو بەڵگانەوە چۆتە دڵیانەوە، تیشکێکی سپی دەرکەوتوە، دوایی وردە وردە ئەو تیشکە زیاد بووەو، هەر زیاتر درەوشاوەتەوە بە هۆی زیاتر بینینی ئەو حاڵە مەزنانەو، بە هۆی زیاتر خوێندنەوەی قورئانەوەو، بە هۆی پاککردنەوەی دڵ و دەروونەکانەوە.

دوایی دەڵێ: (**وَلَيْتَ شِعْرِي! مَنْ نَقَلَ عَن رَسولِ اللهِ ﷺ وَعَنِ الصَّحابَةِ إحْضَارَهُ أعْرَابِيًّا أَسْلَمَ، وَقَوْلَهُ الدَّلِيل عَلَى أنَّ العَالَمَ حَادِثٌ، لِأنَّهُ لايَخْلُوا عَنِ الأعْرَاضِ، وَمَا لا يَخْلوا عَنِ الحَوَادِثِ، فَهُوَ حَادِثٌ، وَأنَّ اللهَ تَعَالَى عَالِمٌ بعِلْمٍ وَقَادِرٌ بِقُدْرَةٍ، كِلاَهُمَا زَائِدٌ عَلَى الذَّاتِ، لا هُوَ وَلاَ غَيْرُهُ، إلى غَيْرِ ذَلِكَ مِنْ رُسُوم المُتَكَلِّمِين**)، دەڵێ: خۆزگە زانیبام، کێ نەقڵی کردوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺو، لە هاوەڵانەوە خوا لێیان ڕازی بێ، یەکێک لەو عەرەبە خێڵەکییانەی مسوڵمان بووە، بانگی کرد بێ، وەرە ئەو بەڵگەیەت فێر بکەم لەسەر بوونی خوا، کە ئەو گەردوونە پەیدابوویە، چونکە لە ڕووداوەکان خاڵیی نیەو، هەر شتێک لە ڕووداوەکان خاڵیی نەبێ، پەیدابوویە، هەروەها ئەوەی فێر کردبێ کە خوا زانایە بە زانیارییەک و، توانایە بە توانینێک و، هەر کام لە زانیارییەکەی و توانایەکەی زێدەن لە خودی خواو، ئەو سیفەتانە (**لاَ هُوَ وَلاَ غَيْرُهُ**)، نە خودی خوای پەروەردگارن و، نە جگە لە خواشن، جگە لەو قسانەی دیکە کە زانایانی کەلام دەیانکەن.

هەڵبەتە: (**لاَ هُوَ وَلاَ غَيْرُهُ**)، واتە: سیفەتەکانی خوا نە خودی زاتن، بە ئیعتیباری ئەوە کە ئەو سیفەتانە بوونیان نەبێ و، جگە لە خودیشن، بەو ئیعتیبارە کە لە زات جیا بن، کە ئەمە وردەکارییەکی هەیە، ئێرە شوێنی ڕوونکردنەوەی نیە.

دوایی (أبو حامد الغزالي) دەڵێ: (**وَلَسْتُ أَقُولُ لَمْ تَجْرِ هَذهِ الألفَاظُ، على ألْسِنَةِ الذينَ أسلموا، بَل لَم يَجرِ أيضًا مَا مَعنَاه مَعنى هذه الألفَاظِ، بل كَانَ لا تَنْكَشِفُ مَلْحَمَةٌ إلاَّ عَن جَمَاعَةٍ مِن أجلافٍ يُسلِمُونَ تَحتَ ظلالِ السُّيوفِ، وَجمَاعَةٍ مِن أسارى يُسلِمونَ واحِدًا وَاحِدًا بَعدَ طُولِ الزَّمانِ أو عَلى القُربِ، وَكَانُوا إذا نَطَقُوا بِكَلِمَةِ الشَّهَادَةِ عُلِّموا الصَّلاةَ وَالزَّكَاةَ، وَرُدُّوا إلى صِنَاعَتِهِم مِن رِعَايَةِ الغَنَمِ أو غَيْرِهَا**)،

دەڵێ: مـن ناشـڵێم ئـەو بێژانـە بەسـەر زمانـی ئەوانـەدا نەهاتـوون کـە مسـوڵمان بـوون، بەڵکـو مانایەکانـی ئـەو بێژانـەش هـەر بـاس نەکـراون، بەڵکـو هـەر جەنگێـک کـە بـووە لـە نێـوان ئیسـلام و ئـەو عەرەبـە خێڵەکییانـەدا، مەگـەر چـۆن، ئەگەرنـا ژمارەیەکیـان لـێ مسـوڵمان بـوون، (ئـەو وا دەڵـێ)[1] لـە ژێـر سـێبەری شمشـێرداو، کۆمەڵێـک لـە دیلـەکان هاتـوون، یـەک یـەک و، دوایـی پێـی چـووە، یاخـود یەکسـەر مسـوڵمان بـوون، ئنجـا کاتێـک کـە وشـەی شـایەتمانیان گـۆ کـردووەو شـایەتمانیان هێنـاوەو، نوێژیـان فێـر کـراوەو، زەکاتیـان فێـر کـراوەو، دوایـی گێڕدراونـەوە بـۆ پیشـەکەی خۆیـان، ئەگـەر مـەڕ لەوەڕانـدن بـووە، یـان هـەر شـتێکی دیکـە بـووەو، چوونـەوە بـەر کارو کاسـبیی خۆیـان.

دوایـی (أبـو حامـد الغـزالي)، دەڵـێ: (**نَعَـم لَسْـتُ أُنْكِـرُ أَنَّـهُ يَجُـوزُ أَنْ يَكُـون ذِكْـرُ أَدِلَّـةِ المُتَكَلِّمِـنَ أَحَـدَ أَسـبَابِ الإِيمَـانِ فِي حَـقِّ بَعـضِ النَّـاسِ، وَلَكِـنْ ذَلِـكَ لَيْـسَ بِمَقْصُـورٍ عَلَيْـهِ، وَهُـوَ نَـادِرٌ أَيْضَـاً**)، واتـە: بەڵـی مـن نکووڵیـی لـەوە ناکـەم، کـە ڕەنگـە باسـکردنی بەڵگەکانـی زانایانـی کـەلام، یەکێـک لـە هۆکارەکانـی بـڕوا هێنـان بـێ، بـۆ هەنـدێ کـەس، بـەڵام هـەر لەسـەر ئـەوە کـورت نەهاتـوەو، ئـەوەش شـتێکی دەگمەنـە.

دوای چەنـد قسـەیەک دەڵـێ: (**وَالحَـقُّ الصَّرِيـحُ أَنَّ كُلَّ مَـنِ اعْتَقَـدَ أَنَّ مَـا جَـاءَ بِـهِ الرَّسُـولُ ﷺ وَاشْـتَمَلَ عَلَيـهِ القُـرْآنُ حَـقٌّ، اعْتِقَـادَاً جَزْمَـاً فَهُـوَ مُؤْمِـنٌ، وَإِنْ لَـمْ يَعْـرِف أَدِلَّتَـهُ**)، واتـە: هەقـی ڕوون و ڕاشـکاو ئەوەیـە کـە هـەر کەسـێک قەناعـەت و بـڕوای وابـێ: ئـەوەی پێغەمبـەر ﷺ هێناویەتـی و ئـەوەی قورئـان گرتوویەتـە خـۆی هەقـەو، قەناعـەت هێنانێکـی وا کـە دڵـی لەسـەر دامـەزراو بـێ، بـە بـڕوادار لە قەڵـەم دەدرێ، بـا بەڵگەکانیـش نەزانـێ.

(**فَالإِيمَـانُ المُسـتَعَارُ مِـنَ الدَّلائِـلِ الكَلامِيَّـةِ، ضَعِيـفٌ جِـدَّاً مُـشْرِفٌ عَـلَى التَّزَلْـزُلِ بِـكُلِّ شُـبْهَةٍ، بَـلِ الإِيمَـانُ الرَّاسِـخُ إِيمَـانُ العَـوَامِ الحَاصِـلِ فِي قُلوبِهِـم فِي الصِّبـا بِتَواتـر السَّـمَاعِ، وَالحَاصِـلِ بَعْـدَ البُلُـوغِ بِقَرَائِـن لاَ يُمْكِـنِ العِبَـارَةُ عَنْهَا**)، واتـە: ئیمانـی خـوازراو لـە بەڵگـە

---

(١) ئەو تەعبیرە بە ڕەهایی ڕاست نیە.

ئیمانییەکانەوە، ئیمانێکی بێهێزەو هەمیشە لەرزۆکە، بە هەر شوبهەیەک رووی تێ بکات، بەڵکو ئیمانی ڕاست و دامەزراو، ئیمانی ئەو خەڵکە گشتییەیە کە لە دڵیاندا پەیدا دەبێ و، هەر بە منداڵیی کە بە تەواتور ڕاستییەکانی ئیسلامیان پێ دەگەن و، دوای ئەوەی باڵغیش دەبن بە چەند نیشانە و بەڵگەیەک کە ناگونجێ تەعبیریان لێ بکرێ، پتر دەچەسپێ.

بەڵام من تێبینییم هەیە لەسەر هەندێک لە قسەکانی ئەبوو حامید (ڕەحمەتی خوای لێ بێ).

پوختەی ڕای من لەو بارەوە ئەوەیە کە ئەوەی خوا ﷻ فەرمانی پێ دەکات: ﴿ فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ ﴾، بزانە بێجگە لە خوا هیچ پەرستراوێک نیە، ئا ئەو زانین و دەرککردنە کە: تەنیا خوا تاکە پەرستراوە، بێگومان ئەوە فەرزە، بەڵام ئایا زانیاریی خوا ناسیی و ئیمان بەس ئەوەیە کە کۆمەڵە زانایەک گوتوویانە: زانایانی عیلمی کەلام، یان زانایانی تەزکیەو تەصەووف، یان زانایانی سەلەفیی ناو، یاخود ئەوانەی پێیان دەگوترێ: ئەهلی مینبەرو میحراب، یاخود فلان جۆرە زانا؟ بە دڵنیایی نەخێر.

هەروەها ئایا زانیاریی تەنیا ئەوەیە کە بە پێنج هەستەکان و لە ڕێی سەرنجدانی عەقڵەوە پەیدا دەبێ؟ یان تەنیا زانیاریی وەحیی هەیە لەو بارەوە؟ بێگومان نەخێر، بەڵکو لەو بوارەدا جۆرە زانیاریی دیکەش هەن، هەرچەندە زانیاریی وەحیی ساغترین و بێ خەڵەترین و ڕاسترین و چاکترین زانیارییە، بەڵکو هەر بەراورد ناکرێ لەگەڵ زانیارییەکانی دیکەدا.

زانیارییەکی دیکەش ئەو زانیارییەیە کە خوا لە ناخی مرۆڤدا دایناوە، ئەو خواناسییە زگماکە ڕاست و ڕوونە، وەک لە سوورەتی (الروم)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ فَأَقِمۡ وَجۡهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفٗاۚ فِطۡرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِي فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيۡهَاۚ لَا تَبۡدِيلَ

لِخَلْقِ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٠﴾﴾، واتە: ڕووی خۆت ڕێک بکە بەرانبەر بە ئایین (ئایینی خوا) بە ساغبووەوەی و پاکیی، هەمان ئەو زگماکەی خوا خەڵکی لەسەر سروشتاندوە، گۆڕان نیە بۆ دروستکراوی خوا، ئا ئەوە ئایینی ڕاستە، بەڵام زۆربەی خەڵک نازانن، واتە: ئەو زگماکەی خوا خەڵکی لەسەر خوڵقاندوە، لەگەڵ ئەو ئایینەی خوا ناردوویەتی، شەریعەت و فیترەت، دوو ڕووی دراوێکن، کەواتە: ئەو زانیارییەش کە لە ناخ و خوارسکی مرۆڤدایە، بە نسبەت خوا ناسییەوە، جۆرێکی دیکەیە.

دیسان ئەو زانیارییەی لە ڕێی فریشتەکانەوە بۆ مرۆڤ خورپەو ئیلهام دەکرێ.

هەروەها ئەوەی کە لە ڕێی خەونەوە بۆ مرۆڤ وەدی دێ.

هەروەها لە هەر ڕێگایەکی دیکەوە، گرنگ ئەوەیە مرۆڤ ئەو زانیاریی و بەرچاو ڕوونیی و دڵنیاییەی لە بارەی خوای تاک و پاکەوە بۆ پەیدابێ، بەڵام بگوترێ: حەتمەن دەبێ بەس لە فڵان ڕێگەوە بێ، یان فڵان کەسەوە بێ، یان ڕێیەکی تایبەت و باریکە ڕێیەک، بە دڵنیایی ئەوە ڕاست نیەو لەوەدا بە گشتیی پشتگیریی قسەکانی (**أبو حامد الغزالي**)، دەکەم ڕەحمەتی خوای لێ بێ، بەزەیی خوا زۆر لەوە فراوانترە کە بە باریکە ڕێیەکدا نەبێ، خوا ناسیی و ئیمان وە دەست نەیەت، بەڵام بێگومان ڕاستە شەقامی شەریعەت، ئەو ڕاستە ڕێیەیە کە دەبێ هەمووی لەو چوارچێوەیەدا بێ، بەڵام لەو چوار چێوەیەدا، ئێمە پابەند نەکراوین کە بەس بە دوای کۆمەڵێکی تایبەت لە زانایان بکەوین، کە لە بارەی ئیمان و عەقیدەوە کۆڵیویانەتەوە، هەروەک پابەندکراویش نین، کە تەنیا بە دوای کۆمەڵێک لە زانایان بکەوین، کە لە بواری تەزکیەی نەفس دا پسپۆڕییان هەیە، یاخود بە دوای کۆمەڵێک لە زانایان بکەوین، کە ناوونیشانێکی تایبەتیان هەیە، بەڵکو ئێمە پابەند کراوین کە بە دوای شەریعەت بکەوین، بەڵام تێگەیشتنی

هیـچ کام لـەو کۆمەڵـە زانایانـە، بـۆ ئێمـە پابەندکـەر نیـە، تاکـە تێگەیشـتنێک کـە بـۆ ئیمـە پابەندکـەر بـێ، لـە بـارەی ئاییـن و بەرنامـەی خـواوە، چ ئیمانەکـەی، چ شـەریعەتەکەی بریتیـە لـە: تێگەیشـتنی پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی سێیەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـە لـە دوازدە ئایـەت پێـک دێ، ئایەتەکانـی: (٢٠ - ٣١)، تـەوەری سـەرەکییان، باسـی هەڵوێسـتی نەرێنییانـەی دەغـەڵ و دڵنەخۆشـەکانە لـە بـواری جەنـگ و ڕووبـەڕوو بوونـەوەداو، بـەو بۆنەیـەش باسـی هەڵگـەڕاوان لـە ئیسـلام، بە هۆی کەیـن و بەینیانـەوە لەگـەڵ بوغزێنەرانـی کتێبـی دابەزێـنراوی خـوا (قورئان)ەوە و، باسـی سـەرەنجامی شـوومیان لـە کاتـی سـەرە مـەرگ و گیانـەڵادا، کـراوەو، جەختکراوەتـەوە لـە سـەر ئـەوە کـە خـوا بـڕواداران هـەر تاقـی دەکاتـەوە، تاکـو تێکۆشـەران و خۆڕاگـران لـە مەیـدان دا دەربکـەون و، لـە کەسـانی ترسـنۆک و دەغـەڵ جـویّ بنـەوە.

﴿وَيَقُولُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَوْلَا نُزِّلَتْ سُورَةٌ ۖ فَإِذَآ أُنزِلَتْ سُورَةٌ مُّحْكَمَةٌ وَذُكِرَ فِيهَا ٱلْقِتَالُ ۙ
رَأَيْتَ ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ يَنظُرُونَ إِلَيْكَ نَظَرَ ٱلْمَغْشِىِّ عَلَيْهِ مِنَ ٱلْمَوْتِ ۖ فَأَوْلَىٰ لَهُمْ
(٢٠) طَاعَةٌ وَقَوْلٌ مَّعْرُوفٌ ۚ فَإِذَا عَزَمَ ٱلْأَمْرُ فَلَوْ صَدَقُوا۟ ٱللَّهَ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ (٢١) فَهَلْ
عَسَيْتُمْ إِن تَوَلَّيْتُمْ أَن تُفْسِدُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ وَتُقَطِّعُوٓا۟ أَرْحَامَكُمْ (٢٢) أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَعَنَهُمُ
ٱللَّهُ فَأَصَمَّهُمْ وَأَعْمَىٰٓ أَبْصَٰرَهُمْ (٢٣) أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ أَمْ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقْفَالُهَآ (٢٤)
إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱرْتَدُّوا۟ عَلَىٰٓ أَدْبَٰرِهِم مِّنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلْهُدَى ۙ ٱلشَّيْطَٰنُ سَوَّلَ لَهُمْ وَأَمْلَىٰ
لَهُمْ (٢٥) ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا۟ لِلَّذِينَ كَرِهُوا۟ مَا نَزَّلَ ٱللَّهُ سَنُطِيعُكُمْ فِى بَعْضِ
ٱلْأَمْرِ ۖ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ إِسْرَارَهُمْ (٢٦) فَكَيْفَ إِذَا تَوَفَّتْهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يَضْرِبُونَ وُجُوهَهُمْ
وَأَدْبَٰرَهُمْ (٢٧) ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمُ ٱتَّبَعُوا۟ مَآ أَسْخَطَ ٱللَّهَ وَكَرِهُوا۟ رِضْوَٰنَهُۥ فَأَحْبَطَ
أَعْمَٰلَهُمْ (٢٨) أَمْ حَسِبَ ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ أَن لَّن يُخْرِجَ ٱللَّهُ أَضْغَٰنَهُمْ (٢٩) وَلَوْ
نَشَآءُ لَأَرَيْنَٰكَهُمْ فَلَعَرَفْتَهُم بِسِيمَٰهُمْ ۚ وَلَتَعْرِفَنَّهُمْ فِى لَحْنِ ٱلْقَوْلِ ۚ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ أَعْمَٰلَكُمْ (٣٠)
وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ حَتَّىٰ نَعْلَمَ ٱلْمُجَٰهِدِينَ مِنكُمْ وَٱلصَّٰبِرِينَ وَنَبْلُوَا۟ أَخْبَارَكُمْ (٣١)﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{هەروەها ئەوانەی بڕوایان هێناوە دەڵێن: خۆزگە سوورەتێک دابەزیبایە
(فەرمانی تێدا بە جەنگ کرابایە)، ئنجا کاتێک سوورەتێکی مەحکەم (و مانا
ڕۆشن) دابەزیی و، باسی جەنگی تێدا کرا، ئەوانەی دڵیان نەخۆشیی تێدایە،
دەیانبینی (لە ترس و حەژمەتان) وەک لە هۆش خۆ چوو لە بیمی مردن (بە
چاو ئەبڵەقیی) تەماشات دەکەن! دەجا سزای هەرە سەخت بۆ ئەوان ﴿٢٠﴾
(دەبووایە) فەرمانبەریی و قسەیەکی پەسند (بکەنە پیشە)، ئنجا هەر کات کار
گەیشتە قایمە، ئەگەر لەگەڵ خوادا ڕاستیان کردبایە، بۆ وان باشتر بوو ﴿٢١﴾ (ئەی
دڵنەخۆشینە!) ئایا نیزیک نیە کە پشتتان هەڵکرد(و ڕووتان لە ئیسلام وەرگێڕا)
تێکدان و خراپەکاریی بکەن لە زەویداو، پەیوەندییەکانی خزمایەتییتان بپچڕن!
﴿٢٢﴾ ئا ئەوانە کەسانێکن خوا نەفرینی لێکردوون (سەرەنجام) کەڕی کردوون و
چاوەکانیشیانی کوێر کردوون ﴿٢٣﴾ ئایا (ئەوانە) لە قورئانێ ڕانامێنن، یان دڵەکان
(ی ئەوان) قفڵەکانی خۆیانیان لە سەرن؟ ﴿٢٤﴾ بێگومان ئەوانەی دوای ئەوەی ڕێی
ڕاستیان بۆ ئاشکرا بووە، پاشەو پاش (بەرەو دواوەیان) هەڵگەڕاونەوە، شەیتان
(ئەو ڕەفتارەی) بۆ جوانکردوون و ڕستی (هیوای خراپی) بۆ درێژ کردوون ﴿٢٥﴾
ئەویش بە هۆی ئەوەوە بە وانەیان گوت کە ئەوەی خوا دایبەزاندوە، دەیاندزێ
(کەیفیان پێی نایەت): لە هەندێک کاردا بە قسەتان دەکەین، خواش (قسەو
ڕەفتار) پەنهانکردنەکەیان دەزانێ ﴿٢٦﴾ ئنجا ئایا (حاڵیان) چۆن دەبێ کاتێک
فریشتەکان گیانیان دەکێشن؟ لە ڕوویان و لە پشتەوەیان دەدەن (زەبر لە هەموو
جێیانیان دەسرەوێنن) ﴿٢٧﴾ ئەوەش لە سۆنگەی ئەوەوە شوێن ئەوە کەوتوون،
کە خوای تووڕە کردوەو ڕەزامەندییەکەییان دزاوە، ئیدی ئەویش کردەوە (باشە)
کانی هەڵوەشاندوونەوە ﴿٢٨﴾ بەڵکو ئایا ئەوانەی دڵیان نەخۆشیی تێدایە، پێیان

وایـه کـه هەرگیـز (خـوا) کینەکانیـان ئاشـکرا نـاکات (ناخاتـه گـۆڕێ)! ﴿٢٩﴾ (نـەک هـەر کینـەو بوغـزی دەروونیـان دەخەینـەڕوو) بەڵکـو ئەگـەر بمانـەوێ ئەوانـت پێشـان دەدەیـن و، بـه نیشـانه (و قیافه)یـان دەیانناسـی و، بـه دڵنیایـی بـه ئـاوازو شـێوازی قسـەش دەیانناسـی و، خـواش کردەوەکانتـان (هـی هەمـوو لایەکتـان) دەزانـێ ﴿٣٠﴾ مسـۆگەریش تاقیتـان دەکەینـەوە، تاکـو تێکۆشـەران لـه نێوتانـداو، خۆڕاگـران بزانیـن و، هـەواڵ (و هەڵوێست)ەکانیشـتان تاقـی بکەینـەوە ﴿٣١﴾].

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(﴿سُورَةٌ مُّحۡكَمَةٌ﴾): واتـه: سـوورەتێکی مانـا ڕۆشـن، (**المُحْكَمُ: مَـا لاَ يَعْـرِضُ فِيـهِ شُـبْهَةٌ مِنْ حَيْـثُ اللَّفْـظِ، وَلاَ مِـنْ حَيْـثُ المعْنَـى**)، (مُحْكَـم): هـەر قسـەیەکە هیـچ شـوبهەو تـەم و مژێکـی نایەتـه سـەرێ، نـه لـه ڕووی بێژەکەیـەوە، نـه لـه ڕووی واتاکەیـەوە، مانـا ڕۆشـن.

(﴿ٱلۡمَغۡشِيِّ عَلَيۡهِ﴾): (**غَـشِيَ عَـلَى فُـلاَنٍ: إِذَا نَابَـهُ مَـا غَـشِيَ فَهْمَـهُ**)، (**غَـشِيَ عَـلَى فُـلاَن**): ئەگـەر حاڵەتێکـی بەسـەردا هـات، کـه عەقڵـی داپۆشـێ، واتـه: بـێ هـۆش بـێ، یـان حاڵێکـی بەسـەردا بـێ، ئـەوەی بـۆی دەگوتـرێ، چـاک لێـی تـێ نـەگات، ﴿يَنظُرُونَ إِلَيۡكَ نَظَرَ ٱلۡمَغۡشِيِّ عَلَيۡهِ مِنَ ٱلۡمَوۡتِ﴾، بابایەکیـش کـه عەقڵـی دەپـۆشرێ و سەراسیمه دەبـێ، چـاوی ئەبڵـەق دەبـن، بۆیـەش خـوا فەرموویـەتی: بـه چـاوی ئەبڵقـەوە تەماشـات دەکـەن.

(﴿فَأَوۡلَىٰ لَهُمۡ﴾): ئەمه دوو واتای هەن:

أ- (**أولى: أي أَنْفَعُ وَأَقْرَبُ لَهُم**)، بە سوودترو نیزیکترە بۆ ئەوان.

ب- ﴿فَأَوۡلَىٰ لَهُمۡ﴾: له وەیلەوە هاتوە، واتە: سزای سەختتر بۆ ئەوان، وەک له شوێنی دیکەدا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿أَوۡلَىٰ لَكَ فَأَوۡلَىٰ ﴿٣٤﴾ ثُمَّ أَوۡلَىٰ لَكَ فَأَوۡلَىٰٓ ﴿٣٥﴾﴾القیامة، کە بێگومان ئەوە هەڕەشەیە.

(فَإِذَا عَزَمَ ٱلۡأَمۡرُ): (عَـزَمَ الأَمْـرُ، يَعْنِـي: إِذَا جَـدَّ الجِـدُّ)، کـە کار گەیشـتە قایمـەو بـە کـردەوە شـتێک هاتـە پێـش، (العَـزْمُ وَالعَزِيمَـةُ: عَقْـدُ القَلْـبِ عَـلَى إِمْضَـاءِ الأَمْـرِ)، (عَـزْم وعَزِيمَـة): چەسـپاندنی دڵـە لەسـەر جێبەجێکردنـی کارێـک.

(عَسَيۡتُمۡ): (عَسَى: طَمَعٌ وتَرَجٍّ)، (عسى): بۆ ئومێدەوار بوون و، بە هیوا بوون بەکاردێ.

(سَوَّلَ لَهُمۡ): بـۆی جـوان کـردوون، بـۆی ڕازاندوونـەوە، (التَّسْـوِيلُ: التَّزْيِـينُ، تَزْيِـينُ النَّفْـسِ لِـمَا تَحْـرِصُ عَلَيْـهِ)، هەندێکیـش: ﴿سَوَّلَ لَهُمۡ﴾ یـان بـە: (سَـهَّلَ لَهُـم) مانـا کـردوە، واتـە: بـۆی ئاسـان و سـانا کـردوون، کـە بریتیـە: لـەوەی نەفـس شـتێکی زۆر حـەز لـێ بـێ، لـە پێـش چـاوی جـوان دەبـێ و ڕازاوە دەبـێ، بـا خراپیـش بـێ.

(وَأَمۡلَىٰ لَهُمۡ): (الإِمْـلاَءُ: الإِمْـدَاد)، ﴿وَأَمۡلَىٰ لَهُمۡ﴾، ڕسـتی بـۆ درێـژ کـردوون، یـان هاوکاریـی کـردوون، (المُـدَّةُ الطَّوِيلَـةُ: مَـلاَوَةٌ مِـنَ الدَّهْـرِ)، ماوەیەکـی درێـژ پێـی دەگوتـرێ: (مَـلاَوَةٌ مِـنَ الدَّهْـرِ)، لەبـەر ئـەوەی ماوەکـە درێـژ بۆتـەوە.

(أَضۡغَٰنَهُمۡ): (جَمْـعُ ضِغْـن وَضَغَـنٌ: الحِقْـدُ الشَّـدِيد)، (أَضْغَـان): کـۆی (ضِغْـن)، یـان (ضَغَـن)ەو، هەردووکیـان بـە مانـای بوغـزو کینەیەکـی تونـد کـە لـە دڵـدا جێگیـر دەبێ.

(بِسِيمَٰهُمۡ): (السِّـيْمِيَاءُ وَالسِّـيمَاء: العَلاَمَـة)، (سـيمياء وسِـيماء)، هەردووکیـان بـە مانـای نیشـانە دێـن، واتـە: تـۆ بـە نیشـانەکانیان دەیانناسـی.

(لَحۡنِ ٱلۡقَوۡلِ): ئـاوازو شـێوازی قسـە، (اللَّحْـنُ: صَرْفُ الـكَلاَمِ عَـنْ سَـنَنِهِ الجَـارِي)، (لَحْـن): بریتیـە لـەوەی قسـە لـە ڕاسـتە ڕێـی خـۆی لا بـدرێ، (أَلْحَنُ بِحُجَّتِـهِ: أَلْسَـنُ وَأَفْصَـحُ)، پێغەمبـەر ﷺ لـە فەرمایشـتێکیدا دەفەرمـوێ[1]: دوو کەسـتان دێـن بـۆ لای

---

(١) (أَنَّ أُمَّهَا أُمَّ سَـلَمَةَ رَضِيَ اللَّـهُ عَنْهَـا زَوْجَ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ أَخْبَرَتْهَـا عَـنْ رَسُـولِ اللَّـهِ صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ، أَنَّـهُ سَـمِعَ خُصُومَـةً بِبَـابِ حُجْرَتِـهِ، فَخَـرَجَ إِلَيْهِـمْ فَقَـالَ: « إِنَّمَـا أَنَـا بَشَرٌ، وَإِنَّـهُ يَأْتِينِـي الخَصْـمُ، فَلَعَـلَّ بَعْضَكُـمْ أَنْ يَكُـونَ أَبْلَـغَ مِـنْ بَعْـضٍ، فَأَحْسِـبُ أَنَّـهُ صَـدَقَ، فَأَقْضِيَ لَـهُ بِذَلِـكَ، فَمَـنْ قَضَيْـتُ لَـهُ بِحَـقِّ مُسْـلِمٍ، فَإِنَّمَـا هِـيَ قِطْعَـةٌ مِـنَ النَّـارِ، فَلْيَأْخُذْهَـا أَوْ فَلْيَتْرُكْهَا)(أخرجـه البخـاري: ٢٣٢٦)

مـن، یەکێکتـان ڕەنگـە بەڵگەکـەی باشـترو چاکـتر بخاتـە ڕوو، واتـە: ڕۆشـنتر قسـە بـکات و، زمـان پاراوتـرو ڕەوانبێژتـر بـێ، بـا هەقیشـی نەبـێ، هەقـی پـێ دەدەم، بـا بزانـێ کـە ئـەو هەقـەی پێـی دەدەم لەبـەر ئـەوەی بـە ڕواڵـەت وادەزانـم لەسـەر هەقـە، لـە واقیعـدا نابێتـە هەقـی، بەڵکـو پارچەیەکـە لـە ئاگـر بـۆی دەبـڕم.

(وَنَبْلُوَا أَخْبَارَكُمْ): (بَـلاَهُ: جَرَّبَـهُ وَاخْتَـبَرَهُ)، (بَـلاَهُ) واتـە: تاقیکـردەوە، جەڕبانـدی، ﴿وَنَبْلُوَا أَخْبَارَكُمْ﴾، واتـە: هەواڵەکانتـان تاقیدەکەینـەوەو، دەجەڕبێنیـن.

مانای گشتیی ئایەتەکان

دوای ئـەوەی لـە ئایەتەکانـی پێشـوودا، خـوا ﷻ پێکـەوە بەرەنگاربوونـەوەی ئەهلـی ئیـمان و ئەهلـی کوفـرو، سـەرەنجامی بـاش و پـڕ خێـرو بەرەکەتـی ئەهلـی ئیـمان و، سـەرەنجامی پـڕ شـەرمەزاریی و ڕیسـوایی و مەینەتباریـی دنیـاو دواڕۆژی ئەهلـی کوفـری کـرد، هەروەهـا دوای ئـەوەی خـوا ﷻ باسـی پاداشـتی بڕوادارانـی کـرد، ئـەو بەهەشـتەی دەیچنـێ و، باسـی سـزای سـەختی بێبڕوایانـی کـرد.

دوایـی باسـی هەڵوێسـتی دڵنەخۆشـەکانی کـرد، کـە لـە کـۆڕو مەجلیسـی پێغەمبـەردا ﷺ بـە ڕواڵـەت بـاش گـوێ دەگـرن، بـەڵام دوایـی، یـان بـە توانـج و پـلارو گاڵتەپێکردنـەوە، یاخـود هـەر بـە ڕاسـتیی دەڵێـن: پێـش ئێسـتا چـی گـوت؟

پاشـان خـوا ﷻ هۆشـداریی دا بـە هەمـوو لایـەک، کـە ڕۆژی دوایـی نیزیکـە، بـە تایبەتـی قۆناغـی ئاخیـر زەمـان، چاوەڕێـی چـی دەکـەن! جگـە لـەوەی کـت و پـڕ بۆیـان بـێ، چونکـە هەنـدێ لـە نیشـانەکانی دەرکەوتـوون؟!

دواییـش فەرمانـی بـە پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ کـرد، کـە زانیاریـی خـۆی زیاتـرو قووڵـتر بـکات، دەربـارەی بـە تەنیـا پەرسـتراوێتیی خـوا، یاخـود بـەردەوام بـێ لەسـەر

ئەو زانیارییە قووڵ و فراوانەی خۆی و، لە پشت ئەویشەوە فەرمانی بە ئۆممەتی پێغەمبەر ﷺ کرد، کە لە بارەی خوا بە یەکگرتن و تەنیا خوا پەرستییەوە، زانیاریی خۆیان زۆر بکەن و، فەرمانی بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ کرد، داوای لێبوردن بکات بۆ گوناهەکانی خۆی، کە بە نسبەت ئەوەوە هەڵەو کەم و کوڕیین، هەروەها بۆ گوناهی بڕواداران، لە پیاوان و ئافرەتان، داوای لێبوردن لە خوا بکات.

دوای ئەوە، خوا ﷻ باسی هەڵوێستی کەسانێکی دەغەڵ و دڵنەخۆش دەکات، کە چۆن لە حاڵێکدا بڕواداران خوا خوایانەو بە تامەزرۆییەوە، چاوەڕێن سوورەتێکی تازە دابەزێ، یان چەند ئایەتێک دابەزن و، باسی ئەرکێکی دیکەی شەرعییان تێدابێ، بە تایبەت بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەهلی کوفرداو جەنگ و فیداکاریی، کەچی ئەوان کاتێک سوورەتێکی وا دادەبەزێ، چاویان ئەبڵەق دەبن لە ترس و بیم! خواش ﷻ ڕوویان تێدەکات و بە پرسیارکردنەوە دەفەرموێ: ئەگەر ئێوە پشتی تێبکەن و پشت هەڵبکەن، سەرەنجام خراپەکاریی دەکەن لە زەویداو، پەیوەندییە خزمایەتییەکان دەپچڕێنن.

پاشان باسی هەڵوێستی ئەرێنییان لە بەرانبەر قورئاندا دەکات کە: بۆچی لێی ورد نابنەوە، یاخود دڵیان قفڵی لێ دراوە!

دوایی باسی ئەوەیە، کە چۆن کەین و بەینیان هەیە، لەگەڵ ئەهلی کوفردا، پاشان ئەوانە سەرەنجامیان چۆن دەبێ لە کاتێکدا فریشتەکان گیانیان دەکێشن، باسی هەموو ئەو مەسەلانە لەم دوازدە ئایەتە موبارەکەدا هەیە.

سەرەتا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَيَقُولُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَوْلَا نُزِّلَتْ سُورَةٌ﴾، ئەوانەی بڕوایان هێناوە دەڵێن: خۆزگە سوورەتێک دابەزیبایە، ﴿لَوْلَا﴾، لە ئەصڵدا بە مانای (هلا)یەو، بۆ هاندانە، واتە: دەبووایە، بەڵام بێگومان بڕواداران شت بۆ خوا پێشنیار ناکەن، بڵێن: دەبووایە وابێ و، دەبووایە وا نەبێ، کەواتە: لێرەدا ﴿لَوْلَا﴾، مانای تەمەنناو خۆزگە خواستنی خراوەتە نێو، واتە: ئاوات

و خۆزگـە دەخـوازن، بـە تامەزرۆییـەوە دەڵێـن: خۆزگـە سـوورەتێک دابەزیبایـە، ئنجا ئـەو سـوورەتە کـە دابەزیبایـە چـۆن بووایـە؟ لـە دێـڕی دوابیـدا دەریدەخـات کـە سـوورەتێکی مانـا ڕۆشـن بـێ و، باسـی جەنـگ و جیهـادو ڕووبەڕووبوونـەوەو فیداکاریـی تێدابـێ، ئنجـا لەبـەر ئـەوەی لـە ڕسـتەی دوابیـدا، ئـەو وەسـف و پێناسـەیەی ئـەو سـوورەتە هاتـوە، لـە ڕسـتەی یەکـەم دا، خـوای کارزان و قسـەزان بـە پێویسـتی نەزانیـوە ئـەو وەسـف و پێناسـەیە بفەرمـوێ، بـەس دەفەرمـوێ: ئەوانـەی بـڕوادارن، گوتیـان: خۆزگـە سـوورەتێک دابەزیبایـە.

﴿ فَإِذَآ أُنزِلَتۡ سُورَةٞ مُّحۡكَمَةٞ وَذُكِرَ فِيهَا ٱلۡقِتَالُ ﴾، ئنجـا هـەر کاتێـک سـوورەتێکی موحکـەم، واتـە: ڕۆشـن و پتـەو لـە ڕووی بێـژەو واتـاوە، کـە هیـچ درزو کەلێنـی تێـدا نەبـێ، یاخـود لێڵییـەک لـە مانـاو بیژەکەیـدا نەبـێ، دابەزێـنرا ﴿ وَذُكِرَ فِيهَا ٱلۡقِتَالُ ﴾، باسـی جەنگیشـی تێـدا کـرا.

ئەگـەر سـوورەتێکی ئـاوا دابـەزێ، ﴿ رَأَيۡتَ ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ ﴾، ئەوانـە دەبینـی کـە دڵیـان نەخۆشـیی تێدایـە، ئـەم تەعبیـرە خـوای پەنهانـزان بـۆ مونافیقەکانـی بەکارهێنـاوە، وشـەی (المنافقون) هاتـوە لـە قورئانداو، ئەم وشـەیەش هاتـوە، وا پێدەچێ مونافیقـەکان ئەوانـە بـن، بـە تەواویـی نیفـاق لـە دڵ و دەروونیانـدا جێگیـر بـووەو، سـەرتاپای بوونیانـی داگرتـوە، بـەڵام ئەوانـەی دیکـە، نەگەیونـە ئـەو ڕادەیـە، چونکـە خـوا ﷻ لـە یـەک سـیاقدا باسـی هەردووکیـان دەکات، بـۆ وێنـە لـە سـوورەتی (الأنفال) دا، دەفەرمـوێ: ﴿ إِذۡ يَقُولُ ٱلۡمُنَٰفِقُونَ وَٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ غَرَّ هَٰٓؤُلَآءِ دِينُهُمۡۗ وَمَن يَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِ فَإِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٞ ﴿٤٩﴾ ﴾، واتـە: کاتێـک کـە مونافیقـەکان و ئەوانـەی دڵیـان نەخۆشـیی تێدایـە، دەڵێـن: ئەوانـە ئایینەکەیـان هەڵیخەڵەتانـدوون، هـەر کەسـیش پشـت بـە خـوا ببەسـتێ، بـە دڵنیایـی خـوا زاڵـی کارزانـە.

کەواتـە: ئەوانـە دوو جـۆرە کەسـی موخەننـەت و دەغەڵـن، بـەڵام لێـک جیـان، ئنجـا لێـرەدا خـوا ﷻ باسـی ئەوانەیـان دەکات کـە دڵ و دەروونیـان نەخۆشـیی

نیفاقی چۆتەتێ، بەڵام مەرج نیە سەرتاپای بوونی داگرتبێ، وەک چۆن کەسێ تووشی نەخۆشییەک دەبێ، بەڵام جارێ تەشەنەی نەکردوە، کە هەموو بوونی داگرتبێ، دەگونجێ ئاسانتر چارەسەر بکرێ، ئەوانەیان کە دڵیان نەخۆشیی تێدایە، دەیانبینی: ﴿يَنظُرُونَ إِلَيْكَ نَظَرَ ٱلْمَغْشِيِّ عَلَيْهِ مِنَ ٱلْمَوْتِ﴾، تەماشات دەکەن، سەرنجت دەدەن، وەک تەماشاکردنی کەسێک بە هۆی مردنەوە، بێهۆشیی بەسەردا هاتبێ، واتە: کەوتۆتە حاڵی خۆی و لە گیانەڵا دایە، چاوەکانی ئەبڵەق بوون، بە چاوی ئەبڵەق و سەراسیمەیی تەماشات دەکەن، هێندە دەترسێن، لەبەر ئەوەی خۆیان بە مسوڵمان لە قەڵەم دەدەن و، مسوڵمانانیش مولزەم کراون لەم سوورەتەدا کە جەنگ و فیداکاریی بکەن، ئەوان لە ترسان چاویان ئەبڵەق بوون، بە سەراسیمەیی تەماشات دەکەن، ﴿فَأَوْلَىٰ لَهُمْ﴾، سزای هەرە سەخت بۆ ئەوان، ﴿طَاعَةٌ وَقَوْلٌ مَّعْرُوفٌ﴾، دەبووایە پیشەی ئەوان فەرمانبەریی و قسەی پەسند بێ، ﴿فَإِذَا عَزَمَ ٱلْأَمْرُ﴾، ئنجا کاتێک کارەکە دەچەسپێ، کار دەگاتە قایمە، واتە: (إِذَا جَدَّ الجِدُّ)، کاتێک ئەو ئەرکەی خوا ﷻ دەیەوێ بە بڕوادارانی بسپێرێ، دەچەسپێ و بڕیاری لەسەر دەدرێ، ﴿فَلَوْ صَدَقُوا۟ ٱللَّهَ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ﴾، ئەگەر لەگەڵ خوادا ڕاستییان کردبایە، بۆ ئەوان باشتر بوو، لەگەڵ خوادا ڕاستیان کردبایە، کە دەڵێن: ئێمە بڕواداریـن و دەڵێن: ئێمە خوای پەروەردگارمان لە خۆمان و، لە هەرچی هەمانە خۆشتر دەوێ، دوای خواش ﷺ پێغەمبەری خوا ﷺ هێندەو هێندە خۆشمان دەوێ! ئەگەر لەو قسانەدا لەگەڵ خوادا ڕاستیان کردبایە، بۆ ئەوان باشتر بوو.

﴿فَهَلْ عَسَيْتُمْ إِن تَوَلَّيْتُمْ﴾، ئایا نیزیکەو لەوانەیە، کە ئێوە پشت بکەنە ئیسلام! ﴿أَن تُفْسِدُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ﴾، کە خراپەکاریی بکەن لە زەویدا، تێکدان بکەن، ﴿وَتُقَطِّعُوٓا۟ أَرْحَامَكُمْ﴾، پەیوەندییە خزمایەتییەکانیشتان بپچڕێنن!

واتایەکی دیکەی: ﴿فَهَلْ عَسَيْتُمْ إِن تَوَلَّيْتُمْ﴾، ئایا نیزیکە ئەگەر ئێوە کارتان پێ سپێردرا، بوونە حوکمڕان و کاربەدەست بەهۆی ئەو حوکمڕانیی و کاربەدەستییەوە،

خراپەو تێکدان بکەن لە زەویداو پەیوەندییە خزمایەتییەکانتانیشتان بپچڕێنن، ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَعَنَهُمُ ٱللَّهُ ﴾، ئا ئەوانە کەسانێکن، خوا ﷻ نەفرینی لێکردوون، واتە: دووری خستوونەتەوە لە ڕەحمەتی خۆی، ﴿ فَأَصَمَّهُمْ وَأَعْمَىٰٓ أَبْصَٰرَهُمْ ﴾، ئنجا کەڕی کردوون و چاوەکانیشیانی کوێر کردوون.

یانی: خوا ﷻ لە بەزەیی خۆی دووری خستوونەوە، بە هۆی ئەو کردەوانەیانەوە، واتە: خۆیان پشت لە ئیسلام دەکەن و، خواش لە بەزەیی خۆی دووری خستوونەوە، واتە: نەفرینەکەی خوا، کاردانەوەو دەرهاویشتەی دوورکەوتنەوەی خۆیان و پشتکردنە ئیسلامی خۆیانە، هەروەها دەرهاویشتەی تێکدانی ئەوانە لە زەویداو، پچڕاندنی پەیوەندییە خزمایەتییەکانیانە، بۆیە خوا ﷻ نەفرینی لێکردوون، ئنجا لە ئەنجامی نەفرین لێکراندا: ﴿ فَأَصَمَّهُمْ وَأَعْمَىٰٓ أَبْصَٰرَهُمْ ﴾، کەڕی کردوون و، چاوەکانیشیانی کوێر کردوون، واتە: هەستەوەرەکانی وا لێکردوون کار نەکەن و، گوێیان هەق نەبیستێ و، چاویان هەق نەبینێ و، عەقڵ و دڵیان هەق نەفامێ.

﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ أَمْ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقْفَالُهَآ ﴾، ئایا لە قورئانێوە ڕانامێنن؟ یاخود دڵانێک قفڵەکانی خۆیانیان لێدراون، ﴿ قُلُوبٍ ﴾، بە نەزانراو (نكرة) هاتوە، واتە: دڵانێکی پیسی پشت لە خوا، قوفڵەکانی خۆیانیان لێدراون، ئەو قوفڵانەی شایستەی ئەوانن، لێیان دراون، بۆیە لە قورئان تێ ناگەن، ئایا لە قورئان ڕانامێنن؟ یان لێی ڕادەمێنن، بەڵام دڵەکانی ئەوان دڵانێکن، قوفڵیان لێدراون و، لە بەرانبەر هیدایەت و فەرمایشتی خوادا، گاڵە دراون و داخراون؟!.

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱرْتَدُّواْ عَلَىٰٓ أَدْبَٰرِهِم ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی لەسەر پاشوانیان هەڵگەڕاونەوە، پاشەو پاش هەڵگەڕاونەوە، (أدبار)، کۆی (دُبُر)ە، یانی: پاشەوەی مرۆڤ، پشتی، واتە: پاشەو پاش هەڵگەڕاونەوە، ﴿ مِّنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلْهُدَى ﴾، دوای ئەوەی ڕێنماییان بۆ ڕۆشن بۆتەوە، ڕێی ڕاستیان بۆ ڕۆشن بۆتەوە، ئەوانە چۆنن؟ ﴿ ٱلشَّيْطَٰنُ سَوَّلَ لَهُمْ وَأَمْلَىٰ لَهُمْ ﴾، ئەوانە شەیتان بۆی جوان کردوون،

ڕستی هیوای نارەوای بۆ درێژ کردوون، ئەو هیواو ئاواتانەی ناشەرعیین، شەیتان ڕستی هیوای بۆ درێژ کردوون و، خراپەشی بۆ زیاد کردوون.

ئنجا لە ئەنجامی چییدا، شەیتان ئاوا زەفەری پێ بردوون؟ ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا۟ ﴾، ئەوەش بە هۆی ئەوەوە کە گوتیان: ﴿ لِلَّذِينَ كَرِهُوا۟ مَا نَزَّلَ ٱللَّهُ ﴾، بەوانەی ئەوەیان دەدزێ کە خوا دایبەزاندوەو، ڕقیان لەوە هەڵدەستێ کە خوا دایبەزاندوە، کە قورئانە، پێیان گوتن: ﴿ سَنُطِيعُكُمْ فِى بَعْضِ ٱلْأَمْرِ ﴾، ئێمە لە مەودوا لە هەندێ لە کاروباردا فەرمانبەرییتان دەکەین، گوێڕایەڵییتان دەکەین، ﴿ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ إِسْرَارَهُمْ ﴾، خواش قسە پەنهانکردنی ئەوان و، ڕەفتار پەنهانکردنی ئەوان دەزانێ، هەڵبەتە ئەمە خوێندراویشەتەوە: (أَسْرَارَهُمْ)، واتە: خوا پەنهانەکانیان دەزانێ.

﴿ فَكَيْفَ إِذَا تَوَفَّتْهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يَضْرِبُونَ وُجُوهَهُمْ وَأَدْبَٰرَهُمْ ﴾، واتە: حاڵیان چۆن دەبێ کاتێک فریشتەکان گیانیان دەکێشن و، لە دەم و چاویان و لە پشتەوەشیان دەدەن؟ دەشگونجێ مەبەست ئەوە بێ کە لە هەموو جەستەیان دەسرەوێنن، زەبریان تێ دەسرەوێنن، لە هەموو لایانیان دەدەن.

ئەگەر مەبەستیش ڕوویان و پشتەوەیان بێ، یانی: لە دەم و چاویان دەدەن، چونکە بەرەو کوفرو نیفاق ڕۆیشتوون و، لە پشتەوەیان دەدەن، چونکە پشتیان لە ئیسلام و هیدایەتی خوا کردوە.

﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمُ ٱتَّبَعُوا۟ مَآ أَسْخَطَ ٱللَّهَ وَكَرِهُوا۟ رِضْوَٰنَهُۥ ﴾، ئەوەش بەهۆی ئەوەوە کە شوێن ئەوە کەوتوون، خوای تووڕە کردوەو، ڕەزامەندیی خواشیان دزاوە، واتە: ڕەزامەندیی خوایان ڕق لێ بۆتەوەو کەیفیان پێ نەهاتوە، ﴿ فَأَحْبَطَ أَعْمَٰلَهُمْ ﴾، خواش ﷻ کردەوەکانی هەڵوەشاندوونەوەو، پووچەڵ کردوونەوە، واتە: کردەوە باشەکانی کە ئەنجامیان داون، لەبەر ئەوەی ئیمانیان تێدا نیە، وەک شیری بێ هەوێن، چۆن دەترشێ و هەڵدەبزڕکێ، خوا کردەوەکانی هەڵوەشاندوونەوە، لەبەر ئەوەی هەوێن و جەوهەری ئیمانیان تێدا نیە.

﴿ أَمْ حَسِبَ ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ أَن لَّن يُخْرِجَ ٱللَّهُ أَضْغَـٰنَهُمْ ﴾، ئایا ئەوانەی دڵیان نەخۆشیی تێدایە، پێیان وایە خوا کینەو بوغزەکانیان ئاشکرا ناکات و دەرناهێنێ؟ ئایا پێیان وایە هیچکەس نایاننناسێ و تێیان ناگات؟ ئایا پێیان وایە دەگونجێ هەروا دیزە بە دەرخۆنە بکەن، لەو هەموو کینەو بوغزەی لە دڵیاندا هەیە، بەرانبەر بە مسوڵمانان؟ واتە: ئەگەر وا بیر بکەنەوە، بە هەڵە داچوون، پرسیارکردنەکە پرسیارکردنی نکووڵیلێکەرانەیە.

﴿ وَلَوْ نَشَآءُ لَأَرَيْنَـٰكَهُمْ ﴾، نەک هەر کینەو بوغزو ڕقی ئێو دڵیان دەردەخەین و دەیخەینە گۆڕێ، بۆ ئەوەی مسوڵمانان بیانناسن، تاکو سەرەنجام لە خراپەکارییان پارێزراو بن، بەڵکو ئەگەر ویستبامان ئەوانمان پێشانی تۆ دەدات، ﴿ فَلَعَرَفْتَهُم بِسِيمَـٰهُمْ ﴾، تۆش بە نیشانەو قیافەی خۆیان دەتناسین، ﴿ وَلَتَعْرِفَنَّهُمْ فِى لَحْنِ ٱلْقَوْلِ ﴾، بە دڵنیاییەوە ئەگەر پێشانیشت نەدەین، بە هۆی ئاوازو شێوازی قسەکردنیانەوە، دەیانناسی، ﴿ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ أَعْمَـٰلَكُمْ ﴾، خواش کردەوەکانتان دەزانێ، هی هەموو لایەکتان بە چاک و خراپەوە.

لە کۆتاییدا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ ﴾، بە دڵنیایی و بە جەختکردنەوە تاقیتان دەکەینەوە، ﴿ حَتَّىٰ نَعْلَمَ ٱلْمُجَـٰهِدِينَ مِنكُمْ وَٱلصَّـٰبِرِينَ وَنَبْلُوَا۟ أَخْبَارَكُمْ ﴾، تاکو تێکۆشەران لە ئێوەو خۆڕاگرانتان بزانین، ﴿ وَنَبْلُوَا۟ أَخْبَارَكُمْ ﴾، هەروەها هەواڵ و دەنگ و باسەکانتان تاقی بکەینەوە، واتە: ئەو هەواڵانەی دەیاندەن و دەڵێن: ئێمە ئیمانمان بە خواو بە ئیسلام هەیە، ئنجا چ ڕاست بکەن، وەک ئەهلی ئیمان، چ درۆ بکەن، وەک ئەهلی نیفاق، خوا ﷻ ئەو هەواڵانەی دەیاندەن، تاقییان دەکاتەوە، کام هەواڵە ڕاستەو کام هەواڵ ڕاست نیە؟

یاخود: ﴿ وَنَبْلُوَا۟ أَخْبَارَكُمْ ﴾، هەواڵ و دەنگ و باسی ئێوە ڕوون دەکەینەوە، وەک لە سوورەتی (یونس)دا دەفەرموێ: ﴿ تَبْلُوا۟ كُلُّ نَفْسٍ مَّآ أَسْلَفَتْ ﴾، ئەمرۆ هەر کەسێک چی پێشخستوە، بۆی دەردەکەوێ و ڕوون دەبێتەوە، چونکە شت کە

تاقـی دەکرێتـەوە، ڕوون دەبێتـەوە، ئەگەرنـا (**بَـلاَء و بَلْـو**)، بـە مانـای تاقیکردنـەوە دێ، بـەڵام لـە ئەنجامـی تاقیکردنـەوەدا، شـت دەردەکـەوێ.

کەواتـە: ﴿ وَنَبْلُوَا أَخْبَارَكُمْ ﴾، واتـە: هەواڵەکانتـان ڕادەگەیەنیـن چیتـان کـردووەو چۆنتـان کـردوە؟ بـەڵام مـن ئـەو واتایەشـم لێگـرت، کـە دەگونجـێ مەبەسـت پێـی ئـەو قسـەو هەڵوێسـتانەی ئـەوان بـێ، کـە وەک هەواڵێـک لـە خۆیانیـان دەردەخـەن، خـوا ﷻ لـە ئەنجامـی هەڵوێستەکانیاندا، هەواڵەکانیشـیان دەجەڕبێنـێ و، دەریدەخـات، داخـۆ هەواڵـی کامیـان کـە لـە بـارەی خۆیـەوە دەیـدات، ڕاسـتەو، کامیشـیان هەواڵەکـەی ڕاسـت نیـەو درۆیـە؟

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

بڕواداران خوازیاری دابەزینی سوورەتێکن، کە باسی جەنگ و جیهادی تێدا بکرێ، کەچی کاتێک سوورەتێکی مانا ڕۆشن لەو بارەوە دادەبەزێ، دڵنەخۆشان لە ترس و حەژمەتان چاویان ئەبڵەق دەبن، لە حاڵێکدا فەرمانبەریی و، قسەی پەسندو، لە کاتی کار گەیشتنە قایمەشدا، ڕاستکردن لەگەڵ خوادا، بۆ وان باشتر بوو، نیزیکیشە ئەو جۆرە کەسانە لە کاتی پشت هەڵکردندا (یان کاربەدەست بووندا)، مل بدەنە خراپەکاریی و پچڕاندنی پەیوەندیی خزمایەتیی، کە بێگومان ئەوانە نەفرین لێکراوی خواو، کەڕو کوێر کراو دەبن، ئنجا ئایا ئەوانە لە قورئانێ ڕانامێنن، یاخود دڵیان قفڵ دراوەو گاڵە دراوە؟:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَيَقُولُ الَّذِينَ آمَنُوا لَوْلَا نُزِّلَتْ سُورَةٌ فَإِذَا أُنزِلَتْ سُورَةٌ مُّحْكَمَةٌ وَذُكِرَ فِيهَا الْقِتَالُ رَأَيْتَ الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ يَنظُرُونَ إِلَيْكَ نَظَرَ الْمَغْشِيِّ عَلَيْهِ مِنَ الْمَوْتِ فَأَوْلَىٰ لَهُمْ ﴿٢٠﴾ طَاعَةٌ وَقَوْلٌ مَّعْرُوفٌ فَإِذَا عَزَمَ الْأَمْرُ فَلَوْ صَدَقُوا اللَّهَ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ ﴿٢١﴾ فَهَلْ عَسَيْتُمْ إِن تَوَلَّيْتُمْ أَن تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ وَتُقَطِّعُوا أَرْحَامَكُمْ ﴿٢٢﴾ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ لَعَنَهُمُ اللَّهُ فَأَصَمَّهُمْ وَأَعْمَىٰ أَبْصَارَهُمْ ﴿٢٣﴾ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ أَمْ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا ﴿٢٤﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پازدە بڕگەدا:

١)- ﴿وَيَقُولُ الَّذِينَ آمَنُوا لَوْلَا نُزِّلَتْ سُورَةٌ﴾، واتە: ئەوانەی بڕوایان هێناوە، دەڵێن: خۆزگە سوورەتێک دابەزیبایە، (لَوْلَا للتَّحْضِيْضِ، وَهُنَا بِمَعْنَى التَّمَنِّي)، هەرچەندە (لَوْلَا)

لە بنەڕەت دا بۆ هاندانە، بەڵام لێرەدا بە مانای خۆزگە خواستنە، کە دەفەرموێ: ﴿لَوْلَا نُزِّلَتْ سُورَةٌ﴾، واتە: دەبوایە، یان خۆزگە سوورەتێک دابەزیبایە، سەرەتا سوورەتەکە باس نەکراوە چۆن بێ، بەڵام دوایی خوا ﷻ باسیکردوە، (حُذِفَ وَصفُ السُّورَةِ فِي قَوْلِهِم لِدَلَالَةِ مَا بَعْدَهُ عَلَيْهِ)، بۆیە لە باسی ئەواندا کە خۆزگەیان خواستوەو سوورەتێک دابەزێ، وەسفەکەی قرتێندراوە، چونکە ڕستەی دوایی دەیگەیێنێ.

٢)- ﴿فَإِذَآ أُنزِلَتْ سُورَةٌ مُّحْكَمَةٌ وَذُكِرَ فِيهَا ٱلْقِتَالُ﴾، هەر کاتێک سوورەتێکی موحکەم، واتە: مانای ئایەتەکانی ڕۆشن بێ و، هیچ مانای دیکە هەڵنەگرێ، تەم و مژ نە بەسەر بێژەکانیەوە هەبێ، نە بەسەر واتاکانیەوەو، ڕۆشن و مەحکەم و قایم، باسی جەنگیشی تێدا بکرێ، کاتێک سوورەتێکی وا دابەزێ:

٣)- ﴿رَأَيْتَ ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ﴾، ئەوانەی دڵیان نەخۆشیی تێدایە، دەیانبینی، دڵیان نەخۆشیی تێدایە، واتە: کوفر لە دڵی خۆیاندا پەنهان دەکەن، خوا ﷻ لێرەدا کوفری وەک نەخۆشیی داناوەو، کە لە دڵ و دەروونی مرۆڤ دەدات، بۆیە خوا ﷻ بەم تەعبیرە ناساندوونی و نەیفەرمووە: (رَأَيْتَ المُنَافِقِينَ، رَأَيْتَ الَّذِينَ نَافَقُوا)، بۆیەش وایفەرمووە، چونکە دیارە ئەو نەخۆشیی کوفرو نیفاقە، تەواو لە دڵیاندا نەچەسپاوە، کە سەرتاپای بوونیان دابگرێ، بەڵکو لە دڵی داون و دڵی نەخۆش کردوون، یان لەبەر ئەوەی لەو سەرەتایەوە، چونکە ئەوانە لەگەڵ ئەهلی ئیماندا تێکەڵ بوون، خۆیان وا پێشان داوە، کە مسوڵمانن و مسوڵمانان کەمتر ناسیویانن و، دەرکیان کردوون، بۆیە بەو تەعبیرە هێناویەتی، بەڵام دواتر لەساڵانی دواتردا حاڵەتی نیفاق زیاتر بوو و، ئاشکرا بوو، بۆیە خوای پەروەردگار لەو بارەوە سوورەتێکی دابەزاند بە ناوی: (المنافقون).

٤)- ﴿يَنظُرُونَ إِلَيْكَ نَظَرَ ٱلْمَغْشِىِّ عَلَيْهِ مِنَ ٱلْمَوْتِ﴾، تەماشات دەکەن وەک تەماشاکردنی کەسێک، بە هۆی مردنەوە بێهۆشیی بەسەردا هاتوە،

﴿ٱلْمَغْشِىِّ عَلَيْهِ مِنَ ٱلْمَوْتِ﴾، (المُحْتَضَرِ الَّذِي يُغْشَى عَلَيْهِ، عَلَى فَهْمِهِ)، ئەو کەسەی لە گیانەڵادایەو بێ هۆشیی بەسەر عەقڵ و هۆشییدا هاتوە.

یاخـود: ﴿نَظَرَ ٱلْمَغْشِيِّ عَلَيْهِ مِنَ ٱلْمَوْتِ﴾، (يَعْنِي: يَنْظُرونَ إلَيْكَ نَظَرَ المُتَحيِّرِ بِحَيْثُ يَتَّجِهُ إلى صَوبٍ واحِد)، وەک بابایەکـی سەراسـیمە کـە چـاو تەنیـا لەسـەر یـەک شـوێن چـڕ دادەگـرێ، ئـاوا تەماشـات دەکـەن.

هەڵبەتـە لێـرەدا خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿فَإِذَآ أُنزِلَتْ سُورَةٌ مُّحْكَمَةٌ وَذُكِرَ فِيهَا ٱلْقِتَالُ﴾، هـەر کاتێـک سـوورەتێکی مانـا ڕۆشـن دابـەزی و باسـی جەنگـی تێـدا کـرا، واتـە، سـوورەتەکە تەنیـا باسـی جەنـگ و جیهـاد نیـە، بەڵکـو لـە نێـو مەبەسـتەکاندا کـە تێیـدا هاتـوون، باسـی جەنـگ و جیهادیـش هاتـوە، ئەوانـە بـەو جـۆرە تەماشـات دەکـەن، دیـارە لـە تـرس و حەژمەتـان، چونکـە ئەوانـە دەزانن کـە خۆیان بە مسـوڵمان لـە قەڵـەم داوەو، دەشـزانن ئـەو سـوورەتەی باسـی جەنـگ و جیهـادو فیداکاریـی دەکات، مسـوڵمانانی پێـوە پابەنـد دەکرێـن، ئەوانیـش تـازە لـە نێـو مسـوڵماناندا خۆیـان گرفتـار دەکـەن، بـە ئـەو ئەرکـەوە، دەشترسـێن لـە ئەنجامدانـی ئـەو ئەرکـە، بۆیـە چاویـان ئەبڵـەق دەبـن لـە ترسـان، وەک بابایـەک لـە کاتـی گیانـەڵادا بـێ، چـۆن چـاوی ئەبڵـەق دەبـێ، چـاو ناترووکێنـێ، ئەوانیـش بـەو شـێوەیان لـێ دێ، بۆیـە خـوا ﷻ دەفەرمـوێ:

٥)- ﴿فَأَوْلَىٰ لَهُمْ﴾، (ئەمە هەڕەشەیە)، سزای هەرە سەخت بۆ وان، هەندێک گوتوویانە: ئەمە ڕێژگەی هەڵبژاردن (صيغة التفضيل)ە، لە (وَيل)، کە بە مانای (سزا) یە، واتە: سزای سەختتر بۆ ئەوان، یاخود: (أولَى لَهُم: قَارَنَهُم وَقَرُبَ مِنْهُم مَا يَكْرَهُون)، واتە: لەگەڵیان بێ و لێیان نزیک بێ، ئەوەی ئەوان پێیان ناخۆشەو کەیفیان پێی نایەت، کە بریتیە لە سزا.

٦)- ﴿طَاعَةٌ وَقَوْلٌ مَّعْرُوفٌ﴾، فەرمانبەرییەک و قسەیەکی پەسند، ﴿طَاعَةٌ وَقَوْلٌ مَّعْرُوفٌ﴾، لە ڕووی ڕێزمانییەوە بە نیهاد (مبتدأ) دادەنرێ، ئەدی گوزارە (خبر)کەی چییە؟ قرتێندراوە، واتە: (طَاعَةٌ وقَولٌ مَعروفٌ خَيرٌ لَهُم)، فەرمانبەرییەک و قسەیەکی پەسند، باشتر بوو بۆ ئەوان.

دەشـكونجێ: ﴿ طَاعَةٌ وَقَوْلٌ مَّعْرُوفٌ ﴾، گـوزارە (خـبر) بـێ، نیهـاد (مبتدأ)ەكـەی قرتێنـدرا بـێ، یانـی: (الأَمْرُ: طَاعَـةٌ وقَـولٌ مَعـروفٌ)، واتـە: كاری ڕاسـت، فەرمانبەریـی و قسـەی پەسـندو باشـە، ئەگـەر ویسـتبایان بـە مسـوڵمانی ڕەشـیدو عاقـڵ لـە قەڵـەم بدرێـن، دەبـوو ئـاوا بكـەن.

٧)- ﴿ فَإِذَا عَزَمَ ٱلْأَمْرُ ﴾، هەر كاتێک كار گەیشتە قایمە، ﴿ عَزَمَ ٱلْأَمْرُ ﴾، یانی: (إذَا جَدَّ الجِدُّ)، كار گەیشتە شوێنی خۆی و، هاتە سەر جێبەجێكردن و بڕیاری لەسەردرا.

(إذَا) زەرفێكـە بـۆ داهاتـوو، ﴿ ٱلْأَمْرُ ﴾، (أل)ەكـەی بـۆ ناسـاندنە، واتـە: كاری جەنـگ گەیشـتە قایمـە، یاخـود (أل)ەكـە فەرەبـووی پـاڵ وەلادراوە (**تعویـض عـن المضـاف إلیـه**)، ﴿ فَإِذَا عَزَمَ ٱلْأَمْرُ ﴾، (**أي: إذَا عَـزَمَ أمرهُـم**)، هـەر كات كارەكەیـان، (**أمـر القتـال**)، كاتێـک كاری جەنـگ بڕیـاری لەسـەر دراو، عەزمـی لەسـەر جـەزم كـرا.

٨)- ﴿ فَلَوْ صَدَقُوا۟ ٱللَّهَ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ ﴾، ئەگەر لەگەڵ خوادا ڕاستیان كردبایە، بۆ ئەوان باشتر بوو، ﴿ فَلَوْ صَدَقُوا۟ ٱللَّهَ ﴾، ئەمە وەڵامی (إذا)یە، چونكە (إذا)، لێرەدا مانای مەرجی خراوەتە نێوو وەک (**إن الشرطیة**) وایەو وەڵامی دەوێ، وەڵامەكەی ئەوەیە: ﴿ فَلَوْ صَدَقُوا۟ ٱللَّهَ ﴾، ئەگەر كاتێ كار گەیشتە قایمە، كاری جەنگ و جیهادو بڕیاری لەسەر درا، لەگەڵ خوادا ڕاستیان كردبایە، بۆ خۆیان باشتر بوو.

٩)- ﴿ فَهَلْ عَسَيْتُمْ إِن تَوَلَّيْتُمْ ﴾، ئایا نیزیكە ئەگەر پشتتان هەڵكرد: ﴿ عَسَيْتُمْ ﴾، خوێندراویشەتەوە: (**عَسِیتُمْ**)، نیزیكە، ڕەنگە ﴿ إِن تَوَلَّيْتُمْ ﴾، ئەگەر ئێوە پشتتان هەڵكرد، پشتتان كردە ئیسلام و پەیامی خوا.

١٠)- ﴿ أَن تُفْسِدُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ ﴾، [ئایا زۆر نزیک نیە، كە ئێوە پشتتان هەڵكرد]، تێكدان بكەن لە زەویدا؟!.

١١)- ﴿ وَتُقَطِّعُوٓا۟ أَرْحَامَكُمْ ﴾، هەروەها پەیوەندییە خزمایەتییەكانیشتان بپچڕێنن؟ ﴿ وَتُقَطِّعُوٓا۟ ﴾، خوێنراویشەتەوە: (**تَقْطَعُوا**)، ﴿ وَتُقَطِّعُوٓا۟ ﴾، یانی: زۆر بیپچڕێنن، (**تَقْطَعُوا**)،

یانی: بیپچڕێنن، یانی: زۆر ئەگەری هەیەو نیزیکە ئێوە سەرەنجام ئاوا بکەن، بە هۆی پشتکردنتانە ئیسلامەوە.

واتایەکی دیکەی: ﴿تَوَلَّيْتُمْ﴾، ئایا نیزیکە کە ئێوە ببنە حوکمڕان و، کاربەدەست، کارتان بکەوێتە دەست، خراپە کاریی بکەن لە زەویداو، پەیوەندییە خزمایەتییەکانیشتان بپچڕێنن، هەندێک لە توێژەرەوانیش ئەو مانایەیان لێ گرتوە، هەردووک مانایەکان دێن، بەڵام زیاتر وا پێ دەچێ مانای (تَوَلَّيْتُمْ: أَعْرَضْتُم)، واتە: پشتتان هەڵکردو، پشتتان کردە ئیسلام، ئەم مانایە زیاتر لەگەڵ ئەم ڕەوتەدا بگونجێ.

کە دەفەرموێ: ﴿فَلَوْ صَدَقُوا۟ ٱللَّهَ﴾، ئەگەر قسەیەکی ڕاستیان لە خزمەت خوادا کردبایە، قسەی ڕاست (صدق)یش ئەوەیە پێکەڵپێک بێ و بچەسپێ لەگەڵ ئەوەی لە واقیعدا هەیە، واتە: ئەگەر لە قسەکەیاندا کە دەڵێن: بڕواداریـن ڕاستیان کردبایە، یان کە دەڵێن: ئێمە ئامادەی جەنگ و جیهادین لە پێناوی خوادا، ئەگەر ڕاستیان کردبایە، بۆ ئەوان باشتر بوو.

١٢)- ﴿أُو۟لَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَعَنَهُمُ ٱللَّهُ﴾، ئەوانە کەسانێکن خوا ﷻ نەفرینی لێکردوون، ئەمە دوو ئەگەری هەن:

أ- دەگونجێ ﴿أُو۟لَـٰٓئِكَ﴾، ئەوانە بچێتەوە بۆ: ﴿ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ﴾، ئەوانەی دڵیان نەخۆشیی تێدایە، خوا ﷻ نەفرینی لێکردوون.

ب- دەشگونجێ بچێتەوە بۆ: ﴿أَن تُفْسِدُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ وَتُقَطِّعُوٓا۟ أَرْحَامَكُمْ﴾، (أي: المُفسِدينَ فِي الأَرْضِ والقَاطِعينَ للرحِم)، کەسانێک کە خراپە کاریی و تێکدان دەکەن لە زەویداو، پەیوەندییە خزمایەتییەکانیش دەپچڕێنن، خوا ﷻ نەفرینی لێکردوون و، لە بەزەیی خۆی دووری خستوونەوە.

لێرەدا کە خوا ﷻ کە دەفەرموێ: ئایا نزیکە ئەگەر ئێوە پشتتان هەڵکرد لە ئیسلام، سەرەنجام تێکدان بکەن لە زەویداو، پەیوەندییەکانتان بپچڕێنن؟

چونکـە ئـەم سـوورەتە موبارەکـە، هەندێـک لـە زانایـان دەڵێـن: پێـش جەنگـی ئوحـود دابەزیـوە، وەک هەواڵـدان بـەوەی کـە لـە جەنگـی (ئوحـود)دا مونافیـق و دڵنەخۆشـەکان بـە قیـادەی عەبدوڵـڵای کـوڕی ئوبـەی کـوڕی سـەلوول، پشـت لـە جەنـگ و جیهـاد دەکـەن و، پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـەو تەنگانەیەدا پشـت بـەردەدەن، دەگونجـێ ئـەوە هەواڵـدان بـێ بـە نادیـارو، دەشـگونجێ هەواڵـدان بـێ بـە واقیـع، کـە ئێـوە واتـان کـرد، ئەگـەر ئەمـە لـە گەرمـە گەرمـی جەنگـی ئوحـودو لـەو کاتـی ڕووبـەڕوو بوونەوانـەدا دابەزیبـێ.

شـایانی باسـە: هەندێـک لـە زانایـان گوتوویانـە: لێـرەدا خـوا ﷻ ئامـاژەی کـردوە بـە ئومەوییـەکان و عەبباسـییەکان کـە دوایـی لـە بەینـی خۆیانـدا کـە دەبنـە حوکمـڕان و کاربەدەسـت، دەکەونـە دژایەتییکردنـی یەکدیـی و پەیوەندیـی خزمایەتیـی لەگـەڵ یەکـدا پچڕانـدن و، خوێنـی یەکـدی ڕشـتن، بـە تایبەتیـی لـە دژی بنەماڵـەی پێغەمبـەر ﷺ.

بـەڵام پێـم وایـە ئایەتەکـە بـە گشـتیی دەدوێ و، هـەم ئـەوەش دەگرێتـەوە، هـەم جگـە لـە ئـەوەش دەگرێتـەوە، بۆیـە نابـێ بگوتـرێ: بـە تایبـەت مەبەسـت پێـی ئومەوییـەکان و عەبباسـییەکانە، کـە هەردووکیـان بنەماڵـەی پێغەمبـەر ﷺیـان ئـازار داوەو، زانایانیـان ئـازار داوە، جگـە لـە بنەماڵـەی پێغەمبەریـش ﷺ، هـەر کەسـێک فەرمانـی بـە چاکـەو قەدەغـەی خراپـە کـرد بـێ، ئەگـەر حەسـەنی بەصرایـی بـووە، سـەعیدی کـوڕی جوبەیـر بـووە، عەبدوڕڕەحمانـی کـوڕی ئەشـعەس بـووە، وێـڕای گـەورە پیاوانـی بنەماڵـەی پێغەمبـەر ﷺ، کـە فەرمانیـان بـە چاکـەو ڕێگرییـان لـە خراپـە کـردوە، بـە کورتیـی هـەر کەسـێک قسـەی هەقـی بـۆ کردبـن و، لـە دژیـان ڕاوەسـتا بـێ، بەشـی لێـدان و پێـدادان و سـجن کـردن و کوشـتن و هەڵواسـین بـووە.

بێگومـان ئـەم ئایەتـە موبارەکانـە چەمـک و واتاکەیـان نابـێ، ببەسـترێتەوە بـە ڕووداوێکـی مێژوویـی، یاخـود قۆناغێکـی مێژوویی، یـان کۆمەڵگایەکـی دیارییکراوەوە، بەڵکـو هـەر کەسـێ پشـتی کـردە خـواو پەیامـی خـوا، سـەر بـۆ ئـەوە دەکێشـێ کـە

تێکدان و خراپەکاریی بکات لە زەویداو، پەیوەندییەکانی خزمایەتییش بپچڕێنێ، پێشینانیشمان گوتوویانە: لەو کەسە بترسێ کە لە خوا ناترسێ.

١٣)- ﴿ فَأَصَمَّهُمْ وَأَعْمَىٰٓ أَبْصَـٰرَهُمْ ﴾، ئنجا (خوا) کەڕی کردن و چاوەکانیانی کوێر کردن.

یانی: لە ئەنجامی نەفرین لێکرانی خوادا بۆیان، کەڕ دەبن و، کوێر دەبن، واتە: هەم گوێیان هەق نابیستێ و، هەم چاویشیان هەق نابینێ و، عەقڵ و هۆشیشیان باش لە هەق تێ ناگات، لە ئەنجامی گوناهکردن دا، ئینسان هەستەوەرەکانی تێک دەچن.

١٤)- ﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ ﴾، ئایا لە قورئانەوە ڕانامێنن، لێی ورد نابنەوەو سەرنجی نادەن؟.

١٥)- ﴿ أَمْ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقْفَالُهَآ ﴾، یاخود دڵەکان قفڵەکانیانیان لەسەرن؟ یانی: ئەوانە خاوەن دڵانێکن، چەند دڵێکی تایبەت کە قفڵی خۆیانیان لێ دراوە؟ ئەو پرسیارکردنە، پرسیارکردنە بۆ سەرسوڕماندن لە حاڵی ئەوان، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ أَمْ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقْفَالُهَآ ﴾، بۆیە: ﴿ قُلُوبٍ ﴾، بە نەزانراو (**نكرة**)، هاتوە، چونکە بۆ جۆرێک لە دڵانە، یانی: ئەوان خاوەنی جۆرێک لە دڵانن کە قفڵەکانی خۆیانیان لێدراون، پێشتر گوتمان: ﴿ تَوَلَّيْتُمْ ﴾، ئەگەر تێپەڕکار (**متعدّي**) بێ، (**أي: تَوَلَّيْتُم الأمر**)، کاروبارتان بە ئەستۆوە گرت، بوونە بەرپرس و کار بە دەست، بەڵام ئەگەر: ﴿ تَوَلَّيْتُمْ ﴾ لازیم بێ، (**تولّى: أعَرَض**)، پشتی تێکردو ڕووی لێ وەرگێرا، (**تولّى**)، وێڕای (**متعدّي**) بە مانای (لازم)یشی هاتوە، کە بەرکار نەخوازێ، (**تولّى: أعرض**)، کەواتە: ئەگەر مانای (لازم)ی لێ بگیرێ، کە ئێمە ئەو ڕایەمان زیاتر پەسەند کردو لەگەڵ سیاقی ئایەتەکاندا باشتر دەگونجێ، واتە: ئەگەر ئێوە پشتتان کردە ئایین و بەرنامەی خواو پشتتانە کردە قورئان، سەرەنجام سەرتان بەوە دەگات کە تێکدان و خراپە کاریی بکەن لە زەویدا بە گشتیی، بە تایبەتییش پەیوەندیی خزمایەتیی و نیزیکییتان بپچڕێنن، دیارە کەسانێکیش وابن، خوا ﷻ نەفرینیان لێ دەکات و لە بەزەیی خۆی دووریان دەخاتەوەو، لە ئەنجامی نەفرین لێکرانی خواشدا

هەم کەڕ دەبن، هەم کوێر دەبن، واتە: هەم گوێیان هەق نابیستێ، هەم چاویشیان هەق نابینێ و، عەقڵ و هۆشیشیان باش لە هەق تێ ناگات، لە ئەنجامی گوناهکردندا، ئینسان هەستەوەرەکانی تێک دەچن، هەر بۆیەش خوا ﷻ دوایی دەفەرموێ: ﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ أَمْ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقْفَالُهَآ ﴿٢٤﴾ ﴾، ئایا ئەوان لە قورئان ڕانامێنن؟ یان دڵانێک قفڵەکانی خۆیانیان لەسەرن، خاوەنی چەند دڵێکن، قفڵی تایبەتیی خۆیانیان لێ دراوەو، دڵێکیش قفڵی لێبدرێ، بە دڵنیایی مانای وایە هیچ شتێکی ناچێتە نێوی.

شایانی باسە: ئێمە لە کاتی تەفسیرکردنی سوورەتی (الإسراء)دا، لە کورتە باسێک دا باسی گرنگیی پەیوەندیی خزمایەتییمان کردوە، هەروەها تاوان و خراپەی پچڕاندنی پەیوەندیی خزمایەتیی، لەوێشدا ئەم فەرموودەیەمان هێناوەو لێرەش، دووبارە دەیهێنینەوە:

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: [إِنَّ اللَّه تَعَالى خَلَقَ الخَلْقَ، حَتَّى إِذَا فَرَغَ مِنْهُمْ، قَامَتِ الرَّحِمُ فَتعلَّقَتْ بِحِقْو الرَّحْمَنِ فَقَالَ: مَه؟ قَالَتْ: هَذَا مقَامُ الْعَائِذِ بِكَ مِنَ الْقَطِيعَةِ، قَالَ: نَعَمْ، أَتَرْضِي أَنْ أَصِلَ مَنْ وَصَلَكِ، وَأَقْطَعَ مَنْ قَطَعَكِ؟ قَالَتْ: بَلَى، قَالَ: فَذَلِكَ لَكِ، ثُمَّ قَالَ رَسُولُ اللَّه ﷺ اقْرَؤُوا إِنْ شِئْتُمْ: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَعَنَهُمُ ٱللَّهُ فَأَصَمَّهُمْ وَأَعْمَىٰٓ أَبْصَٰرَهُمْ ﴿٢٣﴾ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ أَمْ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقْفَالُهَآ ﴿٢٤﴾ ﴾] (أخرجه البخاري: ٥٩٨٧، ومسلم: ٢٥٥٤).

واتە: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: خوای بەرز دوای ئەوەی دروستکراوەکانی دروست کردن، لێیان بوّوەو، خزمایەتیی دەستی لە بەر پشتێنی خوای خاوەن بەزەیی نا، (یانی: پەنای بردە بەر خوا، ئەمە تەعبیرێکی ڕەمزییە)، خوا ﷻ فەرمووی: چییە، چیت دەوێ؟ گوتی: ئایا ئەم پێگەو حاڵەتە هی ئەوەیە من پەنات بێنمەبەر لەوەی بپچڕێنرێم؟ خوا ﷻ فەرمووی: بەڵێ، ئایا ڕازیی دەبی هەر کەسێک تۆ بگەیەنێ، منیش بیگەیەنم بە بەزەیی خۆم و، هەر کەسێک تۆ بپچڕێنێ، منیش بیپچڕێنم لە بەزەیی خۆم؟ گوتی: با، خوا ﷻ فەرمووی:

ئەوە بۆ تۆ، پێغەمبەر ﷺ دوایی فەرمووی: ئەگەر دەشتانەوێ ئەمە بخوێننەوە: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَعَنَهُمُ ٱللَّهُ ... ﴾.

هەڵبەتە ئەوەی لە فەرمایشتەکەدا هاتوە، ئایەتەکەش ئەوە دەگەیەنێ کە لە ئەنجامی پچڕاندنی خزمایەتییداو، تێکدان لە زەویدا، نەفرین و لەعنەتی خوا دادەبەزێ بۆ سەر ئەو جۆرە کەسانەو، کەڕیشیان دەکات و کوێریشیان دەکات، عەقڵ و هۆشیشیان وای لێ دێ، وەک قفڵی لێدرابێ و لە هەق تێ نەگەن.

کورتە باسێک دەربارەی

چەسپانی حوکمی ئەو ئایەتانە بەسەر یەزیدی کوڕی موعاویەدا

ئـەو ئایەتـەی پێشـتر تەفسـیرمان کـرد کـە دەفەرمـوێ: ﴿ فَهَلۡ عَسَيۡتُمۡ إِن تَوَلَّيۡتُمۡ أَن تُفۡسِدُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَتُقَطِّعُوٓاْ أَرۡحَامَكُمۡ ﴿٢٢﴾ ﴾، واتـە: ئایـا نیزیکـە کـە هـەر کاتێـک پشـتتان هەڵکـرد، واتـە: پشـتتان کـردە ئیسـلام و بەرنامـەی خـوای پـەروەردگار، تێکـدان و خراپەکاریـی لـە زەویـدا بکـەن و، پەیوەندییەکانـی خزمایەتییتـان بپچڕێنـن.

ئـەوە ئەگـەر (**تولیتـم**)، بـە مانـای (**أعرضتم**)بـێ، واتـە: پشـتتان هەڵکـرد، ئـەو کاتـە دەگوتـرێ: (**تـولّى**)، کردارێکـی (لازم)ە، یـانی: بـەرکاری نـاوێ.

بـەڵام ئەگـەر (**تـولّى**) کردارێکـی بەرکارخـواز (**مُتَعَدِّي**) بـێ، ئـەو کاتـە (**تَوَلَّيْتُـم**)، بـە مانـای ئەگـەر بوونـە حوکمـڕان و بەرپرس.

واتـە: ئایـا نزیکـە هـەر کات بوونـە بەرپـرس، تێکـدان لـە زەویـدا بکـەن و، پەیوەندییەکانـی خزمایەتییتـان بپچڕێنـن؟

هەڵبەتـە (**تولّيتـم**): چ بـە مانـای (**أَعْرَضْتُـم**) پشـتتان هەڵکـرد بـێ، چ بـە مانـای کار وەئەسـتۆ گرتـن بـێ، لـە هـەردوو حاڵەتەکـەدا، ئـەم ئایەتـە دەگونجـێ بەسـەر (یزیـد)دا بچەسپێ، چونکـە یەزیـد هـەم پشـتی لـە ئیسـلام کـردوە کـەم و زۆر، هـەم کاروباریشـی بـە ئەسـتۆوە گرتـوە، واتـە: بـە هـەردوو واتایەکـەی (**تَولّيتـم**) بەسـەر حاڵەتەکـەی یەزیـددا دەچەسـپێ، چونکـە: هـەم بـە شـێوەیەک لـە شـێوەکان پشـتی لـە ئیسـلام کـردوەو، هـەم کار وباریشـی بـە ئەسـتۆوە گرتـوەو حوکمڕانـی مسـوڵمانان بـووە، بـەڵام ئایـا چـۆن چـۆنی چەمـک و واتـای ئـەو ئایەتـە بەسـەر یەزیـدی کـوڕی موعاویـەی کـوڕی ئەبـوو سـوفیانی کـوڕی حـەڕب دا، دەچەسـپێ و بـە چ بەڵگەیـەک؟ لـە سـێ بڕگـەدا وەڵامـی ئـەو پرسـیارە دەدەینـەوە:

بڕگەی یەکەم: بەڵگەی قورئان و سوننەت لەو بارەوە:

بێگومان ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ بە ناوهێنان و بە ڕاشکاویی باسی یەزیدو جگە لە یەزیدیشیان نەکردوە لە حوکمڕانە لادەرەکان، بەڵام ئایا هیچ ئایەت هەن و هیچ فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ یان دەقی سوننەت هەن، کە چەمک و واتایەکەیان بەسەر یەزیدو وێنەی یەزیددا بچەسپێ و بیگرنەوە؟ ئەم بڕگەیە لە سێ خاڵدا دەخەینە ڕوو و وەڵامی ئەو پرسیارەش دەدەینەوە:

(**محمود الآلوسي**) لە تەفسیرەکەی خۆی (**روح المعاني**)دا[1]، لەو بارەوە قسەی کردوەو ئەو سێ خاڵەی کە دەیانهێنم لەم بڕگەی یەکەمەدا، هەموویان بە کورتکردنەوەوە، لەو تەفسیرەی ئەو وەردەگرین:

خاڵی یەکەم: (وَاسْتَدَلَّ بالآية عُمر بن الخطاب رضي الله تعالى عنه، على منع بيع أم الولد، روى الحاكم في المستدرك وَصَحَّحَهُ، وابنُ المنذر عَنْ بُرِيدة قال: كُنت جالساً عِنْدَ عُمرَ، إذ سمعَ صَائِحاً، فسأل، فقيل: جَارية من قُريش تُبَاعُ أُمُّهَا، فأرسل يدعو المهاجرين، والأنصار، فلم تمض ساعة حتى امتلأت الدار والحجرة، فحمد الله تعالى وأثنى عليه، ثُمَّ قال: أَمَّا بَعْدُ، فهل تعلمونه كان مِمَّا جاء به مُحَمَّد ﷺ القطيعة؟! قالوا: لا، قَالَ: فَإنَّهَا قد أَصْبَحَت فيكم فَاشِيَةً، ثُمَّ قَرَأَ: ﴿ فَهَلْ عَسَيْتُمْ إِن تَوَلَّيْتُمْ أَن تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ وَتُقَطِّعُوا أَرْحَامَكُمْ ﴿٢٢﴾ ﴾، ثُمَّ قَالَ: وَأَيُّ قَطيعَةٍ أقطَعُ مِن أن تُبَاعَ أُمُّ امرِئٍ فِيْكُمْ؟ قَالُوا: فاصنَع مَا بدا لَكَ، فَكتب في الآفاق أن لاَ تُبَاعَ أُمُّ حرٍّ، فَإنّها قَطيعَةُ رَحِمٍ، وَإنَّهُ لا يَحِلُّ).

واتە: بورەیدە کە یەکێکە لە هاوەڵان خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: من لە لای عومەری کوڕی خەتتاب (خوا لێی ڕازی بێ)، دانیشتبووم، گوێی لە دەنگی

---

(١) ج١٣، ص(٣٠٨-٣١١).

بانگ کەرێک بوو، ئەویش پرسیاری کرد (ئەو بانگ کەرو جاڕچییە چی دەڵێ؟) پێی گوترا: کچێکە لە قورەیش دایکی دەفرۆشرێ، {چونکە (**جارية**)، هەم بە مانای کەنیزەک دێ، هەم بە مانای کچی تازە پێگەیشتووش دێ، واتە: پیاوێک لە قورەیش لەگەڵ کەنیزەکێکدا هاوسەرگیریی کردوە، یان بە شێوەیەک لە شێوەکان چۆتە لای بە حەڵاڵیی و کچێکی لێی بووە، ئەو کاتەش دایکەکە پێی دەگوترێ: (**أمُّ الوَلَد**)، دایکی رۆڵە، هەر کاتێک پیاوێکی ئازاد لەگەڵ ئافرەتێکی کەنیزەکدا هاوسەرگیریی کرد، یان منداڵیان کەوتە بەین، ئەو دایکە ڕاستەوخۆ ئازاد دەبێ و پێی دەگوترێ: (**أمُّ الوَلَد**)، ئنجا ئەو کچە، یان ئەو کەنیزەکەی لە دایکێک بووە، دایکەکە کەنیزەکە، بەڵام بابی ئازادە لە قورەیش، جاڕ دراوە دایکەکەی بفرۆشرێ}، عومەر خوا لێی ڕازی بێ، بانگی کۆچکەران و پشتیوانانی کرد، سەعاتێکی پێ نەچوو تاکو ماڵەکەو ژوورە تایبەتییەکەش پڕ بوون، کاتێک هاتن ستایشی خوای بەرزی کردو، مەدح و سەنای کردو، دوای ئەوە گوتی: ئایا دەزانن لەوەدا کە موحەممەد ﷺ هێناویەتی پچڕاندنی پەیوەندیی خزمایەتیی تێدا بێ؟ گوتیان نەخێر، گوتی: بەڵام ئێستا ئەوە لە ئێوە ئێوەدا باوەو بڵاوە، دوایی ئەوە ئایەتەی خوێندەوە کە دەفەرموێ: ﴿ فَهَلْ عَسَيْتُمْ إِن تَوَلَّيْتُمْ أَن تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ وَتُقَطِّعُوا أَرْحَامَكُمْ ﴿٢٢﴾ ﴾.

ئنجا گوتی: چ پچڕاندنی خزمایەتییەک پچڕێنەرترە لەوە کە دایکی یەکێک لە خۆتان بفرۆشرێ؟ (واتە: یەکێک لە خۆتان کە بابی ئازادە، دایکی با کەنیزەکیش بێت، بفرۆشرێ؟) گوتیان: تۆ چیت پێ چاکە ئاوا بڕیار بدە، ئەویش نووسی بۆ شاران و، بۆ ئاسۆیەکان کە لەمەودوا دایکی هیچ مرۆڤێکی ئازاد نەفرۆشرێ، (چ کچ بێ، چ کوڕ بێ)، چونکە ئەوە پچڕاندنی پەیوەندیی خزمایەتییەو، ئەوەش ڕەوا نیە.

کەواتە: عومەر (خوا لێی ڕازی بێ)، ئەم ئایەتەی کردۆتە بەڵگە لەسەر ڕێگرتن لە فرۆشتنی دایکی مرۆڤێکی ئازاد کە لە بابێکی ئازاد بووە، با ئەو

دایکە کەنیزەکیش بووبێ، کە ئەویش بنچینەیەکی شەرعییەو پێی دەگوترێ: (أمُّ الوَلَد)، واتە: دایکی مرۆڤێکی ئازاد، کە ڕاستەوخۆ ئازاد دەبێ.

خاڵی دووەم: (وَاسْتَدَلَّ بِهَا أَيْضاً عَلَى جَوَازِ لَعْنِ يَزِيد عَلَيْهِ مِن الله تعالى ما يستحق، نقل البرزنجي في «الإشاعة»، والهيثمي في «الصواعق» أن الإمام أحمد لَمَّا سَأله ولده عبد الله عن لعن يزيد؟ قال: كيف لا يُلْعَنُ مَنْ لعنه الله تعالى في كتابه! فقال عبد الله: قد قَرَأْتُ كِتَابَ الله عز وجل، فَلَمْ أجِد فِيهِ لَعْنَ يَزِيد! فَقَال الإمَامُ: إنَّ الله تعالى يَقُولُ: ﴿ فَهَلْ عَسَيْتُمْ إِن تَوَلَّيْتُمْ أَن تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ وَتُقَطِّعُوا أَرْحَامَكُمْ ﴿٢٢﴾ ﴾، وَأَيُّ فَسَادٍ وَقَطيعَةٍ أَشَدّ مِمَّا فَعَلَهُ يَزِيد؟!).

واتە: هەروەها ئەم ئایەتە بە بەڵگە هێنراوەتەوە لە سەر ڕەوایی نەفرینکردن لە یەزید، لەلایەن خواوە، ئەوەی لەسەر بێ کە شایستەیەتی، کە هەر کام بەرزنجیی لە کتێبی (الإشاعة)داو، (ابن حجر الهيثمي)، لە کتێبی (الصواعق)دا، هێناویانە کە ئیمام ئەحمەد کاتێک عەبدوڵلای کوڕی پرسیاری لێ دەکات لە بارەی نەفرین کردنەوە لە یەزید، (ئایا در وستە یان نا؟) ئیمام ئەحمەد دەڵێ: چۆن نەفرین لە کەسێک ناکرێ، کە خوای بەرز لە کتێبی خۆیدا نەفرینی لێکردوە؟ عەبدوڵلاش دەڵێ: کتێبی خوام ﷻ هەمووی خوێندۆتەوەو نەفرین کردن لە یەزیدم تێدا نەبینیوە! ئیمام ئەحمەد دەڵێ: خوای بەرز فەرموویەتی: ﴿ فَهَلْ عَسَيْتُمْ إِن تَوَلَّيْتُمْ أَن تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ وَتُقَطِّعُوا أَرْحَامَكُمْ ﴿٢٢﴾ ﴾، ئنجا ئایا چ تێکدانێک و پچڕاندنێکی پەیوەندیی خزمایەتیی، بەهێزترە لەوەی یەزید کردی؟!

ئاشکرایە یەزید لە سەردەمی خۆیدا سوپایەکەی دەوری شاری مەدینەیان گرتووەو، سێ ڕۆژان ئەو شارەی بۆ ڕەوا کردوون، هەرچی دەکەن لەگەڵ خەڵکەکەیدا بیکەن! سەرەنجام دەستدرێژیی کراوەتە سەر ئافرەتان و خەڵکیان کوشتوە....هتد، دیسان لەسەردەمی ئەودا کەعبە بە مەنجەنیق ڕووخێنراوە، زۆر شتی دیکەی خراپی کردوە، کە سەرچاوە مێژووییەکان هێناویانن، ئنجا ئیمام ئەحمەد گوتوویەتی: ئەو ئایەتە موبارەکە ئەویش دەگرێتەوە.

خاڵی سێیەم: (وَهُوَ مَبْنِيٌّ عَلَى جَوَازِ لَعْنِ العَاصِي المعيَّن مـن جماعـة لُعِنُـوا بالوَصْـفِ، وفِي ذَلـك خـلاف، فالجمهـور، عـلى أَنَّـهُ لاَ يَجُـوز لَعْـن المعـيَّن فاسِـقاً، كَانَ أَو ذِمِّيّاً، حَيّاً كَانَ أَو مَيِّتاً، وَلَمْ يُعْلَمْ مَوْتُهُ عَلَى الكُفْرِ، لاحتِمَال أَنْ يختـم لـه، أو ختـم لـه بالإسـلام، بخـلاف مَـنْ عُلِـمَ موتُـهُ عـلى الكفـر كأَبي جهـل، وَذَهَـبَ شـيخ الإسـلام الـسراج البَلْقِينـي إلى جـواز لعـن العـاصي المعـيَّن لحديـث الصحيحـين: «إِذَا دَعَـا الرَّجُـلُ امرَأَتَـهُ إِلَى فِرَاشِـهِ، فَأَبَـت أن تَجِـيء، فَبَـاتَ غَضبَـانَ، لَعَنَتْـهُ المَلاَئِكَـةُ حَتَّـى تُصبِـح»[1].

وَفِـي الزَّوَاجِر: لَوِ اسْتَدَلَّ لِذَلِكَ بِخَبَرِ مُسْلِمٍ:

أَنَّـهُ ﷺ مَـرَّ بِحِـمَارٍ وسُـمَ فِي وَجهِـهِ، فَقَـالَ: «لَعَـنَ اللهُ مَـنْ فَعَـلَ هَـذَا»[2] لَـكَانَ أَظهَـرُ، إِذِ الإِشَـارَةُ بِهـذا صَرِيحَـةٌ فِي لَعـنِ مُعَيَّنٍ، إلاَّ أَن يُـؤَوَّل بِـأَنَّ المُـرَاد الجِنـسُ، وَفيـهِ مَـا فِيـهِ).

واتـە: ئـەوە (کـە ئـەو ئایەتـە بەسـەر یەزیـددا بچەسـپێ)، بنیـات دەنـرێ لەسـەر ئـەوە کـە ئایـا ڕەوایـە نەفریـن بکـرێ لـە سـەرپێچییکارێکی دیارییکـراو لـە میانـی کۆمەڵێکـدا، کـە بـە هـۆی ئـەو وەسـفەوەی تێیانـدا هەیـە، نەفرینیـان لێکـراوە؟ لـەو بـارەوە ڕاجیایـی هەیـە، (بـۆ وێنـە: بابایەکـی شـەڕاب خـۆرەوە کـە لـە فەرمـوودەی پێغەمبـەردا ﷺ هاتـوە، نەفرینـی کـردوە لـە شـەڕاب خـۆرەوان بـە گشـتیی، ئایـا شـەڕاب خۆرەوەیەکـی دیارییکـراو، دروسـتە نەفرینـی لـێ بکـرێ، لەبـەر ئـەوەی ئـەو وەسـفەی تێدایـە؟)[3] زۆربـەی زانایـان ڕایـان وایـە دروسـت نیـە سـەرپێچییکارێکی دیارییکـراو نەفرینـی لـێ بکـرێ، ئنجـا ئـەو سـەرپێچییکارە لادەر بـێ، یاخـود لـە خـاوەن کتێبـان بـێ، (واتـە: مسـوڵمانێکی لادەر، یاخـود نامسـوڵمانێکی خـاوەن کتێـب بـێ)، زینـدوو بـێ، یـان مـردوو بـێ، مـادام نەزانرابـێ کـە لەسـەر کوفـر مـردوە، لەبـەر ئـەوەی ئەگـەری هەیـە، لـە سـەرە مەرگـدا بگەڕێتـەوە، یاخـود کۆتایـی بـە ئیسـلام

---

(١) رواه البخاري: ٣٥٦٠، ومسلم: ١٤٣١ عن أبي هريرة رضي الله عنه.

(٢) رواه مسلم: ٢٠٠١، ١١٧.

(٣) نێوان کەوانەکان زیادەی خۆمە، بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەست.

هاتبێ، بە پێچەوانەی کەسێکەوە کە بزانرێ لەسەر کوفر مردوە، وەک ئەبوو جەهل، بەڵام شێخی ئیسلام (**السراج البلقيني**) گوتوویەتی: دروستە سەرپێچییکاری دیارییکراو نەفرینی لێ بکرێ، لەبەر ئەو فەرمایشتەی لە صەحیحی بوخاریی و موسلیم دا هاتوە: کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: (**إذا دَعَا الرَّجُلُ امرَأَتَهُ إلى فِرَاشِهِ فَأَبَت أن تَجِيءَ فَبَاتَ غَضبَانَ، لَعَنَتْهُ المَلَائِكَةُ حَتَّى تُصبِح**)[١]، هەر کاتێک پیاو ئافرەتەکەی خۆی بانگ کرد بۆ سەر جێگا، ئەویش سەرپێچیی کرد، پیاوەکەش لێی تووڕە بوو، فریشتەکان تاکو ڕۆژ دەبێتەوە نەفرینی لێ دەکەن.

بەڵام (**ابن حجر الهيثمي**)، لە کتێبی (**الزَّوَاجر**)دا، گوتوویەتی: ئەگەر ئەوە بە بەڵگە بهێنرێتەوە کە لە صەحیحی موسلیم دا هاتوە، ئاشکراترەو بەڵگەکەی ڕوونترە لەسەر ئەوە، کە دەفەرموێ: (**أَنَّهُ ﷺ مَرَّ بِحِمَارٍ وُسِمَ فِي وَجهِهِ، فقَالَ: لَعَنَ اللهُ مَن فَعَلَ هَذَا**)، پێغەمبەر ﷺ بە لای کەرێکدا تێپەڕی کە دەم و چاوی نیشانەدار کرابوو، (داخ کرابوو، وەک نیشانەیەک)، فەرمووی: (نەفرینی خوا لەو کەسە بێ کە ئاوای کردوە)، چونکە ئاماژە کردن بەوە شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە کەسێکی دیارییکراو، ئەو کەرەی داخ کردوەو دەم و چاوی نیشانەدار کردوە، مەگەر بەوە تەئویل بکرێ کە مەبەست تێکڕا (جنس)ی ئەو کەسانە بووە، (کە ئاوا وڵاخ داخ دەکەن و نیشانەداری دەکەن)، بەڵام ئەوەش ئەوەی تێدایە کە تێیدایە.

لەو بارەشەوە دەگونجێ بگوترێ: ئەگەر مەبەست جینسیش بێ، ئەویش یەکێکە لەو جنسە، ئنجا مەرجیش نیە ئەو مەبەستی پێ جینس بێ، چونکە ئاماژەی کردوە بۆ کەرێکی دیارییکراو، کە دەم و چاوی داخ کراوە، لە لایەن کەسێکی دیارییکراوەوە.

ئەمە بڕگەی یەکەم بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنیەتیی دەلالەتی ئایەتەکان و فەرمایشتەکانی پێغەمبەر ﷺ لەسەر ئەو مەبەستەی گوتمان: کە بریتیە لە ڕەوایی، یان ناڕەوایی نەفرین لێکرانی یەزیدی کوڕی موعاویە.

---

(١) پێشتر (تخريج) کراوە.

بڕگەی دووەم: ڕای زانایان لە بارەی ڕەوایی و ناڕەوایی نەفرین لێکرانی یەزیدی کوڕی موعاویەوە:

١- یەکێکیان کە هەر ئالووسیی خاوەنی تەفسیری (**روح المعاني**)ە، دەڵێ: (**وَعَلَى هَذَا القَوْلِ لا تَوَقُّفَ فِي لَعنِ يزيد لِكثرةِ أَوصَافِهِ الخَبيثَةِ، وَارتكابِهِ الكَبَائِرَ فِي جَمِيعِ أَيَّامِ تَكْلِيفِه، وَيَكْفِي مَا فَعَلَهُ أيَّام اسْتِيلائِهِ، بِأَهلِ المَدِينَةِ، وَمَكَّةَ، فَقَد رَوى الطبراني بحديثٍ حسن: {أَللَّهُمَّ مَنْ ظَلَمَ أَهْلَ المَدِينَةِ، وَأَخَافَهُم، فَأَخِفْهُ، وَعَلَيْهِ لَعْنَةُ اللهِ وَالملائِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِين، لاَ تُقْبَلُ مِنْهُ صَرفٌ وَلا عَدلٌ}**[(١)]).

ئالووسیی چەند قسەیەک دەکات دوایی دەڵێ: بینا لەسەر ئەم قسەیە: نابێ بوەستین لە نەفرین لێکردنی یەزیددا، لەبەر ئەوەی سیفەتی پیسی خراپی زۆر بوون و، گوناهی گەورەی زۆر کردوون، لە هەموو ڕۆژەکانی ژیانیدا، ئەوەندەی بەسە لە کاتێکدا حوکمڕانیی زەوت کرد، ئەوەی بە خەڵکی شاری مەدینەو شاری مەککەی کرد.

(باسی نەکردوە چی پێ کردوون؟ بەڵام لە سەرچاوە مێژووییەکاندا هاتوە کە بۆ سوپاکەی خۆی بە تایبەت خەڵکی مەدینەی ڕەوا کردوە، دەکوژن؟! زینا دەکەن، هەتا زینایان لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە نافرەتاندا کردوەو، خەڵکێکی زۆریان کوشتوەو، خوێنێکی زۆریان ڕشتوەو، ماڵ و سامانی زۆری خەڵکیان داگیر کردوە)[(٢)]، دەڵێ (**الطبراني**) بە سەنەدێکی باش (**حسن**) هێناویەتی کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: {**أَللَّهُمَّ مَنْ ظَلَمَ أَهْلَ المَدِينَةِ، وَأَخَافَهُم فَأَخِفْهُ، وَعَلَيْهِ لَعْنَةُ اللهِ وَالملائِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِين، لاَ تُقْبَلُ مِنْهُ صَرفٌ وَلا عَدلٌ**}، واتە: ئەی خوایە! هەر

---

(١) رواه الطبراني في الكبير: ٦٦٣٦ عن السائب بن خلاد، وأورده الهيثمي في المجمع: ج٣، ص٣٠٧، وَأَوْرَدَهُ الألباني في «الصحيحة»: ٣٥١، ولكنَّه من حديث عبادة بن صامت، وَصُحِّحَ حَديثُ سائب بن خلاد، عند المنذري في الترغيب والترهيب: ١٢١٥.

(٢) نێوان کەوانەکان، زیادەو ڕوونکردنەوەی خۆمە.

کەسێک ستەمی لە خەڵکی مەدینە کردو ترساندنی بیترسێنەو، نەفرینی خواو فریشتەکان و، تێکڕای خەڵکی لەسەر بێ، فەرزو سوننەتی لێوەرناگیرێ.

کەواتە: پێغەمبەر ﷺ بەو شێوەیە دوعای کردوە لە هەر کەسێ، ستەم لە خەڵکی مەدینە بکات و بیانترسێنێ، ڕەفتارەکەی یەزیدیش لەو بارەوەو ئەوەی لە ڕۆژگاری یەزیدداو بە فەرمانی ڕاستەوخۆی وی، بە خەڵکی مەدینە کراوە، ستەم و ترساندن و تۆقاندن و دەستدرێژییەکی بێڕەزای جۆراوجۆر بووە، کە مرۆڤ شەرم دەکات هەمووی وەک خۆی باس بکات!! گوناهیشیان بەس ئەوەبوو کە ئامادەنەبوون بەیعەت بە یەزید بدەن!!

٢- (**عبدالرحمن ابن الجوزي**)، کە کتێبێکی هەیە بە ناوی: (**السرُّ المصون**)، واتە: (نهێنیی پارێزراو)، ئەویش لەو کتێبەیدا زۆر شتی لەو بارەوە هێناوە، کە من کورتی دەکەمەوەو شوێنی مەبەست دێنم، دەڵێ:

(مِنَ الإعتِقاداتِ العامَّةِ الَّتِي غَلَبَت على جَماعَةٍ مُنتَسِبينَ إلى السُّنَّةِ أن يَقُولوا: إنَّ يَزِيدَ كَانَ عَلى صَوابٍ، وَإنَّ الحُسَينَ أخطَأَ في الخُرُوجِ عَلَيهِ، وَلَو نَظَروا في السِّيَرِ لَعَلِموا كَيفَ عُقِدَت لَهُ البَيعَةُ، وَأُلزِمَ النَّاسُ بِها، وَلَقَد فُعِلَ في ذَالِكَ كُلُّ قَبيحٍ، ثُمَّ لَو قَدَّرنا صِحَّةَ عَقدِ البَيعَةِ، فَقَد بَدَت مِنهُ بَوَادٍ كُلُّهَا تُوجِبُ فَسخَ العَقدِ، وَلا يَمِيلُ إلى ذَالِكَ إلاَّ كُلُّ جَاهِلٍ عَامِّيٌّ المَذهَبِ، وَأَنا أقولُ الَّذي يَغلِبُ عَلى ظَنِّي: أنَّ الخَبِيثَ لَم يَكُن مُصَدِّقًا بِرِسالَةِ النَّبِيِّ ﷺ وَأنَّ مَجموعَ مَا فَعَلَ مَعَ أهْلِ حَرَمِ اللهِ تَعالى، وَأهلِ حَرَمِ نَبِيِّهِ ﷺ وَعِترَتِهِ الطَّيِّبِينَ الطَّاهِرينَ في الحياةِ وَبعدَ المماتِ، وَمَا صَدَرَ مِنهُ مِنَ المَخَازِي، لَيسَ بِأَضعَفَ دِلالَةً عَلى عَدَمِ تَصدِيقِهِ مِن إلقاءِ وَرَقَةٍ من مُصحَفِ الشَّريفِ في قَذَرٍ، ولا أظُنُّ أنَّ أمرَهُ كَانَ خَافِياً عَلى أجِلَّةِ المُسلِمِينَ إذَّاكَ، وَلكِنَّهُ كَانوا مغلوبِينَ مقهورِينَ، وَأنا أذهَبُ إلى جَوازِ لَعنِ مِثلِهِ عَلَى التَّعيِينِ، وَلَو لَم يُتَصَوَّر أن يَكونَ لَهُ مَثَلٌ مِنَ الفَاسِقِينَ، وَالظَّاهِرُ أنَّهُ لَمْ يَتُبْ، وَاحتِمَالُ تَوبَتِهِ أضعَفُ مِن احتِمَالِ إيمَانِهِ).

واتـە: لـە بیـرو بۆچوونـە هەڵـەکان کـە زاڵبـووە بەسـەر کۆمەڵێـک خەڵکـدا، کـە پـاڵ دەدرێنـە لای ئەهلـی سـوننەت، (واتـە: جەمـاوەری مسـوڵمانان)، ئەوەیـە کـە دەڵێـن: یەزیـد لەسـەر ڕاسـتیی بـووە، حوسـەین هەڵـەی کـردوە کـە لـە دژی یاخیـی بـووەو دەرچـووە!! بـەڵام ئەگـەر تەماشـای سـەرچاوەکانی مێژوویـان بکردایـە، دەیانزانـی کـە یەزیـد چـۆن بەیعەتـی پێـدراوەو، چـۆن خەڵکـی پێـوە پابەنـد کـراوە، کـە لـەو بـارەوە هەمـوو کارێکـی ناشـیرین ئەنجـام دراوە، (ڕاسـتیش دەکات، وەک لـە شـوێنی دیکـەو لـە بۆنـەی دیکـەدا، ئـەوەم باسـکردوە کـە موعاویـە پێنـج سـاڵ پێـش مردنـی خـۆی، بـە زۆرو بـە ترسـاندن و تۆقانـدن پەیمانـی لـە خەڵـک وەرگرتـوە بـۆ یەزیـدی کـوڕی)[1]، ئنجـا ئەگـەر گریـمان ئـەو بەیعەتـەش کـە پێیـدراوە ڕاسـت بووبـێ، (گریـمان بـە ڕاسـتمان دانـا)، دوایـی شـتی وای لـێ دەرکەوتـون، هەموویـان مایـەی ئـەوەن ئـەو گرێبەسـتەی بوویەتـی لەگـەڵ مسـوڵماناندا هەڵبوەشـێتەوەو، هیـچ کەسـێک بـڕوای وانیـە کـە حوکمڕانیـی یەزیـد ڕەوا بووبـێ، مەگـەر نەزانێـک کـە بۆچوونەکـەی بۆچوونێکـی نەزانانـەو عەوامانەیـە.

مـن دەڵێـم: ئـەوەی کـە بەسـەر گومانمـدا زاڵـە ئەوەیـە کـە ئـەو پیسـە، (واتـە: یەزیـد) بـڕوای بـە پەیامـی پێغەمبـەر ﷺ نەبـووەو، تێکـڕای ئـەوەی کردوویەتـی لەگەڵ خەڵکـی حەرەمـی خـوای بـەرزدا (واتـە: خەڵکـی مەککـە)و خەڵکـی حەرەمـی پێغەمبەرەکـەی دا ﷺ (واتـە: خەڵکـی مەدینـە)و لەگـەڵ وەچـەو خزمانـی پـاک و چاکـی پێغەمبـەردا ﷺ، چ لـە حاڵەتـی ژیانیانـداو، چ لـە دوای مردنیشـیان.

ئنجـا ئـەوەی لێـی دەرکەوتـوە لـەو شـتانەدا کـە مایـەی سـەر شـۆڕینی، دەلالەتیان لەسـەر ئـەوە کـە بـڕوای نەبـووە، بێهێزتـر نیـە لـە دەلالەتـی فڕێدانـی پەڕێکـی قورئان بـۆ نێـو پیسـایی، (واتـە: وەک چـۆن دەلالەتـی فڕێدانـی پەڕێکـی قورئـان بـۆ نێـو پیسـاییەک، ئـەوە دەگەیەنـێ کـە ئـەو کەسـە بـڕوای بـە قورئـان نیـەو، کردەوەکـەی بـە کوفـر لـە قەڵـەم دەدرێ، ئـەوەی یەزیدیـش کردوویەتـی لـە فڕێدانـی پەڕێکـی

---

(١) زیادەی خۆمە.

قورئـان بـۆ نێـو پیسـایی، دەلالەتەکـەی لـەوە کەمـتر نیـە)[١]، پێشـم وانیـە کـە کاری وی شـێردراوە بووبـێ، لـە زانایـان و پێشـەوایانی ئیسـلام لـەو کاتـەدا، بـەڵام ئـەوان ناچـار بـوون و بـێ دەسـەڵات کـراون.

مـن پێـم وایـە کـە نەفریـن کـردن لـە بابـای وەک یەزیـد بـە دیارییکراویـی، دروسـتە، هەرچەنـدە مەزەنتـەو وێنـا ناکـرێ، وێنـەی ئـەو هەبووبـێ لـە نێـو فاسـقانداو، ئـەوەش زیاتـر دێتـە بەرچـاو کـە تۆبـەی نەکردبـێ، ئەگـەری گەڕانـەوەو تۆبـە کردنەکـەی، لـە ئەگـەری بـڕوا هێنانەکـەی بێهێزتـرە.

٣- ئالووسیی دەڵێ: (وَمِمَّنْ صَرَّحَ بِلَعْنِهِ: جلال الدين السيوطي عَلَيْهِ الرَّحْمَةُ)، لەو زانایانەی کە بە ئاشکرا نەفرینیان لێکردوە: (جلال الدين السيوطي)یە ڕەحمەتی خوای لێ بێ.

٤- هەروەها ئالووسیی زانایەکی دیکەی چوارەمیش دێنی، دەڵێ: (وَقَالَ العَلاَّمَةُ تَفْتَازَانِي: لاَ نَتَوَقَّفُ فِي شَأْنِهِ بَلْ فِي إِيْمَانِهِ، لَعْنَةُ اللهِ عَلَيْهِ وَعَلَى أَنْصَارِهِ وَأَعْوَانِهِ)، واتە: زانای بەرز (تفتازاني)یش دەڵێ: ئێمە ناوەستین لە بارەی وییەوە، بەڵکو لە بارەی بڕوا هێنانیشیەوە، بەڵکو نەفرینی خوای لێ بێ و، لەسەر پشتیوانەکان و هاوکارەکانیشی[٢].

٣)- بڕگەی سێیەم: ڕای خۆمە:

من ڕای خۆم لە دوو خاڵدا دەخەمە ڕوو:

یەکەم: پێم وایە حوکمی ئایەتەکان و فەرموودەکان، زۆر بە ڕوونیی یەزید دەگرێتەوەو، وێنەی یەزیدیش دەگرێتەوە، واتە: هەر کەسێکی دیکە، وەک ویی کردبێ، لە حوکمڕانە ستەمکارو خۆسەپێن و بێ بەندو بارو لادەرەکان، ئایەتەکان و فەرمایشتەکانی پێغەمبەر ﷺ هەموو ئەوانە دەگرنەوەو، لە ڕاستییدا خوا ﷻ کە ئاوای فەرمووەو، پێغەمبەر ﷺ

---

(١) زیادەی خۆمە.

(٢) ئـەوەی هێناومـە، وەك پێشـتریش ئامـاژەم پێـدا: (الألـوسي) لـە تەفسـیرەکەی خـۆی (روح المعـاني)، بەرگـی (١٣)، جوزئـی (٢٦)، لاپـەڕە (٣٠٩)، تاکـو (٣١١)دا، هێناویەتـی.

کە ئاوای فەرمووە، بۆ ئەوە بووە هەر کەسێک وابکات، ئەو هەڕەشەیەو ئەو حوکمە بیگرێتەوە.

دووەم: پێم وایە مادام پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: {لَيْسَ الْمُؤْمِنُ بِالطَّعَّانِ، وَلَا اللَّعَّانِ، وَلَا الْفَاحِشِ، وَلَا الْبَذِيءِ} (أخرجه الترمذي: ١٩٧٧، وأحمد: ٣٨٣٩، ٣٩٤٨، وابن حبان: ١٩٢، انظر صَحِيح الْجَامِع: ٥٣٨١، الصَّحِيحَة: ٣٢٠، عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ مَسْعُودٍ ﷺ)، واتە: بڕوادار تانە لێدەرو، نەفرینکەرو، قسەی ناشیرینکەرو، زمان شڕ نیە.

بۆیە نەفرین کردن لە یەزیدو، لە هەر جۆرە کەسێکی دیکەی وەک ئەویش، بە پەسند نازانم، نەک لەبەر ناڕەوا بوونی، یان لەبەر ئەوەی ئایەتەکانی قورئان، ئەو ئایەتانەی باسمان کردن و، دەقەکانی سوننەت نایگرنەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی نەفرەت کردن نابێ، سیفەتی مسوڵمان بێ، بە پێی ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ.

مەسەلەی دووەم:

باسی کەسانێکی هەڵگەڕاوە لە ئیسلام بە خوتخوتەی شەیتان و، بەهۆی بەڵێندانیانەوە بە کەسانێکی ناحەزی ئیسلام، کە لە هەندێک کاردا بەقسەیان بکەن و، لە سەرە مەرگیشدا فریشتە زەبریان تێدەسرەوێنن، چونکە دوای شتانێکی تووڕەکەری خوا کەوتوون و، ڕەزامەندیی خوایان دزاوەو، خواش چاکەکانی پووچەڵ کردوونەوە:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱرْتَدُّوا۟ عَلَىٰٓ أَدْبَٰرِهِم مِّنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلْهُدَى ٱلشَّيْطَٰنُ سَوَّلَ لَهُمْ وَأَمْلَىٰ لَهُمْ ﴿٢٥﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا۟ لِلَّذِينَ كَرِهُوا۟ مَا نَزَّلَ ٱللَّهُ سَنُطِيعُكُمْ فِى بَعْضِ ٱلْأَمْرِ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ إِسْرَارَهُمْ ﴿٢٦﴾ فَكَيْفَ إِذَا تَوَفَّتْهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يَضْرِبُونَ وُجُوهَهُمْ وَأَدْبَٰرَهُمْ ﴿٢٧﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمُ ٱتَّبَعُوا۟ مَآ أَسْخَطَ ٱللَّهَ وَكَرِهُوا۟ رِضْوَٰنَهُۥ فَأَحْبَطَ أَعْمَٰلَهُمْ ﴿٢٨﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ بڕگەدا:

١)- ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱرْتَدُّوا۟ عَلَىٰٓ أَدْبَٰرِهِم مِّنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلْهُدَى ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی لەسەر پاشوانیان هەڵگەڕاونەوە، دوای ئەوەی ڕێنماییان بۆ ڕوون بۆتەوە، (أدبار)، کۆی (دُبر)ە، واتە: پشتەوە، بە باری پشتەوەدا ڕۆیشتوونەوە، بۆچی خوا ﷻ ئەو تەعبیرەی بەکارهێناوە؟ لەبەر ئەوەی کەسێک کە هەڵدەگەڕێتەوە، بەرەو لای دواوە دەچێ، بۆیە وشەی هەڵگەڕانەوە پاڵدراوەتە لای پشتەوەکان، وشەی (عَلَى)شی بۆ زیاد کراوە: ﴿ ٱرْتَدُّوا۟ عَلَىٰٓ أَدْبَٰرِهِم ﴾، تاکو بزانرێ کە ئەو ئەو هەڵگەڕنەوەیە زۆر باش چەسپاوە، لە لای پشتەوە، وەک خوا ﷻ دەفەرموێ: (عَلَى صِرَاطٍ مُستَقِيم)هود، واتە: ئەو کەسە لەسەر ڕاستە شەقام چەسپاوە.

﴿ مِّنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلْهُدَى ﴾، دوای ئەوەی ڕێنمایی و ڕێی ڕاستیان بۆ ڕوون بۆتەوە، ئەوانە چۆنن؟

٢)- ﴿ٱلشَّيۡطَٰنُ سَوَّلَ لَهُمۡ﴾، شەیتان ئەو هەڵگەڕانەوەیەی بۆ جوان کردوون، بۆی ڕازاندوونەوە، یان بۆی ئاسان کردوون، (سَوَّل)، هەم بە مانای (زَيّن)و، هەم بە مانای (سَهَّل)ش دێ، بۆی جوان کردوون، بۆی ڕازاندوونەوەو، بۆشی ئاسان کردوون.

٣)- ﴿وَأَمۡلَىٰ لَهُمۡ﴾، (الإملاءُ: الإمْدَادُ وَالإمْهَال)، (إملاء)، بە مانای بۆ درێژ کردن و، مۆڵەت دان و، هاوکاریی کردن دێ، ﴿وَأَمۡلَىٰ لَهُمۡ﴾، شەیتان هاوکاریی کردوون و، ڕستی بۆ درێژ کردوون و، مۆڵەتی داون، ﴿وَأَمۡلَىٰ لَهُمۡ﴾، خوێندراویشەتەوە: (وأُمْلِيَ لَهُم)، واتە: مۆڵەتدراون و ڕستیان بۆ درێژ کراوەو، هەروەها خوێندراویشەتەوە: (وَأُمْلِي لَهُم)، واتە: ڕستم بۆ درێژ کردوون و دەرفەتم داون.

٤)- ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَالُواْ لِلَّذِينَ كَرِهُواْ مَا نَزَّلَ ٱللَّهُ سَنُطِيعُكُمۡ فِي بَعۡضِ ٱلۡأَمۡرِ﴾، ئەویش بە هۆی ئەوەوە کەسانێک کە ئەوەیان دەدزا، خوا دایبەزاندوەو ڕقیان لێی بوو (کە قورئانە)، پێیان گوتن: لەمەودوا لە هەندێک کاردا بە قسەتان دەکەین.

ئنجا ئایا ئەوانەی کە ئەوەیان دزاوە، کە خوا دایبەزاندوەو ڕقیان لێی بووەو کەیفیان پێی نەهاتوە، کێن؟ دوو ئەگەری هەن:

أ- دەگونجێ مەبەست پێی جوولەکەکان بێ، بە نسبەت ئەو کاتەوە.

ب- دەشگونجێ مەبەست پێی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان بێ، لە خەڵکی مەککە.

بەڵام بە نسبەت ئێستاو دوای ئێستاوە، کە بە دڵنیایی قورئان بەس بۆ ئەو کاتە نەهاتوە، هەموو ئەوانەی ئەوەیان دەدزێ کە خوا دایبەزاندوەو، ڕقیان لەو قورئانەیە کە خوا دایبەزاندوە، هەموویان دەگرێتەوە، چ خاوەن کتێب بن، چ بێ کتێب بن، هەر ئەتەوەو هەر زمانێک بن و، لە هەر شوێنێک بن.

کە دەفەرموێ: ﴿سَنُطِيعُكُمۡ فِي بَعۡضِ ٱلۡأَمۡرِ﴾، لە مەودوا لە هەندێ کاردا بە قسەتان دەکەین، (الأمر: شأن الشِّرك وما يُلائِم أهله)، ﴿فِي بَعۡضِ ٱلۡأَمۡرِ﴾، واتە: لە هەندێک کاردا، هەندێک کارەکە چییە؟ ئەوەیە پەیوەندیی بەو خەڵکەوە

هەبـووە، کـە بەڵێنیـان پێـدراوە، ئنجـا ئەگـەر جوولەکـە بـوون، هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەر بـوون، پێیـان گوتـوون: بـە قسـەتان دەکەیـن لـە هەندێـک شـتدا، کـە ئـەوان مەبەسـتیان بـووە، نەشـیان گوتـوە: (فِي كُلِّ أُمـور)، تاکـو قسـەیەک نەکـەن، بۆیـان نەکـرێ، هەروەهـا تاکـو خۆیـان پابەنـد نەکـەن بـە شـتێکەوە، دوایـی کەشـف بـن و هەمـوو کـەس تێیـان بـگات، بـەڵام ئەگـەر لـە هەندێـک کاردا بـێ بـە پەنهانکاریـی، بـە قسـەیان بکـەن، کەشـف نابـن و ناناسرێـن.

٥)- ﴿ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ إِسۡرَارَهُمۡ ﴾، خواش پەنهانکردنەکەیان دەزانێ، واتە: چ قسە پەنهان بکەن، چ ڕەفتار پەنهان بکەن، خوا ﷻ دەیزانێ.

﴿ إِسۡرَارَهُمۡ ﴾، خوێندراویشەتەوە: (أَسْرَارَهُم)، خوا نهێنییەکانیان دەزانێ.

(أسرار)، کـۆی (سِرّ)ە، واتـە: خـوا پەنهانەکانیـان دەزانـێ و، نهێنییەکانیـان دەزانـێ، بـەڵام (إِسْرَار) چاوگـە، واتـە: پەنهانکردنەکەیـان دەزانـێ، ئنجـا چ قسـە پەنهـان بکـەن، چ کـردارو ڕەفتاریـان پەنهـان بکـەن، خـوا دەیزانـێ و پێـی ئـاگادارە، لێـرەدا زانایـان گوتوویانـە: دەبـێ مەبەسـت پێـی کـێ بـێ؟ مەبەسـت لـەو جـۆرە کەسـانە کـە خـوا ﷻ باسـیان دەکات: هەڵگەڕاونـەوەو، لەسـەر پاشـوانیان، بـەرەو پاشـەوە ڕۆیشـتوونەوەو، دوای ئـەوەی ڕێـی ڕاسـتیان بۆ ڕۆشـن بۆتەوە، شـەیتانیش ئـەو کارەی بـۆ جـوان و ئاسـان کـردوون، پاشـان هاوکاریـی کـردوون و ڕسـتی بـۆ درێـژ کـردوون، ئـەو هەڵگەڕانەوەشـیان دەرەنجامـی ئـەوە بـووە، کـە بەوانەیـان گوتـوە، ڕقیـان لـەوە بـووە، خـوا ﷻ بـۆی دابەزانـدوون، لـە هەنـدێ کاردا بـە قسـەتان دەکەیـن، ئایـا ئەوانـە کـێ بـوون؟ زانایـان سـێ ئەگەریـان بـۆ دانـاون:

یەکەم: دەگونجێ مەبەست پێی کەسانێک لە دەغەڵ و موونافیقەکان بێ، کە بڕوایەکی ڕاستەقینەیان هێناوە، بەڵام دوایی بەهۆی ئیمان بێهێزییەوە، یان بە هۆی شوبهەو ئیشکالێکەوە کە بۆیان دروستبووە، یان بە هۆی بەرژەوەندییەکی دنیاییەوە کە پێچەوانەی ئیمان و پێچەوانەی ئیسلام بووە، لێی هەڵگەڕاونەوە.

دووەم: دەگونجێ مەبەست پێی تێکڕای ئەو مونافیق و دەغەڵانە بێ، کە بڕیاریان داوە لەسەر کوفر بمێننەوە، دوای ئەوەی بەشداریی پێغەمبەر ﷺو مسوڵمانانیان کردوە لە کۆڕو مەجلیسیانداو، لە نوێژیانداو، لە کار و چالاکییەکانیاندا، بەڵام دڵی خۆیان لەسەر ئەوە ساغ کردۆتەوەو، لە لای خۆیانەوە بڕیاریان داوە، کە لێبڕاوانە لەسەر کوفری خۆیان بەردەوام بن.

سێیەم: دەشگونجێ مەبەست پێی کۆمەڵێک لە مونافیقەکان بووبێ، کە بەشداریی مسوڵمانانیان نەکردوە لە جەنگ دا، لە حاڵێکدا کە زانیویشیانە ئەوە ئەرکێکی ئیسلامەو، هەقە، واتە: لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ کارەکانی دیکەی مسوڵمانان بەشدار بوون، بەڵام لە جەنگ و جیهادو ڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمناندا، بەشدارییان نەکردوە هەرچەندە بە هەقیان زانیوە.

دوایی خوا ﷻ لە بارەی سەرەنجامی ئەوانەوە دەفەرموێ:

٦)- ﴿ فَكَيْفَ إِذَا تَوَفَّتْهُمُ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ ﴾، ئنجا ئایا حاڵ و کاریان چۆن دەبێ، کاتێک فریشتەکان دەیانمرێنن! ﴿ فَكَيْفَ ﴾، ئنجا کە لێرەدا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ فَكَيْفَ إِذَا تَوَفَّتْهُمُ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ ﴾، حاڵیان چۆن دەبێ کاتێک کە فریشتەکان دەیانمرێنن، مانای وایە هەر لە یەکەم مەنزڵگای ڕۆژی دواییەوە، کە مردنە، لە وێوە ئازارو سزا و ئەشکەنجە بۆ بێبڕوایان دەست پێ دەکات، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ فَكَيْفَ ﴾، ئەمە بۆ سەرسوڕماندنە، واتە: حاڵێکی زۆر خراپیان دەبێ، وابێ، سەرت لێی سوڕبمێنێ، دوایی باس دەکات کە فریشتەکان گیانیان دەکێشن چییان لێ دەکەن؟

٧)- ﴿ يَضْرِبُونَ وُجُوهَهُمْ وَأَدْبَـٰرَهُمْ ﴾، لە دەم و چاویان دەدەن و لە پشتەوەشیان دەدەن، هەم لە ڕوویان دەدەن و، زەبریان تێ دەسرەوێنن و، هەم لە پشتشیان زەبر دەسرەوێنن، بۆچی خوا ﷻ ئەو دوو لایەی دیاریی کردوون؟

یەکەم: ئەو دەم و چاوەی پاراستوویانە لە زەبری شمشێر، ئەگەر بچن بۆ جەنگ و جیهادو لەگەڵ ئەهلی کوفردا، ڕووبەڕوو ببنەوە، فریشتە لەو دەم و چاوەیان دەدەن،

ئەو پشتەیان کە ئەگەر بەشداریی جەنگ ببوونایە، لە ترسان پشتیان لە دوژمن دەکرد، لەو پشتەشیان دەدەن، کە لە ئەگەری بەشداربوونیان دا، ئەوانە پاشیان (پشتیان) دەکردە دوژمن.

دووەم: واتایەکی دیکەی: ﴿ يَضْرِبُونَ وُجُوهَهُمْ وَأَدْبَـٰرَهُمْ ﴾، واتە: لە هەموو لایەکیان دەدەن، زەبر لە هەموو لایەکیان دەسرەوێنن، کەسێک بە یەکێک دەڵێ: لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای، لە پێش و دواییدا، یانی: لە هەموو لایەکیدا.

٨)- ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمُ ٱتَّبَعُوا۟ مَآ أَسْخَطَ ٱللَّهَ وَكَرِهُوا۟ رِضْوَٰنَهُۥ ﴾، ئەوەش بەهۆی ئەوەوە شوێن ئەوە کەوتوون، کە خوای تووڕە کردوە، {کە بریتیە لە شیرک و، کوفرو، نیفاق و، شوێن ئەو شتانە کەوتوون کە مایەی تووڕە بوونی خوان ﷻ}و ڕقیشیان لە ڕەزامەندیی خوا بووە، واتە: ڕقیان لەو هۆکارانە بووە، کە مایەی ڕازیبکردنی خوان، کە لە ئیسلام و کارو ئەرکەکانی ئیسلامدا بەرجەستەن.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمُ ٱتَّبَعُوا۟ مَآ أَسْخَطَ ٱللَّهَ ﴾، واتـە: ئـەو مردنـە سـامناکە، ئـەو سـزاو ئـازارە، کـە فریشـتەکان لـە سـەرە مەرگـدا لـە دەم و چاویـان دەدەن و، لـە پشـتیان دەدەن، بەهـۆی ئەوەوەیـە کـە ئەوانـە شـوێن ئـەوە کەوتـوون، خـوای تـووڕە کـردوەو، ڕقیشـیان لـە ڕەزامەندیـی خـوا بـووە، یـانی: لـەو کارانـەی ڕەزامەندیـی خوایـان بـۆ دەسـتەبەر دەکـەن، بۆیـە خـوا ﷻ کردەوەکانـی لـێ هەڵوەشـاندوونەوە، کەواتـە: شـوێن کەوتنـی ئـەو شـتانەی، مایـەی تـووڕە کردنـی خـوان، پێویسـتکەری ئـەوە بـووە، لـە دەم و چاویـان بـدرێ، هـەروەک ڕق هەڵسـانیان لـەو شـتانەی جێـگای ڕەزامەندیـی خـوان و، پشـتتێکردنیان لـە ڕەزامەندیـی خـوا، هـۆکاری ئـەوە بـووە، لـە پشـتیان بـدرێ.

٩)- ﴿ فَأَحْبَطَ أَعْمَـٰلَهُمْ ﴾، ئنجا (بۆیە خوا ﷻ) کردەوەکانی لێ هەڵوەشاندونەوەو، کەواتە: شوێن کەوتنی ئەو شتانەی مایەی تووڕە کردنی خوان، پێویستکەری ئەوە بووە لە دەم و چاویان بدرێ، هەروەها ڕق هەڵسانیان لەو شتانەی جێگای ڕەزامەندیی

خوان و، پشتتێکردن لە ڕەزامەندیی خوا، هۆکاری ئەوە بووە، لە پشتیان بدرێ و، لە ئاکامیش دا: هەڵوەشانەوەی کردەوەکانیشیان و پووچەڵکردنەوەی کردەوە باشەکانیان، بە جۆرێک نەتوانن لێیان بەهرەمەند بن لە ڕۆژی دواییدا.

مەسەلەی سێیەم:

مونافیقـە دەروون ناسـاغەکان خەیـاڵ پـڵاو دەکـەن، ئەگـەر پێیـان وابـێ خـوا بوغـزو کینـەی دەروونیـان دەرناخـات، بەڵکـو ئەگـەر خـوا ﷻ بیـەوێ بـە قیافـەو دیمەنیـان دەناسرێـن و، مسـۆگەر پێغەمبـەری خـوا (موحەممـەد ﷺ) بـە شـێوازو ئـاوازی قسـەیان دەیانناسـێ و، خـواش کردەوەکانیـان دەزانـێ، بەدڵنیاییـش دەیانجەڕبێنـێ، تاکـو لـە نێویانـدا تێکۆشـەرانی فیـداکارو خۆڕاگـران دەزانـێ و، هـەواڵ و هەڵوێسـتەکانیان بـێ پـەردە دەخاتـەڕوو:

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ أَمْ حَسِبَ ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ أَن لَّن يُخْرِجَ ٱللَّهُ أَضْغَـٰنَهُمْ ﴿٢٩﴾ وَلَوْ نَشَآءُ لَأَرَيْنَـٰكَهُمْ فَلَعَرَفْتَهُم بِسِيمَـٰهُمْ ۚ وَلَتَعْرِفَنَّهُمْ فِى لَحْنِ ٱلْقَوْلِ ۚ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ أَعْمَـٰلَكُمْ ﴿٣٠﴾ وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ حَتَّىٰ نَعْلَمَ ٱلْمُجَـٰهِدِينَ مِنكُمْ وَٱلصَّـٰبِرِينَ وَنَبْلُوَا۟ أَخْبَارَكُمْ ﴿٣١﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەوت بڕگەدا:

١)- ﴿ أَمْ حَسِبَ ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ أَن لَّن يُخْرِجَ ٱللَّهُ أَضْغَـٰنَهُمْ ﴾؟، بەڵکو ئایا ئەوانەی دڵەکانیان نەخۆشییان تێدایە، پێیان وایە: خوا کینەکانیان وەدەرنانێ و دەرناخات؟ زانایان هەندێکیان (أم) یان بە (بَل) لێک داوەتەوەو، هەندێکیش گوتوویانە: هەم مانای (بَل) و، هەم مانای (أ) هەمزەی پرسیارکردن دەگەیەنێ، واتە: بەڵکو ئایا ئەوانەی دڵیان نەخۆشیی تێدایە، پێیان وایە خوا کینەکانیان نەخاتە دەرێ؟ ئەو کینەو بوغزانەی لە دڵ و دەروونیاندان! ئەو نەخۆشییە بریتیە لە دوو دڵیی و، نیفاق و، شیرک و، کوفر، بەڵام بە پێی ڕەوت زیاتر مەبەست پێی: دوو دڵیی و دەغەڵییە.

﴿ أَن لَّن يُخْرِجَ ٱللَّهُ أَضْغَـٰنَهُمْ ﴾، واتـە: کـە هەرگیـز لـە داهاتوودا کینـەو بوغزەکانیان کـە بەرانبـەر ئیسـلام و مسـوڵمانان هەیانـە، خـوا ﷻ نەیانخاتـە گـۆڕێ، ئـەو کینـەو بوغزانەیـان بـۆ پێغەمبـەری خـوا ﷺ و مسـوڵمانان کەشـف نـەکات؟ (أَضْغـان)،

كـۆی (ضِغـن)، یـان (ضَغـن)ە، واتـە: كینـە (الحِقـد)، كـە بریتیـە لـە: پەسـتییەک و ڕق لێبوونەوەیەکـی پەنهـان لـە نێـو دڵـدا، (ما يُضْمَرُ مِنَ المَكرُوهِ)، ئـەو خراپەیـەی لـە دڵـدا پەنهـان دەکـرێ (ضِغـن) و (ضَغـن)، بریتیـە لـە: شـتی خـراپ کـە پەنهـان دەکـرێ، یـان (غِـشّ) یـانی: ناپاکیـی، یـان (حَسـد) واتـە: ئیرەیـی، یـان (حِقـد)، واتـە: کینـە، یـان (عَـداوة)، دوژمنایەتیـی زانایـانی ڕوونکـەرەوەی قورئـان، بـە هەمـوو ئـەو واتایانەیـان هێنـاوە، کـە ڕەنگـە لـە هـەر سـیاقێک دا مانایـەک یـان زیاتـر بێتـە زەینـەوە، چونکـە هەنـدێ وشـە کـە خـوا ﷻ لـە قورئانـدا بـە کاری هێنـاون، چەنـد واتایـەک بـە دەسـتەوە دەدەن، هەندێکیـان مانـای ڕاسـتەقینەیانەو، هەندێکیـان مانـای خوازراویانـە، یـان مانـای مەجازییانـە، بـەڵام بـە پێـی سیاقەکان، یەکێـک لـەو مانایانـە زیاتـر زاڵ دەبـێ، کـە مەبەسـت بـێ.

٢)- ﴿وَلَوْ نَشَاءُ لَأَرَيْنَاكَهُمْ﴾، ئەگەر ویستبامان ئەوانمان پێشانی تۆ دەدا.

ئەمە لێرەدا دوو واتای هەن:

أ- (أي: لأَرَيْنَاكَ أَشْخَاصَهُم فَعَرَفْتَهُم)، خودی ئەو کەسانەمان پێشانی تۆ دەداو دەتناسین.

ب- یاخود: (لذَكَرنا لَكَ أَوصَافَهُم فَعَرفْتَهُم بِهَا)، سیفەتەکانیانمان بۆت ڕوون دەکردنەوە کە بەو سیفەتانە بیانناسی.

٣)- ﴿فَلَعَرَفْتَهُم بِسِيمَاهُمْ﴾، ئەو کاتە تۆ بە نیشانەیان دەتناسین، (ل)ی سەر: ﴿لَأَرَيْنَاكَهُمْ﴾، کە دەفەرموێ: ﴿وَلَوْ نَشَاءُ لَأَرَيْنَاكَهُمْ﴾، ئەو لام (ل)ە، وەڵامی: ئەگەر ﴿وَلَوْ﴾ە، ئەگەر ویستبامان پێشانمان دەدای، سەرەنجام بە هۆی نیشانەیانەوە دەتناسین، (سيما وسِيمياء: العَلاَمَةُ المُلاَزِمَة وَأَصْلُهُ: أَسْمَى مِن الوَسْمِ، وَهُوَ جَعْلُ سِمَةٍ للشيء)، (سيما، وسمياء)، نیشانەیەکە کە پەیوەست بێ بە شتێکەوە، ئەصڵەکەشی لە (وَسْم)ەوە هاتوە، ئەویش لە (أسمى)یە، واتە: شتێک بکرێتە نیشانە بۆ شتێک.

٤)- ﴿وَلَتَعْرِفَنَّهُمْ فِي لَحْنِ الْقَوْلِ﴾، بە دڵنیایی تۆ بە هۆی لادانی قسەوە دەیانناسی، یان بە هۆی ئاوازی قسەوە، یان شێوازی قسەوە، ئاشنایان دەبی، وشەی: ﴿لَحْنِ﴾، بە

هەر سێ واتایەکە هاتوە، (اللَّحْنُ: النَّغْمَةُ، وَاللَّحْنُ: الأُسْلُوبُ، وَاللَّحْنُ: الكَلَامُ الَّذِي يَكُونُ عَلَى غَيْرِ ظَاهِرِه، لِيَفْطِنَ لَهُ مَنْ يُرَادُ أنْ يَفْهَمَهُ، دُونَ أَنْ يَفْهَمَهُ غَيْرُه)، وشەی (لَحْن)، هەم بە مانای ئاواز دێ، هەم بە مانای شێواز دێ، هەم بە مانای قسەیەک دێ، کە ڕواڵەتەکەی مەبەست نەبێ، ئەو کەسەش کە دەویسترێ تێیبگات، تێی بگات، بێ ئەوەی خەڵکی دیکە لێی حاڵیی بێ.

دەفەرموێ: تۆ لە ئاوازی قسەیان، یان لە شێوازی قسەیان و، یان لە بادانی قسەیانەوە، دەیانناسی.

٥)- ﴿وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ أَعۡمَٰلَكُمۡ﴾، خواش بە گشتیی کردەوەکانتان دەزانێ، کردەوەکانتان دەزانێ هی هەموو لایەک بە چاک و خراپەوە.

کە دەفەرموێ: ﴿وَلَتَعۡرِفَنَّهُمۡ فِي لَحۡنِ ٱلۡقَوۡلِۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ أَعۡمَٰلَكُمۡ﴾، (إحْتِرَاسٌ مِمَّا يَقْتَضِيهِ مَفْهُومُ (لَو نَشَاءُ لأَرَيْنَاكَهُم) مِنْ عَدَمِ وُقُوعِ مَشِيئَةِ لإرَائَتِهِ إيَّاهُم بِنُعوتِهِم، أي: إنْ لَمْ نُرِكَ إيَّاهُم بِسِيمَاهُم، فَلَتَقَعَنَّ مَعرِفَتُكَ بِهِم مِن لَحْنِ كَلَامِ بِإلهامِ يَجعَلُهُ اللهُ لِرَسُولِهِ)، ئەوە بۆ خۆ پاراستنە لەوەی چەمکی ئەو فەرمایشتە دەیخوازێ، کە پێشێ فەرمووی: ﴿وَلَوۡ نَشَآءُ لَأَرَيۡنَٰكَهُمۡ﴾، (ئەگەر ویستبامان ئەوانمان پیشانی تۆ دەدات)، کە خوا ﷻ نەیویستوە ئەوانی پێشان بدات بە سیفەتەکانیان، کە وانەزانرێ بە هیچ جۆرێ خوا ﷻ ئەوانی پێشانی پێغەمبەر ﷺ نەداوە، واتە: ئەگەر ئەوان پێشانی تۆ نەدەین، بە نیشانەکانیان، بە دڵنیایی ناسینی تۆ بۆ ئەوان هەر دێتە دی، بە هۆی ئاوازو شێوازی قسەیانەوە، یاخود بە هۆی لادانی قسەیانەوە بەخوریە و ئیلهامێ کە خوا ﷻ بۆ پێغەمبەری خۆی ﷺ دەیرەخسێنێ.

٦)- ﴿وَلَنَبۡلُوَنَّكُمۡ حَتَّىٰ نَعۡلَمَ ٱلۡمُجَٰهِدِينَ مِنكُمۡ وَٱلصَّٰبِرِينَ﴾، بە جەختکردنەوەوە، ئێمە تاقیتان دەکەینەوە، تاکو تێکۆشەران لە ئێوەو خۆڕاگران بزانین.

دەگونجێ (جهاد) مەبەست پێی جەنگ و کوشتار بێ، دەشگونجێ مەبەست پێی هەر جۆرە تێکۆشانێکی دیکە بێ.

﴿ وَٱلصَّـٰبِرِينَ ﴾، هەروەها خۆڕاگران لە ئێوە، تاقیتان دەکەینەوە تاکو تێکۆشەران لە نێو ئێوەدا دەزانین و، خۆڕاگران لە نێو ئێوەدا دەزانین، خۆڕاگران لەسەر جەنگ و جیهادو جگە لە جەنگ و جیهادییش.

٧)- ﴿ وَنَبْلُوَاْ أَخْبَارَكُمْ ﴾، هەواڵەکانیشتان دەجەرِبێنین، تاقییدەکەینەوە، واتە: هەواڵەکانتان و هەڵوێستەکانتان دەردەخەین، (البَلْو: الإِخْتِبَارُ وتَعَرُّفُ حَالِ الشَّيء)، (بلو): بریتیە لە تاقیکردنەوەو زانینی حاڵی شتێک.

کە دەفەرموێ: ﴿ حَتَّىٰ نَعْلَمَ ﴾، (حَتَّى حَرْفُ انْتِهاءٍ، فَمَا بَعْدَهَا غَايَةٌ لِلفِعْلِ الَّذِي قَبْلَهَا، وَهِيَ هُنَا مُسْتَعْمَلَةٌ فِي مَعْنَى لَامِ التَّعْلِيلِ)، (حتى): پیتێکە بۆ کۆتایی شتێک بەکاردێ، ئنجا ئەوەی لە دواوەی دێ، ئامانجە بۆ ئەوەی لە پێشیەوە باسکراوە، کە لێرەدا (حتى)، بەکارهێنراوە بە مانای لامی هۆکار دۆزیی (لام التعليل)، یانی: (لِنَبْلُوَنَّكُمْ لِنَعْلَمَ المُجَاهِدِينَ مِنْكُم)، بەڵام بۆچی (حَتَّى) بەکارهاتوە؟ یانی: ئەو تاقیکردنەوەیە بەردەوام دەبێ، تاکو سەرەنجام ئەوانەتان کە تێکۆشەرن و فیداکارن و، ئەوانەشتان کە خۆڕاگرن، دەزانین و دەردەکەون، یانی: بە زمانی حاڵ، یان لە واقیعدا دەردەکەون، ئەگەرنا خوا ﷻ هەر دەیانزانێ، ﴿ وَنَبْلُوَاْ أَخْبَارَكُمْ ﴾، هەروەها هەواڵەکانیشتان دەزانین، لەسەر ئەرزی واقیع هەواڵەکانتان دەردەکەون، تاکو بۆ خەڵک دەردەکەون و لە واقیعدا بەرجەستە دەبن.

﴿ وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ ﴾، خوێنراویشەتەوە: (يَبْلُوَنَّكُم)، هەروەها ﴿ حَتَّىٰ نَعْلَمَ ﴾، خوێندراوەتەوەش: (حتَّى يَعلَمَ)، و ﴿ وَنَبْلُوَاْ ﴾، خوێندراوەتەوەش: (وَيَبْلُوَا) بە هەموو شێوە خوێندنەوەکان هاتوون، واتە: تاقییتان دەکەینەوە، تاکو ئەو هەواڵانەی کە بە هۆیانەوە ستاییش دەکرێن، یاخود سەرزەنشت دەکرێن، دەردەکەون، ئێمە لێتان ناگەڕێین ئاوا وەک ماش و برنج تێکەڵ بن، بەڵکو تاقیتان دەکەینەوە، تاکو پاک و پیستان، چاک و خراپتان لێک دەکەینەوەو، ئەم ئایەتە وەک ئەو ئایەتەی سوورەتی (آل عمران) وایە، کە خوا ﷻ دەفەرموێ:

﴿ مَّا كَانَ ٱللَّهُ لِيَذَرَ ٱلْمُؤْمِنِينَ عَلَىٰ مَآ أَنتُمْ عَلَيْهِ حَتَّىٰ يَمِيزَ ٱلْخَبِيثَ مِنَ ٱلطَّيِّبِ ۗ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُطْلِعَكُمْ عَلَى ٱلْغَيْبِ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَجْتَبِى مِن رُّسُلِهِۦ مَن يَشَآءُ ۖ فَـَٔامِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ ۚ وَإِن تُؤْمِنُوا۟ وَتَتَّقُوا۟ فَلَكُمْ أَجْرٌ عَظِيمٌ ﴿١٧٩﴾ ﴾، واتە: ناگونجێ خوا لە بڕواداران بگەڕێ، وەک ئەو حاڵەی کە ئێوە لەسەرینی، ﴿ حَتَّىٰ يَمِيزَ ٱلْخَبِيثَ مِنَ ٱلطَّيِّبِ ﴾، لێرەدا شتێک قرتێندراوە بە سیاق دەزانرێ، واتە: تاقیتان دەکاتەوە، تاکو پیس لە پاک جیا دەبێتەوەو، ناشگونجێ خوا ﷻ ئێوە لە پەنهان ئاگادار بکات، بەڵام خوا ﷻ لە پێغەمبەرانی خۆی هەڵدەبژێرێ، هەر کەسێ بیەوێ، (واتە: هەڵیاندەبژێرێ بۆ جەنگ و جیهادو فیداکاریی)، دەجا ئێوەش بڕوا بێنن بە خواو، پێغەمبەرانی خواو، ئەگەر بڕوابێنن و پارێز بکەن، پاداشتێکی مەزنتان هەیە.

عادەت و سوننەتی خوا وابووە لە ژیانی بەشەردا کە لێ نەگەڕێ خەڵک بە تێکەڵ و پێکەڵیی بمێنێتەوە، نەزانرێ کێ چۆنە؟ کێ بایی چەندە؟ کێ چەندەی ئیمان پێیە؟ کێ ئیمانی هەیەو کێ نیەتی؟ بەڵکو خوا ﷻ ڕووداوو پێشهاتەکان دێنێتە پێش، کارو کردەوەکان دێنێتە پێش، تاکو سەرەنجام وەک گوتراوە: لە بوارێدا، لاقی ڕەش و سپی دەردەکەوێ، لە تەنگانەو سەغڵەتییاندا، هەر کەسە جەوهەرو چییەتی خۆی دەردەخات.

خوای پەروەردگار بە لوتفی خۆی، یارمەتییمان بدات هەمیشە شتی باشمان لێ دەربکەوێ، بە تایبەتی لە تەنگانانداو، وامان لێ بکات بە هۆی تاقیکردنەوەکانەوە زیاتر ساغ و پتەو بین، پاک و چاک بین، هەواڵ و هەڵویستەکانمان مایەی سەربەرزییمان بن، لە دنیاو دوارۆژدا، نەک مایەی عەیبدارییمان.

دەرسی چوارەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرســەمان لـە حـەوت (٧) ئایـەتی کۆتایـی سـوورەتی (محمـد) پێـک دێ، ئایەتەکانـی: (٣٢ - ٣٨)، کـە تـەوەری سـەرەکییان باسـی بەرەنـگار بوونـەوەی بێبڕوایانـی شەڕفرۆشـەو، هاندانـی بڕوادارانـە لـەو بـارەوە:

١- چ بە بێهێزو ڕەنجەڕۆو دەستخەڕۆ پێشاندانی کافران، لە دنیاو دوارۆژدا.

٢- چ بە هۆشداریی پێدانی بڕواداران، کە کردەوەکانیان پووچەڵ نەکەنەوەو لە خۆیان وریابن.

٣- چ بە کەم بایەخ پێدانی ژیانی دنیای و ماددیی، خوا ﷻ ژیانی دنیا بە کەم بایەخ دەخاتەڕوو، تاکو ئەوەش هاندەر بێ بۆ مسوڵمانان بۆ فیداکاریی و، دەستیان بە دنیاوە نەبێ و، گوریس لە بن ڕانەخەن و، باوەشی پێدا نەکەن.

٤- چ بە هۆی خستنەڕووی ئەوە، کە خوا ﷻ لەگەڵ بڕواداران دایەو، پاداشتیان کەم ناکاتەوە، هی کردەوە باشەکانیان.

٥- چ بە خستنەڕووی ئەو ڕاستییە، کە خوا ﷻ جگە لە کەمێک ماڵ و سامانیان لێ داوا ناکات بیبەخشن.

٦- چ بە هەڕەشە لێکردنیان، کە ئەگەر پشت بکەنە ئیسلام، خوا ﷻ پەکی ناکەوێ و، کەسانێکی دیکە دێنێ، کە وەک ئەوان نابن، پشت لە ئیسلام بکەن و، پشت لە ئەرکەکانی سەرشانیان بکەن، کە ئایین و بەرنامەی خوا بۆیان دیاریی دەکات.

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَصَدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَشَآقُّوا۟ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلْهُدَىٰ لَن يَضُرُّوا۟ ٱللَّهَ شَيْـًٔا وَسَيُحْبِطُ أَعْمَـٰلَهُمْ ﴿٣٢﴾ ۞ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُوا۟ ٱلرَّسُولَ

وَلَا تُبْطِلُوٓا۟ أَعْمَـٰلَكُمْ ﴿٣٣﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَصَدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ثُمَّ مَاتُوا۟ وَهُمْ كُفَّارٌ فَلَن يَغْفِرَ
ٱللَّهُ لَهُمْ ﴿٣٤﴾ فَلَا تَهِنُوا۟ وَتَدْعُوٓا۟ إِلَى ٱلسَّلْمِ وَأَنتُمُ ٱلْأَعْلَوْنَ وَٱللَّهُ مَعَكُمْ وَلَن يَتِرَكُمْ أَعْمَـٰلَكُمْ ﴿٣٥﴾
إِنَّمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا لَعِبٌ وَلَهْوٌ ۚ وَإِن تُؤْمِنُوا۟ وَتَتَّقُوا۟ يُؤْتِكُمْ أُجُورَكُمْ وَلَا يَسْـَٔلْكُمْ أَمْوَٰلَكُمْ ﴿٣٦﴾
إِن يَسْـَٔلْكُمُوهَا فَيُحْفِكُمْ تَبْخَلُوا۟ وَيُخْرِجْ أَضْغَـٰنَكُمْ ﴿٣٧﴾ هَـٰٓأَنتُمْ هَـٰٓؤُلَآءِ تُدْعَوْنَ
لِتُنفِقُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ فَمِنكُم مَّن يَبْخَلُ ۖ وَمَن يَبْخَلْ فَإِنَّمَا يَبْخَلُ عَن نَّفْسِهِۦ ۚ وَٱللَّهُ
ٱلْغَنِىُّ وَأَنتُمُ ٱلْفُقَرَآءُ ۚ وَإِن تَتَوَلَّوْا۟ يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُونُوٓا۟ أَمْثَـٰلَكُم ﴿٣٨﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بـە دڵنیایـی ئەوانـەی بێبـڕوا بـوون و، خەڵکیـان لـە (بەرنامـەو) ڕێـی خـوا لاداو، سـەرپێچیی پێغەمبەریـان کـرد، دوای ئـەوەی ڕاسـتە ڕێیـان بـۆ ڕوون بـوو بـۆوە، یـەک تـۆز (هیـچ ئەندازەیـەک)، زیـان بـە خـوا ناگەیەنـن و، کردەوەکانیشـیان پووچـەڵ دەکاتـەوە ﴿٣٢﴾ ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە! فەرمانبەریـی خـوا بکـەن و، فەرمانبەریـی پێغەمبـەر بکـەن و، کردەوەکانتـان پووچـەڵ مەکەنـەوە ﴿٣٣﴾ بێگومـان ئەوانـەی بێبڕوابـوون و ڕێگریـی (خەڵک)یـان کـرد لـە ڕێـی خـوا، دوایـی لـە حاڵێکـدا مـردن کـە بێبڕوابـوون، هەرگیـز خـوا لێیـان نابـووڕێ ﴿٣٤﴾ ئنجـا (ئـەی بڕوادارینـە!) بێهێـز مەبـن و، (لایەنـی بەرانبـەر) بانـگ مەکـەن بـۆ ئاشـتیی، لـە حاڵێکـدا ئێـوە لـە بەرزترانـن و، خـواش لەگەڵتانـەو، کردەوەکانیشـتان کـەم ناکات ﴿٣٥﴾ بـە دڵنیایی ژیانی دنیـا یاریـی و خافڵانـەو، ئەگـەر بـڕواش بێنـن و پارێـز بکـەن، پاداشـتەکانتان دەداتـێ و (خەرجکردنـی سـەرجەم) سامانەکانیشـتان لـێ داوا نـاکات، بەڵکـو داوای کەمێـک لـە مـاڵ و سـامانتان لـێ دەکات ﴿٣٦﴾ ئەگـەر بـە جەختکردنـەوە (ماڵ و سـامانەکانتان) لێتان داوا بـکات، ڕژدیـی دەکـەن و کینەکانیشـتان (لـە بەرانبـەر فەرمانکـردن بـە خەرجکـردن دا) لێتـان (لـە دڵ و دەروونتـان) دەردێنـێ ﴿٣٧﴾ ئەهـا (ئێسـتا) ئێـوە بانـگ دەکرێـن، لـە

ڕێی خوادا ببەخشن، کەچی هەتانە چرووکیی دەکات و، هەر کەسیش چرووکیی بکات، بەرانبەر بە (سوودی) خۆی ڕژدیی دەکات و، خواش بێ نیازەو، ئێوەش هەژارن و ئەگەر پشتیش هەڵبکەن، (خوا) کۆمەڵێکی دیکەی جگە لە ئێوە دەکاتە جێدارتان، ئنجا ئەوان وەک ئێوەش نابن ﴿٣٨﴾].

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(وَشَآقُّواْ ٱلرَّسُولَ): واتە: سەرپێچییان کرد لە پێغەمبەر ﷺ، (الشِّقَاقُ: المُخَالَفَةُ وكَوْنُكَ فِي شِقٍّ غَيرِ شِقِّ صَاحِبِكَ، أو مِنْ: شَقِّ العَصَا بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ)، (شِقَاق): بە مانای سەرپێچیکردن، یان ناکۆکییکردن دێ، ئەویش ئەوەیە کە تۆ لە لایەک بی، جگە لە لای بەرانبەرەکەت، یاخود لەوەوە هاتوە، کە گۆچان لە بەینتاندا بشکێنرێ، لەت بکرێ.

(وَلَا تُبۡطِلُوٓاْ أَعۡمَٰلَكُمۡ): کردەوەکانتان هەڵمەوەشێننەوە، پووچەڵ مەکەنەوە، (بَطَلَ، بُطُولاً، وَبُطْلاً وبُطْلَانَاً: ذَهَبَ دَمُهُ بُطْلاً: هَدَراً، والإبْطَالُ: إفْسَادُ الشَّيء وَإزَالَتُهُ)، دەگوترێ: (بَطَلَ، بُطُولاً، وبُطْلاً وبُطْلَانَاً)، واتە: پووچەڵ بۆوەو، پووچەڵ بوونەوە، دەگوترێ: (ذَهَبَ دَمُهُ بُطْلاً)، واتە: خوێنەکەی بە بەلاش چوو، پووچەڵ بوو، (إبطال): بریتیە لە تێکدان و لابردنی شتێک و پووچەڵکردنەوەو بێ ئێوەڕۆک کردنی.

(فَلَا تَهِنُواْ): (الوَهْنُ: ضَعْفٌ مِنْ حَيْثُ الخَلْقِ والخُلُقِ)، (وَهن): بریتیە لە بێهێزیی لە ڕووی جەستەوەو، لە ڕووی ئاکارەوە، (فَلَا تَهِنُواْ)، واتە: (فَلا تَضْعُفُوا)، بێهێز مەبن، چ لە ڕووی جەستەیی و ڕواڵەتەوە، خۆتان بێهێز پێشان بدەن، چ لە ڕووی دەروونەوە تێک بشکێن.

(ٱلسَّلۡمِ): (السَّلْمُ: الصُّلْحُ، والسِّلْمُ والسَّلَمُ: إسْمٌ بإزَاءِ الحَرْبِ)، وشەی (سَلم): بە مانای ئاشتەوایی و صوڵح دێ، (سِلْم و سَلْم)، لە بەرانبەری جەنگدا دێ.

(وَأَنتُمُ ٱلۡأَعۡلَوۡنَ): واتـه: ئێـوه بەرزتـرن، (العُلُـوّ: الإرْتِفَـاعُ، وَالأَعْـلَى: الأَشْرَف، عَـلاَ يَعْلُـو عُلُـوًّا، وهُـوَ عَـالٍ، وَعَـلِيَ يَعْـلَى عَـلاَءً)، (عُلُـوًّا): بـه مانـای بەرزیـی دێ، (أَعْـلَى)، بـه مانـای باشـتر دێ، وەک چـۆن بـه مانـای بەرزتـر دێ، بـه مانـای باشـتریش دێ، دەگوتـرێ: (عَـلاَ يَعْلُـو عُلُـوًّا، وَهُـوَ عَـالٍ)، بەرزبـوو، بـەرز دەبـێ، بـەرز بوونـەوه، ئـەو بـەرزه، هەروەهـا (عَـلِيَ يَعْـلَى عَـلاَءً)، ئەمیـش هـەر بـه مانـای بـەرز بـوو، بـەرز دەبـێ، بـەرز بوونـەوه.

(وَلَن يَتِرَكُمۡ): (لَـن يَنْقُصَكُـم)، واتـه: لێتـان کـەم نـاکات، (وَتَرتُـهُ: أَصَبْتُـهُ بِمَكـرُوهٍ)، (وَتَرتُـهُ): خراپەیەکـم بەسـەر هێنـا، لێـرەدا بـه مانـای (لَـنْ يَظْلِمَكُـم أُجُـورَ أَعْمَالِكُـم فَيَنقُصَكُـم ثَوَابَهَـا)، کـه دەفەرمـوێ: ﴿وَلَن يَتِرَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ﴾، واتـه: سـتەمتان لێنـاکات، کـه لـه پاداشـتی کردەوەکانتـان کـەم بکاتـەوه، دەگوتـرێ: (وَتـرْتُ الرَّجُـلَ: أي: قَتَلْـتُ لَـهُ قَتِيـلاً، أَو أَخَـذْتُ لَـهُ مَـالاً غَصْبَـاً)، (وَتـرتُ الرَّجُـلَ): واتـه: کوژراوێکـم لـێ کوشـت، یاخـود مـاڵ و سـامانەکەیم بـه زۆر لـێ زەوتکـرد.

(لَعِبٌ): (لَعِـبَ فُـلاَنٌ إِذَا كَانَ فِعْلُـهُ غَـيْرَ قَاصِـدٍ مَقْصِـدَاً صَحِيْحَـاً)، (لَعِـب): بـه کوردیـی دەڵێیـن: یاریـی و گەمـه، (لَعِـبَ فُـلاَنٌ)، ئەگـەر کەسـێک کردەوەکـەی ئامانجـدار نەبـێ، ئامانجێکـی بـاش و ڕاسـتیی لـه پشـتەوه نەبـێ، دەگوتـرێ: گەمـه و یاریـی دەکات.

(وَلَهۡوٌ): (مَـا يَشْـغَلُ الإِنْسَـانَ عَـمَّا يُهِمُّـهُ وَيَعْنِيـهِ) (لَهْـو): بریتیـه لـەوەی مـرۆڤ بێئـاگا بـکات و لـه شـتێک بیخافڵێنـی کـه بـه لایـەوه گرنگـه، واتـه: شـتێکی لاوەکیـی کـه مـرۆڤ سـەرقاڵ بـکات، لـه شـتێک کـه بـه لایـەوه گرنگـەو جێـی مەبەسـته.

کەواته: (لَعِب): به یاریی و گەمه دێ، (لَهْو): به مانای خافڵان دێ.

(فَيُحۡفِكُمۡ): (الإِحْفَـاءُ فِي السُّـؤَالِ: الشـدّة فِي الإِلْحَـاحِ بِالْمُطَالَبَـةِ، أَحْفَيْـتُ الدَّابَّـةَ: جَعَلْتُهَـا حَافِيَـاً)، (الإِحْفَـاءُ فِي السُّـؤَالِ)، ئەوەیـه کەسـێک زۆر داوای شـتێک لـه کەسـێک بـکات، زۆر داوای لێبـکات و مکـووڕ بـێ لـه سـەری و، دەگوتـرێ: (أَحْفَيْـتُ الدَّابَّـةَ)، واتـه: ئاژەڵەکـەم پـێ خـواس کـرد، کـه وڵاخ و ئێسـترو جـاری وایـه کەریـش، ناڵیـان لـه

بنـی پێیـان داون، ئنجـا ئەگـەر ناڵـی وڵاخەکـەی لێکردبێتـەوەو، کـە لەجێـی پێـڵاوی مرۆڤـە، ئـەوە پێـی گوتـراوە: (أحفَیـتُ الدَّابَـةَ)، وڵاخەکـەم و، ئاژەڵەکـەم پێخـواس کـرد، ئنجـا کەسـێک زۆر داوای شـتێک لـە کەسـێک دەکات، وەک ئـەوە وایـە پێڵاوەکـەی یـان بەرگەکـەی لێسـتاندبێ و، زۆری شـت لـێ داوا کردبـێ.

(تَبْخَلُواْ): (البُخْـلُ: إِمْسَـاكُ المُقْتَنِيَـاتِ عَـمَّا لاَ يَحِـقُّ حَبْسُـهَا عَنْهَـا، وَيُقَابِلُـهُ الجُـودُ)، (بُخـل): بریتیـە لـە دەسـت پێـوە گرتنـی ئـەو شـتانەی کـە نابـێ دەسـتیان پێـوە بگیـردرێ و، دەبـێ ببەخشرێـن، پێچەوانـەی (بُخْـل)، کـە بـە کوردیـی دەڵێیـن: چرووکیـی، یـان ڕژدیـی یـان دەسـت نووقانـدن، پێچەوانەکـەی و بەرانبەرەکـەی بریتیـە لـە: دەسـتکراوەیی و بەخشـندەیی.

(يَسْتَبْدِلْ): (الإِبْـدَالُ وَالتَّبْدِيـلُ والتَّبَـدُّلُ والإِسْـتِبْدَالُ: جَعْـلُ الـشَّيء مَكَانَ آخَـر، وَهُـوَ أَعَـمُّ مِـنَ العِـوَضِ، فَإِنَّ العِـوَضَ هُـوَ أَنْ يَصِيرَ لَـكَ الثَّـانِي بِإِعْطَـاءِ الأَوَّلِ)، (يَسْتَبْدِلْ)، واتـە: دەگـۆڕێ، لادەبـات، ئنجـا (إِبْـدَالُ وتَبْدِيـلُ وتَبَـدُّلُ وإِسْـتِبْدَال)، مانـای هەرچواریـان، ئەوەیـە کـە تـۆ شـتێک لـە جێـی شـتێکی دیکـە دابنێـی، ئـەوە گشـتییترە لـە قەرەبـوو (عِـوَض)، کـە ئەوەیـە دووەم ببێتـە هـی تـۆ، بـە هـۆی ئـەوەوە کـە تـۆ یەکـەم دەبەخشـی، بڵێـی: ئـەو شـتەم بدەیـەو، ئـەو شـتەت دەدەمـێ، ئـەوە قەرەبـوو (عـوض)ە، بـەڵام (إِبْـدَالُ وتَبْدِيـلُ وتَبَـدُّلُ وإِسْـتِبْدَال)، ئەوەیـە کـە شـتێک بگـۆڕی بـە شـتێک، ئنجـا چ دووەمـت بێتـە دەسـتێ، یـان نـا.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خـوا ﷻ لـە کۆتایـی سـوورەتی (**محمـد**)دا، وەک لـە پێناسـەی ئـەم دەرسـەش دا باسـمان کـرد، هـەم بۆمـان باسـی بێبڕوایانـی خەڵـک لـە ڕێـی خـوا لادەرو سـەرپێچیکار بـۆ پێغەمبـەر ﷺ دەکات، دوای ئـەوەی ڕێـی ڕاسـتیان بـۆ ڕۆشـن بۆتـەوە، کـە ئەوانـە زیـان بـە خـوا ﷻ ناگەیەنـن و، خـوا ﷻ کـردەوە باشەکانیشـیان لـێ پووچـەڵ دەکاتـەوە.

هـەم فەرمـان بـە بـڕواداران دەکات، کـە فەرمانبەریـی خـواو پێغەمبەرەکـەی بکـەن و، ئاگاداریـش بـن شـتێک نەکـەن، کردەوەکانیـان پووچـەڵ بکـەن.

دوایـی خـوا ﷻ چەند شـتێک دەفەرمـوێ، کە هەموویـان هانـدان و ورە وەبەرنانن بـۆ مسـوڵمانان، لـە بـواری جەنـگ و فیداکاریـی داو، هاندانیانـن بـۆ بەخشـینی هـەم سـەریان، هـەم ماڵیـان، لـە پێنـاو بـەرز ڕاگرتنـی بەیداغی ئیسـلامدا.

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾، بـە دڵنیایـی ئەوانەی بێبڕوابـوون و لـە ڕێـی خوایـان لادا (خەڵکیـان لـە ڕێـی خـوا لادا)، واتـە: بێبڕوابـوون بـە هەمـوو ئـەو شـتانەی دەبـوو بڕوایـان پـێ بێنـن، یـان بـە یەکێـک لـەو شـتانە بێبـڕوا بـوون، چونکـە ئیـمان ئەوەیـە بـڕوا بـە هەمـوو ئـەو شـتانە بێنـی، کـە پێویسـتە ئیمانیـان پـێ بهێـنرێ، ئنجـا دەبیـە بـڕوادار، بـەڵام بێبڕوایـی، ئەگـەر بـە یەکێـک لـەو شـتانەی پێیـان دەبێتـە ئیمانـدار، بێبـڕوا بـێ، ئـەو مرۆڤـە دەبێتـە بێبـڕوا، واتـە: بێبڕوایـی پەکـی لەسـەر ئـەوە نەکەوتـوە بـە هەمـوو ئـەو شـتانە بێبڕوابـێ، کـە دەبـێ بڕوایـان پـێ بهێـنرێ، بـەڵام بڕواهێنـان (إيمان) بـە هەمـوو شـتەکان نەبـێ، نایەتـە دی.

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ئەوانـەی بێبـڕوا بـوون و لـە ڕێـی خوایـان لادا، یاخـود خەڵکیـان لادا، چونکـە: (صَـدَّ)، هـەم بـە لازیـم هاتـوە، ﴿ صَـدَّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾، (أي:

إنْحَرَفَ وإنْـصَرَفَ) لایدا، هـەم بـە (مُتعدّي)یـش هاتـوە، یـانی: (صَرَفَ عَنْ سَـبيلِ اللـهِ، وَحَـرَفَ عَـنْ سَـبيلِ اللـهِ)، واتـە: خەڵکـی لاداو هەتڵـە کـرد لـە ڕێـی خـوا، لێـرەدا مانـای دووەمیـان زیاتـر وا پێدەچـێ مەبەسـت بـێ، ﴿ وَشَآقُّواْ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلۡهُدَىٰ ﴾، دووبەرەکییـان لەگـەڵ پێغەمبـەردا ﷺ کـردو سـەرپێچییان لـێ کـرد، دوای ئـەوەی ڕێـی ڕاسـتیان بـۆ ڕوون بـۆوە، ئـا ئەوانـە: ﴿ لَن يَضُرُّواْ ٱللَّهَ شَيۡـٔٗا ﴾، بـە هیـچ ئەندازەیـەک زیـان بـە خـوا ﷻ ناگەیەنـن، ﴿ وَسَيُحۡبِطُ أَعۡمَٰلَهُمۡ ﴾، لـە مـەودوا (خـوا ﷻ) کـردەوە باشـەکانیان پووچـەڵ دەکاتـەوە، ئـەو کـردەوە باشـانەی بـە ڕواڵـەت بـاش بـوون، ئەگـەر نوێـژەو لەگـەڵ مسـوڵمانانیدا دەیکـەن، ئەگـەر ڕۆژووە، دەیگـرن، ئەگـەر جەنـگ و جیهـادە، دەیکـەن، ئەگـەر ماڵـە، دەیبەخشـن، هەمـوو ئەو کـردەوە بـە ڕواڵـەت باشـانە، چونکـە ئەوانـە هەوێنـی ئیمانیـان تێدانیـە، بەڵکـو بـە پێچەوانـەوە ژەهـرو میکرۆبـی شـیرک و کوفـرو نیفاقیـان تێدایـە، هەمـوو ئەوانـە خـوا ﷻ کردەوەکانیـان پووچـەڵ دەکاتـەوە، کـە بێگومـان لـە خـودی خۆیانـدا پووچەڵـن و، خـوا پاداشـتیان ناداتـەوە.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ ﴾، ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە! (بـە هەمـوو ئـەو شـتانەی پێویسـتە بڕوایـان پـێ بهێنـرێ)، فەرمانبەریـی خـوا ﷻ بکـەن و فەرمانبەریـی پێغەمبـەر ﷺ بکـەن، واتـە: خـوا ﷻ چـی دەفەرمـوێ، جێبەجێـی بکـەن و، ئـەوەش کـە پێغەمبـەر ﷺ دەیفەرمـوێ، بـە قسـەی بکـەن و جێبەجێـی بکـەن، ﴿ وَلَا تُبۡطِلُوٓاْ أَعۡمَٰلَكُمۡ ﴾، کـردەوە (باشە)کانیشـتان هەڵمەوەشـێننەوە، واتـە: پووچـەڵ مەکەنـەوە، جـاری وایـە کـردەوەی بـاش، بـە پێچەوانەکـەی خـۆی پووچـەڵ دەبێتـەوە، وەک لـە سـوورەتی (البقـرة)دا، خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُبۡطِلُواْ صَدَقَٰتِكُم بِٱلۡمَنِّ وَٱلۡأَذَىٰ كَٱلَّذِي يُنفِقُ مَالَهُۥ رِئَآءَ ٱلنَّاسِ وَلَا يُؤۡمِنُ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۖ فَمَثَلُهُۥ كَمَثَلِ صَفۡوَانٍ عَلَيۡهِ تُرَابٞ فَأَصَابَهُۥ وَابِلٞ فَتَرَكَهُۥ صَلۡدٗاۖ لَّا يَقۡدِرُونَ عَلَىٰ شَيۡءٖ مِّمَّا كَسَبُواْۗ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ٢٦٤ ﴾، ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان

هێناوە! خێرو بەخشینەکانتان بە هۆی منەت کردن و ئازاردانی دڵی بابای چاکە لەگەڵدا کراوو پێبەخشراوەوە، هەڵمەوەشێننەوە...

دوایی دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ثُمَّ مَاتُواْ وَهُمْ كُفَّارٌ فَلَن يَغْفِرَ ٱللَّهُ لَهُمْ ﴾، بە دڵنیاییەوە ئەوانەی بێبڕوا بوون و، خەڵکیان لە ڕێی خوادا لاداوە، دواییش مردوون لە حاڵێکدا کە بێبڕوا بوون، ئەوانە هەرگیز خوا لێیان نابوورێ، واتە: با خەیاڵ پڵاو نەکەن، لەبەر ئەوەی هەندێ کردەوەی باش دەکەن بە ڕواڵەت، میوانداریی دەکەن، ماڵ دەبەخشن، هاوکاریی دەکەن، هەندێک چاکە دەکەن، پێیان وابێ خوا ﷻ بەوە دەیانبوورێ، مادام بێبڕوا بوون و خەڵکیان لە ڕێی خوادا لاداوە، ئەگەر بە کافریی مردبن، هەرگیز خوا لێیان نابوورێ.

ئەمەش بۆ زیاتر تیژکردنی مسوڵمانانە لەسەر ئیمان و، خۆپاراستنیانە لە کوفرو هەڵوەشانەوەی کردەوەکانیان و، بۆ بەرچاو ڕوونییانە لە بارەی ئەیارو ناحەزەکانیانەوە، کە ئەوان دەست بە ئاڵن و دەست خاڵیین لە ڕۆژی دواییداو، خراپترین سەرەنجامیان هەیە، بۆیە لێیان مەترسن و شەرمیان لێ مەکەن و لێیان بێ باک بن.

بۆیە دوایی دەفەرموێ: ﴿ فَلَا تَهِنُواْ وَتَدْعُوٓاْ إِلَى ٱلسَّلْمِ ﴾، ئێوە بێهێز مەبن (ئەی مسوڵمانینە! لە ڕووی جەستەییەوە بێهێزیی پێشان مەدەن و مەکڕووزێنەوەو مەلاڵێنەوە، لە ڕووی دەروونییەوەش خۆتان بە بێهێز مەزانن، (**الوَهنُ: الضَّعفُ خَلقًا أو خُلُقًا**)، (**وَهْن**): بریتیە لە بێهێزیی لە ڕووی ڕواڵەت و جەستەیی، یاخود لە ڕووی دەروونیی مەعنەوییەوە، خوا ﷻ کە دەفەرموێ: بێهێز مەبن، واتە: خۆتان بە بێهێز پێشان مەدەن، قسەیەکی وا مەکەن و هەڵوێستێکی وا مەنوێنن، بەرانبەرەکەتان بە بێهێزتان بزانێ، ﴿ وَتَدْعُوٓاْ إِلَى ٱلسَّلْمِ ﴾، کە سەرەنجام: بانگ بکەن بۆ ئاشتیی، دوژمنێک کە سەنگەری لێگرتوون، بڵێن: وەرە با ئاشتیی بکەین، لە ڕاستییدا ئاشتیی و ئاشتەوایی بە خەڵکی بەهێز دەکرێ، نەک بە خەڵکی

بێهێز، کاتێک تۆ لە حاڵەتێکی بێ هێزییدای و، خۆت بە بێهێز دەزانی، ئەگەر بانگی بەرانبەرکەت بکەی بۆ ئاشتیی، مەرجەکانی خۆیت لە سەر فەرز دەکات، بۆیە دەفەرموێ: ﴿وَأَنتُمُ ٱلۡأَعۡلَوۡنَ﴾، بانگی بەرانبەرەکەتان مەکەن بۆ ئاشتیی لە حاڵێکدا ئێوە بەرزترن، ئەمە دوو واتای هەن:

أ- لە حاڵێکدا ئێوە باڵادەستن، لە بەرانبەرەکەتان مەپاڕێنەوە، بڵێن: وەرن با ئاشتیی بکەین!.

ب- لە حاڵێکدا ئێوە لە ڕووی مەعنەوییەوە بەهێزترن، خاوەنی بووناسیی و تێڕوانینێکن، بەس ئەوە بووناسیی و تێڕوانینی ڕاست و دروستە، خاوەنی ئیمان و عەقیدەیەکن، خاوەنی پەرستشێکن، خاوەنی ڕەوشتێکن، خاوەنی بەرنامەیەکن، کە تەنیا ئەوە بەرنامەیە، لە حاڵێکدا کە ئێوە، ئاوا بەرزترن، بگرە هەرە بەرزن، بانگی بەرانبەرەکەتان مەکەن بۆ ئاشتیی، ﴿وَٱللَّهُ مَعَكُمۡ﴾، خواش لەگەڵتانە، ﴿وَلَن يَتِرَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ﴾، کردەوەکانیشتان لێ کەم ناکاتەوە، واتە: پاداشتی کردەوەکانتان لێ کەم ناکاتەوە، ستەمتان لێ بکات.

هەڵبەتە ئەم ئایەتە موبارەکە شیکردنەوەی زیاتری دەوێ و، لە مەسەلە گرنگەکاندا زیاتر شیی دەکەینەوە، کە ئایا خوا ﷻ بە موتڵەقیی لە مسوڵمانانی قەدەغە کردوە، بانگی بەرانبەرەکانیان بکەن بۆ ئاشتیی؟ یاخود ئەمە حاڵەتی تایبەتیی خۆی هەیەو، ئایەتەکەی سوورەتی (الأنفال)یش، کە دەفەرموێ: ﴿وَإِن جَنَحُواْ لِلسَّلۡمِ فَٱجۡنَحۡ لَهَا وَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ﴾، ئەگەر ئەوان باڵیان شۆڕ کرد بۆ ئاشتیی، تۆش باڵی بۆ شۆڕبکەو، پشت بە خوا ببەستە.

ئەویش حاڵ و مەقامی خۆی هەیە، هەندێک لە زانایان گوتوویانە: ئەم ئایەتە ئەوەی سوورەتی (الأنفال)ی نەسخ کردۆتەوە، هەندێکیش گوتوویانە: ئەوەی سوورەتی (الأنفال) ئەمەی نەسخ کردۆتەوە! بەڵام لە ڕاستییدا ئەو قسانە هیچیان ڕاست نین، وەک دوایی باس دەکەین، بە داخەوە هەندێک لە توێژەرەوانی قورئان زۆر داڵغەیان بەوەوە لێداوە ئایەتێک بدۆزنەوە، بڵێن: ئەو ئایەتە فڵان ئایەتەی نەسخ کردۆتەوە، یان ئەو ئایەتە نەسخ کراوەتەوە بە فڵان ئایەت!!.

ئێستاش لەگەڵدابێ هەندێک کەس مەراقیەتی، بڵێ: فلان ئایەتە فلانی نەسخ کردۆتەوە، یان فلان ئایەتە نەسخ کراوەتەوە بە فلان ئایەتە، لە حاڵێکدا ئەمە خاڵێکی بێهێزە، کە فەرمایشتێکی خوا ﷻ فەرمایشتێکی دیکەی خوای پێ نەسخ بکەی!! بە هەر حاڵ ئێمە لە شوێنی خۆی بە تەفصیل باسمان کردوە، لە تەفسیری سوورەتی (البقرة)داو، تاکو ئێستاش کە گەیشتووینە ئێرە، یەک ئایەتمان نەهاتۆتە بەرچاو ناچار بین بڵێین: ئەو ئایەتە نەسخ کراوەتەوە، یان ئەو ئایەتە نەسخکەرەوەیە بۆ فلان ئایەتەی دیکە[1].

لە کۆتاییدا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ إِنَّمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا لَعِبٞ وَلَهۡوٞ ﴾، بە دڵنیایی ژیانی دنیا، تەنیا گەمەو خافڵانە، یاریی و خافڵانە، یانی: لە ڕووە مادییەکەیەوە، کەواتە: باوەشی پێدا مەکەن و، ژیانی دنیا گوریسی لە بن ڕامەخەن، با واتان لێ نەکات بە هۆی دەست پێوەگرتنی دنیاو ڕابواردنی دنیاوە، کە وەک گەمەو خافڵانی منداڵان وایە، لە بەرانبەر دوژمنانتاندا دەستەوکەر نەکەن و بە چۆک دابێن، ﴿ وَإِن تُؤۡمِنُواْ وَتَتَّقُواْ ﴾، ئەگەر بڕوا بێنن و پارێز بکەن، ﴿ يُؤۡتِكُمۡ أُجُورَكُمۡ ﴾، پاداشتەکانی خۆتانتان بە تەواویی دەداتێ، ﴿ وَلَا يَسۡـَٔلۡكُمۡ أَمۡوَٰلَكُمۡ ﴾، هەموو ماڵ و سامانەکەشتان لێ داوا ناکات بیبەخشن، (کەمێکتان لێ داوا دەکات)، ﴿ إِن يَسۡـَٔلۡكُمُوهَا فَيُحۡفِكُمۡ ﴾، ئەگەر (خوا) ماڵ و سامانەکانتان هەمووی لێ داوا بکات و، بە جەختکردنەوەو، بە مکووڕیی داواتان لێ بکات، ﴿ تَبۡخَلُواْ ﴾، ئێوە چرووکیی و ڕژدیی دەنوێنن، ﴿ وَيُخۡرِجۡ أَضۡغَٰنَكُمۡ ﴾، ئەو کاتەش کینەکانتان دەردەخات، واتە: ئەگەر خوا ماڵ و سامانەکانتان هەمووی لێ داوا بکات بیبەخشن، دوایی ڕقتان هەڵدەستێ لە ماڵ بخشین، لەبەر ئەوەی خۆتان ئاتاج و نەدار دەکەونە گۆڕێ، بۆیە خوا ﷻ وای نەکردوەو واناکات لەگەڵتان.

---

(١) لە بابەتی: (قورئانی مەزن لە نۆزدە تەوەردا) کە لە شێوەی کتێبێکی سەربەخۆدا چاپ کراوەو، لە چاپی دووەمیشی دا دەکرێتە پێشەکی کۆی ئەم تەفسیرەو، لە سەرەتای بەرگی یەکەم دا دادەنرێ، وردتر لە بارەی نەسخەوە دواوین.

﴿ هَٰٓأَنتُمْ هَٰٓؤُلَآءِ تُدْعَوْنَ لِتُنفِقُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾، ئەوەتا ئێوە بانگ دەکرێن، کە لە ڕێی خوادا ببەخشن، واتە: هەندێ لە ماڵ و سامانەکانتان لە ڕێی خوادا ببەخشن، ﴿ فَمِنكُم مَّن يَبْخَلُ ﴾، کەچی هەتانە لەو کەمەش دا ڕەزیلیی و چرووکیی دەکات، ﴿ وَمَن يَبْخَلْ فَإِنَّمَا يَبْخَلُ عَن نَّفْسِهِۦ ﴾، هەر کەسیش چرووکیی بکات، بەرانبەر خۆی چرووکیی دەکات، بە زیانی خۆی ڕژدیی و چرووکیی دەکات و، لە پاداشتی خۆی کەم دەکاتەوە، ﴿ وَٱللَّهُ ٱلْغَنِىُّ وَأَنتُمُ ٱلْفُقَرَآءُ ﴾، خواش دەوڵەمەندو بێ نیازەو، ئێوەش هەژارو نەدارن، ﴿ وَإِن تَتَوَلَّوْا۟ ﴾، ئەگەر پشتیش هەڵکەن و، ڕو و وەرگێرن لە ئیسلام، بەهۆی ماڵ نەبەخشینەوە، بە هۆی جەنگ و جیهاد نەکردنەوە، پشت لە ئیسلام بکەن، یان پشت لە هەر ئەرکێکی شەرعیی بکەن، کە کەوتۆتە سەرشانتان، ﴿ يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ ﴾، خوا ﷻ کۆمەڵێکی جیا لە ئێوە دەهێنێ، ئێوە لادەبات و ئەوان دێنێ و شوێنی ئێوەیان پێ دەگرێتەوە، ﴿ ثُمَّ لَا يَكُونُوٓا۟ أَمْثَٰلَكُم ﴾، دوایی ئەوان وەک ئێوە نابن، کە ئەرکە شەرعییەکانیان باش ئەنجام نەدەن و، پشت لە ئەرکە شەرعییەکان بکەن.

کەواتە: بترسێن لەوەی خوا ﷻ ئێوە لابەرێ و، کەسانێکی دیکەی لە ئێوە باشتر بێنێ، خوا ﷻ پەکی لەسەر هیچکەس ناکەوێ.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

بێبڕوایانی لادەرو، خەڵک لادەر لە ڕێی خواو، سەرپێچیکاری پێغەمبەر ﷺ، دوای بۆ ڕۆشن بوونەوەی ڕاستە ڕێ، هیچ زیانێک بە خوا ﷻ ناگەیەنن و، کردەوەکانیشیان پووچەڵ دەکاتەوە:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَصَدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَشَآقُّوا۟ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلْهُدَىٰ لَن يَضُرُّوا۟ ٱللَّهَ شَيْـًٔا وَسَيُحْبِطُ أَعْمَٰلَهُمْ ﴿٣٢﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَصَدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾، بێگومان ئەوانەی بێبڕوا بوون و خەڵکیان لە ڕێی خوا لادا.

پێشتریش گوتمان: (صَدَّ) هەم بە مانای (لایدا) دێ، هەم بە مانای (خەڵکی لادا) دێ، هەم بە مانای (إنصَرَفَ)، هەم بە مانای (صَرَفَ غَيره).

﴿ سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾ش، یانی: ڕێبازی خوا، کە مەبەست ئەو بەرنامەیە بە پێغەمبەری کۆتایی دا ﷺ ناردوویەتی.

ئایا مەبەست لەوانەی بێبڕوان و خەڵکیان لە ڕێی خوا لاداوە، کێیە؟ بە دڵنیایی هەر کەسێ خەڵک لە ڕێی خوا لابدات، خۆشی پێشتر لادەرە، لە ڕێی خوا: (مَنْ كَانَ صَارِفًا عَنْ سَبيلِ اللهِ، فَهُوَ مُنْصَرِفٌ بِالأَولَى عَنْ سَبيلِ اللهِ)، ئنجا ئایا مەبەست پێیان کێیە؟

١- هـەندێک لە زانـایان گوتوویانە: مەبەست پێی خـاوەن کتێبەکانە، بە تـایبەتیی جوولەکەکان.

٢- هەندێکیش گوتوویانە: مەبەست پێی هاوبەش بۆ خوادانەرانی مەککەو دەورووبەریەتی.

٣- هەندێکیش دەڵێن: مەبەست پێی بێبڕوایەکانە بە گشتیی.

بـەڵام بـە پێـی ئـەو سـیاق و کـەش و بارودۆخـە کـە ئایەتەکانـی تێـدا هاتوونـە خـوار، مانـای سـێیەمیان زیاتـر دێتـە زەینـەوە، کـە مەبەسـت پێـی کـۆی ئەوانەیـە بێبـڕوان، چ جوولەکـە چ ئەصرانیـی چ مەجووسـیی و چ صابیئـە، چ بـێ کتێـب بـن، کـە بتپەرسـتەکانن، چ ئەوانـە بـن کـە بڕوایـان بـە هیـچ شـتێک نیـە، کـە مولحیـدو زەندیقـەکان دەگرێتـەوە.

٢)- ﴿ وَشَآقُّواْ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلۡهُدَىٰ لَن يَضُرُّواْ ٱللَّهَ شَيۡـٔٗا ﴾، (ئنجا ئەوانە هەر بەوەندە وازیان نەهێناوە کە خۆیان بێبڕوان بن و، خەڵکیش لە ڕێی خوا لابدەن، بەڵکو) سەرپێچیی و بەربەرەکانێی پێغەمبەریشیان کردوە، دوای ئەوەی ڕێی ڕاستیشیان بۆ ڕۆشن بۆتەوە، ئەوان هەرگیز هیچ زیانێک لە خوا نادەن.

﴿ وَشَآقُّواْ ﴾، (المُشَـاقَّةُ: المُخَالَفَـةُ والعِصْيَـان): (مُشـاقّة) بریتیـە لـە سـەرپێچییکردن و یاخیـی بـوون، (المُشَـاقَّةُ أو الشِّـقَاقُ هُـوَ أَنْ تَكُـونَ أَنْـتَ فِي شِـقٍّ، وَطَرَفُـكَ المُقَابِـلُ فِي شِـقٍّ آخـر)، (مُشـاقة وشـقاق) ئەوەیـە: تـۆ لەلایـەک بـی و، بەرانبەرەکەشـت لەلایەکـی دیکـە بـێ، کەسـانێک کـە بـەو شـێوەیەن، کـە لێـرەدا خـوا ﷻ چـوار سـیفەتی خراپـی لـێ هەڵـداون:

یەکەم: بێبڕوا بوون بە هەرچی کە پێویست بووە ئیمانی پێ بێنن، ئەوان پێی بێبڕوا بوون، چونکە خوا ﷻ بە ڕەهایی فەرموویەتی: ﴿ كَفَرُواْ ﴾.

دووەم: خۆیان لە ڕێی خوایان لاداوەو خەڵکیشیان لاداوە: ﴿ وَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾.

سێیەم: بەربەرەکانێی پێغەمبەریان کردوەو سەرپێچییان لێکردوە: ﴿ وَشَآقُّواْ ٱلرَّسُولَ ﴾.

چوارەم: ﴿مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلۡهُدَىٰ﴾، دوایی ئەوەی کە ڕێی ڕاستیشیان بۆ ڕۆشن بۆتەوە، یانی: دژایەتییەکەیان بۆ پێغەمبەری خوا ﷺو، خەڵک لە ڕێ لادانەکەیان و، بێبڕواییەکەیان، پێش هەموو شتێک، بە هۆی نەزانییەوە نەبووەو بە هۆی بێ ئاگاییەوە نەبووە، بەڵکو دوای ئەوە بووە کە ڕێی ڕاستیان بۆ ڕۆشن بۆتەوە، (تَبَيُّنُ الهُدى: ظُهورُ الإسلامِ وَمَعرِفَتُهُ)، (هدى) یانی: ڕێی ڕاست، (تَبَيُّنُ الهُدى) مەبەست پێی دەرکەوتنی ئیسلامەو ناساندنی ئیسلامە.

ئنجا کەسانێک بەو شێوەیە بن: ﴿لَن يَضُرُّواْ ٱللَّهَ شَيۡـًٔا﴾، بە دڵنیاییەوە هەرگیز، هیچ زیانێ بە خوا ناگەیەنن.

{﴿شَيۡـًٔا﴾: مفعول مُطْلَقٌ لِـ(يَضُرُّوا) والتنوين للتقليل، أي: أَقَلَّ ضَرَرٍ، والمَقْصُود الإِضْرَارُ بِدِينِ اللهِ}، کە دەفەرموێ: ﴿لَن يَضُرُّواْ ٱللَّهَ شَيۡـًٔا﴾، هەرگیز زیان بە خوا ناگەیەنن، ﴿لَن﴾ەکە، کرداری ﴿يَضُرُّواْ﴾ی پێ (منصوب) بووە، ﴿ٱللَّهَ﴾: بەرکار (مفعول به)ەکەیەتی و ﴿شَيۡـًٔا﴾، بەرکاری ڕەها (مفعول مطلق)ە، بۆ ﴿يَضُرُّواْ﴾، تەنوینی سەر ﴿شَيۡـًٔا﴾، بۆ کەمکردنەوەیە، واتە: کەمترین زیان ناگەیەنن، بە خوا ﷻ، کە مەبەست پێی زیانگەیاندنە بە ئایین و بەرنامەی خوا.

بێگومان لێرەدا کە دەفەرموێ: هیچ زیان بە خوا ناگەیەنن، ئەگەر مەبەست پێی خوا بێ، بێگومان هیچ زیانێکی پێ ناگەیەنن، بەڵام ئەگەر مەبەست پێی ئایین و بەرنامەی خوا بێ، واتە: ئەو زیانەی پێ ناگەیەنن کە پەکی بخەن و نەهێڵن بڵاوبێتەوە، بەڵام بە دڵنیایی زیان و ئازار دەگەیەنن، بە پێغەمبەر ﷺو بە بڕواداران و، دەبنە کۆسپ و پەرچ لە بەردەم ئیسلامدا، بۆیە دەبێ ورد بین! ئەگەر مەبەست پێی زیانگەیاندن بە خوا بێ، بێگومان هیچ جۆرە زیانێک بە خوا ناگەیەنن، بەڵام لە مانایەکەیدا دەبێ بگوترێ: ﴿لَن يَضُرُّواْ ٱللَّهَ﴾، {(أي لَن يَضُرُّوا دِينَ اللهِ)، أو (رَسولَ اللهِ)، أو (كِتابَ اللهِ)}، بێگومان دەبێ بەو شێوەیە واتا بکرێ، واتە: هیچ جۆرە زیانێکی پێ ناگەیەنن، پەکی ئایینی خوا بخەن

و نەهێڵن بڵاوبێتەوە، یان: یەکی پێغەمبەر ﷺ بخەن و ڕێ نەدەن ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات، یان: یەکی قورئان بخەن و نەهێڵن ڕۆشناییەکەی بڵاوبێتەوە، ئەوەیان لە دەست نایەت، بەڵام بێگومان جگە لەوە، زیانیان لە دەستهاتووەو نکوولیی لێناکرێ.

٣)- ﴿وَسَيُحۡبِطُ أَعۡمَٰلَهُمۡ﴾، بە دڵنیایی (خوا) کردەوەکانیشیان پووچەڵ دەکاتەوە، (الإِحْبَاطُ: الإِبْطَالُ وَالإِزَالَةُ)، (إحْبَاط): هەڵوەشاندنەوەو، پووچەڵکردنەوەو لابردنە، ئایا مەبەست لە: ﴿أَعۡمَٰلَهُمۡ﴾، چییە؟ دوو ئەگەری هەن:

أ- دەگونجێ مەبەست پێی کردەوە ڕێک و باشەکانیان بێ، (وَسَيُحْبِطُ أَعْمَالَهُمُ الصَّالِحَةِ)، کردەوە باشەکانیان هەڵدەوەشێنێتەوە، چونکە ئەوانەش هەر چۆن بێ، کردەوەی چاکیان هەربووە: بەخشینیان کردوە، قسەیەکی خێریان کردوە، چاکەیەکیان کردوە، چونکە بتپەرستەکان و خاوەن کتێبەکانیش، بە پێی ئایینی خۆیان چەند پەرستیشێکیان ئەنجام داون و، هەندێ ڕەوشتی باشیان لە خۆیان دا هێناونە دی، خوا ئەوانەیان لێ هەڵدەوەشێنێتەوە، چونکە ئەو کردەوە باشانەیان، لەبەر ئەوەی کوفرو نیفاق و شیرکیان تێکەڵە، وەک خواردنێکی باش وان، کە ژەهری تێدا کرابێ.

ب- دەشگونجێ مەبەست لە کردەوەکانیان، ئەو هەوڵ و کۆششانەیان بێ، کە لە دژی ئیسلام و مسوڵمانان ئەنجامیان داون، واتە: ئەو هەوڵ و کۆششانەیان، خوا ﷻ پووچەڵیان دەکاتەوەو بێ ئاکامیان دەکات، بەو واتایە کە ئەو هەوڵ و کۆششانەیان نابنە هۆی هێنانە دی، ئەو ئامانجە گڵاوەی لە دڵیان گرتوە، کە بریتیە لە کوژاندنەوەی چرای خواو، نەهێشتنی ئایینی خواو، ڕێی لێگرتنی بڵاوبونەوەی پەیامی خوا.

مەسەلەی دووەم:

فەرمانکردن بە بڕواداران کە فەرمانبەریی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ بکەن و وریابن! کردەوە باشەکانیان پووچەڵ نەکەنەوە، بە هۆی هەڵسوکەوت و ڕەفتارێکەوە، کە پێچەوانەی ئیمان و ئیسلامە:

خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَلَا تُبۡطِلُوٓاْ أَعۡمَٰلَكُمۡ ﴿٣٣﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە دوو بڕگەدا:

١)- ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ﴾، ئەی ئەوانی بڕواتان هێناوە! فەرمانبەریی خواو فەرمانبەریی پێغەمبەر بکەن، یانی: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە بە هەموو ئەو شتانەی پێویستە بڕوایان پێ بهێنرێ! ﴿أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ﴾، فەرمانبەریی و گوێڕایەڵیی خوا بکەن و فەرمانبەریی و گوێڕایەڵیی پێغەمبەر بکەن، واتە: ئەوەی خوا ﷻ پێتان دەفەرمووێ: جێبەجێی بکەن و، ئەوەی پێغەمبەر ﷺ پێتان دەفەرمووێ: جێبەجێی بکەن، فەرمانبەریی خواو پێغەمبەرەکەی، ئەوەیە: کە فەرمانەکانیان جێبەجێ بکرێن و، قەدەغە کراوەکیانیان دوورییان لێ بکرێ.

٢)- ﴿وَلَا تُبۡطِلُوٓاْ أَعۡمَٰلَكُمۡ﴾، هەروەها کردەوەکانتان هەڵمەوەشێننەوە، پووچەڵ مەکەنەوە، کردەوەکان، مەبەست پێیان کردەوە باشەکانن، چونکە بە مسۆگەریی لە ئیمان بەس کردەوەی باش هەڵدەقوڵێن، مەگەر کەسێ لەگەڵ ئیمانەکەیدا ڕاست نەکات.

کورتە سەرنجێک لەسەر هەڵوەشانەوەی کردەوەی باش

بەڕێـــزان! ئەم کورتە سەرنجە دوو بڕگەیە:

ا) کردەوەی باش بە چی پووچەڵ دەبێتەوە؟

بێگومـان کـردەوەی بـاش بـە بێبڕوایـی و بـە هەندێـک لـە گوناهـە گـەورەکان هەڵدەوەشـێتەوە، ئـەوە کـە بـە بێبڕوایـی کـردەوەکان هەڵدەوەشـێنەوە، گومانـی تێدانیـە، چونکـە کوفـر وەک تەورێـک وایـە، ئەسـڵی درەختـی ئیـمان و کـردەوەی بـاش لـە ڕیشـەوە دەبـڕێ، بۆیـە خـوا ﷻ لـەو شـوێنانەدا کـە باسـی هەڵگـەڕاوەکان دەکات، چ لـە سـوورەتی (البقـرة)دا، چ لـە سـوورەتی (**محمـد**)و، چ لـە شـوێنەکانی دیکـەدا، بـە زۆریـی وایـە قەیـدی ئـەوەی دەخاتـە سـەر، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَمَاتُوا وَهُمْ كُفَّارٌ ﴾البقـرة: ١٦١، ﴿ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ ﴾البقـرة: ٢١٧، دەفەرمـوێ: (لـە کاتێکـدا بمـرن کـە بێبـڕوان)، (بـە بێبڕوایـی بمـرێ)، ئەوانـە کردەوەکانیـان هەڵدەوەشـێنەوەو، بـەڵام وێـڕای کوفـرو شـیرک، کـە بێگومـان شـیرکیش جۆرێکـە لـە جۆرەکانـی کوفـر، هـەروەک ئیلحادیـش جۆرێکـە لـە جۆرەکانـی کوفـر، بەڵـێ وێـڕای کوفـر، کـردەوە باشـەکان، هەموویـان نـا، بەڵکـو هەندێکیـان و، بە هەندێـک لە گوناهـە گەورەکانیش، کـە ڕێـک پێچەوانـەو دژی خۆیانـن، هەڵدەوەشـێنەوە، بـۆ وێنـە:

خـوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُبْطِلُواْ صَدَقَٰتِكُم بِٱلْمَنِّ وَٱلْأَذَىٰ ﴾البقرة: ٢٦٤، واتـە: ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە! خێـر کردنەکانتـان، (بەخشـینەکانتان) بـە هـۆی منەتکـردن و ئازاردانـەوە، هەڵمەوەشـێننەوە، کـە هاوکاریـی کەسـێک دەکـەی و چاکەیەکـی لەگەڵـدا دەکـەی، ئەگـەر منەتـی لەسـەر بکـەی، ڕووبـەڕوو، یاخـود ئـازاری بـدەی پاشـەملە، واتـە: باسـی بکـەی و پێـی بگاتـەوە، کـە دڵـی پێـی ئـازار

بدرێ، چ بە منەتکردنی ڕووبەڕوو، چ بە ئازاردانی پاشەملە، ئەو خێرو چاکەو بەخشینەت، هەڵدەوەشێتەوە، ئەگەرنا لە ئەسڵدا چاکەکان خراپەکان دەسڕنەوە، وەک خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلْحَسَنَٰتِ يُذْهِبْنَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ﴾هود: ١١٤، بە دڵنیایی چاکەکان خراپەکان لادەبەن.

هەروەها پێغەمبەر ﷺ لە فەرمایشتێکدا دەفەرموێ: {**وَأَتْبِعِ السَّيِّئَةَ الحَسَنَةَ تَمْحُهَا**} (**أخرجه الترمذي: ١٩٨٧، وَصَحَّحَهُ الألباني في «صحيح الجامع»: ٩٧**)، بە دوای خراپەدا چاکە بکە، دەیسڕێتەوە.

ئنجا ئەوە کە چاکەکان خراپەکان دەسڕنەوە، هیچ گومانی تێدا نیە، بەڵام هەندێک جاریش هەندێک لە خراپان - بە تایبەتی گوناهە گەورەکان - هەندێک لە چاکەکان هەڵدەوەشێننەوە، بۆیەش دەڵێم: هەندێکجار، چونکە بۆ وێنە: کەسێ قەتڵێک دەکات، زینایەک دەکات، دزییەک دەکات، شەڕاب دەخواتەوە، ڕاست نیە بگوترێ: هەرچی کردەوەی باش هەیەتی، هەڵوەشاوەتەوە، هەروەک هەموو چاکەیەکیش، هەموو خراپەیەک لا نابات، بەڵکو ئەو چاکەو خراپانەی کە دژو پێچەوانەی یەکدیین، یەکدی لادەبەن، بۆ نموونە: ماڵ بەخشین بە منەتکردن و ئازاردانی بابای ماڵ پێ بەخشراو، هەڵدەوەشێتەوە، چونکە ڕێک دژیەتی، ماڵ پێ بەخشین، چاکە لەگەڵ کردنیەتی، بەڵام منەت لەسەرکردن و ئازاردانی، ڕێک دژی ئەوەیەو، هەڵیدەوەشێنێتەوە، هەروەها کوفر ڕێک دژی ئیمانەو هەڵیدەوەشێنێتەوە، شیرک ڕێک دژی خوا بە یەککرتنەو هەڵیدەوەشێنێتەوە، ڕیابازیی ڕێک دژی تاعەت و کار بۆ خوا ئەنجامدانە، ڕیابازیی واتە: سەرنج ڕاکێشانی خەڵک بە شتێک کە بۆ خوا دەکرێ، بۆیە هەڵیدەوەشێنێتەوە، بەڵام وەک گوتمان: نە هەموو خراپەیەک، هەموو چاکەیەک هەڵدەوەشێنێتەوەو، نە هەموو چاکەیەکیش هەموو خراپەیەک دەسڕێتەوە، بەڵکو ئەوانەی ڕێک دژو پێچەوانەی یەکدیین، یەکدی لادەبەن ئەوەشم نەبینیوە لە تەفسیرەکاندا، ڕەنگە زانایانیش باسیان کردبێ، بەڵام ئەوەی گوتم، لە کۆی ئایەتەکانی قورئان و دەقەکان سوننەت، دەگونجێ هەڵبهێنجرێ.

٣- ئایا دروستە کردەوەی پەسند (مندوب، مسنون، تطوع) بپچڕێنری؟:

(القرطبي) لـە تەفسـیرەکەی خۆیـدا؛ لێـرەدا شـتێک هەڵدەهێنجـێ، لـەم ئایەتـە موبارەکـە[1] دەڵـێ: **(إحتَجَّ عُلَمَاءُنا وَغَيْرُهُم بِهَذِهِ الآيَةِ، عَلَى أنَّ التَّحَلُّلَ مِنَ التَّطَوُّعِ صَلاةً كَانت أو صَوْمًا بَعدَ التَّلَبُّسِ بِهَا، لا يَجُوزُ لأنَّ فِيهِ إبطَالَ العَمَلِ، وَقَد نَهَى اللهُ عَنهُ)** واتـە: زانایانـی ئێمـە، (واتـە: زانایانـی مالیکیـی مەزهـەب)و، جگـە لەوانیـش، ئـەم ئایەتەیـان بـە بەڵگـە هێناوەتـەوە، لەسـەر ئـەوە کـە دوای دەسـتکردن و چوونـە نێـو خـوا پەرسـتیی خۆبەخشـانە، ئنجـا نوێـژ بـێ، یـان ڕۆژوو بـێ، دوایـی ئـەوەی دەسـتی پێکـراوە؛ دروسـت نیـە، بپچڕێـنرێ، چونکـە دەبێتـە هـۆی هەڵوەشـانەوەی کـرداری بـاش و، ئـەوەش قەدەغەکـراوە.

بـەڵام شـافیعیی ڕەحمەتـی خـوای لـێ بـێ؛ جگـە لـە ئەویـش گوتوویانـە: **(المُرَادُ بِذَلِكَ إبطَالُ ثَوَابِ العَمَلِ المَفْرُوضِ، فَنَهِيَ الرَّجُلُ عَن إحبَاطِ ثَوابِهِ، فَأَمَّا مَا كَانَ نَفْلاً فَلا، لأنَّهُ لَيسَت وَاجِبًا عَلَيهِ)** واتـە: مەبەسـت لێـرەدا هەڵوەشـاندنەوەی پاداشـتی کردارێکـی پێویسـتەو، کردەوەیـەک کـە پێویسـت کرابـێ، ئەوەیـە کـە پیـاو قەدەغـە کـراوە لـەوەی پاداشـتەکەی هەڵوەشـێنێتەوە، (هەڵبەتـە ئافرەتیـش، هەروایـە بـەڵام قسـەکە وا هاتـوە)، بـەڵام ئەگـەر کـردەوە کـە زیـادەو پەسـند **(نفـل و منـدوب)** بـێ، ئـەوە نایگرێتـەوە، چونکـە مـرۆڤ جێبەجێکردنـی کـردەوە پەسـەندەکانی لەسـەر پێویسـت نیـە.

هەڵبەتە هەر کام لە دوو ڕایەکان، هەر یەکە لە لایەکەوە، ڕێی تێدەچێ.

بـەڵام مـن پێـم وایـە ڕایەکـەی مالیـک و زانایەکانـی دیکـە کـە گوتوویانـە: کـرداری پەسـەندو مەندووبیـش، ئەگـەر دەسـتت پێکـرد، نابـێ هەڵیبوەشـێنیەوەو، ئـەوە ڕاسـترە، بـەڵام دەبـێ ئـەو قەیـدەی بخرێتـە سـەر: (بـە مەرجێـک ناچـار نەبـێ)،

---

(١) الجامع لأحكام القرآن: ج١٦، ص٩٩.

هەڵبەتە ئەگەر زۆر ناچار بێ، فەرزیشی بۆ هەیە بیبڕێ، بەڵام مەبەستم لە ناچاریی، یانی: ناچارییەکی وا نەبێ کە پێویست بکات سوننەتی بۆ ببڕێ، ئەگەرنا ناچاریی وا هەیە پێویست دەکات فەرزیشی بۆ کۆتایی پێ بێنێ و هەڵبوەشێنێتەوە، لەبەر ئەوەی شتێکی لە خۆی پێویستتر هاتۆتە پێش، یاخود زیانێکی زۆر گەورە خەریکە بێتە پێش، بۆ وێنە: کەسێک نوێژێکی فەرز دەکات و، مارێکی بۆ دێ لەو کاتەدا، یاخود کەسێک لەوێیە مارێک بۆی دەچێ پێوەی بدات، دیارە مەرجیش نیە نوێژەکەی ببڕێ، بەڵکو ئەگەر بتوانێ مارەکە لە کۆڵ خۆی یان لە کۆڵ ئەو کەسە بکاتەوە، یان منداڵێ بکەوێ بچێتە نێو ئاگرێکەوە، ئەگەر بتوانێ ئەو کارەش بکات و نوێژەکەشی نەبڕێ، ئەوە باشترە، بەڵام ئەگەر بەبێ بڕینی نوێژەکەی بۆی نەکرێ، ئەو کارە ئەنجام بدات، دەبێ بیکات، یان بۆ وێنە: کەسێک بەڕۆژووە، بەڵام کارێکی دیکەی پێویست ڕووی تێدەکات، کە ئەگەر ڕۆژووەکە نەشکێنێ، ئەو کارە پێویستەی بۆ جێبەجێ ناکرێ، ئنجا خێرو پاداشتی ئەو کارە پێویستەش گەورەترە لە هی ڕۆژووەکەی، ئنجا ئەگەر ڕۆژووەکەی سوننەت بێ، یان فەرز بێ، ئەو کاتە بۆی هەیە وبگرە سوننەتە یان فەرزە، ڕۆژووەکەی بشکێنێ، بۆ ئەوەی ئەو کارە پێویستەی کە بەبێ ئەوە بۆی ئەنجام نادرێ، ئەنجامی بدات، یاخود بۆ ئەوەی ئەو زیانە گەورەیە لە خۆی دووربخاتەوە، بۆ نموونە: دوژمنێک هێرشی بۆ دەکات و بەبێ شکاندنی ڕۆژووەکەی، یان بڕینی نوێژەکەی، بۆی ناکرێ بەرگریی لە خۆی بکات.

مەسەلەی سێیەم:

بێبڕوایانی خەڵک لە ڕێی خوا لادەر، مادام بە بێبڕوایی بمرن، هەرگیز خوا لێیان نابووریٚ:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَصَدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ثُمَّ مَاتُوا۟ وَهُمْ كُفَّارٌ فَلَن يَغْفِرَ ٱللَّهُ لَهُمْ ﴿٣٤﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَصَدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی بێبڕوابوون و خەڵکیشیان لە ڕێی خوا لاداوە.

٢)- ﴿ ثُمَّ مَاتُوا۟ وَهُمْ كُفَّارٌ ﴾، ئنجا مردوون لە حاڵێکدا کە بێبڕوا بوون، واتە: بە کافرێتیی و بێبڕوایی مردوون.

٣)- ﴿ فَلَن يَغْفِرَ ٱللَّهُ لَهُمْ ﴾، ئەوانە هەرگیز خوا لێیان نابووریٚ و چاوپۆشییان لیٚ ناکات.

ئەم ئایەتە موبارەکە تەواوکەری ئەو مەبەستەیە کە لە ئایەتی ژمارە (٣٢)دا هاتوە، کە لە ئایەتی ژمارە (٣٢)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَصَدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَشَآقُّوا۟ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلْهُدَىٰ لَن يَضُرُّوا۟ ٱللَّهَ شَيْـًٔا وَسَيُحْبِطُ أَعْمَـٰلَهُمْ ﴿٣٢﴾ ﴾، واتە: ئەوانەی بێبڕوا بوون و خەڵکیان لە ڕێی خوا لاداوەو، سەرپێچییان کردوەو، بەربەرەکانێیی پێغەمبەریان ﷺ کردوە، دوای ئەوەی ڕێی ڕاستیان بۆ ڕۆشن بۆتەوە، هیچ زیانێک لە خوا ﷻ نادەن و، کردەوە باشەکانیشیان پووچەڵ دەکاتەوە، یاخود: هەوڵەکانیان بیٚ ئاکام و بیٚ ئەنجام دەکات.

ئەوە بە نسبەت حاڵەتی دنیاییان، بە نسبەت حاڵەتی قیامەتییان، ئەم ئایەتە ڕوونی دەکاتەوە: بە دڵنیایی ئەوانەی بێبڕوا بوون و خەڵکیشیان لە ڕێی خوا لاداوەو بە کافرێتییش مردوون، هەرگیز خوا لێیان نابووریٚ.

لـە سـوورەتی (البقـرة)دا هـەر ئـەم بابەتـە هاتـوە بـە تەعبیرێکـی دیکـە، خـوا ﷻ باسـی هـەوڵ و تێکۆشـانی بێبڕوایـەکان دەکات، لـە دژایەتییکردنـی ئیسـلام و مسـوڵماناندا و دەفەرمـوێ: ﴿ يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلشَّهْرِ ٱلْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ ۖ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ ۖ وَصَدٌّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَكُفْرٌۢ بِهِۦ وَٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ وَإِخْرَاجُ أَهْلِهِۦ مِنْهُ أَكْبَرُ عِندَ ٱللَّهِ ۚ وَٱلْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ ٱلْقَتْلِ ۗ وَلَا يَزَالُونَ يُقَـٰتِلُونَكُمْ حَتَّىٰ يَرُدُّوكُمْ عَن دِينِكُمْ إِنِ ٱسْتَطَـٰعُوا۟ ۚ وَمَن يَرْتَدِدْ مِنكُمْ عَن دِينِهِۦ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَـٰلُهُمْ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْـَٔاخِرَةِ ۖ وَأُو۟لَـٰٓئِكَ أَصْحَـٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَـٰلِدُونَ ﴿٢١٧﴾ ﴾، واتـە: لـە بـارەی مانگـی حەرامـەوە، جەنـگ تێداکردنـی لێـت دەپرسـن؟ بڵـێ: جەنـگ تێداکردنـی گەورەیـە، (واتـە: گوناهێکـی گەورەیـە)، بـەڵام خەڵـک لادان لـە ڕێـی خـواو بێبـڕوا بـوون و خەڵـک لادان لـە مزگەوتـی حـەرام و لـێ دەرکردنـی خەڵکەکـەی، لـە لای خـوا گەورەتـرەو، فیتنـەش لـە قەتـڵ گەورەتـرە.

[لـە کوردەوارییـدا دەگوتـرێ: فیتنەیـی کـرد، واتـە: دوو زمانیـی کـرد، وا دەزانـن لێـرەدا مەبەسـت ئەوەیـە، بـەڵام نـا، (الفِتنَـة)، لێـرەدا بـە پێـی ئـەم سـیاقە، واتـە: خەڵـک ئـازاردان و هەڵگێڕانـەوەی بـڕواداران لـە بـڕوا، لـە ژێـر ئەشـکەنجەو ئـازاردا، واتـە: هەڵگێڕانـەوەی خەڵـک و، گێڕانـەوەی لـە ڕێـی خـوا، گەورەتـرە لـە کوشـتن].

دوایـی دەفەرمـوێ: ﴿ وَلَا يَزَالُونَ يُقَـٰتِلُونَكُمْ حَتَّىٰ يَرُدُّوكُمْ عَن دِينِكُمْ إِنِ ٱسْتَطَـٰعُوا۟ ﴾، کافـرەکان بـەردەوام لـە دژتـان دەجەنگـن، تاکـو لـە دینەکەتـان هەڵتانبگێڕنـەوە، ئەگـەر بتوانـن، ﴿ وَمَن يَرْتَدِدْ مِنكُمْ عَن دِينِهِۦ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ ﴾، هـەر کەسـێک لـە ئێـوە لـە ئایینەکـەی هەڵگەڕێتـەوەو، لـە حاڵێکـدا بمـرێ کـە بێبڕوایـە، ﴿ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَـٰلُهُمْ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْـَٔاخِرَةِ ﴾، ئـا ئەوانـە کردەوەکانیـان لـە دنیـاو دوارۆژدا هەڵوەشـاونەوە، ﴿ وَأُو۟لَـٰٓئِكَ أَصْحَـٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَـٰلِدُونَ ﴾، هەروەهـا ئەوانـە هاوەڵانـی ئاگـرن، یـان خاوەنانـی ئاگـرن، کـە تێیـدا هەمیشـەیی دەبـن.

مەسەلەی چوارەم و کۆتایی:

ڕێگرییکـردن لـە بـڕواداران، کـە بەبـێ پاسـاو داوای ئاشـتیی بکـەن لەگـەڵ دوژمنانیانـدا، لـە حاڵێکـدا خوایـان لەگەڵـەو، پاداشـتی کردەوەکانیان کـەم ناکاتەوەو، ژیانـی دنیـاش گەمـەو خافڵانـەو، خـواش مـاڵ و سـامانیان هەمـووی لـێ داوا نـاکات، بـە جۆرێـک هیچیـان بـۆ نەهێڵـێ و وایـان لـێ بـکات، ڕقیـان لـە بەخشـین بـێ و، بێگومانیـش بابـای چـرووک، زیـان لـە خـۆی دەدات، خـواش بـێ نیـازەو، ئەگـەر مسـوڵمانانیش پشـت لـە ئیسـلام بکـەن، خـوا بـە کۆمەڵێکـی دیکەیـان دەگـۆڕێ و وەک وانیـش نابـن:

﴿ فَلَا تَهِنُوا وَتَدْعُوا إِلَى السَّلْمِ وَأَنتُمُ الْأَعْلَوْنَ وَاللَّهُ مَعَكُمْ وَلَن يَتِرَكُمْ أَعْمَالَكُمْ ﴿٣٥﴾
إِنَّمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا لَعِبٌ وَلَهْوٌ وَإِن تُؤْمِنُوا وَتَتَّقُوا يُؤْتِكُمْ أُجُورَكُمْ وَلَا يَسْأَلْكُمْ أَمْوَالَكُمْ ﴿٣٦﴾
إِن يَسْأَلْكُمُوهَا فَيُحْفِكُمْ تَبْخَلُوا وَيُخْرِجْ أَضْغَانَكُمْ ﴿٣٧﴾ هَا أَنتُمْ هَٰؤُلَاءِ تُدْعَوْنَ
لِتُنفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَمِنكُم مَّن يَبْخَلُ وَمَن يَبْخَلْ فَإِنَّمَا يَبْخَلُ عَن نَّفْسِهِ وَاللَّهُ
الْغَنِيُّ وَأَنتُمُ الْفُقَرَاءُ وَإِن تَتَوَلَّوْا يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُونُوا أَمْثَالَكُم ﴿٣٨﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەڤدە بڕگەدا:

١)- ﴿ فَلَا تَهِنُوا وَتَدْعُوا إِلَى السَّلْمِ ﴾، ئنجا بێهێز مەبن و تەنبەڵیی مەکەن و داوای ئاشتیی بکەن!

(الوَهـنُ: الضُّعـفُ والعَجـزُ، وهُـوَ هُنَـا مَجـازٌ عَـن طَلَـبِ الدَّعَـةِ)، (وهن): لە ئەسڵدا بە مانـای بێهێزیـی و نەتوانیـن دێ، لێـرەدا بـە مەجـاز مەبەسـت پێـی ئیسـڕاحەتخوازیی و پاڵدانـەوەو خۆمانـدوو نەکردنـە، واتـە: ئێـوە بێهێـز مەبـن و ئیسـڕاحەتخواز مەبـن، کـە بـە هـۆی ئـەوەوە بانگـی بەرانبەرەکانتـان بکـەن بـۆ ئاشـتیی و تەبایـی، لـە حاڵێکـدا کـە ئـەوان سـەنگەریان لێگرتـوون، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ فَلَا تَهِنُوا وَتَدْعُوا ﴾،

(تَدعوا)، پەیوەستە بە پیتی قەدەغە (نهي)وە، یانی: (وَلاَ تَدْعُوا إلى السَّلْمِ) بانگەواز مەکەن بۆ ئاشتیی.

٢)- ﴿ وَأَنتُمُ ٱلْأَعْلَوْنَ ﴾، لە حاڵێکدا کە ئێوە بەرزترن، واتە:

أ- ئێوە بەرزترن بە بەڵگە، یان بە هۆی ئیمانەوە، یاخود سەرەنجامی چاک لە گرەوی ئێوە دایە، وەک خوا فەرموویەتی: ﴿ وَٱلْعَـٰقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ ﴾القصص: ٨٣، ﴿ وَٱلْعَـٰقِبَةُ لِلتَّقْوَىٰ ﴾طه: ١٣٢.

ب- لە حاڵێکدا کە ئێوە باڵا دەست و دەسترۆیشتوون و توانای جەنگ کردنتان هەیە، داوای ئاشتیی و تەبایی لە بەرانبەرەکانتان مەکەن، کە شەڕتان پێ دەفرۆشن و سەنگەریان لێگرتوون.

یەکێک لە زانایان دەڵێ: مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە مسوڵمانان خۆیان بە دەستەوە نەدەن، بە هۆی خولیای بێهێزییەوە، ئەویش بە هۆی ئەوەوە کە زیانەکانی ئەو خەیاڵ و خولیایانە بێننە بەرچاوی خۆیان، چونکە خەیاڵ و خولیا خراپەکان، ئەگەر ئینسان لە کۆڵ خۆیان نەکاتەوەو لە خۆییان دوورنەخاتەوە، وردە وردە لە دڵیدا جێگیر دەبن، تاکو دەبن بە سیفەتێکی ڕۆچوو تێیدا.

٣)- ﴿ وَٱللَّهُ مَعَكُمْ ﴾، بە دڵنیایی خواش لەگەڵ ئێوەدایە، واتە: خوا ﷻ لەگەڵتاندایە بە سەرخستن، بە مشوور لێخواردن و، بە سەرپەرشتییکردن، ئەگەرنا خوا ﷻ لەگەڵ هەموو دروستکراوەکانیدایە، بەڵام لێرەدا مەبەست لەگەڵدابوونێکی تایبەتە (مَعِيَّةٌ خَاصَّة).

٤)- ﴿ وَلَن يَتِرَكُمْ أَعْمَـٰلَكُمْ ﴾، هەرگیزیش (خوا) کردەوەکانتان لێ کەم ناکاتەوە، واتە: پاداشتی کردەوەکانتان لێ کەم ناکاتەوە، (وَتَرَهُ، يَتِرَهُ، وَتْرًا: نَقَّصَهُ حَقَّهُ)، واتە: مافەکەی لێ کەم کردەوە، وشەی (وتِرَ) لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە: (الَّذِي تَفُوتُهُ صَلَاةُ الْعَصْرِ، كَأَنَّمَا وُتِرَ أَهْلَهُ وَمَالَهُ) (أخرجه البخاري: ٣٦٠٢، ومسلم: ٢١٨٦)، واتە: ئەو کەسەی نوێژی عەسری دەفەوتێ، وەک ئەوە وایە کەس وکارو ماڵ و سامانەکەی فەوتاندبێ.

ئنجا خـوا ﷻ دوایـی بـۆ ئـەوەی زیاتـر هانیان بـدات لەسـەر خەبـات و فیداکاریی و بەرخـۆدان، دەفەرموێ:

٥)- ﴿ إِنَّمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا لَعِبٌ وَلَهْوٌ ﴾، بە دڵنیایی ژیانی دنیا، تەنیا گەمەو خافڵانە، ﴿ لَعِبٌ ﴾، بە مانای یاریی دێ:

١- هەندێ لە زانایان گوتوویانە: جیاوازیی نێوان ﴿ لَعِبٌ وَلَهْوٌ ﴾، ئەوەیە کە: ﴿ لَعِبٌ ﴾، یارییەکە بە جەستە دەکرێ، بەڵام: (لَهو)، واتە: خافڵان و، بە دڵ دەکرێ.

٢- هەندێکیش گوتوویانە: (اللَّعِبُ بِآلَةٍ، واللَّهوُ بِدونِها)، (لَعِب): ئەوەیە بە ئامێرێک بکرێ، بەڵام (لهو): ئەوەیە کە بەبێ ئامێریش بکرێ.

٣- هەندێکیش گوتوویانە: بە پێچەوانەوە: (لَعِب) ئەوەیە بە بێ ئامێر بێ، بەڵام (لَهُو) ئەوەیە بە ئامێر بێ.

٤- هەندێکیش گوتوویانە: (لَعِب): ئەوەیە بێ ئاگات نەکات لە شتێکی گرنگتر، بەڵام (لَهُو) ئەوەیە بێ ئاگات بکات و، بتخافڵێنێ لە شتێک کە لە خۆی گرنگترە.

﴿ إِنَّمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا لَعِبٌ وَلَهْوٌ ﴾، واتـە: ژیانێـک کـە گەمـەو خافـڵان بـێ، حەیفـە باوەشـی پێـدا بکـەن و، بـە هـۆی بـاوەش پێداکردنـی ئـەو ژیانـە دنیاییـەوە، ئێـوە ڕووحـی فیداکاریـی و بەرخـۆدان لـە خۆتاندا بمرێنـن، داوای سـەلامەتیی و بێمزەڕەتیی بکـەن، لـە حاڵێکـدا ئیسـلام پێویسـتیی بـە فیداکاریـی و، خوێـن بەخشـین و مـاڵ و سـامان بەخشـین هەبـێ.

٦)- ﴿ وَإِن تُؤْمِنُوا۟ وَتَتَّقُوا۟ يُؤْتِكُمْ أُجُورَكُمْ ﴾، ئەگەر بڕواش بێنن و پارێز بکەن، پاداشتەکانی خۆتانتان دەداتێ، واتە: پاداشتی خۆتانتان بە پڕ بە پێست و بە تەواویی دەداتێ.

٧)- ﴿ وَلَا يَسْـَٔلْكُمْ أَمْوَٰلَكُمْ ﴾، هەموو ماڵ و سامانەکانیشتان لێ داوا ناکات، ئەمە لێرەدا واتە: (خوا) هەموو ماڵ و سامانەکانتان لێ داوا ناکات ببیەخشن، بەڵکو هەندێکیتان لێ داوا دەکات.

هەندێکیش لە زانایان ئاوایان لێکداوەتەوە: ﴿وَلَا يَسْـَٔلْكُمْ أَمْوَٰلَكُمْ﴾، واتە: ئەوەی کە لێتان داوا دەکات، ماڵ و سامانی ئێوە نیە، بەڵکو هی خۆیەتی پێیداون، بێگومان ئەم مانایەش دەگرێتەوە، بەڵام ئەم مانایە زیاتر مانایەکی مەعنەویی و ڕووحانییە، بەڵام مانا ڕواڵەتیی و ئاساییەکەی ئەوەیە کە باسمان کرد، واتە: هەموو ماڵ و سامانەکانتان لێ داوا ناکات.

٨)- ﴿إِن يَسْـَٔلْكُمُوهَا فَيُحْفِكُمْ تَبْخَلُوا۟﴾، ئەگەر هەموو ماڵ و سامانەکەتان بە مکووڕیی لێ داوا بکات، چرووکیی دەکەن، (**أَحْفَاهُ فِي المَسأَلَةِ: لَمْ يَتْرُك شَيْئاً مِنَ الإِلْحَاحِ**)، واتە: زۆر سوور و مکووڕ بوو، هیچ جۆرە جەختکردنەوەیەکی بەجێ نەهێشت نەیخاتە نێو داواکارییەکەیەوە.

کەواتە: ﴿إِن يَسْـَٔلْكُمُوهَا﴾، ئەگەر ماڵ و سامانەکانتان هەموو لێ داوا بکات، ﴿فَيُحْفِكُمْ﴾، واتە: زۆر سوور بێ لەسەر داواکردن، یاخود: ﴿فَيُحْفِكُمْ﴾، واتە: هیچیان بۆ نەهێڵێتەوەو، هەموویتان لێ داوا بکات، ﴿تَبْخَلُوا۟﴾، ئەو کاتە ئێوە چرووکیی دەکەن و چنگ قووچاو دەبن.

٩)- ﴿وَيُخْرِجْ أَضْغَـٰنَكُمْ﴾، سەربارەش ڕق و کینەشتان دەردێنێ، واتە: ڕق و کینەتان تێدا پەیدا دەکات بەرانبەر بەو داواکارییە، خوێندراویشەتەوە: (**ونُخْرِج أَضْغَانَكُم**) ئەو کاتە کینەکانتان دەردێنین و لە دڵتاندا ئاشکرا دەبن، ﴿أَضْغَـٰنَكُمْ﴾، کۆی (**ضِغْن**)، یان (**ضَغن**)ە، کە بە مانای کینەو، دژایەتیی و، ڕق لێهەڵسانێکی پەنهان دێ، (**أي: إذا سَألَكُم إنْفَاقَ أموالِكُم كُلِّهَا، تَمْنَعُوا المَالَ و تُظهِرُوا والعِصيَانَ**) ئەگەر بێت و هەرچی ماڵ و سامانتانە لێتان داوا بکات و ببیەخشن، لەو حاڵەتەدا، ماڵ و سامانەکانتان نابەخشن و سەرپێچیی لە خۆتاندا دەردەخەن.

١٠)- ﴿هَـٰٓأَنتُمْ هَـٰٓؤُلَآءِ تُدْعَوْنَ لِتُنفِقُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾، ئەها! ئەوە ئێوەن بانگ دەکرێن، بۆ ئەوەی لە ڕێی خوادا ببەخشن، واتە: ماڵ و سامان لە ڕێی خوادا ببەخشن، تاکو بتوانن جەنگ و جیهاد بکەن لە پێناوی خواداو، بەرگریی بکەن لە دین و ژینی خۆتان، لە وڵات و میللەتی خۆتان.

١١)- ﴿فَمِنكُم مَّن يَبْخَلُ﴾، کەچی هەتانە چرووکیی دەنوێنێ، دەست دەنووقێنێ.

١٢)- ﴿وَمَن يَبْخَلْ﴾. هەر کەسێکیش ڕژدیی و چرووکیی بکات.

١٣)- ﴿فَإِنَّمَا يَبْخَلُ عَن نَّفْسِهِ﴾، بە دڵنیایی بە زیانی خۆی چرووکیی دەکات، (**البُخْلُ: إِمْسَاكُ مَا يَنْبَغِي إِنْفَاقُهُ**)، (بخل) گرتن و نەبەخشینی ئەو ماڵەیە کە پێویستە ببەخشرێ، (**عُدِّيَ يَبْخَلُ بِـ «عن» لِتَضْمِينِهِ مَعْنَى الإِمْسَاكِ، أي: يُمْسِكُ الخَيْرَ وَالفَضْلَ عَنْ نَفْسِهِ، بِسَبَبِ البُخْلِ فَيَمنَعُها الأجرَ و الثَّوَابَ بِبُخلِهِ**)، بۆیە وشەی (**يَبْخَلُ**) بە (**عَنْ**) بەرکاری خواستوە، تاکو مانای دەست پێوەگرتنی بخرێتە نێو، واتە: هەر کەسێک چرووکیی بکات و دەست بەو ماڵەوە بگرێ و نەیبەخشێ، خێرو چاکە لە خۆی دەگرێتەوە بە هۆی چرووکییەکەیەوەو، سەرەنجام خۆی بێبەش دەکات لە پاداشتی خوا، بە هۆی چرووکییەکەیەوە.

وشـەی (**يَبخَـل**) جـاری واش هەیـە بـە (**عـلى**) بـەرکار دەخـوازێ، (**بَخَـلَ عَلَيْـهِ، يَبْخَـلُ عَلَيْـهِ**)، واتـە: چرووکیـی نوانـد لـە بەرانبـەری داو پێی نەبەخشـی.

١٤)- ﴿وَاللَّهُ الْغَنِيُّ﴾، بە دڵنیایی خوا ﷻ دەوڵەمەندو بێ نیازە، (أل)ی سەر: ﴿الْغَنِيُّ﴾، بۆ جینسە، واتە: تەواویی بێ نیازیی هی خوای موتەعالە.

١٥)- ﴿وَأَنتُمُ الْفُقَرَاءُ﴾، ئێوەش هەرچی هەژارو ناتاجیی هەیە لە ئێوە دایە.

دیسان (أل)ی سەر (**الفقرآء**) بۆ جینسە، واتە: تێکڕای هەژاریی و ناتاجیی لە ئێوە دایە.

١٦)- ﴿وَإِن تَتَوَلَّوْا يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ﴾، ئەگەر ئێوەش پشت هەڵبکەن، خوا ئێوە بە کۆمەڵێکی دیکە دەگۆڕێ، یانی: ئێوە لادەبات و خەڵکێکی دیکە دێنێتە شوێنی ئێوە، (**التَّوَلِّي: الرُّجُوعُ والإِعْرَاض**)، ﴿تَتَوَلَّوْا﴾ یانی: ئەگەر پشت هەڵبکەن و بگەڕێنەوە، ﴿يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ﴾ کۆمەڵێکی دیکەی جیا لە ئێوە دێنێتە شوێنی ئێوە.

١٧)- ﴿ثُمَّ لَا يَكُونُوا أَمْثَالَكُم﴾، دواییش ئەوان وەک ئێوە نابن، ئەوانەی دەیانهێنێ، وەک ئێوە نابن، ئاوا سەرپێچیی بکەن، یاخود: چرووکیی و ڕژدیی بنوێنن، لە بەخشینی ماڵ و سامانیاندا.

پێنج وردە سەرنج

لێرەدا پێویستە پێنج وردە تێبینی بخەینە ڕوو، بەر لەوەی کۆتایی بە تەفسیری سوورەتی (محمد) بێنین:

١)- کە دەفەرموێ: ﴿ فَلَا تَهِنُوا ﴾، (ف)ەکە، پەیوەندیی بە ڕابردووەوە هەیە، واتە: مادام خوا ﷻ پیلان و فێڵی کافرەکان هەڵبوەشێنێتەوەو، کردەوەکانیان پووچەڵ بکاتەوەو، لەگەڵ بڕواداراندا بێ، پشتیان بگرێ، سەرپەرشتییان بکات، کەواتە: ئەی بڕوادارینە! بێهێز مەبن، چونکە هۆکارەکانی هێزو پێز، هەموویان بۆ ئێوە ڕەخسێنراون و، هۆکارەکانی بێهێزیی و بێپێزیی لە بەرانبەرەکانتاندا هەن، کەواتە خۆ پێ بێهێز بوونی ئێوە، شتێکی نالۆژیکییە.

٢)- کە دەفەرموێ: ﴿ وَتَدْعُوٓا۟ إِلَى ٱلسَّلْمِ وَأَنتُمُ ٱلْأَعْلَوْنَ ﴾، یانی: بێهێز مەبن، کە بانگەشە بکەن بۆ ئاشتیی لە حاڵێکدا کە ئێوە بەرزترن، دەگونجێ (بەرزتر) مەبەست پێی ئەوە بێ: مادام ئێوە ئیماندارن و، لەسەر ڕێیەکی هەقن، بە بەڵگەو ئیسپاتەوە، ئێوە بەرزترن.

واتایەکی دیکە: مادام ئێوە دەستڕۆیشتوو و باڵادەستن و بەهێزترن، داوای ئاشتیی مەکەن، زانایانیش لە بارەی حوکمی ئەو ئایەتەوە، ڕا جیاییان هەیە، (القرطبي)[1] سێ ڕای هێناون لەو بارەوە:

١- ڕایەك ئەوەیە: ئەم ئایەتە نەسخ کەرەوەیە بۆ قسەی خوای بەرز، کە دەفەرموێ: ﴿ وَإِن جَنَحُوا۟ لِلسَّلْمِ فَٱجْنَحْ لَهَا وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٦١﴾ ﴾الأنفال، واتە: ئەگەر دوژمنە بەرانبەرەکانت، باڵیان شۆڕکرد بۆ ئاشتیی، تۆش باڵی بۆ شۆڕ بکە، لێرەدا خوا ﷻ ڕێی گرتوە لە مەیلکردن بە لای ئاشتیی و صوڵح و پێکهاتندا، کەواتە: ئەم ئایەتە، ئایەتی ژمارە: (٦١)ی سوورەتی (الأنفال)ی نەسخ کردۆتەوە.

---

(١) الجامع لأحكام القرآن: ج١٦، ص٢٠٠.

٢- هەندێکیش گوتوویانە: بە پێچەوانەوە، ئەم ئایەتە کە دەفەرموێ: داوای ئاشتیی مەکەن، بە ئایەتی ژمارە (٦١)ی سوورەتی **(الأنفال)** نەسخ بۆتەوە، چونکە لەوێ دەفەرموێ: ئەگەر بەرانبەرەکانت مەیلی ئاشتییان کرد، تۆش مەیلی بۆ بکە، بەڵام لێرەدا دەفەرموێ: بانگەشەی ئاشتیی مەکەن، لە حاڵەتێک ئێوە بەرزترن.

٣- هەندێکی دیکەش گوتوویانە: ﴿وَإِن جَنَحُواْ لِلسَّلْمِ فَٱجْنَحْ لَهَا﴾، ئەمە تایبەتە بە کۆمەڵێکەوە کە دیارییکراو بوون، مادام ئەوان داوای ئاشتییان کرد، تۆش لەگەڵ واندا ئاشتییخوازبە، بەڵام ئەمەیان کە دەفەرموێ: ﴿فَلَا تَهِنُواْ وَتَدْعُوٓاْ إِلَى ٱلسَّلْمِ وَأَنتُمُ ٱلْأَعْلَوْنَ﴾، ئەمەیان گشتییە، بۆیە دروست نیە، مەگەر بە ناچاریی، ئاشتەوایی لەگەڵ ئەهلی کوفردا بکرێ، لە کاتێکدا ئەوان شەڕ فرۆشن، ئەویش لە حاڵێکدا - دروستە -- کە مسوڵمانان نەتوانن بەرهەڵستییان بکەن، منیش ئەم ڕایەی سێیەمم پێ ڕاستە.

٣)- لە بارەی مەنسووخ نەبوونی ئایەتی (٣٢)ی (محمد)ەوە، **(الشوكاني)** قسەیەکی جوان دەکات، لە تەفسیرەکەی دا بە ناوی: **(فتح القدير)**[1]، دەڵێ: **(وَلَا يَخْفَاكَ أَنَّهُ لَا مُقْتَضِي لِلْقَوْلِ بِالنَّسْخِ، فَإِنَّ اللَّهَ سُبْحَانَهُ نَهَى الْمُسْلِمِينَ فِي هَذِهِ الْآيَةِ عَنْ أَنْ يَدْعُوا إِلَى السَّلْمِ ابْتِدَاءً، وَلَمْ يَنْهَ عَنْ قَبُولِ السَّلْمِ إِذَا جَنَحَ إِلَيْهِ الْمُشْرِكُونَ، فَالْآيَتَانِ محكمتان، ولم يتواردا عَلَى مَحَلٍّ وَاحِدٍ حَتَّى يُحْتَاجَ إِلَى دَعْوَى النَّسْخِ، أَوِ التَّخْصِيصِ)**، واتە: لێت شاردراوە نیە، کە هیچ قسەیەک خوازیاری ئەوە نیە، بڵێین نەسخێک لە ئارادایە، چونکە خوای بەرز لەم ئایەتەدا لە مسوڵمانانی قەدەغە کردوە، کە لە سەرەتاوە دەستپێشخەر بن بۆ ئاشتیی، بەڵام ڕێی لێ نەگرتوون، ئەگەر بەرانبەرە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، داوای ئاشتییان کرد، ئەوانیش مەیلی ئاشتیی بکەن، کەواتە: هەردوو ئایەتەکان لە جێی خۆیاندان، [(واتە: هەم ئایەتی ژمارە: (٦١)ی سوورەتی **(الأنفال)**و، هەم ئایەتی ژمارە: (٣٢)ی سوورەتی **(محمد)**)]، چونکە هەردووکیان لە بارەی یەک بابەتەوە نەهاتوون، تاکو ناچاری بانگەشەی نەسخ بین، یاخود تەنانەت تایبەتکردن **(تخصيص)** بین.

---

(١) ج٥، ص٥٠.

بێگومـان منیـش دەڵێـم: صوڵحـی حودەیبییـەو غەیـری صوڵحـی حودەیبییـە، بەهێزتریـن بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوە کـە لـە کاتـی گونجـاوو پێویسـتدا، هـەر کات مسـوڵمانان بـە چاکیـان زانـی، ئاشـتەوایی بکـەن.

٤)- لە بارەی ئەم ئایەتە موبارەکەی کۆتاییەوە، کە دەفەرموێ: ﴿ إِن يَسْـَٔلْكُمُوهَا ﴾، (أي: يَسئَلكُم أموَالَكُم كُلَّها)، ئەگەر داواتان لێ بکات، هەموو ماڵەکەتان ببەخشن، ﴿ فَيُحْفِكُمْ ﴾، (أي: يُجهِدْكُم و يُلحِف عَلَيْكُم بِمَسْأَلَةِ جَمِيعِهَا)، واتە: ئەرکتان بخاتە سەرو نارەحەتتان بکات، بەوەی داوای هەموویتان لێ بکات، (الشوكاني) لە (فتح القدير)دا[1]، دەڵێ: (يُقالُ: أحفى بِالمَسأَلَةِ و ألحَفَ أي: أَلَحَّ بِمعنى وَاحد)، واتە: (ألحَفَ) و (أَحْفَى) و (أَلَحَّ) هەر سێکیان یەک واتایان هەیە، (المُحْفِي: المُسْتَقْصِي فِي السُّؤالِ، والإِحْفَاءِ: الإستِقصَاءُ فِي الكَلامِ، وَمِنه: إحْفَاءُ الشَّارِبِ، أي: إستِئصَالُهُ، وجَوَابُ الشَّرطِ: قَولُهُ لا تَبخَلُوا، أي: إنْ يَأمُرْكُم بِإِخْرَاجِ جَميعِ أموالِكُم، تَبخَلوا بِهَا و تَمتَنِعوا عَن الإمتِثالِ).

واتـە: (مُحفِـي) کەسـێکە لـە داواکردنـدا زۆر ڕۆبچـێ، (إِحْفَـاء): بریتیـە لـەوەی مـرۆڤ بیگەیەنێتـە ئەوپـەڕی لـە قسـەکردندا، (إِحْفَـاءُ الشَّـارِبِ)، ئەوەیـە ئینسـان سـمێڵی زۆر تەنـک و کـورت بکاتـەوە، یاخـود لـە ڕیشـەوە هەڵیکێشـێ، بـەڵام وەڵامی مەرجەکـە کـە دەفەرمـوێ: ﴿ إِن يَسْـَٔلْكُمُوهَا فَيُحْفِكُمْ ﴾، بریتیـە لـە: ﴿ تَبْخَلُوا ﴾، واتـە: لـەو حاڵەتـەدا ئێـوە چرووکیـی دەنوێنـن و ئامـادە نابـن فەرمانبەریـی بکـەن، بۆیـە خـوای پـەروەردگار ئەوەتـان لـێ داوا نـاکات.

٥)- لە بارەی ئەوەوە کە دەفەرموێ: ﴿ وَإِن تَتَوَلَّوْا يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُونُوٓا أَمْثَٰلَكُم ﴾، زۆربەی تەفسیرەکان ئەم دەقەیان هێناوە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {لَو كَانَ الإِيمَانُ مَنُوطاً بِالثُّرَيَّا لَنَالَهُ رِجَالٌ مِن فَارِس} (أخرجه البخاري: ٤٨٩٨، ومسلم: ٢٥٤٦، والترمذي: ٣٢٦٠) واتە: ئەگەر ئیمان هەڵواسرابایە بە سورەییاوە، (واتە: ئەستێرەی کۆ، کۆو تەرازوو)، پیاوانێک لە گەلی فارس دەیانتوانی بەدەستی بێنن.

---

(١) ج٥، ص٥٠.

هەڵبەتە وشەی گەلی فارس، ئەوان بەکاریان هێناوە بۆ هەموو ئەو گەلانەی لە ئێران و، لە دوای ئێرانەوە بوون، واتە: هەم فارس، هەم کورد، هەم ئەفغان و...، ئەو گەلانەیان زۆربە پێ گرتوونەوە، بەو وشەیە.

لێرەش دا کۆتایی بە تەفسیری سوورەتی (محمد) ﷺ دێنین.

لە خوای پەروەردگارش داواکارم، هەرچی زیاتر عەقڵ و دڵمان ڕۆشن بکاتەوە، بە ڕووناکیی و بەرەکەتی خۆی، کە لە ئیماندا بەرجەستەیەو، یارمەتییمان بدات هەرچی زیاتر ئاشنا بین بە ڕێبازو سوننەتی پێغەمبەر ﷺ، کە ئەویش هەر بریتیە لە بەرجەستە کردن و جێبەجێ کردنی قورئان، لە ژیانی تاکیی و خێزانیی کۆمەڵایەتیی خۆیدا.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

نێوەڕۆک

پێشەکی ئەم تەفسیرە بەگشتیی...٥
بەرچاو ڕوونییەکی گرنگ لەبارەی ئەم تەفسیرەوە ١٠
پێشەکی ئەم بەرگە...١٢

تەفسیری سوورەتی (الدخان)

نێوەڕۆکی سوورەتی (الدخان) و بابەتەکانی...١٧
یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:..١٧
دووەم: شوێنی دابەزینی:..١٨
سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و هاتنە خواردا:......................................١٨
چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:...١٩
پێنجەم: نێوەڕۆکی:...١٩
شەشەم: تایبەتمەندییەکانی ئەم سوورەتە:..٢١
حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان بۆ چەند دەرسێک:..................................٢٣
دەرسی یەکەم...٢٥
پێناسەی ئەم دەرسە ٢٧
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان...٢٨
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان..٢٩
هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتانە ٣١
مانای گشتیی ئایەتەکان ٣٦
مەسەلە گرنگەکان ٤٤
کورتە باسێک لە بارەی شەوی تێدا دابەزێنرانی قورئانەوە ٥٢

کورتە باسێک لە بارەی (الْبَطْشَةُ الْكُبْرَى)ەوە ٦٤
دەرسی دووەم..........٦٩
پێناسەی ئەم دەرسە ٧١
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان..........٧٢
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان..........٧٤
مانای گشتیی ئایەتەکان ٧٦
مەسەلە گرنگەکان ٨٩
هەڵبژاردنی بەنوو ئیسرائیل و پێدانی هەژدە نیشانەو نیعمەت..........١٠٨
دەرسی سێیەم ١١٣
پێناسەی ئەم دەرسە ١١٥
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان..........١١٦
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان..........١١٧
مانای گشتیی ئایەتەکان..........١١٨
مەسەلە گرنگەکان ١٢٥
کورتە باسێک لە بارەی گەلی توببەعەوە..........١٢٩
وتووێژێکی نێوان سوکڕات و ئەرستۆدیمۆس..........١٣٦
سەرنجدانەوەیەکی سێ بەڵگەکەی هەبوونی سزاو پاداشت..........١٤٣
دەرسی چوارەم..........١٤٩
پێناسەی ئەم دەرسە ١٥١
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان..........١٥٣
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان..........١٥٤
هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتانە ١٥٧
مانای گشتیی ئایەتەکان..........١٦٠
مەسەلە گرنگەکان ١٧٠

تەفسیری سوورەتی (الجـاثیـة)

دەستپێک........ ١٩١
ناوەرۆکی سوورەتی (الجاثیة) و بابەتەکانی........ ١٩١
یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:........ ١٩١
دووەم: شوێنی دابەزینی:........ ١٩١
سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و هاتنەخواردا:........ ١٩٢
چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:........ ١٩٣
پێنجەم: ناوەڕۆکی:........ ١٩٣
شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:........ ١٩٤
حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکانی بۆ چەند دەرسێک:........ ١٩٥
دەرسی یەکەم........ ١٩٧
پێناسەی ئەم دەرسە........ ١٩٩
مانای دەقا ودەقی ئایەتەکان........ ٢٠١
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان........ ٢٠٢
مانای گشتیی ئایەتەکان........ ٢٠٧
مەسەلە گرنگەکان........ ٢١٤
کورتە باسێک وریا بوون لە بارەی هۆی هاتنە خواری ئایەتەکانەوە........ ٢٣٧
دەرسی دووەم........ ٢٥٣
پێناسەی ئەم دەرسە........ ٢٥٥
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان........ ٢٥٧
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان........ ٢٥٨
هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکان........ ٢٦٢
مانای گشتیی ئایەتەکان........ ٢٦٣
مەسەلە گرنگەکان........ ٢٧٠

چەند دەقێکی سوننەت لە بارەی قسە نەگوتن بە ڕۆژگارو شـوێنکەوتنی هـەواو ئارەزووەوە ٣٠١
یەکەم: قسە نەگوتن بە ڕۆژگار: ٣٠١
دووەم: بە دوای ئارەزوو نەکەوتن: ٣٠٢
دەرسی سێیەم ٣٠٧
پێناسەی ئەم دەرسە ٣٠٩
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٣١١
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان ٣١٢
مانای گشتیی ئایەتەکان ٣١٥
مەسەلە گرنگەکان ٣٢٣
دوو فەرموودەی پێغـەمبەری خوا ﷺ لەبـارەی گەورەیی و مەزنیی خـوا و تەنیا پەرستنییەوە: هاتوە: ٣٣٩

تەفسیری سوورەتی (الأحـقـاف)

پێناسەی سوورەتی (الأحقاف) و بابەتەکانی ٣٤٧
یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە: ٣٤٧
دووەم: شوێنی دابەزینی: ٣٤٨
سێیەم: ڕیزبەندیی لە دابەزین و لە موصحەفدا: ٣٤٩
چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی: ٣٥٠
پێنجەم: نێوەڕۆکی ئەم سوورەتە: ٣٥٠
شەشەم: تایبەتمەندییەکانی: ٣٥١
حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان بۆ چەند دەرسێک: ٣٥٣
دەرسی یەکەم ٣٥٧
پێناسەی ئەم دەرسە ٣٥٩
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٣٦١

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان...٣٦٣
هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان...٣٦٦
مانای گشتیی ئایەتەکان...٣٦٩
مەسەلە گرنگەکان...٣٨١
سەرنجێک:...٣٨٤
کورتە باسێک لەبارەی حیکمەتی زۆر باسکرانی ئامانجی دروستکرانی گەردوونەوە ...٣٨٦
بڕگەی یەکەم:...٣٨٦
بڕگەی دووەم: حیکمەتی ئەو زۆر باسکرانەی خستنە ڕووی ئامانج و مەبەستی
بەدیهێنرانی گەردوون، چییە؟...٣٩٠
دەرسی دووەم...٤١٩
پێناسەی ئەم دەرسە...٤٢١
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان...٤٢٢
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان...٤٢٤
هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان...٤٢٧
مانای گشتیی ئایەتەکان...٤٢٩
مەسەلە گرنگەکان...٤٣٥
هەڵوەستەیەکی پێویست لەبەردەم مشت و مڕێکیی نێوان مەڕوانی کوڕی حەکەم و
(عبدالرحمن بن أبي بكر الصديق)دا لەسەر حوکمی میراتیی و بنەماڵەیی.............٤٥٠
کورتە باسێک لە بارەی بەهرە وەرگرتن لە ناز و نیعمەتی دنیاوە.......................٤٥٧
١)- خوا نازو نیعمەتی دنیای بۆ بەهرە وەرگرتنی مرۆڤان خوڵقاندوە:....................٤٥٩
٢)- خوا ﷻ گۆشتە قەدەغەکراوەکانی لە چوار شتاندا، کورت هەڵهێناون:.............٤٦٠
٣)- خوا ﷻ قەدەغەکردنی بەبێ بەڵگەی وەحیی، بە گوناهێکی زۆر زل داناوە: ٤٦٢
٤)- ئەو ئایەتەی (الأحقاف) مەبەست پێی بێبڕوایانێکی بۆ خواردن ژیاوە:...........٤٦٤
٥)- چەند دەقێکی سوننەت لەو بارەوە:...٤٦٦

٦)- چەند قسەیەکی هاوسەنگانەی زانایان لە بارەی چۆنیەتیی مامەڵەکردنەوە، لەگەڵ ژیانی دنیاو لەززەت و نیعمەتەکانی دا: ٤٦٨
دەرسی سێیەم ٤٧٥
پێناسەی ئەم دەرسە ٤٧٧
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٤٧٨
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان ٤٧٩
مانای گشتیی ئایەتەکان ٤٨٢
مەسەلە گرنگەکان ٤٨٦
هەڵوەستەیەکی کورت لەسەر بێئیمانیی و کوژانەوەی چرای عەقڵ: ٤٩٩
چەند وردەکارییەکی ئەم ئایەتە (٢٨): ٥٠٤
سەرنجێک لەسەر گشتگیریی و فراوانیی مەبەستەکانی قورئان ٥٠٨
دەرسی چوارەم ٥١١
پێناسەی ئەم دەرسە ٥١٣
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٥١٤
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان ٥١٥
هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکان ٥١٨
مانای گشتیی ئایەتەکان ٥٢١
مەسەلە گرنگەکان ٥٢٧
قسەیەک دەربارەی: (أُوْلُوا۟ ٱلْعَزْمِ) ٥٤٢

تەفسیری سووڕەتی (محمـــــد)

دەستپێک ٥٤٩
پێناسەی سووڕەتی (محمد) و بابەتەکانی ٥٤٩
یەکەم: ناوی ئەم سووڕەتە: ٥٤٩
دووەم: شوێنی دابەزینی: ٥٤٩

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و دابەزین دا:.......... ٥٥٠
چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:.......... ٥٥٠
پێنجەم: ناوەڕۆکی:.......... ٥٥١
شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:.......... ٥٥٢
حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان بۆ چەند دەرسێک:.......... ٥٥٥
دەرسی یەکەم.......... ٥٥٧
پێناسەی ئەم دەرسە.......... ٥٥٩
مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان.......... ٥٦٠
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان.......... ٥٦٢
مانای گشتیی ئایەتەکان.......... ٥٦٧
مەسەلە گرنگەکان.......... ٥٧٢
شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە هەشت بڕگەدا:.......... ٥٧٢
یەکەم: بۆ بێبڕوایان:.......... ٥٧٩
دووەم: بۆ بڕواداران:.......... ٥٧٩
شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ بڕگەدا:.......... ٥٨١
هەڵوەستەیەکی پێویست، لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی نەسخکرانەوەی ئەو ئایەتەوە
(محمد - ٤) :.......... ٥٨٧
کورتە باسێک بە دیل گرتن لە جەنگداو، چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا.......... ٥٩٧
کورتە باسێک بە کۆیلەکردنی مرۆڤ لەم ڕۆژگارەدا تاوانەو، دژی شەریعەتە.......... ٦١٣
بڕگەی یەکەم: ئاوەڕدانەوەیەک لە مێژوو:.......... ٦١٣
بڕگەی دووەم: ئیسلام چی لە سیستمی کۆیلایەتیی کرد؟.......... ٦١٤
بڕگەی سێیەم: لە کەیەوە بڕیاری نەهێشتنی کۆیلایەتیی درا؟.......... ٦١٨
بڕگەی چوارەم: ئایا لەم ڕۆژگارەدا دروستە مرۆڤ بکرێتە کۆیلە؟.......... ٦٢٠
وەڵامی دوو پرسیارو ئیشکال:.......... ٦٢٩

دەرسی دووەم...٦٣٧
پێناسەی ئەم دەرسە ٦٣٩
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٦٤١
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان...٦٤٢
مانای گشتیی ئایەتەکان ٦٤٤
مەسەلە گرنگەکان ٦٥٠
چەند وردەکارییەکی ڕەوانبێژیی لە ئایەتی (١٥ / محمد)دا: ٦٦٣
کورتە باسێک دەربارەی پێویست بوونی پەیداکردنی زانیاریی ٦٧٨
لە بارەی تەنیا پەرستراوێتیی خواوە ٦٧٨
١)- لەسەر پێغەمبەر ﷺ پێویستکراوە، کە زانیاریی بە یەکتایی خوا لە پەرستراوێتیی دا
هەبێ: ٦٧٨
٢)- گەورەیی و بەرزیی پێگەی وشەی: (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ): ٦٨٢
٣)- ئایا زانیاریی هەبوون پەکی لەسەر زانستی بنچینەکانی ئایین، زانیاریی ئیمـــان و
عەقیدە، کەوتوە؟!: ٦٨٣
دەرسی سێیەم...٦٩٣
پێناسەی ئەم دەرسە ٦٩٥
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٦٩٦
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان...٦٩٧
مانای گشتیی ئایەتەکان ٦٩٩
مەسەلە گرنگەکان ٧٠٧
کورتـــە باسێک دەربارەی چەســـپانی حوکمی ئەو ئایەتـــانە بەســـەر یەزیـــدی کوڕی
موعـاویەدا...٧١٦
بڕگەی یەکەم: بەڵگەی قورئان و سوننەت لەو بارەوە: ٧١٧
بڕگەی دووەم: ڕای زانـــایان لە بـــارەی ڕەوایی و نـــاڕەوایی نەفـــرین لێکرانی یەزیدی
کوڕی موعاویەوە: ٧٢٢

٣)- بڕگەی سێیەم: ڕای خۆمە: ٧٢٥
دەرسی چوارەم ٧٣٩
پێناسەی ئەم دەرسە ٧٤١
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٧٤٢
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان ٧٤٣
مانای گشتیی ئایەتەکان ٧٤٦
مەسەلە گرنگەکان ٧٥٢
کورتە سەرنجێک لەسەر هەڵوەشانەوەی کردەوەی باش ٧٥٧
١) کردەوەی باش بە چی پووچەڵ دەبێتەوە؟ ٧٥٧
٢- ئایا دروستە کردەوەی پەسند (مندوب، مسنون، تطوع) بپچڕێنرێ؟: ٧٥٩
پێنج وردە سەرنج ٧٦٨